
# "دەچمەوە سابڵاغ"

نووسەر: **شیلانی حەسەنپور**



شیلان و جەفعەری حەسەنپور




کەلامی ئاغای عەلیخانی حەیدەری بە خەتی سەید بابەدینی مورتەزوی
( ١٢٨٥ – ١٣٤٥ ؟)ی شەمسی

**خوشکی خۆشەویستم کولسوم**

ئەو چەند شیعرەم بە داوای خۆت نووسیوەتەوە، ئەو شیعرانە چاک لەبەرکە و چوونکە بە پەلە نووسیوومە ئەگە هەڵەیەک لە نووسراوەکەیدا بێ ئاگادارم کە، ئەسڵی نوسەخەکەت بۆ دەنێرم هەتا لە ڕووی وی چاکی کەی. ئیدی قسەیەکم نیێ. سەید بابەدینی مورتەزوی ( ۱۳۴۵ – ۱۲۸۵ ؟)ی شەمسی

**کەلامی ئاغای عەلیخانی حەیدەری**

ئەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزان و وەتەن
دائمە جووتم دەگەڵ غەم هەمدەمی حوزن و مەحەن
حوبی تۆ دینی من، ئائینی من، ئیمانی منە
یاد و فیکری ئابوخاکت شوغل و دەردی من وەتەن
گوڵبون و گوڵزارەکەی تۆ بوو کە جێ قومری و هەزار
ئاشیانی جوغدە ئیستا، بۆتە جێ زاغ و زەغەن
شاروبازاڕت دەڵێن سەرپاک وێران و خەراپ
موڵک وئاسارات هەموو پاماڵ و خالی از سەکەن
کوچە و شارت کە پڕ ئاهووی خوتەن بوو پێخەتا
جوملە مەخروب و خەراپن پڕ لە سەگباب و لە سەن
دولبەرانت بوونە نەخچیر چوونە قەفقاز و سەبیل
نەو جەوانانت هەموو کوژراون و نێژراون بێ کەفەن
جێ مەلاکان و ئیمام و مەدرەسە و نەشری علوم
پاکی جێ دەستەی قوشون و پاکی جێ وەعزی قەشەن
میمبەر و مزگەوتی سوور و حوجرەکان و حەوشەکەی
بۆ بە مەیخانە و تەویلە، مەعبەدی عەبدی وەسەن
حەیفە وابێ قەدروقیبلەت بێ سەفا باغی سەفا
سەیرە وابێ، سەیرە پردوگۆلەکەی قازی حەسەن
حەشر و واوەیلایە ئەوڕۆ کەربەلایە شاری مە
کوشتن و تاڵان و یەخسیرە کە وا دێن و دەبەن
ڕەنجی موسلم پێحسابە ڕەحمەتێ یا مستەفا
زوڵمی کافر پێحسابە غەزەبێ یا زولمەنەن

نێوی کتیب: "دەچمەوە سابڵاغ"
ساڵی میلادی: ٢٠١٢
ساڵی شەمسی: ١٣٩١
شوێنی چاپ: سوئێد
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ شیلانی حەسەنپور

سێ کەسەکەی سەر بەرگ:
لە ڕاستەوە بۆ چەپ
لە کن گوولەسووورەکانی بابم
دێدە باجە زبێد و دایکم

© Shilan Hasanpour
ISBN: 978-91-86139-62-9

”Dechmewe Sablax”
By Shilan Hasanpour
Miladi 2012
Hicrî Shemsi 1391
Apec Förlag AB
Box 8121
163 08  Spånga/Sweden
orderapec@telia.com
E-mail: shilan.mahabad@gmail.com

# "دەچمەوە سابڵاغ"

نووسەر: **شیلانی حەسەنپور**

apec förlag
Weşanxaneya APECê

ئەو کتێبەی پێشکێش دەکەم:

بە بەڕێزانم دێدم و بابم ودایکم کە هەرسێکیان لە گەورە کردنی مندا زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە،

بە براکانم، کە قەت ئەمنیان بە "نیوەی بنیادەم" دانەناوە و هەمیشە لەسەر مافە خوراوەکانی ژن لە نێو کوردەواریدا وەجواب هاتوون و بۆ گەیشتن بە وان حەولیان داوە،

بە هەموو معەلیمەکان و دوکتورەکان و ددانسازەکانی سابڵاغێ بە تایبەتی ئەوانەی کوردنەبوون بەڵام خزمەتێکی یەکجار زۆریان بەخەڵکی شارەکەمان دەکرد،

بە هەموو ئەو کچ و ژنانەی سابڵاغێ کە بۆ دەرس خوێندن و دانیشگا چوون ڕۆیشتنە تاران و تەوریزان لە قسەوباسان نەترسان و وەکوو شێری لەبەر تیروتانەی خەڵکی ڕاوەستان و ڕێگایان بۆ مە خۆش کرد.

## ژیانی نووسەری لە چەنددێڕدا

شیلانی حەسەنپور لە ساڵی (١٣٣٠)ی شەمسی، بەرامبەری (١ ٥ ١٩)ی میلادی لە شاری سابڵاغیّ لە کوردستانی ئێرانیّ لە نێو بنەماڵەیەکی خوێندەوار و پرخێزاندا لە دایك دەبیّ.
ئەوەی ژیانی نووسەری وەك کچێکی کورد، لە وانی‌دیکە جویّ دەکاتەوە، دایك و بابی شیلانین.
لە نێو دنیایەکیدا کە زۆر بە بوونی کچ ناشکوری دەکریّ و ڕێزی لیّ ناگیریّ، بابی شیلانی بۆ ماوەی بیست ساڵ چاوەڕوان دەبیّ کچێکی ببیّ و ئەویش کە لە دایک دەبیّ، زۆر قەدر وئیحترامی دەگریّو لەچاوی خۆی خۆشتری دەویّ.
دایکی شیلانیش ژنێکی زۆر تێگەیشتوو بۆ گەرچی قەت نەچۆتە مەدرەسەی، بەڵام لە ماڵیّ برا گەورەکەی دەرسی پیّ‌خوێندۆ.

شیلان مەدرەسەی ئیبتدایی و دەبیرستانی، بێجگە لە ساڵی ئاخر، هەر لە سابڵاغیّ خەلاس دەکا. بۆ دانیشگایەش دەچێتە تارانیّ و لە دانشکەدەی علومی ئیرتباتاتی ئیجتماعی (دانشکدە علوم ارتباطات اجتماعی) لە ڕشتەی ڕۆژنامەنیگاریدا دەرسیّ دەخوێنی.
بە دوای وەرگرتنی لیسانس دەچێتە ئەمریکایە و فەوقی لیسانسی لە ڕشتەی عەکاسیدا وەردەگریّ.
هەر لە دەرەوەی وڵاتیش مێردی دەکا و دەمێنێتەوە. نووسەر بە دوای ئەوەیدا کچێکی دەبیّ؛ دەبێتە معەلیمی جورە مەدرەسەیەکی منداڵان کە بە شێوەی مانتەسۆری (Montessori) بە ڕێوە دەچیّ. ئێستاش بۆخۆی بە منداڵی زۆر چکۆڵە دەرسیّ دەڵیّ.

بە منداڵی شیلان کە فێری خوێندنەوەی دەبیّ دوو مجلەی فارسی منداڵان، کەیهانی بەچەها (کیهان بچەها) و ئیتلاعاتی کودەکان (اطلاعات کودکان)، دەخوێنێتەوە لەگەڵ کتێبەکانی هانس کریستیەن ئاندرسن.
بە جحێڵی نووسراوەکانی تۆلستۆی و چخوف و ویکتۆر هۆگۆ و ئێرنست هێمینگوەی زۆر پیّ‌خۆش بۆ. زۆری شیعر پیّ‌خۆشە و لە نێو شاعیرانی فارسدا حافز (حافظ) و عومەری خەیام (عمر خیام) و نیمایوشیج و فروغی فەروخزاد (فروغ فرخزاد) و سیاوەشی کەسرایی (سیاوش کسرایی) خۆش دەویّ.
نووسەر لە کوردستانی ئێرانیّ لە ژێر تەئسیری فەرهەنگی فارسدا گەورە دەبیّ، بەڵام لە ماڵێش لە منداڵێرا لە دایکی و لە خاڵی زۆر شیعری جوانی کوردی دەبیستیّ و براکانیشی هەر بە چکۆڵەیی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی دەکەن و شیعرەکانی مامۆستا پیرەمێرد و گۆران و هەژار و هێمنی پیّ‌دەناسێنن.

شیلان بە داخەوە لەمێژە لە وڵاتی خۆی دوورە و دەزانیّ لەماوەی سی و دوو ساڵی ڕابردوودا وڵاتەکەمان تووشی ئاڵوگۆڕێکی زۆر بۆ. ئەو سابڵاغەی نووسەر دەگەڕێتەوە نێوی، "سابڵاغی جاران"ە، پێش ئاڵوگۆری ئیسلامی لەئێرانێدا.

## پێشەکی

له ساڵەکانی (۴ ۷ ۱۹-۳ ۷ ۱۹)ی میلادی ئەمن لە دانشکەدەی علومی ئیرتباتاتی ئیجتماعی دەرسی ڕۆژنامەنیگاریم دەخوێند، ئوستادێکمان هەبوو دوکتور سەدرەدینی ئیلاهی (دکتر صدرالدین الهی) ئێو بوو که ساڵەهای ساڵ هەم نووسەر و ئوستادی دانشگاکانی تارانێ بوو و هەم ڕۆژنامەنیگار.

ساڵ و نیوێک له دانشگا چوونی من تێپەڕی بوو که ڕۆژێکی دوکتور ئیلاهی پێی‌کوتم:"ماوەیەکی زۆرە سرنج دەدەمە سەر نووسراوەکانت. هەوەڵ جارێ که دیتم و زۆرم پێ باش بوو کوتم جاری وایه منداڵێکی نەزان بە تەسادوف تیرێکی لە نیشانەیەکی دەدا `گاە باشد که کودکی نادان به غلط بر هدف زند تیری` بەڵام له ماوەی ئەو یەک ساڵ و نیوەیدا زۆرم نووسراوەی تۆ دیتۆ و خوێندۆتەوە. به ڕاوی من زۆر کەس دەتوانێ بنووسێ، بەڵام ژنی نووسەر که نووسراوەکانی ژنانه بێ و حەول نەدا که وەکوو پیاوان بنووسێ زۆر کەم هەیه. به ڕوای من هەر هیچ مەکە، هەموو شتێکی له ژیانتدا وە لا نێ،ڕۆژنامەنیگاریش وە لا نێ،دانیشە کتێبی بنووسە!"

دیارە بە داخەوە جوابی دوکتور ئیلاهیم نەداوە و بە دوای تەواو کردنی ڕۆژنامەنیگاری چووم بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵام دەنگی دوکتور ئیلاهی هەمیشە لە گوێمدا دەزرینگاوە و لەگەڵ دەنگی دایکم که دەیکوت قەت "خاڵە مەلا"ی نابەخشێ بۆ وەی نەیهێشتبوو فێری نووسینێ ببێ. دایکم ئارەزووی زۆر گەورەی ئەوە بوو که بەسەرهاتی خۆی لە کتێبێکیدا بۆ کچ و ژنی کورد باس پکا، بەڵکوو ئەوان دەرس لە ژیانی وی وەرگرن و هیوای ئەوە بوو که بە پێشکەوتوویی و زانیاری ژنی کورد کۆمەگێ پکا. دایکم تەواوی ژیانی لەو ڕێگایەدا ڕابوارد و
هەر کەس هاتە ماڵە مە پرسی پێ‌پکا،
هەر کوتی:"فەرقێ بە کوڕ و کچ مەکەن! بیان‌ئێرن بۆ مەدرەسە!"،
"کچ خەتەنە مەکەن!" و
"کچ بە نابەدڵی بە مێرد مەدەن!"
دایکم وێڕای براکانم بە تایبەتی کاکە مەسعود زۆریان حەولدا ئەمن وە دوای خوێندنێ پکەوم. دایکم ڕێگای بۆ من کردەوە کە بە دەردی بۆخۆی دەیکوت:"پخوێنە، هەتا ببی بە حیسان!" گەرچی ئێستاش زۆرم ماوە بگەمە ئەو ڕادەیەی کە دایکم بۆ "حیسان بوون" هەیبوو.
ئەمن ئەو کتێبەم بەو هیوایەی دەست پێ‌کرد کە ببم بەو قەڵەمەی کە خاڵە مەلا لە دەست دایکمی دەرهێنا بوو.
هەوەڵێ کە دەستم بە نووسینێ کرد بە فارسی بەسەرهاتەکانم دەگێڕاوە، بەڵام دوای ماوەیەکی دیتم کە ئەوە باسی ژیان لە شاری سابڵاغێیە، هەرچی کوتراوە بە کوردێ. گێڕانەوەی بە زمانێکی دی زۆر نالەبار وناشیرنە. ئاوا بوو لە ساڵی۲۰۰۶ ڕا دەستم کرد بە نووسینی بەسەرهاتەکان بە شێوەی کوردیی سابڵاغێ.
لەو کتێبەیدا بەعزە کەسێک خوێندوارن و قسەی قەڵمی دەکەن، هێندێکیش خەڵکی دێن و بە کوردێکی جوان و ڕەوان قسان دەکەن. ئی واشە حەول دەدا هەتا دەتوانێ زمانی دی تێکەڵی کوردێکەی نەکا.

لەگەڵ برای زۆر خۆشەویستم جەفعەر قسەم کرد و کوتی یاریدەم دەدا و بە کۆمەگی کامپیوتێری بە دەست نووسراوەکانی من تایپ دەکا و هەتا کتێبە دەبێتە کتێب دەست هەڵناگرێ.

هەرواشمان کرد. ئەمن و جەفعەر لەو ماوەیدا گەرچی تووشی نەخۆشی و ناساغی زۆر بووین بەڵام هەر ئەمن لە ئەمریکایەڕا لاپەڕە بە لاپەڕە نووسراوەکانم ناردە سوئێدێ و جەفعەر لە سوئێدێ کاری پێدا چوونەوە و بە کامپیوتێر نووسینی کتێبەکەمی بردە پێشێ.

شتێکی زۆر عەنتیکە ئەوەیە هەر کەس لە مەی بیست کە ئەو کارەمان بە دەستەوە، بە پەلە پەل چوو دەستی کرد بە نووسینی بەسەرهاتی خۆی! بگرە لە مە وە پێشیش کەوتنەوە. بۆ وەی سورعەتمان بە بۆنەی ناساغی زۆر کەم بوو.

کە تازە هات بووم بۆ دەرەوەی وڵات و چوو بوومە دانشگایەکی ئەمریکایی بۆ فەوقی لیسانس وەرگرتنێ، ڕۆژێکی یەکێک لە ئوستادەکان کوتی ساڵێ دە پازدە ڕۆژان بە تاقی تەنێ دەچێتە سەر شاخەکانی کالۆرادۆ و فیکر دەکاتەوە لە حاڵی خۆی و ژیانی لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی بە تایبەتی و ژیانی ئاکادێمیک و کۆمەڵایەتیشی بە گشتی. لەو ماوەشدا خێزانی دەزانن لە کێهە شوێن و هۆتێل و ئەوەیە. بەڵام ئەگە کارێکی وا بە پەلەیان نەبێ، هەر لێی‌دەگەڕێن هەتا دێتەوە نێو شاری، تەلەیفونێکیشی لێناکەن.
دەیکوت:"ئەمە وەک حیسان هەمووومان لە بیرمان چۆتەوە چۆن سادە بژین. بووینە ماسێکی کە لە نێو تونگەیەکی شووشەدا بە پەلە پەل دێ و دەچێ. ماسێکە بە خەیاڵی خۆی بەرەو دەریا دەڕوا، نازانێ هەر بە دەوری خۆیدا دەسووڕێ. ژیانی ئەوڕۆ ئەمەشی وەک ئەو ماسێی لێکردۆ. فرسەتی ئەوەمان نێ کە دانیشین و چاو لە باڵندەیەکی جوان پکەین کە لە سەر سەرمان هەڵدەفڕێ یا سەیری منداڵێکی پکەین کە قوماران دەکا و بەردەبێتەوە و بە پێکەنینەوە هەڵدەستێ دیسان درێژە بە هەڵاتە‌کەی دەدا. نایەین کەوش و کۆتوشاڵوارەکەمان داکەنین و بە پێخواسی لە نێو خیز ورەڵمی قەراغ ئاوێدا بێین و پچین و نیسێی ماسیان لە ئاوێدا کە تاو لێی داون، تەماشا پکەین! ژیانی ئەوڕۆ پشووی لە پیاوی پڕیوە. دەبێ جاروبارە ڕاوەستی لە خۆت بپرسی کێی و بۆ کوێ دەچی؟"
ئەمنیش وا دیارە وەکوو ئەو ئوستادەم لێ بەسەر هات بوو. ئەو ساڵێ دە پازدە ڕۆژان وە دووی وەی دەکەوت خۆی ببینێتەوە، ئەمن ساڵهای ساڵ بوو لە خۆم دەگەڕام.

دەبێ نەمانی لە ناکاوی فازلی برام، لە ساڵی (١٩٧٣)ی میلادی، بەرامبەری (١٣٥٢)ی شەمسی، لە کڕوکاسەوەی بردبێم و سەری لێ شێواندبێم. وەک باڵندەیەکی کە هێلانەکەی با دەیبا و لە نێو باوبژێدا جێیێکی نابێ بیچێتێ و دەپەشۆکێ، ئەمنیش زۆرم بە باڵی شکاوەوە پەلەقاژە کردۆ. زۆرم دووری و تاڵی و سوێری و بێکەسی چێژتۆ. هەتا ڕۆژێکی دەستم کرد بە نووسینی ئەو بەسەرهاتانە و پشکنینەوەی ڕابردووی خۆم.

ئەو سەفەرەی بۆ ڕابردووی خۆم کردۆ هەم دەرد بۆ هەم دەرمان. جاری وابۆ دوای نووسینی بەسەرهاتێکی، وەها چوومە نێو ئەو ڕۆژ و زەمانەی، ئەوەندە گریاوم هەتا لەسەر کاغەز و دەفتەرەکەم خەو بردوومێوە. وەختێکیش وە خەبەر هاتووم هەر پێموابۆ لە سابڵاغێم و بەهارە و دێدە لە ماڵە مەیە و لەگەڵ دایکم خەریکن بۆ نیوەڕۆیە بەربەسێلی لێدەنێن. لە ڕادیۆی کاکە جەمیلیشڕا دەنگی تایر تۆفیقی دێ و گۆرانی کراس زەردێی دەڵێ. ئەمن و جەفعەر و فازل لەبەر تاوێ قوماران دەکەین و کشمیش و گوێز و سنجووی دەخۆین.
ئەمن لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ نووسراوەکانی تۆماس وۆلف (Thomas Wolfe) ، (١٩٣٨ - ١٩٠٠) ی میلادی، نووسەری ئەمریکایی ئاشنا بووم. کتێبێکی هەیە بە نێوی `ئیدی ناتوانی پچێوە ماڵێ` (You Can't Go Home Again). بە ڕاستیش وایە! قەت قەت ناتوانی بگەڕێیوە نێو ئەو ماڵەی بە جێی دێڵی. باس باسی گەورە بوون و گۆڕان و بە جێ هێشتنی زەمانی منداڵێیە. دیارە بۆ یەکێکی وەکوو من کە دەربەدەری وڵاتان بۆ و هەمیشە چاوەڕێیە ڕۆژێکی پچێتەوە شاری خۆی، زۆر ناخۆشە کە قبوڵی پکا `ناتوانی پچێوە ماڵێ.` هەر بۆیە هەتا حیسان پتوانێ خەیاڵ پڵاوان پکا دەبێ بیکا، ئەمن لە "خەیاڵم" دا دەچمەوە سابڵاغێ.
بە یادی زۆر عەزیز و بەڕێزی ئاغای ماملێ نێوی کتێبەکەش لە گۆرانێکی وی وەرگیراوە:" مرێمی سابڵاغی."

"دەچمەوە سابڵاغ"
سابڵاغ (مەهاباد) شارێکی چکۆڵە و سەربەرزی کوردە لە کوردستانی ئێرانێدا. بە داخەوە گەرچی نووسەران و تاریخنووسان باسی کورد و کوردستانیان لە کتێباندا کردۆ، هێشتا خەڵکی کورد بە زۆربەی خەڵکی دنیایە، نەناسراوە. کورد کێیە؟ چۆن دەژین؟ چۆن هەڵدەستین و دادەنیشین؟ چ دەخۆین؟ چ ڕێورەسمێك لەنێوماندا هەیە؟ بیروباوەڕمان چیێ؟

زۆر کەس لە وڵاتانی غەرب کە تووشی خەڵکی خاوەرمیانەی دەبن، پێیان‌وایە هەموویان چاڵاوی نەفتیان هەیە و سواری وشتری دەبن و وڵاتەکەشیان هەمووی دڕو وداڵ و خاك‌وخۆڵە!
زۆر جاران خەڵک لە منیان پرسیوە، داخودا دەزانم بەفر چیێ؟!
لۆمەیان نابێ پکەم، قەت هیچ کەس عەکسێکی داشامەجیدی پێ‌نیشان نەداون کە چۆن هەتا بەهارێکی درەنگ بەفری لێ دەکەوێتەوە و منداڵان دەچن بە فرەکەی دێنن و بە دۆشاوی دەیخۆن.

لە نێو ئەو کتێبەیدا، زەمان زەمانی شایە: "محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی."
بەسەرهاتەکان لە سەرەتای ساڵەکانی (١٣٣٠) ی شەمسی بەرامبەری (١٩٥١)ی میلادیڕا دەست پێدەکەن. زۆرجارانیش باسی کۆن دێتەگۆڕێ و ئەوەی بەسەرهاتێکی وە بیر دێتەوە، بۆ وانی دی دەگێڕێتەوە.

هیوای من ئەوەیە هەر بەڕێزێکی کە دەست دەداتە ئەو کتێبەی، لەگەڵ ئەوەیدا کە جیرەی دەرکەی کوچەی گوێ لێدەبێ، بێتە نێو ماڵەبابم، لەگەڵ کەس‌وکاری من ئاشنا بێ، لەگەڵمان هەستێ‌ودانیشێ، شار و بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکانی

بە سەرکاتەوە، شادیوشینی ئەو خەڵکەی بە چاوی خۆی ببینێ و بێ بۆ ماوەیەکی لەسابڵاغێ میوان بێ.

لە نووسینی ئەوکتێبەیدا ئەوەی یارمەتی منی داوە، بیری تیژی منداڵیم و تێکنیکی ڕۆژنامەنیگاری بۆ.

ڕۆژنامەنیگاری چاك کاری ئەوەیە هەرچی دیتوویەتی، هەر ئەوەش بگێڕێتەوە. ڕاستێ بڵێ و نەزەری خۆی تێکەڵی بەسەرهاتەکان نەکا. شتی لێ کەم نەکاتەوە، شتیشی پێوەنەنووسێنێ. هەر بۆیە ئەمن زۆر حەول دەدەم هەرچی بیستوومە هەر ئەوەشبگێڕمەوە.
جا بە داخەوە ئەوەی بیستوومە یا دیتوومە، زۆر جاران، ناشیرن و نالەبارە و ئەو مەترسێ هەیە کە بە کەسێك یا بە قەومێك یا میلەتێکیقسەیەکی ناحەز کوترابێ. هەر بۆیە لە سەرەتای ئەوکتێبەیدا لە هەموو ئەوانەی کە توندوتیژی و تاڵی ئەو قسانە دەیانگرێتەوە، داوای لێ بوردن دەکەم و هیوادارم کە ئەو بەڕێزانە، بزانن کە مەبەست ئەوەنێ کە بە چاوی سووک چاو لە فەرهەنگێک پکرێ یا زمانو شێوەی ژیان و بیروڕای کەسێك بە گاڵتە بگیرێ، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئەو باسوخواسانە بە بێ سانسۆڕ کردن بگێردرێتەوە.

فەڕقی ئەو شێوە نووسینە لەگەڵ شێوەی دی ئەوەیە کە ئەمن بۆخۆم ئەو قسانە ناکەم، قسەی خەڵکی دەگێڕمەوە، خەڵکیش لەو کتێبەیدا باسی چاكوخەراپی دەکەن، ئەوەی لە دڵیاندایە دەیڵێن، لە کەس ناترسێن!

زۆر حەولدەدەم قارەمان دروست نەکەم، گەرچی لە نێوشارێکی پڕ لەقارەماندا گەورەبووم.

ئەتۆ، خوێنەری خۆشەویست بۆخۆت سەرپشك بە! بۆخۆت چاكوخەراپی لێك بدەوە! بۆخۆت قارەمانی خۆت هەڵبژێرە! ئەمن شاخوباڵم لە کەس نە ناوە. ئەوەی دەیبینی، ئەوەی دەیبیستی هەر ئەوەیە کە ئەمن دیتوومە یان بیستوومە.

لەبەر وەی ژیان لە وڵاتی خۆمان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ دەرەوەی وڵات مەجبور بووم بەسەرهاتەکانم پکەمە دوو بەش: بەشی منداڵێ کە لە ئێرانێ بووم و زۆرتر لە سی ساڵیش کە لە هەندەران ژیاوم. ئێستا ئەوە خەریکی نووسینی جلدی دووەمی ژیاننامەی خۆمم.

لە کۆتاییدا پێمخۆشە لە هەموو ئەو عەزیز و بەڕێزانەی کە لە باری دیتنەوەی عەکس و شیعری عەلیخانی حەیدەری و پێدا چوونەوە یاریدەیان داوم زۆر تەشەکورێ پکەم. هەر وەها زۆر مەمنوونم لە ڕەفیقێکی خۆشەویستم بۆ زێر و لیباسە جوانەکانی نێو عەکسەکەم.
شیلانی حەسەنپور
(١٣٩١) ی شەمسی
(٢٠١٢) ی میلادی

لەسەر پەنجەرەی سەرێوە چاو لە حەسارێ دەکەین.
دایکم بە پەلە پەل کیتەڵە ماستێکی بەتاڵدەکا و دەیداتەوە بەو عەمباڵەی هێناویەتەوە. هێندەی پێناچێ پیاوێکی دیکە بەگیاوگۆڵ و گۆشت و ئەوانەوە لە دەرکی حەسارێ وە ژوور دەکەوێ، یەکی دیکەش مەشکەدۆیەکی لە قەتاڵەکەی ناوە و لەبازاڕیرا بە شڵقە شڵق هێناویێتەوە.

کەخودا ڕۆژی کردەوە دەرکەی کوچەی ئاواڵەیە و خەڵك دێ و دەڕوا.

دایك و بابم زۆر زوو لە خەوێ هەڵدەستن و نوێژی بەیانی دەکەن. بابم دەچێ سەرێکی دوکانوبازاڕی دەدا و بەعزە شتێکی دەکڕێ و دەینێرێتەوە.
دایکیشم خەریکی سازکردنی بەرچای دەبێ و لەو بەینەشدا شیر و ماست و ڕۆن و دۆی بەتاڵ دەکا و لەگەڵ ئەوانەی شتەکان لە بازاڕێ دێننەوە قسان دەکا و جاری واشەشتەکانی بەکەیفێ نێ و
دەڵێ:"ئەو ماستە زۆر شلە!"،
"ئەو دۆیە خاوێننێ و خاكوخۆڵی لە بندایە!" ،
"ئەوە گۆشتی بەرخی نێ، گۆشتی جوانەگایە!"
یان دەڵێ:"جڵقوفڵقی زۆرە!"

منداڵەکان لە سەرێ دەنوون کە لە خەوێ هەڵدەستن دەچنە خوارێ نانی بەیانی پخۆن.
ئەمن و فازلیش درەنگ هەڵدەستین و وەختێکیش وە خەبەر دێین لەبەر دەنگەدەنگی خوارێیە. گوێ ڕادەگرین بزانین دایکمان قەڵسە یان لەسەرەخۆیە.

فازل دەڵێ:"ڕێیەکی دیکەی نێ! دایکم چ ئەتۆ گووی پکەی چ میزی بەخۆتدا پکەی هەر لێتدەدا! بەڵام ئەگە پێیبڵێین ئەتۆ لە جێی مندا نوست بووی و ئەمن لەنێو جێی تۆدا، کەمتر قەڵس دەبێ!"
ئەمنیش هەموو گیانم تەڕ و پیسە و لە سەرمان و لەترسان دەلەرزێم. چاوێکیش لەسەر جێوبانەکەم دەکەم، ئەویش لە خۆم پیسترە.
فازل هەر میزی بە خۆیدا کردۆ، بەڵام ئەمن هەردووک شتم بە خۆمدا کردۆ.

دەنگەدەنگی خوارێ کەم بۆتەوە و دایکم لە پلیکانەکان خەریکە وە سەر دەکەوێ.
دەرکەی ژووری مەدەکاتەوە و دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەوە نیوەڕۆیە هەتا کەنگێ دەنوون؟"
فازل خێرایەکی دەڵێ:"نەنوستووین دایە، هەستاوین!"
دایکم دێتە نێو ژوورێ. بۆنێ دەکا و دەچێ بۆ لای فازلی و چاوێك لە لیباس و جێوبانەکەی دەکا و دێ بۆلای من.
دەڵێ:"ئەوە بۆیە نەهاتوویە خوارێ! خۆت پیسکردۆ، سەگی کافر! ئەمن نازانم زەلامی وەك تۆ هەتا کەنگێ گووی بە خۆیدا دەکا! خودا غەزەبت لێ گرێ هەموو جێوبانەکەشت تێناوە!"

فازلی هەڵدەگرێ و دەیباتە خوارێ.
دوایە خاتو ئامین دێ و دۆشەگەکەی هەڵدەگرێ و دەیباتە خوارێ بیشوا و

دەڵێ:"مەگری، ڕۆڵە مەگری! هەموو منداڵێك جاروبارە خۆی پیس دەكا! دەجا چ بوو ئەو دۆشەگەی دەشۆمەوە، دێمەوە دەتبەمە خوارێ، مەگری!"

پاش دەمێكی خاتوئامین دێتەوە، ئەمن دەبا لە حەسارێ لە نێو تەشتێكم دەنێ و دەچێ ئاو لەئافتاوەیدا بێنێ.
دایكم و خاتو ئامین فازلیان شوشتۆتەوە و لە ژووری تەختەبەندێ دایانناوە نانو چای پخوا. ئەویش هاتۆ لەبەر پەنجەرەی دانیشتۆ و چاوی لە حەسارێ پڕیوە بزانێ ئەمن چم لێ بەسەردێ.
فازل دەزانێ دایكم قەت لەوی نادا، ئەگەریش هەموو گیانی پیسكا هەر دەڵێ:"ڕۆڵە گیان عەمەدرێژ بی، ئەوە بۆ خۆت پیس كردۆ؟"
یان دەڵێ:"ئەوە بۆ دەنگێ ناكەی پتشۆینەوە؟ هەموو گیانت تەڕە، سەرمات دەبێ!"
یا لە وەختی شوشتنەوەیدا شیعر و گۆرانی پێ هەڵدەڵێ. بەڵام وەختی خاوێن كردنەوەی من، زۆر قەڵس دەبێ، جنێویشم پێدەدەدا و لە لاقولۆقیشم دەدا.

خاتو ئامین بە دایكم دەڵێ: "سەیزادە! ئاوەكە حازرە كچەكەش باپشۆینەوە!"
دایكم لەو لاپرا بە قەڵسی دێ پڕ بە مندا دەكا و لە نێو تەشتەكەیدا پاشوپێشم پێدەكا و بۆخۆی هەڵدەتروشكێ. سەرم لە بنهەنگڵی خۆی و لاقم لە نێو تەشتەكەی دەنێ و پشتاوپشت ڕامدەگرێ.
سەرم لە پەنجەرەكەی دوورە، ناتوانم چی دیكە فازلی ببینم بەڵام چاوم لە دارە توویەكەو لە گوڵە سوورەكانی بابم پڕیوە.
خاتو ئامین ئاوی بە دەستی دایكمدا دەكا، ئەویش ئێستا هەر جنێوان دەدا و دەڵێ:"خودا هەر بتباتەوە لە هەمووی چاكترە! بەڵای وەكوو تۆ بۆ چی دەبێ؟ لەو ئاخرێیدا تووشمان بووی!"
هەر لەو دەمەشدا بە شەپلاغان وەردەگرێتە لاقولۆقی من.

خاتو ئامین ئەخلاقی دایكم دەناسێ، دەڵێ:"سەیزادە! گوناحە ناشكورێ مەكە، ئەوەش منداڵە، منداڵ خۆی پیس دەكا! ئەتۆ لە جیاتی من بی چ دەكەی؟ جاری وایە سێ منداڵان دەشۆمەوە و جلیان لێدەگۆرم. هاشمی فەقیر هەموو ڕۆژێ، چەندەش لەو منداڵانەی تۆ گەورەترە!"
ئەمن دەگریم و سەرمامە. خاتو ئامین حەولدەدا دایكم بێنێتەوە سەرخۆ. ئەویش هەر زۆرتر دەزیقێنێ و دەڵێ:"منداڵ ئەگە بوو بە سێ ساڵ و چوار ساڵ، بۆچی منداڵە؟ بۆ دەبێ خۆی پیس كا؟"

خاتو ئامین پەڕۆیەكی بە لاق و شتی من دادەدا و دەمباتە ژووری تەختەبەندێ دامردەنێ و بۆخۆی دەڕوا ئاوەكەی پڕێژێ و جێوبانەكەی پشواتەوە و لەبەر تاوێ هەڵیپخا.

دایكم دێتە ژوورێ لیباسی لەبەر من كا، ئێستاش هەر جنێوان دەدا و قسەی ناخۆش دەكا.

خاتو ئامین پاشماڵەی مەیە و لەگەڵ مێردەکەی و منداڵەکانی لە ژوور و پێشخانەیەکیدا دەژین. ماڵە چکۆڵەکەی خاتو ئامینێ هەر بە ماڵە خۆمانەوە نوساوە. مێردەکەی، کاك عەزیز، لە مەیدانی ئاردی عەمباڵێ دەکا و چوار کوڕیان هەیە.
خاتو ئامین ئەگە منداڵەکانی نەخۆش نەبن هەموو ڕۆژێ دێ بۆ یاریدەدانی دایکم و هەر جارناجارێکیش دەچێ سەری منداڵەکانی دەدا و دێتەوە.
کوڕە گەورەکەی چاوی بەسەر ئەوانی دیکەوە دەبێ. کوڕێکیشی هەیە، هاشم، کە هەردێ و دەڕوا و جیلێکی هەڵدەسوورێنێ و قسەشی بۆ ناکرێ.
خاتو ئامین دەڵێ:"ئەوەندەی بە هاشمی عامیلە بووم، عەزیز هەر لێیداوم و بێرە وبەوێیدا داوم. بە خولای پێموایە ئەو کورە بۆیە ئاوا گێلو وێل بۆ!"

###

جەنگەی هاوینێیە. کوبی هەمیشە دێ لە ماڵەمە لەگەڵمان قومارێ دەکا، لەبن دارە تۆکەی یا لەژێر قایمە مێوەکانی نێو حەسارێ.
جەفعەر و کوبی هەر پێکەوە قومارێ دەکەن.
ئەمن ئەگەر بۆلایان پچم، دەڵێن:"ئەتۆ منداڵی، بڕۆ!"
ئەگەریش لەگەڵم قومارێ پکەن پێمدەڵێن دەبێ ببم بە کڵفەتیان.
ئەوڕۆش لەو ڕۆژانەیە کە ئەمنیان کردۆتە کڵفەتی خۆیان و پێمدەڵێن چونکە ئەمن چکۆڵەم بابم جوابی من چاکتر دەداتەوە، قابێکم دەدەنێ و دەڵێن بڕۆ بازاڕی بە بابم بڵێ:"دایکم لە حەمامێدایە و داوای شەربەتی دەکا، کە بۆیان کڕی بیهێنەوە قوماری پێ دەکەین!"

ئەمنیش قابەکەی هەڵدەگرم و دەڕۆم.
کوچەکەی ماڵەمەی تێدایە چکۆڵەیە. دەرکە سوورەکە ماڵە مەیە.
ماڵە خاتو ئامینێش هەر جیرانی خۆمانە. دەرکەیەکی دیش، لە سەرەوەی کوچەکەی، ماڵە سەید حەکیمێ. بەرامبەری ماڵە مە دیوارێکی دوور ودرێژە و لە ئاخری دیوارەکەش دەرکەی مزگەوتی بازاڕێ. هەر لەو کوچەی دێیە دەرێ دوکانی جۆلایە.
دوکانی نەجاڕ و کوتاڵفرۆش و شووشەپەنجەرەی هەر لەو کوچەی مزگەوتی بازاڕی دان.

هەروا بەرەو بازاڕ هەڵدەکشێم.
مزگەوتی عەجەمان لە ئاخری کوچەی مزگەوتی بازاڕیدا، حەمامی پووتیش هەر لە پەنای وێ.
بە لای مزگەوتی عەجەماندا دەڕۆم، سەرم لە دەرکەکەی دەنێم بزانم چ دەکەن. مجێورەکە پیاوێکی قەڵەو و سەرزەلام و دەموچاو پانە. چاوم لێ مۆر دەکاتەوە و دێ بۆ لای دەرکەکەی، ئەمنیش هەڵدێم دەڕۆم.

کوچەی فەقیران لە بەرەوەی مەیدانی ئاردێ. ئەو کوچەیە لە خوارەوەی مزگەوتی عەجەمانڕا دەست پێدەکا و هەتا سەر مەیدانی ئاردیش هەر وا فەقیر دادەنیشن.

لە قونینچکێکی سەیزادە کوێرە دادەنیشێ.
سەیزادە بە منداڵی خوروێکەی دەگرێ و چاوەکانی هەر ئەو دەمی کوێر دەبن، سەرباقی وەش جاروبارە فێی دێتێ.
ژنێکی جحێڵتر لە سەیزادەی چاوساغێتی. ئەو ژنە سەری سەیزادەی وەك سەری پیاوان تاشیوە و دەسماڵێکی پێدا داوە. ئەو کراسەی لەبەر سەیزادەی کردۆ ئەوەندە کورتەکە دەرپێکەی دیارە! جووتێکیش کاڵۆشی، بەهاوین و بە زستان، لە پێی سەیزادەی دەکا. خەڵکێکی دێن و دەڕۆن جاروبارە پووڵێکی دەدە نێ و ئەویش دوعایان بۆ دەکا. ئەو ڕۆژانەش کە سەیزادە شتێکی وەگیر ناکەوێ، ژنەکەی چاوساغێتی، دەستی دەگرێ و دەیبا ئەو دەرك و ئەو دەرکی پێ دەکا.

جێگای "زلێخا بۆق"ی لە نێوەڕاستی کوچەکەیە.
زلێخا چاوەکانی کاڵە و قژیشی زەرد و ئاڵۆزاوە. بێدەنگوباس لە قونینچێکی دادەنیشێ، هەتا منداڵان یا جاری واشە کوری جحیڵ، گاڵتەی پێدەکەن و پێی دەڵێن:"زلێخا، بۆق هات!"،
"زلێخا، بۆقی دەخۆی؟"
زلێخاش قەڵس دەبێ و هەڵدەستێ بەردیان پێدادەدا و دەڵێ:"هەی گووت بە گۆری بابی سابڵاغیان!"
"سەگباب!"
"گووم بەگۆری بابت!"
"لە کۆڵم بەوە!"

دایە سووری پیرێژنێکی فەقیرە، زۆرتر لەبەر دەرکەی حەمامی پووتی دادەنیشێ. پێنج شەش کراسی کوردی لەسەر یەك لەبەر دەکا و وەختێکی بە ڕێیەدا دەڕوا خشە خشی کراسەکانی ڕێی ڕۆژێکی دەڕوا.
دەڵێن دایەسووری. زۆر منداڵ دەبێ کە عرووسان دایک و بابی لەبەر چاوی وی دەکوژن.

سەیدە لووشە کابرایەکی فەقیری دیکەیە کە هەر لەو کوچەیدا دەبێ.
منداڵان لەویش ناگەڕێن و بەردی پێدادەدەن یان لاسای دەکەنەوە.
سەیدە لووشە لاقێکی لە دوای خۆی دەخشێنێ و ئاو لە زاری دێتەخوارێ و دەستێکیشی هەمیشە لەسەر سینگی دادەنێ و زۆر بە زەحمەت قسان دەکا. بەلام لەسەر ئەو حاڵەشڕا وە دوای منداڵەکان دەکەوێ و ڕەپێیان دەنێ و دەستە ساغەکەی لە حەوای ڕادەوەشێنێ، دەیەوێ جنێویان پێبدا بەڵام قسەی بۆ ناکرێ، هەر لرفەلرفێکی دەکا و دەڕوا.

گەیشتوومە نێو بازاڕی، ڕێی ڕێداری نێ.
هەر کەس لە لایەکیڕا هاواری شتێکی دەکا.
"کولێرە، کولێرەی بەقەندی!"،
"ئەو شۆرمەزەیە، بە مەزەیە!"و
"ساردەوشیرن!"

"ساردەوشیرن"پیاوێکی دەستەیە بە زگێکی زەلامەوە. شتێکی وەك سەماوەری بە خۆی هەڵاوەسیوە و شەربەیەکی بە شریتی دا کردۆ و لە نێو بازاڕی خۆشاوی دەفرۆشێ.

بازاڕ پڕە لە خەڵک و زیقە زیق و هەراهەرا. بە هەزار زەحمەت خۆم دەگەیێنمە دوکانی بابم. ئەوێش پڕە لە پیاو.
کا حەمەد و دوو سێ پیاوی دیکە گەنمی لە قەپان دەدەن.

بۆ لای دەرکی دوکانێ دەچم. بابم لە پشت میزەکەی دانیشتۆ و لەگەڵ چەند پیاوی دیکە قسان دەکا.
چاوی کە بە من دەکەوێ دەڵێ:"پچۆ بۆ لای دۆڵاپچەکەی! پێمبڵێ چتدەوێ!"
دۆڵاپچەکە زۆر چکۆڵەیە هەر جێی سەری یەکێکی دەبێتەوە. هەر بۆیەش دروستیان کردۆ هەتا هەر وەختێکی بابم موشتەری زۆرە بە بێدەنگی لەگەڵ کا حەمەد و کاك مستەفا و ئەوانە قسان پکا.
ئەمنیش سەرم دەبەمە نێو پەنجەرەکەی و دەڵێم:"هاتووم شەربەتم بۆ بکڕن!"
قابەکەشی پێنیشان دەدەم.
بابم پوولی دەدا بە کاك مستەفای و دەڵێ:"مستەفا! برۆ بزانە قابێکی گەورەتر وەرگرە و شەربەتیان بۆ بکڕە، ئەو قابە زۆر چکۆڵەیە!"
کاك مستەفا دەڵێ:"بە چاوم!"
بە منیش دەڵێ:"بایرۆین بۆماڵەوە!"

لە دەرکەی ماڵێ دەچینە ژوورێ.
جەفعەر و کوبی دەڵێن:"کوا شەربەت؟"
کاك مستەفا دەڵێ:"هاتووم لەگەڵ دایکت قسە پکەم و قابێکی گەورەتری لێ وەرگرم، سەیزادە خانم لە کوێیە؟"
ئەمەش دەڵێین لە حەمامێدایە. کاك مستەفا یەکسەر دەچێ بۆ لای دەرکی حەمامێ و دەست دەکا بە هاوار هاوارێ :"سەیزادە خانم! سەیزادە خانم!"
لە پشت دەرکەی حەمامێوە کاك مستەفا بە دایکم دەڵێ:"سەیزادە خانم ئەو قابەی ناردووتە بۆ شەربەت زۆر چکۆڵەیە، قابێکی گەورەتر پێویستە!"
لە پشت دەرکەیەوە هەموو حیکایەتەکەشی بۆ دەگێڕێتەوە.
دایکیشم هەتا بڵێی ڕقی هەستاوە و بە کاك مستەفای دەڵێ:"کوڕە بە قوربان! شەربەتی چی و قابی چی؟ ئەمن چۆن قەباحەتی وا دەکەم؟ دوکان هەمیشە پڕپڕە لە پیاو، هەزار کەسی غەریبوئاشنای دێتێ، ئەمن چۆن ئابڕووی خۆم دەبەم داوای شەربەتی بازاڕی دەکەم؟!"
کاكمستەفا دەڕواتەوە بازاڕی.
هاوار هاواری دایکیشم ڕێی ڕۆژێکی دەڕوا.

جەفعەر و کوبی هەڵاتوون ڕۆیشتوون هەر ئەمن ماومەوە و زیقە زیقی دایکم لە پشت دەرکەی حەمامێوە کە وەك شێرێکی بریندار خۆی بەو لا و بەو لای قەفەسەکەیدا دەدا و دەمڕێنێ و دەهاڕێنێ و دەڵێ:"ئەو کچەتیوە کەرەی دەبێ داغکەم! لاقەکانیشی دەبێ داغ کەم هەتا قەت لە بیری نەچێتەوە کە بەو لاقانە پچێ بۆ بازاڕی ئابڕووم بەرێ!"

هەر جنێوان دەدا و دەڵێ:"مەبادا بۆ هیچکوێیەك پچی مەلعوونی کافر! ڕاوەستە هەتا دێمە دەرێ بۆخۆم دەزانم چت لێ دەکەم!"

ماڵە مە هەمیشە پڕپڕە لە خەڵك. ئەوڕۆ هیچ بەشەری خودای لێ‌نێ. منداڵەکان، ئەوانەی دایکم شوشتوونی، لێیان‌داوە ڕۆیشتوون. کوڕەکان فازلیشیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە دەرێ. هەر ئەمن ماوم و دایکم لە حەمامێدا.
ئەمنیش لە ترسی ئەوەی کە لاقم دەسووتێنێ دەگریم و لە فیکری وەی دام کە لە جێیەکی خۆم پشارمەوە.
بەڵام دەزانم پچمە بن عەرزیش دەمبینێتەوە و داغم دەکا.

دایکم لە حەمامێ هاتۆتە دەرێ بە پەلە پەل خۆی پۆشتە دەکاتەوە و هەر وا جنێودان دەدا و دەڵێ:"ئەو نەهاتیو بەدبەختێ چ بوو تووشی من بوو؟ هەر بریا ئەتۆش قەت نەبوو باێی،خودا سڕی تۆ وەبن‌گڵی خا!"
ئەوجار بە خاکەندازی، خوڵی لەنێو کوورەی حەمامێ دەردێنێ و لەسەر عەرزی ڕۆی دەکا. دوایە بە ماشەی پۆلو ئاوری لە نێو کوورەکەڕا دێنێ و لەسەر خوڵەمێشەکەی دایدەنێ و پڕ بە مندا دەکا و چەپۆکێکم پێ‌دادەدا و دەڵێ:"سەگی کافر! وەرە هەتا پێت‌بڵێم چۆن شەربەتی دەکڕی!"

دەست لە بن‌هەنگڵم دەنێ و دەمباتە سەر پۆلۆکان. ئەمنیش لاقەکانم خڕ دەکەمەوە. هەر  دەمبا لە سەر ئاورەکەی ڕامدەگرێ هەر ئەمنیش لاقەکانم زۆرتر بە خۆمەوە دەنووسێنم. هەتا دەگاتە جێیەکی کە دایکم مەجبور دەبێ لەسەر عەرزی دامنێ، دەڵێ:"سەگی کافر! ئەوە لاقەکانت خڕ دەکەیەوە هەتا نەیان‌سووتێنم؟"
دوایە یەك بە یەك  پێیەکانم هەڵدێنێ و لەسەر پۆلۆ ئاورەکان دایدەنێ و دەیان‌سووتێنێ و دەڕوا.

لە مدبەقێ بە گریان و زەحمەتێکی زۆر دێمە دەرێ.
لە پشت دەرکەی دادەنیشم و لاقم درێژ دەکەم. سووتان ئەوەی خەراپە هەر دەڕوا و ئێشەکەی زۆرتر دەبێ. گەرمای دەرێش ژانەکەی زۆرتر دەکا.
بە دیواری مدبەقێوە پاڵ دەدەمەوە و دەگریم و لە دڵ خۆمدا توکان لە دایکم دەکەم:
ئیشەڵا دەستی شکێ،
چاوی کوێر بێ و بمرێ هەتا ئەمن لە دەستی نەجاتیم بێ.
دۆعایەش دەکەم دێدە زوو لە حەمامێ بێتەوە.

مدبەق ژوورێکی زەلامە لە لایەکی ئاورگیان هەڵبەستۆ بۆ کێشت لێ‌نانێ لە نێوەڕاستەکەشیدا تەندووریان داناوە بۆ نان کردنێ.
کولانەکەش هەر ڕاست لەسەر تەندوورەکەی لە میچی کراوە  بۆ وەی دوکەڵی پێ‌دا پرواتە دەرێ.
هەر لەو مدبەقەیدا ژوورێکی دیکەیان ساز کردۆ. ئەو ژوورە دوو پلیکانی لە پێشە و دەرکەیەکی تێدا. عەرزەکەی سمیتە و پەنجەرە چکۆلەکەی دەڕوانێتە سەر

حەسارێ. ئەوە حەمامە. لە قونیچکی چەپی کوورەیەکی لێ داندراوە کە دایکم بە دروست کردنی داوە. بەشی خوارەوەی ئاورگە و بەشی سەرەوە جێی ئاوێیە. جێی ئاوێ بۆشکەیەکی زەلامە کە شێرەیان لێناوە. لە سەرەوە ئاوی تێدەکەن و لە بنەوە ئاوری دەدەن. ئاوەکە وای لێدێ دێتە کوڵین.
ئاوی ساردیش، پێشەکی، دەبێ لە نێو حەمامێ دابندرێ. دایکم لە نێو تەشتێکی مسدا ئاوە ساردوگەرمەکەی خۆش دەکا و بەقاپێکی بەمنداڵەکانی دا دەکا.

دایکم لەحەسار و دەرکوبانی دیار نێ. لەو هەمۆ عالەمەی شەو ورۆژ دێن و دەڕۆن بەشەرێک بە دەرەوە نێ. چاو لە بەری پێم دەکەم بلۆقیان کردۆ و دەسووتێنەوە.

تاو گەیوەتە سەردیواری، هێندەی نەماوە دێدە بێتەوە. ئەو ڕۆژانەی حەمامی ژنانە دێدە جل‌هەڵگرە و هەتا بانگی شێوان کارێ دەکا و  لەسەرڕێوە سەرێکی مە دەدا و دەچێتەوە ماڵەکەی خۆی.
ماڵە دێدەی ژوورێك و پێشخانەیەکی چکۆڵەیە کە لە پشت مزگەوتی بازاڕێ.
دەرکەی ماڵەکەی لە ماڵە سەید حەکیمی نزیکترە هەتا ماڵە مە.
دوو پلیکانی چکۆڵە لەبەر ماڵەکەیەتی.
لە پێشخانەی مەجوعمەیەکی چکۆڵەی پڕ لە ئاوی داناوە هەتا پێخۆر، هەرچێکی ببینێ، لە نێو وێدا ڕایگرێ. دیذە سوێنەیەکیش بە سەر مەجوعمەکەیدا ڕۆ دەگرێ دەڵێ ئاوا داعباوماعبا ناچێتە نێو شتەکانی.
لە دەستی چەپی پێشخانەکەی پەڕەمێزێکی چکۆڵەی داناوە بۆ کێشت لێنانێ.
کەوشیش هەر لە پێشخانەی، لە پێش حەسیرەکەی، دەبێ داکەنی و پرۆیە ژوورێ.

ژوورەکەی پەنجەرەیەکی تێدایە کە دەڕوانێتە سەر حەساری مزگەوتێ.
حەسارەکە جوانە و پڕە لە داروگوڵ. دارەکان زۆریان توون و منداڵان هەر ئەوەندەی چاوی مام وسێنیان لێ دیار نەبێ، دەچن پێیان‌هەڵدەگەڕێن و هەمووی هڵدەڕنن.
مام وسێن مجێوری مزگەوتێیە، هەمیشە بە گۆچانەکەی منداڵان ڕەپێ دەنێ.
ئەوانیش هەر بانگی دەکەن:"مل چەور! مل چەور!"
ئەویش دەڵێ:"پرۆن بابم لە کۆڵم بنەوە، ملچەورم ملچەورم! چ پکەم؟"

ژووری دێدەی دوو تاقەی تێدایە. تاقەیەک چرایەکی نەفتی لەسەرە، تاقەیەکیش عەکسی"حەزرەتی محەمەد" و مدفەڕکی ماڵە حاجی شێخ عەبدوڵا ئەفەندی.
لە دیواریش دێدە ئەسپەندەری هۆندراوەی هەڵاوەسیوە و عەکسی فریشتەیەکی چاو کاڵ وجوانیشی لێداوە.
ئەگە گەرما بێ دێدە پەنجەرەکەی دەکاتەوە، ئەگە سەرماش بێ کورسی دادەنێ. بۆ چا ساز کردنێش دەچێتە دەرێ و رەژی لە نێو تاوڵەمەیدا هەڵدەسوورێنێ هەتا دەگەشێتەوە، دوایە دەیهێنێ لەسەماوەرەکەی دەکا.

بە بۆن و قرچە قرچی گەشانەوەی ڕەژی دێدەی، وە بیر لاقە سووتاوەکانم دەکەومەوە. خودا دەزانێ لە کەنگێوە بەو دیوارەی مدبەقێوە دانیشتووم و دەگریم.

دەنگی دێدەی دێ،
بانگم دەکا:"کوێشتیر؟ کوێشتیر؟"
ئەمنیش دەنگی گریانەکەم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم:"لێرەم، دێدە گیان!"
بە پەلە پەل دێ بۆ لام دەڵێ:"کوێشتیر، ئەوە چیێ؟ چت لێ هاتۆ؟"
بە گریانەوە هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕمەوە.
دێدە زۆر بە قەڵسیێوە چاو لە بلۆقەکان دەکا و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:"ئەو ژنە شێتە! عەقڵی هەبایە کاری وای نەدەکردا!"
لە منیش دەپرسێ:"دایکەشێتەکەت لە کوێیە؟"
دەڵێم:"لە سەرێیە."

دێدە لە کۆڵم دەکا و دەچینە سەرێ. دایکم لە ژوورێ خەریکە قورعانی دەخوێنێ. دێدە پێیدەڵێ:"ئەتۆ مەگەکافری؟ چۆن کاری واتکردۆ؟ مەگە شێتی؟ لاقی ئەو منداڵە چکۆڵەت بۆ سووتاندۆ؟ ڕەنگە خۆشت پێ زۆر عاقڵ بێ، بزانە بە منداڵی چوار پێنج ساڵە دەوێری!"
دایکیشم هەر باسی شەربەتیدەکا و بازاڕ و ئاپروو چوون و ئەو قسانە.

دێدە ئەمن دادەنێ و دەچێ لە ماڵە خۆی مەڵحەمی بێنێ. ئەوەندە ڕقم لە دایکم هەستاوە کە پێمناخۆشە لە ماڵێکیدا بم کە دەنگی وی دەبیستم یان لە ژوورێکیدا بم کە ڕەنگی ببینم. ئەوەندەش کە دێدە ڕۆیشتۆ گوێ دەدەمە شەقە شەقی جۆڵای لە دوکانەکەی ژێر ماڵێ. جاروبارەش دەنگی حاجیلەگلەگەکان دێ کە بە دندووکیان تەقە تەقێ دەکەن.

ئەو ژوورە چکۆڵە لە سەر دوکانەکەی جۆڵای دروست کراوە. پەنجەرەیەکی گەورەی تیێدایە و بەرهەیوانێکی لە پێشە. پەنجەرەکە دەڕوانێتە سەر دوکان و حەمامی پووتی و مزگەوتی بازاڕی و کاروانسەرای میرزا مینە و مزگەوتی عەجەمان.

مزگەوتی عەجەمان هەر ڕاست بەرامبەری ماڵە مەیە، کاروانسەراکە لە دەستی ڕاستە و مزگەوتی بازاڕیش لە دەستی چەپەوە هەڵکەوتۆ.
حاجیلەگلەگەکانیش لە سەربانی کاروانسەرای میرزا مینەی بلوری هێلانەیان کردۆ.
ئەو ڕۆژانەش کە مزگەوتی عەجەمان دەستەیان هەیە شیعەکان لیباسی ڕەش لەبەر دەکەن و بە زنجیری لە شانوشەپیلکی خۆیان دەدەن و خۆیان شینورەش دەکەنەوە! ماڵە باجە خەجیج و منداڵەکانی باجە مریەم و دێدە و جاری واشە سەیزادەی ماڵە سەید حەکیمی و کچەکەی هەموو دێنە ماڵە مە هەتا لەبەر ئەو پەنجەرەیرا دەستەی محەڕەمێ چاو لێپکەین.
خەڵك ڕۆژی دەستەی هەر وا دێن و دەچن، کەس کاری بە کەس نێ. بەڵام بابم هەمیشە دەڵێ ئەمە نابێ لاسای دەستەی عەجەمان پکەینەوە یا قسەی ساردوسووکیان پێ بڵێین و هەمیشە بە دێدە و باجە خەجیجیش دەڵێ ئاگایان لە منداڵەکان بێ هەتا بەر نەبنەوە چونکە ئەو پەنجەرە محەجەری نێ.

ئەو ژوورە چکۆڵە لە زستانێدا دایکم پەڕەمێزی لێدادەنێ و کێشتی لێ لێدەنێ، بۆ وەی دەڵێ ئەو هەمۆ هاتوچۆ و سەروخوارەی پێناکرێ.
ژوورێکی گەورە بەسەر ئەو ژوورە چکۆڵەیدا دەکرێتەوە. زستانان وەک ژووری بەردەستانە، بەرچا و نەهار و شامێ لێرە دەخۆین. دایك و بابم و فازلیش هەر لێرە دەنوون.
ئەو ژوورە پەنجەرەیەکی بڵیندی تێدایە کە دەڕوانێتە سەر مزگەوتی بازاڕی. لە نێو پەنجەرەکەیدا ڕادیۆیەکی ڕەش و گەورە داندراوە و زۆرتر بابم یان کورەکان هەڵیدەکەن و گوێی دەدەنێ.

سێ پەنجەرەی گەورەی دیکەش لە ژوورەکەی دان کە دەڕواننە سەر حەسارێ هەموو محەجەریان لەبەرە و ڕوو بە قیبلەن.
لە سەرەوەی ژوورێ سێ چوار دەستەنوێن هەڵبەستراون و کاری پاڵەوپشتی دەکەن.

هێندەی پێناچێ بابم لە بازاڕی دێتەوە. لە دەنگی کەوشەکانیرا دەزانم دێدە نێ بابمە، کە دێتە ژوورێ دەبینێ ئەمن دەگریم و لاقەکانم درێژ کردۆ، دێ بۆ لام و دەڵێ:"ئەوە بۆ ئەو خانمەچکۆڵە دەگری؟ لاقی چی لێهاتۆ؟"
دایکیشم بە پەلە پەل هەموو حیکایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.
بابم پێی دەڵێ:"ئەتۆ مەگە کافری؟ وەڵاهی کافریش بەزەیی زۆرترە لە تۆ، خودا غەزەبت لێگرێ، ئەو منداڵە هەموو لاقی سووتاوە، جا قەت ئەوە کاری کردنێیە؟"

دێدە هاتۆتەوە و مەڵحەمەکەی هێناوەو بە بابم دەڵێ:"هەموو بنی پێی بلۆقی کردۆ و ناتوانێ بە ڕێیەدا بڕوا."
بابیشم زۆری ڕق هەستاوە و دەڵێ:"دیتوومە! ئەوەی لە هەمووی خەراپتر خۆشی بە کەس ناگۆڕێتەوە، پێی‌وایە لە هەموو کەس عاقڵترە و دەرسی خوێندۆ و سەوادی هەیە!"
دێدە دەڵی:"منداڵ گەورە کردن بۆ وا دەبێ؟ تەنێشی پکەی بۆ بیسووتێنی؟"
دایکیشم هەر دەڵێ ئاپرووی لە دوکان‌وبازاڕیدا چۆ.
بابم پێی‌دەلێ:"دوکان پڕ پڕ بوو لە خەڵك، کەس ئاگای لە کەس نەبوو، ئەمن بۆخۆم کاك مستەفام ناردە ماڵێ. هەرا هەرا و چەقە چەقی نێو دوکانێ ئەوەندەزۆر بوو کەس گوێی لێ نەبوو ئەو منداڵە چی کوت و چی نەکوت.
ئەتۆ لە هیچ‌وخۆرایی بۆ لاقی ئەو بەستزمانەت سووتاندۆ؟ خودا لێت هەڵنەگرێ پاڕەبی!"

کورەکانیش وردە وردە هاتوونەوە، هەوا تاریك بۆ.
دێدە دوای نان‌وچای ئەمن بە کۆڵێ دەباتە مەبالێ و ڕیشەش جێگاکەم لە ژوورەکەی نێوەڕاستێ بۆ ڕادەخا و دوایەش لە باوەشم دەکا و دەمباتە سەر جێگاکەم.
دێدە پەڕۆیەکی دەبینێتەوە و لە لاقەکانمی دەبەستێ و دەڵێ:"با جێ‌وبانەکەت بە مەڵحەمەکەی پیس نەبێ، مەبادا سبەینێ ئەو دایکە شێتەت ئەمنیش داغ پکا!"
دوایەش پێدەکەنی و دەڵێ:"نیگەران مەبە باپیرم! بۆخۆم بەیانی لەسەر نان‌وچای دێم و دەت‌بەمە کن دوکتور لازاری.
بابت دەڵێ هەتا زووتر پچین باشترە بۆ وەی بەیانی زوو دوکتور سەری قاڵ نێ."

دێدە ڕوو دەکاتە کاکە مەزهەری و دەڵێ:"ڕیشە گیان! ئەتۆش چاوێکت بەسەر کوێشتیرێوە بێ، بە قوربانت بم، چاکە؟"
هەرچی بە قوربانوسەدەقەی دێدەی دەبم، دەڵێ بۆ نوستنێ هەر دەبێ پرواتەوە ماڵە خۆی. دوایەش نێوچاوانم ماچ دەکا و لە نێو جێگاکەمدا بە مەلافەیەکی دامدەپۆشێ و دەڕوا.

جەفعەر و کاکە عوسمانیش لە ژووری نێوەراستێ دەنوون.
کاکە عوسمان هەموو شەوێ زۆر هاروهاجێ دەکا. خۆی پێروبەوێدا دەدا. باز دەدا. لە نێو جێوبانی خۆێرا بە دزە دزە دەچێتە نێو جێوبانی ئەوانی دیکە.
هەموو خەویان لێ دەکەوێ بەڵام ئەو هەر پێحەیایەتێ دەکا و دایک و بابم یا کورەکان لێی وە دەنگ دێن.
ئەوشۆ ئەویش پێدەنگە. دایکم کاکە مەزهەر و کاکە عوسمانیشی زۆرتر لە جارێکی داغ کردۆ، ئەوان هەردووکیان لە دەردی من چاک حاڵین.
ژووری میوانان بەسەر ئەو ژوورەی نێوەڕاستێوەیە، کورە گەورەکان هەموو لەوێ دەنوون.
ئەو ژوورە لە هەموو ژوورەکان جوانتر و خۆشترە. دوو پەنجەرەی زۆر گەورەی تێدایە، یەکیان دەروانێتە سەر حەسارێ و ئەوی دیکەش بە سەربانی حەوزخانەکەیدا دەکرێتەوە. ئەو سەربانە هەمووی دارەمێوە کە لە حەسارێرا بە قایمە مێوەکاندا هەڵچوون هەتا سەربانی.
دارەمێوێکی دیکەش هەر هێندێک ئەو لاتر لە سەربانی کارخانە و تەویلەیە. ترێی ئەو دارە مێوەی سپی و گەورە گەورەن بەڵام تامیان زۆر خۆش نێ. گەڵاکانیشی زۆر ئەستوورن و بۆ دۆڵمەی نابن.
بابیشم دەلێ:"ئەو ترێیە با هەر باڵندان بیخۆن!"

بازاڕ و قەیسەرێکانی لە مە زۆر نزیکە.
شەوانە فیتە فیتی ئاژانان دە گەڵ سەوەرێکی زۆر تێکەڵ دەبێ و هاوینانیش کە پەنجەرەکان ئاواڵەن وا دەنگیان دێ دەڵێی لەسەر بانەکەی خۆمانن.

دێدە وەختێکی دۆڵمەی لێدەنێ ئەمنیش لەگەڵ خۆی دەبا بۆ گەڵا لێکردنەوەی پێنیشانم دەدا چۆن گەڵای ناسك وجوان و ساغ لێ کەمەوە و پێمدەڵێ:"ئەو گەڵایانە گەورەن و پیرن وەکوو چەرمی کەڵی وان، ناکوڵێن!"

وەختی ترێش هێشۆکان لە توورەکەی دەگرێ و بە چۆلەکەکان دەڵێ:"ئەوە خەلیلێ، مەیخۆن! پرۆن! پرۆن! لەو دارەی دیکە ترێی پخۆن!"

ئەمن بەو لاقە سووتاوانەوە خۆ ئیدی ناتوانم لەگەڵ دێدەی بۆ هیچ کوێ پچم. سەرم لەبن لێفەکەم دەنێم و دەگریم هەتا خەو دەمباتەوە.

###

بەری بەیانی لە دەنگە دەنگ و هەراهەرای خوارێ وە خەبەردێم.
لە سەر پەنجەرەیرا چاو لە حەسارێ دەکەم. تاو بە عاستەم لە دیوارەکەی سەر دەرکەی کوچەی داوە. دوو پشیلەش لەسەر باریکایەکەی سەربانی مەبالێ لەبەر تاوەکەی خۆیان هەڵخستۆ.

دەنگی کا حەمەدیم گوێ لێدەبێ.
دۆی چاك و ماستی مەڕان و ڕۆنیکەرە، ئەگە زوو نەیکڕی، هەمووی دەفرۆشرێ. ئەگە هەرکامێك لەو شتانەمان پێویست بێ بابم هەر تاریك وروونی بەیانی دەیانکڕێ و دەیانێرێتەوە.
هەموو ڕۆژێ کا حەمەد دوکانی بابم دادەنێ و زۆرتری کارەکانی دوکانێش هەر بۆخۆی دەیکا. ئەگە بەیانێکیش تا و باری نەبێ لە قەپانی بدا لە سەر بارەکان دادەنیشێ و قوتووی سیغارەکەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردێنێ و بە ئەسپایی پەڕە سیغارێکی لە بەستەکەی دەکاتەوە و نیسکێکی تووتن تێدەکا و بە حەوسەلە هەڵیدەبەستێ و بە زبانیشی قەراغەکانی بە یەکترێوە دەنوسێنێ. سیغارەکەی کە حازر بوو قوتۆکەی لە گیرفانی دەنێتەوە و ئەوجار شەمچەی دەردێنێ و دایدەگیرسێنێ. لەبەر دوکانێ لەسەر بارەکان لەبن تاوی تازەهەڵاتوو دادەنیشێ و بە ئیشتیا دەیکێشێ.

کا حەمەد چەند ساڵێک لە بابم بە تەمەنترە.
بابم دوازدە سێزدە ساڵە دەبێ کە باپیرم عەمری خودای دەکا و گەورەیی ماڵێی بەسەردا دەکەوێ و دەست دەکا بە کاروکاسبی و دەرسومەدرەسەی بە جێ دێڵێ.
مامە قادر لە بابم گەورەترە و ماڵوخێزانی خۆی دەبێ. دێدە و مامە حەمەدەمین و دوو پوورەکانم، پوورە مەنیج و پوورە مەعسوم و دایکی بابم لەگەڵ بابم دەژین. بۆ ماوەیەکیش هەموویان لەگەڵ ماڵە مامە قادری یەکماڵ دەبن. دیارە پوورەکانم مێردی دەکەن و دەڕۆن. بابم و مامە حەمەدەمینیش ژنێ دێنن.

جاروبارە دایکم و ئامۆژنم باسی ئەو زەمانی دەکەن و دەڵێن زۆر ژیانێکی ناخۆشیان هەبۆ و دایکی بابم هەزار قانونی بۆ دانا بوون و هەموو شتێکیش لە دەست خۆیدا بوو، کەس نەیدەتوانی بە بێ ئیجازەی وی هیچ پکا.

مامم و ئاموژنم ماڵێکی دەکڕن و دەڕۆن. دایك و بابیشم ئەو خانۆی جیرانی مزگەوتی بازاڕی دەکڕن و دێن بۆ ئێرە.
دایکی بابیشم عەمری خوڵای دەکا.
بابم دەست دەکا بە تجارەتی کوتاڵ و گەنم و جۆ و ئەو جورە شتانە.
کا حەمەدیش هەر لەو دەمودەستەیدا دێ کار بۆ بابم پکا.
بابم دەڵێ لە دروستی و ئازایی و وەفاداری هیچ بەشەرێك وەك کا حەمەدی نابێ. لە بە هۆشی و زیرەکیشدا هەر وا. گەرچی بە داخەوە قەت دەرسی نە خوێندۆ، تەواوی حیساب‌وکتابی دوکانێ دەکا و لە بیریدا ڕایدەگرێ.

بابم بۆی گێڕاوینەوە وا هاتۆ کە لە نێو دەفتەر و شتی دوکانێدا بە هەڵە چۆ و حیسابی شتێکی نەکردۆ، کا حەمەد لە بیری بۆ چەندە و کەنگێ گەنمیان لە قەپان داوە و بە کێشیان فرۆشتۆ!

کا حەمەد زۆر قسە خۆش و دەم بە پێکەنینە.
وەختێکیش لە دەرکەی کوچەی دێتە ژوورێ هاواری دەکا:"دێدە گیان!"
یان جاری واشە دەڵێ:"ژنی ئاغای!"
دایکم دەڵێ نێوی "دێدە" و "سەیزادە"ی پێچاکە بەڵام "ژنی ئاغای" پێ ناخۆشە!
ئەویش جاری وایە بە چەفەنگ دەڵێ:"ژنی ئاغای! ژنی ئاغای!"
داویەش پێدەکەنێ.

کا حەمەد پیاوێکی دەستەیە. پێستی دەست و دەموچاوی لەبەر تاوێ ڕەش ڕەش هەڵگەڕاوە. چاوێکی، وەختی جەواڵ دروونێ، شوژنی تێرا چۆ و کوێر بۆ. چاوە ساغەکەی کاڵە و دیارەبە زەمانی خۆی جوان چاك بۆ.
لیباسیش هەمیشە کەواوپانتۆڵی کوردی و کراسی سۆرانیدار لەبەر دەکا.
پێچوکڵاویش لە سەر دەنێ و پشتێندەکەشی لەپێشەوە گرێ گرێ دەکا هەتا هەڵنەوەشێ.
کڵاوەکەی، خات خاتونی ژنی، لە مەڕمەڕشای دەیدروێ و پێچەکەشی هەر ئەو هەڵیدەبەستێ.
بە زستانیش گۆرەوی بەن و زەنگاڵ و ئەوانە لە پێ دەکا، هەمووی خات خاتون دەیانچنێ.

خات خاتون چاو شین و سپیلکەڵە و کزە. قژی کاڵە و ئەویش بەجحێڵی دەبێ زۆر جوان بوو بێ.

کا حەمەد و خات خاتون هەر منداڵێکیان هەیە، باجە زارا . باجە زارا چاو کاڵ و قژ کاڵە، زۆرتر شێوەی بابی دەدا هەتا دایکی. هەر پێدەکەنێ و قسەی خۆش دەکا و زارو کەپۆی چکۆڵە و ڕیکوپێک و زۆر جوانە. سەرکولمەشی هەر وەك سێوی سوور دەچێ.

دەنگە دەنگی دایکم لە خوارێرا دێ.
دەڵێ:"کا حەمەد گیان! لە بیرت نەچێ خات خاتونم بۆ بنێری ئەو نیشاستەیە خەراپ دەبێ ئەگە نەیشێلین!"
کا حەمەد دەڵێ:"باجی گیان! ئەتۆ ئەو کارانە بۆ لە خۆت زیاد دەکەی؟ خۆت تووشی ئەو هەمۆ کێشە کێشەی دەکەی، نیشاستە بە کاری چ دێ؟"
دایکم دەڵێ:"ئەوە ڕەمەزانیش وا ناڵێی ئەو دەمی مەشکەفی دەخۆی، یان هاوینێ وەختی پاڵودە خواردنێ!"
کا حەمەد دەڵێ:"ئەوە، مەشکەفی و پاڵودەم هەر نەخوارد! خۆ زگی پیاوی تێر ناکەن، جا بە کاری چ دێن؟ ئەتۆ هەر پێتخۆشە بەردی بەر سێبەرێ بەری بەر تاوێ، بەردی بەر تاوێش بەری بەر سێبەرێ!"
دوایەش بۆخۆی قاقا پێدەکەنێ.

گوێم لێیە دایکم لە کا حەمەدی دەپرسێ دوێنێ وەختێکی ئەمن چوو بووم بۆ شەربەتی ئەو لە بازاڕی بۆ یان نا.
کا حەمەدیش دەڵێ:"باجی گیان! دەرزیت هەڵاویشت با وە عەرزی نەدەکەوت، هەر ئەوەندەی خەڵك لێبوو.
ئەمن لە دەرێ بووم گەنممان لە قەپانی دەدا. ئاغا لە ژوورێ بوو لەگەڵ ئەو عالەمەی قسەی دەکرد. ئاگام لە هیچ نەبوو!"
بە دوای وەیدا دەڵێ دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بازاڕی هەتا بابم بێتەوە بەرچای پخوا.

هێندەی پێ ناچێ دەنگی بابم دێ.
لە جێگاکەم بە قوونە خشکە دێمە دەرێ و بە سەبرا سەبرا لە دەرکەی وەدەر دەکەوم و هەر لەسەر قوون لە پێشخانەیرا خۆم دەگەیەنمە سەر پلیکانەکان. لە وێ ماوەیەك دادەنیشم.
بابم لە ژووری تەختەبەندێ دانیشتۆ و نانوچای دەخوا و باسی دوکتوری دەکا و دەڵێ:"بریا گوڵێ پێش ئەوەی ئەمن یرۆمەوە بازاڕی بێ ئەو منداڵە بەستزمانەی بباتە کن دوکتور لازاری."
ئەمن دەست دەکەم بە قوونە خشکە لەو پلیکانەی بۆو پلیکانەی هەتا دەگەمە ئەو جێیەی وەکوو خەڵوەتی دەچێ و پێیدەڵێن ڕەژیدان بەڵام قەت ڕەژی تێناکەن.
لەو حاستەی بابم گوێی لە خشکە خشکی من دەبێ و هەڕادەکاتە سەر پلیکانەکان و ئەمن لە باوەش دەکا و دەڵێ:"خانمە چکۆڵە! دا بابزانم بەری پێت چۆنە؟"
لەسەر باڵنجەکەی خۆی دامدەنێ و چاو لە بەری پێم دەکا و بە دایکم دەڵێ:"وەڵاهی شوبر ویەزیدیش بەڵای وایان بەسەر منداڵی چوار پێنج ساڵە نەهێناوە، ئەتۆ ئەوە شێتی؟ کافری؟ ئەوە چی؟"
بابم لەو قسانەدا دەبێ، دێدە لە دەرکەی وە ژوور دەکەوێ.
هاوارێ دەکەم:"دێدە گیان!"
دوای سڵاو و چاكوخۆشی بابم دەڵێ:"گوڵێ! دانیشە هەتا ئەو خانمە چکۆڵە نانوپەنیرەکەی دەخوا. زەحمەت نەبێ چایەکەشی بۆ شیرن کە!"
بابم دەس لە گیرفانی دەنێ و پووڵی دەردێنێ دەیدا بە دێدەی. بۆخۆشی پرێکی لە نانوشیرەکەی دەخوا. دایکم کە لەبەر سەماوەرەکەی دانیشتۆ چای بۆ بابم تێدەکا.

بابم هەموو بەیانان بۆ بەرچای، شیری کوڵاو لە پیاڵەیەکیدا بە کەوچکی دەخواتەوە و جارجارەش بابۆڵەیەك نان لە زاری دەنێ. زۆر کەم هەیە ماست و پەنیر یا شیرێژورۆنی پخوا. زستانان هەنگوینورۆنی پێخۆشە.
هەموو بەیانانیش کەوچکێک ڕۆنماسی بۆخۆی دەیخوا و بە زۆریش کەوچکێکی دەرخوادی مە دەدا.
ئەمە بە بابم دەڵێین:"ڕۆنماسی بۆنی زۆر ناخۆشە نامانەوێ بیخۆین!"
بابم دەڵێ:"بە شێخ حوسێن نابێ، دەبێ بیخۆن! کەپۆتان بگرن و چاوتان پقوچێنن!"

ژووری تەختەبەندێ لە مەرتەبەی خوارێ لە نزیك دەرکەی کوچەیە. دایکم دەڵێ ژوورەکە شەدار بۆ، عەرزەکەشی سمیت کرا بوو و هەر لاقی دە ژوورەکەی دەنا

سەرمای بۆ دەهات. وەستای نەجار دێنن و بە قەد گەزێکی تەختەی لێدەدەن و عەرزەکەی دێننە ڕێکی پەنجەرەکان.

گوڵە سووورە جوانەکەی بابم لە پشت پەنجەرەی لە نێو باغجەی شین بۆ. وەختی گوڵان ژوورەکەی پڕ دەکا لە بۆنێکی زۆر خۆش.

پێشخانەیەك لە مابەینی ژووری تەختەبەندێ و ژووەرەکەی سەر حەوزخانەیە. ئێرە هەر بە ڕاستی سارد و تەڕە و کەس بۆ لای ناچێ.
دایکم دەڵێ هەرچی بە تاقیان کردۆتەوە، شتیان لێ داناوە شەی کێشاوە.
ڕەژیدانێکیش لە ژوورەکەی دایە بەڵام ڕەژی تێدا نیێ.

بابم و دێدە باسی بازاڕ و مەزەندەی شتی دەکەن و دوایە بابم دەڕوا. ئەمنیش دێدە بە باوەشی دەمباتە بەر دەرکەی مەبالێ و دەڵێ:"پێش وەی بڕۆینە دەرێ، پچۆ میزەکەت پکە!"
دەڵێم:"دێدە بلۆقەکانم چی؟"
دەڵێ:"لە سەر پانێت بڕۆ! خودا چاکە بۆ دایکت نەکا! جا بڵێم چی؟ بۆ کن دوکتوری لە کۆڵت دەکەم. هەتا چا دەبێوە هەر لە کۆڵت دەکەم. بەڵام بۆ چوونە مەبالێ بۆخۆت دەبێ لەسەر ئاودەستێ دانیشی."
دێدە دەست دەداتە بنهەنگڵم و لە نێو ژووری مەبالەکەی دامدەنێ و دەڵێ:"چاکە باپیرم؟"
دەڵێم:"دێدە گیان بە جێم مەهێڵە! زۆرم پێ دەچێ هەتا دادەنیشم و هەڵدەستمەوە."
دەڵێ:"نا باپیرم ئەوە لەوەندەی ڕاوەستاوم قەت بە جێت دێڵم!"
دوایە لەبەر خۆیەوە دەڵێ:"لە منداڵەکان و لە بابیان بە دوور بێ، خودا چی چاکت بۆ نەکا ئەتۆ ئەو منداڵەی ئاوا لێ بەسەر بێنی."

دەرکەی حەسارێ جیرەی دێ و دەنگی خاتو ئامینیم گوێ لێدەبێ لەگەڵ دێدەی چاكوخۆشێ دەکەن.
دەرکەی حەسارێ هەر وەختێکی پاڵی پێوەنێی جیرەیەکی زۆری لێ دێ.
هەرچی بابم ڕۆنی لێ دەدا فایدەی نیێ. ئەویش بۆخۆی حیکایەتێکی دیکەیە.
دایکم گێڕاوێتەوە: ئێوارێیەکی لە سەرێ خەریکی خاوێن کردنەوەی شووشەی چراکان دەبێ و بابیشم لە خوارێ خەریکی لقوپۆپ کردنی گوڵان. کاکیشم پێنج شەش ساڵە دەبێ و لە حەسارێ قومارێ دەکا و گوڵێکی سوور لێ دەکاتەوە. بابم شەپەلاغەیەکی لێدەدا و دەڵێ:"جارێکی دیکە نەکەی دەست لەو گوڵانە بدەی!"
کاکیشم وە گریان و زیقە زیق دەکەوێ و دایکم بە پەلە خۆی دەگەیێنێتە حەسارێ. لە بابم دەپرسێ بۆ کاکم دەگری، بابم بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.
دایکم دەیکاتە هەڵاوگرمە و پاڵێکی وا بە بابمەوە دەنێ، بە دەرکەی کوچەیدا دەکەوێ. لایەکی دەرکەی لە ڕێسمە دەچێ و لەگەڵ بابم دەکەونە نێو کوچەی و بە دیواری مزگەوتی بازاڕیدا دەکەون.
دایکم دەڵێ:"چۆن لەسەر گوڵێکی لە کورەکەی دەدەی؟"
دەرکەکە قەت جێی خۆی ناگرێتەوە. کاکم قەت دەست بۆ گوڵان نابا

لێیان‌کاته‌وه‌، دایکیشم قه‌رار بۆخۆی و بابم داده‌نێ و ده‌ڵێ چونکه بابم ده‌ستی قورسه‌! قه‌ت ده‌ست له‌ منداڵه‌کان نه‌دا و عاملاندنی منداڵه‌کان به‌ ده‌ست خۆیه‌وه‌ بێ.

ئه‌من که‌ له‌ ئاوده‌ستێ دێمه‌ ده‌رێ دێده‌ له‌ کۆڵم ده‌کا و ده‌ڕۆین.

له‌ کوچه‌ی حه‌سه‌نپوری هاتووینه‌ ده‌رێ. جۆلا له‌ به‌ر دوکانه‌که‌ی له‌به‌ر تاوێ هه‌ڵتروشکاوه‌ و سیغاری ده‌کێشێ، له‌گه‌ڵ دێده‌ی چاك‌وخۆشێ ده‌که‌ن و ده‌ڕۆین بۆ لای کوچه‌ی گه‌رمێنی، هه‌ر وا که‌ ده‌ڕۆێن ده‌گه‌ینه‌ سه‌ر ئاوێکی که‌ پڕه‌ له‌ژن و منداڵ.
دێده‌ ده‌ڵێ:"ئه‌و ئاوه‌ هه‌ر ئه‌وه‌یه‌ دێته‌ نێو حه‌وزخانه‌ی خۆمان و مزگه‌وتی بازاڕ و ئه‌وه‌ی، ڕه‌نگه‌ ژنومن گووشی تێدا پشۆنه‌وه‌!"

له‌سه‌ر هه‌ورازێکی پڕ له‌ به‌رد به‌ زه‌حمه‌ت ده‌چینه‌ خوارێ.
گوێم له‌ ته‌قه‌ ته‌ق و خرته‌ خرتێکی زۆر ده‌بێ.
ده‌ڵێم:"دێده‌، ئه‌و ده‌نگه‌ ده‌نگه‌ چیێ؟"
ده‌ڵێ:"ئه‌وه‌ ناڵبه‌ندن، ڕۆڵه‌! ئه‌سپ و چوارپێ و شتی ناڵ ده‌که‌ن."

هه‌ر وا که‌ ده‌ڕۆین له‌ دێده‌ی ده‌پرسم:"ئه‌وه‌ کوێیه‌؟"
ده‌ڵێ:"مه‌یدانی مه‌نگورانه‌، باپیرم! دوکتور لازاریش ئه‌وه‌تا ده‌رکه‌که‌ی!"

له‌به‌ر ده‌رکه‌یه‌کی گه‌وره‌ ڕاده‌وه‌ستین، ئاواڵه‌یه‌. له‌ پلیکانه‌کان به‌ زه‌حمه‌ت وه‌سه‌ر ده‌که‌وین، ده‌چینه‌ نێو ژوورێکی پڕ له‌ سه‌نده‌ڵی.
پیاوێك دێ له‌گه‌ڵ دێده‌ی چاك‌وخۆشێ ده‌کا و لێی ده‌پرسێ:"ئه‌وه‌ ئه‌و خانمه‌ چکۆڵه‌ چی لێ‌هاتۆ؟"
دێده‌ هه‌ر ده‌ڵێ:"لاقی سووتاوه‌!"
دوایه‌ ده‌پرسێ:"سه‌ید قادر، ئه‌وه‌ دوکتور که‌نگێ دێ؟"
سه‌ید قادر ده‌ڵێ:"ڕه‌نگه‌ چووبێته‌ سه‌ر نه‌خۆشی، جاری وایه‌ له‌ ماڵێرا ده‌چن ده‌یبه‌ن. ده‌نا سه‌عات نۆی دێته‌ مه‌ته‌بێ."
دوای مه‌ش پیاوێك و ژنێک وه‌ ژوور ده‌که‌ون و له‌سه‌ر سه‌نده‌ڵێکان داده‌نیشن. ژنه‌که‌ نه‌خۆشه‌ و چارشێویشی به‌ سه‌ره‌وه‌ نێ، وا دیاره‌ له‌ دێیرا هاتوون.

هێنده‌ی پێ ناچێ دوکتور لازار ده‌گاته‌ جێ و له‌ هه‌موان سڵاوێ ده‌کا و ده‌چێته‌ نێو ژوورێکی.
سه‌ید قادر دێ به‌ لای مه‌وه‌ و ده‌ڵێ:"دوکتور چاوه‌ڕوانتانه‌!"

دوکتور لازار پیاوێکی زۆر باڵا بڵیند و چوارشانه‌یه‌.
هه‌میشه‌ش له‌گه‌ڵ خه‌ڵکی جه‌فه‌نگان لێ‌ده‌دا. بۆخۆی ژن‌ومنداڵی نێ به‌ڵام ئه‌گه‌ پیرێژنێك یا پیره‌ مێردێکی حه‌فتا ساڵه‌ پچێ بۆ لای پێیان‌ده‌ڵێ:"مێردی پکه‌! ژنێ بێنه‌ چا ده‌بێوه‌!"
ئه‌مه‌ که‌ ده‌بینێ، ده‌مان‌ناسێته‌وه‌.
به‌ دێده‌ی ده‌ڵێ:"ئه‌وه‌ هه‌ر مێردت نه‌کردۆ!؟"
دێده‌ده‌ڵێ:"ئه‌تۆ ئه‌گه‌ ژنت هێنا ئه‌میش مێردێ ده‌که‌م!"

هەردووکیان پێدەکەنن.
دوکتور دێ بۆ لای من و چاو لە لاقەکانم دەکا و دەپرسێ:"ئەوە چۆن سووتاوە؟"
دێدە نەقڵەکەی بۆ دەکا.
دوکتور هەر سەری ڕادەوەشێنێ و دەڵێ:"دایکی شێتە؟"
دێدە دەڵی:"ناوەڵا، خۆی بە کەس ناگۆڕێتەوە، پێی‌وایە عاقڵی وەك خۆی لە دنیایەدا نیێ!"

دوکتور نوسخەم بۆ دەنووسێ، بە دێدەی دەڵێ:"دەبێ دەرمانەکەی سێ جار لە ڕۆژێدا لێ بدەن و کە خەلاس بوو بیهێننەوە بیبینم."
ڕوومەتی منیش بە قوامکێکی دادەماڵێ و دەڵێ:"چی دی مەچۆ شەربەتی بکڕی بۆ دایکت!"
دێدە نوسخەکەی لە دوکتوری وەردەگرێ و پووڵی دەداتێ و خوداحافیزێ دەکا و دەڕۆین.

سەید قادر لە ژوورێکی دیکە خەریکە دەرزی دەکوڵێنێ. بۆنی ئاڵکۆڵی هەموو وڵاتی داگرتۆ.
بە دێدەی دەڵێم:"زووبە دێدە گیان باپڕۆین!"
دێدە دەڵی:"غیرەتت بێ کوێشتیر! دەرزی لە تۆ نادەن هەر مەڵحەمی بۆ نووسیوی!"
دەڵێم:"ئەگە وایە بۆ دەچی بۆ لای ژووری دەرزی لێدانێ؟"
هێندەی نەماوە بگریم.
دێدە دەڵێ:"ئەتۆ کوردی، کورد لە هیچ شتێکی ناترسێ خۆ جوولەکە نی، دە چین لە سەید قادری خوداحافیزێ پکەم، سەید قادر خزمی خۆمانە، ئامۆزای بابتە."

ئەمن بە کۆڵی دێدەیەوە لە پلیکانەکان دەچینە خوارێ و دەڕۆین دەرمانەکەی پکڕین.
دێدە دەڵێ هەر بە نێو مەیدانێدا پڕۆین لە هەمووی نزیکترە.
لە بازاڕی ڕێی ڕێداری نێ، دەڵێی هەموو خەڵکی شاری لێرە خزاون.
دێدە دەڵێ:"بەیانان بازاڕ ئاوایە! خەڵکی هەموو ئەو لادێیانەی دەوروبەری سابڵاغێ دێن ماست و ڕۆن و دۆ و ئەسپینگ و گێلاخە و کەنگری دێنن بیفرۆشن بۆیە دەڵێی ڕۆژی حەشرێیە!"
بە زۆری و بە پاڵەپەستۆ خۆمان دەگەیەنینە دەواخانەی حاجی ساڵحی. دێدە نوسخەکەی دەداتە دەست کابراکەی، ئەویش دەچێ دەرمانەکەی دێنێ.
دێدە دەمداتێ و دەڵێ:"کوێشتیر! قایم بیگرە!"

لە دەواخانەی کە دێینە دەرێ دێدە دەڵێ:"باپچین سەرێکی باجە مرێمت بدەین!"

دوو قڕانیش دەدا بە من و دەڵێ:"ئەگە کولێرەمان دی لە ڕێیە، دەیکڕین."
لەبەر دەرکی حەمامی دێدەی کولێرەو شۆرمەزەی دەفرۆشن.

ئەو سەفەرەی بە قەیسەرێدا دەڕوین.
دێدە دەڵێ:"زۆر گەرمە! ئەگە بە نێو قەیسەرێکاندا نەگەڕێینەوە لە گەرمان هار دەبین!"
لە نێو مەیدانی مەنگوڕاندا قەیسەری چەند دەرکەی زەلامی هەیە ئەمە بە یەکێکیاندا دەچینە ژوورێ.
لە دوو سێ پلیکانان دەچینە خوارێ. داڵانێکی دوور ودرێژمان چاو پێ دەکەوێ، ئەو بەر ئەو بەری هەموو دوکانە.
میچەکەشی کونی زەلام زەلامی تێکراوە هەتا تاو بێتە ژوورێ.

دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! دەچینە دوکانی ئاغای دەشتی لە وێ دەکرێ داتبنێم دانیشی هەتا ئەمنیش ماندووم پحەسێتەوە.
نمونەی دەسماڵیشم پێیە بۆ مرێمی، بزانم هەیانە یان نا."
دەچینە نێو دوکانەکەی، پیاوێکی سەرو ڕوو خۆش دەست دەکا بە چاكوخۆشی و قسەکردن لەگەڵ دێدەی.
دێدە لەسەر کورسیلەیەکی دامدەنێ و بۆخۆشی لەکن من دادەنیشێ و لە نێو گیرفانیدا لە نمونەی دەسماڵەکەی دەگەڕێ. ئاغای دەشتی پارچەکەی هەیە.
دێدە دەڵێ:"بێ زەحمەت، سێ گەزم بۆ لێکەوە!"
لەو دەمەشدا لەسەر کەشەفێکی زەلام، چای دێنن. ئاغای دەشتی چایەکی بۆخۆی هەڵدەگرێ و یەکێکیش دەدا بە دەست دێدەی.
دێدە چایەکەی دەخواتەوە و لە کۆڵم دەکا. ئەمن دەسماڵەکەی باجە مرێم و دەرمانەکەی خۆم پێیە. لە ئاغای دەشتی خوداحافیزێ دەکا و دەڕۆین بۆ لای چافرۆشەکان. ئێرە زۆرتر وەکوو حەسارێکی گەورە دەچێ چونکە سەری دانەپۆشراوە، بەڵام هەمووشی دوکانە. بەبەر دوکانی کەوشفرۆشەکاندا دەڕۆین و لە قەیسەرێ دێینە دەرێ.

چاوم بە حەمامی میرزا محەمەدی حەمامچی دەکەوێ، دەزانم نزیك ماڵە خۆمانم.
یەك بە خۆم دەڵێم:"دێدە گیان! دێدەگیان! چاو! چاو لە حاجیلەگلەگەکان پکە! ئێرە، نزیك ماڵێیە!"
دێدە دەڵێ:"باڕەقەڵا کوێشتیر! هەر لێرەش کورە کولێرەفرۆشەکەی خۆمان لە بەر دەرکەی حەمامێ دانیشتۆ!"
کولێرەیەکی وەردەگرین.
دێدە دەڵێ:"دوو قڕانەکەتی بدەیە باپڕۆین!"
دوایە دەڵێ:"دەچین دەرمانەکەی لە بنی پێت دەدەین جا پارچەکەی دەبەین بۆ باجە مرێمت،
ئەتۆش کولێرەکەت پخۆ با مندالەکانی ماڵە شێخی بەزمێ نەگرن!!"

دەرکەی ماڵێ وەك هەمیشە ئاواڵەیە. خاتو ئامین و دایکم خەریکی کاروبارانن. دێدە ئەمن لەسەر لێوی پەنجەرەکەی ژووری تەختەبەندێ دادەنێ. دەرمانەکەم لێ وەردەگرێ وبە ئەسپایی لەبەری پێمی دەدا.

فازل گوێی لە دەنگمان دەبێ دێ بۆ لامان. چاو لە لاقم دەکا و دادەنیشێ.
ئەمنیش لە کولێرەکەم بەشی دەدەم. دەزانم ئەگە لە کولێرەی دوو قڕانی بگرن تێر نابێ!

دوایە ئەمە کە دەڕۆین بۆ لای دەرکەکەی، بە دواماندا دەست دەکا بە گریانێ.
دێدە دەڵێ:"گۆچان! بە داخەوە دەبێ کوێشتیری لە کۆڵ کەم ناتوانێ بۆخۆی ڕوا دەنا دەمبردی، وەختێکی لاقی چاك بۆوە، ئیشەڵا دەد بەم!"
دایکم لە مدبەقێ دێتە دەرێ بۆ لای فازلی هەتا دڵخۆشی بداتەوە.
دەڵێ:"وەرە کن دایکی خۆت! مەگری بە قوربانت بم! چاوێشەی دەگری! ئەو دێڵە سەگە دیسان ئەتۆی گریاند؟! ئێوارێ دەچینە دەرێ، دەدبەمە جێیەکی خۆش، مەگری!"
دەستی فازلی دەگرێ و دەیبا. ئەمن و دێدەش وە ڕێ دەکەوین بۆ لای ماڵە شێخی.

دەگەینە بەر دەرکی ماڵە حاجی حامیدی. دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! وەرە سەرێکی کچەکان بدەین."
دێدە ناچێتە ژوورێ هەر لە داڵانەکەیدا باجە هەتاو و باجە گوڵزاری دەبینێ و قسەیان لەگەڵ دەکا.
لە دەرکەی دێینە دەرێ، لە بەر خۆیەوە هەر جنێوان دەدا.
ئەمن لێی دەپرسم:"دێدە بە کێ جنێوان دەدەی؟"
دەڵێ:"هەر لێم گەڕێ باپیرم! هەر لێم گەڕێ! ئەوەی ئەمن دەیزانم ئەتۆ بیزانی بە منداڵی هەموو سەرت سپی دەبێ!"

گەیشتووینە بەر دەرکی ماڵە حاجی مەحمودی وەتەمیشی لە وێش سڵاو و چاكوخۆشی لەگەڵ دێدەی دەکەن و بە کوچەکەیدا شۆڕ دەبینەوە و دەڕۆین.
کوچەی ماڵە شێخی دوو دەرکەی لە ڕەنگی توێکڵی پیوازی تێدا. هەوەڵ دەرکە دەرکی پیاوانە، لە سەرەوەتر دەرکەی ژنانە. بەرەو ژوور دەڕۆین.

باجە مرێم لە حەسارێ دانیشتۆ گیاوگۆڵێکی زۆری لە پێش خۆی داناوە، چاکی دەکا.
چاوی بە مە دەکەوێ دەس دەکا بە پێکەنینێ دەڵێ:"ئەیەڕۆ دێدە گیان! ئەوە بۆ ئەو زەلامەت لە کۆڵ کردۆ؟ بەو گەرمایەی حەیاتت لێ دەبڕێ! چاچاوا! لاقەکانی دەگاتە عەرزی هەتا کەنگێ لە کۆڵی دەکەی؟"
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! خۆ لە خۆشیانم لە کۆڵ نەکردۆ فەقیرە! دایکە شێتەکەی هەموو لاقی سووتاندۆ!"
باجە مرێم خێرایەکی دەڵێ:"ئەیەڕۆ بۆ؟!"
هەڵدەستێ دێ چاو لە لاقەکانم دەکا و دەڵێ:"با لێت‌وەرگرم دێدە گیان!"
ئەمن لە کۆڵی دێدەی دێنێتە خوارێ. لەسەر عەرزی لەبەر نیسێیە دامدەنێ بۆخۆشی دەچێتەوە زگ گیاوگۆڵەکەی.
دێدە دەڵێ:"جا ئەوە کەنگێ حازر دەبێ ئەو هەمۆ گیایە بە کێ دەخورێ؟"
باجە مرێم دەڵێ:"هەر ئەوەندە هیچ نەکەن و لە جێی خۆیان نەبزوون، دەیخۆن! سەد ئەوەندەشیان بۆ لێنێی لە پێشیان دانێی، دەیخۆن!"
دێدە دەڵێ:"نازانم ئەوە بۆ دڵیان ناتۆقێ لەو ژوورەیدا چەندە بە بێ‌کاروباری

دادەنیشن، ئەتۆش ئاوا بە تەنێ هەر خودا ڕۆژی کردەوە دەبێ پشۆی و لێنێی و خاوێن کەیەوە و میوانی ژنوپیاویان بەڕێ کەی!"
باجە مرێم هەناسەیەکی هەڵدەکێشێ دوایەش دەڵێ:"جا بڵێم چی دێدە گیان! چارەم چێ؟ ئەوە ئاوا ئەمنیش پێوەبووم. ناوەڵا ئەگە هەموو جەرگیان خەرابێ بۆ چۆرێك ئاو، نایەن ئاوەکەی بەرن بۆخۆیان بیخۆنەوە!
بۆخۆی هیچ منداڵەکانیشی هیچ ناکەن. ئەوە ڕۆژ هەتا ئێواری قونگی خۆیان دە ژووری ناوە ئەگەر کەسێکیش بێ، هەر چێکیش بێنێ ئەوە ڕاست دەیبەنە ژووری خۆیان."
دێدە دەڵێ:"ئیشەڵا بیکەنە هەنار لە بن سەریانی نێن! هەر دەشی کەنە هەنار! بۆ وەی هەر کەس ئەوەندە تەمبەڵوخوێری بێ هەر داوەشاو و دەردەدار دەبێ!"

باجە مرێم دەڵێ:"ئەتۆ پێتوایە ئامۆژنم شێتە لاقی نفیسەی سووتاندۆ؟ ئەمن لە حەیفی ئەوانە دوو سێ ڕۆژ لەوەو پێش وەختا بوو جەماڵی پکوژم! هەر ئەوەندەم لێدا هەناسەی دەرنەدەهات!"
دێدە دەڵێ:"جا چۆن کاری وا دەکەی؟ ئەتۆ بۆ لە حەیفی ئەوانە لە منداڵی خۆت دەدەی؟ قەت نەبیستم جارێکی دیکە لێیان بدەی! چاویان دەرێ! خودای تۆش گەورەیە! دنیا هەر وا نابێ!"

دوایە دێدە نەقڵی شەربەت و لاقی سووتاوی من بۆ باجە مرێمی دەکا. باجە مرێم هەر سەری خۆی ڕادەوەشێنێ.

دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەوە هەر بۆخۆتانە یا میوانیشتان دێ؟"
باجە مرێم دەڵێ:"نا! هەر بۆخۆمانە، گۆشتەکەم وە سەر ناوە کوتم خۆرشتی کەنگری لێنێم."
دێدە دەڵی:"جا ئەوە خۆ بەشی ئاکۆ وبڵباسی دەکا ڕۆڵە! ئەوە کێ دەیخوا؟"
باجە مرێم دەڵێ:"نیگەران مەبە! بە خوڵای دە ئەوەندەیان بۆ وە ژوورێ نێی دەیخۆن! قەتم شتی وا نەدیتۆ!"
دێدە هەر وا کە بۆخۆی یاریدەی باجە مرێمێ دەدا، کەمێک جەفعەریش لە پێش من دادەنێ و دەڵێ:"کوێشتیر! دەزانی چۆن جەفعەری چاك پکەی؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەدی! بۆخۆت فێرت کردووم!"
هەتا هەموو گیاوگۆڵەکە خەلاسی دێ یارمەتی باجە مرێمێ دەدەین، دوایەش هەتا برینجەکەشی دەپاڵێوێ، دێدە هەر لە دەور وبەری دێ و دەچێ.

حەساری ژنان چکۆڵەیە و دار و گوڵیشی تێدا نێ. بەرێکی مدبەق و ئاشپەزخانەیە، لە بەرەکەی دیش باجە مرێم و منداڵەکانی ژوورێك و خەڵوەتێکیان هەیە، شێخزادە خانم و منداڵەکانیشی هەر وا. پێشخانەیەکیش لە بەینی هەردووك ژنەکاندایە. هەر ئەو پێشخانەش ئەگە دوایەکەی بگری دەچێتەوە سەر حەساری پیاوان.
حەساری پیاوان هەمیشە میوانی لێیە. ژنومنداڵ بۆ لای ناچن. پەردەیەکی بۆریش لە بەینی حەساری پیاوان و پێشخانەی ژناندایە.

باجە مرێمیش وەکوو دایکم کێشتی لەسەر ئاورگی لێدەنێ هەردووکیشیان دەڵێن حەوسەلەی تسە تس و فسە فسی پەڕەمێزیان نێ و ئاورگی کوردیان لە هەموو شتێکی پێ باشترە.

باجە مرێم دەڵێ:"دێدە گیان! توخولا مەڕۆن بۆ نەهارێ لێرەبن!"
دێدە دەڵێ:"دایکی نیگەران دەبێ، پێمکوت قەنەکێشێکی دێینە ئێرە."
باجە مرێم دەڵێ:"جا بەو دیوی دەڵێین پیاوێکی، کەسێکی بنێرن بە مامە زێرەی بڵێ. نانوچایەکەمان دەخۆین و دەڕۆین سەرێکی ماڵە بابم دەدەین. دوێنێش پێمنەکرا بچم."
دێدە دەڵێ:"زۆر چاکە! ئەمنیش سبەینێ پێمناکرێ بچم سەری کاکم بدەم، بەری بەیانی خەریکی نیشاستە شێلانێ دەبین. هەر وا دەکەین! ئەوانە دابین کە، نانوچاکەیان دەیە، جا دەڕۆین!"
دێدە دەڵی:"بابزانم کێ دیارە لە حەساری پیاوان هەتا بینێرمە بازاڕی!"
دێدە دێتەوە یارمەتی باجە مرێمێ دەدا هەتا نانی دیوی پیاوان و ژووری شێخزادە خانمێ بە ڕێ دەکەن. ئەمن و دێدەش لە ژووری باجە مرێمێ نانوچای دەخۆین.
هەر نانوچا خواردن نەبوو باجە مرێم هەموو قابوکەوچکەکانیش دەبوو پشوا و سفرەونانیش خڕ کاتەوە، جا دوایە پرواتە ماڵە مامم.

باجە مرێم نوێژی نیوەڕۆیە دەکا و دێدەش دەڵێ ئەمن نوێژی خۆم لە ماڵە کاکم دەکەم.

ماڵە شێخی و ماڵە مامە قادری زۆر لە یەکتری نزیکن. لە کوچەی ماڵە شێخی دێینە دەرێ بە کوچەی ماڵە میرزا سوورەی شافعیدا دەڕۆینە خوارێ و بەبەر دەرکی ماڵە شەڵماشێکاندا شۆڕ دەبینەوە.

کەس لەو گەرمایەی نیوەڕۆیەدا لە دەرێ نێ، هەر بووکە شەم لە زار دەرکی ماڵەکەی بەڕەیەکی دەتەکێنێ.

باجە مرێم چارشێوی بە خۆیدا داوە، بەڵام دموچاوی دانەپۆشیوە.
دێدەش قەت قەت چارشێوی پێدا نادا.
باجە مرێم و شێخزادە خانم و دایکم هەرسێکیان چارشێوی ئەستووری ڕەشی "فا" بەسەردا دەدەن.
چارشێوەکانیان کەمەربەندی گوڵینگەداری هەیە.
باجەمرێم چارشێوەکەی دێنێ دەیکاتەوە، لاقەکانی تێدەنێ وەکوو ئەوەی دەرپێی لە پێکا. دوایە هەڵیدەکێشێ هەتا نێوقەدی و کەمەربەندەکەی دەبەستێ. داوێنی چارشێوەکەی، هەموو بە ئاوریشمی ڕەش گوڵدۆزی کراوە، دوایە بەشی سەرەوەی کە بە داوێنەکەیەوە دروواوە بە دەستی هەڵدەگرێ دەیهێنێتە سەر سەری. ئەگە بۆ جێی دوور بچێ ڕووبەندی هەیە و بەدموچاویدا دەدا. ڕووبەندەکە کون کونە، باجە مرێم دەتوانێ خەڵکی ببینێ بەڵام خەڵك ناتوانن دموچاوی وی ببینن! وەختێکیش دەگاتە ژنان، پیاو دیار نەبن، هەڵیدەداتەوە و بەسەر سەریدا دەدا.

شێخزادە خانمیش ڕووبەندی هەیە، زۆر جاران دەڵێ:"تۆخوا لابە! ئەمە ئیتر بۆ چییە؟"
لە شاری سابڵاغێدا هەر باجە مرێم و شێخزادە خانم ڕووبەندیان هەیە.
خەڵکی دیکە چارشێوەکەیان کوتە پەڕۆیەکی درێژ و ڕەشە بە سەری دادەدەن. نە کەمەربەندی هەیە نەهیچ. پێی دەڵێن چارشێوی قەجەری.

دەگەینە بەر دەرکەی ماڵە مامە قادری. مامە قادر نەخۆشە. جاری وایە ئەمن و جەفعەر و فازل لەگەڵ دێدە و دایکم دێین سەری بدەین.

دەرکی ماڵە مامم دارە و ڕەنگیش نەکراوە. دێدە دەست دەبا سەردەرانەکەی پاڵ پێوە دەنێ، دەرکەکە دەکرێتەوە. داڵانێکی دوور ودرێژ و تاریك دێتە بەرچاو. هەر لێرەشدا ژوورێکی چکۆلەیان هەیە بۆ بزنەکانیان.

جاری وایە ئەمە کە دێین سەری مامە قادری بدەین تووشی کاکە مستەفای دەبین کە بزنەکان لە نێو قەبرانڕا دێنێتەوە. ئەمنیش زەندەقم لە شاخە درێژەکانیان چۆ! یەك بە خۆم هاوارێ دەکەم و هەڵدێم. مامم هەمیشە بە ئامۆژنم دەڵێ ئەو بزنانە لە ژوورێ پکەن هەتا ئەمن نەترسێم و نەگریم!
ئەوڕۆ بزنەکان لە نێو ژوورەکەیان دان. چاکە دێدە لە کۆڵی کردووم دەنا سەعاتێکی هەر مەچۆ مەچۆم دەکرد.
لە نێو داڵانەکەش کە دەڕۆین هەر ئاوڕ دەدەمەوە و خۆم زۆرتر بە دێدەیەوە دەنوسێنم. دەڵێم نەوەك بزنەکان بە دواماندا بێن!
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! ئەمن هەر بە قەرا تۆ دەبووم مەنجەڵیان لە بن پێم دەنا هەتا بگەیشتبامە گوانی حەیوانەکەی. جا چ مەڕ بایە چ بزن دەبوو بیدۆشم.
مەڕو بزن هیچ لە حیسانی ناکەن، ئەمن پێمکوتوی دەبێ ئەتۆ ئازا و بە غیرەت بی!"

گەیشتووینە حەسارەکەیان. دەچینە ژووری بەردەستان. مامم لەسەر جێگاکەی پاڵی داوەتە چەند سەنیرێکی کە بۆ پاڵەوپشت بۆیان داناوە.
بە زەحمەت بە خێرهاتنی هەموان دەکا و نێوچاوانی باجە مرێمی ماچ دەکا و ئەویش دەچێ لە پەنای دادەنیشێ هەتا پتوانێ گوێی لە دەنگی بابی بێ.
دەستی منیش دەگرێ دەڵێ:"ئەو خانمە چکۆڵەش چاك بوو ئەوڕۆ بزنەکان لە ژوورەکەیاندا بوون، لە دەرێ نەبوون هەتا بیترسێنن!"
بە دوای وەشدا دەست دەکا بە پێکەنینێ.

مامەقادر زۆر کزو بێتاقەتە. قەدی بڵیندە. برۆکانیشی وەك برۆی بابم زۆر پروگەورەیە. چاوەکانی قاوەیین. بابم و مامە قادر زارولێویان وەك یەك دەچێ. کەپۆشیان باریكودرێژە.
ئەگە میوانی نەبێ هەر خەریکی خوێندنەوەیە. وەختی خەبەرانیش، لەگەڵ کورەکان، گوێ دەداتە ڕادیۆی.

ئامۆژنە مەلازادە چای بۆ هەموان تێدەکا و دێ دادەنیشێ لەگەڵ دێدە و باجە مرێمێ دەست دەکەن بە قسەوباسان.

مامم دەپرسێ چ بە سەر بنی پێم هاتۆ و بۆ ناتوانم بە ڕێیەدا بڕۆم.
دێدە هەموو نەقڵەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە.
مامم دەڵێ:"جا چۆن براژنم کاری وای کردۆ؟ وەڵاهی لە عەقڵوشعوری براژنم بە دوورە کاری وا بکا، خۆ شێتیش کاری وا ناکا! جا چۆن شتی وا دەبێ؟
گوڵێ! بە براژنم بڵێ بێ تاوێکی چاوم پێ بکەوێ هەتا دوو قسەی لەگەڵ بکەم، ئەدی عەلی چی کوت؟"
دێدە دەڵێ:"جا کاکە گیان عەلی بڵێ چی؟ ڕوحیشی خەبەردار نەبوو. لە بازاڕی دەبێ. ئەمنیش، ڕۆژی حەمامی ژنان بوو هەتا بانگی شێوان نەجاتیم نەهات. نە ئەمن لە ماڵێ بووم نەبابی."

###

بەیانی زوو بە دەنگە دەنگی دایکم وە خەبەر هاتم.
دەنگی ژنەکانی دیکەم گوێ لێیە ڕووناکایی دەکەوێتە دڵم و وە بیرم دێتەوە کە دوێنێ دێدە بە باجە مریەمی کوت ئەورۆ ڕۆژی نیشاستە شێلانێیە.
بە پەلە پەل لە جێگاکەم دێمە دەرێ. بە قوونە خشکە خۆم دەگەیێنمە سەر پلیکانەکان و دەچمە خوارێ.
لە خوارەوەی پلیکانەکان خات مریەم شکاك دیارە، خەریکە قۆڵچاغەکەی لەبەر دەکا، چاوی بە من دەکەوێ
و دەڵێ:"دە بلا بۆ لەسەر قوون دەڕۆی ماڵە بابم؟"
ئەمنیش پێی‌دەڵێم:"لاقم سووتاوە!"
دیسان دەڵێ:"دە بلابۆ؟"
دوای وەی باسەکەی بۆ دەگێڕمەوە،
دەڵێ:"هەر ئەورۆ، ئەگە زوو نەجاتمان بێت، دەچم مدفەڕکی حاج شێخ عەبدوڵا ئەفەندیت بۆ دێنم، بابم بە قوربانی بێت بۆ هەموو دەردێك یەکاویەکە!"

خات مریەم زۆرخوێن شیرن و قسەخۆشە. هەر بە شێوەی شکاکیش قسان دەکا. ژنەکان بەقسەکانی پێدەکەنن و جەفەنگێ لێ‌دەدەن ئەویش بە شێوەی کوردی سابڵاغێ قسان دەکا و لاسایان دەکاتەوە،
دەڵێ:"وەرە کنم! وەرە کنم!"
دەروێش حەمەد مێردێتی. ئەویش فەقیرە نەخۆشە، زۆرتر لە ماڵێیە. بە عاستەم سەرەتەقەیەکی دەکا.
خات مریەم چاو ڕەش و سپیلکەڵەیە. سەر وپرچیشی دەبێ بە جحێڵی ڕەش بووبێ، ئێستاش بە خەنەی سووری دەکا. کەپۆشی زۆر چکۆڵە و جوانە.

هەموو ژنەکان وەختی کارێ بەرهەڵبێنەی لەخۆ دەبەستن و دەسماڵەکانیشیان لێ دەکەنەوە و سەرپۆشێکی سووک بە سەر دادەدەن. دەڵێن کلکی دەسماڵەکەیان هەر دێتە خوارێ و دەچێتە نێو شتی بۆیە دەبێ خۆیان گورجوگۆڵ کەن. خات مریەم و باجە ئامین قۆڵچاغەش لەبەر دەکەن.
خاتو ئامین خۆی لە کۆنە پانتۆڵێکی کاك عەزیزی مێردی دەهاوێ هەتا لە نوێژ نەچێ.

خات خاتون و دێدە دەگەنە جێ.
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! ئەتۆ چاوێکت لە منداڵەکان بێ نان‌وچایەکەیان پخۆن هەتا ئامینەی برازاشم دێ.
ئەمنیش لەگەڵ خات خاتون و خات مرێمێ دەچم ئاوی گەنمەکەی بەتاڵ دەکەین و دەیشۆینەوە."
دێدە لە ژووری تەختەبەندێ نان‌وپەنیر و چای شیرنمان دەداتێ.

بۆنێکی ناخۆش لە حەسارێرا دێ. دێدە دەڵێ بۆنی ئاوی گەنمەکەیە.

دوای بەرچای ئەمەش دەگەڵ دێدەی دەچینە حەسارێ. دایکم، بە یارمەتی ژنەکان، دوو تەشتی زەلامی هەویری لە مدبەقەکەی هێناوەتە دەرێ و خەریکن گەنمە شۆراوەکەی لە نێو تەشتەکان دەکەن.
دێدە دەچێ بە لایانەوە، سۆرانێکانی لە پشت ملی گرێ داوە، بە خات مرێم و خات خاتونی دەڵێ:"جا با ئەمن ئاوتان بە دەستیدا کەم ئەنگۆش لاقتان پاك پاك پشۆن و پرۆن گەنمەکەی پشێلن."
خات مرێم دەڵێ:"بەسەری ئەو حاج عەبدوڵا ئەفەندێ، دەستم بە دەزنوێژە!"
بەڵام دێدە ئاوی دێنێ بە لاقی هەردووك ژنەکاندا دەکا و ئەوانیش دەچنە نێو تەشتی هەوەڵێ و بە لاقان وەردەگەڕێنە شێلانی گەنمەکەی.
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! دەڵێی چی ئەتۆ بۆخۆشت پچی نێو ئەو تەشتەی دی دەست پکەی بە شێلان هەتا ئامینە دەگاتە جێ؟ ئەوە پێشمکوت ڕۆلە گیان! هەر نان‌وچات خوارد  محەمەد گیان هەتا بەر دەرکەت دێنێ پێش وەی پچێ دوکانی دانێ!"
دێدە دەڵێ:"جا زۆر چاکە! هەر وا دەکەین دەنا قەت خەلاسیمان نایە. ئەو هەمۆ گەنمە بە کێ دەشێلدرێ؟"
خات مرێم دەڵێ:"خودا هەر ئاغاسەیدی بێمزەڕەت کا، ئەو نیشاستە هەموو ساڵێ دروست دەکرێ بە ئێرە و ئەوێدا دەچێ بەشی هەموو لایەکی لێ‌دەدرێ، ئیشەڵا هەزار ماڵ لەو ماڵە پکەوێتەوە!"
دێدە شەربەیەک ئاوی لە تەشتی ژنەکان دەکا و پرێکیش لە تەشتەکەی دی.
دەچێ لاقەکانی پشواتەوە، باجە ئامین لەدەرکەکەی وە ژوور دەکەوێ.

باجە ئامین هەمیشە پێدەکەنێ. بەرهەڵبێنەو قۆڵچاغەکەشی لە ئی هەموو کەس جوانترە و گوڵینگەی ئاوریشمیان لێ هەڵبەستراوە. بە زەنگیانەی شین قڕژاڵێکی هۆندۆتەوە و بە دەرزیلەیەکی لەگەڵ مێخەکدانەکەی لە قۆڵچاغەکەی قایم کردۆ.
ژنەکان هەموو باجە ئامینیان خۆش دەوێ. دەڵێن زۆر سەرو ڕوو خۆش و ئازا و کابان و جوانە!
هەر وەختێکی باجە ئامین دێتە ماڵە مە، هەر لە دەرکەی کوچەی هەڵدێم بۆ لای و لاقەکانی لە باوەش دەکەم ئەویش ئەمن ماچ دەکا. بەڵام ئەورۆ لە جێی خۆم نابزوم. دێ ماچم دەکا  بۆنی ڕیحانە و گوڵی سووری لێ‌دێ. چاوی بە لاقە سووتاوەکانم دەکەوێ و جێبەجێ دەزانێ و دەڵێ:"پوورم؟!"

دێدە و باجە ئامین هەردووکیان دەچنە نێو تەشتی نیشاستەکەی  و دەس دەکەن بە شێلانێ.

هەر پرە پرەش ئاوی لە تەشتەکان دەکەن.
نیشاستەکە لە ژێر پێی ژنەکاندا شل شل بۆ و هەر قڵچە قڵچی لاقیان دێ.
دێدە دەڵێ:"وەختی پاڵاوتنی تەشتی خات مرێم و خات خاتونی هاتۆ!"
لە تەشتەکەی خۆی دێتە دەرێ و لاقەکانی دەشواتەوە و دوایەش یاریدەی خات مرێم و خات خاتونی دەدا.
ئەوانیش لاقیان دەشۆن و سێ بە سێ دەس دەکەن بە پاڵاوتنێ.
دێدە و دایکم لە پێش ئەوەیدا کە ژنەکان بێن، مەنجەڵێکی زەلامیان هێناوە و سەلەیێکیشیان لە سەر داناوە.
دێدەش بۆخۆی تەنزیلی لە دوکانی ئاغای دەشتی کڕیوە و بەسەر سەلەکەی داداوە. هەر بە پیالەی لە گەنمە شێلاوەکەی هەڵدەگرێ و بەسەر تەنزیلەکەی دادەکا. خات مرێمیش بەدەستی دەیپاڵێوێ.
خات خاتون چۆ لە نێو تەشتەکەی دی یاریدەی باجە ئامینێ بدا.
دێدە و خات مرێم هەر نیشاستەی دەپاڵێون و هەر خۆش خۆش سەلك سەلك پرو پووشی گەنمەکەی خڕ دەکەنەوە و فڕێی دەدەن. بۆنی نیشاستەی خاو ناخۆشە و هەموو حەسار و دەرکوبانەکەی هەڵگرتۆ.
فازل خۆش خۆش پێیاندەڵێ:"ئەو بۆگەنیوە چێ لە وڵاتیتان بەرداوە؟"
خات خاتون دەڵێ:"بە قوربانت بم، ئەوە دەبێتە مەشکەفی و پاڵودە بۆ تۆ و ئاغاکانی برات!"

دێدە بە دایکم دەڵێ:"سەیزادە! ئەو تەنزیلەی نەگۆڕم هیچی دی ناپاڵێوێ هەموو کونەکانی گیراوە."
دایکم بە پەلە پەل تەنزیل و مقەستەکەی بۆ دێنێ و دەڵێ:"خات گوڵێ گیان! بۆخۆت چی لێ دەکەی بیکە!"
دێدە تەنزیلەکەی دەگۆڕێ و دەڵێ:"سەیزادە ئامین! وەرە با ئەمنو ئەتۆ ئەوە کارمان بێ ئەو تەشتەی دیکەش پپاڵێوین هەتا نەجاتیمان بێ."
دوایەش دەڵێ:"ئەو گەنمە تەشبیهات نەبێ، تەشبیهات نەبێ، لە گووی پیسترە! ئەگە پێتەوە نوسا خۆ لێت نابێتەوە، یەك بەیەکێ بڵێ چەقە، هەر دەڵێی چەقەیە!"
باجە ئامینیش بەو قسەی دێدەی هەر ئەوەندە پێدەکەنێ لە خۆ دەبێتەوە.
خاتو ئامینیش دەڵێ:" ئەو ژنە قسەی وا دەکا!"

خات مرێم ئاوی بە دەست خاتو ئامینێدا دەکا، ئەویش تەشت و قاب و کیتەڵە و گۆزەڵەیەکی کە لە نیشاستەیان ناوە دەیشواتەوە و لەبەر تاوێیان دادەنێ. حەسار و دەرکوبانەکەش گەسك لێ دەدا و جوان جوان دەیشواتەوە، جا دەچێ سەری منداڵەکانی دەدا و دەگەڕێتەوە.

باجە ئامین و دێدەش کاری پاڵاوتنێ خەلاس دەکەن. سەلە و تەشت و تەنزیلەکان دادەنێن بۆ خاتو ئامینێ کە بیشوا. بۆخۆشیان ملخێش ملخێش مەنجەڵە پڕ لە نیشاستەکەی دێننە بەر نیسێیە دایدەنێن و سەری بە کەشەفێکی گەورە دادەپۆشن.
دێدە دەڵێ:"هەر دەبێ ئاوی لێ بگرین هەتا ئیشك هەڵدێ!"
باجە ئامین دەڵێ:"چۆن دێدە گیان؟"

دەڵێ:"هەر جارناجارێکی دەبێ سەری لێ بدەم. ئاوە ڕوونەکە دەچێتەسەرەوە، نیشاستەکە دەچێتە خوارەوە دە بنی مەنجەڵەکەیدا دەنیشێ، بە ئەسپایی ئاوەکەی سەری بە پیاڵەیەکی دەردێنم و دەیرێژم، لە ئاخریدا هەر نیشاستەکە لە بنی مەنجەڵەکەیدا دەمێنێتەوە. ئەویش دەبێ دوور لە داعباودۆڵ و پشیلەی لە بەر تاوێ دایبنێین پرێك هەڵبرینگێ، دوایە لەسەرێ لە سەر سفرەی هەڵیدەخەین هەتا ئیشك ئیشك دەبێتەوە."

دایکم و خاتو ئامینیش شۆرباوێکی زۆریان لێناوە. نانیان ئاو کردۆ. گیاوگۆڵێکی زۆریان شوشتۆتەوە و لە نێو سووزمەیەکیان ناوە. کووپەی دۆش لە حەوزخانەی هەمیشە پڕە لە دۆ.

بابم لە بازاڕیرا هاتۆتەوە. وەختی نوێژی نیوەڕۆیە. دەسنوێژێ دەشوا و دەچێتە ژوورێ، هەر لەو دەمەشدا بانگێ دەدا.
خاتو ئامین دەڵێ:"ئەیەڕۆ بەدبەخت نە خۆم، خۆ بانگی دا! بۆ ڕۆژ ئەوەندە درنگە؟"
ژنەکانیش وە پەلە پەل دەکەون، دەچن دەسنوێژێ پشۆن.
دایکم لە مدبەقێ دێتە دەرێ دەڵێ:"گوێم لە بانگی عەجەمان بوو، بانگی خۆمانی داوەیا نا؟"
دێدە دەڵێ:"بۆخۆت بەخێرێیەوە! بانگی کوردیش و عەجەمیشی داوە. ئەمن نوێژی خۆشمکردا! ئەوە دەچین لەگەڵ خات مریەم و خات خاتونێ تەشت و شتەکان لە کارخانەی دادەنێینەوە."
دایکم دەڵێ:"بە قوربانتان بم! دەستوچاوتان خۆش بێ، زگتان نەسووتێ، ئەمن و ئامەگیانیش دەچین سفرە و نانی هەردووك ژووران حازر دەکەین. وەرە ئامە گیان باپرۆین!"

دێدە دەڵێ:"ئەگە بە قسەی من دەکەی ئەمە نانوچای هەر لە بن ئەو دارانە، لە بەر نیسێیە دەخۆین، پچینە ژوورێ بڵێین چی؟ هەر ئێرە خۆشترە!"
ژنەکانیش هەموو دەڵێن:"ئەرێوەڵا، جا بۆ لێرە نەخۆین؟"
دایکم دەڵێ:"دەچاکە! وەڵا دەنا ئەمنیش هەر دەرێم پێ خۆشترە، خودا بە قوربانی ئەو تاو وساوەم کا!"

باجە ئامین کۆمەگی دایکم دەکا و نانی بابم و کورەکان دەنێرنە ژوورێ.

دێدە و خات خاتونیش بەڕە ومەڕەی دێنن لە بن دارەمێوەکەی ڕایدەخەن. ژنەکان هەر لە حەسارێ نوێژەکەیان دەکەن و دوایەش دادەنیشن نانوچای پخۆن.

ئەمنیش بە حاڵە حاڵ خۆم دەگەیێنمە سەر بەڕەکان و لاقم درێژ دەکەم. لە هەر جێیەکی دێدە لەسەر سفرەی بێ هەر لەگەڵ ویش نانی دەخۆم.

لە سەر نانیش ژنەکان باسوخواسان دەکەن. خەبەری مامە قادری دەپرسن.
دێدە پێیاندەڵێ:"بە ناشکوری ناڵێم هەر وەکوو خۆیەتی. چاتر نێ، ئەمن و کوێشتیر و مریەم دوێنێ چووین سەری کاکم بدەین."

خاتو ئامین دەڵێ:"ئەو ژنە فەقیرە ئەو کچەی هەر بە کۆڵ و باوەشێ دەگێڕێ، قەت نە دەبوو سەیزادە کاری وا پکا. جا ئەو منداڵە ئەو نەقڵوحیسابەی لە کوێ دەزانێ!"
خات خاتون هەر سەری ڕادەوەشێنێ. خات مرێمیش زۆری پێسەیرە کە دایکم کاری وای کردۆ.
باجە ئامینیش دەڵێ:"ئەمن پێمسەیر نێ هەموویان هەر وان، بابم و پوورم و مامە محێدین، هەموو بێڕوحمن!"

هەموومان شۆرباو و گیاوگۆڵ و دۆیەکی زۆر دەخۆین.
ژنەکان نان و شتەکەی خڕ دەکەنەوە، باجە ئامین دەچێ بۆ هەموان چای دێنێ. دوای نانوچای بابم لە ژووری تەختەبەندێ پۆپەشمینەکەی بە خۆی دادەدا و ڕادەکشێ.
کورەکان هەر کەس بە لایەکیدا دەڕۆن.
ژنەکان قابوماپەکان دەشۆن و وڵات و شتی خڕ دەکەنەوە.
خات مرێم دەڵێ:"ئەمن ڕێم دوورە بە قوربان باپڕۆم، بەڵام بە سەر ئەو چاوانەم مدفەڕکت بۆ دەنێرم!"

خات خاتونیش هەڵدەستێ دەڕواتەوە ماڵێ.
باجە ئامین دەڵێ:"پوورێ گیان! ئەمنیش دەڕۆم هەتا دووسبەی بەیانی، دوای نانوچای دێم نیشاستەکەی دەبەینە سەرێ هەڵێدەخەین."

دێدە دەڵێ:"سەیزادە ئامین! ئەمن سبەینێ لە حەمامێم، بەڵام دووسبەی بەیانی زوو دێم."

تاو لە حەسار و سەربان و لە هەمووی ڕۆیشتۆ، هەوا بەرەو تاریك بوون دەچێ. دێدە چۆتەوە ماڵە خۆی ئەمنی بە گریان بە جێ هێشتۆ.

لە دوورەوە قڕە قڕی بۆقان و سەوەڕی سەگان و فیتە فیتی ئاژانان دێ.

ڕیشە، جێوبانەکەی من لە ژوورەکەی نێوەڕاستێ ڕادەخا. بابیشم دەمباتە سەر جێگاکەم دامدەنێ و
دەڵێ:"خانمەچکۆڵە! وردە وردە برینەکانت چاک دەبنەوە، نیگەران مەبە!"
لەگەڵ ئەوەش نێوچاوانم ماچ دەکا و بە مەلافەکەم دامدەپۆشێ.

###

ئەورۆ لە خەوێ کە هەستام دیتم خاتو ئامین ئاوی لە تەشتە ڕەشەکەی دەکرد.
ئەورۆژانەی دایکم سەری زۆر قاڵ نێ ئەو تەشتە ڕەشە زەلامەی کە بۆخۆی بە دروستکردنی داوە، دێنێ لە بەر تاوێی دادەنێ و بە خۆی و بە خاتو ئامینێ پڕ پڕی دەکەن لە ئاو.
لای نیوەڕۆیان ئەمن و جەفعەر و فازل دەچین لەنێو تەشتە ئاوەکەیدا قوماری دەکەین. دوایەش دایکم هەر لەبەر تاوێ لە نێو تەشتەکەیدا دەمانشوا و جلی خاوێنمان لەبەر دەکا و دەڵێ:"پڕۆنە ژووری! ئێستا بابیشتان لە بازاڕی دێتەوە نانی دەخۆین، خۆتان پیس مەکەنەوە!"
فازل زۆر حەول دەدا ئەمن پچمە نێو ئاوەکەی، بە داخەوە نابێ لاقم تەڕ کەم.

دایکم و خاتو ئامین وەکوو هەمیشە خەریکی کاروبارانن. دایکم هەر جارناجارێکی سەری مەنجەڵە گەورەکەی هەڵدەگرێ و ئاوی نیشاستەکەی بەتاڵ دەکا.
دێدە درەنگێکی لە حەمامێ دێتەوە. شۆرمەزەی بۆ هێناوین.
چاوێکی لە نێو مەنجەڵەکەی دەکا و دەڵێ:"سبەینێ هەر سەیزادە ئامین هات، ئیشەڵا وە سەربانی دەخەین!"
دایکم دەڵێ:"ئەگە ڕۆژێکیش لە سەربانی بێ لە بەر ئەو تاو وساوەی هەڵدەبرینگێ. دوایە دەکرێ هەر لە ژووری میوانان هەڵیخەین و دەرکەکەی لێداپخەین."
دێدە دەڵی:"جا بۆ؟ خۆ ئەگە لە بانیش بە جێی هێڵین هیچی لێنایە، ئەوەندەیە دەبێ داپۆشین خاكوخۆڵی نەچێتە نێوی."
دایکم دەڵێ:"بایە، بارانە، خاكوخۆڵی ئەو شارەش خۆ بۆخۆت دەزانی هەمیشە حازرە، هەموو ڕیسەکەمان دەبێتەوە خوری، ناوەڵا پێش وەی تاریك بێ دەیهێنینەوە ژووری میوانان!"
دێدەدەپرسێ:"ئەدی کورەکان، کورەکان لە کوێ بنوون؟"
دایکم دەڵێ:"لە ژوورەکەی تەختەبەندێ، هەر دوو سێ شەوە، پەنجەرە ئاواڵەیە تاو وبان تێیدەکا نیشاستە وەکوو برێشکەی لێدێ!"
دێدە دەڵێ:"جا زۆر چاکە! هەر وای لێ دەکەین! ئەمنیش زۆر ماندووم، ئەوە دەچمەوە جا سبەینێ زوو دوای نانوچای دێم."

ئەمن دەستی دێدەم گرتۆ پێی دەڵێم نەڕواتەوە ماڵە خۆی، دەڵێ:" تازە ئەوە شەوە کوێشتیر! ئەوەندەش ماندوو بووم لە هەرا هەرا و چەقە چەقی ژنان مێشکی سەرم چۆ، بەیانی لە گەڵ قوقەی کەڵەبابی دێم!"
دێدە هەتا بۆ نان خواردنیش ڕاناوەستێ، لێدەدا دەڕوا.
ئەمنیش دەست دەکەم بەگریانێ.

###

بەیانی بە عاستەم تاو لە لێوی بانی داوە، لەجێگاکەم دەردەپەڕم، بۆ لای پەنجەرەکەی دەچم چاوێك لە حەسارێ دەکەم، کەس دیار نیێ. بە سەبرا سەبرا دەڕۆمە سەر پلیکانەکان، وڵات زۆر بێدەنگە. بە قوونە خشکە دەچمە خوار پلیکانەکان. دایکم و کاکە جەمیل دانیشتوون بەرچای دەخۆن.

دایکم دەڵێ:"ئەوەتا! خات مریێم نەیتوانی بوو دوێنێ مدفەرکەکەت بۆ بێنێ، بەیانی زوو لە پێش وەیدا پرواتە ڕەزایەی هێناوێتی!"

ئەمنیش وەریدەگرم و چاوی لێ دەکەم پرێك تووی سپی ئیشکە لەگەڵ وردکە نانی تێکەڵ کراوە.

دەپرسم:"ئەوەیە مدفەرك؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەدی پێتوابوو چیێ؟"

دایکم دەڵێ:"هانێ! ئەوەندە بۆ تۆ ئەوەش هەڵدەگرین بۆ منداڵەکانی دیکە. هانێ جەمیل گیان! ئەتۆش دوو سێ دەنکی بە چایەکەت پخۆ، خودا ئیشەڵا عەمەدرێژ و سڵامەتت کا، ڕۆڵە گیان، شەفات بدا!"

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەمن عەقیدەم بەو خورافاتەی نیێ بەڵام ئەگە لەو نێوەشدا کەسێکم قبوڵ بێ حاجی شێخ عەبدوڵایە!"

مدفەرکەکەی لە دایکم وەردەگرێ و دەیخوا و چایەکەی بەسەردا دەکا و ڕۆژنامە و کتێبەکانی هەڵدەگرێ و دەچێتە سەرێ.

دادەنیشم نانوچای پخۆم، جیرەیەك لە دەرکەی حەسارێ دێ، دێدەیە!

دێدە دێتە ژووری تەختەبەندێ، دەڵێ:"هەتا سەیزادە ئامین دەگاتە جێ ئەمن دەچمە سەربانی شتومەکەکەش دەبەم ڕایدەخەم هەر هات مەحتەل نابین نیشاستەکەی دەبەینە بانی!"

دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! لە بیرت نەچێ سفرە گەورە جوانەکەی پیاوان بەری لەسەر جلوملەکەی ڕایخەی هەتا نیشاستەکە پیس و خۆڵاوی نەبێ، باهەستم سفرەکەت بۆ بێنم."

دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! نانوچایەکەت پخۆ، دوایە وەختی نیشاستە تێك وەردانێ دەتبەمە بانی."

دایکم سفرە جوانە زەردەکەی هێناوە دەیداتە دەست دێدەی، هەموو قەراغەکانی نووسراوە و نووسراوەکانیش دەوریان بە دایرەی گیراوە.

دێدە دەڵێ:"جا کچێ ئەوەی بۆچێ؟ هەمووی پیس دەبێ، هەر سەرشیلکە ومەرشیلکەی بەسە، ئەو ژنە نیشاستەش بەدعەمەل دەکا!"

هەر لەو قسانەدان باجە ئامین توندوتۆڵ، قۆڵچاغەلەبەر و دەم بە پێکەنین دەگاتە جێ. دوای چاکوخۆشی لەگەڵ دێدەی دەچن بۆ سەربانی.

دێدە و باجە ئامین بە قابڵەمە و سووزمەی نیشاستەکەی دەبەنە بانی. دایکم و دێدەش هەر وا یەکیان لە حەسارێرا و یەکیان لەسەربانیرا، قسان دەکەن.

دێدە دەلێ:"نیشاستەکە جوان بۆ! ئاوەکەشی ئیشك هەڵاتۆ، هەر ئەورۆ ئەگە جوان جوان هەڵیپروێنین و تێکی وەردەین لەبەر ئەو تاوەی هاوینێ کفر دەبێ!"

دێدە و باجە ئامین سەردەمێکی زۆر لە سەربانی دەبن.

نیشاستەکەیان لە سەربانی کارخانەی داناوە، دوور لە قایمە مێوەکان، هەتا تاو بە جوانی لە نیشاستەکەی بدا و ئیشکی پکاتەوە.
دایکم لە خوارێرا دەڵێ:"ئامینە گیان! لەگەڵ دێدەی پرێك گەڵای جوان لێ پکەنەوە هەتا دۆڵمەیەکی خۆش هەڵبەستین قەت وا هەڵناکەوێ کە ئەتۆ و دێدە هەردووکتان لێرە بن و هەزار کاری سەر بەکوڵکەمان نەبێ!
دۆڵمەی دێدەی بە نێوبانگە، ئەتۆ و دێدە دۆڵمەکەی هەڵبەستن، بەربەسێلێکی زۆر خۆشیش ئەمن بۆتان لێدەنێم.
کەلەیەکم قەند داناوە دەبێ یەکێکمان بیشکێنین. قەندی شکاوم لە تەنەکەکەیدا نەماوە هەر لە قەندانەکاندا چەند کلۆمان هەیە.
جا فێنکی ئێوارێش، دوای نوێژێ، سەری خۆمان هەڵدەگرین دەچینە پشقەڵایە!"
باجە ئامین دەپرسێ:"ئەدی نەفیسە؟ فەقیرە خۆ ناتوانێ بە پێیان پروا! چی لێدەکەین، پوورێ گیان؟"
دایکم دەڵێ:"چ پتوانێ بەرێیەدا پروا چ نەتوانێ، هەمیشە بە کۆڵوباوەشی دێدەیەوە!
ئەگە خاتو ئامین بێ لەگەڵمان، دێدە و خاتو ئامین دەکرێ نۆرەی پێپکەن، واش نێ نەتوانێ پروا، لەچاترێیە!"
باجە ئامین دەڵێ:"خۆ وەڵا ئەمنیش لە کۆڵی دەکەم، ئەگە بەنێو دوکانوبازاڕ و پیاواندا نەڕۆین!"
دایکم دەڵێ:"نا! نا! ڕۆڵەگیان! هەر کوچە بە کوچە بە بەردەرکی ماڵە جەنابی شێخیدا بەبەر ماڵە شافعێکاندا هەڵدەکشێین، چمان بە بازاڕی داوە؟ هەر وەك کونی کەی وایە، زۆر نزیکە!"
باجە ئامین دەڵێ:"جا وەڵا زۆر چاکە! ئەمنیش ئەگە لەگەڵ تۆ بۆ هەر جێیەکی پچم، بابم دەنگێ ناکا."

دێدە پەنجەرەی ژووری میوانانی ئاواڵە کردۆ هەر بە وێدا هاتوچۆیە دەکەن. پەنجەرەکە بە بانێوە نوساوە.
یا دێدە یا باجە ئامین خۆش خۆش دەچن نیشاشتەکەی تێکەڵ بدەن.
باجە ئامین دەڵێ:"پوورێ گیان! ئەمن کەوڵومەوڵەکەی دەبەم لە بن دارەمێوەکەی زۆر خۆشە، نیسێیە، دادەنیشم، قەندەکەی دەشکێنم."
دایکم دەڵێ:"کۆلکە و چەکوچەکەش لە نێو کەوڵی دان لە ژووری بەردەستان، ئەگە لە بن دارەکەی قەندی پشکێنی منداڵەکانیش لە خودایان دەوێ بێن دانیشن حیکایەتیان بۆ پکەی!"

باجە ئامین ئەمن و فازلیش دەبا لەگەڵ خۆی و دەڵێ:"نەکەن ئەنگۆ لە جێی خۆتان ببزوون بۆ خاتری خودای دەنا لەو سەربانەیرا خودای نەخواستە بەردەبنەوە."
فازل دەڵێ:"حیکایەتمان بۆ بڵێی بۆ سەر لێوی بانی ناچین!"
باجە ئامین دەست پێدەکا:"مەڕۆکەیەك بوو لەگەڵ بزنۆکەیەك..."
هەر جارناجارێکیش بە چەکوچەکەی شەق لە کەلە قەندەکەی دەدا و تۆزێکی لێدەکاتەوە و دوایەش لەسەر کۆلکەکەی ورد وردیان دەکا.
دێدە هاتۆ سەری نیشاستەکەی بدا و بۆ لای باجە ئامینێ دێ دەڵی:"پرێك درشتتر بێ چاکترە بۆ میوان و شتی."

دوایە چەکوچەکەی لە دەست باجە ئامینێ وەردەگرێ، پێی‌نیشان دەدا چۆن قەندەکەی هەموو یەك ئەندازە پشکێنێ و ئەوەندەش تەقە تەقێ نەکا.
باجە ئامین بە پێکەنینەوە دەڵێ:"دێدە گیان! ماشەڵا دەست‌وچاوت خۆش‌بێ دەڵێی چەکوچەکەی هەر لێش نادەی، بە عاستەم و دووبەڵا، هەموو کڵۆکانیش بە قەرا یەکن، ئەمن کەسم نەدیوە ئاوا جوان قەندی پشکێنێ، وەڵاهی دەبێ فێرم کەی وەکوو تۆ قەندی پشکێنم!"
دێدەش دەڵێ:"بە چاوان! لەورۆ بێکارتر نابین، ها! با چەکوچەکەت بدەمەوە دەستی بزانم چۆنی دەشکێنی."
باجە ئامینیش خێرایەکی چەکوچەکەی لێ وەردەگرێ، کەلە قەندەکەش نیوەی خوارەوەی شکاوە، لای کەلەکەی ئەو جێگایەی کونە، بە دەستی باجە ئامینێەوە ماوە. باجە ئامین قەندەکەی لەسەر کۆلکەکەی دادەنێ دەڵێی دەترسێ لێی‌بدا،

چاوێکی لە دێدەی دەکا و دوایە شەق چەکوچێکی لە لەتکە کەلە قەندەکەی دەدا و پرێکی لێ‌دەکاتەوە.
دێدە دەڵی:"جا با پێت‌نیشان دەم چۆن چەکوچی لێ دەی و خاکەی زۆر نەکەی، ئاوا هەموو  قەندەکە دەبێتە خاکە!"
دێدە سەری قەندەکەی ئەو جێگایەی کونی هەیە بە دەستەوە دەگرێ و لەسەر کۆلکەکەی دایدەنێ، بە دەستەکەی دیشی چەکوچەکەی هەڵدەگرێ، نەرمێکی لە قەندەکەی دەدا و خۆش خۆش دەیسوورێنێ،
هەر قەندەکە لە سەر کۆلکەکەی دەسوورێ، هەر خۆش خۆشیش چەکوچێکی وێ دەکەوێ  هەر وا دێدە هەموو کەلەکەی لەت لەت دەکا و دەڵێ:" ئاوا!"
باجە ئامینیش هەر پێدەکەنێ و دەڵێ:"دەست‌وچاوت خۆش بێ دێدە گیان! بە خودای هەتا فێر نەبم قەندی وەکوو تۆ پشکێنم دانانیشم! "

دێدە دەچێ نیشاستەکەی تێکەڵ دا.
دەڵێ:"سەیزادە ئامین! لە قەندەکەی خەلاسیت بوو دۆڵمەکەش پێکەوە هەڵدەبەستین!"
باجە ئامین دەڵێ:"بە چاوان دێدە گیان! هێندەم نەماوە!"

دێدە دەچێ کەوڵ وعەسای دۆڵمە لێنانێ بێنێ: پیوازی شین و شویت کە بۆخۆی زۆر بە حەوسەلە و بە جوانی وردی کردۆ و برینج و لەپەی زەردکراو و تۆزێک خوێ و ئیسیوەت و ئەدوا و مەنجەڵە چکۆڵەکە و گەڵای زۆر ناسك وجوانی شۆراوەوەی سەر تووڵەکان.

باجە ئامین دەچێ تەنەکەکەی قەندی دێنێ و قەندە شکاوەکەی تێ‌دەکا. ئەو تەنەکەیە، دایکم دەڵێ، لە زەمانی خەسوو و خەزووریرا ماوە. هەمان حەڵەبی ڕۆنی کوردێ سەریان بۆ دروست کردۆ و ئاڵقەڕێز و دوولایەشیان لێ‌ناوە هەتا قفڵ بدرێ. دایکم دەڵێ هاچەری هەموو شتێکی هەر بە دەست خەسوویەوە بۆ، هەرچی ویست بای دەبوو داوا لە خەسووی پکا!

باجە ئامین خاکە قەندەکەش بە جوێ لە قوتوویەکی دەکا، بە دوای وەشدا کەوڵوبانی قەند شکاندنێ خڕ دەکاتەوە. دوایە لەگەڵ دێدەی دادەنیشن لە بن دارە مێوەکەی دۆڵمەی هەڵدەبەستن.
لە دێدەی دەپرسم:"دێدە گیان! دەهێڵی ئەمنیش دۆڵمەی هەڵبەستم؟"
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! ئەتۆ قونچکەکانمان بۆ لێکەوە!" دوایە پێنیشانم دەدا چۆن قونچکان بگرم.
دێدە لە دۆڵمە هەڵبەستنێدا بە باجە ئامینێ دەڵێ چۆن گەڵای ساغ و چکۆڵە هەڵبژێرێ و نەختێک لە مایەی دۆڵمەکەی لەسەر گەڵاکەی دابنێ و قونینچکەکانی بێنێتەوە سەریەکتری.
بە باجە ئامینێ دەڵێ:"دوای وەی دۆڵمەکە هەڵبەسترا بە سێ قوامکان چەپۆکێکی پێدادە هەتا هەڵنەوەشێنەوە."

ئەمن و فازل بە دێدەی دەڵێین:"دێدە گیان! نۆرەی تۆیە حیکایەتمان بۆ بڵێی!"
دێدە دەڵێ:"چاکە! حیکایەتی مەڕۆکە و بزنۆکەتان بۆ دەڵێم!"
ئەمەش دەڵێین:" ئەوە باجە ئامین بۆی کوتوین!"
هەر وا حەوڵ دەدا "مام عۆمەرەی دەربەندی؟"
ئەمەش دەڵێن:"نا!"
دێدە دەڵێ:"با نەقڵی زەمانی قاتێتان بۆ پکەم!"
فازل دەڵێ:"ئەوە حیکایەتە؟"
دێدە دەڵێ:"ناوەڵا حیکایەت نیێ، ئەمن بۆخۆم بە چاوی خۆم دیتوومە!"

دێدە دەڵێ:"بە ڕەحمەتی خودای شاد بێ، باپیرتان شێخ حەسەن مابوو، قاتوقڕێکی وا پەیدا بوو، ڕۆڵە! خەڵك خەڵکی دەخوارد!
ئەوەی هەیبوو چا بوو دەیخوارد، ئەوەی نەشی بوو لە برسان دەمرد. هەموو ڕۆژێ لە ماڵە باپیرت ئەمە نانمان دەکرد و دەمان بەخشێوە.
هەر ئەوەندە فەقیر و مەحتەل و موحتاج دەهات پێرا نەدەگەیشتین نانیان بدەینێ. جاری واش بوو لە تاوان بەسەر دیواریدا دەهاتن خۆیان بە کولانەیدا شۆڕ دەکردەوە بۆ نێو مدبەقەکەی.
بە ڕەحمەت بێ، نەنکتان بە بەرچیغی ڕەپێی دەنان دەیکوت:'هەر ئەوەندە ماوەمان بدەن نانەکەی بە تەندوورێوە بدەین!'
بەڵام نەقڵی نێر ئاگای لە برسی نیێ، درۆ نەبۆ، خەڵك لە برسان لە کوچەی دەکەوتن و دەمردن.
خۆ کار دە وەیدا نەبوو! 'سەبر بگرە!'و 'ڕاوەستە هەتا نانەکە دەکرێ!' بێفایدە بوو.
ئەوەندە برسێتی و قاتوقڕی هێرشی هێنا بوو خەڵك سەگ و پشیلە و چوارپێیان دەخوارد. چمان دیت و چمان چاو پێ کەوت. یاخودا ئەنگۆ قەت ڕۆژی وا ڕەش نەبینن ڕۆڵە!"
فازل دەپرسێ:"بابم ئەو دەمی چی دەکرد؟"
دێدە دەڵێ:"بابت چکۆڵە بوو ڕۆڵە گیان! ئەنگۆ ڕۆژ هەتا ئێوارێ چ دەکەن ئەویش هەر ئەوەی دەکرد، بابت وە بیریشی نایا!"

دێدە و باجە ئامین دۆڵمەکەیان هەڵبەستۆ، دێدە دەست دەداتە مەنجەڵەکەی و هاوار دەکا:"یا ساداتی نەهری!"
هەڵدەستێتە حەوا.

باجە ئامین دەڵێ:"ئەیەڕۆ دێدە گیان! خەجاڵەت خۆم! ئەتۆ چۆن ئەمن لێرە بم مەنجەڵی پڕ لە دۆڵمە بەسەر ئەو هەمۆ پلیکانانەدا دەبەیە خوارێ؟" ئەوەی دەڵێ و مەنجەڵەکەی لە دێدەی وەردەگرێ و بۆخۆی دەیباتە خوارێ.

دێدە دەچێ دەستێکی دیکە لە نیشاستەکەی وەردەدا و دەڵێ هەتا ئێوارێ هەر وەکوو خوێی هەڵدەبرینگێ.

دایکمو خاتو ئامین خەریکی کاروباری خوارێن.

ئەمە ئەگە هەر بۆخۆمان بین هەموومان لە ژووری تەختەبەندێ نانی دەخۆین. ئەگە باجە ئامین لە ماڵە مە بێ لە ژوورێکی بابمی لێبێ نانی ناخوا. ژنەکانی دیش هەر وا. خات خاتون و خات مریەم و خاتو ئامین دەڵێن لە ڕوویان هەلنایا لەگەڵ بابم و کورەکان لە سەر سفرەی دانیشن.
دایکم پێیاندەڵێ:"کورەکان وەك کوری خۆتانن، ئاغا سەیدیش برای خۆتانە، عەیبنێ و هیچیش نێ!" بەڵام ژنەکان قەت نایەنە ژوورێ.
ئەورۆش ژنەکان لە دەرێ نانی دەخۆن.

داپکم بە کاکە عومەریدا نان و بەربەسێڵی بۆ مام وسێنی دەنێرێتە مزگەوتێ، دەڵێ پیرە، فەقیرە ددانی نەماوە، کەسیشی نێ نانوکێشتی بۆ لێنێ. جاری واشە کورەکان دەچن لە دووی دەیهێنن بۆ نان خواردنێ.

ڕدێن و سمێڵی مام وسێنی سپی سپی بۆ. ڕدێنی دەگاتە خوارەوەی ئێخەی کراسەکەی.
بە گۆچانیش نەبێ ناتوانێ بەڕێیەدا پروا.
بابم دەڵێ خەڵك زۆر ساحێب چاکەن، قەت حیسانی وەک مام وسێنی مەحتە ل و ڕووت وقووت نابێ، زۆرتری ئەو کەسانەی هاتوچۆی مزگەوتی بازاڕی دەکەن یا کەواوپانتۆڵ و کراسی بۆ دەکرن یا پووڵی دەدەنێ.
دێدەش هەمیشە دەڵێ:"جا کوا خەڵکی کوێ وەکوو خەڵکی ئەو شارەی دەبێ؟ بۆ مەحتەلی، بۆ فەقیر و هەتیو و لێقەوماوی هیچ شارێك نایێتە شاری سابلاغێ!"

بابم و کورەکان نانی لە ژووری تەختەبەندێ دەخۆن. فازل لە پەنای دایکم دادەنیشێ، ئەمن لە نێوەڕاستی دێدە و باجە ئامینێم.
بۆنی خۆشی پیواز و شویتی دۆڵمەی دێدەی هەموو ماڵەکەی داگرتۆ. دێدە بەربەسێڵەکەی تێ دەکوشێ،
دەڵێ:"کوێشتیر ئەوەش دایکت بە ماستی مەڕانی لێناوە شتی وا هەر نێ، پخۆ!"
باجە ئامین دەڵێ:"بۆ پیاوەکانم دۆ تێکرد، بۆخۆمانم لەبیر چوو!"
دایکم دەڵێ:"دانیشە ڕۆڵە! لە سەر نانی هەڵمەستە، ئەمن دەچم دەیهێنم!"
دێدە دەڵێ:"کچێ، سەیزادە ئامین جوانوجحێلە، دەجا چ بوو با هەستێ دۆی بێنێ، لێی گەڕێ ئەتۆ بۆ وا سەیری!"
باجە ئامین دۆیەکەی دێنێ.
دایکم دەڵێ:"ئەوەش هەر دۆیە دەیخۆین!"

دێده دەڵێ:"نا! بەربەسێڵەکە، ماستە، دەیخۆین، دۆشی بە سەردا دەکەین، ئاوا نەبێ  هەر کوردیش نین!"
باجە ئامین دەس دەکا بە پێکەنینێ.

دوایەش باسی نیشاستەکەی دەکەن.
دێده دەڵێ:"پێش ئەوەی پرۆینە ئێوقەبران دەبێ نیشاستەکەی بەرینە ژوورێ، هەڵیخەین، نەوەکوو هەڵیکاتە باوبژ و ڕیسەکەمان لێببێتەوە خوری!"
دایکم دەڵێ:"ئەرێ وەڵا هەر وا دەکەین. بۆخۆت دەزانی بای ئەو شارەی هەمیشە حازرە، خۆ نیشاستەکەی لە سەربانی بە جێ ناهێڵین!"
دێده دەڵێ:"ئەمن دوای نانوچای هەر لێرە لە بن دارەکان نوێژەکەی نیوەڕۆیەم دەکەم. خاتو ئامین هاتەوە، قابەکان دەشوا. سەیزادە ئامینیش دەچێ نیشاستەکەی تێکەڵ دەدا و هەتا واش دەکەین ئێوارێیە. نیشاستەکەی بە هەموان دێنینە ژوورەکەی پیاوان و دەرکەی لێدادەخەین و دەڕۆین."

هەر وەکوو دایکم کوتی کوچە بە کوچە و کۆڵان بە کۆڵان دەڕۆین، بە کوچەی مزگەوتی بازاڕیدا بۆ لای ماڵە حاجی قاسمی وەتەمیشی دەچین،  دوایە بەبەر ماڵە میرزا حامیدی حاجی لوتفوڵایدا  هەڵدەکشێین،
دەگەینە بەر دەرکەی ماڵە شێخی، کەس دیار نێ، بایەکی خۆشی دێ و تەلیسەکەی کە وەکوو پەردە بە دەرکەی دیوی پیاوانیان هەڵاوەسیوە، بە شنەی بایەکەی، دێو دەچێ.

بووکە شەم لە بەر دەرکەی بەڕان ڕادەوەشێنێ. سڵاو و چاکوخۆشێکی زۆر لە گەڵ دایکم و دێدەی دەکا.

دوایە بە کوچەی ماڵە شەڵماشێکاندا دەڕۆین. دەرکە ئاواڵەیە بەڵام کەس لە حەسار و دەرکوبانەکەیان دیار نێ. لقاوێک ئەو لاتر لە پێش ئەوەیدا بگەینە بەر ماڵە نەزاکەتە خانمی شەڵماشی، عیسمەتخانم و گوڵان خانمی کچی، لەبەر دەرکەی ڕاوەستاون.

عیسمەت خانم هەمیشە یا خوری دەڕێسێ یا گۆرەوی میرزایی دەچنێ.
گوڵان خانمیش هەر وا. دایکم دەڵێ لە کاری وردەدا کەس وەکوو  ئەو دایک و کچەی پێناکرێ،  ئەوەندە دەستونەخشیان جوانە.
عیسمەت خانم زۆر حەول دەدا ئەمە بەرێتە ژوورێ چایەکمان داتێ یا شەربەتێکمان بۆ دروست کا.
دایکم و دێدە دەڵێن:"ئیشەڵا وەختێکی دیکە."

دوایە گوڵان خانم چاوێك لە لاقەکانی من دەکا کە هەردووکیان بە پشتی دێدەیەوە شۆڕ بوونەوە.
دەڵی:"ئەیەڕۆ، بەقوربانت بم، خانمە چکۆڵە گیان! کاکە قادرم باسی کرد، کوتی دێدە ئەتۆی برد بوو بۆ مەتەبێ، چۆنی بە قوربانت بم؟"
دێدە دەڵێ:"شوکور چاکترە! بەڵام ئێستاش بلۆقی هەر ماوە نابێ لە کەوشی نێ یا بەڕێیەدا پروا."

عیسمەت خانم و گوڵان خانم هەردووکیان نێوچاوانی من و فازلی ماچدەکەن و خوداحافیزێ دەکەین و دەڕۆین.
ئەمن لە دێدەی دەپرسم:"ئەوانە کێ بوون؟ هەموومان دەناسن، دەزانن لاقی من سووتاوە!"
دێدە دەڵێ:"باپیرم! ئەوە ماڵە نەجمەزادەیە، ئامۆزای بابتن. لە بیرتە لە مەتەبی دوکتور لازاری سەید قادر زۆر بە دەوروبەرماندا دەهات و دەچوو؟ عیسمەت خانم دایکی سەید قادرێ، گوڵان خانم دەبێتە خوشکی. ئەویش وەکوو تۆ تاقانەیە. سێ کوریان هەیە و ئەو کچە. دایکی هەر پێی دەڵێ 'گوڵی گوڵدانان'، قەت بە نێو بانگی ناکا."

بەرەو ژوورتر دەچین بەبەر ماڵە شافعێکاندا دەڕۆین، کەس لەبەر دەرکەی نیێ. بە کوچەیدا هەڵدەکشێین، هەورازە، هەمووشی گرتکە بەردە. دایکم لەگەڵ ژنێکی چاو شین و قژ کاڵ و زۆر خوێن‌شیرن دەست دەکا بە چاك‌وخۆشی.
ژنەکە دەستی دایکم ماچ دەکا و دەڵێ:"ئەوەتا کچەکەم گەورە بۆ، هەر لێم ناپرسی!"
چاوی کە بە لاقم دەکەوێ دەپرسێ:"ئەیەڕۆ، جەرگم خەرا نەبێ، ئەوە چیێ؟"
دێدە دەڵێ:"لاقی سوتاوە."
دوایە بە من دەڵێ:"ساڵ و نیوێکی شیرم داوێی، جارجار لە دایکە ئایشێی خۆت بپرسە، خولا دەزانێ لەگەڵ مەدولەی کچم قەت فەرقم نەکردووی!"

هەر لە ماڵە دایکە ئایشێی تێ‌دەپەڕین دەڵێم:"دێدە! ئەمن دوو دایکم هەیە؟"
دێدە بە پێکەنینەوە دەڵێ:"نا! دایکێکت لێ سەروزیادە، ئەوە تایەنت بوو، هەشت نۆ مانگان بووی دایکت کەوتوویی (تیفۆیید)ی گرت. کەس بە هەویای نەبوو. دوکتور وێنەتانیش پێی‌کوت بووین ئەتۆ لە دایکت دوور کەینەوە. ئەوە بوو وە دوای تایەنێکی بەو شارەیدا گەڕاین، خولا چاکە بۆ براژنە کەژاڵی پکا، ئەو دایکە ئایشێیەی دەناسی لامەمکێکمان بۆ گرتی بۆخۆشی کچێکیشی لەبەر مەمکان بوو.
بۆخۆم ڕۆژێ چوار پێنج جاران دەمهێنایە ئێرە چونکە پێنج شەش منداڵی سەروپێچکەی هەبوو نەیدەتوانی بێ شیرت بداتێ. دەمهێنای ئەویش خۆ مەمکت نە دەگرت. چاویشمان دەبەستی هەر دەگریای و دەت زیقاند. هیچت نە دەخوارد. شەو ورۆژ هەر دەگریای.
نەنە پوور فاتمی فەقیریشمان دانا بوو هەر ڕات‌ژێنێ و لە باوەشت کا. فایدەی نەبوو. حاڵمان حاڵی سەگی بوو!"

دوایەش دێدە ڕوو لە دایکم دەکا دەڵێ:"ئەرێ سێ مانگانی پێ نەچوو هەتا چاک بوویەوە؟"
دایکم دەڵێ:"دوای چوار مانگان سەرەتەقەم دەکرد، سێ مانگان هەر لە جێیدا بووم.
کچەکەم هەر چاو پێ نەدەکەوت. کورەکانیش دەهاتنە بەر دەرکەی ڕادەوەستان هەتا بیان‌بینم.

ماڵ و منداڵ و خێزان و میوان هەمووی بەسەر دێدت داکەوت بوو یەکیان دێدە، یەکێکیش خاڵە بابە دینت قەت پێیان لێ نەپڕین.
خاڵت هەموو ڕۆژێ دەهات کتێب و شیعری بۆ دەخوێندمەوە و نەقڵ و نەزیرەی بۆ دەکردم. دێدیشت شەو و رۆژ حەجمین و هەدادانی نەبوو. کچێکیشیان `شەکرێ` لە دێیرا هێنا بوو بۆ بەردەستی دێدەی."

گەیشتووینە پشقەڵایە. بە نێو کێل و بەرد و پنچکە دار و خاكوخۆڵیدا دەچینە سەر قەبری دایک و خوشکی دایکم. دایکم دەڵێ سێ چوار مانگ دوای ئەوەی مێردی بە بابم کرد بوو، دایکی عەمری خودای دەکا.
پوورە کولسومیش لەسەر منداڵی دەچێ و جوانە مەرگ دەبێ.

دەچینە سەر قەبری زۆر کەسان، دێدە و دایکم و باجە ئامین فاتیحای دەخوێنن.

قەبری سەیزادەی لە لای سەرەوە، دەوروبەری گیراوە هەمووشی پەڕۆی کەسکی پێوەیە. دارێکیش لە پەنای شین بۆ، ئەویش هەمووی هەر شاڵە.
خەڵك بە مدفەڕك تیتۆڵێک لە پەڕۆ کسکەکەی دەکەنەوە و دەیبەن بۆ نەخۆشی و سەرێشی و نۆبەتێ یا هەر دەردێکی دیکەی بیانبێ.
باجە ئامین دەست دەبا و کەمێک لە شاڵەکەی دادەدڕێ دوایەش ماچی دەکا و لە گیرفانی دەنێ.
دێدە ئەمنی لە عەرزی داناوە بۆخۆشی لەسەر ئەو قەبری بۆ ئەو قەبری دێ و دەچێ و هەر دەڵێ:"دنیای بێوەفای فانی هیچ وپووچ! چەندە جەوان و چەندە ناکام و چەندە شەهید و عەزیز و گەورە وچکۆڵە لە ژێر ئەو خاکەیدا، هەر ئەوەندەی ئەمە بۆخۆمان دەیانناسین نیوەی ئەو قەبرستانەیە. خوداش دەزانێ لە پێش مەش چیها هاتوون و ڕۆیشتوون!"
دایکیشم دەڵێ:"ئەو دنیایە بۆ وەی نابێ دڵی پێوەببەستی یان دڵی پێ خۆشکەی."

خاتو ئامین فازلی بە کۆڵەوەیە، دایکم دەڵێ:"داینێ با تاوێکی پحەسێیەوە!"

خاتو ئامین دەڵێ:"یاخودا جەرگم خەرابێ!"
سەری ڕادەوەشێنێ و فرمێسکەکانی بە دەسماڵەکەی دەسترێ و دەڵێ:"سەیزادە! لە بیرتە ئەوێ ڕۆژێ كاك خەلیلی ئاژان بە خۆشی خۆشی هات کوتی، کەشەفێك و چەقۆیەكو قایێکی دەوێ بۆ زیندانێ بۆ وەی هەنار و شتیان کڕیوە دەڵێن سبەینێ پێشەوا و سەدری قازی و سەیفی قازی ئازاد دەکرێن؟
ئەمەش هەموو وە خۆشی خۆشی کەوتین. ئەتۆ پێتکوت ئەگە ئەو خەبەرە خۆشەی بێنێ هەرچی داوا پکا دەیدەیەی. یاخوڵا هەر نەمێنم! ئەو چاوانەی من بۆ کوێر نەبوون؟ ئەو دڵەی من بۆ نەتۆقی دەوێدا، ئەگە ئەو هاوارە لە شاری گەڕا؟"
ئەوچەل هەموو دەست دەکەن بە گریانێ. دایکم هەناسەیەکی هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"خۆ لەو ڕۆژەی بەو لاوە کەس خۆشی لە خۆی نەدیوە، لەوەتا عەجەم هاتۆتەوە زیندان و ئازار و نەبوونی و گرانی و نەگبەتی نەبێ، هیچ بۆ کوردی نەبۆ!"

دێدە دەڵێ:"هەتا دەژین هەر دەبێ بڵێین خۆزگەمان بە زەمانی کوردیەت، قەت شتی وا نابینینەوە، ڕۆڵە نە غەم هەبوو نە تاڵی، هەموو شتێك زۆر و زەوەند بوو، هەرچی دەستت دەدایە هەر دەبوو بە زێڕ و جەواهیرات.
تەشبیهات نەبێ، تەشبیهات نەبێ، دەڵێن بەحەشت ئاوایە، نەخۆشیو فە قیری و غەم و پەژارە نەما بوو.
منداڵەکان دەهاتنەوە لە مەدرەسەی، دەستە دەستە، لە کوچە و بازاڕیش هەر سرودی `ئەی ڕەقیب`یان دەکوت، بەناشکوری ناڵێم زوومان لێ شێوا."

بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دایکم و خاتو ئامین هەڵدەستن وردە وردە بە نێوقەبراندا دەگەڕێن، خەڵکی دیکەش لەسەر قەبرانن. باجە ئامین فازلی لە باوەش دەکا و وە دوویان دەکەوێ. دێدەش ئەمن لە کۆڵ دەکا و بە ئەسپایی دادەگەڕێتە خوارێ.
دایکم و خاتو ئامین لەبەر سێ قەبری بێ کێل و بەرد دانیشتوون و دۆعای دەخوێنن. دێدەش بۆ لایان دەچێ و دەڵێ:"کوێشتیر! وەرەخوارێ، لەوەندەی دانیشە، مەبزوو، هەتا فاتیحاکەم خەلاس دەبێ."
دوای دۆعاکانی دەڵێ:"وەکوو سێ پەپوولەی بەحەشتێ، خوداتان لێ خۆشبێ، خۆ وەڵا هەر خوداتان لێخۆشبۆ، بە بێگوناحی، لەسەر هیچوخۆڕایی ئاواتان بەسەر بێنن!"
خاتو ئامین دەڵێ:"ئەرێوەڵا، هەر وایە پەپوولەی بەحەشتێن، بە قوربانتان بم!" هەر دەگری و دەڵێ پێش ئەوەی خەڵکی سابڵاغی لە خەوێ هەستن، چۆن هەر سێکتانیان، عەجەم، لە چوارچرایە لە سێدارە دا.

بەینی ماڵێ و پشقەڵایەش هەر کەس دەبینین، ڕادەوەستین هەتا دایکم و دێدە چاكوخۆشیان پکەن:"یاخودا ماڵت لێ نەشێوێ،
زگت نەسووتێ،
پشتت نەشکێ،
خودا ئەو کوڕانەت پێبێڵێ،
خودا برات لێ نەستێنێ."
خاتو ئامین دەڵێ:"ئەی عافرەتی بەدبەخت، قەت کەس ناڵێ خودا ئەو کچانەت پێبێڵێ یا خودا خوشکت لێ نەستێنێ."

دەگەینەوە ماڵێ.
باجە ئامین دەڵێ:" هەتا درەنگ نەبۆ، پووری گیان! باپڕۆمەوە. کاکە عومەریش ئەگە هەتا بەر دەرکەی لەگەڵم بێ، زۆری لێ مەمنوون دەبم. بۆخۆت ئەخلاقی بابم دەزانی!"
باجە ئامین و کاکە عومەر دەڕۆن. خاتو ئامین دەڕواتەوە ماڵە خۆی. دێدە دەچێتە سەرێ نیشاستەکەی تێکەڵ بدا.
دایکیشم دەڵێ:"هەتا نوێژی ئێوارێ ماوە با نوێژەکەم نەچێ!"
چارشێوەکەی دادەکەنێ دەچێ دەسنوێژێ پشوا.
ئەمن و فازلیش لە حەسارێ لەسەر پلیکانەکەی دانیشتووین.

دێدە دێ پچێتەوە ماڵە خۆی.
دایکم پێی دەڵێ:"جا بۆ دەچێوە ماڵتە؟ بەربەسێڵمان هەر ماوە بە خودای دۆڵمەشمان ماوە، گەرمیان دەکەینەوە، نانوچای دەخۆین جا بۆ نوستنێش ئەگە دەچێوە کەیفی خۆتە!"
ئەمنیش هەر ئەوەم گوێ لێدەبێ وە چەقڵە سەما دەکەوم دەڵێم:"دێدە، تۆ ئەو خودایەی مەڕۆ، دێدە تۆ ئەو پێغەمبەرەی مەڕۆ!"
دێدە دەڵێ:"ئەتۆ ڕۆڵە بۆ سوێندم دەدەی؟ نێوی خودای لەسەر سەرم، لەسەر چاوم، چاکە ئەوە نەڕۆیشتمەوە بەڵام هەر دەبێ بڕۆم چراکەی هەڵکەم نە وەك ئەی دزێکە شتێکە!"
دایکم دەڵێ:"فێڵم لێ نەکەی، منداڵەکانت بەدوایدا دەنێرم!"
دێدە دەڵی:"نا! نا! کچێ! بۆ فێڵێ دەکەم؟ چراکەم هەر هەڵکەم چاکە، فانوسەکەشم دێنم هەتا شەوێ بە کوترە کوتر و بە تاریکی نەڕۆمەوە."
دایکم دەڵێ:"جا فانوسەکەی مە، بەرە، هەمیشە حازر وبزرە!"
دێدە دەڵێ:"ئاخە ئەنگۆش فانوسەکە نەبێ چۆن دەچنە ئاودەستێ؟"
دێدە دەڕوا چراکەی هەڵکا بابیشم لە دەرکەی وە ژوور دەکەوێ و پێیدەڵێ:"گوڵێ! کە هاتێوە قیمەتی ئەو شتانەی دەتەویست پێت دەڵێم."
لەسەر سفرەی دێدە و بابم باسی بازاڕی دەکەن و ئەوەی کە چ گران بۆ و چ هەرزانە، مەزەندەی چی هاتۆتە خوارێ، ئی چی چۆتە سەرێ. دێدە سبەینێ نایا، ڕۆژی حەمامی ژنانە.

###

ئەوڕۆ بەیانی بە دەنگی کەڵەبابی کاروانسەرایە لە خەوێ هەستام.
لاقەکانم خەریکن چاك دەبنەوە. بۆخۆم بە پێی خۆم دێم و دەڕۆم. بابیشم لە دوکانی میرزا ئەحمەدی کەوشێکی جوان وسووری ئاڵقەزوونەداری بۆکڕیوم.

دێدە قەرار وایە بێ ئەمن لەگەڵ خۆی بەرێ پچین لە دووی نانکەری.

دەگەمە خوارێ. بابم ئێستا لە بازاڕی نەهاتۆتەوە.
دایکم تازە لە ماست بەتاڵ کردنێ خەلاسی هاتۆ، ئەمن دەبینێ و دەڵێ:"ئەیەڕۆ، ئەوە بۆ وەك جندۆکەی بەو بەیانەی قوت بوویەوە؟ بڕۆ بنووا!"
ئەمنیش دەڵێم:"نامەوێ بنووم دێدە دێ ئەمن لەگەڵ خۆی دەباتە ماڵە خات ئایشێی."
دایکم دەڵێ:"دێدە خۆ شێت نەبۆ تولحی بەیانی پچێتە ماڵە خات ئایشێ. بڕۆ ژوورێ برۆ! ساردە، بە پێخواسی بەوبەیانەی لەسەر ئەو خشتانە سەرمات دەبێ."

ئەمن دەچمە ژووری تەختەبەندێ. جیرەی دەرکی کوچەی دێ، بابم دێتە نێو حەسارێ و بە دوای ویشدا خات مەرزێ وە ژوور دەکەوێ، دۆی بۆ هێناوین.
خات مەرزێ ماڵی لە کانی سۆفی ڕەشیدێ، کە دەگاتە شاری، بە کەرەکەی لەسەر ڕێوە دۆی بۆ ماڵە مامە حەمەدەمین و مامە قادری دەبا. دوایە دێتە ماڵە مە.
دایکم دۆیەکەی بەتاڵ دەکا و لەگەڵ خات مەرزەی سلاو و چاكوخۆشێ دەکەن.

خات مەرزێ دەڵێ:"زۆر پەرۆشی ئاغاسەیدی مە، هەر وا لەسەر جێی کەوتۆ."
دایکیشم دەڵێ:"خودا دەبێ شەفای بدا بابەکە، ئەمە هیچمان پێناکرێ، دوکتور و دەرمان و دەرزی لەو شارە و لە تەورێز نەماوە نەیکەن."
خات مەرزێ دەڵێ:"بە قوربان سەیزادە خانم، چێتی؟"
دایکم دەڵێ:"خۆ وەڵاهی کەس نازانێ، هەر دوعای بەخێری بۆ بکە!"

خات مەرزێ دەڕوا. دایکم دێتە ژوورێ نانوچای بدا بە بابم، کاکە جەمیلیش هەستاوە هاتۆتە خوارێ دانیشتۆ ڕۆژنامەی دەخوێنێتەوە.
هێندەی پێناچێ دێدە وە ژوور دەکەوێ. دایکم چایەکی بۆ تێدەکا.

بابم باسی دروست کردنی خانووی تازە دەکا. کاکە جەمیل دەڵێ:"فیکرێکی عالێ!"
دایکم دەڵێ:"جا چوزانم؟ کوا ئەو خانۆ عەیبی چێ؟ حەسار و دەرکەوبانی گەورە و خۆش، ژوورەکان گەورەو بەرەو تاون. جیرانی مزگەوتێین. حەمام، ئەوەتا لە بنەوپاڵمانە."
بابم دەڵێ:"خانۆ تازەکەش ئەوەندە لەگەڵ ئێرە فەرقی نابێ زەمینەکە هەر لە پشتەوەی کارخانە و تەویلەیە."
دێدە دەڵێ:"ئەو خانۆ شتێکی دیکەیە، کوا حیسان دڵی دێ چۆلی کا؟"
بابم دەڵێ بۆخۆشی ئەو خانۆی خۆش دەوێ، لە فیکری ڕووخاندن و تێك دانیدا نێ. ئەوەش کە باسی دروست کردنی خانووی دەکا دوو ساڵێکی پێ دەچێ. خانوو دەبێ هەر بەهار هات و بەفر نەما، دەستی پێبکەی. دەنا خۆ بە ساردوسەرمای زستانی ئەو شارەی، کەس قورەکاری پێ ناکرێ."
دایکم دەڵێ:"ئیشەڵا، وەختی خۆی قسەی لێدەکەین!"

ئەمن و دێدە دوای ئەوەی بابم دەچێتە بازاڕی، خۆمان ساز دەکەین دەڕۆین.
لەبەر دەرکەی جۆڵای دێدە ڕادەوەستێ و دەپرسێ:"وەستا جاجمەکەی منت تەواو کردۆ یا نا؟"
جۆڵاش دەست لە شەقە شەقەکەی هەڵدەگرێ و دەڵێ:"خەجاڵەتم خات گوڵێ، هەر ئەوەندەم کار بە سەردا کەوتۆتەوە، ئەگە لێی بە پەلەی ئەو بەرماڵەم خەلاس کرد ئی تۆ وە سەر دەخەم."
دێدە دەڵێ:"زۆرباشە، هەر وا بکە!"

بە کوچەی مزگەوتێدا دەچینە خوارێ بەبەر دوکانی خەیات و بەزاز و حەمامی نمرەدا دەڕۆین.
حاجیلەگلەگەکان لەسەر هێلانەکەیان لەسەر بانی کاروانسەرای بلوری هەڵنیشتوون.

دەگەینە بەر مەیدانی ئاسینگەران، گرمە گرم و تەقە تەقیان گوێی پیاوی کەڕ دەکا.
چاو لە دوکانێکیان دەکەم: دوو کابرا، شتێکی وەکوو بەرهەڵبێنەیان بە خۆیانەوە گرتۆ. یەکێك هەر ئاسنێکی سوورکراوە لە کوورەی دەردێنێ، لەسەر پایەیەکی دایدەنێ، ئەوی دیش بە کوتکان دایدەگرێ.
لە دێدەی دەپرسم:" ئەوە چ دروست دەکەن؟"

دێدە دەڵێ:"خاکەنداز و بێڵ و چەکوچ و تەوەرداس و شتی وا، باپیرم! ئەوەش دوکانی بێوك ئاغایە، ماڵیشیان لە کوچەی مزگەوتی عەجەمان دا. ئەوەش برایەتی، پچوك ئاغا."
پێدەکەنم دەڵێم:"ئەو نێوە سەیرانە چن؟"
دێدە دەڵێ:"نێوی تورکێ، بێوك یانی گەورە، پچوك یانی چکۆڵە، عەجەمن لە نێو کوردیدا گەورەبوون."

لەسەر هەورازی مەیدانی ئاسینگەرانین، هەمووی خرکە بەردە. دێدە دەستی گرتووم بەڵام بە زەحمەت لە هەورازەکەی دەچمە خوارێ.
دەرکەی حەسارێکی ئاوالەیە. جوان و خاوێن و پڕ لە گوڵە.
دێدە دەڵێ:"ئەوەش ددانسازی قەزەریانە."

دوایەش بە کن دوو سێ دوکانی خەیات و زێرینگەریدا دەڕۆین هەتا دەپەڕینەوە ئەو لای.
دێدە دەڵێ:"دەبێ پچین بەبەر شارەداریدا بڕۆین."
شارەداری خانووبەرەیەکی دوور ودرێژە، حەسارەکەی گوڵ و شتیان لێچاندۆ، دەور وبەریشیان هەموو محەجەری تێگرتۆ.

دوای ئەوەی محەجەرێکان خەلاسیان دێ، تێوەر دەسوڕێین.
دێدە دەڵێ:"ئەوەش ماڵە حاجی ساڵحی غەرازی و ماڵە حاجی سەعیدی ئەبریشمێ."

هەر وا کە دەڕۆین، دێدە ماڵەکانی سەر ڕێیەم پێنیشان دەدا.
دەگەینە کوچەیەکی دەڵێ:"ئەوەش زۆرتری هەرمەنین.
"

چۆمیش لەوبەرێرا دیارە.
دەڵێم:"دێدە! وەرە بە لایەکەی دیکەدا بڕۆین چاو لە چۆمی کەین."
دێدە دەڵێ:"لەو سەری، ئەگە هاتینەوە، بە لای بێستانەکاندا، بە دەم چۆمیدا دەگەڕێینەوە، دەچینە بێستانیش خرچە و هاروێ و ترێزووی دەکڕین."

دەگەینە بەر جێگایەکی هەموو پلیکانە. ئەو بەر ئەو بەری پلیکانەکانیش دوو سەرباز بە تفەنگەوە لە نێو شتێکی وەکوو قوتوویدا ڕاوەستاون. بەو گەرمایەی کڵاوی ئاسنیان لەسەر کردۆ.
لە دێدەی دەپرسم:"ئەوە کوێیە؟"
دێدە دەڵێ:"ئەوە ماڵە سەرلەشکر وەرهرامێ!"
دەڵێم:"ئەدی ئەو سەربازانە بۆ لێرە ڕاوەستاون؟"
دێدە دەڵێ:"کێشکێ دەکێشن، ڕۆڵە! پێیانوایە کوردان بە گۆڕی بابیاندا دەڕینن. دەترسێن. لە هەمووی تفەنگ بە دەست و قەرەوڵی لێڕاوەستاوە."

پڕێك ئەو لاتر، دێدە کوچەیەکم پێنیشان دەدا کە هەورازی هەیە و دەڵێ:"ئەوەش ماڵە پێشەوایە!"

ئەمنیش دەڵێم:"هەر ئەو پێشەوایەی ئەنگۆ هەمیشە باسی دەکەن؟"
دێدە دەڵێ:"ئەرێوەڵا، هەر ئەو پێشەوایەی هەمیشە باسی دەکەین، پێشەوا هەر یەکێکە، ڕۆڵە! کوا پێشەوای دیکە قەتقەت نایێتەوە."

گەیشتووینە خانووبەرەیەکی دوور ودرێژ.
دێدە دەڵێ:"ئێرە شێروخورشیدە."
لەپشت پەنجەرەکانەوە خەڵک دە هاتوچۆ دان، بەعزێکیان لباسی سپیان لەبەر کردۆ و زۆر بە ئەسپایی و بە لارە لار دەڕۆن. دێدە دەستی منی گرتۆ، ئەمن بە لای شێروخۆرشیدێوەم و دێدە بە بەری خەیابانێوە. لە ترسان دەستی بەردەدەم و دەچم دەستەکەی دیکەی دەگرم.
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! ئەوە چ بوو؟"
دەڵێم:" ئەوانە دێن بۆ لای من. لێیان دەترسێم!"
دێدە دەپرسێ:"کێ دێ بۆ لای تۆ؟"
دەڵێم:"ئەوانەی لباسی سپیان لە بەردا!"
دەڵێ:"ئەوە تەواومان کرد، ئەتۆ کچی کورد لە نەخۆشی دەترسێی؟ خۆ کەر کردن هەر وا دەبێ! ڕۆڵە گیان، ئەوانە بنیادەمن، هەر وەکوو من و تۆ، ئەوەش پەرستار و دوکتور و ئەوەن دەیانبینی. یاخوڵا کەس ڕێی دە جێی وا نەکەوێ. بەڵام بە داخەوە پیاو نەخۆشیش دەبێ و سەرێشیش دەبێ."

شێروخورشیدمان بە جێ هێشتۆ، دێدە دەڵێ:"هێندەمان نەماوە، ماڵە خات ئایشێی زۆر دوورە پیاو فرچکی دەردێ هەتا دەگاتێ."

دەگەینە دەرکەیەکی سوور بە دیواری زۆر کورتەوە. دێدە تەق تەق لە دەرکەکەی دەدا. ژنێك دەرکەمان لێ دەکاتەوە و دەڵێ بووکی خات ئایشێیە و خەسووی لە نانێ.
بەڵام بە مە دەڵێ:"فەرموونە سەرێ با لە خزمەتتاندا بین."
دێدە دەڵی:"ناوەڵا، نایەینە سەرێ. هەر ئەو بەرهەیوانە زۆرخۆشە، فێنکە، لێرە تاوێك دادەنیشین ماندووماں پحەسێتەوە!"
بووکی خات ئایشێ بە پەلە دەچێ ئاوی جەڕەمان بۆ دێنێ.
دەڵێ:"تۆخولا خەجاڵەتم مەکەن، لەسەر ئەو قونبێنکانە دانیشن، چاش هەر ئەوەندەی بڵێی یەك و دوو ساز دەبێ!"
دێدەش دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، زەحمەتێ مەکێشە. ئەتۆش کاروبارت هەیە، منداڵی چکۆڵەت هەیە."
دەڵێ:"ئەو دوو منداڵە، منداڵی هێوەرمن. ئەمن منداڵم نێ تازە بۆ برام بە ژن چووم."
دێدە هەر وا قسان دەکا هەتا چایەکە ساز دەبێ. سەروچایەکیش دەخۆین و دێینە دەرێ. بووك ئایشێ دەڵێ وڵامەکەی مە دەدا بە خەسووی.

دەڵێم :"دێدە `بۆ برام بە ژن چووم' یانی چی؟"
دەڵی:"کوێشتیر! ئەوە گوێت دەدایە؟ 'بۆ برای بەژن چوون'، ڕەسمی دێهاتێ. بووك ئایشێ مێردی بە کوڕی خات ئایشێ کردۆ، کچی خات ئایشێش مێردی بە برای بووك ئایشێی کردۆ. کاری گوو بەگووا پێی‌دەڵێن ژنبەژنە! ئەوەی خەراپە

ئەگە یەکێکیان نەحاوێتەوە یا زیز بێ و ڕواتەوە ماڵە بابی، ئەوی دیش هەرچی ڕازیش بێ، جێی خۆش بێ، دەینێرنەوە!
جاری وایە ماڵە مێردێک خراپن لەگەڵ بووکەکەیان، ئەوانانی دیش دەست دەکەن بە ناڕێکی لەگەڵ بووکی خۆیان. کەربازاڕێکە کە زۆر شوکر لە نێو شاریدا نەماوە.
ئەتۆ تاقانەی بداغ سوڵتانی، نیگەران مەبە! ناهێڵین بۆ هیچ کوێپچی. زاوا دەبێ بە زاوابەندی بێتە ماڵێ."

ماڵە خات ئایشێی لەسەر تەپۆڵکەیەکی زۆر جوان و خۆشە و دەڕوانێتە سەر کوچە باغەکانی دەوروبەری ئێرە. چۆمیش ئەوەندە لێیان دوور نێ.
دێدە دەڵی:"ئەوە دەبێ بێین بۆ شیوی چۆمیش. جا خۆ هێندەمان نەماوە بۆ پردی سوور. هەر لەو تەپۆڵکەی ئاوا بی، پردی سوورە. ئەیەڕۆ بۆیە دەڵێن بنیادەم تەیری بێباڵە!"

لە هەورازەکەی ماڵە خات ئایشێی دەچینە خوارێ. دێدە دەستی منی توند گرتۆ و هەر وا قسانیش دەکا.
دەڵێ:"ئەو سەفەرەی بە نێو کوچە باغ و ئەو مێشانەدا دەڕۆین هەتا دەگەینە بەرچۆمی. ئەو لایانە زۆر خۆشە."
دەگەینە نێو کوچەباغەکان هەمووی دار و پنچك و گوڵە و بۆنی زۆر خۆش دێ.
دێدە دەڵی:"ئەوە گوڵە باغە، بۆنی وا خۆشە."
دوایەش بە لای پنچکی گەورە گەورەی پڕ لە گوڵو دڕو واڵدا دەڕۆین.
دێدە دەڵی:"ئەوانەش شیلانن. کوچە باغەکە بە شیلانەکانەوە ڕازاوەتەوە، لایەکی زەردە و لایەکەی دیش چیهرەیێ."

دەگەینە قەراغ چۆمی. هەر وا دەستم بە دەستی دێدەیەوە و بە ڕێیەدا دەڕۆین. ڕێگاکە هەمووی خیز و گرتکە بەردە.
دەڵێم:"دێدە! دەستم بەردە بۆخۆم دەڕۆم."
دێدە دەڵێ:"نا! کوێشتیر، ئاو بێئامانە! دەستت لە نێو بێستانەکان بەردەدەم، نەك لێرە."
هەر لەو قسانە داین کە دێدە دەڵێ:"دەبێ جێیەکیش ببینینەوە بوار بێ، بێستانەکان لەو بەری چۆمین."
دوایە نزیکی ئاوەکەی دەبێتەوە بۆ وەی بزانێ لە کوێ دەتوانین بپەڕینەوە.
بەردێکی پان و زەلام لە نێو چۆمەکەی دا و شتێکی ڕەشی لە سەر داندراوە.
دەڵێم:"دێدە چاو ئەوە چێ لەسەر ئەو بەردەی؟"
دێدە دەڵێ:"ژنومن دێن شیوێ دەکەن، ڕۆڵە گیان! بەڕەومەڕە و قاب و کەوچك و ئەوانە دێنن دەشۆن. هەتا گەلاوێژ دەئەنگوێ منداڵان دەشۆن. ئەوە وەکوو بەرهەڵبێنەی دەچێ."
ئەمە هەر دەڕۆین و لە بەردەکەی نزیکتر دەبینەوە. لەپڕرا شڵپەیەکی توند دێ و پریشکەی ئاوەکەی دەگەیێنێتە دەموچاومان.
دێدە بە پەلە دەستی من دەکێشێ و خۆی دەگەیێنێتە نزیك چۆمی و
دەڵێ:"ئەیەڕۆ چم پێ دەڵێی؟ خۆ ئەوە مار بووا لەسەر ئەو بەردەی پاپۆکەی خواردبۆوە. ئەوەتا، ئەوە دە ئاوەکەیدا دەڕوا."

ئەمنیش لە ترسان خۆم توند بە دێدەیەوە دەنوسێنم و دەڵێم:"مار؟ ماری ڕاستی؟"
دێدە دەڵی:"ئەرێوەلا، ماری ڕاستی، هیچ نەبێ دوو گەز درێژە، ئەو چۆم و ئاو و مێشانە، باپیرم! خۆ بە بێ جڕوجانەوەر نابێ."
دوایەش بۆم دەبژێرێ چەندە جانەوەری دیتۆ.
دەڵێ:"ورچ و گورگ و بەراز و مەڕە کێوی و بزنە کێوی و ئاسك و ماری سەقەت و گەورەی وەك هەژدیهای، ژوشك و ڕێوی و چەقەڵ و کیسەڵ و بۆقیش کە هەر هیچ. هەزار داعباودۆڵ لە نێو وڵاتی خۆماندا هەیە."

دەگەینە جێگایەکی دێدە دەڵێ:"ئێرە بوارە، چاوی لێکە خیزوبەردەکەی بنی دیارە. باپڕۆین کوێشتیر! لە وەی چاترمان وەگیر ناکەوێ."
دوایە دەڵێ:"نەوەك بەردومەردی تیژ وە بەر پێت بێ، با لە کۆڵت کەم. زووتر دەپەڕینەوە. ئەتۆش لاقت ئێستا چاک چاك نەبۆتەوە، با نۆش نەیەتە سەر دەی."
لە کۆڵم دەکا و کەوشەکانی دەدا بەمن، کراسەکەی بە لادا دەکا و دەرپێکەی هەتا سەر ئەژنۆی هەڵدەماڵێ.
دەڵێ:"کەوشەکانم لە ئاوێ نەخەی کوێشتیر! قایم بیانگرە."
لە ئاوەکەی دەدا.
دەڵێم:"دێدە ئەگە مارەکە بێ بۆ لامان چی؟"
دەڵێ:"مارەکە ئەوەندە لە من و لە تۆ دەترسێ کە ئەمە لە وی. ماری ئاوێش ژەهرێکی وای نێ ئەگەریش پێوەدا پیاوی ناکوژێ. ماری ئیشکانێ، خەراپە و زۆر بێئامانیشە، لە نێو شاخوکێوان‌دایە. ئەوەندە ژەهرەکەیان بە قەوەتە بە هە رچێکێوە بدەن ڕزاڵ بە ڕزاڵی دەکەن."
دەڵێم:"دێدە گیان! خێراکە ئەمن دەترسێم."
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! ئەمن هەمیشە چت پێدەڵێم؟ دەبێ ئازا و بە غیرەت بی."

گەیشتووینە ئەو بەری ئاوەکەی.
دێدە ئەمن لەسەر خیزوبەردەکان دادەنێ، کەوش و گۆرەوێکەی خۆی لە پێ دەکا و دەڵێ:"جا باپڕۆین. ئەو ئاوە فێنکی کردمەوە! خۆش‌بوو. بێستانەکان هەر ئەوەتا لێرەڕا دیارن. دەچینە بێستانی کاك مەحمودی، دەمان‌ناسێ."

دەگەینە نێو بێستانەکەی. کاك مەحمود پێمەڕەکەی وەلا دەنێ دێ بۆ لامان. دەگەڵ دێدەی چاك‌وخۆشێ دەکەن.
دەڵێ:"خەجاڵەتم، خێزانم لە ماڵێ نێ، کوڕە چکۆڵەکە چاوێشەی لێ بوو بردوویەتە نێو شاری دەرمانی چاوانی بۆ لە بیهداری وەرگرێ."
دوایە بە دەنگی بڵیند بانگی کچەکەی "مەنیج" دەکا.
دەڵێ:"وەرە کەترێکەی وە سەر نێ. دوو چایان پخۆینەوە لەگەڵ ئەو میوانە خۆشەویستانە."
مەنیج بە پەلە دێ، دەڵێ:"بە چاوان، بە پووشکان هەر ئەوەندەی نەفەسێکی چایەکە دەگاتێ."
کاك مەحمود دەڵێ:"هەرچی پێتان‌خۆشە لێی‌کەنەوە. ئەمن لە حاست ئاغاسەید عەلی هەر سێحەبماڵ نیم. ئەو چاکەی ئەو لەگەڵ منی کردۆ قەت هەتا عومرم هەیە بۆم نادرێتەوە."

مەنیج دەڵێ:"ئەیەڕۆ بە قوربانتان بم. ئەوە ئەنگۆ ماڵە سەیدەکەن کاکمی لە سەربازێ نەجاتدا؟"

بابیشی دەڵێ:"ئەدی ڕۆڵە! ئەرێوەڵا، ئەوە کچی ئاغاسەیدێ. ئەوەش خات گوڵێیە. وەك دایك و خوشك و عەزیزی مەیە. باپڕۆینە نێو چارداغەکەی هەتا گەرماتان نەبێ."

بەڕەیەکیان لە نێو چارداغەکەی ڕاخستۆ. کاک مەحمود ئەمە وە لای سەرەوە دەخا، بۆخۆشی لە خوارەوە دادەنیشێ و قوتووی سیغارەکەی لە نێو گیرفانی پانتۆڵەکەی دەردێنێ و دەست دەکا بە سیغار هەڵبەستنێ.

ئەمەش چایەکەمان دەخۆین و ماندوومان دەحەسێنینەوە، دوایە دێدە دەڵێ:"هاتووین پڕێک هاروێ و ترێزو و خرچە و شتی بکڕین بیبەینەوە."

کاك مەحمود دەڵێ:"هەر باسی پووڵی پکەی، بەسەری شێخی، ئەمن زۆر ناڕەحەت دەبم!"

دێدە دەڵێ:"کاك مەحمود! ئەوانە بۆ ماڵە ئاغاسەیدی نێ. هەر بۆیەش دەبێ پووڵی وەرگری. دەنا بەخوڵای دەنکێك لەگەڵم بەرێیەدا نایا."

هەر ئەو دەلێ:" پەسەری تۆ نابێ!"

ئەو دەڵێ:"بە خوڵای، بە خۆڕایی نامەوێ."

هەتا دێدە کاك مەحمودی ڕازی دەکا پووڵی وەرگرێ.

بەڵام کاك مەحمود دەڵێ:"بەشی منداڵەکانی ئاغاسەیدی بە جوێ لە پرێسکێکی دەنێم زەحمەت نەبێ بۆیان بەرە."

دێدە دەڵێ:"زۆر باشە. ئەوەندەشم بۆ ناچێ هەر ئاوا دوو سێ هاروێ و ترێزوان دەبەم."

هەتا پشت پێستانەکەی، کاک مەحمود و کچەکەی بەڕێمان دەکەن. شەمامەیەکی جوانییش دەدەن بە من.

دێدە بەرهەڵبێنەکەی پڕە لە تەڕەکاری. بە دەم چۆمیدا دێین و دەگەینە سەر پردێ.

دوو سێ ژن لەسەر خیزوبەردی قەراغ چۆمی لباسی دەشۆن. چەند پیاویش لە سەر پردەکەی قەدەمان لێدەدەن و تەزبیحەکەیان هەڵدەسوورێنن.

دێدە دەستی منی گرتۆ و ناهێڵێ نزیکی محەجەرێکانی چۆمی بم و پێم دەڵێ:"ئەوە گۆمێکی بێئامانە! زۆر خەڵکی تێدا خنکاوە!"

لەبن پردەکەیدا ئاوەکە دیارە هەر سوور دەخواتەوە و خڕ دەبێتەوە.

کونێکی لەسەر پردەکەی دەبینمەوە، زۆر ژیکەڵە و جوانە بە ئاسنی کون کونیش دایانپۆشیوە.

بە دێدەی نیشان دەدەم و دەڵێم:"وەرە دێدە چاو لە چۆمیکە! بەو بنەیدا دەڕوا!"

دوایەش لێیدەپرسم :"دێدە! دێڵی لێرەڕا بەردی دە چۆمێ هاوێم؟"

ئەویش دەلێ:"ئا! باپیرم!"

ئەمنیش چەند خڕکە بەردم هەڵگرتۆ و دێم لە کونەکەی دەهاوێم.

دێدە دەڵێ:"بەسە! باپڕۆین وەختی نیوەڕۆیە، دایکت سەگمان پێوە دەنێ!"

دوور ونزیکی حەمامی نمرەی حاجیلەگلەگەکان بە دندووکیان تەقە تەق و

شەقە شەقیان داناوەتەوە، هەر ملی خۆیان دەبەنە پشتەوە و دەیهێننە پێشەوە. جاری واشە یەکیان هەوایەک لەسەر هێلانەکەی هەڵدەستێ و دیسان هەڵدەنیشێتەوە.

دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! دوای نانوچای دەچین سەری باجە مرێمت دەدەین. سبەینێ حەمامە، لە دەستم نایا پچم. دووسبەش خات ئایشێ دێ نانی دەکا، سە رمان قاڵ دەبێ. چەلێ باپرۆین هەتا دایکت سەگی ئەو شارەی تێ بەر نەداوین!"

###

بەیانی زوو زوو بۆنی دوکەڵی هەموو وڵاتی دادەگرێ.
دایکم هەمیشە ڕۆژی نانی پەنجەرەکانی سەرێ دادەخا دەڵێ دوکەڵ دەچێتە نێو ژوورەکان.
دەچمە خوارێ نانکەرەکان هەویرەکەیان شێلاوە، تەندووریان داخستۆ دانیشتوون بەرچای دەخۆن.
خات ئایشێ قەد بڵیند و کزە. زۆرتری ددانەکانی لە زاریدا نەماون. بە ڕەسمی مەنگوڕایەتێش ئاڵقەوکۆچکەی لە سەرە.
بووکەکەشی کورتە باڵایە و چاو وقژی کاڵە و ددان و شتیشی زۆر ساغوجوانە. دەم بە پێکەنین و خوێنشیرنە. دێتە یاریدەی خەسووی و تیرۆکی لێدەدا.
بووك ئایشێ و خاتو ئایشێ هەردووکیان قوڵچاغەیان لە قۆڵ دا.

دایکم و خات ئایشێ باسی شێلانی هەویری کولێرەی دەکەن.
خاتو ئایشێ دەڵێ ئەو بەرە نانەی پێوە دەدا و دوایە کولێرەی پەنجەکێش دەکا. هەویری کولێرە ناسکەش دەشێلێ. هەتا ئەو هەویریش هەڵدێ دوو بەری دیش نانی پێوەدەدەن. دەشڵێ کولێرە ناسکە کاری زۆرە و کاری وردەکارێ.
نانەکە بەرە بەرە بە تەندوورێوە دەدرێ کە سارد بۆوە یا دێدە یا باجە ئامین هەڵیدەچنن. دوایەش باوەش باوەش لەنێو سندوقی تەختەی دەنێن هەتا برشێ نەهێنێ.
وەختی کولێرە ناسکە پێوەدانێ، دایکم و دێدە دەچنە یاریدەی ژنەکان و کولێران پان دەکەنەوە و وەردێنەی لێدەدەن و نەخشونیگاریان لێ دەکەن.
خات ئایشێ بۆخۆی ڕەشکە و هێلکە و کاخڵی لە پیاڵەیەکی دا، تێکەڵ دەکا و لە پەنای خۆی دایدەنێ. هەر کولێرە ناسکەیەکی لە ژێر دەستی دێدە یا دایکم
بێتە دەرێ لەو مایەی تێ هەڵدەسووێ و بە تەندوورەکەیەوە دەدا.
دوای ئەوەی نان و کولێرەکە کرا دایکم دەست دەکا بە ناردنی بۆ جیرانە نزیکەکانمان وەکوو ماڵە سەید حەکیمی قورەیشی و مام وسێنی مجێور و ماڵە ئەردەڵانی و فەقێکانی مزگەوتێ.
ئەمە قەت ماڵە ئەردەڵانیمان نەدیتۆ بەڵام دایکم دەڵێ لە خانووی خۆمان دان و هەمیشەش بە دەستی ئیشارە دەکا بۆ لای پەنجەرەیەکی کە لەو بەری سەربانی مدبەقێرا دیارە و هەمیشە داخراوە و محەجەریشی پێوەیە.
پەنجەرەکە دەڕوانێتە سەر کوچەی ماڵە سەید حەکیمی و ڕەنگی لە ڕەنگی قەیسی دەچێ.

دوای جیرانەکان دایکم نان‌وکولێرەی بۆ نانکەرەکان و خاتو ئامین و دێدەی تێک دەنێ.
دێدە بە دایکم دەڵێ:"ئەو ماڵانە هەموو بۆخۆیان نان‌وکولێرەی دەکەن بۆ بۆیان دەنێری؟"
دایکم دەڵێ:"بۆنی نان‌وکولێرە وەك هیچ شتێکی نێ، بۆنیان بۆ چۆ، نەیاندەمێ ئەمن گوناحبار دەبم!"
دێدە دەڵێ:"ماڵە ئەردەڵانی عەجەمن خۆ نازانن کولێرە چیێ!"
دایکم بە دێدەی دەڵێ:"جا دێدە گیان! کوا، بۆن کورد و عەجەمی دەناسێ؟ ئەوانەش هەر چی بن جیرانن، کرێگرتەی خۆمانن."
دێدە دەڵێ:"ئەمن پێموایە ئەتۆ ئەو نان‌وکولێرە قازاخەی لە وانە خەسار دەکەی، جا ئەتۆش کەیفی خۆتە."

ژنەکان وەکوو هەمیشە لە حەسارێ نانی نیوەڕۆیە دەخۆن.

دوای ئەوەی نان‌وکولێرەکە جێبەجێ کرا، بووك ئایشێ دەوروبەری مدبەقەکەی ئاوپرژێن دەکا و دەیماڵێ. تەشتە گەورەکانی هەویری دەشوا، ئەنگوتکێک هەویر بۆ هەویرترشی لە نێو ئاردیدا وە لا دەنێ، کاسەوکەوڵەکان دەتەکێنێ و هەموو وڵاتی خڕ دەکاتەوە و مدبەق و کارخانەی ئاوپرژێن دەکا و دەیماڵێ.
خات ئایشێی خەسووشی لە ژوورێ دانیشۆ چای دەخواتەوە و لەگەڵ ژنەکان قسان دەکا.
دایکم نان و کولێرەو قەند و چا و دوو تمەن پووڵی بۆ خات ئایشێ تێگ ناوە. بووك ئایشێ دێ چایەکی دەخوا و تیرۆکەکەی بە دەستەوە دەگرێ و نان و شتەکەی لە کۆڵی دەبەستێ و خوداحافیزێ دەکەن.
دایکم بەڕێیان دەکا و دەڵێ:"قالبوو ساغ بێ بابەکەم! بە خوڵاو دەسپێرم، خوڵا ئەمەگتان بداتەوە."

###

ئەورۆ دێدە هاتۆ دەچێتە بازاڕی شتی پکڕێ، ئەمنیش لەگەڵ خۆی دەبا.
کوچەی پووتی چۆڵ‌وهۆلە. حاجیلەگلەگەکانیش بێدەنگ لە سەر هێلانەکەیان هەڵنیشتوون.
دەڵێم:"دێدە ئەدی فەقیرەکان کوان؟"
دەڵێ:"کوێشتیر! بەو بەیانەی فەقیر نایەنە دەرێ. ئەمەش دەڵێی، دەچینە بازاڕی پرێک شیرێژورۆنم پێدەوێ و سەرێکی بازاڕی خمچیان دەبێ بدەم."
دەچینە دوکانی بابم.
دێدە بە کا حەمەدی دەڵێ:"شیرێژ ورۆنی باشت وەگیر کەوت بۆم ڕاگرە."
کا حەمەد دەستی لەسەر چاوی دادەنێ.

ئەمە وە ڕێ دەکەوین بۆ لای بازاڕی خمچیان.
بۆنێکی ناخۆش دێ. دەچینە نێو دوکانێکی دێدە بەنی داوە بۆی ڕەنگ پکەن.
دەستوپلی خمچێکان هەموو شین‌ورەشە. بەنی ڕەنگ‌کراوی زۆر جوان لە هەموو دەرک‌ودیواری دوکانەکەی هەڵاوەسراوە.
لە نێوەڕاستی دوکانەکەش دوو پیاو خەریکن ڕەنگی دەگرنەوە.

ساحێبی دوکانەکەی بە دێدەی دەڵێ هەر زەردەکەی ماوە ڕەنگی کا ئەویش دوو سێ ڕۆژی دیکە حازر دەبێ.

ئەمن و دێدە دەگەڕێینەوە بۆ دوکانی بابم.
کا حەمەد دەڵێ:"دێدە! ڕۆنێکی وەکوو ڕوحی بەشەریم بۆ پەیدا کردی. دەگەڵ شیرێژی دام بە مستەفای بیانباتەوە ماڵێ، ڕۆنەکە لەو گەرمایەیدا دەبوو بە ئاو. ناردم بۆ باجی بۆت ڕاگرێ هەتا دەچێوە."
دێدە دەڵێ:"زۆر چاکە، بابم!"
دوایە دەستی من دەگرێ دەڵێ:"دەچین بزانین کەوای باجە مرێمتیان درۆ یا نا."

دێدە لە مەیدانی ئاردیڕا بە نێو قەیسەریاندا دەمبا دەچین لەو سەری قەیسەرێکان دێینە دەرێ دەگەینە بەر دوکانی ئاغای زەرگەری و کەوادرۆکان.
دوکانی ئەو کەوادرۆی زۆر چکۆڵەیە، لەبەر خڕە خڕی چەرخەکەشی کەس گوێی لەکەس نابێ.
چاوی بە دێدەی دەکەوێ دەست لە درووومانێ هەڵدەگرێ و چاکوخۆشێ دەکا و پێێ دەڵێ:" کەواکە حازرە و هەر ماوە وتوویەکی لێدەم."
دوایە لەسەر جێگاکەی هەڵدەستێ دەچێ وتوویەکی چکۆڵەی ڕەش دێنێ.
کەواکەش لەسەر میزەکەی دادەنێ، دەڵێ:"شانسی خۆت ڕەژێکەم تازە گەشاندۆتەوە، پێنج کەوای بووکێم لە کنە بۆ ئەورۆ دەبێ حازریان کەم."
ڕەژێکەی لە نێو وتۆکەی دەکا و پەڕۆیەکی سپی لەسەر کەواکەی باجە مرێمێ ڕادەخا و دەست دەکا بە وتوو کێشانێ.
دێدە دەڵی:"دەستوچاوت خۆش بێ، دەڵێی لە قوتووت دەرهێناوە، کەوا هەر وا دەبێ!"
دێدە پووڵی دەدا بە وەستا ئەحەمەدی و کەواکەی هەڵدەگرین و دەڕۆین.
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:"دوو تمەن!؟ وە بیرم دێ بە شایەکی کەوایان دەدروو، شەکێکت بە تمەنێکی دەکڕی!"

بەبەر دەرکەی مزگەوتێدا دەڕۆین، مام وسێن بە لەقە لەق بە ئاوپاشێکی داروگوڵەکان ئاو دەدا. حەساری مزگەوتێ جوانو پاكوخاوێنە، هەمووی ئاوپرژێن کراوە و گەسك دراوە.
مامو‌سێن دێدەی دەبینێ، پشتی خۆی بە زەحمەت ڕاست دەکاتەوە، سەری هەڵێناوە دەڵێ:"چۆنی خات گوڵێ؟ چاکیشوکور ؟"
دێدەد ەڵێ:"چا دەبین ئیشەڵا، پیاو ئەگە پیر بوو مامو‌سێن، هەر ئەورۆی خۆزگە بە پارە، وا نێ؟"
مام وسێن دەستی بە ڕدێنە درێژ وسپێکەی دادێنێ و ئاوپاشەکەی ئەو دەست ئەو دەست پێ دەکا و لە جوابی دێدەیدا دەڵێ:"ئەرێوەڵا، هەر ئەورۆ خۆزگە بە پارە!"

دەگەینەوە ماڵێ. دایکم لەگەڵ خاتو ئامینێ دانیشتوون گیاوگۆڵی چا دەکەن.
دەڵێ:"دێدە گیان نیگەران مەبە، شیرێژ ورۆنەکەم لە حەوزخانەی لە نێو ئاوێ ناوە."
دایکم لە نێو حەوزخانەی هەمیشە تەشتێکی گەورە پڕ لە ئاو دەکا، ماست و ڕۆن و شیرێژ و ئەو جورە شتانەی تێ دەنێ هەتا خەرا نەبن. حەوزخانەکە

هەمیشە فێنکە. پەنجەرەی تێدا نیێ، تاو تێی ناکا. دوو سێ  کونی چکۆڵەی لە دیواریدا هەیە هەتا ڕووناک بێ.
داره مێوەکەش وەها هەموو دیوارو بانی حەوزخانەی داگرتۆ تاو بە هیچ جورێکی ناچێتە ژوورێ.
دێدە دەڵێ:"دە چاکە چاکە، خولا چاکەت بۆ پکا. ئەوە خەیاڵم خاترجەم بوو. جا ئەوجار ئەوە کوێشتیری دەبەم و دەچین سەرێکی کچەکان دەدەین و ئەو کەوایەش بۆ مرێمی دەبەین و دێینەوە."
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی ئەوە پێم نەکراوە دەنا هەر بە هەویا بووم پچم چاوێکم بە کچەکان پکەوێ و سەرێکی ستارە خانمێش بدەم  منداڵی بۆ. هەر ئەوەندە ژنی چاك و بە ئیحترام و  نەجیبە!"
دێدە دەڵێ:"ئەدی ئەدی کەر نایکێشێ! جا ئەگە دەتەوێ پچی خۆ کاری ژنێ قەت خەلاسی نایە، کورتانی دەجالێ! هەموو ڕۆژێ دەجال کورتانەکەی دەدروێ و سبەینێکەی تەمەشا دەکا هەمووی هەڵوەشاوەتەوە. ئەتۆش دەبێ خۆت لە کاروباران پشارێوە، قەنە کێشێکی پرۆی سەری خزموکەسی بدەی، دەڵێی ئەو ئێوارێیەی پێکەوە پچین سەریان بدەین."
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی زۆر فیکرێکی چاکە، چی بۆ بەرین؟"
دێدە دەڵێ:"کچێ جا چی بۆ بەرین؟ هیچی بۆ نابەین. خۆ منداڵی هەوەڵێی نیێ!"
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ نابێ خات گوڵێ گیان، عەیبە! دوای وەش ئەوەی لەگەڵ کچەکان چاك بێ و خۆیان پێوە ماندوو کا، بۆخۆت دەزانی،  هەر ستارە خانمە، ئەوانی دی، بە ناشکوری ناڵێم، دوو زردایك و بەرەی دوو زردایکیش منداڵ، دە ماڵێ دایە. ئەوەی ئاورێکی بە خێریان لێ بداتەوە، ستارە خانمە، ئەمن وەك عەولادی خۆم خۆشم دەوێ."
دێدە دەڵێ:"کچی بۆ، ئەگە هەتە پشتەکەوایەك بەسە، دەڵێی پچم یەکی مەخمەر بکڕم."
دایکم دەڵێ:"ئا؟ دێدە گیان عەیب نیێ، هەر پشتە کەوایەکی بەرین؟"
دێدە دەڵێ:"ناوەڵا، عەیبی چی لێی سەروزیادە، ڕەسمەکەی هەر ئاوایە. کور بێ زێری بۆ دەبەی. کچ بێ پشتەکەوا یان دەسماڵێکی دەبەی."
خاتو ئامین دەڵێ:"عافرەتی هەناسە سارد هەر لە دایک دەبێ  بەشی کەمێیە!"
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! چاکە، هەر وا پکە!"

دێدە دەستی من دەگرێ و دەڕۆین بۆ ماڵە جەنابی شێخی.
باجە مرێم وەکوو هەمیشە خەریکی کێشت لێنانێیە. کارێکی زۆری هەیە، منداڵ لە دەوروبەری دێن و دەچن.
دێدە دەڵێ:"بۆ یەکێکیان ناهێنی یا ریدەت بدەن؟"
باجە مرێم دەڵێ:"جا بڵێم چی دێدەگیان! خۆ هیچم بۆ ناکرێ. ئەمنیش ئەوە لەگەڵ ئەوانە بەدبەخت بووم. هەر چیش بڵێم ئەمن پیاوخەراپم، ئەو ژنە دەڵێ:ئەت زانی ژن و منالی بوو بۆ شووت پێ ئەکرد`؟"
دێدە هەتا دێ سەری  باجە مرێمێ بدا زۆر قەڵسوناڕەحەت دەبێ چونکە باجە مرێم هەمیشە ناڵەی دێ لە دەست ژیانی تاڵی هەوێساری.

دەڵێ:"جابڵێ هەلا هەلا بوو! ئەمن بە خۆشی خۆم مێردم کردبایە بۆ مێردی ئاوام دەکرد؟"

دوایە دێدە هەناسەیەکی پڕ لە دەردوداخ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"ئەگە ئەوە دەردێک یا دەرمانەکەی لە پشت کێوی قافیش با دەچووم پەیدام دەکرد و بۆم دێنای. بەڵام هەیهات نە ئەو دەمی هیچم پێ کرا کە کاکم بە خەنجەری لەسەر کورەی فەقیر ڕاوەستا هەتا تەڵاقت بدا نە ئەلعان کە کار لە کار ترازاوە و ماڵومنداڵت هەیە.

کاکم بە خەیاڵی خۆی ئەوە دەستی ئیحترامی لە تۆ دەنا، عەلیش پێیوایە ئەتۆ ژنی شای! دەڵێی نۆ مێشی لە کونێکیدا دیتۆتەوە!"

باجە مرێم سەری ڕادەوەشێنێ و دەڵێ:"ئەرێوەڵا بەدبەختیان کردم! جا ئەوە بۆ مێردە؟ ئەوە بۆ ژیانە، لە دەست ئەوانە؟" بەدەستی ئیشارەدەکا بە ژووری شێخزادە خانمی،"کە نگێ ئەمن ئاسودەگێ دەبینم؟ کچەکەی لەخۆشی خەراپترە!"

دوایە دێدە بە باجە مرێمی دەڵێ:" ئەمن و ئامۆژنت دەچین سەرێکی ستارە خانمێ دەدەین، ئامۆژنت دەڵێ ستارە خانمی نەدیوە لەوەتا منداڵی بۆ، دەبێ پچم پشتەکەوایەکیش بکڕم، ئەگە پێتخۆشە وەرە باپچین."

باجە مرێم دەڵێ:"ئەمنیش لەو جیرانەتێوە هەر پێم نەکراوە پچم ئەرێوەڵا دێم."

دێدە دەڵێ:"دوای نوێژی ئێوارێ با پرێک وڵات فێنك بێ، ئامۆژنت دەنێرمە ژوورێ، بۆخۆشم دێم لە دووت. هەر نوێژت کرد، سازبە!"

لای ئێوارێ ئەمن و دێدە و دایکم و جەفعەر و فازل ساز دەبین دەڕۆین. ستارە خانم کوڕێکی هەیە بە قەد جەفعەری، کچێکی گەورەیە، یەکێکی بە قەد منە، یەکێکیش تازە لە دایک بۆ.

ماڵە باجە هەتاوێ لە ماڵە مە نزیکە. لە دەرکەی کوچەی دەدەین، یەکێک دێ دەرکەی دەکاتەوە. لەگەڵ دایکم دەست دەکا بە چاكوخۆشێ. ئێستا ئەمە لە دەرکەی نەچووینە ژوورێ، پێنج شەش ژن دێن بەرەوپیرمان. باجە هەتاو و باجە گوڵزار و زێرینێ دەناسم.

هەموو دەستی دایکم ماچ دەکەن، دایکیشم نێوچاوانیان ماچ دەکا و وردە وردە بە داڵانە دوور ودرێژەکەیاندا دەچینە خوارێ.

ستارە خانم هەر دەڵێ:"خەجاڵەت خۆم ئەتۆ بۆ زەحمەتت کێشاوە؟ ئەتۆ تانجی سەری مەی بە قوربانت بم. سەیدزادە خانم گیان! کچەکان قەرەواشن، کورەکەم خزمەتکارە، گەورەت کردووین."

دایکیشم دەڵێ:"ئەتۆ عەزیزی منی، وەکوو منداڵەکانی خۆم. ئەمە مەمنوونی ئینسانیەت و نەجابەت و شەخسیەتی تۆین، هاوینان ئەوەندە کاروکوێرەوەری زۆرە ئەوە پێم نەکراوە زووتر بێم سەرت بدەم، ئەمن خەجاڵەتم."

لە ژوورێ دایکم وە لای سەرەوە دەخەن. لە دەوروبەری ژوورەکەی پاڵەوپشتیان داناوە.

عەمبار لە سەر کەشەفێکی جوان شەربەتی دێنێتە ژوورێ. ئێستا چاكوخۆشی خەلاسی نەهاتۆ، دێدە و باجە مرێمیش دێن.

چاكوخۆشی دەست پێ دەکاتەوە. ستارەخانم لە لای خوارەوەی هەموان دادەنیشێ. عەمباریش لە بەر دەرکەکەی ڕادەوەستێ هەتا دایکم پێی دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! بابەکەم، ئەوە ئەتۆ بۆ دانانیشی؟"

دەڵێ دایکی ئێستا ئیجازەی نەداوە بۆیە هەر بە پێوەیە!

ستاره خانم کەڵەگەت و باریکە، بە تایبەتی چاو و برۆی زۆر جوانە، زۆر خوێن‌شیرن و دەم بە پێکەنینە. یەکجار بە جوانی هەڵدەستێ ودادەنیشێ. زۆر بە سەبر قسان دەکا و زۆر بۆ هەموو کەس ئیحترامێ دادەنێ، چکۆڵە و گەورە.
باجە هەتاو و باجە گوڵزار دانیشتوون. دوو زردایکیشیان هەیە. یەکیان پیر و یەکیان جحێڵ. هەردووکیان هاتوونە ژووری ستارە خانمێ بۆ لای میوانەکان.
دایکم بۆی گێراوینەوە: پوورم قەدوباڵای بەرز و زۆر جوان و خوێن‌شیرن دەبێ، چاو وبرۆی لەگەڵ مانگ و ئەستێرەی شەڕیان کردۆ، هەر ئەوەندە دم و ددانی جوان دەبێ قەت بەشەر تێر تەماشا کردنی نابێ.
بە مێردی دەدەن بە پیاوێکی زۆر بە عەمر و زۆر دەوڵەمەند چی وای پێ‌ناچێ مێردەکەی عەمری خولای دەکا. پوورم بەو هەمۆ جوانێ و بە منداڵکاری بێوەژن دەبێ بە دوای وەیدا مێرد بە میرزا حامیدی دەکا. ئەوانیش تاجری زۆر بە نێوبانگ و بنەماڵەی سابڵاغێ و زۆر دەست ڕۆیشتوو دەبن."

دێدە دەڵێ:"بە ڕەحمەتی خودای شاد بێ، سەیزادە مەعسوم ڕۆژێکی چوو بۆ سەر شایێ کە هاتەوە کراسی تازە تازەی زۆر جوان‌وگرانی کە لەبەر دابوو دایکەند و دایمە دەستی و کوتی:`گوڵێ! ئەو کراسەی بەرە بی‌سووتێنە!`
دێدە دەڵێ:`کوتم `جا چۆن کاری وا دەکەم؟ بۆ دەنا شێت بووم؟ کراس بەو جوانێی، بەو گرانێی!``
پوورم دەڵێ:`ئەمن تازە قۆڵی تێ هەڵناکێشم! لەو شاییەی ژنێک لەو کراسەی دەبەردا بوو.`"

بە داخەوە پوورم لە تەمەنی بیست و دووساڵان جوانە مەرگ دەبێ و سێ‌کچ و کورێکی لە پاش بە جێ دەمێنێ. لەسەر منداڵی ئاخری نەخۆش دەکەوێ.
دایکم دەڵێ:"حەکیمیان لەتاران و تەورێزان بۆ هێنا و کۆمیسیۆنیان بۆ گرت، ئەو ئازارە پیسە (سەرەتان)ی بوو.
منداڵی هەوەڵیشی `باسیل` دەتکوت گوڵە، لە تاوی دایکی هەر گریا و کڕوزاوە هەتا نەخۆش کەوت. ئەویش بە داخەوە دوای پوورت ئەوەندە نەژیا.
ماوە هەتاو و گوڵزار و ئەو تاقە برایەیان. دێدە شەووڕۆژ ئاگای لێیان بو. بە هەزار گێرەوکێشە کورەکەی هێنا کن خۆی و بەخێوی کرد."

دایکم کاکە عومەری لەبەر مەمکان دەبێ کە پوورە مەعسومم عەمری خودای دەکا، بۆ ماوەیەکی زۆر هەر دایکم شیری دەدا بە کاکە دارینی.
دێدە دەڵێ دوای مەرگی "باسیلی" زۆری حەول دا دوو کچەکانیش بێنێتە کن خۆی بەڵام نەیتوانی.
دایکم دەڵێ:"ئەگە دەرکەیان لە دێدەی داخست با بە دیواریدا وە سەر دەکەوت، ئەو کارەی دێدە لەگەڵ ئەو منداڵانەی پوورتی کردۆ بە هیچ کەس ناکرێ!"

###

ئەوڕۆ بەیانی زوو لە هاتوچۆی زۆر و دەنگی دایکم و جیرە جیری دەرکەی حەساری وە خەبەرهاتم.
چووم بۆ بەر پەنجەرەکەی.
بابم باینجانی سووری لە سەوەتاندا ناردۆتەوە، دایکیشم بە کاك مستەفای دەڵێ:"ئەو باینجانانە گۆشتیان زۆرە و ئاویان کەمە!"
لەو قسانە دان بابم لە دەرکەی حەساری وە ژوور دەکەوێ.
دەڵێ:"هەر ئەو کابرایەی پارەکە باینجانی بۆ هێنا بووین، ئەو ساڵیش پێم کوتۆ بۆ هەموو ماڵەکان بێنێ بۆ ماڵە شێخی و ماڵە کاکم و خەجیجێ."
دایکم دەڵێ:"ئەو دوو سەوەتە چاکە، ئەوانی دی فەرقیان هەیە."
بابم دەڵێ:"ڕاوەستە گوڵێش چاوێکیان لێ پکا، ئەوە لە میاندواوێرا دێ، ئەو کابرایەش باینجانەکەی وە بەر ناکەوێ. ئەوە ئەتۆش پێت خەراپە."

بابم داوای ئاوی سارد دەکا. دایکم دەچێ لە حەوزخانەی جەڕەیەکی دێنێ و ئاوی دەداتێ.
بابم دەڵێ:"وا دیارە ئەوڕۆ زۆر گەرموناخۆش دەبێ."

ئەمن لە پلیکانەکان دەچمە خوارێ دەچمە حەسارێ.
بابم دەڵێ:"یاڵڵا، خانمە چکۆڵە!"
ڕوومەتم ماچ دەکا.
دایکم دەڵێ:"ئەوە بۆ وەکوو جندۆکەی قیت بوویەوە، پڕۆ ژوورێ، پڕۆ!"
دەچمە ژووری تەختەبەندێ، کاکە جەمیل بەرچای دەخوا و ڕۆژنامەکەی چاو لێ دەکا.
لەسەر سفرەی دادەنیشم و بۆخۆم بابۆڵەی شیرێژ وڕۆنی دروست دەکەم بەڵام بۆ چای شیرن دەبێ ڕاوەستم یا دێدە بێ یا دایکم بێتەوە ژوورێ.
لەو بەینەیدا دێدە دێ. ماوەیەکی دوور ودرێژ لە حەسارێ دەمێنێتەوە لەگەڵ دایکم قسان دەکا و باسی باینجانی چاكوخەراپ دەکەن.
دێدە دەڵێ:"نا! سەیزادە، پیاو دەبێ ئینسافی هەبێ."
دەست دەداتە باینجانێکی دەیخوا و یەکێکیش دەدا بە دایکم و دەڵێ:"زۆر باینجانی چاکن!"
لەو قسانە دان باجە ئامین شۆخ و شەنگ و بۆن خۆش لەگەڵ کاکە حەسەنی برای وە ژوور دەکەوێ.
دایکم دەڵێ:"حەسەن گیان ڕاوەستە، مەڕۆ!"
دەڵێ:"پوورێ گیان! دەچمە دوکانێ. بەیانان سەرمان لە هەمیشە قاڵترە!"
دێدە دەڵێ:"ئەشەدەمبیلا وایە! ڕێی ڕێداری نێ."

کاکە حەسەن دەڕوا بۆ بازاڕی. باجە ئامین چارشێوەکەی لێ دەکاتەوە و دێتە ژوورێ بیهاوێتەسەر دەستە نوێنەکەی، ئەمنیش هەڵدێم بۆ لای، لە باوەشم دەکا. وەکوو هەمیشە چاو لەقڕژاڵەکەی دەکەم و لێێ دەپرسم بۆ ئەوەی بە خۆی هەڵاوەسیوە.
ئەویش لە جوابم دا دەڵێ:"بۆ چاوزارێیە، گەزیزە گیان، بۆ چاووزارێ!"

دێدە و دایکم دێنە ژووری تەختەبەندێ. دایکم چای بۆ هەموان تێ دەکا. کاکە جەمیل دەڕواتە سەرێ. فازل هاتۆتە خوارێ و نانوماستی دەخوا.
دێدەش ئەمن دەبینێ بۆخۆم بابۆڵەی دروست دەکەم، دەڵێ:"باڕەقەڵا کوێشتیر! مەخەڵە بەخەڵە!"
دوای نانوچای ئەمن و فازلیش بە دوای دایکم و دێدە و باجە ئامینێدا دەچینە حەسارێ. چاویان لێ دەکەین بزانین چ دەکەن.

لە مدبەقێرا تەشتە گەورەکانی هەویری دێننە دەرێ لەبەر تاوێ لە نزیکی گوڵە سوورەکان دایاندەنێن.
خات خاتون و خاتو ئامینیش هاتوون. خاتو ئامین دەچێ هەر ئاوی بە سەتڵان لە حەوزخانەی دێنێ و لە نێو تەشتەکانی دەکا. دایکم و دێدە باینجانەکان لە نێو تەشتەکان دەهاوێن و باجە ئامین و خات خاتونیش دەیانشۆنەوە و لەسەر سەلانیان دادەنێن.
دێدە دەڵێ:"هەر ئەوەندە باینجانەکانمان بەتاڵ کرد، دەبێ کووپەکانیش لە سەر بانی بێنینە خوارێ."
دایکم دەڵێ:"ئەوە دەبێ سەوەتەکان بەتاڵ کەین بۆ وەی ئاغاسەید کوتی پیاوی دەنێرێ بیانبەنەوە بازاڕی."
دێدە دەڵێ:"ئەمن دەچمە سەربانی هەر لەوێشرا کووپەکان ڕۆیەڵ دەکەم، سەیزادە ئامینیش بابێ لە دەستمیان وەرگرێ."
دایکم دەڵێ:"جا وەڵڵا ئەوە چاکترە لە وەی بەسەر ئەوهەمۆ پلیکانانەدا بیانهێنینە خوارێ.
ئەوە ئەمنیش دەچم گوریسێك، پەتکێك، شتێکتان لە کارخانەی بۆ دەبینمەوە."
دێدە دەڵێ:"نا پەتك و گوریسم ناوێ، پشتێندەکەم لە هەموو شتێکی باشترە، گرێکەی ناکرێتەوە."
هەر بە دوای وەشدا دەچێتە سەرێ، بە ژووری پیاواندا دەچێ بۆ سەربانی و دەست دەکا بە کووپە ڕۆیەڵ کردنێ. دایکم و باجە ئامینیش لە حەوای کووپەکان وەردەگرن و بە ئەسپایی گرێی پشتێندی دێدەی دەکەنەوە و لە عەرزیان دادەنێن. دێدە پشتێندەکەی هەڵدەکێشێتەوە هەتا دە کووپەیەکی دی پخا.

خات خاتون و خاتو ئامینیش کووپەکان دەبەن دەیانشۆن و لە کن تەشتە باینجانەکان دایاندەنێن.
دایکم دەڵێ:"یەکجاری هەموو کووپەکان ڕۆیەڵ کە دێدە گیان! بۆ وەی کەرەوز و بیباریش هەر ئەو ڕۆژانە دەبێ دابنێین."
دێدە دەڵێ:"کچێ لەبەر منداڵ و پشیلان کوا دەوێرم هەموو کووپەکان ڕۆیەڵ کەم. هەر لێرە بن سلامەت ترن. وەختی هەر شتێکی هات دەچم کووپەکان ڕۆیەڵ دەکەمە خوارێ."
دێدە و خات خاتون دادەنیشن باینجانە سوورەکان قاش قاش دەکەن و لە کووپانی دەهاوێن.
هەر جارناجارێکیش دێدە لۆچێک خوێ بە باینجانە سوورەکاندا دەکا. هەر کووپێک پڕ دەبێ دایکم دەورێکی ڕووکێشی لە سەر دادەنێ و لەگەڵ یەکێك لە ژنەکان دەیبەن لە بەر تاوێ دایدەنێن.
دێدە دەڵێ:"تاووبانی خۆشە! هەر وا دوو سێ ڕۆژی دی دەیپاڵێوین."

دوایە منداڵەکان بانگ دەکا و باینجانیان دەداتێ بیخۆن.

کاری باینجانەکان، زۆری پێ ناچێ، خەلاس دەبێ. دوای ئەویش دایکم، باجە ئامین و خاتو ئامینێ دەنێرێتە سەرێ ژوورەکان گەسك دەن. بۆخۆی و دێدەش خەریك دەبن نەهارێ سازکەن. خات خاتونیش لەبن دارە مێوەکەی بەر کارخانەی لەسەر کوتە بەڕەیەکی دادەنیشێ و خوێی لە دەستاڕ دەکا.
دایکم دەڵێ:"خوێی وردمان زۆر کەم ماوە خات خاتون گیان! دەنا ئەوە بە ئاغاسەید و کا حەمەدیم کوتۆ خوێی بەحرێی خاوێنیان لێ هەڵکەوت بیکڕن. ئەودەمی دەبێ دوو سێ دەستارانیش پەیدا کەین بۆ خوێ لێ کردنێ."

دێدە دەڵێ:"ئەرێ بۆ دۆکڵیوێکی ساز نەکەین؟ دۆی چاکمان هەیە، گیاوگۆڵێکی زۆریشمان هەیە."
ئەمن لەو بەری حەسارێرا وە سەما کردن دەکەوم.
دەڵێم:"توخودا دێدە گیان دۆکڵیوی لێنێ! دۆکڵیو لە هەموو شتێکی دنیایە خۆشترە!"
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! پێمڕوابوو دۆڵمەی گەڵای لە هەموو شتێکی دنیایە خۆشترە!"
دەڵێم:"دۆڵمەی گەڵای تۆ لەگەڵ دۆکڵیوی باجە خەجیجێ!"
دێدە دەڵێ:"وەکوو ئی باجە خەجیجت نابێ، بۆ وەی دەبێ گۆشت و لەپەی بۆ وە سەر نێی. دایکیشت گۆشتەکەی کردۆتە شۆرباو. لەپەش دەگەڵ برینجی دەرناچێ، دەنا لەپەم هەروا بە بێ گۆشت لەبەر دەکرد."
گوێم لێیە خات خاتون دەڵێ:"جا چم پێ دەڵێی ئەو خانمە چکۆڵە دەزانێ فەرقی بە نانوکێشتی پکا؟ دەڵێ دۆکڵیوی سەیزادە خەجیجی ئامۆزای خۆشە!" دوایەش پێدەکەنێ.
دێدەش دەڵێ:"ئەدی چۆن؟ کچی من هەموو شتێکی دەزانێ، سەرەسۆدرەیە!"

مەلای عەجەمان بانگێ دەدا.
کا حەمەد دێ.
دەڵێ:"باجی گیان! نان و دۆیەکم بدەیە بیخۆم پچمەوە بازاڕی سەرمان زۆر قاڵە، ئاغاش ئەورۆ درەنگتر لە ڕۆژان دێتەوە!"
دایکم دەڵێ:"جا بۆ نان و دۆ؟ شۆرباوێکی زۆر چاکمان هەیە، دۆکڵیویشمان مەنجەڵێك ئەوە دەکوڵێ. بە چاوان، هەرچێکی پێت خۆشە. دانیشە، نان حازرە!"
کا حەمەد دەڵێ:"لە بەر نیسێیە، لە تەنیشت خاتونێ!"
دوایە بە پێکەنین دەچێ لە نزیك خات خاتونی ژنی دادەنیشێ و دەس دەکەن بە قسان.

بانگی خۆمانی داوە، دێدە لەبن دارە مێوەکەی نوێژێ دەکا. ژنەکان کاریان خەلاس بۆ، کورەکان هەر دێن و دەچن دەڵێن:"بابم کەنگێ دێتەوە برسیمانە!"
باجە ئامین سفرەی ژوورێی داناوە. سفرەی بۆ ژنەکان لە حەسارێ ڕاخستۆ جا تازە بابم دێتەوە.

بابم دەڵێ:"نوێژەکەم دەکەم و دوایە نانی دەخۆم. بۆ وەی دەبێ پچمەوە بازاڕی، کارمان زۆرە بە حەمەدی جێبەجێ نابێ."
دێدە دەڵێ سبەینێ ڕۆژی حەمامی ژنانە، دووسبەی دەچێ یاریدەی ئامۆژنە مەلازادەی بدا، خوری بە شانە دەکەن.
سێسبەی ئیشەڵا باینجانەکەی دەپاڵێوین."
دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵڵا، بە قوربانتان بم لە بیرتان نەچێ. ئامینە گیان! خات خاتون گیان! ئیدی ئەمن لە دووتان نانێرم بۆخۆتان وەرن."

###

ئەگە لەبەر دەنگە دەنگی خوارێ نەبێ ڕەنگە بەیانان وا زوو وە خەبەر نەیەم.
تاو بە عاستەم لەسەر لێوارە باریکەکەی سەردەرکەی حەسارێی داوە. گورپەکان لەبەر تاوێ خۆیان هەڵخستۆ، هەتا دایکم گۆشتی چا نەکا لەسەربانی نایەنە خوارێ.
دایکم خەریکە دۆی بەتاڵ دەکا و لەگەڵ خات مەرزەی قسان دەکا، لەو دەمەیدا کاك مستەفا گۆشت و گیاوگۆڵ و شتی دێنێتەوە.
ئەمن هەر وا لە بەر پەنجەرەکەیرا چاو لە حەسار و سەربان و ئەوەی دەکەم.
دەنگی حاجیلەگلەگەکان و جاروبارەش دەنگی کەڵەباێکی لە دووررا دێ.

ڕادەوەستم هەتا تاوەکە لە دەرکەی ئاودەستێ دەدا، جا دوایە دەچمە خوارێ.
هێندەی پێ ناچێ دێدە دێ. لە ژووری تەختەبەندێ دانیشتووین نانوچای بەیانی دەخۆین. دێدە باسی مامم دەکا و نەخۆشێکەی.
کاکە جەمیل دەڵێ:"هیچ ناخوا، مەعلومە هەر زەردتر و کرزتر دەبێ."
دایکم دەڵێ:"هەر هەمیشە مامت کەمخۆر بۆ."
دێدە دەڵی:"دژخۆر بوون خەراپترە لە کەمخۆر بوون. لە هەزار شتی شتێکی ناخوا. هەرچی پیواز و سیری تێدابێ نایخوا. گۆشتی ناخوا، بەشەریش بەخۆراکەوە دەژی."
دایکم دەڵێ:"ئەوە دەبێ پچم سەرێکیشی لێ بدەم."
هەر وا کە ئاوی لە سەماوەرەکەی دەکاتەوە دەڵێ:"جا باپرۆین وە دووی کارەکانمان کەوین.
جەمیلگیان! چاوێکت لە منداڵەکان بێ هەتا نانوچاکەیان دەخۆن، مەهێڵە تخوونی سەماوەرەکە بن."

دایکم و دێدە دەچن لە مدبەقێ مەنجەڵێکی زەلام دەردێن سووزمەیەکی گەورەی لە سەر دادەنێن.
دێدە دەڵی:"ئەوەندەی قامکێکی ئاوی باینجانی دە بنی مەنجەڵەکەیدا بێ بەسە، دەنا قەت بۆمان وە سەر ئاورگەکەی ناندرێ."
دایکم دەڵێ:"ئا! ئا! هەر وا دەکەین. لە بەرەوەش، هەرچی پاڵاوتمان دەیبەین تێی دەکەین.
ئامینە کە هات یارمەتی تۆ دەدا بۆ بە سووزمەدا کردنی باینجانەکە، بۆخۆشم دەچم ئاورەکە دەکەمەوە."
دێدە دەڵی:"هەر چی زووتر دەست پێ پکەین زووتر نەجاتمان دەبێ، دەنا ئەو هەمۆ باینجانە بۆ بانگی شێوانیش دەرناچێ."

باجە ئامین، بە دوای ویشدا خاتو ئامین دەگەنە جێ.
دوکەڵی ئاورگەکەی دایکم دەچێتە عاسمانێ.
خات خاتون سووزمەکەی بە دوو دەستان توند داگرتۆ، دێدە باینجان و ئاوی باینجانەکان بە قاپێکی لە نێو سووزمەکەی دەکا. باجە ئامینیش بە دەستاونگە چکۆڵەکەی باینجانان هەڵدەپشێوێ و دادەپشێوێ!
ئاورەکە کە گرتی، بە دایکم و دێدە و باجە ئامینێ مەنجەڵەکەی دەبەنە نێو مدبەقێ، وە سەر ئاورگەکەی دەنێن، دوایە دەگەڕێنەوە حەسارێ درێژە بە کاری پالاوتنێ دەدەن.
بەرە بەرەش دەبیەن لە نێو مەنجەڵەکەی سەر ئاوری دەکەن. دایکم لە نێو مدبەقەکەیدا ماوەتەوە چاوی بەسەر ڕوبەکەیەوە بێ هەتا هەڵنەچێ. کەوگیرێکی زەلامیشی بە دەستەوە گرتۆ.

خاتو ئامین دەڵێ:"سەیزادە لەبیرت نەچێ هەرچی کەشەف و سەماوەری زەردە بیهێنە بە تڵتەی باینجانی خاوێن خاوێنیان دەکەمەوە. `زەرد` بە تڵتە باینجانی وەک ئاوێنەی دەدرەوشێ."
دایکم دەڵێ:"دەزانم خشتی سوور وەکوو زێری خاوێنیان دەکاتەوە، قەتم تڵتەی باینجانی بە تاقی نەکردۆتەوە!"
خاتو ئامین دەڵێ:"وەڵا بۆ ماڵە سەید ڕەحیمی هەر بە تڵتەی باینجانی خاوێنی دەکەمەوە. بەڵام دەبێ بۆ ماوەیەکی چاک دە تڵتەیان بگری."
دایکم دەڵێ:"جا منداڵەکان هەموو نانوچایان خواردۆ، سەماوەری بەردەستان دەکرێ بەتاڵ کەین. ئی میوانانیش لە سەرێیە، کەشەفەکانیش هەموو لەگەڵ سەماوەرەکەی لە تاقەکەی دان.
تەشت و ئافتاوەش هەر وا لە سەرێ لە ژووری پیاوانە، یا بۆخۆت یا ئامە گیان یەکێکتان بیانهێننە خوارێ هەرچی دەتەوێ لێیان پکەی، بیکە!"

دێدە لە حەسارێ بە خشت و بەردی ئاورگێکی دروست دەکا و ئاوری دەکاتەوە. هەتا پتوانن کێشتی لێنێن.
ئاوری ژێر ڕوبەکەی ئەهوەن بۆتەوە، ئەوچەل دەبێ لەسەرەخۆ بوکڵێ.
دایکم لە مدبەقێ دێتە دەرێ خەریکی گۆشت چا کردنو گیاوگۆڵ و ئەوەی دەبن.

###

دەنگی کەڵەبابەکان لە لای مەیدانی مەنگوڕانڕا دێ.
لە خوارێش وەکوو هەموو ڕۆژێ دەنگی دایکم و جیرە جیری دەرکەی کوچەی لەگەڵ هاتوچۆیەکی زۆر لە حەسارێ دێ.

دێدە و خات خاتون دەچنە باغی گەڵا شۆرابی لێ کەنەوە. دێدە قەولی پێداوم ئەمنیش لەگەڵ خۆی بەرێ.
هەر لە خەوێ هەڵدەستم بە پەلە پەل دەچمە خوارێ لە دایکم دەپرسم:"دێدە چۆ بۆ باغی؟"
دایکم دەڵێ:"بۆ دەنا شێت بۆ؟ باغی چی بەو بەیانەی؟ ئەوە بۆ وەکوو جندۆکەی دیسان ڕاست بوویەوە؟"

دەچمە ژووری تەختەبەندێ بەرماڵی بابم بە خۆمدا دەدەم و لە قونینچکێکی دادەنیشم.
ئەوەندەی پێ ناچێ بابم دێتەوە و لە باوەشم دەکا و لە کن خۆی دامدەنێ و دەڵێ:"بابۆڵەی پەنیرت دەوێ یا شیرێژوڕۆن، خانمە چکۆڵە؟ دەڵێی ڕاوەستە هەتا دایکت شیرکەی دەکوڵێنێ  پرێک شیری پخۆوە!"

جیرەی دەرکی حەسارێ دێ. دێدەیە! ئەمن لە خۆشیان هەڵدێم بۆ لای.  لاقی لەباوەش دەکەم و دێینە ژوورێ.
بابم بە دێدەی دەڵێ:"لەگەڵ حەمەدەمینی دەڵێم کاکم بەرینە تارانێ بۆ سەر دوکتوری."
دێدە دەپرسێ:"کاکم دەڵێ چی؟"
بابم پێی‌دەڵێ:"ئێستا پێمنەکوتۆ."

خات خاتون کە دەگاتە جێ، دێدە دەڵێ هەتا ڕۆژمان لێ درەنگ نەبۆ بایرۆین.

بە چوارچرایەدا دەچینە خوارێ بەرەو پردێ دەچین.
بێستانێکی زۆر لەو دەور وبەرەیە.
جاروبارە دەنگی حاجیلەگلەگەکانی گوێی چۆمی دێ. جاری واشە دەنگیان لەگەڵ قرەقری بۆقان و کورەکوری ماران تێکەڵ دەبێ.

ئەو باغە زۆر گەورەیە لایەکێشی بێستانە.
لێرەش کابرای بێستانچی دێدەی دەناسێ. لە قسان ژنی بێستانچێکەی ئاشنای ئامۆژنە مەلازادەیە و نێوی خات ناسکێیە.
بێستانچێکە پێمان‌دەڵێ:"ماڵە خۆتانە بە کەیفی خۆتان لێ پکەنەوە، چاشوو بۆ ساز دەکەین دەبێ چایێکیشمان لەگەڵ پخۆن."
لە دێدەی فێر بووم چۆن گەڵای جوان‌وساغ و ناسك لێ پکەمەوە. ئەمنیش یاردیدەیان دەدەم.
خات خاتون دوو بەرهەڵبێنەی پێیە، یەکێك پۆخۆی یەکێکیش بۆ ماڵە مە. ئەوەندە گەڵای لێ دەکەینەوە کە بە زەحمەت بەرهەڵبێنەکان گرێ دەدرێن.
لە بێستانیش پرێك خرچە و ترێزوو و هاروێی دەکڕین. خات ناسکێ چایەکی زۆر خۆشی بە چرپی‌وچاڵان لێ‌ناوە، دەچینە بن چارداغەکەی بۆ چا خواردنەوەی.

لە ماڵێ ئێستا بابم لە بازاڕی نەهاتۆتەوە بەڵام دایکم  و خاتو ئامین نان‌وکێشتیان حازر کردۆ لەگەڵ سووزمەیەک گیاوگۆڵ.
دێدە دەڵی:"سەیزادە ئەمن ئەوە دەچم دەزنوێژێ دەشۆم نوێژەکەم دەکەم، دوای نان‌وچای دادەنیشم دەست پێ دەکەم."
دایکم دەڵێ:"کووپەکانیش خاتو ئامین شوشتوونی لەبەر تاوێ دایناون، دەبێ جوان زرینگابێنەوە.
ئامینەش لەبەر ئەوەی نانیان دەکرد، بەیانی پێی نەکراوە بێ پاش‌نوێژێ دێ. ئەویش جوان و جحێڵە با خوێیەکەی لە دەستار کا.
بۆخۆشم دوای ئەوەی نان‌وچا کۆ کراوە و قاپ‌وقاچاغ شۆرا، دێمە بەری مەیدانێ!"

دێدە کووپەیەکی دێنێتە بەردەستان و لەگەڵ خات خاتونی دەست دەکەن بە قونچك لێ کردنەوە و هەموو جارێش گەڵاکەی بە لای ناحەزیدا دادەنێن تۆزێک خوێی پێ دادەکەن دوایە گەڵایەکی دی لە سەر دادەنێن هەتا بەستەیەك گەڵای قونچك لێ کراوەی خوێ پێ داکراو لەبەر دەستیان هەڵدەچندرێ، دوایە دێدە هەڵدەستێ بە ئەسپایی، ئەو جورەی کە خوێی سەر گەڵاکان نەڕژی، لە کووپەکەی دەنێ.

دێدە دەڵی:"کوێشتیر! وەرە، ئەتۆ دەزانی چۆن قونچکان بگری، وەرە دانیشە، قونچکم بۆ بگرە!"

ئەمیش دەڵێم:"نا! پێمخۆشە خوێی پێ داکەم وەکوو تۆ."

دێدە دەڵی:"جا چاکە! وەرە ئەوەشت پێنیشان دەدەم، دەبێ وەك کابانێکی چاك هەموو شتێکی فێر بی."

جارجار خوێی بە گەڵای بەر دەستی دێدەیدا دەکەم، بەڵام زۆرتر هەر قونچکان دەگرم.

باجە ئامین دێ دادەنیشێتە سەر خوێ لە دەستار کردنێ. دایکیشم تەلیسێکی گەورەی خوێ بۆ داناوە.

دێدە دەڵێ:"جا ئەو هەمۆ خوێیە بە کێ دەخورێ؟"

دایکم دەڵێ:"لە خوێیەکەی پارهاوینێ ئەوەندە ماوە لە خوێدانانی کەین. بۆخۆت دەزانی ماشەڵڵا میوان زۆرە، ماڵ و منداڵە، لازم دەبێ."

دوای وەی گەڵا شۆرابی خۆمان دەگرن، دایکم دەڵێ:"ئەوە ئێوارێیە، خات خاتون گیان! بۆ گەڵاکەت هەر ئێستا جێبەجێ ناکەی؟ ئەمەش هەموو یاریدەت دەدەین، ئەوەندەی یەک و دوو خەلاسیت دێ. ئەو گەڵایەی ڕاگری هەتا سبەینێ هەمووی زەرد دەبێ لە کەڕەم دەکەوێ!"

دێدە دەڵێ:"ئەو ژنەی، ئەوە خوێشمان کرد و دەستە دەستەشمان کرد، چۆنی بەرێتەوە ماڵێ؟"

دایکم دەڵێ:"جا چۆن بابەکەم! ئەو هەمۆ کووپەمان هەیە، ماڵە مە لەگەڵ ماڵە کا حەمەدی هەر یەکە. دە کووپەیەکی دەنێین و جوانوقازاغ سەری دەبەستین!"

دێدە سەری رادەوەشێنێ و لە بنەوە پرتە پرتێکیش دەکا. بەڵام یاریدەی دایکم و خات خاتونێش هەر دەدا.

ژنەکان هەڵدەستن بە نۆرە نوێژی ئێواری دەکەن و دەچنەوە زگ کاروباریان و لە ئاخریدا حەسار و دەرکوبانی ئاوپرژێن دەکەن و دەیماڵن. دوایەش یەکی سەرو چایەکی هەر لە حەسارێ دەخۆن. دایکم پێیاندەڵێ دوو سبەی بێن بۆ شیوێ.

دێدە دەڵێ:"خودا بە قوربانی ڕۆژی هاوینێم کا! ئەگەر بەیانی بابت بمرێ هەتا ئێوارێ لە بیرتنامێنێ!"

###

ئەورۆ ڕۆژی شیوێیە. خاتو ئامین لێرەیە.
خات مرێم و خات خاتون و باجە ئامین هەرسێکیان، هاتوون. دێدە خۆش خۆش ئاوی گەرمیان لە مدبەقێرا بۆ دێنێ.
لە سەر ئاورگی مدبەقێ دێدە و دایکم مەنجەڵێکی گەورەیان داناوە، پریان کردۆ لە ئاو و ئاوریان وە بەر داوە.
سێ سوێنەش لە حەسارێ نزیك دەرکی مدبەقێ ڕێز کراون. قونبێنکەیان بۆ هەموان داناوە. سێ سابوونی بابولیش لە سەر مەجوعمەیەکی گەورە لە تەنیشت سوێنەکان داندراون.
ژنەکان کە دێن، خات مرێم لە سەرەوە دادەنیشێ و خات خاتون لە نێوەراستێ و باجە ئامین لە ئاخری.
دێدە ئاوی گەرم و ساردی بۆ هێناون. لە پێشدا خات مرێم ئاوی بۆ تێدەکرێ.
خات مرێم کوتە لیباسێکی لە کۆمایەکی گەورەی شیوی سپی هەڵدەگرێ، کراسی بابمە! دەیکاتە سەراراو. دوای وەی جوان جوان سابوونی لێدەدا و دەیشوا و دەیکوشێ و دەیدا بە خات خاتونێ. دێدە ئاوی سارد و گەرم لە سوێنەی خات خاتونێ دەکا. ئەویش دەس دەکا بە شوشتنی کراسەکەی بابم، هێندەی پێ ناچێ،
دەڵێ:"ئەو کراسە خاوێن بۆتەوە، سەراراوەکەم ڕوون ڕوونە!"
لە جیاتی ئەوەی بیدا بە باجە ئامینێ، کراسەکەی لە سەر مەجوعمەکەی دادەنێ، ڕادەوەستێ هەتا خات مرێم کوتە لیباسێکی دیکەی بداتێ.
هەر بەو جورەی، خات مرێم دەستی پێدەکا، دەیدا بە خات خاتونێ لە ئاخریشدا دەدرێ بە باجە ئامینێ.
زۆر جاران کوتە لیباسێکی سێ کەس شوشتبێتی، خاوێن بۆتەوە. ئەگە باجە ئامین بڵێ ئێستا شوشتنی ماوە، خات مرێم سەراراوێکی تازەی بۆ دەگرێتەوە.
ژنەکان شیوێ دەکەن و قسەی خۆشو نەقڵونەزیران دەگێرنەوە هەتا لە شیوەکەی دەبنەوە. لەو نێوەشدا دێدە و دایکم بەرە بەرە چا و ئاو و دۆی ساردیان بۆ دێنن.
هاوینان بابم بەفری دەکڕێ و دایکم لە حەوزخانەکەی بە جلوملی دایدەپۆشێ هەتا زوو نەتوێتەوە.

دایکم و دێدە لە مدبەقێ خەریکی کێشت لێنانێن. ئەمەش لە حەسارێ لە بن دارەکان قومارێ دەکەین.

بەرە بەرە شیوەکە کە دەشۆرێ، خاتو ئامین هەڵیدەگرێ دەیبا لە حەوزخانەی بە ئاوێیدا دەدا. دوایە لە حەسارێ لەسەر تەنافی هەڵیان دەخا و چ بای بێ چ بای نەیا گیرەیان لێ دەدا.

تەنافەکان دوور ودرێژن و ئەو سەر و ئەو سەری حەساریان داگرتۆ بەڵام شیوەکەش زۆرە. ئەوەندەیە تاو وبانێکی زۆر خۆشە شیوەکە زوو ئێشک دەبێتەوە.

دێدە لەبەر دەرکەی مدبەقێ دادەنیشێ و دەڵێ:"ئەوە سوێم دەبێتەوە بۆ سیغارێکی!"
دەست دەبا بۆ گیرفانی کەواکەی، لە بیری نابێ کەواکەی لە گەرمان داکەندۆ و لە ژووری تەختەبەندێ بە جێی هێشتۆ.
دەڵێ:"کوێشتیر هەڕاکە! باپیرم دەس بدە کەواکەم، بۆم بێنە با سیغارێکی پکێشم."
ئەمنیش بە پەلە پەل هەڵدێم دەچم بۆی دێنم.

قوتۆ سیغاری دێدەی وەک ئی کا حەمەدی وەرشەوە. هەر دووکیشیان سیغاری خۆیان هەڵدەبەستن و دەڵێن جغارەیەی کوردیان پێ چاکترە لە سیغاری هەڵبەستراو. دێدە و کا حەمەد باش دەزانن فەڕقی تووتنی چاکوخەراپ چێ،
بۆ وەی "زەمانی کوردیەت" بۆخۆمان کارخانەی تووتنمان هەبۆ و هەموو ژنەکان هەمیشە یادی مامعەزیزی تووتنکوت بە خێردەکەن و دەڵێن ئەگە خۆشێکیان لە خۆیان دیتبێ هەر لەو سەردەمە کورتەی جمهوری کوردستاندا بۆ.

هەموو تەنافەکان پڕ دەبن لە لیباسی هەڵخستراو. شنە بایەکی زۆر هێدی حەسارەکەی پڕ کردۆ لە بۆنی خۆش و خاوێنی جلی شۆراو.
دایکم بە مە دەڵێ:"ئەوەندە بە ژێر تەنافەکاندا مەیەن و مەچن هەتا شیوەکە ئیشك دەبێتەوە، بڕۆن لە لای دارە تۆکە قومارێ پکەن یا بڕۆنە ژوورێ ئێستا بابیشتان دێتەوە!"
ژنەکان دوو سێ کوت شیوی بۆریان ماوە بیشۆن دەنا هەموو شیوە سپێکەشۆراوە.
دایکم دەڵێ:"ئامینە گیان! هەستە بەقوربان، ئەوەی هەڵبرینگاوە لێی کەوە، بیبە سە رێ، قەدیان کە! با جێ بکرێتەوە بۆ ئەو چەند کوتەی خاتو ئامین بە ئاوێیان دادەدا."

لە دوای نانوچای، شیوی ئیشك قەد دەکرێ و هەڵدەگیرێ. باجە ئامین هەموو مەلافەکان بە جوێ لە بوخچەیەکی دەنێ هەتا سبەینێ بۆخۆی دێ و لە لێفەکانیان دەگرێتەوە.
دە دوازدە لێفە دەبێ هەمووی بە دەرزی ودەزووی تێ بگیرێتەوە. دێدە دەڵی دێتە یارمەتی باجە ئامینێ بۆ وەی ئەو هەمۆ دروومانە بە تاقە کەسێکی ناکرێ.

ئێوارێ دایکم و دێدە دەچن سەری مامم بدەن.
باجە ئامین دەچێتەوە ماڵێ.
خاتو ئامین لەگەڵمان نایا، ئاگای لە ماڵێ دەبێ.
خات مرێم و خات خاتونیش دەڵێن هەر وا قەنەکێشێکی دێن سەری مامم دەدەن و جا لەوێرا دەڕۆن.
دەروێش حەمەد و خات مرێم جیرانی ماڵە مامە حەمەدەمینین. خات خاتون لە گەڕەکی هەرمەنیانە.

باجە خەجیج و کوبیش دێنە ماڵە مامە قادری.
ژنەکان باسی خوازبێنی کردنێ بۆ کاکم دەکەن.

مامم دەڵێ:"بە عەلیم کوتۆ ئەگە مەسعود ئەوەندە ئەو کچەی خۆش دەوێ چارە نیێ هەرچیش ئەمە پێمان چاك نەبێ فایدەی نیێ، ژن هێنان بۆخۆی کارێکی هەڵەیە، چ بگا بە وەی ژنێکیش بێنی کە بە دڵت نەبێ!"
دایکم دەڵێ:"کاکە گیان! تکا لە تکاخانەی پراوە، هەرچی ئەتۆ بڵێی ئەمە لەگەڵ ئەو کورەمان کردۆ، دەست بەردار نیێ.
سەید حەمەدەمینیش، خودا دەوامی عومری بدا، لەگەڵ عەزیز و گوێدێران، دەڵێ هەرچی لە تاقەتیدا بێ دەیکا، یاریدەمان دەدا بە ڕوو سوور و سەربڵیندی ئەو بووکەی جێبەجێ کەین."
مامم دەڵێ:"زۆر چاکە! ئەوە ئەمنیش ئاوا دە جێی دام، دەنا براژن گیان! هەرچی لە دەست منیش دێ تکایە پێم بڵێ، مەسعود و حەسەن بۆ من هەر یەکن."
دایکم دەڵێ:"خودا شەفات بدا ئیشەڵا! خودا ئەو منداڵانەت لێ نەستێنێ، حەجت بە نسیب بێ، جا کوا کەنگێ ئەمن چاکەی ئەنگۆم پێ دەدرێتەوە، کاکە گیان!"
ژنەکان تێکرا باسی زێڕ و لێباس و مارەیی و ئەو جورە شتانە دەکەن.
مامم پشتی بە چەند سەنیرانەوە داوە و چاو لە کتێبێکی دەکا.

کاکە حەسەن دێتەوە. هێندە کەڵەگەتە دەبێ سەری دانەوێنێ هەتا لە دەرکەی دێتە ژووری. لەگەڵ هەموان سڵاو وچاکوخۆشی دەکا و یەکسەر دەچێ لەبەر پەنجەرەکەی دادەنیشێ.
باجە خەجیج دەڵێ:"بە قوربانی ئەو قەدوباڵایەت بم! ئەوە باسی ژنی مەسعودی دەکەین. بە حەقان بێ ئەتۆ گەورەتری دەبێ ئەوەڵێ ئەتۆ ژنێ بێنی، دوایە حوسێن و داویە مەسعود. ئەگەچی ئەوە وەپێشتان کەوتۆتەوە!"
کاکە حەسەن بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەمن؟ ئەمن تۆقی لەعنەتێ لە مل ناکەم، ژنی چی؟ مەسعودیش خۆی شێت کردۆ، منداڵە، ژنی بۆ چێ؟"
دایکم دەڵێ:"جا بە قوربانت بم کاکە حەسەن گیان! ئەتۆ پێی بڵێ بەڵکی بە قسەی تۆ پکا و دەست هەڵگرێ."
باجە خەجیج دەڵێ:"حەسەن گیان! ئەتۆ کچەکەت دیتۆ؟ جوانە؟ چۆنە؟"
کاکە حەسەن دەڵێ:"بەڵێ دیتوومە! جوانە، خەراپ نیێ، دەرسی پەرستاری دەخوێنێ، ماڵەکەیان لە سەرچۆمێ، براکانیشی دوکانی شیرنیفرۆشیان لە چوارچرایە هەیە."
دێدە ڕاناوەستێ دەڵێ:"کورە حەسەن، بابم! ئاخە کێیان پێ دەڵێن؟ نێوو نێوبانگیان چیێ؟ ئەوانە بۆ شانی نەوەی شێ حەسەنین؟"
کاکە حەسەن دەڵێ:"ئیشکاڵ لە وەی دانێ بابی کچەکەی نێو ونێوبانگی بە دەرەوە نیێ، یا وەکوو دێدە دەڵی لە دەرکی گەورە نیێ، ئیشکالەکەی ئەوەیە مەسعود زۆر منداڵە خۆی بە داوی ژنومنداڵیدا پکا!"
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە چ پکەم؟ خۆ ئەو خودایە لە ژووری سەرێ ئاگای لێیە، ئەمن پێمخۆش نیێ، مامیشت چنجروکی لە عاسمانێ دەدا، دەڵێ:'بە پووڵی من و بە قسەی من و بە ئیجازەی من ئەو ژنە نایاتە ئەو ماڵەی!'
مەسعودیش دەڵێ:'یا مەرگ یا موسەدیق!` دەڵێ:`بۆم نەهێنن خۆم دەکوژم.`
ئەوە ئەمنیش دەو نێوەیدا ماومەوە، وەی لە ڕۆڵ و وەی لە ڕۆلان!"
مامە حەمەدەمینیشت دەڵێ:"جەوان کەرە، براژن گیان! ئەوە هاتوو خۆی کوشت، دەڵێی چی؟' "

مامە قادر دەڵێ:"جا حەمەدەمین ڕاستدەکا، جەوان کەرە! لە بیرتانە کچی جوانوجحێڵی ماڵە قازی، دەزگیرانی دوکتور شیرازی، لەسەر قایێکی کە وەختی خاوێن کردنەوە و تۆز تەکاندنێ لە دەستی دەشکێ، تریاکی خوارد و خۆی کوشت؟"
دێدە دەڵی:"گۆیا دایکی پێی دەڵێ چاکە! چاکە! دەڵێی مێردی بە کوری شای دەکەی، هۆشت لەخۆت نەماوە، ئەوە هیچ کوریشای نێ، شانی مەش نێ!
ژنەی پاژماڵەیان دەڵێ هەزار تانەیان لە ڕۆژێدا لە ماڵە کورە و کورەیان دەدا و بە شانی خۆیان نەدەزانی."
دێدە دەڵێ:"جا ئەوە باسی شانیش کرا، خۆ ئەشهەدوو ئەو کچەش بە بابێوە ڕێێ ناکەوێ بیپێتە بووکی ماڵە شێخ حەسەنی، کوا؟ کێ ڕێی دەکەوێ؟"
مامە قادر دەڵێ:"ئەو قسە بێتامانە چێ؟ کوا دەورەی ئەو قسانە ماوە؟ ئەوە شانی منە، ئەوە شانی تۆیە، ئەو زەمانە نەماوە!"
دایکم دەڵێ:"خۆ وەڵاهی کاکە گیان! ئەمن شتی وام مەنزور نێ. هەمووومان هەر بەندەی خودایەکین. کەس لە کەس زۆرتر نێ."

کاکە حەسەن دەڵێ:"کەنگێ ئیشەڵا شایێ، ئامۆژن؟"
دایکم دەڵێ:"دوو ڕۆژی دی بابەکەم! قەرارە هەر ژنەکان بۆخۆمان پچینە خوازبێنی کردنێ."
دێدەش پێدەکەنێ دەڵێ:"ئەوە کچوکوریش بۆخۆیان قسەیان بریوەتەوە، لەسەر کەس ڕانەوەستاون!"
ئامۆژنە مەلازادە دەڵێ:"زەمانە چۆن گۆڕاوە، دەورەی مە خەڵک لە سەربان و کۆڵان و سەر کوچە و ئەوەی خۆیان تاقەت دەکرد هەتا چاویان بە کچێ کەوتبایە."
کاکە حەسەن دەڵێ:"بە داخەوە ئێستاش کۆنەپەرستی زۆرە بەڵام مەسعود چونکە لەگەڵ براکانی کچەی ڕەفیقە و هاتوچۆی دوکان و ماڵێیان دەکا، لە نزیکەوە دیتوویەتی."
قەراری هەموان دەکەوێتە ڕۆژی پێنجشەمۆیە لە ماڵە مە، دوای نانوچای نیوەڕۆیە.

###

ئەورۆ نانوچا هەر لە گۆڕێیە باجە خەجیج دێ بۆ وەی لەگەڵ بابم قسان پکا.
بابم دەڵێ:"قسەی من هەر یەکێکە و نابێ بە دوو! دنیاش خەرابێ ئەمن خۆ دەو کارەی ناگەیێنم، مەسعود ئەگە بە قسەی من بێ`هەتاوی`دێنێ، کاری بانکێش کاری چاکە، ئەوە دیپلۆمەکەشی لە تەورێزێ وەرگرتۆ، بێ دابنیشێ، ژنیشی دەبێ و مالیشی دەبێ!"
باجە جەجیج دەڵێ:"جا مامە گیان! خۆ وە نەبێ نەزانێ یا پێی نەکوترابێ، بێجگە لە هەتاوێش دوو هەزار کچ هەر کچمان بۆ هەلداوە، ددانمان لە زاریدا نەماوە ئەوەندەی پێی بڵێین. بە دەردی ئامۆژنم کوتەنی دەڵێ`یان مەرگ یان موسەدیق!' "
بابم نێوچاوانی تێك دەنێ دەڵێ:"جا زۆر چاکە، کوری من نێ، ئەمنیش هیچ کارم بە کاری نەداوە، بڕوا هەرچی دەیکا با بیکا!"
باجە خەجیج دەڵێ:"ئاخە مامە گیان! لەبەر قسەوباسی خەڵکی کوا حیسان

دەتوانێ خۆی بێعەلاوە پکا؟ ئاپرووومان لە نێو ئەو شارەیدا دەچێ، خەڵك چی چاکمان پێ ناڵێ!"
بابم قەڵس دەبێ دەڵێ:"خەجیج بێفایدەیە، قسەی لێ مەکە! هەمووتان دەزانن جوابی من چێ."

هێندەی پێ ناچێ ژنەکانی دیش دەگەنە جێ.
ئامۆژنە مەلازادە و ئامۆژنە کەژاڵ و باجە مریەم و باجە خەجیج و دێدە و دایکم هەموو لیباسی جوانیان لە بەر کردۆ،
خات خاتونیش دێ هەتا چاوێکی بەسەر من و فازلێوە بێ. خاتو ئامینیش چاوەدێری ماڵێ دەکا.
هەموو بە ئیشەڵا و ماشەڵا کوتن و دۆعا کردن وە ڕێ دەکەوین. دێدە دەستی من دەگرێ خات خاتون فازلی لە کۆڵ دەکا.
دایکم دەڵێ:"جیرانی ماڵە `کاکمحێدین`ن. بۆ وەی بە نێو بازاڕیدا نەڕۆین هەر بە مە یدانی ئاسینگەراندا شۆڕببینەوە، بۆ لای چوارچرایە پچین. بە قەراغ چۆمیدا پڕۆین."
دێدە دەڵێ:"ئەیەڕۆ، جا بۆ وەکوو ژنە سەرتاشراوی هەموو ئەو شارەی پکەین، هەر بە کوچەی پووتیدا دادەگەڕێین دەچینە کوچەی مزگەوتی سوور، بە وێدا دەڕۆین نزیکترە."
باجە خەجیج دەڵێ:"بە کوچەی جوولەکانیشدا دەکرێ پڕۆینە خوارێ هەر وەکوو کونی کەی وایە، دەکەوێتەوە سەر کوچەی مزگەوتیسوور."
دێدە دەڵی:"ئەوە لە هەمووی باشترە، بەنێو دوکانوبازاڕیشدا ناڕۆین."

لە مەیدانی ئاسینگەرانڕا دەڕۆین بۆ دەستی ڕاست، کوچەیەکی هەوراز و لێژە، هەر دەچینە خوارێ عەکاسخانەی کریستاڵ دیارە. کاکم و باجە زبێد هێناویانم لێرە عەکسیان کێشاوم. بەرەو ژوورتر کوچەی جوولەکانە، مەدرەسەی جەفعەریش، هەر دەو کوچەیدا.

خات خاتون دەڵێ:"ئەرێ دەڵێن ماڵە جوولەکان هەمووی بەسەر یەکەوە کونی تێ دەکەن بۆ وەی ئاگایان لە یەکتری بێ!"
دێدە دەڵێ:"ئێستا وەکوو جاران نەماوە. ئەو دەمی ئەمن جحێڵ بووم زۆر شتی خەراپم دەبیست، بیستوومە موسوڵمان، پەرژینێکی قایم بێ، لە قەبرێدا، داریان لە قوونی مردووی جوولەکە پڕیوە!"
دوو سێیەك لە ژنەکان دەڵێن:"بەدبەخت نەخۆم!"
دێدە دەڵی:"ئەیەڕۆ، ئەدی نەقلی دوو پیاوە جوولەکەکانم بۆ نەکردوون کە دوو سێ ڕۆژ دوای ئەوەی مردوویان لێ دەمرێ دەچنە سەرقەبران؟ لە دوورەوە یەکێك لە پیاوەکان دە ڵێ:'تەماشای، نوورەی لێ!` یانی نوور لە قەبرەکەی هەڵدەستێ. ئەوی دیکە دەڵێ:'نا! شاپڵیتە دەر قوونەی لێ، کاری موسوڵمانە حیزودزەی لێ!`"
ژنەکان هەموو پێدەکەنن.
ئەمنیش دەڵێم:"دێدە! شاپڵیتە یانی چی؟"
دەڵێ:"یانی دار، ڕۆڵە!"
دایکم دەڵێ:"ئەو خودایە نەبێ کەس نازانێ کێ چاکە، کێ خەراپە، نابێ چاو لە زاهیری خەڵکی پکەی،- نامەی ئەعمالی هەمووومان هەر ئەو خودایە بۆخۆی دەزانێ، بە جوولەکە و موسوڵمان بوون نێ."

چارشێوی باجە مرێمی لە عەرزی دەخشێ تۆزوخۆڵێکی زۆری بەپا کردۆ.

گەیشتووینە بەر دەرکی ماڵە بووکێ. دێدە لە دەرکەی دەدا. پیاوێك دێ دەرکەمان لێ دەکاتەوە. دەچینە نێو حەسارێکی چکۆڵە، دۆلاپچەیەکی ئاواڵە بەرامبەر بە دەرکەی دیارە. لەو دولاپچەیرا دوو سێ نەفەر بە نۆرە چاو لە مە دەکەن.
پیاوەکە سڵاو و چاكوخۆشیمان لەگەڵ دەکا و دەڵێ:"فەرموون بێرەدا!"
دوایە ئەمە دەباتە نێو حەسارێکی دیکە، ئەو حەسارە گوڵوداری تێدایە. چەند ژنیش هاتوونە بەرەوپیرمان.
لە چەند پلیکانان وە سەر دەکەوین هەتا دەگەینە نێو پێشخانەیەکی چکۆڵە. دەچینە نێو ژوورێکی و دادەنیشین و سڵاو و چاكوخۆشی دەست پێ دەکا. دوایە کچەکەیان، باجە زیێد، بە لیباسی عەجەمێوە چای بۆ هەموان دێنێ.
دایکم دەپرسێ :"ئەوە کچەکەیە، بابەکەم؟"
ژنێکی بە نێوەوە چوو کە لە نزیك دایکم دانیشتۆ دەڵێ:"بەڵێ، ئەوە زیێدە، قەرە واشی تۆیە!"
دایکم دەڵێ:"نا! عەزیزی مەیە!"
تاوێکی چاک ژنەکان باسی شایی و زێڕ و لیباس و مارەیی دەکەن.
باجە زیێد ئەمن لەگەڵ خۆی دەباتە سەرێ نێو ژووری خۆی. لە وێ پرچەکانم دەکاتەوە و سەرم بە شانەیەکی جوان دادێنێ و بە پەڕۆیەکی دەیبەستێ دوایەش دەمباتەوە خوارێ.
دایکم کە چاوی بە من دەکەوێ، نێوچاوانی تێك دەنێ بەڵام هیچ ناڵێ.

لە ماڵێ، کاکم چاوەڕوانی ژنەکانە.
کە چووینە ژوورێ هەر کەس شتێکی بۆ گێراوە.
باجە خەجیج کوتی:"وەڵاهی مەسعود گیان! بووک زۆر خوێنشیرن، دەستولاق جوان!"
ئامۆژنە کەژاڵ کوتی:"سپیلکەڵە و بە ئیحترام، خودا هەڵناگرێ!"
دایکم دەڵێ:"ئەمن ئەوەندەم پێ پەسند بوو کە دایك و خوشکی دەستیان کرد بە باسی زێڕ و جل و مارەیی، خوشکی گەورەی بە منی کوت زیێد بۆخۆی دەڵێ:'مارەیی پەنابادێك، زێڕوجلیشم ناوێ!'
ئەمن ئەوەم زۆر وە بەر دڵی کەوت. دەنا ئەگە بڵێی هەتا خودا حەزێ پکا پێمناخۆش بوو کە بە بێ ئیجازەی من هەموو پرچ و شتی نەفیسەی، ئەوەتا تەماشای کە، کردۆتەوە و بەڕەڵای کردۆ."
دێدە بە پێکەنینەوە دەڵێ:"جا ژنەکێ! یاخوڵا عەیبی گەورەی هەر ئەوە بێ، ئەوە هیچ نێ."
ئامۆژنە کەژاڵ دەڵێ:"بە خولای هەر مەبارەکی دەوێ، بابم! یاخوڵا مەبارەکتان بێ، پێکەوە پیروخەرۆبن، خۆشبەخت بن، سورەتی زاهیر زۆر عاقڵە، زۆر بە قەدر و حورمەت بوو لەگەڵمان، ئیدی فەقیرە ئەویش منداڵە خۆ سەرسپی نێ، بەڵام دایک و خوشکەکانی هەرچی کوتیان هەر باسی مارەیی و زێڕ وجلی بوو، کچەکە بۆخۆی زۆر ژیکەڵەیە جا چوزانم!"

ژنەکان زۆریان نوێژی شێوانیان کرد جا بەرەو ماڵ بوونەوە.

خوازبێنی کردن خەلاس بۆ ئەوچەل مارەکردن دێتە گۆڕێ. بابم دەڵێ نە دەچێ نە قسەی لێ دەکا.

###

دیارە بابم خۆی لە کاری ئەو ژنهێنانەی ماندوو ناکا.
دەمێنێتەوە دایکم. ئەویش زێری خۆی دەفرۆشێ هەتا خەرجی شاییەکەی بدا.
مامە حەمەدەمین هەموو ڕۆژی دێتە ماڵە مە هەتا لەگەڵ دێدە و دایکم باسی کار و بەرێوە بردنی شاییەکەی پکەن.
ئەوڕۆ هەرسێکیان زۆر قەڵس وناڕەحەتن.
دایکم دەگری و دەڵێ:"جا ئەمن قوری کوێ بە سەرداکەم، چاکە؟ ئەمە بە هەمووومان ئەوە خەریکین ئەو کارەی هەرچی زووتر بە بێ ئاپرووچوون ڕاپەڕێنین، ئەو دووکەرانەش هەر کارەکەی گوواویتر دەکەن!
لە قسان بووك کوتویەتی لیباسی کوردی هەر ناوێ. بۆ وەی چ لەتارانێ چ لە سابڵاغێ هەمیشە لیباسی عەجەمی لەبەر دایە."
دێدە دەڵی:"جا لە تارانێ هەرچی دەیکا با بیکا، هەرچی لەبەر دەکا ناکا، بە مە چی؟ قەباحەتەکە لە وەی دایە بە مەسعودی کوتۆ جلی بووکێنیشی دەبێ  هەر عەجەمی بێ."
کاکم و کەس‌وکاری بووکێ لە قسان حەول دەدەن لێی حاڵی کەن بۆ دەبێ لیباسی عەجەمی لەبەر نەکا بەڵام فایدەی نابێ. بیکوتە بیکوتە هەر ئەوەیە دیووتە!
بابم دەڵێ:"ئەوەی ئاوی تارانێی خواردەوە بە کار نایا، ژنێکی دەرسی خوێند، بۆ بە کار دێ؟ بۆ بۆ ژن دەبێ؟ ئەوە تاران لە زاری ڕیاوە!"

دێدە دەڵێ:"دارێکمان پێیە هەردووک سەری گواوێ، لە لایەکی نەوەی شێ حەسەنی نابێ بووکی بەو دەستورەی بگوێزێتەوە، لە لایەکی دیش بووک کورد و خەڵکی سابڵاغێ مانی بۆ لیباسی عەجەمی گرتۆ، جا وەرە ئەو کەرەی لەو قورەی دەرهێنە!"

مامە حەمەدەمین و دێدە دەڵێن:"هیچ عیلاجمان نێ دەبێ غەیرەی بانگ نەکەین و بە تاریکیش بە بێدەنگی دوو سێ ماشێنان بنێرین بووکەکەی سوار کەن و بیهێنن دایبنێن."

کاکم بە دایکم و ئامۆژنە  کەژاڵی دەڵێ:"زبێد لیباسی بووکی مزداڵ خانمێ وەردەگرێ چونکە کەسی دی ناناسین بە ڕەسمی عەجەمی شاییان کرد بێ، دوو کچی چکۆڵەش لەوبەر وئەوبەری ڕادەوەستن و داوێنی کراسەکەی دەگرن. دەڵێم نەفیسە و وەنەوشەی بەرم بۆ کن خەیاتی، دەبێ کراسی سپیان بۆ بە دروون دەم."
دایکم دەڵێ:"ئەو نەزمونیزامانە ئی کوردەواری نێ، بە من بێ، لە لیباسی کوردی جوانتر لیباس نێ لە ڕێورەسمی کوردی جوانتر بۆ شایی کردن، هیچ ڕێورەسمێک نێ.

ئەنگۆش ئەوە ئاوا خۆتان کەر کردۆ، کێ لە پێشەوە دەبێ، کێ لە پشتەوە دەبێ کەیفی خۆتانە!"
ئامۆژنە کەژاڵ دەڵێ:"وەنەوشە، با داوێنی بووکێ بگرێ، دە جا چ بوو؟"

کاکم دەستمان دەگرێ بە مەیدانی ئاسینگەراندا دەمانباتە خوارێ هەتا نزیك دەواخانەی مەولەوی. لە وێ دەچینە نێو دوکانێکی چکۆڵە، خەیاتەکەی ژنە. بووکیش لە وێیە لەگەڵ ژنەکەی قسان دەکا. ژنەکە لە پێشدا ئەمن دەباتە پشت پەردەیە کی کە لە نێو ژوورەکەی بە شریتی گرتوویەتەوە. ئاوێنەیەکی گەورەشی لە پشت پەردە کەی داناوە. ئەندازەکان لە کاغەزێکی دەنووسێ. دوایەش نۆرەی وەنەوشەی دێ.
ژنە خەیاتەکە لیباسی عەجەمی لەبەر دایە بەڵام بە کوردی قسان دەکا.
باجە زیێدیش لیباسێکی ڕەش و زەردی لەبەر کردۆ. گۆرەوی سپی هەتا گوێزینگی لاقی دێ. کەوشێکی ڕەشی تەختیشی لە پێدا.

دوای ئەوەی کاری مە لە خەیاتێ خەلاسی دێ، دەمانبەن بۆ دوکانی برای بووکێ، لەوێ لە سەر سەندەڵیان دامان دەنێن، بەستەنیمان دەدەنێ. بۆخۆشیان دەستدەکەن بە قسە کردن و بەستەنی خواردنێ.
برای بووکێ بە کاکم دەڵێ دوو ڕۆژی دیکە دەچنە کانی شێخان، خۆی حازر کا.

بۆ مارە کردنێ، بابم ناچێ. مامە قادر نەخۆشە ناتوانێ بچێ، مامە حەمەدەمین چەند پیاوی خزمی نزیکی خۆمان بانگێشتن دەکا و لەگەڵ خۆی دەیانبا.
خەبەری وەی کە شاییەکە موختەسەر و بێدەنگ دەگیرێ هەتا خەڵک بووکی بە لیباسی عەجەمێوە نەبینن، دەگاتە ماڵە بووکێ و زۆریان پێ ناخۆش دەبێ.
دێدە دەڵێ:"ئەمەش قەت بە هەویای وەی نەبووین بە دزی! بۆ کوری گەورەمان ژنێ بێنین. پێمانوا بوو حەوت شەو وڕۆژان نانی دەدەین. نیشانە کردن و جل هەڵگرتن و شیرنی خواردن و خەنەبەندان  و سێ ڕۆژانەی بۆ دەگرین.
خەتای مەیە خانم بە لیباسی عەجەمی دەیەوێ مێردی بە نەوەی شێ حەسەنی پکا!؟ خوڵا دەزانێ ئابڕوومان بە چڵوکی دارانیشەوە نامێنێ. ئەها! ئەوە ئەمن مردووا! ئەنگۆ زیندووا! بزانە چۆن هەر چی هەستا باسی مە دەکا."

باجە زارای کچی کا حەمەدی دێ خەبەرێ دێنێ دەڵێ:"کچێ! سەرگەردان خۆم! دەڵێن سەید مەسعود و دەزگیرانەکەیان دیتوون بە دووچەرخەی لە شاری چوونە دەر!"
دایکم زۆر لە هەمیشە  قەڵسترە. شریخە شریخی وەکوو هەوری بەهارێ، ماڵەکەی داگرتۆ. دێدە پرێکی بە سەر دەڕوا.
دەڵێ:"هێندەی نەماوە بە هەر جورێکی بێ با کارەکەیان جێبەجێ بێ پرۆن دەنا ئەو  کچە بەو جورەی سەری هەموان بە فەتەڕات دەدا، حەیای بۆ کەس لەو خانەوادەیدا ناهێڵی!"

دایکم بە کاکم دەڵێ خەڵک کوتوویانە ئەتۆ و زیێد بە سواری دووچەرخەی لە شاری وە دەر کەوتوون.
کاکم زۆر ڕقی هەڵدەستێ و دەڵێ:"چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەمن و زیێد و هەردووک براکانی بە چوار دووچەرخان چووینە کانی شێخان، چۆن هەر ئەمن و زیێدیان دیتۆ!؟"

دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! ئێرە سابڵاغە، خەڵک دەتانناسن، بە سواری دووچەرخەی لەگەڵ کچێکی وەلەو دەزگیرانت بێ یا برای خۆشی لەگەڵ بێ کارێکی ناشایەدە، چوونە حەمام پێکەوە وەلەو هەرکەس پچێ لە نێو نمرەی خۆیەوە، کاری نەبیستۆ."

دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! ڕەسمی مە ئەوەیە بۆ گێژنان یا جاروبارە بۆ سەر لێ دان کورەکە دەچێتە ماڵە بابی دەزگیرانەکەی، لە کن دایک و باب و کەس‌وکاری زێڕ یا لیباس یا سەعاتی بۆ گێژنانە بۆ دەبا، قەنەکێشیکی لە وێ دەبێ و دەڕواتەوە ماڵە خۆی. کە هێناشت، بۆ کوێ دەچی، چ دەکەی کەیفی خۆتە، ئەوە ئێستا نەگوێزاوەتەوە ئەو کارانە هەموو قەباحەتن. لاقت خوار دانێی، خەڵک زارت لێ دادەپچڕێ."

###

عەبە داشقەیەکی پڕ لەدەوەی هێناوە خەریکە لە کوچەی دایان‌دەنێ.

دێدە و باجە ئامین و مرێم خانمی خوشکی لێرەن بۆ یاریدەدانێ.

عەولای کوڕی خاتو ئامینێ لەگەڵ کاکە عوسمان و جەفعەر و کوبیش کێشەوەی دەکەن بۆ تەویلەی. لە وێش دێدە دەوەکان وەک دیواری هەڵدەچنێ، نێوەڕاستەکەشی بەتاڵ دەهێڵێتەوە. دەڵێ کشپەڵیان کە هێنا لەو نێوەی دەکەن. چونکە نانکەرەکە دەبێ دەستی بە هەردووکیان ڕابگا.

دێدە دەڵی:"کوێشتیر! ئەتۆ ئەوانەی شکاووپکاون بیان‌هێنە لەو قەراغەی دایان‌بنێ، بە جوێ هەڵیان دەچنم."

پێش نیوەڕۆیە خەلاسیمان دێ. هەموو دەست و دەروچاومان دەشۆین و لە حەسارێ دادەنیشین نان‌وچای پخۆین.

بابم لە بازاڕی دێتەوە پووڵی دەدا بە هەموو منداڵەکان و دەڵێ:"عەمە درێژ بن!"

دوای نان‌وچای باجە ئامینیش شووتی قاش قاش دەکا و دەمان‌داتێ. منداڵەکان، دوایە بڵاوەی دەکەن.

کوچە و حەسار و دەرک‌وبان و تەویلە و کارخانە هەمووی بە دەوە کێشانێ پیس بۆ. خاتو ئامین دەچێ بۆ ئاوپرژێن کردن و گەسک لێ‌دانیان.

باجە زارا و دایکم لەبن نیسێی دارەکان دانیشتوون باسی شیوی چۆمی دەکەن.

دایکم دەڵێ:"زارا گیان! لە بیرت نەچێ بە دایکت بڵێی دووسبەی بەیانی زوو بێ."

باجە زارا دەڵێ:"جا زۆر چاکە کچێ سەیدی! عەبە چ سەعاتێکی دێتە ئێرە؟"

دایکم دەڵێ:"پێم‌کوت شەشی بەیانی لەبەر دەرکەی بێ، جا ئەگە دایکیشت زوو بگاتە جێ لەگەڵ خات مرێم و خات گوڵێ بە داشقەی هەوەڵێ بە ڕێیان دەکەم. بۆخۆشم ڕادەوەستم هەتا سەیزادە خەجیج و ئامینە دەگەنە جێ."

باجە زارا دەڵێ:"سەیزادە خەجیجیش دێ؟"

دایکم دەڵێ:"دێدە و سەیزادە خەجیج خوری خۆیان و خوری مە لە گۆگرد دەدەن. هەردووکیان چاکی لێ دەزانن ئەمن جارێکی لە گۆگردم دا خورێکەم زەرد هەڵگەڕا."

باجە زارا دەڵێ:"ئەمنیش زۆرم پێخۆشە بێم، منداڵەکان بۆ محەمەدی بە جێ دێڵم بۆخۆشم دێم."
دایکم دەڵێ:" ئا؟ ئەمن قەت دڵم نایا پێت‌بڵێم لە بەر ئەوەی منداڵەکانت سەروپێچکەن، دەنا لە خودام دەوێ لەگەڵمان بێی."
باجە زارا دەڵێ:"کچێ سەیدی! محەمەد لە منیش چاکتر ئاگای لە منداڵەکان دەبێ، زۆر وا هەیە دایکم لە ماڵ نابێ، ئەمنیش کارم دەبێ دەچمە دەرێ، بۆخۆی وەک زێری دەیان‌حاوێنێتەوە و نان‌ومانیان دەداتێ و دەیان‌نوێنێ."
دایکم دەڵێ:"زارا گیان! لە نێو کوردیدا شتی وا کەمە، وەڵا زۆر چاکە
کاک محەمەد ئاوا یاریدەت دەدا، کوا لە نێو مەدا، بە ناشکوری ناڵێم، ژن سەری وە بن خۆی کەوێ پیاو ڕووی وێ نادا!
هەر دوور نەڕۆین ئاغاسەید چایەکیش بۆخۆی تێناکا، سەماوەر لە بەر دەستی!"
باجە زارا دەڵێ:"ناوەڵا محەمەد کێشتی بۆ بە جێ دێڵین، شۆرباوی زۆر چاک لێدەنێ. زۆر بە حەوسەلە و بەکاوەخۆیە، لەگەڵ منداڵانیش دەڵێی سەت منداڵی گەورە کردۆ."
دایکم دەڵێ:"ئەوە بابەکەم ڕوحمی ئەو خولایەیە لەگەڵ تۆ، دەنا لە نێو کوردیدا شتی وا هەر نەبۆ و نەبیستراوە!
پیاوی عەجەمیش وانێ، خانم! خانم! وە دووی ژنەکەی دەکەوێ، منداڵی بۆ هەڵدەگرێ، ساکی بۆ هەڵدەگرێ، ئەوە لەو شار و وڵاتانەی عەجەمان دەیان‌بینی."
باجە زارا پێدەکەنێ دەڵێ:"خۆ کچێ سەیدی! لە نێو ئاغاوەتی خەراپتریشە، منداڵان هەر نابینن هەتا تەواو گەورە دەبن!"
دایکم دەڵێ:"ئا!ئا! ڕۆڵە دەزانم، کاکە بابە شێخ دەگێڕێتەوە: ئاغایەک و کورە گەورەکەی بە سواری ئەسپی سەری موڵکوماشیان دەدا. دەگەنە سەرکانێکی دێنە خوارێ. ژن و منداڵێکی زۆر لە دەوروبەری وێ دەبن.
گۆیا ئاغا کچێکی زۆر جوان و خوێن‌شیرن دەبینێ، بە کوێخای دەڵێ:`چاو لەو کچەی کە! دەڵێی ماینی کەحلانێ، پەکوو! چەندە لەبار وجوانە، کوێخا! بزانە ئەوە کچی کێی پێ دەڵێن.`
کوێخا دەڵێ:`قوربان! جوانی و کارجوانی ئەو عافرەتەی لە وەیدا نێ، لە هەموو وڵاتێوە موشتەری هاتۆتە سەری نەیان‌داوە، ئەوە مێرێ خانە، کچی خۆتە، قوربان!`"
باجە زارا بە پێکەنینەوە دەڵێ:"دەنا ئاغا تەماحی خۆی تێکرد بووا!"

###

باجە ئامین بەیانی زوو لەگەڵ کاکە حەسەنی برای دەگاتە جێ.
دایکیشم حەمامەکەی ساز کردۆ، لیباس و شتی هەموو منداڵەکانی لە بوغچاندا بردۆتە نێو مدبەقەکەی.
لەبەر دەرکەی حەمامێش بەڕەیەکی ڕاخستۆ و کۆنە خاولێکی بەسەر داداوە.
دوای نانوچای دایکم لە پێشدا فازلی دەشوا، باجە ئامین بوغچەی فازلی دەکاتەوە و خاولێکەی دەداتە دەست دایکم. ئەویش لە خاولێکەی دەپێچێ دەیداتە دەست باجە ئامینێ. باجە ئامین ئیشکی دەکاتەوە و جلی خاوێنی لەبەر دەکا و دەیباتە بەرتاوێ.

جەفعەریش دایکم دەیشوا بەڵام کوڕەکانی دیکە یا لەگەڵ بابم دەچن بۆ حەمامێ یا وەکوو کاکە جەمیلی بۆخۆیان دەچن خۆیان دەشۆن.
دێدە و دایکم هەمیشە دەڵێن:"ڕۆڵە جەمیل گیان! ئەوە خۆ سابوونەکەت هەر پێوەیە، ئەدی ئاوت بە خۆتدا نەکرد؟"
یا دەڵێن پیاو نازانێ خۆی پشوا، هەر خۆیان پشیلە شۆر دەکەن و دێنە دەرێ!

نۆرەی من کە دێ، باجە ئامین لە پێشدا هەموو پرچەکانم دەکاتەوە، هەر دەڵێ:"ماشەڵا سەروپرچت چەند جوانە، چەند درێژە!"
دوایەش لە نێو حەمامەکەی دامردەنێ.
دایکم ڕووتم دەکاتەوە و دەست دەکا بە شوشتنی سەرم.
ئەگە دایکم کەیفی ساز بێ سرودی ئەی ڕەقیب و شیعر و گۆرانیمان بۆ دەڵێ، ئەگە کەیفیشی ساز نەبێ هەر دەڵێ:"ئەمن ئەگە سەرت دەشۆم جوڵە جوڵێ مەکە، خۆت مە کێشەوە، ئەی لەو کچەتیوەی! ئەوە بۆ هەر لە بەر دەستم لا دەچی؟"
ئەوڕۆ ڕۆژی گۆرانی و شیعر کوتنێیە. دوای وەی دایکم دەمرشوا، باجە ئامین پۆشتەم دەکاتەوە. پەرۆیەکیش لە سەروملم دەهاڵێنێ.

هەتا دایکم هەموومان دەشوا باجە ئامین هەر لە یاریدەیەتی. بە دوای وەیدا دەچێتە سەرێ هەتا هەرچی مەلافەیە دەریهێنێ و بەڕەومەڕان خڕ کاتەوە و بیانهێنێتە خوارێ.
دایکیشم هەر وا دێ و دەچێ و شتی وە بیر دێتەوە و دەیانهێنێ لە حەسارێ دایاندەنێ.

خاتو ئامین لە بەر منداڵەکانی ناتوانێ بێتە شیوی چۆمی، ئەو لە ماڵە مە دەبێ، هەتا چاوی لە دەرکەوبانی بێ و نانیش بدا بە بابم و کوڕەکان.
ئەوانەی لە ماڵێ دەمێننەوە کەبابی حەمەشەلی دەخۆن. ئەوانەی دەچنە پردی سوور، دایکم شۆرباویان بۆ لێدەنێ و باجە خەجیجیش قابڵەمەیەکی دوڵمە هەڵبەستۆ، دەیهێنێ لە وێ بیکوڵێنین.
تاو ئێستا ئاوا نەبۆ، ئەوەندە شتومەک لە حەسارێ بار کراوە، بابم دەڵێ:"هەر دیوارەکان ماون، ئەوانیش بەرن بیشۆن!"

مەنجەڵێک بۆ شۆرباو لێنانێ و یەکێک بۆ ئاوی گەرمی شیوێ؛ و  ئەسپۆن و سابوون و گۆگرد بۆ  خوری و پۆپەشمینەکان؛ و نان و گیاوگۆڵ و سفرە و نانی ڕەق بۆ تێکوشینێ؛ و کاڵەک و شووتی و چەقۆ و شەمچە و قاپوکەوچک و خوێدان، هەر وەکوو دێدە دەڵی دایکم سەری مار و مێروی داناوە بیبەین. هەر واش دێ و دەڕوا زۆرتر شتی وە بیر دێتەوە.

###

بەری بەیانی بە پەلە پەل هەڵدێمە حەسارێ.
دەنگی دێدەم گوێ لێیە لەگەڵ دایکم خەریکی شتومەکەکانی چۆمین.
هەڵدێم بۆلای،
دەڵێ:"ئەیەڕۆ، کوێشتیر! ئەوە بۆ وا زوو هەستاوی؟ سەرمات دەبێ، ئێستا تاو لە هیچ کوێی نەداوە!"
ئەمنیش هەروا کە بە دەورو بەریاندا دێم و دەچم، دەڵێم:"پێموابوو بە جێم دێڵن!"
دێدە دەڵێ:"نا! جا چۆن کاری وا دەکەین باپیرم! بە داشقەی هەوەڵێ بار و بارخانەکەی دەبەین، داشقەی دوایەش هەمووتان سوار دەکا و ئەگەریش شتومەک مابێ دایکت دەیهێنێ."

ئەمن دەڵێم بە داشقەی هەوەڵێ دێم، دەڵێ:"نابێ باپیرم! ئەمە دەچین ئاوری دەکەینەوە، ئاوی وە سەر دەنێین هەتا ئەنگۆ دێن. کە هاتن نانوچای لە بن کەپرەکەی دەخۆین. چاشوو بۆ حازر دەکەم."
عەبە پێش وەی وەڕێ کەوێ دەڵێ:"هەر ئەوەندەی یەک و دوو دێمەوە، سەیزادە خانم، حازربن!"
دایکم دەڵێ:"نیگەران مەبە، بابەکەم، حازرین!"

دێدە و ژنەکان ڕۆیشتوون. باجە خەجیج قابڵەمەی دۆڵمەی گەڵای و خوریوخاڵ و دوو سێ بەڕەومەڕەی لە پێش خۆیدا، بە پیاوەکەیاندا ناردۆ.

بەرە بەرە ژنەکان دەگەنە جێ و هەر لە حەسارێ دادەنیشن باجە خەجیج و کوبیش هاتوون.
بە دایکم دەڵێ:"ئامۆژن گیان! هیچمان لەبیر نەچێ، شەمچە و خوێ لەو شتانەن پیاو هەمیشە لە بیری دەچێ. بۆخۆم هەرتکیانم داناوە."
دایکم دەڵێ:"جا بۆ بابەکەم؟ بە من و بە خات گوڵێ و بە ئامینەی سەری مارومێرووومان تێک ناوە. پێموانێ هیچمان لە بیر چووبێ. مەزهەریش بە دووچەرخەی دێ ئەگە هاتو شتێکمان لازم بوو دەینێرینەوە نێو شاری."

عەبە بە خڕە خڕی داشقەکەی لەو لاپڕا دێتەوە. لە پێشدا هەرچی بارگەوبنەی ماوە، لە دوایەشدا منداڵەکان لە کۆشی گەورەکاندا دادەنێن.
دایکم بە خاتو ئامینێ دەڵێ:"خاتو ئامین گیان! ئەوە ماڵوحاڵ و منداڵ و هەمووتانم بە خودای ئەسپارد، وشیاربە، ئەمەش ئێوارێکی درەنگ دێینەوە."
داشقەی عەبەی لە بەر ماڵە خۆمان وە ڕێ دەکەوێ، نزیک دەرکەی قەیسەرێ، بە حاڵە حاڵ خۆی لە کوچە تەنگە چکۆڵەکەی بەرحەمامی نمرە دەخزێنێ.

حاجیلەگلەگەکان یەکیان لە سەر هێلانەکەیەتی، یەکیانیش وەک دێدە دەڵی چۆ بۆ ماسی و مار و مارمێلکە گرتنێ.

داشقەکە بە مەیدانی ئاسینگەراندا خلۆر دەبێتەوە. خڕکە بەرد و خیزوخۆڵی ژێر داشقەکەی دەست دەکەن بە دەرپەڕینێ.
عەبە لغاوی ئەسپەکەی توند دەکێشێ و دەڵێ:"لەسەرەخۆ، هۆشش!"
لە هەورازی مەیدانی ئاسینگەران دەچینە خوارێ. جەففەر دەست دەکا بە خوێندنەوەی تابلۆی دوکتوران.
دەڵێ:"ئەوە 'دندانسازی قزریان' نووسراوە. لەو لایەی 'زرگریان' دەبینم."
باجە زارا دەڵێ:"ئەرێوەڵا بابم! ئەشهەدوو، وایە ئەو گازە هەمووی دوکتور و زێرینگەرن."
عەبە بەبەر دەرکی شەهرەداریدا هەڵدەکشێ، چوارچرایە بە جێ دێڵێ، لەوێشڕا بەرەو شێروخورشیدێ دەڕوا.
هێندەی پێ ناچێ دەگەینە تەپۆڵکە ومەپۆڵکەی پردی سوور.

لە سەر هەورازەکەی پردێ باجە زارا دەڵێ:"کا عەبە! لێرە دەبێ زۆر بە ئەسپایی بڕۆیە خوارێ لەبەر ئەو منداڵانە، ئەو هەورازە زۆر لێژە."
کا عەبە حەولی خۆی دەدا، بەڵام داشقەکە هەڵمان دەتەکێنێ و دامان دەتەکێنێ.
کوبی و جەففەر زاریان کردۆتەوە بە دەستی لێی دەدەن، لەگەڵ هەڵتەکی هەڵتەکی داشقەکەی دەنگی سەیریان لە زاری دێتە دەر.

خڕکە بەرد و خیزی ئەو هەورازەی هەتا سەر داشقەکەی دێ، ئەمن لە کۆشی باجە ئامینی دامە؛ فازل، دایکم توند لە باوەشی کردۆ و سەر و دەموچاوی بە چارشێوەکەی داپۆشیوە هەتا خیزوخۆڵی وێ نەکەوێ. جەففەر لەگەڵ باجە زارای دانیشتۆ و کوبی لە کۆشی باجە خەجیجێدایە.

لە دوورەوە لە بن بەردە هەرە گەورەکەی پردی سوور، دێدە و خات خاتون و خات مرێم لە هاتوچۆ دان.
نزیکتر دەبینەوە، ئەوانیش دیارە داشقەکەیان دیتۆ چاویان لە ڕێیە بڕیوە.
کە دەگەینێ، بە هەموان شتومەکەکان لە داشقەکەی دادەگرن. دایکم و دێدە دەڵێن:"کا عەبە! سەفەری هەوەڵێ دوای بانگی ئێوارێ پکە، هەتا دەچی و دێیەوە دەبێتە بانگی شێوان، هەتا ئەو دەمیش بەڕە و لێفە و ئەوەش ئیشک دەبنەوە و هەڵدەبرینگێن."
باجە خەجیج دەڵێ:"بە خوڵای ئامۆژن گیان! بەڕەومەڕە هەڵبرینگێ یا هەڵنەبرینگێ ئەو دەمر چۆم و ئاو و مێشە بۆ وەی نابێ ئەمەی لێ بین، هەزار داعبا و مار و هەژدیهای لێیە! پێش تاریک بوونێ دەبێ بڕۆین."
دایکم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەیەڕۆ سەیزادە خەجیج گیان! مار و هەژدیهای چی؟ بابەکەم ئەتۆ بۆخۆت دەزانی هەموو ساڵێ ئەوە کارمانە، دێینە پردی سوور لە کەڕی بەیانێوە هەتا بانگی شێوان، قەت قەتمان هیچ نەدیتۆ. ئاوا

چۆلەکە ومۆلەکە، باڵندەی دیکە، پەپوولە و پووشکە بە قوونە و مێشوولە نەبێ قەت هیچمان نەدیتۆ، شەفیعی برازام دەڵێ:'ئاوەکە ماری تێدایە'، وەڵا ئەمن قەت مارم تێدا نەدیتۆ."
دێدە دەڵی:"شیو و دۆڵی وا بێ داعباودۆڵ نابێ، هەر وای لێ دەکەین، کاروانی هەوەڵی دوای نوێژی ئێواری بەڕی دەکەین."
داشقەی عەبەی بە بەتاڵی و بە شەقە شەق و خڕە خڕ دەڕواتەوە.

خات مریەم و خات خاتون و باجە ئامین دادەنیشنە سەر قونبێنکەکانیان و دەست دەکەن بە لیباسی سپی شوشتنێ.

دێدە و باجە خەجیج خورێکانیان لە نێو ئاوێ ناوە هەتا پخوسێن.

باجە زارا و دایکم خەریکی چا ساز کردن و شۆرباو لێنانێن. دۆڵمەی باجە خەجیجیشیان لە بەرەوە لە نزیک ئاورگەکەی داناوە هەتا بە شێنەیی بوکڵێ و هەڵنەوەشێ.

ئەمەش چاوەڕوانین هەتا کاکە مەزهەر بە دووچەرخەی بێ بمانبا ماسیمان بۆ بگرێ. شووشەکانیشمان دایکم لە نێو قابڵەمەیەکی ناوە هەتا نەشکێن.

هەر بەرە بەرە شیوی سپی دەشۆرێ و باجە زارا و باجە ئامین بە ئاوێیان دادەدەن و هەڵیان دەخەن.

بەڕە و جاجم و سەرشیلکە و شڕوشیتاڵی دیکەش هەموو دە ئاوێدان هەتا پخوسێن.

باجە خەجیج هاتۆتە یاریدەی دایکم، باجە زارا و دێدە چوون خورێکان پشێلن. هەر دەمێکی بە لاقان دەیشێلن دەمێکیش بە داران دەیانکوتن. دێدە و باجە زارا یەکی بەرچیغێکیان پێیە بە نۆرە لە خورێکان ڕادەکێشن. نێوان نێوانیش ئەسپۆنی پێوە دەکەن.

کاکە مەزهەر لەو لاڕا بە دووچەرخەی دێ. ئەمە هەموو وە چەقڵە سەما کەوتووین و دەڵێین:"کاکە مەزهەر هات! کاکە مەزهەر هات!"
دەچێ دووچەرخەکەی لە بەر نیسێیە دادەنێ.
دێدە دەڵێ:"هەی بە قوربانی ئەو قەدوباڵا جوانەت بم، ڕیشە! تەواو نیگەرانت بووم ئەوە بۆ ئەوەندەت پێ چوو؟"
کاکە مەزهەر دەڵێ:"چووم بە ڕەفیقەکانم بڵێم بێنە مەلەی!"
دایکیشم دەڵێ:"لەو گۆم و ئاوەی جا بۆچی تووشی خەجاڵەتی خەڵکیشم ناکەی، خودای نە خواستە ئەوە منداڵی خەڵکی شتێکی لێ هات پیاو قوری کوێ بە سەری خۆیدا پکا؟"
باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژن گیان! جا ئەوە ئەورۆژ ئەتۆ لێرەی پێشت گرتن، ئەو ڕۆژانەی دێن بۆ مەلەی خۆ کەس لێرە نێ مەگە ئەو خودایە نەبێ.
شوکور گەورەن دەبێ وشیار بن نەچن بۆ لای گۆمەکەی ژێر پردێ. دەنا هەموویان حەسەن و حوسێن و مستەفا لەگەڵ کوری ماڵە ئەورامی و کوری ماڵە کاکاغای هەموویان دێنە مەلەی."

دایکم دەڵێ:"چوزانم سەیزادە خەجیج گیان، ئاو بێئامانە! ئەمن قەت پێمخۆش نیێ ئەو منداڵانە بێنە چۆم و ئاوان!"
دێدە دەڵی:"هەر دەبێ بە خودایان بسپێری، جا چ دەکرێ؟"

دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە، مەزهەر! ئەو منداڵانە لە بەیانێوە بە خۆیان و بە شووشەکانیانەوە چاوەڕوانی تۆ بوون بێی ماسیان بۆ بگری. ئەمەیان شێت کردۆ ئەوەندی بێن بڵێن کەنگێ کاکە مەزهەر دێ، کوا کاکە مەزهەر؟ ڕۆڵە گیان،
بە قوربانت بم لە پێش هەموو شتێکیدا بیانبە یەکی ماسێک دوو ماسیان بۆ بگرە، بۆخۆیان پێی دەخافڵێن، سەری مە بەر دەدەن!"
کاکە مەزهەر ئەمن و جەفعەر و فازل و کوبی لەگەڵ خۆی دەباتە خوارێ نێو ئاوەکەی.
دەست دەتاتە بەڕەیەکی خوساندراو لە نێو چۆمەکەی و دەڵێ:"وەرن، ماسی گرتن بە بەڕەی هاسانە!"
بە خێشە خێش بەڕەکەی دێنێتە نزیک بەردە گەورەکەی نێو ئاوێ، لە سەر ئاوەکەی دایدەنێ.
لاقێکیشی لە سەر دادەنێ بۆ وەی ئاو نەیبا.
بە مەش دەڵێ:"جوڵە جوڵ و شڵپە شڵپێ مەکەن، لە جێی خۆتان مەبزوون، هەتا ماسێکان نەترسێن، بێن بۆ سەر بەڕەکەی، شووشەکانوو حازرکەن!"
ئەمەش وەکوو مەڕی مردوو بێ هەست و خوست لە نێو ئاوەکەیدا ڕاوەستاوین. کاکە مەزهەر پڕێک ورکەنانی لەسەر بەڕەکەی لە ئاوێ دەکا قاپێکیشی بە دەستەوە گرتۆ.

هەموومان چاوەڕوانی ماسی چکۆڵە چکۆڵەین. ئەوەندەی پێ ناچێ
کاکە مەزهەر بە پەلە بە قابەکەی شڵپەیەکی لە ئاوەکەی دێنێ و دەڵێ:"ئەوەتا! دوو ماسی چکۆڵە، فازل! شووشەکەتم بدەیە."
فازل ماسێکانی دەبا و لە ئاوەکەی دەچێتە دەرێ و لە گوێی چۆمی دادەنیشێ. ماسێکانی دوایە، دەچن لە شووشەی کوبی و جەفعەرێوە.
پێش ئەوەی ماسی من بگرێ، پێموایە شتێک وە لاقم دەکەوێ، چاو لە نێو ئاوەکەی دەکەم. داعبایەکی ناحەزی گەورە خۆی بە جومگەی لاقمەوە هەڵاوەسیوە.
یەک بە خۆم دە چریکێنم و هاوارێ دەکەم.
کاکە مەزهەر دەڵێ:"چ بوو؟"
دەڵێم:"داعبا، داعبا بە لاقمەوە!"
چاو لە نێو ئاوەکەی دەکا و دەڵێ:"مەترسێ، هیچ نیێ، ئەوە قرژاڵە، پێوە نادا!"
هەر وا دەڵێ و پرم پێدا دەکا  و لە ئاوەکەی دەرمدێنێ.
بە چریکەی منەوە هەموو ژنەکان دەست لە کارەکانیان هەڵدەگرن و دێنە بەر ئاوەکەی، دێدە لە پێش هەموانەوە ڕاوەستاوە.
کاکە مەزهەر ئەمن دەدا بە دێدەی، بۆخۆشی دەست دەکا بە کێشە کێشی قرژاڵەکەی. بەڵام ئەو داعبا ناحەزە جومگەی لاقم بەر نادا.
هەر ئەمن دەزیقێنم و دەگریم، هەر کاکە مەزهەر دەیکێشێ! هەتا دوایە بە هەردووک دەستان لە لاقمی دەکاتەوە و بەڕەڵای نێو ئاوەکەی دەکا. ئەمنیش بە گریان لە باوەشی دێدەیدا دەچمە ژێر کەپرەکەی.
دایکم دەڵێ:"ترساوە، پرێکی ئاو بدەینێ چاکە!"

خات  مرێم دەڵێ:"هاواری کچەکەم گوێ لێ بوو، گۆتم ئەوە خودا نەکا مار بوو، گۆتم لە دڵ خۆمدا حاجی شێخ عەبدوڵا، بابم بە قوربانت بێ، بێیە هاوارمان!"
بە دەستی فرمێسکەکانی دەسترێ  دەڵێ:"هاتە هاوارمان!"
جومگەی لاقم سوور سوور هەڵگەڕاوە، شووشەکەم ئاو بردوویەتی، هەموو منداڵەکان ماسیان هەیە ئەمن نەبێ. کاکە مەزهەریش فەقیرە کە پڕ بە مندا دەکا، هۆشی بەڕەومەڕەی نامێنی، بەڕەکەش ئاو بردوویەتی.
بەڵام لە دوور و نزیکی پردەکەی دەیگرێتەوە و بە پێکەنین دەڵێ:"زیاد لە هەموان قڕژاڵە دەچێ لاقی کێ دەگرێ، ئی جووی قودوسی!"
قاقایەکی لێ دەدا و دەڵێ:"بەریشی نەدەدا، وەڵاهی زۆر سەیرە، ئەتۆ لە مێشوولەی دەترسێی، قرژاڵ دێ خۆت پێ هەڵداوەسێ."
دیسان قاقایەکی دی لێ دەدا.
باجە خەجیج دەڵێ:"جا مەزهەر گیان! ئەمن زەهلەم چوو، پێموا بوو خودای نە خواستە مار پێیەوە دا."
کاکە مەزهەر دەڵێ:"ئەمنیش هەروا، ئەمە کە دێینە مەلەی زۆر جاران ماری دەبینین. ئەوەی چاکە ماری نێو ئاوی ژەهری کەمە."
کاکە مەزهەر بە من دەڵێ:"نیگەران مەبە، شووشەکەتم نەدیتەوە، بەڵام لە قایێک، قابڵەمەیەک، شتێکیدا ماسیت بۆ دەگرم، لە ماڵێ لە شووشەی دەکەین."
دواپە دیسان قاقا پێدەکەنێ.
دەڵێ:"بە خودای سەیر بوو، قرژاڵەکە هەر لە کۆڵیش نەدەبۆوە!"
فازل بە شووشە ماسێکەیەوە دێ بۆ لای من دادەنیشێ.
چاو لە لاقە سوور هەڵگەڕاوەکەم دەکا و دەڵێ:" ها!" شووشەکەی بۆ لای من درێژ دەکا و دەڵێ:"بۆ تۆ! ئەمن نامەوێ."
باجە ئامین خەریکی سفرە ساز کردنێیە، گوێی لە فازلی دەبێ کە ماسێکانی خۆی بۆ من هێناوە.
دەڵێ:"هەی بە قوربانت بم فازل گیان! ماشەڵا چەندە عاقڵی، لە سەر سەرت گەڕێم، بەو منداڵێی خۆتەوە ئەوەندە بە ماریفەتی، خودا عەمەدرێژت کا، جەرگەکەم، ئەوە بۆیە پوورم بانگت دەکا بڵیمەت!"

وەختی نان خواردنێ لە باسی قرژاڵی نێو چۆمەکەیرا باس دەکەوێتە سەر ئەوەی کە چەندە جروجانەوەر دەبێ لە نێو ئەو شیو و دۆڵەیدا بێ.
"ئەو ئەشکەوت و شاخوداخە،" دایکم دەڵێ:"هەزار چرندە و پرندەی تێدایە!"
دێدە دەڵی:"ئەرێ وەڵا، هەموو  ئەو شاخوداخ و ئاو و ئەشکەوتە هەزار شتی تێدایە. ئەدی نەقڵی کوێخا مەحمودی کانی شێخانوو نەبیستۆ؟"

فازل بە پەلە پەل دەڵێ:"نەقڵی چی؟ دێدە، نەقڵی چی؟ بۆمان بڵێ!"
دێدە دەڵی:"باپیرم! خۆ بابت ئەو نەقڵەی لە من باشتر دەزانێ، چۆن نەتان بیستۆ؟"

فازل دەڵێ:"نا! دێدە! هیچ کەس نەقڵی وەکوو تۆ نازانێ، بۆمان بڵێ!"
دێدە دەڵی:"ئەو نەقڵە ئی چەند ساڵ لەوەو پێشە، ڕۆژێک لە ڕۆژان کوێخا مەحمود بە سواری ئەسپی دێتە شاری بۆ شت کڕینێ، هاوین و گەرما و جەنگەی نیوەڕۆیە دەبێ بەرەو کانی شێخان وە ڕێ دەکەوێ. دەگاتە نیوەی ڕێیە،

لە دوورەوە چاوی بە ڕەشایێکی دەکەوێ، لە دڵ خۆیدا دەڵێ: یا تێرە یا جەواڵە، داخودا لە کێ کەوت بێ.
دوور و نزیکی ڕەشایێکەی ئەسپەکەی دەست دەکا بە حیلاندن و سم لە عەرزی کوتانێ، ئیلانوبیلان ئەسپ ناڕوا کە ناڕوا، کوێخا لە ئەسپەکەی دێتە خوارێ دەڵێ:`ئەوە بۆ وا دەکەی؟ دەڵێی قەت تێڕ و جەواڵت نەدیتۆ؟!
کوێخا، بە ڕەحمەت بێ، هەر ئەوەندەی لە بیر دەبێ کە خۆی دەهاوێتە سەر ئەسپەکەی و هەتا شاری ڕایناگرێ!
گۆیا لە زینەکەی کە دێتە خوارێ لغاوەکەی هەر لە دەستیدا دەبێ. دادەنەوێ دەست بۆ تێرەکەی بەرێ، سوێند و قورعانی دەخوارد دەیکوت تێرە دەستی کرد بە جوڵە جوڵێ و سەری کە هەڵدێنێ وەکوو گیسکی شاخ و تووکی نێوچاوانی دەبێ، کوێخا دەیگێڕاوە دەیکوت ئەوە یێچۆ هەژدیها بوو کە لە سەر ڕێیە پاپۆکەی خواردبۆوە.

لە پێش کوێخا و لە دوای ویشدا نەقڵی هەژدیها دیتنێ لەو دەور و بەرەی هەمیشە هەر بۆ.
دایکم دەڵێ:"کچێ! دێدە گیان! جا بۆ دوور پڕۆین؟ براژنە گوڵێ خەڵکی زێوکەیە دەڵێ بۆخۆی بە چاوی خۆی،`عەزیا`ی دیتۆ! دەڵێ ئامۆزاکانی و خەڵکی دێیەکەیان کوشتوویانە و هێناویانەتە نێو دێی.
فازل دەڵێ:"دایە! `عەزیا` چێ؟"
دایکم لە جوابیدا دەڵێ:"ڕۆڵە گیان!`عەزیا` هەژدهایە!"
فازل دەڵێ: "ئەدی ئەوە بۆ خاڵۆژن حیکایەتی هەژدیهامان بۆ ناکا؟"
دایکم دەڵێ:"ئەمن بە وەی حیکایەتتان بۆ دەکا دەڵێم: نەتانترسێنن، ڕەنگە بۆیە ئەو نەقڵەی بۆ نەکردیێن."
دێدە دەڵی:" هاهو، هاهو! منداڵ بۆ لە حیقایەتی دەترسێ؟"
باجە زارا دەڵێ:"بە خوڵای، بابم! باسی هەژدیهای لە کن ئەو جیرانەی مەیە. ئەو نەقڵ و نەزیرەی ئەو دەیگێڕێتەوە لە قوتووی هیچ عەتارێکیدا نێ!"

نانوچا خوراوە و خەریکن خڕی دەکەنەوە، بەڵام باسی جڕوجانەوەری ئەو دەرو دەشتەی قەت خەلاسی نایە.
دایکم دەڵێ:"کێی دیکە بە چاوی خۆی هەژدیهای دیتۆ؟ ماو وسێنی خۆمان بە جحێڵی، ئەویش وەک کوێخای هاتوچۆی شاری دەکا. بارەماری لە چوارپێیەکەی دەنێ بۆخۆشی دەڵێ جەوان بۆ ساغوسەلیم بۆ، هەر بە دوای وڵاغەکەیەوە بە پێیان دەڕوا،
دەڵێ ئەو لە دوورەوە پێیوا دەبێ گوریسە لە سەر ڕێیەکەی بە جێ ماوە، هەتا نزیکتر دەبێتەوە دەبینێ لە سەر ڕێگاکەی دەخوشێ، وە دوای دەکەوێ، هەر گوریسە دەڕوا و مام وسێن دەڕوا بە دوایدا."
فازل لێرەدا دەست دەکا بە پێکەنینێ و دەڵێ:`هەر گوریسە دەڕوا و مام وسێن دەڕوا!`"
دایکم دەڵێ:"بە قوربانی ئەو بازەی خۆم بم! چەندەی حیکایەت و نەقڵ و نەزیرە پێ خۆشە!"
دوایە دەچێتەوە سەر باسی مام وسێنی و دەڵێ:"ئەوە هەر سەری گوریسەکەشی نەدیتۆ، بەڵام دەزانێ سەری زەلامە و قەفی ئەستوورە،

بۆخۆشی تەواو درێژە. مام وسێن سوێند دەخوا دەڵێ، هەژدیهایەکە چۆ نێو شاخ و ئەشکەوت و بەرد و لە ئاوەدانی دوور کەوتەوە، ون بوو، ڕۆیشت!"
خات مرێم دەڵێ:"ئەوە سەیرە قەت نابیستی ئەو هەژدیها و شتە زەرەر و زیانیان بە کەس گەیاند بێ."
دایکم دەڵێ:"بنیادەم زەڕی بۆ داعباودۆڵ زۆرترە هەتا داعبا و دۆڵ بۆ بنیادەم!"

ڕەفیقەکانی کاکە مەزهەری لە دوورەوە وە دیار دەکەون،
باجە زارا دەیانبینێ، دەڵێ:"ئەوە بە دووچەرخەی لەسەر هەورازەکەن."
دایکم دەڵێ:"دە چاکە چاکە! بایێن هەتا پرێکیان نەسیحەت پکەم، وشیاربن، هەر ملی پێوەنەنێن!"
وەختێکی دەگەنێ دایکم، قسەیان لەگەڵ دەکا. دووچەرخەکانیان بە جێ دێڵن، دەچنە مەلەی.
دایکم دەڵێ:"وەرنەوە قاشێک کاڵەکوشووتی پخۆن، بابەکەم! بە خودام سپاردن، وشیاری خۆتان بن، بۆلای گۆموقوڵایی چۆمەکەی مەچن."

زۆربەی شیوەکەی شۆراوە و ئیشکیش بۆتەوە، باجە ئامین و دێدە و باجە خەجیج خەریکی قەد کردنی لیباس و شتەکەن.

باجە زاراش هەموو قاب و کەوچک و قابڵەمە و مەنجەڵەکانی بردۆتە گوێی چۆمی، بیشوا.
دێدە دەڵی:"هەرچی بۆمان خڕ بکرێتەوە، باخڕی کەینەوە، لە ئاخریدا وە پەلە پەل نەکەوین. شتومەکە قورسەکان دیارە ئێستا ماویانە ئیشک بنەوە.
چایەکە هەر لەگۆڕێ بێ بۆوەی هەموو چای دەخۆینەوە."

دێدە و باجە خەجیج دەچن بۆ لە گۆگرد دانی خورێکان.
باجە زارا لە قاب شوشتنێ کە خەلاسی هات لەگەڵ خات خاتون و خات مرێمێ منداڵەکان خڕ دەکەنەوە دەمانبەن بۆ گڕاوان.
کوبی نەبێ هیچمان نەهاتووینە گڕاوان. بەسەر شاخوداخ و تەپۆڵکەیەکی زۆردا دەڕۆین، لە زۆری دەبێ دەستمان بگرن هەتا وە سەر کەوین. دەگەینە سەر شاخێکی جوان و گڕنی گڕنی کە جێ جێ زەردە، جێ جێ بۆرە، جێی واشە چیهرەیی دەنوێنێ. وەختێکی دەگەینە سەر تەپۆڵکەکەی، دەبینین ئاوی گەرم لە نێو حەوزێکیدا هەڵدەقوڵێ، حەوزەکە هیچ، هەموو دەور و بەریشی ئاوی گڕاوانە.
خات مرێم دەڵێ:"ئۆخەیش! ئەوە بۆ لاقم حەکیمە!"
لاقەکانی هەتا ئەژنۆی لە نێو حەوزەکەی دەنێ.
ئەمەش هەر بۆو لا و بۆو لایدا دەچین، بەرد و شاخەکەمان پێسەیرە.
جەفعەر دەڵێ:" وەکوو بەردەپێی دەچێ هەمووی کون کون و گڕنی گڕنێ."
خات مرێم دەڵێ کراس و دەرپێی زیادی هێناوە و دەچێتە نێو ئاوەکەی. هەتا ملان خۆی تێدەگرێ. بە دەستیشی ئاو بە سەری خۆیدا دەکا.
دەڵێ:"لە وەی چاترم بۆ هەڵناکەوێ، کەسیش دیار نیێ!"

باجە زارا دەڵێ:"لە بەری پیاوان خەڵک زۆرتر دێن. ژنان ئەغڵەب بەیانی زوو دێن. ئەوەی بادارە یا خورووی لێیە، زۆریش هەر وا بە ئیشتیا دێن و عەلەمیشیان لێ نێ هەر بە خۆشی تێش هەڵدەچن."
خات مرێم دەڵێ:"ئەوە لە سەت دەرمان و دوکتوری چاکترە، دەروێش ئێستاش ساڵێ دوو سێ جاران دێتە گڕاوان."

ئەمن دەڵێم:"ئەمە قەت نەهاتووینە گڕاوان."
باجە زارا دەڵێ:"کورەکان دێن بەڵام دایکت بۆ هیچ کوێ ناچێ. هەر دەڵێ عەیبە، بابەکەم عەیبە! دنیا و عالەم خەراپ بێ چما بە لیباسیشەوە دەچێتە نێو ئەو حەوزەی؟ وای پێ بڵێین سەریشمان هەڵدەقەنێ! دایکت ئەوە ئاوایە، دەنا بە خولای نیوەی ئەو شارەی دێتە گڕاوان، بە ژن و پیاوەوە."
دوایە دەڵێ:"وەرن وەرن، ئەنگۆش هەمووتان وەرن دانیشن!"
بۆخۆشی کراسەکەی هەر لە بەر دایە بەڵام دەرپێکانی لە قونینچکێکی دادەکەنێ و دەچێتە نێو حەوزەکەی. ئەمە لە گوێی حەوزەکەی دادەنیشین، لاقمان ڕۆیەڵ دەکەینە نێو ئاوەکەی و دەڵێین گەرمە.
خات خاتون دەڵێ:"بە کەرەمی ئەو خودایەی بە چلەی زستانێش، بەفر لە ئەژنۆیان، ئەو کانی و ئاوە هەر وا هەڵدەقوڵێ و هەر وا گەرمە و هەڵمیشی لێ هڵدەستێ."

لێواری حەوزەکەی هەموو تەڕە، ئەمەش هەموو تەڕ دەبین.
باجە زارا دەڵێ:"هەتا دەگەڕێینەوە خوارێ ئیشک دەبینەوە، بەو هاوینە سوورەی خۆ سەرمامان نابێ."
ئەمن دەڵێم:"دایکم لێمان دەدا!"
خات مرێم دەڵێ:"دەبلا بۆ؟ بە سەری حاج شێخ عەبدوڵای نازدار، ئەگە دەستوو لێ هەڵێنێ چی دیکە نایەم بۆ ماڵتان."

باجە زارا بە سەبرێکی دەڵێ:"دایکیان زۆر لە سەریان زاڵە، داغیان دەکا، لێیان دەدا، دەڵێ نابێ خەراب بن."
خات خاتون دەڵێ:"منداڵ بە لێدانێ چاک نابێ هەر چەقەسرۆتر دەبێ، ئەویش لە سەر شتی هیچوخۆڕایی هەر نابێ لێی بدەی، بە خۆشی زۆرتر فێر دەبێ هەتا بە ناخۆشی."
باجە زارا دەڵێ:"بە خولای هەموویان ئەوەندەی لێدەترسێن بە بێ پرسی دایکیان دەست لە ئاوێ نانێن.
هەر ئەو سەید مەزهەرەی لە بەر ئەوەی لە تۆپتۆپێنێ لەگەڵ ڕەفیقان، درەنگ هاتۆتەوە ماڵێ چەند جار داغ کردۆ. بە خولای کوریش چ کورێک ئەو شارەی بە خڕی دێنێ، ئەوەندە کوری چاکە.
ئەو کچە فەقیرە چکۆڵەشی ئەوە نەبوو لە سەر چوونە بازاڕی داغ کرد. نازانم چۆن دڵی دێ؟"
خات مرێم دەڵێ:"هەر کەسە خودا، بە قوربانی بم، ئەخلاقێکی داوەتێ."
لە حەوزەکەی دێینە دەرێ، وردە وردە بە شاخەکەیدا دادەگەڕێنە خوارێ.
دایکم چای بۆ هەموان تێدەکا. کورەکان کە لە مەلەی دێنەوە، کاڵەک و شووتیان دەداتێ. سواری چەرخەکانیان دەبن و دەڕۆن.

داشقەی عەبەی هێندەی پێناچێ بە خڕە خڕ و شەقە شەق لەو لاپرا دێ.
زۆربەی شیوەکەی وە سەر داشقەکەی دەنێن و دوایە دایکم و باجە خەجیج و باجە زارا و باجە ئامین و کوبی و فازل سوار دەبن دەڕۆنەوە نێو شاری. ئەمن لەگەڵ دێدە و خات مریم و خات خاتون و جەفعەری دەمێنینەوە.
دێدە دەڵی:"هەتا داشقەکە دەگەڕێتەوە، ئەمن ئەوە دەچم دەزنوێژەکەم تازە دەکەمەوە، با نوێژی ئێوارێم نەچێ!"

خات خاتون هەر وا بەڕەکان ئەو دیو و ئەو دیو دەکا هەتا چاکتر ئیشک بنەوە. هەرچێکی ئیشکیش بۆتەوە قەت کراوە، وە لاندراوە.

دێدە ئاوی بە ئاورگەکەی دا دەکا و ئاورەکەی دەکوژێنێتەوە.
کەتری و چادانەکەش دەبا بە خۆڵەمێشی دەیانشوا.
لەپڕرا دێدە بانگی من دەکا :"کوێشتێر، کوێشتیر! وەرە ماسیم بۆ گرتی!"
دێدە کە کەترێکەی لە ئاوێ هەڵدەکێشێ دوو سێ ماسی زۆر چکۆڵە دەچنە نێوی.
دەڵێ:"ئەوەتا! باپیرم! ئەوەش ماسی تۆ، لە ماڵێش بۆت لە شووشەی دەکەم."

هێندەی پێ ناچێ عەبە دەگەڕێتەوە و ئەو شتانەی ماوە لە داشقەکەی دەنێ، ئەمەش لە نێوانی شتومەکەکاندا دادەنیشین. دێدە ئەمنی لە کۆشی خۆی ناوە و خات خاتونیش جەفعەری لە باوەش کردۆ. بە عەبەش دەڵێن لە سەر هەورازەکەی بە ئەسپایی پروا.
دێدە کەترێکەی لە نێو مەنجەڵێکی ناوە هەتا ماسێکان نەڕژێن.

هەموو چۆم و دەر و دەشتەکە بێدەنگە تاو خەریکە ئاوا دەبێ، چەن پووشکە بە قوونەش هەر وا دێن و دەچن، داشقەی عەبەی وە سەر هەورازەکەی دەکەوێ.
دێدە دەڵی:"هەتا ساڵێکی دی، عومر باقی بێ، ئەوەش شیوی چۆمی نەجاتی هات."
سەری دەسوڕێنێ چاوێک لە چۆم و ئاو و شاخ و مێشەی پشت سەرمان دەکا و دەڵێ:"بنیادەم هیچ نێ، زۆر فانێ، هەموو شتێک فانێ! چاوی لێکە ئەو هەمۆ هاتوچۆ و هاوار هاوار و بێنەوبەرەی ئەورۆ لە گوێی ئەو چۆمەی بوو، ئێستاش چۆڵوهۆڵ و بێدەنگ و جوقەوار دیار نێ!"
دوای ئەوەی دێدە هەناسەیەکی زۆر قووڵ هەڵدەکێشێ دەڵێ:"ئەی دنیای بێوەفای فانی هیچوپووچ!"
بە دەستی ئەمن دەکێشێتە پێش دەمی خۆی چاوێکیش لە جەفعەری دەکا و دەڵێ:"خات خاتون گیان، لە سەر هەورازەکەی کورەکەی قایم بگرە!"

###

ڕۆژی پەنیر کوتانێیە.
دایکم سەلکێکی لە ڕەندە داوە و هەمووومان نانوپەنیر و چای شیرن دەخۆین.

دێدە لە دەرکەی حەساری بە کوتک وبەردێکی زەلامەوە وە ژوور دەکەوێ.
دایکم دەڵێ:"چاکە دێدە گیان، خولا چاکەت بۆ پکا! بۆخۆشمان دوو کوتک وبەردمان هەیە. دەڵێی چی خات خاتون و خات ئامین و ئامینە پەنیری بوکتن، بۆخۆشت بە سەریان ڕابگەی؟"
دێدە دەڵی:"جا زۆر چاکە وا دەکەین، ئەمن ئەوە دەچم کەوڵوبانەکەی لەگەڵ خات خاتونێ وە دەرێ دەنێم. خوێیەکەت لە کارخانەی دانا بوو هەر لە وێیە؟"
دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵا دێدە گیان! لە نێو کووپەیەکی دا و دەورێکی ڕووکێشی لە سەرە. کوتم لە جێی ئیشکی دانێم چاترە، خوێی تەڕ بدەین بە مام عەزیزی ئاپرووومان دەبا."

ئەمن وە دووی دێدەی دەکەوم، دەچمە مدبەقێ. بەڕە کۆن و قونبێنکە و شتی وە دەر دەنێین لە بن دارەمێوەکەی ڕایدەخەین.
دایکم هاوارێ دەکا:"دێدە گیان! سفرە کۆنەکەی نانیشم تازە شوشتۆ لە بن دەستی ژنەکان ڕایخە، با پەنیرەکە پیس نەبێ!"
باجە ئامینیش دەگاتە جێ. ژنەکان وەکوو هەمیشە دادەنیشنە سەر کار و نەقڵونەزیران.
دێدە نەختێک لە پەنیرە کوتراوەکەی دەخوا و دەڵێ:"زۆر پەنیری چاکە، ماڵت ئاوەدان بێ کابانی چاک!"
خات مرێم دەڵێ:"زۆر زۆر خاوێنیش دەبێ ڕە عەمەل هات بێ بۆ وەی وەکوو بەفری سەران سپی و جوانە!"
دایکم دەڵێ:"ئاغا سەید هەموو ئەوانەی شتیان لێ دەکڕێ دەیانناسێ. نوێژکەر و ڕۆژووگر نەبن دەڵێ شتیان پیسە. بۆچی؟ ئەوەی نوێژێ دەکا خۆی لە شتی پیس دەپارێزێ. هیچ نەبێ ڕۆژێ پێنج جار دەسنوێژێ دەشوا.
ئەمنیش بۆخۆتان دەزانن ئەگەر موویەکی دە شتیدا ببینمەوە دەینێرمەوە بازاڕی!"

خاتو ئامین جاروبارە چاو و ئاوی ساردیان بۆ دێنێ.
لە دێدەی دەپرسم بۆ دمروچاوی خاتو ئامینێ کونکونە.
دەڵێ:"ڕۆڵە! فەقیرە دەبێ خورویکەی لێ هاتبێ. زوو دەرمانی نەبوو، ئی وا بوو کەڕ دەبوو، ئی وا بوو کوێر دەبوو، زۆر کەسیشی دەکوشت، ئێستاش خەڵکی دەکوتن خورویکە هەر نەماوە."
دایکم گوێی لە قسەکانمان دەبێ و دەڵێ:"دایکم و کاکە بابەشێخ فێر ببوون چۆن ماکەی خورویکەی بگرن و لە مانگای بدەن و دوایەش ئەمەی پێ بوکتن بۆیە هیچمان نەمان نەگرتۆ."

دایکم لە چۆگانلوی لە دایک بۆ، لەو دێیەش کورد و عەجەم پێکەوە دەژین.
شێخ قەسیمی باپیرم بێجگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی و فارسی دەزانێ و لەبەر ئەوەش هەموو کاروباری نووسین و دیلمانجی ئاغای لە ژێر دەستیدا دەبێ. نەنکم، نازەنین خانمی ژنی، زۆر زیرەک و زانا دەبێ، ئەوەی باپیرم لە خوێندن و شیعر و زماندا دەیزانێ فێری دەبێ وای لێ دێ کە قورعان و شەرعیات و ئەحمەدی (احمدی) و حیفزولسیحە (حفظ الصحە) و گولستان و بۆستانی سەعدی هەموو لەبەر دەکا.

دایکم دەڵێ: بۆخۆی وەبیری نایا، بەڵام نەنکم گێراوێتەوە کە باپیرم لە `ئاغجێوان`مەدرەسەیکی دادەنێ و بە هەموو منداڵەکانی خۆی و زۆرتری ئامۆزاو خزموکەسیش دەخوێنێ.
باپیرم کە عەمری خولای دەکا، دایکم ئەوەندە منداڵ دەبێ وە بیری نایا. سێ کچ و چوار کور بە سەر نەنکمدا دەمێننەوە. بێجگە لە خاڵە بابەدین و خاڵە مەلای پێنج منداڵەکانی دی هەموو سەروپێچکە دەبن. نەنکم و خاڵە بابەدین گەورەیان دەکەن و پێیان دەخوێنن. خاڵە بابەدین لێیان دەبێتە باب و برا.
ئەویش دوای بابی، شێخ قەسیم، جێگای وی دەگرێتەوە. هەتا خوشکەکانیشی چکۆلە دەبن هەر لە لاجانەتی دەمێننەوە. کۆچ کردنیشیان بۆ سابڵاغێ لەبەر ئەوەی دەبێ خاڵم دەترسێ ئاغا یا کورەکانی تەماح لە کچەکان پکەن.
خاڵە بابەدین دەڵێ قەت خوشکی خۆی بە زۆرداری نەدەدا. کە دێنە شاریش هەموو دڵیان هەر لە لاجانەتێ بە جێ دێڵن. دایکم دەڵێ نەنکم لە تاوی دێی خۆی دڵی دەتۆقێ.

خاڵەکانم شۆرەتیان قەسیمی دەبێ، دووانیان دەیگۆڕن هەتا نەیانبەن بۆ سەربازێ و دەس دەکەن بە کاری تجارەت و دوکان دانان و دوایە ژنێ دێنن. کچەکانیش مێردی دەکەن.

مام عەزیز هاتۆ بۆ ئاخنینەوەی پەنیری.
دێدە کووپەکانی ساز کردۆ و خوێی تازە و لە دەستارکراوی بۆ داناوە.
پێشی دەڵێ:"کاک عەزیز ئەگە دەزنوێژت نێ، دەزنوێژێکی هەڵگرە، پێش ئەوەی دەس بە ئاخنینەوەی پکەی."
مام عەزیزیش دەڵێ:"بە سەری شێخی سیراجەدین، ئەوە لە مزگەوتی بازاڕیرا دێم. بۆخۆم ئەخلاقی سەیزادەی چاک دەناسم، خوشکی من!"
مام عەزیز قۆڵی هەڵدەماڵێ و سۆرانێکانی گرێ دەدا و دەیانهاوێتە پشت ملی. پێشگیرەیەکی وەک ئی قاوەچییان بە خۆیەوە دەگرێ، لە سەر چۆکان دادەنیشێ، دێدەش کووپەکانی یەک بە دوای یەکێدا بۆ دێنێ لە بەر دەستی دایاندەنێ.
مام عەزیز لە پەنیرە کوتراوەکەی هەڵدەگرێ تۆزێکی دەخوا، بە دێدەی دەڵێ:"خوێی خۆشە!"
ئەویش دەڵێ:"خوێشمان بۆ حازر کردووی."
مام عەزیز لە خوێیەکەی لۆچێکی هەڵدەگرێ و بە پەنیرە کوتراوەکەی دادەکا و تێکەڵیان دەکا. دوایەش لە کووپەکەی بەر دەستی دەکا و هەتا ملان دەستی ڕۆیەڵ دەکاتە نێو کووپەکەی بۆ وەی پەنیرەکەی داشێلێ.
دێدە پێی دەڵێ:"مام عەزیز! وشیار بە زۆر خوێی نەبێ، گورچومان ببرێ!"

ئەویش جواب دەداتەوە :"بێبەڵا بی، خۆ ئەوە جاری هەوەڵێم نێ، پەنیری ماڵە قازێکان و ماڵە حاجی شاتری و ماڵە شافعێکان، بۆخۆت دەزانی، ساڵەهای ساڵە هەر ئەمن دەیئاخنمەوە."
دێدە دەڵی:"دەستوچاوت خۆش بێ، دەزانم کەس پەنیری وەک تۆ نائاخنێتەوە. جا ئەگە وایە، ئەمن سەرت بەر دەدەم دەچم چایەکت بۆ دێنم. شتێکت ویست هەرامان لێ پکە!"

ژنەکان لای ئێوارێ کاری پەنیر کوتانیان خەلاسی دێ.
دایکم بە مام عەزیزی دەڵێ:"ئەو هەمۆ پەنیرە بە ڕۆژێکی نائاخندرێتەوە، ئەوەندەی بۆت کرا، ئەوە چاکە، ئەوەی ماوە دایدەپۆشین، بەیانی زوو، لەسەر خودای، وەرە دەستی پێبکەوە!"
مام عەزیز دەڵێ:"هەردەبێ وا پکەم، پەنیرەکە، کار دەوەیدا نێ ماشەڵا زۆرە!"
دایکم دەڵێ:"ماشەڵا خێزانیشمان زۆرە! بۆ تاران و تەورێزانیش دەنێرم. ئەرێوەڵا بە حاڵە حاڵ دەمانگەیێنێتە بەهارێ و وەختی پەنیری تازە. سەرباقی وەش، بۆخۆت دەزانی، ئاغا سەید پەنیری پێستەش هەر دەکڕێ."

ژنەکان هەموو ڕۆیشتوون. دێدەش چۆ چرای ماڵەکەی هەڵکردۆ و هاتۆتەوە، مام عەزیز هەتا درەنگانێکی هەر پەنیری دەئاخنێتەوە، دوایەش بە دایکم و دێدە و مام عەزیزی هەموو پەنیرەکەی لە مدبەقێرا دێنن بۆ ژووری نزیک حەوزخانەی، جوان جوان دایدە پۆشن و دەرکەی لێ دادەخەن هەتا پشیلە نەچن بیخۆن.
بەیانی قەرار وایە دێدە بێ لەگەڵ دایکم ئەو  کووپانەی حازرن، لە عەرزیان بنێن. مام عەزیزیش دوای بەرچای دێ کاری ئاخنینەوەکەی خەلاس پکا.

بۆ لە عەرز نانی کووپە پەنیرەکان ئەمنیش وە دووی دایکم و دێدەی دەکەوم. لە نێو دەرکی حەوزخانە چکۆلەکەی و دەرکی کارخانەی، دێدە دەست دەکا بە هەڵکۆڵینی عەرزی.
دایکم دەلێ:"خات گوڵێ گیان! نۆرەی دەکەین با ئەتۆ زۆر ماندوو نەبی."
دێدە دەڵێ:"نا! خۆ ئەوەندە زەحمەت نێ. هەر دەبێ خۆڵەکەی دەردەم. دەنا چوونکە هەموو ساڵێ ئەوە کارمانە، وەکوو عەرز هەڵقەندنێ نێ."
زاری کووپە پەنیرەکانیشیان، گەڵا مێو لە سەرداناوە و کوتە پەڕۆیەکیان بەسەر داداون و بە جیلی دەرپێیانیش قایمیان کردوون. هەر جارێ دایکم کووپەیەکی دەداتە دەست دێدەی و ئەویش لە نێو قوڵکەکەی، سەراوبن لە عەرزی دەگرێ.
دەڵێم دێدە ئەوە بۆ ئەو پەنیرانە لە نێو عەرزی دەنێن؟!"
دەڵێ:"کوێشتیر، بۆ وەی زستانیش پەنیرمان هەبێ بۆ خواردنێ. مەڕ وماڵات بە زستان لە شیری زۆر کەم دەکا، هەتا بەهار دێ."
دەڵێم:"ئەدی بۆچی سەراوبنیان دە عەرزی دەنێی؟"
دەڵێ:"ئاوا برشی ناهێن، هەوای ناکێشن."
دایکم دەلێ:"ڕۆڵە! دێدە پەنیری باب و باپیرتی ڕە عەمەل هێناوە، دەزانێ چۆنی دە عەرزی نێ و چ پکا!"
دێدە دەڵێ:"نا! زۆرم پێ خۆشە، کوێشتیر سرنجی شتی دەدا و هەرچی بۆ وی تازە بێ لێم دەپرسێ و لێی دەکۆڵێتەوە. بەشەر هەر وا فێر دەبێ. ئەویش عافرەتە دەبێ بۆ بەدبەختیان هەموو شتێکی بزانێ!"

###

هەموو بەیانان لە کاروانسەرای ماڵە میرزا مینەڕا دەنگی کەڵەبابی دێ.
تاو بە عاستەم لەسەر لێوی دیواری داوە. پشیلەکان لە سەربانی خۆیان هەڵخستۆ و چاوەڕوانی تیشکی تاوێ، لێی درێژ بوون.

کورەکان یەک یەک و دوو دوو لە خەوێ هەڵدەستن. دێدە هێندەی پێناچێ دێ.

بابم پێش ئەوەی ڕوا دەڵێ:"قەرارە کۆڵوومان بۆبێ، کابرا تەواو نەیدەزانی سێ باری بۆ دێتە شاری یا چوار،
بە خۆی و بە برای دێن، بابزانین چۆن دەبێ."
دێدە دەڵێ:"جا بایێنن، هەر چی هێنایان هێنایان، هەرەوەزی لێ دەکەین

بە کەفلەکوونێکی هەڵیدەچنین، نیگەران مەبە!"
کۆڵوو کێشان لە دەوە کێشانێ زۆر هاسانترە چونکە کۆڵوو زۆر سووکە. منداڵەکان باوەش باوەش لە کوچەڕا دەیهێننە تەویلەی بۆ دێدەی. ئەویش هەڵیدەچنێ.
ئەمنیش هەر جارێ دوو سێ کۆڵووی هەڵدەگرم و هەموو جارێش دێدە دەڵی:"مەخەڵە! بەخەڵە! باڕەقەڵا کوێشتیر، ئاو ڕاوەستێ ئەتۆ ڕامەوەستە، پیاوی تەمبەڵ و خوێری بە کاری هیچ نایا."

دوای دەوە کێشانێ دێدە سەرو دوو قڕانی بە منداڵەکان دەدا و دەڵێ
عەمە درێژ بن.
بە منیش دەڵێ:"کوێشتیر، حیسابی تۆش جوێیە!"
کاکە عوسمان دەڵێ:"ئا!ئا! حیسابی ئەو مەیمونەی هەمیشە جوێیە، هەموو ڕۆژێ پووڵی دەدەیەی!"

دوای نانوچای نیوەڕۆیە دایکم و دێدە، ئەمن و جەفعەر و فازلی دەبەن و دەچین سەری مامم بدەین. مامە قادر هەر وا نەخۆشە و لە جێی دا. بن دۆشەگەکەی هەمیشە قەرەپووڵی تێدا و پێش وەی ئەمە ڕوێین سەروو دوو قڕانمان دەداتێ.

ئەوڕۆژانە زۆرتر لە هەموو شتێکی باسی شایی کاکم بۆ مامم دەکەن. دایکم دەڵێ ئیشەڵا لە ئاخروئۆخری مانگی مەولودێدا زۆر بە یێدەنگی بووکی دەگوێزنەوە.

فەقیرێک دێتە بەر پەنجەرەکەی، ئامۆژنم نانی دەدا بە جەفعەری دەڵێ:"ڕۆ ڕۆڵە گیان! بیدەیە، بە خێرا خۆت، عەمە درێژ بی."
دێدە دەڵی:"لە وانەن ێێنە ژوورێ، فەقیری ئەو دەورە و زەمانەی وەکوو ئی قەدیم نین، هیچ شەرم و حەیایان نێ، پیاوی بە ڕێوە دەخۆن!"

تاو ئێستا ئاوا نەبۆ دەچینەوە ماڵێ.

###

دێدە دەڵێ ماڵە مە دەڵێی ماڵە قەرەتاژرینێ، هەمیشەی خودای زمبەی دێ. بەڵام ئەورۆ بە ڕاستی زۆری خەڵک تێدایە، باب ئاگای لە کوری نێ.

لەو بەری حەسارێ دایکم و دێدە خەریکن دوو ئاورگی گەورە هەڵدەبەستن.

خات مرێم و خات خاتون خەریکن گیاوگۆڵی چاک دەکەن. باجە هاجەر برینجی دەبژێرێ و باجە خەجیج کەوچک و چنگاڵ!

دەڵێ:"نە وەکوو بەش نەکا، ئامۆژن! دەڵێم کەوچک و چنگاڵی دیکەش بێنم."

دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! بۆ بەش ناکا؟ هەموو کەوچک و چنگاڵی ماڵە خۆمان و ماڵە سەید حەمەدەمین و ماڵە بابتمان داناوە، ئەوەی ئەتۆش هێناوتە ئێستا دەستمان لێ نەداوە. پێموایە ئەوەی هەمانە بەسمانە."

باجە هاجەر دەڵێ:"بە خولای، ئەمنیش دوو دەستی زۆر جوانی تازەی زێوم هەیە، زارای دەنێرم بابیهێنێ، عەیبە، با شت زۆربێ و کەم نەبێ، خاڵۆژن گیان!"

دایکم دەڵێ:"کچێ ڕۆڵە گیان، نەوەک شتێکیان لێ بێ، ون بن یان پشکێن، خەجاڵەتتان دەبم!"

باجە هاجەر دەڵێ:"ئەوە ونیش بوون بە قوربانی مەسعودی بن، دە جا چ بوو، نیگەرانی شتی وا مەبە خاڵۆژن گیان!"

دایکم و ئامۆژنە کەژاڵ گۆشتی چاک دەکەن. چوار پێنج گورپەی زەلامیش لە دەوروبەریان دێنودەچن.

ئامۆژنم دەڵێ:"براژن گیان! ئێسکەکان فڕێ مەدە، دەیانکوڵێنین، ئاوەکەی لە باڵ دۆکڵیوەکەی دەکەین زۆر بەتام و خۆش دەبێ.

ئەوەی دیکەش هەموو جوانوقازاخ دەیشۆینەوە وە سەری دەنێین بۆ خۆرشتی کەوەری. زاراڵێش ئەوە لۆبیاکەی دەبژێرێ."

دایکم دەڵێ:"جا چا نێ بە قسەی ئەنگۆم کرد! ئەو هەمۆ کارە بۆ بە ڕۆژێکی دەکرێ؟ ئەورۆ هەموو شتێکی حازر دەکەین وا بێ سبەینێ هەر کێشتەکان لێنێین.

هەرچی بۆ سفرەی پیاوان و ژنان لازمە حازری پکەین. سەیزادە خەجیج گیان! ئەتۆ بۆخۆت لەگەڵ هاجەرە خاتونێ پچن هەر بەو شتانە ڕابگەن. ئاوخۆری و لیوانی شەربەت و دۆی، چا و سەماوەر و ئیستیکان و کەشەفی هەموو بەسەرکەنەوە، وا بێ بۆ هیچ مەحتەل نەبین. خۆمان حازر و ئامادە بە جەنگ! پکەین.

بە نەنە پوور فاتمێشم کوتۆ: دەبێ هەتا ئەو شاییێ، بە مەبارەکی و خۆشی، ئیشەڵا، تێ دەپەڕێ، بێ ئاگای لە منداڵەکان بێ."

باجە ئامین خەریکە ژوور وبانی سەرێ هەڵدەوەژێرێ.

ژووری پیاوان هەمیشە پاکوخاوێن ڕادەگیرێ بۆ ئەوەی دایکم دەڵێ:"دایمە میوانی ناخافڵمان لێ پەیدا دەبێ، بە پەلە پەل هیچ ناکرێ. ژوورەکانی دیش هەموو خاوێن کراونەوە و فەرش و بەڕە و شتیان تەکاندراون و شۆراون."

باجە خەجیج دەڵێ:"عیلاجی هەموو شتێکی دێ ئی مامە زێڕەی نەبێ!
بە خوڵای هەتا دەیبینم، تکای لێ دەکەم هەر ئەوەندە لە نێو پیاوەکاندا بێ هەتا نانوچایەکە دەخورێ و بڵاوەی دەکەن."
دایکم دەڵێ:"جەنابی شێخیش فەرموویەتی کارێکی جوان نێ، ئەو هەمۆ میوانە بێنە ماڵت، بۆخۆشت لە ماڵ نەبی!"

لەو قسانەدان مامە حەمەدەمین وە ژوور دەکەوێ، لەگەڵ هەموان سڵاو و چاکوخۆشی دەکا و بە دێدە و دایکم دەڵێ:"هەرچێکی لازمتانە، هەر بە خۆم بڵێن!"
دایکم دەڵێ:"خودا دەوامی عومرت بدا سەید حەمەدەمین گیان! جا خۆ دەزانم. ئەوەندەی بۆم کراوە بۆخۆم شتم کڕیوە، ناردوومە زێڕی خۆم فرۆشتۆ."
مامم زۆر ناڕەحەت دەبێ و دەڵێ:"جا چۆن براژن کاری وات کردۆ؟ خۆ ئەمن نەمردووم. وەڵاهی زۆر زۆرم پێ ناخۆشە!"
دایکم دەڵێ:"یاخودا هەر ساحێب شت بی بابەکەم! قەت قەت چاکەی تۆم بۆ نادرێتەوە، خۆ نا بە قوربانت بم، هەر ئەوەندە ئەمن خەجاڵەتی کەسوکار و عەزیز و برادەران نەبم بۆ من زێرە، جا زێر بە کاری چ دێ؟ ئەگە بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ؟"
دوایەش باجە جەجیج دەڵێ:"مامە! خۆ بە خوڵای، ماڵە سەید قادری خۆمان تایەکیان برنجی دەرەجە یەک ناردۆ، ماڵە سەید محێدینی پێنج کەلەیان قەند ناردۆ، ماڵە حاجی حەمە ڕەشیدی دوو دانە مریشکی گەورەی چاکیان بە قیرەقیر ناردۆ!"
باجە خەجیج دەیبژێرێ چەندە خزم و دۆست و دەروجیران شتیان ناردۆ و چەندە هەموو شتێک زۆر و زەوەندە و جێی نیگەرانی نێ.

دێدەش دەڵێ:"ڕۆڵە! خۆ هێندە شت هاتۆ، بەشی ئاکۆ وبڵباسی دەکا، خۆ ئەمە ئەوەندەمان خەڵک بانگ نەکردۆ، بە ناشکوری ناڵێم وەکوو شایی بێوەژنان دەبێ!"
مامم دەڵێ:"نا! نا! دێدە قەت دەهێڵم وەکوو شایی بێوەژنان بێ؟ مەگە ئەمن نەمابم، چۆن ژنی مەسعودی وەک بێوەژنان دەگوێزرێتەوە؟"
باجە خەجیج وەکوو خەبەرێکی خۆشی بیست بێ، ڕەنگورووی دەکرێتەوە و بە خۆشی خۆشی دەڵێ:"مامە گیان، بۆ؟ تەقەی دێنی؟ تەقەی دەبێ؟"
مامم قامکی ئیشارەی لە سەر لێوی دادەنێ و دەڵێ:"سست! با براژنم"، ئیشارەی دەکا بە دایکم، "پێنەزانێ دەنا ناهێڵێ!"
باجە خەجیج و باجە هاجەر هەردووکیان بە خۆشی دەڵێن:"نیگەران مەبە، کەس لێمان نابیستێ!"

مامە حەمەدەمین دەچێ بۆ لای دایکم و دەڵێ:"براژن! تەرتیبی ماشێن و ئەوەشم داوە، چوار ماشێنان بنێرین بەسە. ئەوەندە ناچن بۆ بووکێ."

دایکم دەڵێ:"دێدە و براژنم و براژنە مەلازادە و سەیدزادە خەجیج و هاجەرە خاتون و سەیدزادە مرێمی سەید هیدایەتی لە پیاوەکانیش بۆخۆت و سەید قادر دەچن، نازانم کێی دیکە دەچێ؟"

مامم دەڵێ:"حەسەن و جەمیل هەر ئەوەندە."

دایکم دەڵێ:"دیارە بە ڕەسمی هەرمەنی و جوولەکانیش، مەسعود بۆخۆی دەچێ و دوو کچەکانیش دەبا داوێنی بووکێ بگرن!"

ماشێنی بووکێ، بووک و زاوا و دێدە و دوو کچەکانی تێدا دەبێ. هەر کەسیش لە ماڵە بووکێرا بێ، ئەوە ماشێنمان هەیە بابێن."

باجە خەجیج دەڵێ:"ڕەنگە خوشکەکانی بێن، بەربووک دەگەڵی دێ. پێموانێ زۆرتر لە سێ چوار کەسی بێن. چوار ماشین سەروزیادە."

دەرکەی ماڵە مە قەت داناخرێ، بەڵام ئەوڕۆ یەکجار هاتوچۆ زۆرە. هەتا ئێوارێکی درەنگ هەموو ژنەکان لە ماڵە مەن و یاریدەی دایکم دەدەن.

ئامۆژنە کەژاڵ پێش ئەوەی بڕوا دەڵێ:"براژن گیان! نیگەران مەبە، بەیانی زوو منداڵەکان دابین دەکەم و بۆ ئامینێیان بە جێ دێڵم و دێم.

هەموو کاریش کراوە، هەر ئەوەندەیە دەبێ کێشتەکان لێنێین."

دایکم دەڵێ:"یا خودا ڕوو سووری دەرکی خودای بن، یاڕەبی زگتان نەسووتێ، خودا چاکەتان بۆ بکا، کچەکان! یاخوڵا خۆشبەخت بن! ڕۆڵە کوا بە بێ ئەنگۆ ئەوەندە کار و کوێرەوەری بە کێ دەکرا؟ ئەرێوەڵا دەستوچاوتان خۆش بێ، قالبوو ساغ بێ، هەموو کارێک کراوە. هەر ماوە کێشتەکان لێنێین، ئەویش بۆ شامێیە، وەختمان زۆرە."

ژنەکان هەموو بڵاوەی دەکەن. دایکم و دێدە هەموو شتێکی سەر دەنێنەوە، دەرکەی حەوزخانەی دادەخەن، دوایە دەچن نوێژەکانیان بگێڕنەوە و نانوچایەکی بدەن بە بابم و منداڵەکان.

بابم زۆر قسان ناکا، یا خۆی بە ڕادیۆیەوە خەریک دەکا یا ڕۆژنانەی دەخوێنێتەوە. دێدە جاروبارە شتێکی لێ دەپرسێ یان قسەی لەگەڵ دەکا. هەموو دەزانن ئەوجورە ژن هێنانەی کاکمی بە دڵ نیێ بەڵام کارێکە کراوە.

دایکیشم زۆر بە لیباسی عەجەمی بووکێوە ناڕەحەتە، بەڵام وە سەر خۆی ناهێنێ.

###

ئێوارێکی درەنگ کاکم بە پەلە پەل و هاتوهاوار دێ و دەڵێ:"زووبن، زووبن! درەنگە، دەبێ حازر بین بڕۆین! ماشێنەکان لە سەعات شەشی لە بەر دەرکەی مزگەوتێ دەبن."

ئەمن و وەنەوشەی دەبا لیباسە سپێ جوانەکانمان لەبەر کا.

دەو دەمەیدا دایکم دێتە ژوورێ و دەڵێ:"ڕۆڵە مەسعود گیان! سەیزادە خەجیج دڵی ئێشاوە، کوتوویەتی ئەوە بۆ کوبی وەکوو وەنەوشە و نەفیسەی لیباسی بۆ نەدرواوە؟"

کاکم دەست دەکا بە هەرایە و دەڵێ:"قسەی خۆڕایی، ئەو خانەوادە دوو هەزار کچی تێدایە! خۆ بۆ هەموان ناکرێ لیباسی ساز کەن، دوو کچی چکۆڵە بەسە، یەکێک لە لای ڕاست و ئەویدیش لە لای چەپەوە داوێنی بووکی دەگرن، قەرار نەبۆ سێ کچ بن! ئەمن ئەویدی چ لێ پکەم؟ ئەو چەل لیباسی بۆ لە کوێ بێنم؟ لیباسی نەفیسە و  وەنەوشەی سێ چوار مانگی پێ چوو حازر بێ."

دایکم دەڵێ:"ئەوەندەی دەزانم دڵی سەیزادە خەجیجێ نابێ ناڕەحەت کەی، لیباسی نەفیسەی بدە بە کوپڕای!"

کاکم دەڵێ:"عەجەب ڕێگایەکت دیتەوە! لیباسی نەفیسەی بە بەری خۆیان پڕیوە، بۆ کەسی دیکە نابێ، کوبرا گەورەترە، قەڵەوترە. چۆن دەتوانم بە جڕنیاو فڕنیاو لەبەر یەکی دیکەی پکەم؟ "

دایکم دەچێ لە خوارێ کراسێکی کودەری شین کە گوڵی ڕەشی تێدایە، دێنێ و دەڵێ:"ئەوەتا! مەسعود گیان ئەوەی لە بەر نەفیسەی کە، لیباسە تازە جوانەکەش بدە بە کوپڕای، با سەیدزادە خەجیج دڵی نەیەشێ!"

کاکیشم وا دیارە حەوسەلەی ئەو گێرەوکێشەی نێ و دەڵێ:"چاکە، دایە چاکە!"

هەر واش دەکەن، کراسە جوانە حەریرەکەم، بە دوگمە مروارێکانێوە، دەچێتە  بەر کوبی! وەنەوشە کراسی خۆی لەبەر دا، ئەمنیش کراسە کودەرێ شینەکەم لە بەر دەکەن، ئەوە لە کنە خۆ ئەمن خوشکی زاوام!

لە ماڵە بووکێش چونکە لیباسی من بۆ وەی نابێ لەگەڵ بووکێ بم، دەمنێرنە پشتەوە! وەنەوشە و کوبی لە دەستی ڕاست و چەپی بووکێ ڕادەوەستن.

لە نێو ماشێنێدا بووک لەگەڵ کاکم لە پشتەوە دانیشتوون. ئەمەشیان لە پێشەوە داناوە.

دێدەش لە نێو ماشێنی مەدا نێ.

لە ماڵە بووکێ هەرچای شیرن و شەربەتیان دامێ. لە نێو ماشێنەکەیدا هەرچی حەول دەدەم خۆم بۆ ڕاناگیرێ و میزی بە خۆمدا دەکەم.

دەگەینەوە ماڵێ. حەسارەکە پڕە لە خەڵک. مامیشم بەزمی هێناوە و هەموو هەڵدەپەڕن.

بابم لە ماڵە مامە قادرێ!
دایکم خەریکی نان و کێشت و میوان بەڕێ کردنێیە.
خات خاتون و کا حەمەد و باجە زارا و خاتو ئامینیش چوونە هەڵپەڕینێ. لە چوار دەوری حەسارێ چرای تۆر هەڵکراوە. جارجارەش یەکێک لە چراکان وە پرتە پرت دەکەوێ و دەبێ پچن ناسوسی پکەن و وە کاری خەنەوە.

وەختی نان خواردنێ ئەمن و دێدە و باجە هەتاو و باجە گوڵزار لە کن بووکێ دادەنیشین. ئەمن بۆ دێدەی دەگێڕمەوە چۆن لیباسەکەم تەر بۆ، دەمبا دەمشواتەوە و لیباسی خاوینم لەبەر دەکا و دەڵێ هەر دەبوو جوابی کاکمی نەداباوە و ئەمنی لەگەڵ خۆی بردبا لە ماشێنێوە.
تێروپڕم دۆکڵیو خورادۆ، سەرم لەسەر کۆشی دێدەی داناوە و گوێم داوەتە گۆرانێکی خۆش
"دەنگ دێ لە شیلانەکەی، بەو شەوی بارانەکەی، دێ خرینگەی لەرزانەکەی"
وردە وردە خەو دەمباتەوە.

###

ئەوڕۆ لای بانگی شێوان گیازی بووکێ دێنن و ئەمەش دەچینە سەر کوچەی حەمامێ سەیری پکەین.
هەر دایکم نایا.
لەو لایرا چەند ژن و پیاو دێنە خوارێ. پیاوەکان شتی قورسیان هەڵگرتۆ، ژنەکان چرای جوانیان بە دەستەوە و کەشەفی پڕ لە شتیان لە سەر سەریان داناوە و ساک و چەمەدانی بوکێیان بە دەستەوەیە وردە وردە بەرەو ماڵە مە دێن. گیازی بووکێ دەبەنە سەرێ. ژنەکان هەموو دەچن بزانن بووک چی پێیە،
دایکم لە خوارێ خەریکە شامێ حازر دەکا و خۆی لەو شتانە ناگەیێنێ.

###

بێنە وبەرە لە ماڵە مە هەتا شەو دادێ شتێکی سەیر نێ.
بەڵام لەو دەمیرا قسە لە شایی کاکم کراوە بە شەویش هاتوچۆ زۆرە.

ئەوڕۆژانەی دوای شاییەش دایکم خەریکە کاکم و براژنم ساز دەکا بۆ گەڕانەوەیان بۆ تارانێ. لە وێش براژنم لە نەخۆشخانەی کارێ دەکا و کاکیشم لە  دانیشگایە دەرسێ دەخوێنی.

بێجگە لە گیاز و لیباس و بەرگی خۆیان، دایکم نانوکولێرەی تازە و ترشیات و هەنگوین و پەنیری کووپە و نۆک و نیسک و ماش و هەرچی وە گیری کەوتۆ لە توورەکە و کیتەڵە و گۆزەڵەی کردۆ  و بۆیانی داناوە بیبەن.
دەڵی:"ئەنگۆ تازە ماڵ دادەنێن ئیحتاجوو بە هەموو ئەو شتانە هەیە!"
دایکم هەر کارێ دەکا و بە شەو و بەڕۆژ قەت دانانیشێ و ناحەسێتەوە بەڵام دەگری و دەڵێ ئەو وچان نەدانەی خۆی زۆر پێخۆشترە لە وەی کاکمی لێ دوور کەوێتەوە.

خزموکەس هەموو دێن چاویان بە کاکم و براژنم پکەوێ. بابم بە کاکم دەڵێ پچێ لە مامم و جەنابی شێخی خوداحافیزێ پکا.
بە دایکیشم دەڵێ:"نەکا ژنی مەسعودی بە بێ چارشێو لە ماڵێ پرواتە دەرێ، ئەوە تاران نێ، ئەتۆ پێی نەڵێی بۆخۆم پێی دەڵێم!"
دایکم دەڵێ:"با نەیێتە شەڕوناخۆشی لە بەینیاندا، هەر دوو سێ ڕۆژیان ماوە لێرە."
بابم زۆر بە قەڵسێوە دەڵێ:"ئەتۆش هاتوویە سەر ڕێوشوێنی پیس و گڵاوی عەجەمان، هەتا لەو ماڵەیدا بن نابێ بە سەر ڕووتی پچنە دەرێ!"
دوایە دەڕواتە بازاڕی.

کاکم و باجە زێێد کە دێن بەرچای پخۆن، دایکم پێیاندەڵێ.
باجە بە پێکەنینەوە دەڵێ:"چارشێوی چی؟ ئەمن خۆ چارشێوم نێ هەتا بە سەری دادەم!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! ئەوە کارێکی هاسانە، هەر ئەوەندەی لە خەوێ هەستاون چارشێوت بۆ ساز دەکەین. دێدە کە هات دەچێ لە دوکانی ئاغای دەشتی چارشێوی جوانت بۆ لێ دەکاتەوە، دەینێرین بۆ خەخیجی خانیسێ، ئەوەندەی چایەکی دەخۆی بۆت دەدرووێ، جا لەو شارەشدا کەس نە چارشێوی وا دەپرێ نە لیباسی وا دەدرووێ!
خەیاتی دەرەجە یەکە، لە بەر بووکان و ماڵە قازیان و ماڵە شافعێکان هەر
وە بەر ناکەوێ. ئەوە قەولیشم پێدا بوو چ کورم ژن بێنێ و چ کچم مێرد پکا، خەجیجە خاتون بێ. حەوت شەو وڕۆژان هەر لیباسی بووکێ بدرووێ و ئەمنیش هەر کێشتی خۆشی بۆ لێنێم.
بە ناشکوری ناڵێم ئاوای لێهات! بە زارای خۆماندا پرێکم نانوکولێرە بۆ نارد بوو، زارا دەیگێڕاوە هەر بە ئەژنۆی خۆیدا دەدا و دەیکوت:`بەدبەخت نەخۆم! جا چۆن شتی وا دەبێ، ئەویش ماڵی وا، چۆن دەبێ بووکێکی بێنن لیباسی کوردی لە بەر نەکا، بەدبەخت و چارەڕەش نەخۆم! چۆن سەیزادە خانم بە کۆڵێک شاڵەوە بووکی وای هێناوە؟ ئەیەڕۆ زارا گیان بە خوڵای ئاخری زەمانە!`"

دێدە کە وە ژوور دەکەوێ دایکم نەقڵی چارشێوی بۆ دەکا.
ئەویش دەڵێ:"نانوچام خواردۆ، کوێشتیر، وەرە باپرۆین! هەتا چارشێوی حازر و بزر نەکەین نایەینەوە."
لەگەڵ دێدەی پارچەیەکی بریقەداری ڕەش دەکڕین. ئاغای دەشتی دەڵێ:"ئەو پارچەیە تازە هاتۆ زۆر سووکوخۆشە وەکوو فای قورس نێ."
پارچەکەی دەبەین بۆ خەجیجە خاتونێ، کەوایەکی لەبەر دەستێ.
دەڵێ:"جا بە چاوان!"
کەواکەی وە لا دەنێ و دەڵێ:"بووک لێرە نێ بە خۆی ببرم، چارشێوەکەی بە باڵای کچەکەی خۆم دەپرم! ئەوەندەیە درێژ بێ هەڵیدەکێشێ، بەڵام کورت بێ هیچی لەگەڵ ناکرێ."
دێدەش دەڵێ:"حەقە! با درێژ بێ و کورت نەبێ، بۆخۆت دەزانی جحێڵ کەوشی پانێ بڵیند لە پێ دەکا. هیچ شتێک لە چارشێوی کورت ناحەزتر نێ، حیسان وەک کەری گوێ پراو دەچێ!"
خەجیجە خاتون دەست دەکا بە پێکەنینێ.
چارشێوەکە کە خەلاس دەبێ دێدە دوو تمەن دەسخۆشانەی دەدا بە

خەجیجە خاتونێ و خوداحافیزێ دەکا و دەڕۆین.
که دەگەینەوه ماڵێ دایکم دەڵێ:"دە چاکە بابەکەم!"
چارشێوەکەی لێک دەکاتەوە و دەڵێ:"دەستوچاوت خۆش بێ
خەجیجە خاتون، جاوەرە دۆم بێ و کەڵاش بۆخۆی پکا!"
دێدە دەڵێ:"ئەشەدوبیلا، کەوای دەدروو وە لای نا، هەر بە باڵای کچەکەی خۆشی پڕی."
دایکم دەڵێ:"ئەوەتا ڕۆڵە گیان! ئەوە بۆ کاڕێژیش چاکە، دەبێ لە نێو عەجەمیدا وەک عەجەمی بجوڵێوە، و لە نێو کوردیدا وەک کوردی! چارشێوەکەت هەر ڕاگرە بۆ وەختێکی بە ئومیدی خودای دێنەوە، نەورۆز و هاوین و ئەوەی، هەر بە کارت دێ."

###

ئەورۆ کاکم و باجە زبێد دەچنەوە تارانێ.
دایکم نەهاری زوو سازکردۆ.
میهەنتور سەعات دووی وەڕێ دەکەوێ.
ئەمن و دێدە و دایکم و بابم و کورەکان و ئامۆزاکان و مامە حەمەدەمین و باجە خەجیج و باجە هاجەر و باجە زارا و کا حەمەد هەموو دەچین بۆ کاڕێژێ.
لە ماڵە بووکێشەوە، دایک و خوشک و هەر سێک براکانی هاتوون.
دایک و خوشکەکانی دێن و ماچی دەکەن.
دەڵێن:"وشیاری خۆتان بن لە شار و وڵاتی غەریب لێمان بێخەبەر مەبن، کاغەزی بنووسن، خوداتان لەگەڵ بێ، بڵێین چی بە خودای زۆر ناخۆشە لێمان دوورن. بەڵام هیچیش ناکرێ!"
هەم ماڵە مە دەگرین هەم ماڵە بووکێ و هەر دڵخۆشی یەکتریش دەدەنەوە. کاکم و باجە زبێد دەچنە نێو ئوتوبوسەکەی دادەنیشن، هەموو بار وبەنگەنەشیان قایم کراوە هەتا دەگەنە مەراغەی.
لە مەراغەی دەبێ سواری قەتاری بن پڕۆنە تارانێ. تەواوی شەوێش لە ڕێیەدا دەبن.

هەتا ئوتوبوسەکە چاو دەیبینێ، هەموو لە دەور وبەری کاڕێژەکەی دێن و دەچن. کە ئاوا دەبێ، هەموو ژنەکان بە تایبەتی دایکم دەس دەکەن بە گریانێ.
دایکم دەڵێ:"ئەوە چاک بوو تەورێز نزیکتر بوو. ئەمە دەچووین، مەسعود دەهاتەوە، تاران زۆر دوور و بێئامانە!"
دێدە بە دەستێکی فرمێسکی لە سەر ڕوومەتی خاوێن دەکاتەوە بۆ وەی هەموان وە پێکەنین خا دەڵێ:"وەڵا ئەوچەل قەل گوومان ناگەیێنێتە تارانێ!"
ئامۆژنم دەڵێ:"براژن گیان! خوڵای تاران و تەورێز و سابڵاغێ هەرخوڵایەکە، هەر دەبێ دۆعای بە خێریان بۆ پکەی، خوڵا لە بەڵا و ناڕەحەتی دووریان کا، چت بۆ دەکرێ،
منداڵ هەر ئەوەیە. ئەو هەمۆ شەو و شەونەخونێیان پێوە دەبینی، چ کچ بێ چ کور، دەگەنە حاسڵاتێ، دەبێ پڕۆن وە دوای ژیانی خۆیان کەون. شوکور ئەوە کارەکەشی جێبەجێ بوو، بە دڵی خۆی ژنی بۆ هات، بە خوڵای زۆر چاک دەبن، هەر ئەوەندەی پووشکەیەکیش پەرۆشت نەبێ!"

پیاوەکان بڵاوەیان کردۆ، ژنەکان دایکم دەبەنە ماڵە مامە قادری هەتا بە سەر جێی خاڵی کاکم و براژنمدا نەچێتەوە ماڵێ.

لە ماڵێش خاتو ئامین و باجە ئامین وڵاتیان خڕ کردۆتەوە. هەمووشتێکیان هەڵوەژاردۆ. دێدە ئەوەی دەکرا لە بەر چاوانی لا بەن کوت بووی لەو لا و لەو لای تاقەتیکەن هەتا دایکم لە دیتنیان زۆر ناڕەحەت نەبێ، بەڵام دایکم وەکوو مەنجەڵێکی پڕ کە ئاوری لە بن دەکرێتەوە، هەر دەکوڵێ و هەڵدەچێ.

###

ئەوڕۆ بەیانی نانوچا هەر لە گۆڕێیە، خاڵە بابەدین دێ.
تاوێکی چاک خاڵم و دایکم دەگرین.
دوایە خاڵم کە بە دەسرەکەی فرمێسکەکانی ئیشک دەکاتەوە دەڵێ:"پەکوو فاتە گیان! چەندەم پەرۆشی کاکە مەسعود گیانە، خۆم چی دی بۆ ڕانەگیرا. لەگەڵ زبێد خانمێ کە هات بوون بۆ خوداحافیزێ پێمکوت چەندە دەرس خوێندن بۆ مە کە کوردین و زوڵم لێ کراوین لازمە، چەندە کورد بێکەسە، بێسەوادە، دوکتور و دەرمان و قازی و ئیدارە و سوڵحیە هەموو لە دەست عەجەمی دایە! ئەمە دەبێ پخوێنین و شت فێر ببین هەتا سەرکەوین و موحتاجی کەس نەبین.
ئەو خودایە ڕوحمی کردۆ، فاتە گیان! ئەو شارە پڕە لە جوولەکە و هەرمەنی، دەنا لە جێی ئەو دوکتور و ددانسازە هەرمەنیانەش هەر عەجەم دەهات.
ئەتۆش دەبێ دڵخۆشی خۆت بدەیەوە، کوا؟ چەند کوری سابڵاغی کورد دەناسی کە چووبن بۆ تاران و تەورێز بۆ دەرس خوێندن؟ ئەوەش هەموو هونەری تۆیە! دەنا سەید عەلی هەر بۆ تەورێزیشی نەدەنارد تەسدیقەکەی وەرگرێ چ بگا بە وەی بینێرێتە تارانێ بۆ لیسانس وەرگرتنێ. ئەتۆ دەبێ بە منداڵی وا شانازێ پکەی، شوکور زۆر کوری چاکە، کوردپەرستە و بە غەم و دەردی هەموانەوەش هەیە."

دایکم دەست دەکاتەوە بە گریانێ و دەڵێ:"ئەرێوەڵا، کاکە گیان! هەر دەڵێی دوێنێ بوو لە مەدرەسەی بە خۆشی و بە هەرا هەرا دەهاتەوە.
ڕادەوەستا، لە بەر دەرکەی کوچەی دەیزیقاند:`دایە چمان هەیە؟`
دوایەش بە سرودی 'ئەی ڕەقیب' خوێندن دەهاتە نێو حەسارەکەی.
دەمکوت:`ڕۆڵە گیان وەرە ژوورێ، ئەتۆ بۆ لە بەر دەرکی کوچەی هاوار دەکەی چمان هەیە؟`
دەیکوت:`ئاخە برسیمە!`"

خاڵە بابەدین هەموو ڕۆژێ دێ سەری دایکم دەدا. لە سەر دەستە نوێنەکەی دادەنیشێ، تەزبیحە کارەباکەی دەردێنێ و دەنکە قەڵەوەکانی هەڵدەسوورێنێ. تەزبیحی خاڵم زۆر کورتە و بۆ دۆعایان نابێ. دێدە و دایکم تەزبیحەکەیان سەد و یەک دەنکە و هەر وەختی دۆعاکردنێش بە دەستێوە دەگرن.

لە نێو خوشک و براکانی دایکمدا، دایکم و خاڵە بابەدین لە زۆر بابەتانەوە وەک یەک دەچن لە ڕەنگ و ڕووخساردا لە شێوەی قسەکردن و حەتا بە ڕێگا ڕۆیشتندا.

###

ئەوڕۆ لە دەنگە دەنگی خوارێ وە خەبەر دێم.
دایکم لەگەڵ کاک مستەفای باسی ترێی چاک و خەراپ دەکەن.

لە پلیکانەکان دەچمە خوارێ. بەیانان پێش وەی تاو هەڵێ سەرمایە، خۆم بە ژووری تەختەبەندێدا دەکەم. دایکم دوو سێ هێشۆ ترێی دەشواتەوە و دەیهێنێتە ژووری.
دەڵێ:"هەتا زەرگەتەکان پێیان نەزانیوە بیخۆن."
ترێکە سپی و شیرن و تاقە تاقەش دەنکی زۆر گەیشتووی لەگەڵە، وەکوو مێوژی دەچن و لە ترێکەی خۆشترن!

دێدە و باجە ئامین و خات خاتون و خاتوو ئامین یەک بە دووی یەکێدا وە ژوور دەکەون.
دایکم دەڵێ:"خات گوڵێ گیان! ئەتۆ لەگەڵ ئامینەی پچن کووپەکانمان بۆ ڕۆیەڵ کەن هەتا بیانشۆین."
باجە ئامین پێدەکەنێ و دەڵێ:"دێدە گیان! دیسان دەبێ پشتێندەکەت پکەیەوە!"
دێدەش دەڵێ:"کچێ جا چ پکەم، کێ دیارە؟ ئەوە ئەمن بێ پشتێند بووم یا نەبووم، خۆ دنیا خەرا نابێ؟ کێ چاوی لە وەیە، حیسانی جحێڵ هەر بە هەموو شتێکی پێدەکەنێ، خۆزگەم بەخۆتان ڕۆڵە!"
باجە ئامین کووپەیەکی دەست دەداتێ، دەیدا بە دێدەی، ئەویش دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! خۆ ئەوە شکاوە!
بەو هەمۆ پشیلە خودا چاکە بۆ نەکردوانەی لەو حەسار و دەرکو وبانەیدا ڕمبازێنێ دەکەن، وەڵاهی چاکە شتیش دەمێنێ! ئەوە کاری ئەو پشیلانەیە یان منداڵان لە کوچەی ماڵە سەید حەکیمیرا ڕەنگە بەرد ومەرد و شتیان هاویشت بێتە سەربانی یان بە قۆچەقانی لێیان دابێ."
دێدە کووپە شکاوەکەش ڕۆیەڵ دەکا بەڵام بە دایکم دەڵێ:"وا دیارە دەبێ برۆم کووپێکی بکڕم."
دایکم دەڵێ:"ئەرێ وەڵا، خات گوڵێ گیان، دوو کووپانیش بکڕی پڕ دەبن!"
دێدە دەڵی:"ئەیەڕۆ ئەو ژنەی! جا ئەو هەمۆ سرکەیەی چ لێ دەکەی؟ خۆ بەشی ئاکۆ وبڵباسی دەکا."
خات خاتون دەڵێ:"خودا هەر بەرەکەتی تێخا، ئاخە موشتەریشی زۆرە! ماشەڵا ئەو هەمۆ ترشیاتەی هەموو ساڵێ دادەندرێ هیچی ناگاتە بەهارێ."
دێدە دەڵی:"هەر بە قابان ترشیاتەکەی دەدا بە خەڵکی، بۆیە ناگاتە بەهارێ."
دایکم دەڵێ:"خێری ساحێبی! یاخوڵا هەرچی دەیخوا هەر نوێشی گیانی بێ، گەردنی ئازا بێ، ئەنگۆش هەموو زەحمەتی پێوە دەکێشن، خودا چاکەتان بۆ پکا، قالبوو ساغ بێ!"
دێدە و باجە ئامین لە بانی هاتوونە خوارێ.
دێدە دەڵی:"ئەمن ئەوە کوێشتپری دەبەم و دەڕۆم بۆ کووپە کڕینێ، هەتا ئەنگۆ ئەوانە دەشۆن و سەوەتەکان بەتاڵ دەکەن ئەمەش دەگەڕێنەوە."

دایکم دەڵێ:"کچێ دێدە گیان! ئەتۆ بۆ ئەو کچەی لە خۆت دەکەیە بار؟ ئەگە دوو کووپانیش بکڕی خۆ بۆت نایەتەوە ماڵێ."
دێدە دەڵی:"ئەگە بۆم نەهاتەوە دیارە عەمباڵێکی بانگ دەکەم بیان هێنێتەوە. ئەگە بۆشم هاتەوە، ئەوە چاکە. دەچمە دوکانی مام سۆفی، ئەوەتا لەو پشتەیە. هەر بە مەیدانی ئاسینگەراندا دەچی، لە مەیدانی حەلاجەکان نزیکە.
کوێشتیریش قەت لە من نەبۆتە بار پێم خۆشە بۆ هەموو جێیەکی لەگەڵم بێ!"

ئەمن و دێدە لە دەرکەی دەچینە دەرێ. قەیسەری داندراوە، بە نێو وێدا دەڕۆین. زۆر دوکان ئێستا داخراون.
دێدە دەڵێ:"نازانم بەو بەیانەی مام سۆفی دوکانی داناوە یان نا؟"

لە پلیکانەکانی بەر دەرکەی قەیسەرێ وە سەر دەکەوین، دوکانی گۆزەفرۆشەکەی لە دەستی ڕاستمان لە پشت کەلاوەیێکێ.
دێدە دوای چاکوخۆشی لەگەڵ مام سۆفی دەست دەکا بە هەڵگێرو وەرگێر کردنی کووپەکان هەرجارناجارێکیش بە پتەی، کیتەڵە و گۆزەڵەکان وە زرینگە دەخا هەتا دوو کووپەی کاشی زۆر جوان و گەورە هەڵدەبژێرێ لەگەڵ گۆزەیەکی سوور بۆ ئاو خواردنەوەی خۆی.

مام سۆفی بە شاگردەکەی دەڵێ:"هەڕاکە، ڕۆڵە! بزانە عەمباڵێکی بۆ ئەو خوشکەم بانگ ناکەی، خۆ ئەوانەی بۆخۆی بۆ ناچێتەوە."
شاگردەکە بە هەڵاتن دەچێ، ئەوەندەی یەک و دوو، لەگەڵ پیاوێکی، بە قەتاڵەیەکی گەورەوە، دەگەڕێتەوە.
دێدە پووڵی دەدا بە مام سۆفی. بارکێشەکە دەست دەداتە دوو کووپەکان. دێدە دەستی منی بە دەستێکی گرتۆ و هەنگڵی گۆزەکەش بە دەستەکەی دیکەی، وەڕێ دەکەوین و بە مەیدانی ئاسینگەراندا دەڕۆینەوە ماڵێ.

ژنەکان خەریکی ترێ هەڵوەراندنێن. دێدەش دادەنیشێ یاریدەیان بدا. ئەوەی کە هەڵیشیان وەراندۆ دایکم دەیبا لە کووپە کاشێکانی دەکا و لە بەر تاوێ لە پشت پەنجەرەی ژووری تەختەبەندێ دایاندەنێ و بە دەورێکی ڕووکێش سەریان دادەپۆشێ.

دێدە دەڵی:"جا ئەوە هەتا تاو وبان خۆشە چاکە ئاوا دایانبنێی. دەبێ لە بیرت نەچێ شەوانە جوان دایانپۆشی، سەرما کاریان لێ نەکا!"
خاتو ئامین بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەیەڕۆ ژنەکێ سەرمای چی؟ خۆ سارد نێ."
دێدە دەڵی:"بەیانان و ئێواران ساردە، ساردتریش دەبێ، ئەوە سابلاغە، هەر ئەوەندە گەلاوێژ ئەنگوت، باوبژ و تەپوتۆز و خۆڵی ئەو دنیایەی ڕوو دێرە دەکا."

دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵا، وایە بە قوربان! بۆیە دەبێ هەتا سەرما نەهاتۆ ئەو جورە کارانە هەموو جێبەجی پکەین. لەو شارەی هەر ترێ گەیشت، دەبێ ڕانەوەستی و سرکەی دانێی دەنا سەرما کە هات ناگاتێ.
سەیدزادە خەجیج دەیکوت سرکەی خۆی داناوە و دێ یاریدەی مەشدەدا. ئەمنیش پێمکوتۆ وەختی کەرەوز و بیبار و هەرمێ دانانێ لە دووی دەنێرم.

له کاری ورد و درشت و ماڵداری و پاکوخاوێنی و تەدارکومەبارەک گرتنێدا کەس وەک سەیزادە خەجیجی پێ ناکرێ."

لەو قسانە دان، کا حەمەد  لە بازاڕڕا دێتەوە، قاپێکی بە دەستەوە، سەری بە تەنزیلی داپۆشراوە، بە دایکم دەڵێ:"باجی گیان! ئەمن ڕۆنی کەرەم بۆ هێناوی، ئەدی ئەتۆ چت بۆ لێ ناوم؟"
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی کا حەمەد گیان! شۆرباوێکی بە کەیفی تۆمان هەیە، نانێکی تازەوجوان، لە هەر کوێیەکی ڕێت خۆشە دادەنیشە، نەهار بە سەرچاوم، حازر وبزرە!"
کا حەمەد دەڵێ:"زۆر کێشەی بۆخۆت ساز مەکە باجی گیان! نانی ڕەق و دۆی ترش بۆ من بەسە، دەیخۆم و دەچم ئاغای دەنێرمەوە."
دایکم دەڵێ:"ئامینە گیان! مەجوعمە چکۆڵەکەی بێنە، گیاوگۆڵ و خوێدان و دوو سێ نانی جوانی لەسەر دابنێ ئەمنیش هەڵدەستم ڕۆنەکەی بەتاڵ دەکەم و شۆرباویش بۆ  کا حەمەدی تێ دەکەم."

کا حەمەد دەڵێ:"ئەوە چ باسە؟ دیسان بەردی بن نیسێیە دەبەنە بەر تاوێ، ئی بەر تاوێش دەبەنە بەر نیسێیە؟"
خات خاتون دەڵێ:"ئەدی ئەوە هیچ کارمان نێ، گاڵتەی دەکەین، چویەوە ماڵێ؟ سەری ماڵێت داوە، هیچ؟"
کا حەمەد دەڵێ:"کچێ ماڵی چی؟ ئەوەندەمان کار هەیە لە دوکانێ، سەری خۆمان پێ ناخورێ، ئاغا ئەمنی ناردۆتەوە شتێکی بخۆم دەبێ پچمە دێی لە وانەیە هەتا سبەینێش نەگەڕێمەوە."
دێدە دەڵی:"خودا بازاڕتان بدا، بابم! جا ئەوە چاکە کاروبارتان هەیە. بێبازاڕی دەردی گرانە."

کا حەمەد خەریکی خواردنێ دەبێ، ژنەکان دەست دەکەن بە هەڵوەژاردنی وڵات و شوستنی تەشت و قەتاڵە و ئەوەی.
دایکم دەپرسێ:"ئەرێ بانگی خۆمانی داوە؟"
کا حەمەد دەڵێ:"نا باجی گیان!"
بە دوای وەشدا سەعاتەکەی کە بە زنجیرێکی هەڵاوەسراوە، لە گیرفانی کەواکەی دەردێنێ و دەڵێ:"باجی گیان! نیو سەعاتی ماوە بۆ بانگی خۆمان."
دایکم دەڵێ:"زۆر چاکە بابم، ئەمەش ئەوە خەلاس بووین! بۆ وەختی نانوچای هەموو کارێکمان تەواو دەبێ."

خات خاتون دەچێ لە حەوزخانەی  دەزنوێژێ پشوا، خاتو ئامین لەبەر زەرگەتان حەسارێ دەشواتەوە،
باجە ئامینیش چۆتە ژوورێ سفرەی ژنان و پیاوان سازکا. دێدەش سەری هەموو کووپە سرکەکان دەدا و پەڕۆ و تەلیس و شتەکانی لە دەور وبەری کووپەکان دادەنێ و دەڵێ:"جا ئەوە ئیدی دەبێ بە خودای بسپێری. تاو وبان خۆشە زۆر چاک دەردەچێ!"

له بن داره مێوەکەی بەر مدبەقێ، هەموو ژنەکان نوێژێ دەکەن و هەر له حەسارێش نانوچای دەخۆین.

وەختی نان خواردنێ دوو سێ زەرگەتە هەر دێن و دەچن، دێدە دەڵێ:"ئەیەڕۆ خۆ بۆ سەر نانوچایەکەش وە دوومان کەوتوون!"
خات خاتون دەڵێ:"یادی بەخێر ئەرێ لە بیرتانە، یا خوڵا نەمێنم، زەمانی کوردیەت، ئەو دەمی لەو کارخانەی مام عەزیز توتنی دەکوتا، لە حەسارێش پیاو دەکۆخی.
سەیزادەش بە مەزهەر شای دەکوت:'دە ڕۆڵە هەستە پرۆ حەسارێ قوماران پکە! مەزهەرشاش، بە قوربانی بم، چکۆڵە بوو دەیکوت:"ناچمە حەسارێ زەگەتە ئەمن بڤ!'
دایکی دەیکوت:'دە چاکە، چاکە! تاوێکی پرۆ سەری کارخانەی بدە!'
دەیکوت:'ناچمە کاخڵانەی دەکۆکم!'
سەیزادە دەیکوت:'ئەدی هەر ئەمە دەخۆی!"
کورەکەش پێدەکەنی و دەیکوت:'ئا! هەر ئەمە دەخۆی!"

###

ئەورۆ بەیانی وەکوو هەموو ڕۆژێ لەگەل کەڵەبابەکانی سەر بانی کاروانسەرایە وە خەبەردێم.
کاک مستەفا و پیاوێکی دی بە نەقە نەق دوو خیگەی زەلامیان لە بازاڕیرا هێناوەتەوە و لە حەسارێ دایاندەنێن.
دێدە کە دەگاتە جێ دایکم پێی دەڵێ:"دێدە گیان، چاوێکی لە بیزاکەی کە بزانە چۆنە!"
دێدە قۆڵی هەڵدەماڵێ سەری خیگەکان دەکاتەوە چنگێک بیزای دەردێنێ چاویان لێ دەکا و دەڵێ:"بیزا هەر وا دەبێ، زۆر جوانە!"

دێدە و خات مریەم و  باجە ئامین خەریکی بیزا چاک کردنێن. هەر زوو زووش هەڵدەستن دەچن دەست و باسکیان دەشۆنەوە و دەگەڕێنەوە سەر کارەکەیان.
باجە ئامین دەڵێ:"پەکووا! چۆن دەستی پیاوی وە خوروو دەخا! ئەوە چیان تێکردۆ؟"
دێدە لە جوابیدا دەڵێ:"دۆواوکی بیزاکەی زۆر خەستە و پریشە لە خوێ. ئەگە لە دۆواوکی نەگرن ڕەش هەڵدەگەڕێ. ئەگە خوێشی تێ نەکەن خۆی ڕاناگرێ و دەڕزێ. ئەوە ئەو خوێیەیە  دەستوپلی پیاوی وە خوروو دەخا.
دوای وەش بیزاکە دەبێ خۆش کرێ جا لە سرکەی پکرێ."
باجە ئامین دەڵێ:"چۆن خۆش دەکرێ، دێدە گیان؟"
دێدە دەڵێ:"هەموو ڕۆژێ جارێکی دەبێ دۆی لێ بگۆڕین هەتا سوێرایەکەی دەچێ و ڕەنگی بیزاکەی وەک کارەبای زەردی لێدێ و تاموبۆنیشی خۆش دەبێ.
دوایە دەیپاڵێوین و ئاوی خاوێنی سەرچاوەیان پێدا دەکەین و لە نێو سرکەیان دەهاوێین."

باجە ئامین دەڵێ:"ماشەڵا کورەکان هەموو زۆریان ترشیات پێ خۆشە.
کاکە جەمیل ئێستا لە نێو سرکەش نەندراوە دەڵێ:`دایە! ئەدی ئەو هەمۆ بیزایە چی لێ هات؟ بۆ ناماندەیەی بیخۆین؟`"
دێدە دەڵی:"بە قابان، جەمیل هەر بە قابان ترشیاتی دەخوا، بێبەلا بێ، دادەنیشێتە سەر قاپێک بەربەسێلی بە ماستی مەڕان و کۆڵێک ترشیات. ئەو ژنەش ناڵێ قاپێکی ڕووکێش پڕ لە ترشیات بۆ جەمێکی بەسە. هەر دەڵێ:`دەچاکە، چاکە! ڕۆڵە گیان، بە چاوان، قابەکەم بدەیە پڕی کەمەوە!`
خەڵکی دیش لە وێ ڕاوەستێ. ئەوەی داوای ترشیاتی پکا، هەر کەس حامیلە بێ، ئەوەی مەگیرانیان پکا، هەرچی دەروجیران و فەقێی مزگەوت و هەمووی دەبێ ترشیاتی بدرێتێ!"

لەو قسانەدان باجە مرێم وە ژوور دەکەوێ، دوو کورەکانیشی بە گریان بە دوایەوە.
دێدە لە جێی خۆی قیت بۆتەوە، دەڵێ:"مرێم! ئەوە چ بۆ؟ کاکم چاکە؟ ئەمن دەزانم ئەتۆ جەنگەی کاروباری نیوەڕۆیە بۆ هیچکوێ ناچی."
باجە مرێم دەڵێ:"کچێ، چاویان دەرێ، یا خولا یەکیان نەمێنێ، خۆ ئەمن زووخاوم لە دەست هەڵێنان، یاخولا زووخاوێ هەڵێنن!"
دوایەش دەست دەکا بە گریانێ. دایکم دەیباتە ژووری تەختەبەندێ، دێدە بە دوویانەوە. ئەمەش منداڵەکان بانگ دەکەین لەگەلمان قوماریێ پکەن.

باجە مرێم هەتا شەو درەنگێکی لە ماڵە مە دەبێ، دایکم و دێدە زۆر قسەی لەگەڵ دەکەن.
بابیشم هەر پێیان دەڵێ:"قسەی خۆڕایی بۆ دەکەن!؟ ئەو قسە هیچوپووچانە بە کاری چ دێ؟ بۆ هەر شەڕ و ئاژاوەی نێو ژنانوو لە بەر چاوێ؟ کوا لە کوێ لەو دنیایەیدا بگەڕێی یەکێکی ئاوا ئەسڵ و نەجیب وەگیر دەکەوێ ئاوا پیاوی خودای و بە عیلم و بە سەواد و جوان چاک. لە خانەوادەیەکی ئاوا موحتەڕەم؟
ئەنگۆش عەقڵوو هەبایە دەتانزانی کە مرێم خودا چ مەرحەمەتێکی لەگەڵ کردۆ کەوتۆتە نێو خانەوادەیەکی ئاوا!"
دێدە دەڵی:"چاکە! چاکە، خودا ئەو خزمایەتێی لە تۆ و لە کاکم مەبارەک کا، دەڵێن تێر ئاگای لە برسی نێ، ڕاست دەکەن! بە تایبەتی پیاو، خۆ نازانن لە ماڵوحاڵیان چ دێ و چ ڕادەبرێ، چڕها بەدبەختی ژن دەبێ بیکێشێ، ئەویش ماڵی دووبەرەکی، جەحەندەم خۆشترە لە ماڵی دووبەرەکی.
پیاو کەنگێ سەری لە کاری ماڵێ دەردەچێ؟ حازروبزر بۆیان دێتە پێشێ دەخۆن و لاقی لێ ڕادەکێشن. ئەویش ئەو پیاوە، خۆ ئاگای لە مەحمودی بێزەواد نێ! هەر دەڵێی لە نێو ئاوەدانیشدا نەبۆ، کشپەڵی دەکێشنە نێو مدبەقەکەی، دەڵێ:`خات گوڵێ، ئەمانە چیە؟ بۆ چی بە کاری ئەبەن؟`"

ژنەکان دەست دەکەن بە پێکەنینێ.
بابم قەلستر دەبێ دەڵێ:"قسەی بێتام چ فایدەی هەیە؟"
دێدە دەڵی:"ئەوە ئەگە ئەوەندە پیاوی خودایە، سەری بە بەرماڵێوە چۆ، بۆ ئەو دوو ژنەی هەیە، لێکیان جوێ ناکاتەوە وا بێ هەر چاویشیان بە یەک نەکەوێ؟"
بابم دەڵێ:"کەنگر و ماست بە وەعدەی خۆی! ئەوە لە کوێ ئێستا ئەوەی بۆ دەکرێ دوو ماڵان دانێ؟ بە وەختی خۆی ئیشەڵا ماڵی جوێشیان بۆ دادەنێ."

دوایەش دەڵێ:"گوڵێ! هەستن ئەتۆ فانوسەکەی بە دەستەوە گرە، جەمیل با یەکێک لە کورەکان لە کۆڵ کا و مەزهەریش، ئەوی دی لە باوەش کا و بڕۆن مرێمی بەرنەوە هەتا ژووری خۆی، منداڵەکان لە نێو جێوبانی خۆیان نێن با بنوون ناڕەحەت نەبن."

بابم دوایە بە باجەمرێمێ دەڵێ:"مرێم! دەزانی ئەو ماڵەش هەر ماڵە جەنابی شێخێ. ئەمن و ئامۆژنت لە حاست جەنابی شێخی خۆمان بە ساحێبی هیچ شتێکی نازانین، ئەتۆ بە خۆت و بە منداڵەکانتەوە هەمیشە قەدەمتان لە سەر چاومانە، بەڵام بەشەڕ و ناخۆشێوەە، لە ماڵێ وە دەرکەوتن و زیزبوون، ئەوە دە شانی تۆ دانێ، ئەتۆ بزانە ژنی کێت پێ دەڵێن."

دێدە بە لاتاوەوە دەڵێ:"ژنی شای!"

دوایەش هەڵدەستێتە حەوا، خۆی حاز دەکا، بە کاکە جەمیل و کاکە مەزهەری کە لە دیوی پیاوانن، دەڵێ:"وەرن، باپیرم! ژنی شای دەبێ بەرینەوە ماڵێ، وەرن منداڵەکان لە باوەش کەن، خەویان لێ کەوتۆ، با بیان بەینەوە."

بۆخۆشی دەست دە داتە فانوسەکەی دایکم هەڵیکردۆ و وە پێشیان دەکەوێ و دەڕۆن.

پەنجەرەکان ئاواڵەن. شەو زرینگاوەتەوە. جاروبارە نەبێ دەنگی سەوەڕ و فیتەفیتی ئاژانان نایە. شنەبایەکی خۆش و فێنک پەردەی پەنجەرەکانی وە جوڵە جوڵ خستۆ. هەموو ماندوو و خەواڵوون، هەرکەس دەرواتە نێو جیگای خۆی.

###

ئەورۆ دێدە لە حەمامێیە.

مامقادر ئاوی خواردنێی بۆ مەشو دێدەش هێناوە. دایکم هەر چی مەنجەڵ و کیتەڵە و گۆزەڵەی ئەو ماڵەیە دایناوە بۆ ئاوی سەرچاوەی.

مام قادر پیاوێکی کز و ڕەق و کەڵەگەتە. زۆریش بە حەوسەلە و لەسەرەخۆیە، زۆر پیاوی چاکە. ئاوی بۆ نیوەی ئەو شارەی لە سەرچاوەڕا بە سواری کەرێ دێنێ.

بە کەرەکەشی دوو تەنەکەی درێژ و زەلامی وەک بۆشکەی هەڵبەستۆ.

تەنەکەکان سەریان هەیە و سەرەکانیان لە حەوای دەکا هەتا ئاوەکەیان نەڕژێ.

ئاوی چۆمی و ئاوی حەوزی خۆمان ناخورێنەوە. زۆر کەس بۆخۆیان جەڕە و گۆزەی دەبەن ئاوی لە سەرچاوەی دێنن، بەڵام ماڵە مە لە سەرچاوەی دوورە و ئاوێکی زۆریشمان پێ دەوێ.

دایکم دەڵێ:"ئاوی دێدەش بەتاڵ کە مام قادر گیان! بۆی لە حەوزخانەکەی دادەنێم هەتا دێتەوە، ئەورۆ حەمامی ژنانە."

ئەو ڕۆژانەی میوانمان هەبێ، مام قادر سێ چوار سەفەران دەکا. وەکی دی ڕۆژناڕۆژێکی دێ.

دایکم دەڵێ ئاوی چۆمی لە بەر ئەوەی ئاوەڕۆی شێروخورشیدێ دەچێتەوە نێوی، گڵاوە. ئەگە کەسیش بناسێ یان ببینێ ئاوی لە چۆمی دێنن یان شیوی تێدا دەکەن پێیان دەڵێ ئەو کارەی نەکەن.

دەڵێ:"ئەو باغ و بێستانەی بەرەوەی شێروخورشیدێ هەموو حاسڵاتەکەشیان پیسە. بۆ وەی بە گوواوی شێروخورشیدێ ئاو دەدرێن." هەمیشەش بە دێدە و باجە زارای دەڵێ ئەمە بەرنە بێستانەکانی سەرەوەی شێروخورشید و ستادی.
مام قادر دەڵێ:"وەڵاهی، سەیزادە خانم گیان، کەس ئاوا قووڵی تێ ناگرێ! زۆر کەس هەر لەو ئاوەی چۆمی دەخۆنەوە و جلکوبەرگ و منداڵیشی تێدا دەشۆن."
دایکم دەڵێ:"بەدبەختێکەش هەر لە وەی دایە مام قادر گیان! زۆر کەس نازانن ئەو ئاوە پیسە، کەسیش نێ لێیان حاڵی پکا یا پێشی ئەو ئاوەڕۆیانە بگرێ کە دەچنەوە نێو چۆمی."

مام قادر دەڵێ:"خۆ شوکر ئاغا سەید دەستی دەڕوا، خەڵکی دەناسێ بۆ قسەی لێ ناکا؟"
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ، چۆن بابەکەم! دە جاریشی بەو کەس و ئەو کەسی ڕاگەیاندۆ، بە شارەداری و فەرمانداری و دەزانی ئەوانیش هەر دەڵێن:`امروز برو، فردا بیا! (ئەورۆ بڕۆ سبەینێ وەرەوە!)` کوا بە قوربانت بم بۆ کوردی چ دەکەن ئەوەی پکەن؟ هەتا چاوت بە شار و وڵاتی عەجەمی نەکەوێ نازانی چەندە ئاوەدان و بە دەستور و قاعیدەیە. لێرەش خۆ دە هیچ ناگەیێنن.
کوا دوکتورمان، نەخۆشخانەی چاکمان، چرابەرقمان، ئاوی خاوێن و لولەکێشی کراومان؟ ناوەڵا بابەکەم لە چاو عەجەمی شاری مە هەر هیچی بۆ نەکراوە، جا ئەو نەقڵەش لە هەمووی خۆشترە دەڵێن کورد یاغیێ! کورد خۆ کەر نێ، ئاوای لەگەل بزوویەوە یاغی دەبێ، بایێنن هەر بە دەستوری وڵاتی عەجەمی لە کوردەواریش هەموو شتێکی دابنێن، هەتا یاغی نەبین. توخوڵا وایە یا نا مام قادر گیان؟"
مام قادر دەڵێ:"حەقە، سەیزادە خانم، ئەتۆ زۆر چاکی بۆ چووی!"
ئاوەکەی بەتاڵ کردۆ و خوڵاحافیزێ دەکا و دەڕوا.

دایکم و خاتو ئامین هەموو کیتەڵە و گۆزەڵەکانی پڕ لە ئاو وە حەوزخانەی دەنێن.

دەرکەی کوچەی ئاواڵەیە باجە خەجیج و کچەکانی وە ژوور دەکەون.

دوای سڵاو و چاکوخۆشێ، باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژن گیان، ئەوە هاتووم نەفیسەی بەرمە حەمامێ لەگەل خۆمان، شتومەکەکەیم بدەیە!"

دایکم دەڵێ:"جا بۆ خۆت تووشی زەحمەتێ دەکەی سەیزادە خەجیج گیان؟ وەڵا، نا! ئەتۆ تووشی نارەحەتێ ناکەم."
باجە خەجیج دەڵێ:"نارەحەتی چی؟ ئامۆژن بۆخۆم پێمخۆشە لەگەڵ کچەکان دەبێ، پێیخۆشە."
دایکم دەچێ قەدیفە و سەرپێچ و کراس و دەرپێ و لفکە و کیسە و سابوون و شتی لە نێو بوخچەیەکی دەنێ دەیداتە دەست باجە خەجیجێ."

باجە خەجیج دەڵێ:"جا ئیدی نیگەرانی مەبە، ئامۆژن گیان! ئەوە لەگەڵ مەیە، بۆ نەهارێش دەیبەمەوە ماڵە خۆمان."

دایکم دەڵێ:"جا ئەنگۆ بۆ نەهارێ وەرنە ئێرە، سەیزادە خەجیج گیان! بۆ دەچنەوە؟ ئەمە ئەوە لە سەر ڕێی حەمامێین."
باجە خەجیج دەڵێ:"کوا ئامۆژن گیان! لە بەر حاجی هەر دەبێ پچینەوە، حومەیرای زوو دەنێرمەوە هەتا چا و سەماوەر و شتی ساز کا. ئەمەش هەتا وەختی نەهارێ خەلاسیمان دێ. دۆکڵیوێکی زۆر خۆشیشم، بە بێ ئەنگۆ ناخۆش، لێناوە."
دایکم دەڵێ:"نۆشی گیانتان بێ، بابەکەم، جا زۆر چاکە! ئیشەڵا ڕۆژێکی دیکە وەرنە ئێرە. ئەدی کوا بوخچە و شتتان، بابەکەم؟ چ بە دەستتانەوە نابینم."
باجە خەجیچ دەڵێ:"هەموو شتێکمان ناردۆ بە خات خەزاڵێدا بیداتە دەست دێدەی، خۆ ئەمە بۆخۆمان بوخچەی بە دەستەوە ناگرین لەو کوچەی بۆو کوچەی، ئامۆژن گیان، بوخچەهەڵگرمان هەیە! کەس لە تایفەی شافعیدا بوخچەی بۆخۆی هەڵناگرێ، بۆ کچەکان خەراپە، وەختێکی دەچن بۆ ماڵە مێردیان بە چاویان دادەنەوە!"
دایکم پێدەکەنێ و دەڵێ:"ئەیەڕۆ، وەڵا ئەوە زۆر سەیرە! ئەگە حومەیرا گیان بوخچەی بە دەستەوە گرێ بۆ حەمامێ، وەختێکی مێردی کرد، ماڵە مێردی بە چاوی دادەدەنەوە!؟"
باجە خەجیج دەڵێ:"ئەدی چۆن ئامۆژن! بە سووکی چاویان لێدەکەن، پێیان دەڵێن پرۆ، پرۆ ئەوە بۆ ترت لە خۆت چۆ! ئەتۆ هەر ئەوە نەبووی بوخچەت هەڵدەگرت بۆ حەمامێ؟! ئەدی چۆن خۆ ئەو دنیایەش خەراپ بێ هیچیان، هیچ بە دەستەوە ناگرن!"
دایکم دەڵێ:"وەڵا خۆ ئەمن لەبەر وەی هەر فێری کورەکان بووم، ئەو شتانە نازانم، کچەکەش هەر وەک کورەکان چاو لێدەکەم."
باجە خەجیج دەڵێ:"وەڵا ئامۆژن گیان! وردە وردە دەبێ ئەتۆش ئەو شتانە بێنێ بەرچاو، حیسابی کچەکەی لە کورەکان جوێ کەیەوە."
دایکم دەڵێ:"ئیشەڵا ڕۆڵە! خودا هەر ئەو کچەی داوە بەمن، تووشی کەسێکی ناکا ئەوەندە کەر و بێعەقڵ بێ، پێیوا بێ ئەگە یەکێک بوخچەی حەمامی خۆی هەڵگرێ لە ئیحترام و نەجابەتی کەم دەبێتەوە."
باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژن گیان! قسە هەر لە کابرای نێ، قسە لە کەسوکاریشیە، زۆرتر سۆرەوتۆرە قسەی ناحەز دەکەن هەتا مێردی حیسانی."

دوای ئەو قسانە باجە خەجیج ئەمە وە پێش خۆی دەدا و دەچینە حەمامی دێدەی.
لە بەر دەرکەی حەمامێ کورە کولێرە فرۆشەکە دانێشتۆ، باجە خەجیج دوو کولێرەی لێ دەکڕێ.
دەڵێ:"هەتا ئەمن شتومەکەکان خڕ دەکەمەوە، ئەنگۆش کولێرەکەتان پخۆن، دێدەش دەزانێ دەچین، جێی بۆ ڕاگرتووین."
لە دوو سێ پلیکانان دەچینە خوارێ، دەنگە دەنگ و زیقە زیق و نیرە نیری ژن و منداڵی، ڕێی ڕۆژێکی دەڕوا.
دێدەی لە دوورەوە دەبینم، لە هاتوچۆ دایە و تورەکەیەکی سپی بە ملی خۆی هەڵاوەسیوە، بەرە و ژوور دەچین، دەڵی:"خەجیج گیان! وەکوو ڕۆژی حەشرێ وایە. بەڵام ئەوەتا، شتومەکەکەم هەموو لێرە داناوە."
ئەمن دێدەم وەگیرکەوتۆ خۆم بەلاقێوە هەڵداوەسم.

دەڵێ:"کوێشتیر! ئەتۆ قەت نێو حەمامێت نەدیوە، دەستی خەجیجێ بەرمەدە هەتا دەگەنە بەر شێرە ئاوەکەتان!"
بە باجە خەجیجیش دەڵێ."بەرە بەرە کە دەیانشۆی بیان نێرە بۆ من لیباسیان لەبەر کەمەوە، داپاندەنێم شۆرمەزەشیان بۆ دەکڕم هەتا ئەتۆ خۆت دەشۆی."
باجە خەجیج دەڵێ:"حومەیرا لە پێش مەدا دەڕواتەوە چا و سەماوەری ساز دەکا، نەفیسەش لەگەڵ خۆم دەبەمەوە ماڵە خۆمان بۆ نەهارێ."

باجە خەجیج لیباسەکانی دادەکەنێ و فۆتەیەکی بە خۆیەوە دەگرێ و دەست دەکا بە دەرهێنانی لفکە و کیسە و سابوون و ڕیشۆڵ و مێو ورۆن و ئەوانە.
باجە حومەیراش لیباسەکانی لە نێو بوخچەی دەنێ، فۆتەیەکی جوان و سوور بە خۆیەوە دەگرێ، دەست دەداتە جامێکی ڕووکێش هەموو ئەو شتانەی تێدەنێ و دەچێتە بەر شێرەکەی.
نێوەڕاستی حەمامێش پڕپڕە لە ژن و منداڵ. ژنان تەشتی مسی گەورەیان پڕ کردۆ لە ئاو، بە قابانیش بە سەری خۆیان دا دەکەن یان منداڵانی پێ دەشۆن.
منداڵیش کوڕ و کچ، ڕووت و قووت لە نێو ئاو و سابووناوی ئەو حەمامەیدا خلیسکێنێ دەکەن.

ژنێک دێ باجە خەجیج قوتووی مێو ورۆنەکەی دەداتێ و دەڵێ:"ئەوەتا خات ئەستێ گیان! هەر لە سەرمی هەڵمەسوو، ئیدی کەیفی خۆتە."
ئەویش مێورۆنی لە هەموو گیانی باجە خەجیجێ هەڵدەسووێ و دەڵێ:"خات گوڵێ ناردمی کوتی منداڵەکانت دەگەڵ پشۆم."

باجە خەجیج پرچەکانی باجە حومێرای دەکاتەوە و دەڵێ:"سەری، بۆخۆم دەیشۆم ئەتۆش کیسەی لێ بدە، ئەوە بۆ ئەوەندەی تێ خزاوە ئەوڕۆ، چ باسە؟"

کوبی سەری کورتە، هەر ئاوی بە خۆی دادەکا و سەری ڕادەوەشێنێ یان هەڵدەستێ بێرە و بە وێدا دەچێ و جوابی دایکی ناداتەوە کە پێی دەڵێ:"لە جێی خۆت مەبزووا!"

دوای وەی باجە حومێرا خەلاسی دێ یاریدەی دایکی دەدا پەخشانی دەشۆن. ئەویش سابوون دەچێتە نێو چاوی، دەست دەکا بە گریان و زیقەزیقێ.

باجە خەجیج دەڵێ:"خات ئەستێ گیان! ئەتۆ بۆ دەست ناکەی بە شوشتنی کویراڵێی؟ ئەوەش کچی مامەە، بۆخۆم دەیشۆم، قەت نایەنە حەمامی دەرێ، حەمامی خۆیان هەیە لە ماڵێدا."
پاش ماوەیەکی باجە حومێرا خەلاسی هاتۆ و دەچێتەوە ماڵێ.

نۆرەی من هاتۆ، باجە خەجیج سەرم دەشوا دوایە کیسەم لێدەدا، هەموو گیانم سوور هەڵدەگەڕێ و دموچاوم دەکزێنێتەوە.
بۆخۆشی دەڵێ:"وەڵاهی توێخێکم لێ کردێوە! نەبا ئامۆژنم بڵێ خاوێن نەبوویەوە، دە چاکە! ئاوت پێ دادەکەم، دەتنێرمە دەرێ بۆ دێدەی، بۆخۆتان لەوێ

دانیشن له سەر سەکۆکەی، دێدە شۆرمەزەتان بۆ دەکڕێ، بیخۆن هەتا ئەمنیش خەلاسیم دێ، مەبزوون!"

دێدە لیباسی لەبەر من و پەخشانی دەکاتەوە، لە سەر سەکۆی حەمامێ دامان‌دەنێ، شۆرمەزەشمان بۆ دەکڕێ.

بۆخۆشی هەر لە هاتوچۆ دایە و قەنەکێشێکیش هەدا دانی نێ. یا بوخچەی دەدا بە ژنان یا بوخچەیان لێ وەردەگرێ. جاری واشە ریشۆڵیان پێ دەفرۆشێ، پووڵەکەشی لەو توورەکە سپیلکەی دەنێ کە بە ملێوە هەڵاوەسراوە.
دێدە هەر وا لەبەر خۆیەوە دەڵێ:"لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، ناڕۆن! خۆ ئەوەی خەلاسیشی بۆ، خۆی شوشتۆ، پازدە منداڵیشی شوشتۆ، خۆ ناڕوا لە کۆڵ بێتەوە، ئاوی بە سەری ئەوەیدا دەکا، پشتی ئەوی دیکە دەشوا، قسەشیان خۆ لێ ناپڕێ، قسەدانیان دڕێ! لە سەڵای سبەینێوە هاتوون، ئەوە بانگی نیوەڕۆیە هەر لێرەن، ژن، بەریان لە کێوێکی بێ هیچ گیای لێ شێن نەبێ!"

ژنێک و دوو منداڵ وە ژوور دەکەون. دێدە پێی‌دەڵێ:"ئەوەیان زۆر گەورەیە ناکرێ بیبەیە ژووری!"
ژنەکە دەڵێ:"هەر لەسەر لاقە، دەنا تەمەنی هەر پێنج ساڵە!"
دێدە ددانی منداڵەکەی چاو لێ دەکا و دەڵێ:"ئەوە ددانی کەوتۆ و هاتۆشتەوە، نابێ بێتە ژووری، دەبێ لەگەڵ بابی بچێتە حەمامێ!"
ژنەکە بە پرتە پرت و بۆڵە بۆڵ دەڕوا.

لەولاپڕا ژنێکی دی دێ دەستی کچێکی چکۆڵەی پێیە، دەڵێ:"دایکی ناناسم، وا وێ دەچێ ون بوو بێ."
دێدە دەڵی:"دەزانم دایکی کێیە، بەلام لە نێو ئەو قیامەت و هەڵا هەڵایەیدا خۆ کەس کەس نابینێتەوە، دەبێ ڕاوەستم هەتا بۆخۆی دێ لە منداڵەکەی بگەڕێ."
دێدە خاولێ کۆنێکی لەو لاپڕا دێنێ لە کچە چکۆڵەکەی وەر دەگرێ، لە کن مە دایدەنێ، کچەکە دەست دەکا بە گریانێ.
دێدە دەڵی:"مەگری ڕۆڵە! دایکت ئێستا نەیزانیوە، ئەتۆی لێ ون بووی، دەنا دێ لێت دەگەڕێ."
دێدە لە ژنەکەی دەپرسێ:"هاجەرە خاتوون! ئەتۆ بووکە تازەکەی ماڵە وەستا هەژدەری دەناسی؟"
ژنەکە دەڵێ:"زۆر چاک!"
دێدە دەڵی:"ئەوە منداڵی بووکە تازەکەیانە."

دێدە بۆ ماوەیەکی لە مە دوور دەکەوێتەوە، دەچێ چەند ژنێکی کە تازە هاتوونە حەمامێ دابین کا، ئاگای لە شتومەکی خەڵکیش دەبێ هەتا لێیان ون نەبێ. ئەوانیش دوو قڕانی دەدەنێ. ئەوەی دەوڵەمەندیش بێ جاری وایە پێنج قڕانی دەداتێ بەڵام لە خزمەکان و ئەوانەی ئی خۆمانن هیچ وەرناگرێ.

باجە خەجیج دێتە دەرێ، خۆی پۆشتە دەکاتەوە و دەڵێ:"دێدە گیان! هەر ئەوەندە لێرە خەلاسیت هات وەرە بۆ ماڵە مە، دۆکڵیوێکی زۆرم بە جەفعەری و

گەڵا چەوەندەری لێناوە، جەرگ و دڵی مریشکیشم بە پیوازێکی زۆر سوور کردۆتەوە، بەشی تۆ هەڵدەگرم، تۆخوڵا وەرە!"
دێدە دەڵی:"کچێ ڕۆڵە گیان! هەتا ڕۆژ ئاوا نەبێ خۆ ئەمن لێرە نەجاتیم نایا، هەر ئەوەندەش ماندوو دەبم، خۆ هیچم بۆ ناخورێ، بەربەسێڵی ماڵە مامە زیرەتم هەر وا لە بن تەشتەکەی دایە، بۆم نەخوراوە. دەچمەوە، نوێژەکانم بە حاڵە حاڵ دەگێڕمەوە. پرە دۆپەک، ئاوێکی سارد دەخۆمەوە و لێی دەنووم."
باجە خەجیج دەڵێ:"دە چاکە سبەینێ بۆ نەهارێ وەرە، هەر پێمخۆشە! دوای نانوچاش دەچین سەرێکی بابم دەدەین."
دێدە دەڵی:"زۆر چاکە بابزانم چۆن دەبێ باپیرم! خات خەزاڵ شتومەکی ئەنگۆ دێنێتەوە ماڵێ، ئی کوێشتیریش ئەمن دەیدەمەوە بە دایکی، لە جیاتی ئەو ئاڵدم و ساڵدمەی پێ پکەین."

لە دێدەی خوداحافیزێ دەکەین، ئەمن ماچ دەکا.
باجە خەجیج دەڵێ:"ئیدی ئەوە ئەمن چاوەڕێت دەبم، بۆخۆت ئامۆژنم دەناسی، ئەگە بۆت ڕازی کرا 'تاقانەی بەداغ سوڵتانیش' لەگەڵ خۆت بێنە، چونکە ئەورۆ ئەمن بە هەزار زەحمەت ڕازیم کرد، دەڵێ کچە، فێری ئەو ماڵ ئەو ماڵان دەبێ، ئاپروومان دەچێ! کچی فەقیریش ماشەڵا لەگەڵ حەوت کوران، خودا عەمە درێژیان کا، خۆ نە بۆ هیچ کوێ دەچێ، نە کەسی هەیە قوماری لەگەڵ پکا!"
بە پێکەنینەوە دەڵێ:"بە تۆ ناوێرێ! لەگەڵ خۆتی بێنە، لەگەڵ کچەکان دەبێ بۆخۆی پێی‌خۆشە."

بە کوچەی مزگەوتێدا هەڵدەکشێین، وەختی نوێژێیە، پیاوێکی زۆر دەچنە مزگەوتێ. ئەمن چاوێکی لە کوچە و دەرک و پەنجەرەی ماڵە خۆمان دەکەم، دوایەش لەگەڵ باجە خەجیج و کچەکان بە کوچەی ماڵە وەتەمیشیدا هەڵدەکشێین.
باجە خەجیج دەڵێ:"جەنگەی نیوەڕۆیە ئەوەی چاکە ژن و منداڵ لە بن دەرکە و سەر دەرکان نین، دەنا چاک‌وخۆشی ناپرێتەوە!"

بەبەر ماڵە کەریم جوجویدا دەڕۆێن.
ژنێک لە بەر دەرکەیە، دەڵێ:"سەعاتت بێ سەیزادە خەجیج گیان! شوکور چاکی؟ حاجی ئاغا سڵامەتە شوکور؟ کچەکان؟ وەرن میوان بن بە قوربان!"
باجە خەجیج دەڵێ:"خودا کورت لێ نەستێنێ، هەر ساحیب ماڵ بی، زگت نەسووتێ!"

لە کوچەی ماڵە حاجی مەحمودی وەتەمیشی دێینە دەرێ، بە دەستی ڕاستماندا تێ وەردەسوورێین، بۆ لای ماڵە باجە خەجیجێ وە ڕێ دەکەوین.
دوو دەرکەیان هەیە. یەکی چکۆڵە، یەکێکی زۆر گەورە. حەسارەکەیان پرە لە دار و گوڵ. دارە هەنارێکی زۆر جوانیش لە پشت پەنجەرەی ژووری پیاوان شین بۆ.
ئەمن و فازل هەتا دەچینە ماڵە باجە خەجیجێ دەپرسین:"هەنارتان هەیە؟!"
باجە خەجیجیش دەڵێ:"ئەیەڕۆ هەناری چی؟ ڕۆڵە گیان! کوا وەختی هەنارێ، هەنار پاییزان دەگاتێ."

وەکوو حەساری مە دارە مێویشیان هەیە، باجە خەجیجیش بە هێشۆترێکان توورەکەی هەڵداوەسێ هەتا باڵندە نەیان خۆن.

ژوورێکی گەورەشیان هەیە بە هەموو میچەکەی مێلاقی هەڵداوەسن.

هەر ئەو ژووری مێلاقیش پڕ پڕە لە تا برنج و ماش و قەند و شەکر و چا و شتی خواردنێ.

کوبی دەڵێ:"دایە هەتا نان حازر دەبێ ئەمن و نەفیسە دەچینە بەر دەرکەی، بۆ نانی بانگمان کە!"

دەرکە گەورەکە لە داری دروست کراوە و قوبە قوبەی ئاسنی پێوەیە. دوو تاقەش لەو لا و لەو لای دەرکەکەن.
ژنان بە دەرکە چکۆڵەکەی و پیاوان بەوی گەورەدا دێنە ژووری.
دەرکێک خوارتر، کوبی دەڵێ:"ماڵە مامە مارفێ."

ماڵە میرزا مارفیش حەسارەکەیان زۆر گەورەیە و دار و گوڵی تێدایە. دیوارێکیش ئەو دوو ماڵانە لێک جوێ دەکاتەوە.
دایکم کە دێتە ماڵە باجە خەجیجێ دەڵێ:"جا بۆ لە ژووری دانیشین، ئەوەندە ئەو حەسار و دەرکوبانە خۆشە، بن دارەکان فێنکە، وەڵا ئەمن نایەمە ژووری!"
بە دوای وەیدا باجە خەجیج بەڕە و مەڕە و باڵنج و چاو و سەماوەر و شتی دێنێتە حەساری.

باجەخەجیج بۆخۆی سێ کچی هەیە، حامیلەشە. بەلام مێردەکەی زۆر لە خۆی بە عەمرترە. لە دێدەم بیستۆ حاجی بایز دووکچی بە مێردی هەیە، کوڕەکەشی لە ماڵێدایە و ئێستا ژنی نەهێناوە. دایکی ئەو مندالانە کە عەمری خوڵای دەکا باجە خەجیجی دێنێ کە چی وا لە کچەکەی خۆی بە تەمەنتر نابێ.
دێدە دەڵی:"پیاو ئەگە هەر خۆڵ وە سەرخۆی کا، چاکترەلە کۆمای گەورە خۆڵ وەسەری کا."
زۆرتری ژنەکانی کە دێن بۆ ماڵە مە لەگەڵ دایکم باسی مێردەکانیان بە چاکی ناکەن بەڵام باجە خەجیج هەمیشە تەعریفی مێردەکەی دەکا و دەڵێ:"زۆر چاکە! ئەو کچانەی لە چاوی خۆی خۆشتر دەوێ، زۆر بێدەنگ و لەسەرەخۆیە، هەرچی داوای پکەن بۆیان دەکرێ. لە هیچیان کەم نیێ."

باجە خەجیج بە کوبی دەڵێ:"کچێ، کوپڕا! نەکەی نەفیسەی بەرێ مزگەوت و ئەوبەر ئەوبەری، ئەو خودایە دەزانێ، ئازای بەندەنت شین دەکەمەوە! لە بەر ئەو حەوز و ئاو و شتەی، خەجاڵەتی مامم و ئامۆژنم نەکەی!"
کوبی دەڵێ:"ناچینە مزگەوتێ، هەر لە بەر دەرکەی خەستەکێنێ دەکەین."
باجە خەجیج دەڵێ:"دە چاکە، چاکە! خەستەکێن بۆ لە سەر ئەو گرتکە بەردانە دەکرێ؟"

دەچینە بەر دەرکەی، ئەمن تاقەکانی بەر دەرکەکەیانم پێ جوانە، بە هەزار زەحمەت خۆم دەهاوێمە سەر یەکێک لە تاقەکان و دادەنیشم و چاو لەوبەری کوچەی دەکەم، پیاوان تاق تاق و جووت جووت یا دەچنە نێو مزگەوتێ یا لێی دێنە دەرێ.
بابی کوبیش لە مزگەوتێ دێتەوە. کەوا و پانتۆڵێکی شینکی لە بەر دایە، پێچێکی زەردی گوڵداری لە سەرە، چاوەکانیشی وەک چاوی باجە حومەیرای شینن.
حاجی ئاغا زۆر لە سەرەخۆ دەڵێ:"کوبیلە گیان! ئەوە کچەکەی مامە زێرەتە؟" نێوچاوانی کوبی ماچ دەکا و دەستێک بە سەری مندا دێنێ و دەڵێ:"وەرنە ژوورێ بابە گیان! وەختی نەهارێیە."
ئەمە خەستەکێنێ دەکەین باجە حومەیرا دێ دەڵێ:"وەرنە ژوورێ، نەفیسە گیان! نانی پخۆین."
ئەمن بە دوای باجە حومەیرایدا دەڕۆم، کوبیش بە هەڵبەز هەڵبەز و خەستەکێن کردن وە دوای مە دەکەوێ.
حاجی ئاغا لەگەل کورەکەی نانیان بۆ چۆ. ئەمینیش لەگەڵ باجە خەجیج و کچەکان لە ژووری بەردەستان نانی دەخۆم.
کوبی دەڵێ دەچێ لەگەل بابی نانی پخوا، دایکی پێی‌دەڵێ :"ئەورۆ لە بەر نەفیسەی هەر لەگەڵ خۆمان دانیشە!"
دوکلیوی باجە خەجیجێ زۆر خۆشە، ئەوەندەمان خواردۆ وەختە پقەڵشێین.

دوای نان‌وچای باجە خەجیج دەڵێ هەموومان تاوێکی ڕادەکشێین، هەتا پرێک فێنکی دەکا.
کوبی دەڵێ:"دایە گیان، دایە! ئەمە دەچین قوماران دەکەین."
باجە خەجیج دەڵێ:"ناوەڵا ، بەو گەرمایەی مار لە کونی خۆی نایاتە دەرێ!"

ئەوەندەی ئەمە ڕاکشاوین چاوم لە میچی پێشخانەی پریوە، داڕەڵا کراوە. دیوارەکانیش هەر سواغ کراون بەڵام ژوورەکان سپی کارن.

هەتا ئێوارێ لە ماڵە باجە خەجیجێم دوایە باجە حومەیرا دەمباتەوە ماڵێ.

###

ئەورۆ ڕۆژی کەرەوز و بیبار چاک کردنێیە.
باجە خەجیج و دێدە لە ورد کردنی گیاوگۆڵێدا نێوبانگیان هەیە.
خاتو ئامین وەکوو هەموو ڕۆژێ لێرەیە و کارەکانی ماڵێی دەست پێ کردۆ. دایکم و دێدە گیاوگۆڵەکەی دەشۆنەوە و ئاوی خاوێنی پێ دادەکەن و دایدەنێن پچۆرێتەوە.
باجە ئامینیش بە بۆنی خۆشی ڕیحانەی نێو گوێی و مێخەکدانی سەر قۆڵچاغەکەی وە ژوور دەکەوێ.

دێدە دەڵی:"خەجیج سەروبەری نان وکێشتی بۆ حومێرایە دەگرێ، جا دێ."
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی ڕووی سپی بێ دەڵێی زێرە ماشەڵا، بەو منداڵێی خۆی، چەندە عاقڵ و کار جوانە، کچ دەبێ ئاوا گەورە کرێ."

باجە خەجیج کە دێ دەڵێ:"ئامۆژن گیان! تەختەکەی نانیم لە بەر دەستان داناوە، ئەگە خاتو ئامینی بنێری دەگەڵ خۆی بیهێنێ زۆر کارمان دەچێتە پێشێ."
دایکم دەڵێ:"خۆ ڕۆڵە گیان! ئەمەش تەختەی نانیمان هەیە، دەڵێی بۆت بێنم؟"
باجە خەجیج دەڵێ:"ئەرێوەڵا، ئامۆژن گیان! یەکیان بۆ دێدەی، یەکیان بۆ من. زۆر هاسانتر و جوانتر گیایەکە ورد دەکرێ."
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی چەند ساڵە هەر لە سەر بنە تەشت و بەردی گۆشتی و ئەوەی وردمان کردۆ. جا بە چاوان خاتو ئامینی بانگ کە باپروا بیهێنێ."

دێدە و باجە خەجیج دادەنیشنە سەر ورد کردنی کەرەوز و جەفعەرێکەی.
باجە ئامین گیاوگۆڵەکەیان بۆ دەسک دەسک دەکا و قونچکی بیبارەکان لێ دەکاتەوە.
باجەخەجیج دەڵێ:"خۆ سەیزادە ئامین گیان! ئەوانەی زۆر چکۆڵە و جوانن هەر بە قونچکەوە تێیدەکەین، ئەوی پرێکیش گەورەترە، قەیدێ ناکا قونچکەکەیان لێ پکەیەوە."
بە دایکیشم دەڵێ:"ئامۆژن گیان! کووپەیەکی هەر بۆ میوانان بە جوێ دانێ لە بیبارە هەرە جوان و چکۆڵەکان، ئەوەی دیکەش پیاو بۆخۆی دەیخوا."
دێدەش دەڵێ:"بۆخۆت بە خێرێیەوە! ئێستا سرکەکە دانەندرا بوو، دەیکوت کەرەوز و بیبار و هەرمێ کرووزی دەبێ دابنێ بۆ مەسعودی بنێرێتە تارانێ."
باجە خەجیج دەڵێ:"جا زۆر چاکە هەر واش دەکەین، بەشی ماڵە مەسعودیش کووپەیەکی دادەنێین."
دایکیشم دەڵێ:"ئەرێ وەڵا، دایکەکەی نەمێنێ! لە غەریبایەتی و لە نێو عەجەم و تەتەریدا، کوا ئەو شتانەیان بۆ جێبەجێ دەکرێ؟ ئەویش ژنێکی کاری دەرێ پکا، هەر چاویشی لە دەرێیە، خۆ نازانێ ئەو جورە وردە کاریانە پکا."
باجە خەجیج دەڵێ:"جا ئامۆژن گیان! ئەوە ترشیات کوا بە شڵقە شڵق لێرەڕا بۆ تارانێ دەچێ؟"
دایکم دەڵێ:"بابەکەم! خۆ جاری هەوەڵێم نێ، لە پێش ژن هێنانێشدا هەموو شتێکم هەر بۆ ناردۆ، ترشیات و مرەبا و پەنیری کووپە و پەنیری پێستە و ڕۆنی کوردی و قاورمە و نانوکولێرەی جوان و گەڵاشۆراب و ئەوەی ماڵ پێی دەوێ."
دێدە دەڵی:"چۆنی دەنێرێ؟! لە تەنەکەیان دەکا و سەریان جۆش دەدا. لە وێش خودا دەزانێ بەتاڵی دەکەن لە نێو شووشەی سەردار یا کووپەی پکەن یان نا. هەزار جارم پێ کوتوون هیچ لە نێو تەنەکەیدا دانەنێن بمێنێتەوە، چونکە ژەنگێ دێنێ شتی تێدا خەراپ دەبێ."
دایکم دەڵێ:"بە براکانی زێدێ دەڵێم، وەختێکی شتومەکەکەیان بۆ دەبەن پێیان بڵێن چەلەنگەکان بەتاڵ کەن. میرزا سەعدون خودا هەڵناگرێ هەرچی بۆیان بنێرم، ناڵێ نا، بۆیان دەبا. بەڵام براگەورەکە هەر بەهانان دەبینێتەوە هەتا شتی نەبا!"
دێدە دەڵی:"لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، هەر بۆخۆشیان حەپەلە حەپوشی دەکەن! خۆ ئەمە یەکێکمان نەچووینە تارانێ، ئەوانیش ئەوە کاروان کاروان هەر بەڕێوەن، هەر کەسێکیشیان دەچێ لە ماڵە مەسعودی فەقیر میوان دەبن."
ورد کردنی کەرەوز و جەفعەرێکەی تەواو بۆ، ژنەکان هەموو دەچن سرکەی بپاڵێون.
بۆنێکی زۆر توند و ترش هەموو حەسار و دەرکوبانەکەی داگرتۆ، عەرزی حەسارەکەش هەموو دەبێتە تڵتەی ترێی.

خاتو ئامین خۆش خۆش تڵتەکان بە خاکئەندازێکی، لە نێو تەنەکەی زبڵی دەکا و دەڵێ:"بە خوڵای، هەتا سبەینێ کاک عەبەی زبڵی دێ مێش و زەرگەتەش نەمان خۆن چاکە!"
دایکم دەڵێ:"خاتو ئامین گیان، بە قوربانت بم! لە بەر ئەوەی منداڵەکان هەمیشە لەو دەرکوبانانەن هەتا سەر تەپۆڵکەکەی بەرە با لە ماڵێ دوور بێ."
خاتو ئامین دەڵێ:"ئا!ئا! چۆن؟ بە خوڵای لە کەلاوەکەی پشت مزگەوتێ هەڵم ڕشتۆ، بۆخۆشم بەیانی پێش ئەوەی کا عەبە بێ لە ماڵێ دێمە دەرێ، دەیبەمە سەری، دەنا بۆن و بەرامەکەشی پیاوی گێژ دەکا، هەر مێش و مەگەز نێ."

کووپەکان پڕ دەکەن لە سرکە و کەرەوز و بیبار و سەریان بە پەڕۆی دادەپۆشن و بە جیلی زاریان دەبەستن و دەوری ڕووکێشیان لە سەر دادەنێن و لە سەر تاتەی حەوزخانەی ڕیزیان دەکەن.
باجە خەجیج دەڵێ:"ئیشەڵا بە خۆشی و سلامەتی و قالبی ساغ و دڵی خۆش پخورێن."
هەموو ژنەکان دەڵێن:"ئامین!"

دێدە دەڵێ:"ئەوە دەبێ بۆخۆم پچمە بازاڕی بۆ هەرمێ کڕوزی، دەنا ترشیات هەر هیچ نێ ئەگە هەرمێی تێدا نەبێ."
دایکم دەڵێ:"هەرمێ و باینجانی چکۆڵەی جوان جوان ئاغا سەید، ڕای ئەسپاردۆ. لە سەردەشتێرا دەیهێنن. دەڵێ هەر ئەو ڕۆژانە دەبێ بێن.
کابرا هەر ئاشنای خۆیەتی، مێوژە ڕەشکە و هەنجیر و ئەوەش هەر هەموو ساڵێ لەوی دەکڕێ."
دێدە دەڵێ:"دە چاکە وەڵا، بۆ وەی ئەمنیش پێم کوت بوو پرێکی بۆ منیش پکڕێ."

ئێوارێ باجە خەجیج و دێدە و دایکم دەچنە سەرەخۆشێ، ئەمەش بۆ
باجە ئامینێ بە جێ دێڵن.
چوونکە ڕێگاکەشیان دوورە دێدە دەڵێ:"دەبێ بە فایتونی پچین و بێینەوە دەنا هەتا دەگەینەوە دەبێتە نوێژی شێوان."
ئەمنیش دەڵێم:"بۆ بۆخۆتان سواری فایتونی دەبن، ئەمە نابەن؟"
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە ئیشەڵا ڕۆژێکی دی دەتانبەم سواری فایتونیتان دەکەم. ئەمە دەچینە سەرەخۆشێ. منداڵ نابێ پچێن."

###

ئەوڕۆ دوو سێ وەستاوبەنا هاتوون بە مدبەقێدا دەچن چاولە جێگای خانووی تازە پکەن و عەرزەکەی بپێون.

قەرار وایە وەستا عەوڵا لە بەهاری داهاتوودا خانۆکەی دەست پێ پکا. بابم دەڵێ چونکە وەستا عەوڵا کاری چاکە و زۆر ئەمینە، سەری زۆر قاڵە، دەبێ قەولی لێوەرگرێ هەتا دەست بە کاری کەسی دی نەکا.

کەس پێی خۆش نیٚ باسی ماڵی تازە بکریٚ مەگە کاکە جەمیل هەموو منداڵەکان ئەوماڵەیان زۆر خۆشدەویٚ. دایکم و دێدە و خزم و کەسیش پێیان خۆشنیٚ گوێیان لە باسی قورەکاری و خانوو دروست کردن و گوێستنەوەیبیٚ.
وەستاکان دەگەڕێنەوە و بە دایکم دەڵێن:"زۆر چاکە سەیزادە خانم، ئیشەڵا بەهاریٚ بەحەولی خودای، پێمەڕەی لیٚدەدەین."
دایکیشم دەڵیٚ:"بەحەول و تەوەکولی خودای بابەکەم، هیچ کارێک بە بیٚ ئیرادەی خودای ناکریٚ."

دێدە ئەوڕۆ حەمامی هەیە و لە ماڵیٚ نیٚ.

خاتو ئامین گەسکی لە ژووری تەختەبەندیٚ دەدا و دێتە حەساریٚ لەودەمەیدا کاک مستەفا بە تایەک خوێوە وە ژوور دەکەویٚ ودەڵیٚ:"ئەوە خوێی سەربانیٚ، ئاغا گۆتی لە ژوور ئەنبار دایبنێن."
تاخوێیەکە یەکجار قورس و زەلامە، کاک مستەفا ناتوانیٚ لە دوو پلیکانەکانی بەردەرکەی وەسەرکەویٚ.
دایکم دەڵیٚ:"بابەکەم! هەر تایەکەی پخە سەر پلیکانەکە و ئەهانیٚ! ئەمەش حەول دەدەین لەگەڵ خاتو ئامین لایەکی پکێشین، ئەتۆش لایەکی پکێشە، بە خێشە خێش دەیبەینە ژووریٚ."
دوایە دایکم پەشیمان دەبێتەوە دەڵیٚ:"ئەو ژوورە لە بەر ئەو حەوزەی هەمووی ئاوە، چۆن کوتی لە ژووری حەوزخانەی دانیٚ؟
کوڕە نا!نا! بابەکەم خویٚ تەڕەشوعی دەکێشیٚ، لە جێگای تەڕی دانێی هەر باسی سەرە، ئەو خوێیە بۆ سەربان کوتانەوەیە، دەبیٚ ئیشک بیٚ."
کاک مستەفای فەقیر عارەقەی وەک بارانەی تکە تک لەسەر و چاو و ملی دێتەخواریٚ، ئێستا هەر کۆڵەکەی بە پشتێوە، دایکم دەڵیٚ بیبابەتە مدبەقیٚ نێوکارخانەی، ئەویٚ ئیشکە.
کاک مستەفا بە نەقە نەق و بە هاواری حاجی شێخ عەبدوڵا ئەفەندی کردن، ئەوچەل بەرەو دەرکەی مدبەقیٚ دەڕوا و وە سەر تاقە پلیکانەکەی دەکەویٚ و دەچێتە ژووریٚ. دایکم و خاتو ئامین بە دوایدا.
لە پێش ئەوەیدا کاک مستەفا پرواتەوە بازاڕی دایکم دۆی ساردی بۆ دێنیٚ و شویت و گوڵیشی بۆ پیٚدا دەکا و دەڵیٚ: "دانیشە بابم، با ماندووت پحەسێتەوە!"

بابم لە بازاڕی هاتۆتەوە دەڵیٚ دەبیٚ کەسێکی بنێریٚ پێش ئەوەی باران و سەرمای پاییزیٚ دەست پیٚپکا، سەربانەکان خویٚ پکا و باگردانیان لە سەر بگێریٚ هەتا دلۆپەی نەکەن.
دایکم دەڵیٚ:"ئەرێوەڵا، دەبیٚ پیاو خۆی حازر کا بۆ زستانیٚ، هێندەی نەماوە، لەو لایرا دیٚ.
دوو کوورەشم داناوە، کوتت ڕەشیان دەکەنەوە؟"
بابم دەڵیٚ:"سبەینیٚ پیاوی دەنێرم، بیاننێرە بازاڕی با لە بیرم نەچیٚ.
تەختە کوورەیەکی تازەش دەکڕم بۆ ژووری میوانان، ئی وێش لە ژووری کورەکان دانیٚ. تەختە کوورەی ژووری کوورەکانیش بۆ بەردەستان و ئی وێش فڕیٚ دە، زۆر پیس و کۆن بۆ، بە کار نەماوە، هەمووی سوتاو وپوتاوە.

پیاو هەر ئەوەندە سەری قاڵە، کار و کوێرەوەری هەیە هەر نازانێ چۆن بەهار دێ و چۆن پاییز دەڕوا."
دایکم دەڵێ:"ئەویش لەو شارەی بە هەموویەوە دوو مانگی گەرم و خۆشە ئەوەی دی هەموو یان بەفری زستانێیە، یان تەڕ و قوڕی بەهارێ یان تەپوتۆزی پاییزێ."
بابم دەڵێ:"بە حاجی نازمیشم کوتۆ بێ ئەو دار و گوڵ و ئەوەش لقوپۆپیان پکا و جا بۆ خۆشم تەلیسیان تێوە دەگرم، سەرما نەیانبا."
دایکم دەڵێ:"خۆزگە بنیادەمیش وەک حاجیلەگلەگەکان بایە، هەر خەلیلی دەگاتێ، دەیخۆن و دەڕۆنە گەرمێنێ، لە دەست سەرمایە ئاسوودە دەبن."
بابم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەو شارە یەکی تێدا نەدەما، هەمووی وە حەوا دەکەوتن!"

ئەمن لە بابم دەپرسم:"بابە! حاجیلەگلەگەکان چیان لێ هاتۆ؟"
بابم دەڵێ:"پێش ئەوەی سارد و سەرما دەست پێ پکا حاجیلەگلەگ و زۆر باڵندەی دیش دەڕۆن بۆ گەرمێنێ هەتا بەهارێ. بەهارانیش دەگەڕێنەوە سەر هێلانەکانیان و هێلکەی دەکەن و بێچوویان دەبێ."
دەپرسم:"بابە! گەرمێن کوێیە؟"
دەڵێ:"ولاتی گەرم، هەرجێیەکی بەفری لێ نەبێ و سەرمای زۆر بێدادی نەبێ وەک سابلاغێ، پێێ دەڵێن گەرمێن، بە ولاتی مەش دەڵێن کوێستان."
غەمی حاجیلەگلەگەکان دامدەگرێ ئەوە بۆیە ماوەیەکە دەنگیانم گوێ لێ نەبۆ. بەیانان دەنگی کەڵەبابان و شەوانە لە دوورەوە دەنگی سەگان و فیتەفیتی ئاژانان لە سەربانەکانی قەیسەرێرا دێ، بەلام دەنگی حاجیلەگلەگەکان نایا.
دێدەش پێی کوت بووم چوونە گەرمێنێ. نەمزانی دوور ڕۆیشتوون و هەتا بەهارێ نایەنەوە.

بابم دەڵێ پێش ئەوەی بێتەوە ماڵێ سەری مامە قادری داوە، بە داخەوە هیچ لە چاتری نێ. دایکم دەڵێ ئەگە بۆی بکرێ ئەویش دەچێ سەری دەدا.

###

ئەوڕۆ بایەکی سارد و بە قەوەتی دێ، تۆز وخۆڵێکی زۆری بەپا کردۆ و پەنجەرەکانیشی وە شەقە شەق خستۆ.

ئەمە چی دی بۆ بەرچای ناچینە خوارێ. ژووری تەختەبەندێ باردە و لەزستانێدا بۆ دانیشتنێ نابێ. دایکم هەموو شتێکی بردۆتە سەرێ.
لە ژوورە گەورەکەی سەر مزگەوتی بازاری نانوچای دەخۆین، لە ژوورە چکۆڵەکەی سەر دوکانی جۆلاش نان و کێشتی لێدەنێین. نێو ئەو ژوورەی شکافێکی سپی و شینی تێدایە. دایکم دەڵێ یەکێک لە ڕەفیقەکانی کاکم، ئاغای عارفی، ڕەنگی کردۆ.
سەر و خواری شکافەکەی پەنجەرەی شووشەیە، بە منداڵەکان دەڵێ بۆ لای نەچن هەتا نەشکێ. بۆخۆشی دەوری فڕنی و مەشکەفی تێدا سارد دەکاتەوە.

خاتو ئامین قاب و شتی شۆشتۆ بە لرفە لرف دێتەوە ژوورێ دەڵێ:"ئەیەڕۆ جا چم پێ دەڵێی، خۆ بە خوڵای زستان هات سەیزادە! هەر ئەوەندە ساردە دەڵێی هەموو نینۆکم فڕێی دا، ئەوە لە کنە خۆ ئاوی حەوزەکەی بە زستان گەرمیشە چون سەری داپۆشراوە."
دایکم دەڵێ:"ئەدی چۆن بابەکەم، ئەرێوەڵا ساردە! چا بوو کوورەکانمان دانا، ئەویش بە کۆمەگی ئامینەی، خودا چاکەی بۆ پکا لەگەڵ ئەتۆ، کوورەکانی هەڵیش چنیەوە و داری لە داڕدانەکان کردۆ و تەنەکەکانی پڕ کردۆ لە نەفت!"
خاتو ئامین دەڵێ:"بە خوڵای، ئەو تاقە ژوورە بە قورێ گیراوەی مە، دوور لە سەری ئەو کوڕانەم، هەر ئەوەندە ساردە، لە مێژە ئەمە کورسێکەمان داناوە، دەنا هەموو ڕەق هەڵدێین."
دایکم دەڵێ:"چوونکە بەریشی بە هیچ کوێوە نێ و ژوور و شتی بە سەرەوە نێ، لە هەموو لایەکێوە با تێیدەکا بۆیە وا ساردە.
ئەوە خات گوڵێش هەر وا باسی ئەو ژوور و پێشخانەی خۆی دەکرد. دەیکوت بە بێ کورسی شەوی تێدا ڕۆژ ناکرێتەوە. کورسیش ئەوەندەیە دەبێ وشیاری بی، ئاورەکەی جوان جوان گەشایێتەوە دەنا بوغ پیاوی دەگرێ، بوغی ڕەژیش زۆر بێئامانە، پیاوی دەکوژێ، جا ئەتۆش منداڵی سەروپێچکەت هەیە دەبێ زۆر وشیار بی."
خاتو ئامین دەڵێ:"ئەدی! دەزانم بە عەزیزیشم کوتۆ، ئەو ڕۆژانەی ئەمن درەنگ دەچمەوە ماڵێ، دەبێ ڕەژێکەی زۆر چاک بگەشێنێتەوە جا لە بن کورسێکەی نێ."

دوایەش بە پێکەنیەوە دەڵێ:"هەر ئەو خودایە دەبێ ئاگای لە پیاوی بێ، دەنا بەشەر کوا چی بۆ دەکرێ.
ئەتۆ لە بیرتە چۆن ئەمن و عەبدوڵا لە چاڵاوی ماڵە جەنابی شێخی کەوتین؟ هەتا هاتن و گوریسیان هێنا و دەریانهێنایەنەوە ماوەیەکی زۆری پێ چوو.
بەڵام خولا ئیرادەی بە وەی نەبوو بمان کوژێ، ئەوەتا ساغ و سەلیمین وەکوو سەید جەمیلی فەقیر چۆن لە پەنجەرەیرا کەوتە خوارێ، دەستیشی لە دەستی خۆتدا بوو."
دایکم دەڵێ:"نانا! ئەوە لە بیرت نێ؟ جا با نەقڵەکەت بۆ پکەم.
دوو سێ شەو ورۆژان هەر کوڕەکە هات و چوو و کوتی:`ئەمن لە پەنجەرەیرا دەکەوم! مەهێڵن پکەوم!
ئەمەش بابی و خات گوڵێ و بۆخۆم هەر کوتمان ڕۆڵە گیان، بۆ دەکەوی؟ ئەمە ئەوە لێرەین ناهێڵین ئەتۆ پکەوی. وای لێ هات هەموو شەوێ ئەمن بە سەرپێچێکی جونگەی دەستیم لە جونگەی دەستی خۆم دەبەست هەتا ئەگە ئەمن خەوم لێ کەوت و کوڕەکە جوڵاوە وە خەبەر بێم.
وەختی نوێژی بەیانیش کوڕەکەم لە دەستی خۆم دەکردەوە، دەستیم لە دەستی بابی دەبەست دەچوومە نوێژێ. دەهاتمەوە بە هەمان دەستور کوڕەکەم لە دەستی خۆم دەبەستەوە، ئەوچەل بابی دەچوو بۆ دەزنوێژ شوشتن و نوێژ کردن.
ماوەیەک هەر ئەوە کارمان بوو. هەتا ڕۆژێکی بەیانی وەکوو هەمیشە دەستی کوڕەکەم لە دەستی بابی بەست و بە ئەستۆی شکاوم چوومە خوارێ. دەسنوێژم شوشت، نوێژەکەم دابەست لە نیوەی نوێژەکەیدا بووم نرکە و هاوار و زیقەی جەمیلم گوێ لێبوو.

هەر ئەو دەمی خورپەم کەوتێ، لاقم نەبوو هەڵێم، خۆم هەر چۆنێکی بوو گەیاندە حەسارێ، کورەکە سەر و دەموچاوی پڕبوو لە خوێن و هاوار هاواری دەهات، بابیشی هەڕای کرد لە سەرێرا هاتە خوارێ، کورەکەمان هەڵگرتەوە بردمانە ژوورێ.
ئیدی لەویش بەو لاوە هەر دوکتور و دەرمان و قادر چاوڕەق و کەس لە شاریدا نەما نەیهێنینە سەری."
خاتو ئامین دەڵێ:"یا خودا جەرگم خەرا بێ ڕۆڵە گیان! منداڵی ئاوا چکۆڵە، چوار پێنج ساڵان ئەو موقەدەرەی بە سەر بێ. چاکە دەبێ شوکری خودای پکەی سەیزادە گیان! لە وەی خەراپتری بە سەر نەهاتۆ. دوور بێ سەر شکان و مێشک شلەقان، خودا ساردتری لە خزمەت هەیە، هەر ئەوەندەیە ئێسکی چەنەگەی شکاوە، شوکور زەرەدی دیکەی نەدیوە."
دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵا بابەکەم، ئەوەی برین و شتی وا بوو، زۆری پێ نەچوو، چاک بۆوە، بەڵام چەنەگەی ئەوەتا عەیبدار بۆ."

دوایە خاتو ئامین دەڵێ:"ئەمن لەوەی سەرم سورماوە ئەو منداڵە چۆن دەیزانی لە پەنجەرەیرا دەکەوێتە خوارێ؟ بەڵام عەقڵی بە وەی نەشکاوە نەچێتە لای پەنجەرەی!؟"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە منداڵ بێگوناحە، وەکوو مەلایکەتی وایە، جا چو زانم؟ دڵی خەبەری دا بوو، هەر ئەمە دەمان کوت:'نابابم ناکەوی، نیگەران مەبە! ئەمە ئاگامان لێت دەبێ'،
هەر کوتی:' مەهێڵن پکەوم!'
ئاخریشی بە خوڵای نازانم چۆن بوو، کورەکە خۆی لە دەستی بابی کردەوە و چوو بۆ لای پەنجەرەکەی، بابی جەمیلی لە دەستی خۆی کردەوە؟
لە جەمیلی دەپرسی دەڵێ:'نازانم!'
بابی دەڵێ خەوی لێ دەکەوێتەوە، کورەکە دەستی لە سەرپێچەکەی دەکاتەوە و دەچێتە بەر پەنجەرەی."
خاتو ئامین دەپرسێ:"سەیزادە گیان ئەرێ ئەنگۆ بۆ پەنجەرەکانوو دانەدەخست؟"
دایکم دەڵێ:"سووری هاوینێ بوو، شەوی وا بوو لە حەسارێش لە گەرمان خەوت لێ نەدەکەوت. پەنجەرەمان داخستبا هەر قڕیشمان دەهات!
ئاغا سەیدیش دەیکوت ئەوە هەر شتێکە کەوتۆتە سەر زاری کورەکەی داخودا لە کێی بیستۆ، کەسێک لە پەنجەرەی بەربۆتەوە، خۆ پێمان وا نەبوو کە جەمیل گیان بۆخۆی دەچێتە سەر پەنجەرەکەی خۆی بەر دەداتەوە."
خاتو ئامین دەڵێ:"موقەدەری خودای ڕەد نایێتەوە، جا دەڵێی چی؟"
دایکم دەڵێ:"ئەمن هەر بابی خەتابار دەزانم."
خاتو ئامین دەڵێ:"بە خوڵای ئەگە دەستی کاکە جەمیلی بە دەستی خۆشتەوە بایە، ئەو خودایە قەزا وموقەدەری لە سەر با، هەر بەر دەبۆوە. نابێ خەتای ئاغا سەیدی بگری، بۆ ئەو پێی خۆشە کوری ئاوای لێ بە سەر بێ؟"
دایکم دەڵێ:"ناوەڵا."

خاتو ئامین ژوورەکەی گەسکێکی ئیشک و یەکێکی تەڕ لێداوە و خەریکە تۆزی سەر تاقەکان دەسترێ و ڕادیۆکەی خاوێن دەکاتەوە، دەڵێ:"ئەوەش بۆ کاکە جەمیلی، هەر لە مەدرەسەی هاتەوە، هەڕا دەکاتە سەر ئەو ڕادیۆیەی."

دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵا، بە بێ قیرە قیری ئەو ڕادیۆیەی، نە بابی نە بۆخۆی، نانوچاشیان بۆ ناخورێ.
به ناشکوری ناڵێم، ڕادیۆش خەبەری ناخۆش و شەر و کوشتن و هاوار نەبێ هیچی دیکەی نێ. دەبێ هەر دۆعایە پکەین خودا فەلەستینی داگیرکراو لە دەست جوولەکەکان دەرهێنێ، قەترە ئاوێکی ڕەحمەت بەو ئاورەیدا کا.

###

هەوا کە ئاوا سارد دەبێ دایکم ئیدی لە حەمامەکەی ماڵێ نامانشوا، دەڵێ سەرمامان دەبێ. بەیانی زوو لە خەوێ هەڵماندەستێنێ دەمانباتە حەمامی کاک محەمەدی حەمامچی.
دەرکەی حەمامێ سوورە کە دەچێ ژوورێ، ڕەنگە بیست پلیکان پچێ خوارێ هەتا دەگەیە نمرەکان. بۆ چوونە سەرێ یا هاتنە خوارێ دەبێ یەکێک دەستمان بگرێ. زۆرجاریش کاک محەمەد بۆخۆی یاریدەمان دەدا.

ڕۆژی حەمامێ کاک محەمەد نمرەیەکمان بۆ ڕادەگرێ. لەو حەمامەش دەبێ ئاوی لە تەشتیدا خۆش کەی و بە قابان بە خۆتی داکەی.

دایکم هەر کامێک لە مە دەشوا، لیباسمان لە بەر دەکا و دەڵێ:"پڕۆن! لە سەر سەندەڵێکی دانیشن هەتا یەکێک لە کورەکان دێن لە دووتان."
جاری واشە دێدە دێ دەمان باتەوە، نانوچامان دەداتێ و دەڵێ:"ئەو ژنە لەگەڵ قوقەی کەڵەبابی دێتە دەرێ!"
دێدە ڕاست دەکا. ئەستێرە ئێستا بە حەواوەن ئەمە دێینە حەمامێ!
دایکم دەڵێ:"وا چاکە کەس دیار نێ! خۆ نایەم ئیشەڵا بە نێو ئەو بازار و عالەمەیدا پچمە حەمامێ، ئابڕووشمان دەچێ."
پێش وەی پڕۆینەوە ماڵێ سەر و گوێلاکمان دادەپۆشێ دەڵێ:"سەرماتان دەبێ."
ئەو ڕۆژەش بۆ دەرێ ناچین.
دێدە دەڵی:"ئەو ژنە بەو منداڵانە دەڵێ 'حەمامین' هەتا وەختی حەمامێیان دێتەوە!"

کوورەی دار گرفە گرف داییسێ. زستانان لە بەر کوورەی سەری خۆمان ئیشک دەکەینەوە.

کاکە جەمیل "باغچەی مناڵان"ی لە ڕادیۆی گوردستانی عێراقێ بۆ من و جەفعەر و فازلی گرتۆ. گۆرانی
"جوانین ئێمە جوانین، ڕۆڵەی کوردستانین، لە خۆشەوە جوانین." بڵاو دەکاتەوە.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە، جەمیل گیان! ئەوە بۆ دەڵێ 'لە خۆشەوە جوانین؟' یانی چی؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"یانی بە بێ دەوا ودەرمان و سوورا وسپیاو جوانن."
دایکم دەڵێ:"کوردیی عێراقێ زۆری هەر وەکوو خۆمانە بەڵام بەعزە شتێکی بە جورێکی دەڵێن پیاو لێیان حاڵی نابێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"لە قسە کردنێدا زۆرمان فەرق نێ، ئەمە بە موکریانی قسان دەکەین کە لەهجەیەکە لە سۆرانی. ئەو گۆرانی و خەبەر و باسەش

به سۆرانی بڵاو دەکرێتەوە، شیعر و گۆرانیش زۆر جاران دەبێ ئەوبەر ئەوبەری پکەن هەتا ڕێک کەوێ."
خاتو ئامین دەڵێ:"بە خوڵای هەر وایە بابم! یا خوڵا عەمرم نەمێنێ، ئەوە نەبوو لە 'زەمانی کوردیەت' بارزانێکی زۆر لەگەڵ مەلا مستەفای، بابم بە قوربانی بێ، هات بوون، خۆ هەر وەکوو خۆمان بوون بەڵام فەرقت بە قسە کردنەکەیان دەکرد، زۆرجاریش لێیان حاڵی نەدەبووین."
کاک جەمیل دەڵێ:"بارزانێکان بە بادینانی قسان دەکەن کە لەهجەیەکی کرمانجیێ."
دوایە خاتو ئامین دەڵێ:"پیاوەکان پێچەکەیان لە سەر نێوچاونیان دەبەست، پرێک بە قیتەوە. ڕانکوچۆغەشیان لە بەر دابوو، بەڵام دەلینگەکانیان زۆر فش بوو،" لێرەدا خاتو ئامین بە باوەشی نیشانی دەدا، دەڵێ:'ئەوەندە! یا خوڵا عەمرم نەمێنی. ئەوانیش چەندەیان کوێرەوەری دیتۆ.'"
دایکم دەڵێ:" چمان دی و چمان لێ بە سەر هات؟ ئەدی خاتو ئامین ئەتۆ 'ساڵیحەت' لە بیرە؟ چەندە کچێکی جوان و عاقڵ و لەسەرەخۆ بوو. دەهات ئاگای لە عومەر گیان دەبوو. هەر بە کۆڵ و باوەشێ دەیهێناو دەیبرد. دەڵێم عومەر گیان خووی ساڵیحەی گرتۆ ئاوا هێدی و هێمن و عاقڵ و لەسەرەخۆیە."

خاتو ئامین بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەدی سەید عوسمان ماشەڵای لێ بێ ئاوا هاروهاجە؟"
دایکم دەڵێ:"عوسمان بە حەوت مانگی لە دایک بۆ، هەر لەگەل ئیعلامی جمهوری کوردستان، لە بیر مە ژنەکان کۆبوونەوەیان هەبوو، حیزبی ژنانیان پێدەکوت. ماڵ و منداڵ و هەزار کوێرەوەری! دەرفەتی ئەوەم نە دەبوو هەمیشە پچم. جا ژنی مەلا مستەفای دەیکوت:'بۆ خۆت دەشارێوە؟ وەرە بۆ لامان! قسەت خۆشە، عاقڵ و خوێندەواری دەبێ ئەتۆ هەربێی، واز لە ماڵ و منداڵ بێنە!' ئەویش لە سەر مانگورۆژی خۆی بوو."
کاکە جەمیل دەڵێ:"بەهبە، ئەوە عالێ! ژنان کەم وا هەیە خۆیان لە کاری سیاسی بدەن. دایە! ئەتۆ دەچوویە کۆبوونەوەکان؟"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! ژنی بەدبەخت هەزار کوێرەوەری و ئەرکی دی بە ڕیشەوە بۆ، ئەوە نێ کە ژن کاری بە سیاسەتێ نەدابێ یان پێیانخۆش نەبێ کاربەدەست بن، بەداخەوە هەموو کاری ماڵ و منداڵ بە خێو کردن و ئەوە کەوتۆتە ئەستۆمان، وەختی وەمان نێ هەتا سەرئاوێش پچین!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ژن دەبێ خۆی بدزێتەوە لە کاروباری ماڵێ و لە سیاسەتێدا بەشداری پکا."
دایکم دەڵێ:"بە خوڵای، ڕۆڵە گیان! ئەوەندەی منداڵ سەر وپێچکە بن دایک دەبێ بۆخۆی چاوی بە سەریانەوە بێ کە گەورە بوون چوونە مەدرەسەی، دایکەکە دەستوباڵی ئاواڵەتر دەبێ و پێیدەکرێ حیزبی ژنانیش پچێ و زۆر کاری دیش پکا."
کاکە جەمیل دەڵێ:"وەکوو ولاتی خاریجەی."
دایکم دەڵێ:"ناوەڵا، لە وڵاتی خاریجەی دەڵێن ژن منداڵی چکۆڵەی بەرمەمکان لە 'شیرخوارگایان" دادەنێن و بۆخۆیان کاری دەرێ دەکەن. ئەوە کوا کاری کردنێیە؟ ئەو منداڵەی ئاوا گەورە دەبێ چ هەویایەکت دەبێ پێبێ؟
خودا نەبێ کەس نازانێ چۆنی گەورە دەکەن، چی فێر دەکەن؟ بەڕا وتەگبیری من ژن یا دەبێ منداڵی نەبێ یا ئەگە منداڵی بوو دەبێ بۆخۆی گەورەی کا، دایکێکی کە منداڵی چاک و ساڵح و پاک گەورە کا، بۆخۆی زۆر کارێکی موهیمی کردۆ."

خاتو ئامین دەڵێ:"ئەشهەدووا سەیزادە خانم وەڵاهی منداڵی خەراپ لە هەموو شتێکی خەراپتر و بە زەرەر و زیانترە."

لە پەنجەرەڕا دیارە بەفر دەستی کردۆ بە بارینێ، خاتو ئامین دەڵێ:"ئەمن کە هاتم هەر وا پەلەپوشەی دەکرد، چاوی لێکە ئەو دەنکە زەلام زەلامانەی!"

دایکم دەڵێ:"ئاغا سەید دەیکوت چەندە ڕێوبان لە بەر بەفری زۆر گیراون، پەنا بە خولای!"
خاتو ئامین دەڵێ:"ئەرێ چەندەی زستان ماوە بە قوربان سەید جەمیل گیان؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەورۆ ئەوە هیچ، تەواو مانگ و نیوێکی ماوە بۆ نەورۆزێ."
دایکم دەڵێ:"عومری دوژمنی بێ، هیچ نێ، مانگ و نیوێک هیچ نێ، ئیشەڵا، بە خۆشی و بە بێمزەڕەتی خودا نەجاتمان دەدا لە دەست زستانی کافر! دەمان خاتە فەرعانان."

###

بەیانی کە لە خەوێ هەڵدەستین، حەسار و دار و باغچە و سەرپلیکان و بانەکان هەمووی بە بەفری داپۆشراون.
بابم نانوچای خواردۆ و ڕۆیشتۆتە بازاڕی.
دێدە دێ و دەڵێ پێشخانەکەی دڵۆپەی دەکا، لە قسان حوجرەی فەقێیانیش مەنجەڵ و قابڵەمەیان لە بەر دڵۆپان داناوە.
دەشڵێ:"چاکە ئاوا زووتر غەمی لێ دەخۆن! مام وسێنەکە وەک جاران نەماوە، هیچی بۆ ناکری، کوتم بەڵکی ئەو کابرایەی باگردانی لە بانەکانی خۆمان گێڕا بێ پرواتە سەربانەکەی منیش و حوجرەی فەقێیانیش، نە وەک زۆرتر ببارێ."
دایکم دەڵێ:"جا ڕاوەستە! هەر ئەوەندە کەسێکی ناردەوە گۆشت ومۆشتی بێنێتەوە، وڵامی دەنێرین کابرای بانی بنێرێ. دیارە کاک ڕەسوو هەر دێ بانەکان بماڵێ، بەڵام ئەویش سەرێکی هەیە و هەزار سەودا! داخوڵا بانی کێ دەماڵێ لە پێش ئەوەی بێتە ئێرە، ئەوە لە کنە خۆ ئاغا سەید پێشی کوتۆ هەتا `زوو بێی درەنگە!` بۆ وەی بەفر، زوو بیماڵی زەرەرێ بە بانی ناگەیێنێ بەڵام ئەگە بمێنێتەوە، دەست دەکا بە توانەوە و دەچێتە نێو سواغەکەی."
لەو قسانەدان، کاک مستەفا بە قەتاڵەی گۆشت و پێرەڵماسی و چەند هێشوو مێلاقەوە وە ژوور دەکەوێ، دوای سڵاو و چاکوخۆشێ دەڵێ ڕێگا ناخۆشە و بەفرەکەش قووڵە. هەتا هاتوچۆ زۆردەبێ و رێوبان دەکرێتەوە پیاو نەچێتە دەرێ چاکترە."

کاک ڕەسووش هاتۆ و وە سەربانی کەوتۆ بەفری دەماڵێ. دێدە بە
کاک مستەفایدا وڵامی بۆ بابم دەنێرێ هەتا غەمێکی لە بانەکانی مزگەوتێ پخوا، دڵۆپەی دەکەن.
دایکم دەڵێ:"کاک مستەفا وەرە خۆت بە کوورەکەی گەرم کەوە! با چایەکت بۆ تێکەم تۆخوڵا سارد و سەرمایە!"
دێدە دەڵی:"ئەیەڕۆ، ئەو ژنەی، کچێ! هەتا وا دەکەی نیوەڕۆیە، چای چی؟ هاتنە ژووری چی؟"
کاک مستەفا دەڵێ:"یاخودا، هەر ئاوەدان بێ، دەبێ پرۆم."

دایکم چایەکی دەداتە دەستی و دەڵێ:"هەر چاکە! نێوزگت گەرم دەکاتەوە، بابم! ئەتۆش لەو بەفر و لەنگێزەیدا دێی و دەچی خودا قالبت ساغ کا، برا گیان!"

دێدە هەر وا لە بەرخۆیەوە قسان دەکا:"ئەو ژنە زۆر سەیرە! قەتم شتی وا نەدیوە، 'بابەکەم' و 'برا گیان' و 'نانی پخۆ!' و 'چای پخۆ!' لەگەڵ سواڵکەر و عەمباڵ و ڕەش و ڕووتی دنیایە نێوانی هەیە!"
دێدە دەچێتە دەرێ لە حەسارێرا لەگەڵ کاک ڕەسووی قسان دەکا. ئەویش پێی دەڵێ بەفرەکە هەم زۆرە، هەم تەڕە بۆیە زۆری پێ دەچێ، بانەکان بماڵم. دەڵێ قەرار وایە خوشکەزاکەی بێتە یاریدەی دەنا بە تاقی‌تەنێ، ئەورۆ خەلاسی نایا.

خاتو ئامین بە لرفە لرف دێتەوە ژوورێ خۆی لە پانتۆڵی هاویشتۆ، هەڕا دەکاتە بەر کوورەکەی، دەڵێ:"هەتا چلەی گەورە بە سەر نەچێ، خوڵا نەبێ کەس نازانێ زستان چمان لێ بە سەر دێنێ."
دایکم دەڵێ:"با دوو سێ لقی دی داری وە بەر دەم، دانیشە دایکم! خۆت گەرم کەوە. چلەی گەورە هیچ، چلەی چکۆڵەش جاری وایە زۆر ساردوسەرمایە، ئەمن هەر دەڵێم خوڵایە گیان، بە قوربانت بم! ئەتۆ ڕوحمت بە مە دا نایە، هەموو گوناحکارین، ڕووڕەشین، ڕوحمت بە باڵندە و داعباودۆڵی فەقیر و بێدەسەڵاتدا بێ، هەوایان لە سەر خۆش کەی، دەنا هەموو لە برسان قڕیان دێ."

کاکە جەمیل لە بەر پەنجەرە چکۆڵەکەی ڕاوەستاوە، بە دەردی دایکم دەڵێ، ڕادیۆکەی وە قیرە قیر دەخا بۆ خەبەران، دەڵێ:"خاتو ئامین! بێ‌زەحمەت بە دێدەی بڵێ ئەوەتا پیاویان وە سەر بانی مزگەوتێ خستۆ، سێ پیاو خەریکن بەفری دەماڵن."
ئەوەندەی پێ ناچێ دێدە دێتە ژوورێ دەڵێ:"کوا بابم؟ جەمیل شا گیان؟ دا با بزانم!"
دەچێ بۆ لای پەنجەرەکەی و دەڵێ:"ئەشەدوبیلا، وایە! نازانم بابت ناردوونی یان هەر خێرخودان؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا فەرقی چێ؟ ئەتۆ کاڵەکخۆری یان بێستانڕنی؟"
دێدە دەڵی:"باپیرم! فەرقی ئەوەیە ئەگە بە کرێ گیرابن، بانەکان چاکتر دەماڵن و باگردانیش لە جێی دڵۆپەکەی دەگێرن و حەسار ودەرکوبانەکەش وەروەرە لێ‌دەدەن بەڵام ئەگە لە ڕێی خوڵایدا لە بەر ئەوەی مزگەوتە و ماڵە خوڵایە، بیماڵن نە هەموو بەفرەکەی بە چاکی دەماڵن و نە باگردانیشی لێ دەگێرن و نە دەرکوبانەکەی خاوێن دەکەنەوە!
هەتا مام وسێن، ئاوا لە دەستودووی خۆی نەکەوت بوو، هەموو ئەو کارانەی دەکرد خوڵا هەڵناگرێ فەقێکانیش زۆر جاران کاری مجێوری دەکەن.
بەفر ئەگە زۆر نەبێ هەر وا فەقێکان بۆخۆیان لە بن دیوارەکان بە وەروەرەی دەیهێنە نێوەڕاستی حەسارێ و کۆما کۆمای دەکەن، بەر دەرکوبان و سەرپلیکان و ئەوەش هەموو دەماڵن بۆ ئەوەی خەڵک پتوانن بێنە نوێژێ."

کاک جەمیل دەڵێ:"دێدە! بە تۆ مام وسێن چەند ساڵ دەبێ؟"
دێدە دەڵێ:"جا چوزانم؟ باپیرم، کۆنە! دەڵێ زەمانی عرووسی هەوەڵێ مووی لێ هات بوو."

کاکە جەمیل دەڵێ:"نا! نابێ، چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەوەندە پیر نێ!"
دێدە دەڵێ:"بۆ باپیرم؟ ئەمن بۆخۆم عرووسی هەوەڵێم وە بیر دێ، بەلام ئەمن هەر ئاوا ڕەنگە نۆ ساڵ دە ساڵان دەبووم نەدەبووم. ماڵی خەراپ بێ عرووسی هەوەڵێ ئەوەی یێفەزیحەتێ کردی. پیاوی هەر نەهێشت. منداڵی کوڕیشیان دیبا دەیانکوشت. بۆیە کراسی کچانیان لە بەر بابت کرد بوو. ژنانیان فەساد دەکرد، ماڵیان دەدزی، ئاوریان لە ماڵە خەڵکی بەردەدا، ئاوریان لە ماڵێ بەربێ! لە عرووسی پیستر ڕۆڵە مەگە ئینگلیس بوو بێ.دەڵێ:`نە بووک بێ، نە بەربووک، لەعنەت بێ لە هەردووک."

کاکە جەمیل خۆی حازر دەکا پچێتە دەرێ.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! بۆ کوێ دەچی؟ خۆ پیاو دەریش کرا بێ بە ڕۆژی وا نابێ لە ماڵێ پرواتە دەرێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"پەح! جا بەفر چی بە منداوە؟ ئەمن دەچم سەرێکی مامم دەدەم و کاریشم بە مستەفایە."
دێدە دەڵی:"سەری مامت بدەی زۆر کارێکی بە جێیە، وا دیارە ئەمە ئەورۆ پێمان ناکرێ پچین."
دوایە دێدە بە سەبرا دەڵێ:"لەگەڵ مستەفاش بڵێ ئەوە چ دەکەن؟ قیرە قیری ڕادیۆی لە سەر کاکم بەردەدەن."
دایکم دەڵێ:"بێبەڵا بێ، کاکیشم بۆخۆی پێیان دەڵێ ڕادیۆکەی بگرن!
بۆخۆم لە وێ بووم، گوێم لێ بۆ پێی کوتوون کێهە ئیستگای بگرن، کێهە خەبەری ڕاست بڵاو دەکاتەوە و کێهەش درۆ ودەلەسان دەڵێ."
کاکە جەمیل لە بەر دەرکەیە، باڵتۆیەکی زەلام و درێژیشی لە بەر دا، کەوش و کاڵۆشەکەشی لە پێ کردۆ.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! هەر خۆت سەرمابردوو مەکە! بە ناشکوری ناڵێم ئەوەندەی دیش با ناڕەحەتیت بۆ نەیاتە پیش، شاڵگەردنەکەت لە سەر و ملت هاڵێنە، بۆ نەهارێش وەرەوە کفتە وشۆرباومان هەیە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"`بەهبە`! ئەگە مستەفا بێ لەگەڵ خۆم دەیهێنم بۆ نەهارێ. چاکە دایە؟"
دایکم دەڵێ:"چاکە ڕوڵە گیان! با بێ خۆ ئەمە نازانین کەمی لێنێین، خوداش بەرەکەتی دەخاتێ."

کاکە جەمیل دەڕوا، دایکم و دێدە دەست دەکەن بە قسە کردنێ.
دێدە دەڵی:"کۆخەکەشی لە چاترێ نێ."
دایکم دەڵێ:"ناوەڵا، بە ناشکوری ناڵێم، خەراپتر بۆ و چاکتر نەبۆ، قەرار وایە زیێد لەگەڵ دوکتور وموکتوران قسان پکا، دوای مەدرەسەی بیبەنە تارانێ بزانین چ دەکەین. مەسعود دەڵێ:'زیێد هەموو ئەو دوکتورە چاکانە دەناسێ و لە ژێر دەستیاندا کارێ دەکا.' جا پەنا بە خوڵای!"
دێدە دەڵی:"ئەو کورە فەقیرە خۆشی لە خۆی نەدیتۆ، هەتا بەربوونەوە لە سەر پەنجەرە و چەنەگە شکان بوو، بە ناشکوری ناڵێم ئەوە بوو. دوایەش ئەو بێشەڕەفانە گرتیان و بە سەرمایەکی وەکوو ئەورۆ، ئاویان لە نێو ژوورەکەی کرد و ئەو پرۆشیت (پرۆنشیت)ەشی ئاوا پێوە نوسا."

دایکم دەڵێ:"جا بڵێ سەگی سەگ باب! ئەتۆ چ حکومەتێکی ئەگە لە وەی بترسی منداڵێکی دە یازدە ساڵە، بتڕێ یا نەتڕێ! ئەوە منداڵ لە جێگای خۆی هەستا ڕاوەستا یا ڕانەوەستا چ دەبێ؟
ئەوەندەش کەر و کەرباب بی نەزانی کە بە زۆری و بە کەڵەگایی کارت ناچێتە پێشێ، منداڵێکی جوان و جحێڵ ئاوا لێ دەکەن، خۆ بە زۆرەملی ناتوانن پێیپسەلمێنن کە وەختێکی سرودی شای لە مەدرەسەی دەخوێنن، دەبێ هەستنە حەوا.
دەڵێ:'بە شیرین زبانی و لطف و خوشی توانی کە پیلی بە مویی کشی' ئەوەندەش نازانن."
دێدە دەڵێ:"وەڵا زۆر چاک دەزانن! لە نێو کوردی بە شەرەف و ناموسدا قەتقەت ڕێوجێیان نێ. ئەوانە ڕۆڵەی سمایلاغا و پێشەوا و شێخ قادرین، بۆ دەوڵەتی عەجەمی مەگە، حاشاحازری، هەر بتڕن!"

دایکم دەڵێ:"ئەویش جەمیل، وەکوو کەس نێ، بۆخۆت دەزانی هەر لە منداڵێوە هەستی کوردایەتی زۆر بۆ. دەڵێ ئەوە بۆ یەکێک لەو مەلایانە نوێژی بە کوردی تەرجومە ناکاتەوە هەتا ئەنگۆ بە کوردی نوێژێ پکەن! دەڵێ زۆرتری خەڵکی عەرەبێ نازانن و ئەو دۆعا و ئایەت و شتانەی دەیخوێنن هەر وا وەکوو توتی لەبەریان کردۆ.

دێدە سەری هەڵدێنێ چاو لە میچەکەی دەکا دەڵێ:"خودایە گیان بە قوربانت بم، لێم بە گوناح نەنووسی،خۆ ئەشهەدوو جەمیل ڕاست دەکا. ئەوە هەمووومان نوێژێ دەکەین، کێهەمان دەزانین دەڵێین چی؟ براژنە مەلازادە قورعانی چەند جارختم کردۆ خۆ ئەویش نازانێ مانای لێک داتەوە. مەگە ئاوا مەلا حوسێن و شێخ و ئەوانە بزانن."
دایکم دەڵێ:"ئەدی ئەرێوەڵا وایە، قورعان بە عەرەبێ، ئەوەی عەرەبێ نەزانێ، دیارە نازانێ مانای لێک داتەوە. ئەو چەلەکە ساڵەهای ساڵە مەلایان بە مەیان کوتۆ، گوناحە قورعانی تەرجومە پکەنەوە و پێشی وەیان گرتۆ کە بزانین قورعان چ دەفەرمێ، ئەمنیش ئەگە کاکە بابەشێخ نەبا خۆ هەڕەم لە پرەی نەدەکردەوە!؟"

بۆنی خۆشی کفتە و شۆرباوی هەموو ماڵێی داگرتۆ. کاکە جەمیل لەگەڵ کاکە مستەفای وە ژوور دەکەون. بابیشم بە ئاوی سەر کوورەی دەزنوێژی شوشتۆ و نوێژێ دەکا.
دایکم و دێدە لەگەڵ کاکە مستەفای چاکوخۆشێ دەکەن و لێی دەپرسن بابی چۆنە، هیچی خواردۆ یان نا.
ئەویش خەبەری مامیان دەداتێ و لەگەڵ کاکە جەمیلی دەچێ بۆ لای ڕادیۆکەی.

بابم جوابی نوێژەکەی دەداتەوە و دەڵێ:"یاخودا بە خێرێی مستەفا! وەڵاهی زۆرم پێخۆشە هاتووی، ئەدی ئەوە بۆ کاک حەسەنت لەگەڵ نێ؟ حوسێن؟ شوکر هەموو باشن؟ کاکم چۆن بوو؟"
کاکە مستەفا دەڵێ:"وەڵا هەر وەک خۆیەتی، مامە! کورەکانیش لە ماڵ نەبوون لە دەرێ بوون."

دایکم و دێدە و خاتو ئامین خەریکی نان و سفرە سازکردنێن، کاکە جەمیل دەڵێ جوولەکە چەند مزگەوت و شتی لە فەلستینێ وە بەر تانک و تۆپان داوە.
دایکم دەڵێ:"خودایە گیان! ئەمە هیچ دەسەڵاتمان نێ لەو دوورەیەوە، ئەتۆ بۆخۆت وە جواب وەرە، ئەو سەگانە لە ماڵە خۆت وەدەر نێ!"

دایکم لە حەسارێ ورکەنانی بۆ چۆلەکان ڕۆ کردۆ، هەر جارناجارێکی چۆلەکە یا قشقەڵەیەک بە بەر پەنجەرەکاندا هەڵدەفڕن. بانەکان هەموو ماڵدراون، بەفرێکی زۆر لە حەسارێدا. دێدە دوو سێ داری دیکەش وەبەر کوورەکەی دەنێ و وە گرفە گرفی دەخا.

دێدە ورکە نانی بۆ هەموان هەڵبژاردۆ و لە کەوڵەکەی ناوە بۆ تێکوشینێ، دەڵێ:"هەتا ورکەکە خەلاس نەبێ، نانی بە خۆڕایی لەتوپەت مەکەن."
دایکیشم دەڵێ:"دێدە گیان، ورکەکان بۆخۆمان، با کورەکان نانی ساغیان بدەینێ!"
دێدە دەڵی:"کچێ جا بۆ؟ ئەو ژنەی! نانی ساغیشیان بدەیەی خۆ هەر دەبێ لەتوپەتی کەن جا تێیکوشن، بۆ ئەو وردکە نانە جوانە خەسار بێ؟"
دایکم دەڵێ:"خەسار نابێ، ورکەکە بۆخۆمان، بە ئاغا سەید و کورەکانیش نانی ساغ و جوان دەدەین، لە بەر مستەفا گیانیش!"
بە دوای وەشدا چەند نانی ساغ لە نێوەڕاستی سفرەکەی دادەنێ، سفرەی ورکە نانەکانیش دادەخزێنێتە خوارەوەی سفرەکەی ئەو جێگایەی ئەمن و دێدە و بۆخۆی لێی دانیشتووین.
دێدە چاوێکی لە دایکم مۆر دەکاتەوە، دەڵێ:"ئەتۆ بۆخۆت بەدعەمەلیان دەکەی، خۆ ئەوە چاک نێ، شوکر جحێڵن ددانیان هەیە، ئاسنی دادەپاچن، ئەتۆ بۆ ئەوەندە سەیری؟"
دایکم دەڵێ:"چوزانم؟ دڵم نایا، دەڵێم شتی چاک هەر بۆ ئەوان چاکە!"
دێدە سەری خۆی ڕادەوەشێنێ. پیوازی چاکراویش لە سەر دەورێکی دادەنێ. دەڵێ:"ها! باپیرم پیوازیش پخۆن زۆر چاکە!"
بە منیش یرێکی دەدا. هەر لە زارمی دەنێم، ئاو لە چاوم دێتە خوارێ، لە بەر دێدەی ناوێرم تفی کەمەوە، بە پەلە پەل قووتی دەدەم.
بابم لە دوورەوە وا دیارە ئاگای لێیە، دەڵێ:"ئەو پیوازانە زۆر تیژن بۆ منداڵی!"
دێدە دەڵی:"پیوازی کوردی هەر تیژە!"

###

دایکم و ژنەکان هەموو وڵاتیان خاوێن کردۆتەوە. نان کراوە، شیو شۆراوە، گێژنی قوربانێیە.

فازل دەڵێ:"دایە ئەوە گێژنی جێژنانەیە یان نا؟"
دایکیشم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەرێ وەڵا، ڕۆڵە گیان! گێژنی جێژنانەیە ئەدی چۆن؟! زۆر گێژنێکی گەورە و مەبارەکە."

وەختی نانوچاش دایکم و بابم و دێدە باسی کڕینی جوانەگایەکی دەکەن بۆ قوربانێ.
بابم دەڵێ:"بە ڕەحیمی قەسابم کوتۆ بەیانی ڕۆژی گێژنێ لێرە بێ چونکە زۆر ماڵی بە دەستەوە. "
فازل دەپرسێ:"قوربانی کردن یانی چی بابە؟"
بابم دەڵی:"ڕۆڵە! ئەوەی دەستی پڕوا یانی پووڵی هەبێ، بەرخێک، شەکێک، مەڕێک شتێکی دەکڕێ، دەیکاتە خێر و دەیدا بە فەقیران."
دایکیشم دەڵێ:"جا با پێتان بڵێم بۆ خەڵک قوربانێ دەکا. حەزرەتی ئیبراهیم، پیر دەبێ و تاقە کورەکەی، حەزرەتی ئیسماعیل، دەبا چەقۆی لە ملی دەنێ هەتا سەری ببڕێ لە ڕێی خودایدا. خوداش، جەلەجەلالەهو، بە قوربانی بم، لە غەیبەوە شەکێکی دەنێرێ، دەفەرمێ:`ئیبراهیم! بەو کارەت، ئەتۆ، ئیمان و باوەڕی خۆت بە من ئیسپات کرد، بەڵام سەری تاقە کورەت مەبڕە! ئەوەتا لە جیاتی وی شەکێکم بۆ ناردی.`
جا ئەوە بۆیە لە ڕۆژی گێژنی قوربانێدا، ڕۆڵە گیان! ئەوەی موسوڵمان بێ و دەستی پڕوا خولا لە سەری داناوە قوربانی پکا."
فازل دەڵێ:" خۆ گۆشتی حیسانی ناخورێ، بۆ حەزرەتی ئیبراهیم دەیەویست، کورەکەی سەر ببڕێ؟"
دایکم دەڵێ:"بە قوربان، لە تاوی خولا و ڕەسوڵ و لە عیشقی خولا و ڕسوڵ!"
فازل بە ترس و دوودڵێوە دەڵێ:"چاک بوو خودا شەکی نارد دەنا حەزرەتی ئیبراهیم، سەری حەزرەتی ئیسماعیلی دەبڕی، لەویش بەولاوە خەڵکیش سەری منداڵەکانیان دەبڕی بۆ وەی سابتی کەن خولایان خۆش دەوێ!"
دایکم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"نا! بابەکەم، ئەیەڕۆ، چۆن شتی وا دەبێ؟ نا! نا! هەر مەنزور ئەوەیە ئەوەی بۆی مومکین دەبێ و لە دەستی دێ خێر و خێرات پکا. چاوی بە سەر فەقیر و هەژارێوە بێ. دەنا مەعنای ئەوە نێ خەڵک منداڵی خۆی سەر ببڕێ!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"لە نێو دین و بیروڕای مەزهەبی کۆنیشدا هەبۆ کە حەیوان یا حەتا حیسانیش (زۆرتر کچی جوان و جحێڵ) لە نێو مەعبەد و شتیدا بە نەزمێکی زۆر وەحشیانە لە بەین چوون. ئەو جورە شتانە دواکەوتوویی و خورافات و بێسەوادی میلەتێکی دەگەیێنێ."
دایکم دەڵی:"قوربانی کردنی حیسانی هەر نابێ ڕۆڵە! بەڵام حەیوانات خولا بۆخۆی چەقۆی لە سەر داناوە."
فازل دەڵێ:"خولا چەقۆی لە سەر داناون یانی چی؟"
دایکم دەڵێ:"یانی گوناح نێ حەیواناتی سەر ببڕی بۆ خواردن یا بۆ قوربانی کردن."
ئەمن دەڵێم:"ئیشەڵا، هەر کەس حەیوانان دەکوژێ خودا یەکسەر بیانباتە جەحەندەمێ!"

###

بەیانی ڕۆژی گێژنێیە.
هەموو زوو لە خەوێ هەستاون. ئەمەش لە خۆشی کەوش و لیباسی تازە لە بەر کردنێ هەر زۆر زوو قیت بووینەوە.
دایکم دەڵێ:"دوای نانوچا خواردنێ لە بەریان کەن. هەر کەسیش بۆ گێژن مەبارکێ بێ هەتا نەچێتە جەماعەتی ڕۆژی گێژنێ و نانوچای بەیانی نەخوا، وە ماڵان ناکەوێ. هەتا ئەودەمیش بەڵکی قوربانێکەش کرا بێ."

ئەوەندەی پێ ناچێ دێدە دێ.
دایکم گێژن مەبارەکی لێدەکا و دەڵێ:"دێدە گیان، گەردنمان ئازا کە! ئەتۆ ئەرکێکی زۆرت بە سەر هەموو ئەو تایفەیەوە هەیە بە ورد و درشتێوە. ئەمە قەت چاکەی تۆمان پێ نادرێتەوە."
دێدە دەڵێ:"گەردنی هەموان خۆشوئازا بێ، ئەگە کارێکم لە دەست هاتبێ لە خۆشەویستیان کردوومە ئاخە نەنک و باپیری ئەو منداڵانەش زۆریان لەگەڵە من زەحمەت کێشاوە."
دوایەش دێدە فرمێسکەکانی بە قونیچکی چارشێوشانەکەی دەسترێ.

پیاوێکی قوڵە خڕە، لە حەسارێ دێ و دەچێ، چەقۆی زەلام زەلامیشی پێیە، هەر لە یەکتریان دەخشێنێ. خشەخشەکەی دەگاتە سەرێ. بەروانکەیەکیشی لە خۆی بەستۆ دەڵێی سەد ساڵە نەشۆراوە. بە دەردی دێدە دەڵێ لە چۆمی هاوێی هەموو ماسێکان قڕ دەکا! دوو پیاوی دیکەش دێنە ژووری حەسارێ، دەرکەی حەسارێ لە سەر گازی پشتێ ئاواڵە دەکەن.

لە سەر پەنجەرەی سەرێرا ئەمن و فازل چاو لە حەسارێ دەکەین، جوانەگایەکەی دایکم و بابم باسیان دەکرد، لە دەرکەی حەسارێ دێننە ژوورێ. یەکێک لە پیاوەکان لە سەتڵێکی ڕەشی پیسدا ئاوی دێنێ لە بەر دەمی دایدەنێ، جوانەگاکە ئاوی ناخواتەوە.
پیاوە قوڵە خرەکە دەستی لە خشە خشی چەقۆکانی هەڵگرتۆ دێ بە لای جوانەگاکەیەوە دەستی لە سەر و پشتی دەخشێنێ، دوایە وەکوو شێتان، لەگەڵ دوو پیاوەکانی دی بە پەلە پەل گوریسی دێنن، جوانەگا فەقیرەی بە عەرزیدا دەدەن، لاق و دەستەکانی بە گوریسی دەبەستن، ئەویش دەس دەکا بە بۆرە بۆر و هاوار کردنێ.
دێدە هاتۆتە ژوورێ دێ بۆ لامان، ئەویش لە پەنجەرەکەیرا دەڕوانێتە نێو حەسارێ. یەکێک لە پیاوەکان دەس دەکا بە "ئەڵلاهو ئەکبەر" کوتنێ، ئەوی دیش چەقۆ هەرە زەلامەکەی دەدا بە پیاوە قوڵە سینگەکەی. دەنگی گریان و هاواری جوانەگاکەی زۆر بڵیندترە لە دەنگی ئەڵلاهو ئەکبەری کابرای. ئەمن سەرم لە نێو

بەرهەڵبێنەی دێدەی ناوە، ئەویش دەستی کردۆ بە دۆعا کردنێ، فازل بە هەڵات هەڵات و گریانەوە ڕای کردۆتە دەرێ.
دەنگی جوانەگایەکەی نایە، بە دزە دز، سەرم لە کۆشی دێدەی دێنمە دەرێ. کە چاو لە حەسارێ دەکەم، سەری جوانەگاکەی لە نزیک گوڵە سوورەکەی کەوتۆ و چاوەکانی ئاواڵەیە و خوێنێکی گەشیش لە بەر ملی دەڕوا. پیاوە قوڵە خڕەش لەگەڵ دۆکانی دی، خەریکن بە پەلە پەل پێستەکەی  لێ دەکەنەوە. جوانەگاکە، ئێستاش هەر دەجوڵێتەوە.

سەرم دەبەمەوە نێو بەرهەڵبێنەکەی دێدەی و دەس دەکەم بە گریانێ. لە باوەشم دەکا و لە ژوورەکەی دەمباتە دەرێ.
دەڵێ:"ئای، ئایێ، کوێشتیر! ڕۆڵە ئەوە بەو بەیانی گێژنەی ئەو گریانەت لە چیێ؟ وەرە پچین  ئاوت دەدەمی. یریک ئاوی پخۆوە."
بە گریانەوە دەڵێم:"مانگاکە ئاوەکەی نە خواردەوە."
دێدە دەڵێ:"بە شەرع دەبێ ئاوی بدەن بە حەیوانێکی دەیکەنە قوربانی، بەڵام حەیوانەکە خۆف گرتوویەتی، ڕوح شیرنە ڕۆڵە! ئەویش وەکوو بەشەری وایە خۆفی مردنێ دەیگرێ، دەزانێ، هیچی بۆ ناخورێ."
دەڵێم:"ئەگە وایە بۆ ئەو سەگبابانەتان هێناوە سەری ئەو مانگا فەقیرەی ببڕن؟"
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە، ئەوە قوربانی کردنە! گۆشتەکەش هەموو زارا و خاتو ئامین دەیبەن بۆ ماڵە فەقیران. دایکت زەرەیەکیش بۆ خۆمان ڕاناگرێ."
ئەمیش دەڵێم:"هەر کەس دەیخوا بە قوزەڵقورتی بێ، قوربانی چیێ؟ چۆن خودا دەڵێ ئەو مانگا فەقیرە چکۆڵەی پکوژن؟"
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە! بە شەرع خودا چەقۆی لە سەر حەیواناتی داناوە، گوناح نێ هیچ، بۆ وەی دەدرێ بە فەقیر و هەژاری، زۆریش خێرە.  دەبێتە سەدەقەی سەری بابت و کورەکان و سەری تۆش."
ئەمنیش دەڵێم:"ناوەڵا ئەمن نامەوێ بۆخۆتان!"
دێدە دەڵێ:"تاوێکی دی دەبێ پچم لەگەڵ دایکت گۆشتەکەی بەش بەش کەین هەتا زارا و خاتو ئامین بیبەن بیبەخشنەوە. ئەتۆ پچۆ لەگەڵ کورەکان نان‌وچایەکی پخۆ، بە جەمیل شای دەڵێم چات بۆ تێ‌کا. کوا؟ گۆچان چی لێ هات؟"
چاوێکی لەو لا و ئەو لام دەکەم دەڵێم:"نازانم!"
دێدە دایکم و فازلی لە ژوورەکەی پیاوان دەبینێتەوە. دایکم دەڵێ عودی داناوە پسووتێ بۆنی ژوورەکەی خۆش کا بۆ میوانان.
دەستی فازلیش  بە دەستی دایکمەوە. دیارە  ئەویش دەگری. ئەمە بۆ
کاکە جەمیلی بەجێ دێڵن. ئەمن و فازل هەر بە کابراکانی نێو حەسارێ جنێوان دەدەین. ئەمن سەرمامە دەچمە پەنا کوورەکەی درێژ دەبم. دەنگی گریان و بۆرە بۆری جوانەگاکەی لە نێو سەرمدا دەنگ دەداتەوە.
سەتڵە ئاوەکەی نەیخواردەوە، چاوە جوانە ئاواڵەکانی، هەتا بە سەری پراویشێوە، خوێنە ئاڵەکەی وەک چۆمی لە بەر دارە گوڵە سوورەکەی بابم

هەڵ نیشتۆ، نە ئیشتیای خواردنی بەرچای بۆ هێشتووینەوە، نە مانایەک بۆ ڕۆژی گێژن وکەوش و لیباسی تازە لە بەر کردن.
گێژن یانی هەموو کەیفیان ساز بێ، هەموو لە خۆشیدا بن، کەنگێ مانای ئەوەیە ڕوحلەبەرێکی بێدەسەڵات لە ڕۆژی گێژنێدا سەرببڕی؟ ئەوە بۆ گێژنە؟
ئەمن و فازل لە پەنا کوورەکەی دانیشتووین، فازل هەر کەس بە لاشیدا دەڕوا ڕقی هەڵدەستێ. گریانەکەی ئێستاش هەر بەردەوامە. دایکم زۆر سەری قاڵە، هەر ناشزانێ، ئەمە لە سەر پەنجەرەیەوە چمان چاو پێ کەوتۆ، پێموانێ دایکم قەت لە سەر هیچ پەنجەرەیێکێوە کارەساتی وای بە چاوی خۆی دیت بێ.
بۆ حەسارێش ناچێ هەتا هەموو پیاوەکان بڵاوەی دەکەن و سەر و پێست و سەتڵ و گوریس و هەموو شتەکانیان دەبەن، خوێناوەکەش لە حەسارێ دەشۆنەوە، جوانەگا بەستەزمانەکەش لەتلەت دەکەن و وەختێکی دایکم و ژنەکان دەچنە حەسارێ بۆ دابەش کردنێ، فەرقێ بە گۆشتی ئەو جوانەگایەی و ئەو گۆشتەی هەموو ڕۆژێ لە بازاڕێرا بابم لە قەتاڵەیدا دەینێرێتەوە ناکەن. هەر چێکیش بڵێی خەتاکەی وە ئەستۆی خۆیان ناگرن و دەڵێن:"خودا چەقۆی لە سەر داناوە!"
فازل دەڵێ:"چاکە گێژنەکانی دی سەری کەس نایڕن!
خوڵا چەقۆی لە سەر داناوە، بەهانەیەکە بۆ وەی حەیوانی بەدبەخت پخۆن!
ئەمن تازە گۆشتی ناخۆم."

###

زستان، بەحیسابی باجە زارای بیستڕۆژی ماوە، بە حیسابی سەرما و با و بەفری زۆر و ڕێگای بەستراوی بەینی شارودێیەکانیش دەڵێی قەتخەلاسی نایا.

ئەمە هێندە ناچینە دەرێ. پەنجەرەکان هەموو داخراون، ئەمن و فازل لە پشت پەنجەرەکانەوە، چاو لە کوچەوبانی دەکەین. پیاوان بە پەلە پەل دێن ودەڕۆن، لەسەرمان خۆیان لە دوکان و مزگەوت و قاوەخانەکان دەکوتن. وەها خۆیان داپۆشێوە کەس ناناسێوە، زۆرتریان دەستەوانەیان لە دەست دا و زەنگاڵ و گۆرەویان لە پێ کردۆ و سەرکڵاوەیان لەسەرە. باڵتۆی درێژیان لە بەر دا.
پیاوی شاری کەوش و کاڵۆشی لە پێدا، ئەوەی لە دێش ڕا دێ چەکمەی هەتا ژێر ئەژنۆیان هەڵکێشاوە.
ژنەکان ئەوانەی دەرسێ دەخوێنن وەک باجە هەتاوێ، باڵتۆ و دەسکێش و پۆتینیان هەیە، سەریشیان بە سەرپێچێکی گەرم دادەپۆشن. ئەو ژنەی لە ماڵێ دا و لیباسی کوردی لەبەر دەکا زستانان خەرگەی لە پێ دەکەن و چارشێوشانی لە شان دەکەن. سەردەسماڵ و شەدەش بە سەر دادەدەن. ئەگە لە سەرمان ڕەقیش هەڵێن، کەس لەسەر لیباسی کوردێوە باڵتۆی لەبەر ناکا.

بەیانی، پێش مەدرەسە چوونێیە، دایکم بەزۆری پۆتینی خۆی لە پێی کاکە عومەری دەکا، بۆ وەی سەرمای نەبێ. پۆتینەکە ڕەشە، نێوەکەی وەکوو مەخمەری تێگیرابێ وایە، لە دەرەوەش سێ قرتەی لەسەرە بۆ داخستنێ.

هەر کاکە عومەر دەڵێ ئەوە پۆتینی ژنانە، لە مەدرەسەی پێم پێدەکەنن، هەر دایکم دەڵێ:"کوڕە بابەکەم!، کێ پێت پێدەکەنێ؟ گوویان خوارد، لە پێی‌کە! لاقت تەڕنابێ! هەتا بابت پۆتینت بۆ دەکڕێ!"
کاکەعومەر دەزانێ دایکم هەر جوابی خۆی دەداتەوە، هەزار ساڵی هاوارێ پکەی بێفایدەیە. پۆتینەکانی دایکم لە پێ دەکا و دەڕواتەوە مەدرەسەی.
لەسەرما و بەفریدا بابم بۆخۆی جەفعەری دەباتەوە مەدرەسەکەی، لەوێشڕا دەچێتە بازاڕی. دەڵێ نەوەکوو لەنێو بەفروسەهۆڵیدا پکەوێ. جەفعەر هەمیشە بەناڕەحەتێوە بەرێیەدا دەڕوا، زۆریش دەکەوێ.

###

دایکم و دێدە دەچن سەری مامە قادری بدەن.
دێدە کاڵۆشی لە پێدایە. دایکیشم پۆتینە کۆنەکانی دێنێتە دەرێ، چارشێوشانی لە شانی دا و دەسماڵ و سەردەسماڵی بە سەرەوە و دەرپێی بەمبازیش لە پێدەکا. دایکم دەڵێ گۆرەویش لە زستانی وا دا گیانی پیاوی دەکڕێتەوە! پشتێند بۆخۆی زۆر گەرمە. دایکم چونکە قەت پێی‌خۆش نێ لیباسی ڕەش لەبەر کا، شەدە و دەسرەی سرکەیی بە سەر دانادا بەڵام کڵاوی زێڕی هەیە بە زستان لە سەری دەنێ، دەسماڵ و چارشێوی کوردیش بە سەردا دەدا.

کاکە جەمیل هەمیشە دەڵێ:" 'کورد چارشێوی نێ!' مەڵێن 'چارشێوی کوردی' ئەوە لیباسی عەرەبانە! ئەگە کورد چارشێوی هەبا، دێدە بە خۆیدا دەدا."
دێدە دەڵێ لە عومری خۆیدا چارشێوی بە سەردا نەداوە و کراسی گنجداری لەبەر نەکردۆ، ئەو دەمی جحێڵ بۆ هەر کەس کراسەکەی گنجی هەبا پێیاندەکوت:`ئەوە قاحبەیە!`، هەر کەس شوێنی سەری خوار کردبا هەر باسی سەر بوو. کراست دەبوو ئەستوور ئەستوور بێ، دەسماڵ هەر دەبوو سپی بێ واش بێ پرچ و شتی تێدا دیار نەبێ، دەنا هەر حەیات دەچۆ سەر چڵی داران!
کچ سەد ساڵی لە ماڵە بابی مابا، قەت قەت نە سوورا وسپیاوی دەتوانی پکا نە هەنێ، جاری وا بوو تیسکی دم و چاویان وەکوو تیسکی بزنی درێژ دەبۆوە، وەک پیاوان سەر وسمێڵیان لێ شین دەبوو، قەت قەت کەس هەنێی کچانی نەدەکرد، هەتا بە بووک دەچوون.
خۆ ئێستاش ڕەسم لە نێو کوردیدا هەر وایە. بەڵام هیچ شتێکیش وەکوو خۆی نەماوە."

###

ئەورۆ بەیانی زوو باجە زارا وخات خاتون و دوو سێ ژن و کچی جیرانیان هاتوون.
باجە زارا دەڵێ:"کچێ سەیدی! ئەمە ئەوە دەچینە سەر چۆمی کوتم با بە درۆزن دەرنەچم بە منداڵەکانم قەول دا بوو ڕۆژی چوارشەمە سووری لەگەل خۆم بیان‌بەمە سەر چۆمی."
دایکم دەڵێ:"دە چاکە، ڕۆڵە، بەخێرێن! وەرن چایەکی پخۆن ساردە، بەو بەیانەی."
باجە زارا دەڵێ:"دەبێ پرۆین، وە درەنگێ دەکەوین."
دایکم دەڵێ:"جەمیل گیانیش هەر ئاوا نیو سەعاتێک دەبێ ڕۆیشتۆ بۆ دەرێ. بە قوربانت بم زارا گیان، خات خاتون گیان! دەستی ئەو منداڵانە بەر نەدەن، لە دەم ئەو چۆم و ئاوە."
خات خاتون دەڵێ:"خاترجەم بە! ئەمە ئەوە حەوت هەشت ژنین، منداڵی دیکەشمان لەگەڵ نێ، خەیاڵت خاترجەم بێ، ماندوو بن لە کۆڵیان دەکەین، دەنا دەستیان لێ بەر نادەین."
باجە زارا فازلی لە کۆڵ دەکا، خات خاتون دەستی جەفعەری دەگرێ، ئەمنیش ژنەکەی جیرانی باجە زارای دەستێکم دەگرێ و کچەکەشی، فاتمە، دەستەکەی دیکەم. بە مەیدانی ئاسینگەراندا وەڕی دەکەوین.
هەموو دوکان داخراون. تاو ئێستا لە هیچ کوێ نەداوە.
باجە زارا دەڵێ:"دەبێ لە پێش ئەوەی تاو هەڵێ گۆزە تازەکەت پر لە ئاو کردبێ."
بە چوارچرایەدا دەڕۆین، تاق ولۆقە خەڵک بە دەرەوەیە.
دەگەینە سەر پردێ، ژن و کچێکی زۆر لە خوارێ لە گوێی چۆمی خەریکن ئاوی لە گۆزەکانیان دەکەن و قسان دەکەن و پێدەکەنن.
چەند کچیش پشتیان لە چۆمەکەی کردۆ، بە سەر خۆیاندا بەردی هەڵداوێن!
لە باجە زارای دەپرسم:"ئەوە بۆ وا دەکەن؟"
باجە زارا دەڵێ:"ئەمەش حەوت بەردی بە سەر خۆماندا هەڵداوێین، بە نیەتی ئەوەی غەم و پەژارە و نەخۆشی و شت لێمان دوور بێتەوە و ئیشەڵا خولا بۆ هەموان ڕووناکایە پکا!"

سەر پردێ پرە لە پیاو قەدەمان لێ دەدەن و تەزبیحەکەیان هەڵدەسوورێنن و چاو لە خەڵکی دەکەن.
باجە زارا دەڵێ:"بە خولای ئەوەتا سەید جەمیل، ئەوەش ئامۆزاکانی، ئەوەش کوری ماڵە ئەورامی و کاکاغا و خات هەناری!
دیارە باجە زارا هەموو کەس دەناسێ، دەڵێ:"ئەوە دایکت چاکە بێ بیبینێ چەندە خەڵک هاتوونە دەرێ. دەیکوت: کوا زارا گیان! بەو بەیانە ساردوسڕەی کێ دەچێتە سەرچۆمی؟"

کە دەچینەوە ماڵێ دایکم چامان دەداتێ و کوورەمان بۆ پێوەدەنێ هەتا گەرم بینەوە.

باجە زارا دەڵێ:"کچێ سەیدی! ئەو شارە جحێڵی تێدا نەمابوو! هەموو هاتبوونە سەرپردی. سەی جەمیل و کوڕەکانی ئاغا سەید قادریش لە وێ بوون."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، خۆ بە خولای، ئەمن بۆخۆت دەزانی، چوارشەمە سووری ئاوریان بۆ دەکەمەوە لە سەری باز دەدەن، هێلکەشیان بۆ دەکوڵێنم و هەڵوایان بۆ دروست دەکەم. کوڕەکان دەچنە سێزدە بەدەرێش. بەڵام بۆخۆم زۆرم پێخۆش نێ پچمە جێی ئاوا پڕ لە خەڵک و کەس لە کەس."

لەو قسانەدان کاکە جەمیل وە ژوور دەکەوێ. زۆری پێخۆش دەبێ خات خاتون و باجە زارا ئەمەیان بردۆتە سەرچۆمی.
دایکم بۆ کاکە جەمیلیش چای تێدەکا و دەڵێ:"زارا گیان دەڵێ هەرچی دەنکە جۆیەکی پادشای خوارد بوو هاتبۆ سەرچۆمی."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ناوەلا، کوا؟ دەبوو هەموو شاری سابڵاغێ لەسەر چۆمی با. جێگای داخە کە خەڵک پێیان وایە گێژنی نەورۆزێ ئی مە نێ و ئی عەجەمانە، کەسێکی تاریخی کوردەواری بزانێ، دەزانێ کە کورد لە پێش موسوڵمانەتێدا، زەردوشتی بوون. فارسیش هەر وا. ئاوریشیان پێ زۆر موهیم بۆ. وەختێکی بەهاریش هاتۆ، لە سەرمای زستان و بەفری زۆر و ئەوەی ڕزگاریان بۆ،لە خۆشیان چوونە دەشت و سەحرایە دەستیان کردۆ بە بەزم و هەڵپەڕین و خواردنی پنگ و گێلاخە و ئەسپینگ و کیفۆک و کەنگر و گیاوگۆڵی بەهارێ."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەشهدوو هەر کەس لە چنگی زستانی کافر بە ساغی نەجاتی بێ دەبێ شایی و هەڵپەڕکێی پکا، بەلام مەلایان بە خەڵکیان وا حاڵی کردۆ کە ئاور کردنەوە و گێژن گرتنی نەورۆزێ کاری موسوڵمانان نێ!"

کاکە جەمیل دەڵێ:"هەر مەلای کۆنەپەرستیش ئەمەیان لە قورێ ناوە، ئەوانەی سەوادیان هەیە و تاریخی خەڵکی کورد دەزانن و خۆیان زۆرتر بە کورد دەزانن هەتا موسوڵمان پێشی ئەو رەسم ورسوماتەی ناگرن.
ئەمە لە پێش هەموو شتێکیدا کوردین، دەبێ ڕێگای خۆمان بەر نەدەین."
باجە زارا دەڵێ:"ئەرێوەلا، بابم، بە خولای، هەر وایە! دەبێ پیاو ڕێی خۆی لێ ون نەبێ."
دایکم لە پێش ئەوەیدا خات خاتون و باجە زارا پڕۆن پڕێکیان مەرمەڕشا دەداتێ دەڵێ:"ئەوە بۆ کڵاوی جەنابی شێخێ بابەکەم، دوو سێ ڕۆژە لە کن منیان بە جێ هێشتۆ، سەیزادە مرێم کوتی هەرچەندی تێی بوو، تێی بوو."

ژنەکان خوداحافیزێ دەکەن و دەڕۆن.

لای ئێوارێکی درەنگ دێدە و دایکم گوێنی دێنن لە کوچەی سێ کۆمای پێ دروست دەکەن و ئاوریان دەدەن. کوڕەکان بۆخۆیان بە سەر ئاورەکەیدا باز دەدەن. ئەمن و جەفعەر و فازلیش دایکم و دێدە یارمەتیمان دەدەن.

###

بەیانی بەدەنگی ڕادیۆکەی کاکە جەمیلی
لە خەوێ هەڵدەستم:

"تا ئێستە، ڕووی نەداوە لە تەئریخی میلەتا
قەڵغانی گولە، سینگی کچا بی، لە هەلمەتا...
ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە، بە خۆشی و بەهاتەوە."

کاکە جەمیل دانیشتۆ کورەکانی دیش لە ماڵنوو نان‌وچای دەخۆن.
دایکم چایان بۆ تێ دەکا دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! ئیدی هەر مەخولێنەوە بەو لا و بەو لایدا، تەحتیلن، لە پێش هەموو کارێکیدا دەرس ودەورەکەتان پخوێنن، مەشق وشتوو بنووسن، جا ئەوچەل هەرچی دەیکەن بیکەن."
ئەمن لە کن کاکە مەزهەری دانیشتووم، تەواو دەستم بە خواردنێ نەکردۆ، دێدە وە ژوور دەکەوێ، لە خۆشیان هەڵدێم لاقی دەگرم.
دەڵێم:"وەرە دێدە لە کن من دانیشە، بابۆڵەی شیرێژ ورۆنیم بۆ دروست کە!"
دێدە دەڵێ:"دە چاکە، چاکە، باپیرم! شوکور ئەوە هەمووتان لە ماڵێن، دەبێ لە چا هێنان و بردن بۆ وەستا و فەعلەکاندا یاریدەمان بدەن."
دوایە ڕوو لە دایکم دەکا و دەڵێ:"ئەرێ عومر چێ؟ هەرنەشمان زانی چۆن هات و ڕۆیی، ئێستا ئەوە دوای ئەو تەحتیلەی نەورۆزێ کاکم دەبەنە تارانێ. هەر نەشمان زانی چۆن پاییز بوو بە زستان و زستان بوو بە بەهار!
هەر نیگەران بووم دەمرکوت ئەوە کوا کاکم ئەوەندە بەرگە دەگرێ هەتا بەهار دێ!"

دایکم دەڵێ:"لە مێژە بە کاک کەریمیشیان کوتۆ دەربەست بیان‌باتە مەراغەی هەتا قەتاری،
لە وێشڕا دیارە کاکم و ئاغاسەید، خودا پشیوانیان بێ، دەڕۆن بۆ تارانێ.
سەید حەمە دەمین و کاکە حەسەنیش دەگەڕێنەوە سابڵاغێ."
دێدە دەڵێ:"وەڵاهی چوو زانم؟ ئەوەتا چوونە تەورێزیش،کۆمەیسیۆنی حەکیمیانیشیان بۆ گرت، هیچیش بە هیچ نەکرا. بێ‌بەڵا بێ کاکم، دەرمانەکانیش ناخوا چ بگا بەو شتانەی پێیان کوتۆ بیخوا."
دایکم دەڵێ:"خۆ دپارە وەڵا دوکتوری تارانێش هەر ئەوەی دەڵێ کە دوکتوری تەورێز کوتوویەتی، بەڵام بۆ وەی ئەو برایانە هەرچی لە تاقەتیاندایە بیکەن و دوایە لە سەر دڵیان نەبێ بە داخ، باپچن، زەرەری چێ؟"
دێدە دەڵێ:"چاکە، چاکە! ئەوە ئەو دوکتورانە بە یەکێکی دەڵێن کوتوپری گرتۆ، بە وی دی دەڵێن، قورعان دە مەعبەیندا بێ، ئازاری سیلێتی، یان مەعیدەی ناسازە، خۆ قەت مەعلوم نەبۆ بە کاکمیان چ کوتۆ!"
دایکم دەڵێ:"بە خولای، چوزانم؟ کورەکان دەڵێن هەرچوونکە لە منداڵێرا زۆر دژخۆر بۆ، قەتی پیواز و سیر و گیاوگۆڵ و ئەوشتانەی بۆ پیاوی باشە نەیخواردۆ، بەدەنی هەر هاتۆ و بێتاقەتتر بۆ. کە واشت لێهات هەرچی نەخۆشی و سەرێشی ئەو دنیایەیە، ڕووت تێ‌دەکا. دەرزی و دەرمانەکانیشی هەموو دەڵێ ئەو ویتامین و شتەیە کە لە بەدەنی پڕاوە.

ئەمن بە گوێی خۆم گوێم لێ بۆ دوکتور لازار پێی کوتۆ ' سەلکێک پیواز، لە سەد دەرزی و دەرمانی چاکترە! بامێ و باینجانیش هەر وا."
دێدە دەڵێ:"قەت قەتی ئەو شتانە نەخواردۆ، زۆر دژخۆر و بێئیشتیایە. هەر بۆیەش ئاوا لاوازە. ماڵ بۆخۆی هیچی تێدا نەبوو، میوانیش وەری‌گەڕانێ!
لە سەر خولای بەشکوو حەکیم و دەرمانی تارانێ، شتێکی بۆ لە کەڕەم کەوێ، خولا ڕوحمی پێ پکا زەلیل نەبێ."

بابم لە بازاڕیرا گوشت و شتی ناردۆتەوە.
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان، چاوی لێ کە کیفۆک!"
دوایەش دەس دەکا بە پڕهەڵکوتنی بەهار و بە قوربان و سەدەقە بوونی تاو و ساو و گەرمایە.
دێدە دەڵێ:"جا مەگە هەر ئەتۆ و سەید عەلی ئەو کیفۆکانە پخۆن، ئەو منداڵانە خۆ دمی لێ نادەن."
دایکم دەڵێ:"ناوەڵا جەمیل نەبێ هیچیان کیفۆکی ناخۆن، بۆیان لە شیریشدا دەکوڵێنم. لە سەر ڕێواس و ئەسپینگ و سەیدووکە و نۆکی شین شەڕێ دەکەن، گێلاخە و کەنگر و کیفۆک و کوڕادەش، تکاشیان لێ پکەی، نایخۆن."
دێدە دەڵی:"دەبێ لەو حاڵەی کاکم تێی‌دا هەموو فێر بین، ئەوەندە دەخۆم و ناخۆمی نەکەین. ئەتۆش ژنەکێ ئەوەندە بە دمیانەوە مەدە!
هەر کەسە نانوکێشتی خۆی بۆ دروست مەکە، ئەوەی لێ دەندرێ دەبێ هەموو بیخۆن، با کەس فێری ئەو نەزمەی نەبێ: ئەوەی دەخۆم، ئەوەی ناخۆم، ئەوەی لە پێشیان دادەنێی بیخۆن و شوکری خولای بە جێ بینن!"
دوایەش لەبەر خۆیەوە دەڵێ:"خۆ وەلا مەسعود و گۆچان نەبێ هیچیان ئەوەندە بە دەمیانەوە نەدراوە!"
دایکم دەڵێ:"یاخولا، دایکت نەمێنێ! ئەوەندەی مەسعود گیاوگۆڵی خۆمان و بەربەسێڵی بەهارێ و ماستی مەڕان پێ‌خۆشە لێرەش نێ بیخوا".
دوایەش دەس دەکا بە گریانێ. دەڵێ هەموو ڕۆژێ ئەو شتانە نانێردرێتە تارانێ.
دێدە دەڵی:"ئەو ژنە بۆ وا سەیرە، کچێ مەگە ئەو شتانە لە تارانێ نین؟
دایکم دەڵێ:"کچێ، ناوەڵا، دێدە گیان! کوا عەجەم ماستی مەڕان و تۆراغ و دوکلیو و ئەوەی لە کوێ بوو؟ دیارە نازانم لێم نەپرسیون بەلام دەزانم هەموو ڕێوشوێنێکیان لەگەل ئی مە فەرقی هەیە."
دێدە دەڵێ :"هەرخولا ئاگاداری بێ، مەرگی نەبینین، غەریبایەتی زۆر ناخۆشە، هەتا لە دوورە شاران بن بە داخەوە بەشیان بێبەشێ، خولا بۆخۆی بە کەس‌وکاری خۆیان، شاد پکاتەوە."

###

ئەوڕۆ بابم و مامە قادر دەچنە تارانێ بۆ سەر دوکتوری.
هەر بۆیە عالەمێکی زۆر لە هاتوچۆ دان.
کاک کەریمی کوڕی نەنە پوورفاتمێ، هەتا مەراغەی دەیانبا.
دێدە چوو بوو سەری مامم بدا، دەڵێ:"کچەکان، باجە خەجیج و باجە مرێم و باجە هاجەر و لە جیرانەکانیش ماڵە شەڵماشێکان و ماڵە مۆفەقی و عیسمەت خانمی ماڵە نەجمەزادەی و ژنەکەی سەید قادری، هەموو ئەوە لە کن براژنە مەلازادەی دانیشتوون.
کاک کەریم هەوەڵێ حەمەدەمینی سوار دەکا و دوایە دەچێ لە دووی کاکم و حەسەنی. جا ئەوچەل دێ بۆ ئێرە و لە سەر ئەو خودایەی لێرەڕا دەڕۆن."

هێندەی پێ ناچێ کچەکان دێنە ماڵە مە هەتا مامم بەڕێ کەن.
کاک کەریم کە دەگاتە جێ، دەڵێ:"با زۆر درەنگ نەبێ، لە ماشێنی هەر نایەینە خوارێ."
هەموو هەتا بەر دەرکەی جۆلای دەچن.
ماشێنی کاک کەریمی لە نێو گریان و دۆعا کردنی ژنەکان وە ڕێ دەکەوێ و بە لای مەیدانی ئاسینگەراندا ئاوا دەبێ.
دوای ماوەیەکی ژنەکان هەموو بڵاوەی دەکەن و دەڵێن دەبێ بڕۆن نانوچای بدەن بە ماڵ و منداڵیان، باجە خەجیج ماوەتەوە، دایکم دڵخۆشی دەداتەوە و دەڵێ:"بابەکەم، ئەتۆ حامیلەی، خودا بۆخۆی ساحێبی ڕوحمە، ئیشەڵا شەفای کاکم هەر بۆخۆی دەینێرێ."

کاکە جەمیل و کاکە مستەفاش دەچنە سەرێ خەریکی خەبەرانن.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە، توخولا، قیرە قیرمان لە سەر بەر مەدەن، دەنگی ئەو ڕادیۆیەی سەبر کەن، مێشکمان دەوێدا نەماوە!"
کاکە جەمیل بە پێکەنینەوە دەڵێ:"بە خودای ژنان سەیرن، ئەوە گریانی بۆ چێ؟ دەش بینن مام و بابم دەچنە تارانێش و دوکتور و دەرمان و دەرزیش دەکەن و دەگەڕێنەوە."
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە، خولا لە زارت بڕوانێ! ئیشەڵا هەر واش دەبێ. نەخۆشی بۆخۆی دەیدا، شەفاش هەر بۆخۆی دەینێرێ."

دێدە و دایکم نوێژی نیوەڕۆیە دەگێڕنەوە. نوێژی ئێوارێش دەکەن.
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! باپچین سەرێکی براژنە مەلازادەی بدەین."
دێدە دەڵێ:"جا کار لە وەی چاکتر نابێ."
بە دوای وەشدا ساز دەبن و دەڕۆن. ئەمەش لەگەڵ خاتو ئامینی لە ماڵێ دەمێنینەوە.

درەنگانێکی دەنگە دەنگ و هەرا هەرا لە خوارێ پەیدا دەبێ، خاتو ئامین هەڵدێتە خوارێ، دەنگە دەنگەکە هەر نزیکتر دەبێتەوە، لەپڕرا دەرکەی ژوورێ

دەکرێتەوە، کاک کەریم و کاکە حەسەن و مامە حەمەدەمین، بابم دێننە ژووری، پاڵەوپشتی بۆ دادەنێن و دەچن مامە قادری دێنن و لە پەنای بابم دایدەنێن.
ئەویش ماندوو و هیلاک، بە نەخۆشی لە سەر حاڵی خۆیرا هەر دەگری و دەڵێ:"پەکوو! پەکوو!"

مامە حەمەدەمین لەگەڵ کاک کەریمی، دەچن دوکتور لازاری بێنن.
بابم و کاکە حەسەن دیارە سەر وگوێلاکیان بریندارە. کاکە حەسەن چاکترێکە بەڵام بابم زۆر ناڕەحەتە و برینیشی زۆرترە.

خاتو ئامین خەریکی چا ساز کردنێیە.
پیاوەکان داوای ئاوێ دەکەن.

دایکم و دێدە بە دوای دوکتوریدا وە ژوور دەکەون، چاویان کە بە بابم و کاکە حەسەنی دەکەوێ هەر دووک بریندار و خوێناوی، هەڕا دەکەنە نێو ژووری و دەڵێن:"ئەیەڕۆ بەدبەخت نەخۆم ئەوە چ بۆ؟"
مامە حەمەدەمین دەڵێ:"براژن، خودا زۆری روحم پێ کردین،
دێدە گیان، سەندەڵێکی بۆ دوکتوری بێنن!"
دوکتور لازار لە سەر ئەژنۆی دانیشتۆ و چاو لە برینەکانی بابم دەکا و دەڵێ :"سەندەڵیم ناوێ!"
لە نێو کیفە ڕەشە زەلامەکەشیدا گوشی موعایەنەی دەردێنێ و دەڵێ ئەمە هەموو پرۆینە دەرێ هەتا بابم معایەنە پکا. ئەمەش هەموو دەچینە ژووری نێوەڕاستێ.

دێدە دەست دەکا بە گریانێ، دایکیشم لە پێشخانەی لەگەڵ کاک کەریمی قسان دەکا.
کاک کەریم دەڵێ:"ئاغا و سەید حەسەن چوو بوون بلێتی قەتاری پکڕن، ئاغاسەید قادر و ئاغاسەید حەمەدەمینیش لە نێو ماشینەکەیدا  بە جێ ما بوون، ئە لەو حاستەی ئاغا سەید و سەید حەسەنی لێ ڕاوەستا بوون، بە داخەوە میچ و شت بە سەر خەڵکیدا کەوت و بوو بە گێژی ئەسکەندەری.
ئاغاسەید قادریش زۆر ناڕەحەت بوو لە بەر ئاغاسەید عەلی و کوتی باپرۆینەوە سابڵاغێ."

دایکم دەڵێ:"جاچانەبوو ئەتۆ و سەید حەمەدەمین لەسەریان ڕاوەستابوون، ئەوەش ڕوحمی خودایە لەگەڵمان دەنا سەید حەمەدەمینی فەقیر بەخۆی و بە دوو برای بریندار ونەخۆشەوە چی کردبایە؟"
کاککەریم دەڵێ:"قەرارمان هەر وا دانا بوو، هەتا ئەوان سواری قەتاری نەبووبایەن، ئەمە نەدەگەڕاینەوە بۆ سابڵاغێ."
دێدەش هەر بە دەسماڵەکەی فرمێسکەکانی ئێشک دەکاتەوە و دەڵێ:"زۆر شوکور خولایە هەر ساردتری نەکەی، دەزانم ساردترت لەخزمەت هەیە!"

پاش ماوەیەکی دەڵێن دەکرێ پچینەوە ژووری. دوکتور لازار نوسخەی بۆ بابم دەنووسێ و بە دایکم دەڵێ نابێ برینەکانی تەڕ بن، دەڵێ لاقوباسکیشی

عەزێتی وێ کەوتۆ هەر بۆیە بۆ ماوەیەکی هاتوچۆ لە سەر ئەو پلیکانانە، بۆی زەحمەت دەبێ.
دوای ئەوەی دوکتور کاری خەلاسی دێ مامە حەمەدەمین بە ماشێنی کاک کەریمی، دەیبەنەوە ماڵە خۆی و دەگەڕێنەوە هەتا مامە قادر و کاکە حەسەنی بەرنەوە ماڵێ. بە هەموان دڵخۆشی مامە قادری دەدەنەوە، چونکە دەڵێ لە بەر خاتری وی بابم ئاوای لێ بەسەر هاتۆ.
بابیشم زۆر ناڕەحەتە لە بەر وەی نەیتوانیوە مامە قادری بەرێتە سەر دوکتوری لە تارانێ.

دایکم دەلێ:"تەشتێکیش هەر ئەو جورەی زستانان بۆ منداڵەکان لە پێشخانەی سەرێ دادەنێم بۆ ئاغا سەیدی دادەنێم. بە ڕۆژیش یا بۆخۆم یا کورەکان کۆمەگی دەکەین بۆ چوونە خوارێ. ئەوەی خەراپە، ئەو ژوورە سەگ تێریاوە لە خوارێ، ساردە، هەتا ئاخر وئۆخری بەهارێ بە کاری وەی نایا تێیدا دانیشی، دەنا کارمان هاسانتر دەبوو."
دێدە دەڵی:"دەی، تەنگانان بەریان کورتە، بەڵکی ئیشەڵا ئەوەندەی پێ نەچێ بۆخۆی پتوانێ بێ و بڕوا، لەگەڵ موقەدەری خودای چت پێ دەکرێ؟"

دێدە و دایکم بە زۆری پرێک نان و کێشتی دەرخواردی بابم دەدەن. دێدە و بابم کە قسان دەکەن هەردووکیان وە گریان دەکەون. بابم دەڵێ هەر نازانێ ئەو داروماره چۆن بە سەریدا کەوتن، چۆن ئەو میچە تێک تەپی.
دوایەش دەڵێ:"جا ئێستا کاکم چی لێ بە سەر دێ، لە خەجاڵەتی کاکم دەبێ چ پکەم؟"
دێدە هەر وا بە گریانەوە دەڵێ:"بە ناشکوری نالێم، ماڵ بۆخۆی ماڵ نەبوو میوانیش وەری گەڕانێ، کاکم هەر بۆخۆی نەما بوو، ئەو موقەدەرەش ئەوەندەی دی لە هێز و تاقەتی خستۆ، ئەویش غەمی ئەوەیەتی ئەتۆ تووشی ئەو ناڕەحەتێێ بووی."
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی ئەمن سبەینێ دەچم دڵخۆشی کاکم بدەمەوە. خودا ساردتری نەدا، ئەوە هیچ نێ دەبێ هەمووومان شوکرانەبژێر بین، چاکیان نەجاتی بۆ، دەڵێ دارەڵای میچەکەش تازە تازە بۆ هەر ئاوا تێک تەپیوە!"

دێدە و دایکم هەموو منداڵەکان نانوچا دەدەن و ئەوەندەی بۆیان پکرێ دڵخۆشی بابم دەدەنەوە، دوایە دێدە دەچێتەوە ماڵە خۆی، دەڵێ سبەینێ بەیانی دێ.
دایکم چراکان دەکوژێنێتەوە، چرایەکی تەواو دادەکێشێ، بە عاستەم شۆقی هەیە، لە بەر پەنجەرەکەی دایدەنێ دەڵێ با ژوورەکە زۆر تاریک نەبێ نە وەک نیوەشەوی بابم لە خەوێ هەستێ.
هەموو دەچن بنوون.

###

بەیانی زوو دایکم و کاکە جەمیل و کاکە مەزهەر یارمەتی بابم دەدەن کە پچێ دەست بە ئاو بگەیێنێ.
کوڕەکان بەرچای دەخۆن و دەڕۆن بۆ مەدرەسەی.
بابم بە دەستێکی لە باڵنجێکی دەدا، هەتا تۆزی لێ هەستێ.
دەڵێم:"بابە ئەوە بۆ وا دەکەی؟"
دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەوە دەزنوێژێ ناتوانم بە ئاوی هەڵگرم، بە تۆزی ئەو باڵنجەی هەڵیدەگرم. بەو کارەی دەڵێن 'تەیەموم'!
پیاو دەبێ سەری پچێ نوێژی نەچێ. ئەمنیش نوێژەکانی دوێنێم هەر لە سەرە، دەیانگێڕمەوە."
دوایە بابم هەر لە سەر جێگایەکەی بە دانیشتنەوە دەست دەکا بە نوێژ کردنێ. دوای وەش کە خەلاس بوو، دۆعای دەخوێنێ و فووی بە دەستیدا دەکا و دەستی بە دم و چاوی خۆی دادێنێ.

وەختی نانوچای بەیانی بابم دەڵێ هەر چۆڕێک شیری گەرم و نان بۆ بەرچای وی کیفایەتە. دایکم دەڵێ:"کوڕە! ماڵتە جا بۆ؟ دوو سێ هێلکەی لە نێو سەماوەرەکەی دەنێم هەر ئەوەندەی یەک و دوو دەکوڵێن، ڕۆنەکەرەیەکی وەکوو ڕوحی بەشەریشمان هەیە، ئەتۆ خۆ دوێنێ شەوێش نانت نەخوارد، نەخۆش، نانوچای نەخوا چا نابێتەوە."
بابم دەڵێ:"نا! هەر نانوشیرەکەم بەسە."

لەو قسانەدان باجە خەجیج دێ، بە دوای ویشدا ئامۆژنە مەلازادە، دەڵێن هەر نەیانزانیوە چۆن شەویان ڕۆژ کردۆتەوە.

ئەوڕۆش هەر یەک دێ و یەک دەڕوا. هەموو خزموکەس و دەروجیران دێن سەری بابم بدەن..

دایکم لای نیوەڕۆیە هەڵدەستێ پڕێک بەربەسێڵی بۆ مامە قادری دەبا و بە دێدەی دەڵێ:" دێدە گیان! پێش ئەوەی منداڵەکان لە مەدرەسەی بێنەوە، با ئەمن بە غاردان پچم چاوێکم بە کاکم پکەوێ و پێشی بڵێم شوکور ئاغاسەید چاکە، خۆی ناڕەحەت نەکا."
دێدە دەڵی:"ئێرە، بۆخۆت دەزانی، ئیشەڵا هەزار ماڵی لێ پکەوێتەوە، دەڵێی ماڵە قەرەتاژرین (قەرەتاژدین)ێ، هەر زمبەی دێ، خۆ ئەو منداڵانەشت هەر یەکەی سازێکی لێ دەدەن، بە کەس جێ بە جێ ناکرێن، لە بەر ئەو هەمۆ میوانەش، دەبێ هەر ئەوەندەی قەنەکێشێکت پێ پچێ."
دایکم دەڵێ:"نیگەران مەبە، فەورەن دێمەوە!"
بە دوای وەشدا بە پەلە پەل وە ڕێ دەکەوێ.
دێدە دەڵێ:"کچێ هەر ئەوەندەی جوو پتسێ دەبێ بێیەوە!"
دایکم بە پێکەنینەوە لە دەرکەی حەساری دەچێتە دەرێ.

خەبەری بریندار بوونی بابم ئەوەندە تازەیە ئێستا خزموکەسی لای دایکم هەر پێشیان نەزانیوە، ئەوانەی دێن هەموو خزمی لای بابمن.

وەستا وفەعلەش لە وێ ڕاوەستێ. هەر دەبێ چایان بۆ بەرن.
وەستا عەبدوڵا بە دایکمی کوتۆ:"لە باتی وەی وشتری بە قەپووچکەی ئاو بدەی، چامان بۆ لە شەربان کە، ئیستیکان بۆ مە نابێ!"
دایکیشم باجە زارای ناردۆتە قەیسەرێ و چوار پێنج قرۆشکەی زۆر چاکی ڕووکێشی بۆ وەستا وفەعلەکان کڕیوە و دەڵێ ئەوە کاری یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژ نێ، هەتا پاییزێ خۆ خەلاسیان نایا.
وەستا عەبدوڵا و فەعلەکان هەموو ڕۆژێ نەهارێ لە ماڵە مە دەخۆن. کورەکان هەمیشە باسی بۆگەنیوی لاقیان دەکەن، دەڵێن وەختە قڕیان بێ، دایکم دەڵێ هەتا بابم چاک دەبێتەوە، عەیبە دەبێ دوو سێیەک لە کوڕە گەورەکان لەگەلیان نانی پخۆن هەتا بە تەنێ نەبن.
کاکە جەمیل دەڵێ:"کاری بۆنی لاقیان لە وەیدا نێ، خۆ کەس ناتوانێ هەناسەی هەڵکێشێ، چ بگا بە وەی نانی پخوا!"
دێدە دەلی:"ئەوە بابەکەم نەزمی دایکتە، دەنا خەڵکی ئەگە نانیش بە وەستا وفەعلەی بدا هەر بە وەستا و بە شاگردەکەی دەدا."
دایکم دەڵێ:"جا ئەو فەقیرانە!، بۆ مە زەحمەتێ دەکێشن، سەر وگوێلاکیان لە نێو خاکوخۆڵ و تەڕ وقوڕی دایە، کارەکەشیان زۆرە و گرانیشە دەبێ حیسان ئینسافی بێ لەگەڵیان بە جوانی ببزوێتەوە، قەدر وئیحترامیان بگرێ."

خاڵە بابەدین هاتۆ سەری بابم بدا، باجە ئامینیشی لەگەڵە.

بابم دیارە زۆرتر هەر درێژ دەبێ، جاروبارەش پاڵ دەداتەوە و تاوێک دادەنیشێ. ئەویش زوو ماندوو دەبێ و دیسان ڕادەکشێتەوە، دەشڵێ هەموو گیانی ژانێ دەکا.
مامە حەمەدەمینیش هەموو ڕۆژێ دێ، هەر ڕۆژناڕۆژیکیش دەچێ دوکتور لازاری دەگەڵە خۆی دێنێ هەتا پەڕۆی لە برینەکانی بابم بگۆڕێ.
برینی سەری هەر لە مەراغەی دوکتور تەقەلی لێ دابوو، برینەکانی دیکەش گەورە نین هەر دەرمان کراون و بەستراون.

مامە حەمەدەمین لە ماڵە مامە قادرپرا دێ و دەڵێ حەسەن شوکور زۆر چاکە ئەما کاکم ئەوەندە بەو تەسادوفەی تێک چۆ دەڵێ پێموانێ وەک خۆی لێ بێتەوە.

بە سرتە دەڵێ:"ئەوەش هەر لە بەینی خۆماندا بێ نەکەن لە کن کاکە عەلی باسی پکەن."

کاروباری دوکانێ هەمووی کەوتۆتە دەست کا حەمەدی. کورەکانیش دەبێ بە نۆرە پچن یاریدەی بدەن هەتا بابم چاک دەبێتەوە.
کا حەمەد بە داخەوە نازانێ بنووسێ دەنا هەر قەت کەسی نەدەویست کۆمەکی پکا. حیساب و کێتابی دوکانێ بە چۆرتکەکەی دەکا بەڵام کە دێتە کاری نووسینێ یەکێک لە کورەکان دەبێ یاریدەی بدا.

ئێوارانیش  دێ سەری بابم دەدا و پووڵی وەستا و فەعلەش دێنێ و دەیانداتێ.

باجە ئامین لە پێش هەموو کەسدا نانوچای بۆ بابم سازدەکا و بە کاکە مەزهەریدا دەینێرێتە سەرێ.
وەستاوفەعلەش لە ژووری تەختەبەندێ نانیان بۆ دادەنێن. کورەکان دەڵێن دەرسیان هەیە دەبێ هەڵێن پرۆنەوە مەدرەسەی، ئەو وەستایانەش زۆر بە کاوەخۆ دەبزوونەوە، هەریەکەی هەزار چاش دەخۆنەوە، چاکترە لێیان گەڕیین بۆخۆیان پێکەوە نانوچای پخۆن.

دێدەش دەڵێ:"وەڵاهی ئەوە ئەنگۆ لە بەر بۆنی لاقیان وا دەڵین، چاکە، بابم، پرۆن وە دووی کاری خۆتان کەون، هەر وای لێدەکەین."

بە دوای ئەوەشدا بانگی باجە ئامینێ دەکا دەڵێ:"سەیزادە ئامین گیان، هەڕاکە، هەتا پوورت نەهاتۆتەوە نانوچای وەستا وفەعلەکەی بدەین خێرا بین، بێتەوە ئاپرووومان دەبا!"
دێدە دەنگی خۆی لێرەدا وەکوو دەنگی دایکم لێ دەکا، دەڵێ:"ئەیەڕۆ، جا چۆن بابەکەم، وەستا وفەعلەکە دەبێ نانیان بۆ بەرینە سەرێ، دەبێ لەگەڵ ئاغاسەید نانوچای پخۆن!"

باجە ئامین لە خودای دەوێ شتێکی وەگیرکەوێ پێپکەنێ، بۆخۆی بەو قسانەی دێدەی ڕەشوشین دەبێتەوە دەڵێ:"جا دێدە گیان! ئەوە ئەورۆ پوورم لێرە نێ، سبەی و دووی چ دەکەین؟"
دێدە دەڵێ:"دەبێ پێی پسلمێنین کە ئەوە کارێکی ناحەز نێ، وەستا وفەعلەکەش بە ئاسودەیی نانی خۆیان دەخۆن. ئەو هاتوچۆیەش بەو پلیکانانەدا هەموو ڕۆژێ هەموو ڕۆژێ بە کەس ناکرێ!"
باجە ئامین دەڵێ:"ئەدی، دێدە گیان! فەقیرە ئاغاسەیدیش بە نەخۆشی مەجبور نابێ دە عەزاب کەوێ. ئیدی گێچ و قسڵ و تۆز و قوریش لە وێ ڕاوەستێ لەگەڵ خۆیان دەیبەنە سەرێ.
بەڵام بێبەڵا بێ پوورم! خۆ جوابی ئەسکەندەریش ناداتەوە، کوا جواب دەداتەوە؟"
دێدە دەڵێ:"وەستاکانی لێ فێر دەکەم! بە وەستا عەبدوڵای دەڵێم، سەید عەلی لە جێیدا کەوتۆ کورەکانیش دەبێ زۆر زوو نانوچای پخۆن پرۆنەوە مەدرەسەی، ناتوانن لە سەر کەس ڕاوەستن، پێیان چۆنە هەموو ڕۆژێ بۆخۆیان چ لە بن دارەکانیان پێخۆشە، چ لە ژووری تەختەبەندێ نانوچایان بدەینێ؟"
باجە ئامین دوو سێ قاقای دیکەش لێ دەدا و دەڵێ:"وەڵاهی، ئەوە زۆر فیکری چاکە، دێدە گیان!"

دایکم پاش ماوەیەکی دێتەوە لە دێدەی پرسی:"چ باسە؟"
ئەویش دەڵێ:"کورەکان هەموو لەگەڵ بابیان نانوچایان خوارد و ڕۆیشتنەوە مەدرەسەی، گۆچانیش هەر لەگەڵ وان نانی خوارد. کوێشتیریش بۆخۆت دەزانی لەگەڵ ژنەکان نانی دەخوا.

وەستا و فەعلەش تازە رۆیشتنە مزگەوتێ، ئەوانیش دابین کراون ڕووی سەیزادە ئامینێ سپی بێ، هەر بۆخۆمان ماوین نانوچای پخۆین."
دایکم دەڵێ:"جا زۆر چاکە!، بە قوربانتان بم، خوڵا چاکەتان بۆ پکا! ئەمنیش ئەوە دەچمە سەرێ بە ئاغاسەیدی دەڵێم شوکور کاکم چاکە، خوڵا شەفای بدا، زۆرم دڵخۆشی داوە، کوتیشم هەر دوو سێ ڕۆژی دی بە ئومێدی ئەو خوڵایەی، بە سەید حەمەدەمینی دەڵێم کاک کەریمی بە خۆی و بە ماشێنە جیبەکەیەوە بێنێ، ئاغاسەیدی بەرێتە ماڵە کاکم با چاویان بە یەکتری پکەوێ بۆ هەردووک لایان باشە."
دێدە دەڵێ:"خوڵا چاکەت بۆ پکا ژنەکێ، ئەرێ وەڵا، وەکوو حەجێکت کرد بێ وایە. هەر کاکم دەڵێ :عەلی لە بەر من وای لێ هات، فرمێسکی دێتە خوارێ، هەر سەید عەلیش دەڵێ: پەکوو! داخی ئەوەم ناچێ کاکم نەچوو بۆ تارانێ."

لەو قسانەدان خاتو ئامین لە دەرکەی وە ژوور دەکەوێ.
دێدە دەڵێ:"خاتو ئامین گیان! هەر ئەوەندە وەستا و فەعلە لە مزگەوتێ هاتنەوە، دەرکی دەروازەی داخە، ئەتۆش وەرە سەرێ. سفرەکە هەر لە گۆرێیە، دەیبەینە ژوورە چکۆڵەکەی، نانوچایەکەمان لە وێ دەخۆین، هەتا خەڵکمان بە سەردا نەبارپوە."
لە ژوورە چکۆڵەی لەگەڵ دێدەی دادەنیشم، دێدە فێرم دەکا چۆن نانی جوان و ڕەق هەڵبژێرم بیدەمە دەستی هەتا لە قابە بەربەسێڵەکەی بەر دەممانی کوشێ.

بابم لە ژوورەکەی بەردەستان ڕاکشاوە.
دایکم فازلی لەگەڵ خۆی دێنێتە ژوورە چکۆڵەکەی دەڵێ:"با بابت تاوێکی چاوی خۆی گەرم کا، ڕۆڵە!"

###

بابم ڕۆژ بە ڕۆژ لە چاترێیە.
ئەورۆ زۆر کەیفی سازە بۆ وەی بۆخۆی هەستا چۆ خوارێ دەست بە ئاو بگەیێنێ. دایکیشم بە ئافتاوەی ئاوی بە دەستیدا کرد هەتا دەسنوێژێ پشوا، دوایەش هاتەوە سەرێ نوێژێ پکا.
ئێواران کاکە حەسەن و کاکە جەمیل و جارجارەش کاکە حوسێن و کاکە مستەفا لەگەڵ مامە حەمەدەمینی هەموو لە بابم خڕ دەبنەوە، گوێ دەدەنە خەبەری ڕادیۆی. دوای وەی پیاوەکان بڵاوەی دەکەن بابم کاکە عوسمان و جەفعەری دادەنێ دەڵێ دەرس ومەشقەکەتان بنووسن.

باجە خەجیج منداڵی بۆ. دێدە هەموو ڕۆژێ دەچێ سەری بدا، دایکیشم چەن جار چۆ سەری داوە، منداڵەکە کورە، ناویشیان ناوە "مەنسور."
ژنەکان هەموو زۆریان پێخۆشە کە باجە خەجیج کوری بۆ چونکە سێ کچی هەیە کوری نێ.

بۆ بانگ بە گوێ دادانی مەنسوری بابم چاک چاک دەبێتەوە.
ماڵە باجە خەجیجێش عالەمێکی زۆر بانگێشتن دەکەن بۆ شامێ، هەمووش پیاو. جەنابی شێخیش بانگی بە گوێی منداڵەکەی دادەدا.

ئەورۆ لە سەر نانوچای نیوەڕۆیە تیلگرافێکی بۆ بابم دێنن.
بابم تیلگرافەکەی بۆ هەموان دەخوێنێتەوە دوایەش ماناکەی بە کوردی بۆ دێدەی لێک دەداتەوە و دەڵێ:"خێزانی مەسعودی کچێکی بۆ نێویشیان ناوە `مینو`!"
دێدە دەڵێ:"ئەیەڕۆ! ئەوە کوا نێوە! خۆ نێو نەیراوە، بەدبەخت نەخۆم!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە نێوی فارسیێ."
دێدە دەڵێ:"خانم، نێو لە مندال نانەکەشی هەر وەک جل وبەرگی شاییەکەی دەبێ عەجەمی بێ!"
دێدە و بابم هەر زۆر بە نێوی مینوی تێک چوون.
کاکە جەمیلیش دەڵێ:"ئەو هەمۆ نێوە جوانەی کوردی هەیە چۆن نێوی عەجەمانیان هەڵبژاردۆ؟ نیشتمان، گوڵاڵە، سەرگوڵ، هەتاو، ڕۆژان."
دایکم دەڵێ:"ئەدی ڕۆڵە نێوی وەکوو زارا، خەجیجە، زێنەبە، ئەوانەش هەموو نێوی زۆر خۆشی موسوڵمانانن."
کوڕەکان دەڵێن:"دایە ئەو نێوە ناخۆشانە لە مۆد کەوتوون!"
دێدە دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان! نێوی خۆش یا ناخۆش دەڵێ چی؟ خۆ پرسیان بە کەس نەکردۆ تازە هیچ ناکرێ، پاشی تڕێ خەمشەی یڕێ!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە لە هەمووی سەیرترە کە کاکم مخالفەتی نیشان نەداوە، دەبێ کاغەزێکی بۆ بنووسم بزانم چ خەبەرە، کێ ئەو نێوەی دیتۆتەوە؟"
بابم دەڵێ:"نازانم چۆن بە بێ وەی پرسێکی بە جەنانی شێخی کرد بێ، سەربەخۆ نێوی منداڵەکەیان ناوە؟"
کاکە مەزهەر دەڵێ:"مینو؟ نێوێکی خەراپ نێ!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"چۆن شتی وا دەڵێی؟ وەڵاهی زۆر خەراپە، چۆن پتوانی نێوی کوردی لە منداڵەکەت بنێی نێوی عەجەمی لێ دەنێی؟"
دێدە لە سەرەخۆ دەڵێ:"جا باپیرم، هەڵبەت دایکە ئەو نێوەی هەڵبژاردۆ، جوابی کەسیش ناداتەوە!"

بە دوای وەشدا هەر کەس خەبەرەکەی دەبیستێ، هەوەڵێ دەڵێ:"قەدەمی خێر بێ، یا خوڵا بە دایکوباب گەورە بێ."
دوایەش دەڵێ:"ئەدی ئەوە بۆ نێوەکەی ئاوا سەیرە؟"
ئی واشە دەڵێ:"هەر عەمەدرێژ بێ، ساڵح بێ، نێوەکەی هەرچی بێ با بێ!"

###

دیسان حاجیلەگلەگەکان شەقەشەقی دندووکیان دێ.
دوێنێ بارانێکی زۆر باری.
وەستا وفەعلە نەهاتنە سەرکار.
ئەمەش هەر لەژوورێدا بووین. بەڵام ئەورۆ تاو هەڵاتۆ، پشیلەکان لەسەربانی خۆیان هەڵخستۆ، ئاسمانیش شین و جوانە، دوو سێ پەڵە هەوری سپی نەبێ هیچی تێدانیێ.

دێدە و دایکم چاوەڕوانی خات خاتون و باجە ئامینێن. بابم کورادەیەکی جوانی ناردۆتەوە بۆ ئیشک کردنێ.
دیارە دێدە دادەنیشێ بۆ ورد کردنێ. خات خاتون و باجە ئامینیش هەر دەسکی بۆ دەکەن.
دێدە دەڵێ:"سەیزادە ئامین ئەگە پێی‌خۆش بێ، پێشانی دەدەم چۆن وردی پکا بافێربێ، جوان و جحڵێلە."

ژنەکان هەروەکوو هەمیشە لەیەک خڕ بوونەوە باسی قەسان دەکەن: کێ ژنی هێناوە و کێ مارە کراوە و کێ نەخۆشە و کێ عەمری خوڵای‌کردۆ و هەر وا پێدا دەڕۆنە خوارێ.
دایکم دەڵێ:"هەر ئەوەندە مەدرەسە تەحتیل بن، جەمیل گیانیش دەبێ پچێ بۆ معالجەی ئەو کۆخە وناڕەحەتێ، دۆعای بۆ پکەن! ئیشەڵا خودا شەفای بدا!"
خات خاتون دەڵێ:"چەندەی پێ دەچێ؟"
دایکم دەڵێ:"جا چوزانم؟ بابەکەم، لە دەست خودای دایە، دەبێ بزانین دوکتورەکان چی پێدەڵێن، لەبەر ئەو وەستا وفەعلە و شتەش خۆ ئەمن پێم‌ناکرێ لەگەڵی پچم، نازانم چپکەم."

باجە ئامین دەڵێ:"جا پوورێ گیان! ئەتۆ خۆ هەر ئەوەندە بابم ڕازی کەی ئەمن بۆخۆت دەزانی هەموو ڕۆژێ دێم هەتا دەگەڕێیەوە، ئەوە دێدەش هەموو ڕێوشوێنێکی دەزانێ، هەر نیگەران مەبە!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، یاخوڵا ڕووسوور بی، خوڵا باب و برات لێ نەستێنێ، ئاغاسەید دەڵێ چاکترە ڕاوەستین. جەمیل هەر لەگەڵ مەسعود و خێزانی بنێرین بۆ تاران.
بۆ مانگێکی لە هاوینێدا مەسعود گیان بە خۆی و بە ژن و منداڵەکەی دێنەوە، جەمیلیش لەگەڵ خۆیان دەبەن، جا خودای نەخواستە، خودا بە وێ ڕۆژێ نەکا لە نەخۆشخانەش پکەوێ دەبێ بزانین چۆن دەبێ، هەرچی دوکتوران بڵێن هەر وا پکەین."
باجە ئامین دەڵێ:"جا ئیدی ئەوە بۆخۆتان دەزانن. ئەمن هەر وەختێکی لازم بێ ئەوە لە خزمەت دام."

خاتو ئامین دەڵێ:"وەڵاهی، زۆرم پێ‌خۆشە، شوکور سەید مەسعود دە هاوینێدا دێتەوە، بە خۆیان و بە خانمە چکۆڵەیان!"

دوایە بە پێکەنینەوە دەڵێ:"بە خولای، سەرمان دەبێتە ئاش، قوونمان دەبێتە ماش! میوان و منداڵی ساوا و وەستا و فەعلە و بۆ خاتری خودای!"
دێدە دەڵێ:"دەبێتە هات هاتی ڕۆمێ، بەڵام بە خێر بێنەوە، ئەو ماڵە هەر ئاوەدان بێ و هەزار ماڵی لێ پکەوێتەوە، ماڵی بێدەنگ و بێ هاتوچۆ بۆ ماڵە؟"
دایکم دەڵێ:"جا بۆیە لە پێش هاتنەوەیاندا دەبێ هەرچی کاری گەورەیە لە کۆڵ خۆمانی پکەینەوە، وەکوو مرەبا دروست کردن و ڕوب گرتن و شیوی چۆمی."

دێدە دەڵێ:"ڕیشە بۆی لێک داومەوە بە حیسابی بورجێ سێ مانگی ماوە بێنەوە، دەبێتە نێوەراست مانگی هاوینێ."
دایکم دەڵێ:"ئەوە دەبێ بە براژنە مەلازادەش بڵێم بزانم فاتم لە کوێیە بەڵکی پتوانین بۆیان حازر کەین لەگەڵ خۆیانی بەرن. زبێد مەرەخەسی وەرگرتۆ لە ماڵێیە لە بەر منداڵەکەی، دیارە دایکیشی چۆ بۆ یاریدەی. بەڵام دوای دوو مانگان زبێد دەبێ پچێتەوە سەر کارەکەی."
دێدە دەڵێ:"جا چم پێ دەڵێی؟ ئەیەڕۆ، ئامین سەرسوور چی و تاران چی؟"
ژنەکان هەموو دەست دەکەن بە پێکەنیێ.
دایکم دەڵێ:"ئەرێوەلا، هەتا بۆ هاوینێ ئیشەڵا کە هاتنەوە دایکی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بەڵام کاغەزیشیان نووسیوە بۆ من و بابی حەول بدەین، کەسێکیان بۆ ببینینەوە. زبێد کە پچێتەوە سەر کار خۆ کەس نێ ئاگای لە منداڵەکەی بێ. ئەمن بۆخۆم فیکرم بۆ فاتمەی چۆ. ئەنگۆش هەموو بزانن تەگبیری لێ پکەن، بزانین کەسوو پێ شک دێ، ئاغاسەید دەڵێ مەسعود نووسیوێتی یەکێکیان دەوێ بێ قاڕە و قورە و بێمنداڵ و بێمێرد بێ و گەڕابێتەوە و منداڵکار نەبێ و وا بێ سەر بداتە کاروباری ماڵ و گەورە کردنی ئەو منداڵەی!"
دێدە دەڵێ:"هەیهوو، هەیهوو، کچی عەنەتڕپاشای، قوزی بێمووی دەوێ! ئەوە کەسی وا لە کوێ بوو؟ ئەگە بش بێ کوا دەچێتەوە غەریبایەتی؟
غەریبی زۆر ناخۆشە و کاری هەموو کەس نێ. تارانیش ڕێی شەو وڕۆژێکی دوورە. ئەوچەل زمان نەزانین بۆخۆی لە هەمووی قەباحەتترە.

خات خاتون دەڵێ:"جا وەڵا بە چاوان، ئەمن بە زارا و محەمەدیش دەڵێم بزانم کەسیان پێ شک دێ. دەبێ هەموو کەسوکار ڕاسپێرین بزانین بەڵکی یەکی زۆر چاک و کابان و پاک و خاوێنیان لێهەڵکەوێ."

جەفعەر و فازل هاتوونە حەسارێ بە من دەڵێن پچم لەگەڵیان قەرێ قەرێنێ پکەم. دێدەش دەڵێ:"هەستە، ڕۆڵە!، قوونت بەو بەڕەیەوە دەچێ، پڕۆ بۆخۆت قوماران پکە! بۆ کەلانە دروست کردنێ بانگت دەکەم."

دایکم لە تەشتێکی چکۆڵەدا هەویری شێلاوە، دێدەش ئاورگەکەی لە مدبەقێ پێوەناوە و تاوەیەکی لەسەر داناوە. لەو لاش خات خاتوون ئەنگوتکان دەگرێ و باجە ئامین پانیان دەکاتەوە و دایکم لەسەر تەختەی نانی دایاندەنێ و پرێک کورادە لە لایەکی دەکا و لایەکەی دیکەی بەسەر دادەداتەوە. کەلانەکان دوای وەی کە حازر دەبن، دێدە لە ڕۆنی زەنگدا سووریان دەکاتەوە. بە چنگاڵێکی خۆش خۆش تێیان دەکوتێ هەتا نێو کەلانەکەش رۆنی بگاتێ.

دایکم دەڵێ:"دێدە گیان، با دە دوازدە کولیچانیش دروست کەین بۆ وانەی کەلانەی ناخۆن."
کولیچە هەمان کەلانەیە کە کوڕادەی تێنەکراوە. دوای وەی ئەنگوتکە هەویرەکە پان دەکرێتەوە دە نێو ڕۆنە زەنگەکەی دەهاوێن و چەرخوخولێکی پێ دەدەن و دەیهێنە دەرێ.

###

هاوینە پەنجەرەکان ئاواڵەن بەیانی زوو بە کێشە کێشی بەردەرکی کوچەی وە خەبەر دێم.
کاک مستەفا و کابرایەکی دیکە هەر یەکەی سەوەتەیەکی زۆر گەورەیان پێیە و بە هەزار نەقە نەق و جڕە جڕ خەریکن لە دەرکەی دێنە ژوورێ.
دایکم گەڵای سەر سەوەتەکان لا دەبا، چاوێکیان لێ دەکا و دەڵێ:"ئەگە هەر لە ئاڵوباڵۆکەی پار بێ زۆر چاکە!"
کاک مستەفا دەڵێ:"ئاغا گوتی ئاڵوباڵوی یالاوەیە."
دایکم دەڵێ:"دە چاکە، چاکە، بە قوربان! لە ئاڵوباڵوی یالاوەی چاکتر هەر نابێ، کاک مستەفا گیان، وەرە با ئەو تەشت و سەلە و شتومەکەی لە مدبەقێ دەرهێنین هەتا سەوەتەکانوو بۆ بەتاڵ کەم!"

پیاوەکان وە دووی دایکم دەکەون، لە سەر پەنجەرەیرا چاوم لێیانە. ئاڵوباڵۆکەی لە دوو تەشتان دەکەن، سەوەتەکان هەڵدەگرن و دەڕۆنەوە بازاڕی.

ئەوەندە زۆ پشیلەکانیش نەهاتوونە سەربانی، بە دەردی دێدە دەڵێ تاو ئێستا لە سەرانی نەداوە، دەچمە خوارێ، دایکم وەکو هەمیشە دەڵێ:"ئەوە بۆ وەک جندۆکەی بەو بەیانەی قیت بوویەوە؟"
لە ژووری تەختەبەندێ دادەنیشم دەزانم بابم لە بازاڕی دێتەوە نانوچای پخوا، دێدەش دێ هەتا لەگەڵ خات مرێمی ئاڵوباڵوان لە دەنک دەرهێنن، دایکم دەڵێ کەس نازانێ وەکوو دێدەی ئەو کارەی پکا.

جیرەی دەرکەی حەسارێ دێ، بابم وە ژوور دەکەوێ. لە دایکم دەپرسێ:"ئاڵوباڵۆکەت پێ چۆن بوو؟"
دایکم دەڵێ:"وەڵا، زۆر چاکە! ئیشەڵا بە سەرودڵی خۆش، بە قالبی ساغ بیخۆین دەگەڵ هەموو عەزیز و خۆشەویستەکانمان، لەگەڵ مەسعود گیان."
بابم دەڵێ:"بۆیە وا زوو ڕۆیشتمە بازاری، کاک ڕەشیدم ڕاسپارد بوو بۆ ئاڵوباڵوی. ئەوەندەش مشتەری زۆرە ئەگە پیاو زوو نەچێ دەفرۆشرێ."

بابم کەوشەکانی دادەکەنێ، دێتە ژوورێ، چاوی بەمن دەکەوێ دەڵێ:"خانمە چکۆڵە ئەتۆش هەستاوی؟"

دایکیشم دەڵێ:"هەموو ڕۆژێ لە پێش هەموو کەسدا وەکوو جندۆکەی قیت دەبێتەوە، یەکێک لە کورەکان ئێستا هەڵنەستاون!"
بابم دەڵێ:"جا ئەوە خۆ زۆر ئەخلاقێکی چاکە. زوو دەنووی و زووش هەڵدەستی. بۆ مەدرەسە چوون و بۆ نوێژ و ڕۆژوو گرتنێ لازمە زوو هەستی."

لەو قسانەدان، جیرەی دەرکەی هەڵدەستێ. ئەوچەل دێدەیە. ئەمن بە خۆشی خۆشی هەڵدێم خۆی بە لاقێوە هەڵداوەسم.

دوای نانوچای بەیانی دایکم و دێدە و خاتو ئامین ئاڵوباڵویەکەی بە ئاوی کانی مامرقەنبەران دەشۆنەوە و بە سەلانی دادەکەن. لە بەر دەرکی مدبەقێ
باجە ئامین کەوڵ و شتی ڕادەخا، دێدە و خات مرێم دادەنیشن بۆ دەنک دەرهێنانێ. باجە ئامینی دادەنێن ئەوەی زۆر چاک نەگەیشتۆ، یا زۆر گەیشتۆ قونچکەکانیان لێ پکاتەوە و لە مەنجەڵێکیان هاوێ.
دێدە دەڵێ:"ئەوە بۆ شەربەتەکەی."
هەرچی زۆر ساغ و جوانیشە دەنکەکەی دەردێنن بۆ مرەبای.
ئەمن دەچم لە پەنای دێدەی دادەنیشم، دایکم هاواری لێ هەڵدەستێ:"هیچ گیانت نامێنێ بە پریشکان، ئەوە بۆ وەکوو مەیمونی چووی لە بەر دەمی دێدەی دانیشتوی؟"
دێدە دەڵێ:"جا خۆ هەر دەبێ فێر بێ، لێی گەڕێ با زەینی بداتێ، ئەمەش هەر وا فێر بووین.
وەرە بابم وەڕە، کوێشتیر! بۆخۆم فێرت دەکەم چۆن ئاڵوباڵوی وەکوو قوتووی لە دەنک دەرپێنی."
دایکم دەڵێ:"کچێ جا ئەوە کوا ئەلعان وەختی ئەوەیەتی، ڕاست نەقڵی کابرای هیچ درۆ نەبۆ دەڵێ: گەورە لێمان ناپرسن، چکۆڵە بۆمان دەتسن!"
دێدە دەڵێ:"ئەمن کچی خۆم هەر لە ئێستاوە فێری هەموو شتێکی دەکەم، ئەتۆ کارت پێ نەدابێ، وەرە کوێشتیر، مەخەلە! بەخەلە! دەبێ کابانێک بی نێوبانگت بە شاراندا پروا!"
ئەمنیش لە پەنا دێدەی زۆرتر ئاڵوباڵۆکەی دەخۆم هەتا دەنکی دەرهێنم! هەرچی حەولیش دەدەم ئاڵوباڵۆکە هەر دەتلۆخێتەوە.
دوایەش دێدە دەڵێ:"نا! ئەوەی پخۆ کوێشتیر تێکەڵی ئەوەی دیکەی مەکە!"

وەختی نیوەڕۆیەیە خات مرێم و دێدە ئێستا خەلاسیان نەهاتۆ، دایکم دەڵێ:"نانوچای پخۆن و پرۆنەوە سەر کار!" دەڵێ بۆخۆشی دوای نەهارێ سەری سووکتر دەبێ و دێتە یاریدەیان.

کورەکان و بابم لەگەڵ دوو وەستایان لە ژووری تەختەبەندێ نانی دەخۆن، ئەمە لە ژێر سێبەری دارە ترێکان. دوای ئەوەی ژنەکان نوێژی نیوەڕۆیە دەکەن، باجە ئامین سفرەی ڕادەخا سووزمەیەک گیاوگۆڵ لە نێوەراستی سفرەکەی دادەنێ. هەرچێکی هەمان بێ، ئەمن لەگەڵ دێدەی دەیخۆم ئەگە دێدە لە وێ نەبێ، لەگەڵ باجە ئامینێ. قەت لەگەڵ دایکم نانی ناخۆم.

ئاڵوباڵۆکە زۆرە دیارە شەکرێکی زۆریشی پێدەوێ هەتا بیکەنە مرەبا یا شەربەت.
دوای وەی خات مرێم و دێدە ئاڵوباڵۆکانیان دەنک کرد، لە مەنجەڵێکیدا وە سەری دەنێن. دێدە شەکرەکەی دەپێوێ، هەر یەک پیاڵە ئاڵوباڵو، پیاڵە و نیوێک شەکری تێدەکا. ئاوی ئاڵوباڵۆکەش بۆ کوڵانی مرەباکەی بەسە، نابێ ئاوی تێ بکرێ.
بۆ شەربەتەکەش، دوای ئەوەی باجە ئامین ئاڵوباڵۆ جوان و ساغەکان هەڵدەبژێرێ دەیاندا بە دێدە و خات مرێمێ. ئەوانەی زۆر تلۆخاونەوە یا چاک نەگەیشتوون لە مەنجەڵێکیدا وە سەر دەنێن، لێی دەگەڕێن بوکڵێ، دوای ماوەیەکی کەم بە دوو نەفەران دەست دەدەنە مەنجەڵەکەی لە سەر ئاورگەکەی دایدەگرن و بە سەلانیدا دەکەن. دوایەش دێدە تەنزیلی جوان و خاوێن بە سەر ئاڵوباڵۆکاندا دەدا و بەردی گۆشتی خۆمان لە سەر سەلەیەکیان و بەردی گۆشتی خۆشی لە سەر سەلەکەی دی دادەنێ، دەڵێ:"جا با پچۆڕێتەوە!"
ئەمیش دەڵێم:"دێدە، ئەدی کەنگێ ئەمە لەختەی دەخۆین؟"
دەڵێ:"کوێشتیر! ئەو مەنجەڵانەت دیتۆ، سەلەیان لە سەرە؟"
دەڵێم:"ئا!"
ئەویش دەڵێ:"ئەوە ئاڵوباڵۆکەیە، بەردمان لە سەر داناوە هەتا جوان هەڵچۆڕێ، دوایە ئاوەکەی لە مەنجەڵێکی دەکەین وە سەری دەنێین بوکڵێ، ئەوە دەبێتە شەربەت. لەختەکەش دادەنێین بۆنگۆ بیخۆن، ئەوەندەت لە بیر بێ زۆری نابێ پخۆی دیسان زگێشەی دەگری!"
هەموو کەس ئەوەندە لەختەی پێخۆشە، بۆ یەکتری دەنێرن. منداڵان شەربەت و مرەبا و ئەوەی زۆر ناخۆن، بەڵام ئەوەندە لەختەی دەخۆن هەتا زگجوونێ دەگرن!
بۆنی زۆر خۆشی مرەبا و شەربەتی ئالوباڵوی لە هەموو وڵاتی گەڕاوە. ئەمن و منداڵەکانی دی چاوەڕوانی لەختە خواردنین.

###

ماڵەمە هەر زمبەی دێ.
کاکم وبراژنم لە تارانێ هاتوونەوە، منداڵەکەشیان هێناوە. هەموو خزموکەس دێن چاویان پێیانپکەوێ.
دایکیشم کەیفی زۆر سازە چونکە کاکم لێرەیە.  لە خوارێش ژنەکان لە هەمیشە زیاتر لە هاتوچۆ دان.
کاکم وبراژنم ئەوەندە لە ماڵنین. نانوچای بەیانی درەنگ دەخۆن، بۆ نیوەڕۆیانیش هەر ڕۆژێ لە ماڵێکی بانگێشتن دەکرێن، جاری وایە هەتا شەوێ نایەنەوە.
دایکیشم دەڵێ:"جا خۆ مانگێکی دێنەوە دوو ڕۆژان لە ماڵ نین! لەبەر ئەو ماڵ و ئەو ماڵکردنێ خۆ وە بەر خۆمان ناکەون."

"مینو" چاروبارە دەگری.
بابی دەڵێ:"لایبە، مێشکی سەرمان چوو!"
دوایە ڕوو دەکاتە دایکم دەڵێ:"ئەو منداڵە پدەری مەی دەرهێناوە!"

دایکم دەڵێ:"ئاخە بابەکەم منداڵی چکۆڵە هەروایە، زەحمەتە، ئەنگۆ پێتانوایە هەر وا گەورە بوون و ڕۆژتان بەو ڕۆژە گەیشتۆ؟
منداڵی ئاوا چکۆڵە خۆ نازانێ بڵێ گەرمایەتی، سەرمایەتی، برسێتی، تەڕە؟ دەگری، دایکی دەبێ بزانێ منداڵەکە چی دەوێ.
دایک لە شێوەی گریانی منداڵەکەیرا دەزانێ چی دەوێ."
کاکم دەڵێ:"جا ئەگە وایە ئیشکال لە زیێدێیە، لەوەتا لە دایک بۆ هەر زیقەی دێ!"
دێدە دەڵێ:"باپیرم، منداڵی هەوەڵێ هەروایە. دایکوباب زۆر شتی نازانن دەبێ فێر بن، ئەنگۆش بە ناشکوری ناڵێم خۆ لە کەسوکار و وڵاتی خۆتان دوورن، لە غەریبایەتی و بە ناشکوری نەبێ لە یێکەسیدا هەر وا دەبێ، ئەوە قەرارە براژنم فاتمێ بنێرێ بزانین بەڵکی خودا لە دڵی نێ لەگەڵتان بێ. براژنم دەڵێ پرێک وازی وازێ دەنا عەیبی دیکەی نێ."
کاکم دەڵێ:"وازی وازی یانی چی؟ مەسەلەن چ دەکا؟"
دێدە دەڵێ:"ڕەنگە بێ لەگەڵتان بۆ تارانێ بەڵام ئەوەی چەندە لە وێ بنەگرتوو دەبێ نازانین!"
کاکم دەڵێ:"خۆب! ئەوە ئیشکالی نێ! دەبێ بزانین چۆن دەبێ."
دێدە دەڵێ:"ئەوەندەی لێرەشن جار جار دێ هەتا ئاوا فێری ڕێوشوێنی زیێدی بێ و منداڵەکەش لە باوەش کا هەتا خووی پێ بگرێ."
کاکم دەڵێ:"چارەیەکی نێ دەبێ خووی پێبگرێ. زیێد لەبەیانیرا دەڕوا، ئێوارێ دێتەوە. ئەمنیش هەر وا. دایکی زیێدیش فەقیرە بۆی زەحمەتە ئاگای لە منداڵی ئاوا چکۆڵە بێ ئەوەندەش بە هەزار تکا و ڕجا لە کنمان ماوە."

ئەمن لە ژووری میوانان ئاوی بە دەست باجە زیێدێدا دەکەم هەتا مینوی لەسەر تەشتی پشوا.
لە نێو قوتوویەکیدا سابوونی بۆ داناوە. سەریشی بە شتێکی زۆر بۆن خۆش دەشوا، لە فیچقەیەکی دایە دەڵێ:"ئەوەشامپۆ دیوایە!"
لیباسی خاوێن و خاولێکی چکۆڵەشی بۆ لە قونیچکی ژوورێ هەڵاوەسیوە.
دوای وەی دەیشوا بە من دەڵێ خاولێکەی بۆ بەرم تێی وەرگرێ. دوایە دەچێ دادەنیشێ.
سەر و شتی ئیشک دەکاتەوە، لیباسی لەبەر دەکا،
بە منیش دەڵێ:"مێرسی! جا ئیدی شیری پخوا خەوی لێ دەکەوێ، ئەمەش هەموومان لەدەست زیقە زیقەکەی ئاسودە دەبین، بە خاتو ئامینیش بڵێ ئەو ئاوەی، لوتفەن، پرێژێ!"
باج ەزیێد لیباسی عەجەمی لەبەر دەکا. نینۆکەکانیشی درێژ وسوورن.
باجە زارا دەڵێ:"ئەوە چۆن پێی عەیب نێ لە کن ئەو خەسوو و خەزوور و هێوەرانەی سەر و لاق و باسکی ڕووت دەکا؟!"
باجە زیێد بە زۆری بابم و دایکم وەختی چوونە دەرێ چارشێوی پێدادەدا بەڵام دایمەش دەڵێ هاتنەوە سابلاغ هەر ئەوەی ناخۆشە دێیەوە نێو خورافات و چارشێو و قسەوباسی خەڵکی،
دەڵێ لە تارانێ هەر چی لەبەر کا، کەس کاری بە کەس نێ. جاری وایە لەگەڵ کورەکان قسان دەکا و دەڵێ لە بەر کاکم نەبێ کە هەر سابلاغ سابلاغێتی، بۆخۆی قەت پێیخۆش نێ بێتەوە.

خاڵە بابەدین خۆش خۆش سەری مە دەدا. بەیانان هەر کاکە محەمەد دەچێتە دوکانێ، خاڵیشم هەڵدەستێ دێ تاوێکی لە حەسارێ دادەنیشێ و لەگەل دایکم و کوڕەکان قسان دەکەن.
خاڵە بابەدین دوای ئەوەش کە کاکموبراژنم دەچنەوە تارانێ هەموو ڕۆژێ سەری دایکم دەدا و دڵخۆشی دەداتەوە.
ئەو سەفەرەی کاکە جەمیلیش لەگەڵیان چۆ بۆ سەر دوکتوری.

وەستافەعلەکە بە قەد دوو مانگیان کار ماوە.
بابم دەڵێ:"هەر ئەوەندە نەکەونە بەر سەرما و تەروقوڕی پاییزێ چاکە."
دایکم دەڵێ:"ئەگە وایە منداڵ لە مەدرەسەی دەبن، خەلاسیاندێ!"
بابم دەڵێ:"بەخولای، دەڵێ حەولی خۆی دەدا بۆ پێش مەدرەسە چوونەوەی منداڵان، بەڵام ڕەنگە دوو مانگێکی پێ‌بچێ.
بەعزەشتێکیان پێ‌دەوێ موزایکی پەنجەرەکانی پێ‌دروست دەکەن، دەبێ پچمە ڕەزایەی بۆیان بکڕم، بۆخۆم وە دووی نەکەوم بێفایدەیە، لێرەش وەگیر ناکەوێ. ئەو چرا و شتەش هەموو مەسعود بە میرزا سەعدونی کوتۆ بۆخۆی بۆیان‌بێنێ. ئەوانیش لێرە وە چنگ ناکەون."
دایکم دەڵێ:"ئەوە بۆ جا دەبێ وا بێ؟ چاکە، چاکە! ئەمە بۆ دوکتور و دەرمان و ئەوەی دەچینە ئەو شار و ئەو شاری، بۆچی بۆ شتی ماڵێ دەبێ پچینە تاران و تەورێزان؟!"
بابم دەڵێ:"جا بڵێم چی؟ میرزا سەعدون دەڵێ دەترسێن ئەگە شتی بەرقی و ئەسپاب و مەسپابان لە تارانێرا بێنن کەس لێیان نەکڕێ.
هەر بۆیە لە قونینچکێکی لە بەر پەنجەرەی هیندێکیان ئەسپاب و شتی بەرقی داناوە دەنا دوکانەکە زۆرتر قەنادێ. دیارە ئەوەی دەستی دەڕوا لە تاران و تەورێز و ڕەزایەی شتی دەکڕێ دەیهێنێ، ئەوەی دەستیشی ناڕوا بە خوڵای شتی وا ناکڕێ."
دایکم دەڵێ:"جا ئەوە بە خێر دەبێ کەنگێ ئەو شتومەکەیان بۆ لە ڕەزایەیرا بێنی؟"
بابم دەڵێ:"هەر شەوێکم پێ‌دەچێ، ئیشەڵا ڕۆژی شەمۆیە دەچم، ڕۆژی یەکشەمۆیە بۆ ئێوارێ دەگەڕێمەوە با هیچ بەهانەیەکیان نەبی بۆ تەواو کردنی خانۆکەی."
دایکم دەڵێ:"ئەمن نازانم ئەو خانۆ چ عەیبێکی هەیە؟ خانووی دیکەمان بۆ چی بوو؟ بەش بە حاڵی خۆم، هیچ پێمخۆش نیێ لێرە بڕۆین."
دایکم قەت ناچێ سەری خانووی تازە بدا، یا بزانێ چ دەکەن، چ ناکەن، چەندەیان ماوە نەماوە، دەشڵێ ئەگە بشگوێزینەوە دڵی هەر لێرە دەبێ، هیچ بە خانووی تازە کەیفی ساز نیێ.
کاکە جەمیل دەڵێ:"هیچ نەبێ ماڵی تازە بەرقی هەیە، لە دەست ئەو فسە فسە و پرتە پرتەی چرای نەفتی ئاسودە دەبین!"
دایکم دەڵێ:"کوا؟ ڕۆڵە! دەڵێن بەرقیش ئەوەی هەیە، هەر دەکوژێتەوە، چرا نەفتیش دەبێ هەر لە گۆڕێ بێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئا! ئیدی، ئەوە شتێکی مەعلومە، ژنێراتۆریان کەمە!"

ئەمن لە سەرێ لە نێو جێگای دام، بابم لە ڕەزایەی دێتەوە.

دێدە پێم دەڵێ مێکوتەم لێ‌هاتۆ دەبێ لە ژوورێ نەچمە دەرێ دەنا لێم پیس دەکا.

بابم که دێته سەرێ مەیمونێکی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوان و شانەیەکی شینی باغەم بۆ دێنێ.
نێوچاوانم ماچ دەکا، چاوێکی له دەست و لاقم دەکا، بە دێدەی دەڵێ:"بۆ وەی خەیاڵمان ئاسودە بێ، چاکترە بە دوکتور لازاری بڵێین بێ چاوێکی لەو خانمە چکۆڵەی پکا نەوەک مێکوتە نەبێ یا لێی پیس کا."
دێدە دەڵێ:"جا زۆر چاکە! هەر واش دەکەین، بەڵام شتێکی وا نێ، مێکوتە زۆر سەرەو خێرە، زۆرتری منداڵەکانیش گرتوویانە."

ئەمن دەست دەدەمە مەیمونەکەی، بابم پێنیشانم دەدا چۆن لە سەر دارەکەی دەچێتە سەرێ و دێتە خوارێ. جەفعەر و فازلیش یەکی یەکێکیان بە دەستەوە و خەریکن قوماری پێ دەکەن."
لای ئێوارێ دوکتور لازار دێ، هەر وەک دێدە کوتی، دوکتوریش دەڵێ:"هیچ نێ، نیگەران مەبن، دوو سێ ڕۆژی دی چاک دەبێتەوە."

ئەمن لە ترسی وەی دەرزیم بۆ دەنووسێ هەرجوڵەی ناکەم.
دایکم بە دوکتوری دەڵێ:"ئەدی دەرزی و دەرمان؟"
دوکتور دەڵێ:"نا! دەرزی و دەرمانی ناوێ."
لە نێو کیفە زەلامەکەیدا دەگەڕێ بەستەیەکی دەردێنێ دەیدا بە دایکم و دەڵێ:"ڕۆژێ بەستەیەکی لە ئاوێ کە بیدەیە بیخواتەوە."
چاو لە دێدەی دەکا دەڵێ:"ئەگە هەتا دوو سێ ڕۆژی دی چاکتر نەبوو خەبەرەم کەن."
دێدە چایەکی لە ئیستکانێکی جواندا لە سەر کەشەفێکی زەرد داناوە و دەیدا بە دوکتوری.

ئەمنیش لە خۆشی وەی دەرزیم لێ نادەن وە هەڵبەز ودابەز دەکەوم.
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! با چاک بێوە خۆت ماندوو مەکە، درێژ بە!"
کاکە مەزهەر کە دێتەوە چاو لە دەرمانەکەی دەکا بە خۆشیێوە پێمردەڵێ:"ئەوە ویتامینە، دەرمان نێ، زۆریش خۆشە وەکوو پرتەقاڵی وایە!"
دوایە بۆخۆی لیوانێک ئاوی دێنێ، دەرمانەکەی تێدەکا و بە کەوچکێکی تێکەڵی دەدا و دەڵێ:"ها! بیخۆوە زۆر خۆشە!"
دوایەش دێدە هەلیماوی برینجیم بۆ دێنێ دەڵێ ئەگە شتی نەخۆم چاک نابمەوە، بە زۆری بە کەوچکان دەرخواردم دەدا.

###

مالە مە ئالۆزاوە، لە ڕۆژی شیوی چۆمی خراپترە.
هەموو خەریکی شوشتن و ئیشک کردنەوە و قەد کردن و تێکەوە پێچانن، ڕۆژی ماڵ گوێزتنەوەیە!
ئەوڕۆ چوارشەمۆیە بە پرِوای دایکم ڕۆژێکی مەبارەکە، هەموو کاری خێر دەبێ لەو ڕۆژەیدا بکرێ."

دێدە دەستم دەگرێ لەگەڵ خۆی بە تەویلە و کارخانەیدا دەمباتە خانۆ تازەکەی کە دەگەینێ پێشخانەیەکی چکۆڵەیە دەرکەیەکی تێدا بۆ دەرێ، یەکێکیش بۆ سەرێ.
بە پلیکانەکاندا دەچینە سەرێ هەر وا چاویش لە وڵاتی دەکەین. دەگەینە پێشخانەکەی، دوو پەنجەرەی کەسکی تێدا. هەردووکیان دەڕوانە سەر "ماڵەخۆمان!" نەردیوانێکی ئاسنیان لە میچی گرتۆ، دەچێتە سەربانی.
لە ژێر نەردیوانەکەشدا تاقەیەک ساز کراوە شکافێکیش لەو بەرتر لە دیواری دا.
دێدە هەر چاو لە وڵاتی دەکا و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:"زۆر چاکە، ئەوەشیان ئەوە لێرە داناوە، دەچاکە، جا چم پێ دەڵێی؟"
پێشخانەکە سێ دەرکەی کەسکی تێدا. دەرکەی هەوەڵێ زۆر نزیکی پلیکانە ئاسنەکەیە، دەیکەینەوە، ژوورێکی چولوهۆلە! بۆ لای پەنجەرەکەی دەچم، ماڵە جیرانان دیارن و خانۆکەی دیکەمان کە هەموو هەر پێی دەڵێن ماڵە ئەردەڵانی، دێدە دەڵێ ئەوەندە لە مێژە بابت ئەو خانۆی بەو ماڵەی بە کرێ داوە، لە بیرمان چۆتەوە  ئی خۆمانە!"
لە سەر ئەو پەنجەرەیرا سەربانی قەیسەرێ جوان دیارە، هەمووی وەکوو گومبەز، گومبەز بێ وایە. لە دوورەوە ژنێک دیارە ئافتاوەی بە دەستەوە لەگەڵ پیاوێکی قسان دەکا.
دێدە دەڵێ:"ئەوەش ماڵە شینەی بلورێ، ئەوە شەوکەتە خاتونە!"
دەرکەیەک بە سەر ژووری نێوەڕاستێدا دەکرێتەوە، لە پەنجەرەی ئەو ژووڕەیرا هەر حەسارەکە دیارە. ئەو ماڵە بەر پەنجەرەی موزاییکی هەیە، دێدە  دەڵێ: "خۆت خوار مەکەوە!"

یەکێک لە دەرکەکان بە سەر ژووری میواناندا دەکرێتەوە. ئەو ژوورە زۆر گەورەیە.
دوو پەنجەرەشی تێدا، یەکیان دەڕوانێتە سەر حەسارێ، ئەوی دیکە دەڕوانێتە سەر کوچەی، دێدە چاوێکی لێدەکا و دەڵێ:"ئەوە چاکە وەڵا، محەجەریان دەبەری کوچەی گرتۆ لە بەر دز و شتی!"
ژوورێکی زۆر خشپیلانە و جوان بەسەر ژووری میوانانەوەیە.
دێدە دەرکەکەی مابەینیان پاڵ پێوە دەنێ بۆی ناکرێتەوە، پرێکی ئەو بەر ئەو بەر دەکا، دەڵێ:"جا چم پێدەڵێی، ئەوە بە ڕەسمی تازەیە، ئیشتیات لێ بوو دایدەخەی، دوو ژوورت دەبێ یەکی چکۆڵە، یەکی گەورە، کەیفیشت هێنا هەموو ئەو دەرکەی دەکەیەوە. دوایە بە دەستی پاڵ بە لایەکی دەرکەکەیەوە دەنێ، دەرکە دەچێتە ڕێکی دیواری، لایەکەی دیکەش هەر بەو جورەی دەکاتەوە، دەڵێ:"وەڵاهی، ئەوە زۆر فێڵێکی باشە مەبارەک بێ ئیشەڵا نانی حەجێی تێدا بدەین."

دەڵێم:"دێدە، دێدە! چاوی لێکە، ئەو پەنجەرە چکۆڵەیەی دێرە دایە!"
شکافێکی لیباسی لە دیواری دایە دەرکەکەی زۆر جوانە، نیوەی دارە، نیوەی شووشەیە. پەنجەرەیەکی چکۆڵەش لە سەرەوەی ئەو شگافەیە.
دێدە دەڵێ:"ئەوەش هەر دەڕوانێتە سەر حەساری ئەو دیوی، بابت دەزانێ غەمی ئەو لای دەبێ، ئەوە بۆیە ئەو هەمۆ پەنجەرەی دەو خانۆی کردۆ کە دەڕواننە سەر خانووی ئەو لای!"
شکافێکی زۆر چکۆڵە لە دیواری دا وا دیارە هەر بۆ کتێب تێنانێ دەبێ.
دێدە بۆ لای پەنجەرەیەکی دەچێ داخراوە، دەیکاتەوە و دەڵێ:"ئەوە زۆر عاستەمە! نازانم بۆ محەجەریان تێنەگرتۆ، ئەوە هەر باسی سەرە! لە سەر ئەو کورە فەقیرەیرا تەمبێ نەبوون؟"
دەڵێم:"دێدە چاو! هەر کەسێکی بێتە ماڵە مە لێرەڕا دیارە."
لەپڕرا پرم پێدا دەکاو لامدەبا. دوایەش دەسبەجێ پەنجەرەکەی دادەخا و دەڵێ:"یا دەبێ محەجەری تێبگیرێ یا قەت نەکرێتەوە!"
دوایەش هەربۆخۆی بەخۆی دەڵێ:"جا پەنجەرەیەکی نەکرێتەوە بۆ پەنجەرەیە، دیوارە!"

بە پلیکانەکاندا دەچینە خوارێ، وەستا وفەعلەکە لە حەسارێن. خەریکی کاشی لە حەوز گرتنێن.
دێدە دەڵێ:"ئەوەش فیتی مەسعودێ، بە ڕەسمی تارانێ ئەو حەوزە چکۆڵانەی پێ لە نێو یەکتریدا داناون مەگە چۆلەکە ئاوی لێپخۆنەوە، دەنا بە کاری چ دێ؟"

دوای چاکوخۆشی کردنێ لەگەڵ وەستا عەبدوڵای، دێدە لە دوو سێ پلیکانی دیکە لەوبەری حەسارێ وە سەر دەکەوێ، دەرکەیەکی دەکاتەوە و چاو دەگێڕێ و دەڵێ:"دە چاکە، چاکە! ئەوەش ئاودەستەکەیەتی."
پێشخانەیەکی چکۆڵەی لەبەرە و دەرکەیەکیش بە کوچەی ماڵە ئەردەڵانیدا دەکرێتەوە.
لەو بەری حەسارێش دێدە سەری مدبەق و حەمام و ئەوەیدەدا و دەڵێ:"ئەو مدبەقەش زۆر لە وی دیکە چکۆڵەترە!"
ئەمنیش دەپرسم:"دێدە! تەندوورەکە لە کوێیە؟"
دەڵێ:"باپیرم، غەمێ مەخۆ، ئەویش دەبێ دابندرێ. بەڵام کاری زۆرە، دەکەوێتە ساڵێکی دی. دەبێ هەر لە حەساری ئەو لای نانی پکەین."
لە دڵ خۆمدا زۆرم پێخۆشە کە سەرباقی ماڵی تازە، هەر دەبێ پچینەوە "ماڵە خۆمان" بۆ نان کردنێ. بابیشم هەمیشە دەڵێ حەساری ئەولای هەر دەبێ، وەختێکی ئیشتیامان لێبێ دەتوانین پچینە وێ قوماران پکەین.

دێدە دەستم دەگرێ و دەڵێ:"وەرە ڕۆڵە!، با چاوێکیش لە ژوورەکانی خوارێ کەین بزانین چ باسە!"
لە خوارێ دوو ژووری لێیە، یەکێکیان خەڵەوەتی بە سەرەوەیە و پەنجەرەیەکی گەورەی تێدایە کە دەڕوانێتە سەر کارخانەی لە وێشڕا "ماڵەخۆمان" دیارە!
سەرەوەی خەڵوەتێکەی باریک ودرێژ هەڵکەوتۆ. دێدە دەڵێ ئەو ژێرپلیکانانەش خودا دایناوە بۆ مێلاق هەڵاوەسینێ، زۆر لە کارخانەی پاک وخاوێنترە!"

ژوورەکەی دیکە لە بن دیوی میوانان هەڵکەوتۆ.
ئەمن و دێدە لەو ژوورەی دێینە دەرێ، گوێمان لە دەنگی پیاوێکی دەبێ دەڵێ:"خات گوڵێ، خات گوڵێ!"
بە دوای دەنگەکەیدا دەچینە سەر پلیکانەکان. کاک مستەفایە لەگەڵ پێاوێکی دیکە، یەکی فەڕشێکیان بە کۆڵەوە و باجە ئامین بە دوویانەوە.
دێدە وە سەر پلیکانەکانیان دەخا و دەڵێ:"هەموو ئەوانە دەچنە سەرێ."
پیاوەکان کەوشەکانیان دەرهێناوە خەریکن فەرشان لەو دیوی بۆو دیوی دەخشکێنن.
دێدە فەڕشی ژووری میوانانیان پێڕادەخا لەگەل ئی ژووری نێوەڕاستێ.
دوایە پێیان دەڵێ:"مەڕۆن بابم، ڕاوەستن بزانین باری هەموو فەڕشەکان ڕاست بێ، دەنا دوایە ئەو خێشمە خێشمە بە مە ناکری."
لەو دیویش دایکم و خات خاتون و باجە زارا و خاتو ئامین و خات مرێم شکاک هەموو خەریکی بەڕێ کردنی شتومەکن بۆ خانۆ تازەکەی.

باجە زارا بە خۆی و بە دوو چرایانەوە لە ژێر پلیکانەکانە. چراکان، یەکێکیان هەموو قوبە قوبەیە و لە زێوی دروست کراوە، هەر قوبەیەش عەکسی شایەک یا مەلەکەیەکی ئینگلیسی لێ هەڵقەندراوە. چراکەی دیکەش زۆر جوانە و پایەکەی شیلانی ئەسڵە.
دایکم ئەو چرایانەی زۆر خۆش دەوێ دەڵێ:"یادگاری ماڵە بابی بابمن، لە سەر تاقەی پێشخانەی، لە ژێر نەردیوانە ئاسنەکەی دایاندەنێین."

لە بەری بەیانێوە هەموو هەر لە هاتوچۆ دان. نانی نیوەڕۆیە هەر وەکوو هەمیشە قەرارە لە "ماڵەخۆمان" پخۆین.

وەستا وفەعلەکە دوای حەوت مانگان لە دایکموبابم خوداحافیزێ دەکەن و زۆر تەعریفی نان و کێشتی دایکم دەکەن و
دەڵێن:"ماڵتان ئاوەدان بێ، بە حاجی بن، زۆروو لەگەڵ ئەمە زەحمەت کێشا!"
دایکم دەڵێ:"یاخودا دەستوچاوتان خۆش بێ، بابەکەم، قالبتان ساغ بێ، ئەنگۆ زەحمەت کێشن، ڕۆژ هەتا ئێوارێ سەرتان لە سەر کار هەڵناگرن، ئەمە وەزیفەمانە خزمەت بەنگۆ پکەین، هیچ منەتی نێ، ئێرە ماڵە خۆتانە، ئەنگۆ عەزیزی مەن، خودا ئەجری زەحمەتوو بداتەوە."
دێدە لە بەر خۆیەوە دەڵێ:"ئێستا ئەوە ئەو ژنە دەڵێ چی؟ خۆ لە سەد ماڵی، ماڵێک هەشت نۆ مانگان نانی وەستا فەعلەی نادەن، جاروبارە ئەویش ئەگە هەر وەستاکان نان بدەن!
ئەو ژنە چ سەیرە! خۆ ئەو خانۆیان بە خۆڕایی دروست نەکردۆ. دەبێ بزانی چەندەش هەموو ڕۆژێ پووڵیان دراوەتێ."

باجە زارا و باجە ئامین لە بن دارە مێوەکەی بەڕە کۆن و شتی ڕادەخەن.
خات خاتون و خات مرێم لە حەسارێ نوێژی نیوەڕۆیە دەکەن. خاتو ئامین چۆ سەری منداڵەکانی بدا و نانو کێشتیان بۆ بەرێ.

هەموو ژنەکان کە خڕ دەبنەوە ئەمەش نانی دەخۆین.
باجە زارا دەڵێ:"تەماشا، عەمری ئەو خولایەی، ئەو کچە چۆن بە خات گوڵێیەوە نوساوە، بۆ هەر جێیەکی پچێ بە دوویەوە."
دوایە بە پێکەنینەوە دەڵێ:"نانیش هەر لەگەڵ خات گوڵێی دەخوا."
دایکم دەڵێ:"یا لەگەڵ بایێتی یا لەگەڵ دێدەیە، ئەوەندە خۆ لە من ناگەیێنێ. کورەکان زۆرتر ئۆگری منن هەتا کچەکە."
خات خاتون دەڵێ:"ئەلحەق! خات گوڵێش زۆری خۆش دەوێ، خۆ ناهێڵێ بە عەرزیدا بڕاو، هەر بە کۆڵێوەیەتی. ئەوەندەی سەیزادەش بە جێی هێشتۆ و بۆخۆی چۆتە سەر حەکیمی کچەکە زۆرتر ئۆگری خات گوڵێی بۆ."
دایکم دەڵێ:"زۆر جاران بازە گیان، لە هەموان چکۆڵەترە، دڵم نایا بە جێی هێڵم لەگەڵە خۆمی دەبەم."
دێدە دەڵێ:"گۆچان!"

دایکم پێدەکەنێ. دوایە دەڵێ:"لەو سەفەرەی پارەکەدا کە چوومە تارانێ، لە بەر عەمەلی لاقی جەفعەری، هەر سێکیانم برد بوو، حاڵم حاڵی سەگی بوو. ئەو تارانە سەگ تێریاوەش خۆ وەکوو ئێرە نێ، کەس ئاوڕ وە کەس نادا، کەس کەس ناناسێ!"
دێدە دەڵێ:"کە لە تارانێ هاتنەوە نانوچامان بۆ دانان، ڕێواس لەسەر سفرەی بوو، کچەکە هەر پڕی دایە بە پێست و مێستەوە لە زاری نا، کوتم:`ڕۆڵە، وا نابێ، ڕێواس دەبێ پاکی کەی!` کوتی:`ئەوەندەمان کوێرەوەری دیتۆ لە تارانێ، لە بیرم نەماوە چۆن ڕێواسی دەخۆین!"
ژنەکان هەموو دەستیان کرد بە پێکەنینێ.

باجە ئامین دەڵێ:"ئەرێ پوورێ گیان! دوکتوران دەڵێن چی بۆ کاک جەفعەری؟"
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان، دەڵێن چی؟ دەبێ بیبەینەوە بۆ عەمەلیاتێ. بە ناشکوری ناڵێم ئەوە جەمیل، ئەوە جەفعەر!"
دایکم لە وانەیە بگری.
ژنەکان دەڵێن:"هەر خولا ساردتری نەکا، یاخولا مەرگیان نەبینی، جا لەگەڵ کاری خولای هیچ دەکرێ؟"
باجە ئامین دەپرسێ:"پوورێ گیان! ئەرێ چۆن کاک جەفعەر ئاوای لێ هات؟"
دایکم دەڵێ:"جا چۆن ڕۆڵە گیان، نازانی؟ بە ئەستۆی شکاوم چوبوومە سەر شاییە، حامیلەش بووم بە کچەکە، جەفعەرپش هەر وا دوو ساڵان دەبوو نە دەبوو. دەتکوت زێڕە ئەوەندە جوان و ساغ و ماشەڵا هاروهاج بوو."
لێرەدا خات خاتون دەڵێ:"ئەوەندە جوان بوو لە چاو چوو، دەتکوت شازادەیە، جا هەر شازادەشە وەڵا، بەر وپشت ئەتڵەسە."
دایکم دەڵێ:"لە حەساری ماڵەکەش مەسعود گیان و جەمیل شا هەڵدەپەڕین. دەڵێی ئەوڕۆ بوو وام لە بەر چاوە. ژنێک هات بە لامەوە لە پەنام دانیشت. کوتی:`ئەو سەیدە چکۆڵە چەند ساڵە؟ ئەیە لۆ! دوایە کوتی:`ئەوەی کۆت وشاڵواری قاوەیی لە بەردا کوڕێ تۆیە؟ ئەدی ئەوەی کۆت وشاڵواری بۆری لە بەردا دەڵێن ئەویش کوڕی تۆیە! خودا پێت بێڵی ئەدی چەند کچت هەیە؟
ژنێکی دی لە پەنام دانیشتبوو، هەڵیدایە کوتی:`کوا؟ خۆ سەیزادە خانم نازانێ چۆن کچی بێ، هەموو شوکور کوڕن، شەش کوڕی هەیە ماشەڵا،`

ڕۆڵە هەر ئەو دەمی ترسام دەستم کرد بە دۆعا و ئایەتەلکورسی خوێندنێ.

بەیانی نانوچام دا بوو بە هەموان، جەفعەر هەر هەڵنەستا بوو، بە پلیکانەکاندا چوومە سەرێ، جاری وا بوو لە خەوێ هەڵدەستا دەگریا، بە دەنگی گریانەکەیەوە دەچووم دەمهێنا خوارێ. هەر وا لە بەر خۆمەوە دەمکوت جەفی دایە دەنگی نایا، ئەوە بۆ ئەورۆ جەفی دایە هەڵنەستاوە؟
چوومە ژوورێ جەفعەر لە خەوێ هەستا بوو هیچ، وەکوو مەنجەنیقی حەزرەتی ئیبراهیم گەرم گەرم دایسا. کوتم:`بابەکەم، رۆڵە گیان، ئەوە بۆ وا گەرمی، هەستە با پچینە خوارێ، کوتی`ناتانم!`هەڵمئەستاند کوتم:چۆن ناتوانی بابەکەم، وەرە باوەشی دایکی خۆت، هەر کوتی `ناتانم` دەستم دا بن هەنگڵی، لاقی لە دوو نەدەهات. نەیدەتوانی لە سەر لاق ڕاوەستێ. هەر ئەوە بوو ڕۆڵە گیان، ئەو دەردەی پێوەنوسا هەتا ئەورۆ."
خات مرێم دەڵێ:"ئەمنیش زۆرم بڕوا بە چاوی پیس هەیە. چاوی پیس شاخ وکێوی دەتەقێنێ."
دێدە دەڵێ:"ئەرێوەڵا زۆری بۆ هەیە. ئەگە لە چاوی یەکێکی پترسێی دەبێ خێری لە خۆت گری، ئایەتەلکورسی پخوێنی و ئەسپەندەریش پسووتێنی و خۆت بە خولای بسپێری."

نانوچایەکە خوراوە، خاتو ئامین و باجە زارا خڕی دەکەنەوە، ئەوانی دیش هەموو دەچنەوە زگ کاروبارەکانیان. هەتا ڕۆژ ئاوا دەبێ بە هەموان خەریکی دابین کردنی ماڵی تازەن.

ژنەکان بڵاوەی دەکەن هەتا سبەینێ. چاکە دێدە هەتا دوای شامێ ناڕوا. هەمووومان دەڵێی لە ماڵە خەڵکی میوانین وەکوو نامۆیێ پکەین وایە. کوڕەکان جێگاوبانی ڕادەخەن. هەموو دەچن بنوون. ئەمن و کاکە عوسمان و جەفعەر لە ژووری نێوەڕاستێ دەنووین.
هەر وەک "ماڵە خۆمان" فازل لە ژووری دایکوبابم نوستۆ.
سەوەڕی سەگەکان و فیتەفیتی ئاژانان دەڵێی لە حەسارێرا دێ. ئەو خانۆ یەکجار لە سەربانی قەیسەرێ نزیکە بەڵام لە هێلانەی حاجیلەگلەگەکان زۆر دوورە.

###

بەیانیزوو بە دەنگی کەڵەبابان وە خەبەر دێم.
هەر دەڵێی یەکێکیان دەخوێنێ، ئەوانیدیش جوابیدەدەنەوە. بەڵام دەنگی حاجیلەگلەگان نایا. هەڵدەستم دەچمە خوارێ، ئەو پلیکانانە لە یەکتری دوورن وەکوو ئەوانی ماڵە خۆمان نین، ئەو دەرکەی ژێر پلیکانەکانیش بە زەحمەت بۆم دەکرێتەوە،
پێموایە دەچمە ژووری تەختەبەندێ، لەوێشڕا گوڵە سوورەکانی بابم بۆنیان هەتا نێو ژوورێ دێ،
پێموایە جیڕەی دەرکەکەی دێ دێدە لە دەرکەی وەژوور دەکەوێ.
پێموایە لە سەر لێوە باریکەکەی سەربانی، پشیلەکان لە بەر تاوێ خۆیان هەڵخستۆ هەتا بابم گۆشتی لە بازاڕیرا دەنێرێتەوە و دایکم جلقوفلقیان دەداتێ.

له پێشخانەکەی نێوەڕدەسووڕێم، هێزی لاقم نێ پڕۆمە ژووریّ. دەڵێی خەونێکی ناخۆش دەبینم. ئێرە خۆ ماڵە مە نیێ، لە پشت دەرکەی ژووری بەردەستان رادەوەستم. دوایە بە بێدەنگی بە ڕێێ خۆمدا دەگەڕێمەوە،

بە ئەسپایی دەرکی تەویلەی دەکەمەوە، لە پلیکانەکان دەچمە خواریّ، تاریکوتنووکە، بە کارخانەیدا دەڕۆمە مدبەقێ لە وێشڕا دەچمە نێو حەسارەکەی خۆمان. دارەکان لە سەر جێی خۆیانن، پشیلەکان لە سەر لێواری بانی درێژ بوون. تاو وەکوو هەمیشە لە لێوی بانی داوە.

هەڵدێمە ژووری تەختەبەندێ، ڕووتوقووت و چۆڵوهۆلە. هەموو ماڵەکە بێدەنگە. لە بەر پەنجەرەکەی، ئاوا کە گوڵە سوورەکانی بابم لێ دیار بێ، دادەنیشم و دەست دەکەم بە گریانێ.

بە دەنگی باجە ئامینێ سەرم هەڵدێنم. وەکوو هەمیشە قۆڵچاغە جوانە گوڵینگەدارەکەی لە بەردایە و ڕیحانەی ڕەشیشی بە گوێی هەڵاوەسیوە.

لە جێی خۆم ڕاست دەبمەوە هەڵدێم بۆ لای، سەرم لە نێو کۆشی دەنێم، لە بەر دەنگەدەنگی گریانی خۆم، گوێم لێ نێ ئەویش دەگری و دڵخۆشی منیش دەداتەوە.

گوێم لێیە دەڵێ:"بابت ئەو خانۆی هیچ لێ ناکا، پوورم دەڵێ بە کرێشی نادا بۆ وەی بۆخۆشی دڵی هەر لێرەیە، هەر وەختێکی ئیشتیاد لێبێ بە تەویلەیدا وەرە ئێرە. پوورم دەڵێ نانیش هەر لێرە دەکەن، ئەو حەسارەی دی چکۆڵەیە بۆ هیچ نابێ."

ئەمنیش هەر گوێی دەدەمێ و دەگریم.

دێدە هەتا درەنگانێکی لە حەمامێیە. ئەمن هەر بە دووی باجە ئامینێوەم. هەموو شتێکم لێ شێواوە، نازانم کورەکانیش هەر وان یا چونکە هێندە لە ماڵ نین، ئەو ئاڵوگۆڕە ئەوەندە کاری لە وان نەکردۆ.

خانۆ تازەکە چرابەرقی هەیە بەڵام پێموانێ چرابەرقەکە جێی خانۆ کۆنەکەی بگرێتەوە. هەمووومان دڵمان هەر لە ژێر سێبەری دارە تۆکە و بن قایمەی دارە مێوەکان و لە نێو بۆنی خۆشی گوڵە سوورەکانی بابم دایە.

خاتو ئامینیش زۆر خەفەتێ دەخوا و دەگری. کەس نازانێ بۆ بابم ئەو خانۆ تازەی دروست کرد؟

###

ئەورۆ باجە ئامین و خاتو ئامین نەبێ کەس لێرە نێ.

دێدە حەمامی هەیە.

بابم لە بازاڕێ.

دایکم لەگەڵ جەفعەر و فازلی چوونە تارانێ سەری کاکە جەمیلی بدەن، جەفعەریش بە دوکتوری نیشان بدەن.

بۆ ماوەیەکی زۆر هەر سیسارگەکەچەڵەیان دەکوشت دەیانهێنا بۆ بابم لە بازاڕی، ئەویش دەیناردەوە بۆ دایکم دەبوو بیکوڵێنێ، ڕۆنەکەی لە شووشەی کا و لاقی جەفعەری پێ داماڵێ، هەتا ئێستا هیچ فەرقێکی پێنەکردۆ.

دوکتوری عرووسان له تارانێ کوتوویانه به داخەوە "فەلەجی منداڵان" دەرمانی بۆ نەدیتراوەتەوە. دوکتور ئەمیر کیا دەڵێ دەبێ عەمەل کرێ.
کەوشێکی ئاسنیشیان بۆ جەفعەری دروست کردۆ که له پێ کردنی زۆر زەحمەت و ناخۆشە. هەموو ڕۆژێ دەبێ یەکێک یاریدەی بدا له پێی‌کا و ئاڵقەزوونەکانی داخا.

باجه خەجیج و باجه مرێم و باجه هاجەر هەمیشه سەرمان دەدەن، دێدەش ئەگه له حەمامێ نەبێ لێرەیه هەتا دایکم دێتەوە.

کورەکانیش زۆرتر لەو دەمی دایکم له ماڵه، یارمەتی دێده و بابم دەدەن.

گوێم لێیه بابم به دێدەی دەڵێ، دەبێ کاکه جەمیل سیپەلاکی عەمەل کرێ.
بەشێکی خەرابۆ دەبێ دەریهێنن. دێده دەست دەکا به گریانێ.
دیاره بابم هەم غەمی کاکه جەمیلێتی هەم ڕقی هەستاوە و دەڵێ:"ئەوەتا کەرێتی و بێعەقڵی پیاوی تووشی ئەو هەمۆ ناڕەحەتێی دەکا.
دیاره دایکی مەسعودی هەتا دوای عەمەلی جەمیلی له تارانێ دەبێ، بۆ ماوەی پازده ڕۆژان چوو بوو، وا دیاره مانگێکی زۆرتر پێ دەچێ."
دێده دەڵێ:"جا عیلاج چێ؟ نیگەرانی ماڵەکەی مەبه، ئەوەی له تاقەتمدا بێ، موزایەقەی ناکەم، کچەکانیش به خوڵای هەر ڕێیەکیان له ماڵه بابیانه، به ناشکوری ناڵێم، سەری کاکم بدەن و ڕێیەکیان لێرەیه سەری مه بدەن. جارجاره کوێشتیر بێ‌تاقەتێ دەکا، تاوێکی دەیبەمه دەرێ یا ماڵه خەجیجێ، سەری مرێمی دەدەین، بڵێم چی؟ خوڵا ڕوحمێ به هەموو لایەکی پکا**."**
بابم دەڵێ:"نازانم کوورەکان دانێین یا نا گوڵێ؟ بۆخۆت دەزانی سەرمای ئەو شارەی چۆنه، دەڵێم منداڵەکان بێ کوورە سەرمایان نەبێ."
دێده دەڵێ:"جا کووره دانان چێ؟ دەڵێی دایان دەنێین. ئەرێوەڵا، خانووی تازه ساردە، دیوار و شتی ئێستا چاک ئیشک نەبۆتەوە. هەر به زارای خۆمان بڵێین لەگەڵ محەمەدی مێردی بێن، کوورەکانی ماڵه حەمەدەمینی هەر ئەوان دایدەنێن. ئەورۆ ئەمن و خەجیج هەموو شتێکی بۆ حازر دەکەین."
بابم دەڵێ:"جا زۆر چاکه به حەمەدی دەڵێم پێیان بڵێ."
دێده لەگەڵ باجه خەجیجێ که باسی کوورەکان دەکا، دەڵێ:"جا چانێ لەگەڵ ئامۆژنت ئەوەنده کوورەم هەڵگرتۆ و دامناوە، هەموو کوورەکان و تەخته کانیان دەناسم دەزانم بۆ کوێ دەبن. ئامۆژنت ئەو ئانیشکه و لولانەش، هەموو شریتیان تێ ڕایەڵ دەکا هەتا لێی تێکەڵ نەبێ، کاری پیاوی زۆر هاسان دەکاتەوە."
باجه خەجیج دەڵێ:"جا با بۆخۆمان دایانبنێین."
دێده دەڵێ:"کاک محەمەدی مێردی زارای سبەینێ دێ بۆ یاریدەمان ئەمه هێنده کەممان کوێرەوەری نێ ئەوەندەی دیکەشی پێوەنێین."

###

دایکم و جەفعەر و فازل لە تارانێرا هاتوونەوە.
دایکم هەر دەگری بۆ وەی کاکە جەمیل دوای عەمەلەکەی بۆ ماوەیەکی دەبێ لە نەخۆشخانەی بمێنێتەوە.
جەفعەریش، دوکتور کوتوویەتی بە منداڵی عەمەل پکرێ چاکترە، قەرا وایە بەهارێ دوای مەدرەسەی بیبەنەوە تارانێ.

خزموکەس هەموو بە دایکمەوە دێن. هەر کەس لێی دەپرسێ تاران چۆن بوو، دایکم دەڵێ:"پەرژینێکی قایم بێ، سەگی تێری! جا تاران بە من چی؟ ئەوەندە نیگەرانی جەمیل و جەفعەر وماڵی بە جێ هێشتراو بووم خۆ نەمزانیوە شەوە یا ڕۆژە، دیارە پیاو غەم و نیگەرانی لە دڵدا نەبێ تاران هیچ، کۆنە کەلاوەیەکیش خۆشە!"

دایکم و دێدە دەمانبەن سەری مامە قادری بدەین. مامە قادر زۆری پێخۆش دەبێ ئەمە دەبینێ. وەکوو هەمیشە لە ژێر دۆشەگەکەی پووڵی دەردێنێ، دوایە یەک بە یەک بانگمان دەکا و دەماندانێ. مامم زۆر کزتر و بێتاقەتتر دیاری دەکا. لە حاڵ و ئەحواڵی کاکە جەمیلی دەپرسێ، بە دایکم دەڵێ نیگەران نەبێ هەر دۆعای بەخێری بۆ پکا.
ئامۆژنم چامان بۆ تێدەکا و لەگەڵ دایکم دەس دەکا بە قسان و لێی دەپرسێ:"ئەرێ فاتیلێ چۆنە لەگەڵ تارانێ؟"
دایکم دەڵێ:"بە خولای، دەگریا ئەمە کە دەهاتینەوە زۆر ناڕەحەت بوو. ئەوەندەی لە وێ بووین بۆخۆی چاک بوو بە مەوە خافڵا بوو، دەنا بە غەریبی، زمانیش نەزانی و هەر لە ژوورێشدابی زۆر ناخۆشە.
دیارە ماڵە مەسعودیش حەسار و شتیان نێ، لە سێ مەرتەبەیەکی دان، مەرتەبەی سەرێ بە کرێ دراوە، ئی نێوەڕاستێش ماڵە مەسعودی تێدا، خوارێش، بە حەسارەوە، کابرای ساحێب ماڵ بۆخۆی تێیدایە، ئەوەندەیە بەرهەیوانێکیان هەیە دەڕوانێتە سەر حەسارەکەی. پەرژینێکی قایم بێ، حاڵمان حاڵی سەگی بوو.

بە ڕۆژ دەمرکوت منداڵەکان دەبەمە بەردەرکەکەی کوچەی بۆ خۆیان قومارێ پکەن، مەسعود دەیکوت نەوەکوو بیاندزن، ڕاوەستن ئەمن کە هاتمەوە، دەیانبەینە پارکێ!"
ئامۆژنم دەڵێ:"پارکێ؟ ئەوە چێ؟"
دایکم دەڵێ:"جێگایەکە ئاو و دار و درەختی لێیە. گوڵ و شتی جوانیان لێ شین کردۆ، ئاو لە فەواران دێتە دەرێ، بە شەو هەمووی چراخانە، خەڵکێکی زۆری تێ دەخزێ، بێئیحترامی نەبێ لە خزمەت کاکم، پیاو و ژن قۆڵیان لە قۆڵی یەک دەکەن و قەدەمان لێ دەدەن.

ئەوەی چاک بوو ئەمە دوور نەبوین هەر بە پێیان دەچووینە پارکەکەی بەڵام بۆ هەر جێگایەکی دی چووباین دەبوو سواری ئوتوبوسی بین. بۆ نەخۆشخانەکەی جەمیلی لێ کەوتۆ بەو ئوتوبوسانە سەعات و نیوێک دوو سەعات دە ڕێیەدا دەبووین، دایکەکەی بمرێ، ئەوە دوو مانگ زیاترە لە نەخۆشخانەیە دوکتورەکە دەڵێ مانگێکی دیکەشی ڕادەگرێ."

مامم زۆر بە سەبرا قسان دەکا، دایکم دەچێتە پێشتر هەتا پتوانێ گوێی لێبێ.
دەڵێ:"نیگەرانی مەبە، ئیشەڵا چاک چاک دەبێتەوە. ئەوەش حاڵ نەبوو فەقیرە جەمیلی تێدا بوو، هەمیشە ناڕەحەتی و کۆخە کۆخی بوو."
دایکم دەست دەکا بە گریانێ و دەڵێ:"خودا بۆ خۆی شەفای تۆش و جەمیلیش و جەفعەریش بدا یاڕەبی."
ئامۆژنم لە لایەکی ژوورێ کوورەی داناوە، لە لایەکی کورسی. دەڵێ کوورەی خۆش ناوێ، سەرمای بێ هەتا ملان تێدەخزێ، بە مەش دەڵێ ئەگە سەرمامانە پڕۆینە بن لێفەکەی.
ئەمە کورسیمان نێ، لە خودامان دەوێ شتێکی وامان بۆ هەڵکەوێ. دەچین تێدەخزێین.

بن کورسێکەی گەرمە، ئەمن هەر لە پەناڕا دادەنیشم، جەفعەریش لە لایەکی دیکە درێژ دەبێ.
دەڵێ:"دایە! ئەوە بۆ ئەمە کورسیمان نێ؟"
دایکم دەڵێ:"چوزانم؟ ڕۆڵە! دەڵێم نەوەک بوغ پتانگرێ."
جەفعەر دەڵێ:"بوغ چۆن ئەمە دەگرێ؟"
دایکم دەڵێ:"بوغی ڕەژی، ڕۆڵە! ڕەژی ئەگە چاک نەگەشێتەوە پیاو نەخۆش دەکەوێ."
جەفعەر دەڵێ:"ئەدی بۆ هەموو کەس کورسی هەیە؟"
دایکم دەڵێ:"بەسە، ڕۆڵە، مێشکی سەری ئەو جەماعەتەی مەبە!"
مامم بە دایکم دەڵێ:"لێیانگەڕێ با قسان پکەن، شتی پپرسن، هەر وا فێر دەبن، لەگەڵیان بە حەوسەلە بە!"

وەختی ڕۆیشنەوە ماڵێ مامم دەست بە سەرمان دادێنێ، بەڵام ماچمان ناکا.
دەگەینە نێو حەسارەکەی پڕێک بای دێ، دێدە دەڵێ:"بە خوڵای، وەختی چارشێوشانی هاتۆ جا چم پێدەڵێی، هەر ناشزانی بە کوێدا زستان دێ قوونت لێ لە ژوورێ دەنێ!"
ئامۆژنم کە هاتۆ بەڕێمانکا دەڵێ:"بە خوڵای، ئەمن هەر ئەوەندە ئێواری هات چارەکە شانی خۆم لە شان دەکەم، کەواشم هەر لەمێژە هێناوەتە گۆڕێ، بڵێم چی؟"
دایکم دەڵێ:"ئەمنیش وەڵا، هەر لە بەر ڕێیە کەوام لە بەر کرد، ئێرە لە تارانێ زۆر ساردترە، کەوام هەر دانەکەندۆتەوە."
دێدە دەڵێ:"کوتیان کوردە سەرما هات، کوتی حازرم بۆ لەرزین، جا بڵێین چی هەر شەو دەبێت و ڕۆژ دەبێتەوە، هەر بەهار دێ و زستان دەڕوا، پاییز دێ هاوین دەڕوا، هەر لە عەمرمان کەم دەبێتەوە، دوایە ئاخێکی هەڵدەکێشێ، دەڵێ:"ئەی فەلەک، ئەی فەلەک!"
لە ئامۆژنم خودا حافیزی دەکەین و دەڕۆین.

###

ئەوڕۆ دەچینە ماڵە خاڵە مەلای بۆ وەی دایکم لەمێژە خاڵمی نەدیتۆ.
لە چوار خاڵەکانمان، خاڵە بابەدین هەمیشە دێ سەری دایکم دەدا.
خاڵە فەخرەدین ماڵی لە خانێیە، دایکم خاڵە سەمیعی چاک وەبیر نایا، دەڵێ زۆر جحێڵ بۆ، ماڵیان لە چۆگانلوی دەبێ، دەچێ بۆ خۆێندنێ، بەداخەوە جوانەمەرگ دەبێ. بەڵام نازانن چۆن یا چی بەسەر دێ. لە قسان لە ناکاو بە عەرزیدا دەکەوێ و عەمری خودای دەکا.

خاڵە مەلا قەت نایاتە ماڵە مە. دایکم دەڵێ لەگەڵ بابم نێوان ناخۆشیان هەیە، بەڵام خاڵۆژنم دێ و ئەمەش دەچینە ماڵە وان.

ماڵە خاڵە مەلای نزیک مزگەوتی سوورە، هەر بە کوچەی مزگەوتێدا هەڵدەکشێین، دوای وەی دەگەینە هەورازێکی چکۆلە لە هەورازەکەی وە سەر دەکەوین دەرکەی ماڵە خاڵم وە دیار دەکەوێ.

خاڵم وەکوو بابم دوای نانوچای نیوەڕۆیە تاوێکی دەنوێ، ئەمە هەمیشە وا دەچین کە نزیک لە خەو هەستانی خاڵم بێ.

ماڵە خاڵە مەلای دەرکەیەکی گەورە و سوورە. کە دەچێ ژوورێ داڵانێکی دوور ودرێژە، لە دەستی ڕاستەوە پلیکان و دەرکەی هەیە بۆ دیوی میوانان و لە دەستی چەپەوەش پلیکان دەچنە سەرێ بۆ دیوی خەوێ.
دەرکەی نێوەڕاستێش بۆ حەسارێ دەچی.
هەوا خۆش بێ لە پێش هەموو شتێکیدا دەچینە حەسارێ. حەسارەکەیان زۆر جوانە، هەمووی دار و گوڵە، زۆریش گەورەیە. لایەکی حەسارێ، خاڵۆژنم پیواز و کەوەر و تەڕەتیزە و پنگ و هاروێ و شتی لێ چاندۆ، لە نێوەڕاستی حەسارێش حەوزێکی زۆر جوان و گەورەیان هەیە پرە لە باقۆ، هەر بۆیە فازل بە ماڵە خاڵە مەلای دەڵێ:"ماڵە خاڵە باقۆی!"

لەو بەری حەسارێش دەرکەیەکی کەسکی کاڵی تێدا هەمیشەش داخراوە. خاڵۆژنم دەڵێ ئەوە پرە لە مریشک و جوچک نایەوێ بێنە دەرێ وڵاتی لێ پیس کەن، جاری واشە دەرکەی دەکاتەوە ئەمە مریشکەکان ببینین.

هەر دایکم دەڵێ دەچینە ژوورەکەی خوارێ با منداڵەکان کاکم وە خەبەر نەهێنن، هەر خاڵۆژنم دەڵێ:"بە خوڵای، میرزا باجی گیان، نابێ!"
هەر دایکم دەڵێ:"براژن گیان بە خوڵای، منداڵەکان پێیانخۆشە لە حەسارەکەی بن."
دوای کێشەیەکی زۆر دەچینە حەسارێ، لە وێشڕا بۆ ژوورەکەی خوارێ، خاڵۆژنم پێیدەڵێ ژووری سارایە.
هێندەی پێ ناچێ باجە سارا لە ژێرخانێ دێتە دەرێ. دەستی دایکم ماچ دەکا و هەر خۆشی وە پەنا دەدا.
خاڵۆژنم پێی دەڵێ:"چایەکەی سازکە!"

دەڵێ:"بەڵێ، بە چاوان!"
دوایە دەڕوا هەتا ماوەیەکی پێ دەچێ بە کەشەفێک چاوە وە ژوور دەکەوێ.

لەو ماوەیدا، خاڵۆژنم باسی وەی دەکا کە چەندە لەگەڵ باجە سارای زەحمەتێ دەکێشێ هەتا فێرە کاری کا. دوایەش دەڵێ:"دەڵێی دارت لە سەری داوە میرزا باجی گیان!"

دایکم دەڵێ:"چۆن؟ خۆ پێموا بوو هەموو کارێک سارا دەیکا، قەت نابینم پشوو بدا."
خاڵۆژنم دەڵێ:"دیارە بۆخۆم بە ناشکوری ناڵێم عەولادم نێ، بەڵام وەکوو عەولادی خۆم زەحمەتی لەگەڵ دەکێشم!"

دایکم دەڵێ:"خوڵا عەزیز و خۆشەویستت لێ نەستێنێ! لەو دنیای ئەجرت بداتەوە، بە ناشکوری ناڵێم ئەو منداڵانە هەموو سەروپێچکە بوون, دایکیان عەمری خوڵای کرد. ئەدی ئەوە حەسیم لە کوێیە؟"
خاڵۆژنم دەڵێ چۆتە بازاڕی.

خاڵم پاش ماوەیەکی لە خەوێ هەڵدەستێ باجە سارا چای بۆ دەبا، خاڵۆژنم دەڵێ:"جا گوڵباجی گیان، باپرۆینە سەرێ!"
ئەمە هەمووومان بە پلیکاناندا وە دووی دایکم و خاڵۆژنم دەکەوین. لە قونیچکێکی ژوورێ تەختێکی لێ داندراوە، باڵنج و ڕووتەختی زۆر جوانی پێدا دراوە و پەردەکانیش زۆر جوانن.
خاڵە مەلا ڕوخساری وەکوو دایکم ناچێ هەر زاری پرێک شێوەی دایکم دەدا. کەڵەگەت و چوارشانەیە. لیباسی کوردی زۆر جوانی لەبەر دایە، پشتێندەکەشی وەکوو کا حەمەدی لە پێشەوە گرێ گرێ بەستۆ. خاڵم بە پێکەنینەوە بە خێرهاتنمان دەکا، دەستی بە سەرماندا دێنێ بەلام کەس ماچ ناکا.
عەکسێکی مارگرێتی، ئاغابانو بە سەرەوە، تفەنگ بە شانەوە، بە لیباسی پێشمەرگایەتێوە لە دیواری دراوە.

بە دایکم دەڵێ:"نەفیسە هەر وەک مارگرێتی دەچێ فاتم گیان، چاوی لێپکە!"
عەکسەکەی بە دایکم نیشان دەدا.
دایکم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"چوزانم کاکەگیان، لە مێشوولەش دەترسێ، یەک بەخۆی دەچریکێنێ، ڕەشوشین دەبێتەوە ئەگە زەرگەتەیەک، قالۆنچەیەک، شتێکی ببینێ."

خاڵم دەڵێ:"حەیە حەی، ئەوە نابێ، کچی کوردی کوا بێغیرەت دەبێ؟ بۆخۆم دوعای ترسێی بۆ دەنووسم. سبەینێ بەیانی دوای نوێژێ یەکێکی بنێرە!
دوای وەی لە مشەمات گرت لە ئاوێی هاوێ ئاوەکەشی بدەیە بیخواتەوە، دوعاکەشی لێ بدروو."

خاڵم و دایکم باسی تارانێ دەکەن و کاکە جەمیل و عەمەلیاتەکەی.

دایکم دەڵێ:"حەمەدەمین، خودا دەوامی عەمری بدا، پێی لێنەپرین. شەفیعیشم دیت دوو سێ جاران هاتە ماڵە مەسعودی. عەبدولڕەحمان هات سەری جەمیلیدا. بەڵام چاوم بە جەسیمی هەر نەکەوت.
کورەکان دەڵێن:`شوکور ئەفسەرە بەڵام لەوەتا ئەو ژنە عەجەمەی هێناوە هەر نای‌بینن.`"
خاڵم دەڵێ:"زۆر دەچێتە مەئموریەتێ. پیاو لە ئەرتەشیدا بێ، ئیختیاری خۆی لە دەست خۆیدا نیێ."

خاڵۆژنم میوە و شیرنی دادەنێ، خاڵیشم کەمێکی دەخوا و دەچێتە بازاڕی.

دایکم دەڵێ:"ئەدی سارا چی لێهات؟ براژن گیان، با چاوێکم پێ پکەوێ."
خاڵوژنم دەڵێ:"خۆ قەت نایاتە سەرێ، لە کن بابی دانانیشێ!"
دوای وەش هەڵدەستێ لەسەر پلیکانەکانڕا بانگی دەکا:"سارا، سارا، دا هەتا ئێرە وەرە، ڕۆڵە!"

دایکم بە زۆری باجە سارای لە کن خۆی دادەنێ، پێی دەڵێ میوەی پخوا، ئەویش هیچ ناخوا و دەڵێ:"ئەنگۆ فەرموون، پوورێ گیان!"
سەریشی هەڵناهێنێ و بە قونیچکی دەسماڵەکەشی هەر زاری خۆی دادەپۆشی.
دایکیشم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، ئەوە ئەتۆ شەرمێ دەکەی؟ لەگەڵ عەولادی خۆم هیچ فەرقت نیێ."
دوایە دایکم باسی براکانی بۆ دەکا و دەڵێ هەموویان شوکور چاکن، هەموانی دیتۆ لە تارانێ بێجگە لە کاکە جەسیمی. باجە ساراش دەست دەکا بە گریانێ، ناشڵێ بۆ دەگری.

کاکە حەسیمیش لە بازاڕی هاتۆتەوە. ئەویش زۆر وەک باجە سارای دەچێ. باریکو کەڵەگەتە، چاوەکانی چکۆڵە چکۆڵە و سپی پێستە، برۆی هەردووکیان باریکە. کەپۆشیان لە ئی دایکم و خاڵم درێژترە.

کاکە حەسیم لەگەڵ مە دێ هەتا بە تەنێ نەچینەوە ماڵێ.
لە ڕێیەش لەگەڵ دایکم هەر قسان دەکەن، بە دایکم دەڵێ:"ئەوە پوورێ گیان، کافری وەک خۆی نیێ، وای تێ مەگە، خۆی لە کن تۆ دەکاتە شتێکی دی. ئەو سارا بەدبەختە لە ساڵێدا ڕۆژێکی ناچێتە دەرێ. بۆ لای تۆش ناهێڵن بێ. کوا ئەتۆ قەت سارات لە هیچ کوێ دیتۆ؟
هەر خشتی پێ دەشوا، حەساری پێ دەشوا، کێشتی پێ لێ دەنێ. خۆ بۆخۆی هیچ ناکا، بێ‌ئینسافیش حەدی هەیە، هەزار تەعام بێ و پروا، هەزار میوە و شیرنی خۆ ئەمە چاومان پێی ناکەوێ، ئەوە هەر کێشەوەی دەکا بۆ ماڵە بابی. هەموو شتێک هەر بەرێ دەکرێ بۆ وان. یەک دوویەکیان دایمە هەر لێرەن کێشەوەی دەکەن. بابیشم خۆ ئاگای لێ نیێ، خۆ لە ماڵ نیێ، ناوێرم هیچ بلێم بە گژم دا دێ. هەر دەڵێی جادوو کراوە، هەموو ئیختیاری خۆی لە دەست باجیم ناوە."
دایکم لە جوابیدا دەڵێ:"خۆ نا ڕۆڵە گیان، کاکم زۆر چاکیش دەزانێ براژنم ئەو کێشەوەی دەکا بۆ ماڵە بابی، هەم لێرە، هەم بۆ دایکی لە تارانێ بەڵام هیچیش

نالێ. چاک یان خەراپ ئەوە شوکور کوڕەکانی تارانێ، هەر کەسە بۆخۆی دامەزراون، لێرە دوور کەوتوونەوە، ماوە ئەتۆ و سارا، نەخشە لەنگۆش بێ ئیشەڵا نەجاتوو بێ لە دەست براژنم."
کاکە حەسیم هەتا ماڵێ لەگەڵ مە دێ، دایکم پێی دەڵێ بێتە ژووری، دەڵێ:"سبەینێ دۆعاکەی بۆ نەفیسەی دێنم و دێم، ئەو ماڵە تازەم هەر نەدیتۆ."

###

ئەوڕۆ پەنجەرەکان بەستوویانە.
جەفعەر لەسەر شووشەکان بە نینۆکی نەقاشێ دەکا، هەمیشەش عەکسی دەریایەکی کە لۆتکەیەکی لەسەرە دەکێشێتەوە و تاوەکەشی لایەکی بە دەرەو و لایەکەی دیشی لەبن پەڵە هەورێکی دایە.

دەرێ زۆر ساردە و زریان هەڵیکردۆتێ. لە ژووری بەردەستان کورە گرفە گرف داییسێ. بابم و کاکە حەسەن لەگەڵ کاکەریمی چوونە مەراغەی هەتا کاکە جەمیلی بێننەوە. دایکم دەڵێ ئەوە لوتفی خودایە بەفر نەباریوە، دەنا ئەوەندەی دیش ڕێگاوبان سەخڵەت دەبوون.

لە ماڵێش هەموو لە هاتوچۆ دان، کەس‌وکار زۆرتریان هاتوون هەتا چاویان بە کاکە جەمیلی پکەوێ. هەموو دۆعایان دەکەن کە بە سڵامەتی بگەنە جێ.
باجە هەتاویش شیرنی "گوێفیلی" دروست‌کردۆ، چاوسەماوەریش تێ‌هاوێژراوە.
دایکم زۆر زۆر کەیفی سازە. دەڵێ:"چاکە جەمیل دێتەوە ماڵێ، ئەو نەخۆشخانانە یاخوڵا، هەر بەشی مامۆستا مۆشێ بن!"

پێش نیوەڕۆیە ماشێنی کاک کەریمی دەگاتەجێ، کاکە حوسین و کاکە مستەفاش هاتوون.
کاکەجەمیل کز بۆ، باڵتۆیەکی بۆری درێژی لەبەردایە، شاڵگەردنێکیشی لە سەروگوێلاکی پێچاوە.
هەموو بە سەف ڕاوەستاون، یەک بە یەک دەستی لە ئەستۆی دەکەن، ماچی دەکەن. زۆریشیان دەست دەکەن بە گریانێ.

لە ژووری نێوەڕاستێ سفرەیەکی جوان و دوور ودرێژ ڕاخراوە، کاکە مەزهەر و کاکە مستەفا لە سەرێ، باجە ئامین و باجە زاراش لە خوارێرا هەرچی
باجە خەجیج و باجە هاجەر دەیان‌دەنێ دەیبەنە سەر پلیکانەکان لە وێشڕا کورەکان وەری‌دەگرن و لەسەر سفرەی دادەنێن.

دێدە کوورەی هەموو ژوورەکانی پێوەناوە، ماڵەکە گەرم و خۆشە، تاو وبانێکی جوانیش هەڵاتۆ.

پاڵەوپشتی بۆ کاکە جەمیلی دادەنێن و چای بۆ هەموو موسافیرەکان تێ‌دەکەن، دایکم دەڵێ:"با نێوزگتان گەرم بێتەوە!"

کاکە حەسەن دەڵێ:"چاچاو، جەمیل شا، بە خولای وا نە دڕاوی بدرویەوە، ئامۆژنم ئەوەندەی دیش بەدعەمەلت دەکا!
ئامۆژن، ئەوە ئیدی ڕۆژنامەکەی وڕادیۆکەشی لە پەنا دانێ هەر بە کولی تەواو دەبێ!"
هەموو دەست دەکەن بە پێکەنینێ.
کاکە حوسێن قاقایان دەکێشێ و دەڵێ:"چاکە شوکور ئامۆژن، جەمیلیش بە سڵامەتی هاتەوە، چاوودڵمان ڕوون، دەبێ شیرنیمان بدەیەی!"
دایکم دەڵێ:"جا بە چاوان! هەرچی بڵێن بە قوربانتان بم، شیرنی لەسەر چاوم!"
کاکە حوسێن دەڵێ:"ئەوە سەرما داهاتۆ، سەنگەسیرێکی کەروێشکان چۆنە؟"
دایکم دەڵێ:"بەسەر چاوم بۆتان لێدەنێم. هەر ئەنگۆ و سەنگەسیر."

###

ماڵە مامە حەمەدەمینی چوونە سەردەشتێ.
بابم دەڵێ:"حەمەدەمین بۆتە ڕەئیسی ئیدارەی قەند وشەکری، کارێکی چاکە، پووڵێکی چاکی دەدەنێ. خانووشیان بە خۆڕایی داوەتێ تێیدابێ. ئەو خانوو و شتەی ئێرەشی بە مەدرەسەی کچان بە کرێ داوە هەتا دێتەوە."

کاکە جەمیل مەدرەسەکەی چۆ. بابم پێیدەڵێ لەماڵێ خەریکبێ هەتا زۆر وەپاش نەکەوێ، بەو زستانە سارد و سەرمایەی باشترە لە ماڵێ بێ هەتا ڕیسەکەی دوکتوران نەبێتەوە خورى، ئەویش خەریکی ڕادیۆ و خەبەرو ڕۆژنامە و کتێبخوێندنەوەیە.

بابیشم لەگەڵ ڕەئیسی دەبیرستانەکەی قسەی کردۆ، کتێب و شتی بۆ کڕیوە هەتا لە ماڵێ خەریک بێ دوایەش ئیمتحانێ موتەفەریقەی بدا.
دایکیشم پێیدەڵێ:"ساغ و سڵامەتیت موهیمترە لە چوونە مەدرەسە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"وا نێ، ئەمن لە هەموو ڕەفیق و هاوکلاسیم وەپاش کەوتووم، زۆریش خەراپە."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەگە پیاو لەشی ساغ نەبێ با ئەوە `پرۆفسۆر شەمسیش` بێ بە کاری چ دێ؟"

دایکم زۆرتر خەریکی پەردەی ژوورەکان و جێبەجێ کردنی ماڵێیە، بۆ وەی دوای گوێستنەوەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە تارانێ بۆ، دەرفەتی وەی نەبۆ ئەو ماڵەی ڕێکوپێک کا.
لە خەڵوەتێ ئێغدانی لیباسی داناوە، تەنەکەی قەند و شەکر و ڕۆن و شتی واش هەر لە خەڵوەتێ دایە. شگافەکەی ئاغای عارفیش ڕەنگی کردۆ هەر لێرە داندراوە. پێموایە ئەو شگافە ئەگە وە بەر چاوان دێ لەبەر ڕەنگە جوانەکەیەتی. ئاغای عارفی ڕەنگی شینی لەگەڵ سپی تێکەڵ کردۆ بە جورێکی کە ڕەنگە شینەکە وەکوو دەریای دەچێ، سپێکەش دەڵێی کەفی قەراغ دەریایە، وەختێکی شەپۆلان لێ دەدا.
زۆرجاران لە دایکمان پرسیوە چۆن ئاغای عارفی ئەو شگافەی ئاوا ڕەنگ کردۆ، چوونکە هەموو شتێکی دیکە هەر ساکارە و هیچ نەخش ونیگارێکی نێ.

دایکم هەمیشە دەڵێ:"بەخولای، ڕۆڵە، بڵێم چی؟ دوو ڕۆژان هەر خەریکی ئەو تاقە شگافەی بوو. کەس پێی نەکوت چۆنی ڕەنگ کا بۆ خۆی ئەو نەخش ونیگارەی هەڵبژاردۆ."

کاکە جەمیل زۆرتر لە ماڵێیە. کتێب و ڕۆژنامە و مەجەلەی دەخوێنێتەوە، خەبەران گوێ دەداتێ. لێرە تاقەکان بەریان تەسکە، ڕادیۆکەش زۆر ئەستوورە، لە سەر میزێکی لە نزیک پەنجەرەکەی ژووری بەردەستان داندراوە. وەختی خەبەران کەس چرتەی نابێ پکا بە تایبەتی ئەگە کاکە جەمیل لە پێشدا پێمان بڵێ "خەبەر، ئەورۆ زۆر موهیمە!"

بابم دەڵێ:"ئەوەندە بەفر باریوە ڕێگای قەتاری مەراغە - تارانێی بەستۆ."
ڕۆژێکی سەرما، زۆر سەخڵەت نەبێ، کاکە جەمیل دەچێتە ماڵە مامم و لەوێشڕا لەگەڵ کاکە مستەفای ذەچنە دەرێ. دایکم لە لایەکی حەول دەدا هەر لە ژوورێدا ڕایگرێ، هەتا هەوا خۆش دەبێ لە لایەکی دیشەوە دەگری و دەڵێ:"خودایە بە قوربانت بم، ئەو نەهاتێ چ بوو تووشی ئەو بەستەزمانەت کرد؟"
بابم پێیوایە خەتاکە لە کاکە جەمیلێ و دەڵێ:"ئەگە هەر ئەو دەمی سرودی شایان دەخوێند لە جێی خۆی هەستابا لە زیندانێیان نەدەکرد، دە زیندانێدا نەبا، ئاویان لەباڵ نەدەکرد، ئاویشی لەباڵ نەکرابا سەتڵوجەمی نەدەگرت و حاڵی ئەو حاڵە نەدەبووا!"

ئەو ماڵە تازە عەیبی زۆرە، لە هەمووی خەراپتر ئەوەیە هیچ کوێمان لێ دیار نێ، دەڵێی لە قوتووی داین.
هیچ پەنجەرەیەکی ناڕوانێتە سەر مزگەوتێ یا هێلانەی حاجیلەگلەگەکان. پەنجەرەیەک دەڕوانێتە سەر کوچەی ماڵە حاجی قاسمی، جارجار خەڵکی پێدا دێ، لای ئێوارانیش کچەکانی ماڵە حاجی قاسمی ئەگە هەوای خۆش بێ دێنە بەر دەرکەی. بە زستان ئەوەندەش نابینین. پەنجەرەکەی سەر دەرکەش ناتوانین پکەینەوە بۆ وەی محەجەری نێ، هەر بیشیکەینەوە قرتە قرت و تەقە تەقێک لەو خانووبەرەی بەرامبەرمان دێ دەڵێی تۆ و سەرداری دەبرژێنن.

ئەو خانۆ "سازمانە."
دوو سێ پیاوی قەڵەو قەڵەو لە بەر پەنجەرەکانیان دێن و دەچن هەر تەماشای سەرێ یا بەردەرکی مە دەکەن. دایکم بە بابمی کوتۆ زۆر ئەو پەنجەرە و دەرکە بێئابڕوون لەبەر ئەو سازمانەی، بابم گۆیا بە جەنابی شێخی دەڵێ، ئەویش بە ڕەئیسەکەیان دەڵێ، چاو لە ماڵە مە نەبڕن!
بابم حەسیرێکیشی کڕیوە بە پەنجەرەکەیەوە گرتۆ. هەتا نەتوانن چاو لە ژوورێ پکەن. هەموو شووشەکان پەردەیان پێوە گیراوە، سەرباقی وەش لە بەر سازمانی، پەردەی ئەستووری درێژ لەسەرڕا هەتا خوارێ بە هەموو پەنجەرەکانەوە هەڵاوەسراوە.

دایکم هەر لە هەوەڵێرا ئەو خانۆی خۆش نەویستۆ. جا ئێستاش لەبەر ئەو سازمانەی ئەوەندەی دیکەش ئەو خانۆ تازەی لەبەر چاوی کەوتۆ.
هەمیشە بە بابم دەڵێ:"ئەتۆ مەگە نەد دەزانی ئاوایە، خۆ ئەوە ئەمە بایەکمان لێ بێتەوە، بۆنەکەی بۆ ئەو ئیدارەی دەچێ! ئاگایان لە هەست ونیستی مە هەیە، دایمە

چاویان له ماڵه مه پڕیوه. دوو سێ ڕۆژی دی کچی جحێڵت له ماڵێدا دەبێ، بووکەکە دێتەوە، ئەو سەگبابانەش ئەوە ڕۆژ هەتا ئێواری لەبەر ئەو پەنجەرانەن.
خزمۆکەسیش خۆ کەس ناوێری بێتە ئێرە، ئەوە چاویان تێدەبڕن هەتا دەرکەیان لێ دەکەینەوە."
دیارە دێدەش هەر وەک دایکم زۆر بەو جیرانەتێی ناڕەحەتە و لە هەموو فرسەتێکیدا باسی دەکا.
بابم دەڵێ:"هەتا ئەوانە بە ناشیرنی نەبزوونەوە، هیچیان لەگەل ناکرێ. دەرکوپەنجەرەی خۆت دەبێ داخەی و پەردەش بە هەموو جێیێکێوە بگری، هەر ئەوەندەش بەسە."
دێدە دەڵێ:"بە ناشیرنی ببزوونەوە چ ما بە گۆری بابیاندا ناڕێنم. چ تواناییان هەیە بە ناشیرنی بیزوونەوە؟"
کورەکان دەڵێن ئەوانە بە مەنزوری چاو لە ژنان کردن نایەنە بەر پەنجەرەی، جاسوسن.
دایکم دەڵێ:"جاسوسی چی ڕۆڵە؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەو ئیدارەیە تازە پەیدا بۆ، کاری ئەوەیە بۆ دەوڵەتێ جاسوسێ پکا، بزانی خەڵک دەڵێن چی و باسی چ دەکەن؟ جاسوس ئیدی! لە نیو خەڵکیشدا جاسوسیان هەیە."

دایکم دەڵێ:"ئەپەڕۆ! چۆن بابەکەم!؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"مەسەلەنن بابم عەمباڵێکی دەنێرێتەوە ماڵێ شووتی و کالەکی بێنێتەوە، ئەتۆ خۆ نازانی ئەو عەمباڵە جاسوسی سازمانێ یا نا. یا ژن و من ئەو ماڵ و ئەو ماڵێ دەکەن، لە نێویاندا جاسوسی سازمانی تێدا. مواجیشیان بۆ دەبڕنەوە."
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە چۆن شتی وا دەبێ؟ چۆن خەڵک غیرەت و ناموس و شەرەفی خۆی بە پووڵ دەفرۆشێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەدی ئەتۆ پێتوایە `جاش` چێ؟ `جاش` خۆفرۆشە. هەموو شتێکی بە پووڵ دەفرۆشێ، غیرەت و شەڕەف و هیچ ئەوانەشی نێ. کەسێکی شەڕەفی هەبێ لە برسان دەمرێ بەڵام خەیانەت بە وڵات و میلەت و کەسوکاری خۆی ناکا."
دایکم دەڵێ:"جا ئەوە ڕۆڵە، چۆن حیسان دەزانێ یەکێک جاسوسی سازمانێ یا نا؟ خۆ نایەن پێد بڵێن!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"کارێکی گران نێ. ئەوانە وەختێکی لە یەکێکی ڕاپۆرتێ دەدەن، ئەو کەسەی بانگ دەکەن، لە سازمانی قسەی لێ دەپرسن، جاری واشە کابرای دەگرن لە زیندانێی دەکەن، ئەوەی دەچێ بۆ "بازجویێ"، دەزانێ لەگەڵ کێ قسەی کردۆ، چی لە کن کێ کوتۆ، کێ ڕاپۆرتی لێ داوە.
بەعزە جاسوسێکیش خۆیان ناشارنەوە، بە عالەمی ئاشکرا دەچنە سازمانی و دێنە دەرێ دەڵێی ئاوی دەخۆنەوە."
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان، ئەگە وایە هەر باسی سەرە، حیسان قسانیش ناوێری پکا."
کاکە جەمیل دەڵێ:"دەبێ حیسان زۆر وشیار بێ لە کن ئەوانەی نازانێ ساواکین یا نین قسەی بە جورێکی نەکا."
دایکم دەڵێ:"ساواکی چێ ڕۆڵە؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"`ساواک` نێوی ئەو ئیدارەیە،" بە دەستیش ئیشارە بە سازمانی دەکا دەڵێ:"بە فارسی نێوی `سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعاتی کشوەرە`، خولاسەیان کردۆتەوە بۆتە `ساواک.` بە کوردیش یانی ئیدارەی جاسوسی بۆ دەوڵەتێ."
دایکم دەڵێ:"ئەدی ڕۆڵە، ئەوانەی کاری لێدەکەن، ئەو پیاوانەی دایمە لەبەر دەرک و پەنجەران هەڵدەوەستن و ڕادەوەستن عەجەمن؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بەعزێکیان عەجەمن، بەعزێکیان کوردن و خەڵکی سابڵاغێشن!"
دایکم زۆر بە ناڕەحەتێوە دەڵێ:"کورە نا، شتی وا نابێ، چۆن سابڵاغین؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"هەتیوە هیچوپووچ و بێکارە و خوێری، کەسێکی ئیحترامێ بۆخۆی و خانەوادەکەی دا بنێ کاری وا ناکا."
دایکم دەڵێ:"ئەدی ڕۆڵە ئەوە بابت ئەو شتانە نازانێ؟ بۆ ئەمنی هەڵپێچا بوو دەیکوت`دانیشگای` چی؟ تارانی چی؟ لێرە ئەوە کاروکاسبی هەیە. کورەکان دوای دیپلۆمی دبیرستانی دەکرێ یا لە بانکێ یا لە سازمانی دامەزرێن.` "
کاکە جەمیل دەڵێ:"بابم سادە و فەقیرە، هەر چێکیش جەنابی شێخی پێیبڵێ دەڵێ وایە!
لێی ناکۆڵێتەوە. ئەمەش کە پێیبڵێین هەر قسەی جەنابی شێخی باوەڕ پێ دەکا. نازانێ `ساواک` کاری چیێ."
دایکم دەڵێ:"جا چۆن شتی وا دەبی!؟ ئەوە دەبێ بۆی ڕوون کرێتەوە. دەنا باسی سەرە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئا ئیدی! ئەوەی کە ئی خۆمانە و نازانێ دەبێ بۆی ڕوون کرێتەوە. لە مەجلیسان و لە لای ئەوانەی نایانناسی نابێ قسە لە سیاسەت و ئەوەی پکەی یا جنێو بە شا و داروەدەستەکەی بدەی."
دایکم دەڵێ:"جا چانێ ڕۆڵە گیان، ئەتۆ ئاوا بۆت لە بنی دەهۆڵێ دام، دەنا ئەمنی فەقیر لە کوێ دەزانم ئەوە چ ئیدارەیەکە. ئەوەم پێ سەیر بوو، هەرچی ئیدارە و سوڵحیەیە لە لای چوارچرا و سەر چۆم و ئەوانەن، لە نێو ماڵاندا نین، ئەو سازمانەش هاتۆتە نێو ماڵان و نێو خەڵکی."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەدی ئەوە بۆیە وەکوو شتێکی لە نێو ئەو کوچە و موچانەدا خۆیان شاردۆتەوە."
دایکم دەڵێ:"یاخوڵا، ڕۆڵە، ئەوەی عەولادی خەڵکی بە تەڵەوە دەکا، ڕوورەشی دەرکی خوڵای بێ، دەستی شەل بە چاوی کوێرەوە گرێ."

###

زستانی دوور و درێژ و سارد و پڕ لە بەفری سابڵاغێ وردە وردە بەرەو بەهار دەچێ.
دایکم پێیوایە هەر ئەوەندە بابم پنگ و ئەسپینگ و کیفۆکی کڕی بەهارە.

دوای وەی هێندەی پێ ناچێ کورەکان دیسان وە شاخوکێوان دەکەونەوە. "کێلەبەردان" و "کانیشێخان" و "فەقرەقا"و "پردی سوور" و "کونەکۆتران."

کاکە جەمیل پرێک چاکترە زۆریش کەیفی سازە چونکە هەرچی هەوا بەرەو خۆشی پچی، زۆرتر دەتوانێ پرواتە دەرێ.

دایکیشم دەڵێ دەبێ خۆی حازر کا بۆ چوونە تارانێ هەتا ئەوچەل لاقی جەفعەری عەمەل کەن. دیارە دەڵێ ماڵی بەهار و هاوینێ زۆر زەحمەتە بەڕەڵای کەی، چونکە کاری زۆرە.
دێدە پێی دەڵێ:"هەتا جەفعەر مەدرەسەکەی خەلاس نەبۆ خۆ بۆ تارانێ ناچن، هەتا ئەو دەمیش خوڵا گەورەیە زۆر کاران جێبەجێ دەکەین، شیوی چۆمی با نەچین هەتا دێنەوە ئیشەڵا، مرەبای ئاڵوباڵو و شەربەتەکەی دروست دەکەین چونکە بۆ مەسعودی دەبەی. گیاوگۆڵ ئیشک کردن، هیچ نێ، ئەمن بۆخۆم لەگەڵ کچەکان بەعزە شتێکی دەکەم، نیگەران مەبە."
دایکم دەڵێ:"جەفعەر چکۆڵەیە ناتوانم خۆ وەکوو جەمیلی بە جێی هێڵم بگەڕێمەوە ئێرە، دەبێ لە وێ بم، هەتا بۆ وەی دەبێ بیهێنمەوە."
دێدە دەڵێ:"جا لەگەڵ کاری خوڵای چمان پێ دەکری؟
ئێرە هەر نیگەرانی ناوێ، ئەوە شوکور خەجیجە، هاجەرە، هەتاوە، خات خاتون و زارا و خاتو ئامینیش لە وێ ڕاوەستن."
دایکم دەڵێ:"خۆ دەزانم دێدە گیان، ئەمن بە هەوبای تۆ نەبێ خۆ ئەو ماڵوحاڵ و منداڵەم بۆ کەس بەجێ ناهێڵم، ئەتۆ لێرە بی ئەمن دڵنیام."
دێدە دەڵێ:"ئا! ئا! کچێ، چ خێری خوڵای بوو؟ خۆ ئەتۆ بە ناشکوری ناڵیم ناچێ سەر شاییە. ئەوە موقەدەرە، وای هێناوە.
ڕوو لە ئاسمانێ دەکا و دەڵێ:"زۆر شوکور خوڵایە، هەر بۆخۆت فەریادڕەسی داماوانی، ڕووناکایێکمان بۆ پکە ئیشەڵا، ئەوە بە ناشکوری ناڵێم یەک بە دوای یەکێدا دەبێ ئەو کوڕانە بەرێ سەر حەکیمی. ئەگە ئەمن یاریدەت نەدەم، ئەدی کێ بیدا؟"

هەوروهێڵەیە، ئاسمان دەست دەکا بە ناڵە ناڵ و گرمە گرمێ.
ئەمن زۆر لە هەورەتریشقەی دەترسێم، هەڵدێم بۆ لای دێدەی.
ذێدە دەڵێ:"حەیە حەی کوێشتیر، جا چۆن ئەتۆ ئاوا لە گرمەی هەوران دەترسێی؟ بەو گرمە گرمەی کارگ لە عەرزی دێتە دەرێ، باران دەبارێ هەتا گیاوگۆڵ شین بێ، بەهارە، وەڵا تەواومان کردا!"
دایکم دەڵێ:"خۆ نیوەشەویش گوێی لە دەنگی هەوران بێ بە هەڵات هەڵات دێ دەچێتە کن بابی. قۆڵی بابی لە باوەش دەکا و خەوی لێ دەکەوێتەوە هەتا بەیانی. خەون و شتی بە جورێکیش ببینێ، هەڵدێتە دەرێ لە ژوورەکەی خۆیان، یەکسەر بۆ لای بابی، قەت ئەمنیش هەڵناستێنێ، بۆ لای من هەر نایا، کوڕەکان هەر هاتوون بۆلای من!"

دێدە دەڵێ:"ئاخە ئەتۆ ترساندووتە، ئەو منداڵە فەقیرە شریخەی تۆی گوێ لێ دەبێ لە ترسان میزی بە خۆیدا دەکا، لێت داوە، بۆ لێ ترسانێ زۆرت لێ دەترسێ بەڵام بەقات پێ ناکا هەر بۆیە نایا بۆ کن تۆ."

دایکم دەڵێ:"جا ئەگە لێمدابێ یا لاقم سووتاندبێ، هەر لەسەر تەربیەت کردنی خۆی بۆ."

دێدە دەڵێ:"جا کوا منداڵ بە لێدانێ چا دەبێ؟ هەر چەقەسرۆ دەبێ، کە گەورەش بوو هەر لاپ جواب ناداتەوە. منداڵ هەر بە خۆشی، بە مولایمی دەبێ لەگەڵی ببزویەوە. هیچیش نازانێ، بۆیە نێوی منداڵە، دەبێ هەموو شتێکی پێبڵێی و فێری کەی. خەتایەکیشی کرد، ئەگە بۆی ڕوون کەیەوە بۆچی نابێ ئەو کارەی پکا، چاکتر حاڵی دەبێ هەتا بە هەرا هەرا و زیقەزیق و داغ کردنێ."

دایکم دەڵێ:"مەزهەرم ئەگە داغ کردۆ، جوابی نەداومەتەوە، وەختی خۆی نەهاتۆتەوە ماڵێ، هەر لەگەڵ ڕەفیقان بۆ، کچەکەشم ئەگە داغ کردۆ هەر ئەو جارەی لەسەر نەقڵی شەربەتی بازاڕی بۆ."

دێدە دەڵێ:"چاکە، جا ئەتۆ هەر بۆ خۆت فیکری لێپکەوە، منداڵی چوار پێنج ساڵان لە کوێ دەزانێ عەیبە چیێ؟ کوڕەکان شوکور جحڵێن دەڵێن بۆ عەیبە پچی لە بازاڕی بڵێی شەربەتم بۆ بکڕن بۆ دایکم؟ منداڵ کوا ئەو شتانە حاڵی دەبێ؟"
دایکم دەڵێ:"جا با نەقڵێکت بۆ پکەم، زێنەبی خوشکم لە خەوێدا قسەی دەکرد، ئەمەش هەموو منداڵ بووین، سەروپێچکە، بابیشمان عەمری خوڵای کرد بوو هەر سێک کچەکان و سەمیعی جوانە مەرگ، ئەوەندەی خاک لەسەر ئەوێ ئەوەندە عومری عەزیز و گوێدێران بێ، هەموو سەغیر بووین.
دایکم زۆر لە وەی ناڕەحەت بوو، باجیم هەر چی لە ڕۆژێدا دەیبیست، بە شەو لە خەوێدا دەیگێڕاوە، چ پکەین، چ نەکەین؟ شەوێکی کاکە محێدین و دایکم، شیشەیان سوور کردەوە زمانیان لە خەوێدا داغ کرد!"
دێدە قەندی دەشکێنێ، دەست ڕادەگرێ مەحتەل ماوە، تەماشای دایکم دەکا و دەپرسێ:"لە خەوێدا؟"
دایکم بە جورێکی دەڵێ:"ئا! ئا! ئەرێوەڵا، لە خەوێدا!"
دەڵێی هەر مەنزوریشی نەبۆ لە بەر چاوی وی زمانی خوشکەکەیان سووتاندۆ!
دێدە دەڵێ:"چاکە کچی قەلەندەر شێتیش نەبۆ! زۆر کەس ئەگە لە خەوێ رایانپەڕێنی یا بەڵای ئاوایان بەسەر بێنی خوودار دەبن!"
دایکم بە شانازێوە دەڵێ:"ناوەڵا، ئەوە خۆ دیتووتە، نە شێت بۆ و نە هیچ! بەڵام بە دوای ئەو داغ کردنەیدا قەتقەت لە خەوێدا قسەی نەگێڕاوە!"

باران خرمەخرم دەبارێ و خۆی لە پەنجەرەکان دەدا و دەیانشواتەوە. هەورەکان گرمەگرمیان زۆر کەمتر بۆتەوە. جاروبارە ئاسمان بە بروسکەیەکی ڕووناک دەبێ. ئەمن هەر وا لە کن دێدەی دانیشتووم، چاویشم هەر لە بارانەکەیە.

دێدە دەڵێ:"بریا لێی پکاتەوە، کەر لە قوڕی کوچەوبانی سابڵاغێ دەرناچێ! ئەمن و ئەتۆش دەبێ پرۆینە سەرەخۆشێ بەخێر و دووشایی."
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ خۆ ڕاست دەکەی، هەر لە بیرم نەبوو، ئەوەندە خودا ڕۆژی کردەوە پیاو کار وکوێرەوەری بە سەردا دەبارێ."
دێدە دەڵێ:"ئەوەی خەراپ، دووریشە. ئەوە براژنم و خەجیجیش کوتیان دێن. مرێمیش کوتی ئەگە پێی بکرێ دێ. قەرارە دوای نانوچای نیوەڕۆیە بێنە ئێرە."

بە سەبرایەکی لە دێدەی دەپرسم:"دێدە بۆ کوێ دەچی؟ ئەمنیش بەرە."
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! دەچینە سەرەخۆشێ، منداڵان نابێ پچنە سەرەخۆشێ."

دەڵێم:"سەرەخۆشی یانی چی دێدە؟"
دەڵێ:"وەختێکی کەسێک بمرێ، ئەو خزم و ئاشنا و جیران و ئەوە دەچن بۆ لای ئەو کەسانەی مردوویان لێ مردۆ، دڵخۆشیان دەدەنەوە، پێیان‌دەڵێن بۆخۆیان سلامەت بن، عومری درێژیان بۆ عەزیز و خۆشەویستیان بەجێ هێشت بێ. ئاوا باپیرم!"

###

دایکم و جەفعەر و فازل چوونە تارانێ.
دێدە ڕۆژی حەمامێ نەبێ وەکی دی هەر لێرەیە. جاری واشە لێم قەڵس دەبێ دەڵێ نابێ بەهانان بگرم و خۆم کەر کەم! بۆ وەی دایکم جەفعەری بردۆ بۆ عەمەلیاتێ، فازلیشی بردۆ بۆ وەی بە بێ دایکم ناحاوێتەوە، دەشڵێ ئەتۆ، بە بێ دایکت دەحاوێیەوە.
دێدە زۆری کار هەیە، ئەمنیش بە تاقی تەنێم، کەس نێ قوماری لەگەڵ پکەم. ئەگە دێدە لە ماڵە مە بێ هەر وە دوای وی دەکەوم، ئەگە لە حەمامێش بێ لە نێو پەنجەرەی ژووری بەردەستان دادەنیشم و دەگریم.
جارجاریش باجە خەجیج دێ کوبی لەگەڵ خۆی دێنێ، یا ئەمن لەگەڵ خۆی دەباتە ماڵە خۆیان هەتا وەڕەزیم بە سەر پچێ.

ئەورۆ لە سەر نانی کابرای تیلگرافخانەی دێ. بابم دەڵێ مەسعود خەبەری ناردۆ عەمەلەکەیان کردۆ و جەفعەر شوکور چاکە نیگەران مەبن.
دێدەش بە گریانەوە دەڵێ:"ئەلحەمدولیلا!"
سەری هەڵدێنێ دەڵێ:"خوڵایە، زۆر شوکور بە ڕەحمەتت، بە کەرەمت."
دوایە لە بابم دەپرسێ:"ئەدی چی دیکەی تێنووسیوە؟"
بابم دەڵێ:"هەر ئەوەندە، تیلگراف دوو سێ کەلیمە زۆرتر نێ، بۆ وەی گرانە وەکوو کاغەز نووسینێ نێ، بە بیست و چوار سەعاتان دەگاتێ، کاغەز مەگە موسافیر بیهێنێ دەنا پازدە شازدە ڕۆژان لە ڕێیەدا دەبێ. خاترجەم مەسعود کاغەزیش دەنووسێ، خودا عەمەدرێژی کا، لە خودای بە زیاد بێ، کوا کێ کوری وای هەیە؟"
دێدە دەڵێ:"خوڵا هەموویان عەمەدرێژ کا، لە خوڵای بە زیاد بن شوکور هەموو زۆر عاقڵ و بە ئیحترام و بێ فروفێڵن. لە چاو منداڵی خەڵکی دەڵێی مەلایکەن!"

دوای نان‌وچای ذێدە ئەمن دەبا و دەچینە ماڵە جەنابی شێخی، دەڵێ سەرێکی باجە مرێمێ دەدەین و ئەمنیش لەگەڵ منداڵەکان قوماری دەکەم.
دوایەش لەگەڵ باجە مرێمێ دەچین سەری مامم دەدەین.
مامم زۆر بە زەحمەت قسان دەکا، دیارە زۆری پێخۆشە کە جەفعەر چاکە و عەمەل کراوە. بە زەردەخەنەیەک بە لێوێوە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، هەر دووک دەستەکانی بە لەرزە لەرز لە بن لێفەکەی دەردێنێ و چاوی لە میچی دەبڕێ و دەڵێ:" ئەلحەمدولیلا! ئەلحەمدولیلا، خودایە، زۆر شوکور!"

###

دایکم و جەفعەر و فازل لە تارانێ هاتوونەوە.
خزموکەس و دۆست و ئاشنا و جیرانی کۆن‌وتازە هەموویان بە دایکمەوە دێن.
دایکم دەڵێ دوکتور کوتوویەتی، جەفعەر دوای ئەو عەمەلیاتەی کردوویانە، کەمتر لاقی لە دوای خۆی دەخشێنێ و وردە وردە لە جیاتی وەی هەر بە لاقێکی بڕوا، دەتوانێ لاقەکەی دیکەشی لە عەرزی دانێ و پێی بڕوا. بەڵام بەداخەوە بە نێوانی ساڵێک دوو ساڵان دەبێ جارێکی دیش عەمەل پکرێ. جا ئەوچەل چاکتر دەبێ و ئەوەندە ناکەوێ.

خاڵە بابەدین وباجە ئامین هەموو ڕۆژێ دێن. وەختێکی دایکم لە تارانێ بوو هیچ‌کامێکیان نەدەهاتن.
لە خاڵۆژنەکانیش هەر خاڵۆژنە سوعدا جارێکی هات و بە دێدەی کوت:"خات گوڵێ گیان، ئیدی ئەوە هاتووم پێت‌بڵێم هەرکارێکی هەتە بەسەر چاوم جێبەجێی دەکەم، هەرچی لە دەستم دێ، مشکلۆزمەم بی ئەگە زارایەک کەسێکم لە دوو نەنێری. خۆ بە خوڵای ئەمن ئەو منداڵانەم لە چاوی خۆم خۆشتر دەوێ، دەجا میرزاباجیش هەر وەکوو خوشکی خۆمی چاو لێ‌دەکەم بە شێخ کەماڵ."
دێدە خاڵۆژنە سوعدای خۆش دەوێ، دەڵێ زۆر نەجیب وخانەوادەیە.
باجە زاراش دەڵێ:"کەس خانم نێ بۆخۆی نەبێ، زۆر بە ئیحترامە، سەروزمان خۆش و قسە خۆشە. ماڵوحاڵی دەڵێی ماڵە شایە."

دێدە بە دایکم دەڵێ زۆربەی کاروبارەکان کراون. شیوی چۆمی نەبێ، دەنا باجە خەجیج هەرچی کاری دیکەیە لەگەڵی جێبەجێ کردۆ.
دایکم دەڵێ هەتا هەوا وبان خۆشە دەبێ شیوی چۆمیش پکەین.

دایکم بۆ دێدەی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"هێندە تاران ناخۆشە، ئەو دوو مانگەی هەر دەت‌کوت لەسەر ئاورانم! زبێد و مەسعود بەیانی دەچوونە سەر کار، ئەمن گیانێکی خودام هەر بە حەمەدەمینی برازام بوو. دەهات منداڵەکانی دەخافڵاند، دەیبردینە دەرێ. چەند جاران ئەمنی برد بۆ بیمارستان سەری کورەکەی بدەم، وەکی دیش هەر نەیدەهێشت نەفەسێکی ناڕەحەت بین. حیکایەت و هەزار شێر وڕێوی دێناگۆڕێ و هەموانی وە پێکەنین دەخست. خودا عەمەدرێژی کا زۆر قسە خۆش و سەروزمان خۆشە."
ماڵە کورەکانی خاڵە مەلای لە تارانێ لە ماڵە کاکم زۆر نزیکە. دایکم دەڵێ هەموانی زۆر چاو پێ‌دەکەوت
بەڵام کاکە جەسیمی هەر نەدیت.

دایکم و دێدە و بابم هەر بە نۆرە دەچن سەری مامە قادری دەدەن. هەر یەک دێ و یەک دەڕوا. ئیدی ئەمە لەگەڵ خۆیان نابەن.
دێدە دەڵێ:"بەداخەوە هەر ئەورۆ ئەورۆیەتی."

###

ئەورۆ دێدە و دایکم بۆ نانی نیوەڕۆیەش نەهاتوونەوە.
باجە ئامین هەموو کارەکانی کردۆ و کێشت و شتی لێ ناوە، خاتو ئامینیش لێرەیە کۆمەگی دەکا.
وەختی نانوچای باجە ئامین دەڵێ:"هەر ئەوەندەیە نازانم چەندە شۆرباوی لە قابەکان کەم، برینجەکەش هەر وا لە بلۆتێکی دەکەم لە نێوەڕاستی سفرەی دایدەنێم، گۆشتەکەش هەر وا، جا بە کورەکانیش دەڵێم بۆخۆیان لە خۆیانی بەش کەن."
کاکە مەزهەر دەڵێ:"جا ئاوا هەموو `زگ` دەیخوا! بەشی کەس ناهێڵێ!"
باجە ئامین پێدەکەنێ دەڵێ:"کورە نا بابەکەم چۆن شتی وا دەبێ، ئەو هەمۆ گۆشتە کوا بە تەنێ بە کاک عوسمانی دەخورێ؟"
کاکە مەزهەر دەڵێ:"ئەتۆ نایناسی! دێوێکیش بە تەنێ دەخوا، بۆیە نێومان ناوە `زگ`!" دوایە هەردووکیان دەس دەکەن بە پێکەنینێ.

دوای نانوچای ئەمن خۆم دەدزمەوە دەڕۆم. بە کوچەکەی ماڵە حاجی حەمەڕەشیدیدا هەڵدێم هەتا دەگەمە نزیک ماڵە جەنابی شێخی. هەر پرێک دەڕۆم و ئاورێکی دەدەمەوە هەتا بزانم کەس بە دوومدا نەهات بێ. دەزانم کارێکی خەراپم کردۆ بەتەنێ لە ماڵێ هاتوومە دەرێ بەڵام دەمەوێ بزانم بۆ دێدە و دایکم و بابم نایەنەوە ماڵێ.
دەگەمە بەر دەرکی ماڵە مامە قادری، ئاواڵەیە، دوو سێ پیاویش لە پێش مندا دەچنە ژوورێ.
لە داڵانی بزنەکان بە هەڵات هەڵات دەڕۆمە حەسارێ.

حەساری ماڵە مامم پڕە لە پیاو. هەر لە قونیچکی دیوارەکەی ڕادەوەستم. مەنجەڵی گەورە گەورە لە حەسارێ داندراون. ئەوجورەی دێدە و دایکم جاروبارە ئاورگیان "لە حەساری خۆمان" هەڵدەبەست و ئاویان وەسەر دەنا بۆ شیوێ، لێرەش هەر وایان کردۆ. ئاوگەردانیشیان هەیە، لە نێو یەکێک لە مەنجەڵەکان دایە. پەردەیەکی زەلامیشیان بە تەنافی شیوێ هەڵاوەسیوە. شنەبایەکی فێنکیش جار جارە پەردەی سەر تەنافەکەی دێنێ و دەبا، لێرە دایە کە چاوم بە مامە قادری دەکەوێ.

مامە قادر ڕووتوقووت لەسەر کورسێکی درێژ بۆ، دوو پیاویش، یەکیان بە لفکە و سابوونی دەیشوا، یەکیان ئاوی خۆش دەکا و بە ئاوگەردانەکەی پێیدا دەکا.
لە سەر هەیوانەکەی چاوم بە بابم و کاکە حەسەن و کاکە حوسێن و
کاکە مستەفای دەکەوێ. هەموو دەستیان لە ئەستۆی یەکتری کردۆ و دەگرین.
لە دێدەم بیستۆ، گریانی ژنان هەمیشە حازرە، بەڵام پیاوان مەگە قەباحەتێکی گەورە پقەومێ یا عەزیزێک عەمری خودای پکا، دەنا ناگرین.

لەو فیکر و خەیاڵانە دام یەکێک پرمدەداتێ بە پەلە پەل وە ژووری پیاوانم دەنێ. ژووری پیاوان پێشخانەی خۆی جوێیە. لە پێشخانەکەی ژنێک کەوشی جووت دەکا. ژنێکی دی چای تێدەکا و لەسەر کەشەفێکی گەورە دایاندەنێ.
لە نێو ژوورێش هەزار ژنی لێ دانیشتۆ. زۆرتریان دەگرین.

کابراکەی ئەمنی هێناوەتە ژووریٚ دەمدا بە دێدەی و دەڵیٚ:"ئەو منداڵە لە حەساریٚ چ دەکا؟"
دێدە و دایکم و ئامۆژنم و باجە مریٚم و باجە خەجیج و ماڵە ئاغای مۆفەقی و نەزاکەتە خاتونی ماڵە شەڵماشی و عیسمەت خانمی ماڵە ئاغای نەجمەزادە، هەموویان چاویان لە من بڕیوە!
دێدە دەڵیٚ:"کوێشتیر، ڕۆڵە گیان، ئەوە لەگەڵ کیٚ هاتی؟ بۆ هاتوویە ئێرە؟"
دوایە لە باوەشم دەکا و دەموچاوی لەسەر سەرم دادەنیٚ، گوێم لە دەنگی گریانەکەیەتی، هەر دەشڵیٚ:"ئەی برا گیان!"
لە دێدەی دەپرسم:"ئەوە بۆ دەگرین؟"
پیاوەکانیشم دی دەگریان، چ بۆ ؟ پێمبڵیٚ دێدە!"
دێدە دەڵیٚ:"چت پیٚ بڵێم ڕۆڵە گیان؟ کاکم، مامە قادرت، عەمری خوڵای کرد."
ژنێک لە سەرەوەی مەجلیسەکەی، دەست دەکا بە کورەکان و مامم هەڵدەڵیٚ، ژنەکە بەگریانەوە دەڵیٚ  چەندە مامم نەخۆش بوو، چەندە لەسەر جێگای بوو، کورەکان و ئامۆژنم چۆن بە تەنیٚ ماونەوە. دوایەش هەموو ژنەکانی دی دەست دەکەن بە گریانیٚ.
دەنگی باجە خەجیجیٚ دیٚ دەڵیٚ:"ئەی بابە گیان، ئەی بابەڕۆ!"
بە سەبرایەکی لە دێدەی دەپرسم:"مامە قادر چی لیٚهاتۆ؟"
دێدە بە زەحمەت خۆی بۆ ڕادەگیریٚ دەڵیٚ:"` کوێشتیر گیان، مامت عەمری خوڵای کردۆ."
بە پەلە پەل بە دێدەی دەڵێم:"دیتم! بۆخۆم مامە قادرم دیت لە حەساریٚ، خەریکن دەیشۆن، عەمری خوڵای کردۆ یانی چی دێدە؟"
دەڵیٚ:"ئەدی باپیرم! دەیشۆن، دەزنوێژی پیٚهەڵدەگرن دوایە لە خەڵاتی دەنێن دەیبەن تەسلیم بە خاکی کەن."
هەر وا کە گویٚ دەدەمە دێدەی وە بیرم دێتەوە لە سەر قەبران هەمیشە هەموو ژنەکان دەگرین. دەزانم "مردن" و "عەمری خوڵای کردۆ" و "خوڵا عافوی کا" و "دەچینە سەرەخۆشیٚ" هەموو خەراپن. بەڵام نازانم "مردن" یانی چی.

دێدە چایەکم دەداتیٚ و بە ژنێکیدا دەمنێرێتەوە ماڵە خۆمان. دەڵیٚ بۆخۆشیان شەویٚ دێنەوە.
لە ماڵیٚ هەموو نیگەران ببوون. باجە ئامین کە هەمیشە هەر پێدەکەنیٚ، ڕقی لە من هەستاوە دەڵیٚ جارێکی دیکە بە بیٚ ئەوەی بە گەورەی خۆم بڵێم نابیٚ بۆ هیچ کویٚ سەری خۆم هەڵگرم بڕۆم.

باجە ئامین ئەو ڕۆژانە، ئێواران لەگەل کاکە عومەر یا کاکە عوسمانی دەچێتەوە ماڵە خۆیان، بەیانان لەسەر نانوچای دێتەوە ئاگای لە مە و لە ماڵیٚ دەبیٚ.

دایکم و دێدە لە ماڵە مامە قادری بۆ سەرەخۆشیٚ دانیشتوون.
باجە ئامین دەڵیٚ:"پیاوانیش بۆ سەرەخۆشیٚ لە مزگەوتیٚ دادەنیشن. سەرەخۆشیکەر سیٚ ڕۆژان دێن، بەڵام جاری وایە زۆرتری پیٚ دەچیٚ. لە دیٚ و دێهاتیش خزموکەس پیٚ دەزانن دێن. کەسوکاری مەلازادەش زۆرتر لە شێخاڵین."

###

ئەمن ئەو پاییزەی دەچمە مەدرەسەی.
بابم دەڵێ هەر لەو مەدرەسەی خانووی حەمەدەمینی نێوت دەنووسم، پووشەیەک و سجیلی من و دوو تمەن پووڵی دەبەین هەتا بابم سەفتم کا.

بەبەر دەرکی ماڵە مامە قادریدا دەڕۆین بابم دەڵێ:"ئاوا سەرراستە، ون نابی."
دەگەینە نێو بازاڕی دەڵێ:"ئەوە `مەیدانی حەمە خرچە`یە."
لە بازاڕەکەش تێدەپەڕین لە دەستی ڕاستمانەوە بە کوچەیەکی دوور ودرێژدا هەڵدەگەڕێین، لە ئاخری کوچەکەی لەبەر دەرکەیەکی زەلام ڕادەوەستین. لە سەر دەرکەکەش نێوی مەدرەسەکەیان لێ داوە. بابم دەیخوێنێتەوە و دەڵێ:"مەدرەسەکەت نێوی `عیفەت`ە."

ئەوانەی لە نێو مەدرەسەکەیدا دێن و دەچن بابم دەناسن. پیاوەکەی ڕەئیسی مەدرەسەی بە بابم دەڵێ چ پارچەیەکی پکەینە سێری و چەمەدانێکی چکۆڵەش پکرێ لەگەڵ دوو دەفتەر و میداد و میداد سیلان و میدادتراش و قرۆشکەیەکیش بۆ شیر خواردنێ.
هەتا نێوی شیر خواردنێ دێ لە دڵ خۆمدا دەڵێم، بابم هەموو ڕۆژێ بە زۆری شیرمان دەرخوارد دەدا، کەپۆمان دەگرین هەتا قوم قوم شیرەکەی پێدا دەکەین، لێرەش، ئەوانە بە زۆری شیرمان دەرخوارد دەدەن؟
بە نێو بازاڕیدا دەڕۆینەوە، لە دوکانێکی بابم دەڵێ:"وەرە پچین یەکجاری قرۆشکە و چەمەدانیشت بۆ بکڕم. ئەوی دیش گوڵێ یا دایکت جێبەجێی دەکەن."

باجە حومەیرا و کوبیش هەر دەچنە ئەو مەدرەسەی، دایکم و باجە خەجیج باسی سێری مەدرەسەی دەکەن. باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژنگیان. نیگەران مەبە، لەگەڵ دێدەی بینێرە دوکانی وەستا ئەحمەدی هەم سێری دەدرووێ هەم پارچەکەشی بۆخۆی دەیفرۆشێ، هەر ئەوەندە دێدە پێیبڵێ وەکوو ئی کچەکانی منی بدرووێ."
دایکم دەڵێ:"دە وەشدا دەردیسەریان بۆ کچان سازکردۆ، وەڵا کوڕەکان ئەو گێرە وکێشەیان قەت نێ، خوڵا بە قوربانی کوڕانم کا!"
باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژن! ئەوەش زۆر کارێکی هاسانە، ڕەشیشە چڵک و شتی پێوە دیار نێ. لە بنەوەش هەرچی لە بەر منداڵی دایە کاریان پێینێ، ئەوەندەیە، سێرێکەی لە بەردەکەی، ئێخەی سپی یا دەبێ لێ درووا بێ یا بە جوێ بۆی دەکڕێ لە ملی دەبەستی. بە زستان ساردە ئەمن دوو لینگەیان بۆ دەکڕم لە بەری دەکەن، لینگولۆریان سەرمای نەبێ، دەرپێ و شتی ناهێڵن.
گۆرەوی لاسک درێژ هەتا سەر ئەژنۆیان لە پێ دەکەن. کەمەربەندی سپیش لە نێو قەدیان دەبێ ببەستن. دەژلێن دەبێ کەوشی ڕەش و گۆرەوی سپی لە پێ کەن. بە زستان کاڵۆش یا چەکمەی جیلیان هەیە، وەکی دیش کەوشیان ئەوەی بوو، لە پێی دەکەن."

###

ڕۆژی چوونە مەدرەسەیە.

هەموو کوڕەکان زوو لە خەوێ هەستاون خۆیان ساز کردۆ بە پەلە پەل نان‌وچایەکی دەخۆن و دەڕۆن. بابم جەفعەری دەباتەوە مەدرەسەی.

کوبیش دێ ئەمن لەگەڵ خۆی بەرێ هەتا ڕێگاکەی فێر بم.

چەمەدانەکەم بە دەستەوە دەگرم و بە تەقە تەق و شەقە شەق وە دوای کوبی دەکەوم.

سێرێکەم بۆنێکی ناخۆشی لێ‌دێ، دێدە دەڵێ هەتا دەشۆرێ، خامی ڕەش بۆنی ڕەنگە ڕەشەکەی لێ‌دێ. ئێخە سپێکەی لە ملم بەستراوە زۆر ڕەقە، ملم دەخورێنێ و دێشێنێ. دایکیشم پرچەکانی ئەوەندە توند هۆندوومەوە، پێستی سەرم دێشێ.

فازل لەبەر دەرکەی دەست دەکا بە گریانێ دەڵێ:"ئەمنیش دەچمە مەدرەسەی، هەموویان ڕۆیشتن دایە، ئەدی ئەمن؟"

دایکم لە باوەشی دەکا، ماچی دەکا و دەڵێ:"ئەتۆ لەگەڵ دایکی خۆت لە ماڵێ دەبی، بە قوربانی ئەو چاوە جوانانەت بم، ئەتۆش ساڵێکی دی دەچێ مەدرەسەی."

کوبی پێی دەڵی:"مەگری ئەگە هاتینەوە، ماپەرەخانمێکت بۆ دێنمەوە، پێت‌خۆشە؟"

ئەمەش نازانین ماپەرە خانم چێ. فازل هەر دەگری.

بە بەر ماڵە مامە قادریدا دەڕۆین، کوبی پێی دەڵێ:"ماڵە حاکمی."

بە نێو بازاڕەکەیدا کە دەڕۆین دەڵێ:"ئەوەتا مام قادر!"

دەچێتە بەر خوانچەیەکی پڕ لە شیرنیات و شت ڕادەوەستێ. بە دەستی شیرنیاتان بە من نیشان دەدا.

دەڵێ:"ئەوە ماسێ، ئەوەش ماپەرە خانمە!"

شیرنیاتەکان وەکوو شووشەی ڕەنگا وڕەنگ دەچن. ماسێکە هەر وەکوو ماسی ڕاستی دەچێ، ماپەرە خانم، کچێکی چکۆڵەیە کە لە شیرنیاتیان دروست کردۆ.

کوبی دەپرسێ پووڵم هێناوە یا نا.

ئەمنیش دەڵێم:"دوو قران، دێدە دوێنێ دایمێ بۆ مەدرەسەی."

کوبی دەڵێ:"کوا؟ زووبە دەبێ خێراکەین دەنا `زەنگی لێ دەدەن`!"

دوو قرانەکەمی دەدەمێ.

ماپەرە خانمێکی بۆ فازلی دەکڕێ دەڵێ:"ئەوە ئەمن لە گیرفانمی دەنێم هەتا دەچینەوە."

سێری کوبی دوو گیرفانی زۆر زەلامی لێ دروواوە. سێری من گیرفانی پێوەنیێ.

لە منیش دەپرسێ:"ماسیم پێ خۆشە یا ماپەرە خانم؟"

دەڵێم:"ماپەرە خانم."

مام قادر وە دەست منی دەدا.

دەڵێ:"ئەوە قرانێک، چی دی؟"

کوبی دەڵێ:"مام قادر قرانەکەی دیش کولێرەمان دەیە."

نیوەی کولێرەیەکی دوو قرانی دەداتە دەست کوبی، کوبی بە پەلە پەل وە ڕێ دەکەوێ ئاوا کە ئەمن وە پاش دەکەوم. دەست دەکا بە خواردنی کولێرەکەی، لە قونینچکی کولێرەکەش تۆزێکی لێ دەکاتەوە دەیدا بە من.

به هەڵات هەڵات خۆی بە دەرکەی مەدرەسەی دادەدا. ژنێکی قەڵەو لەبەر دەرکەی ڕاوەستاوە.
کوبی سڵاوی لێ دەکا و دەڵێ:"ئەوە کچی مامە زێڕەیە `باجە نەزاکەت`، کلاسی ئەوەڵە!"
`باجە نەزاکەت` دەڵێ:"کوبی! وەختی خۆی لە نێو مەدرەسەیدا نەبی، بە دایکت دەڵێم، ئەوە پارەکە نێ، خۆم خەجاڵەتی دایک و بابت کەم، لە پێش `زەنگێ`دا دەبێ لێرە بی."
کوبی دەڵێ:"چووم لە دووی کچی مامم پێنازانێ دەبێ بیهێنم و بیبەم هەتا فێر دەبێ."

هەر وا کە قسان دەکا گەیشتووینە نێو حەسارێکی گەورە، پڕ پڕە لە کچی گەورە و چکۆڵە.
کوبی دەمباتە سەر سەفی کلاسی ئەوەڵ، دەڵێ:"ئەوە کلاسی تۆیە، لەگەڵ ئەوانە بڕۆ!"
لە پشت پشتەوەی سەفەکەم، بۆخۆشی دەڕواتە سەفێکی دی.

لەسەر سەفەکەی زۆر مەحتەل دەبین. دوو کچی گەورە دێن پەرچەمی دێنن لە شریتێکی دەخەن هەڵیدەکێشنە سەر دارێکی درێژ. دوای ئەوان، کچێکی قەڵەو دەست دەکا بە سرود خوێندنێ. کوبی پێیکوت بووم ئەو کارانە دەکەن، هەمووشی بە فارسی، کوتی هەتا فێر دەبم ئەو سرودانە بە فارسی بڵێم ماوەیەکی پێ دەچێ. خانم نازم کاری بە کلاسی ئەوەڵ نێ، بەڵام کلاسەکانی دی ئەگەر خەبەردار ڕانەوەستن، یان سرودەکەی نەخوێنن، بە خەتکێشی لێیان دەدەن!
پێش ئەوەی بڕۆینە نێو کلاسەکانمان، لەبەر دەرکەی خانم نازم یەک بە یەک چاو لە سەر وگوێلاکمان دەکا. نینۆکی هەرکەس درێژ بێ یا خاوێن نەبێ بە خەتکێشی لێیان دەدا. ئەمەش چونکە کلاسی ئەوەڵین ئەگە ئێخە و کەمەربەندی سپیمان نەبێ یا دەست و دم و چاومان خاوێن نەبێ، بە دایکوبابمان ڕادەگەیێنن.

کلاسی مە لە پێش ئەوەیدا ماممماڵی پچێتە سەردەشتێ، ژووری مامم بوو. لە پلیکانێکی پان وە سەر دەکەوین، پێشخانەیەکی چکۆڵە دەرکەکەی بە ژوورێکی گەورە و جواندا دەکرێتەوە. دوو پەنجەرەی زۆر گەورە و ڕوو بە تاو لە ژوورەکەیدان.

معەلیمەکەم ژنێکی جوان و جحێڵە، نێوی ئەشڕەف خانمە، قەدی منداڵەکان دوو بە دوو بە یەکتری دەگرێ. ئەوەی زۆر کەڵەگەت بێ دەینێرێتە پشتەوەی کلاسێ، لەسەر کورسێکی کە ئەشڕەف خانم پێی دەڵێ نیمکەت دادەنیشن. ئەمن لەگەل کچێکی دیکە لە پێش پێشەوە دادەنێ. بۆخۆشی سەندەڵیومیزی هەیە، کیفێکی وەکوو باجە زبێدیشی بە دەستەوەیە. دوای وەی هەموو منداڵەکان جێبەجێ دەکا، بۆخۆشی دادەنیشێ.

دەفتەرێکی زۆر درێژ دەکاتەوە، دەست دەکا بە خوێندنەوەی و دەڵێ:"هەر کەس نێوی خۆی گوێ لێ بوو بڵێ:حازر!"

ئەمن حەول دەدەم، گوێم لە نێوی خۆم نابێ، بەڵام گوێم لێ دەبێ ئەشڕەف خانم دەڵێ:"ئەمن پێموا بوو ئەتۆ نێوت نەفیسەیە،` لەو دەفتەرەیدا `سەیزادە مەعسومە` نووسراوە."
ئەمنیش دەڵێم:"نێوی من`نەفیسەیە!`"
دەڵێ:"هەر بانگت دەکەین نەفیسە هەتا بزانین چ خەبەرە!"

ئەشڕەف خانم بە کوردی پێماندەڵێ لە کلاسێ نابێ قسان لەگەڵ یەکتری پکەین. دەبێ گوێ بدەینە دەرسێ. ئەگە شتێکمان ویست یا کاری ئاوێمان هەبوو، دەبێ دەستمان هەڵێنین و ئیجازەی وەرگرین. هەر کەس ئەو نەسیحەتانە لە گوێ نەگرێ، بە خەتکێشی لە دەستی دەدا.

لەسەر تەختەیەکی ڕەش دەنووسێ: دارا  آذر توپ  عروسک

بە مەش دەڵێ:"بیڵێن و بیڵێنەوە!"

دوایەش دەڵێ:"کتێب بۆ مەدرەسەکان ئێستا نەهاتۆ، بەڵام ئەگە دەست پێ نەکەین وە پاش دەکەوین.
دەفتەری مەشقێ دەرهێنن، ئەوەی ئەمن بۆتان لە تەختەی دەنووسم، بینووسنەوە:

ا_ب_پ_ت_ث_آ (ئای باکولا) _ ا (ئای بیکولا)، ئەوەش مەشقی ئەورۆ.

دوو سفحەی بنووسنەوە بۆ سبەینێ بەیانی بیهێننە مەدرەسەی. هەر کەس مەشقی نەنووسێتەوە خەتکێشان دەخوا!"

ئەمە هەموو چاومان لە تەختەسیای پڕیوە، خەریکین هەرچی "خانم معەلیم" نووسیوێتی، لەبەری  بنووسینەوە.

لێرەدا پیاوێک و باجە نەزاکەت بە دوو کەتریان و قوتوویەکی مقەباوە وە ژوور دەکەون. ئەشڕەف خانم دەڵێ:"`باجە نەزاکەت!` ئەگە بکرێ زووتر شیرەکەیان بۆ بێنن،ئەوەندە وەختی کلاسێ ناگیرێ."
پیاوەکە دەڵێ:"ڕۆژی هەوەڵێمان هەر وا دەبێ. ئەو هەمۆ شیرە ئیشکەی دەبێ بگرینەوە، ئەو هەمۆ ئاوەی دەبێ بوکڵێنین، چاکە ئەوە هەر بۆ کلاسی ئەوەڵ و دووەمە، دەنا هەر خەلاسیمان نەدەهات."
دوایە ئەشڕەف خانم دەڵێ:"دەفتەرەکانتان لە نێو میزەکەی بنێن، هەر کەس قرۆشکەی هێناوە لە پێش خۆی دانێ."
ئەمن زۆر بە پارێز و بە قێزوبێز قرۆشکەکەم لە زارم نزیک دەکەمەوە، قومێکی لێ دەخۆم لەگەڵ شیری ماڵێ زۆر فەرقی هەیە، ئەوە بۆنێکی خۆشی لێ دێ، دەست دەکەم بە خواردنەوەی! چاو لە دەنکە زەردەکەی کە مێردی باجە نەزاکەتێ لە دەستی ناوم دەکەم. ئەشڕەف خانم دەڵێ:"قووتی دە و شیری بەسەرداکە، ئەوە ویتامین `ئا`(A) یە. بۆ چاوتان چاکە!"

دوای ئەوەی زەنگی لێدەا، هەمووومان دەچینە حەسارێ، منداڵان دەست دەکەن بە قوماران، ئەمن کەس ناناسم. لە قونینچکێکی لە بەر تاوێ ڕادەوەستم چاویان لێ دەکەم. کوبیش دەبینم لەگەڵ دوو کچی دیکە خەستەکێنێ دەکا.
زەنگی مەدرەسەی، ئاسنێکە بە داریکێوە هەڵاوەسراوە، بە شتێکی وەکوو کوتکیش `خانم نازم` لێی دەدا.
ئەوچەل کە دەنگی زەنگمان گوێ لێ بوو دەبێ ڕۆینەوە نێو کلاسی خۆمان. ئەشرەف خانم دەڵێ ئەوە زەنگی تەفریحی پێ دەڵێن. زەنگی دوایە لێ دەن یانی دەبێ خۆمان خڕکەینەوە و ڕۆینەوە ماڵێ. نانوچای نیوەڕۆیە پخۆین دیسان سەعات دووی لەسەر کلاسێ حازربین.
کوبی هاتۆتە نێو دەرکەی کلاسی مە دەڵێ دەبێ زووبم هەتا ئەمن دەباتەوە ماڵێ و بۆخۆی دەچێتەوە درەنگ دەبێ.
کە دەگەینە ماڵە مە دێتە ژوورێ ماپەرەخانمەکەی دەدا بە فازلی، فازل وە خۆشی خۆشی دەکەوێ.
بە دایکم دەڵێ:"ئامۆژن، سەعات یەک و چارەگێکی دێم لە دووی نەفیسەی."

###

ئەوڕۆ کوبی دوای مەدرەسەی دەڵێ:"ئەمن دەبێ پچمە قاوەخانەی خەمەی، بابم لە وێیە کارم پێیەتی، ئەتۆش وەرە لەگەڵم."

"قاوەخانەی خەمەی" لە نێو مەیدانی حەمە خرچەیە. لە دەرکەی دەچینە ژوورێ، پیاوان دانیشتوون چای دەخۆنەوە و سیغاری دەکێشن. لەبەر دووکەڵی چاو چاوی نابینێ!

ئەمن لەبەر دەرکەکەی ڕادەوەستم. کوبی بەرەو ژوور دەڕوا بابی دەبینێتەوە و لە پەنای دادەنیشێ، خەمەش قەنداغی بۆ تێ دەکا. دەڵێی دەزانێ کوبی چای ناخواتەوە، بانگی من دەکا پچم دانیشم، ئەمن جواب نادەمەوە، زۆر دەترسێم دایکم نیگەران بێ. نە دەکرێ بە بێ کوبی بۆخۆم لێ دەم ڕۆم، نە پێشم خۆشە هەر وا بە دیواری قاوەخانەکەیەوە ڕاوەستم.

کە دەگەینەوە ماڵێ بە دایکم دەڵێ بۆ درەنگ گەیشتووینەوە.
دایکم پێی دەڵێ:"با هێندە هاتوچۆیە نەکەی، لێرە نانوچای نیوەڕۆیە پخۆ، هەر لێرەشڕا پچنەوە مەدرەسەی."
کوبی دەڵێ:"ئەگەر بە دایکم نەڵێم، دەمکوژێ!"
دایکم دەڵێ:"خاتو ئامین دەچێ بە دایکت دەڵێ ئەو شانەی خوریش ئینگۆیە لەگەڵ دەستی خۆی دەیباتەوە."

ماوەیەکی لەگەڵ کوبی هەر ئەو ماڵ ئەو ماڵێ دەکەین. جاری وایە کوبی لە ماڵە مە نانوچای دەخوا و دوایە دەچێتەوە مەدرەسەی، ڕۆژی وایە، ئەمن دەچمە ماڵە باجە خەجیجێ نانی نیوەڕۆیە دەخۆم.
هێندەی پێ ناچێ ئەمن فێردەبم هەم بە نێو مەیدانی ئاردیدا ڕۆمەوە مەدرەسەی هەم بە نێو کوچە و کۆلاناندا، بەبەر ماڵە مامە قادریدا. بەیانان لە پێش

زەنگێدا لە مەدرەسەی حازرم. جاری واشە ماپەرەخانم یا گێوژ و بێی لە مام قادری دەکڕم و دەیبەمەوە بۆ فازلی.

ئەو دوا نیوەڕۆیەی ئەشڕەف خانم دەڵێ لە کلاسێدا دەبێ بە فارسی قسانپکەین.
لە حەساری مەدرەسەی کەس بە فارسی قسان ناکا ئەمیش لە کلاسێ هەر قسان ناکەم.
ئێواران بابم ئەمن و جەفعەری لە لای خۆی دادەنێ و دەڵێ:"هەرچی لە مەدرەسەی فێر بوون بۆ منی بڵێنەوە!" ئەگە شتێکیش نەزانین، فێرمان دەکا، هەتا هەموو مەشق و حیساب و کتێب خوێندنەوەشمان تەواو نەبێ، ناهێڵێ قوماران پکەین.
بابم دەفتەرەکانمان چاو لێ دەکا، شتێک ڕا بێ بۆمان دەدرووێتەوە، میداد و میداد سیلانمان نەبێ یا ون بووبێ یەکێکی دیکەمان دەداتێ.
لە ئاخری دەرس و دەورماندا، هەموو شتەکانمان لە نێو چەمەدانەکانمان دەنێ، قرۆشکەکانمان شۆراو وخاوێن، میدادەکانمان تیژ کراو، جا دەڵێ پرۆن هەرچی دەیکەن بیکەن. جەفعەر هەمیشە لە پێشدا مەشقی خەلاس دەکا و دەڕوا.
دایکم دەڵێ:"فازل زۆر بێتاقەتێ دەکا لە ماڵێ، هەموو منداڵەکان دەڕۆن تاوێکی چاک هەموو ڕۆژێ لە دووی ئەو `مەیمونە قوڵەی` دەگری و دەکڕوزێتەوە، بریا ئەویش هەر چووبا مەدرسەی."
بابم دەڵێ:"جا با بزانم مەدرەسەی نەفیسەی کودەکستانی هەیە، بەڵام ڕەنگە جێیان نەمابێ. ئەگە بۆم جێبەجێ کرێ با فازلیش لەگەڵ نەفیسەی پچێتە مەدرەسەی."

وەختی نانی نیوەڕۆیەیە، دێدەش لە ماڵە مەیە. ئەمن لەوەتا دەچمە مەدرەسەی زۆر کەمتر دەیبینم. ماڵەکەی گویزتۆتەوە، هاتۆتە بەرامبەری ماڵە خۆمان. لە نێو ماڵە سەید قادری قەنداغچیدا، ژوورێک و پێشخانەیەکی بە کرێ گرتۆ بۆخۆی و بۆ کاکە دارینی.
ماڵە سەیزادە خانمێ هەر لە نێو کوچەی خۆماندا، بە داخەوە ئەو کوچە نێوی بۆتە "کوچەی سازمانی" لە پێشداش پێماندەکوت: کوچەی ماڵە
سەید ڕەحیمە شێتەی! ئەو خانووبەرەش هەر سەید ڕەحیم بە سازمانی
بە کرێ داوە.

دێدە دەڵێ:"کوێشتیرا دوای مەدرەسەی دەتبەم ماڵە تازەکەمت پێنیشان دەدەم، سێیەنێش جومعەیە مەدرەسە دادەخرێن. کچەکانم بانگێشتن کردۆ، دوکلیو و دۆڵمەش لێ دەنێم، جا دێم لە دووت، ئەوە دایکیشت گوێی لێیە!"
ئەمن وە هەڵپەڕین وداپەڕین دەکەوم.
دایکم دەڵێ:"جا زۆر چاکە، ئەمنیش لەگەڵ کورەکان دەچمە ماڵە کاکم چاوێکم بە کاکە بابە شێخ پکەوێ، دەبێ پێیبڵێم، ئامینە دەڵێ`بمکوژن و بمبرن مێرد بە عەبدولڕەحمانی ناکەم! `"
دێدە دەڵێ:"جا بۆ بەزۆری بە مێردی دەدەن چخودا بەرداره؟ سەیدزادە ئامین، جوانو کابان چاک و لەبەردڵانە، مێردی هەر دەکا، مێردی چاکیش دەکا!

به  خوڵای بەشی کوڕەش هەر دەبێ، ئەویش ژنێ دێنێ. جا بۆ بەزۆری لە یەکتریان مارە دەکەن؟"

دایکم دەڵێ:"جا چوزانم؟ دێدە گیان! ئەوە هەردووک برا دە نێو خۆیاندا قسەیان لێ کردۆ، دەڵێن سارای کچی کاک محێدین بۆ محەمەدی کوڕی کاکە بابە شێخ، ئامینەش بۆ عەبدولڕەحمان."

دێدە دەڵێ:"ئەوە هەر وەکوو ژنبەژنەی وایە، جا چاکە ئەگە هەموو  لایەک ڕازی بن زۆڕ مەبارەکە!"
دایکم  دەڵێ:"کچێ بە قوربان، دێدە گیان کوا هەموو لایەک ڕازێ؟ محەمەد دەڵێ:`چاکە هەرچی بابم بفەرمێ`، سارا هەروەها. فەقیرە هەر لەژێر دەستی زڕدایک بێتە دەرێ بۆخۆی زۆرە. دیارە عەبدولڕەحمانیش زۆری پێخۆشە. ئەوەندەی ئەمن لە تارانێ بووم لەبەر جەمیل و جەفعەری هەر هاتوچۆی کرد و کوتی:`پورێ گیان کاری منت لەبیر نەچێ!`
بە ئامینەشم کوتۆ هەر دەگری و دەبارێنێ، دەڵێ`جا بۆ پوورێ گیان ئەمن تووشی ئەو پیاوە ناشیرنە، ڕەزاگرانە، نەخۆشەی دەکەی؟ کەمم خزمەت کردووی، کەمم شەو و ڕۆژ زەحمەت لەگەڵ خۆت و ماڵ و منداڵت کێشاوە؟ بۆ بە بابم ناڵێی:`ئەمن هەر قەت قەت مێردی ناکەم!`"
دێدە دەڵێ:"خۆ وەڵا ئەمن سەید عەبدولڕەحمانم نەدیتۆ، بەڵام خودا هەڵناگرێ منداڵەکانی دیتوومن  هیچیان ناشیرن نین، نەخۆشیش نازانم، بۆ نەخۆشە؟ چێتی؟"
دایکم دەڵێ:"شوکور چاک بۆتەوە، دەنا دووربێ، قورعان دەمەعبەیندا بێ، لەو ئازارە پیسەی بوو. هەر دەکۆخێ، زۆریش زەرد و کز و ڕەقەڵەیە."

دێدە هەر وا کە چاوی لە زاری دایکم بڕیوە بە نیگەرانێکی زۆرەوە دەڵێ:"ئەیەڕۆ!؟ ئازاری سیلێتی؟ جا چۆن سەیزادە ئامینی دەدەنێ؟!"
دایکم دەڵێ:"جا بڵێم چی؟ دەڵێن چاک بۆتەوە، چەن ساڵە لە تارانێ ئەو دوکتور و دەرمان و نەخۆشخانەی هەبۆ نەبۆ کردوویەتی."

دایکم و دێدە لەو قسانەدان ئەمن دەبێ پچمەوە مەدرەسەی، هەڵدەستم خودا حافیزێ لە دێدم دەکەم، پێی دەڵێم لە ماڵە مە بێ هەتا دێمەوە. دێدە سەرم ماچ دەکا و دەڵێ:"باڕەقەڵا، کوێشتیر! عاقڵ بە، لەو مەدرەسە و کوچە و ڕێوبانانە لەبیرت نەچێ ئەتۆ کچی کێت پێ دەڵێن!"
فازل دەڵێ:"لە بیرت نەچێ ماپەرە خانمم بۆ بکری!"
دێدە  دەڵێ:"گۆچان  گیان،  نیگەران  مەبە،  ئەتۆش  لە  شەمۆیەڕا  دەچێ مەدرەسەی."
بابم بۆ فازلیش چەمەدانێکی چکۆڵەی کڕیوە لەگەڵ دەورێکیشینی زۆر جوانی ڕووکێشی گوڵدار و قرۆشکەیەکی چکۆڵەی شیر خواردنەوەی. فازل لەخۆشیان هیچ هۆشی نێ.
دایکیشم هەر پێیدەڵێ شتەکانی کۆکاتەوە و لە چەمەدانەکەیان نێ، دەڵێ:"نا ئەمن دەچمە مەدرەسەی،"، "ئەمن دەچمە مەدرەسەی!"

بابم دەڵێ دەکرێ لە شەمۆیەڕا فازلی لەگەڵ خۆم بەرمە مەدرەسەی. کودەکستان هەر بەیانان هەیە.

دوای مەدرەسەی، دێدە ئەمن دەبا ماڵە تازەکەی ببینم، بە دەرکەی لای سازمانیشدا ناچینە دەرێ، بە لای ماڵە ئاغای بلوریدا دەڕۆین، دێدە دەڵێ:"هەر وەکوو کونی کەی وایە!"
لەو کوچە چکۆلەیدا، دەرکێک ماڵە مەیە. میرزا شینەی بلوری بەرامبەر بە خۆمانە، بەینی دەرکەی مە و دەرکەی ماڵە میرزا شینەش، ماڵە ئەردەڵانێ. ماڵە میرزا مستەفای بلوری لە نێوەڕاستی کوچەکەیدا.

چەند لقاوێکمان ماوە بۆ ماڵە سەیدزادە خانمی قەنداغچی.

دەرکەکە دانەخراوە، دێدە پاڵێکی پێوە دەنێ دەکرێتەوە. حەسارەکە جوان و پڕ لە دار و گوڵە. دارە مێوێکی زۆر گەورە لە حەسارێ دایە. لە لای ڕاستەوە چەند پلیکانی لێیە، لە سەرەوەی پلیکانەکانیش ژوورێک و بەرهەیوانێک دیارە. ژووری دێدەی کەڕەنیسارە و قەت تاوی تێناکا.

دێدە هاچەرەکەی دەردێنێ و دەرکەی دەکاتەوە، دەچینە ژوورێ. ئێرە لە خانووی مزگەوتێ گەورەترە. بەڵام پێشخانەی بە سەرەوە نێ. کەوشان دەبێ لە خوارەوەی ژوورێ داکەنی. دێدە لە قونیچکێکی، پەڕەمێزەکەی داناوە بۆ کێشت لێنانێ، لە لایەکی دیش سوێنە و تەشتێک ئاو بۆ ڕاگرتنی ماست و ڕۆنیکەرە و ئەو جورە شتانە.

وەکوو ماڵەکەی پێشوو، چراکەی لە نێو تاقەیدا. ئەسپەندەرە هۆندراوەکەی هەڵاوەسراوە، عەکسی حەزرەتی محەمەد کە قورعانی بە دەستەوە، بە دیوارێوە. دێدە دەڵێ لەو عەکسەیدا لە سەر سەرەوە نووسراوە ئەڵڵا، لە لای ڕاست ئەبوبەکر و لە لای چەپ عومەر و لە خوارەوە عوسمان و عەلی.

دێدە لێرەش دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەو ژوورەش وەکوو خانۆکەی مزگەوتێ شەدارە."
حەسیرەکانی لە بن بەڕەکان ڕاخستۆ، چا و سەماوەرەکەشی لە قەراغ ژوورێ داناوە. تاوڵەمەکەشی بە بزمارێکی هەڵاوەسیوە.

لە ماڵە دێدەی هەمیشە هەموو شتێک لەسەر جێی خۆیەتی.
لە ماڵە مە هەر دەبێ بڵێی:"مقەستەکە کوا؟"،
"فانوسەکە لەکوێیە؟"،
"کێهەتان دەزانن سەری ئەو قابڵەمەی چی لێ هاتۆ؟!"

دەڵێم:"دێدە لێرەش داری ترێیان هەیە."
دەڵێ:"ئەدی ڕۆڵە، ئەمن گەڵای خۆم هەر لە حەساری خۆمان لێ کردۆتەوە بۆ سبەینێ."
دوایە دەڵێ:"کوێشتیر! دانیشە نوێژی ئێوارێ دەکەم دوایە دەچین سەرێکی مرێمێ دەدەین. سبەینێش ئەگە پێتخۆشە زوو دێم لە دووت، وەرە

گیا دۆکلێوەکەم لەگەڵ چاکە، لە پێش ئەوەشدا ئەتۆ لە خەوێ هەستی دۆڵمەکەی وە سەر دەنێم."

ئەمن دادەنیشم دێدە نوێژێ دەکا. جارجار لە دڵ خۆیدا بە سەبرا و جاری واشە تەواو گوێت لێ دەبێ دەڵێ چی، ئامۆژنە مەلازادەش هەر وا نوێژێ دەکا.
دایکم و بابم دەنگیان نایا. بەڵام ئەگە یەکێک بە بەر بەرماڵەکەیاندا پڕوا یا کارێکی خەراپ پکا یا منداڵەکان دەس پکەن بە شەڕ وکێشەی، دەنگی نوێژەکەیان بەرز دەکەنەوە.
دوای نوێژێ دێدە هەمیشە پرێک بە تەزبیحە ویسرەکەی دۆعایان دەکا. کە خەلاس دەبێ بەرماڵەکەی قەد دەکا، تەزبیحەکەی وەکوو هەمیشە لە ملی دەکا، دەڵێم:"دێدە گیان! تەزبیحەکەتم دەیە هەتا چاوی لێ پکەم."
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر، وشیار بە! ئەو تەزبیحەم زۆر خۆش دەوێ، ویسری عەسڵە، نەیپسێنی!"

لە نێو دەنکە گەورەکەی تەسبیحەکەیدا شووشەیەکی چکۆڵەی تێ گیراوە.
دێدە دەڵێ:"دەبێ پچێ بەر ڕووناکایەکەی. پچۆ بەردەرکەی هەڵیهێنە چاوی لێ پکە دەبێ عەکسی شێخ و موشایخی تێدا بێ! ئەمن بۆخۆم هەر ڕەشایەکم دێتە بەرچاوی، لەوەتا ئاوا حوکمی چاوم نەماوە، ڕۆڵە گیان! پیر بووم چاوم تڕێ سەی نابینێ!"
پێدەکەنم و دەڵێم:"دێدە! خۆ هیچ کەس ناتوانێ تڕی سەگی ببینێ." پێدەکەنێ.

ئەمنیش دەنکە گەورەکەم لە دەستیدا لەبەر تاوەکەی چاوی لێ دەکەم. :پیاوێکی پیر بە ڕدێنێکی زۆر سپی و درێژ وەک مام وسێنی لە نێو شووشەکەیدا!"
بە پەلە پەل تەسبیحەکەی دەدەمەوە بە دێدەی دەڵێم:"دێدە پێموایە عەکسەکەی دەڵێی `عەکسی خودایە!`"
دێدە دەڵێ:"ئەستەخفیروڵا! بڵێ ئەستەخفیروڵا نەعوزوبیلا! خودا بە قوربانی بم، عەکسی نێ، نوورە، خۆ وەکوو بەشەری نێ."
دەڵێم:" دێدە! ئەمن بۆخۆم دیتم، زۆریش ترسام، خۆ ئەمن درۆت پێ ناڵێم."
دێدە دەڵێ:"دە چاکە، چاکە! باپیرم دەزانم ئەتۆ قەت درۆیان ناکەی!
جا وەڵا ئەمن قەت نەمرداوە بە کەس چاوی لێپکا، ئەتۆش ئەوە بۆخۆت داوات کرد. دەیدەم بە منداڵەکان بزانم ئەوان دەڵێن چی."

پێش ئەوەی پرۆین، لە حەسارێ ساحێب ماڵەکەی دەبینین، سەیزادە خانم. زۆر ژنێکی خوێنشیرن وجوانە، کوڕێکی ئاوا هەر بە قەد فازلی، عەزیز، بە دوویەوە،

دێدە و سەیزادە خانم چاکوخۆشێ دەکەن. لەسەر پلیکانەکانی بەر دەرکەشڕا چاومان بە کچێکی قەد بڵیند و زۆر سپی دەکەوێ، تووکی سەری سوورە، خاڵێکی گۆشتی لەسەر ڕوومەتێتی، نینۆکەکانیشی وەکوو ئی باجە زیێدێ درێژ درێژن و سوور کراون، سەری کورتە، لیباسی عەجەمیشی لەبەردا.

لە دێدەی سڵاوێ دەکا، دوایەش دەچێتە ئەوبەری پێش هەیوانەکەی چاو لە کوچەی دەکا.

له دەرکەی وە دەر دەکەوین لە دێدەی دەپرسم:"دێدە ئەوە کێ بوو؟"
دێدە دەڵێ:"ئەوە کچی سەیزادەیە! معەلیمە، تڕی لە شاخی دا، شاخەکەی کون دەکا! ئەوە ئەو دایکەشی ئاوا نەجیب و بە حەیا و شەرم، ئەو کچەشی ئاوا به لینگ‌ولۆری ڕووت و سەری ڕووت دێ و دەچێ. ئاخری زەمانە، ڕۆڵە!"

###

ئەورۆ جومعەیە.
دێدە هەر وەکوو قەولی پێدا بووم، بەیانی دوای نان‌وچای دێ دەمبا. پێکەوە گیاوگوڵی دۆکلیوی چاک دەکەین لەبەر ترومپای حەسارێش دەیشۆینەوە. دۆی لە قابڵەمەیەکی دەکا پتێکی خوێ و لۆچێکیش لە گیاوگۆڵەکەی لە نێو قابڵەمەکەی دەکا و وە سەر پەڕەمێزەکەی دەنێ، بە کەوچکێکی دار تێکەڵی دەدا.
دەڵێم:"دێدە بۆ هەموو گیایەکەی تێ ناکەی؟"
دەڵێ:"هەڵدەگەڕێ، هەتا دۆیەکە وە کوڵ نەیا شتی دیکەی نابێ تێ پکەی. لەپەشم بۆ زەرد کردۆ، دەستیشی نابێ لێ بەر دەی هەتا قوڵتان دەدا."
دەڵێم:"دێدە هەڵدەگەڕێ یانی چی؟"
دەڵێ:"دۆیەکە لەپک لەپک دەبێ ناخورێ."
پاش ماوەیەکی زۆر تێکەڵ دان و ئەو دەست و ئەو دەست پێکردن، دۆیەکە وە کوڵ دێ.
لەپە و گیاوگۆڵەکەی تێدەکەین، دێدە دەڵێ:"دۆیەکە، لە کوڵ دەچێتەوە بۆ وەی ئەوشتانەمان دەباڵ کردۆ، پرێکی دیکەی تێکەڵ دەدەین هەتا وە کوڵ دێتەوە، دوایە دەتوانین دەستی لێ بەردەین، لێی دەگەڕێین بۆخۆی سەبر سەبر بوکڵێ هەتا کچەکان دێن.
دۆڵمەکەش سازوبازە، نانیشم ئاو کردۆ. هەر دەمێنێ گیاوگۆڵی خواردنێ چاک کەین و بیشۆینەوە."

باجە هاجەر بە تاقی تەنێ دێ. باجە هەتاو و باجە گوڵزاریش پێکەوە وە ژوور دەکەون.
باجە هەتاو بە پێکەنینەوە دەڵێ:"دێدە، گوڵکەی سەردڵکەشت لێرەیە!"

دێدە دەستی بە سەری مندا دێنێ دەڵێ:"ئەو دنیایە بۆیە خۆشە کوێشتیری تێدایە، نەکەن لە بیروو پچێ!"
باجە هاجەر دەڵێ:"ئەمن دێدەم مەگە لە سەرەخۆشیان بە بێ نەفیسەی دیت‌بێ. دەنا خۆ هەر جێیەکی پچێ لەگەڵ خۆی دەیبا."
باجە هەتاو دەڵێ:"دێدە! کێت لە هەموان زیاتر خۆش دەوێ؟"
بە دوای وەشدا پێدەکەنێ. باجە هەتاو هەم زۆر جوانە، هەم زۆر پێکەنینەکەی جوانە.
دایکم هەمیشە دەڵێ:"ئاوا تۆزێک، نەختێک هەتاو شێوەی دایکی دەدا!"
دەڵێین:"دایە! باجە هەتاو زۆر جوانە. زۆریش خوێن‌شیرنە."
دەڵێ:"ڕۆڵە! لەسەر ئەوەشڕا هەر دەڵێی بە لای پووریشتدا نەڕۆیشتۆ! ئەوەندەی خۆڵ لەسەر وێ، عومری عەزیز و گوێدێران بێ، جوانی پوورە

مەعسومت دە وەی دا نەبوو. بەداخەوە زۆر بە ناکامی زۆر بە جحێڵی وەکوو گوڵێکی جوان خودا بردێوە بۆ وەی باغی بەهەشتێی پێ پرازێنێتەوە."

ئەمن هەر چاوم لە باجە هەتاوی پڕیوە، لە فیکر و خەیاڵی خۆم دام.
گوێم لێ دەبێ دێدە دەڵێ:"بە خولای، ڕۆڵە! هەمووم هەر وەک یەک خۆش دەوێن، فەرقوو پێ ناکەم، ئەگە کوێشتیریش دەڵێی، لە هەموان چکۆڵەترە بۆیە چاوم زۆرتر بە سەرێوەیەتی. دایکیشی زاڵمە، چاوم لێی نەبێ سەری هەڵدەقەنێ!"

بۆ نانوچای کاکە دارینیش دێتەوە هەموو دۆڵمە و دۆکڵیوێکی زۆر خۆشی دێدەی دەخۆین.
کچەکان لەگەڵ دێدەی باسی باجە مریێم و هەوێدارێ دەکەن، باسی باجە هاجەر و مێردەکەی دەکەن، دەڵێن لەگەڵی خەراپە.
باجە هاجەر دەگری دەڵێ:"هەتا نەیخواردۆتەوە چاکە، هەر ئەوەندە خواردێوە، دەبێتە سەگی هار و لە من بەر دەبێ!"

دێدە باسی باجە ئامینێ دەکا،
دەڵی:"زۆر کچی چاکە و کابانێکی دەرەجە یەکە، زۆر جوانە ئاوا ئەویش ئەوە بەدبەختی دەکەن، بە زۆری زۆرداری دەیدەن بە کوری مامی."
باجە گوڵزار دەڵێ:"جا بڵێ نایکەم ئەی!"
دێدە دەڵێ:"جا بۆ خۆ هاوارێ دەکا `نایکەم، نامەوێ، خودا غەزەب لە وەی گرێ مەجبورم دەکا!`
بە داخەوە دوو براکانی سەیزادەی لە نێو خۆیاندا قسە وباسیان پڕیوەتەوە. ئەو ئامۆزایانەش بە یەک ڕازین پا نین حاشا حازری بە گونی کەرێ!"
دێدە بە باجە هاجەرێ دەڵێ دەبێ خۆی لە دەست ئەو مێردە سەگەی نەجات دا.
باجە هاجەر دەڵێ:"جا چۆن؟ ئەدی منداڵەکانم؟"
دێدە دەڵێ:"جا ڕۆڵە! منداڵی ئەو سەگەی بە تۆ چی؟"
باجە هاجەر دەڵێ:"ئەگە وا هاسان بایە لەمێژ بوو خۆم نەجات دا بوو."
دێدە دەڵێ:"شەرعیش و قانونیش کوڕە مەمکخۆرەکەی دەدا بەتۆ، دوو کورەکەی دیکەش با لە ماڵە بابیان بن، هەردەمێکیش ئیشتیایان لێ بوو بابێن سەرت بدەن."
باجە هاجەر ئاخێکی هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"خودا چۆن تووشی ئەو سەگبابەی کردووم، هەر ئاواش لە کۆڵمی کاتەوە یاڕەبی!"

###

ئەورۆ قەرار وایە هەموو مەدرەسەی بەرن بۆ نمایشێ، بەڵام منداڵی کودەکستانی نابەن. ئەمنو کوبی بە فازلمان کوتۆ چونکە زۆر چکۆڵەن نایانبەن. بۆخۆمان زۆر کەیفمان سازە و هەر هەڵدەپەڕین و دادەپەڕین، دەڵێین نمایشەکە کاکە مەزهەری تێدایە.
فازلیش دەست دەکا بە گریانێ دەڵێ ئەمنیش دێم کاکە مەزهەری ببینم. بۆشمان ژێر ناکرێتەوە. کوبی چوو بێشی بۆ کڕی، فایدەی نەبوو.
دوایە دەڵێ:"چاکە، مەگری! دەبێ حەول بدەین ڕێیەکی ببینینەوە، دەتبەین!"

کوبی بە من دەڵێ:"ئەمن دەزانم چۆن دەچنە نمایشێ، پارەکەش چووین. هەموو مەدرەسەکە لە کوچەی سەفێ دەبەستێ، سێ چوار نەفەریش لە کچە گەورەکان دەکەنە موفسیر. خانم نازم لە پێشەوە دەڕوا، معەلیمەکانیش هەر وا لە نێوەڕاستێ یا لە ئاخری سەفێدا دەڕۆن، دوو بە دووش ڕادەوەستین. دەبێ نە زۆر لە سەرەوەی سەفێ بین نە زۆر لە خوارەوە هەتا نەمانبینن.
کچەکانی مامە سوورە و مامە مارف و ئەوانەش هەموو لێرەن، باجە پرشینگیشم زۆری فازل خۆش دەوێ و هەمیشە دەڵێ:`هەی جەرگەکەم، بە قوربانت بم، چەندە جوانە دەڵێی شازادەیە!`"
دەچینە پشت سەری باجە پرشینگی، هەر کەس شتێکی کوت ئەو لەسەرمان وە جواب دێ. فازلیش لە کلاسەکەی بانگ دەکەینە دەرێ بە سەبرا سەبرا دەیبەینە نێو سەفێ، دوایە لە نێوەڕاستی خۆمان ڕایدەگرین، ئەتۆ لایەکی سێرێکەتی پێ دادە و ئەمنیش لایەکەی دیکەی!
هەر ئەوەندەشمان زەحمەتە هەتا معەلیمەکان دێن چاو لێ پکەن بزانن هەموو منداڵەکان هاتوون، دەستی یەکتریان گرتۆ یان نا، دوایە ئیدی ئەگە لە سەفێ نەیە دەرێ، یا نەکەوی، کەس کاری بە کەس نێ هەتا دەگەیە بەردەرکەی تالارێ."
کوبی بە فازلی دەڵێ:"دەنگێ مەکە، بە کەس مەڵێ دەنا تووشی کێشەی دەبین!"

کەڵەکی کوبی دەیگرێ. ئەمن لە نێو سەفەکەیدا دەمێنمەوە، کوبی دەچێ فازلی لە کلاسەکەی دێنێتە دەرێ و بە معەلیمەکەی دەڵێ دەبێ بیباتەوە ماڵێ.
دوایە بە پەلە پەل دەیهێنێتە نێو سەفێ و ئەمە هەردووکمان جوان دایدەپۆشین وا کە هەر لاقەکانی دیارە، ئەویش کەس لاقی ناتوانێ ببینێ چونکە خەڵکێکی زۆر لە پێشوپاشی مە سەفیان بەستۆ.

هەر بەو جورەی ئەمە دەڕۆین هەتا دەگەینە "تالاری فەرهەنگ." لەبەر دەرکەی دەبێتە پاڵ پێوەنان و دەنگە دەنگ و هەرا هەرا. تالارەکە پڕە لە شاگرد مەدرەسەیی دیکە. سەفی مە دەبەن بۆ پێش پێشێ.

لەو گێرە وکێشەیدا باب ئاگای لە کوری نێ، ئەمەش دەچین لە سەر سێ سەندەڵیان دادەنیشین.

فازل هەر دەپرسی:"کاکە مەزهەر کوا؟ ئەدی بۆ نایبینین؟"
ئەمەش دەڵێین خەریکە خۆی حازر دەکا. نمایشەکە دەست پێدەکا، کاکە مەزهەر بۆتە هەملێت.

پاش ماوەیەکی دەڵێن پازدە دەقیقە تەنەفوسێ دەدەن بەڵام کەس لە جێی خۆی هەڵنەستێ.
کوبی هەستاوە دەڵێ:"ئێستا دێمەوە!"
هەر پرێک دوور کەوتەوە، باجە گوڵزاری دەبینم قسەی لەگەڵ دەکا. دوایە هەردووکیان دێن بۆ لای مە.
باجە گوڵزار دەڵێ:"ئەیەڕۆ! خۆ فازل ئەوەتا لێرەیە! ئەو شارەیان لێ کردوون خۆ خاڵۆژنم دەتانکوژێ، ئەوە بۆ پێتان نەکوتون فازلی لەگەڵ خۆتان دێننە ئێرە؟"

کوبی زوو دەڵێ:"بۆ وەی ناهێڵن کودەکستان بێ، ئەمە لەبن سێرێکانماندا شاردمانەوە!"
باجە گوڵزار دەڵێ:"ئەمن ئەوە دەچم بزانم کەسێکم وەگیر کەوێ بینێرمە ماڵە خاڵم پێیان بڵێ!"
بە دوای ویدا پرشینگ خانمی کچی مامی کوبی دێ بۆ لامان، سەری زەرد زەرد و چاوی شین شینە، هەر وا قسەمان لەگەڵ دەکا، باجە هەتاو دەگاتە جێ.
بەڵام ئەوەی چاکە پێمان پێدەکەنێ، دەڵێ:"ئەیەڕۆ ئەنگۆ چۆن لە خاڵۆژنم ناترسێن؟ چۆن توانیتان فازلی لەو هەمۆ عالەمەی پشارنەوە؟"
دیسان پێدەکەنێ دەڵێ:"نیگەران مەبن ئەمە دەتانبەینەوە ماڵێ!"
باجە گوڵزار چاکە توانیوێتی کەسێکی بنێرێتە ماڵە مە بە دایک و بابم ڕابگەیێنێ. ئەمن پێمڕوا بوو چونکە فازل دەگریا و پێشی خۆش بوو لەگەڵ مە بێ، ئەگە لەگەڵ خۆمانی بێنین کارێکی چاکمان کردۆ و دایک و بابم زۆریان پێ خۆش دەبێ و باڕەقەڵاشمان لێدەکەن!

دوای نمایشەکەی باجە هەتاو و باجە گوڵزارا و پرشینگ خانم و ڕۆئیا خانم هەموویان لەگەڵ منوکوبی دێن بە کوچەی کەبابی حەمەشەلی و نێومەیدانی مەنگوڕاندا دەڕۆین، باجە هەتاو و باجە گوڵزار دێنە ماڵە مە هەتا لەگەڵ دایکوبابم قسان پکەن.
دایکم دەڵێ:"ئەوە دەیانکەین بە خاتریٰنگۆ! دەنا کوڕاونەفیسە دەبێ تەنێیەکی چاکبکرێن بۆ وەی بە مەیان نەکتۆ و سەربەخۆ ئەو کارەیان کردۆ."

دوای ماڵە مە، باجە هەتاو و باجە گوڵزار چوون بۆ ماڵە باجە خەجیجێ هەتا بە ویش بڵێن لە کوبی نەدا!

دایکم و بابم لە من نادەن. فازلیش نەقلی نمایشەکەیان بۆ دەگێرێتەوە و بە خۆشی و هەڵبەز ودابەز دەڵێ :"ئەمن هەملێتم!"
لاسای کاکە مەزهەری دەکاتەوە و بە دایکم و بابم دەڵێ کاکە مەزهەر وەختێکی شەمشێربازی دەکرد، شەمشێرەکەی لێ کەوت! کابراکەی دی بە شەمشێری لێیدا، هەموو کراسەکەی پیس و خوێناوی بوو، ئەما دوایە چابۆوە. هەستاحەوا ئەمەش چەپڵەمان بۆ لێ دان. کچێکی جوانیشی تێدا بوو، مووی سەری درێژ بوو، ڕەفیقی کاکەمەزهەری بوو."
کاکەمەزهەر لە جوابی دایکمدا کە چاوی تێ بڕیوە دەڵێ:"ئەوە سیمینی کەمانێ بۆتە ئوفێلیا. فازلیش حەتمەن تەماحی دە مووی سەری سیمینێ کردۆ هەتا بیکێشێ!"

فازل تووکی سەری پێجوانە، لە منداڵیوە بۆی هەڵکەوێ سەری بنیادەمی دەکێشێ و دەڵێ:"پووشک دەکەم!"

گوێم لێیە کاکە مەزهەر و کاکە جەمیل و کوڕەکانی دیکە دەڵێن:"بۆ نمایش و شتی وا ئەو میلەتە، میلەتێکی سەیرن ناهێڵن کچەکان لە هیچ شتێکیدا بن، هەمیشە نەخشی کچی لە نمایشێدا دەدرێتە کچەکانی کە کوردنین."

کاکە جەمیل دەڵێ:"کورە ئەوە بۆخۆی زۆر موهیمە کە دێڵن کچ پرواتە مەدرەسەی، ئەوە دەبیرستانیان بۆ داناون. کوا ئەوەش نەبوو. ئەلعانیش زۆر کەس بە کچی ناخوێنێ و هەر ئەوەندە یەکێک داوای کردن، بە مێردیان دەدەن. چ پێیان خۆش بێ چ پێیان ناخۆش بێ!"
کاکە مەزهەر دەڵێ:"بەخودای میلەتی مە وەپاشکەوتۆ، جا ئەوە چ دەبێ ئەگە کچ لە نمایش و شتی دابێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"مەگە لەبیرت نێ؟ باجە زارا بۆخۆی بە گوێی خۆی گوێی لێ ببوو، وەختێکی کچە نێرسەکان لە کارێژی میهەنتوری دێنە خوارێ، کابرایەک لە دەور وبەری کارێژێ بە پیاوەکانی دی دەڵێ:`ئەوەش قاحبەکانی تارانێ، هاتنەوە!`
باجە زاراش نایکاتە نامەردی، دەچێتە پێش ئەو کابرایەی دەڵێ:`ئەتۆ ئەو عافرەتانە دەناسی؟` کابرا دەڵێ:`نا! بۆ؟` باجە زارا دەڵێ:`بەڵام ئەمن دەیانناسم، جەد و ئابادیشیان دەناسم، دەزانم زۆر خانەوادەن، نەجیبن، مێردیان کردۆ، ئەوەی بە چاوی سووکیان چاو لێ دەکا قورمساغە!` پێی دەڵێ:`ئەتۆ ئەگە خۆت بە پیاو دەزانی نابێ باسی ژنان پکەی.`"
کورەکان پێدەکەنن دەڵێن بارەقەڵا باجە زارا!

###

ئەورۆ ئێوارێ بابم کە دێتەوە دادەنیشێ و دەڵێ:"وەرن دەرس و دەورەکەتان پخوێنن، دوایە هەرچی دەیکەن بیکەن!"
ئەمنیش بەخۆم نێ دەست دەکەم بە گریانێ.
بابم دەڵێ:"ئەوە چ بۆ؟ کێ چی کوتۆ؟ ئەوە بۆ دەگری، ڕۆڵە؟"

دەڵێم:"بابە! لە بیرتە ئەمن مەشقەکانم نووسی، دەرسەکەم حازر کرد، دوایە ئەتۆ دەفتەرەکەمت بە چرێشی پێکەوە نوساند؟ ئەورۆ خانم معەلیم بە خەتکێشی وەکوو شاگردە تەمبەڵەکان، دوو خەتکێشی لە دەستی دام، هەرچی کوتم نازانم دەفتەری مەشقەکەم لە کوێیە، باوەڕی پێ نەکردم.
کوتیشم مەشقەکانم نووسیوە، لەبەر کتێبەکەشم خوێندۆتەوە، بەڵام بێفایدە بوو."

بابم زۆر بە ناڕەحەتێوە دەڵێ:"ئەی داد و بێدا! ئەمن چرێشەکەم لێدا دوایە لە بن کتێبەکەی دایکتم نا، کوتم هەتا بەیانی جوان چرێشەکە خۆی دەگرێ، لە بیرم چوو لە چەمەدانەکەتی نێمەوە.
جا زۆر چاکە! ئەو ژنە خوێرێ، بۆخۆی هیچ بابیشی دەناسم. دوکانەکەی جیرانی حەمە شەلی کەبابچێ، ئاغای ئەسحابی. دەچم بۆخۆم دەگەڵ بابی قسان دەکەم. جارێکی دی دەستت لێدا، ئابرووی دەبەم! دێمە مەدرەسەی لەگەڵ خۆی قسان پکەم، مەشقەکانی دوێنێ و ئەورۆش دەبەم پێنیشانی دەدەم، خۆی کەر کردۆ!
مودیرەکەش ئاشنای منە. خۆ شاگردێکی هیچ کاری خەراپی نە کردۆ، هەموو ڕۆژێ وەختی خۆی لە مەدرەسەی حازرە، دەرسی خۆی دەخوێنێ، ناتوانێ هەر وا لەخۆڕا وە بەر خەتکێشانی دا."

جەفعەر دەڵێ:"بابە ئەگە معەلیمی منیش کاری خراپی کرد دێیە مەدرەسەی لێی تورە بی؟"
بابم دەڵێ:"ئەرێوەڵا! ئەگە کارێکی خەراپ پکەن معەلیم تەنبێو کا قەیدێ ناکا، بەڵام لە هیچوخۆڕایی  لێتان بدەن ئاپڕوویان دەبەم!"

زەنگی تەنەفوسێیە کوبی بە هەڵات هەڵات دێ پێمدەڵێ:"مامە زێرە لە دەفتەرێیە، بۆخۆم بە چاوی خۆم دیتم!"
ئەمنیش پێیدەڵێم بۆ  بابم هاتۆ.
دەڵێ:"جا ئەوە چێ!؟ هەر جارێک دوو خەتکێشیان لێ داوی پێتوایە داخوڵا چ بۆ؟ ئەمن هەتا ئەلعان هەزار خەتکێشم وێ کەوتۆ!"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەوە لەسەر هیچوخۆڕایی بوو، هەر مەشقەکەم لەبیر چوو بوو."

دوای زەنگی تەنەفوسێ چووینەوە کلاسەکانمان، ئەشڕەف خانمیش دەفتەری نمرەی وەکوو هەمیشە توند لە باوەشی خۆی گرتۆ، دێ دەست دەکا بە دەرسی تازە.

هەر وا کە چاوی لێدەکەم، لە دڵ خۆمدا دەڵێم هەمیشە گوێ دەدەمە دەرسێ،  بێ دەنگوباس وەک مجەسەمەی لە  سەر کلاسێ دادەنیشم، بەیانان بە پەلە پەل و بە خۆشی خۆشی و بە هەڵات هەڵات لەو کوچەی بەو کوچەی دێمەوە مەدرەسەی، زۆریشم پێخۆشە ڕەفیقی باجە زیێدی معەلیمی منە بەڵام ئەو دوو خەتکێشەی لەبەری دەستمی دا، وەکوو وەیە کە  لە دڵمی کارکرد بێ. ئیدی معەلیمەکەم خۆش ناوێ.
دێدەش هەمیشە دەڵێ:"دڵی پیاوی وەک چینی وایە، پشکێ خۆی ناگرێتەوە."

###

کاکم دیسان خەبەری ناردۆ  هەموو حەول بدەن یەکێکی ببیننەوە، بۆ وەی فاتم دەیەوێ بگەڕێتەوە سابڵاغێ. دەڵێ تارانی زۆر پێ ناخۆشە!
باجە زارای کچی کا حەمەدی دەڵێ:"جیرانێکمان هەیە تازە لە دێیرا هاتوونە شاری. پیاوەکە فەعلەیە، ژنەکە کاری ماڵان دەکا، بێ زاقەوزوقەن. خوشکی پیاوەکەش لەگەڵیان لە ماڵێدا، جحێڵە، دەڵێن ئەمن پرسیاڕیکی پکەم؟"
دایکم دەڵێ:"جا زۆر چاکە زارا گیان! ئەگە پێیان خۆش بوو بابێن قسەیان لەگەڵ دەیرینەوە."
باجە زارا دەڵێ:"وا دیارە ئەوەی براکە بڵێ هەر ئەوەیە. خۆ بۆخۆی کچە، ئێوی حەلیمە، دەسەڵاتی خۆی نێ. دەڵێن زردایکی  هەیە، هەر منداڵ بۆ دایکی عەمری خودای کردۆ، فەقیرە لە تەندورێش کەوتۆ لاقێکی تەواو سووتاوە. کۆڵ بۆ. خورویێکەش هەموو دموچاوی کون کون کردۆ، ڕەنگە هەر بۆیەش مێردی نەکرد بێ، عافرەت ئەگە ئاوا عەیبدار بوو بە ناشکوری ناڵێم کوا کێ دەیەوێ؟"
دایکم دەڵێ:"زارا گیان ئەگە بێتو سەربگرێ، لە ئەلعانڕا هەتا هاوینێ ئیشەڵا هەزار شتی فێر دەکەم، دەیکەمە کابانێکی زۆر چاک. وابێ هەموو کارێکی بزانێ و پتوانێ ماڵە مەسعودی وەک زێری بەڕێوە بەرێ."
باجە زارا دەڵێ:"ئەڕیوەڵا، وایە! خۆ دەزانم. ئەوە دەچم بۆ پرسیاران."

"حەلیم" دوو سێ مانگی هەوەڵێ سەریشی هەڵناهێنێ قسان پکا. دایکم و دێدە لیباسی بۆ دەکڕن، کەوای بۆ بە دروون دەدەن. دەست دەکەن بە فێرە کارکردنی. جاروبارە کە ئاوی سەرچاوەمان لێ دەبڕێ، دەچێ ئاوێ دێنێ. زۆریشی پێ دەچێ.
دایکم دەڵێ:"دەزانم دوورە بەڵام ئەوەندەی ئەتۆ پێت دەچێ، ئەوەندە مام قادر دوو سێ کەڕەتێ دەکا و دێتەوە!"
حەلیم هەر دەڵێ:"جابڵێم چی!؟"
دوایە دایکم دەڵێ ئەمن لەگەڵ خۆی بەرێ، ئەمنیش چونکە مەدرەسەم هەیە نابێ درەنگ بێمەوە ماڵێ.
لە ڕێگایە دوو سێ جاران حەلیم بە سەتڵی لێم دەدا و دەڵێ:"بە دایکت بڵێی، دیسان لێت دەم!"
ماوەیەکی هەر حەلیم لێم دەدا و دەنگێ ناکەم. ئەگە دایکیشم ڕۆژی حەمامێ چاوی بە لاق و دەستی من دەکەوێ کە سوور و شین بۆتەوە دەڵێم لە مەدرەسەی کەوتووم.
هەتا ڕۆژێکی لە حەسارێ حەلیم ئاوی بەتاڵ دەکا دایکم چاوی لێ دەبێ کە لە من دەدا و لێی وە حەسارێ کەوت، بە وەشی لێ نەگەرا کە هەر بەسەریدا بقیژێنێ، بە باجە زارا یدا ناردیوە بۆ ماڵە بابی.
براکەشی بۆ سبەینێڕا هات و هێنایەوە و بە دایکمی کوت:"ئەوە هەر قەرەواشی تۆیە، گووی‌خواردۆ، غەڵەتی کردۆ! بۆخۆشم زۆر چاک تەمبێم‌کردۆ ئەگە حەیای بێ هەتا عومری هەیە ئەو لێدانەی منی نابێ لەبیر پچێ."
دایکم دەڵێ:"جا بۆ ڕۆڵە گیان، لێت داوە؟ ئەوەندەیە ئەمن دەڵێم ئەوە لەبەر چاوی من، بە ڕۆژی ڕووناک لە کچەکەی دەدا، چۆن دەوێرم بۆ کورەکەم بنێرمە تارانێ. ئەوان، بەیانی زوو هەڵدەستن دەڕۆنە سەرکار هەتا ئێوارێ نایەنەوە، منداڵێکی چکۆڵەشیان هەیە."
براکەی حەلیمی دەڵێ:"بە ئەو مەرقەدەی شاهی نەقشبەند زەرەری چ بە ماڵ، چ بە منداڵی ئاغای بگەیێنێ، عازای بەدەنی هەر بۆخۆم بە داران دەشکێنم!"
دوایەش چاوێکی لە حەلیمی دەکا دەڵێ:"گوێت لێیە کچەتیوە؟"
حەلیمیش ورتە ورتێکی لێ‌دێ. بەڵام دەژگری.

بە دوای ئەو ڕۆژەیدا حەلیم قەت لە منی نەدا، بەڵام ئەمنیش ئیدی بۆ لای ناچم، هەر جێگایەکیش پچێ لەگەڵی ناچم، هەتا هاوین دێ. دوای وەی کاکم و براژنم دەگەڕێنەوە دایکم نەقڵی حەلیم و لێدانی منیان بۆ دەکا و دەڵێ وشیاربن لە مینووی نەدا!

بابم دەڵێ:"چۆن وشیار بن!؟ لەبەر چاوی خۆت ئەوەتا لە کچەکەیدا، ئەوان خۆ لە ماڵیش نین. بۆیە ژن دەبێ لە ماڵە خۆی ئاگای لە ماڵ و منداڵی خۆی بێ. ژن بۆ دەبێ لەدەرێ کارێ پکا؟"
دایکم دەڵێ:"کاریش پکا هەتا منداڵی نەبۆ چاکە، بەڵام منداڵ، دەبێ دایکی گەورەی کا نە کڵفەت."

هەر وا باجە زێد کە گوێی لێ دەبێ دەڵێ:"ناوەڵا هیچ وا نیێ! زۆر ژن کارێ دەکەن. لە سابڵاغێ هەر لە ژوورێ دان لە تارانێ ژنیش دەچێتە سەر کار."

بابم دەڵێ:"جا ئەوە چ پیاوێکە مەحتەلی وەی بێ ژنەکەی کاروکاسبی پکا!"
هەر لە بابم قسەیەک و لە دایکم یەکێکی دی، باجە زیێدیش لەو نێوەیدا حەولی ئەوەیەتی خەتای وەستۆی خۆی نەگرێ.
بابم دەڵێ:"جا زۆر چاکە ئەتۆ پێتخۆشە کاری دەرێ پکەی بیکە! با مەسعود ژنێکی دیکە بێنێ چاوی لە ماڵومنداڵەکەی بێ، چاوی هەر لەدەرێ نەبێ!"
هەر ئەوەندە بابم وای کوت، بوو بە گێژی ئەسکەندەری! باجە زیێد بە گریان و هاواری"مەسعود"،"مەسعود"کردن ڕۆیشتە سەرێ.

وەختی نەهارێ هەموو دە گێرە وکێشەی ئەو قسەی بابمدان.
دێدە دەڵێ:"جا خۆ ڕۆڵە، چونکە یەکێک قسێکی دەکا مانای ئەوە نێ وە ڕاست دەگەڕی. خۆتان ناڕەحەت مەکەن، بابت ڕەنگە هەر بە جەفەنگ کوتبێتی، باپیرم!"
کاکم زۆر بە قەڵسی و بە ناڕەحەتێوە دەڵێ:"ئەوەتا زیێد! بۆ لێی ناپرسی بابم چیکوتۆ!؟ هیچیش بە جەفەنگ نەبۆ!"

باجە زیێدیش کە هەر دەگری، دەڵێ:"ئەوە جوابی محیەبەت و ئیحترامی من ئاوا دەدەنەوە، ئەمن غەیری چاکە مەگە چم لە حەقی ئەو خانەوادەیدا کردۆ؟ ئاغا سەید دەڵێ:`ژنی زۆر جوان و کابان و ئازا و گورجوگۆڵ هەر ئەوەندەی یەک و دوو بۆ مەسعودی لەو دێ و دێهاتانە دێنێ!"

باجە زیێد نانی ناخوا کاکیشم کە هەر بە دوای وێوە حەولدەدا دڵخۆشی بداتەوە.
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە بە داخەوە شێوەی فیکری کۆنە زۆریش ریشەی هەیە لە نێو کوردەواریدا. `کچ نابێ پخوێنێ!` لازم نێ پچێتە مەدرەسەی` هەر ئەوەندە بوو بە پازدە شازدە ساڵیش بە مێردی دەدەن! ئەتۆ و ڕەفیقەکانت ئەرکێکی زۆر گەورەتان لەسەر شانێ.
لە پێش ئەنگۆدا کوا کچی کوردی سابڵاغێ چۆتە تارانێ دەرسێ پخوێنێ؟ سەرباقی وەش کارێ پکەن و ماڵ و منداڵیشیان هەبێ، زۆر کارێکی زەحمەتە.
هەمیشە وەختی ئاڵوگۆڕی نیزامی کۆن و تازە ئەو نەسلەی خەریکی ئاڵوگۆڕ کردنێیە، تووشی هەزار گێرە وکێشە و ناڕەحەتی دەبێ. ئەنگۆ موبارزە لەگەڵ کۆنەپەرستی دەکەن!"
باجە زیێد گوێی داوەتە قسەکانی کاکە جەمیلی، لە ئاخریدا دەڵێ:"زۆر مەمنوونم جەمیل خان، مێرسی! دەبێ شوکری خودای پکەم، ئەنگۆ، کورەکان هیچتان وەکوو دایکوبابتان فیکر ناکەنەوە. هەموو ماشەڵا رەوشەن فیکرن!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا با ئەمن شتێکیدیکەش بڵێم هەر سەیری وەک خۆی نێ! ئەگە ئەمە نەبین بابم خۆ پێیوانێ `نەفیسە` دەبێ پچێتە مەدرەسەی. دەڵێ کچ کە دەرسی خوێند بە کاری ماڵ و منداڵی نایا. زۆر دوور نەرۆین یانی ژنێکی دەرسێ پخوێنێ، پیاو ناتوانێ وەکوو کەری لێی پخورێ!
پیاوان بۆ وەی ژنان پچەوسێننەوە، هەر وەک سەدان ساڵە کردوویانە، مەعلومە نایانەوێ ژن قودرەتی ماڵی و مەقامی ئیجتماعی هەبێ! هەر دەیانەوێ لە گۆشەی ماڵێ دانیشێ، منداڵان گەورە کا و ماڵێ بماڵێ و قاب و کەوچکان پشوا و ژێرچەپۆکەی پیاویش بێ.

ژن بۆخۆی دەبێ لەگەڵ ئەو کۆنەپەرەستیانە موبارەزەی پکا. هەر ئەو کارەی ئەتۆ دەیکەی!"

کورەکان و ژنەکان هەموو هەر کەسە بە جورێکی حەول دەدەن تاڵی قسەی بابم لە دڵی باجە زیڕێ دەرهێنن. هێندەی پێناچێ باجەزیێد و کاکم خۆیان حازر دەکەن ومینوش هەڵدەگرن و دەڕۆنە ماڵە خوشکی باجە زیێدێ، ماڵە خەجیج خانمێ، شەوێ بۆ نوستنیش نایەنەوە!

###

مەدرەسە دەستی پێکردۆتەوە.

فازل کلاسی ئەوەڵە. لەگەڵ جەفعەری دەچنە مەدرەسەی پەهلەوی لە کوچەی جوولەکان.

ئەمنیش کلاسێکی تازە و معەلمێکی تازەم هەیە نێوی "خورشید خانمە." باجە زارا دەڵێ زۆر چاکدەیناسێ کچی ماڵە چاورەشانە.

شایی بە زۆریی باجە ئامینێ نزیک دەبێتەوە. باجە ئامین دوای وەی لە مەدرەسەی دێمەوە دەڵێ:"پوورێگیان ئەمن ئەوە دەچمەوە، نەفیسەش لەگەڵ خۆم دەبەم بۆ وەی لە سەر ڕێیە دەچمە لای ددانسازی، جا دوایە حەسەن یا محەمەد دەیهێنەوە."

دایکم دەڵێ:"چاکە، ڕۆڵە! هەر درەنگ نەبێ قەیدی نێ."

باجە ئامین ئەمن لەگەڵ خۆی بە نێو قەیسەرێدا دەبا دەڵێ:"ئەوە وەکوو کونی کەی وایە!"

ڕێک پووڵەکە و زەنگیانەی دەکڕێ، دوایە لە نزیک دوکانی حەمە شەلی لە قەیسەرێ دێینەدەرێ. دەڵێ جا با بپەڕینەوە ئەوبەری. ددانسازەکە لەو لایە. دەمزانی لەسەر هەورازەکەی نزیک ماڵە سەلاحزادەی، مەتەبی دوکتور "هرۆئابادی" لێیە. دوو سێ جاریش لەگەڵ باجە ئامینێ چوبوومە کن ئەو دوکتورەی بۆ چاوی باجە ئامینێ. بەڵام ئەو ددانسازەم قەت نەدیبوو.

چووینە ژوورێ، دوای وەی کاری ددانی باجە ئامینێ خەلاسی هات، زۆر بە ناڕەحەتی و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە خوداحافیزی لە دوکتورەکەی کرد و لە سەر هەورازەکەش هەر دەگریا.

گەیشتووینە نزیک ماڵە حاجی سەگۆی.

دەڵێ:"ئەو دوکتورە ناردێ کن بابم، ئەمنیش زۆرم بۆ وی پێخۆشە، بابم پێی کوت بوو: `ئەمن کچی بە سابڵاغیان بە مێرد نادەم! ` نازانم چ بکەم، دێهات با، ڕەدوا دەکەوتم، بە جەحەندەم! لە ئایرووبان دەترسێن، با زۆرێ لە کچان نەکەن. وەڵاهی مردن خۆشترە لە وەی بە نابەدڵی مێردی پکەی، مەگە هەر خۆم دەرمانداو کەم."

ماڵە خاڵە بابەدینی هەر کوچەیەک لە سەرترە، بەرامبەر بە ماڵە زهوریانی. ئەو ماڵە مەیمونێکی چکۆڵەیان هەیە، جاروبارە منداڵەکانیان دەیهێننە بەر دەرکەی قوماری دەگەڵ دەکەن ئەمەش دەچینە سەیریان.

باجە ئامین چاوی بە چارشێوەکەی دەسترێ، لە دەرکەی دەدا، مرێم خانمی خوشکی لەسەر پەنجەرەی سەر دەرکەیرا چاومان لێدەکا، دێ دەرکەمان لێ دەکاتەوە.

باجە ئامین و مرێم خانم و کورەکان لەوبەری حەساری ژوور و پێشخانەی خۆیان هەیە، لەژێر باڵەخانەکەی وانیش مدبەقە. حەسارەکە گەورە و خۆشە، دوو دارە مێویشی تێدایە، قایمەیان بۆ هەڵبەستوون. ڕیحانە و گوڵ و گیاوگۆڵیش لە لای دەرکی حەسارێ شین دەکەن. باجە ئامین گوارەی پیاڵە زەنگی زێری لە گوێیدا، هەر لەو گوڵ و ریحانانەی حەسارێیە کە لە ئاڵقەی گوارەکەی دەکا.

باجە ئامین ئیدی وەکوو جاران پێناکەنێ. نیگەرانی و غەم لە چاویرا دیارە. وەکوو ئەو دەمی مامە قادر زۆر نەخۆش بوو و هەموو دەیانزانی ئیدی چاک نایێتەوە. دیار بوو هەموو چاوەڕوانی خەبەرێکی زۆر ناخۆش بوون.
باجە ئامینم وەکوو جوانەگا فەقیرەکەی دێتە بەرچاو کە سەریان بڕی. چاوە جوانەکانی ویش پڕ ببوون لە ئاو یەک بە خۆشی دەیبۆڕاند بەڵام کەس جوابی نەدەداوە. تەنافێکیشیان لە دەست و لاقی بەست بوو هەتا هەر بەڵایەکی بە سەری دێنن، بێنن.
دەست ولاقی باجە ئامینێشیان بە تەنافی "عەیبە!" و "ئابڕوومان دەچێ" و "سەریان نەوی دەبێ" بەستۆتەوە. ئەو پەتانە "ژن" بۆخۆی دەبێ بیانپسێنێ. جوانەگاکە نەیدەتوانی لە دەست ئەو حیسانە خوێنخۆرانە هەڵێ بەڵام باجە ئامین دەتوانێ، دەبێ هەڵێ، هەتا درەنگ نەبۆ.

کاکە حەسەن هاتۆتەوە، دەزانێ باجە ئامین هەمیشە دەگری دەڵێ:"باجە گیان ئەوەندە خۆت ناڕەحەت مەکە، بەشکەم ئەو کابرایە ئەوەندەی ڕەزاگرانە هەر ئەوەندەش چاک بێ."
هەمووما دەست دەکەین بە پێکەنینێ.

کاکە محەمەد ئەو کارەی پێ کارێکی خەراپ نێ، هەر چەند پێیوایە دەبوو ژنی جوانتر بێنێ. دایکم دەڵێ بە هەردووک خاڵەکانمی کوتۆ، باجە ئامین زۆر ناڕەحەت و ناڕازێ، دەڵێ کاکە بابە شێخ و کاکە محێدین هەردووکیان کوتوویانە:"ئەوە هەر دەبێ! ئامین، دوای وەی چۆ تارانێ، دیتی مێردەکەی زۆری لەگەڵ چاکە و زۆر کورێکی باشە ئەویش ئەو قسانەی لە بیر دەچێتەوە!"

باجە ئامین دەڵێ ڕزدایکی، خوشکە گوڵ پێی دەڵێ:"جا کوا کێ بە دڵی خۆی مێردی دەکا؟ هەر وا هاتۆ هەر واش دەڕوا! خوشک بۆ برای بە ژن دەچێتن، ئەوەش نەبی هەر باب و برا قسان دەبڕنەوە عافرەتیش حەقی قسانی نینە! ئەوە چاکە ئەتۆ ئامۆزاتە دیتووتە. خۆ بەشی زۆری بووک هەتا بە بووک نەچی نازانی مێردەکە جوانە، پیرە، ساغە، کوێرە!؟"
باجە ئامین هەر دەڵێ:"نازانم قوری کوێ بە سەری خۆم داکەم! ئەگە دایکی خۆم بایە ئەمنیش ئاوا بەدبەخت نەدەبووم. بە هەوای پوورم بووم، ئەویش بێدڵی براکانی ناکا."
پێش وەی هەوا تاریک بێ کاکە حەسەن ئەمن دەباتەوە ماڵە خۆمان.

###

زستانێکی سارد و سەخڵەتە.
زۆر منداڵ هەر بە خلیسکێن دێنەوە مەدرەسەی. ئەمنیش دەڵێن، قەل لاسای قازی کردەوە قوونی دڕا، ئەورۆ خۆم فێری خلیسکێنێ دەکرد لەسەر سەهۆڵ وبەفرێکی زۆر کەوتم و لاقم لە جێ چۆ.

دێدە بە دایکم دەڵێ:"هەر تڵتەچا یا شڵتەی پرویشی بەسە! شوکور نەشکاوە، هەر زەحمەت دراوە."

لاقی ڕاستم لە جونگەیدا هەڵمساوە.
بابم دەڵێ:"بە شیچ حوسێن ئەگە پەڕۆکەی لێ کەینەوە لە لاقەکەی دیکەی بەستین، بەیانی نازانی بە کێهە لاقیدا پشەلی!"
دوایە پێدەکەنێ.
بەڵام دوو سێ ڕۆژان لە بن کوورەی درێژ دەبم دایکیشم نیوەنمەک و دوگ‌ورەشکە و شتی وا لە لاقم دەنێ،
بابیشم بۆ وەی لە دەرسەکانم وە پاش نەکەوم، بۆخۆی دەرسم پێ دەڵێ و مەشقم پێ دەنووسێ.
دێدەش ئەگە لە حەمامێ نەبێ هەموو ڕۆژێ دێ. ڕۆژی حەمامێش شۆرمەزە یا کولێرەی دوو قڕانیمان بۆ دێنێ.

ئەورۆ دێدە هاتۆ دەڵێ:"کوێشتیر هەستە! قوونت بەو جێگایەیەوە چۆ! با پچین سەرێکی باجە مرێمت بدەین. کورە چکۆڵەکەی سەرمای بۆ، نۆبەتێی هاتبوویە دوێنێ لەبەر حەمامێ پێم نەکرا سەریان بدەم."

ئەمن بە شەلە شەل، دێدە دەستم دەگرێ سەبرا سەبرا دەڕۆینە ماڵە جەنابی شێخی. ئامۆژنە مەلازادە و یەک دوو ژنی جیرانیان لە وێ دانیشتوون. فاتمیش دوای وەی لە تارانێ هاتۆتەوە زۆرتر لە ماڵە مامە قادری دەبێ بەڵام ئەورۆ هاتۆ یاریدەی باجە مرێمێ بدا.

بە داخەوە ئەمیر زۆر نەخۆشە.
باجە مرێم بە ژنەکان کە دەپرسن کورەکە چێتی دەڵێ:"جا چێتی بابەکەم؟ هەر ئەمن لیباسی لە بەر دەکەم هەڵدێ دەچێتە دەرێ لیباسەکەی فڕێ‌دەدا.
دەس دەکا بە هەڵات هەڵات و قومار کردنێ. هەر منداڵەکان وە دووی دەکەون، دەیهێنەوە لیباسی لەبەر دەکەین، کۆت و شتی دادەخەین، کڵاو و شتی لەسەر دەکەین، هەمان هەمان دایان‌دەکەنێ، فڕێیان دەداتە سەر بەفرەکەی
دەڵێ:`گەرمامە!`، کورە ڕۆڵە! ئەمیر چۆن گەرماتە؟ بەو سەرما و سەهۆڵبەندانەی؟` هەر دەڵێ گەرمایەتی، جا چووزانم.
ئەوە دوکتوریش دەرمان و دەرزی بۆ نووسیوە و دەڵێ کاری لە سینگی کردۆ. جا پەنا بە خوڵای!"

لە ژنەکان هەر کەسە شتێکی دەڵێ، یەک دەڵێ:"نیشاستە چاکە، بە قەد کەوچکێکی نان خواردنێ، نیشاستەی لە ئاوی سارد دەکەی، جوان جوان تێکەڵی

دەکەی دوایە پڕێکی گەرم دەکەی یا لەسەر سەماوەرێ یا لەسەر کورەی وا بێ سارد نەبێ، بۆ سینگی و بۆ کۆخەی یەکا و یەکە!"

یەکی دی دەڵێ:"تۆبێ لە هەموو شتێکی دەرمانترە، سینگی نەرمدەکا، کۆخەش هەر ناهێڵێ!"
باجە مریّم دەڵێ:"بە خولای، هیچ نەماوە لێی نەکەم. بووکە شەمیش، ڕۆنی مریشکی بۆ ناردووم لە سینگی هەڵسووم.
ئامۆژنیشم هات ئیستکانمان لە پشتی دا. بە قوونەوە نەیدەتوانی دانیشێ، ئەمن ڕام گرتۆ، ژنی مامە زێڕەش، ئیستکانەکانی لێ داوە، دوایەش ئەو ڕۆنە، ویکسی پێ دەڵێن، لە گەرو و سینگ و سەر وگوێلاکمان هەڵسۆ، بە ناشکوری ناڵێم، لە خراپێیە، لە چاکێ نێ."

تاریک بۆ ئەمە چووینەوە ماڵێ. دایکم و بابیشم دەڵێن، ئەگە دێدە لە ماڵە مە بمێنێتەوە دەچن سەرێکی "ئەمیری" دەدەن و دێنەوە.
دێدە دەڵێ:"زۆر باشە پڕۆن! مریّم زۆر ناڕەحەتە. زۆر نیگەرانە."
بابم دەڵێ:"جەنابی شێخی خراپترە هەر دە فەرمێ`سەی عەلی دۆعای بەخێرمان بۆ پکە! ` دە فەرمێ خەونی بە شێخی سراجەدینەوە دیتۆ."

دێدە دوو سێ لق داری دیکە لە داردانەکەی دەر دێنێ، دە کوورەکەی دەنێ.
کاکە مەزهەر و فازل خەریکن بە کاغەزی کەشتی دروست دەکەن. کورەکان هەر وا باسی نەخۆشی ئەمیری لەگەڵ دێدەی دەکەن.
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا چۆن ناتوانن منداڵێکی پێنج ساڵە مەجبور کەن لیباسی لەبەرکا ئەویش لە زستانێدا؟"
دێدە دەڵێ:"جا چوزانم باپیرم؟ لە ژوورێ لیباسەکەی لەبەر دەکا، باجە مریّمت دەڵێ هەر ئەوەندە چۆ دەرێ، هیچ شتێکی لەبەر خۆیدا ناهێڵێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"سەرمای ئاوا زۆر خەتەرناکە، پیاو زاتولڕیەی دەگرێ!
نەخۆشی زۆر پیسی وەکوو ئەوەی ئەمن هەم بوو، `پڕۆنشیت` یا `زاتولڕیە`، بە کوردیش پێموایە دەبێتە سەتڵوجەم."

دایکم لەگەڵ مێردی باجە زارای، کاک محەمەد، دێتەوە ماڵێ و دەڵێ:"بابت درەنگ دێتەوە، جەنابی شێخی هەر وا دۆعای بەسەر ئەمیریدا دەخوێنێ و زۆر نیگەرانە."

بێجگە لە دوکتور لازاری، دوکتوری دیکەش هاتوون، دایکم دەڵێ:"لە دەست خودای دایە.
خولا ڕوحمێکی بە دڵی باجە مریّمت پکا. ئەوەندە چاک و بێدەنگ و بێ فڕوفێڵە. ئەوەندەی ئەمە یەکماڵ بووین لەگەڵ نەنکت و ماڵە مامەکانت قەت دڵم بایی پەنابادێکی لە باجە مریّمت عاجز نەبۆ. ئێستاش خۆ هەرچی بێ بە پەلە پەل خۆمان دەگەیێنێتێ.
بابیشت خۆ قەت قەت فەرقی بەنگۆ و بە منداڵی براکانی نەکردۆ.
کاکە حەسەنی ڕەنگە لە مەسعودیش خۆشتر بوێ. باجە مریّمیشت هەر لێێ مەپرسە، چونکە ئاواش بە نابەدڵی و بە زۆری لە دەزگیرانەکەیان ئەستاندەوە، هەر لاپ خۆشیان دەوێ.

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەدی قانون دەڵێ چی؟ خۆ بەکەڵەگایی ناتوانی خەڵکی مەجبور کەی ژنەکەیان تەڵاق بدەن."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە قانونی چی؟ کورە چونکە خزمی خۆتان بوو خۆ نەدەچوو شکایەتێ پکا. کچەکەش چی پێ دەکرا؟ هیچ!"
کاکە ئەمیر دەڵێ:"ئەو جنایەتە وەحشەتناکانە لە ژیانی عەشیرەیی دا هەیە. پێموانێ هەر کاریان بە قانون و سەبت و شتی بوو بێ. ئەو دەمی ڕەنگە هەر مەلا هەموو کارێکی کرد بێ. خۆ مێرد کردن و ژن هێنان کاغەزی سەپتی لازم نەبۆ."

###

ئەورۆ لە مەدرەسەی کە هاتینەوە، خاتو ئامین دەرکەی کردەوە.
باجە ئامینیش خەریکی نان و کێشت حازر کردنی نیوەڕۆیەیە. بە هەڵات هەڵات دەچم بۆ لای و ئەویش خۆی دادەنەوێنێ هەتا پتوانێ لە باوەشم کا. دەڵێ کاکە فازل گیانیش لەگەڵ کاکە جەفعەری تازە هاتوونەوە، ئەوە لە ژوورێن.
دەپرسم:"ئەدی دایکم کوا؟ دێدە کوا؟"
باجە ئامین زۆر بە ناڕەحەتی و بە پارێزەوە دەڵێ:"پوورم بەیانی لە دووی ناردم کوتبووی چەند ڕۆژان ئەگە پتوانم بێم، چونکە بۆخۆی لە ماڵە جەنابی شێخی دەبێ.
یاخوڵا عەمرم نەمێنێ، دوور بێ لەنگۆ، قورعان لە مابەیندا بێ، کورە چکۆڵەکەی نەخۆش بوو، عەمری خوڵای کردۆ!"
ئەمن دەست دەکەم بە گریان وزیقەزیقێ.
دەڵێم:"ئەتۆ خۆ نەچوویە ماڵەکەیان! ئەتۆ خۆ نازانی، لە خۆرا بۆ وا دەڵێی، ئەمیر منداڵ بوو، خۆ منداڵ نامرێ، هەر پیر دەمرێ!"
باجە ئامین دەمباتە ژوورێ، جەفعەر و فازلیش مات و غەمبار دانیشتوون،
زیقە زیق و هەرا هەرای منیان گوێ لێ دەبێ هەڵدەستن دێن بۆ لام.
هەر دەگریمو دەڵێم:"دێدەم دەوێ، کوا دێدە؟"
باجە ئامین دەڵێ:"هەموویان لە ماڵە جەنابی شێخین. بابیشت. هەتا شەوێش نایەنەوە."
بە دوای وەشدا نانمان بۆ دادەنێ، بۆ خۆی و خاتو ئامینیش زۆر حەول دەدەن دڵخۆشیمان بدەنەوە و دەڵێن نانەکەتان پخۆن بە نێوزگی بەتاڵ نابێ پچنەوە مەدرەسەی، نەخۆش دەکەون.
فازلیش دەڵێ:"ئەدی، دەنا ئەمەش دەمرین!"
ئەمن لە باوەشی باجە ئامینێ نایەمە دەرێ.
کورەکانیش لە سەرێ دێنە خوارێ هەموو بێدەنگ و ناڕەحەتن.
ماڵەکە چۆلوهۆل و ناخۆشە.

لە دەرکەی دەدەن، کوبێ دەڵێ:"ئەمن و حومە ناچینەوە مەدرەسەی، ئاغای مودیر کوتوویەتی ئەگە دوو سێ ڕۆژان نەچینەوە، قەیدێ ناکا."
باجە ئامین بە مە دەڵێ :"ئەنگۆ پچنەوە چونکە پوورم یا ئاغا سەید لێرە نین پرسیان پێ پکەین. ئەگە لە مەدرەسەی کوتیان ئەنگۆش سبەی و دووی مەچنەوە، جا ئەودەمی لە ماڵێ بمێننەوە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا منداڵ بۆ لە ماڵێ بمێنێتەوە؟ چاکترە لە مەدرەسەی بن، خۆ ئەنگۆ ناچنە سەرەخۆشێ!"

ئەمن دەپرسم:"کوبی دوای مەدرسەی دێیە ئێرە؟"
دەڵێ:"نا! ئەمن ئەوە دەچمە ماڵە پوورە مریەمی، پیاوەکان هەموو چوونە سەر قەبران، هەر ژنەکان لە ماڵێن."

ئەمن کە دەچمەوە مەدرەسەی، بەبەر دەرکی ماڵە جەنابی شێخیدا دەڕۆم.
دەرکی ژووری پیاوان داخراوە. دەرکی ژنان ئاواڵەیە بەڵام کەس دیارنیێ.
لە ترسی دایکم ناچمە ژووری.
"خورشید خانم" لە کلاسێ دێ بۆ لام و دەڵێ پێموا نەبوو بۆ پاش نیوەڕۆیە دێیەوە مەدرەسەی، سەعات دەی بەیانی ئەمە خەبەرەکەمان زانی. خودا ڕوحمێ بە دڵی دایک و بابی پکا."
دوایە دەست بە سەری مندا دێنێ و دەڵێ:" ئیشەڵا غەمی ئاخرتان بێ."

دوای مەدرەسەی لە پێش ئەوەیدا پڕۆمەوە ماڵێ دەچمە بەردەرکی ژنان، لە کوچە و حەسار و پێشخانەش ڕێگا نیێ. ژووری ژنان لە بەر ژنان، ژووری پیاوان لە بەر پیاوان. بە هەزار زەحمەت و پالەپەستۆ دەچمە ژووری.
دایکم و دێدە و باجە خەجیج، باجە مریەمیان گرتۆ، هەر دەشڵێن:"ڕۆڵە، لەگەڵ کاری خودای هیچ ناکرێ. خودا ئەو منداڵانەی دیت لێ نەستێنێ."
باجە مریەمیش تەواوی دەموچاوی داماڵدراوە، هەموی ڕنیوە بە سەری خۆی دادەدا و دەڵێ:"ماڵی چی؟ منداڵی چی؟ جا ماڵێکی ئەمیری تێدا نەبێ بۆ ماڵە؟"
دوایەش هەر بە چەپۆکان بە خۆیدا دەدا و هەموو ژنەکانی دیکەش وێرای وی دەگرین و شیعران بە ئەمیری هەڵدەڵێن. ئامۆژنە مەلازادە هەر خۆی ڕادەژێنێ و دەگری. دێدە ئەوەندە گریاوە چاوەکانی وەک گۆمی خوێنیان لێ هاتۆ. ئامۆژنە کەژاڵیش، چەند مانگە ماڵیان لە سەردەشتێرا هاتۆتەوە لە هەموو کەس خەراپتر دەگری. دەمێک بە براکەی خۆی هەڵدەڵێ و تاوێکیش بە ئەمیری.
ئامۆژنم هەر برایەکی هەبوو، دایکم دەڵێ:"باری میوە و کاڵەک و شووتیان لە کامیۆنی نابوو لە `خانەگێ`ڕا دەیانهێنا شاری، کامیۆنەکە لە کەنداڵێکی دەکەوێ، کاک محەمەد بەداخەوە زۆر جحێڵ دەبێ لەو بەسەرهاتەیدا عەمری خولای دەکا."
ئامۆژنم بە دوای جوانە مەرگ بوونی تاقە براکەی هەمیشە دەگری. لە جێگایەکی وەکوو سەرەخۆشیان ئەوەندە دەگری هەتا دڵی لەخۆ دەبێتەوە.
هەمیشە دەڵێ:"لە شایی کاکە مەسعودیش هات بوو، هەڵدەپەڕی، هەر هەڵپەرین لە خۆی جوان بوو، دەتکوت شازادەی میسرێیە، هەر ئەوەندە جوان بوو، هەر ئەوەندە بێمراد بوو."
ئەمن بە داخەوە وە بیرم نایا، بەڵام ئەگە وەکوو ئامۆژنم چوو بێ، دەبێ زۆر جوان چاک بوو بێ. ئامۆژنم وەکوو بەفری سپێ، چاوەکانی وەکوو ئاسمانی شینە، قژی کاڵە.
دایکم دەڵێ:"وەختێکی بۆ مامیان بە بووک هێناوە وەکوو بووکە چینی دەچوو، ماڵ و منداڵداری و غەمی ئاوا گەورە، ڕۆڵە کێوی لە بنە دێنێ."

ژنەکان هەر تاوێک بێدەنگ دەبن و دوایە لەسەڕا دەست پێدەکەنەوە.
ئەگە یەکێکیش تازە لە دەرکەیرا بێ، باجە مریم لێی دەپرسێ:"ئەوە بۆ هاتووی دایکەکەم؟ هاتوویە سەرەخۆشێ؟ جا چۆن منداڵی پێنج ساڵان دەمرێ؟"
دوایەش هەر بەسەری خۆیدا دەدا و دەڵێ:"زگ سوتاو خۆم!"

شێخزادە خانم بە ژنێکی کە چای دادەنێ دەڵێ:"تۆ خوا!، ئەمە نەفیسەیە، بیبەرەو بۆ لای سەعائەت و مناڵەکانیتر لە ژوورەکەی ئێمە!"

ئەمن ئەوەندە لەگەڵ مندالّەکان نامێنمەوە وە بیرم دێتەوە ئەگە زوو نەچمەوە ماڵێ باجە ئامین نیگەران دەبێ. لە پێشخانەی لە چەکمەکانم دەگەڕێم، دێدەی دەبینم بە دوومدا هاتۆتە بەر دەرکی ژووری شێخزادە خانمێ.

ئەمن لاقی دێدەی لە باوەش دەکەم، دێدە دەست دەکا بە گریانێ، دەڵێ:"رۆژێکی زۆر ڕەشە کوێشتیر! لەوەتا پوورت جوانە مەرگ بۆ ڕۆژی وا ڕەشم وەبیر نایا. هەتاو و گوڵزار چکۆلە بوون، عەقلیان پێ نەدەشکا، دارین شیرەخۆرە بوو، بەڵام `باسیل` دەیزانی، لە هەموو مندالّەکان گەورەتر بوو دەیزانی دایکی نەماوە، ئەوەندەی غەم خوارد هەتا دڵی تۆقی."
بە قەراغی چارشێوشانەکەی چاوەکانی دەسترێتەوە و دەڵێ:"سەد بریا دڵی منیش هەر ئەودەمی تۆقی با هەتا ئەورۆم نەدیبا."
گریانی دێدەی ئەمنیش وە گریان دەخا.

لە ماڵێ باجە ئامین دەڵێ:"دەمزانی دەچی بۆ ماڵە جەنابی شێخی، نیگەران نەبووم. سەیدزادە مرێمی فەقیر دەبێ حاڵی چ حاڵێک بێ؟"

دایکم و بابم زۆر درەنگ دێنەوە، نوێژان دەگێڕنەوە، دەڵێی خۆڵت لەسەر دابێژتوون، مات و مەلول و زۆر ماندوون. لەگەڵ یەکتری قسان دەکەن، دەڵێن نانیشیان پێ نەخوراوە.
دێدە شەوێ لە ماڵە باجە مرێمێ دەمێنێتەوە.

###

بەهار هاتۆ.
بەفر لەسەر دوندی شاخەکان نەبێ نەماوە.
"هەی نار هەی نار باوانم یار هات و ڕۆیی بە لەنجە و لار."
مامۆستا تاهیر تۆفیقە لەسەر ڕادیۆی کوردی عێراقێ. کاکە جەمیل ڕاوەستاوە گورانێکە خەلاس بێ کتێبەکانیشی بە دەستەوە، ئەمنیش لە دەرکەی دەچمە دەرێ بەرەو مەدرەسەی وە ڕێ دەکەوم.

تەواوی ڕۆژێ هەر گۆرانێکەی دەڵێم و لە سەر کلاسێش لە بنەوە هەر ویرە ویرم دێ.
وردە وردە وا لە فیکری گۆرانی فێر بوون و گۆرانی کوتنێ دەکەوم هیچی دیکەم زۆر وە بەر چاو نایا.
بۆ ڕەفیقەکانم لە مەدرەسەی لە زەنگی تەفریحێدا گۆرانی کوردی جارجار فارسیش دەڵێم.

ئەورۆ دەرس و شتمان لە پێش زەنگێدا تەواو کردۆ و خۆرشید خانم کیسەی کاموا و شتەکەی دەرهێناوە، خەریکی چنینی کراسکێشێکێ.
دەپرسێ:"کێ دەنگی خۆشە گۆرانێکمان بۆ بڵێ؟"
مندالّەکان دەس دەکەن بە هەرا هەرایە دەڵێن:"حەسەنپور! خانم! حەسەنپور!"

خورشید خانم وەکوو لە سەر بانیرا بەریدەنەوە دەست لە کاموا چنینەکەی هەڵدەگرێ دەڵێ:"ئەو حەسەنپورەی ئەمن دەیناسم؟"
منداڵەکان دەڵێن:"لە حەسارێ ئەوەندە شەرمێون نێ، هەر لە سەر کلاسێ پێی عەیبە قسان پکا."
خورشید خانم دەڵێ:"جا دەبێ چ پکەین پرۆینە حەسارێ هەتا گۆرانیمان بۆ بڵێ؟"
بەشێک لە منداڵەکان دەڵێن ئەمن دەکرێ پرۆمە پشتەوەی کلاسێ کەس چاوم لێناکا.
بەشێکی دی دەڵێ پرۆمە ژێر کورسی و نیمکەتەکان.
خورشید خانم دەڵێ:"لە هەموو جێگایەکی چاکتر بەر پەنجەرەیە. پچۆ پشت `تەختەسیا`کەی کەس ناد بینێ."

ورده ورده وای لێ دێ منداڵەکان داوای گۆرانی خۆیان دەکەن.
یەکێک دەڵێ "گل اومد بهار اومد میرم به صحرا"،
یەکێک دەڵێ "هەی نار هەی نار"،
یەک دەڵێ:"نا!نا! گۆرانی شەماڵ سایبی بڵێ `دەمەکەت بێنە دەستت لابە`."
ئیدی ئەمن دەزانم ئەگە گەورە بووم دەبم بە گۆرانیوێژ. دەشزانم بابم پێشم دەگرێ، بەڵام ئەمن گۆرانی خۆم هەر دەڵێم.
بیستوومە کاکە مەسعود زۆر زۆری ویۆلۆن لێدان پێ خۆش دەبێ و ویۆڵۆنێکیش دەکڕێ و لێی دەدا. بابم کە پێ دەزانێ لێی دەشکێنێ و فڕێی دەدا و دەڵێ:"ئەوە چێ!؟ خۆ ئیشەڵا نابی بە تڕکەن!"

لە ماڵێش ئەگە دایکم لێم قەڵس دەبێ ئیدی ناگریم، دەچمە حەساری "ماڵە خۆمان" دادەنیشم گۆرانیان دەڵێم. دەچمە نێو ژوورە چکۆڵەکەی هەرچی دەیڵێم دەنگ دەداتەوە. لە بەر پەنجەرەکانڕا چاو لە دەرێ، لە خەڵکی دەکەم، لە حاجیلەگلەگەکان لە سەر هێلانەکەیان، لە مزگەوتی بازاڕی.
مام وسێن زۆر پیرتر و بێتاقەتتر بۆ.
دێدە هەمیشە دەڵێ:"لە هەموو دەردێکی خەراپتر پیرێ، لە پیریش خەراپتر فەقیرێ!"

ئەورۆ لە دوای مەدرەسەی دێدە دێتە ماڵە مە، دەڵێ ئەگە پێمخۆشە لەگەڵی پچم تاوێکی سەری کچەکان دەدا، پۆپەشمینێکی کە بە دروست کردنی داوە دەیبا بۆ باجە هەتاوێ.
دەرکەیان هەمیشە ئاواڵەیە، دەچینە ژوورێ، لە نێوەڕاستی داڵانەکەی تێوەردەسووڕێین ژوورێکی چکۆڵەی لێیە، کچەکان هەر لەو ژوورەی دەبن لەگەڵ خات ڕابێ، زردایکی هەوەڵێیان.
باسی وەی دەکەن کە لە سابڵاغێ کلاسی شەشومی دەبیرستان نێ، هەر بۆیە کاکیشم چوو بۆ تەورێزێ. باجە هەتاویش زۆر زیرەکە، لە پاییزی داهاتوودا دەچێتە تەورێزێ دیپلۆمەکەی وەرگرێ.
دێدە دەس دەکا بە گریانێ، ئەویش دڵخۆشی دەداتەوە، دەڵێ:"جا ماڵتە تەورێز چێ؟ خۆ ئەوەندە دوور نێ، هەر وەختێکی ئیشتیات لێ بوو، وەرە سەرم بدە. ئەمنیش دەبێ بزانم چۆن دەبێ، شەشوم زۆر گرانە، ئەگە دەرسم زۆر بێ دیارە ناتوانم بێمەوە، هەتا دیپلۆمەکەم وەردەگرم، نامەوێ تەژدیدیان بێنمەوە!"

دێدە دەڵێ:"خاڵت دەزانێ؟"
باجە هەتاو چاوێکی لە من دەکا، پێدەکەنێ دوایەش دەڵێ:"خاڵم دەڵی `کچ نابێ بچێتە مەدرەسەی، ئەگەریش چوو معەلیمی نەبێ هیچ کارێکی دی بۆ ژنان نابێ. ` کاکە قادرم زۆری پێ چاکە و بابیشم پێی خۆشە."
دێدە دەڵێ:"کەس نەزانێ ئەمن دەزانم لە هەموو شتێکی چاکتر ئەوەیە حیسان مەحتەل و موحتاجی دەستی مێردی نەبێ. ببی بە معەلیم بۆخۆت دەبێ مواجبخۆری دەوڵەتێ. ئەوەم زۆر پێخۆشە. مێردت هەر کەس بێ، شاش بێ پەنابادێکی خۆت لە هەزار تمەنی وی چاکترە.
ئەلعان هەر چاوی لێکە، هاجەر ئەگە ئەو خانۆی دایکی نەبایە، مێردەکەشی دەزانن چ سەگ وسەگبابێکە، دەبوو ئەلعان لە قوون ئەو ماڵ و ئەو ماڵی دانیشێ. بەڵام لە کابراش تەڵاقی وەرگرتۆ، لە خانووی خۆیدا دانیشتۆ، لایەکیشی بە کرێ داوە، ئیحتیاجی بەو خودایەی نەبێ بە کەس نێ."
باجە هەتاو بە پێکەنینەوە دەڵێ:"دیتۆتە دێدە! ئەتۆش پێت خۆشە ئەمن دەرسێ پخوێنم. دەشزانم ئەوەتا نەفیسە جێگای منت بۆ دەگرێتەوە، غەمی منت نابێ."
دێدە دەڵێ:"قسەی کەرانە هەر نەیکەی لە هەمووی باشترە. شاییەکی ناهێنێ!
هەر قوامکەی خوێنی خۆی لێ دێ، حیسابی تۆ لەگەڵ کوێشتیرێ جوێیە. ئی کوێشتیریش لەگەڵ یەکی دیکە جوێیە!"

###

لەوەتا ئەمیرنەماوە، بابم بە فازلی دەڵێ پچێ لەگەل کورەکانی باجە مرێمی قوماران پکا، جاری واشە ئەوان دێن بۆ ماڵە مە.
دایکیان دوای بەسەرهاتی ئەمیری بۆتە یەکیدی. ئەو شتانەی لە پێش ئەو بەسەرهاتەیدا دەبوونە هۆی ناڕەحەتی و پەژارەی زۆر، لە چاو ئەو غەمە گەورەی بە شانیدا کەوتۆ، هەموو بوونەوە بە هیچ.
دایکم و ژنەکان وەختێکی باسی دەکەن دەڵێن، هیچ غەمێک وەکوو غەمی عەولادی نێ، هیچ دەردێک لە دنیایەدا لە دەردی زگسووتانێ خەراپتر نێ. خودا ڕوحمی کردۆ ئەو منداڵانەی دیکەی هەیە دەنا هەر شێت دەبوو وە شاخان دەکەوت.

دایکم دەڵێ فازل دوو ساڵە دەبوو نە دەبوو، حامیلە دەبێ، هەر لەو دەمیشدا کاکە جەمیلی دەبەنە تارانێ بۆ سەر دوکتوری. دەگێڕێتەوە چۆن باجە زیێد بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ بە پێیان دەیبا.
هەر دەڕۆن، دایکم دەڵێ:" لە تاقەت کەوتم، چەند جاران کوتم: `ئەوەتا پووڵ، ڕۆڵە! با بتدەمێ تاکسێکی ڕاگرە، دەنا باسواری ئوتوبوسی بین`."  باجە زیێد هەر دەڵێ: `نا!نا! با پرۆین هێندەمان نەماوە!`"
ئەوەندە دەڕۆن هەتا دایکم وە سەر خوێن دەکەوێ، جا ئەوچەل باجە زیێد تاکسی ڕادەگرێ دایکم دەباتە نەخۆشخانەی لە وێ کورتاژی دەکەن.
دایکم دەڵێ چونکە باجە زیێد بە درۆ و دەلەسە و بە فێڵ کردن، ئەو بەڵایەی بەسەر هێناوە و بۆتە هۆی کوشتنی منداڵێکی بێگوناح، جێگای هەر جەهەنەمە!
دایکم بۆخۆشی ئەوەندە خوێنی لە بەر دەڕوا کە دێتە مردنێ. دوایەش بۆ ماوەیەکی زۆر نەخۆش دەبێ، لە سابڵاغێ دوکتوران دەرمانی کەمخوێنی دەدەنی، دەڵێن دوای منداڵەکەی بە چاکی خۆی نەگرتۆتەوە.

دایکم دەڵێ منداڵێکی دیکەشی بە هەشت مانگی لەبەر چۆ، بۆیە دەزانێ باجە مرێم چ دەکێشێ.
دایکم بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێ وەختێکی مێردی بە بابم دەکا زۆر کز و ڕەق و هەر وا چاردە پازدە ساڵان دەبێ.
دەڵێ بە منداڵی هەوەڵێی هەشت مانگە حامیلە دەبێ، ڕۆژێکی هەر وا کە خەریکە گۆرەوێکی میرزایی دەچنێ لەگەڵ بابم لێیان دەبێتە کێشە.
هەر بابم دەڵێ:`ئەو گۆرەوێ بۆ جەنابی شێخی!`
دایکیشم دەڵێ:`نا! ئەوەم بە نیازی کاکە بابە شێخ داگیراندۆ، لە چنینی وانە کە بوومەوە بۆ جەنابی شێخیش جووتێکی هەر وەکوو وەی دەچنم.`
وای لێ دێ کە بابم ڕقی هەڵدەستێ و دایکم بە دیواری ژوورێدا دەدا. دایکم وە سەر خوێن دەکەوێ. دەڵێ ئەو دەمیش هێندە دوکتور و شت لە شاریدا نەبوو هەر `مامانی کوردی` هەبوو، بۆی بانگ دەکەن. نەنە پوور فاتمی خۆشمان دێ شەو ورۆژ ئاگای لێدەبێ.
دایکم دەڵێ چەند شەو ورۆژان هەر بە هەویاشی نەبوون. دوایە بە بەدبەختی و خوێن لە بەر چوونێکی یەکجار زۆر، کوڕێکی دەبێ کە هەموو گیانی شین‌ورەش دەبێ. نە مەمکی دەگرێ، نە سەروچاوی هەڵدێ، هەر ناڵە ناڵی دێ و دوای دوو ڕۆژان دەمرێ.

دایکم دەگێڕێتەوە دەڵێ خۆڵەمێش لە تەندووری جیرانەکانیشدا نەما بوو ئەوەندە ژنەکان دەیانهێنا هەتا لە بن دایکمی بگۆرن. دەڵێ زەمانی زوو ژنیان، لە سەر خۆڵەمێشی دادەنا منداڵی ببێ.
ئەو بەزم و ڕەزمەی ئێستا هەیە، هیچی نەبوو. مامانی کوردی هەبوو دەهاتە ماڵێ، خۆڵەمێشیان ڕادەخست هەتا وڵات خوێناوی نەبێ. میوانیشیان بۆ لێدەنا. ئێستاش، نەخۆشخانە و دوکتور و دەرمان و تەخت و مەلافە و دۆشەگ و هەموو شتێکیان هەیە. کەسیش بە میوانی هەر ڕازی نێ، هەر ناش زانن چێ!"

دوای وەی خاڵە بابەدین دەبیستێ دایکم چی بەسەرهاتۆ، دێ.
دایکم دەڵێ خاڵم هەمیشە "خەنجەرێکی دەبان" لە بەر پشتێندەکەی دا بوو، دێ بە بابم دەڵێ:"ئەتۆ خۆت بە پیاو دادەنێی؟ ئەوە هیچ لە ژنەکەت داوە، کەس نازانێ دەژی یا دەمرێ، منداڵی هەشت مانگانیشت کوشتۆ! بەو قورعانەی هەموومان پێی موسوڵمانین، `فاتم` شتێکی لێ بێ بە قوربانی خەنجەرێکت دەکەم!"
دایکم دەڵێ:"ئیدی چ بوو نازانم، بابت دەزانێ کاکم قسەیەکی بیکا، هەر ئەوەیە. ئەدی بۆخۆی لە کردەی خۆی و کوشتنی ئەو منداڵە بێگوناحە پەشیمان بوو؟ هەرچی بوو لەوێ ڕۆژێرا ئیدی دەستی لە دایکم هەڵ نەهێناوە. بەڵام نێوانی خاڵەکان و بابیشم لەوەدەمیرا تێک دەچێ. خاڵە مەلا قەت قەت لەگەڵ بابم قسان ناکا و هاتوچۆشمان ناکا.
خاڵە بابە دین پێی لە دایکم نایرێ بەڵام وەختێکیش دێ بابم لە بازاڕێ.

###

ئەورۆ دایکم بە دێدەی دەڵێ:"دێدەگیان! ئەوە منداڵەکانیش تەحتیل بوون دەڵێی چی باسازبین پچینە خەزایی، بۆ نەعنەکێویلکەی. هەواکەی زۆر خۆشە لە خوڵای بە زیادبێ، نە گەرمە، نەساردە! شنەبایەکی دێ. پرێک خواردەمەنی بۆ منداڵەکان تێکدەنێین بۆخۆیان لەسەر کانێکە لە بن دارەکەی دەیخۆن."

دێدە دەڵێ:"سەیزادە ئامین دێ، دەڵێی بە زاراش بڵێین سازبێ لەگەڵمان بێ، هەر زوو دوای نانوچای نیوەڕۆیە وەڕێدەکەوین."

دەڵێی هەر لە ماڵەکەی خۆمان داین، دایکم و دێدە بە دەرکەی حەساری ئەو لایدا دەڕۆن، بە کن حاجیلەگلەگەکاندا دەچینە نێو مەیدانی ئاسینگەران و بە وێدا دەڕۆینە چوارچرایە.

لە سەر چۆمی جەفعەر و فازل دەڵێن:"ڕاوەستن هەتا ئەمە بە کونەکاندا بەردی دە چۆمی هاوێین."

دوایە هەر وا بە قسەکردن و بە ئیستراحەت بەلای باغەکاندا دەچینە خوارێ، دەگەینە چەند ماڵێکی.

دێدە دەڵێ:"ئەوەش `مەحمودکان`!"

دایکم دەڵێ:"چاکە کەس دیار نیێ! دەنا نەجاتیمان نایا ئەوە ماڵە ئامۆزای بابمە، سەید نورەدین."

دێدە دەڵێ:"ئەو دەرکەش ماڵە خاڵە مینەیە!"

زۆر دەڕۆین هەتا دەگەینە سەر کانێکەی، لە بن دارەکەی خۆمان بە عەرزیدا دەدەین!

فازل دەڵێ:"دایە ئەوە وەک دار و کانێکەی نێو حیکایەتی مار و عەرەبەکەی دەچێ دەنا نا؟"

دایکم دەڵێ:"ئەرێوەلا ڕۆڵە، ئەوەندەیە عەرەبەکە لە دەشت و سەحرایەکی ئیشک و برینگ بوو، ئێرەش هەمووی شاخوداخە!"

باجە ئامین دەڵێ:"ئەو کاک فازل گیانە! عاشقی حیکایەتانە، پووریگیان!"

فازل لە باجە ئامینێ دەپرسێ:" ئەتۆ حیکایەتی مار و عەرەبەکەی دەزانی؟"

ئەویش لە جوابیدا دەڵێ:"تەواو لە بیرم نیێ بەڵام دەزانم بابم بۆی کوتووین."

فازل دەڵێ:"دایە! خۆ ئەمە لێرە دانیشتوین هەتا ماندوومان دەحەسێتەوە وە سەر شاخی ناکەوین بۆ ئەو حیکایەتەمان بۆ ناڵێی؟"

دایکم دەست پێ دەکا دەڵێ:"عەرەبێک دەبێ عەرەب! هەڵدەستێ بار و بەنگەنەکەی لە وشترەکەی دەنێ بەرەو ئاوەدانی وەڕێ دەکەوێ. گەرمایەکی ناخۆش و سەحرایەکی ئیشک و برینگ نە ئاوی هەیە، نەهیچی لێ شین بۆ، کەم دەڕوا زۆر دەڕوا مارێکی دەبینێ.

مارەکە دەڵێ: `زۆرم گەرمایە، زۆرم توونێ، ئەوە ئەتۆ بۆ کوێ دەچی؟`

کابرای عەرەبیش دەڵێ: `ئەمن ئەوە دەچمە نێو شاری."

مارەکە دەڵێ:"دا بەخێرا خۆت ئەمنیش بەرە! `

عەرەبەکە دەڵێ: `چاکە! `

توورەکەیەکی دەبێ بۆی دەگرێتەوە مارە دەچێتە نێوی. عەرەبە زاری توورەکەکەی دەبەستێ بە وشترەکەی هەڵداوەسێ و وەڕێ دەکەوێ.

دوور دەڕۆن، نزیک دەڕۆن، دەگەنە جێگایەکی، ئاوا وەکوو ئێرە، کانێکی لێ دەبێ و دارە خورما.
لە دڵ خۆیدا دەڵێ وەڵاهی با مارەکەی لێرە دەرهێنم لەو جێگا خۆشەی بەرەڵای کەم.
عەرەبە مارەکەی لە توورەکەی دەردێنێ پێی دەڵێ:`ئێرە ئەوەتا، ئاوی هەیە، شینە، خۆشە بۆ خۆت بڕۆ!`
مارەکە دەڵێ:`لە پێش ئەوەیدا بڕۆم یا بە تۆوە دەدەم یا بە وشترەکەتەوە!`
عەرەبەکە دەڵێ:`چۆن کاری وا دەکەی؟ مەگە ئەمن لەگەڵ ئەتۆ چاکەم نەکردۆ؟ لە نێو سەحرا و گەرما و بێئاوی نەجاتم نەداوی؟" `مگر جواب نیکی بدیست؟` یانی مەگە جوابی چاکەی خەراپەیە؟`
مارەکە دەڵێ:`ئا! ئەوەندەی ئەمن دیتوومە و چاوم پێ کەوتۆ، جوابی چاکەی لەو دنیایەیدا خەراپەیە!`
عەرەبەکە دەڵێ:`ئەمن شتی وام نەبیستۆ، دەبێ بە لانی کەمەوە سێ شاهید هەر ئەوەی بڵێن کە ئەتۆ دەیڵێی، جا ئەو دەمی باوەڕت پێ دەکەم.`
مارەکە دەڵێ:`زۆر چاکە، وەرە لەو دارەی بپرسین.`
عەرەبەکە بەسەرهاتی خۆی و مارەکەی بۆ دارەکەی دەگێڕێتەوە.
دارەکە دەڵێ:`جا چت پێ بڵێم؟ ئەرێوەڵا، لەو دنیایەیدا جوابی چاکەی خەراپەیە، مارەکە ڕاست دەکا!`
عەرەبەکە دەڵێ:`چۆن شتی وا دەڵێی؟`
دارەکە دەڵێ:`ئەمن ئەوە لێرەم ساڵ دوازدەی مانگێ لەو گەرمایەیدا، خەڵک دێن و لەبن نیسێکەم دەحەسێنەوە، خورمایان لێ دەکەنەوە دەیخۆن، دوایەش دەست پێ دەکەن لق و پۆپەکەم دەشکێنن، لێی دەکەنەوە، دەیسووتێنن! ئەوەش جوابی چاکەی من!`
مارەکە دەڵێ:`ئەمن پێم کوتی، وەرە ئەمن یا بەخۆتەوە دەبێ بدەم یا بە وشترەکەتەوە!`
عەرەبەکە دەڵێ:`ئەوەیەک شاهیدە، دووی دیکەشمان ماوە."
مارەکە دەڵێ:`چاکە، وەرە لەو کانێی پپرسین.`
عەرەبەکە حاڵ ونەقڵەکەی خۆی بۆ کانێکەی دەکا.
کانێکە دەڵێ:`ئەمن ئەوە لەو نێو شینایی و دارانەدا لەوەتا وە بیرم دێ هەر خەڵک هاتوونوچوون لە ئاوی منیان خواردۆتەوە، خۆیان بە من فێنک کردۆتەوە، چایان بە ئاوی من لێناوە، دوایەش خۆڵوخیزو شتی پیس و ناشایەد و نابایەدیان لە من هاوپشتۆو ڕۆیشتوون. ئەرێوەڵا، جوابی چاکەی لەو دنیایەیدا خەراپەیە!`
مارەکە دەڵێ:`دە چاکە! بێنە ئەمن دەبێ یا بە خۆتەوەدەم یا بە وشترەکەتەوە!`
کابرای عەرەب تەواو ترسی لێ پەیدا دەبێ دەڵێ:"شاهیدێکی دیکەشمان پێدەوێ.`
مارەکە دەڵێ:`دە چاکە، ئەوەتا وەرە پچین لەو کابرایەی پپرسین لە سەر ئەو ڕێگایەی.`
دەچن.
عەرەبەکە نەقڵی خۆی و مارەکە و دارەکە و کانێکەی بۆ کابرای ڕێبوار دەگێڕێتەوە. کابرای ڕێبوار زۆر عاقڵ دەبێ لە کابرای دەپرسێ دەڵێ:`ئەتۆ دەزانی کار و پیشەی ماری پڕوەدانە لەسەر ئەو حاڵەشڕا لە گەرما و بێئاوی نەجاتت داوە هێناوتەتە ئێرە؟`

عەرەبە دەڵێ:`بەڵێ، هەر وایە، زگم پڕێ سووتا لە نێو ئەو توورەکەم نا!`
ڕێبوارەکە دەڵێ:`ئەو مارە زۆر زەلامە، چۆن لەو توورەکە چکۆڵەیدا جێی بۆتەوە؟!`
مارەکە دەڵێ:`جێم بۆوە، چاکیشم جێ بۆوە!`
ڕێبوارەکە دەڵێ:`ئەمن هەتا بە چاوی خۆم نەیبینم باوەڕتان پێناکەم!`
کابرای عەرەب دەڵێ:`ئەوەتا! ئەمن توورەکەکەی دەگرمەوە ئەتۆ چاوی لێکە چۆن مارەکە جێی دەبێتەوە.`
مارە حازر دەبێ دەچێتە نێو توورەکەکەی.
ڕێبوارەکە دەپرسێ:`جا دوایە چت کرد؟`
عەرەبەکە دەڵێ:`دوایە سەری توورەکەکەم گرێدا و بە وشترەکەمم هەڵاوەسی.`
ڕێبوارەکە دەڵێ:`جا زۆر چاکە پێنیشانم دە بابزانم!`
کابرای عەرەب زاری توورەکەکەی گرێ دەدا و دەڵێ:`ئاوا گرێم دا.`
ڕێبوارەکە دەڵی:`دە چاکە، ئەوە باوەڕم پێ کردن، بەڵام لەو دنیایەدا جوابی چاکەی نابێ خەراپە بێ!`
مارەکە دەست دەکا بە هەرا هەرایە دەڵێ:"لەو توورەکەی دەرمهێنن! سەرەکەی پکەنەوە!`
ڕێبوارەکە دەڵێ:`ئەتۆ دەڵێی جوابی چاکەی خەراپەیە دەتەوێ بەو کابرا فەقیرەیەوە بدەی یا بەوشترەکەیەوە، لە نێو ئەو توورەکەیدا دانیشە بۆخۆت، ئەمە ئەوە ڕۆیشتین!`
داویەش عەرەبەکە لە ڕێبوارەکەی خوداحافیزێ دەکا و وەڕێ دەکەون. مارەش لە توورەکەکەیدا هەر لە وێ بە جێ دەهێڵن!`
دوایە دایکم دەڵێ:`دەستێک گوڵ و دەستێک نەرگیز، مەرگی ئەو جەماعەتەی نەبینم هەرگیز!`"
فازل هەموو جارێ لە ئاخری ئەو حیکایەتەیدا کەیفێ دەکا.

دێدە دەڵێ:"جا هەتا شەومان بە سەردا نەهاتۆ باپرۆین بۆ نەعنایان!"
کە دەگەینە سەرێ دێدە پێمانیشان دەدا لەسەرسەرەوەی شاخەکەی هەنجیر شین بۆ بەڵام دەڵێ سالی زۆ، هەنجیر هەتا پایزێ ناگاتێ.

ژنەکان دەچنە سەر چاکی خەزایی لەوێ نوێژی ئێوارێ دەکەن. دوایە دیسان دەس دەکەنەوە بە نەعنە لێ کردنەوەی.

ئەمن بە دوای دێدەیەوەم و لێی دەپرسم:"دێدە ئەتۆ خوشک و برات هەیە؟"
دەڵێ:"ئەگە بوبیشم نازانم کوێشتیرا!"
دەڵێم:"چۆن نازانی؟"
دەڵێ:"ئەتۆ زۆر منداڵی! ئەمن قەت بەسەرهاتی خۆم بۆتۆ نەگێڕاوەتەوە. دایکوبابی خۆم هەر وە بیر نایا. لە باپیرت شێ حەسەن بە ڕەحمەت بێ بیستوومە و لە نەنکت، دەیانکوت دایک و بابم عرووسی هەوەڵێ کوشتوویانن، ئەگە براشم هەبوو بێ ڕەنگە هەر لەگەڵ وان چووبێ.
ئەمنیش چۆن ماوم؟ نازانم، ماڵە شێخ حەسەنی باپیرت دەمهێنە کن خۆیان و بەخێوم دەکەن.

عرووس هەتا بلێی خەراپە و لەگەڵ کوردی خەراپەی کردۆ. عرووسی هەوەڵێش هەر هیچ پیاوی نەهێشتۆ! نێرینە، ئەگە لەسەر پشتی لانێکێش وە گیریان کەوتۆ کوشتوویانن. ژنیان فەساد کردۆ. ئەگە خوڵایەک هەبێ ڕۆڵە دەبێ حەقی کوردی لەو بێشەڕەفانە بستێنێ. ئەمنیش ئەگە ماڵە باپیرت نەبا کەس نازانێ چم لێ بەسەر دەهات.

هەر وەکوو عەولادی خۆیان گەورەم دەکەن، هەر ئەوەندەش حەوت هەشت ساڵان دەبم لە کاری ماڵێ هەموو شتێکم فێردەکەن. مامە قادرت بە ڕەحمەتی خودای شاد بێ، چاک بوو گەورە بوو، پوورە مەنیجپشت هەر وا، بەڵام بابت و حەمەدەمین و `جوانە مەرگ` یاخودا نەمێنم، هەر بە کۆڵ و باوەشی من گەورە بوون.

دوایەش جحێڵ بووم وەختی مێردیم هات بوو، بە مێردیان دام!"

ئەمنیش بە خۆشی خۆشی دەڵێم:" ئەدی کوا چی لێهات؟"

دێدە دەڵێ:"دەمزانی قەت بۆ مێردی نابم ڕۆڵە، بە دەرکەیدا بردیانم، هەر ئەوەندە عالەمەکە بڵاوەی کرد، لیباسی بووکێنی و گوارەی زێڕ و هەمووم بۆ بەجێ هێشتن و بە پەنجەرەیدا بە جل و بەرگی خۆم هەڵاتم، چوومەوە ماڵە باپیرت!

باپیرت، خوڵا عافوی کا، خۆ وەک هیچ کەس نەبوو، کوتی:`بە شەرع کچ دەبێ مێردی پکا، کور دەبێ ژنێ بێنێ. ئەمە لەسەرمانە ئەتۆ وەک عەولادی خۆمان چاو لێ کەین، نەوەکوو پێتوا بێ ئەتۆ هیچت لەو منداڵانە کەمترە، بەڵام ئیدی ئەگە بۆخۆت هەڵاتووی هاتوویەوە، ناتەوێ لە ماڵە مێردی بی، گریان و ناڕەحەتی پێناوێ، چۆنت پێ چاکە هەر وا پکە! هەر ئەوە بوو ئیدی ئەمنیش قەت قەت مێردم نەکرد."

دەڵێم:"بۆ هەڵاتی دێدە مێردەکەت ناحەز بوو؟"

پێدەکەنێ دەڵێ:"ناوەڵا کوێشتیر، لەبەر ئەوەی نەبوو، هەر قەت حەوسەلەی ئەو کەربازاڕیانەم نەبوو! کەم پیاو هەن، ئەمن بە پیاویان بزانم، مێرد کردن بۆ من نەهات بوو."

لەپڕا لە پەنامان خوشکەیەک دێ. دێدە بە پەلە لە باوەشم دەکا.

دەڵێ:"ئەی بەدبەخت نەخۆم! خۆ ئەوە ماری عاشقە و ماشقە بوو، ئەو شاخ وکێوانە پڕپڕن لە ماری سەقەت سەقەت!"

دوایە بە دەنگێکی بڵیند بە هەموان ڕادەگەیێنێ کە وشیار بن.

دەڵێم دێدە:"ماری عاشقە و ماشقە چیێ؟"

دەڵێ:"دوومارن و تێکهاڵاون یەکیان زۆر جوان و ڕەنگاوڕەنگە، یەکیان هەر بۆرە و نەخش ونیگاری نیێ. ئەگە بێتوو کەسێک بیانکوژێ، هەردووکیان پکوژێ باشە ئەگە یەکیان پکوژێ یەکیان نەکوژێ، ئەو مارەی دەمێنێ، دنیا وعالەم سەرلێکدا ئازاری بەو کەسەی کە مارە عاشقەکەی کوشتۆ دەگەیێنێ، هەتا ئەگە پچێتە ئەوسەری دنیایەش!"

ئەمنیش دەڵێم:"چاکترە هەر نەیانکوژی لێیان گەڕێی."

دێدە دەڵێ:"هەر لەبەر لاقت بوون! دەنگە دەنگی مەیان بیست قسەمان دەکرد، خوشکین! جا چا نەبوو ئەو خودایە ڕوحمی کرد! خۆ پێت لێنابان باسی سەر بوو!"

دەڵێم:"بۆ دێدە چیان لێ دەکردم؟"

دەڵێ:"دوور بێ، قورعان لە ماعبەیندا بێ، پێیانەوە دەدای!"

ئەمن پیس ترساوم، هەرجێیەکی پێی لێدادەنێم، لە پێشدا چاوی لێدەکەم.

هەموومان پاش ئاوخواردنەوە لە کانێکەی خەزایی و دەست و دەم و چاوشوشتنێ بەرەو ماڵ دەبینەوە.
کە دەگەینە بەر ماڵەکانی مەحمودکانێ، ماڵە سەید نورەدینی لە بەر دەرکەن، کچە گەورەکەیان کڵاوی دەچنێ. جیرانەکانیشیان هەر وا لە بەر دەرکانن. ئەمە بە زۆریو بە سوێند دان دەبەنە ژووری و یەکەو چایەکی دەخۆینەوە.

###

دێدە دەڵێ:"دەکرێ تەندوورەکەی لە نێو مدبەقێ دروستکەین و لێی گەڕێین ئیشک بێتەوە. هیچ نەبێ سێ مانگەی هاوینێ دەگرێ.
ئەگە مەسعود و ژن ومنداڵیشی بێنەوە وابێ لەبەر نان کردن و کێشت لێنانێ سەرە ڕێت لێ نەگرێ."
دایکم دەڵێ:"جا خۆ دەزانم، بەڵام چارەیەکی دیمان نێ. ئەگە بیشی خەینە بەر سارد و سەرمای پاییزێ، قەت ئیشک نابێتەوە، بە وەی چاکە ئێستا ئەو حەسارەی دیکەمان بە دەستەوە.
ئاغا سەید دەڵێ ماڵێکی چاکی لێهەڵکەوتۆ ژنەکە کوردی سنەیە، بەڵام پێموایە کوتی پیاوەکە عەجەمە. سێ چوار کچیان هەیە، دەڵێ خەریکن ماڵێکی بە ڕەسمی تارانێ لە نزیک سینەمایە دروست دەکەن، ساحێبی سینەمایەن، هەتا خانووی خۆشیان خەلاس دەبێ، دێنە ئەو حەسارەی ئەودیوی.
جا بۆیە ئاغا سەید دەیکوت، ئەو مدبەق و کارخانە و شتە دیارە بە کرێ نادا بەڵام جوانیش نێ، کابرا بەیانی لە خەوێ هەڵدەستێ دوکەڵی شینی تەندووری پچێتە نێو چاوی."
دێدە دەڵێ:"جا وەڵا خۆ ڕاست دەکا. ئەگە وایە تەندوورەکەی هەتا پتوانین بەلای دیوارێوە دادەنێین، زۆر بەر هاتوچۆیە نەگرێ. کە وابوو عەبە دەبێ داشقەیەک خۆڵی زۆر چاکی تەندوورێمان بۆ بێنێ.
مووش لە من! دەچم بزانم براژنم کوڵکە و بنۆکو شتی وای هەبێ دەیهێنم، بۆخۆشم بە قەت چنگێکم هەیە. خات خاتون ڕەنگە هەیبێ دەنا لە عیسمەت خانمیش دەکرێ بپرسم، ئەوان هەمیشە خەریکی تەون و تەشین."

دایکم دەڵێ:"براژنە گوڵێ ڕەنگە زۆری خوریوموری هەبێ دەکرێ لەویش بپرسم، خۆ هێندەشی ناوێ."
دێدە دەڵێ:"بەڕێوەڵا ئەوە لەبیرت چۆتەوە، بە بێ موو، هەر خۆی ڕاناگرێ. زەبنی بدەیە ئەو سەفەرەی، هەر قورەکەی دەشێلی و پرێکی موو تێکەڵ دەکەی، مۆکە و قورەکە دەبێ وا لێک بدرێن نەزانی کێهە کێهەیە!"
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! ئەتۆ بۆخۆت چاوت دەبێ بە سەریانەوە بێ، ئەمن خۆ چاکی لێ نازانم."
دێدە دەڵێ:"خات ئامان و خات خاتون هەردووکیان زۆر چاکن، بەڵام ئەمن بۆخۆشم هەر لەگەڵیان دەبم هەتا خەلاسیان دێ. پێموایە پار نەبوو، پێرار بوو ماڵە شێخی تەندووریان کرد. خات ئامان دروستی کرد، زۆر تەندووری چاکە."

ئەمن لە حەسارێم، گوێم داوەتە دێدە و دایکم، لە سەر پلیکانەکانڕا هەرا هەرای فازلیمان گوێ لێ دەبێ.

دەڵێ:"بیگرە، بیگرە، با هەڵنەیا! زوو بە، خەریکە هەڵدێ!"
دێدە و دایکم و ئەمن بە دوویاندا هەڕا دەکەینە بەر پلیکانەکانی سەرێ.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە، ئەوە چ باسە؟ بازە گیان، ئەوە چ بۆ، ئەو هەڵا و بگرەتان لە چیێ بە قوربانت بم؟"
فازل دەڵێ:"دایە، وەرە! دێدە، وەرە! چاوی لێکە! ئەوە هەر بۆخۆی بە پەنجەرەیدا هاتۆتە ژێرە، ناتوانێ هەڵفڕێ، وەرن!"
ئەمە کە دەچینە سەرەوەی پلیکانەکان، کاکە مەزهەر باڵندەیەکی لە نێو دەستی دایە بە هەزار زەحمەت ڕایگرتۆ، باڵندە هەر حەولی ئەوەیەتی خۆی دەرباز کا.
دایکم دەڵێ:"چاوی لێکە، دێدە گیان! ئەوە بێچۆ هەڵۆیە!"
دێدە دەڵێ:"ئەوە ڕێی لێ گۆڕاوە، ئەی ڕۆڵە گیان!"
کاکە عومەر دەڵێ:"پێموایە لاقی شتێکی لێ هاتۆ، بۆیە ناتوانێ هەڵفڕێ. ڕەنگە منداڵ و شت بە قۆچەقانی لێیان دابێ!"
فازل دەڵێ:"هەی دەستیان شکێ! بۆ بە قۆچەقانی لە هەڵۆی دەدەن؟"
دێدە دەڵێ:"باپیرم منداڵی زۆر بەدفەڕ و خەراپ هەیە، چاکەوخەراپەیان فێر نەکردوون بۆیە!"

دێدە بێچۆ هەڵۆکەی لە کاکە مەزهەری وەر دەگرێ. چاو لە سەر باڵ و بن باڵ و لاقەکانی دەکا.
لاقێکی بریندارە. بە جەفەنگ دەڵێ:"قادر چاورەقیش نەماوە بۆی بانگ کەین! پەڕۆیەک شتێکی تێ دەهاڵێنین، پاش ماوەیەکی بۆخۆی چا دەبێتەوە و دەڕوا."
فازل دەڵێ:"نا! دەبێ دەرمانی سووری بۆ لە لاقی دەن!"
هەرچی دایکم و دێدە دەڵێن ئەوە داعبای شاخێ دەرمانی سووری ناوێ، دەڵێ:"نا! دەرمانی سووری پێدا کەن، دوایە بۆی ببەستن!"
دێدە دەڵێ:"چاکە، گۆچان گیان! هەرچی ئەتۆ بڵێێ هەر وا دەکەین!"
دایکم دەرمانە سوورەکەی (مرکورکورۆم) لە سەر تاقەی ژووری بەردەستانڕا دێنێ، دێدە بێچۆ هەڵۆکەی هەر وا گرتۆ، دەرمانەکەی پێدا دەکەن و بە تیتۆڵە پەڕۆیەکی لاقی هەڵدەبەستن.
دایکم دەڵێ:"دێدە گیان، ئەوە باڵندەی شاخێ، خۆ لە نێو ئاوەدانی و ژوور وباندا ڕاناوەستێ، چی لێ پکەین؟"
دێدە دەڵێ:"بەمن دەکەن لە حەساری ئەودیوی بەڕەڵای دەکەین. ڕەنگە دایکی خەریک بوو بێ فێری هەڵفڕینێی پکا، بەردەبێتەوە و لاقی بریندار دەبێ. چاوی لێکە لغاوی هەر زەردە، جوجکەیە.
دایکەی قەت بە جێی ناهێڵێ ئەمەش ببینێ دەستی لێ دەدەین، سەرمان هەڵدەپرووچکێنێ! حەساری ئەودیویش بێ عەلاوەیە، کەس خۆی تێناگەیێنێ، دان ودۆڵی وەک مریشکی بۆ دادەنێین با بیخوا، ئاوی بۆ دادەنێین، پڕۆ بە خێر هاتی!"
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی، زۆر فیکری چاکە، دێدە گیان! با هەر وا پکەین."
ئەمنیش دەڵێم:"چاوەکانی زۆر جوانن!"
فازل دەڵێ:"دندووکی خوار بۆتەوە!"
دایکم دەڵێ:"هەڵۆ دندووکی هەر وایە، ڕۆڵە!"
دێدە دەڵێ:"خۆ چاو لە چکۆڵە بوونی مەکەن، چاو لەو لاق و چنجرووک و دندووکەی پکەن، دیتووتە چۆن خۆی لە دەستم ڕادەپسکێنێ؟ زۆر بە قەوەتە!"

کاکە عومەر دەڵێ:"هەڵۆ وەکوو مریشکی دان ودۆڵی ناخوا، گۆشتی دەخوا، هەڵۆ زۆر سەگبابە! دەچێتە حەوای لەو سەرەیڕا سێرەی لە کەروێشکی دەگرێ. دوایە لە ناکاو دێ پری پێدا دەکا و دەیباتە حەوای لەوێرا شڵپ بەریدەداتەوە و دێ دەیخوا!"
کاکە عومەر زۆری کەروێشک خۆش دەوێ.
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە، ئەوە خودا وای خوڵقاندۆ! ئێستاش ئەوە ڕووی لە ماڵە مە کردۆ، پەنای بۆ مە هێناوە، ئەوەی لە تاقەتماندا بێ دەیکەین، بێگوناحە، باڵندەیە، چکۆڵەیە، لێقەوماوە!"
دێدە دەڵێ:"دە چاکە، بابم! باپرۆین بۆ حەساری ئەودیوی، هەتا دایکت تەختوخوابی بۆ دانەناوە و نۆکەر و کڵفەتیشی بۆ نەگرتۆ! ئەیەڕۆ ئەو ژنە چەندە سەیرە!"

هەمووومان بە کارخانەیدا دەڕۆینە حەساری ئەودیوی. بێچۆ هەڵۆکە، لە دەستی دێدەی کە دەچێتە دەر حەولی ئەوەی دەدا کە هەڵفڕێ بەڵام ناتوانێ، دادەگەڕێتەوە سەر عەرزی.
دایکم دەڵی:"ئەمن ئەوە دەچم پرپۆڵەی بۆ دروست دەکەم بەڵکی بیخوا!"
دێدەش دەڵێ:"هەر پرێک گەنم و جۆش دانێین دەیخوا! ئاویشی بۆ لە نێو قاپێکیدا دادەنێین."
ئەمن و فازل ماوەیەکی زۆر لە لای بێچۆ هەڵۆکەی دەبین، هەر یەک دێ، یەک دەڕوا، هەموو دێن چاوی لێ پکەن.
هەتا درەنگانێکی ناچینەوە خانۆ تازەکەی. بابم دەڵێ بەیانی دێ چاوی پێ بکەوێ، بزانێ هەڵۆیە، بازە یا واشەیە؟

بەیانی ئەمە لە خۆشیان زوو هەڵدەستین دەچینە خوارێ. بابم لە پێش ئەوەیدا پرواتە بازاڕی دێتە حەساری ئەو لای، هەڵۆکە، لە سەر لقێکی کورت کراوەوەی خەلیلێکەی هەڵنیشتۆ، چاوەکانیشی بز کردۆتەوە، سەریشی خۆش خۆش دەسووڕێنێ هەتا هەموو وڵاتی جوان چاو لێپکا، بزانێ کێ چ دەکا، کێ چ ناکا! ئەو چاوانەشی ئەوەندە وشیار و جوانن، ئاگای لە هەموو شتێکی هەیە!
بابم دەڵێ:"گوڵێ چاکی بۆ چۆ، ئەوە بێچۆ هەڵۆیە، تەماشای چەندەش جوانە ئەو حیزبابە!
وشیار بن نەوەک دایکەکەی بێ، وا دیارە سێ چوار ڕۆژێکی دی چاک چاک دەبێتەوە، زۆری سەدەمە نەدیتۆ، فەقیرە!"

ئەمە چووینەوە ماڵێ نانوچای بەیانی پخۆین.
دوای نانوچای خاڵە بابەدین دێ و لەگەڵمان دێتە حەساری ئەو لای. دایکم سەندەڵێکی بۆ دادەنێ و دادەنیشێ لەگەڵمان چاو لە بێچۆ هەڵۆکەی دەکا.
خاڵم لە فازلی دەپرسێ:"کاکە گیان! بە تەمای چ لە هەڵۆکەی پکەی؟ دیارە ئەگە لاقی چابێتەوە لەو حەسارەیدا نامێنێ، هەڵدەفڕێ دەڕوا."
فازل دەڵێ:"بۆ کوێ دەڕوا؟"
خاڵم دەڵێ:"بۆ دەرەوەی شاری! داعبای شاخی لە نێو ئاوەدانیدا نامێنێ، لە سەر شاخی بڵیند و دوور لە ئاوەدانی دەژی، خۆزگە بە خۆیان!"
فازل دەڵێ:"لە قەفەسی کەین خۆ ناتوانێ پرواتە هیچ کوێ!"

خاڵە بابەدین دەڵێ:"جا خۆ وەڵا وایە، کاکە گیان! ئێستا ئیختیاری ئەو باڵندەی لە دەست مە دایە، دیارە یێدەسەڵاتە، خۆمان و پیاوەتی خۆمان، هەرچی لەگەڵی پکەین هیچ دەستی لەگەڵ ئەمە پێ ناکرێتەوە! بیکوژین، ببیرین، دە قەفەسی کەین."
فازل دەڵێ:"ناهێڵم کەس هیچی لێ پکا، بۆخۆم ئاگام لێیەتی!"
خاڵم دەڵێ:"نا!نا! کاکە فازل گیان! دەزانم ئەتۆ هیچی لێ ناکەی، ناشهێڵی کەس هیچی لێپکا.
با ئەمن نەقڵی کەوێکی زۆر جوان و خاڵدار و هەر وەک ئەو هەڵۆیەی باڵندەی شاخوداخت بۆ پکەم، دیارە ئەوە نەقڵی ئەودەمێ کە دایکت زۆر چکۆڵە بوو ئاوا وەکوو ئەلعانی تۆ.
ماڵمان لە ئاغجێوانێ بوو، بەهار بوو.
بەهارانیش وەختی ڕاوی کەوێیە. کابرایەکی ڕاوکەریش، چوو بوو کەوی گرت بوون هێنا بوونی بیانفرۆشێ. لە نێو دێیەکەش، چۆن لێرە ئاوا بازاڕ و مەیدان و شت هەیە، لەوێش جێگایەک بوو خەڵک لێی کۆ دەبوونەوە، تاقە دوکانێکیشی هەبوو، هەر وا بە خڕکە بەردانیش دەوری ئەو مەیدانەیان گرت بوو و بۆ شەڕە کەڵەباب و شتی وا.
کابرای کەوانیش هاتبوو لەو مەیدانەی بە خۆی و بە قەفەسە چکۆڵەکانێوە دانیشت بوو.
جا با پێشت بڵێم باڵندە بە بەهار هێلکەی دەکا و لە سەری دادەنیشێ هەتا جوجکەی هەڵدێنێ.
ئەو نامەردانە، ئەو کەوە جوانانەیان لەسەر هێلانە و بێچۆکانیان هەڵدەگرتن، دەیانهێنان بۆ تەماحی خۆیان. خودا ڕەبی لێیان هەڵنەگرێ، ماڵیان وێران بێ، هەر وەک ماڵە ئەوباڵندانە دەشێوێنن.
جا ئەوەم پێ دەکوتی، کابرای ڕاوکەر هێنابووی هەر کەوەی لە نێو قەفەسێکی زۆر چکۆڵە نابوو لەو بەر و ئەو بەری دانابوون هەتا پخۆێنن. چوونکە کەوێک، کەوێکی دیکەی دەدیت دەستی دەکرد بە قاسپە قاسپێ، نێرە و مێیەشیان دەهێنان.

لە بیرمە کەوێکیان هەر نەیدەخوێند، هەرچی کابرا حەولی دا، بێفایدە بوو، ژنێکی ئاوا وەک ئەو خات گوڵێیەی لە نێو خەڵکەکەی دا بوو بە کابرای کوت:`ئەوە لە سەر هێلکانت هەڵگرتۆ؟ خۆشت پکوژی ناخوێنێ، بیبەوە ئەو جێیەی لێت هێناوە، لە ڕێی ئەو خودایەیدا بەرەڵای کە با پروا!`
دیارە کابرا خۆ گوێی نەدایە.
کەوەکە هەر خۆی بە قەفەسەکەی دادەدا. دان و ئاویشی نەدەخوارد. کابرای ڕاوکەریش جوابی کەسی نەداوە هەتا کەوەکە لە قەفەسەکەیدا مرد."

فازل عاشقی حیقایەت و بەسەرهاتانە، هەتا ئەلعان هەر چرتەی نەکردۆ، گوێی داوەتە خاڵم، لێرەدا کە خاڵم دەڵێ کەوەکە مرد، فازل سوور سوور هەڵدەگەڕێ، بە ڕقێکی زۆرەوە لەسەر ئەو پلیکانەی لێی دانیشتۆ هەڵدەستێ دەڵێ:"خاڵە ئەدی ئەتۆ ئەو کابرا سەگبابەکەت نەکوشت؟!"
خاڵم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"بابە گیان! ئەمن بۆ دەستی خۆم لە خوێنی پیسی یەکی وا گڵاو دەکەم؟

خودا بۆخۆی دەزانێ چ پکا. ساڵی تێوەرنەسووڕا بۆوە خەبەر هات کوتیان `شینی گا ئەنگێو` پێیەوە دابوو، کەس دەنگیشی لێ نەبیست بوو، دیسان چوو بۆ سەرشاخی بۆ ڕاوی کەوان!"
فازل دەڵی:"شینی گا ئەنگێو چیێ، خاڵە؟"
دەڵێ:"مارێکی زۆر بە سام و بە ژهرە، ژهرەکەی یەکجار زۆر پیسە. شاخەکانی کوردستانیش پڕە لە هەموو جورە مارێک، زۆرتریشیان کە پێوەدەدەن پیاوی هەر دەکوژن، بەڵام `شینی گا ئەنگێو` بۆ وەی ژهرەکەی زۆر پیسە، بەدەنی حیسان یا حەیوانەکەی دوای وەی پێیەوە دەدا، لە باڵ یەک بڵاو دەکا و تولا تولا دەبێ!"
فازل دەڵێ:"وەڵاهی زۆرم پێخۆشە ئەو ڕاوکەرە سەگبابە ئاوای لێهات!"
خاڵە بابەدین دەڵێ:"جا کاکە گیان! مەنزورم لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی چیێ؟ پێمخۆشە ئەتۆ بزانی هەموو ڕوحلەبەرێک ئەو خودایە بۆخۆی خولقاندوویە، هیچ کامێکمان وەکوو یەک ناچین و وەکوو یەک ناژین. داعبای وایە لە ئیشکانێ دەژی. هەیە لە نێو بەحرێ دایە. باڵندە دەفڕێ و باڵی هەیە، بەعزیک گۆشتی دەخۆن، ڕوحلەبەری وا هەیە گیای دەخوا بەڵام لە یەک شتیدا هەمووما‌ن یەکین، تێکڕا ڕوحی خۆمان خۆش دەوێ.
ئەو هەڵۆیەش داعبای شاخی بەرز و بڵیندە. خۆزگە بد دیت بایە چەندە بەرزیش هەڵدەفڕن!
چاوی زۆر بە قەوەت بە عاستەم دەیانبینێ، هەر وەکوو خاڵێکی چکۆڵە لە نێو ئاسمانێدا. ئەمن ئەو بێچۆ هەڵۆیەی دەدەمە دەست خۆت، با چا بێتەوە بزانە لە قەفەسێی دەکەی یا بەڕەڵای دەکەی پڕوا."

دوای وەی لەگەڵ خاڵم دەچینەوە حەسارەکەی دی.
خاڵم دەڵێ:"فاتە گیان، خودا ئاگاداری بێ، ماشەڵا، بەو منداڵێی چەندە بە حەوسەلە و تێگەیشتۆ، بە تەربیەت و عاقڵە!"
دایکم دەڵێ:"کاکە گیان! خۆ عەرزم کردووی، ڕەنگە لەبیرت نەبێ، لە پێش ئەوەیدا لە دایک بێ، لە خەونمدا ئەتۆ خەنجەرە دەبانەکەی خۆت بۆ من هێنا بوو، ئەمنیش دەمرکوت کاکە گیان، جا ئەمن خەنجەری دەبانم بۆ چیێ بۆ بۆ منت هێناوە؟
ئەتۆش فەرمووت:"خەنجەری دەبان هەر بۆ تۆ چاکە، هەڵیگرە!
نەڵێم منداڵی خۆمە تەعریفی دەکەم، خودا هەموویان عەمە درێژ کا، بەڵام هیچ کامێکیان عەقڵ و هۆش و فەهم و فەراسەتی ئاوایان نێ، هەر بۆیە خۆ هەر بانگی دەکەم `بڵیمەت`!
ئەوە دایان دەنێم جاروبارە نەسیحەتیان دەکەم، دەڵێم وە دوای حیسانی خەراپ مەکەون.
لەو مەدرەسە و شتە کاروو بە کاری منداڵی بەڕەڵا و هیچوپووچ نەبێ، با ئەنگۆش وەکوو وانتان لێ نەیا!"
فازل دەڵێ:"جا دایە، ئەگە ئەمەش هاتین کاری خەراپ پکەین، ئەتۆ مەهێڵە!"

پێموایە لە نێو خزموکەس ودەر وجیرانیشدا کەس نەماوە هەڵۆکەی نەدیتبێ. ئەمن و جەفعەر و فازلیش زۆرتر لە هەرکەسی دی لە حەساری ئەودیوین. ئەگە دایکپشم بڵێ دەمانبا بۆ جێیەکی دەڵێین لەگەڵی ناچین. هەڵۆکەی بەجێ ناهێڵین نەوەک هەڵفڕێ پڕوا یا کەسێک شتێکی لێپکا!
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! دەبێ خۆتان حازرکەن بۆ ئەو ڕۆژەی کە هەڵدەفڕێ و دەڕوا!"

عەبە داشقەیەکی گڵی تەندوورێی هێناوە لە پێش ئەوەیدا بەتاڵیکا، دێدە چاوی لێ دەکا، دەڵێ هەموو گڵە سوورێک بۆ تەندووری نابێ. دوایە عەبە کە داشقەکەی هێناوەتە نزیک ماڵە ئاغای بلوری گڵەکەی لە مدبەقێ ڕۆدەکا و دەڕوا.
دێدە دەڵێ:"جا ئەوچەل دەبێ ژنەکان خەبەرکەین، هەموو شتێک حازروبزرە. با بزانین ئەگە بۆیانبکرێ سبەینێ یا دووسبەی با بێن."
دێدە ئەمن دەگەڵ خۆی دەبا، دەڵێ:"خاتئامان سەری ئاشە، قوونی ماشە! قەت وە بەرناکەوێ، تەندووری ئەو سابڵاغەی ئەو دروستی دەکا. مامعەزیزێکیش هەیە بەڵام ئەوەندەی لێ نازانێ."

دەگەینە ماڵە خات ئامانێ دەرکێکی چکۆڵە و ئاواڵەیە، دەچینە نێو حەسارەکەی، پیاوێک دێ دەڵێ:"چوو دەوێ خوشکی من؟ ئامان لە ماڵە جیرانەکەمانە عافرەتەکە بە ژانانەوە.
دەچینە بەردەرکی ماڵە جیرانەکەی هەتا قسەی لەگەڵ پکەین.
خات ئامان ژنێکی زۆر کەڵەگەتە. کزە، دوو سێ ددانیشی نەماوە.
بە دێدەی دەڵێ:"سبەینێ نا بەڵام دووسبەی ئیشەلا دوای نانوچای بەیانی دێم، بە چاوان!"

دێدە دەڵێ:"جا ئەوچەل دەکرێ بە خات خاتونی بڵێین کەنگێ بێ."
باجە زارا دانیشتۆ ڕوومیزی بە میل و غەڕغەرەی ڕەشوسپی دەچنێ، مارگەی ڕەنگا وڕەنگیشی پێیە بۆ نەخش و نیگار تێ هاویشتنێ.
دێدە چاوی لێ دەکا دەڵێ:"دەستوچاوت خۆش بێ زارا، زۆر جوانە!"
باجە زارا دەڵێ:"بۆ ژنی ئاغا سەید حەمەدەمینی دەچنم، بۆ گیازی کچەکان، ئیشەڵا."
دوو کچەکانی باجە زارای لە حەسارێ قوماران دەکەن. خات خاتون بە ئافتاوەوە لە بن پەردەیەکی لە گۆشەی حەسارێ دێتە دەرێ.
دەڵێ:"ئەیەڕۆ خەجاڵەت خۆم، ئەوە بۆ نەچوونە ژوورێ؟ کچێ با پچین، چایەکی پخۆین."

باجە زارا دەڵێ:"بە خوڵای، دایکم! نایەنە ژوورێ تکام لە دێدەی کرد، دەڵێ دەبێ پرۆن کاری زۆرە."
دێدە دەڵی:"ماڵوو ئاوەدان بابم، ئەمە خۆ غەریبە نین چاشمان تازە خواردۆ بۆ زارای تووشی زەحمەتێ پکەین بە دووحاڵی، دانیشە ڕۆڵە!"
دوای وەی، دێدە بە خات خاتونێ دەڵێ:"قوری تەندووری دەشێلین، دووسبەی قەرار وایە خات ئامانیش بێ و بە هەرسێکمان خەریکی دەبین."

باجە زارا پێدەکەنێ و لە من دەپرسێ:"هەڵۆکەتان چۆنە؟
ئەیەڕۆ، بابم دەڵێ ئاغا سەید هەموو ڕۆژێ بە کاک ڕەحیمی قەساب دەڵێ:`ڕەحیم بەشی هەڵۆکەشت لە بیر نەچێ!`"
ئەمنیش دەڵێم:"خەریکە چاک دەبێتەوە."
باجە زارا بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەیەڕۆ! جا ئەمنیش لە چلاو وپڵاو گرن چاک دەبمەوە!"

دوایە باجە زارا  دەڵێ:"ئەرێ خات گوڵی! بیستوومە  ئاغا سەید مەسعود حەلیمێ دەگەڵ خۆیان دێننەوە، بەڵام نایبەنەوە. ئەو کچە بەدبەختە، سەربەتاڵە! نازانێ چۆنی بۆ هەڵکەوتۆ."
دێدە دەڵێ:"کچەکەی مەسعودی هەڵدەقورینجێنێ، لێی دەدا! لێرەش دوو سێ جارانی ئەوە نەبوو لە کوێشتیرێ دابوو."
باجە زارا دەڵێ:"ئەو دەمی ئەگە کچێ سەیدی ناربوویەوە ماڵە براکەی، لە کن ئەو جیرانەمان دەردی دڵی خۆی کرد بوو. گۆیا جارێکی رقی لە زڕدایکی هەڵدەستێ بزنێکیان دەبێ، دەڵێ ئەوەندەی خوێ دەداتێ هەتا دەدڕێ!
کوت بووشی هەر ئەو براژنەی، لەگەڵی چاک نەبۆ، حەلیمیش لە حەیفان منداڵی ساوای براژنەکەی  لە سەر سەری داناوە لەوێرا بەعەرزیدا داوە و منداڵەکە بۆتە سەدەقەی سەری عەزیز و گوێدێران!
ئەمن ئەو قسانەم بیست هاتم بە کچی سەیدیم کوت، خەبەریان لە سەید مەسعودی نارد  کوتیان دەبێ زۆر وشیاری ئەو کچەی بن."
دێدە دەڵێ:"مەسعود لە کاغەزەکەیدا بۆ دایک و بابی نووسیوە، ئەو کچە شێتە، ڕۆژێکی دوای وەی  لەسەر کار دێنەوە دەبینن لاقی کچەکەی بە چنگاڵی سوتاندۆ، هەر بۆیە لەگەڵ خۆیانی نابەنەوە!"
باجە زارا دەڵێ:"وەڵاهی، ماڵ و منداڵ بە دەستی کڵفەت و کاردارێوە هیچ نێ، جا بڵێ کچێ لە چیت کەمە بۆ دەست هەڵناگری، لە ماڵە خۆت دانانیشی، منداڵی خۆت گەورە کەی، قەرەواشیشت دەوێ چاکە، هەر یەکێکی بێنە با لە بەر دەستد دابێ. ئەوە بۆ دەبێتە ژین؟ جا ئەدی ئەوە دەبێ لە حەولی یەکی دی پکەون!"
دێدە دەڵێ:"بە خوڵای، زارا! دایک و بابی مەسعودیش هەر وایان پێچاکە. بەڵام زێێد دەڵێ دەست لە کارێ هەلناگرێ بێتەوە لە قوون ماڵێ دانیشێ. هەزار کێشە ومەعرەکە لەسەر ئەو نەقڵەی کراوە. بە هەموان خەریکین. بە خۆمان و بە خوشکەکانی زێێدێ هەر وا ڕا وتەگبیران دەکەین کێ چاکە؟ کێ دەناسین؟ دیارە زۆر کەسیش پێیان خۆش نێ پرۆنە دوورە شاران، نیو عەجەمان، دەبێ بزانین خودا چ دەکا."

لە خات خاتوون و باجە زارای  خوڵاحافیزی دەکەین و بەرەو ماڵ دەبینەوە.

###

ئەورۆ بەیانی لە پێش نانوچای بابم دەڵێ پچینە سەربانی خانووی ئەولای بزانین هەڵۆکە دەتوانێ هەڵفڕێ یان نا.
کاکە مەزهەر دێتە کۆمەگی بابم، هەڵۆکەی دەگرن دوایە ئەمن و جەفعەر و فازلیش کە وە دوایان کەوتوین پەک بە یەک وە سەربانی دەخەن.
ئەو بانە لە هەموو بانەکان بڵیندترە. ئەمە قەت قەت لە پێشدا نەهاتووینە ئێرە. بەفرماڵ نەبێ کەس کاری بێرە  نێ.
بابم دەڵێ:"کەس نابێ لە جێێ خۆی ببزوێ، لە جێی خۆتان دانیشن هەتا بەر نەبنەوە!"
بە کاکە مەزهەریش دەڵێ ئاگای لێمانبێ.

ئەمن هێلانەی حاجیلەگلەگەکان دەبینم لە خۆشیان هاوارێ دەکەم:"بابە، بابە، ئەوەتا هێلانەی حاجیلەگلەگەکان!"

بابم دەڵێ:"وشیاربە ڕۆڵە! بۆ لای لێوی بانی مەچۆ!"
دەڵێم:"لێرەڕا هەموو شاخەکانیش دیارن."
بابم دەڵێ:"بابزانین بۆلای داشامەجیدی دەڕوا یا بۆلای خەزایی."
هەڵۆکەی بە دەستەوە بە فازلی دەڵێ:"هەستەحەوا، ڕۆڵەگیان! ئەمن دەستی لێ بەر نادەم بۆوەی دندووکان داوێ، ئەوەتا دوو سێ جێگا دەستی منی بریندار کردۆ، بەڵام یاریدەت دەدەم هەڵیفڕێنی."
ئەمە غەم دایگرتووین. فازل هەڵدەستێتە حەوا، بابیشم خۆی دادەنەوێنێ، فازل دەستی دەکاتەوە، بابم هەڵۆکەی لە نێو دەستەکانی دەنێ، هەڵۆکە دەڵێی جێگای خۆی خۆش دەکا، پڕێک دێ و دەچێ، پاشوپێشێ دەکا، ئەوچەل هەڵدەفڕێ. بابم و کاکە مەزهەر نیگەرانن مەبادا نەتوانێ هەڵفڕێ و دیسان بەربێتەوە، بەڵام تاوێکی لەسەر سەرمان دەسووڕێتەوە و دوایەش دەڕوا.
چاوە گەورە کەسکەکانی فازلی پڕ بوون لە ئاو، هەر وا چاوی لە ڕێێ هەڵۆکەی بڕیوە و دەگری.
کاکە مەزهەر بە خۆشێوە دەڵێ:"بابە! پێموایە ئیدی جێی نیگەرانێ نێ، ئەوەتا جوان هەلفڕی بەرەو خەزاییش چوو."
بابم دەڵێ:"ئەرێوەڵا، ڕەنگە ئێستا گەیشت بێتە سەر دوندی شاخەکەی."

ئاسمان شین شینە. تاوێکی جوان هەڵاتۆ، کاکە مەزهەر و بابم لەسەر نەڕدیوانەکەی دەمانهێننە خوارێ، دەرکی بانی دادەخەن. حەسارەکەی ببوو بە ماڵی بێچۆ هەڵۆکەی، دیسان چۆلوهۆلە، قابە ئاوەکەی هەر لەوێیە، دان ودۆڵەکەشی هەموو نەخواردۆ، ئەمن لە حەسارێ قوون دەدەمە سەر تەنەکەیەکی نخوون کراوە و دەست دەکەم بە گریانێ. فازل و جەفعەر و کاکە مەزهەر بە کارخانەیدا خەریکن دەچنەوە ئەوبەری.

بابم ئەمن دەبینێ دێ بۆ لام دەستی بە سەرمدا دێنێ دەڵێ:"ئەمە هەموو پەرۆشی هەڵۆکەمانە، ئەویش بۆخۆی ئەوە لەو شاخوداخە جوانەی هەڵدەفڕێ، ئازاد و بەڕەڵایە، لاقیشی چاک بۆتەوە نابێ بگری وەرە، وەرە با بڕۆین!"
دەستی بۆ من درێژ دەکا. ئەمنیش چاو لە دەستی دەکەم و لە جێ دندووکەکانی هەڵۆکەی. دەموچاوم لەسەر دەستی بابم دادەنێم، دوایەش بە هەردووک دەستم توند دەستی دەگرم، بەڵام ڕێگای فرمێسکەکانم بۆ ناگیرێ. بابم نێوچاوانم ماچ دەکا و لە پلیکانەکان وەسەرم دەخا.

لە ژوورێ باس باسی هەڵۆکەیە کە چۆن هەڵفڕی، چەندە دوور ڕۆیشت.
دایکم دەڵێ:"باڕەقەڵا، ئەوە بزانن چەندە خێرە، ئەو باڵندە بێپەنایە چاک پکەنەوە، ئاگاداری پکەن هەتا دەتوانێ هەڵفڕێ، دوایەش بیبەن ئازادی کەن ڕۆڵە گیان، بەحەشتوو بۆخۆتان کڕیوە."
دایکم داعبا ودۆڵی زۆر خۆش دەوی، بە تایبەتی باڵندە. قەت قەتیش ناهێڵێ کەس لە قەفەسێیان کا. بابم کەوی زۆر پێ جوانە و قاسپە قاسپەکەشی پێ خۆشە.
دایکم پێی دەڵێ:"دەنگی باڵندەی کێوی هەر خۆشە لە شاخی گوێت لێ بێ نە لە شاری!"

###

ئەورۆ ڕۆژی تەندوور دروست کردنێیە.
خاتو ئامان بەیانی زوو لێرەیە. دێدە و خات خاتونیش هاتوون.
ژنەکان قورەکەی لە نێو مدبەقێدا دەگرنەوە. خاتو ئامان و خات خاتوون خۆیان لە پانتۆڵی هاویشتۆ و لاقیان هەتا سەر ئەژنۆیان هەڵماڵیوە. قورەکە زۆر توندە و وەک چەقەش وایە و لە ژێر لاقیاندا قڵچە قڵچی دێ. دێدە بەرە بەرە مووی دە نێو قورەکەی دەهاوێ.

شێلانی قورەکەی خەلاسی دێ. خاتو ئامان لە قونینچکێکی مدبەقێ دەست دەکا بە دروست کردنی تەندوورەکەی. دێدە هەر بە دەور وبەریاندا دێ و دەچێ.
وەکوو دیوار دانانێ هەر قوری دێنن و بە دەستی لێک ولوسی دەکەن، چی وای پێ ناچێ تەندوورەکە هەتا نیوەی دەچێتە سەرێ.
دایکم چایان بۆ دێنێ و دەڵێ:"وچانێکی بدەن بابەکەم با ماندووتان پحەسێتەوە!"

هەموو کەشەف و ئیستکان و شتی لە قوری دەنێن.

ئەمن فازلی بانگ دەکەم بێ چاو لە قورەکەی کا بۆ وەی پێمسەیرە هەمووی موویە.
ئەگە پرێک لە قورەکەی شی کەیەوە، موو و خوری و شتی وا وە دیار دەکەوێ.
دێدە دەڵێ ئەو موویەی تێ دەکەن بۆ قایم بوونێ. قورەکە یەکتری بەرنادا.
فازل دەڵێ:"عەجەب فێڵێکی چاکیان دیتۆتەوە!"
تەندوورەکە خەلاس بۆ و بە قەت خات ئامانێ بڵیندە.

###

ئەورۆ دێدە و باجە خەجیج زۆر بە پەشۆکاویی وە ژوور دەکەون.
کاکە جەمیل و دایکم لە ژووری بەردەستان دانیشتوون. کاکە جەمیل خەریکی خەبەرانە. دایکم گۆشتی چا دەکا.
دێدە دەڵێ:"لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە بە بێ تەقسیر و تاوان گرتوویانە لە زیندانێیان کردۆ."
باجە خەجیج ئەوەندە گریاوە چاوەکانی سوور سوورن، دەنگیشی نوساوە، دەڵێ:"ئەیەڕۆ شتی وام نەبیستۆ، جا چۆن حەسەنی لە زیندانێ دەکەن؟ بۆ چی کردۆ؟ ئاخە چ خوڵا بەردارە، ئامۆژن گیان؟"
دوایەش دەست دەکاتەوە بە گریانێ و هەر وا کە دەگری جنێوانیش بە ساواکی دەدا.
دایکم زۆر حەول دەدا دڵخۆشی بداتەوە، پێی دەڵێ:"بابەکەم! مامیشت زۆر ناڕەحەتە بۆخۆت دەزانی حەسەنی وەکوو مەسعودی دادەنێ بگرە زۆرتریش.

چۆ لەگەڵ جەنابی شێخی قسەی کردۆ، ئەویش فەرمویەتی `سەی عەلی، با پڕێک تەنبێ بێ سەی حەسەن پێیوایە هەرچی ئیشتیای لێ بوو ئەتوانێ بەم حکومەتە بڵێ!`"
دێدە دەڵێ:"`جەنابی شێخی!` بۆخۆی بە گرتنی داوە! کچێ ئاخە لە خۆڕا نێ هەموو ئەو شارە دەڵێ دەگەڵ ئەوانەیە،" ئیشارە بە سازمانی ئەمنیەت دەکا.
دایکم دەڵێ:"نا! دێدە گیان! چۆن شتی وا دەبێ؟ خەڵک هەزار قسەی هیچوپوچ دەکەن.
ئەوانە هەموویان پیاوی خودان چۆن کاری وا دەکەن؟ بۆخۆت دەزانی باب و باپیری کێیە."
دێدە دەڵێ:"هەیهو، هەیهوا! ئەمن دەڵێم نێرە، ئەتۆش دەڵێی بیدۆشە، کچێ! ئاخە گووی ئیشکیش بە قوونی کەسەوە نانوسێ. سەید عەلی لە خۆی گۆڕیوە. ئەتۆ بۆ لە خۆتی دەگۆڕی؟
تەواوی ئەو شارە زاری لێ داپچڕیوە، دە با بە من بڵێن سازمانیم! خەڵک کەر نێ، ئەوەی نەبێ نایڵێن."
دایکم دەڵێ:"هەتا حیسان بە چاوی خۆی شتێکی نەبینێ ئەوەی بیڵێ دەبێتە بوختان کردن، بوختانیش پکەی هەموو گوناحی ئەو کەسەش دێتە باڵ تۆ."
دێدە دەڵێ:"کچێ ئاخە بە شاخیرا نازانی گامێشە بە بۆڕەی نازانی گامێشە، ئاخە خەڵکی دیشی بە گرتن و کوشتن داوە. ئەوەتا ئەوە حەسەنیشی بە گرتن داوە!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"شێخ بە بابمی کوتۆ کاکە حەسەنم باسی دەوڵەتێ بە خەراپی کردۆ و ئیرادی لە دەوڵەتێ گرتۆ."
لە دەرکەی دەدەن دەچم دەیکەمەوە. ئامۆژنە مەلازادەیە.
باجە خەجیج دەڵێ:"ئەرێ ئامۆژن! ئەتۆ بۆ ناچی قسەی لەگەڵ پکەی؟ ئەگە بە گرتنی دابێ دیارە بۆخۆشی دەتوانێ بیهێنێتە دەرێ."
دایکم دەڵێ:"بە خولای ئەمن تەکلیفی هیچ لە جەنابی شێخی ناکەم بەڵام لەبەر کاکە حەسەنی دەچم، ئەوەی لە دەستم بێ دەیکەم، بە چاوان!"
دێدە دەڵێ:"ڕووی زەمانەی ڕەش بێ دەنا ئەو لە لێفەی بابی خۆ نەتڕیوە بۆ وەی نابێ ئەمن ڕووی لێ بنێم. لەبەر حەسەنیش هەر دێم."
دایکم ڕوو لە دێدەی دەکا و دەڵێ:"جا ئەگە وایە با سازبین بڕۆین. پێش نەهارێ پیاو ومیاوی لێنێ. دوای نیوەڕۆیە پر دەبێ لە خەڵک."

دێدە و دایکم دەڕۆنە ماڵە جەنابی شێخی زۆریان پێ ناچێ دێنەوە.
هەموو دەڵێن:"ئەوە چ بوو؟ خۆ هێندەتان پێ نەچوو!"
دێدە دەڵێ:"دوور لە مرێم و منداڵەکانی ڕەبی بەری لە کێوێکی بێ قەت گیای لێ شین نەبێ، بە پەند وفساد بێ!"
دوایە ڕوو لە دایکم دەکا و دەڵێ:"بۆ پێیان ناڵێی جەنابی شێخی! چی دە فەرمووا!؟"

دایکم دەڵێ:"یەکسەر چووینە دیوی پیاوان، کەسی لێ نەبوو زۆر کورت و موختەسەر پڕیمانەوە.
دیار بوو شێخیش بۆخۆی دەیزانی بۆچی چوو بووین هەر ئەوەندەی کوت:`سەیزا خوا دیارە لە هەموو کەس گەورەترە، بەم خوایە بێتوو منالی خۆم مخالفەتی ئەم دەولەتە پکات بە گرتنی ئەدەم!`
جا دوایەش لەسەر ئەوەی کە ئەم دەوڵەتە چەندە دەوڵەتی چاکە و وا بوو و وا چوو، ڕۆیشت. کە ئیدی ئەمە بە جێمان هێشت و هاتینەوە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"کاکە حەسەنم پەروەندەی نێ، ئەگە ئیشکال هەر ئەوە بێ کە خەراپەی دەوڵەتێی باس کردۆ، دیارە ئەلعان دەبێ بزانێ کە هەر کەسێکی ئەو قسانەی لە کن کردۆ، هەر ئەویش چۆ ڕاپۆرتی لێ داوە."
ئامۆژنە مەلازادە دەڵێ:"هەی ماڵە ئەو کەسەی وێران بێ لە سەرەوە دۆستە لە بنەوە کۆستە، جا ئەوە دەبێ کێ بوو بێ جەمیل گیان؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بە خوڵای ئامۆژن! هەر کاکە حەسەن دەزانێ، بە داخەوە ئی وا هەیە بۆ پوولی کەس‌وکار و ڕەفیقی خۆی پێوە دەکا."
دێدە دەڵێ:"یاڕەبی ئەوەی منداڵی خەڵکی بە پەلی ئاوا دا دەکا، زەلیلی هەرتک چاوان بێ، یاخوڵا، ئەو پووڵەی وەری‌دەگرێ بیکاتە هەنار و لە بن سەری نێ!"

دایکم ناهێڵێ ئامۆژنم و باجە خەجیج و دێدە بۆ نەهاری پرۆنەوە ماڵێ. دەڵێ بمێننەوە هەتا لەگەڵ بابم قسان پکەن.

دوای نیوەڕۆیە شێخزادە خانم دێ. بە دوای ویشدا عیسمەت خانمی نەجمەزادە. شێخزادە خانم لە دایکم و ذیدەی دەپرسێ چیان بە چی کرد.
دایکم دەڵێ:"شێخزادە خانم گیان، وەڵا هیچمان بە هیچ نەکرد!"
دێدەش بە تەوسەوە دەڵێ:"لە ترسی ئەوەی ئەمەش بە گرتن نەدا هەر هەڕامان کردە دەرێ!"
هەموو ژنەکان پێدەکەنن.
شێخزادە خانم دەڵێ:"بە خوا، منیش وتم دەچم لە تەکیا قسە ئەکەم، وتوومە لەبەر مرێم نابێ، زۆر ناشیرنە برای لە زیندانا بێ و مەعسومیش هیچ نەکا."
هەتا ئێوارێ ژنەکان هەر باسی ئەو کارەساتەی دەکەن.

###

ئەوڕۆ بەیانیزوو لە دەرکەی دەدەن.
بابم بەخۆشیەوە دەڵێ:"بڵێی مەسعود بێ؟"
دایکم دەڵێ:"ڕەنگە کا حەمەد بێ یا کاکمستەفا پێم کوتبوون ئەگە ماستی مەڕان و شیرێژ ورۆنی جوان و پەنیری پێستەی چاکیان لێ هەڵکەوت بیکڕن بۆ مەسعود گیان!"
بابم دەڵێ:"میهەنتور زوو دەگاتە جێ بەڵام نە بەو بەرە بەیانەی."
کاکە جەمیل دەرکەی دەکاتەوە، کا حەمەدە، دێتە ژوورێ دەڵێ:"کوا باجی؟ باجیگیان؟ ئەوەتا ئەوەی داواتکرد بوو بۆم کڕیوی خات مرێمیشم دیت، ئەویش ئەوە لە ڕێیەدا، دۆی دێنێ. چی دیشت دەوێ، منداڵێکی بنێرە لە بن عەرزیش بێ بۆتپەیدا دەکەین!"
دایکم دەڵێ:"بە حاجی بی کاحەمەد گیان، مەرگی ئەو تاقە منداڵەت نەبینی. تۆخوڵا کا حەمەد قەولم پێبدە بۆ نەهارێ وەرەوە چاوت بە مەسعود گیانی دەکەوێ، نانوچایەکیشمان لەگەڵ دەخۆی."

هەر یەک دێ، یەک دەڕوا. بە حیسابی بابم دەبوو ئێستا گەیشتبانەوە. دایکم خەریکە نیگەران دەبێ، کاکە مەزهەری ناردۆتە کارێژی میهەنتوری بزانن چ خەبەرە، ماشێن هاتۆ یانا.
بەرچای خڕ دەکەنەوە هەتا گەرمردانەیا. دێدە و باجە ئامین و باجە زارا هەموو لێرەن، ماڵە جەنابی شێخی ناردوویانە بزانن کاکم گەیشتۆتە جێ یا نا؟ خاڵە بابەدین هاتۆ سەرێکی داوە و چۆتەوە بازاڕی. هەموو نیگەرانن ئەوە نیوەڕۆیە!
لەپڕرا کوبی دێ دەڵێ:"ئامۆژن، کاکەمەسعود لە دوکانی مامە زێڕەیە، ئەوە هاتووم مزگێنیت بدەمێ!"
دایکم دەڵێ:"مزگێنی لەسەر چاوم ڕۆڵە، جا بۆ لە دوکانی مامتە؟"
کوبی دەڵێ:"نازانم، ئەمن بۆخۆم بە چاوی خۆم دیتم!"
دایکم دەڵێ:"ژن ومنداڵەکەشی؟ حەلیم؟"
کوبی دەڵێ:"ناوەڵا، هەربۆخۆی بەتەنێ بوو!"
دایکم ئەوەندەی دی نیگەران دەبێ.
دەڵێ:"ڕۆڵە، مەزهەر، جەمیل، عومەر! یەکێکتان وەرن بڕۆنە دوکانی بابتان بزانن ئەوە چ باسە؟"
لەو قسانەدا دەبن، زەنگی دەرکەی نە یەک جار نە دوو چار نە سێ جار لێ دەدرێ.
دایکم وەک فیشەکی دەرپەڕی، دەڵێ:"ئەوە مەسعود گیانە! قەت سەبری وەی نێ هەتا دەرکەی لێ دەکەیەوە!"
بۆخۆی دەچێ دەرکەی پکاتەوە.
دەنگی باجە زبێد و کاکم دێ، هەموو هەڕا دەکەینە بەر دەرکەی، کابراکانی سازمانیش هەر وا چاویان تێ بڕیوین!
کاکم بە ماشێنی خۆی هاتۆنەوە و بە ڕێگای تەورێزیشدا، بۆیە زۆریان پێ چۆ.
لە نێو ئەو پێشخانە چکۆڵەیدا ڕێی ڕێداری نێ، هەر ئەو ئەوی ماچ دەکا، ئەو ئەوی بە خێر هاتن دەکا. بابم وە ژوور دەکەوێ بە دوای ویشدا کاکە مەزهەر لە

کاڕێژێرا دێتەوە، کاک سەعدونی برای باجە زبێدیش هاتۆ و بۆتە گێژی ئەسکەندەری!
دایکم دەڵێ:"یاخودا، مەبارەکتان بێ بابم! ئەوە ماشێنێ خۆت کڕیوە، وەڵاهی، زۆر چاکت کردۆ، خۆ بە هەوبای ئەو تاکسی و ئوتوبوس و شتەی پیاو لە تارانێ هیچی بۆ ناکرێ!"
بابم دەڵێ:"مەسعود! دیارە ئەو کوچە بەرتەنگە، ناتوانی ئەو ماشێنەی تێدا ڕاگری. پاش وەی هەموو شتومەکەکەت لێ دەرهێنا، دەکرێ بیبەی بۆ کوچەی ماڵە جەنابی شێخی، یرۆ خزمەت جەنابی شێخی، دوایە سەری باجە مرێمیشت بدە، زبێدیش دەبێ پچێ بۆ سەرەخۆشی ئەمیری."
دایکم دەڵێ:"کوڕە!، با نانێک، ئاوێک، خۆ خاوێن کردنەوەیەک!"
بابم دەڵێ:"نا! هەر ئاوا هیچ عەیبێکیان نێ، دەجا چ بوو تەپ وتۆزاوین!"
باجە زبێد دەڵێ:"ئەو جادانەی سابڵاغ و میاندوا و ئەوەی هەمووی تۆز و خۆڵە، حیسان قڕ دەبێ!"
بابم دەڵێ:"جا دەڵێی چی ڕۆڵە! خۆیان بە وڵاتی کوردێوە ماندو ناکەن."

دێدە لەگەڵ کاکم و باجە زبێدێ دەچنە نێو ماشێنەکەی. قەرار وایە کاکم پچێتە ژووری پیاوان خزمەت جەنابی شێخی، دێدە و باجە زبێدیش پرۆنە ژووری ژنان کن باجە مرێمێ، جا دوایە بێنەوە دایکم حەمامیان بۆ گەرم دەکا.

دایکم بە کوبی دەڵێ:"جا هەرچی بۆ مزگێنیش دەتەوێ پێمبڵێ هەتا بدەمێ."
کوبی دەڵێ:"پاڵودە! ئامۆژن پاڵودەی تۆ لە هەموو کەس خۆشترە، لە ئی بازاڕیش خۆشترە!"
دایکم دەڵێ:"جا بە چاوان! شەرت بێ بەیانی زوو وە کار کەوم پاڵودیەکتان بۆ بیرمەوە، دەستی خۆتانی پێوە پخۆن! زارا گیان لە بیرت نەچێ، ئەتۆ بەیانی مەعمور بە لەسەرم!"
باجە زارا دەڵێ:"زبێد خانم کوتی دیارێکانیان بەرم بیگەیێنم!"
داپکم دەڵێ:"جا زۆر چاکە! بۆخۆت دەزانی ئەمە کەنگێ هەڵدەستین و زبێد کەنگێ هەڵدەستێ. هەتا ئەو دێتە خوارێ و نانوچای دەخوا و دیاریان، دیاری دەکا بۆخۆی نێوەڕۆیە! هەر هاتی پاڵودەکەی دەپرینەوە، لە پێش ئەوەی تاو هەڵێ!"

###

بەیانی ئەوەندە فێنک و خۆشە کاکم کە دێتە خوارێ دەڵێ:"پەنجەرەکان ئاواڵەن، ژوورەکە سارد ساردە، تاران وەکوو جەحەندەمێ گەرمە، کەسی لێ ناژی!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! کەسێکی لە نێو هەوای خاوێن و بێ دوکەڵە ماشێنی سابڵاغێرا پچێتە تارانێ هەر وایە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"بەخودای پیسە! بەیانان لیباسی خاوێن و کراسی سپی لەبەر دەکەی دەڕۆی، دێیەوە بوویە قشقەڵە لەبەر دوکەڵێ!"

باجە زارا کە دێ لەگەڵ دایکم دەڕۆنە مدبەقێ. دایکم ئاوری دەکاتەوە. دێدە ئاوی کانی مام قەنبەران دێنێ و لە مەنجەڵەکەی دەکا. دایکم نیشاستەکەی دەپێوێ و تێکەڵی ئاوەکەی دەکا.

باجە زارا  دەڵێ:"پێموا بوو نیشاستەکەی لە ئاوی گەرم دەکەی!"
دێدە دەڵێ:"لەپک لەپک دەبێ! لە پێشدا لە ئاوی ساردی دەکەی، تێکەڵی دەدەی دوایە  وە سەر ئاورێی دەنێی."
دایکم دەڵێ:"لە هەمووی زەحمەتر تێکەڵ دانەکەیەتی، هەر ئەوەندە وەکوڵ هات، نیشاستەکە وەک چەقەی لێ دێ، ئیدی ناتوانی تێکەڵی دەی!"
دێدە دەڵێ:"با ئاوی سارد لەو مەنجەڵەی دیکە پکەین، سووزمەی پاڵودە پرینەوەش لە خەڵوەتێ، بە حەواوە، زارا گیان پچۆ دەستی بدەیە بیهێنە."
دێدەش دەڵێ:"دەسکاونگە چکۆڵەکەش ئەوەتا  هێناومە!"
دایکم دەڵێ:"قەنداویشی، دوای وەی پریمانەوە، بۆ دەگرینەوە."
دێدە دەڵێ:"هەر خاکە قەندەکەت بەسە! ئەمن سێ کەلەم قەند شکاندۆ، کۆڵێک خاکەم لە کەوڵەکەیدا بەجێ هیشتۆ، با خەسار نەبێ."
دایکم دەڵێ:"جا بۆ؟ شەکری تێ دەکەین!"
دێدە دەڵێ:"کچێ! ئاخە خاکە قەندیش هەر شەکرە، فەرقی چێ؟ بۆ خەساری‌دەکەی؟"
دایکم دەڵێ:"نەوەک پووش وپەڵاشی کۆلکە قەندەکەی تێ دابێ!"
دێدە دەڵێ:"جا ئەوەش عیلاجی دێ دەیپاڵێوین!"

دایکم لەبەر ئاورگەکەی خەریکی تێکەڵدانی نیشاستەکەیە. باجە زارا، سووزمەکەی لەسەر مەنجەڵە ئاوە ساردەکەی دادەنێ. پاش ماوەیەک تێکەڵدان، دایکم بە کەوچەکە گەورە دەسکدرێژەکەی لە نیشاستە کوڵاوەکەی لە  نێو سووزمەکەی دەکا. دێدە  بە دەسکاونگە چکۆڵەکەی پانی دەکاتەوە. باجە زاراش توند سووزمەکەی گرتۆ هەتا نەبزوێ. بەو جورەی پاڵودەکەی دەپرنەوە.

دوایە دایکم بنی مەنجەڵەکەی کە وەکوو بنکری لێ هاتۆ، یەکپارچە دەردێنێ لەسەر کەشەفێکی دایدەنێ دەڵێ:"ئەوەش، کورەکان زۆریان پێ خۆشە، دێدە گیان، بێ‌زەحمەت، تۆزێکی شەکر پێ داکە!"
دەست دەنێو ئاوەکەی دەنێن و چاو لە پاڵودەکەی دەکەن دەڵێن:"ماشەڵا، زۆر جوانە!"
دێدە دەچێ وە دووی خاکە قەندی دەکەوێ،
بە باجە زاراش دەڵێ:"زارا! ئەتۆ ئەو قابڵەمەی بێنە لە حەسارێ ئاوی خواردنێی تێ‌کە، کەوچکێکی داریش بێنە، هەتا قەنداوەکەش ساز کەین."

دایکم گوڵاو و پاڵوێنەی دێنێ، دەڵێ:"ئەگە هەر بە قسەم ناکەی دێدە گیان! ئەوەتا دوای ئەوەی خاکە قەندەکەتان گرتەوە لەگەڵ زارا گیان، بیپاڵێون، گوڵاویشی تێ‌پکە، ئەوەش شووشەی گوڵاوی."

باجە زارا  دەڵێ:"ماشەڵا، عەجەب حەوسەلەیەکی هەیە، ئەوە ئەو گوڵاوەش هەر بۆخۆی سازی دەکا."
دێدە دەڵێ:"ئەگە کەیفی ساز بێ داشامەجیدی بە کۆڵان دەگوێزێتەوە، ئەوە مەسعودی دیتۆ، ئەرێوەڵا هەتا دەڕۆن ئەو ژنە نە دادەنیشێ نە نانی دەخوا، نە دەنوێ، حەیاتی لە خۆی دەپرێ!  هەر دەڵێ وە بیرم بێنەوە چ لێ نێم، مەسعود چی پێ خۆشە، ئەوە دایک‌وباب بۆ عەولادی ئاوایە، بە خوڵای عەولادیش بۆ دایک و بابی وا نیێ!"

کوڕەکان نان‌وچایان خواردۆ، ئەمە دەچینە ژووری. دێدە بابۆڵەی شیرێژ وڕۆنی بۆ من دروست دەکا.
کاکم دەڵێ:"دێدە لێی گەڕێ با بۆخۆی نانی پخوا، گەورە بۆ، هەتا کەنگێ `فوفول`ی دەکەی، دایکم فازلی فوفول کردۆ، ئەتۆش نەفیسە!"
دێدە پێدەکەنێ دەڵێ:"ئاخە ڕۆڵە گیان، ئاش بەنۆرە دەگەڕێ، هەتا ئەتۆ چکۆڵە بووی ئەتۆمان `فلفل` کردۆ، ئێستاش نۆرەی ئەوانی دیکەیە!"
کاکم پێدەکەنێ دەڵێ:"فوفول نە فلفل! یانی نۆنۆر، لوس!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە خۆ هەمووی بوو بە فارسی، بە کوردی `فوفول` دەبێتە نازدار، ئەوەی زۆری بە دمێوە دەدەن، بەدعەمەل، بێ‌تام!"
دێدە دەڵێ:"خۆ ئەشەدەمبیلا، مەسعود گیان! ئەتۆ و گۆچان نەبێ کەس هێندەی بە دەمێوە نەدراوە، کوێشتیریش دەڵێی حیسابی جوێیە، ئەمن نەبم دایکت هەر بە نەقورچان گرچووی دەپڕێ!"
کاکم دەڵێ:"نا! چۆن دایکم کاری وا دەکا؟"
دایکم دەڵێ:"بەخودای، ڕۆڵە! لەگەڵ ئەنگۆ هیچ فەرقی پێ ناکەم، بەڵام وەختێکی جواب نەداتەوە، بە قسەی من نەکا دیارە لێی قەڵس دەبم! زۆر لاسارە وەکوونگۆ نێ، جوابم ناداتەوە!"
دێدە دەڵێ:"ئەوە هەزار جارم پێ کوتۆ منداڵ هەتا لەگەڵی بڵێی خەراپترە، هەتا لێی دەی و پێی دادەی چەقەسرۆتر دەبێ. ئەدی بۆ جوابی من و بابت دەداتەوە؟ گەرچی لە دایکت زۆر دەترسێ، کەمتر جوابی دەداتەوە."

دوای نان‌وچای بەیانی، دایکم دەچێتەوە نێو مدبەقێ بۆ نەهار ساز کردنێ.

ژنەکانیش هەر کامیان کارێکی دەکەن. خاڵە بابەدین دەو دەمەیدا دێ. کاکم ماچ دەکا و دایکم سەندەڵێکی بۆ لە حەسارێ دادەنێ لە نزیک دەرکی مدبەقەکەی لە قەراغ باغچەکەی، کاکم و خاڵم دادەنیشن دەست بە قسان دەکەن.

هێندەی پێ ناچێ باجە زیێد لەسەرڕێرا دێتە خوارێ بلۆز ودامەنی لەبەردایە، سەرپایەکی جوانیشی لە پێ کردۆ، قۆڵی ڕووتە دەنگی خاڵمی گوێ لێ دەبێ دەچێ بلۆزێکی قۆڵدرێژ لەبەر دەکا جا دوایە دێتە نێو حەسارێ. مینوش کراسێکی جوانی سپی لەبەردا، بەرداوێنەکەی بە مارگەی قاوەیی گوڵدۆزی کراوە.
قەرار وایە کاکم دەگەڵ خۆی بیباتە خزمەت جەنابی شێخی.
مینوش دێ خاڵم ماچی دەکا و دەڵێ:"عەمەدرێژیش بێ، کوردیتان فێرکردۆ یا بە فارسی قسان دەکا؟!"
کاکم دەڵێ:"خۆ هەر لە ماڵێیە، کوردیش زۆر چاک دەزانێ، فارسی مەخسوسی خۆشی داتاشیوە، مەسەلەن دەڵێ `سوزەن‌لیلە` یانی دەرزیلە! هەتا نەچێتە مەدرەسەی کوردێکەی لە خەتەر ناکەوێ."
خاڵم دەڵێ:"خۆ مەدرەسە زمانی خۆی لەبیر ناباتەوە. زمان کە فێری بووی خەلاسە، لە بیر پیاوی ناچێتەوە. مەگە هەر قەت قەت قسەی پێ‌نەکەی. ئەتۆ و زیێد خانمیش خۆ هەر بە کوردی قسان دەکەن."
دوایە کاکم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"لە بەر کوردی زیێدێ! هەر دوو کەلیمە کوردی و پەنجا کەلیمەی فارسی تێ دەخا!"
باجە زیێد دەڵێ:"کوا! مەسعود پێی خۆشە `ئیغراقێ` پکا!"

کاکم دەڵێ:"فەرموو، ئەوەتا `ئیغراق` و `مێرسی` کوردی نین!`، `گولابی` کوردی نێ، قسان پکە بۆت بژێرم!"
دوایەش دەس دەکا بە قاقا کێشانێ.
خاڵم دەڵێ:"بەداخەوە لە نێوخوێندەواراندا ئەوە هەیە، لێرەش دەبینی زۆر فارسی تێکەڵ کوردی دەبێ، پێی دەڵێن `قسەی قەڵەمی`کردن، جا بە ڕا وتەگبیری من خوێندەوار دەبێ حەول بدا نەهێڵێ تورکی و فارسی یان زمانی خارجی بێتە نێو زمانەکەی، دەنا پاشی یەک دوو نەتەوە، کەس هەر بە کوردی قسان ناکا!"

کاکە جەمیل بە ڕۆژنامەوە هاتۆتە حەسارێ لە سەر پلیکانی مدبەقێ دادەنیشێ، دایکم بە باجە زارای دەڵێ کورسیلەکەی ژووری بەردەستانی بۆ بێنێ.
خاڵم دەڵێ:"چاکە! ئەوە کاکە جەمیل گیانیش هات نەقڵێکی خۆشم هەر لەو بابەتەیەوە پێیە بۆتانی دەگێڕمەوە.
ئاغایەک کوڕێکی گەورەی دەبێ دەڵێ، دەڵێی چی هەباسە! بد نێرمە شاری زمانی عەجەمی فێربی؟ میوانی عەجەممان کە دێ خۆ کەس نازانێ قسەیان دە گەڵ پکا.
کوڕە دەڵێ:`جا زۆر چاکە بابە گیان`!
ئاغاش پووڵێکی چاک خەرج دەکا، مەنزڵی بۆ کوڕەکەی دەگرێ، نۆکەری لەگەڵ دەنێرێ. پاشی ساڵێک دوو ساڵان کوڕەکە دەگەڕێتەوە، هەرچی دەیڵێ کەلیمەیەک دوو کەلیمەی فارسی تێ دەخا. ئاغاش زۆری پێ ناخۆش دەبێ، زۆرجارانیش هەر نازانێ کوڕە دەڵێ چی.
قەمچێکی دێنێ، هەر لە کوڕەی دەدا و دەڵێ:`ئەمە بە `قاشوق`ی دەڵێین چی؟`
کوڕە دەڵێ `کەوچک!`، کەوچک!` بابە گیان!`
ئاغا قەمچێکەی ڕادەوەشێنێ دەڵێ:`بە `پیاز`ی دەڵێین چی؟`
دەڵێ:`بابە گیان `پیواز!` ، `پیواز!``
ئاغا دەڵی:`ئەمن کوتم عەجەمی فێربی لەگەڵ عەجەمان قسان پکەی نە لەگەڵ من! `قاشوق`ت لە زمانی ببیستم هەموو بەندەنت بە داران دەشکێنم! نەکەی لە کنە من بە کەوچکی بڵێی `قاشوق`!"
خاڵم و کاکم و کاکە جەمیل بۆخۆیان ڕەش‌وشین دەبنەوە.

کوڕەکان هەمیشە لە قسە کردن لەگەل خاڵە بابەدینی کەیفێ دەکەن.
کاکە جەمیل دەڵێ:"خاڵە بە داخەوە شتی تازە کە دێ نێوی خارجی هەیە، لە زۆر زماناندا خۆیان زەحمەت نادەن نێوی لێ بنێن، هەر وەها لە کوردیشدا.
ئەتۆ چاو لە `تەیارە`ی پکە، عەرەبێ. فارسێکەی زۆر جوانترە دەڵێن `هەواپەیما` کوردی عێراقێ لە نێو عەرەبانیشدا دەژین دەڵێن `فڕۆکە`، ئەمە لە نێو عەرەبانیشدا نین، لە کوێرا فێر بووین بڵێین `تەیارە`؟!
زمان زۆر شتێکی سەیرە! مەسەلەن `پەڕەمێز` هەر هیچ مانای نێ، ئەو شتە کە هاتۆتە بازاڕی، خەڵک دەستی کردۆ بە کڕین و بە کار هێنانی، نێوی `پریموس` وردە وردە بۆتە `پەڕەمێز` یا شتی سەیری وەکو `چرا ئینگلیسی` و `کیسەی بولغار` نێوی ئەو جێگایانەی دروستیان کردۆ، لەسەریان داندراوە.
بە پرِوای منیش ئەمە دەبێ زۆر حەول بدەین هەتا نەهێڵین زمانی دی تێکەڵی کوردی بێ. نێویش لە شتی تازە بنێین!"

کاکم دەڵێ:"بە سەری من، جەمیل نێوێکی بۆ `ماشێن`ی ببینەوە، نە `سەیارە` کوردێ نە `ماشێن`!"
کاکە جەمیل دەڵێ:" `لێ خورە!` لێی دەخوری!"
کاکم دەڵێ:"عەجەب، بە وەی بێ دووچەرخەش لێی دەخوری، مۆتۆرسیکلێتیش لێی دەخوری، زۆر ببەخشە کەریش لێی دەخوری!"
هەموو دیسان دەست دەکەن بە قاقا کێشانێ.
کاکە جەمیل دەڵێ:"قسە لەوەیە دەکرێ لە جیاتی هێنانی نێو و کەلیمەی خارجی بۆ نێو زمانی کوردی، پیاو حەول بدا وەریگێرێتەوە سەر کوردی یا نێوی کوردی لە شتی بنێ."

دایکم دێ دەڵێ:"پاڵودەمان پریوەتەوە بەفرمان تێ هاویشتۆ، بۆتان بێنم پخۆن! ئەو میزە چکۆڵەی سەرێشم هێناوە هەر بۆ ڕۆژی وا چاکە پێش وەی تاوەکە بگاتە سەر سەرمان!"
دەڵێن:"جا زۆر چاکە!"

باجە زبێد هاتۆ دەڵێ:"مەسعود! مەزهەر خان مینوی بەرێ بۆ خزمەت جەنابی شێخی، ئیشکالی هەیە؟!"
کاکم دەڵێ:"نا! قەیدێ چ دەکا با بیبا!"
دوایەش دەڕوا کاکە مەزهەری بانگ دەکاکە لەسەرێ خەریکی چرا ومرایانە.

خاڵە بابەدین پاش ماوەیەکی هەڵدەستێ دەڕوا.
کاکم دەڵێ دەچێ سەرێکی ئاغای سەعدی دەدا کاری پێیەتی.

باجە زبێد دێتە نزیک دەرکەی مدبەقێ دەپرسێ:"سەیزادە خانم، کۆمەگت ناوێ؟"
دایکم دەڵێ:"نا ڕۆڵە گیان! بەربەسێڵێکی زۆر جوانم بە ماستی مەڕان بۆ لێ ناون. خۆرشتی کەنگرێکیشم ساز کردۆ دەستی خۆتانی پێوە پخۆن!"
باجە زبێد دەڵێ:"بهەبهە! زۆر عالێ، مەسعود کەیفێ دەکا!"
دایکم دەڵێ:"براژنە سوعداش قەولی لێ وەرگرتووم، ئەمن سەنگەسیری بۆ مەسعودی لێ نانێم، بۆ وەی بۆخۆی بۆتان ساز دەکا. دەڵێ چونکە مەسعود و مەزهەر پارەکە ئەو هەمۆ زەحمەتەیان لەگەڵ سیمکێشی سەر و خوارێ کێشا، لە بەیانیرا دەڵێی هەمووتان وەرن دەرکەی داپخەن. جا ئەمەش هەمووامان پچین دەزانی ئاغا سەید نایا. نە قەت کاکم دێتە ئێرە، نە قەت ئاغا سەید دەچێتە ماڵە کاکم!"
باجە زبێد دەڵێ:"بۆ؟ ماڵە ئاغا سەید مەلای یەکێک لەو ماڵانەیە کە حیسان ئارەزوویەتی پچێ. سوعدا خانم چەندە بە ئیحترام و `میهرەبان` و خانمە!
ماڵەکەی پێموایە لەو شارەیدا تەکە، لە خاوێنی و جوانی و شیک بوونێدا. غەزاکانی عالێ. حیسان وەختێکی لە سوعدا خانمێ میوانە، دەڵێی لە ماڵە شا و وەزیر و شتی وایە، ئەو تەشریفات و تەشکیلاتەی هەیەتی کوا کەسی دی نێتی!
حەسارەکەی هەمیشە دەڵێی شووشەیە. ئەو حەوزە زەلامە هەموو ڕۆژێ دەشۆرێ دەڵێ ماسێکان پیسی دەکەن!
ئەو هەمۆ باغچەی گوڵ و دار و باغچەی `سەبزیجات` ڕاگرتن و حەساری `مەخسوسی` مریشک و جوجکان و عەرزی مدبەقێ لەگەڵ پێشخانە و

بەردەرکە و سەروخوار دەبێ لەسەر ئەژنۆیان و بە دەستی بە ئاو و سابوونی پشۆرێ!"
لێرەدا باجە زیێد پێدەکەنێ دەڵێ:"ژووری خەوەکەی دەڵێی ژووری خەوی مەلەکانە، ئەو تەختە جوانە بەو هەمۆ باڵنج و ڕووتەختی ساتەنی گوڵدۆزی کراو، عەجەب سەلیقەیەک، عەجەب حەوسەلەیەکی هەیە ماشەڵا.
ئەدی ژووری میوانان، ساڵۆنێکی هەمووی مەخەدە و پاڵەوپشتی مەخمەر و فەڕشە. ساڵۆنێکی هەمووی مۆبلومیزی جوانو زۆر گرانە."
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵەگیان! هەرچی پووڵی کاکم هەیەتی لە دەست براژنم دا. ماڵ و حاڵەکەی بە ڕەسمی تارانێ ڕازاندۆتەوە. ئەوەنێ دایکی لەوێیە، لە تارانێرا شتی جوان دێنن وڵاتی پێ دەڕازێننەوە. حەوسەلەشی هەیە. منداڵی نێ سەری مەشغوڵ بێ، شەو و ڕۆژ خەریکی ماڵەکەیەتی."

باجە زیێد دەڵێ:"ئەمن پێموایە منداڵیشی هەبا، منداڵەکانی وەک گوڵی دەبوون، هەر `ئەسڵەن` خودی خۆی ئاوایە، کاری بە بێمنداڵی و منداڵداری نەداوە.
چەند ژنی بێمنداڵ دەناسین وەکوو سوعدا خانمێ نین. ئەمە ئاخە ساڵەهای ساڵە جیرانین، لە جیرانەتیشدا زۆر خانمە، هەموو `خانەوادەی` من زۆریان خۆش دەوێ."

دایکم دەڵێ:"خۆ ڕۆڵە! جاریوایە لەو منداڵانەی خۆمدا شلوکوت دەبم نایەن دەگەڵم بۆ جێگایان، هەر ئەوەندە چ شەو وچ ڕۆژ بڵێم دەچمە ماڵە کاکە محێدین، ورد و درشتیان دەڵێن `ئەمەش دەبەی؟` وە دووم دەکەون. خوداش هەڵناگرێ براژنم لەگەڵیان بە جوانی دەبزوێتەوە، زۆری خۆش دەوێن. هەر خۆی بە قوربان و سەدەقەیان دەکا."
باجە زیێد دەڵێ:"هەر ئەخلاقی وایە، زۆر جوان و لەبەردڵانو خوێنشیرنە!"
دایکم دەڵێ:"لە منداڵەکانی کاکیشم بپرسی، بەردی ڕەشی لێ هەڵدەگێرنەوە!
بۆخۆت کورەکانت دیوە، هەموو لە تارانێن حەسێم نەبێ. ساراش فەقیرە خۆ دەشچی لەبەر هاتوچۆ و خاوین کردنەوە و هەڵگر وداگرێ خۆ نابینی. خۆ قەت لەگەڵ براژنم بۆ هیچ مەجلیسێکی، بۆ هیچ جێگایەکی ناچێ. ئەمن پووریم، قەت لێرەت دیتۆ؟
نەیانناردۆتە مەدرەسەی هیچ، لە ماڵێش کاکم بێبەڵا بێ نەیهێشتۆ فێری نووسین و خوێندنەوە بێ. دەڵێ کچ خویندنی ناوێ، فێری نووسینێش بێ کاغەزی بۆ کوران دەنووسێ!"
باجە زبید دەڵێ:"ئەدی خۆ ئەنگۆ لە ماڵێ هەموو دەرسوو خوێندۆ."
دایکم دەڵێ:'کاکە بابەشێخ نەبا، سەید مەلای برام نەیدەهێشت کەلیمەیەکی فێربین، دایکم، ڕەحمەتی خودای لێبێ، لەگەڵ کاکە بابەدین، جوابیان نەدەداوە. ئاخریش بۆ نووسینەکەی هەر زۆر حەولیدا کە فێر نەبین بۆیە بە زەحمەت سەرەتەقەیەکی دەکەین، بەلام خوێندنەوە و شیعر لەبەرکردن و ئەو شتانە چاک دەزانین."
باجە زیێد دەڵێ:"قەت نەمدەزانی سەید مەلا ئاوایە. ئاغاسەید بابەدینی دەبینم، زۆر `ڕەوشەنفیکر`ە ماشەڵا زۆر حیسانێکی تێگەیشتوو وباسەوادە."
دایکم دەڵێ:"لە نێو براکانمدا هەر سەید مەلا ئاوایە، نە دایکم وا بوو نە بابم، بە ڕەحمەتی خودای شاد بن. نازانم وەکوو کێ دەچێ. جا بۆ دوور دەڕۆی، بابی

مەسعودیش دەڵێ کچ نەخوێنێ باشترە. زۆریش خوێندی هەتا شەشومی ئیپتیدایی پخوێنێ، بێتەوە لە ماڵێ دانیشێ فێری کاری ماڵێبێ چاکترە!"
باجە زیێد دەڵێ:"وەڵا تەواومان کرد، ئەدی بۆ نەفیسەی دەڵێ چی؟"
دایکم دەڵێ:"فەرقی نێ بۆویش هەر وا دەڵێ!"
باجە زیێد دەڵێ:"وەلا، مەسعود دەڵێ نەفیسە دەبێ پرواتە دانیشگایە، هیچ کەسیش ناتوانێ پێشی پێ بگرێ، دەڵێ ئەگە بابم بیکاتە زۆری، دەیهێنێتە کن خۆی لە تارانێ."
دایکم دەڵێ:"ئەمنیش پێموایە فەرق بە کور و کچ کردن زۆر کارێکی سەهوە!"
باجە زیێد دەڵێ:"موتەئەسفانە حیسانی وەکوو ئاغا سەید بابەدین و جەنابت کەم هەیە.
خەڵک زۆر وە دوا کەوتوون لە سابڵاغێ. هەرچی دەیکەی عەیبە، هەرچی دەیڵێی عەیبە، لە پێستی خۆتدا نابزویەوە هەزار قسە وباست بۆ ساز دەکەن. زۆر ببەخشە یەکێک شوێنی سەری خوار دەکا دەڵێن قاحبەیە!"
دایکم دەڵێ:"وەڵا ڕاستە، خۆ وایە، دەزانم."

کاکم لەو لاپرا دێتەوە لەگەل میرزا سەعدونی، قوتوویەکی مقەبای دوور ودرێژشیان پێیە.
دوای سڵاو و چاکوخۆشی دەست دەکا بە کردنەوەی قوتۆکەی. پێچکوشتی لە دایکم وەردەگرێ، خەریک دەبن لەگەل میرزا سەعدونی، ئەو پەڕەمێزە تازەی تێکخەنەوە کە لە دوکانی ئاغای سەعدی کریوێتی.

دایکم دەڵێ:"ڕۆلە گیان، ئەوە چت کڕیوە؟ جا بۆ کاری وات کردۆ؟"
کاکم دەڵێ:"دایە! ئەوە خاوێنە!، وەک ئاورگی نێ، زستانێش دەکرێ لە ژوورەکەی نزیک سازمانی داینێی ئیدی هاتوچۆی ئەو بەر و ئەو بەری حەسارێ نەکەی. سێ فتیلەشی هەیە پێتخۆش بوو سێ کێشتان وە سەر نێ، بە نەفتیش کارێ دەکا، دووکەڵ و بۆنی نێ."

کاکم و میرزا سەعدون پەڕەمێزە تازەکەی لە نێو مدبەقێ دادەنێن.
کاکم دەڵێ:"خاتو ئامین! بێزەحمەت، تەنەکە نەفتەکەی بێنە با ئەو شووشەی پرکەم، بە دایکمی نیشان دەین چۆن کارێ دەکا."
دوای وەی کاکم شووشەکەی پر لە نەفت دەکا بە دایکم دەڵێ:"دایە چاوی لێکە دەبێ سەرەکەت کە لەسەر شووشەکەی داناوە، توندی کەی، دوایە سەراوبن لەسەر جێگای خۆی داینێیەوە. بە شەمچەش ئەو چرایەی دەتەوێ هەڵیدەکەی."
دوایە کاکم شەمچەی وەردەگرێ، پەڕەمێزەکەی هەڵدەکا و بە دایکم نیشان دەدا چۆن بە پێچەکانی شوعلەکان کەم و زۆر کا.
دایکم دەڵی:"خودا دەوامی عەمرتان بدا، ئیشەڵا سڵامەت بن، موەفەق بن، نە دەبوو ئەو زەحمەتەی تووشی خۆتان کەن، ڕۆڵە گیان!"

###

ئەورۆ هەموومان بۆ نەهارێ لە ماڵە خاڵەبابەدینی بانگ کراوین.
بابم بۆ ماڵان دەگەڵ مە نایا. بۆ ماڵە خاڵەمەلاش نەهات.
کاکم دەڵێ:"بابە ئەگە ئەتۆ نەیێی، ئەمنیش ناچم!
نانوچات خوارد ئەوەتا ماشێنمان هەیە فەورەن دەتهێنمەوە ماڵێ."

بە هەزار حاڵە حاڵ کاکم، بابم ڕازی دەکا و ماشێنەکەی دێنێتە بەردەرکەی. کاکم و بابم لە پێشەوەی ماشێنەکەی دادەنیشن، دێدە و دایکم و باجەزێد و جەفعەر لە پشتەوە. ئەمن و فازل و هوما هەر کامێکمان لە کۆشی یەکێکیدا دادەنیشین.
کورەکانیش دەڵێن بە پێیان دێن.
بەڵام کاکم دەڵێ:"نا! دێمەوە لە دواتان ئەنگۆ هەر سواری ئەوماشێنەی نەبوون."

لەماڵە خاڵەبابەدینی لە دەرکەی کوچەی دەچینە ژوورێ. خاڵۆژنە گوڵێ و باجە ئامین و کاکە محەمەد و کاکە حەسەن و مریەم خانم هەموو لەبەر دەرکەی ڕاوەستاون بە خێرهاتنمان دەکەن. خاڵم لەسەر پلیکانەکانە، کە دەچینەسەرێ، لە پێشخانەکەی چا و سەماوەر و تەشکیلات ساز کراوە.

ژوورەکەی سەردەرکەی لە دەستی ڕاستەوەیە.
باجە ئامین دەڵێ:"فەرموو، دێدە گیان!"
لە دوو پلیکانان وە سەر دەکەوین.
دەستیچەپ ژووری خاڵە بابەدینێ کە زۆر گەورەیە، پەنجەرەیەکی زۆر زەلامی تێدایە، هەمووی شووشەی ڕەنگاورەنگە. بەیانان کە تاو لێی دەدا دەبێ بێیە سەیری ئەو دیوارانە، هەزار ڕەنگی سوور و شین و زەرد و کەسک لە ژوورێ تێکەڵ دەبێ. ئەو پەنجەرە گەورەش کە دەیکەیەوە، دەچێتە بەر هەیوانێ.
هەواوبان کە خۆش بێ خاڵم هەر لە بەر ئەو هەیوانەیە قەدەمان لێدەدا، کتێبی دەخوێنێتەوە، جاری واشە لەسەر سەندەڵێکەی دادەنیشی و دەنووسێ.
لە ژوورێ پالەوپشتی هەیە، میزێکی کورتیش لە بن دەستی دادەنێ جا دەنووسێ.
خەتی خاڵم وەکوو هیچ نووسراوەیەکی نێ، ئەوەندە جوانە دەبێ لە تابلۆی گری و هەڵیئاوەسی. هەر واشیان کردۆ، هەموو شتێک وەکوو پەردەی تاقەکان و بەرگی سەنیر و بەرگی باڵنجەکانیان، خاڵم شیعری لێ نووسیوە، خاڵۆژنیشم گوڵدۆزی کردۆ.

بەرامبەر بە دەرکەی شیعرێکی گوڵدۆزیکراو دەڵێ:

"مزرع سبز فلک دیدم و داس مه نو
یادم از کشته خویش آمد و هنگام درو."

تاقەیەکی نزیک پالەوپشتی خاڵم، هەر هەوایەک لە سەرەوەی دەرکەی نووسراوە:

"چون دور فلک یکسره بر منهج عدل است،
خوش‌باش که ظالم نبرد راه به منزل."

بەرگی سەنیرێکی گوڵدۆزی کراوە:

"تو پاک باش برادر، مدار از کس باک
زنند جامه ناپاک گازران بر سنگ."

تەختەپۆشی تاقەی چراکان لێی نووسراوە:

"ای پادشه خوبان داد از غم تنهایی،
دل بی تو به جان آمد وقت است که باز آیی"

لە ژووری سەردەرکەی، باڵنج و سەنیریان بۆ پاڵەوپشت داناوە، ئەوانەش هەموو گوڵدۆزی کراون.
سەنیرێک لێی نووسراوە:

"چو آهنگ رفتن کند جان پاک
چه بر تخت مردن چه بر روی خاک."

دوای نان‌وچای کاکم بە ماشێنی بابم دەباتەوە ماڵێ.
دایکم دەچێتە ژووری خاڵم هەتا پێکەوە دانیشن و قسان پکەن.

باجە زیێد دەڵێ:"ئامینە خانم مەبارەکە، بیستوومە دوای `عەروسێ` دێیە تارانێ!"
باجە ئامین زۆر بە ناڕەحەتێوە، دەڵێ:"ئەیەڕۆ، تۆخوڵا وا مەڵێ زیێد خانم، خودا بمکوژێ یاڕەبی، دەردێک، مەرگێکم بۆ بنێرێ نەگەمە ئەو ڕۆژەی!"
باجە زبید زۆری پێ‌سەیر دەبێ:"ئەیەڕۆ بۆ دۆعا لە خۆت دەکەی؟ خانمێکی ئاوا جوان وجەوان، ئەوەندە کار جوان؟ تاران ئەوەندەی دەڵێن خەراپ نێ، خۆشە، عادەتێ دەکەی."
دوایە بە پێکەنینەوە دەڵێ:"لە قسەوباسی سابڵاغێش وەدوور دەکەوێوە!"
باجە ئامین هەناسەیەکی زۆر قوول وسارد هەڵدەکێشێ دەڵێ:"خۆ بە دوور کەوتنەوەی ناڕەحەت نیم.
پێمخۆشە بمرم بەڵام مێردی بەو کابرایەی نەکەم!"
باجە زیێد دەڵێ:"ماشەلا بابت بەو هەمۆ سەواد و عەقڵ و زانایی خۆیەوە خۆ زۆریت لێ ناکا، پێت کوتۆ ناتەوێ مێردی بە کوری مامت پکەی؟"
باجە ئامین دەڵێ:"پوورم دەزانێ مەرگی خۆم زۆر پێ‌خۆشترە لەو مێرد کردنەی، زۆریشم پێ کوتۆ بابم ڕازی کا. بابم پێی‌وایە لە جیاتی ئەوەی بێگانە بێتە نێومان، سارای بێنن بۆ محەمەدی، ئەمنیش دەقورێ نێن!
جا کوا وا دەبێ توخوڵا زیێد خانم؟ ئەمن چ گوناحێکم کردۆ بە زۆری زۆرداری دەبێ مێرد بە یەکێکی پکەم ئەوەندەی پووشکەیەکی نە دەیناسم نە خۆشم دەوێ؟ ئەمنیش دایکی خۆم هەبایە بابم نەیدەتوانی ئاوا زۆریم لێ‌پکا."
دێدە دەڵێ:"لەوەتا ئەو قسە هاتۆتە گۆرێ خۆ هەر ڕەنگیشی وەک خۆی نەماوە. ئەو قاقا لێ‌دان و پێکەنینەی کە هەمیشە حازر بوو ئێستا هەر بزەشی نایەتێ!
بە من بێ، بە زۆری ژن بۆ کوری هێنان کارێکی هەڵەیە، کچ بە زۆری بە مێرددان لەویش قەباحەتترە، جا ئەگە مێردە شازادەش بێ."

باجە زیێد دەڵێ:"چۆن سەیزادە خانم هیچ ناڵێ، لەگەل براکانی قسان ناکا؟"
باجە ئامین دەڵێ:"قسە لە قسەی براکانی دا ناکا، دەڵێ بۆخۆشی سێزدە چاردە ساڵە بۆ، یەکێکی خۆش ویستۆ، کورە، داواشی کردۆ بەڵام بابم نەیداوە، داوێتی بەو ئاغا سەید عەلێی، دوایەش پوورم دەڵێ:ئەودەمی زۆری پێناخۆش بوو، بەڵام چارەیەکیشی نەبوو. نە خۆی دەکوژێ، نە ڕەدوا دەکەوێ، ناعیلاج مێردی بە ئاغا سەیدی دەکا و ئێستاش زۆر چاکە!"
باجە زیێد دەڵێ:"`ئەیبابا`!؟ ئەمن نەمردەزانی، قەتم شتی وا نەبیستۆ!"
باجە ئامین دەڵێ:"ئاخە کەسیس نازانێ، توخوا ئەتۆش بەکەس مەڵێ."
دێدە دەڵێ:"بەداخەوە لە هەزاری یەکێک بە دڵی خۆی مێردی ناکا، ژنی کوردی زۆر بەدبەختە، بۆ برای، بۆ مامی، جاری وایە بۆ بابی، بەژن دەچێ!
خەریکە پڕێک چاکتر دەبێ، ئەو دەمی ئەمن جحێڵ بووم خۆ قەت پرسیار بە کچێ نەدەکرا. جاری وا بوو منداڵی دە دوازدە ساڵانیان لە پیرە پیاوی بە نەوە ونەتیجەوە مارە دەکرد.
کچە هەتا شەوی بووکێ کابرای هەر نەدەدیت! قەباحەتی وا کراوە و دەکرێ ڕۆڵە! هەر دەستی خۆم خۆش بێ! ئەمنیشیان بە کابرایەکی  بە مێرددا، بە بووکیشیان بردم، عالەمەکە بڵاوەیان کرد، بە دوای واندا هەڵاتم  ڕۆیشتمەوە ماڵە شێ حەسەنی، کوتم بمکوژن ئەمن ناڕۆمەوە ئەو ماڵە مێردەی! هەر ئەوە بوو قەتقەت مێردم نەکرد کە نەکرد."
باجە ئامین دەڵێ:"خۆزگەم بە خۆتدێدە گیان! بریا ئەمن موویەکبام بە سەری تۆوە. زۆر جاران فیکری وەی دەکەمەوە خۆم پکوژم، خۆم نەجات دەم، قەت پێموا نەبوو  پوورم بە هاوارمەوە نەیا، هەمیشە هەر وەکوو دایکی خۆم چاوم لێکردۆ، قەت لە هیچ موزایقەم نەکردۆ، ئەوەش پوورم!"

###

ئەورۆ دایکم سەروپێی لێ ناوە.
بە کورەکانیشی کوتۆ هەر کەس بانگ دەکەن بیکەن. قەرار وایە مامە حەمەدەمین و کاکەحەسەن و میرزا سەعدون و دوو سێ ڕەفیقی کاکە مەزهەری بێن بۆ نەهارێ.
دێدەو دایکم دوو سێ ڕۆژە  ورگەکان خاوێن دەکەنەوە، لە ئاوی ساردیان دەگرن، هەتا بۆنەکەی پروا. دوێنێ شەوێ کە  گیپەکانیان دەدروو، زیرەوئیسیوەتی خریان تێدەنان هەتا بۆنیان خۆش بێ.

فازل نەبێ هەموو کورەکانی دی سەروپێی دەخۆن. ئەمن بە زۆریدێدەی تۆزێک لە برینجی نێو گێپەکەی ئەویش بە قێزوبێز دەخۆم، ئەو دیار نەبێ، دەچمەوە زگ نانوپەنیر خواردنێ. ئەمن و فازل هەم بۆنی سەروپێمان پێناخۆشە هەم پێمانوایە سەر و لاق و دەست و نێوزگی مەڕێکی فەقیر لە نێو مەنجەڵیدا نابێ بکوڵێنی و بیخۆی.

دەنگی پیاوەکان لەسەرێرا دێ، وادیارە کاکەحەسەن جەفەنگان لێ دەدا و هەموان وە پێکەنین دەجا.

لە خوارێش، ژنەکان نانی دەخۆن، سفرە و شتی کۆدەکەنەوە، چا و سەماوەریش حازرە.
دایکم دەڵێ:"مەزهەر ڕۆڵە، چاتان ویست وەرن بەرن."

له ژوورەکەی خوارێ مینو و باجە زیێد دوای نانی ڕادەکشێن.
باجە زیێد دەڵێ:"تاوێک ئیسراحەتێکی پکەین باجیم قەرارە یەکێکمان بۆبێنێ چاومان پێی پکەوێ.
گۆیا لە ماڵە حاجی ساڵحی غەڕازی کارێ دەکا، باجیم دیتوویەتی دەڵێ زۆر زیرەک وکابانە لە پەردەستی عیسمەتخانمێدا بۆ، شتی وەک خۆی نیێ!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە خودا لە زارت پروانێ، ئەمە زۆر حەولمان داوە، زۆر کەسیش پەیدا دەبێ، زۆریش چاکن، هەتا دەڵێی بۆ تارانێمان دەوێ، دەست و لاقیان سارد دەبێتەوە!"

دوای نوێژی ئێواری خوشکی باجە زیێدێ دێ و ژنێکی لەگەڵ خۆی دێنێ. خەجیج خانم خوشکی گەورەی باجە زیێدێیە. کەڵەگەت و سپیلکەڵەیە. چاو وبرۆ ڕەشە و خاڵێکی شینیشی لە نێوچاوانی لە مابەینی برۆکانیدا کوتاوە. لیباسی جوانی کوردیشی لەبەردا، زۆر خوێن‌شیرنە و قسە خۆش و دەم بەپێکەنینە.
هەر کەسیش بانگ کا، بە نێو بانگیان ناکا، هەر دەڵێ:"دڵە گیان، ڕوحە گیا،! خانم گیان، گوڵی سوور، جەرگەکەم!"
منداڵەکانیشی هەموو هەر وا بانگ دەکا. زۆر لەسەرەخۆیە، دەڵێی قەت قەڵس نابێ.

دایکم شەربەتی ئاڵوباڵویان بۆ دێنێ.
دوایە خەجیج خانم دەڵێ:"ئەوەتا زیێد گیان جا بۆخۆتان قسەی خۆتان پکەن بزانن چۆن ڕێک دەکەون. ئەمن ئەوە کاری خۆم کردۆ و یەکێکم بۆ دیتوویەوە. نێویشی دە عەسڵدا ئایشێیە، لە نێو عەجەماندا خۆ هەر نابێ باسی ئایشێ بکرێ، دەبێ بۆخۆی نێوی ببینێتەوە، ئەو شتانەشم دیارە پێ کوتۆ."

ئایشێ چاوی شینە و سەری زەردە و چاوێکی خێلە، کز و باریک و دەستەیە، لیباسی کوردیشی لەبەردایە.
لە قسەکانیانڕا وا دیارە، دایک وبابی نەماوە، خوشک وبراشی نیێ. دەڵێ پێی خۆش نیێ نێوی خۆی بگۆڕێ بەڵام ئەگە عەجەمان ئایشێ نێویان خۆش ناوێ، دەڵێ پێمبڵێن "عیسمەت."

دایکم پێی دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! لە حەزرەتی ئایشێ گەورەتر و بە ئیحترامتر لە نێو موسوڵماناندا نیێ، بەڵام بە داخەوە لە نێو شیعەیدا، نێوی حەزرەتی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و ئاپشەی بێنی هەر دەڵێی نێوی بابیان دێنی.
عومەر چکۆڵە بوو گوێی دێشا، ئەو زەمانیش هەرچی بایە دەبوو هەڕات کردبایە تەورێزێ، دوکتور و شت لە سابڵاغێ نەبوو.
کابرای دوکتور لە تەورێزێ، بۆ نووسینی نوسخەی کوتی:` نێوی ئەو منداڵەی چیێ؟`
بە تورکیش قسەی دەکرد.
ئاغا سەیدیش چاک بوو تورکی دەزانی، پێی کوت:`عومەر!`
کابرای دوکتور کوتی:`ئەدی شۆرەتی چیێ؟`
ئاغا سەید کوتی:`حەسەنپور.`
دوکتورە کە بە قەڵسی سەری خۆی ڕاوەشاند و کوتی:`عومەر حەسەنپور ئۆڵماز!`
دوایەش دێینەوە و دەرمانی دوکتورە دەکڕین، لە دەواخانەی پێمان‌دەڵێن ئەو دەرمانە بۆ گوێی نابێ، گوێی کەڕ دەکا, ڕەنگە حیسانیش پکوژێ, بە دوای ئەو کارەساتەیدا،

هەر وەختێکی دەچوین بۆلای دوکتوری عەجەم، دەمانکوت نێوی عومەر و عوسمانی، حەسەن و حوسێنە!

چوو بووینە کن دوکتورێکی دی لە تەورێزی، کوتمان ئەو کورە حەسەنە، ئەوەش حوسێن.
کابرا سەری هەلێنا بوو، چاوی لە میچی دەکرد دەیکوت:"ئەلا، ماشالا، سەنەلا، دەدەسین عەلی، نەنەسین، فاتیمە، ئوشاغلار حەسەن، حوسێن، ماشالا!"
دێدەش لەبەر خۆیەوە کوتی: `گوو بە دمی بابت، هەر لەو خەیالەیدا بە، ئوشاغلار تەڕ نێویان حەسەن و حوسێنە!`

ئەوچەلەکە لە مەدرەسەش دوو سێ ساڵ لەوەو پێش، عومەر گیان لە مسابقەیەکیدا شاگرد ئەوەڵ ببوو
یەکی دیکەیان لە جێی دانا و ناردیانە ڕامسەرێ، ئەویان نەنارد.
بە دوای وەیدا ئاغا سەید کوتی فایدەی نیێ ئەوە لە نێو شار و وڵاتی عەجەمیدا ناکرێ نێوت عومەر و عوسمان بێ، خەریکە نێوەکانیان دەگۆڕێ.
ئەمە فەرق بە هیچ کامیکیان ناکەین، بۆ سونی هەموویان هەر یەکن، ئەوە شیعەش ڕۆلە ئاوا کەرە!
جا دەبێ ئەتۆش بە کەس نەلێی نێوت ئایشێیە. بە جوولەکە و هەرمەنی و بە هەرکەسی دی بلێی، کاریان پێت نەداوە، خۆ زەمانی حەزرەتی محەمەد (سەلەلاهو عەلیهی وەسەلم) هەر شیعە نەبۆ بەلام لە نێویاندا کە بژی عیلاجت هەر ئەوەیە وشیار بی، دەلێن چوویە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە گرە!"
ئایشێ دەلێ:"قەت نەم دەزانی عەجەمان ئەوەندەیان ڕق لە مەیە، نا خاترجەم بن وشیار دەبم."
خەجیج خانم دەلێ:"جا ئەگە وایە هەر دەست پێ پکەین هەمووومان هەر بانگت کەین `عیسمەت` هەتا وەختێکی دەڕۆیە تارانێ عادەتی پێ بگری!"
دایکم دەلێ:"دەبێ جەفعەری بەرینە تارانێ بۆ عەمەلیاتێکی دیکە، ڕەنگە مانگێک دوو مانگمان پێ پچێ."
خەجیج خانم دەلێ:"دە چاکە، وەلا، ئەوەش بۆخۆی زۆر چاکە هەتا برێک ڕادێ ئەنگۆ لە وێ دەبن، چونکە زێد و مەسعود خۆ قەت لە ماڵ نین!"
دایکم دەلێ:"ئامینی کچی کاکیشم هەتا دوو سێ مانگی دی بە بووک دەچێتە تاران، ئەویش هێندەتان لێ دوور نابێ، دەتوانن هاتوچۆی یەکتری پکەن."

عیسمەت قەرار وایە سبەینێ شتومەکەکەی بێنێ و بێ.

کاکم و باجە زێد هەموو ڕۆژێ یا لە ماڵە خزموکەسی بانگێشتن دەکرێن، یا دەچنە سەیران و باغ و ئەوەی، ئەوەندە لە ماڵێ نین، جاری واشە ئەمە لەگەلیان دەچین.

کاکم بەیانان دوای نان وچای هەتا نیوەڕۆیە دەچێ دەرسی ڕیازی دەلێ بەو شاگردانەی تەژدیدیان هەیە یا ڕیازێکەیان زەعیفە. بۆخۆی هەمیشە نمرەی حیساب و شتی لە مەدرەسە و دانیشگایە بیست بۆ.

بابم به کاکم دەڵێ:"ئەوانەی نیانە چاکە، پووڵیان لێ وەرمەگرە! ئەوەی هەیەتی با پووڵت بداتێ."
کاکم دەڵێ ئەو کارەی ناکا بۆ وەی پووڵی لە منداڵی سابڵاغێ وەرگرێ. دەڵێ ئەگە بۆی کرابا و پووڵی هەبایە مەدرەسەی دادەنا و معەلیمی زۆر چاکی دەهێنا بە کوڕ و کچی سابڵاغێ دەرسێ بڵێن!

###

کاکم و ماڵ و منداڵەکەی لەگەڵ عیسمەتێ دوو سێ ڕۆژە ڕۆیشتوون.
ماڵە مە دیسان چۆڵ و ناخۆش بۆ، دایکم هەر دەگری. دێدەش چۆ باجە هەتاوی بەڕێکا بۆ تەورێزێ، ئەویش لە دایکم ناڕەحەتترە. جاریواشە دوو بە دوو دەگرین و پاشان دڵخۆشی یەکتری دەدەنەوە.
دایکم دەڵی:"کچێ دێدەگیان جا ساڵێک چێ عومری دوژمنی بێ، دێتەوە، نیگەرانی ناوێ خۆ وەک مەسعودی نێ، پێموا نێ قەت بە هەوبای وەی بن بێنەوە لە سابڵاغێ ماڵی دانێن."

کاری زۆری پاییز و ماڵ حازر کردنی زستانێ سەری دایکم و دێدەی زۆر قاڵ کردۆ دەنا هەر دەگریان.
تەندوورەکەشیان بە چوار پیاوان لە جێ تەندوورەکەی ناوە، دێدە گوڵبێنە ئاخنێکی تازەشی درۆ و جاوی کڕیوە بۆ بەرگی ڕفێدەکەی.
دایکم دەڵێ:"ئەو پەلە پەل و هەلە هەلەشمان کرد لە تەندوور دروستکردنێ ماڵە سنەیەکە هەتا ساڵێکی دی هاوینێ نایەنە نێو ئەو خانۆی."
دێدە دەڵێ:"جا ئەو چاتر! ئەمە خۆ هەر دەبوو تەندووری دانێین، بۆ پیاو هەر سستەی لێ پکا؟ هەرچی کاری ئەوڕۆی دا بە سبەینێ، تڕتڕەی کەوتە ڕدێنێ!"
دایکم دەڵی:"خۆ وەڵا، بە سەرێکی چاکە خۆمان نەجاتدا لەو گێرە وکێشەی! غەمێک کەمتر. بەڵام ئەو تەندوورەش ئاوا قیت ببۆوە لە نێو ئەو مدبەقەی سەرەڕێی لێ گرت بووین، میوان و کار و ئەو هەمۆ خێزانەش لە وێ ڕاوەستێ."
دێدە دەڵێ:"وەلا، ئەوەندەی مسقاڵێکیش کەس ناڕەحەت نەبوو، بە خوڵای نە ماڵ، نە منداڵ نە میوان لە هیچیان کەم نەبوو، ئەوەندەی مەسعودیش لێرە بوو هەرچی بڵێی لێت نا و پێکت هێنا جا ئیدی لە خۆڕا خۆت ناڕەحەت مەکە!"

دایکم و دێدە لە حەسارێ دانیشتوون خەریکی گیاوگۆڵ چاک کردنێن.
یەکێک بە سەبرا لە دەرکەی لای ماڵە ئاغای بلوری دەدا.
دایکم هەڵدەستێ دەڵێ:"ئەرێ دێدە گیان! ئەتۆش دەنا گوێت لە تەقەی دەرکەی نەبوو؟"
دێدە دەڵێ:"بەرێوەڵا دەڵێی بە دزی لە دەرکەی دەدەن."
دایکم دەڵێ:"ڕەنگە منداڵ و شت بێ."
دەڕوا دەرکەی دەکاتەوە. دەگەڵ ژنێکی دێتەوە نێو حەسارەکەی.
ژنەکە دەڵێ لەگەڵ کوڕ و بووکەکەی لە مدبەقەکەی ماڵە میرزا شینەی دان، تازە هاتوونە شاری، خەڵکی بۆکانێن.
دەڵێ:"شەوکەتە خاتون کوتوویەتی ڕەنگە ئەنگۆ پاژماڵەی ڕاگرن."
دایکم دەڵێ:"وەرە دایکەکەم وەرە ژوورێ."

ژنەکە بە سەبرا سەبرا و بە کۆمە کۆمە دێتە لای  دەرکی مدبەقێ. دەست دەکا بە گیا چاکردنێ. دەڵێ نێوی بەسێیە. کڵاوێکی کۆنی تێک قوپاوی کوردی لەسەرە، بە دەسماڵ و سەردەسماڵیش داپێۆشیوە، ئانیشکی کەواکەی دڕاوە، کاڵۆشەکانیشی هەموو دڕاون.
وەختی قسە کردنێش هەر دمی دەگرێ، دەڵێ:"دمم ناشیرنە!"
دایکم دەڵی:"جا بۆ دایکەکەم ناشیرنە، خودا هەرکەسەی بە جورێکی خولقاندۆ!"
دێدە لە خات بەسێی دەپرسێ:"ئەدی کوڕ و بووکەکەت چ دەکەن؟"
خات بەسێ دەڵێ:"نۆکەری تۆیە، فەعلەیێ دەکا. بووکەکەش دیسان منداڵی لەبەر چۆ،  لە ماڵێیە. ئەوە هەشت ساڵ نۆ ساڵە بە بووک هاتۆ بە ناشکوری ناڵێم عەولادی بۆ نامێنێ. هەر عامیلە دەبێ، دوای دوو سێ مانگان، حاشا حازری، لە بەری دەچێ. هەرچی بلێی شێخ و مەلای دنیایەشمان پێ کردۆ.
مدفەڕکی سەیدی زەنبیلیش، یا خوڵا بە قوربانی بم، بۆخۆم چوومە زیارەتێ بۆ خەجیجێم هێناوە. چوزانم بە قوربانت بم، ئەمیش هەر ئەو نۆکەرەی تۆم هەیە، ئەوە وەجاغکوێریش نەبێ چاکە!"
دایکم دەڵێ:"ئەدی حەکیم و دوکتور چی؟ دیارە هەموو شتێک لە دەست خودای دایە بەڵام دوکتور و  دەرمانیش سەبەبن."
خات بەسێ دەڵێ:"جا وەلا خۆ ڕاست دەفەرمووی، بەڵام بۆ لای  دوکتوری هەر نەچووین."
دوایە دایکم پێی دەڵێ:"خاتو ئامین جاروبارە دێ، ئەویش ئەوەندەی کاری خەڵکی وە ئەستۆی خۆی گرتۆ، وەکوو جاران هەموو ڕۆژێ نایا. ماڵە سەید ڕەحیمی دایمە لە دووی دەنێرن. زۆر جاران مەحتەل ومەویدە دەمێنمەوە، زۆر چاکە ئەگە پێت خۆشە هەر لەورۆرا دەست پێ‌بکە."

خات بەسێ کاڵۆشەکانی دادەکەنێ و بە پێخواسی ڕە وڵاتی دەدا.
دایکم پێی دەڵێ ئەگە لە حەسارێ بە پێخواسی بێت و بڕوا، دەبێ لە پێش وەیدا پچێتەوە ژوورێ، لاقی پشواتەوە، چونکە هەموو وڵات بە نوێژە. خات بەسێ قوامکە گەورەکەی لاقی چەپی نەماوە. ئەمن بە دێدەی دەڵێم.
ئەویش دەڵێ:"فەقیرە داخوڵا چی بەسەر هاتۆ. وێ ناچێ سووتابێ."
خات بەسێ هەتا نوێژی شێوان لە ماڵە مەیە، هەر وا دایکم ڕێ‌وشوێنی ماڵێی پێ‌نیشان دەدا. دوایەش نان و کێشتی دەداتێ بیباتەوە.

دێدە و دایکم دەڵێن:"فەقیر و بێ‌فڕوفێڵە، عومرێکیشی ڕابواردۆ، زۆر چاکە، ئەوە خوڵا ناردوویەتی."
دێدە دەڵێ:"بەڵام وا وێ دەچێ  کاروباری ماڵێ نازانێ."
دایکم دەڵێ:"جا ئەتۆش بۆخۆت دەزانی چەندی  دیش هاتوون و فێری هەموو کارێکی بوون و دوایە لێیان‌داوە ڕۆیشتوون.  ئەتۆ هەر چاو لە ماڵە مەسعودی کە! هەموو ساڵێ دەبێ لە غەمی یەکێکی تازەدا بین بۆیان."
دێدە دەڵی:"ئاخە دەبێ حیسان قسەیەکیش بۆ خوڵای پکا،  ئەوەی چۆتە تارانێ زمانی عەجەمی نەزانیوە و ڕۆژ هەتا ئێوارێ بەتەنێ لە ماڵێ بۆ. ژنی ماڵێ بۆخۆی لە بەیانیرا هەتا ئێوارێ بڕوا، ماڵ ومنداڵی بەسەر کلفەتیدا بە جێ هێڵێ ناخۆشە.
ئەوچەل غەریبیشن و بۆ هیچ کوێ ناچن، وەکوو وەیە لە  زیندانێ دابن. هەڵدێن دێنەوە."

###

بابم سێ کەروێشکی زۆر جوانی چکۆڵەی بۆ کڕیوین.
دەڵێ منداڵەکان پێیانەوە دەخافڵێن. دایکم دەڵێ مەگە لە مدبەقی ئەودیویان بنێین دەنا خۆ لێرە جێی وامان نێ.
دایکم و دێدە گوڵبێنە تەندوورەکەی چاک دەئاخنن، تەندوورەکەش دادەپۆشن دەرکی بەینی کارخانە و مدبەقەکەش دادەخەن، دەڵێن هەتا هەوا خۆشە با لە حەسارێ بن، سارد و سەرما داهات دەچنە نێو مدبەقەکەی.
وەکوو ئەو دەمی ڕێچۆ هەڵۆکەمان لێ میوان بوو، کارمان بۆتە چوونە حەساری ئەو دیوی. ئەمە دادەنیشین چاو لە کەروێشەکان دەکەین دەموچاویان دەشۆن، یا وێنجەیەکی بابم بۆی لە بازاڕێرا ناردوونەوە دەیخۆن و کرتە کرتی لێ دێنن. جاری واشە دەنگێک، شتێک دەبێ شەق لاقیان لە عەرزی دەدەن و هەڵدێن.

دێدە دەڵێ:"هیچ شتێک وەکوو داعباودۆڵی منداڵی ناخافڵێنی، ئەوە لێیان گەڕێی شەوێش لە مدبەقێ لەگەڵ کەروێشکەکان دەنوون!"
دایکم دەڵێ:"ئەتۆ لە بیرت نێ جەمیل دوو سێ تووتکی دیت بۆوە، هێنابوویەوە ماڵێ بە قوربان و سەدەقەمان دەبوو هەتا لێی وە دەر نەنێین؟"
دێدە دەڵێ:"وام لە بیرە دەڵێی هەر دوێنێ بوو. ئەمن بۆخۆم چووم لە مەلا حوسێنی مەژدیم پرسی:` ئەمە هەموو نوێژکەرین، ئەو منداڵەش ئەو سەگانەی هێناوە، تەژبیهات نەبێ لە دایکوبابی خۆشتر دەوێن، دڵیشیان نایا بێدڵی پکەن، چارە چیێ؟`
مەلا حوسێن کوتی:`خات گوڵی، ئەوە هەر ئەو کورەیە کە لە پەنجەرەیرا کەوتە خوارێ؟`
کوتم:`بەڵێ!`
کوتی:`ئەمنیش بام بێدڵیم نەدەکرد. شەرع دەفەرمێ منداڵ گڵاو نابێ. بەڵام دەبێ لە ژوور وبان و ئەوەی دوور کرێنەوە، بۆ حیسانی عازەب و نوێژکەریش سەگ گڵاوە.`"
دایکم دەڵێ:"بە شەرع هەر سەگ و بەراز جێ دەمیان گڵاوە. ئەویش بۆ؟ چونکە نەخۆشی زۆر خەراپ تووشی پیاوی دەکەن. سەگ و بەراز ئەگە دمیان لە شتێکی نا، خواردەمەنی بێ دەبێ فڕێی دەی، ئەگە لیباس و شتی دیکە بێ، جوان بیشۆی و بە گڵە سووریش گڵاوی کەی."
دێدە دەڵێ:"حەوت جاران!"

دایکم بە دێدەی دەڵێ:"دێدە گیان! ئەمن دوای وەی نانوچای نیوەڕۆیەمان خوارد دەچمە ماڵە کاکە بابەشێخ لەبەر ئەو قەزییەی ئامینێ، منداڵەکان هیچیان نابەم بۆتۆیان بە جێ دێڵم، ئەوەندەم پێ ناچێ."
دێدە دەڵێ:"سەیدزادە ئامین فەقیرە دەڵێ مەرگی خۆی زۆرتر پێخۆشە لەو مێرد کردنەی، دیارە ئەمن ئەگە قسەیەکی پکەم بۆیە دەیکەم چونکە زۆر جانمی سەیدزادە ئامینم دەوێ. بۆخۆی پێی عەیبە قسەی لێ پکا، ئەتۆ بۆ بە بابی ناڵێی بەڵکوو لێی گەڕێن."
دایکم دەڵێ:"بە خودای دێدە گیان، بە هەردووک برام کوتۆ، فایدەی نێ."

دایکم دەڕواتە ماڵە خاڵم و هێندەی پێ ناچێ دێتەوە.
دێدە لێی دەپرسێ:"شێری یا ڕێوی؟"

دایکم دەڵێ:"جا کوا شێر و ڕێوی لە شتی وا دا دەبێ؟ ئامینەم هەر نەدیت، مرێم لە جیاتیان بە گریان هاتە دەرێ.
کوتی:`پووری گیان ئەتۆ و بابم خۆ مەنزورتان باجە ئامین نێ. دەتەوێ چی پێ بڵێی؟ ئەوە هاتو خۆی کوشت ئەتۆ و بابم دەڵێن چێ؟`
کاکم فەرمووی:`هەر لەیەک ڕۆژیدا هەردووکیان جێبەجێ کەن، هەر ئەوانەی ئامینەی دەبەنە ماڵە کاک محێدینی، هەر ئەوانیش سارای لەگەڵ خۆیان بێنن بۆ محەمەدی.`
خۆ شایی و شتیش ناکەن، هەر بە بێدەنگی دەیانگوێزنەوە. نەیانکردۆ بە باجیم بڵێن. هەرچی بێ خوشکە لە دڵی گران دێ."
دێدە دەڵێ:"نا! خۆ دەزانم شاییە ناکەن. لە دڵ خۆمدا دەمکوت بەڵکی خولا لە دڵی سەید بابەدینی نێ ڕوحی ئەو کچە فەقیرەی ئازاد کا."
دایکم دەڵی:"کوا بە ناشکوری ناڵێم، قەراریان پریوەتەوە بۆ دوو حەفتەی دی ڕۆژی پێنجشەمۆیە. ئێواری بووکەکان دەگوێزرێنەوە، جومعەی عەبدولڕەحمان لێرە دەبێ، شەمۆیە ئامین و عەبدولڕەحمان دەڕۆن بۆ تاران!"

###

ئەوڕۆ ئێواری لە مەدرەسەی دێمەوە، خاتبەسێ دەرکەم لێدەکاتەوە.
دەڵێ دایکم چۆ بۆ سەرشایی خاڵۆزاکانم.
دەلێم:"دەزانم، ئەدی کێ ئاگای لە مەدەبێ؟"
هەر واکە لە پێشخانە چکۆڵەکەی بەردەرکی کوچەی ڕاوەستاوم، گوێم لە باجە هاجەرێ دەبێ بانگم دەکا. باجە هاجەر منداڵە چکۆڵەکەشی هێناوە.
دەچمە ژوورێ، دەڵێ:"چونکە دێدە حەمامی هەیە و خاڵۆژنیشم ماشەڵا دوو بووکی بە دەستەوە، هەتا دێتەوە، ئەمن ئەوە لێرە دەبم."

باجە هاجەر زۆر وردیلەوباریک و شۆخ و تەڕقۆزە. کەوشەکانی ئەوەندە جوانن، لە میوانی و شایی و ئەوەیدا لە نێو هەزار کەوشی جووتکراو دا دیارن، ئەوەندەش چکۆڵەن، بە پێی کەسی دیکەوە ناچن.

دێدە دەگێڕێتەوە: ڕەحمانە گێلێک دەبێ، پرێک عەقڵی سووک دەبێ، هاتوچۆی ماڵان دەکا و خەڵک، پووڵ ولیباس و نان و پێخۆری دەدەنێ.
ڕۆژێکی لە ماڵە مامم هەموو خەریکی نانوکولێرە و شتی دەبن لە مدبەقەکەی، نازانن ڕەحمانە گێل هاتۆ چۆتە پێشخانەکەی دانیشتۆ ملی لە کەوشی تازە و سوور و بریقەداری باجە هاجەرێ ناوە و هەموو سوورایەکەی خواردۆ!
ژنەکانیش دەڵێن:"وەڵاهی، ڕەحمان دەمری، ئەتۆ چۆن جا کەوشی دەخۆی؟"
ڕەحمانە گێلیش دەڵێ:"جا بۆ دەمرم وەڵاهی ئەو کیرەم بۆتدەمرێ!"
لەو دەمیرا باجە هاجەر ترساوە کەوشەکانی لە گۆرێ دانانێ، دایاندەکەنێ، بەڵام دەیانباتە ژوورێ لە پەنای خۆی دایاندەنێ.

###

دایکم و دێدە ذەچنە ماڵە خاڵە مەلای بۆ خوداحافیزێ لە باجە ئامینێ.
ئەمەش لەگەل خۆیان دەبەن.

لای ئێوارێ بە گەڕەکی جوولەکاندا وە ڕێ دەکەوین.

دایکم هەمیشە ماوەی بەینی کوچەی جوولەکان و سەری کوچەی مزگەوتی سوور، بە پەلە پەل دەڕوا. هەر دەڵێی ڕەپێی دەنێن!
دەڵێ:"با خۆش تێپەڕین هەمووی دوکان‌وبازاڕە، عەیبە!"
لە کوچەکەی پڕێک دەچینە خوارێ، لە لای دەستی چەپەوە لە قەراغ دیواری، پیاوێکی نە زۆر کەڵەگەت و نە زۆر کورت بە پێخواسی بە لیباسی دڕاو و شڕەوە دانیشتۆ. سەگێکی سپی گەورەشی لە پەنایە. چەند قوتووی مقەبای لە دەوروبەری خۆی وەک دیوارێکی کورت هەڵچنیوە.
دەستی بەسەر سەگەکەیدا دێنێ و دەڵێ:"ئەتۆ بۆ بابی خۆت بە جێ دێڵی؟ بۆ کوێ دەچی؟ لێرە دانیشە، بابی خۆت نانت دەداتێ، ئاوت دەداتێ، خۆشی دەوێی! بۆ دەڕۆیە ئەو لا و ئەو لای خەڵک بەردت پێ دادەدەن؟ بریندارت دەکەن، بە قوربانت بم، مەڕۆ هەر لێرە دانیشە لەگەڵ بابی خۆت!"
دوایە سەری سەگەکەی ماچ دەکا و سەری هەڵدێنێ چاوی بە من دەکەوێ. چاوەکانی کاڵە، مووی سەری لیسپ لیسپە و دیارە لە مێژە نەشۆراوە، دایکم و دێدە نازانن بە دوویانەوە نیم.
دەنگی دێدەم گوێ لێ دەبێ:"کوێشتیر، وەرە ڕۆڵە، ئەیەڕۆ ئەوە چ دەکەی؟!"
هەڵدێم خۆم دەگەیێنمەوە دێدە و دایکم و جەفعەر و فازلی.
دێدە دەڵێ:"دەزانم تێر تەماشا کردنی خەڵکی نابی! ڕۆڵە، ئەوە خەیامە، خەیامە شێتی پێ دەڵێن. بەڵام زۆر عاقڵترە لە زۆر کەسی کە خۆیان پێ عاقڵە."
دایکم دەڵێ:"هەزار شیعری لە بەرە، هەمیشە لەبەر خۆیەوە شیعران دەڵێ یا لەگەڵ سەگەکەی قسان دەکا، کاری بە کەس نێ، بە لاشێوە پچی سەری هەڵناهێنێ، قسە لەگەڵ کەس ناکا."
دێدەش دەڵێ:"لە پەنا ئەو دیوارەشە، ئەو میهمانخانە و شتەی ئەو دەور وبەرەی هەموو کێشتی دەدەنێ، خوڵا سابڵاغیش هەر ئاوەدان کا. خەڵکیش لە هەموو لایەکێوە، شتی بۆ دێنن، هەر فڕێی دەدا و بە پێخواسی ڕە وڵاتی دەدا."

دەگەینە ماڵە خاڵە مەلای. خاڵۆژنم هەموومان دەباتە سەرێ، لە ژووری میوانان دادەنیشین.
دەڵێ:"ئەو دوو سێ ڕۆژەی سەید عەبدولڕەحمان و سەیزادە ئامین لێرەن بە حەسیمیم کوتۆ پچێتە ژوورەکەی سارای لە خوارێ، باڵەخانەکەش با ئەوانی لێ بن هەتا دەڕۆن. هەر وا جوانە توخولا میرزاباجی گیان؟ دێدە گیان؟"
ئەوانیش دەڵێن:"ئەرێوەلا، زۆر کارێکی چاکت کردۆ ئەوان ئەوە سبەینێ دەڕۆن، حەسیمیش دەکرێ پچێتەوە نێو ژوور وبانی خۆی."
خاڵۆژنم دەڵێ:"جێی سارای زۆر دیارە، زۆرم غەمە، هەموو کەس پێی‌وایە ئەمن زڕدایکم و ڕوحمم نێ."

لێرەدا چاوەکانی بە دەسرەیەکی سپی و گوڵدۆزی کراو دەستڕێتەوە دەڵێ:"بە خولای وانێ ئەو ماڵە بەبێ سارای هەر ماڵی جاران نێ."
باجە ئامین پاش ماوەیەکی دێتە ژوورێ، هەموو ماچی دەکەن، ئەویش ئەمن و جەفعەر و فازلی ماچ دەکا و لە کن دەرکەی دادەنیشێ. هەر وەک خۆی جوانە بەڵام زەرد هەڵگەڕاوە. پێکەنینە جوانەکەشی لەمێژە کەس نەی دیتۆ. هێندەی پێ ناچی، دەڵێ نەفیسە گیان وەرە پرێکم ئاو بە دەست داکە، بە وانی دیش دەڵێ هێندەمان پێناچێ.

ئەمە دەچینە حەسارێ لەسەر ئاوەڕۆکەی نیزیک حەوزێ، ئاوی لە ئافتاوەیەکی دەکا و دەڵی:"کەسم وەگیر نەکەوتۆ چۆرە ئاوێکم بە دەستیدا کا بۆیە بە تۆ دەڵێم."
لێی دەپرسم:"بۆ ئەو مەلافەیە هەموو خوێناوێ؟"
باجە ئامین دەڵێ:"ئەوە ئیشەڵا گەورە بووی دەزانی، هەر ئەوەندەت پێدەڵێم، جوابی کەس مەدەوە، مەهێڵە بە زۆری ئاوات لێ بە سەرێنن، وەکوو منت لێ پکەن، بۆ هەڵنەهاتم؟ لە وەی دەترسام هەر ئاپروی خۆمی پێ چووبا. دەبایە خۆم کوشت بایە، دەرمانی مشکان زۆر هاسان وەگیر دەکەوت، بۆ نەمخوارد؟"
دوایەش هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"دەی بەڵکوو ئەو کابرایە بمرێ لە کۆڵم بێتەوە، هەر کۆخە کۆخیشێتی!"
ئەمنیش دەڵێم:"خۆ کوشتن کارێکی چاک نێ بەڵام هەڵاتن، بۆ هەڵنەهاتی؟ ئەگە ئەمن لە جیاتی تۆ یا باجە مرێمی مامم بام، هەڵدەهاتم بۆ جێیەکی زۆر دوور هەتا قەت قەت نەیاندیت بامەوە."
باجە ئامین دەڵێ:"ئیشەڵا، بەختی تۆ لە ئی مە چاکتر دەبێ، ئەمە تازە بەدبەخت بووین، ئەو هەمۆ ئومێد و ئارەزووی بوومان هەمووی بوو بەوە هیچ!"
دەچینەوە سەرێ. خاڵۆژنم میوە و غورابی دوکانی خومایزی داناوە، چاشی ساز کردۆ. باجە ئامین دەچێ چای بۆ هەمووان تێ دەکا.
دێدە دەڵێ:"بەداخەوە سەیدزادە ئامین لێرە نابێ دەنا خۆ کابان و کارجوانی وەک خۆی هەر نێ، چەندە ئازا و توندوتۆڵە، چەندە قسە خۆش و لە سەرەخۆ و لەبەردڵانە."
خاڵۆژنم دەڵێ:"بەڵێ ئەرێوەڵا تەعریفی کارجوانی سەیزادە ئامینێم بیستۆ، دە سەد بریا بە بریای خودای لێرە نەبزووتبایەن. خۆ ئەوەتا وەڵاهی ماڵێکی گەورە و زۆر و زەوەند. جێی وانیش دەبێ و جێی مەش دەبێ!"
هەڵدەستین بڕۆینەوە ماڵێ دایکم بە خاڵۆژنم دەڵێ:"سبەینێ بۆخۆم تاوێکی هەر دێم هەتا بەڕێیان دەکەین."

ئەمە لە باجە ئامینێ خوداحافیزێ دەکەین، باجە ئامین دەگری. دیارە دڵی زۆر لە دایکم ئێشاوە و بە سارد وسڕی لەگەڵی دەبزوێتەوە.
خاڵۆژنم دەزانێ باجە ئامین نە پێیخۆشە پچێتە تارانێ، نە پێی خۆشە لەگەڵ ئەو مێردەی بێ، بە سرتە بە دایکم و دێدەی دەڵێ:"بە خولای زۆرم دڵخۆشی داوەتەوە، دیارە سەید عەبدولڕەحمانیش نێوانی عەرز وعاسمانانی جانم دەگرێ و خۆشی دەوێ و دەڵێی خولا خەنی کردۆ سەیزادە ئامینیان داوەتێ.
بە خولای سەیزادە ئامینیش دووربێ دەڵێی دارت لە سەری داوە لە کڕ وکاسەوە چۆ. هەر دەڵێی لەسەر ئەو دنیایەش نێ.
جا دە گەڵ کاری خولاش چ دەکرێ؟! ئەوەنێ بڵێێ هەرچی مێردی دەکا بە دڵێ خۆی دەیکا، توخولا میرزاباجی گیان حەو جار سڵاو؟ دێدە گیان حەو جار سڵاو؟"

دایکم دەڵێ:"سەرچاوم براژن گیان!"
ذێدە دەڵێ:"سەرچاوم سوعدا خانم گیان! جا تازە چ دەکرێ؟ تازە هەزار هاوار بە پووڵێکێ، ناوەڵا لە هەزاری یەکێك بە دڵی خۆی مێردی ناکا!"

###

ئەورۆ لە ماڵە مە بێنە وبەرەیە، دایکم زۆر کەیفی سازە.
بۆ وەی ماڵە خاڵە فەخرەدینم لە خانێرا بەیەکجاری هاتوونە سابڵاغێ.
بابم دیارە لەگەڵ خاڵە مەلای هیچ نێوانی نێ، لەگەڵ خاڵە بابەدینی پرێک باشترە.
بەڵام وا دیارە لەگەڵ خاڵە فەخرەدینی زۆر نێوانی خۆشە و قەرارە هەموو بۆ نەهارێ بێنە ماڵە مە.
بابم حەول دەدا لە شەهرەداری کارێکی بۆ خاڵم ببینێتەوە. دایکم پێیی کوتووین زۆرتری خەرجی ماڵە خاڵم، خاڵۆژنم دەیکا چونکە زۆر خەیاتێکی چاکە و لیباسی پیاو وژنیش دەدرووێ. پووڵێکی چاکیشی وەگیر دەکەوێ. لە خانێش مشتەری عەجەمی زۆر بۆ، تورکی و فارسێکی چاکیش دەزانێ.

کە دەگەنە جێ، دیارە هەموو دێن لە ژووری بەردەستان دادەنیشین و هەتا وەختی نانوچا خواردنێ دێ.
دایکم دەڵێ:"پیاوەکان با پچنە سەرێ. نەهاریان بۆ دەنێرم. ئەمەش بە ئاسودەیی نانوچای خۆمان لێرە دەخۆین!"

دێدە و باجە زاراش لێرەن کۆمەگی دایکم دەکەن.

ئەمە هەموو خزموکەسی یەکترین بەڵام چونکە قەت یەکترمان نەدیوە زۆر نامۆیە دەکەین.
قسە و باسێکیش کە دەکرێ زۆرتر باسی خانێ و فەرقەکانی لەگەڵ سابڵاغێیە.

دوای نانوچای کاکە جەمیل و کاکە جەماڵ دەچنە دەرێ.

بابم دەچێتەوە بازاڕی. خاڵم دێتە خوارێ لەگەڵ مە دادەنیشێ و قسەوباسی خۆیانمان بۆ دەگیرێتەوە. خاڵە فەخرەدینیش وەک خاڵەبابەدینی قسە خۆشە.
بۆمان دەگێرێتەوە و دەڵێ:"ڕۆژێکیان لە خانێ هەر ئەو کوتی هونەرمەند هاتوون پچین بیان بینین، ئەوی دیکە کوتی: `چووی هونەرمەندەکان ببینی؟`
ئەمنیش فاتە گیان! چووم بزانم چ باسە. دیتم ئەوە چەند پیاو وژنی خوێری هەڵدەبەزن ودادەبەزن، سەر وقوونی خۆیان لێ ڕووت کردۆ. کوتم ئەوە بۆیە بە وانە دەڵێن هونەرمەند. ئەشەدوبیلا، ئەوە هونەرە ئاوا لە نێو ئەو عالەمەیدا قوونت ڕووت کەی و هەڵپەڕی و داپەڕی. چما ئەو دنیایەم بە خڕی بدەنێ، کاری وا دەکەم؟"
هەمووومان پێدەکەنین.

###

وردە وردە گەڵای داران خەریکە زەرد دەبن، باوبژ دەستی پێ کردۆ و وەختی گێوژ و بێ خواردنێ هاتۆ، پاییزە.
دایکم دەڵێ:"بای ئەو شارەی پیاوی دەکوژێ، ژنی هەڵدەگرێ ئەوەی قەباحەتە دەیکا!"
هەر ئەوەندە پاییز هات کەیفی تێک دەچێ هەتا بەهارێ. کەس ئەوەندەی دایکم بە زستان و سەرمایە قەڵس نێ.
هەوا کە خۆش دەبێ و تاو هەڵدێ دەڵێ:"هەی خودا بە قوربانی ئەو تاوە جوانەم کا!"
هەموو کار و بارەکانیشی دەبا لەبەر تاوێ دەیکا. سەریشی دوای شوشتنێ لەبەر تاوێ ئیشک دەکاتەوە و دایدێنێ.
دێدە هەمیشە دەڵێ:"ئەرێ ژنەکێ ئەوە چۆن لەبەر ئەو تاوە سوورەی قڕەت نایا؟"

ئەورۆش وەکوو هەموو ئێوارێیەکی، بابم خەریکی دەرس و دەوری مەیە، دایکم نانوکێشتی ساز دەکا. کاکە جەمیلیش قیرە قیری وە ڕادیۆکەی ختسۆ بۆ خەبەران. خەبەر زۆرتر باسی شەڕی میسرێیە لەگەڵ جوولەکان.
دایکم هەمیشە دوای نوێژێ لەسەر بەرماڵەکەی دۆعایە دەکا:"خودا جەماڵ عەبدولناسری لە پەنای خۆی گرێ! `مەسجدول ئەقسا`ی لە دەست جوولەکان دەرهێنێ، ڕوحمێکیش بە ئاوارەکانی فەلستینێ پکا."
هەمیشەش دەڵێ:"خودا چاکە بۆ مۆشەدایانی نەکا!"

بابم لەسەر نانوچای بە دایکم دەڵێ:"ماڵە داودبەگی سبەینێ، ئیشەڵا، بە سڵامەتی دەگەنە جێ. ئەورۆ هەر دە هاتوچۆدا بووم بزانم مرێم چی لازمە چیان کەمە، بۆیان بنێرمەوە."
دایکم دەڵێ:"ئەمنیش پێم کوتۆ ڕۆڵە گیان! هەرچی دەتەوێ، ئێرەش هەر ماڵە جەنابی شێخێ بنێرە بیبە، بۆخۆشم و سەیزادە خەجیج و دێدەش خۆ هەتا سەروبەری هەموو شتێکی نەگرین، سەیزادە مرێمێ بەجێ ناهێڵین."
کاکە جەمیل زۆری پێخۆشە داودبەگ دێ لە بابم دەپرسێ:"کەنگێ دەگەنە جێ؟ پێمخۆشە پچمە ماڵە جەنابی شێخی!"
بابم دەڵێ:"عالەمێکی زۆر قەرارە بە بەرەوپیریانەوە پچین، ئەوەی دێش هەموو لە ماڵە جەنابی شێخی کۆ دەبنەوە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە چاکە وەڵا زۆرم پێخۆشە، دەبێ زۆر قەدریان بگرین."
دایکم دەڵێ:"ئەدی چۆن ڕۆڵە، بە قوربان! خانەدانی وا بێ خۆ هەر لە ماڵە جەنابی شێخی میوان نین، لە شارەکەی میوانن. ئەوانە خۆ هەر کەسێک نین. ڕووی زەمانەی ڕەش بێ دەنا خانەدانی وا بۆ دەبێ لێی پقەومێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بۆ وەی کوردن! دەنا قودرەت و سەروەت و مەقامێکی ئەوانە هەیانە کوا کێ هەیەتی، هەشتا پارچە مڵکیان زۆرتر هەیە. ئەریستۆکراتی کوردانن، ئەوەتا لە دەست حکومەتی عیراقێ دەبێ پەنای بۆ ئێرانی بێنن."

دایکم دەڵێ:"جا دەڵێی چی بابەکەم؟ بە ناشکوری ناڵێم بەشی کوردی هەر ئەوەیە، خودا بۆخۆی ڕووناکایێکمان بۆ پکا، دەنا بۆ سەگی ئێرانێ چاکترە لە سەگی عێراقێ؟ هەردووکیان هەر یەکن."

بابم دەڵێ:"ئەتۆ چۆن شتی وا دەڵێی؟ سەگی ئەو شایەی لە عەبدولکەریم قاسمی چاکترە.`ئەودیو زۆر نائەمنە هەموو ڕۆژێ کۆدەتایە و کوشتوبڕە."

دایکم دەڵێ:"ئەو شایەش بێتە لانێکی لە عەبدولکەریم قاسمی خەراپترە، کێ پێشەوای لە دارێ دا؟ دەڵێن نە بووک بێ نە بەربووک لە عنەت بێ لە هەردووک! یەک لە یەکێ خەراپترن!"

بابم دەڵێ:"ئا! ئەوە وایە بەڵام ئەمن دەڵێم شا چاکترە لە عەبدولکەریم قاسمی!"

لەو قسانە دان لە دەرکەی دەدەن، کاکە مەزهەر دەچێ دەیکاتەوە، دێدەیە!

ئەمن لە خۆشیان هەڵدێم دەستی دەگرم و خۆی پێ هەڵداوەسم، دێینە ژوورێ.

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەرێ دێدە! بزانم ئەتۆ نێوانت چۆنە لەگەڵ ئەو بەزم ورەزمەی؟ دایکم دەڵێ هەمووتان سبەینێ لە ماڵە جەنابی شێخی خەریکی نانوکێشت لێنانێ دەبن."

دێدە دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان! نێوانم چۆن بێ!؟ ئەوە وەکوو ماڵە شات بێتە ماڵێ وایە. خەڵک هەر نێو و نێوبانگی بیستوون خۆ قەت ئەمە نەمان دیتوون، میوانی وا دەبێ شانازی پێوە پکەی، خانەدانن، گەورەن، بەگزادەن، ئەورۆژ لێیان قەوماوە و قەدەمیان لەسەر چاومانە. ئەوە نەمردم و چاوم بە `بەگزادەی جاف` دەکەوێ.

ڕۆڵە گیان! لە کوردیدا هەر کەسێکی ماقووڵ بێ دەڵێن `دەڵێی بەگزادەی جافە.`"

دواى نانیش دێدە و دایکم هەر باسی تەدارەک و مەبارەکی سبەینێ دەکەن. کێهە خۆرشتی لە کێهە قابی دەکەن؟ ژنەکان لە کێهە ژووری دەبن و کێ بۆ بەردەستی وان دادەنێن؟

###

بەیانی، کاکە جەمیل قسەی خۆی دەباتە سەرێ و ناچێتەوە مەدرەسەی.

لەگەڵ بابم دەچنە ماڵە جەنابی شێخی. کاکە جەمیل عاشقە خەبەرە، نەخوازە شتێکی بە جوریکی بگەڕێتەوە سەر کوردان وەک هاتنی ئەو میوانانە لە عێراقێرا بۆ ئێرانێ.

ئەوەندەی ماڵە داودبەگی لە سابڵاغێن بابم شەو ورۆژ لە هاتوچۆی ماڵە جەنابی شێخی دا. شەوانەش هەتا درەنگانێکی نایەتەوە. دایکیشم هەر وا لەگەڵ ژنەکان خەریکە.

کاکە جەمیل لەگەڵ کورەکانیان، کاک دارا و کاک سەردار و کاک سالار و کاک سەربەستی بۆتە ڕەفیق.

کورەکان میوانەکانیان بۆ چەند جێ سەیرانی سابڵاغێ دەبەن.

دایکیشم لەگەڵ ڕەعنا خانی بۆتە دەستە خوشک.

بابم کاری بۆتە تەعریف لە داودبەگی.

هەر دەڵێ:"حیسانێکی ئاوا بە دەسەڵات، مەقامی لەو دنیایەیدا ئاوا موهیم، نێو و نێوبانگی باب و باپیری لە نێو هەموو کوردستانێدا دەنگی داوەتەوە، بۆخۆشی هەتا بڵێی بێتەکەبور و قسەخۆش و زانایە و دەڵێی سەدساڵە لەگەڵی هەستاوی ودانیشتووی."

دایکیشم دەڵێ:"ئەوە عەینی نەجابەت و ئەساڵەتە، ئەوانە چ ئیحتیاجیان بە تەکەبورە، هەموو کەس دەزانێ کێن، دەشڵێن `دار هەتا بەری زۆرتر بێ سەری شۆرترە`."

ئەو ڕۆژەی بۆ نەهارێ دێنە ماڵە مە، ڕەعنا خان، لیباسەکانی ئەوەندە جوانە، ئەوەندە پوولەکەی پێوە دروواوە، وەختێکی لەسەر پاڵەوپشتەکەی هەڵدەستێ مستێک پوولەکەی ڕەنگاوڕەنگ خڕ دەکەمەوە، ئەمن هەتا ئێستا هەر پوولەکەی خڕم دیتۆ، ئەوانە وەکوو مانگی یەک شەوە دەچن.
بە هەر کەسیان نیشان دەدەم زۆریان پێ جوانە و دەڵێن قەتیان شتی وا نەدیتۆ.

باجە زاراش هەر دێ و دەچێ و دەڵێ:"ئەیەڕۆ کچێ سەیدی چا بوو نەمردم و چاوم بە بەگزادان کەوت.
چەندەیان خشڵ و لیباسی جوان هەیە، هەر ڕۆژێ شتێکی لەبەردەکەن. کوڕەکانیان چەندە ماقووڵ و جوان چاکن و داخولا کێیان بە نسیب بێ؟ کوری وا دەبێ کچی کێ بێنێ؟"
دایکم دەڵێ:"زارا گیان! زۆرتر هەر لە نێو کەسوکاری خۆیان ژن بۆ کوڕیان دەخوازن و کچ بە مێرد دەدەن، بە غەیرەی نادەن."
دواى ماوەیەکی کورت لە سابڵاغێ، ماڵە داودبەگی دەچن لە تارانێ دەژین.

###

ئەورۆ دێدە بەدایکم دەڵێ:"لە ماڵە میرزا محەمەدی شەڵماشی خەبەروباسی خات ئایشێی نانکەرم پرسیوە لە قسان نانکەرێکی دیکەیان هێناوە. دەڵێم بۆخۆم پچم بزانم چباسە."
دوایەش بانگی من دەکا و دەڵێ:"کوێشتیر! وەرە باپڕۆین خۆ مەدرەسەت نێ ئەورۆ جومعەیە."
خات ئایشێ لە نێو جێگایدا کەوتۆ.
بووکە گەورەکەی لە ماڵێیە پێمان دەڵێ:"بە خولای، دایکم حەمەلیاتکراوە، هەر بە هەویای نەبووینە، بۆوەی نابێ نانی پکاتن هەتا چاک چاک دەبیتەوە، سێعەبەکەی منیش دەڵێ:دایکم هەرنابێ نانی ماڵان پکاتن. جا بە خولای بڵێم چی؟ وەرنە ژوورێ بابم وەرن چاوێکیشوو پێدەکەوێ."
ئەمنو دێدە دەچینە ژوورێ، دێدە بە ئەسپایی بە لای خاتو ئایشێیەوە دەچێ.
ئەویش زۆر کزوزەردە و بە حاڵە حاڵ دەنگی دێتە دەرێ، دەڵێ:"سپڵیان دەرهێناوم، خۆزگە سەیزادە دۆعایەکی بۆ ناردبام، مدفەڕکێکی دابامێ، لەوەتا نانی ماڵە ئاغا سەیدیمان کردۆ هەر دەجێی دامە."
بووکەکە چامان دەداتێ دەیخۆینەوە و دەڕۆین.
لە ڕێیە دێدە دەڵێ:"دەبێ لە ژنەکەی حەمەدەمینی بپرسم بزانم ئەو نانکەرە تازەیان چاکە؟ چۆنە؟ ئەگە پێیان باشبێ و نانی جوانبێ بانانی هەموان هەر ئەو بیکا."

گەیشتووینەوە ماڵێ.
ذیدە بە دایکم دەڵێ:"خاتوئایشێ مەلای بە پێخواسی ناگاتێ."
دایکم بە ناڕەحەتێوە دەڵێ:"ئەیەڕۆ، خولا نەکا، فەقیرە!"

دێده دەڵێ:"جا وەڵا خوڵا خوڵا پکا یا خوڵا نەکا، زۆر نەخۆشە. بووکەکەشی دەڵێ خات ئایشێ چاکیش بێتەوە، کورەکەی ناهێڵێ چیدی نانی ماڵان پکا، لە تاقەت کەوتۆ."
دایکم دەلێ:"باڕەقەڵا کورا ئەوەم پێ خۆشە وەڵا، فەقیرە خاتو ئایشێ تەواوی عومری زەحمەتی کێشاوە، خۆی لە بەر تەندوور و ئاوری ئەو ماڵ و ئەو ماڵی هەڵقرچاندۆ، ئێستاش با دوو بووک و کورەکانی کارێ پکەن و خزمەتی وی پکەن."
دێده بە دەنگێکی سەبر دەڵێ:"ئەیەڕۆ نەوەکوو بمرێ مشکڵۆزمەشی ببم، هەتا لە بیرم نەچۆ، داوای دۆعا و مدفەڕکی تۆشی دەکرد."
دایکم دەڵێ:"جا بەسەر چاوم! بە کاکە محێدینی دەڵێم دۆعای بۆ بنووسێ مدفەڕکیش شتێکی بۆ دەبەم، کوتە لیباسێک، شتێک. دەچم سەری دەدەم."
دێدە لەبەرخۆیەوە دەڵێ:"ئەوەتا دەمزانی! ئێستا لەوانەیە ئەو ماڵەی بۆ تێکنێ ببیا بە مدفەڕک بیداتێ، ئەمنیش ئەوەتا لە کنەخۆ کاری چاکم کرد پێم کوت!"
دایکم دەڵێ":دێدە گیان! هەر پێکەوە دەچین ئیشەڵا، دەبێ هەرچی زووتر خەبەرێ لە کاکم بنێرم بۆ دۆعاکەی، بزانم جەمیل گیان پچێ لە دوکانێ پێی بڵێ، سبەی و دووی حاسیم بۆم دێنێ، مەحتەلی ناکەین دەچین."
دێده دەڵێ:"هەر مەیخە ڕۆژی حەمامێ ڕۆژی دی قەیدێ ناکا."
دایکم دەڵێ:"کچێ نا!نا! ئیشەڵا پێش ڕۆژی حەمامێ دەچین، ئەو جورەی ئەتۆ دەڵێی کوا دەگاتە ڕۆژی حەمامێ؟ ئەورۆ جومعەیە، ئیشەڵا ڕۆژی دوشەمۆیە دەچین بۆی دەبەین."
دێده دەڵێ:"زۆر چاکە خێری تێدا بێ!"
دوایەش بە سەبرا دەڵێ:"سەرێ دەڵێ زمانێ هەتا ئەتۆم جیرانێ خۆشیم نایا لە گیانێ!
ئەوە دەچمە ماڵە حەمەدەمینی بزانم کێ نانی وان دەکا بێ بۆ مەش پکا. ئەگە نانکەرەکەیان پێ چاک بوو بڵێم کەنگێ بێ؟"
دایکم دەڵێ:"چوارشەمۆت پێ چۆنە؟"
دێده دەڵێ:"زۆر باشە ئەگە وایە ئەمن و کوێشتیر ئەوە دەڕۆین."

لە ماڵە مامم ئامۆژنم خەریکی کێشت لێنانێیە، باجە ئامین ژووری بەردەستان گەسگ لێ دەدا. وەنەوشە لە مدبەقێ قابان دەشوا. منداڵەکانی دیش لە حەسارێ قوماران دەکەن.
ئامۆژنم دەڵێ:"وەڵاهی، دێده گیان! نانەکەی زۆر جوانە خوڵا هەڵناگرێ، هەتا بڵێی فەقیرە، بێدەنگە، دایکی پێنج سەغیرانە، تازە مێردی نەخۆش بۆ مردۆ عیشای خودایان دە ژوورێدا نێ. ئەوەی خەڵک نەیانداتێ نیانە. ئەوەتا هەر لە پشت ماڵە مە، لە نێو کاروانسەکەی دان. دەڵێێ یەکێکت لە منداڵەکان لەگەڵ بنێرم پێت نیشاندا."
دێده دەڵێ:"دە کاروانسەرای سیمۆنی دان؟ دە زۆر چاکە با پچین."
ئامۆژنم دەڵێ:"دە کچێ، دانیشە ماڵتە، با چایەکی پخۆین. دووقسانیش دەکەین."
دێده دەڵێ:"ناوەڵا، ئاوەدان بێ دەبێ پڕۆم! نانمان با لێ نەپڕێ بۆخۆت دەزانی کەس نانی نانەواخانەی پێ ناخورێ، ئەویش ماڵی خێزاندار."
ئامۆژنم دەڵێ:"نانی بە تیرۆکی ناکا بەڵام هەتا بڵێی جوان و ناسکە و قەراغیشی ئەستوور نێ. هەر بە تەنێشە بۆیە درەنگ خەلاس دەبێ، دەزانم براژنم فێری خات ئایشێیە، ئەوانیش دوو کەسن دوای بانگی نیوەڕۆیە لە نانی دەبنەوە."
دێده دەڵێ:"جا دەڵێی چی؟ درەنگ و زوو خەلاس بوونی قەیدێ ناکا ئەگە ئەمین و ئارام بێ و نانی جوان بێ."

ئەمە لە دەرکەی ماڵە مامم دەچینە دەرێ. ئامۆژنم عەزیزمان لەگەڵ دەنێرێ. کاروانسەراکە ڕاست لە پشتەوەی ماڵە ماممە.
لە کۆڵانەکەی ماڵە مامم تێوەر دەگەڕێین و دەڵێم:"دێدە، دێدە! ئەوەتا مەدرەسەکەم، لەو خوارەیە!"
دێدە دەڵێ:"پێش ئەوەی ماڵە مامت پرۆنە سەردەشتێ، هەر لە خانووی مەدرەسەیدا بوون، دوایەش مامت بوو بە ڕەئیسی قەند و شەکری سەردەشتێ ماڵەکەی بە مەدرەسەی کچان بە کرێ دا. ئێستاش خۆ لەو قوونە جندەیدا ئەو هەمۆ منداڵە جێیان نابێتەوە، هەر دەچنەوە نێو مەدرەسەکەی."
ئەمنیش دەڵێم:"ئەدی مەدرەسەکە چی لێدێ؟"
دێدە دەڵێ:"دەبێ پچن خانوویەکی دی پەیدا کەن بە کرێی بگرن، جا چوزانم ڕۆڵە. ئەو شتانە بابت زۆر چاکی لێ دەزانێ بۆ وەی ئەو جورە باسانە لە`ئەنجومەنێ` دەکرێن، بابیشت ڕەئیسی ئەنجومەنێیە!"
ئەمنیش دەڵێم:"دێدە، ئەنجومەن کوێیە؟"
دەڵێ:"دە شارەداری دایە ڕۆڵە! جا هەر دەمێکی بابت دێتەوە لیباسی دەگۆڕێ شەپکەی لەسەر دەنێ و دوولینگەی لێ لەبەر دەکا، بزانە ئەوە دەچێتە ئەنجومەنێ."
دەڵێم:"دێدە ڕاست دەکەی! بابم جاری واشە دێتە مەدرەسەی مە، دەڵێ ئەنجومەنی خانە و مەدرەسەیان هەیە!"

گەیشتووینە بەردەرکێکی زۆر زەلام و پیس و قوراوی و خۆڵاوی.
عەزیز دەڵێ:"ئەوەتا! بەو دەرکە چکۆڵەیدا دەبێ پرۆین."
دێدە دەڵێ:"کوێشتیر! هەر وەکوو عەزیزی لاقێکت هەڵێنە بیخە ئەوبەری، دەستەکانیشت بە ئەو لا و ئەو لای دەرکەکەی بگرە، دوایە لاقەکەی دیکەت هەڵێنە، ئەتۆ قەتت شتی وا نەدیتۆ."
دوایەش لەبەرەخۆیەوە دەڵێ:"بەڵام هەتا سەر بژی قوون عەلامەتان دەبینێ، با پرۆین!"
دەڵێم:"دێدە ئەوە بۆ دەرکێکی چکۆڵە لە نێو دەرکە زەلامەکەیدا کراوەتەوە؟"
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە ئەوە کاروانسەرایە دەروازەکەی ناکەنەوە، مەگە داشقە و شتی گەورە بێ پچێتە ژوورێ."
ئەمنیش دەپرسم:"دێدە کاروانسەرا کوێیە؟"
دەڵێ:"ئەوەتا دەیبینی، با پچینە ژوورێ. ئەو کەسانەی لە دەرەوەی شاریرا بێن ماڵە کەسوکاری خۆیان نەبێ، دەچنە میهمانخانەی. ئەوەی دەستیشی نەڕوا، کاروانسەرا زۆر لە میهمانخانەی هەرزانترە، دەچنە کاروانسەرایە."
عەزیز دەڵێ:"وەڵاهی ئەوەندە پیسە، هەمووی کاوکۆتە! هەمووی قورە دەبێ بە پەنادێکی بێ!"
دەچینە نێو حەسارێکی یەکجار زۆر زەلام.
دێدە دەڵێ:"دەشتی ئەڵابەرپانی بە وەی دەڵێن!"
دوو سێ داشقە و چەند ئەسپ و کەریشیان لێرە و لەوێ بەستۆتەوە. بۆنی ئەسپ و پەین و شتی وا دێ.
عەزیز دەڵێ:"دێدە دەبێ بەسەر ئەو پلیکانانەدا پرۆین، ژوورەکەیان لە ئاخری ئەو بەرهەیوانەیە."

ئەمە وە دوای عەزیزی دەکەوین. لە بەر یەکێک لە دەرکەکان ڕادەوەستێ و دەڵێ:"ئەوە کچەکەیەتی!"
کچەکە هەوایەک لە من گەورەتر دیاری دەکا، گەسکێکی زۆر چکۆڵەی بە دەستەوەیە و خۆش خۆش بەردەرکەکەیان دەماڵێ. دێدەی دەبینێ ڕادەوەستێ، سڵاوێ دەکا.
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەتۆ کچی خات زارایەی؟"
کچەکە دەڵێ:"بەڵێ ئامینی قەرەواشت!"
دێدە دەڵێ:"ڕوو سوور بی، عەمەدرێژ بی، ئەدی دایکت کوا؟"
دەڵێ:"دایکم لە نانی ماڵانە هەتا درەنگایەکیش نایەتەوە."
دێدە دەڵێ:"ئەمە هاتووین لە دووی بێ نانمان بۆ پکا، لە بیرت دەبێ پێی بڵێی بێ بۆ ماڵە برای سەید حەمەدەمینێ؟ ئەوەش کورەکەیەتی، هەر ئەوەندە دایکت پچێتە ماڵە وان منداڵەکان دەیبەن ماڵە سەید عەلی پێ‌نیشان دەدەن."
ئامین دەڵێ:"بەڵی زۆر چاکە! ئەوە سەید عەزیزە دەیناسم، بە چاوان، بە دایکم دەڵێم پچێتە ماڵە ئاغا سەید حەمەدەمینی."
ئەمەش بە ڕێی خۆماندا دەگەڕێینەوە، دەچینەوە ماڵە مامم هەتا دێدە نەقڵەکەی بۆ ئامۆژنم پکا و ئەویش خات زارای لەگەڵ یەکێک لە منداڵەکان بنێرێتە ماڵە مە.

###

یەک دوو ڕۆژ دوایە عەزیز خات زارای لەگەڵ خۆی دێنێ، ژنێکی دەستە و چاو وبرۆ ڕەش، قژ کاڵ و دەمولێو باریکە و زۆر کز و ڕەقەڵە. هەر پێدەکەنێ و زۆر خوێن‌شیرن و قسە خۆشە.

خات زارا لە ئارد داپێشتنێ دەبێتەوە و دەڕوا.
دایکم دەڵێ:"ئەوەندەی براژنە کەژاڵ باسی چاکی خات زارایە دەکا، سەد ئەوەندەشی دەبێ لەسەر دانێی، جا کوا حیسانی وا لە کوێ وەگیر دەکەوێ؟ مێردەکەی مردۆ، عیشای خودای لە ماڵێدا نێ، پێنج سەغیری سەروپێچکەی هەیە.
لە بەیانیرا هەتا ئێوارێ لەبەر تەندووری خەڵکی دەبرژێ، ئێستا دەڵێ:`خودای ئەو سەغیرانەم گەورەیە، زۆر شوکور خودایە، هەر ساردتری نەکەی!
حیسانی وا وەلێ، ئەوە یەکسەر دەچێتە بەحەشتێ، هەر نابیستی ناشکوریان پکا. زۆر زەحمەتکێشە. لێرەوپاش هەر کارێکی هەمان بێ لە دووی دەنێرم."

###

لە ڕادیۆی کاکە جەمیلیرا دەنگی کۆرانێکی زۆر خۆش دێ.
دەڵێ:"شۆخوشەنگە، وەک پڵینگە! ناسک و نازدارە، دەلەلەلا، چاو بەکلە، شلوملە بەلەنجەولارە، دەلەلەلا."
لە کاکە جەمیلی دەپرسم:"نێوی ئەو گۆرانیوێژەی چیێ؟"
سەری هەڵدێنێ دەڵێ:"`مامۆستا باکوری` بۆ دەپرسی؟"
دەڵێم:"هەر وا!"

کاکە جەمیل دەزانێ ئەمن هەمیشە گوێ دەدەمە گۆرانیان و فێریان دەبم، لە نێو ئاڵبۆمەکەشیدا عەکسی مامۆستا تایر تۆفیق و مامۆستا شەماڵ سایبی هەیە و

پیٚنیشانی داوم. له پشت عەکسەکان نووسراوه "پێشکێش به برای خۆشەویست کاک جەمیل." ئەو ئاڵبۆمه هەمیشه له نێو شگافه چکۆڵەکەی ژووری سەرێدا.
دەرکەی ئەو شکافەی هەمیشه قفڵدراوه و هاچەرەکەشی له گیرفانی خۆی دا.
ئەوه هەر هەمان شگافه که وەختی ئاڵوباڵوان به قاب کاکه جەمیل ئاڵوباڵوی تیٚدا دەشارێتەوه و ڕۆزنامەکۆنێکیش له دیوی ژوورێرا به شووشەکەیەوه دەنوسێنیٚ هەتا کەس نێوکەی نەبینیٚ!

دێده چۆته تەورێزێ سەری باجه هەتاوێ بدا.

کاکه جەمیلیش هەمیشه ناڕەحەته.
دایمه دایکم دڵخۆشی دەداتەوه، دەڵیٚ:"هەر وا هاتۆ، زۆر شوکور بابەکەم، دەڵێی چی؟ خۆ ئەتۆ له خۆشیان وه پاش نەکەوتووی، به ناشکوری ناڵێم نەخۆش بووی، دوو جار عەمەلیات کراوی، چەند مانگان له نەخۆشخانەی تاران بووی. حەولیٚ بده، ئیمتحان و شتت بده، دەردەچی ئەتۆش دەچی بۆ دانیشگا."
کاکه جەمیل دەڵیٚ:"بابم کوتوویەتی `ئەمن پووڵم نیٚ هەمووتان بنێرمه تارانیٚ.` بۆخۆت دەزانی هەمیشه دەڵیٚ کارێکی له بانکیٚ یا له ئیدارەیەکی دەوڵەتی ببینەوه."
دایکم دەڵیٚ:"جا ئەتۆ به وەی خۆت ناڕەحەت دەکەی؟ بابت به هەموو شتێکی دەڵیٚ `نا`. به قسەی بابت با نه مەسعود دەرسی دەخوێند، نه ژنی بۆ دەهات، نه ئەتۆ و جەفعەریش عەمەلیات دەکران.
له تۆ دەرس خوێندن له من پووڵ پەیدا کردن.
بایی شاییەکی خۆت ناڕەحەت مەکە، ئەمن زێری چ لیٚدەکەم؟ هەر بۆنگۆمه. هەتا لازم بیٚ هەر زێری دەفرۆشم، ئەو تاقه کچەش ئەگه بۆخۆی حیسان بیٚ زێری ناویٚ، ئەمن ئەویش دەنێرمه دانشگایه. بابیشت هەزار خەیاڵی خاوی کردۆ با بیکا!"
کاکه جەمیل به خۆشێوه دەڵیٚ:"زۆر چاکه! ئەمن قەولت پیٚ دەدەم له کونکوری دانیشگایه دەرچم، دیاره کاکیشم هەر دەڵیٚ کۆمەگم دەکا."
دایکم دەڵیٚ:"مەسعود گیان! خودا هەر ئەوەنده لێی ڕازی بیٚ که ئەمن لێی ڕازیم، یاخودا، قەت بەردی ساردوگەرمی وەڕیٚ نەیا. شوکور دەڵێی زێره. ئەوەی له تاقەتیدا بیٚ موزایقەی ناکا. خاترجەم به!"

###

ئەورۆ دێده دوای نانوچای نیوەڕۆیه له تەورێزێ هاتۆتەوه.
بابم له حاڵی باجه هەتاوی دەپرسیٚ، بەگریانەوه دەڵیٚ:"چاکه، شوکور چاکه، ئەو زستان و بەهارەی له ویٚ ماوه."
بابم دڵخۆشی دەداتەوه و دەڵیٚ:"هەتاو شوکور زۆر عاقڵه نابیٚ هێنده نیگەرانی بی، خۆ له ماڵه بێگانانیش نیٚ. له ماڵه خزمی خۆیەتی. قەتیش له کەس گلەیی نەکردۆ هەر دەڵیٚ زۆر چاکن."
دێدەش دەڵیٚ:"ئاخه چووزانم ئەوەندەی حەیا به خۆیەتی، کوا ڕاستیٚ دەڵیٚ؟"
دایکم دەڵیٚ:"دێده گیان پەڕۆیەکی له من دادڕه، دەبیٚ غیرەتت هەبیٚ، جا دەڵێی چی، ئەوەتا سابڵاغ هەر کلاسی شەشومی دەبیرستانیشی بۆ دانانێن چ بگا به دانیشگا و شتی، دەنا خۆ بەشەرێک نەدەچوو له وڵاتی غەریبایەتی دەرسیٚ پخوێنیٚ.

ئیشەڵا، بۆ هاوینێ هەموویان دەگەڕێنەوە. جا بۆخۆت دەزانی شەش مانگ هەر هیچ نێ عومری دوژمنی بێ، زوو بەسەر دەچێ!"

بابم دەڕواتە بازاڕی. دێدە و دایکم خەریکی مەشکەفی و فڕنی ساز کردنێ دەبن. سبەینێ ڕەمەزانە.
ئەمەش دەڵێین:"دایە توخودا هەڵمان ئەستێنەوە بەڕۆژوو دەبین."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان منداڵ ڕۆژووی لەسەر نێ، با گەورەبن دوایە هەڵتان دەستێنم."

شەو درەنگانێکی بە بۆنی خۆشی کەتە و تەقە تەقی دایکم لە ژوورەکەی بەرسازمانی، وە خەبەر دێم، هەموو ماڵەکانی دەور وبەریشمان هەستاون و چرایان داییسێ. فازل و جەفعەریش هەڵدەستێنم و دەچینە خوارێ.
دایکم دەڵێ:"جا چم پێ دەڵێی!؟ ئەیەڕۆ ڕۆڵە گیان، ئەوە بۆ بەو نیوەشەوەی ڕاست بوونەوە؟"
ئەمەش دەڵێین دەمانەوێ بەڕۆژوو بین!"
دایکم دەڵێ:"پڕۆن بابم پڕۆن، بنوون! ڕۆژووی چی؟"
بابم دەڵێ:"باشە! وەرنە ژوورێ نانوچای پخۆن ئەوەندەی توانیتان بەڕۆژوو بن، هەربرسیتان بوو، بیشکێنن دوایە ئەمن بۆتان گرێ دەدەمەوە!"

بەو نیوەشەوەی زۆرمان شت پێ ناخورێ، ئەوەندەشی پێ ناچێ ڕۆژ دەبێتەوە. ئەمن و فازل بەرچای دەخۆین.
هەر چی دایکم بە جەفعەری دەڵێ نانوچای پخوا فایدەی نێ هەتا بەربانگێ ڕۆژۆکەی ناشکێنێ.

مانگی ڕەمەزانێ ئەوەی خۆشە چوونکە شەو درێژە هەر نانوچا خورا دەچینە ماڵە خزمان کە دەچینە ماڵە باجە خەجیجێ، هەتا ملان لە کورسی دەخزێین و شەوچلەی دەخۆین و گوێ دەدەینە قسەوباسان، کێ ژنی هێناوە، کێ مێردی کردۆ، کێ منداڵی بۆ، کێ لەگەڵ سۆرە وتۆرەی شەڕی کردۆ.

ڕۆژێکی دێدە حەمامی هەبێ ئەوەندە هیلاک دەبێ لەگەڵمان بۆ هیچکوێ نایا. ئەو شەوانەی دەچینە ماڵە جەنابی شێخی، دایکم تاوێکی لە ژووری باجە مرێمی دەبێ و هێندێکیش دەچێتە کن شێخزادە خانمێ. جەنابی شێخی و بابمیشم دەچنە مزگەوتی بازاڕی بۆ تەراویحان.

ئەوشۆ منداڵەکان هەموو لە ژوورەکەی شێخزادە خانمێ خەریکن قوماران دەکەن. ژنەکانیش باسی یەکێکی دەکەن کە ماڵ و منداڵی بە جێ هێشتۆ و ڕۆیشتۆ.
ئەمنیش گوێم لێیە دەڵێن:"پەکوو! جا ئەوە زۆر قەباحەتێکی گەورەیە!"
باجە مرێم دەڵێ:"ئەو سێ کچانەشی لەسەر چاوی کوێریان دابنێی چاک دەبنەوە ئەوەندە جوانن، فەقیرانە!"
دێدە دەڵێ:"پیاو شتی وا دەبینێ هەر پێی بە عەرزێوە ڕەق هەڵدێ!"
شێخزادە خانم دەڵێ:"ئەتۆ بێژی ئەمە ڕاست بێت؟"

باجە مرێم دەڵێ:"لە قسان ژنەی بەدبەخت، ژن هەر بەدبەختن، بە دەنگە دەنگێ وە خەبەر دێ پێی وا دەبێ منداڵەکانی لە خەوێ هەستاون، هەڵدەستێ سەریان دەدا، هەموو دە خەوێدا دەبن. دەچێتە ژووری میوانان چاوی بە مێردەکەی دەکەوێ کە پیاوێکی لە باڵدایە! ژنەی فەقیر هەر دەعەبەسێ وبەیانیش هەڵدەستێ دەڕواتەوە ماڵە بابی."

دێدە دەڵێ:"ئەی خاکەسار خۆم، ئاخری زەمانە! جا بڵێ بۆ دەتهێناوە ماڵێ بۆ نێو ژن و منداڵت؟ خۆ شتی وا هەتا هەتایە خەڵک لە بیری ناچێ و هەر یەک بە یەکێ دەڵێ و ئەو شارە هەمووی پڕ دەبێ لەو قسەی!"

دایکم دەڵێ:"خۆ وەڵا، ئەوە ئەمن تازە لەنگۆی دەبیستم. داخودا ژنی فەقیر حاڵی چ بێ؟"

باجە مرێم دەڵێ:"بیستوومە هەر دەگری و بە سەری خۆیدا دەدا و بە منداڵەکانی هەڵدەڵێ."

شێخزادە خانم دەڵێ:"لە بەر ئەو منالانەی ناکرێ دایکەیان بە لایانەوە نەبێت، ئەشێت قسەی لە تەکیا پکەین، بەڵکوو پرواتۆ بۆ لای منالەکانی."

باجە مرێم سەری ڕادەوەشێنێ دەڵێ:"ئەیەڕۆ چۆن کاری وا دەکەن؟ چۆن پچێتەوە ماڵێ؟ ئەدی ئەو کابرایە؟"

دێدە دەڵێ:"جا بە حەقان بایە ڕۆڵە! وەک زەمانی زوو دەبوو پیاوەی بێنن دارێکی درێژی لە قوونگی کوتن، دوو بابۆڵەی وە دەست دەن، پاش وپێش سواری کەرێی کەن و بەو شارەیدا بیگێڕن. منداڵە وردکەش بەردی پێ دادەن.

جا کوا حەقی چی و شتی چی؟ ئەو بێفەزیحەتێی بەسەر هاتۆ ئەو ژنە بەدبەختەش دەبێ پچێتەوە سەر منداڵەکانی. دەنا ئەوانیش بێدایک دەبن. ئەگە بڵێی بێناموسی وا نایێتە مێرد.

جا ئەوە ژنەکە بایە و پیاویان لەسەر گرتبا، هەر باسی سەر بوو، هەر بە ڕۆژی ڕووناک سەنگەساریان دەکرد."

دایکم و شێخزادە خانم قەرارێ دادەنێن پچن لەگەڵ ژنەکەی قسان پکەن، ئەگە ملیش بدا بیبەنەوە ماڵە خۆی.

لە ڕێگای ماڵێش دێدە و دایکم هەر "پەکوو پەکوو" و "ئەیەڕۆ ئەیەڕۆ"یانە.

دایکم دەڵی:"ژنی جوان و جحێڵ، چۆن ئەو پیاوە، ئەگە خودا غەزەبی لێ نەگرت بێ، قەباحەتی وای لێ ڕوو دەدا؟"

دێدە دەڵێ:"تۆبە خودایە گیان، بەو رەمەزانەی گوناحی حیسانی پیس نەیاتە باڵمان، ڕەنگە هەر لە ئەوەلێرا بەچەباز بوو بێ!"

دایکم دەڵێ:"جا بڵێم چی دێدە گیان؟ خۆ قەت کەس هیچی نەبیستۆ هەتا ئەورۆ، جا چوزانم؟!"

###

بەفرێکی زۆر باریوە.
لەنێو کوچەی مە ئەوەندە بەفر هەڵدراوەتەوە، دێدە دەڵێ ئەگە قەرەپشی بێن بۆ دزێ، هەر بە بەفرەکەیدا دەتوانن بێنە نێو حەسارێ.
دایکم دەزانێ هەموو زستانان لاقی من دەبێ لە شڵتەی پرۆێشی و دووگ‌ورەشکە و تڵتەی چای گرێ.
دەڵێ:"خلیسکێنێ مەکە! لاقت لە جێ‌چێ ئەمن خۆت تێ‌ناگەیێنم."
بابم دەڵێ:"قسەی خۆڕایی بۆ دەکەی؟ منداڵ لە نێو ئەو بەفر و قیامەتەیدا پچێتە مەدرەسەی بەریش دەیێتەوە، نەخۆشیش دەبێ، خودا پکا هەر لاق لە جێ چوون بێ، هیچیان لاق و دەست و شتیان نەشکێ، دەبێ شوکری خودای پکەین."
دایکم دەڵێ:"کورەکان جونگەی لاقیان لە جێ ناچێ هەر ئەو مەیمونەیە خلیسکێنێ دەکا و لەسەر سەهۆڵی بەردەیێتەوە. کورەکان جواب دەدەنەوە، ئەو بەڵایە جواب ناداتەوە!"
بابم دەڵێ:"ئەتۆ قسەی ناحیسابی بۆ دەکەی؟ منداڵی هەموو دنیایە لەسەر بەفر و سەهۆڵی قوماران دەکەن. ئەتۆ بۆخۆت وە بیر خۆتی بێنەوە حەتمەن خلیسکێنت کردۆ. خۆ ناتوانی هەموو شتێکی لە منداڵی قەدەغە پکەی ئەوە چێ بەردەیێتەوە."

کاکە جەمیل دادەنیشێ بەرچای پخوا. بە زستان هەنگوین ورۆنی پێ‌خۆشە دایکم چای بۆ تێ دەکا.
بابم کە دەچێتە بازاڕێ دایکم دەڵێ:"جەمیل گیان چاوێکت لە منداڵەکان و لە ماڵێ بێ ئەمە دەچین بزانین ئەو ژنە بەدبەختەمان بۆ دەچێتەوە سەر منداڵەکانی؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا ئەنگۆ چتان پێداوە ئەوە بە ژنەی مەربوتە، دەچێتەوە یان ناچێتەوە."
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان، دەزانین ژنە دەڵێ ئیلان‌وبیلان ناچمەوە! ئەمەش دەڵێین ئەگە هەر ژنە بۆخۆی بایە، قەیدی نەدەکرد، بەڵام کۆشێکی منداڵی سەروپێچکە بە جێ هێشتۆ.
ئەمە پێی دەڵێین مێردەی هەر بە نەبوو دابنێ، هەر وە بزانە مردۆ، بە عەقڵم شەرعیش هەر وا دەفەرمێ، خۆ پیاو قەباحەتی وای لێرا بێ، تەلاقیشی نێ. بە بێ ئەو ژنەشی سەگی کوچانیش مێردی پێ ناکا، ئەو کچانەش هەموو ئاوارە دەبن گوناحە چۆن شتی وا دەبێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بە داخەوە شتی وا هەیە! ئی وایە هەمجنسبازە، بەعزەکەسێکیش بەچەبازن و لە فرسەتێکی دەگەڕێن یەکێکیان وەگیر کەوێ تەجاوزی پێ بکەن. ئەو کابرایە وێ دەچێ هەمجنسباز بێ."
دایکم دەڵێ:"تۆبە خودایە، ئەستەغفیروڵا! گوناحی خەڵکی نەیاتە باڵمان. ڕۆڵە، ئاخری زەمانە. ئەمن بۆیە هەر دەڵێم دەستم بە داوێنتان دەگەڵ حیسانی خەراپ و خوێری و بەڕەڵا هەمجەلیس و هەمکاسە مەبن. شێخی سەعدی دەفەرمێ:

خوشا نام نیکویی پنجاه سال      که یک نام زشتش کند پایمال

چەندە هەر بە منداڵی پێم کوتوون، قەت وە دووی کەس مەکەون و بێرە و بە وێدا مەچن بە فێڵ ئەگە یەکێک ببیەوێ پتان باتە کون‌وکاژێڵان ئەتک‌وکەتنوو بەسەرێنێ،

هەر کەسێکی بێ، نابێ جوابی بدەنەوە و وە دووی کەون. چونکە  ئەو خودایە بۆ خۆی دەزانێ خەڵک چی لە دڵی دایە، باتنی خەڵک ناسین بۆ مە ئەوەندە هاسان نیێ."

کاکە جەمیل دەڵێ:"لە نێو شارێکی ئاوا چکۆڵە کە هەموو خەڵک یەکتری دەناسن زوو شتی وا وە دیار دەکەوێ. ئەوەی نێوی خەراپی بە دۆوە، هەموو کەس دەیناسێ. بەلام ئەوەی دایکوباب منداڵی خۆی ئاگادار پکا لە شتی وا، بەداخەوە، زۆر کەمە."

دایکم دەڵێ:"جا چۆن ڕۆڵە؟ پێت‌وایە خەڵک فێری منداڵی خۆی ناکا کاری خەراپ و چاک چیێ؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"ڕاوەستە نمونەیەکت، هەر لە دەوروبەری خۆمان، بۆ بێنمەوە.

ئەتۆ بۆخۆت بۆت گێراوینەوە چۆن جۆلا منداڵەکانی فێری دزی دەکرد، پێی دەکوتن پرۆن مێوژ وگوێزی لە گیرفانتان کەن بۆ منی بێنن، بە دایکوو مەڵێن!

یا نەفیسە چوو بوو کابرای خەیات ئەندازەی بگرێ و کەوای بۆ بدرووێ، هاتبۆوە بەگریان بە دێدەی کوت بوو، خەیاتەکە دەستی لە هەموو گیانی خشاند بوو.

حیسانی خەراپ و فاسید لە هەموو جێگایەکی هەیە، منداڵی فەقیر نازانێ چ باسە، دایکوباب دەبێ ئاگای لێیان بێ و هەموو شتێکیشیان فێر کەن  هەتا چاو و گوێیان پکرێتەوە و پێیان‌وانەبێ چونکە کەسێکی دەناسن یا کابرایەک جیرانتە، یا خزمتە، کار خەلاسە و دەبێ ئەو کەسە باوەڕی پێ بکرێ، منداڵیش بە تەنێ نابێ بەڕەڵای کەی."

دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵا ڕۆڵە گیان، خۆ ئەشەدوبیلا هەر وایە! زەمانەیەکی زۆر پیس تێکەوتوین. حیسانی ناپاک و ناڕاست و لە خودانەترس زۆرە."

لەو قسانەدا دەبن دێدە دێ.

دەڵێ":ئەیەڕۆ خۆ هەر بەفرەکە بایە چا بوو بایەکیشی دێ، کەر دەیبەستێ، ئەوەندە ساردە."

دایکم دەڵێ:"وەرە دێدە گیان، لەبەر کوورەکەی دانیشە تازە جەمیل گیان داری وە بەرناوە. با چایەکت بۆ تێ کەم."

ئەمنیش هەر وا کە گوێ دەدەمە قسەکانیان، دەستی دێدەم گرتۆ خێرا خێراش ماچی دەکەم و دەیکێشمە نێو ژوورێ بەرکوورەکەی.

دێدە دەڵێ:"خولا ڕوحمی کردۆ جەمیل گیان! ئەورۆ جومعەیە مەدرەسە نیێ، هەتا سبەینێش ڕێوبان دەکرێتەوە. جا ئەوە بۆ منداڵی مەدرسەی بەو قەباحەت و سەرما و با و زریانەی دەرچوونیان دەبێ؟"

دایکم دەڵێ:"دێدە گیان! با ئەو گۆشت باقۆیەی پشۆمەوە، ترش‌وخوێی دەکەین لە نێو بەفرەکەی دەگرم لە حەسارێ هەتا سبەینێ، دەبێ بۆ نەهارێ بێی."

کاکە جەمیل دەڵێ:"بهەبهە! عالیێ! بابم زۆری باقۆ کڕیوە؟"

دێدە دەڵێ:"خۆ بابت نازانێ شتی کەم بکڕێ! ئەرێوەڵا بەشی ئاکۆ و بڵباسی دەکا! بۆ؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"هیچ هەر وا دەڵێم."

دایکم دەڵێ:"ئەرێوەلا زۆرە! باقۆ و ماسیش خۆ وەکوو شتی دیکە نیێ ڕۆڵە! نەگە ڕایگری بۆگەنیو دەبێ،  هەرکڕیت دەبێ لە ترش‌وخوێی بگری، دە بە فرێی بنێی، سووری کەیەوە و بیخۆی!"

دواێ وەی باقۆکەی ترش‌وخوێ دەکەن لە نێو قابڵەمەیەکی زەلامدا لە بەفری دەگرن، دێنەوە خۆیان دادەپێچن و دەڕۆن.

###

دوو شەو ورۆژە هەر باران دەبارێ.

شەوانە لەبەر گرمە گرم و ناڵە ناڵی هەور و بروسکە لێدانی عاسمانێ خەوم لێ ناکەوێ. بە ڕۆژ کوچە و کۆڵان پڕە لە قوڕ وچڵپاو. لە ڕێی مەدرەسەی چەکمەکانم هەر لە قوڕێ دەگیرێن، بە هەزار حاڵە حاڵ خۆم دەردێنمەوە.

بابم دەڵێ:"باران ڕەحمەتی خولایە! بەبێ باران هەموو باغ وبێستان ئیشک دەبن، داعباودۆڵ قڕیان دێ، هیچ شتێک شین نابێ."

دایکم دەڵێ:"هەور کە دەگرمێنێ یا عاسمان بروسکەی لێ دەبێتەوە، ئەوە مەلایکەن، زەرەر وزیان بەکەس ناگەیێنن، نابێ لە هەورە تریشقەی پترسێی."

ئەمنیش زۆر حەول دەدەم خۆم بە غیرەت کەم، لە جێگاکەم دێمە دەرێ و دەچم لە پێشخانەی دادەنیشم هەتا هەورەکان بێدەنگ دەبن، ئی دی ناچمە ژووری بابم لە خەوێی هەستێنم.

جەفعەر خەوی لێکەوتۆ، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کاکە عوسمانیش ماندوو بۆ لە هاروهاجێ و نوستۆ.

ژوورەکەی نێوەڕاستێ تاریکە ڕووناکایەکی کەم لە لای کوورەکەیەوە دێ. کوورەش شەوانە دایکم داری تێ دەنێ، خەفەی دەکا هەتا بە سەبرا سەبرا دارەکان پسووتێن و ژوورەکە سارد نەبێتەوە.

سەرم لە بن لێفەکەم دەنێم و دەنوم.

###

بەیانی، بارانەکە لێی کردۆتەوە.

تاوێکی زۆر جوان هەڵاتۆ. عاسمان شین شینە، پەڵە پەڵەش هەوری زۆر سپی، دێن و دەڕۆن.

دایکم دەڵێ:"هەی بە قوربانی لوتف و کەڕەمت بم، خولایە گیان! چاوی لێکەن لەو ڕۆژە جوانەی، لەو تاو وساوەی. ئەو هەوا خاوێن وخۆشەی، منداڵەکان! هەمووتان کە دەڕۆنە دەرێ، نەفەسی عەمیق پکێشن، زۆر چاکە بۆ سڵامەتی، لە `حیفزوسیحە`یدا دەفەرمێ."

ئەمە نانوچای دەخۆین دەچینەوە مەدرەسەی. بەهارە. بابم کارگ و کوڕادە و گێلاخە و پنگی دەکڕێ. وەختی گێلاخە خواردنێ لە ماڵە باجە خەجیجێیە.

وەختی هاتنەوەی حاجیلەگلەگەکان و قرە قڕی بۆقان لە دەم چۆمێیە، کوڕە کوڕی ماران لە نێو شیو ودۆڵی دەوروبەری سابڵاغێ و گەزیزە هێنانی شوانان لەسەر شاخەکان بۆ نێو شارێ.

دایکم دەڵێ"ڕۆڵە! ماڵە خات زارای لەسەر ڕێتە، یا لە پێش مەدرەسەی یا لە دوای مەدرەسەی پچۆ پێی بڵێ بێ نانمان نەماوە."

دوایەش دەڵێ:"ئەگە پێنازانی منداڵێکی ماڵە مامت لەگەڵ خۆت بەرە."

ئەمنیش دەڵێم:"پێدەزانم."

لە پێش زەنگی مەدرەسەیدا  دەچم لە دووی خات زارایە.
کاروانسەراکە دەرکە گەورەکەی ئاواڵەیە. بەڵام قوڕ وچڵپاوێکی یەکجار زۆر لە نێو کوچە وکۆڵانەکە و لە نێو کاروانسەراکەی دا. قوڕەکە بە دەردی دێدە دەڵێ دەڵێی چەقەیە پیاوی بەرنادا!
دەگەمە بەردەرکەی ماڵە خات زارای. بۆخۆی و منداڵەکانی هەموو لە ماڵێن. ماڵەکەی ژوورێکی چکۆڵەیە.
دیوارەکان سواغ کراون. تاقەیەکی چکۆڵەی لە قونینچکی سەرەوە، بە پەردەیەکی داپۆشیوە. عەرزەکەی حەسیری لێ ڕاخراوە. دەستە نوێنێکیش بە دیوارێوە داندراوە. کورسێکی چکۆڵەشیان داناوە و لێفەیەکی شڕیان پێ داداوە. کەتری و چادانیش لە سەر پەڕەمێزێکی چکۆڵە داندراوە و هەڵمی لێ هەڵدەستێ.

خات زارا چاوی بە من دەکەوێ هەڵدەستێ دێتە بەردەرکەی، بە پێکەنینەوە دەڵێ:"کچی سەیدی گیان! بە قوربانت بم وەرە ژورێ با سەرمات نەبێ."
ئەمنیش دەڵێم:"دەبێ بڕۆمەوە مەدرەسەی، دایکم ناردومی پێت بڵێم نانمان نەماوە."
خات زارا دەڵێ:"بەچاوان! هەر ئەورۆ دەچم ئاردی دادەبێژم."
منداڵەکان دوو کچ و سێ کورن، کورەکان هەستاونە حەوا دەڵێن فەرموو ژوورێ خەجاڵەتمان مەکە.
ئەمنیش دیسان دەڵێم:"مەدرەسەکەم درەنگ دەبێ زۆر مەمنوونم دەبێ بڕۆم."
هەموو بە پێوەن تازە چاوم بە سفرەکەی بەر دەمیان دەکەوێ هەر نانی ئیشکی لەسەرە.
چایەکەش خەریکی دەم کێشانێیە، هیچ شتێکی دی وەکوو، ماست و شیرێژ ورۆن و پەنیر و کولیرە و هێلکە و هەنگوین و خورما و ڕۆن و مرەبا، لەسەر سفرەکەیان نێ. هەر ئەوجورەی دەڵێن "نانوچا"، وا دیارە نانی ئیشکی بە چای دەخۆن.

ئەمن بە ڕێگای خۆمدا دەگەرێمەوە، ذەچمەوە مەدرسەی بەڵام ژووری خات زارام لەبەر چاوی لاناچێ. نە فەرشێک، نە بەرەیەک، هەرسێ چوار حەسیر، پێنج منداڵ ئەوانیش لیباس و شتیان هەموو کۆن و دڕاو.

دوای زەنگی نێوەڕۆیە دەچمەوە ماڵێ لەسەر نانی ئەوەی دیتوومە دەیگێڕمەوە.
دایکم دەڵێ ژنی مامە حەمەدەمینی باسی خات زارا و سەغیرەکانی بۆ کردۆ دەزانێ، ئەوەندەی دەتوانێ کۆمەگیان دەکا.
بابم دەڵێ:"لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە هەر دەڵێ`خودا گەورەیە، هەموو شتێکمان هەیە، لە خودای بەزیاد بێ شوکور چاکین!` حەمەدەمینیش بە هەموو بەرچاوتەنگی خۆیەوە زۆر کۆمەگیان دەکا. حەول دەدەم بزانم شارەداری مانگانەیەک شتێکی بۆ ئەو سەغیرانە ببڕێتەوە. کورە گەورەکە چاکە دێتە بازاڕی قەتاڵەی پێیە. ئەوی چکۆڵە، قەتاڵەکەشی تەواو پێ هڵناگیرێ چ بگا بە وەی شتی تێ دا بێ، سەرباقی وەی زۆریش لەڕ ولاوازە."
دایکم دەڵێ:"وەڵا، خۆ کیتەڵە ماست و گیاوگۆڵ و شتی وا دەتوانێ بێنێتەوە، بینێرەوە با ببینم، بزانم جل وبەرگی کێهە لە کورەکانی بۆ دەبێ، دەیدەم بە دایکی ئەورۆ دێ ئاردی دادەبێژێ."

بابم دەڵێ:"کورە گەورە لە تەمەنی عوسمانیدا، ئەوی چکۆڵەتر لیباسی جەفعەری بۆ دەبێ. یەکیان نەبێ هەموو سەغیرن."
دایکم دەڵێ:"هەر منداڵەکان ڕۆیشتنەوە مەدرەسەی، دەگەڕێم هەرچی وە گیرم کەوت بۆیان وەلا دەنێم. بە ناشکوری ناڵێم ئەوەندە فەقیر و هەژار زۆرن خۆ وا نێ بڵێی قەت ئەمن شتومەکم بەدەستەوە دەمێنێ، هەرچی وە گیرم دەکەوێ لەڕێی ئەو خودایەی دادەدەم."
دایکم دەڵێ:"خات زارا هەر وا بە بێ ئەوەی کارێ پکا هیچ وەرناگرێ. دەبێ لێرەوپاش بۆ شیو و چۆم و میوانی گەورە و ئەو جورە شتە لە دوای بنێرم. لەوەتا ئامینەش مێردی کردۆ چۆتە تاران کەسی وام بە دەستەوە نێ."

###

ئەورۆ ڕۆژی کارنامە وەرگرتنەوەیە.
ئەمن کلاسی سێی ئیبتداییم خەلاس‌کردۆ، شاگرد ئەوەڵیشم. دیارە بابم زۆر کەیفی سازە بۆ وەی لە مەدرەسەی پێیان کوتۆ ئەمن زۆر عاقڵ و لەسەرەخۆ و شاگردی چاکم.
دایکم لە خۆشیان هەموو ساڵێ وەختی کارنامە وەرگرتنێ بە باجە زارای دا گوڵێکی جوان دەنێرێتە ماڵە معەلیمەکەم، ئەویش هەمیشە ئەمن لەگەڵە خۆی دەبا.
بابم لە حەسارێیە و بە باجەزارای دەڵێ:"زارا! دیارە بۆ خۆشم زۆرم تەشەکور لە خورشید خانمێ کردۆ بەڵام ئەتۆش پێی بڵێ ئەوەندەی دنیایەکی لێی مەمنوونین، ماڵی ئاوەدان بێ کچێکی زۆر بە حەیا و بە شەڕەف، زۆر لەسەرەخۆ و معەلمێکی زۆر چاکە."
باجە زارا دەڵێ:"ئاغا! خورشید خانم ساڵەهای ساڵە معەلیمایەتی کچان دەکا، کەس گلەیی لێ نێ. زۆر نەجیبە، دەچێ ماڵیشی زۆر بە حورمەتە خولا هەڵناگرێ."
دوایەش بە من دەڵێ:"وەرە با بڕۆین!"
باجە زارا دەڵێ:"ئەگە بە کوچاندا بڕۆین ڕێمان لێ دوور دەکەوێتەوە، هەر بە بەر دوکانی بابتدا هەڵدەکشێین، بە دەم خمچێکاندا. ماڵە چاورەشان لەو گازێ."

دوای وەی گوڵدانەکەی دەبەین بۆ خورشید خانمێ، باجە زارا دەڵێ:"هەر ڕاست ئەگە هەڵکشێین دەکەوینە بەر دوکانی عەتارەکان، دەبێ سەرێکیان بدەم بۆ پووڵەکە و سابوونی لوکس بۆ کچێکی جیرانمان، بە بووک دەچێ."

بۆ پووڵەکەی پێنج شەش دوکانان دەکەین. سابوونیش هەموویان هەیانە.
باجە زارا بۆخۆی نە پووڵەکەی بە دەسماڵێوە نە خۆی دەڕازێنێتەوە. دایکم دەڵێ هەمیشە هەر وا بۆ و بە بووکیش خۆی جوان نەکردۆ.
لە قسان باجە زارا حەز لەو مێردەی خۆی دەکا. کا حەمەد و خات خاتوون دەڵێن منداڵە وەختی مێردی نێ، ئەویش ڕە دووی دەکەوێ. دوای وەی دایک وبابی دەبینن هیچ فایدەی نێ کچەکە دەست هەڵناگرێ، لە یەکتریان مارە دەکەن و کا محەمەد لەو دەمیرا بە زاوا بەندی دەچێتە سەر ماڵێ.

دەچینەوە ماڵێ.
دایکم دەڵێ:"حەسیم ئەوە لە حەساری ئەوبەرێ لەگەڵ منداڵەکانە. شاوەیەکی دیتۆتەوە، دەڵێ لاقی برینداره، بە خولای نازانم باڵی برینداره، هێناویّتی هەتا وەکوو هەڵۆکەی چاکی کەینەوە دوایە دەیباتە لای حەیدەراباد و دەریاچەی ڕەزایەی و ئەوانە بەڕەڵای دەکا. نازانم ڕێی لێ ون بۆ داخودا چ بۆ دەنا باڵندەی وا نایەتە نێو شاری."
ئەمنیش بە پەلە پەل خۆم دەگەیێنمە حەساری ئەو لای. هەر چاوم بە باڵندە لاق درێژەکەی دەکەوێ،
دەڵێم:"ئەوە حاجیلەگلەگە!"
کاکە حەسیم دەڵێ:"پێموایە ئەمە بە کوردی پێی دەڵێین شاوە."
چاو لەبەر دندوکی کە، کیسەیەکی زەلامی لەبەر زاری هەیە دەچێ ماسی دەگرێ بە ئاو وماوەوە لە نێو ئەو کیسەیەی دەکا و دەڕوا."
کاکە عوسمان دەڵێ:"ئەوە ماسیگرەیە!"
کاکە مەزهەر دەڵێ:"بە فارسی بەو باڵندەی دەڵێن `مرغ ماهی خوار`!"
تۆزێک دەرمانی سووریان بە باڵیدا کردۆ، لە حەسارێ دێ و دەچێ. دیارە ئەگە ماسیگرە بێ، ماسی پێ خۆشە. ئەویش دەبێتە کاری کورەکان کە ماسی لە چۆمی بۆ بگرن. دایکیشم ناهێڵێ کەس پرواتە چۆمی ماسیان بگرێ دەڵێ گۆم ومۆمی هەیە. دەمێنێتەوە سەر دانودۆڵ و ئاوی خاوین و جلّق وفلّقی گۆشتی.
ماسیگرەکە دەگاتە باڵای فازلی. درێژ و باریکە، فازل و ماسیگرەکە، بە دوای یەکتری دا، چوار دەوری حەسارێ دەکەن.
کاکە مەزهەر بە فازلی دەڵێ:"وە دوای مەکەوە، با فەقیرە ماندو نەبێ، دیارە ئەوە ئەگە ساغ بایە هەڵدەفڕی دەڕۆیشت."
ئەمەش لە خۆشی وەی داعبایەکی دیکە چاک دەکەینەوە کەیفمان زۆر سازە.

###

لەوەتا مەدرەسە تەحتیل بۆ دایکم بەزمی پێگرتووم دەڵێ دەبێ هاوینان لیباسی کوردی لەبەر کەی.

ئەوڕۆ دوای نانوچای دەستە لباسێکی کە لەپێشدا حازری کردۆ، دەیهێنێتەگۆڕێ: دەرپێیەکە و کراسێکی کوردی لەگەڵ کەوا و ڕووسەرێکی.
دەڵێ:"هاوینان خۆ مەدرەسە نێ لیباسی عەجەمیت بۆ لەبەردا بێ. ها! ئەوانەم تازە بۆ بە دروون داوی، دوای نانوچایەکەت خۆت بگۆڕە!"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەمن ئەو لیباسە ناحەزە دێهاتیانە لەبەر ناکەم! سەرم وەکوو کرمانجان دەهۆنێوە، ناحەزم دەکەی، بەس نێ، دەشتەوێ ئەو لیباسانە لەبەر کەم!؟"
دایکم دەڵێ:"خۆ ڕۆڵە بە سەری دایە گیان! ناحەز نین، هەموو پارچەی تازەیە. ئەو کراسە `نایلۆن`ی پێدەڵێن باجە خەجیجت بۆی ناردووی."
چاو لە کراسەکەی دەکەم زەرد دەنوێنی. گوڵەکانیشی دەڵێی باجە زیێد بە لاکی نینۆکی خۆی، لە پارچەکەی نەقاشی کردۆ. پارچەکە جوانە.
دەڵێم:"جوان یا ناحەز! ئەمن لیباسی کوردی لەبەر ناکەم!"
دایکم بە قەڵسەوە دەڵێ:"خۆ بە خۆشی خۆتی لەبەر ناکەی، هاوینان دەبێ لیباسی کوردی لەبەرکەی!"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەدی بۆ کورەکان هاوینان لیباسی کوردی لەبەر ناکەن؟!"

دەڵێ:"کورەکان حیسابیان جوێیە!"
دەڵێم:"ئەمنیش حیسابم جوێیە! بشم کوڕن ئەمن ئەو لیباسە پیسە، گواویانە لەبەرناکەم، تازە ئەوە لیباسی کوردی نیێ، کوا پشتێندەکەی؟ کوا دەسماڵەکەی؟ ئەوە وەک لیباسی قەرەچیان دەچیێ!"
ڕادەوەستم هەتا دایکم هەڵدەستێ خەریکی کاروبار و کێشت لیێنانێ دەبیێ، دوایەش لە حەساریێ بە شەمچەی لیباسەکان دەسووتێنم! بۆسۆی لیباسی سووتاو وڵاتی دادەگریێ، دایکم و خاتو ئامین دێنە حەساریێ، ئاوی بە لیباسەکاندا دەکەن!
دایکم بە هەرا هەرا و جنێودان دوو سیێ مست و چەپۆکم دەگەیێنێتیێ، خاتو ئامین نەبیێ زۆرترم لیێ دەدا.
ئێواریێ کە بەسەرهاتەکەی بۆ سەید شەفیعی کوری خاڵە مەلای دەگێڕێتەوە،
دەڵیێ:"وەڵاهی پووریێ گیان! ئەوە منداڵی من با ئەوەندەم لیێ دەدا تاڵە سێوانم لە خەویێ دێنا. جا چۆن دەبیێ ئاوا بیێئەمری جەنابت پکا و هەر وا لێی گەڕێی؟"

###

دێدە چۆتە تارانیێ باجە هەتاوی لە ئاموزشگای پەرستاری بێنێتەوە، چونکە زۆر ناڕەحەتە و خەبەری ناردۆ، کوتوویەتی:"بم کوڕن لێرە نامێنمەوە!"
دایکم دەڵیێ:"غەریبایەتی زۆر ناخۆشە. بۆیە ئەوەی لە غەریبیێ بمریێ شەهیدە. ئەو شار وئەوشار چوون و ئەو تەورێز و تاران کردنە کاری هەموو کەس نیێ.
ئەلعان ئەو برایانەم، هەموو لە تاوی نێو لاجانەتیێ، دوور بیێ، وەختە سویان بێتەوە. ئەمن بۆخۆشم هەر بەری لاجانانم پیێ خۆشە. دیارە زۆر منداڵکار بووم هاتووینە شاری، بەڵام قەت هیچمان شارمان پیێ خۆش نیێ. خەفەیە!"
بابم دەڵیێ:"براکەی بردوویەتی هەر دەبوو بۆخۆشی پچیێ بیهێنێتەوە. ئەوەی دەچێتە غەریبایەتیێ وا نیێ بڵێی تاڵی وسوێری ناچێژیێ، غەریبایەتی کاری پیاوی بیێتاقەت نیێ."
دایکم دەڵیێ:"وایە! ئەمن هەتا بڵێی لەسەر خوێندنی کچانم، ئەگە شەو ورۆژ بگری و بناڵێنیێ بە کاری چ دیێ؟ هەر دەبوو بیایە بە معەلیم و ئەها!
کاکە حەسەن و براژنم و ماڵە مەسعودیش ئەوە لەوێن بۆ سەردان و هاتوچۆ کردن.
زبێد دەیکوت ئەو هەمۆ کچە شەو ورۆژ لەگەڵ یەکتری هەڵدەستن و دادەنیشن و دەرسیێ دەخوێنن و نانی دەخۆن و دەنوون. ئەوەی هەیە ڕۆژی گێژن و تەحتیل و جومعەی مەجبور نین لە ئاموزشگایە بن، ئەگە کەسوکاریان لە تارانیێ بیێ دەچن سەریان دەدەن.
ئەوەی خزموکەسیشی لە دووریێ، هەڵبەت دەبیێ هەر لە ئاموزشگایە بمێنێتەوە. هەتاویش غەریبە و هیچ کویێ پیێ نازانیێ. تارانیش گەورە و بیێئامانە، ئەوە هاتوو غیرەتیشی وە بەرخۆی نا و ماوە ئەو هاتوچۆیە بۆ بە وی دەکریێ؟ ئەوە کوا حیسان لە جێگای وا هەڵدەکا؟"
بابم دەڵیێ:"گوڵێش هەر لە هەوەڵەوە کوتی میوانی مانگێکیش نابیێ، بە هەڵات هەڵات دێتەوە دەشی کوت ئەوە فیتی`کایە قادر و دادەیە!` ئەوان ڕەنگە ئەوەیان وە بەر نابیێ."
دایکم دەڵیێ:"پێتوایە خات گوڵیێ دەیهێنێتەوە یا نا؟"
بابم دەڵیێ:"جا گوڵیێ عیلاجی چیێ؟ هەتاو کوتوویەتی دێدە بیێ دەنا ئەمن ئەوە دڵم دەتۆقیێ. گوڵێش خۆ ئاوا بە جێی ناهێڵیێ، بەو نیازەی چۆ لەگەڵ خۆی بیهێنێتەوە."

###

ئەوشەو بابم هەموو کونوکاژەڵی ماڵێ دەگەڕێ، بە کوڕەکانیش دەڵێ:"هەرچی عەکس و ڕۆژنامە و کتێبی هەتانە، کە بۆوەی نابێ هەتانبێ! بیهێنن لە نێو ئەو تەلیسەی نێن."

بۆخۆشی شتی زۆر لە خەڵوەتێ دیتۆتەوە و هەمووی هێناوە داینا‌وە.

دایکیشم دەڵێ:"خودایە! ئەمە لەبەر باری تۆ ڕاوەستاوین، هیچ دەسەڵاتمان نێ بۆ هەر وا بێدەنگ دانیشتووی بە قوربانت بم؟ هیچ ناکەی، هەتا کەنگێ دەبێ ئەمە بەخسیری دەستی عەجەمان بین؟ کەنگێ ژێرەو ژووری دەکەی؟"

کوڕەکان کتێبێکی زۆریان دیتۆتەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان کە هەمووی کراوەتە کتێبی زەلام زەلام، دەیهێنن دایدەنێن. بابم وە دووی کاکە جەمیلی دەکەوێ بزانێ هیچی لە نێو شگافەکانی سەرێدا ڕانەگرت بێ. ئەمنیش بە دوویاندا دەچم.

کاکە جەمیل عەکسی پێشەوا و مەلا مستەفا و حاجی شێخ عەبدوڵا ئەفەندی لە نێو شگافەکەی هەڵاوەسیوە. عەکسێکی چکۆڵەشی لە پشت پشتەوە لە دیواری شگافەکەی داوە.

بابم دەریدێنێ و دەڵێ:"جا قەت ئەوە کارە جەمیل؟ ئەتۆ بۆ، بۆ عەکسێکی ماڵە خۆت خەراپ دەکەی بابم؟ ئەگە بیبیننەوە خۆ لە تفەنگیش سەدەمەترە. ڕۆژ نێ ساواک ماڵە خەڵکی نەگەڕێ."

دەڵێم:"بابە کێهە؟ دا توخودا پێ‌نیشانم دە."

دەڵێ:"ئەوەتا! چاوی لێکە و زوو بیدەوە بە خۆم!"

چاو لە عەکسەکەی دەکەم. پیاوێکی زۆر جوان چاک، کز، سمێڵی باریک و درێژ، چاوەکانی کاڵ، زانایی و زیرەکی لە چاویدا دیارە، چەکمەی لە پێ دا و لەسەر باڵتۆکەشێوە چەند ڕیزی فیشەکدان لە خۆی بەستۆ، تفەنگیشی بە شانێوە.

هەر وا کە چاوم لە عەکسەکەی بڕیوە، دەڵێی عەکسەکەش چاو لە من دەکا و بزەیەکیشی دێتە سەر لێوی.

دەڵێم:"بابە ئەوە کێیە؟"

عەکسەکەم لە دەستی وەردەگرێ دەڵێ:"ڕۆڵە ئەوە سمکۆیە! سمایل ئاغای سمیتقۆ."

دەڵێم:"توخودا!؟ ئەوەیە سمکۆ؟! ئەوە بۆیە هەموو ژنەکان خۆشیان دەوێ!"

بابم دەڵێ:"هەموو کەس خۆشی دەوێ، نمونەی ئازایەتی و ڕەشیدی لە نێو کوردان بوو."

کاکە جەمیل دەڵێ:"`عەجەمان` لە نێوەکەشی دەترسێن چ بگا بە عەکسەکەی!"

ئەمن پێ‌دەکەنم و وە دووی بابم دەکەوم بزانم عەکسەکەی سمکۆی چ لێ دەکا.

لە پلیکانەکان دەچینە خوارێ، بابم دەچێتە ژووری بەردەستان، عەکسەکان لە نێو تەلیسەکەی دەهاوێ، دوایە بە دایکم دەڵێ:"ئەمن و گوڵێ دەچینە حەساری ئەو لای لە تەندوورەکەیدا دەیان سووتێنین."

دێدە بە دایکم دەڵێ:"دەڵێی چی یەکێک لە مەنجەڵەکان پڕکەم لە ئاو لەسەر تەندوورەکەی دانێم؟ ئەو هەمۆ کتێبە، ڕەنگە بەرە نانێکیشی پێ بکرێ!"

ئەمن وە دواى دێدە و بابم دەکەوم. بابم ڕۆژنامەکانى کوردستان لێک جوێ دەکاتەوە و شەمچەیان پێوەدەنێ و دە تەندوورێیان دەهاوێ. دێدەش لەبەرەوە کتێب و شتى دیکە دەهاوێتە نێو ئاورەکەى.
جارجاریش بە کوڵەوەژى تەندوورەکەى تێکەڵ دەدا و هەر لەبەر خۆشێوە بە عەجەمان و بە بابى شاى و بە شاى جنێوان دەدا.
بابم خۆش خۆش بە من دەڵێ لە تەندوورەکەى نزیک نەبمەوە، ئەمنیش دەڵێم:"نا ئەمن شتەکانوو بۆ دێنمە بەردەستان."
حەولى وەش دەدەم عەکسەکەى سمکۆى ببینمەوە و لێیانى بدزمەوە هەتا نەیسووتێنن.
هێندە کتێب و ڕۆژنامە لە تەلیسەکەیدا نەماوە، دەس دەکەم بە دەرهێنانیان و لەبەر دەستى دێدە و بابمیان دادەنێم. عەکسەکان کەوتوونە بن بنەوە هەردووک
دەستم ڕۆیەڵ دەکەمە خوارێ، وەختە بۆخۆشم دە تەلیسەکەى کەوم. عەکسەکەى سمکۆى لە وانى دیکە چکۆڵەترە، دەیبینمەوە و خێرایەکى
لەنێو قۆڵى کراسەکەمى دەنێم. دوایە بە هەردووک دەستم پڕێکى دى کاغەز و یەک دوو کتێبان دەردێنم لە پێش دێدەى دایان دەنێم. دێدە دەڵێ:"بارەقەڵا، کوێشتیر! پڕۆ بە دایکت بڵێ هێندەمان نەماوە، مەنجەڵەکەى پێنێ وە سەرى نێین."

ئەمن بە پەلە هەڵدێمەوە ئەو بەرى. دایکم دەچێتە مدبەقێ هەتا مەنجەڵەکەى بەرێ. ئەمنیش خێرایەکى هەڵدێمە نێو خەڵوەتێ هەتا کەس نەیدیتووم، عەکسەکەى سمکۆى پشارمەوە وا بێ کە دایکم و بابم نەیبینەوە!
چووم بۆ لاى بن پلیکانەکان. ئەو لایە زۆر تاریک وتنووکە. دێدە مێلاقى لە کارخانە و لە بن ئەو پلیکانانەدا هەڵداوەسێ. بن پلیکانەکان کون وکاژێڵى واى هەیە کەس نایبینێ. ئەگە ئەو سەگبابانەى ساواکیش بێن ئەو جورەى بابم دەڵێ ماڵە مە بگەڕێن، ناتوانن عەکسى سمکۆى لە نێو توورەکەى مێلاقیدا ببینەوە!

دێدە و دایکم و بابم دەگەڕێنەوە. ئێستاش هەر جنێوان دەدەن. کورەکان هەموو زۆر قەڵسن.
دایکم لەسەر نانى دەڵێ:"ڕۆڵە، بەقوربانتان بم! خۆ بە خوڵاى کەس بە قەد ئەمە لە سووتاندنى ئەو هەمۆ کتێب و ڕۆژنامەى کوردى ناڕەحەت نێ، بەڵام عیلاج چێ؟ ئەگە ئەو سەگبابانە بێن بگەڕێن، هونەر نێ وە بەر دەستى عەجەمان پکەوین.
خوداى نەخواستە، خودا بە وێ ڕۆژێ نەکا، لە شاخان لە برسان بمرن، گورگ پتان خوا پێم چاکترە لە وەى بێ سووچ و تاوان پکەونە بەردەستى ئەو سەگانە!"
ئەمنیش بە چاوى دەرپەڕیوەوە چاوم لە زارى دایکم پڕیوە، گوێیەکانیشم قوت کردۆتەوە، نیگەرانى عەکسەکەى سمکۆم. بڵێى "ئەو سەگبابانە" بێن ماڵە مە بگەڕێن؟ بڵێى توورەکەى مێلاقى چاو لێکەن؟ دەبێ سبەینێ جێیەکى چاکتر بۆ عەکسەکەى ببینمەوە!

هەتا دواى نان‌وچاش دایک‌وبابم و دێدە و کورەکان هەرباسى سووتاندنى کتێب و ڕۆژنامەکانیان دەکەن.
دایکم دەڵێ:"دەتانەوێ کوردوکوردستان سەرکەوێ، دەرسێ پخوێنن. فێرى عیلم وسەنعەت ببن. زمانان فێربن، ئەوەیە ئەوڕۆ بەکارى کوردى دێ. خۆتان لە هیچ وخۆڕایى دەزیندانى عەجەماندا پرزێنن، کوا ئەوە کارى کردنێیە؟"

بابم دەڵێ:"کورد سادەیە، هەمیشەش بە سادە بوونی خۆی ڕۆوەبۆ. فریوی کەس مەخۆن، وە دوای هیچ مەرامێکی مەکەون، ئەو مەرامانەی `تودە` و `کۆمۆنیست`و ئەوە هیچی بۆ مە نابێ. ئەمە موسوڵمانین و کوردین، مەرامیشمان هەر دەبێ کوردایەتی بێ."

دایکم دەڵێ:"ئەمە بۆخۆمان دەبێ خۆمان لە ژێرچەپۆکە بوون بێنینە دەرێ!"

بابم دەڵێ:"عرووس و ئینگلیس و ئەمریکا و عەجەم و عەرەب و هەمووی هەر بۆ سەری کوردی لێ دەدەن، هەموو بە کوردی خەیانەت کارن. مەرامێکی مەرامی کوردی نەبێ، بۆ کوردی نابێ!"

دایکم دەڵێ:"ڕێگای نەجاتی کوردی ئەوەیە لەگەڵ جەهل و بێسەوادی دەست پکاتەوە. ئەوە دەبێتە خزمەت بە کوردوکوردستان."

دێدە فرمێسکەکانی بە قونیچکی دەسماڵەکەی دەسترِی دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! بەقوربانتان بم ئەنگۆ چکۆڵە بوون یا ئێستا لە دایک نەببون بە داخەوە `زەمانی کوردیەتتان` نەدیت، نازانن چ بوو، چەندە خۆش بۆ، چەندە هەمووشت زۆربوو، فەقیروداماو نەمابوو.

تەشبیهات نەبێ! هەر دەڵێن بەحەشت وا بوو، وا چوو، ئەمە بەحەشتمان بە چاوی خۆمان دی. جا لەوەتا عەجەمیش هاتۆتەوە، دەزانن چی بەسەر کوردی هێناوە. ئەو سەگبابانە خۆ خودای ناناسن، خۆ شەرم و حەیایان نێ،

ئەوەتا بۆ جەمیلی فەقیر چی کرد بوو، چی کوت بوو، کێهە کتێبی خوێند بۆوە، ئاوا لە زیندانێیان کرد؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"بەوشتانە شۆرشی کوردان ناتوانن لەبەین بەرن، بە پێچەوانەوە زۆرتر هانی دەدەن. حیسانی موبارز خۆ لە زیندان و شکەنجە و مردن ناترسێ. ئەوانە هەر غەڵەتێکی دەیکەن با بیکەن."

دایکم دەڵێ:"گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پرخاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

گەر لەبرسان و لەبەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن."

خۆ ڕۆڵە گیان! ئەمەش ئەوشتانە دەزانین، ئەوەندەیە ئەمە دەڵێین شۆرش هەر ئەوە نێ تفەنگی بە دەستەوە گری وە شاخان کەوی. کاری ئەو کوردەش کە معەلیمە و بە منداڵی کورد لە مەدرەسەکان دەرسێ دەڵێ، بە کەم مەزانن، ئەو دوکتورەی دەردی کوردێکی دەرمان دەکا بە چاوی سووک چاو لێ مەکەن!"

بابم دەڵێ:"گەورەترین موبارزەی کوردی دەبێ لەگەڵ پێسەوادێ بێ. چاو لەو مەدرەسانەکەن، هەرچی معەلیمی هەیەتی عەجەمە، دوو سێ هەرمەنیشیان ڕەنگە تێدا بێ. جا ئەوە بۆ دەبی ئاوا بێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا چۆن شتی وا دەڵێن؟ یانی کارێکی مەلا مستەفا دەیکا لازم نێ؟ موهیم نێ؟"
بابم دەڵێ:"نا ڕۆڵە گیان! کەنگێ ئەمە شتی وامان کوتۆ؟ کورد هەتا لەسەر عەرزێ هیچ کامێک لە ئازادیخوازانی خۆی لە بیر ناکا بەتایبەتیش پێشەوا و مەلا مستەفا.
ئەوەی ئەمە دەیڵێین ئەوەیە: منداڵی کوردی دەبێ قەڵەمی وە پێش شمشیری پخا. ماناشی ئەوە نێ کە ئەوەی بە قەڵەم موبارزەی دەکا مەقامی سەرترە لە وەی بە شمشیر حەقی کوردی دەستێنێ. هەردووکیان لازمن. هەردووکیان حورمەتیان وەکوو یەکە. بزانە ئەنگۆ هەر چاو لەو وڵاتانەی دەرەوە پکەن چۆن بە عیلم و سەنعەت هەموو دنیایان داگرتۆ. هەر کەسێکی شتێکی دەزانێ و شتێکی تازە دروست دەکا، خاریجێ."
دایکم دەڵێ:"بۆیە کاکە بابەشێخیش هەر وا دەفەرمێ:ئەوەی بۆی دەگونجێ و دەسەڵاتی هەیە ئەشەدەمبیلا پچێتە دانیشگا و دەرس پخوێنی و بگەڕێتەوە نێو وڵاتی خۆی بە کورد خزمەتێ پکا."

ئەمن بە دیوارێوە خەریکە خەو دەمباتەوە، دایکم دەڵێ:"مەزهەر، ڕۆڵە! پچۆ سەرێ جێگای ئەو منداڵانەم بۆ ڕاخە بە قوربان، ئەوەتا وەک لەشکری شکاو هەریەکەی بە لایەکیدا کەوتوون، دەبن بە کەلاکە کەر بۆم وە سەر ئەو هەمۆ پلیکانانە ناکەون!"

دێدە دەڵێ دەڕواتەوە ماڵە خۆی بەڵام بەیانی دێتەوە، دەڵێم:"ئەوە وا دەڵێی هەتا ئەمن لە کۆڵت ببمەوە."
دەڵێ:"نا! کەنگێ ئەمن درۆم پێ کوتووی؟"

ئەمن لەسەر جێگاکەم هەربیر لە وەی دەکەمەوە، `عەکسەکەی سمکۆی` لە کوێ پشارمەوە چاکە؟ ناتوانم بە دێدەی هیچ بڵێم، دێدە قەڵس دەبێ دەڵێ:"چۆن کاری وات کردۆ، سەری هەموان بەفەتەرات دەدەی."

لە پشت بۆشکەکانی ئاردی لە کارخانەی؟ قەت کەس ناچێتە وێ خات زارا نەبێ.

###

ڕۆژی نانکردنێیە.
خاتزارا بەدایکم دەڵێ کەروێشکەکان دوو کونیان لە دیواری مدبەقێکردۆ، قسەکە دەگاتەوە بابم ئەویش دەڵێ:"پێت چۆنە سەنگەسیری کەروێشکان سازکەی؟"
فازل دەست دەکا بە گریانێ و ئەمنیش زیقە زیقێ دادەنێمەوە و دەڵێم:"ئەنگۆ کافرن، هەرکەس ئەوکەروێشکەجوانانە پخوا خودا غەزەبی لێدەگرێ. جا چ بوو دیواریان کون کردۆ؟"
کاکە جەمیل بە پێکەنینەوە دەڵێ:"جا ئەنگۆ سەنگەسیری مەخۆن، ئەوەی پێی ناخۆشە بانەخوا!"

ئاخرێکەی دوای دوو سێ ڕۆژ گێرە وکێشە وای لێدێ، خات مەرزێ کەروێشکەکان لەگەڵ خۆی دەباتە کانی سۆفی ڕەشیدی. دایکم دەڵێ ئەمەش هەتا هەوا وبان خۆش بێ لەگەڵ دێدە و دایکم یا باجە زارا یا کەسێکی دی دەکرێ پچین سەری کەروێشکەکان بدەین.

ئەمن و فازلیش نەدەزانین کانی سۆفی ڕەشیدی لە کوێیە نەدەزانین دوور ونزیکی چەندە، هەر ئەوەندە کەس کەروێشکەکان نەخوا، پێمان چاکە و دەڵێین با خات مەرزێ بیانبا.

خات مەرزێ بەیانی گوێدرێژەکەی لە پشت دەرکەی حەسارێ بە جێدێڵێ و مەشکە دۆیەکەی لە کەرەکەی دادەگرێ و لە نێو گریانی مەدا بە جڕنیاو فڕنیاو بە یارمەتی دایکم کەروێشکەکان لە نێو تەلیسێکی دەهاوێ و دەیانبا و لەسەر کەرەکەی دایان دەنێ.

فازل دەڵێ:"خات مەرزێ کانی سۆفی ڕەشیدی دوورە؟"

ئەویش دەڵێ:"ئەرێوەڵا، بابم بە پێیان دوورە!"

فازل دیسان دەست دەکاتەوە بە گریانێ دەڵێ:"ئەدی دایە ئەنگۆ بۆ فریومان دەدەن. بۆ کوتت نزیکە دەتوانین پچین؟"

دایکیشم دیارە هەر هیچ تاقەتی گریان و ناڕەحەتی فازلی نێ دەڵێ:"وەڵا، بابم دوورنێ، بە سەری کاکە گیان دوورنێ، ئەوەندەی بایەکت لێ بێتەوە بۆنی دەرناچێ دەگەیە کانی سۆفی ڕەشیدی! خات مەرزێ گیان! منداڵەکان کەنگێ بێن سەری کەروێشکەکان بدەن ؟"

خات مەرزێ دەڵێ:"وەڵا, خۆ هەموو ڕۆژ ڕۆژی خولایە، کەیفی خۆتانە، بابم! هەر ڕۆژێکی بێن بە خێرێن!"

دایکم دەڵێ:"دە چاکە ڕۆڵە! بە قوربانت بم مەگری وەڵا، ئەوەتا ئەگە ئەمنیش لەبەر کاروکوێرەوەری نەتوانم پچم، لەگەڵ خات گوڵێ یا لەگەڵ زارای دەتاننێرم. بۆخۆشم پێمخۆشە پچم سەرێکی تەڵا خانمیش دەدەم، کۆنە دەستە خوشکین."

خات مەرزێ دەڵێ:"دە چاکە سەیدە چکۆڵە گیان مەگری! وەرە، ئەمن بۆخۆم خزمەتکارم، لەبەر دڵی تۆش کەروێشکەکانیش لەسەر چاوم دادەنێم، بابەکەم مەگری، بەو چاوە جوانانە، با چاوێشەی نەگری!"

###

ئەورۆ دێدە و دایکم و باجە زارا ئەمن و جەفعەر و فازلی دەبەن بۆ کانی سۆفی ڕەشیدی.

بە پشقەڵایەدا دەڕۆین، باجە زارا جەفعەری لە کۆڵ کردۆ. ئەمن و فازلیش لە خۆشی دیتنی کەروێشکەکان ماندوونین. بە سەر شاخ و بەرد و داریدا دەڕۆین، ئاوای ئەو دیوی شاخی دەبین. هەر دەڕۆین هەر ناگەینێ.

باجە زارا جەفعەری دەدا بە دێدەی. فازلی لە کۆڵ دەکا.

ئەمنیش دەڵێم:"کوا ئەوە نزیکە دایە؟"

دێدە دەڵێ:"ئەوە فرچکمان دەردێ، بۆ دایکت کوتی نزیکە؟"

دایکم دەڵێ:"جا دێدە گیان! پیاو قالبی ساغ بێ کوا دوورە؟ هەر وەکوو ماڵە مە و سەرخەزایی دەبێ یا سەر مەحمودکان."

دێدە دەڵێ:"ئا پێموانێ فەرقێکی وایان هەبێ، ڕەنگە هیندێک کانی سۆفی ڕەشدیدی دوورتر بێ."

دەگەینە نێو دێیەکەی، زۆر چکۆلەیە. خات مەرزێ و منداڵەکانی دێنە بەرەوپیرمان. یەکێک لە منداڵەکان دەچێ خەبەری هاتنمان بە تەڵا خانمێ ڕابگەیێنێ. ئەمەش بە پەلەین چاومان بە کەروێشکەکانمان پکەوێ، بەرهەڵبێنەکەی خات مەرزێ بەرنادەین.

کەروێشکەکان ساغ وسڵامەتن. هەر هەڵات هەڵاتیانە. فازل کەیفی سازە کەس نەیخواردوون. پیاوێک هاتۆ لە دوومان و دەمانباتە ماڵە تەڵا خانمێ.

قور وچڵپاوێکی زۆر لە نێو دێیەکەیدا. دەپەڕینەوە ئەوبەری، ماڵە تەڵا خانمێ دیارە. باڵەخانەیەکی زۆر جوانو خاوێنە وەکوو ماڵەکانی نێوشاریدەچێ. ژووری میوانانیش هەموو پاڵەوپشت و مەخەدەیە. تەڵا خانم زۆر ژنێکی خوێنشیرن و بەئیحترامە. سەروشەدەی لەسەرە و نۆکەروقەرەواشی هەیە. هەمووماں ماچدەکا و بە خێرهاتنمان دەکا و دوایەش دایکم و وان دادەنیشن قسان دەکەن. ئەمەش چاو کولێرەی قەرەپەپاغی دەخۆین و دەگەڵ قەرەواشەکەی دەچینە حەساری مریشکوکەڵەبابان.

پێش ئەوەی تاریک بێ دایکم دەڵێ:"دەبێ پرۆینەوە ماڵێ!"
تەڵا خانم دەڵێ:"هەر دەمێکی بێنە ئێرە، نەیەن لە من میوان بن دڵم دێشێ! چاوم ڕوون بۆوە، بە قوربانتانبم."
تێگڕا خوداحافیزێ دەکەین و وە ڕێ دەکەوین.
دایکم دەڵێ:"خات بەسێش جارێکی بێ لەگەلمان، ڕێگاکەی فێر دەبێ، ئەمە خۆ پێمان ناکرێ هەر لەو هاتوچۆیەیدا بین، دەکرێ منداڵەکان بێنێ چاویان بە کەروێشکەکانیان پکەوێ."
دێدە دەڵێ:"خاتبەسێ؟ خاتبەسێ لە نێو حەساریماڵێدا ون دەبێ، چۆن پیاو منداڵەکانی دەداتێ بیانهێنێتە ئەودەشت و سەحرایەی؟"

ژنەکان دوای نوێژی ئێوارێ بڵاوەی دەکەن.

###

هاوینە، کاکم و ژن و منداڵەکەی هاتوونەوە.
فازل و مینو لەگەل "ماسیگرەکەی" عەکسی دەکێشن. کاکە حەسیمش هاتۆ بیباتەوە قەراغ دەریاچەی ڕەزایەی، چونکە چاک چاک بۆتەوە و دەتوانێ هەڵفڕێ.

باجە هەتاویش دەرسی خەلاسبۆ و هاتۆتەوە. دێدە کەیفی زۆر سازە. ئەوەندەیە پێیناخۆشە پچێتە سەردەشتێ ببێتە معەلیم. هەتا وە بیری دێتەوە دەستدەکا بە گریانێ و بە باجە هەتاوێ هەڵکوتن. بە هەموان دڵخۆشی دەدەنەوە.
کاکم دەڵێ:"ئەوە کارێکی نێ، دێدە خۆت ناڕەحەت مەکە! بابم بە جورێکی کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکا دەگەڕێتەوە سابڵاغێ."

ئەورۆ بۆ نەهاریٚ کورەکان میهمانیانە. دایکم ودێدە سەروپێیان لێ ناوە لەگەڵ دۆکڵیوێکی زۆر خۆش.
باجە زیێد دەڵێ:"خۆ حیسان سەروپێی پخوا و دوایەش دۆکڵیوی پخوا دەقەڵشێ!"
دایکم دەڵێ:"نە بەو دۆکڵیوەی ڕۆڵە! جەرگ و دڵم بە پیوازی بۆ سوور کردۆتەوە بەسەرمداکردۆ، لەپە و لۆبیای سپیشم، تێکردۆ، هەر دەستی خۆتی پێوەدەخۆی.
هەتاو و گوڵزار و سەیزادە خەجیجیش قەرارە بێن بۆ نەهاریٚ.
سەیزادە خەجیج و ئەو کچەی من سەروپێیان پێ خۆش‌نێ، هەردووکیان لە دۆکڵیویان‌گری تێرنابن!"

دەنگی قاقاکێشان و پێکەنینی کاکە حەسەن و کاکم لە دەنگی هەموان چاکتر دێ. کاکە حوسێنیش جاری وایە ئەوەندە قاقایان لێ دەدا ڕەنگە دەنگی بگاتە مەیدانی مەنگوران!

کاک عەبدوڵا ئامۆزای بابمە، ئەویش لەگەڵ کاکە حەسەنی ڕەفیقە و بە کاکیشمەوە هاتۆ. لە قسان بابی کاک عەبدوڵای لە ژنە کوردەکەی، کاک عەبدوڵا و سەیزادە هاجەری هەیە، بەڵام بابی ژنێکی تورکیش دێنێ، لە ویش دوو کوروکچێکی دەبێ. بابی کاک عەبدوڵای کە عەمری خودای دەکا، ئەو سەغیرانەش بە سەر برای گەورە و خوشکی گەورەدا بە جێ دەمێنن.
کاک عەبدوڵا زۆر کەڵەگەت و کزە. چاووبرۆی ڕەشە و تووکی سەریشی چین چینە. دەم بە پێکەنینە و زۆر هێدی و لەسەرەخۆیە."

دوای نان‌وچای کورەکان هەموو دێن لە دایکم دەست خۆشانەی پکەن،
باجەهەتاو هەڵدێ خۆی دەشارێتەوە. لەچکەکەی سەری دێنێتە سەر نێوچاوانی.
باجەزیێد دەڵێ:"هەتاوخانم، خۆ ئەوانە هەموو کورە خاڵ وکورە مامی خۆتن لە کێ شەرمێ دەکەی کچێ دانیشە!"
ئەویش دەڵێ:"ئەیەڕۆ، نابێ بە خولای دانانیشم!"
دێدە دەڵێ:"بە قوربانت‌بم! هەر ئەوەندەی حەیا بە خۆیەتی، جاکوا دادەنیشێ؟"
دایکم دەڵێ:"خۆ هەتاو لەکن خاڵیشی قەت نەدادەنیشێ، نەهیچ دەخوا."
باجەزیێد دەڵێ:"کچێ، ئەتۆ خانمێکی تەحسیل‌کەردەی بۆ دەبێ وابی؟ کوا ئەلعان زەمانی ئەوشتانە ماوە؟"
دێدە دەڵێ:"پەح! لە کن هەتاوێ زەمانی ئەو شتانە هەر ماوە و هەر دەشمێنێ، کچ هەتا حەیای بە خۆی بێ باشە!"
باجەزیێد دەڵێ:"دێدە بۆ دەبێ هەتاو خانم لە خاڵی خۆی یا لە کورە خاڵەکانی خۆی پشارێتەوە؟ ئەوە کوا چاکە؟"
دێدە دەڵێ:"سەنگین وگرانی هەمیشە هەر باشە."
خات‌بەسێ دەڵێ:"لە لای مە ئەوەی پێی پشێی ڕووی لێ‌دەگری."
باجەزیێد دەڵێ:"ئەوە یانی‌چی؟"
دێدە دەڵێ:"یانی ئەگە سەرو ڕووی خۆت لە لای برا و بابت دانەپۆشی قەیدێ ناکا، بەڵام پیاوی غەریبە و جیران و هەتا ئامۆزاش، بۆ وەی بە شەرع دەکرێ بە وانە مێردێ پکەی، دەبێ ڕوویان لێ‌بگری."

###

کاکە مەزهەر سێ چوار گوڵ و شتی لە تارانێرا هێناوە لە نێو گوڵدانانی ناوە.
بە دایکم دەڵێ هەتا گەرمە دەکرێ لە دەرێ بن، بەڵام پێش وەی سەرما لێیان دا دەبێ گوڵدانەکان وە ژوورێ نێن.
یەکیان نێوی فیکوسە. هەر گەڵای زەلام زەلامە. ئەوانی دی نێویان کاکتوسە. هەموو گیانیان دڕوو ودالە.
کاکە مەزهەر دەڵێ:"زۆر گەورە دەبن! گوڵیش دەکەن، گەرماشیان پێخۆشە و ئاودانێکی واشیان ناوێ. هەتا لەبەر تاوێیان دانێی کەیفیان سازترە."
بە دایکم دەڵێ:"ئەوەی گەڵاکانیان پانترە فارسان نێویان ناوە زبانی مادەر شەوهەر (زبان مادر شوهر)"
دایکیشم زۆر پێدەکەنێ و دەڵێ:"ئەدی، ڕۆڵە گیان خۆ مادەر شەوهەری ئەوەندە خەراپ هەیە، ئەرێوەڵا، ئاوا زمانی پڕ لە دڕوو ودالە، جا چم پێ دەڵێی؟ ئەوە زۆر نێوێکی چاکە بۆ ئەو خەسووانەی لەگەڵ بووکەکەیان خەراپن!"
کاکە مەزهەر بە پێکەنینەوە دەڵێ:"جا دایە ئەوەی سەیرە وەکوو حیسانی کە دەستی دەپڕێ، دوایە برینەکە خۆی دەگرێتەوە، ئەو زبانی مادەر شەوهەرەش ئەگە بریندار بێ، لەت بێ یا  کون کرێ، خۆی دەگرێتەوە، گەڵا و گوڵ و شتی دی، ئەگە زەدەدار بوون، زووتر، زەرد دەبن و ئیشک دەبن، کاکتوس وانیێ!"
فازل دەڵێ:"کاکە مەزهەر! یانی ئەگە ئەمن شتێکی بنووسم لە کوتە کاغەزێکی، لە نێو قەڵشتێکی ئەو گەڵایانەی نێم، دوایە گەڵاکە پێکەوە دەنووسێتەوە؟"
دەڵێ:"بەڵێ! هەتا  کاکتوسەکەش تەواو نەڕزێ، هەر لەوەیدا دەمێنێ!"
فازل دەڵێ:"ئەگە وابێ دەکرێ شتێکی بنووسم لە وێی نێین؟!"
ئەویش دەڵێ:"ئا! ڕۆ بینووسە، ئەمنیش بە چەقۆی نەختێکی لە گەڵایەکیان دەبڕم ئەتۆش کاغەزەکەتی، تێنێ."
فازل بە کەس ناڵێ چێ نووسیوە.
دوو بە دوو کاغەزەکەی لە نێو کاکتوسەکەی دەنێن.
کاکە مەزهەر دەڵێ:"ئەگە کەس دەستی لێ نەدا بە چەند ڕۆژان خۆی دەگرێتەوە."

###

ئەورۆ خاتو ئامین و خات بەسێ، هەموو ژووروبانی "ماڵە خۆمان" دەبێ خاوێن کەنەوە، حەسارو دەرکوبانی گەسک لێدەن و پشۆنەوە، بۆ وەی ماڵەکەی سینەمایان هەیە  دەگوێزنەوە.
بابم دەڵێ:"پیاوەکە زۆر نەجیب و بە ئیحترامە، ژنەکەشی کوردە، خەڵکی سنەیە."
فازل دەڵێ:"سینەما ئومێدیان هەیە؟!"
بابم دەڵێ:"ئەدی! هەر بە نێوی خۆشی کردۆ و نێوی ئاغای ئومێدێ. لە قسان پێنج شەش منداڵیشی هەیە."
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی دەبێ پێیان ڕاگەیێنی، بۆ نەهاری ڕۆژی ماڵ گوێستنەوەی هەموویان بێنە ئێرە، با میوانی مە بن. ئەمەش نانوکێشتێکی زۆر و جوانیان بۆ سازدەکەین."
بابم دەڵێ:"وەڵا، زۆر فیکرێکی باشە! بەڵام لازمیش نێ ئەتۆ خۆت تووشی گێرە وکێشەی زۆر پکەی، ئەگە پێتناکرێ، دیارە ئەوان فیکری لە حاڵی خۆیان دەکەنەوە."

دایکم دەڵێ:"نا!
غریب آشنا باش و سیاح دوست         که سیاح جلاب نام نکوست
ئەوانە غەریبن و دێنە خانووی خۆمان، دەبنە جیران. حورمەتیان واجبە."

پاش نیوەڕۆیە ئامۆژنە مەلازادە دێ. دایکم و ئامۆژنم دانیشتون قسان دەکەن و چای دەخۆنەوە. یەکێک لە دەرکەیدا. ئەمن دەچم دەیکەمەوە. ژنێکی کز و باریکە بە لیباسی سنەیێوە، چارشێوی بە سەرەوە. کچێکی جحێڵیشی لەگەلە، بە لیباسی عەجەمێوە. کەوشی کچەکەی ئاڵقەزوونەی هەیە و پانێکەشی
نەختێک بڵیندە. دامەنی ڕەشی لەگەڵ بلۆز و ژاکەتی زەرد لە بەردایە. یەکی کیفێکیشیان بە دەستەوە.

دوای سڵاو و چاکوخۆشیێ ژنەکە دەڵێ بۆ پێنجشەمۆیە دەگوێزنەوە، هاتوون دوو سێ ڕۆژ پێشەکی، قورعان و ئاوێنەی لە ماڵەکەی دابنێن.
ئەوان لەو قسانەدان، دایکم بە دوای مندا هاتۆتە بەردەرکەی، چاکوخۆشیێ لەگەڵ دەکەن.
دایکم دەڵێ:"ئیدی ئەوە ماڵە خۆتانە، دەبێ بۆ نەهاری بێنە ئێرە، زۆرمان پێخۆش دەبێ.
ئەمە هەمووومان هەر خانۆ قەدیمێکەمان پێخۆشە، ئەنگۆی تێدابن وەک وەیە ماڵە خوشکی خۆمی تێدابێ هەر وە نازانم بە کرێش دراوە."
دوایە هەرچی حەولێ دە دا نایەنە ژووری.

ئەو پیاوانەی سازمانیش لەسەر پەنجەرەکەیانەوە گوێیان لە هەموو شتێکی هەیە. دیارە قەت قسەیەکی بە کار بێ لەنێو دەرکەی ناکوترێ. ماڵە
ئاغای ئومێدی کە ڕۆیشتن، لەگەڵ دایکم هاتینەوە ژووری.
دایکم بە ئامۆژنم دەڵێ:"وێ دەچێ زۆر ژنێکی چاک و بە ماریفەت بێ."
دوایەش هەموو نەقڵی ماڵ گوێستنەوەکەی بۆ ئامۆژنم دەگێڕێتەوە.

بە دوای وەیدا دەگەڕێنەوە سەر باسی شایی کاکە حەسەنی.
دایکم دەڵێ:"نیگەرانی جێوڕێی مەبە، براژن گیان! لە حەساری ماڵە ئەردەڵانیدا شاییە دەکەین.
نانوکێشت و شتیش هەر بۆخۆمان جێبەجێی دەکەین."
چونکە ماڵە مامم چوونە تارانێ، بووک و کاکە حەسەنیش دوای شاییێ دەچنە وێ.

ئامۆژنم دەڵێ:"ئیدی براژن گیان! خۆ ڕاوتەگبیری حەسەنی بە مە نەبۆ، بۆخۆی دیتویەتەوە بۆخۆی پەسەندی کردۆ، دەنا خەجیج لە شاییان و مەجلیسان دیتوویەتی، دەڵێ هەر فڕی بە دنیایەوە نێ، شێتوشورە، ئەوە کەنگێ بۆ ژنی ماڵان دەبێ؟!"
دایکم دەڵێ:"براژن گیان! زۆر منداڵکارە حەڤدە هەژدە ساڵە، چاک دەبێ، فێر دەبێ، خۆ ئەمەش کە هاتووینە ماڵە مێردی هیچمان نەدەزانی؟"
ئامۆژنم دەڵێ:"ئەیەڕۆ چۆن شتی وا دەڵێی؟ ئەمە خۆ ئاوا بەڕەڵا و حەڕەڵا نەبووین بە خولای هەموو کاری ماڵێ لە ئەستۆی خۆم بوو. خوشکیشم مێردی کرد بوو ڕۆی بوو، مەشکە ژاندن و ماڵ خاوێن کردنەوە و کێشت لێنان و میوان بەڕێ کردن هەر لە ئەستۆی بووم. سەرباقی وەش تەون و تەشی و گۆرەوی میرزایی و ئەوەم دەکرد."

دایکم دەڵێ:"نیگەران مەبە!، براژن گیان! هەر ئەوە چاکترە لە وەی کوڕە بە دڵی خۆی نەبێ. چاک یا خەراپ بۆخۆی هەڵیبژاردۆ، ناتوانێ ئەتۆ پیاوخەراپ کا. ئەوان دوو بە دوو پێکەوە چاک بن، پێکەوە بسازێن، دەنا خۆ بۆ مە ژنێ ناهێنن!
ئەمن لەگەڵ خۆم شەرتم ئەوەیە کوڕەکان هەر ئەوەندە بە میوانی، مانگێک دوو مانگان لە وەختی ژن گوێستنەوەدا بێنەوە لێرە بن، ژنیان بۆ هات پڕۆنە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، پێم چاک نیێ لەگەڵ بووکی لە ماڵێکیدا بم، پڕۆن، بە خودایان دەسپێرم، چاک بن، خەراپ بن، کەیفی خۆیانە. ئەمن بۆ خۆم تووشی گێرە وکێشەی کوڕ و بووکی پکەم؟ جا بۆیەش، دەڵێم هەر کەسێکی دەیهێنن با بیهێنن، کەیفی خۆیانە، مامۆستا مۆشەش بێ، دەبی بە دڵێ خۆیان بێ.
ئەتۆ بۆخۆت دەزانی براژن گیان، خەسوو و دش و سۆرە وتۆرە زوخاویان بە گەروی مەدا کرد، خۆ ئەمە نابێ وەکوو وان پکەین!"
ئامۆژنم دەڵێ:"ئەمن هەر لەگەڵیان دەبم، خۆ ئەمن و حوسێن ناچین ماڵێ بە جوێ دابنێین، دیارە هەمووماں هەر لە ماڵێکیدا دەبین، هەتا حوسێن بە ماڵوحاڵ نەبێ خۆ ئەویش ناکرێ هەر وا بەجێی هێڵم بە هەوای بووکێ!"

بابم لە بازاڕی هاتۆتەوە. ئامۆژنم هەڵدەستێ بەرەو ماڵ دەبێتەوە.

###

ئەورۆ ڕۆژی ماڵ گوێستنەوەی ماڵە ئاغای ئومێدێ.
دێدە هەر دێودەچێ دەڵێ:"ئەو ژنە چەندە سەیرە! ئێستا ئەتۆ ئەو کاروکوێرەوەرێت بۆ تووشی خۆت کردۆ، چڵاوپڵاوی بۆ، بۆ کرێگرتەی لێ دەنێی بۆخاتری خودای؟! بەو کارانەت خۆ هەر بۆخۆت گێچەڵی دروست ناکەی، ئەمەش هەموو تووشی کێشەی دەکەی!"

دایکم باجە زارا و خاتزارا و مرێم خانمی کچی خاڵێشمی هێناوەتە یاریدەی خۆی. سفرە و نانیان لە سەرێ بۆ پیاوەکان ڕازاندۆتەوە، لە خوارێش بۆ ژنومنداڵەکان.

دایکم دەڵێ تاتوسا زۆر شیرن و لەبەر دڵانە. هەموو منداڵەکان زۆر بە عەدەب و لەسەرەخۆن. کچە نێونجێکە، فەریبا سەری زەرد زەردە. دایکی دەڵێ کچەکان دەچنە مەدرەسەی شەهناز، هەر ئەوەی ئەمن قەرارە پچم.
ڕەنگە ببینە هاوکلاس. زۆرخۆشە لەو بنەوپاڵەیەوە ڕەفیقم بۆ پەیدا بۆ، ڕەنگە بکرێ پێکەوەش پڕۆینەوە مەدرەسەی. ئاتوسا زۆر سەر وروو خۆشە، فەریبا زۆر کەم قسەیە. شەهلاش زۆر چکۆڵەیە.

ئەو نەهار خواردنە، زۆر وەکوو میوانی ناچێ چونکە بە پەلە پەل نانی دەخۆن و دەچنە حەساری ئەودیوی.

دایکم بە باجە زارایدا کاڵەک و تڕییان بۆ دەنێرێ. بۆ وەی میوانەکان، دوای نانی، کوتیان زۆریان خواردۆ و هیچیان پێ ناخورێ.

ئاتوسا لە من دەپرسێ:"پێت خۆشە لەگەڵە مە بێی؟"

دەڵێم:"پێمروانیێ دایکم بێڵێ!"
دەڵێ:"نابابە! بۆ؟ ئەمن بۆخۆم پێیدەڵێم."
بە پێکەنینەوە دەڵێ:"خۆ هیچ کوروشتمان نیێ!"
لەگەڵ وەشدا ڕوو لە دایکم دەکا و دەڵێ:"سەیزادە خانم! خاهیش دەکەم ئیجازەی نەفیسەی بدەن بێ بۆ ماڵە مە!"
دایکم دەڵێ:"چوزانم بابەکەم! جا دێ چ دەکا؟ ئەنگۆ کاروبارتان زۆرە."
ئاتوسا دەڵێ:"کارمان لەگەڵ دەکا!"
دایکم دەڵێ:"با تاوێکی بێ بۆلاتان، باشە."

بن دارەمێوەکان بۆتە ماڵە کەسێکی دی. دێدە ئیدی نایا گەڵای جوان و تازە بۆ دۆڵمەی لێ کاتەوە. خەلیلێکانی بابم ئەوەندەی پێخۆش بوو، ئەوانە لێی دەکەنەوە. گوڵە سوورە جوانەکەی بابم گەورەتر و جوانتر بۆ بەڵام بابیشم ئیدی نایا لق وپۆپی پکا و ئاوی بدا و بۆنیان پێوەکا.
بە پلیکانەکاندا دەچینە سەرێ، دەمەوێ دەست پکەم بە گریانێ. لە نیوەی پلیکانەکان دادەنیشم ناتوانم چیدی بەرەو ژوور پچم.
ئاتوسا بە پێکەنینەوە دەڵێ:"دەستت بگرم!؟"
ئەگە ئاتوسا لە نێو دڵی مندابا، لە جیاتی من بۆخۆی دەستی بە گریانێ دەکرد، بۆ وەی نازانێ چۆن هەموو ڕۆژێ دێم، لەسەر ئەو پلیکانانە دادەنیشم و بۆخۆم گۆرانیان دەڵێم،
چۆن دێم گوێ دەدەمە دەنگی خۆشی تەقە تەقی دندووکی حاجیلەگلەگەکان. چۆن شەقە شەقی دوکانی جۆڵای لە گوێمدا خۆشترە لە دەنگی ساز و ئاوازێکی خۆش.

ئاتوسا نازانێ ئەو پەنجەرەی لە ژوورە چکۆڵەکەیدا و دەڕوانێتە سەر مزگەوتی بازاڕ و کوچە و دوکانەکان و حەمامی پووتی و مزگەوتی عەجەمان بۆ من وەک پەنجەرەی نیێ بەڵکو وەکوو هەر دووک چاومە کە دنیای پێ دەبینم، ئەو ماڵە کە بار کرا، ئەو پەنجەرەم لێ داخرا. دەڵێی ڕووناکی لە چاوم پڕاوە، ئەو شتانەی هەمیشە لەبەر چاوم بوون، ئیدی نایانبینم. دەڵێی گوێچکەکانم کەڕبوون، بۆیە ئیدی دەنگی حاجیلەگلەگەکانم گوێ لێنابێ.

هەناسەیەکی قووڵ و سارد هەڵدەکێشم. ئاتوسا ئەمنی بردۆتە نێو "ژووری کورەکان." لە جیاتی کاکە جەمیل و کاکە مەزهەر و کاکە ئەمیری، کێ لێرە دەنوێ؟ کێ بە پەنجەرەکەیدا دەچێتە سەربانی ترێی لێ کاتەوە؟ لە بن ئەو دارەی لە جیاتی باجە ئامینێ کێ قەندی دەشکێنێ و حیقایەتان بۆ فازلی دەڵێ؟

وا دیارە ئەمن هیچی دی تاقەتم نەماوە و دەستم کردۆ بە گریانێ. دەبینم هەموو لێم خڕ بوونەوە، ئاویان بۆ هێناوم.
گوێم لێیە ئاتوسا دەڵێ:"بە گیانی ئەو شەهلایەی، بە مەرگی بابم، ئەمن هیچم نەکوتۆ قسەمان دەکرد. لەپڕرا دەستی کرد بە گریانێ."

هەموو دڵخۆشیم دەدەنەوە. کێ بە ڕاستی هەتا ئێستا توانیوێتی ئەوەی دە دڵیدا، بە قسە بیڵێ؟ ئەوە ئەمن هاتوو پێشم کوتن بۆ دەگریم. لە دڵ خۆیاندا پێیانوا دەبێ ئەمن شێتم کە بۆ تەقە تەقی دندووکی حاجیلەگلەگ و قڕە قڕی بۆقی چۆمی

سابڵاغێ و وەڕە وەڕی سەگەکانی سەربانی قەیسەری و فیتەفیتی ئاژانەکان دەگریم.
به دەستم فرمێسکەکانم دەسترمەوە. قومێک ئاوی دەخۆمەوە، بە دایکی ئاتوسای کە زۆر نیگەرانە، دەڵێم خەتای کەس نیێ، هەر بۆخۆم ناڕەحەت بووم.
دوایەش بە مدبەقێدا دەچمەوە ماڵێ. ئاتوسا دەڵێ:"تۆخولاّ هەر وەختێکی پێتخۆش بوو وەرە سەرمان بدە. ئێرە هەر ماڵە خۆتانە."

###

دایکم و دێدە لیباسی جوان و تازەیان لەبەر کردۆ، ئەمن و فازلیش لەگەڵ خۆیان دەبەن.
دێدە دەڵێ هەر بە بەر ماڵە خەجیجێوە هەڵدەکشێن مرێم و شێخزادەش قەرار وایە هەر بێنە وێ، براژنە مەلازادە و ژنی سەید حەمەدەمین و هاجەریش هەموو لە گەڕەکێکین، یەکتری لە ماڵە کاکم دەگرنەوە و جا دێن بۆ ماڵە خەجیجێ."

کە دەگەینە ماڵە باجە خەجیجێ زۆربەی ژنەکان هاتوون. باجە زاراش لە وێیە. ئەویش لیباسی جوان و خاوێنی لەبەر کردۆ، باجە خەجیجیش چەمەدانێکی بۆ بووکێ تێکناوە، پارچەی زۆر جوان و شیرنیاتی تێدایە.
زێڕ و ئەنگوستیلە و ئاڵقە بۆ قامکی بووکێش باجە خەجیج لە کیفێکی دا لە گیرفانی خۆی ناوە هەتا ون نەبن.

هەموو بە دۆعا کردن وە ڕێ دەکەون، باجە زارا وە پێش کەوتۆ.
باجە خەجیج بە دایکم و دێدەی دەڵێ:"خودا هەڵناگرێ، هەتا ئێستا لەگەڵمان زۆر بە جوانی پێکهاتوون. جا ئیدی بزانین! خودا بۆخۆی دەزانێ کێ بە قسمەتی کێ دەبێ."
لە کوچەیەکی پان وبەرین دەچینە سەر. هەر دەڕۆین، زۆر دەڕۆین.
باجە زارا دەڵێ:"فرچکیشمان دەردێ! ئەیەڕۆ ئەوە لە شاری چوونە دەرێ؟"
چەمەدانەکەی خۆش خۆش ئەو دەست و ئەو دەست پێدەکا، دەڵێ:"یەکسەر چوونە سەهۆڵخانەی!"

دەگەینە بەردەرکەی، ئاواڵەیە، کە چاویان بە مە دەکەوێ، یەک بە دوای یەکێدا دێنە حەسارێ. لە سێ چوار پلیکانان وە سەر دەکەوین، دەچینە نێو ژوورێکی گەورە. پاڵەوپشتیان لە دەوری دیواری داناوە. پاش ماوەیەکی زۆر چاکوخۆشی کردن
"فەرموو لێرە دانیشە" و
"بە خولای نابێ و دەبێ لێرە دانیشی" و
"ئەیەڕۆ خەجاڵەتمان مەکە دەبێ وە سەرەوە کەوی" و
"بە خولای ئەمن وە سەرەوەی تۆ ناکەوم"،
کە بەینی ژنەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێ، هەموو دادەنیشن.

دایکی بووکێ نێوی زارا خانمە. هەمومان بەخێرهاتن دەکا.
زۆریش بە دایکم و شێخزادە خانمی دەڵێ:"گەورەتان کردووین، زۆر بەخێر هاتوون سەرچاومان."

دوایە باس دەچێتە سەر ئەوەی چۆن ئەو زەمانەی کچیش و کوریش دەبێ یەکتریان پێ چاک بێ و دڵیان یەکتری بگرێ.
زارا خانم دەڵێ:"ئەمە قەت زۆری لە منداڵەکانمان ناکەین، بە ئیشتیای خۆیان، داواکار بێ، بڵێن مێردی ناکەن، بە خوڵای کوری شاش بێ، بابیان هەردەڵێ:چاکە ڕۆڵە، مێردی پێناکەی مەیکە!"
دایکم دەڵێ:"لە هەمووی چاکتر هەر ئەوەیە. خوداش هەڵناگرێ بە زۆری کچی بە مێرد بدەی یا بە نابەدڵی ژنی بۆ کوڕت بێنی."
بووک لە نێوان دوو خوشکی گەورەتر لە خۆی دانیشتۆ هەر پێشدەکەنێ. ئەوەی کە دەڵێن زۆر منداڵە، دیارە. زۆر جوانە. قەد بڵیندە، زۆر باریکە. لیباسی کوردی لەبەردایە.
ئامۆژنە مەلازادە دەڵێ:"ئەرێوەڵا، بە خوڵای نە کوڕ جوابی دایک وبابی دەداتەوە، نە کچ، ئەو زەمانەی، چاک یا خەراپ بە کەیفی خۆیان دەکەن!"
زەری خانم دەڵێ:"ئیشەڵا هەر مەبارەک بادی دەوێ سەد شوکور! ئەلحەمدو لیلا کە کچە بە کورەی ڕازێ و کورەش بە کچەی. خودا مەبارەکی کا، ئیشەڵا خوشبەخت بن."
زەری خانم ژنی دوەمی بابی بوکێیە و عەجەمە.
شێخزادە خانم دەڵێ:"خۆ بەخوا هەر وا باشترە، ئەیی تۆخوا، زوڵم نێ لە کچی ئەکرێ، بە زۆر ئەیدەن بە شوو؟! توخوا بالا چن!"

دوایە چا و شیرنی و میوەی دێنن و هەموو خەریکی خواردنێ دەبن. لە دوای ماوەیەکی باجە خەجیج زێرەکان دەردێنێ و دەست بە دەست لەنێو مەجلیسەکەیدا دەگەڕێ، هەموو ژنەکان چاو لە زێرەکان دەکەن و ئەوەی دەگاتە دەستی دەڵێ:"یا خوڵا مەبارەکیان بێ، ئیشەڵا پەشیمانێ نەکێشن."
دوای زێرەکان، لیباسەکانیش لە چەمەدانەکەی دەردێنن و هەموو شتێکی لە نێوەڕاستی ژوورێ دادەنێن.

لە شێخزادە خانمێرا کە لە سەرەوەی هەموان لە پەنا دایکم دانیشتۆ، دەست دەکەن بە ماچ کردنی بووکێ و دەڵێن ئیشەڵا پەشیمانی نەکێشێ، لەبەر بەختی خۆی پحەسێتەوە، هەتا ئەوانەی لەبەر دەرکەی دانیشتون.

زارا خانم دەست دەکا بە گریانێ، دەسرەیەکی لە گیرفانی کەواکەی دەردێنێ، ژنەکان هەموو دڵخۆشی دەدەنەوە.
دایکم دەڵێ:"بابەکەم، خۆت ناڕەحەت مەکە! بە خوڵای، حەسەن، خۆ خوڵا عەمەدرێژی کا، هەموو شارەکە دەیناسێ، هیچ لازم نێ ئەمن تەعریفی پکەم. خودا دەوامی عەمری بدا، بۆ من وەکوو مەسعودی کورم وایە، ئاغا سەید وەڵاهی نازانم کاکە حەسەن گیانی زۆرتر خۆش دەوێ یا مەسعود.
هەتا بڵێی، بە ئیحترام و قسە خۆش و سەخی تەبع و وەکوو ئەو بووکە جوانەی دەم بە پیکەنین و لەبەر دڵانە. نیگەران مەبە بە قوربان! هەر مەبارەکیان بێ، ئیشەڵا خۆشبەخت بن، پێکەوە پیروخەرۆبن!"
هەموو ژنەکان بە دوای دایکمدا باسی چاکی کاکە حەسەنی دەکەن.
زارا خانم بە زەحمەت هەناسەی دێتەوە بەرخۆی دەڵێ:"بە ناشکوری ناڵیم ئەوە خوشک نیشانە دەکرێ،"
بە گریانەوە، بە زەحمەت دەڵێ:"برای گەورە هەر لە مالیش نێ. براژنیشی چۆ سەری دایک و کەسوکاری بدا، چۆتەوە سیاقۆڵێ."

دایکم دەڵێ:"بە قوربانت بم، مەگری! دوعای بەخێر بۆ کاکە گیانی پکە! خودا ئاگاداری بێ لەو شاخ و هەندەرانە، حەزرەتی جەبرەئیل باڵی ڕەحمەتی بەسەر پکێشێ، جا دەڵێی چی؟ ئەوە وا هاتۆ. هەر خودا مەحفوزی کا لەگەڵ ڕۆڵەی موسڵمانان."
ئامۆژنە کەژاڵیش بە گریانەوە خۆی ڕادەژێنێ و دەڵێ:"دایکم ڕەبی بە کورت شادوشوکور بێوە! یا خودا دۆستت شاد بێ و دوژمنت کوێر بێ، بۆ خاتری ئەو سەروەرەی ماڵی لە بەغدایە، ڕووناکایی پکەوێتەوە ئەو ماڵەی، کاکی ڕێگای دوورمان بۆ بێتەوە."
لێرەشدا ئامۆژنم فرمێسکەکانی دێتە خوارێ.

دێدە هەمیشە دەڵێ ئامۆژنە کەژاڵ دڵ بریندارە، برای جوانە مەرگ بۆ، هەرشتێکی بێ، خۆشی بێ یا ناخۆشی چینێک هەر دەگری.
دەڵێ:"ڕۆڵە! باوەلە، باوێکی بەسە. ئەوەی دڵی بریندارە بە غەمی جوانە مەرگان، خۆ قەت قەت برینی دەرمان ناکرێ هەتا دەمرێ."
دێدە بە قونیچکی دەسماڵەکەی چاوی ئیشک دەکاتەوە. هەناسەیەکی قووڵ هەلدەکێشێ و دەڵێ:"ئەی فەلەک!"
دەزانم وە بیر پوورە مەعسومێ کەوتۆتەوە.

لە پێش ئەوەیدا پرۆین هەموو بووکێ ماچ دەکەن. هەموو دۆعای بۆ دەکەن خۆشبەخت بێ.
زارا خانم بە گریانەوە دەڵێ:"سەیزادە خانم! ئیدی ئەوە ئەمن سەرگوڵی دەدەمە دەست تۆ، لە پێشدا ئەو خوڵایە،" سەری هەڵدێنێ چاو لە عاسمانێ دەکا، "دوایەش ئەتۆ ئاگات لێ بێ!"
بە دەسرەکەی فرمێسکەکانی ئیشک دەکاتەوە.
دایکم دەڵێ:"بە قوربانت بم، بابەکەم! سەرگوڵ عەزیزی منە، کچی منە، تۆخوڵا خۆت ناڕەحەت مەکە، بە خودایان بسپێرە! کەسی هەموو کەس هەر خودایە، سەگی وەکوو من بە ناشکوری ناڵێم چی لە دەست دێ؟"
ئامۆژنە کەژاڵ دەڵێ:"بە خوڵای بابم زۆر چاک دەبن، بە کەیفی دۆستان دەبن جا دڵی خۆشت لە خۆڕا تەنگ مەکە!"

لە گەڕانەوەیدا بە کوچەی ماڵە ئاغای فەیزیزادەیدا دەگەڕێینەوە. لە ژنەکان دێدە و دایکم و باجە خەجیج و ئامۆژنە کەژاڵ و ئامۆژنە مەلازادە دێنە ژوورێ بە دەردی دێدە دەڵێ بۆ قەنەکێشێکی.
کاکە جەمیل لە ژوورێ دانیشتۆ ڕادیۆکەی لە پەنایەتی، ڕۆژنامەی بە دەستەوە، چایەکیشی لەبەر دەمێ.

زۆر بە کەیف و خۆشیێوە دەڵێ:"دەی؟!"
چاو لە ژنەکان دەکا... "چ بوو؟ چۆن بوو؟"
دایکم دەڵێ:"زۆر چاک بوو ڕۆڵە، جا چۆن دەبێ؟"
ئامۆژنە مەلازادە دەڵێ:"بووکی شێتوشور، هەر قرپتە قریتێتی!"
ئامۆژنە کەژاڵ دەڵێ:"ئاخە بە قوربان منداڵە، بە خوڵای تازە دەگاتێ. دەڵێی زێرە، زۆر جوانە، سپیلکەڵە، دەڵێی بەفری سەرانە، ئەو گەردنەی دەڵێی بیزایە، خوێنشیرن، کەڵەگەت، چاو و برۆ جوان، کچێ! وەڵاهی هەموویان هەر جوانن، ئەمن بەرەی

ژنە عەجەمێم نەدیووە، بە خوڵای منداڵی زارا خانمێ هەموو دەڵێی زێڕن بابم هەر مەبارەک بادی دەوێ وەڵا!"
دایکم دەڵێ:"خۆ وەڵا منداڵی زەری خانمیش، هەر هەموو جوان چاکن."

ژنەکان پاش ماوەیەکی کورت بڵاوەی دەکەن. دایکم باسی زارا خانمێ دەگێڕێتەوە بۆ کاکە جەمیلی.
کاکە جەمیل دەڵێ:"ساواک دایمە عەزێتیان دەکا و چاوی بەسەریانەوە. بۆ کوێ دەچن، لەگەڵ کێ هاتوچۆیە دەکەن. دەبێ وشیار بن."
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە وشیاری چ بن؟ ئەوە بە عالەم ئاشکرا کوریان لە شاخێ. خۆ شتێک نێ بیشارنەوە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"مەنزورم ئەوەیە کە لە مەجلیس و شتی ژنان و پیاوان سیخوڕیان هەیە. سیخوڕی وا کە هەر شکێ ناکەی!"
دەڵێم:"کاکە جەمیل سیخوڕ یانی چی؟"
دەڵێ:"جاسوس!"، "جاش!"،"خۆفروش!"
دایکم ڕوو لە سازمانی دەکا و دەڵێ:"یاخودا بۆخۆت وێرانیکەی بەسەریاندا!"
دێدە دەڵێ:"ڕەبی خاپور کرێ، ئەوەی منداڵی خەڵکی تووشی گرتن و ئازار و زیندان دەکا، ماڵوێران بێ، قەت بۆ نەوێری لە نێو مەجلیسێکیدا قسان پکەی؟"
دایکم دەڵێ:"نە هەر لە مەجلیسان، لە نێو ماڵە خۆشتدا بێ، دەبێ وشیار بی، بزانی کێ لە دەور وبەرتە، دەنا هەر وەک جەمیل گیان دەڵێ، جاسوسی ساواکی لە نێو ژن و پیاویدا هەیە."

دێدە و دایکم و کاکە جەمیل هەتا نزیک بانگی شێوان هەر باسی بووکێ دەکەن.
بابم لە دەرکەی وە ژوور دەکەوێ.
دایکم دەڵێ:"بووک شکور نیشانە کرا. جا ئەوچەل پیاوەکان دەبێ پرۆن بۆ مارە کردنێ."
بابم دەڵێ:"ئەویش قەرارە ئێوارێی ڕۆژی پێنجشەمۆیە پیاوەکان لێرە کۆ بنەوە و پچینە مارە کردنێ."
دایکم دەڵێ:"هەر لێرەش نانوکێشتی سازدەکەین، پیاوەکان بانانوچای پخۆن، جا پرۆن."
دێدە دەڵێ:"ئەو ژنە، سەری نایەشێ پرێسکەی تێ دەبەستێ! دە بڵێ ئەتۆ بۆ ئەو گێرە وکێشەی بۆخۆت دەکڕی!"
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ چۆن دێدە گیان! جا ئەگە ئەمن خۆم تووشی کێشەی نەکەم بۆ کاکە حەسەن گیان، ئەدی کێ بیکا؟"

###

ئەورۆ ئەوەڵی میهرێیە.
ئەمن دەچمە مەدرەسەیەکی تازە. نێوی شەهنازە و نزیک چۆمی لە خەیابانی شێر وخورشیدێدایە. لە خۆشیان زۆر زوو هەستاوم هەتا خۆم حازر کەم.
شتومەکەکەم لە خەڵوەتێ دێنمە دەرێ، سێرێ تازەکەم ڕەشە، کەوشە سوورەکانم ئاڵقەزوونەدارن و بابم بۆی لە دوکانی وەستا ئەحمەدی کڕیوم.
کاکە مەزهەریش ئێخە و گۆرەوی و کەمەربەندی سپی لە دوکانی مەجیدی کەریمی بۆ هێناومەوە.

دایکم دەڵی:"ئەتۆ کچێ ئەوە بۆ خۆت سازدەکەی؟ نانێک، چایەک، شتێکی پخۆ! خۆ بە زگی بەتاڵ بە بەر ئەو چۆم و ئاوەیدا ناڕۆی."
ئەمنیش دەڵێم:"هیچناخۆم برسیم نێ."، کەوچکێکیش ڕۆنماسی هەردەبێ پخۆی!"

قەرار وایە کاکە مادح کە دەچێتەوە مەدرەسەی خۆی، ئەمنیش یەک دووروۆژان هەتا بەردەرکی مەدرەسەی بەرێ هەتا فێر دەبم بۆخۆم بێم و پچم. دەبیرستانی خۆی (محەمەد ڕەزاشا) هەر لەسەرەوەی مەدرەسەکەی منە.

جەفعەر وفازلیش بە مەیدانی ئاسینگەراندا دەڕۆنەوە مەدرەسەی پەهلەوی لە کوچەی جوولەکان.
لە ڕێگایە کاکە مادح زۆر بە پەلەپەل دەڕوا. هەر وەکوو ڕەپێی‌بنێین. ئەمن زۆر وە دوا کەوتووم. هەرچی ئەمنیش پێ‌هەڵدێنم نایگەمەوە.
دەڵێ:"ڕزیو، دەڵێی مردووی، پرۆ! ئەوە چ ڕۆیشتنێکە؟"

مەدرەسەکە زۆر لە ماڵە مە دوورە. هیچی وای نەماوە بگەینە شێروخورشیدێ. لە بەر دەرکەیەکی گەورە بەجێم دێڵێ دەڵێ:"ئەوەتا! دەرکە ئاواڵەیە!"
بۆخۆشی دەڕوا.
ئەمن لە دوو سێ پلیکانان دەچمە سەر، دەگەمە پێشخانەیەکی دوور ودرێژ. پێشخانەکەش دەرکەیەکی زۆری تێدایە، یەکێک لەو دەرکانە دەڕوانێتە سەر حەسارەکەی، دەچم بۆ لای وێ، پڕە لە کچ، دێن و دەچن قوماران دەکەن.
ئەمنیش کەس ناناسم بە خۆم و بەکیفی مەدرەسەمەوە لە قونینچکێکی لەبەر تاوێ ڕادەوەستم و چاو لە منداڵان دەپڕم بزانم فەریبا لە نێویان دایە یا نا.

ماوەیەکی پێ دەچێ هەتا "خانم نازم" دێ زەنگی لێ دەدا و بە منداڵان دەڵێ کێهە سەفی کێهە کلاسێ و هەموو ڕۆژێ دەبێ لە کوێ سەفێ ببەستین.
ئەمن کلاسی چوارومی ئیبتداییم. کلاسەکەم دەبینمەوە دەچم لە سەفێدا ڕادەوەستم. نە کەس دەمرناسێ نە ئەمن کەس دەناسم. چی وای نەماوە دەست پکەم بە گریانێ، کچێکی کورتە باڵا و چاو و برۆ ڕەش دێ بە لامەوە.
دەڵێ:"تو شاگرد تازەای؟"
ئەمنیش لە جوابیدا دەڵێم:"ئەدی! لە مەدرەسەیەکی دیکەڕا هاتووم."
بە فارسی دەڵێ:"ئەمن لە شارێکی دیکەڕا هاتووم. لە ئیسفەهانێرا. بابم مونتەقیل کراوە لە ئەرتەشی دایە، نێوم فاتمەیە."

هەر وا لەگەل ئەو کچەی دەبم بە ڕەفیق. لە کلاسێ لە پەنا یەکتری دادەنیشین. بە دەستی، کچەکانی دیکەم پیێنیشان دەدا و دەڵێ:"ئەو کچە چاوشینە زۆر زیرەکە! ئەوەی دیکە زۆر لە خۆی دەفشێ."
دەڵێ هەموویان دەناسێ بۆ وەی پارەکە لەگەڵیان لە کلاسێدا بۆ.

لە لای چەپمەوە کچێکی دیکە دانیشتۆ، نێوی "ڕووناک"ە. وا دیارە ئەو وەکوو من شەرمێون نیێ و لەگەڵم، دەست دەکا بە قسان. دەڵێ خوشکی دیکەشی هەیە لە خۆی گەورەترن یەکیان هەر لەو مەدرەسەی لە کلاسی پێنجومە. یەکیان لە دەبیرستانێ.

زەنگی کە لیێدەدا ڕووناک دەڵێ:"ماڵەکەتان لە کوێیە؟"
ئەمنیش پێی دەڵێم، دەڵێ:"هەر لەگەل مە وەرە، هەتا نیوەی ڕێیە پێکەوە دەبین."
لەبەر دەرکەی مەدرەسەی ڕادەوەستین هەتا خوشکی ڕووناکی، سریوە، بیێ. ئەویش لەگەڵ دوو سێ کچی دیکە لەو لایڕا دێن.
ئەمن و ڕووناک وە پاشیان دەکەوین و دەڕۆین. لە ڕێگای ماڵێ هەر خەڵکم پیێنیشان دەدا و باسی شاگردەکانی کلاسەکەمان دەکا.
دەڵێ:"ئەو ماڵەت دیتۆ؟"
بە دەستی ماڵە سپەهبود وەرەهرامیم پیێنیشان دەدا، دەڵێ:"ئەو کچەت دیت نێوی لیلی بوو؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئا."
دەڵێ:"ئەوە ماڵەکەیانە.
خەڵک دەڵێن کچی ئاشپەزی ماڵە وەرەهرامیێ. زۆر زیرەکە! زۆریش بە ئەدایە ئەو کەمەربەند و کەوش و شتەکەشیت دی؟ هەمووی لە تارانێ بۆیان کڕیوە،
بەڵام کچی چاکە کاری بە کەس نیێ. ئەو کچەتیوەی بە خۆی دەڵێ فاتی، زۆر خەراپ و حەسودە. وشیاری بە، کەس خۆشی ناوێ، کەس قسەی لەگەڵ ناکا ئەوە بۆیە هات بە لای تۆوە دەزانێ ئەتۆ تازە هاتوویە ئەو مەدرەسەی."

ئەمنیش دەڵێم:"چ دەکا؟ بۆ کەس خۆشی ناوێ؟"
ڕووناک دەڵێ:"هەر کەسێکی لەگەڵی دەبێتە ڕەفیق، لە پێش هەموو شتێکیدا دەڵێ:`وەرە عەکسی نێو کتێبخانەکانمان ڕەنگ کەین. دوایە دێ بە میدادی ڕەنگی لێوی عەکسی شا و خوشکی شا و ئەوانە سوور دەکا و میدادەکەت دەداتێ دەڵێ:`ها! ئەتۆش سووریان کە!`"
ئەمن پێدەکەنم دەڵێم:"جا ئەوە بۆ خەراپە؟"
ڕووناک دەڵێ:"خۆ بە وەی لیێ ڕاناوەستێ، دوایە بە میدادی شاخی بۆ عەکسەکان دەکێشێتەوە و دەڵێ:`ها! ئەتۆش شاخیان لی بنیێ!`"
دەڵێم:"ئەگە بە معەلیمەکەی بڵێی چی؟"
دەڵێ:"نازانم، ڕەنگە بە دایک و بابی ڕاگەیەنیێ.
دیتت چەندەی پیێ ناخۆش بوو ئەمن لەگەڵ تۆ بە کوردی دەستم بە قسان کرد؟"
ئەمە گەیشتووینە چوارچرایە. ئەمن بە ڕووناکی دەڵێم:"دەبیێ بەو لایدا بڕۆم."
ئەویش دەڵێ:"ئەمەش دەبیێ ڕاست بڕۆین."
هەر کەس بە ڕێی‌خۆیدا دەڕوا.

هەزار قسەم پێیە بۆ بابمی بگێڕمەوە.
لە پێشدا لێی دەپرسم:"بابە! ئەو کچە عەجەمە بۆ منداڵان فێر دەکا شاخی لەسەر عەکسی شای پکێشنەوە؟ ئەمن پێموا بوو عەجەمان شایان خۆش‌دەوێ."
بابم دەڵێ:"کە چوویەوە شۆڕەتی بپرسە بابزانم کێیە و بۆ کاری وا وە بەر منداڵان دەنێ. ئەتۆ قەت وە دوای حیسانی وا مەکەوە، وا وێ دەچێ بە فێڵ ئەو کارەی پکا، پێی‌وایە خەڵک کەرە.
ئەگە کچە هاتوو بە تۆی کوت شاخوگوێی لە عەکسی شای پکێشەوە، پێی‌بڵێ ئەوە زۆر کارێکی خەراپە، ئەمن لە نێو کتێبەکەم هیچ ناکێشمەوە."

دوای نان‌وچای ساز دەبم دەڕۆمەوە مەدرسەی، بە بابم دەڵێم:"بۆخۆم دەزانم چۆن بێم و بچم."
بە مەیدانی ئاسینگەراندا شۆڕ دەبمەوە، دەگەمە نزیک ماڵە حاجی ساڵحی ئەبریشمی، کچێکی دەبینم بە کیفەوە بەرەو مەدرەسە دەچێ. دوو پرچی درێژ و ڕەشی هەیە، خاڵێکیش لەسەر ڕوومەتێتی. لێی نزیک دەبمەوە.
دەڵێ:"ئەتۆ شاگردی تازەی؟"
ئەمیش دەڵێم:"ئەدی!"
دەڵێ:"نێوت چیێ؟"
بە پێکەنینەوە دەڵێم:"بۆخۆشم نازانم!"
پێدەکەنێ دەڵێ:"چۆن نێوت نازانی؟"
دەڵێم:"زۆر پێش ئەوەی ئەمن لە دایک بم، بابم خوشکێکی زۆر جوان و جحێڵ و خۆشەویستی دەمرێ، ئەمن کە لە دایک دەبم بە نێوی خوشکی بابمم دەکەن `سەیزادە مەعسومە`، بەڵام کەس دڵی پروایی نادا بەو نێوەی بانگم پکا، جەنابی شێخی نێوم دەنێ `نەفیسە.` خزموکەس و ڕەفیق هەموو هەربەو نێوەی دەمرناسن، بەڵام لە نێو مەدرەسە و دەفتەری مەدرەسەیدا بە سەیزادە مەعسومە نووسراوم."
کچەکە دەڵێ:"ئەمن نێوم گیلانایە، بەڵام زۆرتر هەر دەڵێن `گیلان.` ئەتۆ پێت‌خۆشە بە کێهە نێوت بانگت پکەن؟"
ئەمنیش پێدەکەنم دەڵێم:"هیچیان! پێم‌خۆشە هەموو کەس بانگم کا `کوێشتیر`!"
گیلان پێدەکەنێ دەڵێ:"`کوێشتیر؟` ئەوە یانی چی؟"
دەڵێم:"دێدم بانگم دەکا کوێشتیر! یانی بزنی دوو ساڵە!"
هەردووکمان بە پێکەنین لە دەرکی مەدرەسەی دەچینە ژوورێ، هێندەی نەماوە زەنگی لێدا.
گیلان دەڵێ:"سبەینێ ئەگە زوو بێیە مەدرەسەی دەچین لە حەسارێ خەستەکێنێ دەکەین. بەیانان زوو حەساری مەدرەسەی چۆلە."
ئەمنیش دەڵێم:"زۆر چاکە!"
دەڵێ:"بەرد و گێچیشم هەیە، هەمیشە لە نێو کیفەکەم دان. جاری وایە لە خەیابانێ خەستەکێنێ دەکەم یا لەبەر ماڵە لیدا و سۆنیای."
دەڵێم:"ئەوانە کێن؟"
دەڵێ:"لەسەر کلاسێ ئەوانیشت پێ‌نیشان دەدەم زۆرکچی چاکن کاریان بە کاری کەس نەداوە."

ئەمن لە کلاسێ دەچمەوە سەر جێگای خۆم. معەلیمەکە بەیانی هەر کەس باڵا بەرز بوو لە پشتەوە، ئەوەی کە چکۆڵە و کورتە باڵا بوو لە پێشەوەی دانا.
ئەمن لەگەڵ ڕووناک و فاتی دادەنیشم، لە ڕیزی دوەم. کلاسەکەمان گەورەیە، لە لای دەرکەی پازدە کەس دادەنیشن لە لای پەنجەرەش هەر وا. نێوەڕاستی ژوورەکەش ئاواڵەیە بۆ وەی معەلیمەکە هاتوچۆی پێدا پکا. دوو پەنجەرەی زۆر گەورەش لە کلاسەکەمان دا.
تەختەیەکی ڕەش (تەختە سیا) لە دیواری گیراوە و گێچ بۆ لەسەر نووسینی و کوتە پەڕۆیەکیش بۆ خاوێن کردنەوەی داندراون.
معەلیمەکەش کورسێک و میزێکی هەیە. دەفتەری نمرەش لەگەڵ خۆی دێنێ ودەبا.

ئەو مەدرەسەیە زۆر لەگەڵ مەدرەسەی "عیفەت" فەرقی هەیە. ئەو خانووبەرەیە بە نیازی مەدرەسەی سازکراوە، ژووری زۆرە، حەسارەکەی گەورەیە. پێشخانەکەشی زۆر گەورە و دوور ودرێژە پێیدەڵێن کاریدۆر.
لە نزیک چۆمیشە زۆر خۆش و جوانە، ئەوەندەیە لە ماڵە مە دوورە.
ئەمە کلاسی چوارمین، کلاسی پێنجوم وشەشوم زۆر بە هەوان و هەر خۆ لە کلاسەکانی دیکە ناگەیێنن.
یەکێکیان کاغەزێکی دێنێ بۆ معەلیمەکەی، ئەویش دەیخوێنێتەوە و شتێکی لەسەر دەنووسێ و دەیداتەوە بە کچەکەی.
بە مەش دەڵی:"لە بیرتان نەچێ دووسبەی دەبێ لە هەشتی بەیانی لە مەدرەسەی بن. ئەگە هاتوو نەخۆش کەوتن مەیەن، بۆ وەی هەموو مەدرەسەی دەبەن بۆ ئەوبەری چۆمی هەتا بیان کوتن. ئەوەی ناساغ بێ نایکوتن."

ذەچمەوە ماڵێ بە بابم دەڵێم قەرار وایە هەموو مەدرەسەی بەرن بۆ ئەوبەری چۆمی بیانکوتن.
بابم دەڵێ:"دەپرسم بزانم سەید قادر چی بیستۆ، بۆچی دەتانکوتن. چونکە ئەگە شتێک بێ سەید قادر بۆخۆی بە هەموو خزموکەس ڕادەگەیێنێ منداڵەکانیان بەرن بیانکوتن. پێم سەیرە چم نەبیستۆ."
ئەمن دەڵێم:"بابە ئەگە دەرزی بێ ئەمن نامەوێ پچم!"
بابم دەڵێ:"بە شێ حوسێن دەبێ پچی، جا دەرزی چیێ؟ چۆن خانمێکی عاقڵ و جوان لە دەرزی لێدانێ دەترسێ؟ با ئەمن نەقڵی کوێخا مەرەزیت بۆ بگێرمەوە پرێکت غیرەت بێتەبەر.
کوێخا مەرز نەخۆش دەکەوێ، ئەوبەر و ئەوبەری پێ دەکەن، ئەو شار و ئەو شاری دەبەن.
دوکتور دەڵێ: `پرێک جەرگی خەرا بۆ هیچ معالیجەشی نێ!`
کوێخا دێتەوە ماڵێ.
دەڵێ: `دا تەشتێک و پەتکێکم بۆ بێنن!`
تەشتەی دادەنێ، پەتکەش لە ملی خۆی دەکا ئەوەندە توندی دەکا ڕەشوشین هەڵدەگەڕێ، لە کەپۆ و زارپرا خوێن بەردەبێ.
دوایە دەڵێ: `ئەوەتا! پروچکێک جەرگی خەرا بۆ، عیلاجیشی نایا، لە دایە دوکتوریت بەم! جەرگم خەراپ نەبوو هیچیش نێ، ئەوە هەر خوێنی پیس بوو دەبوو بەردرێ!`"
دەڵێم:"بابە دوایە چی لێهات؟ مرد؟"

بابم دەڵێ:"ناوەڵا نەمرد و هیچیش. نەوە و نەتیجەشی دیت و هەر گەپی بە دوکتورانیش دا، مەنزورم ئەوەیە پیاو دەبێ غیرەتی هەبێ، حیسانی بێغیرەت بە کاری هیچ نایا!"

بابم دەڵێ:"نێو و شۆرەتی کچەکەت پرسی؟"
دەڵێم:"ئەدی لە گیلانام پرسی."
بابم بە خۆشێوە دەڵێ:"زۆر چاکە، زۆرم پێخۆشە رەفیقیکی دیکەشت بۆخۆت دیتۆتەوە، گیلانا کچی کێیە؟"
دەڵێم:"نازانم، ماڵەکەیان لە چوارچرایێیە، لەو قونیچکەی دەسووڕێتەوە بۆ لای دوکانی ئاغای سەعدی. زۆر کچی چاکە."
بابم دەڵێ:"زۆر مەبارەکە!"

مەشقەکانم دەنووسم وەکوو هەمیشە بە دەنگی بڵیند لە کتێبە فارسێکەم دوو سێ لاپەڕەی دەخوێنمەوە و بابم "دیکتە"م پێدەڵێ، بیستی وەردەگرم. بابم بە بیست وەرگرتنی من زۆر کەیفی ساز دەبێ چون بیست وەرگرتن کاری جەفەرێ. ئەو لە هەموو شتێکدا هەر بیستی وەر دەگرێ. کاکە مادح لە سەد ڕۆژی، ڕۆژێکی دەرسێ حازر ناکا، بەڵام نمرە و شتیشی هەر چاکە. فازلیش زۆر شاگردی چاکە و زۆریان خۆش دەوێ و هەمیشە شاگرد ئەوەڵ دێتەوە و معەلیمەکانی دەڵێن ئەوەندەی جوان چاکە، سەد ئەوەندە عاقڵ و زیرەکە.

###

ئەورۆ دێدە دەچێتە سەردەشتێ سەری باجە هەتاوی بدا.
دەڵێ هەتا ساردوسەرمای پاییزێ نەهاتۆ پچێ چاکترە.
هەر پەبابیشم دەڵێ:"ئەوەی لە دەستتدێ بیکە، ئەو کچەم بۆ بێنەوە سابڵاغێ هەتا دڵم نەتۆقێوە! هەتا لە تەورێزێ بوو لە تەورێزێ بوو، ئێستاش ئەوەتا هەر لە دوورێیە!"
بابم دەڵێ:"گوڵێ، خۆت ناڕەحەت مەکە! سەردەشت ئەوەندە دوورنێ، نێوکوردەواریش بۆ وەکوو نێوعەجەمێ."
دێدە دەڵێ:"دووری هەر دوورێ، چ ڕێی سەعاتێکی دووربی، چ سەد سەعاتان، هەروەکوویەکە! غەریبی هەر غەریبێ. جا ئەوە کوا کێ دەناسێ؟ با کوردەواریش‌بێ خۆ کەسی‌خۆی لە وێ نێ."
دوایەش دەستدەکا بە گریانێ.
دایکم دڵخۆشی دەداتەوە دەڵێ:"خات گوڵێ گیان، دەبێ تەحەمولت‌هەبێ!"
دێدە فرمێسکەکانی بە قونیچکی دەسماڵەکەی سەری دەسترێتەوە و دەڵێ:"چ پکەم بە خۆم نێ! خۆم بۆ ڕاناگیرێ. ئەو هەتاوە سەنگین و بە حەیایە کوا بۆ هەندەران دەبێ؟"
بابم دەڵێ:"نیگەران مەبە، ئیشەڵا بە زوویەکی زوو حوکمی ئینتیقالی بۆ دەچێ."

ڕێگای سابڵاغ و سەردەشتێ زۆر خەراپ و سەخڵەتە. ماڵە مامم دەگێڕنەوە ڕۆژ نێ خەڵک لەو ڕێگایەیدا نەکوژرێ. جادەکە پڕ لە تەپوتۆز و هەوراز و لێژە.

ئەورۆ سەری ئێوارێ لە دەرکەی دەدەن، ئەمن دەچم دەرکەی دەکەمەوە.
بنئامۆزایەکەی بابمە!
بە دەمی بە پێکەنینەوە دەپرسێ:"باجیم لەماڵە؟"
خۆم لە زاری دەرکەکەی دەکێشمەوە دەڵێم:"بەڵێ!"
دێتە ژوورێ، بە دوو سێ قامکان لەسەرم دەدا دەڵێ:"نمرەکانت هەر بیستن؟"
بە شەرمەوە دەڵێم:"جاروبارە!"
دەڵێ:"نا ئەمن بیستوومە زۆر شاگردی چاکی و ئەگە بیستی وەرنەگری، دەگری!"
هەر بەو قسانەوە هاتووینە نێو ژووری بەردەستان. دایکم زۆری پێسەیر دەبێ کە کاک عەبدوڵای دەبینێ چونکە زۆر کەم دێتە ماڵە مە. مەگە بانگێشتن بکرێ یا بە کاکم و باجە زیێدێوە بێ.
کۆتوشاڵواری لەبەردایە و کراواتێکی شینی خەت خەتی لە ملی بەستۆ. کەوشەکانی جوان و تازەیە و بریقە بریقیشیان دێ.
دایکم دەڵێ":با کورسێکت بۆ بێنم بە قوربانت بم لەبەر کۆت وشاڵوارەکەت خۆ نابێ لە عەرزی دانیشی."
کاک عەبدوڵاش دەڵێ:"نا! بەسەری تۆ نابێ، هەر لەوبەر پەنجەرەی دادەنیشم، خەجاڵەتم مەکە، چۆن ئەتۆ کورسیم بۆ بێنی!؟"
بە دوای وەشدا لە بەر بەرپەنجەرەکەی دادەنیشێ.
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ، با ئەو باڵنجەت بۆ دانێم! ئەو بەر پەنجەرە ساردە، موزایکە."
بە دوای وەشدا باڵنجێکی بۆ لە نێو پەنجەرەکەی دەنێ.
دایکم و کاک عەبدوڵا ماوەیەکی زۆر هەر وا قسان دەکەن. هەتا دەگاتە باسی دێدەی.
کاک عەبدوڵا دەڵێ:"ئەمن خەبەرم هەیە گۆیا دێدە گوڵێ ئەوەندە لە ڕێگایەدا ماشێن هەڵیدەتەکێنێ و دایدەتەکێنێ زۆر ناڕەحەت دەبێ و بێعەدەبی نەبێ تووشی ڕشانەوە و زگ چوون دەبێ."
دایکم دەڵێ:"جا چم پێدەڵێی، فەقیرە دێدە، وەڵاهی زۆرم پێناخۆشە ئەوەی دەبیستم. ئەتۆ بە قوربان لە کوێ  ئەو خەبەرەت بیست؟"

کاک عەبدوڵا بە زەردەخەنەکەیەوە دەڵێ:"رەفیقێکم ئەورۆ لە سەردەشتێرا  هاتۆتەوە، ئەویش دیارە هەموو سابڵاغێکان دەناسێ. سەردەشت زۆر چکۆڵەیە."
دایکم دەڵێ:"ئەدی بابەکەم، هەتاو گیان چۆنە؟ شوکور چاکە؟"
کاک عەبدوڵا دەڵێ:"ئا! شوکور چاکە، بەڵام ئەویش زۆری سەردەشت پێناخۆشە بیستومە هەر دەگری!"
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ بە قوربانت بم نەکەی بە خات گوڵێ شتی وا بڵێی، هەر شێت دەبێ."
کاک عەبدوڵا دەڵێ:"نا! نا! براژن چۆن شتی وا دەکەم؟ نازانم کاکە عەلی هیچی بۆ کراوە یا نا بۆ وەی هەتاوێ حەواڵەی مەنتیقەی سابڵاغێ پکەنەوە؟"
دایکم دەڵێ:"بە خوڵای هەر خەریکە، خات گوڵێش خۆ بۆخۆت دەزانی سێ سەرەی لەسەر هەڵناگرێ."
کاک عەبدوڵا بە بزەیەکی دیکەوە دەڵێ:"وەڵا زۆر چاکە براژن گیان! پێمخۆشە کاکم وە دوای کاری هەتاوێ کەوتۆ."

دوایەش هەر وا باسی خوشکەکانی کاک عەبدوڵای دەکەن و باسی براکانی و دوای وەی شەربەتێکی ئالوبالوی دەخواتەوە، دەڵێ دەبێ بڕوا بەڵام ئیشەڵا هەر بەوزوانە سەردەداتەوە.
دایکم دەڵێ:"ئەرێوەڵا، بابەکەم هەر خەبەرێک شتێکت بیست وەرە بە دایکی خۆتی بڵێ، ئەتۆش هەر وەک حەسەن و مەسعود وای بۆ من، هیچ فەرقت نێ بابەکەم!"

کاک عەبدوڵا دەڵێ:"زۆر مەمنوونم باجی گیان!"
دوایە دەست لەسەر سینگی دادەنێ، سەری دادەنەوێنێ دەڵێ:"خوادحافیز!"
دەچێ لە پێشخانەی کەوشەکەی لە پێ‌دەکا و دایکم هەتا بەردەرکی کوچەی لەگەڵی دەچێ بە ڕێی دەکا.

کاکە جەمیل کە دێتەوە ماڵێ دایکم دەڵێ کاک عەبدوڵا هاتبوو بە سەردان،
کاکە جەمیل دەڵێ:"پێم سەیرە! قەدەرێکە زوزو دێ بۆ سەردان!"
دایکم دەڵێ:"وەڵاهی هەتا بڵێی کوری چاکە، زۆر بە ئیحترامە، خوڵا هەڵناگرێ زۆر عاقڵ و تێگەیشتۆ، قسەخۆش! ئەمنیش بۆخۆم پێمسەیرە، هەر وا فیکری لێ دەکەمەوە. سەرم لێی دەرناچێ!"

###

پاش چەند شەو ورۆژی زۆر تاڵ بە بێ دێدەی، ئەورۆ لە مەدرەسەی کە دێمەوە. هاتۆتەوە.
سندوقێکی هەرمێی بە دیاری هێناوە و دەڵێ:"هیچ کوێ هەرمێی سەردەشتێی نێ، پخۆن باپیرم! `دیاری شوانەوێڵەی ئاڵەکۆکە!"

دێدە هەر دەگری و بە باجە هەتاوێ هەڵدەڵێ.
بە هەموان دڵخۆشی دەدەنەوە و دەڵێن سەردەشتیش هەر کوردەوارێ وا وا خۆشە، دار و جەنگەڵی وەک بووکی ڕازاوەتەوە.
ئەویش دەڵێ:"جا ئەوە بە من چی؟ جوانی سەردەشتێ بە هەتاو چی؟ ئەو جێیە خۆشە، دڵی لێ‌خۆشە."
بابم دەڵێ:"گوڵێ، ئەوەی دەیناسم و نایناسم ڕووم لێ‌ناوە، بەڵکی کارەکەی زووتر جێبەجێ بێ و هیوام ئەوەیە نەگاتە بەهارێ ئیشەڵا بگەڕێتەوە."
دێدە دەڵێ:"ئەیەڕۆ بەهاری کەنگێ؟ خۆ ئەمن هەزار پینەم کەن ناگەمە بەهارێ، هەر دڵم دەتۆقێ!"
دایکم دەڵێ:"خات گوڵێ گیان، دەبێ ئەتۆ ئومێدت بە خوڵای بێ! خۆت و هەتاو و هەموو عەزیزی ڕێی دوور ونزیک بە خوڵای بسپێری. ئەتۆ هەر پەڕۆیەکی لە من دادڕە، دەبێ غیرەتت هەبێ، کار نێ خوڵا چاکی نەکا!"
دێدە دەڵێ:"جا ئەمن پەڕۆی چی لە تۆ دادڕم؟ عافرەت لە دووری بێ و نێرینە لە دووری بێ بۆ وەک یەکن!؟"
دیسان دێدە دەست دەکا بە گریانێ و هەر بە هانیسکانەوەش دەڵێ:"عافرەتی جوان و جحێڵ و بێکەس و بێ‌ساحێب!"

دایکم دەڵێ:"ئای، ئای! دێدە گیان، ئەتۆ چۆن شتی وا دەڵێی؟ کەسی هەموو کەس هەر خولایە، ئیشەڵا یێکەس نابێ، هەتاو شوکور زۆر بە حەیا و سەنگین وگرانە. کچی وا نابێ نیگرانی بی.
کچ ئەگە بە حەیا و سەنگین و نەجیب بوو لە نێو فەوجێک سەربازی کەی بە ساغی دێتە دەر، بۆخۆت لە من چاکتر دەزانی، ئەگە هاتوو کچ و ژنیش قیتە قیت و تریقە تریق و سووکایەتی کردە پیشەی خۆی لە هەر جێیەکی بێ، فەرقێ ناکا. پەردەی عیسمەتی کچ لە دەست خۆی دایە!"
دێدە دەڵێ:"نا! خۆ لەو بابەتەیەوە نیگەران نیم. ئەوەندەیە دوورە، کەسی خۆشی لە کن نێ. سەرێشەیەکە، نەخۆشێکە، کێ ئاگای لێی دەبێ؟"

###

ئەورۆ بە ترس ولەرزەوە خۆم بۆ مەدرەسەی ساز دەکەم. دەزانم دەرزیمان لێ دەدەن.
بابم دەڵێ:"ئەگە مەدرەسەکانیشوو نەتانکوتن، بۆخۆم بە سەید قادری دەڵێم بێ هەمووتان بوکتێ، بۆ لەخۆڕا نەخۆشیتان تووش بێ؟"
ئەمن لە ترسی "دەرزی لێ دانێ" نە نانم بۆ دەخورێ نە چا.
دایکم دەڵێ:"بە زگی بەتاڵ بەو دەمم چۆم و ئاوەیدا دەڕۆی کەسیرە دەبی، شتێکی پخۆ ڕۆڵە، بە زۆریش بێ دەرخواردی خۆتی بدە!"
دەڵێم:"نا! دایە ئیشتیام نێ، دوو قڕانی دەبەم ئەگە برسیم بوو `زمان`ی دەخۆم."
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ گەندوگووی دەرێ نەخۆی، نەخۆش دەکەوی! `زمان` چیێ؟"
لە پێش ئەوەیدا ئەمن جوابی دایکم بدەمەوە، کاکە جەمیل دەڵێ:" `زمان` شتێکە وەکوو غوراُبی وایە. درێژ و باریکە بۆیە پێێ دەڵێن `زمان` خەراپیش نێ."
دایکم دەڵێ:"کورە ڕۆڵە!، شتی دەرێ هەر پیسە هەزار مێش ومەگەزی لێ دەنیشێ، مێشیش هەر لە پیسایی دەنیشێ دوایە هەڵدەستێ دەچێتە سەر شتی دی."
ئەمنیش دەڵێم:"نا! دایە وا نێ، لە مەدرەسەی مە `زمانەکان` لەسەر کەشەفێکی خاوێن لە ژوورێکی دەنێن. بێ و گێوژ و کولێرەی دوو قڕانیش هەر وا، زۆریش خاوێنە."
بە هەزار حاڵە حاڵ قومە شیرێکی دەخۆم و دەڕۆم.

هەموو کلاسەکانیان هێناوە. سەفەکە زۆر دوور ودرێژە. ئەمن زۆر بە ئەسپایی نزیکی ئەو پیاوانە دەبمەوە کە منداڵەکان دەکوتن.
هەر لە دڵ خۆشمدا دەڵێم:"بریا دێدە لێرە با!" ئەگە دێدە لەگەڵم بایە و دەستی گرت بام، دەرزێکە هەر نەش دێشا.
بۆ وەی دەیکوت:"کوێشتیر، ئەتۆ کێت پێ دەڵێن؟ ئەتۆ کچی کوردی، کورد لە هیچ ناترسێ، خۆ جووی قودوسێ نی، ئازابە، غیرەتت هەبێ، جا ئێشی بەدەنی چیێ؟ خۆزگە بەشەر دڵی بریندار نەبێ!"
دیارە بەو بیرەوەرایانە پێکەنینم هاتۆ بۆ وەی گیلان دەڵێ:"ئەوە بە چی پێدەکەنی؟!"
ئەمنیش دەڵێم:"لە ترسان!!"
ئەویش دەڵێ:"داود پێی کوتووم ئەو دەرزێ (بێ.سێ.ژێ)یە هەوەڵێ کە لێت دەدەن ئەوەندە نایەشێ، دوای یەک دوو ڕۆژان جێگاکەی  وە ژان دەکەوێ و دەخورێ. نابێ بیخورێنی هەتا چا دەبێتەوە!"

گیلان وا دیارە وەکوو من ناترسێ لە پێش منیشدا دەچێتە بەر دەمی دوو پیاوەکان. یەکێکیان سەید قادرە! گیلانی دەکوتن، ئەویش هەر کەمێک لێوی خوار وخێچ دەکا، ناگری. پێمخۆشە بە دێدەی بلێم ڕەفیقە جوولەکەکەی من زۆر لە من ئازاتر و بە غێرەتترە، ئەمن وەختە لە ترسان دلم پتۆقێ!
سەید قادر سەری هەلدێنێ و دەلێ:"بهەبهە! سەیزادە چکۆلە، کاکم چۆنە؟ براژنم؟ شوکور چاکن؟

هەر وا کە دەرزێکەی حازر دەکا پرە لۆکەیەکی لەبەر زاری شووشەی ئەلکۆلەکەی دادەنێ و شووشەکەی خورا وژوور پێ دەکا، قسەشم لەگەل دەکا و دەلێ:"هیچ نێ، هەرناژێەشێ! ئەو ئێشە زۆر چاکترە لە وەی پیاو تووشی ئازاری سیل ببێ."
ئەمن لەگەل دەرزێکە دەچێتە نێو باسکم، دەزیقێنم!

سەید قادر دەلێ:"بۆخۆم بە دایکت دەلێم چۆن هەتا برینەکە دەستی کرد بە خورانێ قوتۆ شەمچەتان بۆ لەسەردانێ و باسکوو ببەستێ هەتا نەیخورێنن. دەنا بریندار دەبێ و چا نایێتەوە!"
کە دوور دەکەومەوە، گوێم لێیە دەلێ:"دەستی کاکم و براژنم ماچ دەکەم!"

هەموو مندالی مەدرەسەکان دەکوتن. ڕۆژی دوایە باسکی هەمووومان دەخورێ و دێشێ. دایکم هەر ئەو جورەی سەید قادر پێی کوتۆ جێ دەرزێکانمان بۆ دەبەستێ.
دەلێ:"ڕۆلە!, ئەوە چاکە ئەلعان ئەو نەزمە پەیدا بۆ! جاران ئەو کوتان و شتە نەبوو, ئێستا ئەوە دەرک بە دەرک دەچنە مالان خەلکی دەکوتن. دوایەش لەسەر دەرکە یا دیواری مالەکەش خەتێکی سوور دەکێشن. هەتا کوتراو و نەکوتراوی لێک پکەنەوە. زۆر چاکە شێخی سەعدی دەفەرمێ
`علاج واقعه قبل از وقوع باید کردا!`
ئەوە ئەو کوتانە ناهێلێ پیاو نەخۆشی پیس بگرێ."

###

ئەورۆ جومعەیە، مەدرەسەنێ.
نانوچای بەیانیمان خواردۆ، دایکم خەریکی گۆشت چا کردنێیە، لە دەرکەی دەدەن، ئەمن پێمروایە خالە بابەدینە، ئەما کاک عەبدوڵایە. هەموو پێمانسەیرە. دێتە ژوورێ، لەبەر پەنجەرەکەی دادەنیشێ. هەر وا سلاو و چاکوخۆشی و باسی خەبەران دەکەن.
دوایە بەدایکم دەلێ:"براژنگیان, دیارە ئەتۆ گەورەی هەموو لایەکی، ئەمن نەزەری تۆم زۆر زۆر بۆ موهیمە. کاکە عەلیش هەر وا بۆ من عەزیز و موحتەرەمە، هاتووم پرس ورایەکت پێپکەم. جا دیارە هیچ کەسێک ئەو مەسەلەی لە من نەبیستۆ، تکاشت لێ دەکەم هەربە کەس مەلێ، فیعلەن."
دایکم دەلێ:"جا بابەکەم ئەتۆ بۆ مە هەر وەکوو کورەکان وای. ئەو خودایە دیارە ئاگای لە دلی هەموو کەسە، فەرقی تۆ و کورەکان ناکەم، بۆ مە جێگای ئیفتخاری، چۆن سالەهای سالە بالت بەسەر ئەو سەغیرانە کێشاوە و گەرچی زربرا و زرخوشکن، فەرقت پێنەکردوون.

سەیزادە هاجەریش هەر وا ڕووی سپیبێ دەگەڵیان زەحمەتی کێشاوە. کوا ئەو زەمانەی ڕۆڵە گیان، کەس ئاوا چاوەدێری زڕی دەکا؟
جا بە چاوان! باهەر لە نێو خۆماندابێ. فەرموو، نیگەران مەبە هەر قسەیەکی بێ لە نێومان دەرناچێ!"
کاک عەبدوڵا دەڵێ:"زۆر مەمنوونم براژن گیان! ئەمن ئەوەی کردوومە بە وەزیفەی خۆم زانیوە. هیچ منەتیۍ نیێ. بۆخۆت دەزانی لەگەڵ دایکیان هەمیشە ناخۆشی و ناڵێکیمان هەبۆ، بەڵام ئەمن قەت فەرقم بە وەی نەکردۆ کە دایکی ئەوسێ منداڵانە و دایکی من و هاجەرێ یەک نەبوون."
دایکم دەڵێ:"جا بۆ نازانم؟ بۆیە دەڵێم، ئەوە ئەتۆ، ئەوەش زڕدایکت. بە خودای ئەمن و دێدە جارێکی هاتین نانتان دەکرد دیارە خەریک بوو نانی هەڵدەچنی لە مدبەقەکەی، ئەمەش هەر وا لە حەسارێ تاوێکی دانیشتین، بەردی ڕەشی لێ هەڵدەگێڕایەوە، هەزار تووک ودۆعای بە عەجەمی دەکرد. دەیکوت هەموو شتێک خەتای تۆیە.
قەت لە بیرم ناچێ چۆن دەیکوت:`بوو ئیستی تەندووری، بوو سۆوخ خەمیری، عەبدوڵا!`
دوایەش هەر وا قسەی دەکرد.
کوتم ئەرێ دێدە گیان! ئەوە `خانم` دەڵێ چێ؟"
دێدەش کوتی:"ئەوە تووک ودۆعای لە سەیدعەبدوڵای دەکا، چۆن!"

کاک عەبدوڵا دەڵێ:"جا نەزەری هەرچی بێ براژن گیان دیارە بە من ناگۆڕێ. کەیفی خۆیەتی!
بەڵام کارێکی خێرم بە دەستەوە، هاتووم بزانم نەزەرتچێ."
دایکم دەڵێ:"ئێشەڵا هەرخێر دەبێ بابەکەم. فەرموو!"
کاکعەبدوڵا دەنگی زۆر سەبرە بەڵام سەبرتریشی دەکا و بە سرتە دەڵێ:"ئەتۆ پێت چۆنە بە خەیاڵم داوای هەتاوی پکەم."
دوایەش بەبزەیەک لە سەرلێوی، چاو لە دایکم و زاری دایکم دەبڕێ.
دایکم بە خۆشیێوە دەڵێ:"بابەکەم، هەتاوی خۆمان؟!"
کاکعەبدوڵا بە پێکەنینەوە دەڵێ:"بەڵێ! بەڵێ!"
دایکم دەڵێ:"بابەکەم ئەو دنیایە زۆر گۆڕاوە وەکوو جاران نەماوە. ئەلعان شوکور چاکە کچ و کوڕ یەکتری پەسند دەکەن، جا دوایە بە دایک وبابیان ڕادەگەیێنن.
ئێستاش بە من بێ، هەموو قسە وباسی خۆت لەگەڵ کچەکە ببڕەوە، هەتاو ڕازی بێ، هەر مەبارەکی پێدەوێ."
دوایە دایکم دەسدەکا بە گریانێ، دەڵێ:"بە ناشکوری ناڵێم ئەو منداڵانەی سەیزادە مەعسوم زۆر زوو لێیان قەوما. زۆر زوو بێناز بوون. بۆیە بە قوربانتبم. دەفەرمێ `لاتقنەتوو مین رەحمەتیلا.` دەفەرمێ نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خودای.
ئەتۆ ئاوا چاک و شوکور عاقڵ و لیسانس و ئی خۆمانی و داوای هەتاوی دەکەی، ئەویش، خودا خۆشبەختی کا ئیشەڵا، لە جوانی، جوانە، لە عاقڵێ، عاقڵە، لە کاری وردە هەتا بڵێی دەست نەخشینە، لە کاری ماڵێ کابانێکی دەرەجەیەکە! ئەوەندەی گڵ بەسەردایکێوە، سەد ئەوەندە، عومری خۆیبێ!
زۆر بەشەرم و حەیایە، زۆر سەنگین وگرانە، هەتا بڵێی قەدر و حورمەتی ئەو باب و برا و براژن و دوو زڕدایک و ئەو هەمۆ خێزانەی لەبەرە!
خەسڵەتی چاکی هەزارە و ئی خراپیشی یا نیێ یا ئەوەندە کەمە کە وە بەر چاو نایا. یەکجار زۆر وەک دایکی دەچێ."

کاک عەبدوڵا دیارە زۆر کەیفی بەو هەمۆ تەعریفانەی دایکم لە باجە هەتاوێ دەکا، سازە.
بە بزەیەکی دیکەوە دەڵێ:"ئەمنیش لەو هەمۆ مەحاسنەی هەتاوێ ئاگادارم. دیارە هەر وەکوو بۆخۆتفەرمووت کاری وا بە بێ ڕەزایەتی کچەکەی هەرنابێ. بۆیە لەپێش ئەوەیدا بێمە خزمەت تۆ، پرسم بە خۆی کردۆ. نەزەری موسبەتە، ئەمە هەردووکمان پێمانخۆشە نەزەری جەنابت و کاکە عەلیش بزانین. باب وبراشی لەسەر دڵی وین. لەگەڵ دێدەش بۆخۆی قسان دەکا!"
دایکم دەڵێ:"کە وا بێ بابەکەم هەر مەبارەکبادی دەوێ، خات گوڵێش دیارە لەسەر دڵی کچەکەیە، ئەو منداڵانە دوای وەی دایکیان جوانە مەرگ بوو، هەزار ڕەحمەتی لە قەبری بێ، کەس وەکوو خات گوڵێ ئەمەگکێش نەبۆ بۆیان. بە خوڵای ڕۆڵە گیان ئەوەی خات گوڵی لەگەڵ ئەو منداڵانەی کردۆ بە کەس ناکرێ."
کاک عەبدوڵا دەڵێ:"بەڵێ! ئەرێوەڵا هەر وایە. جا براژن گیان کە وا بێ ئەمن لەگەڵ کاکیشم مەشوەرەتێکی دەکەم، ئیشەڵا نەزەری هەر وەکوو تۆ دەبێ."

دایکم دەڵێ:"دە چاکە بە قوربان، دەڵێی هەر بۆ نەهارێ لێرەبە، خۆرشتی باینجانی ڕەش و سوور لێدەنێم ئەگە پێتخۆش نەبێ، شۆرباوی فڕوجیشمان دەبێ، بۆ وەی ئەمن زۆر برینجخۆر نیم. ئەو منداڵانە و بابیشیان لە برینجیدا بیان کوڵێنی تێر ناخۆن! جا دیارە قسەی خۆشتی لەگەڵ دەکەی. شێخی سەعدی
دەفەرمێ:`در کار خیر جدوجهد کن` ئەوەتا لەگەڵ جەمیل گیان بۆخۆتان پچنە سەرێ هەتا وەختی نانوچای."
کاک عەبدوڵا دەڵێ:"ناوەڵا ئەمن موزاحیم نابم دوای نیوەڕۆیە دێمەوە، لە ماڵێش بۆ نەهارێ مونتەزر دەبن."
دایکم دەڵێ:"کورە بۆ لێرەڕا پچی و بێیەوە بابەکەم! ڕێیەکەشت دوورە. یەکێکی دەنێرین بە سەیزادە هاجەرێ بڵێ بۆ نەهارێ ناچێوە."
وای لێدێ کە کاکە جەمیل و کاک عەبدوڵا پێکەوە بە قەدەم لێدان و قسە کردن دەڕۆن بە سەیزادە هاجەرێ بڵێن و بگەڕێنەوە. دایکیشم هەڵدەستێ وە دوای کاروبار و کێشت لێنانێ دەکەوێ.

###

دەبێ باجە هەتاو بە دێدەی کوت بێ، بۆیە ئەورۆ لەسەر نانی دێدە و بابم باسی ئەو قسەی دەکەن.
بابم دەڵێ:"گوڵێ! ئەتۆ بۆخۆت دەزانی ئەمن ئارەزووم ئەوە بوو هەتاو بۆ مەسعودی ببێ. ئەو ژنەی کە هێنا، ئەمن هەر قسەشم لێ نەکرد.
لە ماڵێشدا نەمام، بۆ مارە کردنێش نەچووم. ئەمنیش پێموایە هەتاو نمونەیە. پیاو دەبێ ئینسافی هەبێ، سەید عەوڵا هەم کەسی خۆمانە و هەم زۆر کورێکی چاکە، حیسانێکی نەجیب و نوێژکەرە و خوێندەواریشە.
دیارە ئەمن فەلسەفەم پێ هیچ نیێ!"
دێدەش دەڵێ:"خۆ ئەمن ناڵێم کوری چاک نیێ، چاک بێ خراپ بێ هەر کەسی خۆمانە. ئەمن ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە دوو خوشک و دوو برای لە ماڵێدایە. دیارە سەیزادە هاجەر حەق خوشکێتی، سیانەکەی دی بەرەی ژنە عەجەمێن! جا بۆ هەتاو لە ماڵێکی پڕ لە زڕ هەستێ بێتە دەرێ پچێتە نێو ماڵێکی پڕ لە سۆرە وتۆرەی دی!؟ چۆن خێرێک خۆشێکی لە خۆی دەبینێ؟"

دوایە  دەس دەکا بە گریانێ.
بابم دەڵێ:"گوڵێ! ئەتۆ بۆخۆت چەند جارت پێ کوتووم، هەتاو لە ماڵە بابی، براوبراژن و زردایک و هەموو سوێندی بەسەری دەخۆن. چەند جار ئەتۆش و دایکی مەسعودیش بە منتان کوتۆ ستارە خانم لەگەڵ منداڵی خۆی فەرقی پێ ناکا.
بۆ فیکر لە وەی ناکەیەوە یەکێکی وا ماڵە پیاوی ئاوەدان دەکاتەوە. بەڵکوو لە سایەی سەری وێوە، ئەو منداڵانەش داو و دامەزراوبن، ئەوانیش کوێرپیان زۆر دیوە بەڵکوو `خوڵا هێڵانەی بۆ داعبای کوێر دەکا` ڕاست بێ و  بەو جورەی خوڵا کۆمەگی ئەو خوشک و برایانەی سەید عەبدوڵای پکا و فریشتەیەکی وەکوو هەتاویان بۆ بنێرێ!"
دێدە هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێ، فرمێسکەکانی بە قونینچکی دەسماڵەکەی دەسترێتەوە و دەڵێ:"ئەی فەلەک!"
خۆی ڕادەژێنێ، فرمێسکەکانی هەر وا دێنە خوارێ. دەڵێ:"هەر ئەگە دایکی خۆی بایە، ئەگە ئەو پرسوڕایە بە جوانە مەرگێ کرا با..."
بابم بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرێ پوورە مەعسوم هەم خۆشەویستی بابم بۆ هەم ئی دێدەی.

دایکم دەڵێ:"بێبەڵابی دێدە گیان! لەگەڵ کاری خودای هیچ ناکرێ، بە ناشکوری ناڵێم کوا چ دەکرێ؟ ئەوەندەی دەزانم سەپزادە مەعسوم بۆخۆی لێرە نێ بەڵام ڕوحانەتی هەر لێرەیە. ئەگە مابایەش بە خوڵای پرسی هەر بە تۆ و ئاغا سەیدی دەکرد، هەزار ڕەحمەتی لێبێ. ئێستاش ئەوەتا هەتاویش هەر وەکوو دایکی پرسێ بە خاڵی و بە تۆ دەکا.
بە پروای من لەو منداڵانە دەبێتە دایک و باب، خۆشت ناڕەحەت مەکە، دڵی خۆت تەنگ مەکە خودا کارسازی کارانە، هەر دۆعای بەخێریان بۆ پکە، ئیشەڵا پەشیمانی نەکێشن، بەختەوەر بن. لە هەمووی چاکتر ئەوەیە هەم کچ ڕازێ، هەم کور. مەبارەک بێ ئیشەڵا."
دێدە دەڵێ:"جا هەتاو خۆ سەرسپی سیتان نێ بۆ لێیان ببێتە دایک وباب؟ ئەو دەردیسەری و گێرە وکێشەی بۆ تووشی خۆی کا خۆ پیاو قات نەبۆ، بۆ مێرد بە یەکیکی نەکا وەک شای پێجوقە وا بێ؟"
دایکم دەڵێ:"قسمەت ونسیب دێدە گیان، قسمەت ونسیب! دیارە ئەوە یەکتریان دیوە، یەکتریان پەسند کردۆ، کورەش خۆ خودا هەڵناگرێ وا نێ هیچ لە کەس پشارێتەوە، هەتاو دەزانێ ئەو دوو خوشک و دوو برایە لە ماڵێدان.
گۆیا جاروبارە ئەو منداڵانەی لە ژنە عەجەمێن دەچن سەری دایکیان دەدەن. نازانم لە نەغەدەیە؟ لە ڕەزایەیە؟
وا لە هەتاوێ ڕادەبینم، کە نمونە بێ بۆ هەموو ژن و کچی کورد. کە خەڵک لە وی فێربن چۆن ماڵ و ماڵدارێ پکەن یا لەگەڵ سۆرە وتۆرە هەستن ودانیشن."

کاکە جەمیل وە ژوورێ دەکەوێ. ناڕەحەت دەبێ لە وەی دێدەی دەبینێ چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون و دەگری.
دەپرسێ:"ئەوە چ باسە، دێدە بۆ دەگری؟"
دێدە دەس دەکاتەوە بە گریانێ دەڵێ:"بۆ ئەمن لە جیاتی جوانە مەرگێ نەمردووم؟ خوڵا بۆ ئەمنی ڕاگرتۆ و ئەو خانمە جوان و شۆخ و دەم بە پێکەنینە و لەبەردڵانەی لەژێر خاکێ ناوە؟!"
دیسان زۆر بە تاڵی دەگری و سەری لەنێو کۆشی دەنێ.

دایکم بە سەبرا سەبرا هەموو شتێکی بە کاکە جەمیلی دەڵێ.
کاکە جەمیل زۆر بە خۆشیەوە دەڵێ:"بههبهه، زۆر عالیێ، سەید عەوڵا زۆر زۆر کوری چاکە، ئەگە هەتاو بۆخۆی ڕازی بێ، بە نەزەری من، زۆر مەبارەکە، هەر فیکری لێ مەکەنەوە."
دێدە دەڵێ:"هەتاو بۆخۆی پێی چاکە."
کاکە جەمیل پێدەکەنێ و دەڵێ:"جا زۆر چاکە، مەبارەکە! دێدە! ئەمن لە جیاتی تۆ بم قەت خۆم پەرۆش ناکەم. بە دەردی بۆخۆت دەڵێی: `دیزە خلۆر بۆتەوە، دەرخۆنەی خۆی دیتۆتەوە.`"

###

چواری‌ئابانێیە.
ڕۆژی لە داپک بوونی شایە.
هەموو ساڵێ لەو ڕۆژەیدا دەمانبەنە ڕێژەی.
دایکم زۆری پێ قەڵسە، دەڵێ:"ڕەبی خوڵا چاکەیان بۆ نەکا! ئەو منداڵانە لە سەڵای سبحەینێوە دەبەن بە ڕووت وقووتی! لە مەیدانی ئابیاری وە بەر بای قۆرغێیان دەدەن، سەتڵوجەمیان پێ‌دەگرن، جابۆ دایک وبابیان دەنێرنەوە ماڵێ، منداڵی بەدبەختیش، ئاخە نانێک، چایەک، شتێک! لە خۆشیرین جێگای وەی نێ‌دەس بە ئاو بگەیەنن!"

لە مەدرەسەی کوتوویانە دەبێ گۆرەوی و ئێخە و کەمەربەندمان سپی بێ، کەوش و سێرێکەشمان ڕەش.

دایکم‌خەریکە سەرم دادێنی و ئەمنیش هەر پێی‌دەڵێم ڕووبانەکەی دەبێ لە ئاخری پرچەکەی بدا وەکوو گوڵیشی لێ‌پکا.
دایکیشم دەڵێ:"وەڵا بابە ئەمن ئەو بەزم وڕەزمەی نازانم گوڵی چی و شتی چی؟"
دەڵێم:"نامەوێ هەر وا وەکوو کرمانجان گرێی دەی. دەبێ پاپیۆنی پێ دروستکەی وەکوو سەری لیلی."
دایکم دەڵێ:"لیلی چیێ؟ وەڵا بابە ئەمن ئەو نەزمەی بەپیری سەری فێرنابم! کورەکان بێبەڵابن قەت ئەوەندەیان گێرە وکێشە نەبۆ."
دەڵێم:"کورەکان پرچیان نێ! ئەگە هەیانبا ئەتۆش پاپیۆنت بۆ لێ‌دەدان!"

لە مەیدانی ئابیاری ساردوسڕ، وەکوو وەیە لاق ودەستیان لە سەهۆڵی‌نایێین. بە داخەوە ناشەپێڵن کۆت و کراسکێش و شتی لەبەرکەین. هەموو کەس دەبێ لیباسی مەدرەسەی لەبەردابێ و هەمووش وەک یەک بن. دایکم لەبنەوەی سێرێکەم، کراسکێشێکی لەبەرکردووم بەڵام سەرما وبایەکە زۆر ناخۆشە، کارم بەوەی چاکە لە نێوەڕاستی سەفەکەی دام. ئەوانەی لە سەر سەفێ یا لە ئاخری هەموانن زۆرتر بایان وێ دەکەوێ.
ماوەیەکی یەکجار زۆر دەبێ هەر لەسەر سەفێ ڕاوەستین هەتا دەبیرستانەکانی کوران هەموو لە نەرمیش و وەرزش و ئەوەی خەلاس دەبن، مەدرەسەکانی کچان دەس‌دەکەن بە سرود خوێندن و هۆلا هۆپ هەڵسووراندنێ. دوای ئەوەی هەموو شەکەت و هیلاک و سەرمابردوو دەبین، سەفەکەمان وەڕێ دەکەوێ لە دەوری مەیدانێ دەگەڕێ و دوایەش وەختی فشفشە لە حەوا کردنێ، خەڵکەکە بڵاوەی دەکەن و دەچینەوە ماڵێ.

هەر ئەوەندەشم سەرمایە و میزم دێ وەختە ڕەق هەڵێم. کە دەگەمەوە ماڵێ، ناتوانم میزی پکەم.
کاکە جەمیل دەچێ پرسێکی بە دوکتور شافعی پکا، ئەویش دەڵێ:"خوشکت دەبێ لە نێو تەشتێک ئاوی گەرمدا دانیشێ، گەرمێکەی وابێ نەیسووتێنێ، ئەوە میزی گیراوە بەو جورەی دەکرێتەوە."
دایکم ئاوەکەم بۆ ساز دەکا و ئەمن تێیدا دادەنیشم و دەڵێ ئەوەش خێروبەرەکەتی ڕێژەی.

###

ئەورۆ لەسەر کلاسێ بە دوای سرتەسرتێکیدا کە معەلیمەکە لەگەڵ خانم فەرەجی کرد، ڕووناک لە کلاسێ چۆ دەرێ.
لە نێو پێشخانەی مەدرەسەیدا هاتوچۆ و ئاژاوە پەیدا بوو.
وا وێ دەچێ یەکێک هاتۆ لە دووی ڕووناک و سریوەی، بە پەلە پەل مەدرەسەی بە جێ دێڵن و دەڕۆن.

دەچمەوە ماڵێ بابم لە بازاڕی درەنگ دێتەوە. ئەمن و جەفعەر و فازلیش دادەنیشین مەشقەکانمان دەنووسین. گوێم لێ دەبێ، بابم بە دایکم دەڵێ لە بیری بێ لەگەڵ دێدەی سبەینێ بڕۆنە سەرەخۆشێ. زۆر خۆمی پێوە دەرناهێنم هەتا گوێم لە نێوی بابی ڕەفیقەکەم دەبێ.
دەڵێم بابە:"لە مەدرەسەی هاتن لە دووی کچەکان، بابیان مردۆ؟"
بابم دەڵێ:"ئەرێوەڵا ڕۆڵە، خودا عافوی کا، کۆشێکی سەغیر لە پاش بە جێ ماوە. دەبێتە بابی ئەو کچانەی ئەتۆ دەیانناسی. خودا لێی خۆش بێ. پیاوێکی بە ئیحترام و ئینسان و کوردپەرست بوو."
کاکەجەمیل دەڵێ:"لە کابینەی قازی محمەدیدا وەزیر بوو."
ئەمنیش یەک بە خۆم دەڵێم:"ڕاست دەکەی کاکە جەمیل؟! وەزیر؟! یانی ڕەفیقی من بابی وەزیر بۆ؟!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەرێوەڵا!"
ڕوو لە بابم دەکەم دەڵێم:"بابە؟ ئەدی ئەتۆ وەزیر نەبووی؟"
بابم دەڵێ:"ناوەڵا ڕۆڵە، ئەمن هیچکارە نەبووم!"
دەڵێم:"بۆ ئەتۆ هیچکارە نەبووی؟"
بابم دەڵێ:"سیاسەت شتێکی پیسە. قەت پێمخۆش نەبۆ خۆی لێ دەم. هەربۆیەش پێم چاک نیێ هیچ کامێکتان خۆ لە سیاسەتێ وەردەن. پیاو سەری شکاو و قوونی دڕاو نەبێ پێی نامێنێ.
بە دوای ئەوەشدا ئەمن ماڵ و منداڵ و خێزانم هەبوو کە چاویان لە دەستی من بوو خۆ نەدەکرا ئەوان بەڕەڵا کەم بڕۆم وە دووی سیاسەتێ کەوم."
کاکە جەمیل دەڵێ:"زۆر کەس ژن ومنداڵی هەیە بەڵام سیاسەتێش وەلا نانێن."
بابم دەڵێ:"جا زۆر مەبارەکە، دیارە ڕاست دەکەی وایە! بە من بێ پیاو ئەگە ژن ومنداڵی هەبێ خۆی لەو کارانە وەرنەدا."

لەو دەمەیدا لە دەرکەی دەدەن، ئەمن بە غاردان دەچم دەیکەمەوە، دێدەیە. لە خۆشیان وە هەڵبەز ودابەز دەکەوم. دەستی دەگرم دەچینە ژووری بەردەستان.

دێدەش هەر ئەو خەبەرە ناخۆشەی، لە وەفاتی بابی ڕەفیقەکانی منی پێیە و دەڵێ:"ژنان لە حەمامێ کوتوویانە بە کوتوپڕی چۆ."
دەڵێم:"کوتوپڕ یانی چی، دێدە؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بە فارسی دەڵێن `حەملەی قەلبی.` یا ئەگە سەکتە بێ دەڵێن سەکتەی مەغزی، ئەوە لە قسان حەملەی قەلبی بۆ. یانی دڵی پیاوی لە کار دەکەوێ. بە کوردی دەڵێن کوتوپڕ. چونکە لەپڕرا دێ و لەپڕراش پیاوی دەکوژێ!"
دایکم داری زۆرتر وە بەر کوورەکەی دەنێ و دەڵێ:"دێدە گیان، وەرە بەر کوورەکەی!"
قسە لە چوونە سەرەخۆشێ دەکەن لەگەڵ باجە مریەم و شێخزادە خانم و باجە خەجیج و ئامۆژنم.
دێدە دەڵێ:"با هەر هەموو پێکەوە پچین."
دەڵێم:"دێدە کچەکەیان ڕەفیقی منە، لە کلاسێکی داین."

###

هەموو کەس پێی‌خۆشە مەدرەسە خەلاس بێ و هاوین بێ، ئەمن نەبێ!
بابم بە کوڕەکان دەڵێ:"حەولێ لەگەڵ ئەو منداڵانە بدەن با بە بێکاری نەخولێنەوە، هەموو ڕۆژێ بە قەد سەعاتێکیش بێ با بێنە سەرێ حیسابێک کتابێکی فێر بن."

دایکیشم دەڵێ:"مەسعود گیان و منداڵەکانی دێنەوە، ئەنگۆش تەرخان ومەعاف دەبن، لەگەڵیان بۆ کوێ دەچن پچن. هەتا ئەوانیش نەهاتوونەوە ئەوەندەی بۆتان دەکرێ بنووسن و کتێبی پخوێننەوە."

جەفعەر زۆرتر کتێبی دەخوێنێتەوە. ئەمن و فازلیش، لە کتێبی شیعر و سرودی منداڵانڕا کە زۆرمان پێ خۆشن دەچینە زگ خوێندنەوەی کەیهانی بەچەها و ئیتلاعاتی کودەکان. فازل هەموو جارێ دەچێ بۆ دوکانی ئاغای حەبیبی، ڕادەوەستێ هەتا مجەلەکان دێن. جاری وایە بە ناڕەحەتی دێتەوە، دەڵێ توێخی چوو ئەوەندە ڕاوەستا هەر نەگەیشتنە جێ. دەبێ دیسان پێش نیوەڕۆیە پچێ سەربداتەوە. مجەلەکانیش کە دێن، جەدوۆلەکانی حەل دەکا، شیعر و حیکایەتەکانیشی زۆر بە ئیشتیا و بە حەوسەلە دەخوێنێتەوە. بەڵام هیچ حیکایەتێکی بەقەد قۆ وەحشێکان (قوهای وحشی) پێ خۆش نیێ.
ئەو حیکایەتە "هانس کریستیان ئەندرسن" نووسیوێتی و لە زمانی دانمارکیرا وەریان گەڕاندۆتە سەر فارسی. فازل ئەوەندەی چکۆڵە بوو ئەمن کتێبەکەم بۆ دەخوێندەوە. ئەو حیکایەتەم هەزار جاریش بۆ خوێندیێتەوە کەمە،
هەر بۆیە هەموو بەسەرهاتەکەمان لەبەرە.
لەو حیکایەتەیدا ژردایکێکی خەراپ سیحر و جادووی لە یازدە براکان دەکا و دەیانکاتە باڵندە، قووی وەحشی. خوشکەکەیان کە بەو خەبەرەی دەزانێ، حەوڵدەدا سیحرەکەی بەتاڵ کا و براکانی ئازاد کا.

ئەورۆ دایکم لەسەر نانوچای بەیانی بە کوڕەکان دەڵێ:"ئەو مەلعوونە! بە خۆشی‌خۆی بێ هەر دێتە نێو ژنەکان دادەنیشێ گوێ لە قسان بەردەداتەوە، ئەمنیش پێم‌ناخۆشە، نامەوێ وەکوو من بێ، دەمەوێ وەکوونگۆ دەرسێ پخوێنێ،

بۆخۆی بیێتە حیسان، قەت موحتاجی دەستی پیاو نەبێ، بە زۆریش بێ ئەنگۆ لەگەڵ خۆتان لەسەرێ داینێن دەرسی پێ بخوێنن!"
کورەکانیش چاو لە من دەکەن و دەڵێن:"چاکە! دایە حەولی خۆمان دەدەین."

کاکە ئەمیر و جەعفەر دەرسی کوردیم فێر دەکەن. هێندەی پێناچێ کار وپیشەی من دەبێتە لەبەر کردنی شیعری کوردی لە نێو هەمووشیاندا شیعری مامۆستا پیرەمێردم زۆر پێخۆشە، هەر دێم و دەچم و دەیانڵێم و لەبەریان دەکەم:

هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە،
دایکی وەتەن، دەهەڵسە سڵاویان بسێنەوە
شێخ قادرە لە پێشەوە، سەرقافیلەی ئەوان
چەن جوانە خوێن و ڕیشی سپی پیر و نەوجەوان..."

###

شایی باجە هەتاوێ، ئەمە هەموومان دەچینە ماڵە زاوای.

ئەمن لەگەڵ دێدەم. هەر جێیەکی دەچێ وە دوای دەکەوم.
باجە هەتاو زۆر جوانە. لەسەر سەندەڵێکی دانیشتۆ، تاراکەشی هەر پێوەیە. وەختی نان خواردنێش بە زۆری دێدەی تۆزێک دۆکڵیوی دەخوا.
دێدە لە پەناڕا هەر بۆ من پڵاو و خۆرشت و دۆکڵیوی تێدەکا و دەڵێ:"بخۆ باپیرم، بخۆ!"
باجە هەتاویش چاومان لێ دەکا و پێدەکەنێ. لە حەسارێش تەقەکە یێدەنگ بۆ، هەموو کەس خەریکی نان خواردنێیە.
دوای نانی دێدە بە بووکێ دەڵێ:"ئەها! کوێشتیر تەواو نانەکە لە زگی ئاوا نابێ، دەس دەکا بە وێژینگ دانێ. ئەمەش بەرەو ماڵ بینەوە چاکە."
نێوچاوانی باجە هەتاوێ ماچ دەکا و پێش وەی فرمێسکەکانی بێنە خوارێ لە دەرکەی دەچینە دەرێ.

###

لە حەسارێ لەبەر نیسێی دیواری مدبەقێ دانیشتووم، چاوم لە گوڵدانەکانی بەرتاوێ بڕیوە.
کاکتوسەکەی فازل کاغەزی تێنابوو وەها خۆی گرتۆتەوە هەر دەڵێی قەت قەت قەلشتی لە گەڵاکەی نەکراوە.

عەکسەکەی سمکۆی ئێستاش لە پشت بۆشکە ئاردەکانە، نەموێراوە هەتا بە دێدەش بڵێم. فازل لە ژووری بەردەستان حیکایەتی ئینسانی دووژینە (انسان ذوحیاتین) دەخوێنێتەوە، دەچم بە لایەوە، پرسی پێ دەکەم، کەس دیار نێ. دایکم لە مدبەقێ سەری قاڵە، خات بەسێ پێشخانەی گەسک دەدا.

فازل دەڵێ:"ئەتۆ ڕۆ چەقۆیەکی بێنە، مەهێڵە کەس بد بینێ، دوایە ڕۆ لە کن گوڵەکان دانیشە، ئەمن دەزانم چۆن کاکە مەزهەر گەڵاکەی کردەوە، بۆخۆم جێبەجێی دەکەم!"
چەقۆکەی بە ترسەوە دەدەمە دەستی،
دەڵێ:"ئەتۆ ڕۆ عەکسەکەی بێنە، چەندە دەبێ؟ چکۆڵەیە؟"
دەچمە کارخانەی عەکسەکە هەر وا لە پشت بۆشکە ئاردەکانە، لە نێو گیرفانمدا دەیشارمەوە و دێمەوە حەسارێ.
فازل پڕێکی لە گەڵایەکی پڕیوە، دەڵێ:"کاکە مەزهەر کاغەزەکەی منی لوولە کرد."
عەکسەکەی دەردێنم و دەیدەمە دەستی دەڵێ:"ئەگە دایکم هاتە دەرێ پرسی چ دەکەین، دەڵێین لە کاغەزەکەی دەگەڕێین. ئەگە چەقۆکەشی نەدیت، هەر وە دەزانێ چاو لە کاکتوسەکەی دەکەین، هیچ ناڵێ."
قەڵشەکەی فازل لە کاکتوسەکەی کردۆ زۆر لە عەکسەکەی چکۆڵەترە، هەر وا وردە وردە خەریکە بە چەقۆکەی گەورەتری دەکاتەوە و هەر جارناجارێکیش زیقەیەکی لێ دێ، ئەمن پێموا دەبێ دەستی خۆی دەبڕێ، بەڵام دڕۆکانی کاکتوسەکەی زۆرە و زۆر تیژیشن، لە هەموو لایێکێوە، لە دەستوپلی ڕۆدەچن.
فازل دەڵێ:"ئەو کونە زۆر گەورە دەبێ هەتا وێک دێتەوە ئەگە عەکسەکەیان دیت یا لە گەڵاکەی هاتە دەرێ چی؟!"
دەڵێم:"بە چی دەتوانین گەڵاکەی پێکەوە نوسێنین؟"
دەڵێ:"ئەگە وەک گیپەی بیدرووینەوە، زۆر دیاری دەکا. دەبێ فیکرێکی چاک پکەینەوە."
لە پڕرا دەڵێ:"ئەها! دیتمەوە، ئەگە پتوانی سنجاغی ببینێوە، هیچی دیمان ناوێ."
ئەمن دیسان دەڕۆمەوە ژووری بەردەستان، سەر تاقە و شتی چاو لێ دەکەم، دوایە دەچمە نێو خەڵوەتێکەی.
دایکم دێتە ژوورێ دەڵێ:"ئەوە چ دەکەی، لە چی دەگەڕێی دەڵێی ماڵت لێ دزراوە؟!"
ئەمنیش دەڵێم:"هیچ، هەر وا!، لە هیچ ناگەڕێم!"
هەموو وڵاتی چاو لێ دەکەم سنجاغی نابینمەوە. دوو سێ دانەی زۆر جوانم هەیە، خاڵۆژنە گوڵێ کە لە زێوکەی هاتبۆوە دابویمێ، بە هەڵات هەڵات دەیانبەم بۆ فازلی.
دەڵێ:"ئەوانە زۆر درێژن، ڕەنگاوڕەنگیشن دیار دەبن."
دەڵێم:"ئەوانە بۆ کۆچکەی ژنان دەبن."
دوایە وە بیرم هاتەوە کە تۆپێکی پینگ پۆنگی زەنگیانە و سنجاغی زۆر چکۆڵەم لە مەدرەسەی دروست کرد بوو، بەڵام وەکوو هەموو کاردەستێکی دیکە هەر وا ناتەواو وەلام نابوو. دەچم لە دایکم بپرسم ئەو شتانەی لە کوێ داناوە.
دەڵێ:"جا چوزانم؟ هەزار شتی وات لەو لا و لەو لای کەوتۆتەوە، هەمووشی نیوە ونیوەچڵ، پووڵی پێ دەدەی، دەستی پێ دەکەی قەت خەلاسی ناکەی، نازانم لە کوێیە!"
ئەمنیش دەڵێم:"چاکە!،ئەگە وایە دەچم لێی دەگەڕێم!"
دایکم دەڵێ:"نا!نا! سەگی کافر، نەچی هەموو وڵاتم لێ بێنێ بەرباری، ئەمن بۆخۆم مەجالم بێ بۆت دەبینمەوە."
دەڵێم:"دایە! هیچ تێک نادەم، دەچم بە جوانی دەگەڕێم."
دەڵێ:"ئەمن دەتناسم، ئەتۆ مردووی مەلاجامیان لە قەبری دێنێ دەرێ!"
دەڕۆمەوە نێو خەڵوەتێکەی، ئێغدانی دایکم دوو هەزار پرێسکە و بوغچەی تێدایە. زۆری پێناچێ، پرێسکەیەکی کە تۆپەکەی بە نیوەچڵی تێدا، دەبینمەوە، دەیهێنمە حەسارێ. فازل کە سنجاغە چکۆڵەکان دەبینێ

دەڵێ:"زیندە باد! ئەوە لە هەموو شتێکی چاکترە، ئەتۆ حازریان کە، بیدە دەستم، ئەمنیش جەراحێکەی دەکەم!"
دوایەش پێدەکەنێ.
پێش وەی عەکسەکەی سمکۆی لە نێو گەڵاکەی نێ هەردووکمان چاوێکی دیکە لە سمکۆی دەکەین، دەڵێم:"چاوی لێکە! بە وەی دەڵێن `شای کوردان!`"
فازل دەڵێ:"`ئینقلابی!` لەسەر حیسانی وا نابێ نێوی پیسی `شای` دابنێی!"
عەکسەکەی بە هەزار جیرە جیر و بە تۆبزی لە نێو گەڵای کاکتوسەکەیدا جێ دەکاتەوە.
دوایەش دەڵێ:"سنجاغ!"
ئەمن دەست دەکەم بە سنجاغ دان بە فازلی و ئەویش وەکوو جەراحێکی چاک زۆر بە جوانی هەموو سەری گەڵاکەی پێکەوە دەنێ. لە دوورڕا کەس نازانێ چمان کردۆ، لە نزیکڕا چاوی لێ پکەی سنجاغەکان زۆر چاک دیارن.
فازل دەلێ:"هەتا سەرما دانەیا دایکم ئەو گوڵانە نابانە ژوورێ، هەتا سەرماش دێ، گەڵاکە تەوا خۆی دەگرێتەوە و دوایەش دەبێ بزانین سنجاغەکان چیان لێ دێ، ئەگە بە دەرەوە بمێنن، دەریاندەکێشین، وەکی دی کەس بە لای ئەو گوڵانەدا ناڕوا مەگە ئاوی بدەن."
ئەمن چەقۆکەی بە پەلە پەل دەبەمەوە جێگای خۆی. دێمەوە هەردووکمان لە لای گوڵەکان بە بێدەنگی دادەنیشین.
فازل کەیفی بە وەی سازە کە کارێکی گەورەی کردۆ و بەتاقی تەنێش کردوویەتی.
ئەمنیش خاترجەمم هەتا هەتایە کەس نازانێ چۆن ئەورۆ ئەمن و فازل، لەبەر ساواکی عەکسی سمکۆمان لە نێو گەڵای کاکتوسی دا، شاردەوە.

کاکەجەمیل لە دەرێرا دێتەوە دەڵێ:"خەبەرێکی عالی!"
هەموو قیت دەبنەوە گوێیان لێ بێ.
دایکم دەلێ:"ئا؟ خەبەری چی بابەکەم؟ خۆش دەبێ ئیشەڵا!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"`یوری گاگارین` خەریکە دەگەڕێتەوە، لە مەداری عەرزی نزیک بۆتەوە!"
دایکم دەڵێ:"ئەوەتا! بزانە بە هۆی زانست و خوێندن کافر چی پێ دەکرێ!"
فازل لە جێی خۆی ڕاست بۆتەوە و دەستی کردۆ بە چەقڵە سەمایە. چونکە هەم زۆر فەزانەوەردی پێخۆشە و هەم دەیەوێ بزانێ لە ژێر ئوقیانوسساندا چ باسە.
دەڵێ گەورە کە بوو دەرسی هەڵفڕین (پەرواز) دەخوێنێ و مەلەوانی (غەواسی) فێر دەبێ.
ئەمنیش لە "بن ئاوی" زۆر دەترسم و "حەوا"ش هەر کارم پێ نەداوە.

###

خانۆکەی تەنیشتمان، ماڵە ئەردەڵانی، کرێگرتەی تێدا نێ.
هەر بۆیە دایکم بە بابم دەڵێ، نانوکێشتی شایی کاکە حەسەنی لە ماڵە خۆمان، لە حەسار و مدبەقەکەی ساز دەکەن با میوانەکانیش پچنە خانۆ چۆلەکەی بۆ دانیشتن و نان خواردن و هەڵپەڕین و ئەوەی.
مامە حەمەدەمین و کوڕەکان کارتەکان دەنووسن. نێوی ئەو ماڵانەی دەیانەوێ بانگیان کەن لە دوو سێ وەڕەق کاغەز نووسراوە.

مامم بە باجە زارای دەڵێ:"زارا! ئەتۆ لە هەموو کەس چاکتر ئەو شارەی دەناسی، بەشێک لە کارتەکان دیارە مەزهەر و جەمیل دەیگەیێنن، ئەویدیش هەمووی بۆتۆ."
باجە زارا دەڵێ:"جا بە چاوان ئاغاسەید حەمەدەمین. هەر ئەوەندە بزانم کێهەیە، کێهەیە، بردن و گەیاندنیان بە سەر چاوم."
مامم بانگم دەکا:"ژاپۆنی وەرە بزانم!"
دەچمە ژوورێ، دەڵێ:"بزانم دەزانی ئەو نێوانە پخوێنێوە؟"
پاکەتێکم دەداتە دەستی دەڵێم:"ملوک خانم محترمە!"
دەڵێ:"بارەقەڵا، ئەتۆ لەگەڵ زارای پچۆ  نێوەکانی بۆ پخوێنەوە. ئەو بۆخۆی دەزانێ کێ لە کوێیە!"
دەڵێم:"بەڵێ!"
دوایەش دەڕۆم وە دووی باجە زارای دەکەوم.
باجە زارا  دەڵێ:"ئەیەڕۆ، جا چم پێ دەڵێی؟ خۆ ئاغاسەید حەمەدەمین ماشەڵا، بەو هەمۆ کور و کچ و ژنی جوان و کەژاڵ خانم کە دەڵێی زێڕە، ئێستاش ئەو ژنەی هەر لە بیر نەچۆتەوە!"
دەڵێم:"بۆ چ بۆ؟"
دەڵێ:"بیستوومە ئاشقی ئەو ملوک خانمەی دەبێ، بەڵام بابت و مامت ناهێڵن بیهێنێ، دەڵێن شانی وان نێ، گۆیا، مامت خۆی لە عەرز وعاسمانان دەدا بەڵام ناهێڵن کە ناهێڵن! ئەویش ئەوە خۆ هەر دڵی لە لایەتی، خاکەسارنەخۆم!"

بە مەیدانی ئاردیدا دێینە خوارێ لە لای میهمانخانەکەی سەر کوچەی دەنگی گۆرانی خەلیلی سدیقی دێ:ئەرێ چ بکەم نیمە چارە...
ئەمن هەموو هۆشم دەچێتە سەر گۆرانێکەی لەپڕرا خەیامی دەبینم و دەڵێم:"باجە زارا  دەچینە ماڵە خاڵم؟"
دەڵێ:"نا! بەڵام ماڵە سەید مەلا و ماڵە بابی زێد خانم و ماڵە ملوک خانمێ هەموو هەر لە گازێکین."

باجە خەجیج  لەگەڵ کورەکان باسی بەزمێ دەکا.
دەڵێ:"مەلا حوسێنی عەبدوڵازادە دەبێ بێ بۆ هەڵپەڕینێ، کاک محەمەدی ماملێش دیارە جێگای خۆی هەیە و شایی، شایی نێ بە بێ ماملێ، ێجگە لە وەش دەستە برای حەسەنیشە، بۆخۆی و خانەوادەی دەبێ بانگێشتن کرێن."

ڕۆژی ناندانێ، ئەمن دەچمە حەساری شاییە. بە پلیکاناندا وە سەر دەکەوم. نانوچا خوراوە. لەسەر پلیکانەکان دادەنیشم. گوێم لێیە:
"قەت لە دنیادا نەبوو ێجگە لە ناخۆشی بەشم
نەمدی ڕووی ئاسودەگی قەت،
تووشی گێرە وقەرقەشم!"
دەگاتە ئەو جێیەی دەڵێ:
"بەو گوارەی بە گوێتەوە وەختە سوێم بۆت ێتەوە."

هەتا ئێستا هەر گۆرانی شەماڵ سایب و تاهیر تۆفیقم زۆر پێخۆش بۆ. هەرچی زۆرتر گوێ دەدەمە مامڵێ، زۆرتر پێمخۆش دەبێ.

لە ئاخری شایی کاکە حەسەنی وام لێ دێ دەنگی کەسم بە قەد دەنگی مامڵێ پێ خۆش نابێ.
گەرچی لە گاوانێ نەبێ کەس دەستم ناگرێ بەڵام پڕێک خۆم فێری هەڵپەڕینێش دەکەم. دایکم شەوانە نەبێ ئەمن نابینێ. یا لە حەساری "ئەردەڵان"یم یا لەگەل باجە زیێد و کاکم دەچمە دەرێ.
باجە زیێد بە دایکم دەڵێ:"توخودا سەیزادەخانم! نەفیسە خانمی وەک خۆت لێ مەکە، لێی گەڕێ پرواتە دەرێ، پچێتە شایی و میهمانی و شتی. ئەتۆ قەت بۆخۆت بۆ هیچ کوێ ناچی."
دایکیشم لە جوابدا هەمیشە دەڵێ:"نامەوێ وەک کچ و ژنی سابڵاغی دەنگی دەفەی کە بیست دین و ئیمانی لە کن نەمێنێ، هەر لە فیکری زێڕ و لیباسیدا بێ، دەمەوێ وەک کورەکان بێ!"
باجە زیێد دەڵێ:"خۆ ئەگە لەگەڵ ئەمە و ماڵە باجیم بێتە باغ و سەیران و ئەوەی بۆ خەراپە؟ یا ئەگە شاییان پچێ؟ ئەتۆ دیارە بۆخۆت تەشریفت ناچێتە هیچ کوێ، ئەوە منداڵە بۆ لە ئەلعانڕا لە ژوورێدا بێ؟"
دایکم دەڵێ:"کوا لە ژوورێ دایە؟ ئەوە نێ خۆ ئەوەندەی ئەنگۆ لێرەن ئەمن هەڕ چاوم پێ ناکەوێ وەک توڵە قەندی هەر بە دواتانەوە! دوایەش کە ئەنگۆ دەڕۆنەوە تارانێ هەر وەک خۆی لێ نایاتەوە. زۆر غەمێ دەخوا و دەگری."
باجە زیێد دەڵێ:"نازی! ئەمەش هەر واین ئەوەندە هەموو لوتف و مەحەبەتیان هەیە لەگەڵمان بۆمەش زۆر ناخۆشە کە ئەنگۆ بە جێ دێڵین، دەڵێی شتێکمان لێ ون بۆ، مەسعوود کە هەر زۆر تێک دەچێ. ئەوەندەی هاتنەوە خۆشە،
دە ئەوەندە ڕۆیشتنوە ناخۆشە!"
دایکم دەڵێ:"جا لەگەڵ کاری خودای چت پێ دەکرێ؟ سەد بریا بە بریای ئەو پێشەریکەی ئەنگۆش هەر کار و ماڵ و هەموو شتێکتان هەر لە سابڵاغێ بووبایە. وەکوو ئەو عالەمەی!
ئەوەتا وەکوو `لەیلان خانمێ` خۆشبەخت بێ، ڕۆڵە، یاخوڵا قەت بەردی ساردوگەرمی وە ڕێی نەیا، ئەو شارە لەبەری حەساوەتەوە. بە خوڵای پێم وەکوو ئەنگۆ وایە، دەیبینم چاوم ڕوون دەبێتەوە. هەتا بڵێێ عاقڵ، بە ئیحترام لەگەل خەڵکی، نەجیب، کاری دەر وژووران دەکا.
دەبێ هەر پچێ سەیری ئەو ژوورە پیسەی سەر حەوزخانەکەیان، بزانی چی لێ کردۆ و چۆنی ئاوا بە ڕەسمی تارانێ ڕازاندۆتەوە. خاوێنی کردۆتەوە، ڕەنگی کردۆ و ئەسپاب و ئەساسیەی خۆی لێ داناوە.
بۆ منیش خواد هەڵناگرێ وەخت وبێوەخت لە دووم ناردۆ قەت نەیکوتۆ نا، ئەگە دەرزی بێ لێی داوم. ئەگە دەرمان و شت بێ لێی حاڵی کردووم چەندە و کەنگێی پخۆم.
خۆش دەبێ ئەگە هەموو ئەو جحێڵانەی دەچنە دووری دەرس دەخوێنن، شت فێر دەبن، بگەڕێنەوە لە وڵاتی خۆیان خزمەت پکەن بە میلەتی خۆیان، لەو تاران‌وتەورێزەی نەمێننەوە."
باجەزیێد دەڵێ:"ئەیەڕۆ، بگەڕێینەوە نێو قسەوباسی سابڵاغیان؟ قەت نەوێرین بە ڕێیەشدا پڕۆین لە دەست خەڵکی بۆ وەی هەرچی بڵێین و بیکەین ئیرادی لێ‌دەگرن. ئەمن ئەگە سابڵاغم پێ‌ناخۆش بێ لەبەر دواکەوتویی خەڵکەکەیەتی. ناوێری لاقت خواردانێی، لەو مەجلیس و لەو شایی و هەتا لە سەرەخۆشیانیش باست دەکەن. جا ڕەسم ورسوماتی کۆنو ئیفتزاحیش لە جێی‌خۆی!"
دایکم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"کوا؟ کێهە ڕەسم‌ورسوماتی ئیفتزاح؟"

باجەزیێد دەڵێ:"هەر ئەو بووک و بەربووک و شتە مەسخەرانە دەبێ هەڵگیرێ. توخوڵا سەیزادە خانم بە نەزەری جەنابت عەیب نیێ کە هەموو ئەو ژنانە خڕ دەبنەوە و مونتەزر دادەنیشن هەتا بەربووک بێ خەبەریان بۆ بێنێ کە بووکەکە باکرە بۆ و پەڕۆیێکیشیان بۆ بێنێ هەتا سابتی کا کە کچەکە لە پێش ئەوەیدا مێردی پکا لەگەڵ کەسی دی نەنوستۆ؟! دوایەش هەموو ئەوژنانە، `ڕووت سپی بێ، ڕووت سپی بێ! بە بووکەکەی دەڵێن و پووڵی لە نێو پەڕۆ (زۆر ببەخشن!) بە خوێنەکەیەوە دەهاوێن بۆ بەربووکەکەی!
ئەتۆ بۆخۆت ماشەلا حیسانێکی تەحسیل کەردەی، ڕەوشەنفیکری پێتوانێ ئەو کارانە عەیبە؟
دایکم دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان! ئەوە هەر ڕەسمی کۆنە. هەم بۆ ماڵە زاوای زۆر موهیمە، هەم بۆ ماڵە بووکێ کە کچە کچ بێ. بۆ عەیبەش ئەو قسەوباسە خۆ لە نێو ژنان دەرناچێ. پیاو کاری بەو شتانە نیێ."
باجە زیێد دەڵێ:"لە نێو ژنیشدا بە نەزەری من زۆر ڕەسمێکی عەقەیب ئوفتادەیە. دەبێ هەڵگیرێ!"

###

زستانێکی زۆر پیسە!
بەفرێکی یەکجار زۆر باریوە، دیسان لە کوچە وکۆڵانان وەکوو شاخی هەڵدراوەتەوە. سەرباقی وەش سەرمایەکەی، بە دەردی دایکم دەڵی، پیاوی کەسیرە دەکا. بۆ مەدرەسەی دایکم وامان دادەپێچێ کە بە زەحمەت بە ڕێیەدا دەڕۆین. وەک گیپەی هەڵمساوین! ئەمن گەرووم دێشێ لە ماڵێ لە تەنیشت کوورەکەی دوو ڕۆژە درێژ بووم و "ویکس" تێهەڵسوونی دایکم و دۆعای "تیب لقولوبی لی شەفائیها" بەداخەوە گەرو ئێشەکەی چاک نەکردۆتەوە. بە زەحمەت شتم بۆ قووت دەدرێ. هەر بۆیە بابم دەڵێ دوکتور لازارم بۆ دێنێ.
دەڵێم:"بابە! هەتا گەرووم دێشێ دوکتور لازار دەرزیم بۆ دەنووسێ ئەمن دوکتورم ناوێ!"
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە! دوکتور لە خۆڕا دەرزی بۆ پیاوی نانووسێ. ئەگە لازم بێ دەینووسێ. ئەتۆ ئیدی خۆ منداڵ نی ئەلعان خانمێکی حیسابی خۆ نابێ لە دەرمان و دەرزی پترسێی!"
دوکتور لازار دێ و بە دایکم دەڵێ:"چوار دەرزیم بۆ نوسیوە هەر ڕۆژەی یەکێکی لێ بدەن."

ئەمن دەست دەکەم بە گریانێ چوار دەرزی!؟
دایکم چای بۆ دوکتور لازاری هێناوە و باسی سەرما و بەفری زۆر دەکەن و دوایەش دوکتور دەڕوا.
باجە زارای دەنێرێ لە دووی ئامین خانمێ و دەڵێ:"ئەمن بۆخۆم ئامینە خانمم لە هەموو کەس پێ چاکترە، دەرزێکی ئەو لێی دەدا ئەوەندە نایێشێ! دەرزی ڕەگیم لێ دەدا فەورەن ڕەگەکەی دەبینێتەوە، ئی وایە هەموو باسکم شینورەش دەکاتەوە."
دایکم دەڵێ:"زارا گیان، ئەتۆ بۆخۆت دەرزێکانیشی لە دەواخانەی دوکتور ئەبریشمی بۆ بکڕە. ئەگە ڕاوەستین کورەکان لە مەدرەسەی بێنەوە و پچن بۆی بکڕن زۆری پێدەچێ، دەڵێن ` تا تریاک از عراق آری ` مارگزیده مرده باشد! `"
باجە زارا دەڵێ:"جا بە چاوان کچێ سەیدی!"

دوایەش هەڵدەستێ دەڕوا.
ئەمن هەر هاوار هاوارمە:"باجە زارا گیان، باجە زارا! مەچۆ، مەیان کڕە، بە ئامینە خانمیش مەڵێ بێ!!"

باجە زارا ئەوەندەی پێ ناچێ دێتەوە. هەر دەگری.
دایکم دەڵێ:"ئەیەڕۆ، زارا گیان، ئەوە چ بۆ بە قوربان؟"
باجە زارا خۆی بۆ ڕاناگیرێ، خەراپتر وە گریان دەکەوێ و دەڵێ:"هەی نەمێنم ڕۆڵە گیان! هاوار بە ماڵم بۆ دڵی ئەو دایکە بەدبەختەی ئەو خەبەرەی بۆ چۆ، دەبێ قوری کوێ بەسەری خۆیدا پکا؟ برینی وا چۆن دەرمان دەکرێ؟"
دیسان دەڵێ:"کچێ دڵم تۆقی کچێ سەیدی، جەرگوهەناوم لە وێدا نەماوە!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان چ بۆ، دایکەکەم؟"
باجە زارا دەڵێ:"یاخوڵا کوێر بم! دوور لەو ماڵەی تێیدا دەڵێم، هەر سێک کورەکانی ماڵە شافعیان، کوورە تۆقیوە، قورعان دە مەعبەیندا بێ، یاخوڵا عەمرم نەمێنێ،دەڵێن هیچیان نەماون."
دایکم دەڵێی تاساوە دەڵێ:"جا ڕۆڵە گیان! کوورە چۆن دەتۆقێ؟ کێهە ماڵە شافعی؟"
باجە زارا دەڵێ:"کچێ بێبەڵابی، کوورەی کوورەخانەی، دەڵێن لەو سەرما و قەباحەتەیدا کوژابۆوە، هەڵنەدەبۆوە کورەکانی میرزا وەهابی، هەرسێکیان میرزا یۆسف و کاک سولەیمان و کاک داود،" لێرەدا دیسان دەست دەکا بە گریانێ، دەڵێ:"کچێ سەیدی دڵم تۆقی, ئەی هاوار لەو ڕۆژە ڕەشەی!"

لەو قسانەدان بابم لە بازاڕیرا دێتەوە. دایکم و باجە زارای دەبینێ دەگرین.
دەڵێ:"پەکوو! هەرسێکیان، یەک لە یەکێ چاکتر و ئینسانتر بوون.
کاک سولەیمان دەبیری کورەکان بوو. دیارە لەگەڵ کاری خوڵای هیچ ناکرێ، بەڵام شارەکە شێواوە. دوکان و بازاڕ ئەوەی بووش داخرا.
هاتوومەوە خۆم داپێچم بۆ سەرقەبران."
دایکم دەڵێ:"زارا گیان! ئەتۆ چاوێکت لەو گۆشتەی بێ نەسووتێ ئەمن باپچم تۆزڵخ وعارەقگیری ئەستوور و ئەوەی بێنمە دەرێ بۆ ئاغاسەیدی بە قوربان! لەو سەرما و قیامەتەیدا پیاو لەسەر قەبران کەسیرە دەبێ.
دەبێ ئەمنیش منداڵەکان لە مەدرەسەی هاتنەوە نانوئاویان بدەمێ و پڕۆم بۆ سەرەخۆشێ."
باجە زارا وەکوو لەگەڵ خۆی قسان پکا دەڵێ:"ئەی هاوار بە ماڵم, ئەوە خات گوڵێش لە حەمامەکەی میرزا یۆسفێ، ژنان بە هەزار جور ئەو خەبەرەی بۆ دەگێڕنەوە. یاخوڵا جەرگم خەرا بێ ئەدی ئەو ماڵومنداڵ و ژن و، دوور لەو ماڵەی تێیدا دەڵێم، دایکی ئاوا سەربەقور و ئەدی ئەوانە کێ ئاگای لێدەبن؟"
دوایە باجە زارا سەری هەڵدێنێ دەڵێ:"خوڵایە، بۆخۆت دەزانی چ دەکەی، کەس سەر لە کاری تۆ دەرناهێنێ، بە قوربانت بم، بۆ سێ بە جارێکی؟ بە ڕۆژێکی؟ بۆ ڕوحمت بە دڵی ئەو دایکە پیرە بەدبەختەیدا نەهات؟ بۆ ڕوحمت بە منداڵی سەروپێچکەدا نەهات؟"

دایکم کڵاو و شاڵگەردن و گۆرەوی مەرەزو زەنگاڵ و دەستەوانە و کەوش و کاڵۆش و ژێرکراس و باڵتۆی بۆ بابم حازر دەکا، بابم خۆی ساز کردۆ و دەڕوا.

دایکم دەگەڕێتەوە سەر کێشت لێنانەکەی.
باجە زارا بە هاوار هاوار وگریان دەڕوا بە دایکم دەڵێ:"ئامینە خانم پێش ئەوەی منداڵی مەدرەسەی بەربن، دێ دەرزی لە کچەکەی بدا."

ئامینە خانم کە دێ ئەویش هەردەگری. بە دایکم دەڵێ لە سەرەخۆشێ یەکتری دەبینەوە و دەڕوا. ئەمن زۆر حەول دەدەم هەرا هەرا و زیقە زیقی پێش دەرزی لێ دانێم کەمرکەمەوە.
ئەمن کاک داود و کاک یۆسفم هەمیشە دەدیت دە هاتوچۆدا بوون و بە بەردەرکی ماڵە مەدا دەهاتن و دەڕۆیشتن. کاک سولەیمانیشم لەگەڵ ڕەفیقەکانی، لە خەیابانان، دوو سێ جار دیتبوو.

وەختی نەهارێ کوڕەکان لە مەدرەسەی دێنەوە. کەس ئیشتیای نان خواردنێی نێ. کاکە مادح کە هەموو کوڕەکان لەبەر زۆر خواردنێ بانگی دەکەن "زگ"، هیچ وەک ڕۆژی دی پەلامار بۆ نانوکێشتی نابا. شاگردەکانی دەبیرستانەکانی سابڵاغێ هەموو بۆ تازێدارێ قۆڵبەندی ڕەشیان لە قۆڵکردۆ.

لە دەرکەی دەدەن.
دایکم بە کاکە مادحی دەڵێ:"ڕۆڵەگیان بزانە کێیە."
ئەویش دەڵێ:"ئەو مەیمونە ڕزیوە بۆ ناچێ؟"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵەگیان ئەوەنێ نەخۆشە ئاڵوی هاتۆ، ئامینە خانم هات دەرزی لێ داوە، جا چۆن ئەو پچێ دەرکەی پکاتەوە بە نەخۆشی؟"
کاکە مادح دەڵێ:"وەڵاهی، درۆیە دەکا، ئەمن ئەورزیوەی دەناسم! ئەوە خۆی نەخۆش کردۆ هەتا لە بن کوورەی لێیدرێژبێ!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان ئەتۆ لە دوکتوری چاکتر دەزانی؟ دوکتور کوتی ئاڵوی هاتۆ."
دەچێ دەرکەی دەکاتەوە. لە پێشخانەڕا دەنگی دێدەی دێ.
دایکم دەڵێ:"ئەوە خۆ خات گوڵێیە! دە چاکە وەڵا پێکەوە دەچینە سەرەخۆشێ!"
دێدە چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون، کە دێتە ژوورێ بە چارەکەشانەکەی دەیانئەسترێ و دەڵێ:"پەکوو! ڕۆڵەگیان لەو ڕۆژەڕەشەی."
دایکم دەڵێ:"دێدەگیان! خۆ ئەمن و زارا هەر پێمان وابوو لە حەمامێی!"
دێدە بە گریانەوە دەڵێ:"ئا! جا بەیانی وەکوو هەمو ڕۆژێکی کە حەمامی ژنانە، هەستام چووم."
لێرەدا وادەگری دایکیشم وە گریان دەخا.
دایکم دەڵێ:"توخوڵا، دێدەگیان، وەرە وەرە!، لە پەنای کچەکەی خۆت بە کوورەکەی گەرمکەوە!"
ئەمن دەستم بۆ لای دێدەی درێژ دەکەم، دێ بە گریانەوە دەڵێ:"کوێشتیرا!"
دوایە کە دادەنیشێ دەڵێ:"ئەی فەلەک، ئەی دنیای فانی بێوەفای هیچ وپووچ، ئەودنیایە بەقای بۆکەس نێ بابەکەم، نە بۆ جەوانی و نە بۆ پیری، و نە بۆ منداڵی!"
دایکم دەڵێ:"چندین هزار گوهر قیمتی کە آمد بەجهان
بردی و بە زیر خاکپنهانکردی."
دێدە دەڵێ:"یەکێک لە کوڕەکان بەیانی زوو دەهات حەمامی دادەنا. کە بەیانی چووم،"دیسان دەست دەکا بە گریانێ و دەڵێ:"حەمام دانەندرا بوو، مەحتەل مام! بۆ

دەبێ حەمامیان دانەنابێ؟ چووم بۆ لای مزگەوتی بازاڕی، حاجی حەمە ڕەشید لە دەرکەی مزگەوتێ دەهاتە دەرێ."
کوتی:`هەتا پیرێک دەمرێ سەد جەوان دەچنە ژێر خاک! پەکوو خات گوڵێ لەو موقەدەرەی!`
ئەمنیش هەر وا کوتم:`موقەدەری چی حاجی ئاغا؟`
کوتی:`چۆن خوشکی خۆم، نەد زانیوە کوورەخانە تۆقیوە؟`
ئەمنیش هەر وا مەحتەل مابووم.
کوتم:`کوورەخانەی کێ؟`
کوتی:`دایکەکەم دەڵێن دوێنێ شەوێ میرزا یۆسف و هەر دووک براکانی دەچن کوورەی هەڵکەنەوە، لێیان‌دەتۆقێ، قورعان لە ماعبەیندابێ، هەر سێکیان بە جارێکی دەچن.`
ئەمنیش وە دووی ئەو خەبەرەی کەوتم هەتا ئێستا. بە داخەوە ڕاستە."

دایکم دەڵێ:"با منداڵەکان نان‌وچا بدەین و بەڕێیان کەین بۆ مەدرەسەی بۆ خۆمان بڕۆینە سەرەخۆشێ. ئاغا سەیدیش ڕەنگە هێندەی پێ‌نەچێ بێتەوە لەسەر قەبران."
دێدە دەڵێ:"هاواریان بە کەس ناگا، نە نەخۆش دەبن، نە سەرێش دەبن نە لە بەندێدا دەبن! ساغ وسەلیم، جوان وجحێڵ، دوویان هەر ژنیشیان نەهێنا بوو! هەر وا بە کەفلەکونێکی هەموویان چوون. دەلێن:`دوو پیاوی دیش کە هەر کاریان کردۆ لە کوورەخانەکەی، ئەوانیش نەماون."
لێرەدا هەناسەیەکی زۆر قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"هەیهات، هاوار بەماڵم!"
دوایەش دەستەکانی بە ئەژنۆی دەگرێ و لە من و لە کوورەکەی نزیکتر دەبێتەوە.

دایکم، بەشی بابم ڕادەگرێ.
دەڵێ:"با منداڵەکان مەدرەسەکەیان نەچێ، پخۆن و بڕۆن!"

منداڵەکان چوونەوە مەدرەسەی. بابم لە سەرقەبران دێتەوە لە سەرمان و لە غەمان سوور وشین هەڵگەڕاوە،
دێدە دوو سێ لقک داری گەورە وە بەرکوورەکەی دەدا.
دایکم خێرایەکی چایەکی بۆ تێ‌دەکا و دەڵێ:"چەلێ با نێوزگت گەرم دابێ."

بابم دیارە زۆر ناڕەحەتە. دادەنیشێتە سەربالۆنجەکەی ڕوو لە من دەکا دەڵێ:"بابە گەرۆکەت چۆنە؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئامینە خانم دەرزێکەی لێ دام."
لە دایکم دەپرسێ:"سەیزادە! ئەو خانمە چکۆڵە هیچی خواردۆ؟"
دایکیشم دەڵێ:"لە پێش هەموو شتێکیدا هەلیماوێکی زۆر قازاخم بە نەعنە کێویلکە و پیوازی بۆ لێ‌نا، چی وای نەخوارد. هەر پێی دەڵێم:ئەمە کە منداڵ بووین کاکە بابەشێخ هەر دەیفەرموو مستی لە نێو زارتان نێن، هەتا ئاڵۆکەتان پاشەکشەی پکا، چ ئەو دەرمان و دوکتورە نەبوو بە خوڵای! دایکیشم، بە ڕەحمەتی خودای شاد بێ، هەر بابۆڵەی گەورەی پێ دەکردین دەیکوت گەرووتان دەکرێتەوە!
ئەوەی لە هەمووی سەیرترە. کورەکان قەت ئاوا گەروو ئێشەی ناگرن. هەر ئەو کچە ساڵێ دوو سێ جار زۆر پیس ئاڵوی دێ! هەموو جارێش دوکتور لازار دەرزی پنیسلینی بۆ دەنووسێ!"

دوایە دایکم و دێدە و بابم لە یەک خڕ دەبنەوە. بابم بە سرتە قسەکان دەکا.
دێدە و دایکیشم هەر دەڵێن:"ئەی هاوار!"
ئەمن گوێی خۆم قوت کردۆتەوە هەتا گوێم لێبێ. ئەوانیش لەبەر من بە سەبرا قسان دەکەن بەڵام هێندێکم هەر گوێ لێ دەبێ!
بابم دەڵێ:"کوورەکە، کە دەتۆقێ، قورعان لە مابەیندا بێ، هەر کەسێکی لە وێ دەبێ لەت لەتی دەکا. لاقودەستان لە نێو باغەکانی دەور وبەری کوورەخانەکەی دیتۆتەوە."

###

ئاڵۆکەم چاکتر بۆ.
ئەورۆ کورەکان لە مەدرەسەکانیانڕا دەبەن بۆ سەرقەبران.
دایکم پێیان دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، خۆتان داپێچن، ئەو سەرمایە زۆر پیسە با نەخۆش نەکەون."

دایکم و دێدە و ئامۆژنەکان و باجە مرێم پاش نیوەڕۆیە دەچنە سەرقەبران.
باجە خەجیجیش شەو ورۆژ هەر لە ماڵە کاک یۆسفێ.
ئەورۆ سێ ڕۆژە ئەو کارەساتە قەوماوە.
ئەمن دەڵێم:"دایە ئەمنیش لەگەڵ خۆتان بەرن."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەتۆ نەخۆشی. ساغیش بای منداڵ ناچێتە سەرەخۆشی و سەرقەبران. ئەویش دەو سەرما وسەخڵەتەیدا. بۆ ژنی گەورە و تەواویش زۆر چەتوونە چ بگا بە منداڵی."
کورەکان بۆ نەهارێ دێنەوە. پاژنوێژێش مەدرەسەکەیان تەحتیلە. کاکە مادح هەر دێ و دەڕوا شیعرێکی دەڵێ:"

گێژەڵووکەی بەسام و توندی خەزان
کە پەلاماری دایە باخ و ڕەزان
دەشکێنێ نەمامی شلک و تەڕ
گوڵی بۆن خۆش و تەڕ دەکا پەڕپەڕ
ئەو گوڵەی باخی پێ دەڕازاوە
داخەکەم ئێستە هەڵپروکاوە."

هەمووشی نازانێ بەڵام ئەوەندەی فێری بۆ هەر دەیڵێ و دەیڵێتەوە.

"یادی دوو پیاوی چاکی زەحمەتکێش
یانی کاکە عەزیز و مام دەروێش
خەڵکی ئەم شارە قەت لە بیر ناکەن
خەڵکی ئەم شارە ئۆگری چاکەن."

کاکە جەمیل هەمو شیعرەکەی وە دەست دەخا. هۆنراوەی "مامۆستا هێمن"ێ بۆ ئەو ڕۆژە دڵتەزێنە.

###

دایکم لەسەرەخۆیە هەتا شتێک یا کەسێک ڕقی هەڵدەستێنی، جا ئەودەمی دەیکاتە گێژی ئەسکەندەری.
ئەورۆژ هاوار هاور وزیقە زیق و گرمەگرمی دەڕواتە عاسمانێ. لەگەڵ سەید شەفیعی کوڕیخاڵە مەلای قسان دەکەن.
دەڵێ:"کوڕە بابم! ئەتۆ خۆ نازانی ئەمن بۆخۆم وە بیرم دێ، بە ڕەحمەتی خودای شادبێ، سەیزادە مەعسوم شیری کەمبوو، کچەکە تێر نەدەبوو، ئەمنیش مەزهەرم لەبەر مەمکان بوو خات گوڵێ دەیهێنا لە کۆشی منی دەنا هەتا شیری بدەمێ.
جەنابی شێخی دەفەرمێ: `ئەگە بە مەعلومی لە بیرت بێ هەتا حەوت جارانت شیر دابێ بە کچەکەی، ئەو کوڕە و ئەو کچە بە شەرعی ئیسلامێ لێک حەرام دەبن و وەکوو وەیە خۆشک و برابن.`"
سەید شەفیع دەڵێ:"جا پوورێ گیان! کاک مەزهەر ئەوەی دەزانێ؟"
دایکم دەڵێ:"ئەدی چۆن بابەکەم، ئەرێوەڵا دەزانێ! ئەوەشم وەکوو مەسعودی دەڵێ یا مەرگ یا موسەدیق! ئەو منداڵانەی من ئەوە ئاوا کەروبەدبەختن. دەنا ئەوەتا چەندەمان ئەمن وبابی بۆ کچی مامی پێ کوتۆ و پێمان خۆشە."
سەید شەفیع دەڵێ:"پوورێ گیان! ئەمن ئەورۆ دەچمە خزمەت بابم لێی دەپرسم بزانم ئەو چ دەفەرمێ."
دایکم دەڵێ:"بابەکەم! بۆخۆم پرسی کاکە بابەشێخ و کاک محێدینیشم کردۆ بە ناشکوری ناڵێم ئەوە کاکم بەناساغیش کتێبی بۆ چاو لێ کردووم.
دەفەرمێ: `ئەگە مەرگی تێدا بەستەبێ ئەوە دروستە دەنا ئەوەی شیری پێکەوە خوارد بێ، چ ئامۆزا بن چ پوورزا و خاڵۆزا بن، فەرقی نێ، لێک حەرامن.`
پرسم بە مامۆستا مەلا حوسێنی کردۆ و بە مەلا کەریمی شاریکەندی و جەنابی شێخی هەموو دەفەرموون ئەگە حەوت جاران شیری بدەی بە منداڵێکی وەک عەولادی خۆتە. مامۆستا مەلا حوسێن دەفەرمێ `ئەگە دە جارت بە مەعلومی وە بیر بێ، شکی تێ دا نەبێ.`
ئەمنیش زۆر چاکم لە بیرە پوورە مەنجیان، بە ڕەحمەت بێ، ما بوو هەتا ئەمنی دەدیت شیرم دەدا بە کچەکەی خێرا خێرا دەیکوت: `لێکیشیان حەرام دەکەن! لێکیشیان حەرام دەکەن!`
دێدەش دەیکوت: `هاهو، هاهو! بیبیلە دەچوو لە مردن، خوناوکەیان دەکردە گەردن! بیدەیە، دایکم بیدەیە، ئەوە با نەمرێ لەبرسان، جا با لەیەکتری حەرام بن!`
ئێستاش وا ناڵێ! دەڵێ: `ڕیشە گیان! بەقوربانی ئەو قەدوباڵا جوانەت بم، غەمێ مەخۆ پێنش تمەنی بدەین بە مەلایەکی خوشکوبرای لێک مارە دەکا!`"
سەید شەفیع دەڵێ:"وا دیارە ڕێیەکی دیکەیان لەبەر نێ، دەبێ دەس هەڵگرن!"
دایکم دەڵێ:"بابەکەم! هەموو ئەو شێروڕێویەم بۆ کوڕەکەی هێناوەتەوە، دەڵێ مەرگی تێدا بەستەیە! جا ئەوە جەمیل گیان دەڵێ پچمە خزمەت مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین، دەڵێ ئەو وەکوو ئەو شێخ و مەلایانەی دی نێ بە ڕاستی سەوادی هەیە و کۆنەپەرست نێ. دەشڵێ بابم و جەنابی شێخ و ئەوانە زۆر لەگەڵی موافیق نین بۆ وەی کۆنەپەرستی ناکا و حیسانێکی عالم و باسەواد و پێشکەوتۆ."

دایکم و سەید شەفیع لەو قسانەدان، کاکە جەمیل لە دەرێرا دێتەوە و لەگەڵیان دەس دەکا بە باسی مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین و مەلا و شێخ و ئەوەی.

کاکە جەمیل دەڵێ:"سەدهاساڵە کۆنەپەرەستی ئەو شێخو مەلایانە ئەمەیان لە قورێ ناوە. خورافات و دۆعا و نیشتوو باعیسی وە دوا کەوتنی مەن. شێخ یا مەلا ئەگە حیسانێکی پێشکەوتوو نەبێ بۆ قازانجی خۆی پێی خۆشە خەڵک هەر لە کەرێتیدا بمێننەوە و هەتا سەریان ئێشا لە جیاتی وەی پڕۆن بۆ کن دوکتوری پچن مەلایەک یا شێخێک دۆعایان بۆ بنووسێ.
نە خۆشی دەرمان و دوکتوری دەوێ نە دۆعا! زۆرتری مەلا و شتی ئەو شارەی مورتەجیعن! بە عیلەتی ئەوەی هەزاروچوارسەدساڵ لەوەوپێش حەزرەتی محەمەد (لێرەدا دایکم دەڵێ:`سەڵەڵاهو عەلەیهی وەسەلەم`) لە عەرەبستانی سعودی لە نێو عەرەبێکی بێقانون و بێسەواد هەڵدەستێ ڕێوشوێنی ژیانیان پێ نیشان دەدا، ئێستاش ئەوانە هەر پێیان وایە دەبێ وە دووی ئەو بیر وباوەڕەی کەون و قانونی سەدها ساڵ لەوەوپێش بەسەر خەڵکی ئەوڕۆدا داسەپێنن!"
سەید شەفیع دەڵێ:"وەکوو چی؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"وەکوو موخالیفەتیان لەگەڵ چوونە مەدرەسەی کچان و خەتەنە کردنی وان و مارە کردنی منداڵی سێزدە چاردە ساڵە، وەکوو بەشی کچی بە نیوە دانان لە میراتدا،
وەکوو ئەوەی کە کوڕ ئیجازەی خۆی بە خۆیەتی بۆ ژن هێنانێ ئەما کچ ئەگە پەنجا ساڵیش بێ دەبێ ئیجازەی کەتبی بابی هەبێ کە پتوانێ مێردی پکا و هەزاران شتی قۆری دیکە."
سەید شەفیع دەڵێ:"بابم، کاک جەمیل، ئەوە خۆ بە خۆرایی نیێ ئەو شتانە دە ئیسلامێدا هەیە `ژن عەقڵی دە کۆشی دایە! کە هەستا حەوا دەڕژێ!` هەر بۆیە یا باب یا برا یا مێرد دەبێ قەیومی بێ!"
ئەمن زۆر خۆم ڕادەگرم کە جنێوان نەدەم، گەرچی لە دڵخۆمدا ئەوەی خەراپە بە سەید شەفیعی دەڵێم.
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەتۆ چۆن شتی وا دەڵێی؟! ئەوە بە ڕاستیتە؟! یانی ئەتۆ کە هەموو ناڕەحەتی خۆت دێنێ کن دایکم و پرسوڕای پێدەکەی لە واقیعدا پێت وایە دایکم عەقڵی ناقیسە یا دە کۆشی دایە؟"
سەید شەفیع لێرەدا دەڵێ:"نا! ئەمن جەسارەتی وا ناکەم. پوورم سەروەری مەیە گەورەی منە. دووڕ لە پوورم. مەنزورم جەسارەت بە پوورم نیێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەگە وایە بە عەقیدەی تۆ هەموو ئەو ژنانەی دوکتور و موحەقیق و دانشمەند و فەزانەوەرد و ئەوەن، عەقڵیان ناقیسە؟! زۆر جێی داخە کە ئەتۆ ئاوا فیکر دەکەیەوە. "

دوایەش ڕۆژنامەکەی کە هەتا ئێستا قەت کرا بوو، دەیکاتەوە. دەس دەکا بە خوێندنەوەی. سەید شەفیعیش دیارە دەزانێ کاکە جەمیل حەوسەلەی قسە کردنی خۆرایی نیێ، خوداحافیزی دەکا و دەڕوا.

###

ئەورۆ مریەم خانمی کچی خاڵە بابەدینی هەر وا سێری مەدرەسەی لەبەردا هاتۆ.
دەڵێ:"پوورێ گیان! بابم عەرزت دەکا هەتا ماڵە مە تەشریفتان بێ، دیسان نازانم خوشکەوڵ چی کوتۆ بابمی زۆر ناڕەحەت کردۆ."
دایکم دەڵێ:"جا زۆر چاکە ڕۆڵە گیان وەختی نانوچای منداڵی مەدرەسەیە. نەهاریان بۆ دادەنێم و دەڕۆین. بۆخۆیان دەیخۆن و دەڕۆنەوە مەدرەسەی."

دایکم لەگەڵ مریەم خانمێ دەڕۆن. ئەمەش دەچینەوە مەدرەسەی.
ئێوارێ لە مەدرەسەی هاتوومەوە دایکم لێم دەپرسێ:"ئەرێ ڕۆڵە گیان، ئەتۆ نانوکێشتت دەدەمێ بۆ خاڵتی بەری چی لێ دەکەی؟ کێ لێت وەردەگرێ؟"
ئەمنیش دەڵێم:"هەمیشە حەزیا وەری دەگرێ."
دایکم دەڵێ:"نێوەکەی پڕ بە پێستێتی، حەزیا! وەڵاهی مار و هەژدیها لە بەشەری وا چاکترن.
خاڵت هەر دەگەمە جێ دەفەرمێ:`فاتە گیان، جا قەت وا دەبێ ئەتۆ کێشتی کۆن و خەراپ بۆ من بنێری؟`
ئەمنیش خۆ ئەوە نازانم چ خەبەرە دەڵێم:`کاکە گیان کێشتی کۆن وخەراپی چی؟"
دەڵێ:`ئەوە نێ گوڵێ کەبابی هێناوە بۆی داناوم وەڵاهی بۆنی لێ دێ!`
ئەمنیش کوتم:`کاکە گیان ئەمن کەبابم سێ چوار ڕۆژ لەوەوپێش ناردۆ بۆ ئەورۆ بۆتۆی دادەنێن؟`
کوتی:`ئەوەتا، گوڵێ، وەرە بابزانم بۆ کەبابی کۆنت بۆ داناوم بیخۆم؟`
بە دەردی بۆخۆتدەڵێی، حەزیا لە پشت دەرکەی خۆی گرت بوو لەو لاڕا هات.
ئەمنیش پێمکوت:`براژن گیان ئەمن ڕۆژی شەمۆیە کەبابی جوانی تازە لە گۆشتی بەرخی سازم کردۆ و بە کچەکەیدا ناردوومە، لە مەدرەسەی کە هاتۆتەوە نەم هێشتۆ هەر کەوشەکانیشی داکەنێ، ئەوە بۆ ئەورۆ چوارشەمۆیە دەیدەی بە کاکم؟`
کوتی:`جا ئەوە سەید بابەدین وا هەیە ئیشتیای نینە، لە سەد شتی شتێکی ناخوات.`
لەبەر دڵێ کاکم و ئەوەی زۆرتر ناڕەحەت نەبێ زۆر لەسەری نەڕۆیشتم، هەر موحەوەلی بە خودای دەکەم.
خودا ئەوەی بوختان و درۆی بە دەمی خەڵکێوە هەڵدەبەستێ و خەیانەتی وا دەکا ڕووی لەگەڵ سەگ ڕەش کا و بە نەحلەتی کا.
جا ڕۆڵە ئەوە بە مریەم و حەسەنیشم ڕائەسپاردۆ. هەر لە پلیکانەکان وە سەر کەوتی یەکسەر پڕۆ بۆ ژووری خاڵت هەرچی دەیبەی لە پێشی دانێ. ئەو براژنە ڕوورەشەشم حەقی نێ هەر دەست لە هیچ بدا. پێمکوت هەرچی بینێرم، بە کچەکەیدا، دەڵێم لەبەر دەستی کاکمی دانێ."
ئەمنیش دەڵێم:"چاکە دایە هەر وا دەکەم. مریەم خانم و باجە ئامین هەمیشە دەیانکوت حەزیا زۆر خەراپ و درۆزن و دەغەڵە. ئەمە باوەڕمان نەدەکرد."

###

ئەمن کلاسی شەشومی ئیبتداییم.
ئیمتحانی ئاخری ساڵێ دەڵێن زۆر گرانە، شەو و ڕۆژ خەریکین. معەلیمەکەمان خانم ئیسلامپەنایە. ژنی ئاغای ئەژدەرێ، ئەویش خزمی دایکمە. زۆر جاران بێجگە لە رۆژی مەدرەسەی ڕۆژی جومعان دەچینەوە سەر کلاسێ هەتا زۆرتر مەسەلە و شتی حەل کەین. حیسابی زۆرتری منداڵەکان زۆر چاک نێ. ئاغای ئەژدەری و خانم ئیسلامپەنا یەکجار زۆر لەگەڵ کلاسی مە خۆیان ماندوو دەکەن. ئایدا خوشکی خانم ئیسلامپەنایە زۆر حەول دەدا شاگرد ئەوەڵ بێتەوە. بەڵام نمرەکانی قەت ناگاتە نمرەکانی جوانێ، ئەو هەمیشە شاگرد ئەوەڵە.

ئەمن بە دایک و بابم کوتۆ ئەورۆ قەرار وایە بۆ نەهارێ پچمە ماڵە معەلیمەکەم و لەگەڵ ئایداش دوای نەهارێ بۆخۆمان پرێک خەریکی ڕیازی بین. حیسابی ئایدای زۆر لە من باشترە. ئەمن قەت ناگەمەوە ئەو و جوانێ. ئەوانیش لە نووسیندا قەت ناگەنەوە من!
ئایدا خەڵکی تەورێزێیە. بۆ ماوەی ساڵێکی هاتۆتە ماڵە خوشکی هەتا بە نمرەی چاک لە کلاسی شەشوم دەرچێ، بۆ دەبیرستانێ دەڵێ دەچێتەوە تەورێزێ.
ئاغای ئەژدەریش ئەو دەمی کە لە تەورێزێ دەچێتە دانیشگایە، لەگەڵ خانم ئیسلامپەنای ئاشنا دەبێ. ئێستا منداڵیان نێ.

لە خەیابانی شێروخورشیدێرا بەرەو چوارچرا، دادەگەڕێین. ئەمن و ئایدا پێکەوە دەڕۆین و قسان دەکەین، لە چوارچرایەش تێ دەپەڕین دەگەینە کوچەی مزگەوتی سوور.
ماڵەکەیان لە نێوەڕاستی کوچەکەیە. قوڕ وچڵپاوێکی زۆریش لە بەر بارانەی هەموو وڵاتی داگرتۆ. خانم ئیسلامپەنا چارشێوەکەی هەڵدەکێشێ. ئەمەش بە حاڵە حاڵ خۆمان و چەکمەکانمان لە نێو قوڕەکەی دەردێنین و دەچینە نێو حەسارەکەیان.
لایەکی حەسارەکەی کرێگرتەی تێدا. لایەکیش بۆخۆیانی تێدان. ژووری خوارێیان، ژووری بەردەستانە، هەر لە وێش دادەنیشن.

ئەمن و ئایدا لە سفرەدانانێدا یاریدەیان دەدەین. ئایدا دەچێ لە ئاشپەزخانەکەی پیوازی چا دەکا. خانم ئیسلامپەنا سەماوەرەکەی هەڵدەکا. دەڵێ شۆرباوێکی تەورێزی دەرەجەیەکیشی لێناوە، هەر دەبێ گەرمی کاتەوە. کاروباریشمان بۆتە باسی دەرس و مەدرەسە و "ئیمتیحانی نەهایێ." لە قسان هەموو سوئالەکان لە ڕەزایەیرا دێ و هەموو ئوستانی ئازەربایجانی غەربی لە یەک ڕۆژدا ئیمتحانی هەیە. بازرەسیش دەنێرن بۆ چاک کردنی وەرقە و شتی.

شۆرباوەکە هەر تامی شۆرباوی خۆمان دەدا. فەرقی ئەوەیە کە نۆک و لۆبیای سپی تێ کراوە. هەموو گۆشت و بێرەڵماسێکەشی دەرهاتۆ، لە نێو قاپێکیدا بە جوێ هەڵشێلدراوە. شۆرباوی من و ئایدای لە قاپێکیدا و بەشی ئاغای ئەژدەری و خانم ئیسلاپەناش لە قاپێکی دیکەدا، سەنگەگیان داناوە بۆ تێ کوشینێ.
وا دیارە هەموویان پیوازیانپێ خۆشە، دەگەڵ خەیارشور (هاروێی سوێر) دایانناوە و پێی دەخۆن.

دەڵێن کە چوویە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە گرە، ئەمنیش ئەوەی ئەوان دەیکەن، دەیکەم. زۆر شۆرباوەکەیان خۆشە. بەڵام ئەوەی پێمخۆش نیّ تێکوشینی سەنگەکیّ لە شۆرباویدا.

سەعات چواری ئێوارێیە، ئەمن خوڵاحافیزی دەکەم و دەڕۆمەوە ماڵیّ.
دایکم لێم دەپرسیّ چۆن بوو، چمخوارد.
دەپرسم:"دایە ئەتۆ بۆ نۆک و لۆبیای دە شۆرباوی ناکەی؟"
دەڵیّ:"ڕۆڵە گیان! ئەمە لەپەی لەبەر دەکەین. ئی واشە لەپە و برینج یا لەپە و دوو سیّ دەنکە لۆبیای تیّ دەکەن، بۆ؟"
بۆ دایکم دەگێڕمەوە چەندە شۆرباوەکەیان خۆش بوو و چۆنیش گۆشت و پێرەڵماسی و دانودۆڵەکەی نێو شۆرباوەکەیان لەگەڵ یەک هەڵشێلا بوو. پیواز و خەیارشوریشیان دانا بوو.
دەڵێم:"دایە ئەمە بۆ خەیارشورمان نیّ؟ ماڵە کاکیشم خەیارشوریان هەیە."
دایکم دەڵیّ:"چووزانم ڕۆڵە! کورد خواردنی خۆی هەیە. ئەمە بیزا و مووسڵی و ترشیات و شتی دیکەمان هەیە."

بە دایکم دەڵێم:"باسی وەمان دەکرد کە هەتا ئیمتحانی نەهایی ڕۆژی جومعان هەر دەچینەوە مەدرەسەی بۆ دەرسی زیادی."
دایکم دەڵیّ:"دە چاکە ئەتۆش وەختی خۆت بە بێهودە سەرف مەکە! هەر وەکوو کورەکان چۆن تەرخان و مەعاف کراون بۆ دەرس خوێندن ئەتۆش ئەوە پێتدەڵێم ڕازی نیم هیچ پکەی. خۆت نەجاتدە!
ناوەڵا بۆ ئاو خواردنێش مەیە خواریّ بە خەجیجێدا یا بە کەسێکی دیدا ئاوت بۆ دەنێرمە سەریّ! پێمخۆش نیّ ئەتۆش وەکوو من ئەسیر و بەدبەخت بی.
بابت ئەمن نەبم زوو سەرت لە پرێسکەی دەبەستیّ و لە وێت دادەنیّ."

###

دێدە فرسەتێکی چاکی بۆ هەڵکەوتۆ کە لەو ژوورە سارد و تەڕ و تاوتیّنەکردۆیرا بگوێزێتەوە.

خانوویەکی لە پوورەمەنیجمرا بە باجە هاجەریّ گەیشتۆ، لایەکی کرێگرتەی تیّدا. لایەکەی دیش هەتا باجە هاجەر مێردی نەکردبۆوە بۆخۆی تێیدا بوو ئێستا کە دوو سیّ مانگە مێردی کردۆ، هەر بەتاڵە. دێدەش بە باجە هاجەری کوتۆ بە وی بەکریّبدا. کاکە دارینیش لە کەرەجیّ لە دانیشگایە دەرسیّ دەخوێنیّ و جاروبارە دێتەوە.

بابم دوو خوشکی دەبیّ. باجە هاجەر کچی پوورە مەنیجێیە. لە قسان دوای وەی نەنکم عەمری خوڵای دەکا، پوورە مەنیج داوای بەشە ماڵی خۆی دەکا کە هەر دەبێتە ئەو خانۆ. بابم زۆری ڕق هەڵدەستیّ و ئیدی قەت قەت قسەی لەگەڵ ناکا!
دایکم گێڕاوێتەوە ئەو نالێکیّ ساڵهای ساڵ درێژەی دەدریّ هەتا پوورم نەخۆش دەکەویّ و لە گیانەڵایەدا دەبیّ دەڵیّ: `عەلیم بۆ بانگ کەن چاوم پێی پکەوی.`
بابم ناچیّ. هەرچی دێدە و دایکم و مامم پێی دەڵێن: `هەرچی بیّ خوشکی خۆتە. با لێی دیدار ئاخر نەبی.` جوابیان ناداتەوە.

دایکم دەڵێ:"پوورت گوناحەکەشی هەر ئەوە بوو کە داوای بەشەماڵی لە براکانی کرد بوو."

لە کچەکان، باجە گوڵزار و باجە هاجەر و باجە هەتاو دەچن بۆ کۆمەگ کردنێ. بابیشم دوو سێ پیاوی دەنێرێ هەتا ئەوەی قورسە وەک بەڕە ومەڕە و دەستەنوێن و شتی وا، ئەوان ڕایگوێزن.
دیارە هەوەڵێ قسە لە داشقەی عەبەی بوو بەڵام دێدە کوتی:"داشقە لەو کوچە بەرتەنگانەوە ناچێ."

دوای وەی ماڵەکە دابین کرا، دێدە دەڵێ دوڵمەیەکی خۆشمان بۆ لێ دەنێ و هەموومان بانگێشتن دەکا.

خاڵە بابەدینیش زۆر نەخۆشە. دایکم بە پەلە پەل چۆ سەرێکی بدا. هەر کەس لە دایکم دەپرسێ خاڵم چێتی، دەڵێ:"بە قوربان لەو نەخۆشێ پیسەیەتی، دۆعای بۆ پکە."
خاڵم هەر هاواری کەلەکەیەتی دوکتوران کوتویانە سەرەتانی ریخۆڵەیەتی و عیلاجی نایا، ڕۆژی وایە زۆر ئێشەکەی بێتاقەتێ دەکا و ڕۆژی واشە چاکترە.
کاکە محەمەد دەڵێ:"مورفینی لێدەدەن دەنا کاری ئێشەکەی لە وەیدا نێ پیاو پتوانێ لەبەری ڕاوەستێ."

باجە حومەیرا لە ماڵە مەیە. خات بەسێش لەبەر تاوێ، دایکم دەستاڕی بۆ داناوە، زەردەچێوەی لە دەستاڕ دەکا.
باجە حومەیرا بۆخۆی ڕەشوشین دەبێتەوە لەبەر پێکەنینێ دەڵێ:"خات بەسێ ئەوە بۆ ئەتۆ سەر وبابانی خۆت لەو زەردەچێوەی ناوە؟"
خات بەسێش کە تۆزی زەردەچێوەکەی وە کۆخە کۆخی خستۆ و بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرێ دەڵێ:"چوزانم! کچێ هەر وا دەزانم، چ پکەم!"
باجە حومەیرا دەڵێ:"جا چاکە ئەتۆ ماڵتە کڵاوەکەشت هەر هەموو زەردەچێوەیە."
دیسان دەست دەکا بە پێکەنینێ دەڵێ:"خات بەسێ توخوڵا نەقڵی قفڵەکەم بۆ بگێرەوە چۆن قفڵت کڕی؟"
خات بەسێش دەڵێ:"وەڵاهی هەر پێتخۆشە گاڵتەم پێ پکەی، بۆت ناگێرمەوە!"
باجە حومەیرا دەڵێ:"قفڵی کە دەکڕی دوو هاچەری پێوە. ئەتۆ بۆ بە کابرای دوکاندارت کوت هاچەرەکانت ناوێ؟"
دوایەش قاقا پێدەکەنێ.
خات بەسێش دەڵێ:"چووزانم حەمەساڵە سەت کلیلی زۆرتر لە شریتی کردۆ کوتم ڕەنگە یەکێک لەو کلیلانە بۆی ببێ!"
باجە حومەیرا دەڵێ:"قفڵەکەت هێناوە لە دەرکەتدا، دوایە هەموو ئەو هاچەرانەت بە تاقی کردەوە، قفڵەکە هەر نەکراوە؟"
دیسان دەس دەکا بە پێکەنینێ.
خات بەسێ دەڵێ:"ئەرێوەڵا لەو هەمۆ کلیلەی یەکێکی بۆ نەبوو چوومەوە لای کابرای."

لێرەدا باجە حومەیرا دەست و پێی ببرى وەخۆ نایاتەوە ئەوەندە پێکەنیوە سوور سوور هەڵگەڕاوە.
خات بەسێش هەر دەڵێ:"جا چوزانم؟ خۆ ئەمن خوێندەوار نیم، هەر وا سەرم لە شتی دەردەچێ!"

دایکم هاتۆتەوە، دەڵێ ئەوەندەی لە کن خاڵم بۆ دوکتور شافعی هاتۆ سەری بدا. "خاڵت، ڕۆڵە گیان! خولا ڕوحمی پێکا زۆر نەخۆشە."

###

بە داخەوە خاڵە بابەدین بە نەخۆشی سەرەتانی ڕیخۆڵە دوای ماوەیەکی زۆر تاڵی و ناڕەحەتی کێشان لەنێو جێیدا، ئەورۆ عەمری خولای کرد.
ئەوە یانی دایکم برایەکی یێوێنەی لە دەست دا. ئیدی کێ وەکوو خاڵە بابەدینی بە هەموو ناڕەحەتی و غەمی دایکمەوە دەبێ؟ کێ هەموو ڕۆژێ دێ سەری لێدەدا و دەردی دڵی لەگەل دەکا؟
خاڵە بابەدین هەم باب و هەم برا بۆ بۆ هەموو خوشک و براکانی. ئەگە ئەو نەبا دایکم و پوورەکانم قەت هەر سەوادیشیان نەدەبوو.
دایکم لە ماڵێ نێ و سێ ڕۆژان لە ماڵە خاڵە بابەدینی بۆ سەرەخۆشیان دادەنیشێ. دیارە لە ماڵە خۆشمان خزموکەس هەر پێیەوە دێن.

دایکم دەڵێ لەوەتا هاتۆتە ئەو شارەی، دایکی "نازەنین خانم" عەمری خودای کردۆ و پوورە کولسومیش لەسەر منداڵی جوانە مەرگ بۆ. خاڵە سەمیعیش هەر وا زۆر جەوان دەبێ، پێش وەێ بێنە سابڵاغێ، وەفاتێ دەکا. ئەلعانیش لە هەموان خۆشەویستتر بۆ دایکم خاڵە بابەدین کۆچی دوایی کردۆ.

دێدە لەسەر ماڵێیە هەتا دایکم دێتەوە. ڕۆژی حەمامێش باجە هاجەر یا باجە حومەیرا دێن بۆ بەڕێوە بردنی ماڵێ.

###

ئیمتحانی نەهایی زۆر سەخڵەت بوو.
دوای ئەوهەمۆ زەحمەت و چوونە مەدرەسەی بە ڕۆژی جومعە، ئەورۆ لە مەدرەسەی شەهناز نێوی منداڵەکانیان لە دیواری دەفتەرێ داوە. لە سی و دوو کچ هەر پێنج کەس تەژدیدیان هێناوەتەوە. دایکم و بابم زۆریان پێخۆشە ئەمن بە نمرەی زۆر چاک دەرچووم و پایزێ دەچمە دەبیرستانێ.

بابم دەڵێ هەوەڵێ دەچینە دەبیرستانی کچان بۆ نێونووسینێ، هەر لەوێش پێماندەڵێن دەبێ چ بکڕین و چ بکەین.
مودیری دەبیرستانی کچان (ڕەزاشای کەبیر) ئاغای مەولایێ، لەگەڵ بابم ڕەفیقە. بۆ نێو نووسینێ قەرار وایە ئەمینش بچم.

ئەمن شەو ورۆژ لە فیکری دەبیرستانێدام و زۆرم پێخۆشە دەرچووم و لە دەستی ئەو هەمۆ گێرە وکێشەی ئیمتحانی نەهایی نەجاتیم هاتۆ.

باجە خەجیج ئەو ڕۆژانە لەگەڵ شایی ماڵە شافعێان خەریکە و بە دایکم دەڵێ چونکە هەموو بانگێشتن کراوین و دایکم بۆخۆی ناچێ، ئەمن لەگەڵ
باجە خەجیجێ بنێرێ بۆ شاییە.
بە دایکم دەڵێ:"خوڵا هەڵناگرێ ئامۆژن گیان، ئەتۆ بۆخۆت پێت خۆش نیێ پچی بۆ شاییان بۆ نەفیسەی لەگەل مە نانێری؟ لێی گەڕێ بایێتە ماڵە مە هەر لەگەڵ کچەکان دەبێ. بۆخۆشم دەیانبەم و دەیانهێنمەوە."
دایکم دەڵێ:"چوزانم بابەکەم؟ دەڵێم با لێم فێری کوچەو کۆڵانان نەبێ. هەر چاوی لە دەرێ نەبێ، دەنگی دەفەی گوێ لێ بوو ئیمانی لێ زایە نەبێ!"
باجە جەجیج دەڵێ:"ئامۆژنم کە! ئاخە جحێڵ وایە ئیدی. جحێڵ دڵی بە شایی دەکرێتەوە ماڵتە."
دایکم دەلێ:"لەبەر دڵی تۆ دەچاکە بابم دەبا لەگەڵتان بێ. نانوچام دانێ، حازری دەکەم دەینێرم، کورەکان کارتی دەعوەتەکەیان بۆ خوێندوومەوە، بۆ سەعات دووی دوا نیوەڕۆیەیە."
باجە خەجیج دەڵێ:"ئا!ئا! ئیدی بۆ شیرن خواردنێیە ئامۆژن گیان! ئێواریەکی درەنگ دێنەوە نیگەرانی مەبە."
دایکم دەڵێ:"خۆ بابەکەم لە ماڵە بووکێش و لە ماڵە زاواش بانگ کراوین."
باجە خەجیج دەڵێ:"بە خوڵای ئامۆژن گیان! کورەکان لێشیان گێرابنەوە یەکێکیان ناچنە ماڵە بووکێ. ماڵە بووکێ بێ زروقوجروقە خۆ کەس بۆ کچێ تەقەی ناهێنی و شایێ ناکا. هەموو بەزمەکە هەر لە ماڵە زاوایە. کورەکانیش هەموو دێیە ماڵە زاوای.
دایکم دەڵێ:"خۆ دەزانم بابەکەم! ئەمن بۆخۆم ئەگە پچم دەچمە ماڵە بووکێ. ئەوێ بۆ من چاکە. ئەو بەزموڕەزمە بۆ من نابێ! ڕەشبەڵەک بە شەرع حەرامە! گوناحە، دەبێ ژن لەگەڵ پیاوی بێگانە هەڵنەپەڕێ!"
باجە خەجیج دەڵێ:"بێبەڵابی ئامۆژن گیان! کوا زەمانی ئەوەی ماوە؟ ئەوە هەڵیشنەپەڕین، لە ڕێی مەدرەسەی یەکتری هەر دەبینن، خۆ ناکرێ پێشی هەموو شتێکی بگری."
دایکم دەڵێ:"جا وەڵا وایە ڕۆڵە گیان! دە چاکە دووسبەی سەعات یەکی بۆت دەنێرمە ماڵێ!"

ئەمنیش زۆرم پێ خۆشە. لەوەتا شایی کاکە حەسەنی نەچوومە شایی کەس. هەزار شاییان بانگێشتن کراوین دایکم قەت ناچێ هەتا ئەمن پچم. هەر بۆیەش زۆر لیباسی کوردی جوانی شاییانم نیێ.
دایکم قەت ناچێتە دوکانی پارچەفرۆشان. ئەگە لیباسیش دەکڕێ، تیتۆڵێک نمونە یا لە ئامۆژنم یا لە خاڵۆژنە سوعدای لە کەسێکی وەردەگرێ دوایە باجە زارا نمونەکەی دەباتە بازاڕی پارچەکەی بۆ دەکڕێ.
دایکم کاریشی بە مۆد و شتی نەداوە و وێرای کورەکان بە نێوی پارچە و شتی تازە کە دێ پێدەکەنێ و گەپی پێدەدا.
دەڵێ:"ئەو نەزمە هەموو بەزازان دایانناوە، نێوی لە پارچەی دەنێن هەتا ژن ومنی پێ فریودەن! ژنی ئەو سابڵاغەی هەر لە فیکری زێر و لیباس دایە.

قەدیم ئەوەندە کوتاڵ و شت نەبوو. حەریر و کرێشە و قمورِوت و مەخمەر و پەشمینە و ئەوانە هەبوون، ئێستاش ئەوە نایلۆنە و پرلۆنە و ڕیشی `مام جەلال` و `چاوی مەلا مستەفا` و تۆر و تافتە و ئەو هەمۆ دۆدی‌وبۆدی پەیدا بۆ جا چوزانم!"

###

ئەورۆ دوای نان‌وچای نیوەڕۆیە دایکم لیباسی بۆ لە ئێغدانە جوانەکەی دەرهێناوم و دایناوە.
دایکم دوو ئێغدانی هەیە. یەکیان لیباسی بەردەستانی تێدایە و لە خڵوەتێیە. ئەوی دیکە گەورەترە و گوڵو شتی لێ کێشراوەتەوە. لیباسی جێگایان و بەرماڵ و پۆپەشمینی تازە و زێرەکانی دایکمی تێدایە. ئەو ئێغدانە هەمیشە قفڵ کراوە هاچەرەکەشی بە خۆیەتی.

کراسێکی زەڕی ئەستووری بۆ داناوم لەگەڵ پشتێندی کەسک و کەوای کەسک و دەسماڵی سپی پووڵەکەدار.
ئەمنیش دەڵێم:"بۆ ئەمن دەبێ هەمیشە ئەو پشتێندە کەسکە ناحەزەی لێ بەستم؟"
دایکم دەڵێ:"ڕووت ڕەش بێ! ئەتۆ هەر لیاقەتی ئەوەشت نێ عەولادی پێغەمبەری بی! ئەوە کەسک نیشانی سەیدانە. ئەتۆش دایک وبابت سەیدن دەبێ ئیفتخارێ پکەی بە وەی دەتوانی هەمیشە شاڵی لە پشتت بەستی!"
ئەمنیش دەڵێم:"ناوەڵا ئیفتخاری وام ناوێ! ئەوە ناحەزە! خەڵک لەگەڵ لیباسەکەیان پشتێندی ئابی و زەرد و ڕەش و هەموو شتێکی دەبەستن و زۆر جوانن. ئەمن هەر کراسێکی لەبەرکەم هەر ئەو پشتێندەم پێ لێ دەبەستی!"

دوایە شەڕ وکێشەم لەگەڵ دایکم دەچێتە سەر مووی سەرم.
هەر ئەمن دەڵێم پرچم ناوێ، هەر دەڵێ:"سەرت داهێنە! لە پشتەوە بۆت دەکەمە پرچێک و بەری دەدەمەوە!"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەمن نامەوێ وەکوو کرمانجان پچم، ئەتۆ هەر دەتەوێ ئەمن ناحەزکەی!"
دایکم دەڵێ:"عەجەب غەزەبێکم تووش بۆ! دەبریا ئەتۆش هەر کوربووبایەی! کورەکان بە هەموان ئەوەندەی سەعاتێکی تۆ دەردیسەریان بۆ من نەبۆ!"
دەڵێم:"کورەکان قەت لیباسی کوردی لەبەر ناکەن، پشتێندی کەسکیش بە زۆری نابەستن، سەریشیان بە زۆری ناکەی بە پرچ، مەعلومە دەردیسەریان بۆ تۆنێ، ئەتۆ هەر ئەمن مەجبوردەکەی، ئەوەی پکە! ئەوەی مەکە! وەکوو ڕووسەری. کەس بۆ مەدرەسەی ڕووسەری لەسەرنێ ئەتۆ هەر بەمن دەڵێی
`لەچکەکەت کوا؟`،
`لەچکەکەت لەسەرکە!`،
`بە بێ‌لەچکە نەچێ مەدرەسەی دەت کوژم!`
بۆ بە کورەکان ناڵێی لەچکەی لەسەر کەن؟ بۆ هەر بەمن دەڵێی؟"
دەڵێ:"ئەو کچەتیوەی من شێتە، پیاو لەچکەی لەسەرناکا، پیاو حیسابی جوێیە، ئەتۆ عافرەتی! عافرەت لاقی خواردانێ سەری باب‌وبرای نەوی دەکا، خوڵا بە قوربانی کورەکانم کا، کور وانێ، عەیبی پێوەدیارنێ!"

ئەمنیش دەڵێم:"کاری خەراپ هەرکەس بیکا دەبێ خەراپبێ. خۆ نابێ ئەگە کچ کارێکی خەراپی کرد، پێتخەراپبێ، ئەگە کور کردی پێت خەراپنەبێ! ئەتۆ فەرقێ دادەنێی."
دایکم دەڵێ:"ڕێشەریک بۆخۆی وای کردۆ بە قوربانی بم! لە ڕۆژی ئەزەلەوە فەرقی داناوە بەینی پیاووژن. سەگی وەک من چکارەیە فەرقێدابنێ، ئەمن ئەوەی بە شەرع لەسەرم واجبە فێری تۆی پکەم، دەیکەم. ئەوەی دەبێ پێتبڵێم، پێتدەڵێم و ڕێی ڕاستت پێنیشاندەدەم."
ئەمنیش دەڵێم:"ئا! هەتا دەتوانی فەرقێ دابنێی، دایدەنێی! ئەدی بۆ هەمیشە دەڵێی بەینی کورەکان و من فەرقێ دانانێی؟ ئەدی ئەتۆ بە وەی دەڵێی چی؟ ئەوە نێ فەرقێ دادەنێی! قەت نە بۆ هیچ کوێ دەچی نە دەهێڵی ئەمن پچم. ئەگە جارجاریش هەڵدەکەوێ کە پچمە جێیەکی یا لەگەڵ کاکم و باجە زرێدی یا لەگەڵ دێدە و باجە خەجیجێ دەتەوێ وەکوو مەیمونی پچم، کراسەکەم ئەستوور بێ، دەسماڵەکەم پرچی تێدا دیار نەبێ، پشتێندەکەم کەسک بێ، پرچم هوندراێتەوە، چارشێوەکەم وەکوو ئی پیرێژنی حەفتا ساڵە پچێ. جحێڵ لیباسی وا لەبەر ناکا. بۆ ناچی بۆخۆت بیانبینی؟"
دایکم دەڵێ:"ئەوە هەموو بەسەری دایە گیان! لە جەحەندەمێدا دەسووتێن، نامەحرەم بەو دەستورەی چاوی پێت پکەوێ زۆر گوناحە، بێ شەرعێ. ئەوەی ئەو جورە خۆی دەڕازێنێتەوە و دەچێتە مەجلیسان و شایان و لە دەس نامەحرەمیدا هەڵدەپەڕی یەکسەر دەچێتە جەحەندەمێ! بەسەری دایە گیان!"
ئەمنیش دەڵێم:"بەو قسانە بێ لەو شارەیدا هەر ئەتۆ و باجە مرێم و شێخزادە خانم دەچنە بەحەشتێ هەموو خەڵکی دی دەچنە جەحەندەمێ."
دوایە ئەو لیباسانەی بۆی داناوم لەبەریان دەکەم و دەڕۆمە ماڵە باجە خەجیجێ.

لە دەرکەی حەسارێ دەچمە ژوورێ، باجە حومەیرا لەبەر ئاوەکەی خەریکە دەست و دەم و چاوی بە سابوونی لوکس دەشوا.
دەڵێ:"نەفیسە گیان! ڕۆ ژوورێ یاخوڵا بە خێرێی!"
لە پلیکانان دەچمە خوارێ و دەڕۆمە ژووری بەردەستان. کوبی خەریکە خۆی حازر دەکا.
باجە خەجیج دەڵێ:"نەفیسە گیان، وەرە بە قوربان وەرە، بابت بینم! چارشێوەکەت لێکەوە."
دەچمە ژوورێ، چارشێوەکەم لێ دەکەمەوە.
باجە جەجیج دەڵێ:"ئەیەڕۆ! ئەوە بۆ دەڵێی قسنی شێخ تەهای؟!"
کوبی دەڵێ:"ئامۆژن ڕازاندوویەتەوە، کردوویەتە داری چاکی!"
دوایەش هەمووومان دەست دەکەین بە پێکەنینێ.
باجە خەجیج دەڵێ:"لیباسی دیکەت دەدەمێ ئەوانە داکەنە! هاتینەوە، لەبەریان کەوە پێش ئەوەی پرۆیەوە ماڵێ. ئامۆژنم بێبەڵابێ بۆخۆی ئەهلی هیچ نێ، ئەتۆش هەر وەک خۆی لێدەکا."

دوایە لیباسی جوانترم دەداتێ، بە خۆی و بە کوبیش دەسماڵەکەم بۆ شانەوشان دەکەن. دەرزیلەم بۆ لەسەر شانەکانم دەدەن، هەتا دەسماڵەکە خوار وخێچ نەبێ.
پشتێندی زۆر جوانی پەشمینەی ئابیش بۆخۆی بۆم دەبەستێ و دەڵێ:"پشتێند نابێ لەسەر دڵتی ببەستی، نابێ زۆر شل یا زۆر توند بێ. دەرپێشت کەمە،

دەرپێیەکی دیکەش لە پێکە با ئاوا نەپووچێیەوە، ئاوا جوان و شۆخ! ئەیەڕۆ ئەوە چ بوو ئامۆژنم وەکوو بووکە بەبارانەی ناردووتی!"
هەموومان پێدەکەنین و لە دەرکەی کوچەی وەدەر دەکەوین.
ئەمن چ دایکم پێیخۆش بێ چ پێیناخۆش بێ، چ پچمە بەحەشتێ، چ پچمە جەحەندەمێ، زۆرم پێخۆشە دیسان دەچمە شاییە و گوێم لە دەنگی ماملێ دەبێ.

###

کاکە مەزهەر دانیشگای کە خەلاس دەکا دەبیەنە سەربازێ.
لە شیرازێیە.
دایکم لە دوورەوە بە بێ ئەوەی بۆخۆی شیرازی دیتبێ هەمیشە
پێی هەڵدەڵێ:"خوشا شیراز و وضع بی مثالش
خداواندا نگەدار از زوالش."
قەبری حافز و سەعدی کە ئەوەندەی خۆش دەوێن هەردووک لە شیرازێن.

دوای وەی دایکم لەگەڵ مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی قسان دەکا، مامۆستا بە دایکم دەڵێ نیگەران نەبێ، بۆخۆی بۆ مارە کردنێ دێ و هەر گوناحێکیش بێ
وە ئەستۆی خۆی دەگرێ. بۆ وەی لە کارەساتی وا دا کە جەوان بە بێعەقڵی و نەفامی خۆیەوە، زۆر جار خۆی دەکوژێ، شەرع فەتوا دەدا کە سەدجاریشیان شیر خوارد بێ، قەیدێ ناکا چونکە مەرگی تێدا بەستەیە.

بۆ مارە کردنێ، کاکە مەزهەر، ناتوانێ هەتا بە ماوەی بیست و چوار سەعاتانیش لە شیرازێرا بێتەوە. بەڵام هەموو کوڕەکانی دیکە لێرەن و خەریکی مارە کردنێکی زۆر بە دەمرودەسگان. کاکە مەسعود و کاکە حەسەن دادەنیشن، کارتی دەنووسن بۆ ئەو پیاوانەی کە بانگێشتن دەکرێن. ئەمن و باجە زارا وەکوو هەمیشە پاکەتەکان هەڵدەگرین و دەڕۆین.
بۆ مارە کردنێ هەر پیاو دەچن بەڵام لە ژنەکانیشدا دێدە و ئامۆژنە مەلازادە و باجە خەجیج و باجە هاجەر و باجە حومەیرا هەموو لێرەن هەتا کۆمەگی دایکم پکەن.
ماڵە مامە حەمەدەمینی زۆر قەڵس و ناڕەحەتن، هیچیان نەهاتوون.
باجەمریم بۆ ماوەیەکی کورت دێ دەڵێ:"خۆ لەبەر کوێرەوەری خۆم پێم ناکرێ ڕوو لە هیچ کوێ پکەم. ئەوانە ڕۆژێکیش نان و ماڵوحاڵ و دبوی پیاوانیان بۆ جێبەجێ ناکرێ!"
دێدە دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! دەڵێن`ئەوەی بۆ گووکەری هەڵدەکەوێ بۆ ڕاوکەری هەڵناکەوێ` ئەوە خۆیان لە تۆ کەر کردۆ دەنا بۆ داوەشاون بۆ نازانن نانوکێشتی لێ نێن؟ لینگی خۆیان لە ژوورێدا درێژ کردۆ لە تەڕی دەخۆن و لە ئیشکی دەنوون، بۆ خۆیان زەحمەت دەدەن؟"

باجە مریم دەڕوا. باجە خەجیج دەچێ لە پێشخانەی سرتوپرتێکی لەگەڵ کاکم دەکا و بە خۆشی و پێکەنینەوە دێتەوە حەسارێ سەر گیاوگۆڵ چا کردنێ بە سەبرا بە باجە هاجەری دەڵێ:"حەسەن و مەسعود ماملێشیان بانگێشتن کردۆ!"
باجە هاجەر بە خۆشێوە دەڵێ:"جا چم پێ دەڵێی، بۆ مارە کردنێ؟!"
باجە خەجیج دەڵێ:"ئەرێوەڵا، مەسعود دەڵێ چونکە مەزهەر بۆخۆی لێرە نێ مارە کردنێکی بۆ دەگرین قەت کەس نەیدیت بێ."

باجە هاجەر هەر وا بە پێکەنینەوە دەڵێ:"تەقەش؟!"
باجە خەجیج دەڵێ:"کچێ نا!نا! تەقەی نابێ هەر ماملێ دێ."
باجە هاجەر دەڵێ:"خاڵۆژنم دەزانێ؟"
باجە خەجیج دەڵێ:"ناوەڵا، دەبێ ئەمن پێی بڵێم، ئەوە، مەسعود زارای ناردۆتەوە بازاڕی دوو سێ جوجکی زۆر ناسکی جوان بکڕێ، دەڵێ ئاغای ماملی برینجی ناخوا پێش گۆرانی کوتنێ، بۆ دەنگی چاک نێ."
دایکم لە مدبەقەکەی دێتە دەرێ دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، با خومەیرا گیان! یاریدەتان بدا سفرەیەکی جوان لەسەرێ لە ژووری نێوەڕاستێ ڕبرازێنەوە. بابزانین ئەگە کەموکەسرێک شتێک بێ پێش ئەوەی میوانمان بەسەردا ببارێ جێبەجێی کەین."
باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژن گیان! نیگەران مەبە! مەسعود دەیکوت بۆخۆیان، کورەکان، لەگەڵ محەمەدی مێردی زارای هەموو ئەو کارانە دەکەن. ئەوەی کەموکەسریش بێ بە خولای پێمان دەڵێن."
دوایە باجە خەجیج دەڵێ:"ئامۆژن گیان! پرێکمان کار لێزیاد بۆ. حەسەن و مەسعود کاک محەمەدی مامڵێیان بۆ نەهارێ بانگێشتن کردۆ، مەسعود هاتبۆوە دەیکوت ئاغای مامڵێ نابێ برینجی پخوا، لە قسان بۆ دەنگی چاکنێ. ئەوە زارای ناردۆ بۆ فروجکڕینێ هەتا بۆی پکەینە کەباب."
دایکم دەڵێ:"جا بە چاوان ڕۆڵە گیان! بۆخۆت دەزانی ئەوەندەی یەک و دو، کەبابی فڕوجی ساز دەبێ. واشی لێ دەکەم بە گەرماوگەرمی پچێتە بەردەمیان!"
باجە هاجەر دەڵێ:"دە چاکە خاڵۆژن گیان! بە خولای ئەوە هەر مەچۆ مەچۆمان بوو، نەمان دەزانی پێت بڵێین؟ چۆنت پێ بڵێین؟ کوتمان قەڵس دەبێ. دە چاکە، خولا چاکەت بۆ پکا، ئەوەش ئەوە لە نیگەرانی دەرچووو!"
دایکم دەڵێ:"جا بۆ بابەکەم قەڵس دەبم؟ جەوانن، دڵیان بە شتی وا خۆشە، مەبارەکیان بێ! بۆخۆم هەر پێم وایە گۆرانی مامڵێ پڕە لە قسەی سووکوچروک. دەنا خۆ دەنگی بەڕاستی خۆشە."
باجە حومەیرا پێدەکەنێ، دەڵێ:"ئامۆژن گیان کوا؟ وەکوو چی؟"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان هەموی باسی ژنانە و بە بەدەنی ژنان هەڵدەڵێ."
باجە حومەیرا دەڵێ:"ئاخە ئەوە گۆرانێ، ئامۆژن گیان!"
دایکم دەڵێ:"جا با گۆرانی بێ ڕۆڵە! ئەو جورە گۆرانیانە مەقامی ژن دێننە خوار. قەت لە گۆرانیاندا نابیستی بە بەدەنی پیاوان هەڵبڵێن!"

لەو قسانەدان باجە زارا بەخۆی و سێ جوجکی سەرپراوەوە، لە بازاڕیرا دێتەوە.
باجە خەجیج دەڵێ:"زارا گیان! هەر گورجانە بۆخۆت دایانماڵە وەبەر ئاوەکەیان دە با حازر بن."

ئەوەندەی پێ ناچی باجە زێد لەسەرێرا دێتە خوارێ.
دەڵێ:"برا ئاوا دەبێ! دەبێ پچن ببینن مەسعود چی کردۆ و چۆن ئەو وڵاتەی بە گوڵ و عەکسەکانی مەزهەر خانی ڕازاندۆتەوە چ سفرەیەکی جوانیان داناوە."

دێدە لەگەڵ باجە هاجەر و باجە خەجیجێ دەچن سەرێ ببینن ئەمن وە دوویان دەکەوم. سفرەکە بەڕاستی جوان ڕازاوەتەوە. عەکسی نێوەڕاستی سفرەکەی کاکە مەزهەرە، ڕاوەستاوە و پایاننامەی لیسانسی بە دەستەوە. لەسەر پەنجەرەش کاکم گوڵی داناوە و عەکسی سەربازی کاکە مەزهەری بەسەری تاشراو و لەبن کڵاوی

ڕەقی سەربازێدا، لەگەڵ مەحمودی ڕەفیقی لە پادگانی شیرازێ.  لە پشت دوو موسەلسەلان سەنگەریان گرتۆ.
دێدە دەست دەکا بە گریانێ دەڵێ:"بە قوربانی ئەو سەروکڵاوەت بم ڕیشە گیان! ئەوە ئەو سەگبابانە نەیان هێشتۆ بۆخۆت بێیەوە؟ بە قوربانی ئەو قەدوباڵا جوانەت بم!"
باجە خەجیج و باجە هاجەر دڵخۆشی دەدەنەوە.
دەڵێن:"ئیشەڵا لە شاییەکەی تۆڵەی دەکاتەوە مارە کردن هەر پیاوە ماقووڵ و گەڕاوەکان دەچن. مەگری توخولا دێدە گیان، گریان چاک نیێ. خولا بێمزەڕەتی کا، هەر سڵامەت بێ، مەبارەکی بێ، پەشیمانێ نەکێشێ. دەڵێی چی ئەوە وا هاتۆ!"

پاش ماوەیەکی کاکە جەمیل بە خۆشی خۆشی دێ دەڵێ:"کاک محەمەد هاتۆ، کەبابەکەتان لەبیر نەچێ!"
دایکم دەڵێ:"دە چاکە بابم بەخێرێ، چۆن کەبابمان لەبیر دەچێ؟ نیگەران مەبە، یاخودا هەموو ژنەکان قالبیان ساغ بێ ڕووسووری دەرکی خولای بن، هەموو شتێک سازوبازە."
باجە خەجیج دەڵێ:"بە کلیل ودەروازە!"
باجەحومەیرا دەڵێ:"کاکە جەمیل گیان ئەو دەرکەی سەر پلیکانان دامەخەن. خۆ ئەمە دەنگی ماملێمان هەر گوێ لێ نابێ."
باجە خەجیج دەڵێ:"دەکرێ پچینە ژووری دەستەنوێنان خۆمان تاقەت کەین خۆ پیاو ناچێتە وێ! لە کاک محەمەدی مێردی زاراش دەپرسین کەس  دیار نەبێ، دەینەوە خوارێ."
باجە حومەیرا و باجە هاجەر دەڵێن:"زۆر چاکە!"
باجە حومەیرا دەڵێ:"ژنی مامە زێڕەی، خۆ ئەتۆ ئەمەت ناوێ چەلێ ئێستا وەختی نانوکێشت تێ کردنێ نەهاتۆ!"
دایکم دەڵێ:"نا بابەکەم پچن، پچن، ئەوەتا براژنم و زارا و خاتو ئامین و هەموو لێرەن، ئەگە کارێکمان بێ. "

وەکوو ڕەپێیان نابین بە پەلە پەل لە پلیکانەکان دەچینە سەرێ. باجە خەجیج و باجە هاجەر و باجە حومەیرا و دێدە ئەمنیش لە ئاخری هەموان،  دەچینە نێو ژووری نوێنوبانان دادەنیشین بۆ وەی کاکە جەمیل کوتی پێش نەهارێ ئاغای ماملێ یەک دوو ئاهەنگان دەگێرێ.
جارجارە قیرە قیری سازەکەش دێ، کابراکەی سازی لێ دەدا دیارە دەبێ حازری کا.

ئەمن حەوسەلەم خەریکە بەسەر دەچێ، دەچمە پێشخانەکەی. ئاغای ماملێ لەگەڵ دوو پیاوی دیکە لە ژوورە چکۆلەکەی سەر سازمانی دانیشتوون و دیارە باسی ئەوەی دەکەن چ گۆرانێکی دەڵێ. ئاغای مامڵێ کەوا و پانتۆڵی کوردی لەبەردا و پێچەکەشی گوڵی زەردی تێدا. قەدی بڵیندە و بزەیەکیش هەمیشە لەسەر لێوێتی.
بە هەڵات هەڵات دەچمەوە ژوورێ، دەڵێم:"خەریکن حازر دەبن! خەریکن حازر دەبن! بۆخۆم بە چاوی خۆم دیتم! بۆخۆم مامڵێم دیت!"
باجە خەجیج دەڵێ:"کچێ، نەفیسە، دانیشە لەگەڵ مامە زێڕەی تووشی کێشەمان مەکە، بێدەنگ بە!"

هەمووMان پێدەنگ دەبین:"وەرە وەرە شەماڵ وەرە
دەردی دڵەکەم بۆ یار بەرە،"
دێدە دەست دەکاتەوە بە گریانێ و دەڵێ:"جا ئەوە ژن مارە کردن بۆ وا دەبی؟ ڕیشە گیان! ئەتۆ ئەوە لە شیرازی ئەمە ئەوە لێرە!"

لە گۆرانی هەوارەیدا دەڵێ:"یارم چۆتە سەفەرێ
جا دۆعام بۆ بکەن بێتەوە."
دێدە هەر دەگری.

ئاغای ماملێ دوای نانوچاش گۆرانیان دەڵێ. ئەمەش لەسەر پلیکانەکان دادەنیشین.
ئەوچەل گۆرانی "ئەختەر"ی دەڵێ:"ئەختەر کیژی کوردی چاومەست
ئەی پێشمەرگەی میلەت پەرست."
بابم زۆری ئەو گۆرانێ پێخۆشە.

باجە خەجیج بە کاک محەمەدی دەڵێ:"ئەگە دیتت پیاوەکان هەستان بێنە خوارێ، پێمان‌بڵی هەتا زوو هەڵێینە ژوورێ!"
کاک محەمەدی مێردی باجە زاراش زۆر خوێن‌شیرنە دەڵێ:"باشە باجە گیان! بەسەرچاوم، نیگەران مەبن، خۆ گوناحتان نەکردۆ گوێ لە گۆرانی هەڵدەخەن!"

###

ئەو هاوینەی وەکوو هەموو هاوینەکانی پێشوو ماڵە کاکم هاتوونەوە.
عیسمەتیش (ئایشێ) ئێستا هەر لە کنیانە.
باجە ئامینیش دیارە لەسەرەخۆشی خاڵمدا لێرە نەبوو. بەڵام بۆ ماوەی مانگێکی قەرارە لە سابڵاغی بێ. ئەورۆ دێتە ماڵە مە.
لەوەتا مێردی کردۆ هەردایکم لە تارانێ دیتوویەتی ئەمن نەمدیتۆ.

سەعات هەر دەونیو یازدە دەبێ لە زەنگی دەرکەی دەدەن. ئەمن لە ڕۆژێدا ئەگە سەدجار دەرکەی پکەمەوە کەمە. لە حەسارێرا دێمە نێو پێشخانەکەی. کاک فاتح ڕەفیقەکەی کاکە ئەمیری دوو سێ ڕۆژە لە مە میوانە.
لەگەڵ کاکە جەمیلی خەریکن خۆیان ساز دەکەن پچنە دەرێ.
دەرکەی دەکەمەوە. ژنێک بەچارشێوی گوڵداری ڕەشەوە لەگەڵ دوو منداڵی کوڕ لەبەر دەرکەن. چاویان لێ دەکەم، وەکوو خەڵکی ئێرە نەبن وایە.
نەدەزانم کێن نەدەزانم چیان‌دەوێ.
ڕاوەستاوم هەتا ژنەکە بۆخۆی وە قسە دێ. دەڵێ:"ئەیەڕۆ گەزیزەگیان! ئەوە نام ناسێوە!"
دەنگی وەکوو دەنگی باجە ئامینێ بێ وایە. زۆرتر چاوی لێ دەکەم و لە بەردەرکەی لادەچم هەتا بێتە ژوورێ. دەڵێم:"با...جە ئامین؟!"
دەڵێ:"ئەرێوەوڵا بۆخۆمم!"
دەست دەکا بە پێکەنینێکی تاڵ.
دەڵێ:"بۆخۆشم خۆم ناناسمەوە نەفیسە گیان! خۆ لۆمەت ناکەم!"

دێته ژوورێ. دموچاوی چکۆڵه بۆتەوە و ڕەش هڵگەڕاوە. پێکەنینە جوانەکەی نەماوە. کوا قۆڵچاغە جوانە گوڵینگەدارەکەی؟ کوا ئەوە باجە ئامینە؟ کوا قڕژاڵەکەی بە زەنگیانەی دروستکرا بوو؟ کوا مێخەکدانەکەی و ڕیحانە و گوڵی نێو گوارەکانی و هاتوچۆی وەک بەوری بەیانی؟
ئەو باجە ئامینە وەک قەڵایەکی ڕووخاو دەچێ. وەک باڵندەیەکی بێباڵ. چاوە جوانەکانیشی دە قوولەوە چوون. لەگەڵ کاکم کە جاروبارە بۆ تەورێز و تارانێ چووم لە میاندوا و بناو و دێ ودێهاتی سەررێیە ژنم دیتۆ ئاوا وەک باجە ئامینێ شاڵوارێکی بۆر لە پێ دەکەن و لەچکەیەکی بەسەردا دەدەن و کراسێکی هەتا خوار ئەژنۆیان لەبەر دەکەن. لەسەرەوەش چارشێوی بەسەردا دەدەن.

لە ژوورێ لەگەڵ باجە ئامینی دادەنیشم هەتا دایکم کار و شتی زۆرە، فرسەت غەنیمەتە بۆ قسە کردنێ.
دەڵێ کورە گەورەکەی پرێک گێژو وێژە! دوکتور کوتویەتی عیلاجی نایا. گەورەتر کە بوو دەبێ بیبەنە مەدرەسەی کەڕوڵاڵان، ئەوەی چکۆڵەترە باشە.
دەڵێم:"باجە ئامین دوکتور ناڵێ بۆچی حوسێن قسان ناکا؟"
دەڵێ:"جا گەزیزە گیان! دوکتور بڵێ چی؟ ئەوەندەی ئەمن ڕقم لەو پیاوەیە دەبوو مار و هەژدیهام ببێ لە جیاتی منداڵی. دوکتور دەڵێ چونکە ئەمە ئامۆزاین منداڵەکانمان زۆر ساغ وسەلیم نابن. دیارە دەشزانێ ئەو پیاوە ئازاری سیلی بۆ و چەند ساڵان هەر لە نەخۆشخانان بۆ."
دەڵێم:"باجە ئامین ئەدی ئەنگۆ لێی ناگرنەوە؟"
دەڵێ:"جا چوزانم بە قوربان دەڵێ چاک بۆتەوە. دەنا ئەگە بڵێی ئێستاش هەر کۆخە کۆخێتی، جا پەنا بە خودای!"
دەڵێم:"ددانەکانت هەر وا جوان ماون."
بە هەناسەیەکی دوور ودرێژوە دەڵێ:"ناوەڵا، بە قوربابت بم، هیچم وەک خۆی نەماوە! ژانێ دەکەن. تێکرا دەچریکێنن. چوومە کن دوکتوری دەڵێ دەبێ هەموویان پکێشم و ددانی پکەمەوە!"
دەڵێم:"نا! ئەتۆ زۆر جەوانی چۆن شتی وا دەبێ؟ دایکم و بابم ئێستا ددانی خۆیان هەیە، ئەتۆ دەبێ ددانی پکەیەوە؟!"
دەڵێ:"ساردوگەرمێ دەکەن. هیچم بۆ ناخورێ. جاری وایە دەمرم و دەژیمەوە لە ژانیان."
دەڵێم:"هەمووشیان ساغ و جوانن، کرم و شت نەیخواردوون."
دەڵێ:"ناوەڵا هیچ! پەڵەیەکیش نە زەرد بوون، نە کرم خواردوونی."
دەڵێم:"چەندە حەیفە، کەس ددانی بە قەت تۆ جوان نێ."
دەڵێ:"جوانی چی نەفیسە گیان! هەر وەکوو هەمیشە دەم کوت مردن چاکترە لە مێرد کردنی نابەدڵ. مردن هەر جارێکە، پیاو نەجاتی دێ بەڵام مێرد کردنی ئاوا ڕۆژێ سەد جار دەمری. دڵت بە هیچ خۆش نێ، دڵت بە ماڵ و مێردتەوە نێ.
منداڵەکان چاکە غەمڕەوێنن، دەنا هەر لەمێژ بوو دڵم تۆقی بوو. بۆنی هەموو کەس و هەموو شتێکم بەو منداڵانەوە ناوە، جا بڵێم چی؟ خوڵا بەڵکی تۆڵەی من لە بابم و مام و پوورم پکاتەوە، ئەوان ئەمنیان بەدبەخت کرد."

وەختی نەهارێ هاتۆ. پیاوەکان لە سەرێ نانی دەخۆن و ژنەکان لە خوارێ. ئەمن هەڵدەستم هەتا سفرەی ژنان لەگەڵ عیسمەتێ ڕاپخەم.

باجە ئامین دەڵێ:"چا بوو هەتا جیران بووین زۆرم دڵ بە کاک مەسعود و باجە زیێدی خۆش بوو بە داخەوە ئەوانیش چوون بۆ قەزوێنێ هەر لاپ بێکەس‌وکار ماومەوە.
ئەوەندەت پێ بڵێم نەفیسە گیان قەت قەت جوابی کەس مەدەوە! مەهێڵە وەکوو منت لێ پکەن! ئەگە مێرد بە کوڕی شای پکەی بە دڵت نەبێ فایدەی نێ. مێرد بە عەمباڵێکی پکەی دڵت پێوە بێ ژیانت هەر خۆش دەبێ."
عیسمەت دەڵێ:"ئەو خانمە کوا بە کەس ڕازی نێ. پێم وانێ پتوانن زۆریشی لێ پکەن."
دوایە پێدەکەنێ.

###

ئەوڕۆ ئاغای سەعدی ئەمەی بانگێشتن کردۆ بۆ کانیڕەشان.
بەڵام وەکوو هەمیشە بابم ودایکم نایەن. کاکم و کاک‌فاتح و دوو سێیەک لە کوڕەکان دێن. ئەمن‌وفازل دەچین.
ماڵە خەجیج خانمی خوشکی باجە زیێدی هەموویان هاتوون و ماڵە ئاغای سەعدی و منداڵەکانیان. ئەمن و مینا دەبینە ڕەفیق. شلێر خانم ڕادیۆیەکی بە یەکێک لە دارەکانەوە هەڵداوەسێ و گۆرانی مەزهەری خالقی لە هەموو باغەکەیدا دەنگ دەداتەوە.

"شلوملی خاڵ‌لەملی چاو بەکلی بە چەندی؟ گیانە نازت بە چەندی؟"

باجەزیێد دەڵێ:"ئەوە بەخۆت هەڵدەڵێ بۆیە گرتووتە!"
شلێر خانم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"کوا بە ناشکوری ناڵێم؟ هەر وا پێم‌وابوو ئەنگۆش پێتان خۆشە."
باجەزیێد دەڵێ:"بەڵێ! زۆر کارێکی چاکت کردۆ ئەمەش پێمان خۆشە، مێرسی!"
ڕوو لە من و مینای‌دەکا دەڵێ:"ئەنگۆ چی؟ دەنگی مەزهەری خالیقیتان پێ خۆشە؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئا! ئەمن پێم خۆشە مەخسوسەن گۆرانی `لە پردی سوور بەو لاوە` شاهکارە!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! هەر دەڵێی عەجەمە فێری کوردی بۆ! ئەوە بۆ واقسان دەکا؟!"
مینا دەڵێ:"ئەوە کوردی بە ناز قسان دەکا."
شادی خانم دەڵێ:"خەڵکی سنە و سەقز و ئەوەی کەمێک کوردێکەیان لەگەڵ ئی مە فەرقی هەیە، ئەوە ڕەنگە سەیزادە خانم بەوەی بڵێ."

ئەمە دوای نان‌وچا خواردنێ لەبن داران لەسەر بەڕەکان ڕاکشاوین. شنەبایەکی زۆر خۆش گەڵای دارەکانی وە جووڵەجووڵ خستۆ. لەگەڵ مینای هەرباسی کوڕی جوان و ناحەز دەکەین و بۆخۆمان ڕەش‌وشین دەبینەوە.
خەجیج خانم دەڵێ:"دە چاکە ڕوحە گیان بۆخۆتان ببن بەدەستە خوشک!"
باجەزیێد دەڵێ:"باجی‌گیان! هەردووکیان وەک‌یەکیان لێ‌قەوماوە، تاقانەن، ماشەڵا، ئەو هەمۆ برایانەیان هەیە، بەڵام خوشکیان نێ. زۆر قسەش لەگەڵ برای ناکردرێ. هەرچی برا چاکیش بێ حیسان شەرمێ دەکا باسی بەعزە شتێکی لەگەڵ پکا."

خەجیج خانم دەڵێ:"ئەرێوەلا وایە! کوا ئەوەی ئەمن و ئەتۆ لە کن یەکتری دەیڵێین بە کورەکانی دەڵێین؟ جا خۆ نەخوازە جحێڵیش بی و باس باسی کوران و حەز لێکردن و ئەوەش بێ هەر باسی سەرە!" دوایەش پێدەکەنێ.
ئەمن و مینا هەڵدەستین وەدووی منداڵەکان دەکەوین. دیارە عیسمەت لەگەڵیانە، فازل وە سەر داران کەوتۆ و قەڕەڵوان لێ دەکاتەوە. مینو و منداڵەکانی دی وە دووی کیسەڵێکی بێرە و بە وێدا دێن و دەچن. پیاوەکان دانیشتوون قسان دەکەن و پێدەکەنن. گوێمان لێنێ نازانین باسی چ دەکەن یا بە چی پێدەکەنن.

ئێوارەیەکی درەنگ بە دوو ماشێنان کاکم و میرزا سەعدون دەست دەکەن بە بردنەوەی ماڵومنداڵەکان. لە ئاخریدا ئەمن و باجە زیێد و دوو سێیەک لە منداڵە گەورەکانی خەجیج خانمی و فازل ماوینەوە.
جۆگەڵەیەک ئاو بە بەرباغەکاندا دەڕوا. ئەمە کە بەیانی لێی پەڕینەوە هیچمان تێدا نەدیت. بەڵام ژنی باغەوانەکەی پێنێشانمان دەدا چۆن جۆگەلەکە پڕپڕ لە مارە و هەموو لەسەر یەکتری کەڵەکۆ بوون.

بەڕە و پەتوو و بەعزە شتێکی ئەمە هێناومانە وەکوو دەستەنوێنی لەسەر ڕێگاکەی دایان ناوە هەتا لەگەڵ خۆیان لە ماشێنی نێن و بیبەنەوە ماڵێ. باجە زیێد بەسەر پێوە ماندوو بۆ و دەڵێ ئەنگۆش هەر کەس پێی خۆشە وەرن دانیشن. مەسعود بەو زوانە ناگاتەوە، ڕێیەکە دوورە.
ئەمەش وەدوای پووشکە بە قوونان کەوتووین، دەڵێین ماندوو نەبووین.
لەپڕرا هاواری باجە زیێدی هەڵدەستێ دەڵێ:"ئەیەڕۆ شتێک پێیەوەدام."
هەر لاقی هەڵدەپشێوێ و دادەپشێوێ.
ژنی باغەوانەکەی هەر لە دەور وبەرمانە دەڵێ:"مۆرێ محەمەدی، ئیشەڵا مار نێ. دم ئەو جۆگەلەی زۆری مار تێدا."
هەمووومان زۆر نیگەران دەبین. باجە زیێد بە دوای ژنی باغەوانەکەیدا دەچێتە نێو ماڵەکەیان هەتا چاوێکی لە جێ دمی داعباکەی پکەن کە بە ڕانێوە داوە.
ماوەیەکیان پێ دەچێ هەتا دێنەوە دەرێ. ئەمە هەموو لەوەی دەترسێین مار بوو بێ.
باجە زیێد دەڵێ:"خۆ نازانین چ پێوەی داوم. لەگەڵ خات زێرینێ هەر ئەوەندەمان دیت کە دەوروبەری جێ دمی ئەو داعبایەی زەرد و سوور و شین هەڵگەڕاوە و وەکوو بە عەمدی حەڵقە حەڵقە ڕەنگت کرد بێ وایە.

چرای ماشێنی کاکم جادەکەی ڕووناک دەکا، دێ بە پەلە هەموان سوار دەکا و دەستەنوێنەکەش لە سندوقی پشتەوەی ماشێنەکەی دەنێ و دەڕۆین.
ئەوەندەی داو ودەرمانی کوردی هەیە، دایکم لە لاقی باجە زیێدێی دەدا. بەو شەوەش ڕەنگە دوکتورێک کێشک بێ و یەکێک لە دەواخانەکانیش ئاواڵە بێ. ئەوانیش هیچیان بۆ ناکرێ.

###

باجە زبید دەڵێ تەواوی شەوێ لە تاوی ژانی لاقی خەوی لێ نەکەوتۆ.

لای نێوەڕۆیە دایکم کە لە مدبەقێ لەگەڵ ژنەکان خەریکی نانوکێشت لێنانێن هاوار هاوری لێ پەیدا دەبێ دەڵێ:"وەرن منداڵەکان، وەرە زبێد! ئەوەتا ئەو دووپشکە ڕەشە بوو بە تۆیەوە داوە!
ئەوە دەستەنوێنەکەم بە کورەکان هەر لە حەسارێ دانا کوتم باخاوێنیان کەینەوە جا بیان بەینەوە ژوورێ.
جا چا نەبوو نەمبرد لە ژوورێیان دانێم، ئەوەش لوتفی خودای بوو! دەنا دووپشکە لە نێو ماڵێدا ون دەبوو، بە منداڵەکانیشێوە دەدا،
دووپشکی ڕەش و ماریش وەک یەک ژەهریان پیسە. ئەوەندەیە خودا ڕوحمیکردۆ زبێد ئەو شاڵوارە کێشەی (شلوار کشی) لە پێ دا بۆ دەنا هەرباسی سەر دەبوو.
دەستەنوێنەکە لە بەر تاوێ گەرم داهاتۆ، دووپشکەکە لە گەرمان هارووژاوە و هاتۆتە دەرێ. خەریک بوو بەدیواری لای ماڵە حاجی حەمەڕەشیدی هەڵدەگەڕا، ئەمن جاوم پێ کەوت و چەند ئاوگەردانم لێ دا و کوشتم!"

دووپشکی زەرد دیتن لە سابلاغێ شتێکی سەیر نێ بەڵام ئی ڕەشمان قەت نەدیتۆ. هەموو دێن چاوی لێپکەن. زۆر ئێسکگرانە!
دایکم دەڵێ:"لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە بەو ئاوگەرادنە قورسەی، هەر لێمدەدا و هیچ کاری لێ نەدەکرد."
کاکە مەزهەر دەڵێ:"بۆ وەی پێستەکەی زۆر ڕەقە کەم شت کاری لێدەکا. داعبا و باڵندە و شتی واش کاریان بە دووپشکی نەداوە. بۆ خواردنێ هەم زۆر ڕەقە هەم لەبەر ژەهرەکەی نایخۆن!"

دوای شامێ هەموو کورەکان و بابم دادەنیشن و گوێ دەدەنە شیعرەکانی کاک فاتحی. ئەمن و باجە گوڵزار لە حەسارێرا گوێمان لێ هەڵخستۆ، دەڵێ:"

یادی خێر فازل و دوو چاوی بزی
ڕۆژی سەیرێ قەڕەڵووی چاکی دزی!"

لە نێو ئەو شیعرانەدا کە دەیخوێنێتەوە یەکیانم زۆر پێخۆش دەبێ:"

"...فەرشی ماڵەکەم بە داوی جاڵجەڵووکە
نەخشەکانی بوونە چنجرووکی پەسپەسۆکە
بوونە هەیکەلی جنۆکە
فەڕشی ماڵەکەم تەکاندنێکی لازمە..."

بابم و کاکە جەمیل زۆر بە کەیف و بە ئیشتیا دانیشتوون و گوێیان هەڵخستۆ لە کاک فاتحی. دایکم زۆر لە هاتوچۆ دایە و وەکوو هەمیشە قەت لەدەستی نایا دانیشێ، گەرچی شیعر و ئەدەبیاتی زۆر بەکەیفێیە.

بابم لە دوای شیعرەکان باسی جوانی و خۆشی مەریوان و هەورامان و کرماشان و ئەوانە دەکا و دەڵێ لە خزمەت شێخ مەعسومیدا بۆ ئەو شوێنانە چوون و هەتا خودا حەزێ پکا خۆشن و جوانی ئەو بەشەی کوردستان لە تەوسیف نایا.
ئەمن وە بیرم دێتەوە لەو سەفەرەیاندا بابم گیوەی کرماشانی بۆ من بە دیاری هێنا بوو. ماڵە شێخی پێیان دەکوت کەوشی سەرفەڕشان. هەمووی بە دەست درووا بوو و پووڵەکە و زەنگیانەیەکی زۆریشیان بە نەخش و نیگار لێ نابوو. لە بیرمە هەتا ئاخوئۆخیان لێ بۆوە لە پێم کردن.

###

ئەورۆ بابم دەمبا بۆ نێونووسین لە دەبیرستانی کچان.
ئەوەش وەکوو مەدرەسەی شەهناز زۆر دوورە و ماوەیەکی زۆر بە پێیان دەڕۆین.

سێرێکەمان چوارخانەیەکی ورد وردی ڕەش و سپێ. گۆرەوی ڕەش یا سپی هەردووکیان دەکرێ لە پێ کەین. کەوشیش خانم نازمەکە دەڵێ ڕەش بێ باشترە.
بابم پێیان دەڵێ پێموانێ غەیری کەوشی سوور هیچ ڕەنگێکی قەت بوو بێ، هەتا کەوشی سوور و ئاڵقەزوونەدار لە بازاڕی وە گیر کەوێ، هیچی دیکەی ناوێ.
ئاغای مەولایی و خانم نازمەکە هەردووکیان چاو لە من دەکەن و پێدەکەنن. ئەوەی دەبێ لە کتێبفرۆشیان بیکڕین بە بابم دەڵێن و ئەویش لەسەر کاغەزێکی دەینووسێ و دەڕۆین.
لە چوونەوەیدا لە پلیکانەکان کە دێینە خوارێ بابم دەڵێ:"جا با بەو لایەیدا ڕۆین، ئەوەش دەچێتەوە سەر ماڵە سەید بابەدینی خاڵت، ئەو ڕێگایەش فێربە، هەر ڕێیەکی پێت چاتر بوو هەر بە وێدا هاتوچۆیە پکە!"

بە دەستی چەپدا شۆڕ دەبینەوە، ئەمن ئەو کۆڵانانەم نەدیتۆ و هەتا دەگەینە دوور ونزیکی ماڵە خاڵم و ماڵە حاجی سەگۆی نازانم هەر لە کوێشم.
دەڵێم:"بابە! لێرەرا دەزانم چۆن پچمەوە ماڵێ."
دەڵێ:"ئەو ڕێیەی خەیابانێ ڕاست و ڕەوانترە پیاو لێی نێک ناچێ پێت چاک بوو هەر بە خەیابانێدا وەرە و پچۆ. ئەوەی بدناسێ بە ناحەزی نابزوێتەوە.
ئەگە دنیایە یەکێکیش هاتوو قسەیەکی کرد یا بە جورێکی بزووتەوە قەڵەمیرەکەی خۆمت دەدەمێ، نێی کوتە!"
ئەمنیش هەر وا گوێ دەدەمە بابم و ئەوەی دەیڵێ.
لە دڵ خۆمدا دەڵێم بۆ بابم قەڵەمیرم دەداتێ لە خەڵکی کوتم!
دایکم هەمیشە دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! کچ وەکوو داری گوێزی وایە! هەموو کەس پلاری دەهاوێتێ. ئەوە یەکێکیش قسەیەکی کرد، بابیکا خۆ دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ."
بابیشم دەڵێ:"هەر کەس بە جورێکی بزوتەوە، چەقۆی نێکوتە!"
کاری شکایەت و دادگا و ئەوبەر ئەوبەریش بۆخۆی جێبەجێی دەکا!
دایکم زۆری پێ خۆشە ئەمن دەچمە دەبیرستانی.
هەمیشە پێم دەڵێ:"پەنابادێکی خۆت لە هەزار تمەنی مێردی چاکترە."

باسی دەبیرستانەکەم لێ دەپرسێ، ئەوەی دیتوومە بۆی دەگێڕمەوە.

دوایەش بابم بە دایکم دەڵێ:"لە قسان بەزازەکان دەزانن کێهە پارچە بۆ سێری دەبیرستانی دەبێ. بە  گوڵێش بڵێ لە هەتاوێ بپرسێ کێی پێ چاکە بۆی بە دروونداـ."
دایکم دەڵێ:"ڕووسوور بێ هەتاو دەیکوت هەر بۆخۆی بۆی دەدرووێ.
دەشی کوت:`خاڵۆژن! توخوڵا، نە لەسەڕرا هەتا خوارێ زیپی لە سێری نەفیسەی بدروو نە گیرفانی وەکوو تێری بۆ لێ بنێ!`
کوتی لە دەستی بێ بۆخۆی بۆی دەدرووێ.
ئەمنیش پێم کوت :`دە چاکە بابەکەم! بە خولای یەکسەر هەر حەواڵە بە خۆتی دەکەم! لەگەڵ دێدەی کچ و پارچە و غەرغەرەت بۆ دەنێرم کەیفی خۆتە.`"

بابم پووڵی دەدا بە جەفعەری  هەتا دەفتەر و کتێب و شتی خۆی بکڕێ.
دەڵێ:"سەیدە زێرە! ئەگە بۆت دەکرێ نەفیسە و فازلیش لەگەڵ خۆت بەرە. بافێربن بزانن، شتێکیان لازم بوو پڕۆنە دوکانی ئاغای مۆفەقی."
جەفعەر دەڵێ:"بابە هەمووومان پێکەوە پچین. هەر کەسە ئەوەی لازمێتی لەسەر کاغەزێکی دەینووسێ هەتا هیچمان لەبیر نەچێ."
بابم دەڵێ:"هەر چۆنی پێو چاکە وا پکەن!"

###

دەبیرستان دەستی پێ کردۆ.
لێرە  هەر دەرسەی معەلیمی خۆی هەیە. دەرسەکانیشمان ئەدەبیات و  فیزیک و ئینگلیسی و ڕیازی و ئەوانەن.

زۆرتری معەلیمەکانی مە، دەرسێ بە جەفعەریش دەڵێن. ئاغای عەلەمشا، ئینگلیسی بە کورانیش دەڵێ. مامۆستای قورعان و شەرعیاتیش هەریەکە.
لەسەر کلاسی مامۆستای ئەمە زۆر گوێی نادەینێ و هەر کەسە باسی شتێکی دەگێڕێتەوە و هەر ناشزانین مامۆستا دەڵێ چی.
یەک بە خۆی دەزیقێنێ دەڵێ:"ڕویەتان چون مویەتان! آخر  شما این همه چه میگوئید؟ گوش بدهید! زنان در مملکت های دیگر به کرات آسمانی میروند و شما هم اینجا از عنکبوت میترسید و گوش نمیدهید نادان میمانید!"
ئەمەش هەرپێدەکەنین. جاری واشە سوئالێکی قۆر کچەکان دەبینەوە هەتا وەختی کلاسێ بگرێ و دەرسمان لێنەپرسێتەوە.

ئەمن تازە  کە چوومە دەبیرستانی لێی حاڵی بووم  کوران دەبپرستانێکیان هەیە بۆ وانەی ڕیازی  دەخوێنن و یەکێک  بۆ ئەدەبیات و  یەکێکیش بۆ دیپلۆمی تەبیعی. بەڵام کچان هەریەک دەبیرستانیان هەیە و یەکجور دیپلۆمیش دەکرێ وەرگرن: دیپلۆمی تەبیعی.
کاکە جەمیل دەڵێ:"کەم کەس کچی دەنێرێتە مەدرەسەی. ئەگەریش ناردیان زۆر کەم دەگاتە سیکلی دووەم. هەر ئەوەندە یەکێک پەیدا بوو بە مێردیان دەدەن. بۆیە کلاسێکی سی  کچی تێدا لە کلاسی ئەوەل، هەتا دەگاتە کلاسی سێوم نیوەی ڕۆیشتۆ.
ئەلعان ئەنگۆ  چەند نەفەرن لە کلاسی تۆدا؟"

دەڵێم:"بیستوشەش."
دەڵێ:"جاچاوی لێکە! هەموو ساڵێ چەن نەفەر کەم دەبێتەوە. خەڵک وەدواکەوتوون و زۆر باوەڕیان بەوەی نێ کە کچ تەحسیلاتی عالی هەبێ، یەکیان بابم دەڵێ `کچ دەرسێ پخوێنێ بەکاری ماڵومێردی نایا!`
جا ئەوە بۆیە کچان هەر دەبیرستانێکیان هەیە و لە نێو کلاسێکی بیست نەفەریدا ئەگە پێنج شاگرد بیانەوێ ڕشتەی ئەدەبی هەڵبژێرن، ئەوەندە نین کە کلاسو شتیان بۆدانێن."
ئەمن دەڵێم:"بەڵام دەکرێ ئەوانەی پێیانخۆشە ڕشتەی ئەدەبی پخوێنن لەگەڵ کورەکانی ئەدەبیاتی دەخوێنن تێکەڵیانکەن."
کاکە جەمیل دەڵێ:"پەح! قەت کاری واناکەن. ئەویش لە سابڵاغێ، بە وەی دەڵێن خەیاڵ پڵاو! ئەو سیستیمی ئاموزشێ ئەوەندە وە دوا کەوتۆ ئەو هەمۆ معەلیمە پێژنە هەن، دەرسێ بە کورەکان دەڵێن، مەدرەسەی کچانیش
ماوەیەکی زۆر بێ معەلیم دەمێنێتەوە، چونکە ناهێڵن معەلیمی پیاو کە موجەڕەد بێ بە کچان دەرسێ بڵێ."
ئەمن چاوم زەق کردۆتەوە و دەڵێم:"بۆ؟ ڕاست دەکەی؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بۆ وەی پێیان وایە پیاوێکی ژنی هەیە چاو لە کچان ناکا و تەماحیان تێ ناکا!"
ئەمن قاقایەکی لێ دەدەم و دەڵێم:"`سیستیمی ئاموژشی` بەر قاوەخانەی کەریم جووجووی نەدیتۆ! چۆن هەموو جەوانەکان ژندار و بێژن لە وێ ڕادەوەستن و چاو لە کچان دەکەن کە لە دەبیرستانێرا دێنە دەرێ و بە خەیابانێدا شۆر دەبنەوە."

###

باجە زارا هاتۆ دەڵێ:"کچێ سەیدی! بە حیسابی بورجێ پێنجشەمۆیە ڕەمەزانە خەڵکیش هەموو خۆیان حازرکردۆ چوارشەمۆیە بەڕۆژوبن. ئەتۆ دەڵێی چی؟ کەنگێ هەوەڵی ڕەمەزانێیە؟"
دایکم دەڵێ:"زارا گیان! هەموو حیساب وکیتابی ڕەمەزانێ بە مانگ دیتنێ کەوتۆ. مانگی ئەگە لێرەش نەبینن، خەبەر لە دووریرا دێ. دیتنی مانگی یەکشەوە زۆر هاسانێ. بۆخۆشت دەزانی هەموو ساڵێ دەبێتە دوودەستەگی.
بەعزە کەسێک ڕۆژێک لە پێشدا و ئی واشە ڕۆژێک لە دوایە بەڕۆژوو دەبن، لە ئاخری ڕەمەزانێش کە مانگیان دیت و بوو بە گێژن ئی وایە هەر سی ڕۆژەی گرتۆ، ئی واشە ڕۆژوویەکی لێ خواردۆ. چونکە بە شەرع ئەگە مانگیان دیت نابێ بەڕۆژوو بی، دەبێ بیشکێنی و گێژنێ بگری.
ئەمن و ئاغا سەید بۆخۆت دەزانی ڕادەوەستین هەتا خەبەر دێ `مانگ دیتراوە` جەنابی شێخیش خەبەری لە هەموو لایەکیرا بۆ دێ. جا ڕاوەستە بزانین چوارشەمۆ یا پێنجشەمۆیە دەیکەنە ڕەمەزان."
باجە زارا دەڵێ:"حەقە، وەڵا هەرواش دەبێ، ئەمن بە دایکیشم هەر وا دەڵێم. بۆ وەی محەمەدی مێردم عەرزی دەکردی پێنجشەمۆیە ڕەمەزانە بە حیسابی بورجی."
دایکم دەڵی:"بە عەقڵم ڕۆڵە! عەجەمان بە بورج بەڕۆژوو دەبن. کوردیش بە مانگ پێ دەبن."
باجە زارا دەڵێ:"جا ئەوە حیسابی کێهەیان لە خزمەت ئەو خوادیەی ڕاستە؟"

دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە!، ئەو خوڵایە بۆخۆی دەزانێ، خۆ هەر بە ڕۆژوو گرتنێش نێ. دەبێ حیسان ئەعمالی دیکەشی چاک بێ و هەتا پتوانێ لە درۆ و بوختان و کاری خەراپ خۆی بپارێزێ لەسەر ئەوەشڕا نوێژ و ڕۆژووی نەچێ و خێروخێراتێ پکا، بەڵکی خوڵای گەورە ڕوحمی پێ پکا."

باجە زارا دەڵێ:"خۆ وەڵا موسوڵمانی وا هەیە، سەری پچێ نوێژی ناچێ، ڕۆژووش دەگرن، بەڵام بە خوڵای پێشتە لانێکی، دووروویێش دەکەن و کاری خەراپیش دەکەن."

دایکم دەڵێ:"جا ئەوە نایێتە موسوڵمانەتی! نوێژ و ڕۆژووی وا بەکار نایا بە قوربان! لە پێش هەموو شتێکیدا دەبێ پیاو ئەخلاق و سفاتی چاکی هەبێ."

باجە زارا دادەنیشێ نەختێک برنجی گردە بۆ دایکم لە دەستار کا.

دایکم دەڵێ:"زارا گیان! ئاغا سەید بە بێ فڕنی ڕۆژووی بۆ ناگیرێ. چونکە پارشێوان هیچی وا ناخوا. کەتە و خورمامان دەبێ هەموو پارشێوان هەبێ. شیر و فڕنیش دەخوا، دەنا ئەگە بلێی ڕوحی بەشەری بۆ دانێی، گۆشت ومۆشت و ئەوە هەر دەمی لێنادا. بۆخۆشت دەزانی ئەمنیش ئەوەندەم برینج پێ خۆش نێ!"

باجە زارا دەڵێ:"ڕۆژیش زۆر درێژن بە خوڵای خۆ ئێستا ساردێکی واش نێ هەر بەیانان زوو فێنکە و ئێواران. دیارە بەرەو ڕۆژی کورت دەچین بەڵام زۆرتری ڕەمەزانی ئەوساڵ دەکەوێتە هەوەڵی پاییزێ."

دایکم دەڵێ:"ئا! ئا! بابەکەم ئەرێوەڵا، وردە وردە دێتە نێو هاوینێ و قرچەی گەرمایە. ساڵێکی دی، عومر باقی بێ، دە ڕۆژێک دێتە نێو ئاخر مانگی هاوینێ."

باجە زارا دەڵێ:"ئەیەڕۆ وەڵا، فڕمان دێ لە تونیان!"

###

ئەورۆ دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە پچۆ لە دووی دێدت. پێی‌بڵێ شۆرباوکفتەیەکی بەکەیفی ویمان هەیە بۆ بەربانگێ لەگەل خۆت بیهێنە. ئەورۆش، حەمامی بۆ ماندوو ومجرۆیە، بەرۆژووشە."

ئەمنیش بە پەلە کەوشەکانم لە پێ دەکەم و دەڕۆم.

لە ماڵە کەریمجووجووی تێ دەپەرم. لەبەر شێرە ئاوەکەی تازەدایان ناوە ژنومنداڵ خڕ بوونەوە. خەڵک هاتوون ئاوێ بەرن. دەپەرمەوە ئەوبەری لە کن ماڵە میرزاسوورەی شافعی باجەمرێمی لە شێوەی ڕۆیشتنەکەی دەناسمەوە. وا دیارە بە پەلەیە و چارشێوەکەی زۆرتری لە دووی دەخشێ، بەتەنێشە! ئەمنیش دەستدەکەم بە هەڵاتنێ بە هانکە هانک لەبەر ماڵە ئاغای مۆفەقی و نزیک ماڵە دێدەی، دەیگرمەوە.

دەڵێ:"نەفیسە؟!"

وەکوو ئەوەی نەم ناسێتەوە یا شکی هەبێ ئەمن کێم. خۆی بە دەرکە ئاواڵەکەیدا دەدا. هەردووکمان دەچینە نێو داڵانە چکۆڵەکەی، دوایەش حەسارو لەوبەریش پلیکانەکانی کە بۆ ماڵە دێدەی دەچێ، وە سەردەکەوین. مامە حەمەدەمینی دەبینین و ژنێکی جیرانی دێدەی.

مامم بە باجە مرێمی دەڵێ:"ئەمە عەزیزمان نارد لە دووی دێدەی بێتە ماڵە مە بۆ بەربانگێ، بە خەجلاوی و سەرلێ شێواوی هاتەوە کوتی:`ئەو ژنە، ئەو ژنە، جوابنەداتەوە، قسان ناکا، کەوتۆ، پێم وایە مردۆ!`"

باجە مرێم ئێستا قسەکانی مامم تەواو نەبۆ، دەست دەکا بە هاوار هاواروگریانێ:"ئەی دێدە گیان! بە قوربانت بم، جا ئەمن بە بێ تۆ ڕوو دە کێ کەم."
ئەمن و باجە مرێم لە پێشخانە چکۆڵەکەی دێدەی چاومان بە تەزبیحەکەی دەکەوێ کە هەمیشە لە ملی دەکرد و وەختی دۆعا خوێندن و ئەستەغفیروڵا کوتنیش لە ملی دەردێنا. لەگەڵ توورەکە جاوەکەی کە ڕۆژی حەمامان لە ملی دەکرد و دووقڕانەکانی تێ دەهاویشت، لەسەر عەرزی داندراون.
مامە حەمەدەمین بە دەنگێکی نوساوەوە دەڵێ:"عەزیز لەو نێودەرکەی دێدەی دیتبوو، کەوت بوو، ئەمنیش کە هاتم لەگەڵ ئەوخوشکەی جیرانی، بردمانە ژوورێ، بە داخەوە تەواو ببوو. ناردووشمە لە دووی کاکم و براژنم."

ئەمنو باجە مرێم ئێستا هەر لە پێشخانەکەین، ئامۆژزنە کەژاڵ بە گریان دێ. بابم و دایکم و هەر وا دەروجیران. ماڵە چۆڵەکەی دێدەی پڕدەبێ لە کەسوکار.
بابم دەستی کردۆ بەگریانێ و بە دەسرەکەی دەموچاوی خۆی داپۆشیوە.
باجە خەجیج هاتۆ.
باجە مرێم هەر وا دەڵێ:"دێدە گیان! بە قوربانی ئەو ماڵە چۆلەت بم، جا دوای تۆ ئەمن قوری کوێ بە سەرمداکەم؟ ئەتۆ دایکم بووی، بابم بووی، خوشکم بووی. جا ئەمن دەردی خۆم بۆ کوێ بەرم؟"
باجە مرێم هەموان وەگریان دەخا.
دەڵێ:"جا ئەمە چۆن بە دارینی بلێین لێرەش نەبوو دوکتورت بۆ بێنێ. خۆ نەخۆشیش نەبووی، سەرێشیش نەبووی.
هەر وا لە ناکاو، خۆ بەڕۆژووش بووی. بەو ڕۆژە درێژانە، بەو گەرمایەی نێو حەمامێ، لە نێو ئەو هەرا هەرا و زیقەزیقەی ژناندا. دێدە گیان! ئاخە ئەوە عەزیز و نەفیسە هاتوون لە دوات بۆ بەربانگێ بە قوربانت بم."
دوایەش بە سەری خۆیدا دەدا. ئەمن هەر لە پەنای باجە مرێمی دانیشتووم، بەرامبەری بابم.

لە بیرمە شەوێکی هەموو کەس لە خەوێدا بوو، بوولەرزە هات. ئەمن نەمردەزانی بوولەرزە چێ هەتا ئەوێ شەوێ. دەروجیران هەموو هەستا بوون و لە نێو بەردەرکە و کوچەی ڕاوەستا بوون.
لە بیرمە پلیکانەکان وەکوو لانکی ڕادەژان و ئەمن بەو لاو ئەو لایدا دەکەوتم. ترساو و پەشۆکاو و خەواڵوو چوومە خوارێ هیچمان نەماندەزانی چ پکەین یا بۆ کوێ پچین. یا دوای ئەو لەرزە لەرزەی چ دەبێ.
پێموا بوو هەموو وەک یەک ترسا بووین بەڵام دایکم و بابم هەر دۆعایان دەکرد و دڵخۆشی مەیان دەداوە. ماوەیەکی چاک خەڵک هەر لە کوچەی دەنگیان دەهات. ئەمە نەچووینە کوچەی هەر لە حەسارێ ڕاوەستا بووین. دایکم فازلی لە باوەش کرد بوو. شەو زرینگابۆوە. پرێک سارد بوو. ئەما لە ترسی بوولەرزەکەی کەس هەستی بە سەرمایە نەدەکرد.
دێدە لە ماڵە سەیزادە خانمی قەنداغچیدا بوو، هەر لە خەوێ هەڵدەستێ هەڕا دەکاتە ماڵە مە بزانێ چۆنین.

ئەمن لە پەنای باجە مرێمی دانیشتووم و تازە دەس دەکەم بە گریانێ. لە بوولەرزەیەکی دیکە دا خۆ دێدە نایا بزانێ چمان لێ بەسەرهاتۆ. سەرم لە نێو کەوا و

دەسماڵی باجە مریەمێدا دەشارمەوە، کوا کێ دەزانێ بەسەر من و بابم و باجە مریەمێ چ هاتۆ؟
باجە مریەم دەڵێ:"نەفیسە گیان! ئەتۆی هەر بە کۆڵ و باوەشی گەورە کرد. قەتی دانەدەنایە عەرزی. چۆنمان لێ شێوا؟ جا ئەوە ئەمە دەبێ ڕوو لە کوێ کەین؟ پەنامان لێ ڕووخاوە، خۆ ئەمن بە خولای هەر قەت کەسم نەماوە."
دوایەش دەست دەکاتەوە بە گریانێ.
ئامۆژنە کەژاڵ دەڵێ:"ئەیەڕۆ، بە قوربانت بم، لەبەر سەری ئەو برایانەت شتی وا مەڵێ، کەسی هەموو کەس هەر خولایە، دایکەکەم!
خۆ ئەشەدووبیلا، هەتا دنیا بە دنیا دەبێ کەسی وەکوو دێدەی ئەمەگ‌کێش و بەغیرەت و ئازا و خزم و دۆست خۆشەویست پەیدا نابێ. هەر ئەوەندەی ئەو خانەوادە خۆش دەویست، لە ژنی، لە پیاوی، بە خولای لەسەر سەگ و پشیلەی بەردەرکەتان خۆی بە کوژدەدا.
دایکەکەم! هەتا بڵێی ئەمەگی لەسەر هەمووومان هەیە. بە خولای، قەت قەت کەس جێگای ناگرێتەوە. بۆ هەموان، خولا هەڵناگرێ، دایک بوو، باب‌بوو، خوشک بوو، پەنا بوو!"
ئامۆژنم بەو چاوە شینە جوانانەیەوە هەر دەش‌گری.
دەڵێ:"جا بڵێم چی خولایە؟" چاو لە میچی دەکا دەڵێ:"لەگەڵ کاری تۆ چمان پێ دەکرێ؟ ئەوەتا ئەو پەنایەشت لێ ڕووخاندین."
خۆی ڕادەژێنێ و بە گریانێکی زۆر تاڵەوە دەڵێ:"چ بکەم بابەکەم؟ هەی بە قوربانت بم برا گیان، محەمەد گیان، دێدە گیان، جا چ دەکەی؟ کێ چی پێ کراوە هەتا ئەورۆ؟ لەگەڵ مردنێ چ دەکرێ؟"

دوکتور هاتۆ، بە مامەی کوتۆ دێدە سەکتەی کردۆ. ژنەکان خەریک دەبن دێدەی حازرکەن بۆ شوشتنێ.
بابم دەڵێ:"با منداڵەکان بنێرینەوە ماڵێ!"
بە دوای وەشدا نێوچاوانی من ماچ دەکا و دەڵێ:"لەگەڵ کچەکانی خەجیجێ بڕۆنەوە ماڵێ. ئەمەش دەگەڵ دایکت پاش ماوەیەکی دی دێینەوە."
ئەمن خۆم بە باوەشی بابم دادەدەم و ئەوچەل دەست دەکەم بە گریانێکی کە هەر ئەو لێی حاڵی دەبێ. بابم دەزانێ دێدە زۆرتر دایکی من بوو هەتا دایکی خۆم.

ئەگە نەخۆش دەبووم دێدە ئاگای لێ دەبووم. دێدە دەیبردمە کن دوکتور لازاری، ئەگە دەگریام دڵخۆشی دەدامەوە و فرمێسکەکانمی بە دەستی دەستری.
کارێکی خەراپم کردبا، قەڵس نەدەبوو لێی نەدەدام.
پێی دەکوتم:"ئەتۆ کچی کێت پێ دەڵێن؟ نەکەی جارێکی دی کاری وا پکەی، ئەوکارانە بۆتۆ نەهاتوون!"
بابم هەمیشە لە بازاڕێ. ئەمن دێدە نەبێ ڕوو لە کێ دەکەم؟ خەو کە دەمباتەوە سەرم لەسەر کۆشی کێ دانێم؟ کێ بانگم دەکا کوێشتیر؟

بە گریان و "ئەی دێدە گیان" کوتن لەگەڵ باجە حومەیرایە لە پلیکانەکان دەچمە خوارێ و لەسەر پلیکانی ئاخری دادەنیشم و دەڵێم:"ئەمن لێرە دەبم بزانم دێدەی چ لێ دەکەن، بۆ کوێی دەبەن."

باجە حومەیرا دەڵێ:"نابێ، بە قوربانت بم! مامە زێرە کوتی دەبێ پچێوە ماڵێ. بە منیشی کوت دەستت بەرنەدەم هەتا دەچێوە نێو دەرکەی، منداڵان ناهێڵن بۆ سەرەخۆشی و سەرقەبران و ئەوەی پچن. وەرە بایڕۆین!"
دەستی بۆ لای من درێژ دەکا. هەڵدەستم زۆر بە نابەدڵێوە وە دووی دەکەوم. چاوێکی لەسەر پلیکانەکان و دەرکەی ماڵە دێدەی دەکەم، لە حەسار و دەرکوبانەکەی.
تازە دێدە قەت قەت ئەمن و باجە مریم و باجە هەتاو و باجە گوڵزار و
باجە هاجەری بۆ نەهارێ دەعوەت ناکا.
ئیدی قەت قەت دوڵمە خۆشەکەیمان بۆ لێ نانێ. ئەمە هەموومان زۆر بێکەس بووین. ئەوە هەر وەکوو دێدە هەمیشە دەیکوت گەرمە برینە زۆر نایەشێ لەو برینانەیە کە هەرچی کۆنتر بێ ئازاری زۆرترە.

سێ ڕۆژ سەرەخۆشی بۆ دێدەی لە ماڵە مە دادەنێن. هەموو خزموکەس دێن و زۆریش دەروجیران و ئەوانەی بیستوویانە و دێدەیان ناسیوە دێن بۆ سەرەخۆشی.
خات بەسێ هەر دێ و دەچێ دەڵێ:"وەڵاهی، فانوسە خانم، دەو نێوەیدا هەر غەمی تۆمە! ئەتۆ زۆر ئۆگری خات گوڵێ بووی خولا بۆخۆی سێبووریت بدا یا خولا!"
دایکم هەر دڵخۆشی باجە مرێمی دەداتەوە کە هەر دەگری.
دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، بە قوربانت بم، دەگەڵ کاری خولای چ دەکرێ؟ بە خولای، خات گوڵێ، خودا لێی‌خۆش بێ، بە جەنەتێ شاد بێ،گەردنی خۆش‌وئازا بێ، لە دایکی دایک بوو، لە بابی باب بوو، بە غەم و دەردی هەموو لایەکێوە بوو.
سەد ساڵی ماڵ و منداڵم بۆ بە جێ هیشت‌با لە دایک و خوشکی چاکتر ئاگای لێ دەبوون. بە بێ منەت و بە بێ هیچ تەوەقوعێک هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی خزمەت بەو خانەوادەی دانا بوو.
هەتا هەتایە کەس نابێ وەکوو دێدەی بە سفەت و بە ئینسانیەت و وەفاداری بێ. دەگەل کاری خولاش هیچ ناکرێ، خولا لە گوناحی خۆش بێ، قەسری بەحەشتی بە نسیب کا!
بە زمانی بەڕۆژۆوە، کەس نەبوو قەترە ئاوێکی بە گەرووی داکا، ڕۆژۆکەی پێ بکاتەوە، خودا ئیشەڵا هەر بە لوتف و مەرحەمەتی خۆی لەگەل دەکا!"

###

دوو سێ ڕۆژە زگ و پشتم زۆر دێشێ. بە دایکم دەڵێم.
دەڵێ:"جا منداڵیکی وەکوو تۆ بۆ دەبێ زگ و پشتی بێشێ؟ شتی قورست هەلگرتۆ؟ زگوزارت کردۆ؟ سێ چوار بەرت نان کردۆ؟ ئیستکانێک عارەقی جاترەت دەدەمێ بیخۆ چاک دەبی."
عارەقی جاترەش دایکم بۆخۆی دروستی دەکا هەر وەکوو گوڵاو گرتنێ. بە هەزار زۆری عارەقە جاترەکەی دەرخواردی خۆم دەدەم. بایی پەنادێکی چاکم ناکاتەوە.

تەحتیلاتی نەورۆزێیە هەتا دوای سێزدەبەدەرێ مەدرەسە داخراوە.
ئەورۆ هەور وهێڵەیە. ناڵە ناڵ و نرکە نرکی هەوران لە دوورەوە دێ. بەڵام ئێستا باران دەستی پێ نەکردۆ.

باجە زارا قەولی پێ داوین بۆ سێزدە بەدەرێ بمانباتە سەیرانێ. دایکیشم کوتوویەتی هێلکەمان بۆ ڕەنگ دەکا و هەڵوامان بۆ لێدەنێ و ئەوەی دەیدا بە کورەکان بیبەنە دەرێ بە مەشی دەدا.

باجە زارا دەڵێ:"خۆزگە دایکیشت لەگەڵمان بێ هەتا بزانێ ئەوەی دەنکە جۆیەکی پادشای خوارد بێ دەچێتە دەرێ.
ئەو شارە مەگین دایکت و ماڵە شێخی تێ دا بمێنێ."
دوایەش پێدەکەنێ.

ژانی زگ و پشتم ئەمنی لە قەراغ کوورەی لە عەرزی داوە.
خات بەسێ لە دایکم دەپرسێ:"خۆ حەیب نەبێ سەیزادە خانم، فانوسە خانم عوزران ناشوا، پیموانێ خۆی ناسی بێ."
دایکم دەڵێ:"ناوەلا، خات بەسێ گیان، منداڵە، ئێستا خۆی نەناسیوە!"
ئەمنیش ئەو قسانەم لە پێشدا بیستۆ بەڵام نازانم مەنزوریان چیێ. ئەوەندەی دەزانم ئەگە ژنەکان یەکێکیان نوێژێ نەکا هەموو ئەوانی دی دەزانن و دەڵێن
دە عوزران دایە.
لای نیوەڕۆیە دیتم شۆرتەکەم هەموو خوێناوی بۆ. لەترسان دەستم کرد بە گریانێ.

نازانم چم لێ بەسەر هاتۆ. بریابا رۆژی حەمامێ بووبایە هەتا ئێواریەکی درەنگ دێدە هات باوە و ئەمنیش هەموو شتێکم بۆ گێراباوە.
دێدە دەزانێ چ پکا، لێشم قەڵس نابێ دەرمانێکیش بۆ زگ و پشت ئێشەی دەبینێتەوە. هەر دەگریم.
لە کێ پرسم ئەگە دایکم پێ بزانێ چ پکەم؟ دەچمە نێو حەمامێ. ساردوسڕە بە پڕێک ئاو شۆرتەکەم دەشۆم و لە بەری دەکەمەوە. زۆرم سەرمایە.
زگ و پشت ئێشەکەش لە خەراپێیە، لە چاکی نێ.
لە ڕووم هەڵنایا بە کەس بڵێم. مەدرەسەش ئاواڵە با لە یەکێک لە کچەکانم دەپرسی.
لە ترسی دایکم ناوێرم پرۆم لە ئێخدانەکەی بەردەستان، شۆرتێکی دیکە دەرهێنم. هەر ئەوەی لەبەرمدا، دەیشۆم و دەیشۆمەوە و بە تەڕی لەبەری دەکەمەوە. هەتا دایکم دەچێ دەسنوێژێ پشوا هەڵدێمە نێو خەڵوەتێ دوو تنۆکان دەردێنم و دەچمە سەرێ خۆم بگۆرم.
وەختی نان خواردنیش ئەمن هەر سەرمامە و زگ و پشتم هەر دێشێ.

بەیانی کە لە خەوێ هەڵدەستم شاڵوار و دۆشەگەکەشم هەموو پیس بوون.
دایکم ئەو چەلەکە دەڵێ:"ئەدی بۆ دەنگێ ناکەی؟!
دوو سێ پەڕۆم دەداتێ و دەڵێ وەختی بێنوێژێ پەڕۆی دەگری و پێنیشانم دەدا مەنزوری لەو قسەی چیێ.
دەڵێم:"ئەدی ئەگە چوومە مەدرەسەی چی؟"
دەڵێ:"لە مەدرەسەش هەر وا. پێنج شەش ڕۆژی پێدەچێ هەتا خاوێن دەبێوە!"
چاو لە پەڕۆکان دەکەم. ئەوە لە نێو لیباسی کوردیدا دەشاردرێتەوە کەس نایبینێ. ئەمن خۆ لیباسی کوردی و خەرگە و حەوت هەشت دەرپێم لە پێدا نێ. بەڵام عیلاجیشم نێ جوابی دەدەمەوە و دوایەش دادەنیشم کاغەزێکی دوورودرێژ بۆ

باجە زیێدێ دەنووسم و لێی دەپرسم چ پکەم بەڵکی هەتا مانگێکی دی خەبەرێکی لێ ببیستم.

بەیانی کاغەزەکەی دەدەم بە بابم بۆم بەرێ کا.
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە بە پۆستیدا زۆری پێدەچێ تەحتیلیشن هەتا پێنج ڕۆژان. دەینێرمە کن میرزا سەعدونی بۆخۆشی نەچێتە تارانێ ئیدیکە دەناسێ کە
دە هاتوچۆدان. موسافیر لە هەمووی باشترە."

بابم بۆ نەهار درەنگ دێتەوە. کا حەمەد لە قوڵەسەنێ. کارێکی زۆریان بە سەردا ڕژاوە.
دەڵێم:"بابە هیچ خەبەرێکت زانی بۆ کاغەزەکەی من؟"
دەڵێ:"دوای نان‌وچای بۆخۆم سەرێکی دوکانی ئاغای سەعدی دەدەم بزانم چم بۆ دەکرێ."

ئێوارێ ئەمن هەر وا بە ئێش وئۆفەوە ڕاکشاوم. بەڵام ئەوەندەیە تەڕوتلیس نیم.
بابم دێتەوە دەڵێ:"شانست هێنا خانمە چکۆڵە! میرزا سەعدون کوتی ئەگە دوو ڕۆژان سەبر بگری بۆخۆی خەریکە دەچێتە تارانێ بۆ شت کڕینێ.
لە حەفتەیەکی زۆرتر پێناچێ دەگەڕێتەوە، ڕاوەستاوە ئەو پێنج ڕۆژ تەحتیلەی نەورۆزێ بە سەر پچێ جا دەچێتە تارانێ شتومەکی بۆ دوکانەکەیان سفارش دەدا."
ئەمنیش دەڵێم:"بابە زۆر چاکە!، وەڵا زۆرم پێ‌خۆشە! ئەوە یانی هەم کاغەزەکەم دەداتە دەست باجە زیێدێ هەم جوابەکەم بۆ دێنێتەوە."
دایکم دەڵێ:"هێندیک کەنگر و کوڕادە و کارگی بۆ مەسعود گیان بدەینێ بیبا. زارای دەنێرم پرسی پێ پکا."
بابم دەڵێ:"میرزا سەعدون، خودا سڵامەتی کا، قەت بە مەی نەکوتۆ نا. زارای بنێرە پێی بڵێ بەستەیەکی چکۆڵەیە، ئەتۆش مەیکە بە هەزار پووت! با بۆی پچێ."
دایکم دەڵێ:"زۆر چاکە!"

###

بۆ سێزدەبەدەرێ کاک سەعدون هاتۆتەوە.
هەزار جێگای خۆشی دەوروبەری سابڵاغێ پێ دەزانێ و هەمیشە دەچن بۆ سەیرانێ، دەمزانی خۆی دەگەیێنێتەوە سابڵاغی.
بەستەیەکی باجە زیێد بۆ منی ناردۆ لەگەڵ خۆی هێناویەتی.
لەگەل دایکم چایەکی دەخۆن و دەڵێ:"زیێد بۆخۆی خۆرشتی کەنگری بۆ لێناین، بە یێنگۆ ناخۆش، زۆر خۆشی لێنا بووا!"
دوایە پێدەکەنی.

ئەمنیش بە خۆشی خۆشی بەستەکەی دەکەمەوە. کاغەزێکی تێدا باجە زیید نووسیوێ.
هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردوومەوە و دەڵێ دەبێ زۆر ڕەعایەتی خاوێنی پکەم و چەند بەستە "نەواری بهداشتی" بۆ ناردووم. نێویان "کۆتێکس" و شۆرتەکانیش

"شۆرتێکس"ە. کوتوویەتی شۆرتەکان دەشۆرێن و رایاندەگری بۆ جاری دیکە بەڵام نەوارە بهداشتێکان دەبێ فڕێ بدرێن.
دەڵێ:"بە داخەوە وڵاتی مە زۆر دواکەوتۆ و ژنەکانیش لەو نێوەیدا لە باری ئەو شتانەی کە زۆر بە سڵامەتیان ئیرتباتی هەیە هیچ نازانن."
نووسیویەتی:"ئومێدەوارم لە یەکێک لە دەواخانەکانی سابڵاغێ `کۆتێکس` هەبێ و ئەوانە کە خەلاس بوون پتوانی ئی دی بکڕی. ئەگە هاتوو وەگیر نەکەوت خەبەرم کە هەتا زۆرترت بۆ بنێرم."
ئەمنیش بە فازلی دەڵێم پچێ لە داروخانەی دوکتور ئەبریشمی پپرسێ.
دەڵێ:"چ جوور دەرمانێکە؟"
ئەمنیش دەڵێم:"دەرمان نیێ وەکوو ئەو بەستانە دەچێ."
دەڵێ:"باشە!"
دەچێ لێیان دەپرسێ، "کۆتێکس"یان هەیە و بە دووتمەنیشە.

###

لەسەر نانوچای نێوەڕۆیە لە دەرکەی دەدەن. خات بەسێ دەیکاتەوە.
باجە خەجیجە! کورەکان لە جێی خۆیان هەڵدەستن و بۆ باجە خەجیجێ لە لای سەرەوە جێی دەکەنەوە.
بابم دەڵێ:"یاخوڵا بە خێرێی خەجیج، وەرە دانیشە!"
دایکم دەڵێ:"یاخوڵا، بەخێرێی سەیزادە خەجیج گیان! تازە ئەوە دەستمان بە خواردنێ کردۆ توخوڵا، وەرە پێش، لەگەڵمان شتێکی پخۆ!"
باجە خەجیج دەڵێ:"بە بێ ئەنگۆ ناخۆش کفتەوشۆرباومان هەبوو نوێشی گیانوو بێ. ئەنگۆ نەهارەکەتان پخۆن، ئەمن نانم خواردۆ، ئەو وەختەی نەبێ مامە زێرە وەگیر ناکەوێ. بە ڕۆژ لە بازاڕێ و بە شەو لە ماڵە شێخی."
دایکم دەڵێ:'وەڵا وایە بابەکەم. دیارە بەیانان پێش بازاڕیش لە ماڵە!"
دایکم چایەکی بۆ باجە خەجیجێ تێدەکا و دەڵێ:"خۆ شوکور منداڵەکان هەموو باشن؟ حاجی ئاغا؟"
دایکم دەزانێ باجە خەجیج کارێکی بە دەستەوە دەنا لەسەر نانوچای نایا.

هێندەی پێناچێ دەڵێ:"مامە گیان! ئەوە هاتووم کوتم باسی ئەو قەولەی پکەم ئەتۆ داوتە.
دیارە ئەمن دەزانم کە ئامۆژنم زۆری پێخۆشە نەفیسەش وەکوو کورەکان دەرسێ پخوێنێ ئەمەش ناڵێین نەخوێنێ با پچێتە مەدرەسەی، بەڵام مستەفا وەختی ژن هێنانێتی و جوابێکی بە مەعلومیمان بدەوە."
باجە خەجیج قسەکەی تەواو ناکا کاکە مەزهەر لە جێی خۆی ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ:"باجە خەجیج ئەو قسانە چیێ؟! قەولی چی و نیشانە کردنی چی بۆ دەست هەڵناگرن؟ نەفیسە وەختی مێرد کردنی نیێ، دەرسێ دەخوێنێ.
ئەوچەل هەر لەبەر ئەو قسەوباسەی ئەنگۆ وە وڵاتیتان خستۆ، مستەفای دەبینی دەڕواتە ماڵە خاڵم خۆی دەشارێتەوە."

دایکم دەڵێ:"مەزهەر، ڕۆڵە دانیشە، لەسەرەخۆ، بە قوربان سەیزادە گیان! کچەکە بیکوژی وبیبڕی دەڵێ مێردی ناکا. نە بە مستەفا گیانی نە بە کەسی دیکە!"
باجە خەجیج بە قەڵسی دەڵێ:"ئەمن هاتووم قسەیەکی لە مامم بزانم. مامم ئێستا هیچی نەکوتۆ. مامە گیان، ئەتۆ دەڵێی چی؟"
بابم مەحتەل ماوە. ڕەنگە لەمێژ بێ ئەو ڕۆژەی لەبەر چاوی بوو بێ.
دیارە زۆر ناڕەحەتە بۆ وەی کاکە جەمیلیش دەستی پێ کردۆ و دەڵێ:"ئەمن نازانم ئەنگۆ لە خۆتانی دەگۆڕن یا نایبینن، ئەو دنیا کۆنە گەندەڵە خەریکە لە بەین دەچێ! بابم بە زۆری ناتوانێ نە ژنی بۆ هیچمان بێنێ نە نەفیسەش بە مێرد بدا! بۆ وەی ئەمە هەتا زیندووین پێشی دەگرین. کچ و کوڕ دەبێ بە یەکتری ڕازی بن. ئەو زەمانە گوزەرا کە مامم باجە مرێمی بە زۆری بە دەستگیرانەکەی بە تەڵاقدان دا و بە کەڵەگایی لە `شێخ مەعسومی بە ژنومنداڵ` مارە کرد!
نەفیسە دەچێتە دانیشگایە!"
بابم ڕوو لە باجە خەجیجێ دەکا و دەڵێ:"کچەکە، کچی دایکێتی، ئەوەتا بۆخۆت گوێت لێیە دەڵێن چی!"
باجە خەجیج دەڵێ:"جا مامە گیان! کەس نابێ کچی دایکی نەبێ، کچی دایکی بێ یا نەبێ، ئەتۆ هەر بۆخۆت شەرتی، ئەوەی ئەتۆ بیڵێی، ئەوەی دەکەن!"
بابم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"کوا وایە خەجیج؟ ئەتۆ چەند جار هاتی بە من بڵێی لە بەر دۆست ودوژمنی هەر باشترە پچمە مارە کردنی ژنی مەسعودی؟ کوا ئەمن ژنم بۆ مەسعودی هێنا ؟ ئەوانەت لە بیر چۆتەوە؟!
ئیختیاری ئەو کچەش بە من نێ بە دایکێتی. دایکیشی پێی خۆشە کچەکەش وەکوو کورەکان پچێتە دانیشگایە. دیارە مستەفا ئامۆزای خۆیەتی و مێرد بە هەر کەس پکا، لە کەسی خۆی چاکتر ناکا.
بەڵام ئەوەندەیە کچەکە خەیاڵی مێرد کردنی نێ و دایکی و کورەکانیش ئەوەتا بیستت دەڵێن چی. ئەمنیش زۆریم پێ ناکرێ."
باجە خەجیج دەڵێ:"ئەگە وایە مامە، ئەوە قسەی ئاخریتە؟ چونکە مستەفا کە دێتەوە کوتوویەتی لایەکی وە لایەکی خەم و جوابێکی بە مەعلومی بدەمەوە."
بابم دەڵێ:"ئەرێوەڵا خەجیج، ئەوە جوابی ئاخریمە، کەس بە قەت من ئەوەندەی پێ خۆش نە دەبوو کە مەسعود هەتاوێ بێنێ و نەفیسە بۆ مستەفای ببێ و کورەکانی دیش هەموو هەر ژنی لە نێو کەسوکاری خۆیان مارەکەن. بەڵام بە داخەوە ئەوە وا هاتۆ، هیچیشم پێ ناکرێ! "
باجە خەجیج خوڵاحافیزی دەکا و دەڕوا.

کورەکان بڵاوەی دەکەن دەچنە سەرێ.
بابم پۆپەشمینەکەی بە خۆی دادەدا و ڕادەکشێ.

دایکم خەریکی سفرە کۆکردنەوەی دەبێ. ئەمنیش دەڕۆمە سەرێ. حەول دەدەم کتێبی "باغی ئاڵوباڵو" خەلاس کەم. دەیخوێنمەوە بەڵام هیچ هۆشم لەسەری نێ.

لە دڵ خۆمدا کەیفم سازە بۆوەی ئەو گونە قۆڕەی کە ساڵەها بە وێوە هەڵاوەسرا بوو پڕدڕا و نەجاتی هات.
بیر لە وەی دەکەمەوە میلەتی مە چەندە وەدواکەوتۆ. چۆن منداڵێکی تازە لە دایک بۆ و مەعلوم نیٚ دەژی یا دەمرێ بە یەکێکی زۆر لە خۆی بە تەمەنتر پڕیار دەدرێ؟
سەرم لە وەی سوور ماوە جۆن بابم پڕیاری وای داوە؟

ئەمە چ جور میلەتێکین و چەندە وەدواکەوتووین کە "باب" بە حەقی خۆی دەزانێ کچەکەی هەرچی ئەو کوتی بیکا و وەکوو باجە ئامینێ بە زۆری و بە گریان و هاوار هاواریش بێ دەبێ پڕوا مێرد بە یەکێکی پکا کە "بابەکە" پێی چاکە و هەڵیبژاردۆ.
زۆری کردن و بە کەڵەگایی بە مێرد دانی کچان لە نێو کوردیدا نیشانەی بێسەوادی و بێتەمەدونی و دڕەندەیی مەیە. هیچ حەقێکی نەدەی بە کچەکەی و کچ و ژنی وەکوو کەروگای بکڕی و بفرۆشی و سەودا و معاملەی پێوە پکەی.
دایکم بە کورەکان دەڵێ:"ماڵە مامت دڵیان دێشێ. سەیزادە خەجیج دڵی دێشێ.
دوو سێ ساڵ لەوەو پێش سەیزادە خەجیج ئاڵقەیەکی نارد بوو ئەندازەی قامکی کچەکەی بزانێ، هەتا ئاڵقەی بۆ بکڕن، ئەمن هەر وە سەر خۆشم نەهێنا. کچەکە کوت بووی ئەمن ئاڵقەم ناوێ و مێردی ناکەم، ئەمنیش هەتا ئەورۆ بێدەنگەم لێرا کردۆ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"کەنگێ؟ بۆ ئەمە نەمان زانیوە؟ دوو سێ ساڵ لەوەوپێش نەفیسە تەمەنی دە ساڵان بۆ چۆن کاری وایان کردۆ؟"
دایکم دەڵێ:"چووزانم ڕۆڵە گیان؟ کوتم با نەبێتە ناخۆشی لە نێو کەس‌وکاردا. هەر بەردێکم لەسەر دانا."
کاکە جەمیل دەڵێ:"پەح! یانی چی بەردت لەسەر دانا؟ مستەفا هاوسنی منە، بیست ساڵیک لە نەفیسەی گەورەترە!"

ئەوانە ڕەنگە ڕاست بێ. ڕەنگە ماڵە مامم دڵیان بێشێ بەڵام لە نێو جامعەیەکی ئاوادا ئاڵوگۆڕ کە دەست پێ دەکا، زۆر کەس دەبێتە قوربانی ئەو ئاڵوگۆڕانە.
ئەمن ڕەنگە قەت مێردی نەکەم یا ئەگە بیکەم ڕەنگە هیچی کابرای چاکتر لە کوری مامم نەبێ.
بەڵام لێرەدا باس باسی من و ئامۆزایەکەم نیٚ. باسی نێکدان و ڕووخاندنی ڕەوابتی نادروست و کۆن لە نێو مەدایە. باسی وەیە کە خەڵکی مە فێر بن و دەست هەڵگرن لە ئیستسماری ژنان.
پێموایە بابم دەزانێ بێجگە لە وەی کە دایکم و کورەکان بە تایبەتی
کاکە مەسعود، لە سەر من وە جوابن ئەمن بۆخۆشم منداڵێکی نەبیستووم! ئەو هەمۆ فەرق و جودایەتێی لە نێو مەدا بە کوروکچی دەکرێ لە منداڵیرا چاو وگوێمی کردۆتەوە.
بە پڕوای من ئەوەی بەسەر باجە ئامینێ هات زۆر لە پیاوکوشتنێ قەباحەتتر بوو.

کتێبەکەم بەستۆ. لەسەر پشتم ڕاکشاوم. چاو لە میچی دەکەم. دەزانم ئەگە باجە ئامین یەکێک لەسەری وە جواب هاتبا یا ئەگە توانی بای وەکوو لەیلان خانمێ بۆخۆی بە تەنێ بژی، ئاوای لێ بەسەر نەدەهات.

دایکم هەمیشە دەڵێ:"دەرسێ پخوێنی، کارت دەبێ، حقوقی خۆت دەبێ منەتی پیاوی ناکێشی.
بۆ هەرشتێکی بابت کوتی نا، چووم زێرم فرۆشت! عەمەلیاتی جەمیلی و دانیشگا چوونی کورەکان و ژن هێنانی مەسعودی. تەشتێکم زێر هەبوو ڕۆڵە.
کوتم:`برای نهادە چە سنگ و چە زر.`
زێر بەکاری چی دێ ئەگە کاری پێ جێبەجێ نەکەی.
بابت چاکەوخەراپە لێک ناکاتەوە. دنیاش پێیوایە هەر دەبێ ئەوجورەی بۆ هەر واش ڕابرێ. ئەمنیش دەزانم بە خوڵای دنیایەکی ئەمن تێی دا منداڵ بووم و جەوان بووم زۆری فەرق بوو لەگەل ئەورۆ. دیارە دنیای ئەنگۆش دنیایەکی دی دەبێ."

دەنگی دەرکی کوچەی دێ. دەبێ بابم بێ. هەستاوە و دەچێتە بازاڕی.
دەزانم قەڵس نەبۆ بەڵام ناڕەحەتە لەو جوابەی بە باجە خەجیجێی داوەتەوە.
خودا پکا ئەو گێرە وکێشە نێوانێ ماڵە مە و ماڵە مامە قادری تێک نەدا. دەزانم لە ڕووداوێکی وادا هەم کورە هەم کچە هەردووک دەبن بە قوربابی کۆنەپەرستی. جاری واشە دوژمنایەتیان لە نێوان پەیدا دەبێ.

###

ئەو پاییزەی مەدرەسە کە دەکرێتەوە وەکوو ساڵەکانی دی بە خۆشی دەست پێ ناکا. زۆر لە معەلیمەکانی دەبیرستانەکانیان ڕاگوێستۆ بۆ نێو شارە عەجەمەکان و معەلیمەکانی وانیشیان هێناوە بۆ نێو کوردی.
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە نەخشەی تازەی ساواکێ! ئەو سەگبابانە پێیانوایە بەو جورەی کورد و زمانەکەی لە بەین دەبەن. نازانن قایمتری دەکەن. پێیانوایە معەلیمی عەجەمت کە بوو دەبی بە عەجەم!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەوەش هەیە چەند ساڵە زۆر باس دەکرێ کە مەدرەسەکان کاریان باشە و شاگردان زۆر شتی فێر دەبن، لە هەمووی شاگرد ئەوەڵن. ئەوەشیان ڕەنگە بە کەیفێ نەبێ. خۆ نایانەوێ کورد بە هیچ بگا و هیچ فێر بێ هەتا ژێرچەپۆکەی خۆیان بمێنینەوە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئا! ئەوەش وایە وەڵا، بەڵام عەجەمەکە چی؟! ئەگە پێیانوایە معەلیمی عەجەم دێ لێرە دەرسێ بە شاگردان فێر ناکا، بۆ فیکری وەی ناکەن کوردەکەش لە بناوێ ڕەنگە ئەوجورەی لازمە خۆی بە منداڵی عەجەمەوە ماندوو نەکا."
فازل دەڵێ:"تورکیش بە قەد کوردی زوڵمی لێ کراوە. ئەوە نێ ئەوانیان خۆشتر بوێ. دروستە هەم فارس شیعەیە، هەم تورک بەڵام ئاوای چاو لێ ناکەن.

بۆ `فارسی` هەر `فارس` موهیمە. بۆیە ئەمە ڕەفیقی هەرمەنی و ئاسۆریمان هەیە کە لە ڕۆژی گێژنی خۆیاندا دەبێ بێنەوە مەدرەسەی. هەموو شتێک وا داندراوە کە لە خزمەت میلەتی `فارس` دا بێ، نە کورد نە تورک نە ئاسۆری و ئەرمەنی نە لور و عەرەب.

هەدەفیش ئەوەیە کە بڵێن ئەوانە زمانیان نیێ، فەرهەنگیان نیێ، میلەت نین."

کاکە جەمیل دەڵێ:"زیندەبادا! واقعەن ڕاست دەکەی هەربژی، ئەوە ئەسڵەن بەرنامەیە بۆ لە بەین بردنی هەموو ئەو جیاوازیانە و هەموو ئەو میلەتانە. بۆیەش هەمیشە دەبیستی تەبلیغاتی دەوڵەتی ئەوەیە کە ئێران هەر یەک میلەتە! هەموو هەر یەک میلەتن! بە میلەتەکانی غەیری فارسیش دەڵێن، تیرە، فرقە، دەستە و قەت قەت ناڵێن میلەتی کورد، میلەتی تورک.

دڵیان تۆقیوە ناتوانن بڵێن ئێران وڵاتێکی چەند میلیەتیێ. هەتا ئەوەشیان لیێ ڕوون نەبێتەوە، بە هیچ کوێ ناگەن. دەترسێن کە ئێران پارچە پارچە بێ و بەشێکی کورد جوێی کاتەوە و بەشێکی تورک و لە جنوبیش عەرەب. نازانن ڕێگای ئەوەیە سەربەخۆیی بدرێ بەو میلەتانە و بە ڕەسمیەتیان بناسن و لێیان گەڕێن بە زمانی خۆیان پخوێنن و بنووسن هەتا وڵاتەکە لەت لەت نەکرێ."

لە مەدرەسەی مە معەلیمێکی ڕیازیمان بۆ هاتۆ نێوی ئاغای کاوەندێ.

ناحەزو ئێسکگرانە، دیارە زۆر ناڕەحەتە لە وەی کە لێرەیە. هێندەی پیێ ناچیێ ئەو دەڕوا و یەکی دیکە دێ نێوی ئاغای سەیزادەیە، زۆر بە حەوسەلەیە. زۆریش بە جوانی دەرسمان پیێ دەڵێ. دەڵێ هەتا هەمووتان ئەو فەسڵەی فێر نەن ناچینە سەر فەسڵی تازە.

معەلیمێکی دیکەشمان بۆ هاتۆ نێوی خانم خەلەجانیێ و ئەدەبیاتی فارسیمان پیێ دەڵێ. ئەویش دیارە زۆری پیێ خۆش نیێ کە ڕایان گوێزتۆ.

یەکیشیان جیرانی ماڵە مەیە، نێوی پاپانایە. ئەو دەبێتە معەلیمی ئینشای.

لە "سپای سوڵح"ی ئەمریکایەشڕا سیێ نەفەر، دوو پیاو و ژنێک، هاتوونە سابڵاغیێ. کچەکە زۆر جوان و خوێنشیرنە و نێوی "مێریێ" Mary.

دوو پیاوەکان یەکیان نێوی "باب"ە، ئەوی دی "تام." زۆرتر "مێری" بە مە دەرسیێ دەڵێ و جاروبارەش "باب."

"باب" لە هەموو کەس لە سابڵاغێدا درێژترە. سەری زۆر چکۆڵەیە و باڵای زۆر بڵیندە، کزیشە. منداڵان دەڵێن وەکوو دینۆسۆری دەچێ بەتایبەتی "پلزیۆزۆرس."

لەسەر کلاسیێ زۆر جاران وەختە قڕ بین لە بەر بۆنی تڕوتسی پلزیۆزۆرسی. کەپۆمان دەگرین و دەڵێین:"پف! خودا غەزەبت لیێ گریێ، ئەوە چی خواردۆ؟"

ئەویش دەزانیێ کلاسەکەی پڕ کردۆ لە بۆتس دەڵیێ:"

Open the door! Open the window!."

سریوە دەڵێ:"ڕێگاکەی ئەوەیە لە سەر کلاسیێ چوبپەنبەیەکی لە قونگت نێی!"

هەر وا بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەو سەگبابە هەموان گێژ دەکا، نازانم ئۆدکوڵۆنە بۆگەنیوەکەی ئاغای عەلەمشای چاکتر بوو یا تڕوتسی ئەو سەگبابەی!"
کاکە ئەمیر لەگەڵیان بۆتە ڕەفیق بۆ نەهارێکی بانگێشتنیان دەکا. دایکم "مێری" زۆر خۆش دەوێ.
دەڵێ:"ئەوە چەکمەی جیلی هەڵکێشاوە. زۆر بە عەدەب و سادە و بێ تەکەبور و لەگەڵ ئەو عالەمەی هەڵدەستێ و دادەنیشێ. دەڵێی زێڕە! ئەوە کچی مەش بێ پروا دەرسێ پخوێنێ و کار بە دەست بێ، دەڵێ` این محله کدام محله است؟` تڕوتۆپی لە داشامەجیدی دا دەپرووخێنێ!"

دەبیرستان زۆر خۆشە. لەگەڵ سریوەش زۆر ڕەفیقم. گەرچی دۆستایەتێکەمان لە خوشکیرا دەستی پێ کرد بەڵام ئەلعان وام لێ هاتۆ هەر نامەوێ بێمەوە ماڵێ.
دایکیشم هەمیشە دەڵێ:"ئەو کچەتیوەی من دوژمنی ماڵێیە!"
لەگەڵ گوڵچینێش ڕەفیقین. ئەمن و گوڵچین لە خوێندنەوەی شیعری خۆش ماندوو نابین. بەیانان هەمیشە یا ئەمن شیعرێکی حافزی دەنووسمەوە و دەیهێنم یا گوڵچین. پێکەوە دەیخوێنینەوە.
زۆرتری کچەکانی مەدرەسەی شەهناز لێرەن. ئایدا چۆتەوە تەورێزێ.

###

ئەورۆ بە خۆشی خۆشی دەچمەوە ماڵێ.
خەبەری هاتنی معەلمێکی تازە بە بابم و دایکم ڕادەگەیێنم.
لەسەر نانی نیوەڕۆیەین، دەڵێم:"بابە! دەزانی ئەمە معەلمێکی تازەی کوردمان بۆ هاتۆ."
بابم دەڵێ:"کێ؟ ڕۆڵە؟"
دەڵێم:"نێوی خانم ئەفشارێ."
دایکم دەڵێ:"باڕەقەڵا، وەڵاهی ئەوەم زۆر پێ خۆشە. دەبێتە نمونە بۆ کچی ئەو شارەی. بە ناشکوری ناڵێم لە نێو مەدا کچ قەت نابێ بە هیچ. هەر یەکێک داوای کرد، فەوری سەری لە پرێسکەی دەبەستن."
بابم دەڵێ:"خوڵا بۆخۆی وای کردۆ! کاری ژنی ماڵومنداڵ گەورە کردنە، ئەوەی چۆ تاران و تەورێزان بۆ بە کاری ماڵێ دێ؟ ئەوەتا زیێد!"

کاکە جەمیل لە پێش دایکمدا وە دەنگ دێ دەڵێ:"دایە! سەد دەر سەد کچی وەکوو خانم ئەفشاری ئەو دنیا ڕەشەی ژنی کورد کە قەرنها تێیدا ماونەوە، دەگۆڕن، خەڵک وردە وردە فێر دەبن کچەکانیان دەنێرنە دانیشگایە. دەیان نێرنە دەرەوەی وڵات.
فیکرو زکری دایکی نەسلی تازە ئەوە نابێ کە کچەکەی زوو بە مێرد دا هەتا نەترشێ! ئەو معیارە کۆن و کۆنەپەرستانە هەموو لەبەین دەچن. ئاڵوگۆر دەستی پێ کردۆ. لێرەوپاش نەسل بە نەسل زۆرتر باسەواد دەبن. ئەو زەمان گوزەرا کە کچی بەدبەختیان لەسەر پشتی لانکێ مارە دەکرد."
دایکم دەڵێ:"ئەرێوەلا، ڕۆڵە، بۆیە ئەمن حیسانی وەکوو ئەو خانم ئەفشارەم لە چاوی خۆم خۆشتر دەوێ چونکە ڕێی تازە بۆ کچی کورد دەکەنەوە. ئەوەی هەتا ئەلعان فێریان کراوە، زێر و جل و شایی و مێرد کردن بۆ."

نان‌وچامان خواردۆ، ئەمن کتێبەکانم هەڵدەگرم و دەڕۆم.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! زوو نێ؟"
دەڵێم:"نا دایە، لەسەر ڕێیە ڕا دەچمە کتێبفرۆشی مۆفەقی."

بۆنی خۆشی کەبابی حەمەشەلی لەگەڵ دەنگی گۆرانی مەرزیەی تێکەڵ بۆ. بە خەیابانی شاپوردا هەڵدەکشێم بەرەو دەبیرستانی کچان دەڕۆم.
لە زار مەیدانی مەنگوران کاکە محەمەدی دەبینم دەڵێ:"پوورم ناساغ بوو شوکر چاکترە؟"
دەڵێم:"بەڵێ."
دەڵێ:"دەرسی هەرە موهیمت لە بیر نەچێ، بی تەڕە شینە، لەپ تەڕە دوونە! نووک نووکی خوارە!"
وەکوو دۆعای دەیڵێ هەتا زۆرتر پێپکەنم.
دەڵێ:"ئەگە پێتخۆش بێ ئەو دۆعایەت بۆ دەنووسم لە مشەمای گرە و دوایە لە ئاوەکەش پخۆوە زەینت باش دەبێ!"
پێدەکەنم و خوڵاحافیزی لێ دەکەم و دەڕۆم. ئەویش دەچێتە دوکانێ. کاکە محەمەد هەمیشە جەفەنگان لێدەدا و گاڵتەی بە مەلاوشێخان دەکا.

###

ئەورۆ لە سەر نان‌وچای نیوەڕۆیە لە بابم دەپرسم:"بابە ئەرێ گوناحە لە نێو قەبران کەلەسەری دەرهێنی؟!"
بابم دەڵێ:"جا کێ کاری وا ناشیرن دەکا، ڕۆڵە؟ کێ چی بە مردووی داوە؟"
دەڵێم:"بابە، لەوەتا پشقەڵایان ڕووخاندۆ هەتا بە وێدا دەڕۆم قەبری وێران‌کراو دەبینم و ئێسک وپروسکی خەڵکی مردوو."
دایکم دەڵێ:"ڕاست دەکا زۆر بە بێ‌ئیحترامی لەگەڵ ئەو نێو قەبرانە بزووتوونەوە. هەمووش خەتای ئەو مەلا پێسەواد و هیچ وپووچانە بوو کە فتوایان دا، ئەو قەبرستانە ئاوا پرووخێنن. لە نێو کوردی نەبێ شتی وا ناقەومێ!
قەبرستانی شاران دەرک ودەروازەی هەیە. مردووشۆرخانەی هەیە، داروگوڵی لێ چێندراوە و هەمووی خشت و مشتی تێ گیراوە.
لەبەر مەرقەدی قازی محەمەدیش بایە نەدەبوو فتوای وا بدەن."
بابم دەڵێ:"شەرع دەفەرمێ دوای چل ساڵان، دەکرێ قەبرستان پرووخێنی! عومری پشقەڵاش لە چل ساڵ زۆرترە."
دایکم دەڵێ:"ئەوەی تازە نێژراوە چی؟ خۆ قازی محەمەد چل ساڵ نێ نێژراوە، ئەوە نێ بڵێی چل ساڵە کەس مردووی لە وێ نەناشتۆ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"پێت وایە بۆ پشقەڵای تەرتوتونا دەکەن؟ هەوەڵین رەئیس جمهوری کوردان لە وێ ناژراوە. بەو جورەی پێیان وایە قازی محەمەدی لە بیر خەڵکی دەبەنەوە."
دایکم دەڵێ:"بە ڕووخاندنی قەبەری حیسانێکی ئاوا گەورە و خۆشەویست هەر خۆیان لە کن خەڵکی کورد سووکتر و بێ ئەرزشتر دەکەن."

دوایە بابم دەڵێ:"ڕۆڵە بۆ باسی ئێسک وپروسکی مردووی دەکەی؟!"

ئەمنیش دەڵێم:"بۆ وەی لە مەدرەسەی بۆ کلاسی تەبیعی نە ئێسکلێتمان هەیە نە هیچ ئەوە لە کنەخۆ ڕشتەی تەبیعی دەخوێنین. هیچمان نیٚ، ئازمایشگاشمان نیٚ، کوتم ئەگە بکریٚ ئێسکلێتی ڕاستی بەرینە مەدرەسەی!"
بابم دەڵیٚ دەبیٚ لە جەنابی شێخی بپرسیٚ دوایە جوابم بداتەوە. دەشڵیٚ مردوو نابیٚ بیٚئحترامی پیٚ بکریٚ.
دەڵێم:"لە مەدرەسەی لە نێو قەفەسەی دەنێن. بیٚئیحترامی پیٚ ناکەین."
دایکم دەڵیٚ:"بۆ فێر بوون و دەرس خوێندن پێم وایە نە بێشەرعیٚ نە گوناحە."
فازل دەڵیٚ:"دەبیٚ سەتڵێک ئاڵکۆڵ بەری کە ئێسکەکانی دەیبینێوە لە ئاڵکۆڵیدا بیشۆیەوە و دوایە لە نێو توورەکەیەک شتێکی خاوێندا بیبەیە مەدرەسەی."
دایکم دەڵیٚ:"ئەوە فیکری چاکە بازە گیان!"
بابم دەڵیٚ:"هەتا جەنابی شێخی ئیجازەی لەسەر نەبیٚ باسیشی مەکەن. ئەوشۆ بۆخۆم کە دەچمە خزمەتی پرسی پیٚ دەکەم."

###

باجە زارا هاتۆ هەتا پچینە نێو قەبران.
بە دایکم دەڵیٚ:"کچیٚ سەیدی، ئەتۆ خاترجەمی ئەوە گوناح نیٚ؟ کچیٚ بە قوربان ئەمن قەتم نە کاری واکردۆ نە شتی وا بیستۆ!"
دایکم دەڵیٚ:"زارا گیان! ئەتۆ پێتوایە لە سەر چەند قەبر و چەند ئێسک وپروسکی مردووی خەڵکی خانوویان دروست کردۆ و ئاودەستیان لەسەر سازکردوون؟ پێت وایە ئەگە ئەو منداڵانە ئێسکی مردووی بە جوانی و خاوێنی بیشۆن و لە نێو شکافی مەدرەسەی بنێن و دەرسی لیٚ فێر بن، دەستی ئیحترامیان لە مردۆکەی ناوە یا ئەگە خەڵک ئاودەستی لەسەر قەبرەکان ساز پکەن؟!"
باجەزارا دەڵیٚ:"خۆ وەڵا، ئەشەدوبیلا وایە، لە نێو مەدا نە مردوو نە زیندوو کەس حورمەتی کەس نازانیٚ. پرۆ بابم با ڕۆژمان لیٚ درەنگ نەبیٚ."
ئەمن وە دووی خۆی دەدا دەڕۆین.
دوو سیٚ قەبران چاو لیٚ دەکەین. باجەزارا دەڵیٚ:"ئەی هاوار بە ماڵم، داخوڵا کیٚ بیٚ قەبری مە بپشکنێتەوە!"
دەڵێم:"باجە زارا! بەڵکی هەتا وەختی وەی دیٚ قەبری مە بپشکننەوە، مەدرەسەکان ئازمایشگایان بۆ داندریٚ و ئێسکلێتی مەسنوعیان بۆ بکردریٚ."
هیچ دەنگیٚ ناکا. ئەمنیش دەسکێشەکانی کە هێناومە لە دەستیان دەکەم و کەلەسەرێکی کە دیتوومەتەوە هەڵدەگرم و دەڵێم باجە زارا جا با بیشۆینەوە.
دەڵیٚ:"کچیٚ! ئەوە خۆ ژنە!"
ئەمنیش پێدەکەنم دەڵێم:"قەبرەکە کێلی نیٚ. هیچی لیٚ نەنووسراوە، مەعلوم نیٚ ژنە یا پیاوە!"
دەڵیٚ:"سەری پیاوان زەلامترە، ئەوە دیارە منداڵ نیٚ یا جحێڵە، یاخوڵا عەمرم نەمێنیٚ،یا ژنە!"
کەلەسەرکەی بە ئاڵکۆڵی خاوێن دەکەینەوە و لە خاولێکی دەپێچین و دوایەش لە کیسە نایلۆنێکی دەنێین و دەڕۆین.

که دەگەینەوە ماڵێ هەموو خەریکن نان‌وچای دەخۆن.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە!، دەستت جوان‌وقازاخ پشۆ، نانی پخۆ و پرۆ، با مەدرەسەکەت درەنگ نەبێ! "
ئەمنیش دەڵێم تەبیعیمان هەیە نامەوێ درەنگ بگەمەوە. ڕێم دوورە.
دایکم دەڵێ:"ئەگە وایە با بابۆڵەیەکت بۆ دروست کەم بیخۆ و پرۆ."

پێش وەی زەنگی لێ دا لە مەدرەسەم. لەسەر کلاسێ کەلەسەرەکەی دەدەم بە خانم ئەفشاری، لە پێشدا پێم‌کوت بوو دەچم لە نێو قەبران ئێسک وپروسکی دێنم.
بە بزەیەک لەسەر لێوێوە لە شاگردەکان دەپرسێ نێوی بۆ کەلەسەرەکەی ببینەوە. هەموو دەڵێن چونکە ئەمن دیتوومەتەوە نێوی دەبێ بنێین "کەلەی حەسەنپور!"

###

بابم لە بازاڕی هاتۆتەوە.
بە پەلە پەل دەچێ خۆی حازر دەکا دەڵێ دوکتورێکی تازە بۆ شێروخورشیدی هاتۆ، ئەعزای ئەنجومەنێ دەچن بە خێر هاتنی پکەن.
ئەمنیش دەڵێم:"بابە نێوی چیێ؟"
دەڵێ:"نێوی دوکتور کەدخودایانە، ڕۆڵە."
بە دایکم دەڵێ ئەوەندەی سەعاتێکی ڕەنگە پێ‌پچێ بۆ وەختی نوێژێ دەگەڕێتەوە.

بابم دەڕوا و فازل خێرا لە پلیکانەکان دێتە خوارێ دەڵێ:"ئەوە کێیە لە سەرێیە؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ڕەفیقی کاکە ئەمیرێ، بۆ؟"
دەڵێ:"دەکرێ بە دایکم بڵێی میوە و شەربەت و شتیان بۆ بنێرێ؟"
ئەمنیش هەر وا چاوی لێ‌دەکەم و دەپرسم:"بۆ؟ ئەگە کاکە ئەمیر بیەوێ شتی بەرێ بۆ میوانەکەی بۆخۆی دێ، دەیبا. هەر کەس میوانی دێ بۆخۆی شتی بۆ دادەنێ. دایکم هەر بۆ میوانی بابم و ئی خۆی میوە و شتی ساز دەکا."
فازل دەڵێ:"ئەتۆ پرۆ بڵێ دایە، ئەو میوانە لەسەرێیە شەربەتی بۆ بنێرە، یا میوەی بدا بە تۆ بیبەی بیدەی بە کاکە ئەمیری. دەمەوێ زۆرتر پخافلێن و زوو نەڕوا!"
ئەمنیش زۆرم پێ سەیرە کە فازل دەیەوێ ڕەفیقی کاکە ئەمیری کە نە دیتوویەتی نە دەزانێ کێیە، زۆرتر لە ماڵە مە بمێنێتەوە!
دەڵێم:"بۆ؟ ئەتۆ خۆ ناژزانی کێیە؟ بۆ دەتەوێ زۆرتر لێرە بێ؟"
دەڵێ:"ئەوە هەر کەسێکی هەیە لە تارانێرا هاتۆتەوە، کەوشەکانی ئی ئێرە نیێ! زۆریشم پێ جوانن. دەیان‌بەم بۆ وەستا عەزیمی چاوی لێ کا و عەینی وەم بۆ بدرووێ!"
ئەمنیش دەڵێم:"دەبێ بە کاکە ئەمیری بڵێی هەتا بزانێ و زۆرتر لە قسانی گرێ."
دەڵێ:"نا! کاکە ئەمیر ئەگە بزانێ خۆ ناهێڵێ ئەمن کەوشەکان بەرم."

دەڵێم:"هەڵێ! ئەگە وایە بیبە زووش بگەڕێوە، ئەمن ئەوە دەچم بە دایکم دەڵێم میوە و شتی بنێرێتە سەرێ."

کەوشەکان قاوەیەکی زۆر کاڵن و ئاڵقەزوونەیەکیان بۆ جوانێ لەسەر درۆ.
دەڕۆم بۆ مدبەقێ.
دەڵێم:"دایە! کاکە ئەمیر میوانێکی هەیە دەتەوێ شەربەتیان بۆ بنێری؟!"
دایکم دەڵێ:"ئەمیر گیان بۆخۆی هەرچی بیەوێ دێ دەیبا!"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەمن دەکرێ بۆیانبەرم هەتا سەرپلیکانان. دوایە کاکە ئەمیری بانگ دەکەم بیباتە ژوورێ!"
دایکم دەڵێ:"بۆ؟ جا ڕۆڵە ئەتۆ چت بە میوانی کورەکان داوە؟!"
چاوێکیشم لێ دەکا،
دوایە دەڵێ:"میوانەکەی کێیە؟ کوری کێیە؟"
ئەمنیش دەڵێم:"نازانم، خۆ ئەمن نەمدیتۆ. کاکە ئەمیر بۆخۆی دەرکەی لێ کردەوە. ترێ و کاڵەکیان بۆ بەرم؟"
دایکم هەر بە ڕاستی وە شک کەوتۆ و زۆرتر پێیخۆشە بزانێ کوری کێیە و ئەمن لە کوێرا دەیناسم.
دایکم دوو لیوانم شەربەتی ئاڵوباڵوی لەسەر کەشەفێکی دەداتێ دەڵێ:"ئەمیر گیانی بانگ کە بۆخۆی وەسەرێی دەخا!"
کاکە ئەمیر دەڵێ:"ئەوەی ناوێ، ئەوە چیێ؟!"
ئەمنیش دەڵێم:"دایکم بۆتانی ناردۆ دەڵێ `گەرمایە شەربەتێکی پخۆنەوە!"
لە ترسی وەی فازل بە وەختی خۆی نەگەڕێتەوە، دەچم دەڵێم:"دایە کاکە ئەمیر زۆری پێخۆش بوو، شەربەتت بۆ ڕەفیقەکەی نارد! دەڵێم چۆنە میوەشیان بۆ بەرم؟"
دایکم لە وانەیە پرواتە سەرێ و بزانێ ئەو ڕفیقەی کاکە ئەمیری کێیە و ئەمن بۆ دەمەوێ پەزیرایی لێ بکرێ.
دوای ماوەیەکی ترێ و کالەکیش وە سەر پلیکانەکان دەخەم.
کاکە ئەمیر دەڵێ:"ئەوە چیێ، چ خەبەرە؟!"
دەڵێم:"پخۆن، هەر وا! دایکم بۆی ناردوون هیچ خەبەر نیێ!"

فازل ئێستا نەهاتۆتەوە. ئەمنیش زۆر نیگەرانم. ئەگە ڕەفیقەکەی کاکە ئەمیری بیەوێ پروا دەچێ بۆ سەر پلیکانەکان هەتا کەوشەکانی لە پێکا. ئەگە کاکە ئەمیر کوتی کوا کەوشی ڕەفیقەکەی دەبێ چ درۆیەکی سازکەم ؟

لە دەرکەی دەدەن بە خۆشی هەڵدێم بیکەمەوە، پێموایە فازلە. بەڵام باجە زارایە. دەچم لە پشت دەرکی کوچەی ڕادەوەستم هەتا ئەگە فازل هاتەوە زوو دەرکەی لێ پکەمەوە.
فازل دێتەوە و بە پەلە پەل کەوشەی لێ وەردەگرم و هەڕا دەکەمە سەر پلیکانەکان. کاکە ئەمیر و ڕەفیقەکەی لە لینگە کەوشەکەی دەگەڕێن!
دەڵێم:"ئەوەتا! کەوت بۆ خوارەوەی پلیکانەکان!"

ڕەفیقەکەی کاکە ئەمیری چاوێکم لێ دەکا و پێدەکەنێ دەڵێ:"مەمنوون!"
ئەمن هەڵدێمەوە حەسارێ هەتا بزانم فازل لەگەڵ وەستا عەزیمی چی کردۆ.
ئەویش لە حەسارێ چاوەڕوانی منە. ئەمن پێی‌دەڵێم کەس نازانێ ئەو هات و هاوارە بۆ کەوشی ڕەفیقی کاکە ئەمیری بوو.
فازل زۆر بە خۆشیێوە دەڵێ:"وەستا عەزیم خەریک بوو عەکسی کەوشەکەی دەکێشاوە هەتا لە بیری نەچێتەوە. بەڵام کوتی دەتوانێ جووتێکی وام بۆ بدرووێ. چەرمەکەشم هەر لەو ڕەنگەی بۆ پەیدا دەکا. دەبێ بە بابیشم بڵێم، داوای لێ‌کا بۆم بدرووێ.

کاکە ئەمیر هاتۆتە خوارێ بە دایکم دەڵێ لەگەل ڕەفیقەکەی دەچێتە دەری و بۆ نەهارێ دێتەوە.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! ئەوە کێهە ڕەفیقتە؟ کوری کێیە؟ نێوی چیێ؟!"
کاکە ئەمیر زۆری پێ سەیرە دایکم قەت ئەوەندە لێی ناکۆڵێتەوە.
کاکە ئەمیر نێو و شۆرەتی ڕەفیقەکەی بە دایکم دەڵێ.
باجە زارا دەڵێ:"دەی دەی، ئەوە ماڵەکەشیان هەر بەرامبەری ماڵە سەید مەلایە لە سەیدەکانی ئازادین، دە عەسڵی خۆیدا ئاغاوەتن!"
دایکم دەڵێ:"دە چاکە، چاکە، ڕۆڵە گیان، پرۆن بەخێر بێن، پرۆن بۆخۆتان تاوێکی بای باڵی خۆتان بدەن!"

کاکە ئەمیر دەڕوا. دایکم بۆ باجە زارای دەگێڕێتەوە چۆن هەر ئەمن لە هاتوچۆدا بووم و شەربەت و شتم بۆ بردۆتە سەرێ.
باجە زاراش چاوێکی بە جورێکی لە من دەکا ودەڵێ:"جا سەیزادە خانم قەڵەم وچارەنووس، چوزانم؟! بڵێی کچەکە...؟"
دایکم دەڵێ:"نا ڕۆڵە!، خۆ ناوێرین باسی کەس پکەین، ناوێرین باسی مێرد کردن و شتی لەگەڵ پکەین، چنجرووکی لە عاسمانێ دەدا دەڵێ:`بۆخۆتان مێردی پکەن! ئەمن قەت مێردی ناکەم.`"
ئەمن پێم‌وایە ئەگە هەر دانیشم و دەنگێ نەکەم هەزار فیکر وخەیاڵاتان دەکەن.
دەچمە سەر پلیکانەکەی مدبەقێ دەڵێم:"دایە، دەزانی بۆ هەر دەمرکوت میوەی بنێرە، شەربەتی بنێرە؟"
دوایە حیقایەتی کەوشی جوانی ڕەفیقی کاکە ئەمیر و فازل و وەستا عەزیمیان بۆ دەڵێم، تێروپر پێدەکەنن و دەڵێن چاو منداڵ کاری چەندە سەیر دەکا.

باجە زارا دەپرسێ:"هێندەشمان نەماوە بۆ شایی کاک مەزهەری. ئەرێ سەیزادە خانم هەر لە مەدرەسەی کچان شاییەکەی دەکەن؟"
دەڵێ:"ڕۆڵە، بە خولای، مەسعود گیان، لەگەڵ مامی قسەی کردۆ، مەدرەسەکە چەلێ چۆلە. دەڵێ ئەو عالەمە لە ماڵە خۆمان جێگای نابێتەوە.

نان وکێشتیش ئەمن کوتم بۆ خۆمان جێبەجێی دەکەین. مەسعود و جەمیل دەڵێن:"ئاشپەزی بێنین ئاسودەترە ئەو هەمۆ میوانە بە شەو وڕۆژ بانگێشتن کرێن، زەحمەتی یەکجار زۆر دەبێ!"

باجە زارا دەڵێ:"خۆ سەیزادە! وە باڵ بە تەختی ئەستۆم ڕاست دەکەن، بڵێ بۆ؟ ئەنگۆ بە هەویان چەند شەو وڕۆژ نانی بدەن. کار دەوەیدا نابێ کوا بە ژنان جێبەجێ دەبێ؟ لێیان گەڕێ با ئاشپەزی بگرن، لە بیرت چۆتەوە لەسەر شایی کاکە حەسەنی بە پازدە بیست ژنان خەریکی نان وکێشتی ئەو عالەمەی بووین؟"

دایکم دەڵێ:"جا چوزانم؟ دەڵێم با هەر بۆخۆمان جێبەجێی کەین، بە جوانی و پاک وخاوێنی. خۆ نازانین ئەو ئاشپەزەی دەیهێنین چەندە خاوێنە یا دەستی بە دەسنوێژە یا نا!"

باجە زارا دەڵێ:"جا ئەوەش هەیە، وەلا وایە خۆ نازانی کابرای ئاشپەز پاک وخاوێنە یا نا."

###

ئەوڕۆ باجە زارا لە بازاڕیرا هاتۆتەوە دەڵێ:"کچێ سەیدی! کوتم پێش وەی بەرەو ژوور پچم با پێم ئەو خەبەرە ،بە داخەوە ناخۆشەت، بۆ بێنم. دوور بێ، قورعان دەمابەیندا بێ خوڵا سەری کورەکان و ئاغا سەیدی سڵامەت کا. دەڵێن کچەکەی ماڵە موعینی ئەوەی لە زەڕی خانمێ بوو، جوانە مەرگ بۆ."

دایکیشم قابڵەمەیەکی بە دەستەوە، دایدەنێ دەڵێ:"نا! کچێ چۆن شتی وا دەبێ؟ پەکوو! دەتکوت زێڕە. ئەوە لەگەڵ کچەکەی دەچوونە مەدرەسەی. دووجاریش ئەمن و کچەکە چووین سەرمان داوە. هەر لە جێی دابوو. دایکی دەیکوت سەری دێشێ، هەر هاواری سەرێتی."

باجە زارا دەڵێ:"کچێ! دەزانم دەتکوت ناسکە نانە، هەر تازە دەگەیشتێ، بە ناشکوری ناڵێم ئەو خانەوادە ئەوەندە دەرد و غەمی دیکەیان بەس نێ دەبێ ئەو کارەساتەشیان لێ پقەومێ."

دایکم دەڵێ:"زارا گیان! ئەتۆ ئەگە پێتدەکرێ منداڵەکانت کە دابین کرد وەرە چاوێکت بە سەر ماڵێوە بێ هەتا ئەمن پچمە سەرەخۆشێ. دیارە سەیزادە مرێم و ئەوانەش زانی پێتیان دێن."

باجە زارا دەڵێ:"هەر بە سەرڕێوە دەچم بە ماڵە شێخی ڕادەگەیێنم و نیوەڕۆیەش هەر دوای نانوچای لێرە دەبم. نیگەران مەبە!"

دایکم دەڵێ:"زۆر چاکە زارا گیان! بە خوڵات دەسپێرم، ئەمنیش نانوچای منداڵان و ئاغا سەیدی دەدەم و ئیدی چاوەڕوانت دەبم."

ئەمنیش بێدەنگ دانیشتووم و فیکر لە وەی دەکەمەوە چۆن کچێکی جوانی، منداڵکار دەمرێ. دایکی هەمیشە دەیکوت لە غەمی ئەو برا دەربەدەرانەی ئاوای لێ هاتۆ.

چەند مانگ بوو نەخۆش بوو نە دەهاتەوە مەدرەسەی. بەڵام کەس پێیوا نەبوو. ئاوا لە ناکاو دەمرێ.

هەر وا فیکر لە وەی دەکەمەوە ئەمە چین. بۆ لە دایک دەبین؟ وەختێکی دەمرین چمان لێ دێ؟
لەسەر نانی باسی سورەیای دەکەم. لە بابم دەپرسم بۆ جەوان دەبێ بمرێ.
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە! ئەوەی مودەی تەوا بێ دەمرێ، جحێڵ و پیریش ناناسێ، هەمووی بە ئەمری خولایە."
ئەمنیش دەڵێم:"بابە! خولا بۆ دەیەوێ خەڵک بمرن ئەویش ئی جەوان؟"
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان! هەتا بەشەر لەسەر عەرزی بۆ و وە بیری دێ هەر وا هاتۆ و هەر واش دەڕوا. دەگەڵ کاری خولای پیاو چی پێ ناکرێ. هەر بەشەرەی بە جورێکی دەچێ هەموو کەسیش دەمرێ، `کولو نەفسی زائقەتولمەوت (کل نفس ذائقه الموت).`"
دەڵێم:"ئەوەیان لەسەر زۆر کێلی نێو قەبران نووسیوە."
دەپرسم:"بابە ئەدی ئەوەی خۆی دەکوژێ، خۆ خودا نایکوژێ!"
بابم دەڵێ:"بە بێ ئیرادەی خولای هیچ بەشەرێک هیچی بۆ ناکرێ. خۆ کوشتن لە گوناحانی کەبیرەیە. قەت پیاو لە ئاوری جەحەنەمێ نەجاتی نایا."
دەڵێم:"بۆ؟! ئەگە یەکێک نەیەوێ ڕاوەستێ بۆ وەی خودا بیکوژێ بۆخۆی خۆی پکوژێ بۆ گوناحە؟"
بابم دەڵێ:"بۆ وەی یەکێکی خۆی دەکوژێ، قەڵای خولای دەڕووخێنێ. بێ ئەمری خولای دەکا!"
دەڵێم:"بابە مەگە ئەتۆ ناڵێی کەس بە بێ ئەمری خولای هیچی پێ ناکرێ ئەگە وایە ئەوەی خۆی دەکوژێش، دەبێ بە ئەمری خولای ئەو کارەی پکا. یانی خولا ویستوویەتی کە ئەو کەسە خۆی پکوژێ."
بابم لێرەدا دەڵێ:"کاری خەراپ و بیدعەت شەیتان بە پیاوی دەکا، ڕۆڵە! نە خولا، جەلە جەلالیهی(جل جلاله)، بۆیە پیاو دەبێ جوابی شەیتانی کافر نەداتەوە و نەهێڵێ زەلەی پێ پکا."

ئەمن ئەوڕۆ هەموو فیکروخەیاڵەم چۆتە سەر "مردن" و ئەوەی لە "مردن" دەترسێم و بۆ "مردن" هیچ قاعیدە و قانونێکی نێ و لەپڕا دێ و هیج کارێکیش لە دەس کەس نایا.
هەر وەک لە ناکاوا دێدەی ساغوسەلیم و بەڕۆژووی کوشت.
ئەمن دەزانم دیسان خەونە ناخۆشەکەم دێتەوە زگم. ئەگە نەخۆش بم یا غەمرویەژارەیەکم هەبێ دەیبینم:
"لە خەونمدا ئەمن بە تاقی تەنێ هەتا ئەژنۆم لە نێوئاوێکی بێئامان دام، وەکوو دەریا بێ وایە.
وەختی ئێوارێیە تاو خەریکە ئاوا دەبێ. لە نێو عاسمانی سەرسەرم سەدان و هەزاران باڵندەی ڕەش وەکوو قەلە سابوونی هەڵدەفڕن و زیقە زیق و قڕە قریان دێ. وەکوو وەیە کەس لە دنیایەدا نەمابێ. کەس دیار نێ، هەر ئەمنم و ئاوێکی بێ سنوور و باڵندەی زۆر و ناحەز. ئاوەکەش هەر وا دێ و لە ئەژنۆم تێدەپەڕێ و دەگاتە سەر ڕانم و بەرەو ژوورتر دەچێ هەتا لای زگم دادەگرێ، لە زیقە زیق و هاوار و گریانی خۆم وە خەبەر دێم."

دایکم و بابم هەر وەخت ئاوا دەنگی منیان گوێ لێ دەبێ دەزانن ئەو خەونەم دیتۆ بابم دێ لە خەوێ هەڵم دەستێنێ.

###

کاکم و باجە زیێد لە تارانێرا هاتوونەوە و یەک بێنەوبەرەیە باب ئاگای لە کوری نێ.
کاکم دەڵێ:" شایێکی دەکەین لە سابڵاغێدا هەتا ئەورۆ کەس نەیدیت بێ!"
دیارە مارە کردن و نیشانە کردن لەمێژە کراوە و باجە خەجیج دەڵێ:"جل هەڵگرتن و شیرنی خواردنیش بە خوڵای مەسعود گیان، با پکەین!"
کاکم دەڵێ:"بەڵێ، باجە خەجیج هەر چی پێت خۆش بێ ئەوەی دەکەین. جل هەڵگرتن پێموایە بە پیاوان مەربوت نابێ ئەوە کەیفی خۆتانە کێ بانگ دەکەن چ دەکەن. ئەمە دەعوەتەکان بۆ شیرنی خواردنێ دەنێرین بۆ ڕۆژی... دایە! دایە! چوارشەمۆ مەبارەکترە یا پێنجشەمۆ؟"
دوایەش کاکم پێدەکەنێ دەڵێ:"باجە خەجیج ڕۆژەکەی هەڵبژێرن! عەزێتمان مەکەن! هەتا کارتەکان بنووسین."
دایکم و باجە خەجیج دووشەمۆیە دادەنێن بۆ جل هەڵگرتنێ. پێنجشەمۆیە بۆ شیرنی خواردنێ. وای دادەنێن هەموو ڕۆژێ نانی ژنان و بە شەویش نانی پیاوان بدەن. دوای حەفتێکی بووک دێ و سێ ڕۆژانەش بە دوای ویدا.

ئەمن و باجە زارا دیسان وە شاری دەکەوین هەتا کارتان بگەیێنین. سابڵاغ هەموو گەڕەک گەڕەکە. گەڕەکی جوولەکان و هەرمەنیان و سێ ئاشان و نێو قەبران و مزگەوتی سەیدی و مزگەوتی بازاڕی و زۆر گەرەکی دیکە.
بە ڕاستی دەڵێ هەرکەس دەنکە جۆیەکی پادشای خواردۆ بانگێشتن کراوە. بە گەڕەک پێیدا دێین. لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە بەعزە کەسێکی بانگێشتن کراون، دەیانناسم. بۆ شامی پیاوان کارتمان برد بۆ ماڵە ئاغای ئەتهەری. معەلیمی عەرەبی مە. براکەشی پێموایە بە کوران دەرسێ دەڵێ.
زۆر جاران باجە زارا دەڵێ بە شۆرەت خەڵکی ناناسێ. هەر بە نێوی باب‌وباپیریان لێکیان دەکاتەوە. وەکوو ماڵە ئاغای ئەتهەری.
دەڵێ:"ئەوە چ نێوێکە؟ بڵێن ماڵە `بابە غەڵیفەی` و ئەها. بۆ سەرم لێ دەشێوێنن!؟"
دێدەش خەڵکی هەر بە نێوی باب‌وباپیریان دەناسی جا نێوی واش هەیە کە زۆر جوان نێ بەڵام بە داخەوە لە نێو کوردەواریدا ئەو ڕەسمە ناشیرنە هەیە. وەکوو ماڵە گیپەدرووی، ماڵە کەوگیران، ماڵە قیت مەڕۆی. بابم دەڵێ شناسنامە و نێو و ئەوە لە دەورەی "ڕەزاشای کەبیر" دادەندرێ.

شاییەکە لە مەدرەسەی مامە حەمەدەمینی دەست پێ دەکا و زۆر خۆشە. ئەمن خۆم فێری هەڵپەڕینێکی چاک کردۆ. لە شایی کاکە حەسەنی کەس دەستی نە دەگرتم چونکە حەتا "ڕۆینەش"م نەدەزانی. ئەوەی بە ڕۆژ فێر دەبم لە ماڵێ تەمرینی

دەکەم وەکوو "سێ پێی" و "گەڕانەوە" هەتا لە وەختی هەڵپەڕینێدا دەستم بەر نەدەن، زۆر ژن و کچ هەیە هەر "سێ پێی" و "گەڕانەوە" دەستی پێ کرد یا بۆخۆیان دێنە دەرێ یا دەستیان بەردەدرێ بۆ وەی نازانن هەڵپەڕن.

ئەمن زۆرم ڕق لە "ڕۆینە"یە. وەختی ڕۆینە هەڵپەڕینێ، مەلا حوسێن بە "پیاوان" هەڵدەڵێ و شاباشی وەردەگرێ. قەت بە ژنان هەڵناڵێن مەگە پیر بێ و وەکوو دێدەی کە لە شایی کاکە حەسەنی هەڵدەپەڕی. یا "دایکی زاوای" ئەگە هەڵپەڕی دەنا بە ژنی جەوان هەڵناڵێن! لە هەر کەسیش دەپرسی دەڵێ:"ئەیەڕۆ، جا چۆن شتی وا دەبێ!؟"

کاکە جەمیل نەبێ دەڵێ:"ئەوە هەموو خورافاتی مەزهەبێ، عەیبە! هەموو شتێک عەیبە! ژنیش هیچ حەق وحقوقی ئیجتماعی نێ. بە شکڵی حیسانێکی ئازاد چاوی لێ ناکرێ، جوزوی ئەموالی پیاوێ!"

دایکم گوێی لێدەبێ لە دوورەوە هەڵدەداتێ دەڵێ:"ئەمن نازانم ئەو کچەی من کەرە یا خۆی کەر دەکا بەو شتانەی دەیپرسێ و ئەو سوئالە بێجێ وڕێیانەی دەیکا دەڵێی هەر بایی پەنابادێکی عەقڵی نێ!"

کاکە جەمیل دەڵێ:"بۆ ؟! وەڵا، زۆر سوئالی بە جێ و چاک دەکا. دەڵێ ئەو کچانەی هەڵدەپەڕن بۆ پێیان هەڵناڵێن؟ مەسەلەن دەڵێن:`خۆش بێ ئاغای حەسەنپور` بۆ ناڵێن `خۆش بێ خانمی حەسەنپور`"؟ ڕاست دەکا، جا چ دەبێ بە ژنانیش هەڵبڵێن؟

بە پڕوای من نەفیسە عاقڵە بۆ وەی لێی حاڵێ کە لە نێو مە دا، ژن بەشی خوراوە و خەریکە لێی دەکۆڵێتەوە و شتی فێر دەبێ و باسی فەرق و جودایەتی ژن و پیاوی دەکا. ئەوە بۆ نیشانەی کەرێتێیە؟"

دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، بۆ وەی ئەوە خولا وای کردۆ ئیدی! بەشی عافرەتی فەرقی هەیە لەگەڵ پیاوی. پیاو ئەوەی بیکا و بیڵێ عەیبی ناچێتەوە سەر."

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەمە باسی وەی ناکەین کە کچێک یا ژنێک کارێکی خەراپ پکا. هیچ کارێکیش نەکا لە زۆر شتان مەحرومە، ئەوە دەلیلەکەی هەر دواکەوتوویی جامعەیە. جا هەتا ژن بێسەواد و بێمەعلومات بمێنێتەوە، بە قازانجی پیاوانە. ئەوەنێ بابم هەمیشە دەڵێ:`ژن کە دەرسی خوێند بەکار نایا`!"

دایکم دەڵێ:"دەرس خوێندن و بە حەیاوئەدب ئاوا وەکوو هەتاوی خۆمان لەسەر ماڵومنداڵی خۆی دانیشتۆ و معەلیمی کچانیش دەکا ئەوە زۆر چاکە و بێشەرعیش نێ!"

کاکە جەمیل ڕوو لە من دەکا و دەڵێ:"خولاسە ئاوایە. جامیعەیەکی کۆن و کۆنەپەرستمان هەیە. یەکێکی زۆر لەگەڵ ئەو شتانە موبارزەی کردۆ `قازی محەمەد` بۆ. حیسانێکی بە ڕاستی سەوادی هەبێ دەزانێ ژن لە نێو کوردیدا زۆری زوڵم لێ کراوە و دەکرێ. عیلاجی مەدرەسە چوون و باسەواد کردنی ژنانە. ژنێکی کە ماڵوپووڵی خۆی هەبێ ژێرچەپۆکە نابێ."

خەجیج خانمی خوشکی باجە زێدێ و مینا و ئەمن و باجە زێد و منداڵەکان لەسەر سەندەڵێکانی حەساری مەدرەسەی لە بەر نیسێیە دانیشتووین و چاو لە لیباسی خەڵکی دەکەین ئەوەی لە هەموان کراسەکەی جوانترە هەڵیدەبژێرین.

زەڕی مسقاڵی زۆر مۆدە و ریشی مام جەلالی. بەو گەرمایەی ژن هەن پێنج دەرپێ یا خەرگەی لە پێ دەکەن هەتا کراسەکەیان فش ڕاوەستێ، چونکە ئەگە کراسەکە وا بێ بە بەدەنێوە بنوسێ زۆر ناحەزە.
کەواش باجە زبێد دەڵێ:"حیسانی خەفە دەکا!"
لەگەڵ مینای دەیبژێرین چەند گەز پارچە لە دەستێک لیباسی کوردی ژنان دەچێ. دەسماڵ، سێ گەز؛ کەوا دوو گەز، گەزێک بەر، گەزێک ڕوو؛ پشتێند کەم بێ، دوازدە گەزە، ئی وایە پازدە گەزی تێ دەبەستێ. کراس شەش گەزە. دەسماڵ سێ گەزە. هەر دەرپێیەش شەش گەزە. لە چوار دەرپێیان کەمتر لە پێ ناکەن ئی وایە شەش دانان لە پێ دەکا. یانی بە لانی کەمەوە پەنجا گەز پارچە!

مینو پێنج ساڵە و هەر وە دوای ئاغای ماملێ دەکەوێ. ئەلعانیش چۆ دەستی گرتۆ و لەوبەری حەسارێ ڕاوەستاوە.
باجە خەجیجیش دەڵێ:"کچێ با لە تارانێش گەورە بێ، بە خوڵای هەر لە خۆمانە، دەزانێ دەستی کێ بگرێ!"
دیارە مەلا حوسێنی عەبدوڵازادە بۆ هەڵپەڕینێ لێرەیە. بەڵام ئێواران کە فێنکی دەکا، خەڵک پشوویەکی دەدەن پیاوەکان زۆرتر لە حەسارێ و ژنەکانیش لە ژوورێ، لە بەر دەرکوپەنجەرەی دادەنیشن و گوێ دەدەنە ئاغای ماملێ. ئەمن لەوەتا شایی دەستی پێ کردۆ وە بیرم نایا لە ژوورێ دانیشت بم. زۆرتر هەر لە حەسارێ دەخولێمەوە. جاروبارەش سەرێکی دایکم و وان لەو بەری حەسارێ دەدەم، کە شەووڕۆژ خەریکی نانوکێشت لێ نانێن.

کاکم و ئاغای سەعدی ئاشپەزێکی تورکیان هێناوە. ژنەکان زۆر تاریفی دەکەن.
دایکم دەڵێ:"بابم! مەنجەڵی وا چەوەندری وای دەوێ، بۆو شاییەی زۆر خەڵک بانگ کراوە، کاری نانوکێشت لێ نانەکەی دە وەیدا نێ، بە تەنێ هەر ئەو عالەمەمان بۆ بەڕێ نەدەکرا."
دوایەش باسی وەی دەکەن ئاشپەزەکە چۆن بە ئاوی شیلەوگەرم چەند جار برینجەکەی دەشواتەوە و ناشیێتە پەڵووڵە. دایکم دەڵێ ئەمن قەت نەمدیتۆ برینج ئەوەندە خۆی ڕاکێشێ.
ئیدی وای لێ هاتۆ دایکم و ئامۆژنم سوێندێ بە سەری ئاشپەزەکەی دەخۆن! دەڵێن شاگردەکەشی زۆر ئازا و بە کارە.
ڕۆژی پێش سێ ڕۆژانەی گیازی بووکێ دێنن و لە سەرێ دایدەنێن بۆ وەی لە سێڕۆژانەیدا یەکێک لە کارەکانی ژنان دەیکەن ئەوەیە کە گیازی چاو لێ کەن. لە ژوورێکی گیازەکان هەڵدێنن و بۆ نمونە دەڵێن:بووک ئەوەتا چوار پۆپەشمینی پێیە. بیست کراسی قوتووی پێیە.

ڕۆژی دوای سێ ڕۆژانەش دەبێ هەموو دانیشن و گیازەکان بەش کەن و بیدەن بە باجە زارای بۆ ئەو ماڵ و ئەو ماڵی بەرێ. بۆ کەسوکاری زۆر نزیک لە زاوا و ماڵە زاواش

بووک دیاری پێ دەبێ. بۆ خەسوو و خەزوور و دش و براژنەکانیشی هەر وا.  بابم و جەنابی شێخی بەرماڵیان بۆ دەچێ.
یەکێکی نزیک وەکوو باجە خەجیج و ئامۆژنم، دایکم پێیان دەڵێ:"بابەکەم ئەوەی پێو چاکە هەڵیگرن!" ئەگە بووک پۆپەشمین و  جاجم و بەرماڵی پێ بێ ئەوانیش  چونکە کچیان هەیە بە مێردی دەن، هەر ئەوانە هەڵدەبژێرن.
سێ ڕۆژانە ڕۆژی ئاخرێیە بەڵام وەکوو ڕۆژی شیرنی خواردنێ دەچێ. خەڵکی بۆ دوای نەهارێ بانگێشتن دەکەن. لە ماڵێ هەر کەس‌وکاری زۆر نزیک و شایەرەکان بۆ نەهارێ دێن. هەر خەڵک گەیشتنە جێ هەڵپەڕین دەست پێ دەکا. چونکە هاوینە لای ئێوارێ بووک و زاواش دێنە نێو گەڕی داوەتەکەی.
کاکە حەسەن و کاکم، باجە خەجیج و کاکە حوسێن و هەموو کەس‌وکار چوونە هەڵپەڕینێ. حەساری مەدرەسەی بەو گەورەیەی نایکێشێ. سەرچۆپێکی زۆر جوانیش دوکتور جەفعەر گرتوویەتی.  بریا قەت قەت ڕۆژ ئاوا نەبێ.

###

دەزانم کاکم زۆر لەگەڵ زەبت کردنی گۆرانێکانی ماملێ خەریک بوو.
سیمکێشی لە ژوورێرا بۆ حەسارەکەی کرد بوو  هەتا پتوانێ بەزم وڕەزمی شاییەکەی زەپت کا. شەوانەش دوای شامێ کە فێنکی دەکرد هەموو  دادەنیشتن و ئاغای ماملێش گۆرانی دەکوت. هەر لەو نەوارانەی بۆخۆی بردەوە تارانێ و چەند دانەشی بۆ باجە گوڵزار و کاکە مەزهەری بە جێ هێشتۆ.
باجە گوڵزار زۆر جاران گوێیان دەداتێ و دەڵێی  ئێستاش هەر شاییە!
ئەگە نەواریش نەبێ ڕادیۆی دەگرێ و گۆرانی مەرزیەی گوێ دەداتێ یا سەفحەی لەسەر گرامی دادەنێ ئەویش هەر "مەرزیە."
دایکم و بابم ئەگە گوێیان لێ‌بێ دەڵێن:"پەکوو! وەڵاهی زەڕە زەڕی کەرێ خۆشترە لە وەی!"
بەڵام ئەمن وردە وردە خەریکە مەرزیەم زۆر  پێ خۆش دەبێ و گۆرانێکانی فێر دەبم. لەگەڵ نێوی وەک "تەجویدی" و "یاحەقی" و "ئەنەوشیرەوانی ڕۆحانی" ئاشنایەتی پەیدا دەکەم.
کاکە مادح ویگەن و ڕەشید بهبودۆفی خۆش دەوێ لە ویش هەموو گۆرانێکانی ویگەنی فێر بووم.
دایکم قەت ڕادیۆی ناگرێ. بابم هەر هەواڵان گوێ دەداتێ. کاکە جەمیل زۆرتر ڕادیۆی کوردی عێراقێ دەگرێ.
ئەمن و فازل ئەو شەوانەی ڕادیۆ "کاراگاه جانی دالر"ی هەیە گوێی دەدەینێ. وەکی دی ئەمەش زۆر کارمان بە ڕادیۆی نێ.
باجە گوڵزار زەبت و نەوار و سفحە و گرامی دێنێتە نێو ئەو ماڵە پڕ لە دەنگ‌وباسەی مە.
پێکەوە زۆر دەچینە دەرێ و زۆر قسان دەکەین. دایکم هەمیشە دەڵێ:"پڕۆن بنوون ڕۆڵە  پڕۆن بنوون، ئەرێ، ئەوەندە دەڵێن چی؟! بۆ قسەتان لێ ناپڕێ؟"

باجە گوڵزار دەڵێی ئەو خوشکەیە کە هەمیشە پێم خۆش بوو بمبوویایە. بە داخەوە ئەویش ئەوەندە لێرە نابێ و دوای چەند مانگان سەربازی کاکە مەزهەری خەلاس دەبێ و دەڕۆن.

###

مەدرەسە دەستی پێ کردۆتەوە. ئەوساڵ کچێکی تازەی فارسمان بۆ هاتۆ نێوی شەهینە.
شەهین زۆر کچێکی چاک و خوێنشیرنە. دەڵێ دوو برای لە خۆی چکۆڵەتری هەیە و کەروێشکێک! کەروێشکەکەشی نێو ناوە هێلێن (Helen) ، بیتێلەکان ( Beatles) یشی خۆش دەوێ و هەمیشە گۆرانێکانیان دەڵێ "Can't buy me love" و "A hard day's night."
ئاغای سادقیش بە پێکەنینەوە دەڵێ:"مەگە تەمبەڵەکانی کلاسێ ئاوا فێری دوو سێ کەلیمە ئینگلیسی ببن!"
چونکە معەلیمەکان لە پێشخانەڕا گوێیان لە دەنگی دەفە لێدان و گۆرانی کوتنی مە دەبێ، بە میزی معەلیمی یا بە سەتڵی خۆڵێ دەفەی لێ دەدەین، دەزانن کە کلاسی مە هەمیشە بەزمی هەیە. هیچ نەبێ لاسای معەلیمەکان دەکەینەوە یا سریوە نمرەی دەدا بە معەلیمەکان. ئاغای سادقی هەمیشە بیستی وەردەگرێ!

ئەورۆ ئاغای مەولایی لەگەڵ معەلیمێکی تازە دێنە کلاسێ.
ئەمە هەموو لەبەریان هەڵدەستین. ئاغای مەولایی دەڵێ:"بفرمایید! بفرمایید بنشینید! و دست از دایرە زدن و سروصدا کردن بردارید بلکە چیزی یاد بگیرید! مدتها منتظر دبیر فیزیک و شیمی ماندیم تا امروز آقای بابازادە تشریف آوردەاند."
دوایە بە دەستی معەلیمە تازەکەی وە پێش دەدا و بۆخۆی بۆ کن دەرکەی دەچێ بە بزەیەک لەسەر لێوی، سەری بە عەلامەتی قەدر و ئیحترام بۆ دادەنەوێنێ و لە دەرکەی دەڕواتە دەرێ.
معەلیمە تازەکە دەفتەری نمرەی پێیە لەسەر میزەکەی دایدەنێ، چاوێک لە کلاسەکەمان دەخشێنێ و ئەمەش چاوێک لە وی دەخشێنین.
مووی سەری کورتە. چاو و برۆ ڕەشە. قەدی نە کورتە، نە زۆر کەڵەگەتە. کۆتوشاڵوارەکەی تازەیە و بۆرە و بریقە بریقی دێ. کەوشەکانیشی ڕەشن و تازەن. دەستی چاو لێ دەکەم. عاڵقەی لە دەستی دا، یانی ژنی هەیە. لێوەکانی پڕێک شین و ڕەشن. ڕەنگە زۆر سیغاری پکێشێ.
ڕوو لە کلاسێ دەکا و دەڵێ:"ئەمن ئەردەشیری بابازادەم پێ دەڵێن، معەلیمی فیزیکی ئەنگۆم. ڕەنگە شیمیش هەر ئەمن پێتان بڵێم (بندە... اردشیر بابازادە معلم فیزیک شما هستم. البتە فکر می کنم شیمی را هم من باید درس بدم!)"
دوایەش باسی وەی دەکا کە کەسێک، لە سەر کلاسێ گوێ نەداتە دەرسێ کتابەت "کتابت"ی دەنووسێ.

دەنگی خۆی کەمێک ئەستوورتر دەکا و دەڵێ:"کێ دەزانێ `کتابەت` یانی چی؟ (کی میدونه `کتابت` یعنی چه؟)"
کەس دەنگی لێ نایا.
دەڵێ:" کتابەت یانی لە هەوەڵی کتێبێ هەتا ئاخری، کەلیمە بە کەلیمە لە بەری دەنووسێوە. ئەگە عەکسی تێ دا بێ عەکسەکەش دەبێ پکێشێوە. ئێرە جێگای گەپوگاڵتەی نێ. دێنە مەدرەسەی هەتا شتێکی فێر بن. وەختێکی لە دەرسێکی حاڵی نابن بە من بڵێن بیست جار زیاتر بۆتان دوپپاتە دەکەمەوە.
لە کلاسی من لەگەڵ یەکتری نابێ قسان پکەن، نابێ کاغەزی بۆ یەکتری بنووسن، لە ئاخری هەر فەسڵەش ئیمتحانێکمان دەبێ، لەسەر ئیمتحانێش دەکرێ لە کتێبی فیزیکی ئیستفادە بکەن، ئەگە دەوێرن تەغەلوبێ بکەن بیکەن! (کتابت یعنی از جلد کتاب تا اونجایی که خوندین مو به مو، کلمه به کلمه می نویسید و حتی عکسهایی که در کتاب باشه، میکشید. عین کتاب را درست می کنید و میارید اینجا من بینم.
من با کسی شوخی ندارم. مدرسه میائید که یاد بگیرید. اگر چیزی را نفهمیدید صبر کنید من درس دادنم که تمام شد، سئوال کنید من بیست بار هم بخواهید تکرار میکنم تا شما یاد میگیرید. در کلاس من از با پهلو دستی حرف زدن یا نامه به میز پشت سرتان نوشتن و بازی های گوناگون در آوردن خبری نیست! در آخر هر فصل هم یک امتحان دارید که آزاد هستید از کتاب استفاده کنید، اگر هم جرات دارید تقلب کنید!)"

ئاغای بابازادە لە ڕووی دەفتەری نمرەی دەست دەکا بە خوێندنەوەی نێوەکانمان. بە دوای ویدا دەرسی ئەوەڵی فیزیکمان پێ دەڵێ.

زەنگی کە لێ دەدا، ئەمە هەموومان بە پەلە پەل و هاتوهاوار دەڕۆینەوە حەسارێ.
بەڵام پێموایە ترساوین، بۆ وەی ڕاوەستاوین ئاغای بابازادە پرواتەوە دەفتەرێ، دوایە ئەمە پرۆین.
هەر دەڕوا، سریوە دەڵێ:"حەک ماڵت خەرا نەبێ، ئەوە چ بوو؟! عەجەب ژێستێکیشی بۆ گرت بووین. وەڵاهی ئەو معەلیمە ئەوساڵ پدرەی هەموومان دەردێنێ!"
حەمیدە دەڵێ:"ئەو خودا غەزەب لێ گرتۆ چەندە جوان چاکە و لیباسەکانی چەندە جوانە!(لامصب، خش تیپە! چقد شیکە!)" دوایەش هەڵدەستێ دەچێتە کن تەختە سیای ئەداکانی ئاغای بابازادە دەردێنی و دەستێکی لە گیرفانی شاڵوارەکەی دەنێ و بە دەستێکی گێچەکەی هەڵدەگرێ شتی دەنووسی لەسەر تەختەسیای. ئەمن ماڵۆستا نەبێ، معەلیمەکانم هەمیشە زۆر خۆش ویستۆ. بەڵام لە وەیان دەترسێم!

###

ئەورۆ مامۆستا لە کلاسی "شەرعیاتی" دەرمدەکا!
ئەمنیش یەکسەر دەچمە حەسارێ. ئانووش و گیلانا تۆپ و ڕاکێتی پینگ‌پۆنگیان وەرگرتۆ و خەریکن لە پێشخانەکەی نزیک دەرکی حەسارێ قوماری دەکەن.
گیلانا دەڵێ:"ئەتۆ لێرە چ دەکەی؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەو مامۆستا بۆگەنیوە، دیسان دەستی کرد به قسەی قۆڕ لە `چگونە موهای عانە را بتراشیم؟` گەیشتە باسی خەلافەتی عومەر و ئەوەی چی کرد و چەندە ئازا بوو و فتوحاتی چۆنی کردۆ.
ئەمنیش هەستام کوتم:`عومەر` خەڵکی بێگوناحی زۆر کوشتۆ، `فەڕشی بەهارستان`ی لەت لەت کردۆ و حەولیان داوە فەرهەنگ و هونەری ئێرانێ لەبەین بەرن."
مامۆستا ڕقی هەستا بەو فارسێ کێویلکەی خۆیەوە ئەوەڵێ کوتی:`دانیشە، ئەو قسە بێتامانە لە کێ فێر بووی؟ (بنشین، این مزخرفات را چە کسی بە شما یاد دادە؟)"
ئەمنیش کوتم:`بۆخۆم! (خودم!)`
کوتی:`بابت سەیدە و عەولادی پێغەمبەری، چۆن ئەو شتانەی فێر نەکردووی؟ (پدرت سید و اولاد پیغمبر است. چگونە بە شما یاد ندادە دربارە اسلام؟)"
ئەمنیش کوتم:` لەگەڵ دایک‌وبابیشم هەمیشە باسی ئیسلامێ دەکەین، ئیسلام ئەمن بە نیوەی پیاوێکی دادەنێ، لە حەق و حقوقی ئیجتماعیدا و لە شاهید بوونێدا و هەروەها لە میرات بەش کردنێدا. خۆت لە جێی من دانێ، ئەو زوڵمانە لە تۆ کرابا چت دەکرد؟
(ماموستا من با پدر و مادرم هم همیشە بر سر اسلام بحث و گفتگو دارم. اسلام می گوید من نصف یک مرد حق و حقوق اجتماعی دارم، شهادت من نصف شهادت یک مرد است، ارثیە هم همینطور. اگر بە جای من بودی
بە شما ظلم میکردند چە کار میکردی؟!)`
مامۆستا زۆر بە قەڵسی کوتی:"ژنی موسوڵمان قسەی وا ناکا (این حرفها حرف زن مسلمان نیست.).
شت بۆ وەی خەراپ نەبێ خوێی پێدا دەکەن واوەیلا بۆ ئەو ڕۆژەی کە خوێیەکە بۆخۆی بۆگەنبێ!(هر چە بگندد نمکش می زنند
وای بە روزی کە بگندد نمک.)
بە بابت دەڵێم، پرۆ دەرێ! (من با پدرت صحبت خواهم کرد، برو بیرون!)."
گیلانا دەڵێ:"ئەگە بە بابت بڵێ چی؟"
دەڵێم:"با پێی بڵێ، ئەمن هەمیشە بە بابم دەڵێم چ شتێک لە ئیسلامێدا نابەرابەرە. بابم قەڵس نابێ بەڵام پێی ناخۆشە.
هەر وەک هەمیشە دەڵێم:`ئەمن نێوی عەڕەبیم ناوێ.`
ئەمن عەرەب نیم.
ئەویش دەڵێ:`نێوی خۆت بنێ سەگ یا گورگ!"
گیلانا پێدەکەنێ.

###

لەسەر پەنجەرەی کلاسێرا چاو لە حەسارێ دەکەم.

ئاغای سادقی لەگەڵ تەوحیدی تێنیسێ دەکەن. زۆر جاران کە کلاسی پێنجوم و شەشوم لە دەرێن و ئاغای سادقیش کلاسی نێ دەچێ لەگەڵیان تێنیسێ دەکا.

منداڵەکانی ئینگلیسییان چاک نێ بە من دەڵێن ئەمن ئاغای سادقیم بۆیە خۆش دەوێ چونکە ئینگلیسی دەزانم و هەر بیستی وەردەگرم. بەڵام بۆخۆم پێموایە چونکە وەکوو پاتریس لومومبا (Patrice Lumumba)ی دەچێ زۆرم خۆش دەوێ. ڕەفیقی کاکە ئەمیریشە، سەرباقی وەی زۆر معەلیمێکی چاکە و زۆر حەولێ دەدا کە ئەمە شتێکی فێربین.

هەمیشە دەڵێ:"هەدەفتان ئەوە نەبێ کە لە خەیابانێ مێردێکی چاک ببیننەوە و یرۆن مێردی پکەن! دەرسێ پخوێنن، ببن بە شتێک! دوایە مێرد هەر دەبێ. کچی ئەو شارەی دێتە مەدرەسەی هەتا `موشتەرێکی چاکی` بۆ پەیدا دەبێ، دەرس و دەبیرستانی بە جێ دێڵێ و دەڕوا. ئەوە بۆ مەدرەسە چوونە؟!"

خانم "مایر" هاتۆتە ژوورێ. ئەدەبیاتی فارسیمان هەیە. لە پڕرا هاوار هاوار لە دەرێ هەڵدەستێ. گۆیا تۆپی تێنیسێ وە عەینەکی ئاغای سادقی دەکەوێ، دەیشکێنێ و شووشە شکاوەکانیش دەموچاوی بریندار دەکەن.

بەڵام هەتا زەنگی لێ نەدا ناتوانم پچمە دەرێ بزانم چ باسە. خانم مایریش لە بنەوە هەر چاوی لە منە و مۆرەم لێ دەکا. دەزانێ هەر ناشزانم دەڵێ چی. هۆشم لە دەرسەکەی نێ.

زەنگی کە لێ دەدا ئەمن هەڵدێمە بەر دەرکی دەفتەرێ. ئاغای مەولایی لەبەر دەرکەی دەفتەرێ ڕاوەستاوە. سڵاوی لێ دەکەم و دەڕۆم. لە کلاسی چواروم ئاغای سدقی دێتە دەرێ و بەرەو دەفتەر شۆر دەبێتەوە، لەویش سڵاوێکی دەکەم.

لە پڕرا چاوم بە کۆمایەکی زۆر گەورە لە شاگردەکان دەکەوێ، هەموو لە دەور وبەری ئاغای سادقی هاڵاون. ئەویش لەگەڵیان قسان دەکا. دەچم تێکەڵیان دەبم. ئاغای سادقیمان ئەوەندە بە عەینەکەوە دیتۆ، بە بێعەینەک هەر وەک خۆی ناچێ، سەروچاوی پڕێک برینداڕە بەڵام هەموو باسی وەی دەکەن کە چاکە وردکە شووشە نەچۆتە نێوچاوی.

سریوە لەولایرا دێ بۆ لای من دەڵێ:"بە خوڵای شانسی هێنا. ئاغای سادقی. لەگەڵ کچەکان قسەم دەکرد کوتیان شووشەکە ورد ورد ببوو، تۆپی تێنیسی قورسە."

سریوە خۆی لە نێو شاگردەکانی دەوروبەری ئاغای سادقی دە ئاخنێ و دەڵێ:"ئاغای سادقی! ماڵتە هەموانت نیگەران کرد، چاک بوو شوکر شووشە نەچۆ نێو چاوت!"

ئاغای سادقی چاوێک لە من و سریوەی دەکا و بە پێکەنینەوە دەڵێ:"زۆر مەمنوون، لوتفوو هەیە، چاکم نەجاتی هات."

به شۆخی به هەموان دەڵێ:"پێتانوا نەبێ چونکە عەینەکەکەم شکاوە کلاستان نێ. ئەوەی دەرسەکەی نەخویندبێ و جوابی سوئالەکانی نەنووسیبێتەوە سیفرەکەی هەر وەردەگرێ!"
دوایەش پێدەکەنێ و دەڕواتە نێو ژووری دەفتەرێ.

###

ئەورۆ لەسەر نانوچای نیوەڕۆیەین، تیلگرافێک دەگاتە جێ.
کاکە مەزهەر ناردوویەتی. بابم دەیکاتەوە و دەیخوێنێتەوە، دەڵێ کوڕێکیان بۆ. بە حیسابی ئەو تیلگرافەش دوێنێ لە دایک بۆ. تیلگراف دوێنێ کراوە ئەورۆ گەیشتۆتە جێ.
دایکم دەڵێ:"قەدەمی خێر بێ، ئیشەڵلا سالح بێ، عاقڵ بێ، نێویشی بنێن `ئیسماعیل` یا `ئیبراهیم` چاکە!"
بابم دەڵێ:"`تاهیر` نێوی باپیریشمانە و نێوی موسڵمانانیشە!"
کاکە جەمیل دەڵێ:ئەو نێوانە کۆن بوون، لە نێو کوردیدا ئەو هەمۆ نێوە خۆشە هەیە! بۆ دەبێ نێوی عەرەبی لە منداڵی بنێی؟"
ئەمنیش دەڵێم:"زیندە باد کاکە جەمیل! هەر وەکوو نێوی من."
بابم دەڵێ:"جا هەر بە ڕاستی حەیف کە ئەو نێوە لە یێعەقڵێکی وەکوو تۆ خەسار بێ!"
دەڵێم:"ئەمن پێم ناخۆشە بۆ وەی عەرەبێ، ئەمە خۆ عەرەب نین!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"پێموایە نێوی دەتوانی بگۆڕی. ڕاوەستە، ئەمن ڕەفیقێکم هەیە لێی دەپرسم."
بابم دەڵێ:"نێوی سوکوچرووک دەگۆڕن. بەڵام نێوێکی هیچ عەیبی نەبێ نایگۆڕن، قانونە."
کاکە جەمیل دەڵێ:"قانون هەزار مادە و تەبسەرەی هەیە، دەبێ پیاو ڕێی بۆ ببینێتەوە، وەکیل هەیە کە دەتوانێ ئەو کارەی پکا."
بابم دەڵێ:"بەڵێ، ئەگە نێوت `پۆخ عەلی` بێ دەیگۆڕن!"
هەمووماں پێدەکەنین!
دایکم دەڵێ:"خۆ ڕۆڵە قەت قەت کەس هەر بەو نێوەی بانگیشی نەکردووی. هەر `نەفیسە` بووی."
دەڵێم:"ئەویش عەرەبێ و زۆر نێوێکی ناخۆشە، نەقیزە با چاکتر بوو بۆ وەی ئەقەلەن کوردێ!"
کاکە ئەمیر دەڵێ:"شکسپیر کوتوویەتی:`نێو چ مانایەکی هەیە؟ ئەگە گوڵی گوڵاوێ نێوێکی دیکەی هەبێ مەگە ئەو جوانی و بۆنە خۆشەی هەر وا نابێ؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەگە گوڵی گوڵاوێش نێوێکی قۆڕی عەرەبی لێ بنێن حەتمەن بۆگەنیوی دێ! نێو زۆر موهیمە. ئەنگۆ پێتان هیچ نێ."
فازل دەڵێ:"ئەگە نێوی خۆت بگۆڕی دەیکەیە چی؟"
دەڵێم:"نازانم. نێوی کوردی. نێوێکی خۆش."

کاکە جەمیل دەڵێ:"کوردستان، نیشتمان، سەنگەر، گوڵاڵە، سەرگوڵ."
دەڵێم:"کاکە جەمیل تۆخودا لە بیرت نەچێ لە ڕەفیقەکەت بپرسە، ڕێگای هەیە یا نا؟
پێت وانەبێ شۆخێ دەکەم. بە ڕاستی دەمەوێ ناوم بگۆڕم، دێدەش ئەو ناوانەی پێ خۆش نەبوو بۆیە هەمیشە هەر بانگی دەکردم `کوێشتیر`!"
دایکم دەڵێ:"نا ڕۆڵە! بابت و دێدە قەت دڵیان نە هاتۆ بە ناوی `سەیزادە مەعسومە`، ئەوەندەی گڵ بە سەری وێوە، ئەوەندە عومری کورەکان بێ، بانگت پکەن."
هەر بۆیەش هەر پێمان کوتووی `نەفیسە`."
ئەمنیش دەڵێم:"ئەگە دڵیان نەهاتۆ بڵێن سەیزادە مەعسوم، ئەگە وایە بۆ ناوم سەیزادە مەعسوم بێ؟
ئەوچەل ناوی کاکە عومەر و کاکە عوسمانتان چۆن گۆڕی؟!"
دایکم دەڵێ:"ئەو ناوانە عەجەم لە منداڵی نانێ. پێشیان خۆش نێ هەر ببیستن. بابت هیچ تووشی گێرەوکێشەی نەبوو. زوو جێبەجێ کرا. نازانم بۆ ناوی تۆ، ڕەنگە وا نەبێ، عەجەم یەکجار زۆریان حەزرەتی مەعسومە خۆش دەوێ!"
دەڵێم دایە:"ئەتۆ ئەدی بۆ ناوێکی خۆشت بۆ نەدیت بوومەوە؟"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە! بابت ئەوەندەی پوورە مەعسومت خۆش دەویست، لەسەر هەر منداڵەی دەچوو لیباسی کچان و گوارەی زێری دەکڕی بەو هەویایەی کە منداڵەکە کچ دەبێ. ئەوەندە باڵتۆ و لیباسی بۆ کڕی بووی، گەورەش ببووی بۆت نە دەبوون. خۆ ئەمن لە بەر دڵی بابت و خات گوڵێ هەر هیچم نەکوت. ئەمن مەسعود و جەمیل و مەزهەر و ئەمیرم بوو کە پوورت عەمری خوڵای کرد. لەو دەمیرا هەتا ئەتۆ لە دایک بووی بابت هەر چاوەڕوانی لە دایک بوونی عەولادێکی کچ بوو کە بۆنی خوشکە جوانە مەرگەکەی بە وێوە بنێ.
نازانم ئەوەش بە ناشکوری ناڵێم ئەتۆ هەر هیچت وەکو پوورە مەعسومت ناچێ هی،! هەر هیچت وەکوو هیچ بەشەرێکی ناچێ!!"
جەفعەر بە پێکەنینەوە دەڵێ:"دایە ئەوە بیلامانێ بەشەر نێ، بۆیە وەکو بەشەران ناچێ!؟"

###

ئەورۆ بابم بە پەشۆکاویی زووتر لە ڕۆژەکانی دیکە، هاتۆتەوە ماڵێ.
زۆر جاران نانوچا دادەندرێ ئەمە هەموو لە دەوری سفرەی خڕ دەبینەوە، بانگی کوردی و عەجەمیش دەدا بەڵام ئێستا هەر چاوەڕوانی بابم دەبین.
ئەمن ئاڵووم هاتۆ و نەچوومەوە مەدرەسەی.
بابم لەگەڵ دایکم دەست دەکا بە سرتەسرتێ.
دایکیشم دیارە زۆر بە نیگەرانێوە دەڵێ:"جا چۆن؟! ئەدی ئەتۆ چت کوت؟ ئەوچەل نۆرەی وەیە وەڵا، کوری ماڵە شافعی کێهەیان؟"
بابم دەڵێ:"نازانم خوێرێکە، گۆیا معەلیمی `دەرسی ئینقلابی سفید`ە."

دایکم دەڵێ:"هەی ڕووی لەگەڵ سەگی ڕەش بێ. ئەوە ڕەنگە جاسوسی سازمانی بێ، خوڵا چاکە بۆ نەکردۆ!"
بابم دەڵێ:"چاکە بەخێر گوزەرا. فازل چۆوە مەدرەسەی. ئەمنیش چوومە ماڵە جەنابی شێخی، دوایە هاتمەوە ماڵێ."
دایکم دەڵێ:"کورەکەیان لە مەدرەسەی لەسەر دەرسودەوری هەڵپچری بوو، هێنابوویان بۆ سوالوجوابان؟"
بابم دەڵێ:"ئا! ئا! خۆ ساواک ئەوەی نازانێ!"
دایکم دەڵێ:"جا ئەو بێشەڕەفە گوزارشی چی لەو منداڵە چکۆڵەی دا بوو؟"
بابم دەڵێ:"کوتوویەتی:`فازل ڕەهبەری منداڵەکانی کلاسەکەیەتی و تەحریکیان دەکا کە گوێ نەدەنە دەرسی `ئینقلابی سفید.`
فازلیش کە کابرای سازمانی قسەی لەگەڵ کرد کوتی کە:`ئاغای شافعی نازانێ دەرسێ بڵێ، ئەمە وەختێکی ئیشتبایە دەکا پێی دەڵێین، ئەویش پێی ناخۆشە کە شاگردەکانی لە خۆی باسەوادترن.
دوایە کوتی:`معەلیمەکە خەریک بوو لەبەر کتێبی ئینقلابی سفیدی دەخوێندەوە کە دەرسمان پێ بڵێ، گەیشتە جێگایەکی وە پرتە پرت کەوت، هەر کوتی`درختان تنگ، درختان تونگ، درختان...` ئەمنیش هەستام کوتم `ئەوە (درختان تنک ،تُۆنُک) نووسراوە.`
منداڵەکان دەستیان کرد بە پێکەنینێ بۆ وەی نە دەیزانی بیخوێنێتەوە نە دەیزانی مانای لێداتەوە.
` کابرای ساواکیش هەر وا چاوی لە فازلی پری بوو. کوتی:`معەلیمەکەت دەڵێ ئەتۆ لەسەر کلاسی `ئینقلابی سفید` دەرسێ گوێ نادەیەی.`
پێیکوت:`لە ئەوەڵی کتێبەکەی هەتا ئەو جێگایەی خوێندوومانە لە منیش سوئالێ پکە لە معەلیمەکەش، بزانە کێهەمان زۆرتری دەزانین!`
دوایەش هەرچی کابرای ساواکی لە بارەی کتێبەکەی شایدا لێی پرسی، فازل زۆر چاکی جواب داوە و کابرا لێی گەڕا پرواتەوە مەدرەسەی.
کە هاتینە دەرێ بۆخۆم زۆر نەسیحەتم کرد کە هەر دەرس خوێندنەکە بە کار دێ، خەریکی دەرسودەوری خۆی بێ.
دوایە چووم بە جەنابی شێخی بڵێم، دەیزانی! گۆیا یەک دوو ڕۆژ لەوەوپێش لە ساواکیرا یەکێک دەچێ هەموو شتێکی بۆ جەنابی شێخی دەگێریتەوە و پرسی پێ دەکەن، جەنابی شێخی فەرمووی! بە کابرای ساواکی کوت بوو بۆ وەی فازلی پترسێنن بانگی کەنە ساواکی!"
دایکم زۆر بە قەڵسێوە دەڵێ:"چاکە پێی نەکوتوون وەک جەمیلی بە یازدە ساڵی بیگرن و لە زیندانێی کەن و بە چلەی زستانێ ئاوی لە باڵ کەن و سەتڵوجەمی پێ بگرن!"
دوایەش دێ بە لای فازلێوە و دەڵێ:"بازە گیان، بە قوربانت بم، ئەدی ئەوە بۆ ئەتۆ هیچ دەنگت نەکردۆ؟ بۆ پێت نەکوتم چ بۆ؟"
فازل دەڵێ:"پێمخۆش نەبوو بە خۆرایی نیگەرانت کەم."

دایکم دەڵێ:"بە قوربانت بم، ڕۆڵە گیان! چەندەمان ئەمە بە هەمووتان کوتۆ کەوتنە ژێردەستی ئەو سەگبابانە هونەر نێ. خۆتان لە زیندانی عەجەمیدا پرزێنن هیچ نێ. هونەر ئەوەیە دەرسێ پخوێنن، سەرکەون.
میلەتی کورد یەک ڕێگای نەجاتی هەیە، ئەوەش بە دەرس خوێندن پێک دێ. خۆت لەگەڵ ئەو پێشەڕەفانە تووشی کێشەی مەکە بە قوربانت بم."
فازل دەڵێ:"ئەمن هیچم نەکردۆ هیچیشم بەو ساواکێی نەکوتۆ، بەڵام چون پێسەوادە پێی‌ناخۆشە شاگردەکانی لە خۆی زۆرتری دەزانن."

نیگەرانی دایکم و بابم بۆ فازلی دەس پێ دەکا.
دایکم بە بابم دەڵێ:"ئەرێ ئەتۆ دەڵێی چی ئەمن بۆخۆشم پچمە خزمەت جەنابی شێخی؟"
بابم دەڵێ:"جا پچی بڵێی چی؟ ئەوە نێ ئەمن چووم. دیارە ئەو هەتیوە خوێرێ هیچوپووچە چۆتە ساواکی، لە ساواکیرا یەکێک چۆ بۆ ڕاوتەگبیر لەگەل جەنابی شێخی، جا دوای وەی هاتوون ئەمنیان بانگ کردۆ و کورەکەیان لە مەدرەسەیرا بردۆ سوالوجوابی لێ پکەن."
دایکم دەڵێ:"دە چاکە، دەزانم، بەڵام بە خولای دڵم ناحەسێتەوە هەر پێمخۆشە بۆخۆشم پچم قسەی لەگەڵ پکەم."
بابم دەڵێ:"جا دەبێ وا پچی وەختی نوێژی نەبێ، چونکە بۆخۆت دەزانی دوو سێ سەعاتێکی جەنابی شێخی بۆ نوێژی ئێوارێ و دۆعایان پێ دەوێ. دەبێ دوای خەوی نیوەڕۆیە، پێش نوێژی ئێوارێ پچی!"
دایکم دەڵێ:"هەر وا دەکەم."
دوای شامێ دایکم بۆ هەموان دەگێرێتەوە کە جەنابی شێخی فەرموویەتی:"سەیزاا! تۆش ئەبێت هەتا ئەتوانیت بە فازلی بڵێیت کە لە ناو مەدرەسەدا ئاژاوە دروست نەکات و منالان تەحریک نەکات، من وام پێ مەسڵەحەت بوو بیبەنە ساواک، هەتا بیترسێنن. ئەوەش لەبەر دڵی تۆ و سەی عەلی!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"جا ئەوە دیارە هەر حەرەکەتێکی وانەی ئاگا لێیە و پیاوی ساواکی هەمیشە لە ماڵە شێخێ بۆ باس‌وخەبەران. مەگە ئەمنی بە گرتن نەدا؟! مەگە کاکە حەسەنی لە زیندانێ نەکرد؟ غەیرەز بابم تەواوی ئەو شارە دەزانێ شێخ چ کارەیە!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، لە کن بابت وا مەڵێ، بۆخۆت دەزانی دین و ئیمانی لە کن نامێنێ. هەر چیش بڵێی دەڵێ قسەی کۆمۆنیستانە!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"فازل با پچێتە تارانێ دەرسێ پخوێنێ! ئەوانە بە یەکێکی مەشکوک بوون، دایمە چاویان بەسەرێوە دەبێ."
دایکم دەڵێ:"جا بۆ ڕۆڵە لە تارانێ ساواکی لێ نێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"موحیتەکەی زۆری فەرقە. لێرە دەترسێن. خەڵک لێرە زۆرتر چاوەدێری دەکرێ هەتا لە تارانێ، دەنا دیارە لە تەواوی ئێرانێ ساواکی لێیە.

پچێته ماڵە کاکم، پچێته مەدرەسەیەکی باش خەریکی دەرسی خۆی بێ. لە تارانێ فەعالیەتی دانشجویی و سیاسی و ژێرزەمینی و ئەوە زۆرە بەڵام ئەوەندەی لێرە نیگەرانی لە تارانێ نیگەران نین."
دایکم دەڵێ:"جا وەڵا ئیشەڵا هەر وای لێ دەکەین! بۆخۆم لەگەڵ مەسعود گیان قسان دەکەم بزانم دەڵێ چی. چی پێ مەسڵەحەتە."

###

لە سابڵاغێ سەدی دروست دەکەن.
خات مرێم دۆی هێناوە دەڵێ:"ئەوە دەبێ بێیە سەیری سەیزادە گیان! چەندەها تراختۆن و ماشێن و ئەوبەر و ئەوبەریان هێناوەتە بەر باری. ئەو هەمۆ پیاوانە دێن و دەچن دەڵێی ڕۆژی عەشرێیە! دەڵێن ئەوە سەدێ دادەبەستن هەتا ئاوی تێ دا خڕ بێتەوە و دوایە بەریدەن و کوردی پێ ڤرکەن!"
دایکم دەڵێ:"دایکەکەم! بە بێ ئیرادەی خوڵای هیچ کەس هیچی پێ ناکری. گوێ مەدە قسەی خەڵکی!"

خاڵە فەخرەدینیش کە جاروبارە دێ سەری دایکم بدا باسی سەد و موهەندیسەکانی دەکا کە لە یۆگۆسڵاوێرا هاتوون سەدی دروست پکەن.
ئەمن یەکێک لەوانەم کە زۆرم پێ ناخۆشە بە لای پردی سووردا پرۆن. ئەو جوانی و بێدەنگی ئەو ئاو و شیو ودۆڵەی تێک بدەن و شتێکی ناحەزوێتامی لێ ساز کەن. دەستیان شکێ ئەگە پردی سوور پرووخێنن. ملیان ورد بێ ئەگە گڕاوان تێک دەن یا کەپرەکەی ئەمە هەمیشە بۆ شیوی چۆمی دەچینە ژێری، شتێک لێ پکەن.
بابم دەڵێ:"قەرار وا نێ پردی سوور پروخێنن بەڵام ئەمن پێم وایە چونکە لە نێوی :`سوور` دەترسێن، کارێکی وا دەکەن ئەو نێوەی لەسەر لابەن."
خەڵک دەستە دەستە دەچن بۆ سەیری سەدێ.

باجە زارا لای نیوەڕۆیە دێ دەڵێ:"ئەیەڕۆ، بەدبەخت و چارەڕەش نەخۆم، کچێ سەیدی، ئەتۆ لەبیرتە ئەمە هەمیشە باسی مار و هەژدیهای نێو شیو ودۆڵی لای پردی سوورمان دەکرد،
کچێ! جا چم پێ دەڵێی؟ ئەوە لە سەدێ دێمەوە، کوتیان هەژدیهایان دیتۆتەوە! ئەمنیش لەگەڵ دوو سێ جیرانان هەستام چووم. سەیزادە! یەکیان چکۆڵە بوو و بەڵام ئەوی گەورە قەفی ئەوەندە،" بە دەستی نیشانی دەدا،"ئەستوور بوو، بە مردووییش هەر ئەوەندە بە سام بوون، کچێ سەیدی."
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە زارا گیان! ڕەنگیان چ بوو؟ شاخوماخیان هەبوو یا نا؟"

باجە زارا دەڵێ:"ئەرێوەلا، بۆر بوون، شاخی چکۆلەشیان هەبوو، دەیان‌کوت وەبەر تراختۆنی کەوتوون. چونکە هەموو وڵاتیان تێکداوە."

فازل دەڵێ:"ئەمن ئەوە دەچم بیان بینم."
دایکم دەڵێ:"لەگەڵ یەکێکی دەبێ پچی."
باجە زارا دەڵێ:"خەڵکی ئەو شارەی تێهاڵاوە!"

فازل لەگەڵ ڕەفیقەکانی دەچێ مارەکان ببینێ. دێتەوە دەست دەکا بە خوێندنەوەی کتێبان هەتا بزانێ ئەو مارانە وەک چ مارێکی دەچن و داخودا دەبێ نێویان چ بێ.
دوایەش دەڵێ:"وا وێ دەچێ بە ئینگلیسی پێی دەڵێن گابوون وایپر
( Gaboon Viper ) بەڵام بە قسەی ئەو کتێبەی لە میسر و لیبی و فەلستین و ئەوەی دیتراوە و لە سەحرای عەرەبستانێش. چۆن لەو شاخوکێوەی مەش شتی وا هەیە دیارە کەس پێی نازانێ.
پێم وایە ئەوەی خاڵۆژنە گوڵێ لە زێوکەی و کوێخا لە سەر ڕێی "کانی شێخان" دیت بوویان و مام وسێن باسی کردۆ هەمووی یەک جورە مارن و هەمووش شاخیان هەیە.
دەبێ یەکێک وە دوای کەوێ بزانێ چ جور مارێک لە وڵاتی مە هەیە و نێوی عیلمیان چێ."

###

فازل سێچوار ڕۆژە خەریکی نەقاشێکێ کە لەبەر عەکسی چێ‌گوارای دەیکێشێتەوە.
دوای وەی خەلاس دەبێ لە دیواری ژووری نێوەڕاستێی دەدا.
لە پێش عەکسی چێ‌گواراشدا عەکسی مائۆی زۆر جوان نەقاشی کرد بوو و هەر لە ژووری نێوەڕاستێ هەڵی‌ئاوەسی بوو کە بابم چاوی پێ دەکەوێ دەچێ و دەیدڕێنێ و لەتوپەتەکانیشی دێنێ لە خوارێ دەیدا بە فازلی. ئەمن لە ماڵ نابم بەڵام فازل بۆی گێرامەوە کە دەست دەکا بە گریانێ و دایکم کە گوێی لێ دەبێ لەگەڵ بابم لەسەر عەکسەی بەشەڕ دێن.
بە فازلی دەڵێم:"بابم ئەو عەکسەش دەدڕێنێ، بۆ لە دیواری دەدەی؟"

دەڵێ:"ئەمن نەقاشی ناکەم لە نێو شگاف و چەمەدانیان نێم. دەمەوێ هەڵی‌ئاوەسم، لە بەر چاوم بێ. بابم چێ‌گوارای ناناسێ!"
دەڵێم:"کاری بە وەی نەداوە! کارت پۆستاڵێکی ئێلویس پریسلی لەو شگافەی مندا دیت بوو پێی لێ‌کردمەوە هەرچی کوتم گۆرانیوێژە و شا خۆشی دەوێ، بێفایدە بوو."
کوتی:"تڕکەنە، پیاو بۆ دەبێ عەکسەکەی هەڵاوەسێ؟"
دەڵێم:"بابە! ئەدی عەکسی کێ هەڵاوەسین؟ هەرچی عەکسی کاکە جەمیل هەیبوو سووتاندت، عەکسی مائۆی فازل کێشابوویەوە. دڕاندت!"
دەڵێ:"ئەوەی پیاوی تووشی کێشەی کا نەیکەی باشترە. خۆ کەس نازانێ ئەوانە،" بەسەری ئیشارە بە سازمانی ئەمنیەت دەکا، "کەنگێ خۆ بە ماڵە پیاوی دادەکەن. لەسەر عەکسی کۆمۆنیستێکی بۆ پێتان‌گرن؟"
ئەمنیش دەڵێم:"لەو مەملەکەتە بە قورێ گیراوەیدا لە ماڵە خۆشت ناتوانی هیچ پکەی!"
دەڵێ:"ئەوە وایە ئیدی، چی لەگەڵ دەکرێ؟"

دوو سێ ڕۆژ زیاتر عەکسی چێ‌گوارای بە دیوارێوە نابێ. بابم عەکسەکەی دێنێتە خوارێ.
وەختی نان‌وچای بەیانی لە فازلی دەپرسێ:"ئەوە کێیە؟"

فازل دەڵێ:"ئەوە دوکتورێکی ئارژانتینێ کە بە دوای ئەوەیدا کە لێی حاڵی دەبێ چەندە خەڵکی وڵاتانی ئەمریکای لاتین ڕەش‌وڕووت و چەوساوەوەن، کاری دوکتوورایەتێ بە جێ دێڵێ و شۆرشێ دەکا لە بۆلیوی. ئاژانسی ئیتلاعاتی مەرکەزی "سیا"(CIA) کۆمەگێ ئەرتەش و جاشەکانی بۆلیوی دەکا، هەتا هەرچی شۆرشە سەرکوت پکرێ و چێ‌گواراش بە دەست جاش و ئەرتەشی بۆلیوی لە زیندانێ دەکرێ. مانگێک لەوەوپێش دەیکوژن و بۆ وەی قەبرەکەشی نەیێتە زیارەتگای خەڵکی دنیایە لە ئەسیدیدا حەلی دەکەن."

بابم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان ئەمن و دایکت توێخمان چۆ ئەوەندەی پێتان بڵێین خۆتان لەگەڵ ساواکی بەخۆرایی تووشی کێشەی مەکەن."

عەکسەکەی چێ‌گوارای داوە بە فازلی و کوتی:"هەڵیماوەسە کە بۆ عەکسێکی سەری خۆتان بەفەتەرات نەدەن!"

فازل سوور سوور هەڵگەڕاوە، نیگەرانی وەی بوو بابم عەکسەکەی لێ لەت‌وپەت دەکا. چاوە جوانە گەورە کەسکەکانی وەکوو عاسمانی بەهاران پڕ لە هەوروهێڵەیە.

بە دەنگێکی نووساوەوە بە بابم دەڵێ:"چاکە!"

دوایەش هەڵدێ عەکسەکەی دەباتە سەرێ.

وە دووی دەکەوم. لە وانەیە بگری.

دەڵێم:"چاکە نەیدڕاند!"

دەنگێ ناکا، چاوی لە پەنجەرەی پڕیوە. بە پەلە کاغەزێکی گەورەی کاهی لە قەراغی میزەکەی دەردەکێشێ و عەکسەکەی تێ‌دەنێ و لە بن فەرشەکەی ژووری نێوەڕاستێ دەیشارێتەوە.

دەڵێم:"ئەوە فێڵی چاکە بە کەس ناڵێین.

بیبە نێوەڕاستی فەڕشەکەی بۆ وەی ئەگە قەڕاغەکانیش وەختی ماڵماڵینی هەلدەنەوە هەموو فەڕشەکەی هەڵنادەنەوە."

دەزانم زۆر قەڵسە. زۆر پیشێ دەباتەوە بەرخۆی. چکۆڵەتر کە بوو وەختی ڕق هەڵستانێ ڕەگی ملی شوخاڵەی دەبەست، سوور هەڵدەگەڕا.

دایکم دەیکوت:"ڕۆڵە گیان قاپێک، حاجەتێک، شتێکی پشکێنە! با قەڵسایەکەت بنیشێتەوە، چاک نێ ئاوا ڕق ئەستوور بی."

بۆ عەکس دڕاندنێش دیارە دایکم بە بابمی کوتۆ عەکسەکانی لێ نەدڕێنێ هەتا ئەوەندە ناڕەحەت نەبێ.

دایکم دەڵێ:"فازل زۆر عاقڵە هەر ئەوەندە قسەی لەگەڵ پکەی بەسە."

دێمە خوارێ بە هەڵات هەڵات کەوشەکانم لە پێ دەکەم و کتێبەکانم هەڵدەگرم و دەچمەوە مەدرەسەی. بایەکی ساردی دێ.

ئەمن بلوز و ژاکەتێکی کرێمی جوانی گەڵا گەڵای باجە گوڵزارم لەبەر دایە کە تازە لە تەورێزێ کڕیوێتی بەڵام سەرمای پاییزێ دیارە دەستی پێکردۆ و بای قۆرغێش هەڵی کردۆتێ.

قازانجی بای قۆرغێش ئەوەیە ئەو لەچکە لەعنەتێی کە بە زۆری دایکم دەبێ بە سەری دادەم، ڕۆژی بای لەسەرم دەبێتەوە. دوو سێ لەچکەشم هەتا ئێستا داوە بە بای قۆرغێ بیبا! کە بە سەری ڕووتەوە چوومەوە ماڵێ دایکم کوتوویەتی، گرێی شلی لێدەدەم بۆیە با لەچکەکەم دەبا! ئەمنیش دەڵێم نا دایە "با" پێی ناخۆشە ئەمن لەچکەی بە سەر دادەم!

###

ئەمن و جەفعەر و فازل لە ژووری بەردەستان دانیشتووین.

دایکم لە ژوورەکەی بەرامبەر خەریکی ساز کردنی کێشت و شتێ.

فازل زۆر قەڵسە و دەگری و جەفعەریش خەریکە قسەی لەگەل دەکا و دڵخۆشی دەداتەوە. دیارە وەختێکی منداڵ لە مەدرەسەی بەر بوون هەموو یەک شتمان چاو پێ کەوتۆ: جەنازەی دوو جەوان کە بە دەستی دەوڵەتێ کوژراون و لە نەردیوانی بەستراون و لە چوارچرایە داندراون بۆ خەڵکی سابڵاغێ کە بیبینن.

کاکە جەمیل دێتە ژوورێ. ڕۆژنامەی بە دەستەوە. چاوێکی لە مە دەکا دەزانێ چ خەبەرە.
بە سەبرا دەڵێ:"ئەنگۆ هەر سێکتان جەنازەکانتان دیت؟"
فازل دەڵێ:"ئەو سەگبابانە، بۆ هێناویانن و لە نەردیوانیان بەستوون؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"کورە نەردیوانی چی؟ ئەوە بە هەر چۆنێکی بیانەوێ با دایان نێن. مەسەلە ئەودیوە. مەلا مستەفا بە ئاشکرایی ئەو شۆڕشگێرە کوردانەی ئێرانێ بە گرتن و کوشتن دەدا، لەوەتا فریوی ئەمریکا و شای خواردۆ، داویان بۆ دەنێتەوە و بە ئەڕتەشی ئێرانێ و ئوەیسی و دەستە و دایرەکەی بە کوژیان دەدا."
دیسان دەنگی سەبر دەکا و دێتە نزیک جەفعەر و فازلی، ئەمن هەر وا بە حەواوە ڕاوەستاوم.
دەڵێ:"لە بەر خەڵکی سابڵاغێ نەیان وێراوە جەنازەی کاک سولەیمانی موعینی وەکوو ئەوانی دی لە چوارچرایە دابنێن، گۆیا لەسەردەشتێ ئەو کارەیان کردۆ."
فازل لە جێگای خۆی ڕاست دەبێتەوە، ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕێ، ئەو چاوە جوانانەی دیسان پڕ دەبن لە فرمێسک.
ڕەگەکانی ملی دیارە شوخاڵەی دەبەستن، دەڵێ:"کاک سولەیمان، کاک سولەیمانی موعینی؟! نا!"
دیسان دەست دەکاتەوە بە گریانێ.

دایکم دێتە ژوورێ، هەڕا دەکا بۆ لای  فازلی، دەڵێ:"بە قوربانت بم بازە گیان، ئەوە چ بۆ؟ لە مەدرەسەی شتێک بۆ؟!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"نا! نا! دایە!"
دەڵێ:"ئەدی چی؟ دیسان خەتای ئەو دێڵە سەگەیە؟!" ڕوو لە من دەکا و دەڵێ، "ناڕەحەتی کردووی؟ بە قوربانت بم، مەگری، بۆخۆم وەڵاهی چاوی دەردێنم، چما بە قوربانی سەعاتێکی تۆی ناکەم؟!"
دوایە دەڵێ:"کافری مەلعوون! ئەوە چت بە بازە گیانی کوتۆ؟ بۆ ناڕەحەتت کردۆ؟"
جەفعەر دەڵێ:"دایە، دایە، ئەتۆ ڕاوەستە، بۆ لەخۆڕا خەتای نەفیسەی دەگری؟ کارەساتێک لە شاری قەوماوە، ئەمە هەمووماں دیتوومانە بۆیە فازل دەگری."
دوایە کاکە جەمیل هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە.

بابم کە بۆ نەهارێ لە بازاڕیرا دێتەوە وەزعی هەموان پەریشان دەبینێ.
دایکم  سفرەی ڕاخستۆ، نانی داناوە، بەڵام کەس بۆ لای ناچێ.
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە ئەوانە لەسەر نوێژ و ڕۆژووی نەگیراون و نە کوژراون، مراد شیرێژ چەتەیە!"
کاکە جەمیل زۆر بە قەڵسی دەڵێ:"دەزانی چی بابە، ئەتۆ ساڵەهای ساڵە لەجیاتی ئەوەی بۆخۆت چاکوخەراپی لێک دەیەوە، هەرچی شێخ پێتدەڵێ هەر ئەوەی گوێ دەدەیەی. شێخیش ئەربابەکەی ئەو دەوڵەتەیە و ساواک! چۆن ئەتۆ وەک شێخ و ساواکی فیکر دەکەیەوە؟ چۆن بە کوری کوردی پێشمەرگە دەڵێی چەتەن!؟
ئەمن سەرم لێ دەرناچێ، هەتا کەنگی هەر وە پشت گوێی دەدەی، شێخ ئەمنی بە گرتن دا، شێخ کاکە حەسەنی بە گرتن دا، ماهیەتەکەی بۆ هەموو خەڵکی سابڵاغی ڕوون بۆتەوە و هەموو کەس دەزانێ چ کارەیە، ماڵت خەرا نەبێ! هەتا کەنگێ ئەتۆ دەس هەڵناگری؟ کاک سولەیمانی موعینیشیان کوشتۆ  جەنازەکەی ئەوە لەسەردەشتێیە."
بابم دەڵێ:"ئەو ڕێگایە ڕێگای نەجاتی کوردی نێ، ئەوەتا قازی محەمەد چی لێ بەسەر هات."
کاکە جەمیل ناهێڵی بابم کەلیمەیەکی دی بڵێ، دەڵێ:"چی لێ بەسەر هات؟! ئەتۆ دەڵێی کە وا بوو کەس هیچ نەکا؟ هەرچی ئەوانەش دەیکەن بیکەن؟ کوردیش هەر ژێرچەپۆکە و دەس بە سەر دانیشێ و بۆ وەی دەکوژرێ شۆرشێ نەکا؟"
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە کوردی چی؟ لەو میلەتەی یەک نەگرتووتر خۆ میلەت نێ لە سەر ئەرزی، ئەوەتا ئەتۆ دەڵێی مەلا مستەفا ئەو پێشمەرگانەی ئێرانێ بە کوژ دەدا، جا قەت شتی وا سەردەگرێ؟ بە خێر و دووشایی ئیدعای ڕەهبەرایەتی هەموو کوردان دەکا، چۆن شتی وا دەبێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"لەوەیدا کە مەلا مستەفا شۆرشگێر بۆ و  زۆری تاڵیوسوێری کێشتۆ و زەحمەتی بۆ خەڵکی کورد کێشاوە هیچ قسەی تێ دا نێ بەڵام لەوەشدا کە ئێستا فریوی ئەمریکای خواردۆ و پشتی لە میلەتەکەی کردۆ و هەرکەس ڕێگای وی نەگرێتە پێش، لەسەر ڕێی خۆی لای دەبا و داو و تەپکەیان بۆ دەنێتەوە، دەبێ زۆر

به داخەوە پێی لێ بنێین کە ڕاستە و پێشمەرگەی کوردی عێراقێ یا ئێرانێ، ئەگە موخالیفی بن، بە کوژ دەدا.
بەڵام ئەوەی ئەتۆ بڵێی کورد دەبێ دەس لەسەر دەست دانێ و هەتاهەتایە ژێرچەپۆکەی حکومەتی ئێران یا عێراقێ یا تورکیە یا سوریەی بێ ئەوە غەڵەتە،
کورد دەبێ هەتا ڕۆژێکی ئازاد و سەربەخۆ دەبێ، دەست لە شۆرشێ هەڵنەگرێ. گیانێکی لە ڕێی ئازادیدا نەچێ بە کاری چ دێ؟ ئەوە چ ژیانێکە کە ئەمنی کورد ناتوانم کتێبی کوردیم لە ماڵێدا هەبێ؟ ناتوانم بە کوردی بخوێنم و بنووسم؟ شاعیر و نوسەر و گۆرانیوێژ و معەلیم و شێخ و مەلای موبارز و باسەوادیش، لە زیندانێ دەکرێن و دەکوژرێن و هەڵداوەسرێن؟ بە وەی دەڵێن ژیان؟!"
بابم دەڵێ:"ئەتۆ جەمیل، بۆ قسەی خۆرایی دەکەی؟ ئەوە، بە وەی دەڵێن ژیان، کە بە دەس ئەو دەوڵەتانەوە بگیرێی و بکوژرێی، بە وەشت لێ نەگەڕێن بە جەنازەکەش تەوهینێ بکەن، لەو شار و ئەو شاری بە نێو عالەمێدا بیانگێرن؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"بەڵێ، بە بڕوای من هیچ ژیانێک سەربەرزتر لە ژیانی پێشمەرگایەتی نێ، هیچ مەقامێک لەو دنیایەیدا لە مەقای پێشمەرگەی گەورەتر نێ. مەعلومە دوژمن دەست دەکاتەوە، مەعلومە هەمیشە خەتەری کوژران و بریندار بوون و زیندانی کران و ئەوەی هەیە. ئەو جورە مردنە دەبێ گەورەترین شانازی بۆ حیسانی ئازادیخواز بێ. یەکێکی وەک قازی محەمەدی هەتا کورد لەسەر عەرزی مابێ لەبیر ناچێتەوە یەکێکی وەک کاک سولەیمانیش هەر وا و هەزارانی وەک وی."
بابم دەڵێ:"جا زۆر مەبارەکە، ئەوە ئەتۆش دەرسێکی چاکت بە ئەو منداڵانە،" بە مە ئیشارە دەکا،"دا. ئەوە ڕێی ڕاستت پێنیشان دان!"
فازل دەڵێ:"کاکە جەمیل ڕاست دەکا بابە، هەموو کەس نازانێ حەقی لێ خوراوە، ئەوەی دەزانێ دەبێ ئەوانی دیش ڕوون کاتەوە. ئەمە ماڵمان هەیە و نان وکێشتی دەخۆین و برسی و تونی نین، ئەتۆ بۆخۆت دیتووتە و زۆر جاریش حەول دەدەی شەهرەداری شتێکی بۆ ماڵی فەقیر و سەغیر و ئەوەی بپرێتەوە.
لە دایکم پرسە چەند فەقیر و موحتاجان دەناسێ و هەتا بەشی نەهاری خۆی زۆر جاران ناخوا دەیدا بە فەقیران. ئەتۆ پێتوایە بۆ وەزعی ئەو جامیعەی وایە؟"
بابم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان، لەوەتا بەشەر لەسەر عەرزی هەبۆ، فەقیر و دەوڵەمەند هەر بۆ، ئەوە کاری خوڵایە، بە مە جێبەجێ ناکرێ!"

فازل لە داخی ئەو قسانە دیسان ڕەگی ملی هەڵدەستێ، سوور سوور هەڵگەڕاوە، دیارە زۆری ڕق هەستاوە، زۆر گریاوە، ڕوو لە بابم دەکا و دەڵێ:"بابە! چۆن ئەتۆ پێتوایە خودا یەکێکی فەقیر دەکا و یەکێکی دەوڵەمەند؟ چۆن خەڵکی هەڵدەبژێرێ کە فەقیر یان دەولەمەندیان کا؟
بۆ کوری خات ئایشێی هەمرکلاسی من کەوشی نێ و زۆر منداڵی دیکەش یا کەوشەکەیان کوونە یا کاڵۆشە دڕاوێکیان لە پێ دایە کە پڕ پڕ دەبێ لە ئاو و بەفر؟ بۆ خودا کوری خات ئایشێ هەڵدەبژێرێ لیباسەکانی هەموو دڕاو بێ کەوشی نەبێ،

که دەچێتەوە ماڵێش، لە مدبەقە کۆنێکی ڕووخاو و پووخاو دانیشێ و هەموو ڕۆژێش نانی ئیشکی بە چای پخوا؟

یا هەر خات زارای خۆمان. کێ لەبیرێتی نەفیسە کە چوو بوو لە دووی چی چاو پێکەوت بوو؟ خات زارا بە خۆی و بە پێنج منداڵانەوە چۆن و لە کوێدا دەژین؟ ئەگە ئەوە کاری خودایە، خودا چۆن خەڵکی هەڵدەبژێرێ کە فەقیر یا دەوڵەمەندیان کا؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەوە چی بە خولای داوە، خولا چ کاری بە وەی داوە کێ فەقیرە کێ دەوڵەمەندە. ئەسڵەن بۆ دەبێ خولای تێکەڵی ئەو شتانە پکەین؟"

بابم بە قەڵسی دەڵێ:"ئەوە کفرە، قسەی کۆمۆنیستان بۆ دەکەی؟! خولا بۆخۆی ئاگای لە هەست و نیستی هەموان هەیە!"

کاکە جەمیل دەڵێ:" ڕژێمێکی کە لە خزمەت خەڵکی دابێ فەقیری نابێ هەتا کەس خێری پێبکا.

مەدرەسە و دوکتور و دەرمان و ماڵ و پووڵ بۆ هەموو کەس دەبێ وەکوو یەک بێ.

ئەتۆ بۆخۆت تاران و تەورێز و ڕەزایە و ئەوبەر و ئەوبەرت دیتۆ، بۆ وەزعی کوردستانێ لە هەمووی حەتا لە میاندواوێش خەراپترە؟ بۆ لەو ساباڵاغەی هەتا ئەو ساڵانە کلاسی شەشومی دەبیرستانیش نەبوو؟ بۆ دەبیرستانی کچان نەبوو؟ بۆچی بۆ هەموو شتێکی دەبێ خەڵک پچێتە تاران و تەورێزو ڕەزایەی؟ ئەوەش خۆ هەموو کەس ناتوانێ پچێ. زۆرتری خەڵکی پووڵی وەیان نێ هەتا میاندواوێش پچن. هەتا کەنگێ باوەڕت بە نەزەری شێخ و ساواکی دەبێ؟"

دایکم دەڵێ:"بابەکەم، نانوچایەکەتان پخۆن هەتا سارد نەبۆتەوە!"

بابم لە نزیک سفرەکەی دانیشتۆ. فازل دەڵێ ئەمن نانی ناخۆم.

جەفعەر دەڵێ:"ئەمنیش ئیشتیام نێ."

ئەمنیش دەڵێم ئەورۆ زووتر دەچمەوە مەدرەسەی، دەچمە کتێبفرۆشی خاتەمی و بە دواى وەشدا دەس دەدەمە کتێبەکانم و دەڕۆم.

شارەکە شێواوە. بە ڕاوتەگبیری من کارەساتی وا کە دەقەومێ، لە جیاتی وەی خەڵکی پترسێنێ، ئازاتر و بەغیرەتریان دەکا. وای لێ دێ خەڵک لە زیندان و کوشتن ویرین هەر ناپرینگێتەوە. قەڵایەکی لەسەر زوڵم و زۆر داندرێ هەر دەڕووخێ.

###

دایکم لە بەیانێوە چۆتە ماڵە بابی باجە ئامینێ.
باجەزارا هاتۆ دەڵێ:"یاخوڵا هەر نەمێنم! خۆ ئەو شارە هەرکەسی تێدا نەماوە هەمووی بەرەو بداغ سوڵتانی چۆ، ئەمنیش ئەوە دەڕۆم، هاتم سەرێکوو بدەم. دەشم زانی دایکت دوای نانوچای بەیانی دەڕوا بۆ ماڵە ئاغای موعینی. دوێنێ و پیرێش هەتا نوێژی شێوان هەر لە وێ بوو."
باجە زارا دەڕوا. ئەمن و فازل بە نەردیوانە ئاسنەکەی نێو پێشخانەی سەرێدا دەچینە بانی.
شنە بایەک لە دەموچاومان دەدا.
دەڵێ:"ئێرە ساردترە لە خوارێ!"
لە دوورەوە خەڵک دیارن لە هەموو ڕەنگێک دەنوێنن. دەڵێی دەنکی ڕەنگاوڕەنگی زەنگیانەن کە کەوتوونە سەر یەک.
دەڵێم:"چاو فازل! باجە زارا ڕاستی دەکرد، دەیکوت کەس لە شاریدا نەماوە. حەیف ناهێلن منداڵان پچنە سەر قەبران."
فازل بێدەنگە و چاوی لە دووری بڕیوە.
ساواک جەنازەی کاک سولەیمانی داوەتەوە بە ماڵە بابی. ئەوە جاری هەوەڵێ نیێ بۆ ئەو شارەی کە قارەمانێکی میلی خۆی بنێژێ و زۆر ئاشکرایە کە جاری ئاخریشی نابێ. تاریخی خەڵکی کورد پڕە لە قارەمان و پڕە لە ڕۆژی ئاوا.

هەوەڵ شیعری کوردی کە فێر بووم بنووسم و پخوێنمەوە، ئی مامۆستا "پیرەمێرد"ی بوو. هەر وا کە چاوم لە شاخوداخی سابڵاغ و بداغ سوڵتانی بڕیوە، لەبەر خۆمەوە دەست پێدەکەم:

هاتن شەهیدەکان، بە جلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن، دە هەڵسە سڵاویان بسێنەوە
شێخ قادرە لە پێشەوە، سەرقافڵەی ئەوان
چەند جوانە، خوێن و ریشی سپی، پیر و نەوجەوان
سەیری ئەمانەکە، کە هەموو کوردی سەف شکەن
ڕۆحیان فیدا ئەکرد و ئەیان وت، بژی وەتەن
قوربانی تۆن بەڕیزە، کە تۆ غەم لەبەر نەبی
بۆ ئێمە مردنە، ئەگە ئازادە سەر نەبی
مەگری و مەناڵە، با بەخەفەت، دڵ شکست نەبن
نەختێ لە لات ئەمێننەوە و بۆ بەهەشت ئەچن
توخوا لەباتی ئێمە بە چاوێکی ڕوونەوە
فەرموو کە، خوا ئەزانێ لەبیرمان نەچوونەوە
ئاخۆ لە فرسەتێکی ترا، بەختیار ئەبین؟

ئێمەش وەکو ئەوان، لە دڵی میللەتا بژین؟
من وام ئەوێ، کە حەشر ئەکرێم، خوێن بەبەرگەوە
بەو عەشقی میللیە و بەکزەی سۆزی جەرگەوە
ئەو ئاگرەی لە دڵمەوە، بەربێتە کفنەکەم
تا دوژمنم نەکا بە زوخاڵ، شەرتە پف نەکەم."

ئەمن بە دەستم فرمێسەکانم دەسترم،
فازل دەڵێ:"دەتوانی `موج دربدر`م بۆ بڵێی؟!"
یەکێک لە گۆرانێکانی فازل زۆری پێخۆشە ئەو گۆرانێی "دلکەش"ێ.
ئەمنیش بۆی دەڵێم:"من موجی دربدرم،
از دنیا بی خبرم
بحر خروشان منزل من،
سیلی توفان حاصل من..."

###

لە نێو کوردیدا، ساواک ماڵت بگەڕێ بۆ کتێب و ڕۆژنامە و شتی کوردی یا بیروباوەڕی کۆمۆنیستی شتێکی سەیر نیێ. منداڵت بگرن و لەسەر خوێندنەوەی کتێبی لە زیندانی کەن عەجایب نیێ.
خەڵکی کورد دەڵێی بەشی هەر ئەوەیە کە قەت ئاسودەگێ نەبینێ.
ئەورۆ فازل زۆر بە نارەحەتی لە کن ڕەفیقەکانی هاتۆتەوە و دەڵێ:"سەمەدی بەهرەنگیان کوشتۆ."
بۆ ماوەیەکی هەر وا تاساوم و چاوی لێ دەکەم. دەڵێی یا گوێم لێ نەبۆ فازل چی کوتۆ یا نازانم دەڵێ چی!
دەڵێ:"بڵاو کراوەتەوە کە `سەمەد` چۆتە مەلەی لە چۆمی ئاریزێ، گۆیا مەلەشی نەزانیوە و خنکاوە."
دەڵێم:"کەسێکی نازانێ مەلەی پکا بۆ دەچێتە مەلەی؟!"
فازلیش دەڵێ:"ئەو سەگبابانە، پێیانوایە خەڵک کەرە!"
کاکە جەمیل لەسەر کار هاتۆتەوە، دەڵێ:"ئەو قسە قۆرانە کێ باوەڕ دەکا؟ هەر کەسێکی لە هەر مەقامێکی، لە هەر جێگایەکی شکی لێ پکەن لەسەرە ڕێی خۆیانی لا دەبەن جا خانەندە و هونەرپیشە و ئاهەنگساز و نووسەر و شاعیر بۆ ساواکی فەرقێ ناکا. لە وەی دەترسێن خەڵک ڕوون بێتەوە و بزانن دەلیلی بەدبەختی و برسێتیان چیێ.
`سەمەد` کاری ڕوون کردنەوە و باسەواد کردنی خەڵکی بە تایبەتی منداڵان بوو.
مەلە نەزانینی چی و شتی چی؟ بەعید نیێ کوشت بێتیان دوایە لە ئاوێیان هاویشت بێ.
حیسانێکی وا دەزانێ هەمیشە لە ژێر چاوەدێری ساواکی دایە. بۆیە لە ماسی ڕەشی چکۆڵە (ماهی سیاه کوچولو) دا دەڵێ:`مردن هەر وەختێکی بڵێی دەتوانێ

بێته زگم، بەڵام هەتا دەتوانم بژیم به لای مردنێدا ناڕۆم، ڕەنگه ڕۆژێکیش مودەم تەواو بێ و بمرم بەڵام ئەوە موهیم نیێ، موهیم ئەوەیه بوون و نەبوونی من چۆن کار له ژیانی خەڵکی دەکا (مرگ خیلی آسان میتواند الان به سراغ من بیاید، اما من تا میتوانم زندگی کنم نباید به پیشواز مرگ بروم. البته اگر یک وقتی ناچار با مرگ روبرو شدم، که میشوم، مهم نیست. مهم اینست که زندگی یا مرگ من چه اثری در زندگی دیگران داشته باشد.`).

تازه له شەهریوەرێدا ئاوی ئارێزێ ئەوەنده نیێ که حیسانی پخنکێنیێ. چۆم ومۆم و شت بەهاران ئاویان زۆره بەڵام له ئاخری هاوینێدا چۆمی وا هەیه هەر ئیشک دەبیێ!"

فازل دەڵێ:"حکومەتی وا زیدی خەڵکیێ پێیانوایه شۆرشگێڕێکی که له بەین بەرن، `شۆرشیان` لەبەین بردۆ. بزانه چیێگوارایان چ لیێ کرد."

کاکه جەمیل دەڵێ:"ئەمریکا له بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم له دنیایەدا دەترسیێ. دەزانیێ هەرچی حکومەتی کۆمۆنیستی یا سۆسیالیستی زۆرتر بیێ دەسەڵاتی وی کەمتر دەبیێ.

له ئێرانیێ ئەو سەرکوته سیاسیانه بۆیه دەکرێن له لایەکێوه حکومەت له بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم دەترسیێ له لایەکی دیشەوه له بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی. بۆ وەی دەترسیێ کوردستان و ئازەربایجان جویێ بنەوە، ئەوەیه که فشاریان لەسەر ئەو دوو مەنتیقەی زۆرتره و له منداڵی ده دوازده ساڵەڕا بیگره هەتا پیری حەفتا هەشتا ساڵه ده زیندانیێ دەکرێن.

یەکێکی وەکوو سەمەدی دەزانیێ بەدبەختی مه له پێسەوادێکەمان دایه. وڵاتێکی زۆرتر له (٧٥%)ی خەڵکەکەی پێسەواده بۆ ماوەیەکی زۆر دەتوانن ژێرچەپۆکه ڕایگرن و ئەوچەل بەشی زۆری ئەو وڵاتانەی خاوەرمیانەی له ئێرانیش وەزعیان خەراپتره. پێسەوادی و فەقیری و خوڕافاتی مەزهەبی یەکجار زۆره. حکومەتەکانیشیان هەموو نۆکەری ئەمریکایەن."

فازل دەڵێ:"بەڵام هەر وای ناخۆن، ئەو حکومەته تێک دەچیێ، هەر چی فشاری لەسەر خەڵکی زۆرتر پکەن زوورتر تێک دەچیێ."

کاکه جەمیل دەڵێ:"کوره تێک چۆ! چەند جار ئینگلیس و ئەمریکا شایان ناردۆته دەرەوە و دیسان هێناویانەتەوە. مەسەلەن له زەمانی موسەدیقیدا ئەوەڵیێ دیاره پشتیوانیان له موسەدیقی کرد و شایان ڕاگوێزت. بەڵام موسەدیق حیسانێکی میلی بوو و دەیزانی خاریجیان وڵاتی تاڵان دەکەن و دەیەویست ئێرانی له ژێر چەپۆکی ئینگلیس و ئەمریکایه بێنێته دەریێ.

لەو لاڕا چوون شایان هێناوه و موسەدیقیش شا سیێ ساڵان له زیندانێی کرد و دوایەش هەتا ئاخری عومری هەر دەس بەسەر بوو، که مردیش له یەکێک له ژوورەکانی ماڵەکەی خۆی ناشتیان!"

فازل دەڵێ:"عەجایب نەیان کوشتۆ!"

کاکه جەمیل دەڵێ:"له ترسی خەڵکی! موسەدیق قارەمانێکی میلی ئێرانێیه. له پێش ویدا نەفت ئینگلیس هەر به خۆرایی دەیبرد و شاش قەراردای ٦٠ ساڵەی لەگەڵیان تازه کرد بۆوه. موسەدیق له دادگای بەینولمیلەلیدا بۆ حەقی خەڵکی ئێران و نەفت و گازی ئێرانیێ موبارزەی کرد و قەراردادێکی شا بەست بووی لەگەڵ ئینگلیسیان

هەڵگیرا و نەفت ملی کرا. موسەدیق ئینسانێکی بێوێنە بوو. ئێران حیسانی وەکوو وی ئیدارەی پکا خۆ ئاوا نابێ!"

فازل دەڵێ:"ئەو حکومەتە گڵاوە هەر وای ناخوا، ئەو ڕۆژە دێ، درەنگ وزووی هەیە."

###

ئەورۆ باجە زارا بە هاوار هاوار و گریان هاتۆ دەڵێ:"کچێ سەیدی! دەڵێن ماڵە ئاغای موعینی، یاخوڵا جەرگم خەرا بێ، کوڕێکی دیکەشیان لێ کوژراوە، ئەمنیش کوتم دە بێ ئەنگۆ خەبەری بزانن.

بە خولای کەسیان نەهێشت ئەوە کاک سولەیمان، مەلا ئاوارە، خەلیل شەوباش، مینەشەم، مرادشیرێژ، مەلا مەحمود، سمایلی شەریفزادە، جا دەڵێن کاک سمایل چ کوڕێک بوو، چ جوان چاکێک بوو. یاخوڵا ماڵیان خەرا بێ، ئەو جورەی ماڵە خەڵکی خەرا دەکەن."

دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە، جەمیل و بابی باسی وەیان دەکرد کە گۆیا ساواک جەنازەی کاک عەبدوڵای نەداوەتەوە بە ماڵە ئاغای موعینی و لە جیاتیان بە هیلیکۆپتێری بردوویانەتە سەردەشتێ و لە شێخ مەعسومیش تەکلیف کراوە قسەیەکی لەگەڵ ساواکی پکا هەتا جەنازەکەی بدەنەوە بە کەس‌وکاری.

جەمیل دەڵێ: `شێخ جوابی نەداونەوە و خۆی تێ نەگەیاندۆ.`

بۆ کاک سمایلی شەریفزادەش جەمیل پێی کوتم دوای شەڕێکی چاک لەگەڵ جاش و دەوڵەتێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دی بەداخەوە شەهید دەکرێن."

لێرەدا دایکم و باجە زارا هەردووک دەست دەکەن بە گریانێ.

باجە زارا بە کۆشی کراسەکەی چاوەکانی دەسترێ و دەڵێ ئەدی خۆ وەڵا ئەمن نەمبیست سەرەخۆشی دانێن یا لێرە بینێژن."

دایکم دەڵێ:"نا! زارا گیان، لە نزیکی بانە و سنە و ئەوەی دەیانبینەوە هەر لەوێش شەهیدکراون و نێژراون. ئەمن چوومە سەرەخۆشێ لە خوشکی، ڕەشپۆش بوو، دەگریا و دەیکوت ئەگە دایکم بزانێ دڵێ دەتۆقی ئەوە بۆیە سەرەخۆشیمان دا نەناوە. لە کن دایکم لیباسی ڕەشیش لەبەر ناکەین هەتا نەزانێ، پیرە خۆی لەبەر غەمی وا ڕاناگرێ."

باجە زارا دەڵێ:"ئەیەڕۆ، جا ژیان دوای کوری وا بۆ ژیانە؟ ئەو دڵە با هەر پتۆقێ! پەڕۆیەکی لە ماڵە ئاغای موعینی دادڕن، لیباسی ڕەشیان هەر دەرنەهێناوە، ئەوە کچیان، ئەوە کاک سولەیمان، ئەلعانیش ئەوە شێرێکی دیکەیان لێ لە عەرزێ داون."

دایکم دەڵێ:"بە خولای ئیدی بڵێم چی ڕۆڵە گیان؟ هەر کەسە قیبلەی ماڵە خۆی بۆخۆی دەیزانێ."

باجە زارا دەڵێ:"کچێ سەیدی! هەر قەدەرێکە زۆر هێرشیان هێناوەتە سەر پێشمەرگەی. خۆ ئەو جاشە بێناموسانەش نەبن، قەت کەس زەفەریان پێ نابا."

دایکم دەڵێ:"کورد هەتا ئەمن وە بیرم دێ و بیستوومە، هەر بە دەست خۆی خوڵی وەسەر کراوە. وەکوو مریشکی ئەوە نێ پێشینیان دەڵێن `مریشک بۆخۆی خۆڵ وە سەری خۆی نەکا بە کەس خوڵی وەسەر ناکرێ.` ئەمەش وامان لێ قەوماوە.

`جاشەکە` پێشمەرگەی دەناسێ، کوردە، لە نێوخۆمان دایە دەچێ جێگاکەیان بە دەوڵەتێ دەڵێ. دەنا کەس زەفەریان پێ نابا.
جەمیل گیان دەیکوت ئەو کورە پێشمەرگانەی خۆشمان هەموو بە پشتیوانەی مەلا مستەفایەوە چوونە شاخوکێوان. ئەویش وە خۆیان ناکا و دەڵێن لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی بۆتە یەک. پێشمەرگەکانیش ناعیلاجن یێنەوە نێو خاکی ئێرانێ.
بۆخۆت دەزانی لەوێش چ زۆرە جاش وئەرتەشی. جاشەکەش پێیانەوە دەکا و بە کوشتیان دەدا."
باجە زارا دەڵێ:"خۆ سەد ساڵی بیکەی بێگانە پەرستی هەر دەیهێنی شکستی! چۆن مەلا مستەفا لەگەڵ ئەو دەوڵەتەی سازاوە؟ هەر ئەو دەوڵەتە نەبوو زەمانی کوردیەت بارزانێکانی دەر بە دەر کرد و قازی محەمەدیشی لە دارێ دا؟ چۆن حیسان پشت  بە دوژمنی واوە دەبەستێ؟"
دایکم دەڵێ:"ئەوساڵ بۆخۆت دەزانی هەر لە بەهارێوە بە ناشکوری ناڵێم هاتوهاوار دەستی پێکرد. ئەو هەمۆ ڕۆڵەی خەڵکیان بە کوژ داوە، ئاوریان لەماڵێ بەر بێ وەک ئاور لە ماڵە خەڵکی بەردەدەن."
باجە زارا بە گریانەوە دەڵێ:"ئەویش هەموو جوان چاک، هەمو ماقووڵ، هەموو بێمراد. خوڵا هەڵینەگرێ، جا ئەمە چمان پێ دەکرێ؟ مەگین خوڵا لەسەرمان
وە جواب بێ!"

###

کاکم هەموو هاوینان لە مانگی مورداێدا دێتەوە سابڵاغێ.
ئەوساڵ ئەمن و فازل لەگەڵیان دەچینە تارانێ. ئەمن بە سەردان و فازل دیارە بۆ وەی پچێتە دەبیرستانی هاتۆ و لە تارانێ دەمێنێتەوە و زۆریشی پێ ناخۆشە کە لە ڕەفیقەکانی هەڵبڕاوە.
دایکیشم بە بێ فازل چ دەکا خوڵا دەزانێ، بەڵام لەبەر ئەوەی پێموایە لە تارانێ معەلیمی ساواکی و خۆفرۆش کەمترە، خاترجەمتر دەبێ و هەر وەک بۆخۆی دەڵێ دەبێ ددان بە جەرگی خۆی داگرێ.
ڕاستە! ئەوەی بە جێ دەمێنێ هەر جێیەکی دەچێ، چۆلە، هەموو ژوور وبان  و دار ودیواریشی لێ دەبێتە دوژمن.
ئەمن بۆخۆم زۆرم بەسەرهاتۆ. هاوینان تێکڕا دێنەوە، سەروخوار و دەر وژوور پڕ دەبێ لە هاتوبرد و میوان و دەنگوباس، دوای ماوەیەکیش هەموو دەڕۆن. دەڵێی شارەکە چۆلی کردۆ دەڵێی ئاو لە چۆمی بڕاوە. دەڵێی ئەو عاسمانە جوانەی سابڵاغێ ڕەش هەڵگەڕاوە، بۆ هەر جێیەکی دەچی هێز لە ئەژنۆت دا نەماوە.
بەڵام  ئەوەی دەڕوا گەرچی غەمبارە، غەمەکەی سووکترە و زووتر لە وەی بە جێ ماوە خۆی دەگرێتەوە.

ئەمە ڕێگایەکی دوور ودرێژمان لەبەرە و کاکم لە سابڵاغێرا هەتا تارانێ ماشێنی لێ دەخوڕێ. دیارە جاروبارە بۆ نانوچا خواردن و تۆزێک بوژانەوە لە ماشێنی دێینە خوارێ. بەڵام بە ڕاستی هەمووما فل دەبین هەتا دەگەینە ماڵە کاکم.
دوو سێ ڕۆژ لە تارانێ دەبین، ئەوچەل دەچینە `ڕامسەر`ێ کە زۆر خۆشە.
لە تارانێ باجە زێد و کاکم بەیانان زوو هەڵدەستن و دەچنە سەرکار. باجە زێد لە دەوروبەری شاری لە نەخۆشخانەیەکی کارێ دەکا. کاکم "شرکەتی خانوو دروست کردن"ی هەیە.

لە ماڵێش عیسمەت لەگەڵ کابرایەکی چۆتە ئیتالیایە! کابرا پیرە و دیارە عیسمەتی بۆ بنەوانی خۆی هەڵفریواندۆ.

ڕەفیقێکی کاکم ژنێکی هیندی هێناوە کاریان بۆ پکا و نانوکێشتی لێ نێ، "خانم کانتا." دیارە هەر کەمێک ئینگلیسی دەزانێ. دەڵێ دوازدە منداڵی هەیە و مێردەکەی نەخۆشە و کاری پێ ناکرێ، بۆیە هاتۆ پووڵی بنێرێتەوە بۆ منداڵەکانی. دەڵێ سی و شەش ساڵە و لە شازدە ساڵەی مێردی کردۆ. دیارە پرێکیشی دەرس خوێندۆ و بە زمانی خۆی کاغەزی بۆ منداڵەکانی و مێردەکەی دەنێرێ.
"ساری" لەبەر دەکا و شتێکی وەکو بازنەی لە قۆڵی دەکا. بەیانان کە لە خەوێ هەڵدەستێ بە تۆزێکی سوور کە لە قوتوویەکی دایە خاڵێکی لە نێوچاوانی لە نێوان هەرتک برۆی دا دەنێ.
قامکەکانی لاقیشی ئاڵقەیان تێدا. دەڵێ ئەوانە هەموو یانی مێردی هەیە، مێردەکەی نەمێنێ دەبێ ئەو ئاڵقانە دەرهێنێ، ئەو خاڵە سوورەش لە سەر نێوچاوانی نەکوتێ و لیباسی جوانیش لەبەر نەکا و گۆشتیش نابێ بخوا!
ئەمنیش دەڵێم:"مێردەکە دەمرێ خۆ ژنەکە نامرێ بۆ دەبێ ئەتۆ ئەو کارانە نەکەی؟"
دەڵێ:"ئەوەش ڕەسمی مەیە. ڕەسمی قەدیمی وا بوو کە مێردەکە دەمرد و مەشقەڵانی ئاوریان بۆ دروست دەکرد هەتا جەنازەکەی پسوتێنن، ژنەکەشیان بە زیندوویی لەگەڵ کەلاکی کابرای مێردی دەسووتاند! جا ژنیش هەمیشە جوان و زۆر جحێڵتر بوو لە پیاوی.
پیاوی زۆر پیر. ژنی زۆر جەوان و جحێڵ دێنێ، بە تایبەتی ئەگە دەوڵەمەند بێ!"
ئەمن دەڵێم:"دەڵێی ژن لە هەموو وڵاتان بەشخوراو و چەوساوەیە. بەڵام ئەوەی کە بە زیندوویی لەگەڵ مێردە مردۆکەی بیسوتێنن لە عەڕەبانیش خەراپترە کە منداڵی کچیان بە زیندوویی لەقەبرێ دەنا.
ژنان دەبێ ئەو دنیایەی پیاو بە سەریدا زاڵە ژێرە وژوور کەن و بۆ وەرگرتنی حەقی خۆیان موبارزەی پکەن.
وەختی کەڵەگایی کردن لە ژنان بەسەر چۆ."
دەڵێ:"ئەمن کچە گەورەکەم دەچێتە دانیشگایە ئەویش هەر وا دەڵێ."
دوایەش پێدەکەنێ دەڵێ:"ڕاوەستە پچم لە چەمەدانەکەمدا عەکسەکەی بێنم، بیبینە."
دەچێتە خوارێ لە ژوورەکەی عەکسی کچەکەی دێنێ. وەکو دایکی ناچێ.

دەڵێ:"کچە گەورەکەم زۆر شێوەی بابی دەدا."
عەکسەکە لە شاخی `ئێوێرست" کێشراوە. شالوارو کراسکێشی لەبەر دا و کڵاوی لەسەرە و خەریکە بە شاخی هەڵدەگەڕێ.
خانمی کانتا دەڵێ:"هەتا ئاخری کێوی چوو، جایزەیەکەشی پووڵ بوو بردێوە، دای بە بابی بۆ خەرجی ماڵێ."
دوایەش دەست دەکا بە گریانێ و دەڵێ:"ئەتۆ دەزانی بە شاخی ئێوێرست هەڵگەڕان چەندە زەحمەتە؟"

###

هاتوومەوە سابڵاغێ.
لە ماڵێ، فازل ڕۆیشتۆ و لە مەدرەسەش نەسرین چۆتە تارانێ و سریوەش لە دانیشسەرایە خەریکە دەبێتە معەلیم. هەموو کورەکان ڕۆیشتوون. ماڵێکی چۆلوهۆل، هەر کاکە جەمیل لێرەیە، لە ئیدارەی سەبت کارێ دەکا.
دەڵێ:"دەگەڵ عەلی حەسەنیانی قسەم کردۆ کە ڕێیەکی بۆ نێو گۆرینەکەت ببینێتەوە. سنی قانونی بۆ کاری وا لە هەژدە ساڵەیرا دەست پێدەکا چونکە کاغەز و شتی ئیداری ئیمزا دەکەی دەبێ ڕاوەستی هەتا دەبی بە هەژدە ساڵ."
ئەمنیش وەکوو لە نێو تاریکایەدا یەکێک چرایەکی هەڵکا زۆر بە خۆشێوە دەڵێم:"ڕاست دەکەی؟ یانی دەکرێ ئەمن نێوم بگۆرم؟"
دەڵێ:"ئا! ئا! بابە ئەوە ئەسڵەن ئەو جورەی بابم دەڵێ نیێ، دەبێ ڕێی بۆ ببینێوە، کە ئەویش عەلی دەیببینێتەوە."
دەڵێم:"سێ ساڵ دەبێ ڕاوەستم؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"بەڵی! چونکە بابم ئیجازە نادا ئەتۆ نێوەکەت بگۆری، هەر بۆیە کاغەز و شتی ئیمزا ناکا، دەبێ بۆخۆت بیکەی، عەلیش هەموو شتێکی جێبەجێ دەکا ئەتۆش لەو ماوەیدا نێوێکی بۆخۆت هەڵبژێرە. ئەوێ ڕۆژێ دەبی بە هەژدە ساڵ، هەر ئەوێ ڕۆژێ دەتوانی کاغەزەکان ئیمزا کەی."
دەڵێم:"زۆر مەمنوون کاکە جەمیل! لە ئاغای حەسەنیانیش زۆر لە جیاتی من تەشەکورێ پکە!"

ئەمن لەورۆرا وە دووی نێوێکی خۆشی کوردی دەکەوم. دایکم دەڵێ:"دەرسەکەت پخوێنی لە کاری بێکارێ چاکترە! ئەوەی دایک و باب نێوی لە منداڵی نا هەر ئەوەیە. کوا کێ نێوی دەگۆرێ؟ ئەتۆ بۆ دەبێ کاری کەس نەکردوو پکەی؟ بۆ هیچ کارێکت وەکوو ئی بەشەران نیێ!؟"
دەڵێم:"ئەمن ئەوەی پتوانم بیگۆرم دەیگۆرم! لە نێوەکەمرا دەست پێ دەکەم، شێت بووم لە دەست ئەو هەمۆ مەکە و پکەی! ئاوا مەڕۆ ئەتۆ کچی، ئاوا مەکە ئەتۆ کچی،

`کوڕ` هەرچی دەیکا، دەیکا کەس کاری پێ نەداوە. `کچ` ناتوانێ لاقێ خوار دانێ خەڵک قسان دەکەن! ئەوە چ جور ژیانێکە. مەگە ئەمن بۆ خەڵکی دەژیم!؟"

بابم دەڵێ:"چم پێ کوتی؟ ئەوە زیێد لە زاری ڕیاوە! زیێدیش `تاران` لە زاری ڕیاوە! ئەو قسە بێجێوڕێیانە لە وی فێر بۆ."

دایکم دەڵێ:"هەموو ئەو خوێندەوارانە بە کوروکچەوە دەڵێن سابڵاغ زۆر بە قسەوباسە و ژنان کاریان ئەوەیە دانیشن و باسی وەی پکەن کێ کێ ژنی هێناوە کێ حەز لە کێ دەکا، کێ چ زێر و لیباسێکی کڕیوە."

کاکە جەمیل دەڵێ:"بێکارن! بێسەوادیشن.`قسەوباس` نەبێ چ دەکەن؟ سابڵاغیش شارێکی چکۆڵەیە. خەڵک یەکتری دەناسن. لە شاری گەورە لە سەتی یەکێکی ناناسی هەتا باسی پکەی!"

دایکم دەڵێ:"بابم وەڵا وایە! ئەوەندەی ئەمن لەو تارانەی بووم کەس وەختی وەی نەبوو باسی کەس پکا. لە بەیانێوە ئەو خەڵکە دەچنە سەرکار و مەدرەسەی، وەختێکیش دێنەوە ماڵێ، ماندو ومجرۆ هەتا نانوچایەکی لێ دەنێن و دەیخۆن دەبێتە ماڵ نوستنان! کەس پێی ناکرێ باسی کەس پکا. جەوانەکەش ئەوە چاو لە تلویزیۆنی دەکا و پێیەوە دەخافڵێ."

ئەمنیش دەڵێم":ئێرە تلویزیۆنیشی نێ حیسان چاوی لێکا."

کاکە جەمیل دەڵێ:"لە قسان خەریکن بۆ سابڵاغێش تلویزیۆنی بێنن. سەید ڕەحیم دەڵێ:`زۆر خەریکن لە ڕێی ئیستگای تلویزیۆنی ڕەزایەیرا کاریکی بۆ سابڵاغێ پکەن.`"

ئەمنیش دەڵێم:"`کەرە مەمرە بەهار دێ، کورتانت بۆ لە شار دێ!` ئەوە بۆ کەنگی دەبێ ئەگە ئەمە سەرمان سپی بوو؟!"

دایکم دەڵێ:"سەید ڕەحیم کێهە؟ ڕۆڵە گیان؟"

کاکە جەمیل دەڵێ:"سەید ڕەحیمی قورەیشی، کوری سەید حەکیمی."

دایکم دەڵێ:"ئا! ئا دە چاکە بابەکەم! ئەوە هەر لە منداڵێوە خەریکی ڕادیۆ و شتی وا بوو. پێم دەبیرستانیشی خەلاس نەکرد بوو."

کاکە جەمیل دەڵێ:"زۆری لەگەل کاری نمایش و ڕادیۆی سابڵاغێ زەحمەت کێشاوە."

دەچمە سەرێ. دەزانم دەبێ دەرسەکانم پخوێنم. ڕێگایەکم زیاتر لە پێش نێ. بەڵام بە دایکم دەڵێم دەبێ پچم شتێکی لە "ئانوش"ی بپرسم و بێمەوە و بەو بەهانەی لە ماڵێ دێمە دەرێ. ماڵە ئانوشی لە خوارەوەی مەیدانی ئاسینگەرانە. لە دەرکەی دەدەم هەر بۆخۆی لە ماڵێیە و خەریکە جەبری دەخوێنێ.

دەڵێ دایکی چۆتە تارانێ سەری براکەی بدا. بابیشی هەتا شەوێ نایەتەوە.

دەستشویی ئاشپەزخانەی پڕپڕە لە قابوکەوچکی پیس.

ئانوش دەڵێ:"هەتا دەرسم خەلاس نەبێ نایانشۆم."

ئەمن پێی دەڵێم:"ئەتۆ خۆ ئەلعان دەرسێ ناخوێنێی وەرە بیان شۆین!"

لێی دەپرسم:"کوروکچ لە نێو ئەنگۆدا چۆن ئاشنا دەبن؟"

ئانوش دەڵێ:"لە میوانی و گێژن و ئەوەیدا. دوایەش لە دایک و بابمانی ناشارینەوە. ئەوانیش هەموو ئەو کوڕ و کچانە دەناسن ئەگە یەکێکیان پێ چاک نەبێ نەزەری خۆیان دەڵێن."

دەڵێم:"خۆزگە بە خۆتان، دەزانی ئەمە ئەگە یەکێکیشمان خۆش بوێ ناتوانین قسەی لەگەڵ پکەین یا مەسەلەن پرۆینە سینەمایەکی."

پێدەکەنێ دەڵێ:"دەزانم، زۆر خەراپە، ئەنگۆ لە دڵ خۆتاندا هەر دەبێ یەکێکوو خۆش بوێ نە بە ئاشکرایی! `عەیبە!` هەموو شتێک `عەیبە`!"

دەڵێم:"لە هەمووی خەراپتر ئەوەیە هیچ ڕێگایەکی ناهێڵنەوە کە دوو نەفەر یەکتری بناسن، جا دوایە فیکری ژن هێنان و مێرد کردنێ پکەن. کوڕی بەدبەختیش هەر لە دوور ڕا کچێکی لەو بەری خەیابانێ دەبینێ ئەگە پێی جوان بوو دەنێرێتە سەری!
چونکە دەزانێ ڕێگایەکی دیکەی نێ! ئەمن زۆر زۆر موخالیفی ئەو جورە ژن هێنان و مێرد کردنەم."

هەر ئانوش قابەکان دەشوا ئەمن ئیشکیان دەکەمەوە.

دەڵێ:"ئەمن پێموایە چوونە دەرێ و قسە کردن و ناسینی یەکتری زۆر لازمە و ئەمە ئەو کارانەش دەکەین بەڵام زۆر وا هەیە کە کچ و کوڕەکە دوای وەی شاییە دەکەن لەگەڵ یەکتری نایەنەوە."

دەڵێم:"پێموایە کچ و کوڕ هەر عەیب و ئیرادێکی هەیانبێ وەختێکی بە دەزگیرانن لە یەکتری دەشارنەوە.
بەڵام کە شایێ دەکەن و پێکەوە دەژین، عەیب وعاری هەردووکیان وە دیار دەکەوێ.

ئەمن بە گوێی خۆم گوێم لێ بۆ، کوڕی زۆر جوانی، زۆر شیکی، خۆشتیپی، موهەندیس کوتوویەتی `ژنێکی هەرزانی دەوێ! بۆ وەی کچی سابڵاغێ زۆر گرانن!`"

ئانوش دەڵێ:"کێ؟ کێ؟ ئەمن دەیناسم؟"

دەڵێم:"ڕەنگە لە خەیابان و شتی چاوت پێی کەوت بێ. بەڵام چ فەرقێکی دەکا ئەو حیسانە کێیە مەنزورم ئەوەیە لە زاهیری کە پروانی پێت وادەبێ نۆ مێشت لە کونێکیدا دیوەتەوە، بەڵام زاری کە دەکاتەوە و قسان دەکا تازە دەزانی کە هیچ ئیحترامی بۆ ژن و کچی دانانێ و دەڵێی کەری دەکڕێ، دەڵێ:`ژنی هەرزانی دەوێ!`"

ئانوش قاوەیەکی تورک ساز دەکا. دەچین دادەنیشین دەیخوینەوە و دەڵێم سبەینێ مەدرەسەمان هەیە باپرۆم هەتا دایکم زیقەی نەچۆتە عاسمانێ."

لەسەر ڕێیەوە دەچمە دوکانی بابی گیلانای. ئێستا ئاواڵەیە.

دەچمە ژوورێ سڵاوێ دەکەم، سەری هەڵدێنێ و بە پێکەنینەوە دەڵێ:"تازە کاغەزم بۆ هاتۆ. شوکور چاکن، گیلانا شوکور چاکە. براکانیشی هەر وا. دایکیان چۆ سەریان بدا."

دەڵێم:"ئەمنیش هاتم پێتبڵێم تازە لە تارانێ هاتوومەوە و کاکم بردمی جاوم بە گیلانای پکەوێ. شوکور زۆر چاک بوو لە کوڕەکانیش هەر داود لە ماڵ بوو. زۆر خۆش بوو دیسان چاوم بە گیلانای کەوتەوە."

دەڵێ:"زۆر بەخێر هاتی سەرچاوم. زۆر مەمنوونم."
دەڵێم:"ئاغای زەکەریا، گیلانا گوارەیەکی لە گوێدا بوو وەکوو بزماری دەچوو. لە پشت گوێی بە پێچێکی چکۆڵە ڕاوەستابوو، پێشەکەشی وەکوو دەنکە نۆکێکی وا بوو کوتی `بابم بۆی دروست کردووم.` ئەگە بابم بێ قسەتان لەگەڵ پکا ئەو جورە گوارەی بۆ منیش ساز دەکەی؟"
دەستی لەسەر چاوی دادەنێ دەڵێ:"لەسەر چاوم. عەینی گوارەی گیلانات بۆ دروست دەکەم!"
خوداحافیزی لێ دەکەم و دەڕۆمەوە ماڵێ.

###

بۆ نەورۆزێ کاکە مادح و جەفعەر و فازل هاتوونەوە.
کاکیشم وڵامی ناردۆ ئەو ماستی مەڕان و کەنگر و کارگ و شتەی بۆخۆتان بەتەنێ مەخۆن، بۆمەش پرێکی بهێڵنەوە!
دایکیشم هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ پەنیری پێستەی کە کاکم زۆری پێخۆشە حازر کردۆ و ئاغای سەعدی دەیانباتە تارانێ.
دایکم ماستی مەڕانی لە کیسە نایلۆنێکی کردۆ، سەرەکەی جوان بەستۆ و کیسەکەی لە نێو تەنەکەیەکی ناوە کە چەلەنگی ڕۆنی بۆ و سەرەکەی جۆش داوە!
ئەمن باسی چوونە تارانێ دەکەم و دەڵێم پێمخۆش نێ بەتەنێ لێرەبم. هەمووتان ڕۆیشتوون، ئەمن بەتاقیتەنێ ماومەوە.
هەموو دەڵێن فیکرێکی چاکە بەڵام بابم زۆری پێناخۆشە و کاکە مادح.
کاکە مادح دەڵێ:"ڕێوی بۆخۆی لە کونێوە نەدەچوو قانگەڵاشکێکیشی وە دووی خۆی دەدا. ئەمە جێگامان نێ. لە ئاپارتمانێکی سێ ژووره داین. دێی لە وێ چ پکەی؟"
دایکیشم دەڵێ:"نەڕێسراوە نەپێسراوە شەقەشەقی بە حەواوە! ڕۆڵە! خۆ ئەمە نەمان کوتۆ هەر ئەلعان بەو دەمودەستەی. دیارە کچەکەش وەکوو هەمووتان دێ بۆ دانیشگا. ئەتۆ لەخۆرا بۆخۆتی لێ سوور وشین هەڵدەگێری؟ تازە مەسعود گیان دەڵێ نەفیسە پچێتە تارانێ هەر لە کن خۆی دەبێ."
کاکە مادح دەڵێ:"دە چاکە، چاکە، با پچێتە ماڵە کاکم!"
گوێم لێیە دایکم بە سرتە دەڵێ:"ئەمن، بە عەقڵی خۆم وەکوو جاران شەوق وزەوقی دەرس خوێندنی نێ. زۆر بەتەنێ ماوەتەوە ڕۆڵە! ئەنگۆش بە ناشکوری ناڵێم هیچتان لێرە نین."

###

هاوینێ هەموو هاتوونەوە و دیسان گەڕان و باغ و سەیران و شایی دەستی پێ کردۆتەوە.
فازل بۆ ماوەیەکی کەم هاتۆتەوە و لە بەر ئەوەی کلاسی ئینگلیسی هەیە زوو دەڕواتەوە بۆ تارانێ.
ئەمن زۆرتر ئاگام لە گوڵاڵە و سەرکەوتی دەبێ و شەوانەش لە کن من دەنوون.
ئەوشەو وەکو هەموو شەوێ هەر وەک دایکم دەڵێ هەتا خەو کەلەلامان نەکا نایەینە سەرێ بۆ نوستنێ.
جێی مانیم لەبەر پەنجەرەی ڕاخستۆ، جێی ژیانی لە نێوەڕاستێ و جێی خۆم لەبەر دەرکەی. هەموو شەوێش پێش ئەوەی بنوین حیکایەتێکیان یا بۆ دەڵێم یا بۆ دەخوێنمەوە.

لە خەوێدا بووم و وەک خەونی ببینم وا بوو کە شتێکی تیژ و گەرم لە پشتی دەستی چەپمەوە چوو. دیارە زۆر گوێم نەدایە و نوستم. ماوەیەکی پێ چوو دیسان هەر بەو جورەی شتێکی تیژ و گەرم لە دەستم ڕاچوو. لە دڵ خۆمدا کوتم ئەوە ئەو منداڵانە دەبێ قوماریان کردبێ داخوڵا شتێک یا لە بووکەکانی گوڵاڵەی کەوتۆ یا ماشێنەکانی سەرکەوت. خەواڵووشم و گوێی نادەمێ هەتا ئەوچەل پێموایە شتێک لە نێو جێگاکەمدا دەجوڵێتەوە! یەک بە خۆم ڕاست دەبمەوە، لە چراکەش نزیکم، زوو هەڵیدەکەم. چاو لەسەر دۆشەگەکەم دەکەم. دووپشکە! ناحەز و زەلام و زەردە.

لایەکی دۆشەگەکەمی پێ دا دەدەم بۆ وەی نەڕوا و دەچمە نێو پێشخانەکەی. جەفعەر تازە لە دەرێ هاتۆتەوە. پێی دەڵێم دەستم دەسووتێتەوە و دووپشکێکی زەلامیش لە نێو جێگاکەم دا، هەتا بە منداڵەکانێوە نەداوە، دەبێ بیکوژین.
لەسەرێ هیچ شتێکی وا بە دەستەوە نێ کە دووپشکەکەی پێ پکوژرێ، دەچمە خوارێ ئاوگەردانە چکۆڵەکەی دێنم و دێمەوە. جەفعەر دوو سێ ئاوگەردانی لێدەدا دەیکوژێ و دوایەش لەو تەشتە نایلۆنەی دەهاوێ کە
دایکم بۆ میزی منداڵە چکۆڵەکان دایناوە. ئەمن لەبەر ئێش وئۆفی باسک و بنهەنگڵم هیچ هۆشم نێ.
جەفعەر دەڵێ:"باپڕۆین بۆ دەواخانەیەک شتێکی."
ئەمنیش دەڵێم:"لە بیرت نێ بۆ باجە زبیدی هیچ شتێکیان نەکرد. دووپشکی ڕەش پێیەوە دابوو. هەر دایکم دەرمانی لێ دەکرد."
دەڵێ:"پچین پرسێکیان پێ پکەین."
بە کاکە جەمیلی کە بە دەنگە دەنگی مە وە خەبەر هاتۆ دەڵێم، ئاگایەکی لە منداڵەکان بێ هەتا ئەمە دەگەڕێینەوە و هەر دەشڵێم جا چا نەبوو دووپشکەکە نەچوو بۆ نێو جێگای منداڵەکان. زۆر پیس دێشێ. دەڵێی ئاورت لە سەر پشتی دەستم کردۆتەوە.
دەگەینە دەواخانەی دوکتور ئەبریشمی حاڵونەقڵەکەی دەگێرمەوە.

دوکتور بۆخۆی لە وێ نێ. شاگردەکەی کاک حوسێن لە وێیە دەڵی:"دووپشکی زەرد زۆر زەرەر بە حیسانی ناگەیێنێ، هیچی واشمان نێ بۆ دەرمان. دەڵێن ئەگە یەک دا بە دوو جێ دمی داعباکەی پکوشی ژهرەکە دێتە دەرێ.
حەتمەن سەیزادە خانم هەزار نەقڵی بۆ گێراونەوە کە چۆن لە نێو ئەو دێودێهاتانە، بە چەقۆی جێ دەمی دووپشکی ڕەش یا ماری دەبڕن هەتا ژەهرەکەی دەرهێنن. زۆر جاریش دەبینی یەکێک قامکێکی نەماوە، ڕەنگە مارێک شتێک پێیەوەدابێ. قامکەیان بڕیوە هەتا نەهێڵن ژەهرەکە پچێتە سەرتر."
ئەمنیش چاوم لە کاک حوسێنی بڕیوە و دەڵێم ئەمە یەکێکی دەناسین سێ قامکی بڕیوە لەبەر ئەوەی سەرما بردوویەتی. ژنیشە، پیاو نێ."
جەفعەر دەڵێ:"کێ؟!"
دەڵێم:"خات بەسێ، بۆیە فەقیرە کۆڵە، بۆخۆی دەڵێ."

لە دەواخانەی دێینە دەرێ. جەفعەر دەپرسێ چۆنم.
دەڵێم:"بنهەنگڵم زۆر دێشێ. جێ دەمەکانیشی هەر وا دەڵێی ئاورت لەسەر کردۆتەوە."
دەڵێ:"پێموایە چاکترە دایکم هەستێنین بەڵکی ئەو بزانێ چ چاکە."
کە دەگەینەوە بەردەرکەی پیاوە سەر زەلامەکانی ساواکی لەسەر پەنجەرەکەیانڕا حەسیرەکەی وەلا دەنێن و چاو لە مە دەبڕن.
دەڵێم:"چاو ئەو سەگبابانە چۆن خودا غەزەبی لێ گرتوون بەو نیوەشەوەش نانوون."
جەفعەر دەرکەکەی کردۆتەوە، دەچینە ژوورێ.
دایکم و بابم وە خەبەرن.
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە گیان بۆ ئەمنوو هەڵنەستاند؟"
ئەمن هەر باوێشکم دێ. دەچمە ژووری بەردەستان. بەرماڵەکەی بەخۆمدا دەدەمو درێژ دەبم.
بابم دەڵێ:"هەر منداڵەکان لە خەوێ هەستان دەبێ هەموو جێ کوورەکان چاو لێ کەین بزانین بە کوێدا ئەو دووپشکە هاتۆتە دەرێ."
دایکم دەڵێ:"هەر ئەو ژوورەی نێوەڕاستێ. سەرقەپاغەکەی لە جێ کوورەی دەنێین چاک ناچێتە نێو دیواری. بۆخۆم بە گوێی خۆم گوێم لێ بۆ تەقە تەق و قرتە قرت لە جێ کوورەکەی هاتۆ."
بابم بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ها!ها! ماڵت خەرا نەبێ بڵێی دووپشکەکان سازوسەمتوریان لەگەڵ خۆیان هێنابێتە بەر کونە کوورەکەی؟!"
ئەمنیش دەڵێم:"بابە ئەمنیش گوێم لە خرتە خرتێ بۆ."
بابم دەڵێ:"دەزانم بابە! وەستا ئەحمەدی تەنەکەساز دەنێرم هەموان چاو لێ کا و ئەگە کیپ نەکرێن سەرقاپی تازەیان بۆ ساز کا. بەڵام ئەو هەموو ساڵانەش لە خانووی ئەو بەریش و لێرەش کوورەی دارمان لە هەموو ژوورەکان هەبۆ و کونە کوورەمان هەر بەو جورەی سەرقاپمان لێ ناون، قەتم وە بیر نایا، دووپشک ئاوا هاتبێتە نێو جێوبانی کەس و بە کەسێوە دابێ. کوا سەیزادە خانم ئەتۆ هیچت وە بیر دێ؟"

دایکم دەڵێ:"نا! خولا هەر بۆخۆی ئاگاداری کوورەکان بێ شوکر قەت شتی وا نەبۆ! دیارە چکۆڵە کە بوون مەزهەریش و ئەمیر گیانیش داعباودۆڵیان لەو کوچەوبانەی دەدیتەوە و قوماریان پێ دەکرد و کلکی دووپشکیان لێ دەکردەوە هەتا پێوە نەدا یا دووپشکیان دەدیتەوە لە نێو شووشەیان دەنا هەتا پێکەوە شەڕێ پکەن. بەڵام شوکر قەت پێیەوە نەداون. ئەوەش مەعلوم نێ ئەمن بۆیە نیگەرانم دەڵێم نەوەک بە دەرکی بانیدا هات بێ."

ئەمنیش جاری وایە خەو دەمباتەوە بۆ ماوەیەکی گوێم لێ نێ دەڵێن چی. دوایە دیسان وە خەبەر دێم. بێهێزم و بێحەوسەلە و هەموو گیانم دێشێ، دەڵێی بە داران لێیان داوم.

گوێم لێیە بابم دەڵێ:"جەمیل ئەتۆ ئەو خانمە چکۆڵەی بەرە بۆ کن دوکتور لازاری، بزانە دەڵێ چی."

کاکە جەمیل دەڵێ:"جا دەڵێ چی ئەوە بە عالەمی ئاشکرا دووپشکی زەرد پێیەوە داوە. ئەویش بۆ هەر دوکتور لازار دوکتور لازارتە؟ دوکتور شافعی ئەوە نێ تازە لە فەڕانسەی هاتۆتەوە و هاتۆشتەوە سابڵاغێ دیارە دەیتوانی پچێتە جێیەکی دی. یا لە تارانێ بێ."

بابم دەڵێ:"جا ڕۆڵە ئەمن نەمرکوتۆ نەچێتە کن دوکتور شافعی. بەڵام ئەو خانمە چکۆڵە بۆخۆی کە ئاڵووی دێ دەڵێ بمبەنە کن دوکتور لازاری. دەرزیش کەس نابێ لێی دا مەگە ئامینە خانم."

بابم کە باسی دەرزی لێدانێ دەکا ژوورەکە پڕ دەبێ لە بۆنی ئاڵکۆڵ و قوڵتە قوڵتی دەرزی.

دەرزی و سورەنگ لە نێو قوتوویەکی درێژ و باریکی تەنەکە دان. ئامینە خانم برێک لۆکەی بە ئاڵکۆڵی تەڕ دەکا و لەسەر سەری قوتۆکەی دایدەنێ و بە شەمچەی ئاوری تێ بەر دەدا.

دوایەش چۆرێک ئاوی لە نێو قوتووی دەرزێکان دەکا و بە شتێکی کە وەک مقسەستی دەچێ بەڵام دمی زۆر باریکە و ئامینە خانم پێی دەڵێ "پەنس" توندتوند قوتووی دەرزیان لەسەر ئاورەکەی ڕادەگرێ هەتا جوانجوان دەکولێن. دوایەش قوتۆکەی سەبرێکی لەسەر لۆکە بە ئاڵکۆڵەکەی دادەنێ و ئاورەکەی دەکوژێنێتەوە. دەستی خۆی بە لۆکە و ئەڵکۆڵی خاوێن دەکاتەوە، بە "پەنسەکە"ی سورەنگەکەی کە دوو پارچەیە دەر دێنێ، لە باڵ یەکیان دەنێ و دەرزێکی کوڵاو هەڵدەبژێرێ و لەسەر سورەنگەکەی دەخا. دوایە دەرمانەکەی دەشڵەقێنێ و دەرزێکەی تێ ڕۆ دەکا و هەموو دەرمانەکە دێتە نێو سورەنگەکەی.

دیسان خەو دەمباتەوە.

لای نیوەڕۆیە کاکە جەمیل دەڵێ دەمباتە کن دوکتور شافعی. ئەمنیش هیچ ناڵیم و وە دووی دەکەوم.

دوکتور شافعی دەڵێ:"ئەوە ئەگە دوێنێ شەوێ پێیەوە داوی، بەدەنت فەورەن دەستی کردۆ بە پادزەهر دروست کردنێ."

ڕوو لە کاکە جەمیلی دەکا و دەڵێ:"بەداخەوە بەو هەمۆ مار و دووپشکەی لە نێو مەدا هەیە مەرکەزێکی دەرمانیمان نیێ بۆ شتی وا کە پتوانین سێرۆمی ئەو داعباودۆڵە بەزەڕانەی تێدا ڕاگرین. ئەوەندەیە دووپشکی زەرد زۆر کەمتر خەتەری هەیە. دووپشکی ڕەش سەد دەر سەد دەبێ سرۆمی بۆ ساز کرێ."

کاکە جەمیل دەڵێ:"مەرکەزی دەرمانی وا وەکوو `خەیاڵ پڵاو` کردنێیە دوکتور."

دوایەش بە پێکەنینەوە خوادحافیزی دەکەن و دەڕۆین.

کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەمن بە بابم کوت ئەوە دەرمانی نیێ، هەر وەک بۆ باجە زیێدی و دووپشکە ڕەشەی هیچ کارێک نەکرا. ڕەنگە لەمیاندواوێ مەرکەزێک هەبێ بۆ ئەو جورە شتانە بەڵام لێرە نیێ."

###

هەموو دەبیرستان و مەدرەسەکانی کچان هاتوونە تالاری فەرهەنگ بۆ نمایشی چاکترین بابی دنیایە (بهترین بابای دنیا).

دەبیرستانی کوران نمایشەکەیان ساز کردۆ. ئەوەی کە خۆی کردۆتە چاکترین بابی دنیایە وەکوو عەجەمان دەچیێ. کچ و کوری سابڵاغیێ یەکتری دەناسن ئەوەش هەر چاوی لیێ دەکەین و دەڵێین خەڵکی ئێرە نیێ. سەری وەکوو شووتیێ، نێوێکی مرێم بۆ عەجەمانی داناوە "سەرشووتیێ" چونکە سەریان دور ودرێژە، سەری کوردانیش خڕخڕە! پێیان دەڵێین "سەر کاڵەک."

دوای نمایشەکەی "سەرشووتی" لەگەڵ دوو سێ کوری دی بە خەیابانی شاپوردا هەڵدەکشێن دەڕۆن. ئەمنیش دەڵێم:"ئەوەتا! `بهترین بابای دنیا`، چەندەش بە پەلەن، ئەوە بۆ کوێ دەچن؟"

کورەکان ئاوڕ دەدەنەوە و چاو لە مە دەکەن. ئەمەش بە گەپ پێدان و قریتە قریت بە کوچەی سینەما ئومید (سینما امید)ی دا دەڕۆین و بە هەورازەکەی مەتەبی دوکتور هرۆئابادیدا دەچینەوە دەبیرستانی.

###

ئەورۆ هەر لە دەرکەی دەبیرستانی دێنە دەرێ چاومان بە چاکترین بابی دنیایە دەکەوێ. خەریکە بە بەر دەرکی دەبیرستانی مەدا دەچێتە خوارێ. بە پێکەنینەوە بە مرێمێ دەڵێم:"ئەوە دەچێتە ماڵە ئەنگۆ!"

دوایەش بە دەنگی بڵیند دەڵێم:"مرێم، بۆ شامێ چتان هەیە؟ سەرشووتی بۆ شامێ دێتە ماڵەنگۆ!"

دەگەڕێتەوە و چاوێکمان لیێ دەکا و پێدەکەنیێ و دەڕوا. دەڵێی حاڵی بوو چمان پیێ کوت.

مریم دەڵێ:"ئەی ڕۆڵە گیان، پێش دەکەنیێ!"

دەڵێم:"پێت وایە حاڵی بوو؟ ڕەنگە لەو سەرشووتیانە بێ کە کوردی دەزانن!"

###

دەرسەکانمان گران و زۆرن. ئەوەی خەیاڵی چوونە دانیشگای هەیە دەبێ هەم لە ئیمتحانی شەشومی دەبیرستان دەرچێ، هەم دەرسی زیادیش پخوێنی خۆی حازر کا بۆ کونکوری. ئانوش پێیوایە ئەگە لە حەساری مەدرەسەی یا لە ڕێی ماڵێ قسان پکا وەختی خۆی زایە کردۆ. ئەمنیش زۆرتر لە هەمیشە کتێبی شیعر دەخوێنمەوە. پێموایە جێی خاڵی هەموان بە تایبەتی فازل و سریوە لە ژیانمدا بە شیعر و گۆرانی پڕ دەکەمەوە.

لەو شارەی "خۆشویستن" کارێکی قەباحەتە. دیارە "کور" دەستوباڵی چوونە دەرێ و بێرەوبەوێدا چوونی زۆر ئاواڵەترە لە "کچێ." "کچ" ئەگە یەکێکی لە دڵ خۆیدا خۆش بوێ و قەت کەس نەزانێ، قەیدێ ناکا! بەڵام ئەگە قسەکە "دڕا"، لە پێش هەموو شتێکیدا دەبێ نیگەرانی ئابڕووی دایک و باب و برا و خوشکت بی کە نەچێ! چونکە کچی "چاک" یا "کوری چاک" یانی کەسێکی کە دایک وباب یا کەس‌وکار "مێرد" یا "ژنی" بۆ دەبینەوە و بە "ڕوو سوور و سەربڵیندی!"، "مێردێ" دەکا یا "ژنێ" دێنێ.
کچ و کوری کوردی ئەو شارەی لە دوورەوە یەکتری دەبینن. ئەگە هەردووکیان مەدرەسەیی بن یەکیان لەو بەری خەیابانێ و ئەوی دی لە بەرەکەی دیکە ڕا چاو لەیەکتری دەکەن یا لەشاییان یەکتری دەبینن.

زۆرجار دەچێ شاییەکی، ئەوەی خۆشت دەوێ بانگ نەکراوە. ئەگە کور بی و لەگەڵ زاوای دۆست یا خزم بی، دەکرێ پارتیبازی پکەی و داوا لە ماڵە زاوای پکەی ئەوەی خۆشت دەوێ لێی بگێرنەوە. ئەگە "کچ" بی حەتا لە شایی براشت دا ناکرێ بڵێی لە کێ بگێرنەوە و لە کێ نەگێرنەوە. بۆ وەی ناتوانی ڕێوراست بڵێی کورێکت خۆش دەوێ. هەموو ئەوانەی کە مێردی دەکەن یا ژنێ دێنن ئەوە حاڵیانە.

لە مەیدانی ئاردی هاوینان "شووتی بە شەرتی چەقۆی" دەفرۆشن. یانی دەتوانی شووتێکی هەڵبژێری و ئەگە خاترجەم نی شووتی چاکە، کابرای شووتیفرۆش قاشێکی باریکت بۆ لێ دەکاتەوە هەتا ببینی. دیارە ئەگە زۆر گەیشت بێ ناتەوێ، ئەگە شیرن نەبێ شووتی چاک نێ. بەو شێوەی شووتێکی زۆر چاک دەتوانی هەڵبژێری.
ژن هێنان و مێرد کردن لە نێو کوردەوارێدا حەتا بە قەت شووتی کڕینێکیش ئەرزشی نێ.
"کچ" دەکرێ بڵێی لەو دەمیرا کە لە دایک دەبێ گیازی بۆ دەگیرێ و فێر دەکرێ چۆن کاری ماڵێ پکا و نان‌وکێشتی لێ نێ و میوانان بەڕێ کا و ئاگای لە منداڵان بێ. ئەگە زۆریش دایک وباب لوتفیان هەبێ منداڵی کچ هەتا "داواکاری چاکی لێ هەڵدەکەوێ" دەینێرنە مەدرەسەی. "داواکاری چاک" کە پەیدا بوو مەدرەسە چوون مانایەکی نامێنێ. لە مەدرسەی دەیگێرنەوە و بە مێردی دەدەن. زۆرتری کچەکانیش بە داخەوە پێیان وایە "هەر وا هاتۆ و هەر واش ڕادەبرێ.
دایک وبابی وا کەم نین کە ئەوەندە نیگەرانن مەبادا کچەکەیان گەورە بێ و حەز لێ کردوویە پکا، هەر بە منداڵی بە دەزگیرانیان دەکەن. یانی حەقی هەڵبژاردنی مێردی

خۆیان لێ وەردەگرنەوە. مێردەکە چاک بوو، خەراپ بوو، بە دڵی کچەکەی بوو یا نەبوو کاریان پێ نەداوە.

ئەمن زۆرتر لە دەرسەکانم خەریکی لێکوپێک دانەوە و ڕێگای چارە دیتنەوەی ئەو جورە شتانەم.
لەگەڵ فاتمی دەستە خوشکم کە قەت دەرسی نەخوێندۆ قسان دەکەم، دەڵێ:"لە دڵ خۆتدا حەز لە سەد کەسی پکەی، کەس دیارە کاری پێت نیێ، بەڵام کە نێوت لەگەڵ یەکێکی دەرچوو، ئەگە بتهێنێ ئەوە چاکە، بەڵام ئەگە نەتهێنێ، کورەکە، نێرینەیە، گونی پێ ناچێ! لە سکە ناکەوێ، بەڵام عافرەت سووک دەبێ و لە سکەش دەکەوێ!"
دەڵێم:"`لە سکە دەکەوێ` یانی چی؟!"
دەڵێ:"ئەلعان ئەتۆ لەبەر ئەو باب و برایانەت چونکە عەسڵونەجیبن موشتەری زۆر چاکت دەبێ. بەڵام ئەگە نێوت لەگەڵ یەکێکی دەرچێ و حەز لە کەسێکی پکەی و خەڵک پێ بزانێ، لە سکە دەکەوی، یانی موشتەری زۆر چاک بۆ لای تۆ نایا!"
ئەمنیش قاقایەکی لێ دەدەم و دەڵێم:"فاتم! پێموایە ئەمن لەو کچانە دەبم کە لە سکە دەکەون! یا قەت مێردی ناکەن، سەرباقی وەی کە بۆخۆم دەمەوێ مێردەکەم هەڵبژێرم، پێمخۆشە لە پێش مێرد کردنێدا بزانم کابرا چ جور حیسانێکە. وەکوو شووتی بە شەرتی چەقۆی!"
فاتم پێدەکەنێ، دەڵێ:"تۆ ئەو خولایەی قەت قەت بە کەس مەڵێ ئەمن کچی زۆر زۆر جوان و ماقووڵ دەناسم حەزلێکردوییان دەکرد، کەس نەیدەزانی. بە نابەدڵیش مێردیان کردۆ بەڵام بە مێرد و منداڵەوەش هەر حەز لە حەزەکەیان دەکەن!"
دەڵێم:"ئەوە زۆر ژیانێکی تاڵە!"
دەڵێ:"تاڵ یا شیرن ئەوەیە!"
دەڵێم:"هەموو ئەو ڕەسمە کۆنانە دەبێ بگۆردرێن! دایک و باب لە شتێکی دەترسێن ئەوەش ئەوەیە کچەکەیان حاملە بێ یا بێ پەردە بێ. ئەمن پێموایە ئەگە دایک و بابان بە کچ و کورەکەیان بڵێن چ خەبەرە و بۆ ئەو هەمۆ مەکە و پکەیان لەسەر ڕێی کچان داناوە و فێری چاکە و خەراپەیان کەن، کچ و کور زۆر چاکیش دەتوانن بۆ سینەما و خەیابان و بەستەنی خواردن و گەڕانێ پچن و لەگەڵ یەک هاتوچۆیان بێ، بە بێ ئەوەی دەزگیرانی یەکتری بن."
فاتم چاوی لە زارم پریوە و وەک وەی دەچێ کە پێی وابێ ئەمن شێت بووم.
دەڵێ:"بۆخۆت دەزانی ئەمن دەریام، زۆر قسەوباسان دەزانم، زۆر خەڵکی ئەو شارەی دەناسم زۆریشم قسە پێیە، ڕازونیازی خەڵکی دەزانم، ئەوەش هەر وەکوو وان لەو دەریایەی دەهاوێم و کەس قەت ئەو قسانە لە من نابیستێ. بە سەری ئەو شێخە نازدارەی ماڵی لە بیارەیە، هەرچی پێمبڵێی قەت کەس لێم نابیستێ بەڵام نەکەی ئەو قسانەی لە کن من کوتت لە کن کەس دووپاتەیان کەیەوە!"
دەڵێم:"بۆ؟ ئەمن پێموانێ دەبێ مێرد بە یەکێکی پکەم کە خۆشم ناوێ. یا نایناسم. ئەوەی ئەتۆش پێیدەڵێی `حەز` ئەوە هاتوو حەزت لە یەکێکی کرد بەڵام دوایە لێت

مەعلوم بوو بۆ وەی نابێ بیهێنی یا مێردی پێ بکەی. بۆ دەبێ لەبەر قسەی خەڵکی ژنێ بێنی یا مێردی بکەی؟"

دەڵێ:"کچێ! ئەو قسانە لە نێو قساندا دوو هەزار شەپیان هەر شەپ وێ دەکەوی، نەکەی قسەی وا بکەی!"

دەڵێم:"فاتم! ئەمن قسان دەکەم، هەمیشەش دایکم دەڵێ`ئەو کچەتیوەی من شێتە!` ئەو قسانەی دەیکەم هیچی لەگەڵ بیروڕای خەڵکی نایاتەوە. ئەمن کوڕێکم خۆش دەوێ. پێم خۆشە قسەی لەگەڵ بکەم. لەگەڵی ڕەفیق بم وەکوو کچەکانی ڕەفیقم. هەر وەکوو لەگەڵ وان بە خەیابانی شاپوردا شۆڕ دەبمەوە و بە قسە کردن و گەپ و پێکەنین دێمەوە ماڵێ، لەگەڵ کوڕانیش هەر وا ڕەفیق بم. بە مەنزوری حەز لێ کردن و مێرد پێ کردن و ئەوەش نا."

فاتم دەڵێ:"حەیە، حەیە، حەیە، حەی! ئەشەدەم بیلا! جا بۆ ئەوەش ناکەی؟! ئەو شارە زارت لێ دادەپچڕێ، جا چاکە ئەوە کێیە؟ دەیناسم؟"

دەڵێم:"نا! خەڵکی ئێرە نیێ!"

دەڵێ:"ئەیەڕۆ عەجەمە!؟ ئەوە ئیدی هەر لاپ قەباحەتە!"

دەڵێم:"کرماشانێ."

فاتم دەڵێ:"کوردی کرماشانێیە؟"

دەڵێم:"بە فارسی قسان دەکا!"

دەڵێ:"کچێ عەجەمە، درۆم پێ مەڵێ، هەر بڵێ عەجەمە و روحم نەجات دە!"

دەڵێم:"خەڵکی ئەو شارەی هەر سابڵاغێیان بە کورد دەزانن، ئەمە چ سنەیی، چ کرماشانی، چ مەریوانی چ بۆکانی بێتە نێومان پێمان وانێ کوردن. هەزار جارم لە بابم بیستۆ کوتویەتی کوردی سنەی کوردن، بەڵام کوردی سابڵاغێ فەرقیان هەیە، کوردی کرماشانێش شیعەن. کورد نین!

بە من ئەو قسانە قۆڕن! دەنا بە تۆش وا نیێ؟ حیسانی چاک چاکە و خەراپ خەراپە. چ کورد بێ چ عەجەم."

دەڵێ:"ناوەڵا وا نیێ، ئەمن لەسەر دڵی دایک و بابتم. بە پەسەندی من کوردی خەراپ لە عەجەمی چاک، چاکترە! زۆربەی خەڵکی ئەو شارەش قسەی منی پێ ماقووڵترە لەو شتانەی ئەتۆ دەیڵێیی."

دەڵێم:"بە داخەوە وایە، ئەتۆ ڕاست دەکەی هەستە بڕۆین لە شاریدا بڕێک پسووڕێینەوە!"

دەڵێ:"بۆ؟ کچێ! مەگە ژنە سەرتاشراوین؟"

دەڵێم:"نا! هەر وا بچین بۆ لای مجەسەمەی بابی شای و دوکانی ئاغای کەرباسی و ئەوانە هەر وا بۆ گەرانێ.

حیکایەتێکیشت بۆ دەڵێم کە بزانی زاری خەڵکیت بۆ نابەسترێ.

دەڵێن مەلا نەسرەدین رۆژێکی لەگەڵ کوڕەکەی دەچنە شاری. کەرەکەیان وە پێش خۆیان دەدەن و دەڕۆن. دەگەنە ئاوەدانێکی خەڵکەکە دەڵێن:`چا چاو! ئەوانە چەندە کەرن. ئەو گوێدرێژە بەڕەڵا بەڕەڵا دەڕوا نە کابرا سواری بۆ نە کوڕە.`

ئەو چەل مەلا کورەکەی سواری کەرەکەی دەکا و دەڕۆن. دەگەنە جەماعەتێکی دی پێیان دەڵێن:`چاچاو! ئەو کابرا بێعەقڵەی، ئەو منداڵە جحێڵە بە پێیان دەتوانێ ڕوا، ئەوە بۆ ئەو پیاوە پیرە بە پێیان دەڕوا، ئەو منداڵەش سوارە؟`

ئەوچەل مەلا کورەکەی دێنێتە خوارێ و بۆخۆی سوار دەبێ.

خەڵک دەڵێن:`پەکوو، ئەو بێئینسافەی، ئەوە بۆ ئەو منداڵە فەقیرە بە پێیان وە دووی ئەو کەرەی کەوتۆ و ئەو کابرایەش زەلام زەلام سواری کەرەکەی بۆ؟

ئەوچەل مەلا دەڵێ با هەردووکمان سوار بین.

دەگەنە نێو ئاوەدانێکی خەڵکەکە دەڵێن:"بەزەییێکیان بەو حەیوانە بەستزمانەی دانایا."

ئەوچەل مەلا ڕوو لە کورەکەی دەکا و دەڵێ:"دیتووتە زاری خەڵکی بە هیچ نابەسترێ."

فاتم هەر پێدەکەنێ.

###

نەتیجەی ئیمتحانی نەهایی ئەوەندە خەراپە کە هەموو سەریان سوور ماوە.

کاکم دەڵێ:"ببەخشە خانم، ئەتۆ لە چی نمرەت هێناوەتەوە؟ چۆن حیسان شەش تەژدیدی دێنێتەوە؟"

دایکم دەڵێ:"بە هەموان دەبێ دەرسی پێ بڵێن، خەریکی بن تەژدیدێکانی بداتەوە."

کاکم دەڵێ:"ئەفلاتونیش ناتوانێ بە هاوینێکی شەش تەژدییان لە کلاسی شەشومی دەبیرستان بداتەوە. ڕەد بێتەوە چاکترە. ساڵێکی تەواو چاک دەرسێ پخوێنێ بەڵکی نمرەی بێنێتەوە. ئیفتزاحە! ئەمن خەجاڵەتێ دەکێشم."

کاکم لەگەڵ کاکە حەسەنیش قسان دەکا و باسی دەبیرستانی وەلیوڵای نەسر (ولی الله نصر) دەکەن. کاکە حەسەن لە تارانێ لەو دەبیرستانەی دەرسێ دەڵێ.

ئەمن ئاگام لە سرتە سرتی کورەکان و دایکم هەیە. بەڵام گوێم لێ نێ باسی چ دەکەن. دیارە کاکم پێیوایە دەرچم یا دەرنەچم دەبێ پرۆمە تارانێ هەتا بۆخۆی پتوانێ چاوی بەسەر دەرس خوێندنی منەوە بێ.

ئەمن لە سەرەتای کلاسی پێنجوم زۆرم هاوار هاوار کرد بۆ کلاسی شەشوم بمنێرنە تارانێ، کەس جوابی نەدامەوە. ئەو چوونە تارانەی ئەلعان وەکوو نۆژداروویەکێ کە دوای مردنی سۆهرابی دەیهێنن بۆ ڕۆستەمی.

کاکم و باجە زیێد هەر مانگی مورداێ لێرەن و دەڕۆنەوە. هەمووومان زۆر غەمی "زاگرۆس" کورە چکۆڵەکەی کاکممانە.

###

گۆیا بابم به بێ ئەوەی بە کەس بڵێ هەر بە دایکم دەڵێ کە کوڕێکی عەجەمی خوێری لە جەنابی شێخی داوای کردۆ کە تەکلیف لە بابم پکا بۆ خوازبێنی کردنێ.
دایکم لە ژووری بەردەستان لە من دەپرسێ چ باسە و ئەمن چ دەزانم.
دەڵێ:"ئەمن بە بابتم کوتۆ کچ وەک دارەگوێزی هەموو کەس پلاری دەهاوێتێ، خۆی ناڕەحەت نەکا. دە جا چ بۆ یەکێک داوای کردۆ؟
بابت دەڵێ:`برای کوڕەی کوتوویەتی کچ و کوڕە یەکتریان خۆش دەوێ، بابت بە وەی قەڵسە کە ئەوانە هەر کەسێکی هەن چوون تەکلیفیان لە جەنابی شێخی کردۆ.`"
دوایەش دەڵێ:"ئەمنیش حەسەنی برازام ناردۆ وە پێ و شوێنی ئەو قسەی کەوێ. حەسەنیش هاتەوە پێی کوتم. تازە دیپلۆمی وەرگرتۆ. شیعەی کرماشایەن. دایک و بابی لێرە نین. دەگەڵ برای لە خانوێکی نێو قەبران دان. حەسەن لە حەیفان وەختا بوو بگری. دەڵێ:`ئەتۆ چۆن لەگەڵ کابرایەکی هیچوپووچ ئاوا نێوی خۆت خەراپ دەکەی؟ چۆن ئەتۆ سەری ئەو برایانەت نەوی دەکەی؟ دیارە حەسەن بە کوڕەی دەڵێ:`ئەوە خواردنی تۆ نیێ بابم دەست هەڵگرە، عالەمێکی بەربەڵا مەکە!`"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەوەڵەن عەجەم نیێ، شیعە و سونی بوونەکەشی ئەوەندەی بۆنگۆ موهیمە بۆ من وا نیێ، کوڕی چاکیشە و دەشیەوێ پچێتە دانیشگایە."
دایکم لێرەدا زۆر بە قەڵسی دەڵێ:"ئەگە وایە بۆیە ئەتۆ دەرنەچووی! چەندەم ئەمن بە تۆ کوتۆ دەرسەکە نەبێ هیچت پێ نامێنێ، ئەتۆ بە کاکڵان ڕازی نی بۆ چویە زگ توێکڵان!؟"
دەڵێ فازلیش کوتوویە خەڵک لاتاوان دەهاوێن و باسی تۆ و ئەو کوڕەی دەکەن.
لە ژووری دەستەنوێنان لەسەرێ دەرکەی لەسەر خۆم دادەخەم و بۆ نانوچاش ناڕۆمە خوارێ.
دایکم بە کاکە حەسەنی خاڵمدا وڵامی دەنێرێتە سەرێ کە دەست لەو کوڕەی هەڵگرم هەرچی ئەمن بڵێم وا دەکەن.
مرێم خانمی کچی خاڵم دەنێرێ قسەم لەگەڵ پکا.
پێم دەڵێ:"بە قوربانت بم ئەتۆ بۆ ئاوا لە خۆت دەکەی؟ بۆ خۆت دێنێ شانی ئەو کوڕەی؟ مەیکە بە بەربەرەکانێ لەگەڵ پوورم! بۆخۆت زەرەرێ دەکەی، بە قوربان! ئەتۆ هەمیشە دەتکوت دەبی بە دوکتور. ئەدی ئەوە چ بوو؟ چۆن لە بیری خۆت بردەوە؟ ئێستاش درەنگ نەبۆ، وە دووی دەرسودەوری خۆت کەوە، مێرد چیێ؟ مێرد هەر دەبێ. ئەوە نا یەکی دی."
دەڵێم:"مرێم خانم! ئەمن ئەسڵەن خەیاڵی میرد کردنم نیێ. ئەو کوڕەش دەیەوێ دەرسێ پخوێنێ ئەویش دەزانێ وەختی ژن هێنانی نیێ بەڵام خەڵک لە کۆڵ نابنەوە. لەو شارەی ئەگە یەکێک بە لای یەکێکیدا ڕۆیشت قسەی بۆ ساز دەکەن. ئەوە بۆیە باسی خوازبێنی کردۆ."
مرێم خانم بە خۆشێوە دەڵێ:"دە چاکە بابم، وەڵاهی زۆرم پێخۆشە. حەیفە ئەتۆ خەسار بی. مێردیش پکەی دەبێ بە کوری شای پکەی!

توخولا خۆت کز کز کردۆ هیچ ناخۆی، چاک نیٚ ئەوەی پوورم بۆت دەنێریٚ بیخۆ با ئەویش ئەوەندە نیگەرانی تۆ نەبیٚ!"
دەڵێم:"ئەتۆش لە جیاتی من‌بای هیچت نەدەخوارد. ئەمن و دایکم بۆخۆت دەزانی هەمیشە کێشەمانە. بۆ وی هەر `کورەکان` موهیمن. ئەمن لە کویٚ دەزانم شتێکی بۆ منی دەنێریٚ، دەرمانی مشکانی تیٚ نەکردۆ؟"
مرێم خانم دەڵیٚ:"ئەیەڕۆ، پوورم قەت کاری وا ناکا!"
دەڵێم:"لە کویٚ دەزانی کاری وا ناکا؟ پڕۆ دانیشە گویٚ بدە قسەکانی دوو هەزار جار دەڵیٚ: `کورەکان`، `ئاپرۆو`، پێت‌وایە چەند جار دەڵیٚ: `ئەمن چم لیٚ بەسەر دیٚ.`"
مرێم خانم دەڵیٚ:"ئەیەڕۆ بەخولای وا نیٚ!"
بە دوای وەشدا دەچێتە خواریٚ.

###

کاکە مەزهەر و باجە گوڵزار و سەرکەوت ئەورۆ دەگەنە جیٚ و بۆ ماوەیەکی کەم دایکم دەستم لە کۆڵ دەکاتەوە.
ئەوەندەی ئەمنیش لەگەڵ سەرکەوتی خەریکم دایکم لەگەڵ کاکە مەزهەری قسان دەکا.
سەرکەوت کە خەوی لیٚ دەکەویٚ، تاوێکی لەگەڵ باجە گوڵزاری قسان دەکەین.
هەموو ماندووین و دەچین بنوین.

###

بەیانی دوای نان‌وچای کاکە مەزهەر دێتە سەریٚ دەڵی دەیەویٚ قسەم لەگەڵ پکا.
لە ژووری دەستەنوێنان دادەنیشین.
دەڵیٚ:"دایکم هەموو شتێکی پیٚ کوتوم. ئەمن نیگەرانی وەم کە ئەنگۆ هەردووکتان تازە دیپلۆمتان وەرگرتۆ."
بە پێکەنینەوە دەڵیٚ:"ئەتۆ ئەگە شڵپەی لیٚ نەهێنی، دیپلۆم دەبی. وای دادەنێین دەبنە دوو دیپلۆمی بێکار! ئەنگۆ دەبیٚ لە فیکری دەرس و دانیشگای دابن. ژن هێنان یا مێرد کردن هەر شایی کردن و هەڵپەڕین و ئەوە نیٚ. ئەمن بەرعەکسی دایکم و بابم ناڵێم مێرد بەو کورەی مەکە یا یەکترتان خۆش نەویٚ. ئەمن دەڵێم نە ئەو کورە وەختی ژن هێنانێتی نە ئەتۆ وەختی مێرد کردنیٚ.
ڕاوەستن. پچنە دانیشگایە. ئەوە ئەگە ئەتۆی خۆش دەویٚ سیٚ چوار ساڵان با ڕاوەستیٚ. ئەتۆش هەر وا. ئەگە دەتەویٚ لەسەری ڕاوەستی، ڕاوەستە. کە دەرسوو خەلاس بوو ئەقەلەن لیسانسێکوو دەبیٚ، دەتوانن کارێکی پەیدا کەن و زیندەگیٚ پکەن.
بە بێکاری و بیٚ‌پووڵی و دیپلۆمی دەبیرستانی چۆن بەڕیٚ دەچن؟ منداڵوو هەبیٚ چۆنی بەخێو دەکەن؟ هیچ فیکری ئەو شتانەو کردۆتەوە؟"
دەڵێم:"نا!"

کاکە مەزهەر دەڵێ:"جا ئەوە کوا وا دەبێ؟ بە نەزەری من پێی بڵێ ئەتۆ دەچی وە دووی دەرس و دانشگای دەکەوی ئەویش ئەگە پێێ خۆشە با لەسەرت ڕاوەستێ، بەڵام ئەو قسانەی پێتدەڵێم هەمووی پێبڵێ. ڕاوەستا ڕاوەستا، ڕانەوەستا ئیدی کەیفی خۆیەتی!"
ئەمنیش پێمwایە کاکە مەزهەر ڕاست دەکا و لە هەمووی باشتر هەر ئەو ڕێگایەی وێ. قەولی پێ دەدەم هەرچی زووتر ئەو کارەی پکەم.
دوای سێ حەفتان لەگەڵیان دەچمە تارانێ.

###

لە حەساری دەبیرستانی وەلیوڵای نەسر، دانیشتووم و چاو لە کچەکان دەکەم.
لە هەموو جوری تێ خزاوە. کچێکی قەد بڵیندی زۆر جوان لەو بەری حەساری کیفەکەی دەکاتەوە و کتێبەکەی دەردێنێ دەرسێ دەخوێنێ هەر جارناجارێکیش قەپاڵێکی لە ساندویچەکەی دەدا.
یەکی دی خەریکە خۆی جوان دەکا و سەری دادێنێ.

کچێکی کزولاواز بە لامەوە دێ.
دەڵێ:"ئەتۆ لە کلاسی منی. نێوم مینویە. ئەتۆ خزمی ئاغای `باباتاهیر`ی."
دەڵێ هەموویان کاکە حەسەنیان خۆش دەوێ. زۆر معەلیمی چاکە.
دوایە پێکەوە نەهارەکەمان دەخۆین. ماڵە کاکم لەو مەدرەسەی زۆر دوورە. بۆ نەهاران دەبێ لێرەبم و هەتا سەعات چواریش نایا لە دووم.

ئەو دەبیرستانە لە کوێ و دەبیرستانی خۆمان لە کوێ؟ هەموو شتێکی زۆر فەرقی هەیە. زۆر ناخۆشە. لە بەیانی هەتا ئێوارێش لێرە بوون وەک وەیە لە زینداندا بم. چونکە هیچ کوێش پێ نازانم.
ناکرێ بە تەنێ پرۆمە دەرێ.
کاکیشم هەر دەڵێ:"ئەتۆ یەک کارت زیاتر نێ دەرسێ پخوێنە! فیکری هەموو شتێکی لەسەرت بەرە دەر هەتا دیپلۆمەکەت وەردەگری. ئەمە هیچمان قەت ڕەد نەبووینەوە هیچ، شاگرد ئەوەڵ و دووەمیش بووین، ئەتۆ ئاپرووی هەرچی موحەسلە بردووتە!"

ئەمن لە ساڵی ڕابردوودا زۆر تووشی گێرەوکێشەی بووم بۆیە یێوازم و زۆرتر هەر خەریکی دەرسێم.
ئەگە فازل لە ماڵە کاکم بێ جاروبارە چاو لە تلویزیۆنی دەکەین ئەویش بەرنامەی مێخەکی سپی (شو میخک نقرەای).
فازل لەگەڵ کاکە ئەمیر و کاکە مادح و جەفعەری لە ئەمیرابادی شومالی (امیر آباد شمالی) ئەپارتمانیان هەیە. جەفعەر زۆر کەم وە ماڵێ دەکەوێتەوە. فازل لە خارەزمی (خوارزمی) دەرسێ دەخوێنێ و زۆر شاگردی باشە. کاکە ئەمیر لە ئیدارەی پۆستێ لە

بەشی وڵاتەکانی دەرەوە (بین الملل) کارێ دەکا و کاکە مادح لە دانشکەدەی پۆلی تێکنیک دەرسێ دەخوێنێ.

###

ئەورۆ مەهناز، کچێکی زۆر خوێن‌شیرنی کلاسەکەی مە، دەڵێ:"ئەتۆ دەزانی زۆرتر وەکوو کلاسی ئەوەڵی دەبیرستان دەچی هەتا شەشوم؟"
دەڵێم:"بۆ؟"
دەڵێ:"بۆ ئارایشێ ناکەی بە خۆت ڕاناگەی؟ ئەو برۆیانەت وەکوو لاقی بزنی تووکنە! چاکی کە! ئێرە ئیدی وەکوو شارستانی نێ دەتوانی خۆت شیک‌وپیک کەی، چاوی لێکە ئەو کچانەت دیتۆ چۆن بەخۆیان ڕادەگەن؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئا دیتوومن! پێش وەی بڕۆنەوە ماڵێ، خوارەوەی دامەنەکەیان کە بە زیپی بە سەرەوەی سێرێکەیانەوە نوساوە، لێی‌دەکەنەوە و دەیکەنە `مینی ژوپ` و دەچنە نێو ماشێنی ڕەفیقە کورەکانیان و دەڕۆن!"
مەهناز دەڵێ:"بارەقەڵا، دیتووتە؟ ئەتۆش فێربە ! ئەمن سبەینێ هەر زەنگی لێدا خەریکی دەموچاوی تۆ دەبم دوایە نەهارێ دەخۆین چاکە؟
ئەتۆ جوانی! بەڵام `ڕیخت‌وقیافەی شارستانی`ت هەیە، تاران ڕیخت‌وقایفەی خۆی هەیە، دەبێ نیوەی برۆت هەڵقەنم! پرێکیش ریمێلی لێدەی چاکە! کەمێکیش ماتیک. ئەمن لەجیاتی تۆ بم دامەنەکەشت درێژە، کورتی دەکەمەوە. مووی سەریشت کورت کەوە! مووی کورتت لێ دێ، زۆر فەرقێ دەکەی!
لێرەش نەجاتیت هات، بۆ دانشگایە، کەپۆت عەمەل کە، زۆر جوان دەبی، پریک درێژە! ویستت ئەو کارەی پکەی دوکتوری زۆر چاک دەناسم."
دوایەش پێدەکەنێ دەڵێ:"باباتاهیر! ئەسڵەن نات‌ناسێتەوە!"
بە دەستی دواێنی سێرێکەم هەڵدەگرێ، دەڵێ:"هیچ نەبێ نیو گەزی لێ دەرهێنە! زۆر درێژە. سێری دەبێ یا وەکوو مەی لەبەر کەی یا وەک `سوزی`!"
ئەمنیش دەڵێم:"`سوزی` قەت قەت سێری لەبەردا نێ. ئەرێ ئەوە چۆن هەرچی پێی خۆش بوو لەبەری دەکا؟"
دەڵێ:"`سوزی` لە تەواوی دەورەی دەبیرستانی قەت رووپووشی لەبەر نەکردۆ، مەدرەسەش هیچی پێ ناڵێ! نیوەی ساڵێ لە ئەمریکا و ئوروپایەیە، هەر وەختێکیش دێتەوە ئێرانێ مانگێکی دەڵێی `جێت لەگ`ە و شەو ورۆژی لێ تیکەڵ بۆ! مانگێکی دەڵێ سەری دێشێ حەوسەلەی نێ بێتەوە مەدرەسەی!"
دەڵێم:"دەریش دەچێ؟"
مەهناز دەڵێ:"ئوو... قەت تەژدیدیشی نەهێناوەتەوە!"
دەڵێم:"چۆن؟"
دەڵێ:"بابی زۆر زۆر دەوڵەمەندە! ئەمن نازانم بۆ دێتە مەدرەسەی.

یەکێکی ئەوەندە دەوڵەمەندە بۆ دەرسێ دەخوێنێ؟ ئەمە دەرسێ دەخوێنین، کارێکی پەیدا کەین، حقوقێکی وەرگرین. ئەوە لە چی دەگەڕێ نازانم. پێم وایە هەر بۆ گەپوگاڵتەی دێتە مەدرەسەی. یا دێ لیباس و کەوش و ماشێنەکەی بە مە نیشاندا!"
دەڵێم:"لە سەر کلاسێش زۆرتر چۆرتی لێ دەدا یا دەچێتە دەرێ لە کلاسێ، معەلیمەکانیش دەنگێ ناکەن!"
دەڵێ:"نا! بۆ وەی دەڵێ `میگرێن`ی هەیە تازە نازیشی دەکێشن!"

کاکم کە دێ لە دووم، دەڵێ:"ئەوە چ قیافەیەکە بۆخۆت دروست کردۆ؟ ئەوە لە کوێ ئاوات لە خۆت کردۆ؟"
ئەمنیش دەڵێم:"لەگەڵ کچێکی هاوکلاسم بوومە ڕەفیق. کوتی ئەمن زۆر وەک دێهاتیان دەچم و وەک کلاسی ئەوەڵ بم وایە، وەکوو شەشومی دەبیرستان ناچم."
دەچمە نێو ماشینەکەی کاکم، دادەنیشم.
دەڵێ:"ئەی بابا! دەبوو پێی بڵێی ئەمن هاتوومە ئێرە دەرسێ پخوێنم نە ئینکی خۆم بە شکڵهای عەجیبوغەریب دەرهێنم."

###

لە کلاسی شەشوم نەجاتیم هاتۆ.
ئەوچەل کورەکان کلاسی کونکوریان لە ئەمیرئابادێ دیتۆتەوە و دەڵێن دەبێ پچم. کلاسەکەش لە سەعات حەوتی بەیانی دەست پێ دەکا، ئەمن دێمە ماڵە کورەکان لە ئەمیرئابادی شومالی.
دەست دەکەم بە شوشتن و خاوێن کردنەوە و هەڵوەژاردنێ. کێشت زۆرتر کاکە مادح خەریکێتی. ئەمن زۆر شتی نازانم  و لە وی فێر دەبم.
دایکم کچێکی چکۆڵەی دە ساڵەی خەڵکی دێی بۆ من دەنێرێ و دەڵێ منداڵە زوو فێرە کار دەبێ هەتا لە کونکوری نەجاتت دێ با کۆمەگت پکا.
سەد ڕەحمەت بە کلاسی شەشوم. کلاسی کونکورێ سەد بەرابەر ناخۆشتر  و گرانترە.
ئەپاڕتمانی کورەکان لە مەرتەبەی دووەمە. دەرکی خانووبەرەکەی لە سەر خەیابانێیە. کە دەچێ ژوورێ دە دوازدە پلیکانت دێتە بەرپێ. لە پلیکانان دەچێ سەرێ، دەرکی ئەپاڕتمانەکەیە. کە دەچێ ژوورێ لە دەستی ڕاست ئاشپەزخانەیە، پەنجەرەکانی دەڕوانە سەر خەیابانێ.
حەمامەکەی چکۆڵەیە و هەر دوشی هەیە. وان و شتی تێ دا نێ. پرێکیش تاریکە. لە پەنا حەمامەکەی پەنجەرەیەکی چکۆڵەیە، جاروبارە فازل دەیکاتەوە هەتا بزانێ "عەلی" کورەکەی سەرەوەی مە لە ماڵە یا نا. لەو پەنجەرەی کە ڕەد دەبی دەگەیە ئاودەستێ. ئاودەستەکەش هەمووی عەکسە. کاکە مادح دەڵێ پیاو لە بیری دەچێتەوە بۆ هاتۆتە ئێرە!

ژووری فازلی دەرکەکەی بەرامبەر بە دەرکی کوچەیە، زۆر ڕووناک و خۆشە. بەرهەیوانێکی خۆشی لەسەرە و دوو پەنجەرەی گەورەی تێدا.
ژوورەکە، تەختێکی لێ دانراوە و میزوسەندەڵێک. عەرزەکەی ڕووتە و لەسەر تاقەی کتێب و لە خوارەوەی تاقەکەش هەموو جورە میداد ڕەنگی و فڵچەی نەقاشی و ڕەنگ رەوغەن و ئەسبابی نەقاشی کردنێ داندراوە.
زەپتیسەوتێکیش کە هەم ڕادیۆیە و هەم زەپتە لە بەرقی دایە و ئەگە فازل لە ماڵێ بێ گۆرانی "تام جۆنز"ی بڵاو دە کاتەوە. گۆرانی چەمەنی زۆر سەبزی وڵات ("Green, Green Grass of home")ی زۆر پێ خۆشە. دیارە گۆرانی بیتلەکانیش هەر گوێ دەداتێ.
لە پەنجەرەی ژوورەکەی بە سوور نوسیوێتی:

" کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخوچەو
جوانترە لە لای من لە دەریای بێسنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپوهوور."

فازل ئەو گۆرانێ و هەموو گۆرانێکانی "هۆمەر دزەیی" زۆر پێ خۆشە و هەمیشە گوێیان دەداتێ. جاری واشە هەر گوێ دەداتە موسیقی جۆرج زەمفیری.
پۆستێرێکی دروست کردۆ لە دیواری داوە لێی نووسراوە: ئاورێکی گەورە لە پریشکێکی چکۆڵەوە دەست پێ دەکا (Single Spark Can Start a Prairie Fire).
نەقاشی چێگواراکەشی کە بابم نەیدڕاند، لە دیواری داوە. نەخشەی دنیایەشی لە خوارەوەی عەکسەکەی چێگوارای داوە.
فازل زانستی عەرز وبن عەرز (زمین شناسی) و زانستی فڕین (پرواز) و مەلەوانی (غواصی) زۆر پێ خۆشە و دایکم زۆرتر هەر بانگی دەکا "زەمین شناس"!
باسی ڕشتە و دانشگا وئەوەی کە دەکەین دەڵێ ئەوەندە شتی دیتۆتەوە کە پێیخۆشە، بۆخۆشی نازانێ دەیەوێ چ پخوێنێ!
بەمن دەڵێ:"ئەتۆ ئاسودەی بۆ وەی یەک شتت پێ خۆشە. ببی بە دوکتور!"
ئەمنیش دەڵێم:"بەداخەوە ئەوەش گووی تێ بوو. لە کونکورێدا "پزشکی" دەبێ هەوەڵین ئنتیخابت بێ و بەلانی کەمەوە هەشت هەزار پۆوەنیش بێنێوە. ئەتۆ پێت وایە ئەمن بەدەردی دێدە دەیکوت `قەل گووم دەگەیێنێتە وەی؟`"
فازل دەڵێ:"ئا! ئەتۆ ئەگە حەولێ بدەی درەنگ نەبۆ. ئەوەی لە توانات دا بێ بیکە ئەگە هەر نمرەت لە `پزشکی` نەهێناوە بۆ شتی دیکە دەیهێنێوە. ئەتۆ زۆر شتی دیشت پێ خۆشە لە ئەلعانڕا فیکر لەوەی پکەوە ئەگە `پزشکی` نەیگرت دەتەوێ چ پخوێنی."
بە گاڵتە دەڵێم:"چرای لەسەر دەرکەی هەڵماوەسە، خۆشەویستم، هەتا کچەکەی جیرانمان نەیاتە سەر لێوی بانی`فانوس به درگاه میآویز عزیزم تا دختر همسایه لب بام نیاید، ` کاکە مادح هەر ئەو شیعرەی نوسرەتی ڕەحمانی دەڵێ!

ڕاستێکەی شاعیری، نووسین، گۆرانیوێژی، ئەوانەم پێ خۆشە. دەڵێی لایەکی کەلەم، دەیەوێ ببێتە دوکتور و لایەکیش زۆر شلوشەوێقە و بێوازە و دەیەوێ شیعری بڵێ!"
دەڵێ:"هەر ئەتۆ وا نی. ڕەنگە زۆربەی خەڵکی وا بن و بۆخۆیان پێی نەزانن. وەکوو کاکە مادحی. فیلم و تێئاتر و کارگەردانی و شتی وای پێ خۆشە، بابم ناهێڵێ بە لای شتی وا دا پروا، دەڵێ دەیەوێ موهەندیسی `مهار چاه` پخوێنێ، دیسان بابم پێشی دەگرێ دەڵێ زۆر خەتەرناکە، دەچێ پترۆشیمی دەخوێنێ."
دوایە لاسای دەکەمە و دەڵێم:"ئەمە تێکنیکین! عیلم و سەنعەت لە دنیایەدا ڕهبەرە! لە شێری ناترسێین! ئەمە بۆخۆمان وەک شیری واین! `ما تکنیکی هستیم! ماتکنیکیان آقای جهانیم! از شیر نترسیم که خود شیر ژیانیم!"
فازل دەڵێ:"ئەوەش ڕاست دەکەن دانشجوی `پۆلی تێکنیک`ی هەمیشە بۆ تەزاهورات کردنێ لە پێشەوەن."
دوو ژوورەکانی دی بە دەرکەیەکی بە سەر ژووری فازلیدا دەکرێنەوە.
کورەکان دوو جێلیباسی زۆر دوورودرێژیان لێ داناوە و لیباسەکانیان بە ڕەختاویزیدا دەکەن و لێرە هەڵیداوەسن. میزێک و دوو سەندەڵی تێدایە.
بەر پەنجەرە و سەرمیز و بنمیز و هەموو جێگایەک پرە لە کتێب. تەختی کاکە ئەمیری لەو ژوورەیە و ئی کاکە مادحی لە ژووری دوەمە.
تەختێکی دی لە بەینی ژووری دوەم و سێوم داندراوە و دەڵێن ئی جەفعەرێ. بەڵام ئەو لە سەد ڕۆژێ ڕۆژێکی نایەتەوە. هەزار میوانوگێلان بێ نایبینین. لێشی دەپرسن لە کوێیە. دەڵێ:"بیلامانێ ئەمن جاروبارە غەیب دەبم و دیسان وە دیار دەکەمەومەوە!, دەچم بۆ کورەیەکی دیکە!"
بۆ ماوەیەکی کورت، هەموو شتێکم پێ سەیرە و هەر دەپرسم ئەوە بۆ وایە، ئەوە چێ؟ ئەوە کوا وا دەبێ؟ هەتا دەبینم ئەو ژیانە لەگەڵ ماڵی ژنومنداڵدار فەرقی زۆرە. لێرە دەمەقاڵە و گێرەوکێشە لە گۆڕێدا نێ. هەر کەس وەدووی کاری خۆی دەکەوێ. ئەگە جاروبارە یەکێک پێیخۆش بوو ڕاوتەگبیرێکی بە وی دی پکا، لەیەکتری خڕ دەبنەوە و تەگبیری لێ دەکەن.
لە کێشت لێنان و قاپ شوشتن و وڵات خاوێن کردنەوەشدا هەموو یارمەتی دەدەن و بەمنیش دەڵێن کاری من دەبێ دەرس خوێندن و لە کونکور دەرچوون بێ نە هیچ شتێکی دی.
ئەمە کەروێشکێکی زۆر جوانیشمان هەیە بە نێوی "تێنێسی" بە یادی "تێنێسی ویلیامز" نمایشنووسی ئەمریکایی نێونراوە. کەروێشکەکە کاکە مەزهەر بۆی هێناوین.
"تێنێسی" بۆ هەموو جێیەکی دەچێ مەگە ژووری فازلی.
فازل دەڵێ:"وەختی کشپەڵ خاوێن کردنەوەی نێ و کەروێشکەکە بە کاغەز و نەقاشی و شتەکانیشی کە هەمیشە لەسەر عەرزین ، ڕەنگە هەڵبمیزێ!"

###

کاکە مەزهەر دەمباتە ماڵە سریوەی چونکە لەوەتا مێردی کردۆ نەمدیتۆ.
هەر نەمزانی بە کوێشدا مێردی کرد.
سریوەی دوای سێ چوار ساڵان دەبینم. نەگۆڕاوە. پرچی کاڵ و هەمیشە درێژ بوو، کز بو و زۆر جوان و ڕێکوپێکیش لیباسی لەبەر دەکرد. داوێنی کورت (مینی ژوپ) کە مۆد ببوو لە تارانێ، سریوە هەوەڵین کچێک بوو کە سێرێکەی لە سابڵاغێ هەتا سەر ئەژنۆی برد بوو. بلوز و ژاکەت و شتی کامواشی هەمیشە بۆخۆی دەچنی و شتی جوانی هەبوو.

سریوە دیارە چاوەڕوانە. ئێستا نەگەیشتووینە بەردەرکی ماڵەکەی بەرەوپیرمان دێ و دەڵێ:"مەگین ئەتۆ کاک مەزهەر، هیمەتێکی پکەی، دەنا ئەو خانمە!"، ڕوو لە من دەکا، "ئەتۆ لەو بنەوپاڵەیەوە ئەوە بۆ لێمان ناپرسی؟ قسەی قۆریش مەکە! ڕێی ماڵە ئاغای "دەماوەندی" دەزانی پچی ژنی بۆ برات بێنی، بەڵام ڕێی ماڵە مە پێ نازانی!"
ئەمنیش بە پێکەنینەوە پێی دەڵێم:"بە خولای دەڵێن کەچەڵ ئەگە دەرمانکەر با دەرمانی سەری خۆی دەکرد!"
چووینە ژووری میوانان، دەڵێ:"قادر هەتا نیو سەعاتی دی دێتەوە. یاخولا بە خێرێن! بە خولای، بە بێتەعاروف، کاک مەزهەر، هەر دەڵێی وەفای برام هاتۆ! جا دۆڵمەیەکی عەینی دۆڵمەی سابڵاغێشم بۆ لێ ناون هەر دەبێ دەستی خۆتانی پێوە پخۆن!"
دوایە ڕوو لە من دەکا دەڵێ:"حەح ماڵتە! چەند لەمێژە نەم دیتووی."
دەڵێم:"لەوەتا مێردت کردۆ کەمر لوتف بووی لەکەس ناپرسی."
دەڵێ:"جا بڵێم چی؟ واقعەن ژیانی حیسانی بە تەواوی دەگۆڕدرێ، ئەو ڕۆژە خۆشانەی ئازادی و منداڵی و مەدرەسەی هەر وەک خاترەیەکی دووریان لێ دێ.
دەی! پێم بڵێ ئەوە جەریانی پەریزادی چێ؟"
دەڵێم:"لە مام و ئامۆژنیم بیست کە پەریزاد دەچێتە ئاموزشگای مامایی. جاروبارەش دێ سەری ماڵە مامی دەدا. ئەمنیش ڕۆژێکی چووم بۆ دیتنی. سەیر بوو .کاکە مادح قەت قەت ناڵێ دەیەوێ لەگەڵ من بۆ جێگایەکی پچێ. کاکیشم پێی سەیر بوو، بەڵام چووین و دیارە کاکە مادح زۆرتر لەگەڵ ئاغای دەماوەندی قسەی دەکرد. پەریزادیش جوان و شیک و دامەن و ژیلەیەکی مەخمەری کەسکی لەبەر کرد بوو بلۆزێکی سپی. خۆی لە چەپکی گوڵێ دا بوو."
سریوە دەڵێ:"نا بابە؟!"
دەڵێم:"ئا! زۆر گۆڕا بوو! قوڵی ئەو قوڵی نەما بوو!"
کە هاتینەوە ماڵێ لە کاکمی پرسی بوو، پێی چۆنە داوای پەریزادی پکا. کاکم بە بابمی کوت بوو و ئەویش هەمیشە پرس بە جەنانی شێخی دەکا. دوای ماوەیەکی کە جوابی دابۆوە، کوتبووی، ئەستێرەی ئەو دووانە یەکتری ناگرێتەوە و پێی مەسڵەحەت نیێ ئەو کارە سەر بگرێ."
کاکەمەزهەر دەڵێ:"مادحیش باوەڕی بەو قسانە نیێ."
ئەمنیش دەڵێم:"خولاسە خۆت حازر کە بۆ شاییە!"

ئاغای خەزایی دێتەوە و نەهارێ دەخۆین.
دوایە سریوە دەڵێ:"خەزایی! ئەتۆ و کاک مەزهەر بە جێ دێڵین دەچین قەدەمیکی لێ دەدەین."
کە دەچینە دەرێ لە دەرکەی، دەڵێم:"بۆ بە نێوی فامیلی مێردەکەت بانگ دەکەی، لە جیاتی نێوی خۆی؟"
دەڵێ:"ئەیەڕۆ! بمکوژن نێوەکەی ناڵێم چەندە ناخۆشە!"
ئەمنیش دەڵێم:"زۆر چاک دەزانم نێوی ناخۆش، چەندە ناخۆشە!"
سریوە دەڵێ:"تەئسیری زۆری لەسەر ڕوحیەی حیسانی هەیە!"
ئەمن پێدەکەنم و دەڵێم:"ئەو هەمۆ نێوە ناخۆشە عەرەبێیانە لە نێومان دا. ئەوهەمۆ نێوە جوانە، کوردی عێراقێش لە منداڵان دەنێن."
دوایە دەڵێ:"ئەرێ خەریکی چی؟ ماڵتە ئەوە بۆ وات کرد؟"
دەڵێم:"چم کرد؟"
دەڵێ:"حەح ماڵتە! ئەتۆ لە عاسمانی حەوتومڕا بۆخۆت بەرداوە؟ ئەوە چ بو؟ پێمۆایە ئەمن کە روێشتم، پرە عەقڵێکی کە هەشت بوو بە خڕی لە دەستت دا."
بە پێکەنینەوە دەڵێم:"ئەمن نەم دەزانی لە عاسمانی حەوتوم بووم."
دەڵێ:"حەح ماڵتە! ئەمن و زۆر کەسی دیش فیکرمان لەوەی کردۆتەوە کە ئەتۆ دەبێ مێرد بە کێ پکەی. ئەو کەسە کێیە کە لەگەڵ تۆ دێتەوە؟ گەرچی دەتناسم شێوەی فیکر کردنەوەی تۆ بۆ سابڵاغێ نابێ. واقعبین نی. فیکری سەیر و شتی واشت هەمیشە هەر هەبۆ!"
ئەمنیش دەڵێم"عەجایب یا تازە؟"
سریوە دەڵێ:"بۆ سابڵاغێ و خەڵکەکەی عەجایب، لە نێو مەدا، خەڵک زۆر سونەتین. ئەمن بیستم دەستوو لە دەستی یەک نابوو و چووبوونە سینەمایە!"
ئەمنیش دەڵێم:"بەڕاستی خەڵکێکی وەدوا کەوتوومان هەیە. ئەو درۆ زەلامەی! ئەوە ڕەنگە مەنزور تالاری فەرهەنگ بوو بێ، بۆ وەی لە نمایشێکیدا بوو، هەموو دەبیرستان و مەدرەسەکانی کچان هات بوون. تازە ئەو دەمی هەر نەمردەناسی. هەوەڵ جارێ لەو نمایشەیدا دیتم."
دەڵێ:"دڵت نەیەشێ ها بیستوومە دەرسی چاکە و ڕیازی دەخوێنێ بەڵام بە نیسبەتی کورە جوان چاک و شیکوپیکەکانی خۆمان، هەر هیچ نیێ!"
ئەمنیش دەڵێم:"خەلاس بۆ! هەر ناشزانم چی لێ هاتۆ! بەڵام هەر وەک دەزانی هەتا شتێکی دیکە دەکەوێتە سەر زاری خەڵکی، هەر ئەوەی دەڵێن و دەبیستنەوە!"
دەڵێ:"دە چاکە، چاکە، زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە، قازانجە!"
دەگەڕێینەوە ژوورێ و خوداحافیزێ دەکەین و دەڕۆین.

###

ئەمن لەبەر  ژانی زگ و پشتم لەنێو جێی دام.
فازل لە مەدرەسەیرا هاتۆتەوە و دەسکێکی "نەرگسی هولەندی" هێناوە بۆم.
دەڵێم:"گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵچەکێ، زەرد چەپکێ... مەمنوون! ئەتۆ بۆ پووڵی خۆت خەسار دەکەی؟"
هەر وا کە لە دەستشویەکەی ئاوی لە  گوڵدانێکی شووشەی چکۆڵە دەکا و دەیهێنێتە کن من، دەڵێ:"پووڵێکی `نەرگسی هولەندی` پێ بکری خەسار نابێ، پێموا بوو زووتر چاکت دەکاتەوە!"
دایاندەنێ و دەڵێ هیندەی نەماوە بۆ نەورۆزێ. کابرایەکی پیر و فەقیر دانیشتۆ پێنج شەش چەپکی لەو گوڵانە لە نێو قابێک ئاو ناوە و لەسەر چوارڕێیە دەیانفرۆشێ."

فازل دەڵێ:"ئەوە دەچم لەگەڵ ئەو خەیاتەی`پیراهن دوزی مرمر` بەشەڕێم، کراسە خەتدارەکەمی لێ سەقەت کردووم. یا دەبێ چاکی کا یا پێم کوتۆ پووڵی نادەمێ!"
دەڵێم:"زۆر کارێکی چاک دەکەی! لەبیرتە ئەو دوکانەی خوارەوەی خەیابانێ کە لیباسی ژنان دەدروون، جلیتقە (ژیلە) و شاڵواری مەخمەری منیان لینگاولینگ دروو بوو. چووم پێمکوتن:`ئەوە بۆ لینگاولینگە؟`
ژنە سەرکوتکەکە کوتی:`شەوی جێژنێیە، زۆرمان کار هەیە، ڕەنگە پرێک ئەوبەر ئەوبەر بوو بێ! (شب عیده، یە عالمە کار سرمون ریختە، ممکنە یە کمی این ور و اون ور شدە باشە!)"
ئەمنیش شاڵوارەکەم لە پێکرد و پێمنیشان دا و کوتم ئەمن بۆی بەجێ دێڵم چاکی کا پووڵی دەدەمێ، چاکی نەکا لەبەر پەنجەرەی دوکانەکەی دایینێ هەتا دەیفرۆشێ! دە ڕۆژێکێ پێ چوو بەڵام چاکیان کرد."
فازل دەڵێ:"ئەو کابرایەش سێ چوار کراسی بۆ درووم هیچیان خەراپ نین. ڕەنگە ئەویش کارێکی زۆری بۆ پێش نەورۆزێ وە ئەستۆی خۆی گرت بێ و بە پەلە پەل، شەش تەقەڵومانگەشەو دەیاندرووێ و لەوێیان دادەنی."

فازل دەڕوا و ئەمنیش هەڵدەستم توورەکە خوێیەکەی دەبینمەوە و دەیبەمە نێو ئاشپەزخانەکەی گەرمی کەم و بیهێنم لەسەر زگ و پشتمی دانێم.

###

هاوینە، لە سابڵاغێین.
خەبەر دێ کە "نیل ئارمسترانگ" فەزانەوەردی ئەمریکایی گەیشتۆتە سەر مانگێ. خەبەری دەنێرێتەوە سەر عەرزی و دەڵێ لاقی هەمووی خۆڵە و خۆڵەکەش وەکوو کەیکی شەگەڵاتی نێوان نێوانە!
ئەمن و فازل زۆرمان پێ خۆشە حیسان گەیشتۆتە مانگێ. چونکە فازل هەمیشە باسی وەی دەکا کە بەشەر ملیۆنها ساڵە لەسەر عەرزێ بەڵام زۆر وەدوا کەوتۆ و دەوروبەری خۆشی هەتا ناناسێ و نازانێ چ خەبەرە.
کاکە جەمیل دەڵێ:"ئەمریکا زۆر لە شورەوی لە بابەتی `کاروباری مەربوت بە کورەی دیکە` لە دوایە."
کاکم بە شۆخی دەڵێ:"جەمیل بەسەری من، دەست هەڵگرە! ئەلعان ڕەنگە پێت وابێ عرووسان ئەوە لە کوراتی دیکە خلێمی دەخۆن، عرووس لە بەرابەر ئەمریکایە کەشکیش نیێ!"
دایکم دەڵێ:"ڕۆڵە بە قوربان! بەشەری خوێری کوا چی پێ دەکەرێ؟ ئەوە حەزرەتی جەبرەئیل نەیتوانی بە سواری دوڵدوڵیش پرواتە خزمەت خولای تەعالا.
اگر یک سر موی برتر پرم
فروغ تجلی بسوزد پرم."
کوا حیسان دەگاتە ئەو جێگا و مەقامەی؟"

کاکە جەمیل ڕوو لە من دەکا و دەڵێ:"ئەتۆ ئەوەندەی هەموو خڕ بوونەوە کاری هەڵبژاردنی نێوەکەت جێبەجێ کە، پێنجی میهر کە هات لێرەش نەبی موهیم نیێ. ئەگە لازم بوو پچێ دادگایە، خەبەرت لێ دەنێرم، دێیەوە. بەڵام کاغەزوشتەکەی لە `عەلی` وەردەگرم هەمووی پڕ دەکەینەوە و ئیمزای پکە، حازر بێ."
کاکم دەڵێ:"`گەزیزە!`نێوی خۆت بنێ گەزیزە، بەڕاستی جوانە و تەواوی شاخوکێوی کوردستانیش بەهاران پڕە لەو گوڵەی."
فازل دەڵێ:"چەند نێوت هەڵبژادۆ؟"
دەڵێم:"دوو."
دەڵێ:"چل کاغەزی بە یەک ئەندازە و یەک ڕەنگ دەبڕی. لە بیستیان نێوێکی دەنووسی و لە بیستەکەی دی نێوی دوەم. دەبێ هەمویان وەک یەک قەد کەی، وا بێ بۆخۆشت نەزانی کێهە کێهەیە. دە نێو شتێکی قوول وەکوو کڵاو یا قابیان دەنێی و هەرکەس کاغەزێکی هەڵدەبژێرێ و دەیکاتەوە، بزانێ کێهە نێو هاتۆ. شتێکیشت پێ بڵێم دایکم ڕەنگە کاغەزێکی هەڵبژێرێ، بەڵام ئەمن لە جیاتی تۆ بم بۆ لای بابم هەر ناچم."
کاکم دەڵێ:"فازل ڕاست دەکا! ئەو مەسەلە بۆ بابم مەسەلەی کوردی و عەربی نیێ. ئەو نێوە نێوی پوورمە و بۆ بابم زۆر موهیمە. چاکترە هەر باسی نەکەی."
لە پێش ئەوەیدا بابم لە بازاڕی بێتەوە، کاری هەڵبژاردنەکەی دەستپێ دەکەم.

هەرکەس کاغەزێکی هەڵدەبژێرێ، دەیکاتەوە و دەیخوێنێتەوە. دوایە فازل لەسەر وەڕەقێک کاغەز لە لایەکی دەنووسێ "شیلان" و لە لایەکی دی دەنوسێ "پاییز" و لەژێر هەر نێوەی دەنووسێ کە هەر کامێک لەو نێوانە چەن جار هەڵبژاردراون.

لەسەر نانی نیوەڕۆیە کاکم بە بابم دەڵێ خەریکی پرۆژەیەکی زۆر گەورەی شار دروست کردنێیە. دیارە دوو شەریکی دەبێ و ئەگە جێبەجێ بێ خەڵکێکی زۆر دەتوانێ لەسەر کار دامەزرێنێ.
دایکم دەڵێ:"ئیشەڵا، ڕۆڵە گیان، خوڵا بۆخۆی بێتە کۆمەگت بۆ وەی ئەتۆ ئەوەندە لەگەڵ هەموان چاکەی دەکەی. خوڵا مەحفوزت کا یاڕەبی. ئەوەندەت لێ ڕازی بێ کە ئەمن لێت ڕازیم."
بابم دەڵێ:"جا ئەتۆ ئەو شیرکەت و کاری ئەلعان هەتە چ عەیبێکی هەیە ڕۆڵە! شوکور کارت چاکە! لە `وەستا ڕەمەزان` و براکەی ڕازی. بۆ لە خۆتی تێک دەدەی؟ کاری گەورە، دەردیسەری گەورەشی بەدواوەیە."
کاکم دەڵێ:"نا، بابە! دیارە کارێکی هاسان نیێ و گێرەوکێشەی زۆرە بەڵام دەبێ وە دووی کەوم. دیارە ئەو کارە چکۆڵانەش هەر لەسەر جێی خۆی دەبێ."
هەرکەس قسەیەکی لێ دەکا و شتێکی دەپرسێ. ئەمن خوادخودامە کاکم باسی :نێوی من نەکا.

دوایەش دەڵێ:"فازل ئەوە بە نمرەی زۆر عالی،" چاوێکی لە من دەکا، "دیپلۆمەکەی وەرگرتۆ ئەویش لە خارەزمی (خوارەزمی) کەشک نیێ، یانی لە جیاتی عیشق‌وعاشی! دەرسی خوێندۆ! ئەمن پێی‌دەڵێم معماری پخوێنێ ڕشتەی باشە و نان‌وئاویشی تێ‌دا. بۆخۆشی دەڵێ دەیەوێ پچێتە کن ئەمیری لە ئەمریکایە."
بابم و دایکم وەکوو مەنجەڵێکیان ئاوی سارد پیّدا کەی، ڕادەچڵەکێن: "چی؟ ئەمریکا؟"
بابم فەورەن دەڵێ:"جا بۆ بابە، لێرە دەرسی خۆت نەخوێنی، ئەمریکای چی؟ بۆ کوێ دەچی؟ ئەمن بۆ چوونی ئەمیریش هیچ پێمخۆش نەبوو."
کاکم دەڵێ:"بە خودای بابە، ئیشکالی نیێ پچێ. بۆ دەرس خوێندنێ ئەمن پێمخۆشە با پچێ."
دایکم دەڵێ:"جا چوزانم ڕۆڵە! زۆر دوور و بێ‌ئامانە. دیارە `حەزرەتی محەمەد` بۆخۆی فەرموویەتی بۆ عیلم فێر بوونێ حەتا پچنە چینێ."
بابم دەڵێ:"بزانین ئەمیر دەڵێ چی. دەبێ لەگەڵ ئەمیری بێ و لێێ غافڵ نەبێ دەنا نابێ پچێ."
کاکم دەڵێ:"دەکرێ لەگەل ئەمیری بە تەلەیفون قسان پکەین و دیارە دەشکرێ ئەوەی پێت خۆشە پێی ڕابگەیێنی بینووسی، ئەمن بەڕێی دەکەم."
بابم دەڵێ:"بە من با هەر قەت هیچ کامێکتان بۆ هیچ‌کوێ نەدەچوون. لە وڵاتی خۆت و نێو خەڵکی خۆت دەرسێ پخوێنی و دامەزرێی و ماڵ‌ومنداڵت گەورە کەی، ئەوە ڕێگای دروستە. چوونە خاریجە و دوور کەوتنەوە لە وڵاتی خۆت کارێکی هەڵەیە."

کاکم دەڵێ:"نا بابە وا نێ! ئەوەی لە سەفەر فێری دەبی قەت لە حەزەر فێری نابی. لە دنیای ئەورۆدا هەتا دەتوانی دەبێ وە دوای دەرس خوێندن و پێشرەفتێ پکەوی. ئەمن ئەوەندەی لە تاقەتمدا بێ کۆمەگی هەموان دەکەم کە دەرسێ پخوێنن."

لە دەرکەی دەدەن. ئەمن دەیکەمەوە. کاکە حەسەنە.
کاکە حەسەن زۆر کەڵەگەتە بەڵام پێی چکۆڵەیە، لە پێشخانەکەی کەوشەکانی دادەکەنێ و دەچێتە ژوورێ. هەموو لە خۆشیان ڕاست دەبنەوە.
کاکم دەڵێ:"ئەوە بۆ بۆ نەهارێ نەهاتی؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"فەرمووو لێرە دانیشە!"
کاکە حەسەن وەکوو چرایەکێ کە لە تاریکایەدا هەڵیدەکەی، لەگەڵ خۆی پێکەنین و جەفەنگ و سەروروی خۆش دێنێ. هەزار ڕاوتەگبیری پێ بکەن، قەت ناڵێ ئەوەی پکەن، ئەوەی مەکەن. ڕەنگە پروای خۆیت پێ بڵێ، بەڵام قەت حەول نادا بە سەرتدا دایسەپێنێ.
بەڵام ئەورۆ ئەو کاکە حەسەنەی هەمیشە نێ. زۆر ناڕەحەتە و باسی شەڕ وکێشەی دایکی لەگەڵ سەرگوڵی ژنی دەکا. دەڵێ هەموو ڕۆژێ دایکی بەزمی پە سەرگوڵی دەگرت و دایمە کێشەیان بوو. هیچ ڕێگای بۆ نەمابۆوە، لێک جوێ بوونەوە.
لێرەدا دەست دەکا بە گریانێ و ڕوو لە کورەکان دەکا و دەڵێ:"هەتا دایکوو ماوە ژنێ مەهێنن!"

###

لە ترسی وەی ڕۆژنامەی کەیهان (کیهان) بێ و لەبەر خەبەری کونکورێ یەکدا بە دوو هەمووی بفرۆشرێ، بابم و کاکە جەمیل و فازل هەر یەکەی ڕۆزنامەیەکی دەکڕن.
بەڵام بەداخەوە نێوی منی تێدا نێ.
دوای ئەو هەمۆ کلاسی کۆنکور چوونە و دەرس خوێندنەی هەموو ریسەکەم بۆتەوە خوری! بیکوتە، بیکوتە هەر ئەوەیە دیوتە!
فازل لە من زۆرتر پێی ناڕەحەتە دەڵێ:"پزشکی دانشگای تارانێ زۆر زۆر زەحمەتە، دەبێ دەست پکەی بە دیتنەوەی دانشکەدەی دی، بزانە چت پێ خۆشە عەلامەتیان لێ دە، زۆر جێگا هەیە کە کاری بە کۆنکوری سەراسەری نێ. بۆخۆیان ئیمتحانی ورودیان هەیە، وەکوو دانشکەدەی علومی ئیرتباتاتی ئیجتماعی کە ڕەوابتی عوومی و ڕۆژنامەنیگاری هەیە. ئەتۆ ڕۆزنامەنیگاریت هەمیشە پێ خۆش بۆ."
دەڵێم:"ئا! وایە، دوکتوری شێتان و ڕۆژنامەنیگاری و گۆرانیوێژیم هەمیشە زۆر پێ خۆش بۆ."
دەڵێ:"دەبێ چەند دانشکەدەی سەربەخۆ هەڵبژێری و ئیمتحانەکەیان بدەی. ئەمن زۆرتر وە دووی ئەو دانشکەدەی علومی ئیرتباتات دەکەوم بزانم چم وەگیر دەکەوێ پێتدەڵێم. دەزانم کە زۆر تازەیە و بە کچ و کوریش بەقەد یەک ئیمکانی دەدا. مەسەلەن ئەگە سەد نەفەریان بوێ، پەنجا کچی هەڵدەگرن و پەنجا کور. جێگای دیکە وا نێ. ئەو چەل لە ماڵە تازەکەی کاکیشم دوور نێ. لە جادەی قەدیمی شمیرانە."
ئەمنیش بە پێکەنینەوە دەڵێم:"ڕەنگە هەر بۆ منیان ساز کرد بێ!"

###

فازل جارجار دێته ماڵه کاکم بەڵام زۆرتریش لە ئەپاڕتمانەکەی ئەمیرئابادی شوماڵێ.
کاکە ئەمیر چۆتە ئەمریکایە. جەفعەر لە دانیشگایە خەلاسی هاتۆ و پاییزێ لە سابڵاغی دەیێتە معەلمی دەبیرستانی.
کاکە مادح وەکوو کاکم دەڵێ، خەریکی نامزەدبازییە. ئێستا هەر لە ئەپارتمانەکەی ئەمیرئابادێ. قەرار وایە شاییەکەی پێش ڕۆیشتنی فازلی بۆ ئەمریکایە بێ.
کاکە مادح دەبێ دوای وەی دەرسی خەلاس بوو پچێتە سەربازێ. دوو ساڵ سەربازی هەر بۆ کوڕانە و دیارە ئەگە چووبنە دانشگایە دەبن بە ئەفسەر. کچانیش هەر نابەن بۆ سەربازێ. کوڕیش ئەگە ژن و منداڵی هەبێ یا تاقە منداڵی کوڕی ماڵی بێ بۆ وەی ئاگای لە دایک وبابی دەبێ نایێتە سەرباز، هەروەها ئەوەی ناساغە یا بنی لاقی سافە.

فازل بە کاکم دەڵێ:"نازانم بۆ جوابم بۆ نەهاتۆتەوە. مەدڕەکی دەورەی ئینگلیسیشم بۆ ناردوون کە بزانن ئینگلیسی ئەوەندە دەزانم کە نەچمە کلاسی زبان."
کاکم دەڵێ:"ئەمنیش پێم سەیرە! ئەگە ئەمیر بۆخۆی وە دووی کەوێ ئەوەندەی نابێ پێ پچێ. ئەوە وە دووی ناکەوێ. ئەتۆش نیگەران مەبە، یێکاری وەرە شیرکەتێ کومەگێکی من دەکەی هەتا دەڕۆی."
فازل دەڵێ:"فیکری چاکە. هەر وادەکەم."
ئەمنیش دەڵێم:"فازل بۆ لێرە نابی؟ ئەتۆ ئەوەندە لەو وەزعەی ناڕەحەتی هەر ئەپاڕتمانەی بە جێ هێڵە بۆ کاکە مادحی هەرچی دەیکا با بیکا! کە لەوێ نەبی ئەوەندە پێیەوە ناڕەحەت نابی."
دەڵێ:"زۆر ناخۆشە، بۆتە جەهەنەم، دایم میهمانی و بەزم و هەرا هەرا و زیقەزیق و هەزار حەرەکەتی زۆر ناحەزی دیکە، هەر دەڵێی ئەمن لەوێش نیم یا کەڕم. هەتا ئێستا چەند جاریش بە کێشە هاتووین.
زۆرم پێخۆشە پاکەتێک بێ کە دەیکەمەوە کونی کاغەزەکەی ببینم. کاغەزی کوندار یانی دەرچوون لە دانشگایە (پذیرش)، یانی نەجاتیم دێ لەو وەزعەی."
ئەمنیش دەڵێم:"کەس بەقەت من پێی ناخۆش نێ ئەتۆ یرۆی. بەڵام نیگەران مەبە حەتمەن کارەکەت جێبەجێ دەبێ و دەڕۆی، ئەوەندەش لێرەی ماوەیەکی پچۆوە سابڵاغێ سەرێکی دایکم و بابم و ڕەفیقەکانت بدە!"
فازل دەڵێ:"ئا! هەروا دەکەم، ڕاوەستاوم بزانم خەبەرێکم بۆ بێ جا یرۆمەوە سابڵاغێ."
دەڵێم:"بۆ بەڕێ کردنت قسەی تێدانێ دایکم و بابم دێن، دەیانبینی. بەڵام چوونە سابڵاغ هەر خۆشە بۆ وەی ڕەفیقەکانیشت دەبینی و هەموو خزموکەسیشت چاو پێ دەکەوێ."
فازل دەڵێ:"بەعزە شتێکیش کە نابەم پێمخۆشە لە کن دایکم بەجێیان هێڵم."

###

هەڵاڵە و فازل دیارە لەبیریانە "پێنجومی میهر" لە قسان ڕۆژی لە دایک بوونی منە.
ئەویش بەقسەی سجیلەکەم! دیارە هەموو ئەوانی دیشیان وە خۆ خستۆ.
دایکم بۆی گێراوینەوە دەڵێ بابی بە :"گولستانی سەعدی" دەکوت "کتێبە زێرە." لە پشت بەرگی کتێبە زێرەی نووسی بووی کێهە منداڵ لە چ ڕۆژ و سەعات و مانگ و ساڵێکیدا لە دایک بوون.
بە وەی دەڵێن ڕۆژی لە دایک بوون. سجیلەکانی مە کەس نازانێ کەنگێ وەرگیراون و تاریخەکانیان چەندە دروستە.
ئەمن لە دێدەم بیستۆ کوتوویەتی کە خەڵک سێ چوار مانگان ڕادەوەستان بزانن ئەو منداڵەی بۆ، دەژی یا دەمرێ. جا دوایە دەچوون سجیلیان وەردەگرت. کابرای سجیلیشی پڕ دەکردەوە، تاریخی ئەو ڕۆژەی لێ دەدا کە سجیلەکەی دەنووسی نە ئەو ڕۆژەی لە دایک بووی.

فازل بۆخۆی کارتێکی دروست کردۆ لە لایەکی بەردێکی ڕەشی بریقەداری پێوە نوساندۆ کە هەر یەکێک لە بەردەکانی خۆیەتی کە لەمێژە خڕیان دەکاتەوە. لە لایەکیشی نووسیوێتی:"بۆ نەفیسە؟ شیلان؟ فازل."
لە دوکانی زێڕینگەرێکی کە زۆرتر شتی جوانی ئیتالیایە دەفرۆشێ ملوێنکەیەکیشی کڕیوە کە وەکوو گەڕی داوەتی کوردی دەچێ. چوار کچ و سێ کوڕ دەگەڕی ئەو شاییەی دان.
دەڵێم:"ئەتۆ مەگە شێت بووی کاری وا دەکەی؟ ئەتۆ موسافیری پووڵت پێ‌دەوێ."
دەڵێ:" "ئەمن دەزانم ئەتۆ شتی ئەو دوکانەت زۆر پێ جوانە. زۆر حەولم دا شتێکی بینمەوە کە لە حەوت کوڕ و یەک کچی دروست کرا بێ نەبوو. ئەو کابرایەش زێڕینگەر نێ. شتی لە ئیتالیایەڕا دێنێ و دەیفرۆشێ. ڕەنگە حیسان ئەگە ئەو ملوێنکەی بەرێتە سابڵاغێ و بابم بیدا بە زێڕینگەرێکی ئاشنای خۆی لە ڕووی وەی دەتوانن حەوت کوڕی لە دەوری یەک کچی دانێن!"

باجە زیێد دێتە ئاشپەزخانەی و دەڵێ:"لەبیرتان نەچێ هەموو بۆ سەعات شەش و نیوی حازر بن! کاکت کوتی دەچینە ئەو ڕەستۆرانەی هەمووتان زۆروو پێ‌خۆشە! لە جاجرودێ!"
هەڵاڵە دەڵێ:"`ریور ساید` لە نزیک سەدی `لەتیان`ێ."
باجە زیێد دەڵێ:"بەڵێ! کادۆی مەش دوای شامێ پکەوە، ئەوە فازل ئاغا چی بۆ هێناوی؟"
دێ چاوی لێ کا و دەڵێ:"ماشەڵا، چەندە بە سەلێقە و ئاغا و نازە ئەو فازل ئاغایە، مەزهەرخانیش ماشەڵا، زۆر بە سەلیقەیە. هەمووش مەخسوسەن کاکت ئەتۆیان زۆر خۆش دەوێ، کاکت واقعەن لەگەل هەڵاڵە و گوڵاڵەی فەرقت دانانێ."
ئەمنیش بە پێکەنینەوە دەڵێم هەر وەختێکی بە دایکمم کوتۆ بۆ خوشکم نێ لە جوابمدا کوتوویەتی:"ئەو برایانەت هەر کامێکیان وەکوو تاجێکن لەسەرسەرت!"

باجە زیێد دەڵێ:"تاقانە بوون هەم بۆ کوڕی ناخۆشە، هەم بۆ کچی. خوشک و برای چاک زۆر خۆشە حیسان هەیبێ."
ئەمنیش دەڵێم:"ئەگە ڕەفیق بن چاکە دەنا لەگەڵ خەڵکی چ فەرقێکیان هەیە؟
مەسەلەن ئەتۆ و `خەجیج خابم` زۆر خوشکی چاکن. باجە هەتاو و باجە گوڵزاریش هەر وا. زۆریان ئاگا لەیەکترێ و هەمیشە هەموو قسەیەکی بە یەکتری دەڵێن. لە نێو مەدا بە داخەوە نە دەکرێ بە دایکم و بابم قسەی دڵی خۆت بڵێی نە بە برات.
ئەودەمی کە ماڵتان لە `خەیابانی زاویە`ی بوو نازانم کاکم لە تۆی بیست بوو یا لە عیسمەتێ کە عەکسی کوڕێکی لە نێو کیفەکەمدا. کاکم خۆ دانەنیشت لەگەڵ ئەمن قسان پکا. دەزانی چی کوت؟"
هەموو گوێیان قوت کردۆتەوە، دەلیم:"بە منی کوت: `ئەمن مەسخەرەبازێ نازانم. دەست لەو کارانە هەڵنەگری و هەر وە دووی ئەو کوڕەی کەوی ئەمن بۆخۆم وەکوو چۆلەکەی سەرت هەڵدەقەنم!`"
هەڵاڵە و فازل پێدەکەنن.
باجە زیێد دەڵێ:"خوب کاکت زۆری ئەتۆ خۆش دەوێ و تەحسیلاتی تۆشی بۆ موهیمە، بۆیە وای کوتۆ."
ئەمنیش دەڵێم:"ڕاستە! ئەما دەڵێی لە بیری چۆتەوە کە بۆخۆی دوو هەزار نامەی عاشقانەی لە من قایم کردۆ و ناردوومێ ماڵەنگۆ کە بەو جورەی کاغەزی بۆ تۆ بنێرێ."
باجە زیێد پێدەکەنێ و دەڵێ:"ئا موتەئەسفانە وایە! هەر ئەو کاغەزانەی کاکت بۆ منی دەنارد، کوڕە، بینووسێ ئیشکالی نێ، بەڵام ئەمنی کچ کە هاتوو جوابی کاغەزەکەم داوە، عەیبێکی زۆر گەورەیە! وەک فارس دەڵێ: `یک بام و دو هوا`یە."
ئەمنیش دەڵێم:"کەربازاڕێ!"
دەڵێ:"کاکی منیش زۆر موتەعەسب و بە شدەت سەختگیر بوو. مەسعودی دەناسی و دەیزانی کوڕی چاکە و هەدەفی ئیزدواج کردنە، با وجودی وەی ئەگە چووینە باغێک جێگایەکی یا بۆخۆی هاتۆ لەگەڵمان یا سەعدون. ئەمنیش ئەگە پێت وابێ ئازادیم هەبۆ، نەم بۆ!"
دەڵێم:"لە نێو عەجەماندا ئەوەندە خەراپ نێ، ئەمن زۆر شتی سەیرم لەو دەبیرستانەی دیتۆ."
فازل دەڵێ:"با! لە نێو عەجەمیشدا وایە. ئەوانیش چەند دەرسەدێک زۆر مەزهەبین و چارشێوی پێدادەدەن، بەعزێکیش باسەواد و ڕەوشەنفیکرن حەولی خۆیان دەدەن کە وەکوو دایک وبابیان نەبن. دەرسەدێکی زۆر کەمیش، زۆر دەولەمەندن. منداڵەکانیان هەرچی ئیشتیایان لێ بێ دەیکەن. دایمە لەدەرەوەی وڵاتن، ماشێن و ئەپاڕتمان یا ماڵی خۆیان هەیە. یەکێک حامیلە بوو، کورتاژێ دەکا. دنیای وانیش فەرقی هەیە لەگەڵ خەڵکی دیکە. زۆرتری ئەو شتانە تەبەقاتێ."
ئەمن دەڵێم:"لەو مەملەکەتەی بە من، دین و مەزهەب لە هەمووی ڕیاوە، بێسەوادیش لە وێ ڕاوەستێ دەڵێن ( ٧٥%)ی خەڵکی ئێرانی بێسەوادن."
هەڵاڵە دەڵێ:"جامعەی مەردسالاری لە وەی چاکتر نابێ!"
باجە زیێد دەڵێ:"هەڵاڵەش ئەو قسە زەلامانە لە جەفعەر خان و ئەمیر خانی فێر بۆ!"

دەڵێ:"ئەمن بۆخۆم کتێبی دەخوێنمەوە و دەزانم زۆر شت دەلیلی ئیجتماعی هەیە!"

گوڵاڵە دێ و دەڵێ:"دایە ئەدی کەیک بۆ تەوەلودی نەفیسە خانمێ؟!"
باجە زیێد دەڵێ:"پێتان خۆشە دەکرین!"
دەڵێم:"نا بابە! کەیکی چی؟ لە سابڵاغی کەس نازانێ کەنگێش لە دایک بووی چ بگا بە وەی گێژنت بۆ بگرن!"
باجە زیێد دەڵێ:"وردە وردە ئەو شتانە دەگۆڕدرێن. ئەو کوردانەی لێرەن بۆ منداڵەکانیان گێژنی تەولود دەگرن. هەر ئاوا دەچێتە نێو خەڵکی و دەبێ بە مۆدا!"
گوڵاڵە هەر دەڵێ کەیکی بکڕن.
باجە زیێدیش دەڵێ:"هەر کەس پێی‌خۆشە بێ دەچین لە پێش تەجریشێ شیرنی‌فرۆشێکی زۆر چاکی لێیە، کەیکێکی لێ دەکڕین. هەتا کاکت دێتەوە زۆرمان وەخت هەیە."

###

دایکم و بابم چەند ڕۆژە هاتوونە تارانێ بۆ بەڕێ کردنی فازلی.
بلێت بۆ ڕۆژی (٢١)ی ئازەرێ وەرگیراوە یانی سبەینێ.
لەوەتا فازل لە سابڵاغێرا هاتۆتەوە لە ماڵە کاکمە. ئەپارتمانەکەی ئەمیرئابادی شومالی چۆل کراوە. کاکە مادح چۆتە سەربازێ لە کەرەجێ و بە دوای شاییەکەیان پەریزادیش چۆتە وێ.

شەوانە فازل لە ساڵۆنی میوانان دەنوێ بەڵام هەتا نیوەشەوی ئەمن و هەڵاڵە هەر لەگەڵی دادەنیشین و قسان دەکەین یا تلویزیۆنی چاو لێ دەکەین. هەموو پێکەوە `بەرنامەی مێخەکی سپی` فەرەیدونی فەروخزاد چاو لێدەکەین. شتێکی دی فازل زۆری پێ‌خۆشە سێریالی "جینی"یە کە ژنێکە "باربارا ئیدن" دەچێ لە نێو شووشەیەکێوە. جاری واشە لەگەڵ زاگرۆسی کارتۆنان چاو لێ دەکا.
تەبلیغاتی تلویزیۆنیش هەر لێی مەپرسە زۆریان زۆر چاک ساز کراون یا زۆر جوانن یا پڕ لە جەفەنگن. زۆر کەس پێی ناخۆشە لە نێوراستی فیلم و شتێکی چاوی لێ دەکەن، تەبلیغاتی نیشان دەدەن، بەڵام ئەمن و فازل و گوڵاڵە زۆرمان پێ خۆشە!
فازل هەمیشە دەڵێ:"عیلمی ئیجتماعی تەبلیغات`advertising ` بە ڕشتەکانی پێم‌کوتی ئیزافە کە! زۆرت پێ خۆش دەبێ و پووڵی چاکیشی تێدایە!"

شەوانە پێش وەی فازل بنوێ گوێ دەداتە "شیرن بەهارە"ی مامۆستا تایر تۆفیقی هەتا خەو دەیباتەوە. دەزانم زۆر جاران هەر وا کە چاوی لە میچی پریوە و فیکر دەکاتەوە فرمێسکەکانی دەکەونە سەر باڵینجەکەی.
دەزانم "ڕۆیشتن" هەر ئەوەندەی بۆ مە ناخۆشە بۆ ویش تاڵە.

فازل ئاتەشفشانێکە کە زۆر بە زەحمەت و لەبەر دایکوبابم  زۆرتر خۆی ڕاگرتۆ و حەولی داوە کە کاری سیاسی بە شێوەیەکی نەکا کە توشی زیندان و ئازاری ساواکی بێ. بەڵام وەکوو وەیە پتەوێ دەریایەکی لە نێو قایێکی جێ پکەیەوە، ئەویش دەریایەکی تۆفانی، دەڕوا بۆ وەی دەستوباڵی  ئاوالەتر بێ.

لە کارتێکی چکۆڵەی جوان کە هەڵۆیەکی لە نێو هەوراندا نیشان دەدا، ئەو شیعرەی بۆ دەنوسم کە لەگەڵ خۆی ببا. دەزانێ ئەمن شیعرم زۆر پێخۆشە و دیوانی حافزی هەمیشە لەگەڵمە.

هرگزم نقش تو از لوح دل و جان نرود       هرگز از یاد من، آن سرو خرامان نرود

از دماغ من سرگشته خیال رخ تو         به جفای فلک و غصه دوران نرود

در ازل بست دلم با سر زلفت پیوند        تا ابد سر نکشد و زسر پیمان نرود

هرچه جز بار غمت بر دل مسکین من است    برود از دل من  و ز دل من آن نرود

آنچنان مهر توام در دل و جان جای گرفت   که اگر سر برود از دل و از جان نرود

گر رود از پی خوبان دل من معذور است   درد دارو چه کند کز پی درمان نرود
هرکه خواهد که چو حافظ نشود سرگردان
دل به خوبان ندهد و ز پی ایشان نرود

خدا نگهدارت. با گریەهای فراوان نەفیسە؟ شیلان؟"

فازل چەمەدانەکەی بەستۆ. ماله کاکم هەر زمبەی دێ. هەموو هاتوون بۆ بەڕی کردنی. کاکە مەزهەر و باجە گوڵزار و منداڵەکانیان لێرەن. خزموکەس هەر وا دێن و دەڕۆن. ئەو سەرقاڵ بوونە ناهێڵێ هێندە فیکر لە سبەینێ پکەمەوە و لە فرودگایە.
باجە زیێد لە ئاشپەزخانەی بە دایکم دەڵێ:"ئەمن پێموایە لە تۆش زۆر ناڕەحەتتر نەفیسە خانمە. لەوەتا بلێتیشیان وەرگرتۆ خۆ هەر دەگری، نازی، هەر گۆرانێکی گوێی لێ بێ، هەر جێگایەکی پچین، هەمیشە دەگری، ئەمەش وەگریان دەخا.
خوب! مەسعودیش زۆر ناڕەحەتە. هەموو ناڕەحەتن وەلی چ دەکرێ؟ دەبێ هەر بە خودای بسپێرین، بۆخۆی دەیەوێ پرواتە خارج."
دایکم دەڵێ:"ئەمن بۆخۆم قسەیان لەگەڵ دەکەم، دڵخۆشیان دەدەمەوە، نابێ ناڕەحەت بن، دەبێ هەر دۆعای بەخێریان بۆ پکەن, بۆ بازە گیانیش و بۆ ئەمیریش، لە غەریبایەتێ. حەزرەتی جەبرەئیل باڵی ڕەحمەتیان بەسەر پکێشێ!"

کاکم هاتۆ دەڵێ:"تەواوی شەوێ دامەنیشن، بەیانی لە سەعات دەی دەبێ لە فرودگایە بین، بنون!"
باجە گوڵزار بە پێکەنینەوە دەڵێ:"حەح ماڵتە! کاکە مەسعودا! نوستنی چی؟ سەعات یازدەیە, منداڵەکانمان بە هەزار کێشەکێش هەموو لە ژووری گوڵاڵەی نواندۆ.
چ خێرە، ئەمە بۆ دەبێ بنوین؟ ئەوەتا تازە جەففەر خانیش هاتۆ، ماڵتە! فازلیش بۆخۆی ڕێیەکی دوورودرێژ هەتا ئەمریکایە با هەر بنوێ، چ دەکا؟"
فالیش دەڵێ:"ئا! نیگەرانی من مەبن باجە گوڵزار ڕاست دەکا، ئەمن دەکرێ لە تەیارەیدا بنوم."
ئەمن و هەڵاڵە لێفەمان هێناوە لە ساڵۆنێ ڕامان خستۆ لە کن فازلی، دایکم و بابم، جەفعەر، فازل، ئەمن و هەڵاڵە هەموو لە دەوروبەری فازلی دەنوین.

###

بەیانی زوو هەمووومان وە خەبەر دێین.
بابم و دایکم نوێژێ دەکەن و دۆعای بەسەر فازلیدا دەخوێنن.
بە هەموان نانوچای دادەنێن و دوایە سازدەبین دەڕۆین. دایکم و بابم و باجە زێد و فازل و هەڵاڵە لە ماشێنی کاکم دان. ئەمن و جەفعەر و کاکە مادح و پەریزاد لە ماشێنی کاکە مەزهەریدا خۆمان جێ دەکەینەوە و منداڵەکان لەسەر کۆشمان دادەنێین.
لە فرودگایەش کاکە حەسەن هاتۆ و کاکە دارین و ژنەکەی و برایم.
فازل کاردەستی ئێرانی زۆر هەیە دەیبا بە دیاری و پەستەکێک (پوستینێک)ی زۆر جوانیشی لەگەل کاکم کڕیوە و بە دەستێوەیەتی.
دەڵیم:"وەرە چاو لەو ئەنگوستیلە پیاوانە کە! عەقیق و زێون. کێهەت پێ جوانە، هەڵی بژێرە بە یادی ئەورۆ."
چاویان لێ دەکا و یەکیان هەڵدەبژێرێ و دەڵێ:"قەت ئەنگوستیلەم لە دەست نەکردۆ، ئەما ئەوە جوانە و بە خاتری تۆ، ها! ئەوە لە قامکم کرد."
فازل لە نێو دۆعا و ماچوموچ و بە قوربان و سەدەقە بوون و گریان و پێکەنینی هەموان، دەڕوا.
کاکم کە لە باوەشی دەکا و ماچی دەکا پێی دەڵێ:"خۆت بێپووڵ نەکەی، هەر چی ویستت دەنگێ پکە، ئەمن ئەگە کۆتەکەم بفرۆشم لەتۆ دریغی ناکەم."
بەزەحمەت هەردووکیان فرمێسکەکانیان قووت دەدەنەوە، بەڵام ئەمن لێیان دەگەڕێم هەتا بێنە خوارێ.

دایکم لە ماڵێ زۆر حەول دەدا دڵخۆشی هەموان بداتەوە. ماڵە کاکم ئێستا هەر پڕە، بەڵام دەڵێی چۆل چۆلە. شاڵوارە کۆنێکی قاوەیی کەمڕەنگی فازلی لە پێشخانەی هەڵاوەسراوە لەگەڵ کراسەکەی کە لە ماڵێ لەبەریدا بوو. دەچم سنجاغان دێنم و هەر ئەو جورەی لاقێکی دەرهاتۆ و یەکێکی لە وێدا ماوەتەوە سنجاغی لێ دەدەم. کراسەکەش هەر وەکوو شاڵوارەکەی لێ دەکەم کە هەر ئەو جورە بمێنێ کە بە جێی هێشتۆ.
دەشڵێم:"کەس دەستیان لێ نەدا هەتا دایکم دەیانباتەوە سابڵاغێ."

دایکم دەست دەکا بە گریانێکی تاڵ.
دەڵێ:"رفت از بر من آنکه مرا مونس جان بود
دیگر به چه امید درین شهر توان بود."
کاکم دەڵێ:"عەجەب!؟ دایە ببەخشە، ها! بە دەردی فارسان دەڵێن`مەگە ئەمە بەرگی چوغوندەرین (مەگە ئەمە هەو نین)؟`"
دایکم بە گریانەوە دەڵێ:"نازانم ڕۆڵە گیان، ناوەڵا، عەولاد هەمووی بۆ دایک و باب یەکە! یاخوڵا هەر مەرگوو نەبینین، جا دەڵێی چی؟ بۆخۆت دەزانی سێ چوار ساڵە هەر لەو تارانەی زۆر نیگەرانی نەبووم، بۆ وەی هەوەڵێ بە خودام ئەسپارد بوو و دوایەش بە تۆ. ئەما ئاوا دوور و لە وڵاتی غەریب، چوزانم؟"
دیسان دەست دەکا بە گریانێ و بابیشم وە گریان دەخا کە هەتا ئێستا هەر لە فرودگایە گریا بوو، وەختی ماچ کردن و دۆعا بەسەر فازلیدا خوێندنێ. ئەوچەل بە هەموان خەریکن دڵخۆشی دایکم و بابم بدەنەوە.

###

دایکم زۆر حەول دەدا بابم ڕازی کا کە هەردووکیان یرۆن بۆ حەجێ، بابم ئەوەندە "ئەورۆ نا سەبەی" دەکا کە وەختی نێو نووسینێ تێ دەپەڕێ و بۆخۆی هیچ، ناچێ لە دایکیشمی تێک دەدا.
کاکم دەزانێ دایکم دوای وەی فازل ڕۆیشتۆ، زۆر ناڕەحەتە و چوونە حەج ڕەنگە ڕووناکایەکی وە دڵێ خا، دەڵێ:"دایە ئەتۆ ئەوساڵ پچۆ `حەجی عومرە`! ساڵێکی دیش بابم هات هات، نەهات ئەمن بۆخۆم هەموو کارەکانت بۆ جێبەجێ دەکەم بۆ حەجی ڕاستی!"
دایکیشم دەڵێ:"جا چوزانم ڕۆڵە؟ وەها دڵم بۆ `حەجی ئەکبەر` دەچوو ئەوە بابیشت هەزار بەهانەی هێناوە."
کاکم دەڵێ:"کارت بە بابم نەدابێ! هات هات، نەهات نەهات!"
دایکم دەڵێ:"بە شەرع، بە بێ ئیجازەی مێردت نابێ پچێ هیچ کوێ!"
کاکم دەڵێ:"ئەو قسانە چێ؟ بابم بە عۆهدەی من، حازربە! دەتەوێ پچی، نیگەرانی بابم مەبە، بێ شەرعی چی؟ ئەو قسانە چن؟"
کاکم وە دووی پاسپۆرت وەرگرتنی دایکم دەکەوێ و بە کاکە جەمیلیش دەڵێ:"دایکم دەیێتە بەشی ئازەربایجانی غەربی، بەعزە کارێکی هەر دەبێ لە سابڵاغێ جێبەجێ کرێ. جەمیل لوتفەن وە دووی کەوە!"
هەر وا دەبی کە دایکم بۆخۆی دەچێتە حەجی عومرە.

###

ئەمن و هەڵاڵە ژوورێکمان هەیە. تەختی هەڵاڵەی لە پەنجەرەی نزیکە و ئی من لە دەرکەی.
بەینی تەختەکانیش ڕادیۆ زەبتێکیشمان هەیە و دە بەرقیمان ناوە.
هەموو شەوێ زنجیری ملوێنکەکەی فازل بۆ ڕۆژی لە دایک بوونم داویمێ، دەکەمەوە و بە دووشاخەی ڕادیۆکەیدا هەڵیداوەسم. شۆقی چراخەوەکەمان لە ملوێنکەکەی دەدا و نیسێی کوروکچەکان دەخاتە سەر دیواری، دەڵێی هەڵدەپەڕن.
ئەمن شەوانە پێش نوستنێ، شیعران دەخوێنمەوە. ئەو شەویش، شیعری "کوچە"ی فەرەیدون موشیری بۆ هەزاران جار دەخوێنمەوە، دەنگی قرتەیەک و تەپەیەکی دێ و چراکەمان دەکوژێتەوە.
هەڵاڵە دەڵێ:"ئەوە چ بوو؟!"
دەڵێم:"چاو، زنجیرەکەم پسا! پێموایە کەوتە سەر دووشاخەکەی ئەو جێگایەی ئاسنە، ئیتسالی دروست کرد."
هەڵاڵە دەڵێ:"کوولێرەکە کوژاوە، بابە وە هاوار هاوار دەکەوێ. وەرە هەڵێین پچین بزانین بۆمان هەلدەکرێتەوە."

چراگازەکەی بە کوترە کوتر لە ئاشپەزخانەی دەبینمەوە و دەڕۆینە ژێرزەمینێ و کۆنتورەکەی چاو لێ دەکەین و بەرقەکەی هەڵدەکەینەوە و دەچینەوە سەرێ.
ئەمن دیارە دەست شکانی خۆم پێ خۆشترە لە پسانی ئەو زنجیرەی. هەر چی دەکەم خەوم لێ ناکەوێ.
نازانم چەندە نوستوم بەڵام لە ترسان و لە سەرمان و لەبەر دەنگە دەنگ و هەرا هەرای خۆم وە خەبەر دێم. هەڵاڵەش وە خەبەر هاتۆ و لە لای سەرمڕاوەستاوە و دەڵێ:"نەفیسە خانم، نەفیسە خانم! پێموایە خەونی ناخۆش دەبینی، هەستە، هەستە!"
لەسەر جێگاکەم قیت بوومەوە دەڵێی سەتڵێکیان سەهۆڵاو بە سەری داکردووم وەک مێژۆکەی دەلەرزێم بەڵام هەموو گیانم عارەقەیە!
هەڵاڵە دەچێ ئاوم بۆ دێنێ و دەمداتێ بیخۆمەوە. سەرمڕادەوەشێنم، ئاوەکەی لا دەبا. ماوەیەکی پێ دەچێ هەتا قسەم بۆ دەکرێ.
دەڵێم:"خەونێکی زۆر سەیر و ناخۆشم دی زۆر سەیر!"
هەڵاڵە دەڵێ:"پێتخۆشە بۆ منی بگێڕیوە یا دایە خانمت لازمە بۆ لێکدانەوەی خەونەکەت؟"
دەڵێم:"لە جێگایەکی زۆر زۆر قووڵ وەکوو دەڕەیەکی دابووم. کاری قووڵایەکەی دە وەیدا نەبوو.
پێخواس بووم و عەرزەکەش هەمووی بریقەی دەهات دەتکوت شووشەیان ورد کردۆ و بە عەرزیان وەرکردۆ. وەکوو وەی بوو زوقمێکی زۆر لەسەر وڵاتی کەوت بێ، سارد و بریقەدار.

سەرم هەڵێنا لەسەر بەردێکی پان لە دوندی شاخەکەی ئەو پیاوە پیرە دانیشت بوو کە لە تەنزیبحی دێدەیدا دیت بووم. تۆپێکی زەلامی شاڵی کەسکی سادەی پێ بوو، هەر دەیکردەوە، ڕەنگە هەزار گەزیشی کردبۆوە بۆ وەی لەو حەوایەپڕا ڕۆیەڵی دەکردە نێو ئەو دۆڵەی ئەمنی تێ دا بووم. چاوم بە ترسەوە لە کابرا پیرەکەی پڕی بوو، دەمزانی خودایە!

هەر وا کە چاوم لە پشتێندەکەی بوو کە قەد قەد شۆڕی دەکردەوە، حەوت قووی وەحشی بە قاڕەقاڕ بە سەر سەرمدا هەڵفڕین، وەکوو حیکایەتی هانس کریستییەن ئاندرسن. هەر یەک لە کورەکان سواری قوویەکی ببوون، بۆ ماوەیەکی هەموو پێکەوە بوون، لە دوایەدا ئەو قوویەی فازل سواری ببوو لە وانی دی هەڵبڕا و بە لایەکی دیدا ڕۆیشت.

کابرا پیرەکە هەر لەو سەر بەردە پانەپڕا چاوی لە من دەکرد، دەستی لە پارچەکەی دا و کوتی ئەوە بۆ دایکتە، هەموو ئەو شاخ و کێو ودۆڵە دەنگی داوە و ئەمن لە ترسان لە خەوێ ڕاپەڕیم."

هەڵاڵە دەڵێ:"حەیف دایە خانم لێرە نیێ، دەنا هەمووی بۆ لێک دەدایەوە. ئەمن پێموایە زۆری پێ دەچێ هەتا ئەتۆ بە ڕۆیشتنی مامە فازلی عادەتێ دەکەی."

سەعات دوو و نیوی بەیانێ.

دەڵێم:"هەڵاڵە ئەتۆ بنوو! ببەخشە ئەتۆشم وە خەبەر هێنا!"

هەڵاڵە دوای دڵخۆشی دانەوەی من و ئاوهێنانی بۆم، خەوی لێ دەکەوێتەوە بەڵام ئەمن لە ترسی پیاوە پیرەکەی و ئەو جێگایەی لە خەوێ دا دیتوومە، هەتا ڕۆژ دەبێتەوە هەر وەکوو ماری جینگڵان دەدەم و ناوێرم چاو لە سەر یەک دانێم.

###

بەیانان کاکم و باجە زیێد بەرچایەکی وا ناخۆن، دەڕۆنە سەر کار. ڕۆژی جومعان کە لە ماڵێن هەموو هەڵدەستین و پێکەوە نانوچای دەخۆین.

ئەمن و هەڵاڵە و منداڵەکان لە ماڵێین. هەڵاڵە کتێبی دەخوێنێتەوە. گوڵاڵە بووکەکانی دەشوا و سەریان دادێنێ و لیباسیان لێ دەگۆڕێ. زاگرۆس کارتۆنان چاو لێ دەکا و بە ماشێن و تەیارە و شتێکی هەیەتی قوماران دەکا.

سەکینە خانمیش ژنێکە باجە زیێد دیتۆیەتەوە کاری ماڵێ پکا هەتا میسیز کانتا (Mrs Kanta) لە سەردانی مێردە نەخۆشەکەی و منداڵەکانی دێتەوە.

باجە زیێد هەتا سەعات سێ و نیوی ئێوارێ نایەتەوە. ڕێگای ماڵێ هەتا نەخۆشخانەکەی کاری لێ دەکا زۆر دوورە. کاکیشم لە سەد نەهاری، نەهارێکی نایەتەوە ماڵێ. زۆری کار هەیە. ئەویش ڕێگای شیرکەتەکەی لە ماڵێ زۆر دوورە.

زەنگی دەرکەیە.
دەڵێم:"ئەوە ڕەنگە ئەکبەر ئاغا بێ! هاتۆ پێم بڵێ ئێوارێ چ سەعاتێکی بۆی دەگونجێ بمبا بۆ تەمرینی ماشێن لێخورینێ."
هەڵاڵە و گوڵاڵە دەڵێن:"توخودا نەفیسە خانم بڵێ ئەمەش دێین، لە پشتەوە دادەنیشین. زۆر خۆشە وەختێکی ئەتۆ ماشێنی لێدەخوری، هەر پێدەکەنین!"
دەرکەی دەکەمەوە. جەفعەرە! چاو لە دەرەوە و پشت سەری و نێو کوچەکەی دەکەم. واق ماوم، دەڵێم جەفعەر، بەڕاستی ئەوە ئەتۆی؟! نیوەڕۆیە و ئەتۆ هاتوویە ماڵە کاکم؟"
منداڵەکان بە دوومدا دێنە نێو داڵانەکەی. هەڵاڵە و گوڵاڵە و زاگرۆسیش وەکوو من قوشقی بوون لە خۆشیان یەکێک دەستی جەفعەری، یەکیان لاقی دەگرن و دێیهێنە ژوورێ.
هەڵاڵە زۆر جەفعەری خۆشدەوێ. لە پێشخانەکەی لەسەر مۆبلەکان دادەنیشێ و منداڵەکان لە سەر و گوێلاکی دەچنە سەرێ. هەڵاڵە و جەفعەر دەست دەکەن بە قسە کردنێ.

سەکینە خانم لە من دەپرسێ دەڵێ لەسەر ئاغای موهەندیس ڕادەوەستن یا نەهاری دەخۆن؟"
پێش وەی ئەمن شتێکی بڵێم، جەفعەر دەڵێ:"کاکم کاری هەیە بە منی کوت بۆ نەهارێ نایەتەوە!"
ئەمنیش پێمسەیرە لەگەڵ کاکم قسەی کردۆ.
سەکینە خانم نانی دادەنێ. ئەمە دەڵێین بۆخۆشی بێ لەگەڵ مە نانی پخوا هەتا لە ئاشپەزخانەی بە تەنێ نەبێ. لەسەر نانی سەکینە خانم باسی دوو کورەکانیمان بۆ دەکا. یەکیان مەکانیکە و ئەوی دی بەقەد هەڵاڵەیە و ئێستا دەبیرستانی خەلاس نەکردۆ. دەشڵێ بابی کورەکانی هەر سیغەی کردۆ چونکە ژنومنداڵی هەیە ناتوانێ بێ لەگەڵ وی بژی.

تەلەیفونەکە کە زەنگی لێدەدا، هەمیشە ئەمن جواب دەدەمەوە. جەفعەر لە کن تەلەیفونەکەی دانیشتۆ، فەورەن هەڵیدەگرێ و دەست دەکا بە:"نا! چاکە! نا! دانیشتوون نانی دەخۆن، باشە!"
دەڵێم:"ئەوە کێ بوو؟"
دەڵێ:"کاکە مستەفا!"
دەڵێم:"کاکە مستەفا؟! سەیرە ئەو بۆ ئەو دەمەی تەلەیفونێ دەکا؟"
دەڵێ:"کاری بە کاکمە، موعاملەی ماڵ و خانوو و ئەوەی!"

دوای نانیش جەفعەر لە ساڵۆنی میوانان دادەنیشێ و هەڵاڵەش هەر لە دەوروبەرێتی. ئەمن گوڵاڵە و زاگرۆسی دەبەمە ژوورەکەیان هەتا حیقایەتیان بۆ بڵێم و بیان نوێنم.

هەر جارناجارێکیش تەلەیفونەکە زەنگی لێدەدا و دیارە جەفعەر جوابی دەداتەوە. ئەمن لەسەر فەرشەکەی ڕاکشاوم، دیارە شەوی ڕابردوو لەبەر ئەو خەونە ناخۆشەی نەنوستم، هەر وا کە بۆ منداڵەکان حیکایەتان دەڵێم خەو دەمباتەوە.

بە دەنگی سەکینە خانمی هەڵدەستم دەڵێ هەموو کارەکانی کردۆ و دەڕواتەوە ماڵێ هەتا سبەینێ. سەکینە خانم دەڕوا. هێندەی پێ ناچێ باجە زیێد دێتەوە، لیوانێک ئاوی دەخواتەوە لەگەڵ جەفعەری چاکوخۆشێ دەکا و دەچێتە ژووری خۆی.
تەلەیفون هەر جارناجارێکی زەنگی لێ دەدا و جەفعەر لە پەنای نەبزوتۆ، پڕی پێدا دەکا.
دەچم لە کن جەفعەری دادەنیشم.

دەڵێم:"جەفعەر! شتێک بۆ ئەتۆ ئاوا لە بن ئەو تەلەیفونەی دانیشتووی؟"
دەڵێ:"نا!"
دەڵێم:"درۆیان مەکە، ئەتۆ قەت بە زۆریش نایە ئێرە، ئەگەریش دێی دەڵێی لەسەر ئاورانی، هەر هەڵدێی، ئەوە چۆنە ئەورۆ هاتووی؟"
دەڵێ:"نا! وا نیێ. ئەمن جاری دیش هاتوومە ئێرە!"
تاوێکی لەسەر مۆبلەکانی ساڵۆنێ دادەنیشم. دڵم خەبەری خەراپ دەدا. خەونە ناخۆشەکەم وە بیر دێتەوە. دەبێ چ بوو بێ. هەڵدەستم بۆ لای ژووری باجە زیێدی دەچم. لە دەرکەی ژوورەکەی دەدەم.
دەڵێم:"باجە زیێد دەکرێ بێمە ژوورێ؟"
جوابی نیێ.
تاوێک ڕادەوەستم دیسان لە دەرکەی دەدەم و دەڵێم:"باجە زیێد، پێم خۆشە قسەت لەگەڵ پکەم!"
هیچ دەنگ لە ژوورێرا نایا و گەڵاڵە دەڵێ:"چۆتە حەسارێ، لەگەڵ کاکە حەسەنی قسان دەکا!"
ئەمنیش دەڵێم:"کاکە حەسەن؟ کاکە حەسەن بە کوێدا هات؟ خۆ کەس لە دەرکەی نەدا!"
هەڵاڵە دەڵێ:"نازانم. وەرە بۆخۆت چاویان لێکە!"
دەچینە نێو داڵانە چکۆڵەکەی دەرکەی بە سەر حەسارێدا دەکرێتەوە و بە سەبرا قەڵشتێکی دەدەمە دەرکەکەی. هەڵاڵە ڕاست دەکا هەردووکیان لە حەسارێن و پشتیان لە مەیە و دێن و دەچن و قسان دەکەن.
دوایە دەڵێ:"ڕەنگە باسی بابەی پکا و ئەو شەڕوکێشەی هەمیشە هەیانە!"
دەڵێم:"چاوی لێکە! دایکت دەگری!"
دەڵێ:"نەمکوت! داخودا بابە چی کردۆ! حەتمەن کارێکی زۆر خەراپە بۆیە دەگری."
زۆرتر سرنجیان دەدەمێ. کاکە حەسەنیش دەسرەی دەردێنێ و چاوی دەسترێ. ئەویش دەگری. هەڵدێمەوە نێو ساڵۆنەکەی.
جەفعەر لەسەر تەلەیفونی قسان دەکا. دەچمە ئاشپەزخانەی چەکوچەکەی دەبینمەوە و دەگەڕێمەوە نێو ساڵۆنێ.

دەڵێم:"جەفعەر! پێمبڵێ چ بۆ؟ کاکە حەسەن و  باجە زیێد لە حەسارێ بۆ دەگرین؟ پێمبڵێ دەنا بەو چەکوچەی لە سەرت دەدەم!"
جەفعەر دەڵێ:"ڕاستێکەت دەوێ کاکە ئەمیر تەلەیفونی کردۆ، کوتوویەتی فازل لە ئۆتوبوسی دا بۆ، ئۆتوبوس تەسادوفی کردۆ و لاقی شکاوە!"
ئەمنیش دەڵێم:"فازل؟ ئەو درۆ زەلامەی! کاکە حەسەن دەگری بۆ وەی فازل لاقی شکاوە؟! ئەتۆ چ دەزانی و بە من ناڵێی؟"
دەڵێ:"وەڵا هەر ئەوەندەی دەزانم کە پێم کوتوی."

ئەمن لە کن جەفعەریرا دەڕۆمە نێو ئاشپەزخانەی بە چەکوچەکەی هەموو بازنە بلورە ڕەنگاورەنگەکانم لە دەستمدا دەشکێنم، لەگەڵ باجە زارای هەرچی دوکانی عەتاری سابڵاغێ بوو چوو بووین هەتا ئەو بازنانەمان دیتبۆوە. شووشە لە چەند جێوە لە قۆڵم ڕاچۆ، خوێن دێتە خوارێ.
هەڵاڵە چەسب و تەنزیلی دێنێ کە بیبەستین، دەڵێ:"ئەتۆ بۆ بازنەکانت دەشکێنی؟ مامە جەفعەر دەڵێ مامە فازل لە بیمارستانێ."
دەڵێم:"نا! درۆیە، درۆیە دەکەن!"
هەڵدێمە دەرێ، نێو کوچەی. دەرکی حەساری ئاواڵەیە. دوکتوری  ڕەفیقی کاکم دەبینم لە ماشێنەکەی دێتە خوارێ لەگەڵ خانمەکەی. سڵاویان لێ دەکەم. کاکە حەسەن و باجە زیێد دێن بەلامانەوە.
ئاغای دوکتور لێم دەپرسێ:"بۆ قۆڵت پانسمان کراوە؟"
دەست بە گریانێ دەکەم.
دەڵێم:"نازانم چ بۆ! کەس پێم ناڵێ، هەموو درۆیە دەکەن! فازل چی لێ هاتۆ؟ ئاغای دوکتور توخودا ئەتۆ پێمبڵێ چی لێ هاتۆ! ئەتۆ پێمبڵێ بۆ کاکە حەسەن  دەگری؟ بۆ باجە زیێد دەگری؟"
دەمهێنەوە ژوورێ. هێندەی پێ ناچێ، دوکتور دەرزێکم لێدەدا. ئەمن لە پێشخانەی دانیشتووم. گوێم لێ دەبێ چەند جیران دێنە ژوورێ.
نازانم لە کوێم یا چم بەسەرهاتۆ، هەموو چرا هەڵکراون. دەرێ تاریکە. هەموو ساڵۆن و پێشخانە و داڵانی بەر ژوورە خەوەکان پڕپڕە لە خەڵک. ژن و پیاو. خزمۆکەس دەروجیران.
هەر شاڵاو بۆ دەرکەی کوچەی دەبەم، دەمهێنەوە ژوورێ. دەچمە نێو داڵانەکەی جەفعەر دانیشتۆ دەگری. دەڕۆم بە لایەوە.
دەڵێم:"چۆن ئەمە ماوین و فازل نەماوە؟ چۆن شتی وا دەبێ؟ ئەو خودایە مەگە کوێرە، مەگە نازانێ دەبوو ئەمە هەموو پکوژێ هیچ لە فازلی نەکا. ئەوە کاری ئەو پیاوە پیرەی نێ کاری ساواکی سەگبابە!"
دەست دەکەم بە گریانێ. دوکتوری دەبینم دەستم دەگرێ دەمبا لە سەر مۆبلەکان دامدەنێ.
دەڵێم:"ئاغای دوکتور دەرزیم لێ نەدەی ها! نامەوێ دەرزیم لێ دەی! ئەتۆ پێت وانێ هەموو دنیا مردبایە چاکتر بوو لە وەی فازل نەمێنێ؟ بۆ وەی ئەگە ئەو مابا فیکرێکی بۆ

دنیایە دەکردەوە. بەڵام ئەو سواری قوویەکی دەبێ و دەڕوا ئەمەش دەمێنینەوە بە کاری هیچ نایەین، هیچ کارێکیشمان بۆ وی پێ ناکرێ."

کاکە مستەفا دێ.

هەڵدەستم بۆ لای دەچم، لە باوەشی دەکەم دەڵێم:"ئەتۆ پێمبڵێ فازل چی لێ هاتۆ؟ هەموو هاتوون و دەگرین و دەڵێن تەسادوفی کردۆ لاقی شکاوە، یەکێک لاقی پشکێ کەس نایا! بۆ درۆیە دەکەن؟"

کاکە مستەفاش دەگری.

دوکتور دەیەوێ دەرزیم لێ دا ئەمن ناهێڵم، دەڵێم:"برۆ دەرزی لە فازلی دە! ئەتۆ دوکتوری پرۆ فازلی چاک کەوە، لە من گەڕێ با بمرم، ئەمن نامەوێ زیندووبم!"

###

پێم سەیرە دایکم و بابم دەبینم، پێموایە ئەوەش خەونە.

دەڵێم:"ئەوە کەنگێ هاتن؟"

دەستەکانم چاو لێ دەکەن هەڵبەستراون. دوکتوریش لە ژووری لەگەڵیانە و بە بۆنی ئاڵکۆڵیرا دیارە دەرزی لێ داون.

دایکم دەڵێ:"ئەوەتا! شکور چاکە! کوتیان کچەکە دەست و لاقی شکاوە لە بیمارستانێ!"

دەڵێم:"ئەوە درۆیە! بەنگۆشیان درۆ کوتۆ!"

دەڵێ:"کوا جەفعەر؟ جەفعەر لە کوێیە؟"

پێیان دەڵێن:"جەفعەر چاکە! لەگەل کاکە حەسەنی چوونە دەرێ، دێنەوە."

بابم دەڵێ:"ئەدی بابم بۆ پێمان ناڵێن؟ کێهەیانن؟ چ بۆ؟ کێ چی لێ هاتۆ؟"

ئەو قسانەم گوێ لێیە. دەزانم لە تارانێم لە ژووری باجە زیێدیم.

دوای وەی لە کوچەی نزیک مزگەوتی بازاڕیم. ئەوەندە خەڵک لە کوچەی دایە ڕێ نێ پرۆم.

کچەکانی مامم دەبینم، باجە ڕۆژان و وەنەوشە، هاوار هاواری گریانیانم گوێ لێ دەبێ. دەستم دەگرن دەمهێنەوە ماڵێ. نازانم ئەوەش هەر خەونە دەیبینم یا لە خەوێ هەستاوم. چۆن هاتوومەوە سابلاغێ، نازانم. ئەو هەمۆ خەڵکە بۆ لە نێو کوچەی دان؟ کوا دایکم، بابم، کوڕەکان؟ کەسم لێ دیار نێ.

باجە ڕۆژان دەڵێ:"پرێکی ئاو بۆ بێنن، دڵی بورە دەیباتەوە."

لە ژووری بەردەستان درێژ دەبم و ئاگام لە هیچ نامینێ.

###

به دەنگی کاکە مادحی وە خەبەر دێم.
لە جێگاکەم ڕاست دەبمەوە. سابڵاغە. لە ژووری بەردەستانم. دیسان ڕۆژ بۆتەوە. دەست دەکەم بە گریانێ.
دەڵێم:"لە کوێ بووی؟ دەزانی فازل چی لێ هاتۆ؟"
دەڵێ:"وەرە دەتبەم بیبینی."
وە دووی دەکەوم بە کارخانە و تەویلەیدا دەڕۆینە "ماڵەخۆمان"، خانۆکۆنەکە.
لەبەر گوڵە سوورەکانی بابم ڕادەوەستێ. پێنج شەش کەس بە پێوە ڕاوەستاون. نازانم بۆ پێموایە یەکیان دێدەیە.
لەسەر عەرزی لە نزیک گوڵە سوورەکانی بابم لە قوتوویەکی درێژ و قاوەییدا فازل درێژ بۆ. سپی سپی هەڵگەڕاوە. کراسێک و شاڵوارێکی ئابی عاسمانی لەبەر دا. دەستەکانی هەر وەک هەمیشە وەختی نوستنێ لە سەر سینگی دادەنا، دایناوە. دەڵێی نوستۆ. هەر وەک خۆی جوان، هەر وەک خۆی ئاقڵ، هەر وەک خۆی ئاغا.
چاو لە دێدەی دەکەم، دەڵێم:"دێدە چاوی لێکە."
دوایە خۆم فڕێ دەدەمە سەر عەرزی کە دەستی بگرم، ماچی کەم، هەڵیئەستێنم.
کاکە مادح پرم پێ دادەکا و دەڵێ:"نا! دەستی لێ مەدە! هەر چاوی لێکە!"
دەست دەکا بە گریانێ.
دەڵێم:"کێ دەزانێ فازل چی لێ هاتۆ؟ بۆ ئەمە هەموو زیندوین و فازل زیندو نێ؟ چۆن شتی وا دەبێ؟"
شاڵاو بۆ دەرکەی کوچەی دەبەم. دەمەوێ هەڵێمە دەرێ. کاکە مادح بە زۆری دەمباتەوە خانۆکەی دی.
هەموو سەر وژوور و دەرکوبان پڕپڕە لە خەڵک. ئەمن هەر شاڵاوان دەبەم بۆ دەرکی کارخانەی و دەمگەڕێننەوە.
باجە زارای دەبینم خۆم بە باوەشی دادەدەم.
دەڵێم:"باجە زارا، ئەتۆ پێت وایە ئەمن دەبێ چ پکەم؟"
دەگری و دەڵێ:"بە قوربانت بم، جا چ دەکەی؟ کێ چی پێ کراوە هەتا ئێستا؟ دەبێ سەبرت هەبێ، دەبێ روحمێکت بە دڵی دایکوبابت دابێ و ئەو برا ڕەشپۆشانەت، جا لەگەڵ کاری خودای چ دەکەی بە قوربان؟
دەزیقێنم و دەڵێم:"خودا فازلی نەکوشتۆ! خودا چۆن کاری وا دەکا؟ لە کن من باسی خودای مەکە! چۆن نازانێ فازل کێیە؟ چۆن فازلی دەکوژێ؟"
باجە زارا دەڵێ:"ئەستەغفروڵا، بە قوربانت بم، دایکەکەم، کفران مەکە، هیج ناکرێ بە قوربان، `مردن` هیچی لەگەڵ ناکرێ!"
دەنگە دەنگی پیاوان دێ لە کوچەی، ئی جەماعەتێکی زۆر. خۆم بە دەرکەی دادەدەم و هەڵدێمە کوچەی، باجەزارا وە دووم دەکەوێ و لەبەر دەرکی کاروانسەراکەی دەمگرێتەوە.

پیاوێکی زۆر لە مزگەوتی بازاری دێنە دەرێ. کوچەکە پڕپڕە لە عالەم. هەتا بەر دەرکی مزگەوتی عەجەمانیش خەڵک ڕاوەستاوە.
دوایە باجە زارا دەڵێ:"یاخوڵا هەر نەمێنم بۆ بێمرادان بۆ جەوانان، ئەوەتا، ئەوە دەچنە سەرقەبران!"
قۆڵم توند دەگرێ هەتا هیچ نەکەم.
ئەمن گوێم لە هاوار هاواری ئەڵاهو ئەکبەر، وەڵاهو ئەکبەر دەبێ و هەڵدێم.
دەچمە سەرێ. دایکم لەسەرێیە. ئەوەندە ژنی لێیە دایکم نابینمەوە. لە ژووری بە عەرزێ دا دەکەوم.

###

وەختی نەهارێیە.
لە دەرکەیان داوە چووم کردوومەتەوە. بۆ ماوەیەکی دەڵێی زمانم شکاوە، قسەم بۆ نایە. هەر چاوم لە حیسانەکەی پریوە و ئەویش چاوی لە من پریوە. پێم وایە لە ئەپارتمانەکەی ئەمیرئابادی شومالی"م، لە دەرکەیان داوە چووم دەرکەم کردۆتەوە و ڕەفیقی فازلی "دارا" هاتۆ،
دەبێ بڵێم:"سلام! بفرمائید تو، فازل تو اتاقشە!"
دوایەش لەبەر دەرکەی لاچم کە بێتە ژوورێ.
بەڵام لە ئەمیر ئابادی شومالی نیم. لە ئەپارتمانی کورەکانیش نیم. ئێرە سابڵاغە ماڵە بابمە، لە دەرکەیان داوە. دەرکەم کردۆتەوە. بەڵام ئەوە "دارا"یە کە قەت قەت سابڵاغی نەدیتۆ. فارسی تارانێیە، ڕەفیقی زۆر نزیکی فازلێ. بیستوویەتی چمان بە سەر هاتۆ هەستاوە بە تاقی تەنێ هاتۆتە سابڵاغێ.
دەمەوێ دەستی لە ئەستۆی کەم، ماچی کەم، بەخێر هاتنی پکەم، پێیبڵێم فەرموو وەرە ژوورێ. پێیبڵێم دۆستایەتی هەر دەبێ وابێ، دەنا بۆ دۆستایەتێ.
پێیبڵێم ئەمن دەستە خوشکێکم هەبوو، خەڵکی سابڵاغێشە، ئەو خەبەرە کە لە شاری دەگەڕێ لە سابڵاغێ دەبێ، هەڵدەستێ دەڕواتەوە شاری خۆی. چوونکە دووحاڵ دەبێ و دەترسێ مەبادا کە بێ چاوی بە من پکەوێ شتێک یا بەسەر خۆی بێ یا بە سەر منداڵەکەی. بەڵام شووشەی مامم کە هەر وەکوو گوڵیش دەچێ، لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆشێتی هەر لێرە بۆ لە نێو ئەو شینوهاوارەیدا.
"دارا!" بریا بد دیتبایە ئەو کچە مامە جوانانەی فازلی چ شینێکیان بۆ گێرا.
وەبیر نەقڵەکەی دایکم دەکەومەوە کە باسی مەنجەنیقی حەزرەتی ئیبراهیم دەکا کە ساز دەکرێ هەتا بیسووتێنن. پەڕەسلێرکەیەک هەر دەچێ بە دندووکان ئاوی دێنێ بە مەنجەنیقەکەیدا دەکا، هەتا بیکوژێنێتەوە، دووپشکێکیش لە بنەوە دادەنیشێ هەر فوو لە ئاورەکەی دەکا هەتا مەشقەڵانی زۆرتر بێ.
دایکم دەڵێ حەزرەتی ئیبراهیم ئەوەی کە چاو پێ دەکەوی دەفەرمێ:"دووپشک! ئەو ئاورە بە فوو لێ کردنی تۆ، بێئامانتر نابێ. پەڕەسلێرکە! دیارە بە دندووکی چکۆڵەی

تۆش مەشقەڵانی ئەو ئاورەی سەرکوت ناکرێ، بەڵام لێرەدا چاکە و خەراپەی خۆتان نیشان دەدەن."

لەبەر دەرکەی لادەچم، هەردووکمان دەگرین. وە پێش خۆمی دەدەم دێتە ژووری بەردەستان. بابم و کورەکان لە ژوورێن. دایکم لە حەسارێیە. بابم و زۆرتری کورەکان "دارای"ی ناناسن.
دەڵێم:"بابە ئەوە ڕەفیقی فازلێ، لە تارانێرا هاتۆ پێکەوە دەچوونە دەبیرستانی خارەزمی."
بابم و کورەکان لە جێی خۆیان هەستاون. هەموو ڕدێن و سمێڵیان هەیە. هەموو ڕەشپۆشن. بابم وێرای "دارا"ی دەست دەکا بە گریانێ و دەیبا لە لای خۆی لە سەرەوە دایدەنێ.
ئەمن لە ژووریٚ دەچمە دەر.
دەڕۆمە حەسارێ بە دایکم دەڵێم:"ڕەفیقێکی فازلی لە تارانێرا هاتۆ."
دایکم دەگەشێتەوە هەر وەک کوتبێتم "فازل" هاتۆتەوە. هەڕا دەکاتە ژووریٚ هەتا بە خێر هاتنی ئەو میوانە خۆشەویستەی پکا.
دایکم بە فارسێکی کتێبی "دارا"ی بە گریانەوە بەخێر هاتن دەکا و دەڵێ:"قەدمەت رووی چشم! تو برای من مثل فازل هستی! خیلی خوش آمدی!"
دیسان دارا سەری لە نێو دەستەکانیدا دەشارێتەوە و دەگری.
وەختێک وەخۆ دێتەوە دەپرسێ:" فازل چی لێ بەسەر هاتۆ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"لە شاریدا شایعە زۆرە. ئەوەندەیە ئەمە هیچمان لە وێ نەبووین حەتا `ئەمیر` کە لە ئەمریکایە بۆ، لە شاری فازلی نەبۆ و لەگەڵی لەو قایقەشدا نەبۆ. لە نەتیجەدا ئەویش وەکوو مە لە تاریکی دایە. گۆیا لە نێو دانیشجۆکانی ئێرانی کورێکی فارس و کچێک ئیزدواجێ دەکەن. ئەو دوو کەسە هەم ئەمیری دەناسن و هەم فازل. فازل و هاواڵێکی لەگەڵ ئەو دوو کەسەی دەچنە قایقڕانێ لەسەر دەریاچەی. ژن و مێردەکە، سواری قایقی مۆتۆری دەبن و فازل و هاواڵەکەی سواری قایقی پارویی.
قایقە مۆتۆرێکە لە قایقی فازل و هاواڵەکەی دەدا و دەیانخاتە نێو ئاوەکەی و دەڕوا. هاواڵەکەی زۆر حەول دەدا کە فازلی کە مەلەی نەدەزانی، نەجاتدا. بەڵام ناتوانێ و دێتە دەرێ لە ئاوەکەی.
لە سابڵاغێ خەڵک دەڵێن کاری ساواکێ، بۆ وەی ساواک ئیجازەی بە هیچ دوکتورێکی نەدا کە جەنازەکەی معاینە پکا. بۆ ساواک دەبێ دەخالەتێ پکا؟ بە تایبەتی ئەگە ئەوە حادسە "ڕوداو" بۆ، بە ساواکی چی، خەڵک دوکتوری خۆیان دێنن بۆ معاینە کردنی مردووی خۆیان؟

دوو سێ ساڵ لەوەو پێش کورێکی دیکەی وەک فازلی هەر خەڵکی ئەو شارەی لە ئەمریکایە کوژرا و `گولەیان لە نێو گوێی دا بوو،` هێنایانەوە. ئەویش ساواک نەیهێشت پزشکی قانونی معاینەی پکا."

دارا هەر وا چاوی لە کاکە جەمیلی بڕیوە و مەحتەل ماوە.
کاکە جەمیل دەڵێ:"فازل دوازدە سێزدە ساڵە بوو ساواک،"ئیشارە دەکا بە ئیدارەکەی بەرامبەری ماڵێ، "بانگی کردبوو و پێی‌کوت بوو بیستوویانە شاگردان تەحریک دەکا و ڕەهبەریان دەکا."
کوڕەکان دارای لەگەڵ خۆیان دەبەنە سەرقەبران.

###

ئەگە کوێر بوون بە گریان با، دەبوو ئەمە هەموو کوێر بووباین. ئەگە دڵتۆقین بە غەم و پەژارە با، دەبوو ئەمە هەموو هەتا ئێستا، دڵمان تۆقی با. پێموایە ئەگە زیندو ماوین بەخاتری ئەو هەمۆ زەحمەتانەی دوکتورەکەی ڕەفیقی کاکم بۆ کە شەو ورۆژ لەگەڵ مە کێشاویەتی. بۆیە دەڵێن:"دۆستی چاک لە برای چاکترە."

لەبەر پەنجەرەیەکی دانیشتووم لە ژوورێکی گەورە و پڕ لە میوان. ئەو پەنجەرە و سێ پەنجەرەکانی دیکەی ئەو ژوورەی دەڕواننە سەر حەسارێکی گەورە و پڕ لە هات‌وچۆ.
بە گوێی خۆم گوێم لێ بۆ خەڵک کوتوویانە:"دەڵێن کچەکەیان شێت بۆ، بە دەرزیانیان ڕاگرتۆ!"
ڕەنگە عەقڵم لە جێی خۆی نەمابێ، دیارە قەت پێموانەبۆ عەقڵم هەیە کە ئێستا پێموابێ لە جێی خۆی نەماوە.
ئەوەندەی دەزانم ئێرە ماڵە ئاغا سەید قادرێ.
دەزانم کچێکی زۆر جوان و خانمیشیان هەیە کە هەر ئەلعان لەبەر چاومە و لەبەر دەرکەی ژوورێ ڕاوەستاوە و چاوەڕوانە بە مەجوعمان نان‌وکێشتی بێننە سەرێ.
تازە ئەمن لێم حالّی بۆ ماڵێکی وەکوو ماڵە ئاغای موعینی دەبێ چ پکێشن. چاوێک لە ئامۆژنم دەکەم کە لە کن دایکم و خانمی ساحێب ماڵ دانیشتۆ. تازە دەزانم بۆ قەت قەت فرمێسکی ئیشک نایێتەوە. تاقە برایەکی هەبوو، زۆر جەوان بوو، نەما.

ئەوە ڕەسمێکی زۆر جوانی کوردەوارێ، پێی دەڵێن:"تازێ لەسەر هەڵگرتن."
بە یارمەتی هەموو ژنەکان، دایکم ڕازی دەبێ لەگەڵیان بڕواتە حەمامی مەڕمەڕ.
ئەمن قەت وە بیرم نایا دایکم لیباسی سوور وشینی لەبەر کردبێ. هەزار پارچەی جوانی پێ‌نیشاندەی هەر بۆر و قاوەیی و ئابی لەبەر دەکا. بەڵام قەت ڕەنگی ڕەش لەبەر ناکا، دەڵێ "ڕەنگی جەهەندەمیانە!"
ئەمە هەمووومان کراسی ڕەشمان لەبەر دا.
زۆری پێ‌ناخۆشە و پێمان دەڵێ:"ڕۆڵە گیان بە قوربانتان بم، تازێ خۆ بە لیباسی ڕەش نێ. ئەمە چ سووری لەبەر کەین، چ ڕەشپۆش بین ئەوەی لە دڵماندایە ناگۆڕێ. هیچ شتێک فەرامۆشێ ناهێننە سەر غەمی وا."

بەشێک لە تازێ هەڵگرتن چوونە حەمام و خۆشوشتنە. بەشێکی ڕدێن و سمێڵ تاشین بۆ پیاوان و هەنێ کردن بۆ ژنانە. بەشێکی دی لیباس و سەرپۆش و دەسماڵی ڕەش داکەندنە.
لیباس و پارچە و کراس و بلۆزێکی زۆر بۆ هەموان کڕدراوە. حەول ئەوەیە کە بە هەموو تازێدارەکان لیباسی بگۆڕن.

###

کاکە جەمیل لەسەر کار هاتۆتەوە و دەڵێ:"دوو خەبەری خۆشم پێیە!"
دایکم بە گریانەوە دەڵێ:"چاک دەبێ ئیشەڵا ڕۆڵە گیان! خەبەری خۆشی چی بە ناشکوری ناڵێم؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"هەردووکیان بۆ نەفیسەن! یەکیان سبەینێ سجیلە تازەکەت بە نێوی `شیلان` حازر دەبێ و ئەوەتا" بە دەستی ئەو بەشەی ڕۆژنامەی کەیهانی کە نێوی منی تێ دا نیشانم دەدا و دەڵێ:"لە ئیمتحانی دانشکدەی علومی ئیرتباتاتی ئیجتماعی دەرچووی!"
ئەگە فازل هیچی لێ نەهات بووبایە، ئەوانە دەبوونە قەرەخەبەر. دەزانم بە خۆشێوە تەلەیفونم لێ دەکرد.
پێمدەکوت نێوم بۆتە "شیلان" و لە "ڕۆژنامەنیگاری"ش دەرچووم. ئەویش لە خۆشیان وە هەڵبەزودابەز دەکەوت و دەیکوت "دەبێ شیرنی بدەمێ!"
بەڵام ئەمن هەر وەک فتیلەیەکی بێنەفت کە وە پرتە پرت دەکەوێ و دەکوژێتەوە خەریکی کوژانەوەم. بۆ من "ژیان" بە تەواوی هاتۆتە ژێر سوئال. مانای هەموو شتێکی گۆڕاوە. تازە بۆم ڕوون بۆتەوە دایکم و بابم بۆ زۆر وەک "دەروێشان" دەژین. دایکم خوشکێک و برایەکی لێ جوانە مەرگ بۆ و بابیشم قەتی مەرگی پوورە مەعسوممی لە بیر نەکردۆ.
دێدە لە ڕۆژێدا بە لانی کەمەوە دوو سێ جاران دەیکوت:"ئەی دنیای فانی، بێوەفای هیچوپووچ!"
یا دەیکوت:"ئەو دنیایە وەفای بۆ کەس نێ، باپیرم!"
بە بێ ئەوەی قسەم بۆ بکرێ دەست دەکەم بە گریانێ. "نوش دارو"ی دوای مەرگی سوهراب بە کاری چ دێ؟ ئەمن دەمەوێ وە دوای وەی کەوم بزانم سوهرابی مە چی لێ بەسەر هات و کێ کوشتی.
دایکم دەڵێ:"جەمیل گیان، وەڵاهی زۆرم پێ خۆشە!، کچکە دەرچۆ با سەری مەشغوڵ بێ دەنا شێت دەبێ!"
کاکە مەسعود هەر ڕاناوەستێ، دەمبا و نێوم دەنووسێ و دەڵێ هەموو ڕۆژێ بۆخۆم دەتهێنم و دەتبەم هەتا فێر دەبی. ئەو ڕۆژانەی سەرم زۆر قاڵ بێ، بە تاکسی وەرە و پچۆ، ڕیگایەکی وا نێ، زۆر نزیک ماڵێیە.
ژیان وەکوو فیلمێکی ڕەشوسپی ناخۆشی لێ هاتۆ. ئەوەی جوانی و خۆشی و هیوا بوو لێی وەرگیراوەتەوە. ئەمەش هەموو وەک مردووی بە حەواوە دێین و دەچین.

###

له سابڵاغێم.

کاکه جەمیل له ئالمانێ هاتۆتەوه. چوو بوو سەر دوکتوری. لەوەتا فازل نەماوه، ئەویش نەخۆشێکەی زۆر خەراپتر بۆ. دوکتوران دەڵێن چونکه لایەکی سیپەلاکیان دەرهێناوه، ئۆکسیژێنی لازم به بەدەنی ناگا.

کاکه جەمیل له کاڕێژێرا چەمەدانەکەی دەدا یەکێک بۆی هەڵگرێ. ئەمن دەرکەی دەکەمەوه و دەزیقێنم:"دایه! کاکه جەمیله!"

دایکم و بابم و جەفعەر لەسەر نانوچای بەیانی هەڵدەستن و دێنه بەرەوپیری. ئەمن دەرکەکەم تەواو دانەخستۆ، دیسان له دەرکەی دەدەن. دەیکەمەوه دوو پیاوی قەڵەوی قوون زەلامی، ئێسک گرانی، کوردی خۆفرۆشی ساواکی وه ژوور دەکەون و دەڵێن کاکه جەمیلیان دەوێ. ئەویش تازه کەوشەکەی داکەندۆ. چەمەدانەکەی هەر له پێشخانەیه. بانگی دەکەن. دایکم دەرکەی ژوورێ دەکاتەوه هەتا چاوی لێ بێ و بزانێ ئەو سەگبابانه بەو بەره بەیانەی چیان دەوێ.

به کاکه جەمیلی دەڵێن چەمەدانەکەی پکاتەوه. دەس دەکەن به دەرهێنانی شڕوشیتاڵەکەی.

ئەوەی به کاری وان بێ، تێیدانێ.

بابم پێیان دەڵێ:"جەمیل بۆ معالجەی چۆ بۆ ئەلمانێ."

دوای چەمەدانەکەی دەڵێن:"ماڵێ دەگەڕێین!"

بابم دەڵێ:"فەرموو به کەیفی خۆتان بگەڕێن!"

ئەو جاشه کۆت و شاڵوارلەبەرانه هەتا نیوەڕۆیه له سەر و خوار و خەڵوەتێدا دەگەرێن، جەفعەر و دوو سێ کتێبی که قاچاغیش نین لەگەڵ خۆیان دەیبەن و دەڕۆن.

به مەش دەڵێن جەفعەری دەبەن دوو سێ سوالوجوابی لێ پکەن و دوایه دێتەوه.

ئێواریه بابم دەچێته ساواکی بزانێ جەفعەر چی لێ هات، بۆ نەهاتەوه. بەڵام دەڵێن بەیانی بەڕێی دەکەن بۆ تارانێ، دەبێ له وێ سوالوجوابی لێ بکرێ.

دایکم دەست دەکا به گریانێ و هەر وا به بابم دەڵێ:"دڵم خۆش بوو کوتم چاکه ئەوه هاتۆتەوه له دەبیرستانی دەرسێ دەڵێ خزمەتێ به خەڵکی خۆی دەکا، کار له وەی چاتر نێ، ئەوەتا لەسەر کۆنه کتێبێکی بزانه چۆن ماڵه خۆی وێران دەکا."

دایکم دەڵێ:"مانگێکیش پتر دەبێ، هاتەوه کوتی ڕەفیقێکی گیراوه، هەر چی کتێبی پێی وا بوو نابێ له ماڵێ بێ بردی شاردێوه. ئەمن و زارا بۆ خۆمان ڕامان گوێستن. ئەوه ئەو جاسوسانه داخوڵا پێیان وا دەبێ نۆ مێشی له کونێکیدا دەبینەوه ئاوا بەیانی لێمان وه ژوور دەکەون و شتومەکی جەمیلی دەگەڕێن و ماڵێ دەگەڕێن. خودا بەسەریاندا ژێرەوژووری کا. ئەوه بۆ دەوڵەته له وەی منداڵێک بترێ! دەترسێ، زیندانیان پر کردۆ له منداڵ و جەوان لەسەر کتێب خوێندنەوەی!"

###

ئەمن دەچمەوە تارانێ خورداد‌ی (١٣٥٣)یە. بە داخەوە جەفعەر هەر بە سوالوجواب نەجاتی نایا. کە دەیهێنە تارانێ کەس نازانێ بۆ کوێیان بردۆ. کورەکان حەول دەدەن چاویان پێ پکەوێ، دەڵێن هەتا "بازجویی" خەلاس نەبێ دیتنی قەدەغەیە (مەمنوعول مولاقاتە).

کە دێتە زیندانی "قەسر" بە دایکی زیندانێکی دا وەڵامی دەنێرێ کە باشە و دەکرێ پچین چاومان پێی پکەوێ. کاکە مەزهەر لە قەزوێنێرا و کاکم دەچن بۆ دیتنی. تەلەیفونیش لە دایکم و بابم دەکەن کە بێنە تارانێ. هەر ڕۆژی چوارشەمۆیان مولاقاتە. ئەمنیش فێر دەبم بە تاکسی و خەتی ئوتوبوس و ئەوەی پچم بۆ زیندانێ.

هەوەڵێ لە پشت شووشەی، زیندانێکان ڕیز دەکەن و ناهێلن کەسوکار هیچیان بۆ بەرن. هەر بە تەلەیفونی قسان دەکەین و تەواو چاکوخۆشیت خەلاس نەکردۆ تەلەیفونەکەی قەتع دەکەن.

###

ئەورۆ چووم سەری جەفعەری بدەم، دەر وژوور و خەیابانی زیندانێ پر بوو لە ژنی چارشێو بەسەر و منداڵەکانیان.

ئیدی چی دی بە تەلەیفونی قسان ناکەین. بەڵام دیوارە شووشەکە هەر لەسەر جێی خۆیەتی.

دەڵێم:"جەفعەر ئەوە چ قەوماوە؟ قەتم ئەوەندە ژنی چارشێو بەسەر لە هیچ کوێ نەدیتۆ!"

دەڵێ:"ئەوە زۆریان مەلا و ئایەتوڵا و شتی وا گرتۆ!"

دەڵێم:"مەلایانیان بۆ گرتۆ؟ پێموا بوو کاریان هەر بە حیسانی سیاسێ."

دەڵێ:"ئا! ئەوانەش سیاسین. مخالیفی دەوڵەتێن، بەڵام مخالیفی مەشن، داوایان کردۆ نان و کێشتی لەگەڵ مە نەخۆن چونکە `چەپییان` ، بە `زیدی خودا` دەزانن و پێیان وایە گڵاون."

ئەمنیش دەڵێم:"بە گۆڕی بابیانەوە! ئەگە وایە با بیخۆن ئەمن لە سەفێدا کە ڕاوەستا بووم دەیانکوت مەلایەکی زیندانیان لە ژێر شکەنجەیدا لەت لەت کردۆ."

جەفعەر دەڵێ:"بەعزە کەسێکی زۆر عەزیەت دەکەن هەتا قسەیان لێ دەرکێشن. هەڵیانداوەسن، تەجاوزیان بە شوشەی پێ دەکەن.

ئەوانەی دێن و دەڕۆن پۆلیسن. دادگای حیسانی سیاسی، نزامێ یانی ئەرتەش دەیگێرێ. ئەوانەی بازجویە دەکەن ساواکین. پۆلیسەکە زۆر خەراپ نێ. حیسانی چاکیشێان تێدا."

دەڵێ `سعید سلطان پور` لە بەندی ویدا و هەموو زیندانێ سیاسێکان پێکەوەن و لێیان دەگەڕێن کتێبی پخوێنەوە و وەرزشیش پکەن. بیست سی کەسێکیش پێکەوە لە ژوورێکی دەکەن بۆ نوستنێ.

دەڵێم: "چ دەخۆن؟"
دەڵێ:"كێشتی لێ دەنێین. نان و سەبزی و شتمان دەدەنێ. دوكتور و نێرس و ئەوەش هەیە بۆ نەخۆشی. حەفتەی ڕابردوو زۆربەی زیندانێكان ئیسهالیان گرت بوو. ئەمەش كردمانە هەڵا لەبەر خاوێن نەبوونی كێشت و شتی و ئەوانیش گاردیان هێنا. سەد نەفەرێک دەبوون.
هەر چی لێیان داین و كتێبانیان لێ وەرگرتینەوە و جنێویان پێ داین فایدەی نەبوو. مەجبور بوون ئاشپەزخانەی زیندانی عادی و سیاسی جوێ كەنەوە. ئەمەش نۆک و برینج و لۆبیای بۆخۆمان دەبژێرین و گیاوگۆڵیش بۆخۆمان چاكی دەكەین."
لە جەفعەری خوداحافیزێ دەكەم و بەرەو ماڵ دەبمەوە.

ئەمن و باجە زیێد قەرار وایە كەپۆمان عەمەل كەین.
دایكم كە دەیبیستێ دەڵێ:"ڕۆڵە! چۆن پیاو دەست لە كاری خوڵای دەدا!؟ ئەو بێشەریكە هەر جورێكی خولقاندووتی نابێ دەستی لێدەی!"
دەڵێم:"دایە! خودا چی لە وەی داوە كەپۆی یەكێكی دوو گەز درێژ پكا ئی یەكێكی دیش ئەوەندە چكۆڵە پكا كە بە عاستەم دیار بێ كەپۆی هەیە.
ئەو شتانە هەموو دەگەڕێتەوە سەر ژێنی حیسانی. یانی ئەگە بابم كەپۆی درێژە یا دایكی یا بابی یا هەردووكیان كەپۆیان درێژ بۆ. ئی وانیش دەگەڕێتەوە سەر باب و باپیر و جەدی گەورەمان. ئەنگۆ بۆ، بۆ هەموو شتێكی خەتای خودای دەگرن؟
خودا بۆ پێی‌خۆشە ئەمن كەپۆم درێژ بێ؟"
دایكم دەڵێ:"بە ناشكوری ناڵێم ئەتۆ هەر لە ڕۆژی ئەزەلێوە هیچت وەكوو بەشەران نەچۆ."
بابم دەڵێ: "چم پێ كوتی ئەو ئەتک و كەتنانە هەموو زیێد پێی دەكا. هەزار گۆزەی دەكا دەسكیان لێنانێ."
ئەمن و باجە زیێد لە نێو مەكە و پكە و نابێ و دەبێیەكی زۆر دەچین بۆ كەپۆ عەمەل كردنێ.

###

ئەمن چی وام نەماوە دەرسی خەبەرنیگاری خەلاس کەم. یەکێک لە کارەکانی دەیکەین ئەوەیە کە لە ڕووی کاغەزێکی کە نێوی نووسەر و شاعیر و هونەرپیشە و خانەندەی تێدایە، یەکێکی هەڵبژێرین و پچین بۆ دیتنی و موساحبەی لەگەڵ پکەین. نیوەی نمرەی ئاخری ساڵێ دەدەن بەو موساحبەیەی.
سیاوەشی کەسرایی هەڵدەبژێرم. چونکە ئەمن و فازل شیعرەکانیمان زۆر پێ خۆش بوو و بە تایبەتی شیعری ئارەشی کەمانگیر "آرش کمانیگر" هەردووکمان لەبەرمان کرد بوو.

دەڵێ:"آری، آری زندگی زیباست
زندگی آتشگهی دیرنده پا برجاست
گر بیفروزیش رقص شعله‌اش در هر کران پیداست
ورنه خاموش است و خاموشی گناه ماست."

قەرارەکەمان لەگەڵ سیاوەشی کەسرایی بوو بە سەعات دەی بەیانی ڕۆژی پێبجشەمۆیە.
ئەمن ئادرەسەکەییم وەرگرتۆ و لە خەیاڵی خۆمدا ماڵەکەی دێنمە بەر چاوم: خانوویەکی زۆر گەورە و خۆش وەکوو ماڵەکانی نیاوەران و پۆلێڕوومی (پل رومی) و ئەوانەیە. زۆر جوان و گرانە.
هەوەڵەکەی بە دەروازەیەکی گەورەی ئاسن دەست پێ دەکا. لە بەر دەروازەکەش قەڕەوڵ شەو و ڕۆش کێشکێ دەکێشێ و بە بێئیجازە، کەس ڕێ نادا. بەڵام کە ڕێت دەدا دەچێ نێو باغوباغاتێکی پڕ لە گوڵ و دار و ئاوهەڵدێری چکۆڵە و گەورە. تازە دوای ئەو باغوباغاتەی دەگەیە خانووی قەرەواش و باغەوان و دەرکەوانی سیاوەشی کەسرایی! جا بە دوای ویدا قەڵا و عیمارەتێکی زۆر زۆر جوان و بێوێنە وە دیار دەکەوێ کە ماڵە خۆیەتی.
کاکم دەڵێ:"ئەتۆ بە تاکسی پچی چاکترە. ئادرەس دیتنەوە لە شارێکی وەکوو تارانێ کاری هەر کەس نێ، ون دەبی!"
ماوەیەکی زۆر لە تاکسێکەیدا دادەنیشم هەتا دەگەینە کوچەیەکی تەنگ و باریک، کابرای شۆفیر خۆی بە تۆبزی تێ دەئاخنێ و لەبەر دەرکەیەکی چکۆڵە لە دیوارێکی گڵیدا ڕادەوەستێ و دەڵێ:" ئەوە ئادرەسەکەتە!"
چاوی لێ دەکەم پلاکەکەی دروستە. نێوی کوچەکەش دروستە، بەڵام خانۆکە لەگەڵ ئەو نێوە گەورەی نایەتەوە.
هەتا دێم لە دەرکەی بدەم، کورێکی جحێڵ دێتە دەرێ.
پێش وەی پروا لێی دەپرسم:"ئەوە ماڵە کێیە؟"
دەڵێ:"ماڵە سیاوەشی کەسرایێ!"
ئەمنیش هەر وا کە دەڕۆمە نێو دەرکەکەی دەڵێم:"زۆر مەمنوون!"

لە کورە جحێڵەکەی خوداحافیزێ دەکەم. دەچمە نێو حەسارێ. حەسارەکە چکۆڵەیە و کەسی تێدانیێ. لە دەستی ڕاستەوە دوو سێ پلیکان دیارن. بە لای باغخەیەکی چکۆڵەدا دەڕۆم و دەگەمە سەر پلیکانەکان.
لە دوورەوە چاوم بە سیاوەشی کەسرایی دەکەوێ کە هاتۆتە نێو دەرکەی پێشخانەی و دەڵێ:"فەرمووا وەرە سەرێ! ئەتۆ دەبێ خانمی حەسەنپور بی!"
پلیکانەکان وەکوو شاخوداخەکەی ئەلبورز دەنوێنێ و دەڵێی ئەمن لە ئاخری ئەو شاخوداخە بەرزەی چاوم بە ئارەشی کەمانگیر دەکەوێ.
بۆخۆیەتی. هەر وەک عەکسەکانی دیتوومە، پیاوێکی دەستەیە و زۆر
خوێن‌شیرن و لەبەر دڵانە. پێناکەنێ بەڵام وەکوو کاک محەمەدی مامڵێ کە هەمیشە دەڵێی پێدەکەنێ، سیاوەشی کەسراییش زەردەخەنەیەکی لەسەر لێوێ. سمێڵێکی قەڵەویشی هەیە و کە پێدەکەنێ ڕوومەتیشی قووڵ دەبێ و ئەوەندەی دی خوێن‌شیرنی دەکا.

زۆر بە قەدرەوە وە پێش خۆیم دەدا و دەڵێ:"فەرموو ژووری!"
لە ژووری کورێکی دیکەی جەوان وەکوو دانیشجو بێ وایە لەبەرمان هەستاوە و سیاوەشی کەسرایی پێی دەڵێ:"ئەوەتا خانمە دانشجۆکەی ڕۆژنامەنیگار کە چاوەڕوانی بووم! باسەکەمان ڕاجع بە `گۆرکی` حەفتەی داهاتوو درێژە پێ دەدەین."
کورەکە خوداحافیزێ دەکا و دەڕوا.

بۆ گەپ و گاڵتە بێ یا فێر بوون، موساحبە لەگەڵ هاوکلاسی و برا و خوشک و دۆست و دەروجیران باشە، هەتا حیسان ڕابێ. ئەو موساحبە لە هەوەڵێرا زۆر خۆمانە دەستی پێکردۆ. دیارە لەگەڵ خۆم کاغەز و قەڵەم و لیستی پرسیارەکانم هێناوە. جاروبارەش چاوێکیان هەر لێ دەکەم هەتا جوابەکان بنووسم، بەڵام وای لێ دێ کە کاغەز و قەڵەمەکەم وەلا دەنێم.

خڕە خڕی چەرخی خەیاتی دێ.
ئاغای کەسرایی دەڵێ:"ئەوە خانمەکەمە بۆ ئاشنایەکمان لیباسی دەدروێ. دەچم چایەکی بۆخۆم دێنم و یەکێکیش بۆتۆ!"

لە پێش ئەوەیدا پرۆم پێی دەڵێم لە منداڵێرا ئەمن و فازل زۆرمان شیعرەکانی پێ خۆش بۆ بە تایبەتی ئارەشی کەمانگیر پێی دەڵێم:"ئەو چاو پێکەوتنە لە جیاتی برا چکۆڵەکەشمە. زۆری پێخۆش دەبوو بیزانیبایە ئەمن هاتووم ئەنگۆ ببینم."
بەخۆم نەبوو دەستم کرد بە گریانێ و بەسەرهاتی فازلم بۆ گێراوە.
زۆرم دڵخۆشی دەداتەوە و دەڵێ:"وا دیارە ئەتۆ و براکەت زۆرتر وەک دوو هاورێی زۆر چاک بوون پێکەوە و لە دەست دانی هاورێێ وا تاڵە. بەڵام یەک شتت لە بیر نەچێ ئەتۆ بە تەنێ نی، هەر پروانێ شارە چکۆڵەکەی خۆت قەولت پێ دەدەم خەڵکی دیکە دەناسی کە بەسەرهاتیان هەر وەک ئی براکەتە!

ئەگە دیدگای خۆت مەحدود نەکەی لە جێگای دیکەش حیسانی وەک `فازل`ی دەبینی، کە توانیت بەینی ئەو `فازلانە` پێوەندی دروست پکەی، جورێکی دی چاو لەو تراژێدێی دەکەی. موبارزە (مبارزە) ئاورێکی گەورە و بێ ئامانە و زۆر کەس بۆ لای ناچێ. بەعزە کەسێک لە دوورەوە دادەنیشن تەماشای دەکەن. بەعزە کەسێک هەتا پتوانن لێی دوور دەکەونەوە هەتا پریشکی ئاورەکە نەیان گاتێ.
حیسانی وەک فازلی برای تۆش، خۆیانی تێ دەهاوێن کە مەبادا ئاورەکە پکوژێتەوە."

وەختی نەهارێیە.
دەڵێ:"شۆرباومان هەیە میوان بە!"
هەتا بەردەرکی کوچەی لەگەڵم دێ،
خوداحافیزی دەکەم و دەڕۆم.

###

جەفعەر لە زیندانێ بەربۆ.
ئەمن و گوڵاڵە دەچینە ئەمریکایە بۆ دەرس خوێندنێ. دیارە دایکم و بابم نێوی ئەمریکایە کە دێ هەموو برینەکانیان دەکولێتەوە.
بابم دەڵێ:"دەبێ مێرد بە `ئەجنەبی`نەکەن و وە دوای سیاسەتیش نەکەون!"

ساڵی هەوەڵێمان لە ئەمریکایە، بوو بە تەلەیفون کردن لە ئێرانێ.
هاوینێ هەستاین هاتینەوە بە سەردان.
ڕۆژێکی دەچم سەری ئوستادەکانم بدەم و باسی خۆمیان بۆ پکەم. قەرامان وا بوو کە ئەمن عەکاسی خەبەری`Photo journalism` پخوێنم و بێمەوە هەر لە دانشکدەی علومی ئیرتباتاتی ئیجتماعی دەرسێ بلێم.
هەموو نیگەرانن.
یەکێکیان دەڵێ:"خەڵک دەستیان پێ کردۆ ماڵوحاڵیان دەفرۆشن دەڕۆنە دەرەوەی وڵات. ئێران وەکوو ئاتەشفشانێکی لێ هاتۆ کە هەوەڵێ بریک تەپوتۆزی لێ هەلدەستێ و بۆنی ناخۆشی گۆگردی بڵاو دەکاتەوە، جا دوایە دەست دەکا بە لەرزاندنی عەرزی!"
بە پێکەنینەوە دەڵێم:"ئەلعان لە مەرحەلەی تەپوتۆز داین یا بۆمبی ئاتەشفشانێ؟"
دەڵێ:"ڕەنگە خانەوادەکەت دڵی نەهاتبێ نیگەرانت کا، وەزعیەت زۆر خەراپە!"
دەڵێم:"بۆچی؟"
دەڵێ:"ئەو حکومەتە خۆی ڕاناگرێ! بەڵام زۆر خەراپتر لە وەی چاوەڕوانمانە!"
دەڵێم:"نا! چۆن؟! هەر بەو سادەیێی؟"
دەڵێ:"ئەتۆ ئەوەڵەن منداڵی و زۆریش ئاگات لە وەزعی سیاسی چەندین ساڵی ڕابردوو نێ! لەو مەملەکەتەی هەر چی فکری سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی هەبێ یا

دەگیرێ یا دەکوژرێ بەڵام `ڕوحانیەتی شیعە` شتێکە دەوڵەت زۆر خۆی لێ نادا، بە وەی دەڵێن `مەسونیەتی دینی.`

هەڵبەت ئایەتوڵا و مایەتوڵاش هەن یا دەرکراون یا لە زیندانێ دان. بە داخەوە ڕەوشەنفیکر و ئینسانی باسەواد و موبارزی غەیرە مەزهەبیش چونکە نەیان توانیوە بە ئازادی حیزب و تەشکیلاتی خۆیان هەبێ، چوونە ژێر عەبای روحانیەت.

ئەمن بۆخۆم شیعەم بەڵام بابم هەمیشە بە مەی دەکوت ئەنگۆ نازانن `حکومەتی نەعلەین` یانی چی! `خراپترین حکومەت، `حکومەتی نەعلەین`ە."

دەڵێم:"مەگە مەلاش حکومەتێ دەکا؟!"

دەڵێ:"تاریخی پخوێنەوە! ڕۆژنامەنیگاری بێسەواد بە کار نایا!"

دوایەش پێدەکەنێ دەڵێ:"بە داخەوە دین و مەزهەب سەدان ساڵە حکومەتێ دەکا و نیگەرانی ئەوڕۆژ ئەوەیە کە بگەڕێتەوە. ئەو `ئیرتجاعی سوور و ڕەش`ی کە `شا` زۆر جاران باسی دەکا هەر ئەوەیە پێمکوتی. چونکە کەس ناتوانێ دەنگی دەربێ و هیچ ئازادێک بۆ هیچ جور تەشکیلاتێکی حزبی نێ، ئەوەی موبارزە حەتا ئەگە بێدینە لە ناعلاجیان (از بد حادثه) پەنای بۆ `عەبا و نەعلەین` بردۆ."

###

گەڕاوینەوە ئەمریکایە. لە تلویزیۆنێدا ئەمن و ڕەفیقەکەم چاو لە خەبەری کانالی ئەی.بی.سی ABC دەکەین و پیتر جێنینگز "Peter Gennings" کە لە ئێرانێڕا خەبەران دەنێرێ. تەزاهورات زۆرتر بۆ. غەیرەز تاران شارەکانی دیشی داگرتۆ. ئەمن و ژالە دەگرین و نیگەرانین چ بەسەر کەسوکارمان دێ.

تەلەیفونێ دەکەم. بابم زۆر ناڕەحەتە و دەس بە گریانێ دەکا.

دەگەڵ دایکم قسان دەکەم دەڵێ:"ڕۆڵە ماڵە باجە مرێمت بە خڕی ڕۆیشتوون، لە تارانێن. بابت زۆر زۆر ناڕەحەت و نیگەرانە."

هەموو کاناڵەکانی خەبەری ئەمریکایە "شا"ی نیشان دەدەن کە دەڕوا. لە خەیابانەکانی تارانێ شیرنیات و غورابی داروپەخش دەکەن، خەڵک وە چەقڵەسەما کەوتوون.

ئەمن دەزانم وەختێکی بابم دەڵێ:"وەزعێکی پەریشانە" دەزانێ دەڵێ چی. بابم زەمانێکی وە بیر دێ کە خەڵک خەڵکی تاڵان دەکرد. هەر جارناجارێکی شکاکان و عاشیرەتی دەورو بەری شاری خۆیان بە سابڵاغێ دادەکرد و هەر چی هەبوو نەبوو دەیان برد و دەڕۆیشتن. بابم بۆخۆی تفەنگ و ئەسپی دەبێ و بە نۆرە لەگەڵ جیرانەکانی، شەوانە کێشکی دەدا.

باسی بۆ کردووم چۆن هەتا تاقە چرایەکیش لە هیچ کوێ نەبوو. نە چرابەڕق هەبوو، نە خەیابان هەبوو، نە ماشێن. نە تەیارە، نە فرودگا، نە قەتار. ئێران وێرانەیەک بوو تاڵانکراو بە دەستی قاجارەکان و حکومەتەکانی پێشوو.

دەڵێ:"پیاو دەبێ ئینسافی هەبێ چاکیش ببینێ و خەراپیش ببینێ.

`بابی شای` دەبێ کە ئێرانی وەدواکەوتوو و ژێرەو ژوورکراو ئاوەدان دەکاتەوە و دوای ویش کورەکەی زۆر شایەکی منداڵکاریش دەبێ، بەلام حەول دەدا بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات."

بابم ئێرانی بە گشتی دەتوانێ بێنێتە بەر چاو و لە کورد بوونیشدا کەس بە قەت وی کورد نیێ. کەس بە قەت بابم نازانێ کورد چۆن و چەندە زوڵمی لێکراوە. هەر زۆر منداڵ دەبێ عرووسی هەوەڵێ بە وڵاتی وەردەبن و هەرچی پیاوە دەیکوژن، حەتا منداڵی کوری لەبەر مەمکان. بە ژنان تەجاوزێ دەکەن و زۆریش لەگەڵ خۆیان دەبەن.

بابم وڵاتێکی عرووس یا ئینگلیس ئیدارەی پکا، دەڵێ:"وڵات نیێ." بۆ کوردی سەربەخۆیی بە بێ نۆکەرایەتی ئەجنەبی دەوێ.

گەرچی ئەرتەش و ساواک کاکە جەمیلی نەخۆش و سەقەت کردۆ و فازلیشی کوشتۆ و جەفعەری لە زیندانێ کردۆ بەڵام بابم حیسابی "شا"ی لە ساواکی جوێ دەکاتەوە و دەڵێ ساواک دەستوری لە "شا"ی وەرناگرێ.

###

ساڵی (١٩٨٠)یە. حکومەتی جمهوری ئیسلامی سابڵاغێ بۆمباران دەکا.
دایکم و بابم لە کەرەجێ ماڵیان گرتۆ.

ئەمن لە ئەمریکایەڕا بە تەلەیفونی قسەیان لەگەڵ دەکەم.

دایکم زۆر نیگەرانی کاکە جەمیلێ بۆ وەی ئەو بۆمبارانانە زۆر عەعسابی ناڕەحەت کردۆ.

ئەما بابم نیگەرانی منە و دەڵێ:" دەبێ زۆر لیباسی بە عەدەب لەبەرکەی و سەروگوێلاکت تەواو داپۆشی. ئەو ئێرانەی ئەتۆ بەجێت هێشت نەماوە."

ئەمن لە شەهریوەرێ دایە کە دەچمەوە ئێرانێ.

شاڵوارم لە پێدا، بڵوزێکی درێژ، ڕووسەریم بە سەرەوە و کەوش و گۆرەوی کەتانم لە پێ کردۆ. دەگەمە فرودگای مهرابادێ. ژنی چارشێو بە سەر دەمرگەڕێن. چەمەدانەکانم دەکەنەوە. لە دەرو ژووری فرودگایە پاسدارن بە تفەنگەوە راوەستاون. دوای ٨ سەعاتان کە لە فرودگایە مەحتەلم دەکەن، دێمە دەرێ و چاوم بە سەفێکی گەورەی برا و کەس‌وکار دەکەوێ.

دەڵێن:"زۆر لە مێژە لێرەین!"

دەڵێم:"حەوت سەعاتان لە سەفێدا ڕاوەستاوم. سەعاتێکیش زیاتر هەر پشکنیویانم. هیچیشم پێ نیێ شڕەویرە نەبێ."

لە حاڵی دایک وبابم و کاکم دەپرسم پێم دەڵێن دایکم و بابم چوونەوە سابڵاغێ. تەقە هەر هەیە بەڵام بە داخەوە پاسدار چۆتەوە شاری و پێشمەرگە پاشەکشەیان کردۆ بۆ دێودێهاتی قەراغ سابڵاغێ.

دەڵێم:"کاکم کوا؟"

دەڵێن ئەویش زۆر لەسەر شیرکەتەکەی تووشی گێرەوکێشەی بۆ و جارێکیشیان لە زیندانیّ کردۆ.

لە ماشێنیدام چاوم بە پەنجەرەی ماڵان دەکەویّ. هەموو ڕەشن و داپۆشراون.
دەڵێم:"ئەوە چیّ؟"
باجە گوڵزار دەڵیّ :"عێراق بۆمبارانمان دەکا. جاری وایە١۶- ١۵تەیارە بە سەرسەرماندا دێن و دەڕۆن ئەوە بۆ وەیە کە شارەکەی نەبینن."
لە دڵ خومدا دەڵێم ئەوە بۆیە کاکم دەیکوت:"مەیەوە! ئەگە جواب نەدەیەوە و بگەڕێیەوە، گەڕاونەوەت بۆ ئەمریکایە لە ئەستۆی خۆت دەبیّ!"
تەلەیفونیّ لە سابڵاغیّ دەکەم و بە دایکم و بابم ڕادەگەیێنم کە هاتوومەوە.
بابم دەڵیّ:"هەتا ئەمە پێتنەڵێین نەکەی بێیەوە سابڵاغیّ!"
دایکم دەڵیّ:"بۆ مە هاسانترە بێینە تارانیّ هەتا ئەتۆ بێیەوە سابڵاغیّ!"

سەعات هەشتی ئێواریّ دەبیّ و نابیّ دەنگی ئاژیری خەتەر دیّ و بە دوای ویشدا، ناڵە ناڵ و نرکە نرکی تەیاران هەموو شاری تارانیّ دەلەرزێنێتەوە. هەموو بە پەلە پەل هەڵدێین دەچینە نێو ژێرزەمینی ماڵیّ.
دەڵێم:"ئەو دەنگە ناخۆشەی!! چەندە توندە، گوێی حیسانی کەڕ دەکا."
باجە گوڵزار دەڵیّ:"نەبوو پێمکوتی چۆن دێن بۆ بۆمبارانیّ!"

###

ئەوەندەی لە تارانێم، حەول دەدەم بزانم کیّ لە جێی خۆی ماوە.
ئانوشی دەبینمەوە. مێردی کردۆ. دوو کچی هەیە.
ڕەفیقە بەهایێکانم لە خەیابانی شا "خیابان شاه" دەبینم. یەکتری لە باوەش دەکەین و ماچ دەکەین. لە براکەیان دەپرسم، ڕەفیقی فازلی بوو، دەڵێن شوکور چاکە بەڵام جمهوری ئیسلامی لە هیچوخۆڕایی و بیّتاوان بابیان دەکوژیّ بۆ وەی بەهایی بۆ.
کوڕێکی باجە زارای کوژراوە و بابی گێلاناش لە بۆمبارانەکانی سابڵاغێدا، عەمری خودای کردۆ.
دەبیستم یەکێک لە کورەکانی باجە ئامینی خاڵیشم لە شەڕی ئێران و عیراقێدا کوژراوە.

دەچم سەری باجە ئامینیّ بدەم. دەڵێن:"ماڵ بۆخۆی لە خۆیدا نەبوو میوانیش وەری گەرانیّ!"
باجە ئامین بە دەردی دایکم دەڵیّ هەر "ئیسمی شەریفی" ماوە.

دەڵێم:"باجە ئامین ئەمن زۆر زۆرم دڵ لە تۆ ئێشاوە. ئەتۆ قەت بۆ سەرەخۆشیّ نەهاتێوە سابڵاغیّ، دوایەش مرێم خانم پێیکوتین  کوتووتە`جا پوورم ئەوە لە

کوێیەتێ، ئەوە هیچ نێ، خودای من بە `فازل`ی نابێ لێی ڕاوەستێ. دەبێ تۆڵەی منی لێ پکاتەوە. ئەمنی ئاوا دەقورێ نا!` دەڵێم:
ئەوەڵەن `فازل` دەو نێوەیدا چ گوناحێکی کردۆ؟ چۆن دڵت دێ قسەی وا پکەێ؟
بە دوای ئەوەشدا دەتتوانی هەڵێی یا ڕەدوا کەوی یا خۆت پکوژی. ئەگە بە ڕاستی نەد دەویست مێرد بە کوری مامت پکەی، ڕێگای هەبوو. پێت وایە بۆ کچان لە دێی ڕەدوا دەکەون؟ هەر کەس نێوی لەگەڵ یەکێکی دەرچوو، کەسی دی نایەوێ. ڕەدوا کەوتبایەی مەلا عەبدولڕەحمان بۆخۆی دەیکوت ئەتۆی ناوێ. بۆخۆت هیچ کارێکت نەکرد کە خۆت نەجات دەی خەتای دایکم و خاڵم دەگری. یا پێت وایە خودا فازلی لە دایکم ئەستاندۆ هەتا تۆڵەی تۆی لێ پکاتەوە. ئەلعان کە ئەتۆ کوری جوانوجەوانت لە شەڕێدا کوژراوە خودا تۆڵەی کێ لە تۆ دەکاتەوە؟ دەزانی ئەمن لەسەر دایکم وە جواب نایەم، بەڵام پێشم وایە حەولی خۆی داوە و خاڵە بابەدین جوابی نەداوەتەوە."
باجە ئامین هەر دەگری و دەڵێ:"ئەتۆ ڕاست دەکەی! جا تازە فایدەی چی؟ کابرا ئەوە مردۆ و ئەوەش کورەکەم لە شەڕێدا، کچەکەش هەر لە منداڵێرا نەخۆشی دڵی هەبۆ و چەند جار عەمەل کراوە و کورە گەورەکەش ئەوە کەڕ و لاڵە! ئەوەش بەشی من لەو ژیانەی!"
دەڵێم:"ئەوەش بە داخەوە عیلەتی ئاگادار نەبوون لە عیلم و کەشفی تازە و ئەوەیە. ئەگە حیسان مێرد بە خزموکەسی نزیکی خۆی پکا، منداڵەکانی زۆر ساغوسەلیم نابن.
بە داخەوە هەزار ڕەسمی کۆن و پیس لە نێو مەدا هەیە کە دەبێ لە بەین پچن، `مێرد بە خزم کردن` یەکێک لە وانە."
بە گریان لێک جوێ دەبینەوە.

###

ژالە هاتۆتەوە ئێرانێ!
دەڵێم:"کچێ ئەوە لە چی دەگەڕێی؟"
دەڵێ:"دوای وەی ئەتۆ رۆیشتی، ئەمن زۆر بێتاقەتتر بووم و دەرس و مەدرەسەم بەڕەلا کرد و هاتوومەوە."
ئەمن دوو حەفتان دەچمە کرماشانێ و لەماڵە باپیری ژالەی میوان دەبم. لە پێشداش کرماشانم دیتۆ، خۆشە بەڵام قەت وەکوو شارێکی کوردی نەهاتۆتە بەرچاوم.
لە دڵ خۆمدا فیکری وەی دەکەمەوە چەندە شیعە و سونی بوون فاسلەی خستۆتە بەینی مە.
ئەوانە کوردن بەڵام شیعە و زۆریشی "عەلییەڵاهین." قسەی تێدانێ کە کوردیێکەشیان لەگەڵ کوردی سابڵاغ و سنە و بۆکان و ئەوەی فەرقی هەیە، بەڵام هەر قسە کردن نێ، هەموو شتێک فەڕقی هەیە. دەڵێی لە ڕەزایەم یا لە تەورێزێ.
ئەمن دەگەرێمەوە تارانێ. قەرار وایە ڕاوەستین هەتا بابم دەڵێ دەکرێ وە ڕێ کەون. جا دوایە ئەمن و ژالە هەستین پچینە سابڵاغێ.

###

دوای نەورۆزێیە ئەمن و ژالە بلێتی ئوتوبوسمان کڕیوە بۆ سابڵاغێ.
لە سەعات شەشی بەیانی وەڕێ دەکەوین. ژالە بە سواری تاکسی و بە چەمەدانێکی دێ لە دووی من. تاریک و ڕوونی بەیانێ.
خوڵاحافیزی دەکەم و هەڵدێم دەچمە نێو تاکسێکەی و بە کابرای ڕانەندە دەڵێین هەڕاکە! دەنا ئوتوبوسەکە بە جێمان دێڵێ.
کابراش گازی دەداتێ. خەیابان و شتیش چۆلن بۆ وەی تولحی بەیانێ. لە ناکاو ماشێنێک وە دوومان دەکەوێ و ڕامان دەگرێ و دوو پاسدار لە ماشێنەکەی تفەنگ بە دەستیانەوە و دەمانچە بە لایەکی قونیانەوە پێمان دەڵێن:"هەموو وەرنە دەرێ و دەستتان لەسەر سەرتان دانێن!"
هەموو تاکسێکەی دەگەڕێن. دوایە یەکێک لە پاسدارەکان لە ڕانەندەکەی دەپرسێ بۆ کوێ دەچێ.
ئەویش پێی دەڵێ:"ئەو دوو خاهەر (خواهر)ە دەچنە کارێژێ، موسافرن."
دەڵێ:"بۆ کوێ دەچن؟"
ڕانەندەکە جواب دەداتەوە:"نازانم! بە منیان نەکوتۆ بۆ کوێ دەچن."
دوایە ڕوو لە ژالەی دەکا و دەڵێ:"بۆ کوێ دەچن؟"
ژالە دەڵێ:"ئەمن بە میوانی دەچمەماڵە ڕەفیقەکەم لە مەهابادێ."
هەر ئەوەندە نێوی "مەهاباد"ێ دەبیستن دەڵێی نێوی بابیان دێنی.
بە کابرای ڕانەندە دەڵێن:"بڕۆ ئەو ئادرەسەی ئەوەیانت"، ئیشارە بە من دەکا، "لێ سوار کردۆ!"
ئەمە هەموو سواری تاکسێکەی دەبینەوە و یەکێک لە پاسدارەکان دێ لە پێشەوە دادەنیشێ. ئەوی دیش دەچێتەوە نێو ماشێنەکەی خۆیان و بە دووماندا دێ هەتا بەر دەرکەی ماڵێ.
دێنە ژوورێ و یەکێکیان بە تفەنگەوە لەبەر دەرکەی ڕادەوەستێ و ئەوی دی دەست دەکا بە گەڕانی ماڵێ، ژوور بە ژوور. چەمەدانەکەشم پێ دەکاتەوە و هەمووشتەکانی دەردێنێ و چاویان لێ دەکا و دەپرسێ ئەو پووڵە چێ و بۆ کوێی دەبەی؟
دەڵێم:"پووڵی خۆمە و بۆ خەرجی خۆمی دەبەم!"
دوایە پڕ دەداتە عەکسێکی جەوانی "ئێلویس پریسلی" کە لە تابلۆی گیراوە و ژالە بە یادگار داویمێ.
دەڵێ:"ئەوە چێ؟ ئەوە کێیە؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئەوە عەکسی برامە! ساواک کوشتی!"
دەڵێ:"شتەکانت لە چەمەدانەکەت نێوە!"
دوایە ئەمن بە جێ دێڵێ و دەچێتە نێو پێشخانەکەی.
گوێم لێیە لە ئامانجی کە چوار پێنج ساڵە، دەپرسێ:"بابت تفەنگەکانی لە کوێ دەشارێتەوە!؟"

ئامانجیش بە پێکەنینەوە دەڵێ:"بابی من تفەنگی نێ هەر ئەمن تفەنگم هەیە!"
دوایەش تفەنگە پلاستیکەکەی خۆی دێنێ و دەیدا بە پاسدارەکەی.
دوای سەعات و نیوێک دوو سەعاتان دەڵێن:"با ڕۆین!"
ئەمن و ژالە دەچینەوە نێو تاکسێکەی و بە ڕانەندەکەی دەڵێ:"ئەو چەل پچۆ ئەو ئادرەسەی ئەوەیانت لێ سوار کردۆ!"
دەچینە ماڵە بابی ژالەی. هەر بەو جورەی یەکیان لەبەر دەرکەی بە تفەنگەوە ڕادەوەستی مەبادا کەس لە ماڵێ ڕواتە دەرێ. ئەوی دیش دەست دەکا بە گەڕانێ.
دایک وبابی ژالەی کە چاویان بە مە دەکەوی دەڵێن:"ئەوە چێ؟ مەگە قەرار وا نەبوو ئوتوبوسەکەتان لە شەشی بەیانی ڕوا؟"
دوایە بابی ژالەی دەست دەکا بە قسە کردن لەگەڵ پاسدارەکان و "برادر"، "برادر"یان لێ دادەنێتەوە و دەڵێ:"فەرموون چایەکی پخۆن!"
هەموو ژوورەکان عەکسی خومەینی و ئایەتوڵاکانی دیکەی لێ هەڵاوەسراوە. عەکسەکان لە تابلۆش گیراون! دایکی ژالەی ڕووسەری بە سەرەوە و هەموو گیانیشی داپۆش راوە.
بابی ژالەێ پێی کوتن ئەوانە هاواڵن و جێگای نیگەرانی نین و کچەکەی من بە میوانی دەچێ بۆ ماڵە ڕەفیقەکەی. بەڵام ئوتوبوسەکە بە جێی هێشتوون و دەبێ سبەینێ ڕۆن.
پاسدارەکە دەڵێ:"ئەمە دەیانبەینە کاڕێژێ و بەڕێیان دەکەین. بلێتەکانیان بۆ دەگۆڕینەوە چونکە مەحتەلمان کردوون و پووڵی تاکسێکەش ئەمە دەیدەین."
دوایەش دەمانبەنە کاڕێژێ و سواری ئوتوبوسێکی دیکەمان دەکەن و دەڕۆین.

تەواوی شەوێ لە ڕێیە داین و ڕانەندەکە هەتا دەگەینەوە یەک گۆرانی ڕەزازی گوێ دەداتێ و هیچی دی:"دەبارێ هەی دەبارێ دەبارێ کڕێوەی دەکا!"

###

سەعات نزیک دەی بەیانی دەگەینە کاڕێژێ لە "مەیدانی ڕەزاشای کەبیر" موسافرەکان دەڵێن:"دیسان تەقەیە! خوڵا دەزانێ کەنگێ دەستی پێ کردۆ و کەنگێ خەلاس دەبێ! جا ئەوە چ پکەین؟"
دەڵێم:"ژالە! ماڵە خاڵم زۆر نزیکە دەبێ دیوار بە دیوار ڕۆین هەتا گولەمان وێ نەکەوێ و لە وێ بمێنینەوە هەتا تەقەکە خەلاس دەبێ."
دیارە ماڵە خاڵە مەلای لەوەتا خاڵم عەمری خودای کردۆ و خاڵۆژنە سوعدا رۆیشتۆ هیچی وەک خۆی نەماوە.
ئەمەش هەر لە حەسارێ دانیشتین، تەقەکە سووک دەبێ هەڵدەستین دەڕۆین.

هەموو شارەکە پڕە لە پاسدار، زۆر کەم خەڵک دیارە، دوکان و بازاڕیش دانەندراون ڕەنگە لە بەر تەقەی بێ.

دەگەینە سەر کوچەکەی.
دەڵێم:"ژالە! دەزانی ئەمن وەکوو تۆ هەوەڵ جارە ئەو خانۆی دەبینم؟"

بابم و دایکم هەردووکیان دێنە بەرەوپیرمان.
بابم دەڵێ:"چاکە، چاکە! سەروگوێلاکی خۆتان داپۆشیوە، نیگەران بووم، وەک جاران نەماوە!"
دەڵێم:"هەر بە ڕاستی هیچ وەک خۆی نەماوە، شار و وڵات هیچ هەمووی پڕە لە پاسدار خەڵکیش هەر دەڵێی بە دوو ساڵان، بە قەد سەد ساڵی پیر بوون. ئەمن پێرارەکە هاوینێ کە هاتمەوە لە کوێ ئەلعان لە کوێ."
دایکم دەڵێ: "ڕۆڵە سەد شوکور بە کفن دزی هەوەڵی! جا ئەتۆ ئاگات لە چیێ؟ ناوەڵا، هەتا بڵێی لە عەزاب داین!

`حەشر و وا وەیلایە ئەوڕۆ کەربەلایە شاری مە
کوشتن و تاڵان و یەخسیرە کە وا دێن و دەبەن.`"

دەڵێم:"بە داخەوە ئەو شیعرە بۆ سابڵاغێ هەمیشە کارێ دەکا!"

بابم زۆر کزوماتە. بەڵام هەر بابم نێ بە کزی دەیبینم. هەموو کەس دەڵێی تاساون، دەڵێی هەموو لە نێو خۆڵ و تۆز و غوبارێکی زۆر دا ون بوون. سابڵاغ هەمووی بۆمباران کراوە، زۆر کەس کوژراون. زۆر ماڵ وێران بوون. دایکم دەڵێ بۆیە چوو بوونە کەرەجێ. هەوەڵی ئینقلابێ شارەکە بۆ ماوەیەکی زۆر کەم وەک زەمانی کوردیەتی لێ هات بوو. پێشمەرگە لە شاریدا بوو، بە قوربانیان بم، ئەو زاڵمانە تانک و تۆپیان هێنایە سەر، خوڵا ئەمن بە قوربانی پێشمەرگە کان کا، زۆریان لێ کوشتن!
ئێستاش بە شەو هەر دێنەوە، حەزرەتی جەبرەئیل باڵی ڕەحمەتی بە سەر پێشمەرگەی پکێشێ، ئەوان نەبن ڕۆڵە ئەو بێڕوحمانە هەر نامان هێڵن!"
ژالە دەڵێ:"بەسەرهاتی خۆمانیان بۆ بگێڕەوە چۆن هاتینە دەرێ لە تارانێ!"
دەڵێم:"بابە! پێتوایە ئەوانە دەڕۆن یا دەمێننەوە؟ لە تارانێ گۆیا هێندەی پێ ناچێ دوای وەی شا دەڕوا، خەڵک دەڵێن:`مرگ بر ما کە گفتیم مرگ بر شاە!`"
بابم دەڵێ:"جا تازە فایدەی چی با هەر وا بڵێن! ئەتۆ لێرە نەبووی ڕۆڵە ئاگات لە هیچ نێ، بە ملیۆن خەڵک دەچوونە تەزاهوراتێ. دەبا هەڵگرنەوە! نا وەڵا ڕووخانی چی و شتی چی، ئەوانە مەملەکەتی خارجیان لە پشتە دەنا دوو مەلای دەرکراو چۆن ئاوا لەو مەملەکەتەی دەکەن؟ ئاداری بە سەر پادارێوە نەماوە!"
ژالە بە بابم دەڵێ:"حاجی ئاغا! ئەمن و شیلان سیاسی نین، کارمان بەو شتانە نەداوە بەڵام وەختێکی هەموو دانشجۆکانی ئێرانی شایی و بەزمیان بوو کە حکومەت دەگۆڕێ، ئەمە دەگریاین و دەترساین بەڵایەکی خەراپ بەسەرمان بێ.
ئەمن گەرچی ڕیازیم خوێندۆ و لە دانێشگایەش کامپیوتێری دەخوێنم، تاریخم زۆر پێخۆشە و زۆر شتی فێر بووم.

`ئێران` لەبەر نەفت و گازەکەی لە لایێکێوە و لەبەر تەنگەی هورموز و هەبوونی ڕێگای بە دەریای ئازادیش لە لایەکی دیکەوە بۆ هەموو وڵاتە خارجێکان زۆر موهیمە. قەت قەت دەست لە کۆڵ مە ناکەنەوە!"
بابم دەڵێ:"بە داخەوە وایە! خۆیان بە `ساحێب ماڵ` دەزانن و ئەمەش بە `پاشماڵە`!"

###

ئەورۆ ژالە دەڵێ:"وەرە پچینە حەمامی دەرێ. ئەمن قەت پێموانێ حیسان لە حەمامی ماڵێ پاک دەبێینەوە!"
دەچینە حەمامی مەڕمەڕ. نیو سەعاتێکە لە حەمامێین گولەباران دەست پێ دەکا.
ئەمن دەڵێم:"چاکە لێرە گولەمان ناگاتێ!"
ئێستا تەواو قسەکەم نەکردۆ گولەیەک وە شووشەی دۆلاپچەکەی سەرنمرەی مە دەکەوێ.
ئەوچەل دەڵێم:"پێم وایە گولە بە زەحمەت بێتە ژوورێ! ئەمن زۆرتر نیگەرانی چوونە دەرێم ،"
ژالە دەڵێ:"ناوەڵا، ئەمن پێموایە ژوورێ زۆر خەتەرناکە، مەگە لە بیرت چۆتەوە، خزمەکەت چی کوت لەبارەی حەمامی ژنان و ئەوەی یەکێک دەچێتە ژوورێ و بە بەهانەی پشت شووشتنێ پەڕۆیەکی لە ملی ژنێکی دەکا و دەیخنکێنێ!"
دەڵێم:"باجە زارا گێرایەوە، بەڵام کوتی ژنە، جاسوسیی بۆ جمهوریئیسلامی دەکرد."

لەو تەقەش چاکمان نەجاتی دێ.
دایک وبابی ژالەی بیستوویانە کە لە سابڵاغێ هەر شەڕە زوو زوو تەلەیفونی لێ دەکەن و نیگەرانن. پێیدەڵێن پچێتەوە تارانێ. بەڵام ژالە ناترسێ و پازدە ڕۆژان لە سابڵاغی پڕ لە شەڕوشور دەمێنێتەوە.

###

دەرکەی کوچەی لە زەمانی شایدا ئەگە بە شەویش دانەخرابا، قەیدی نەدەکرد.
ئەلعان هەموو کەس دەرکەی دادەخا هەتا ئەو پاسدارانە هەردەمێکی ئیشتیایان لێ بێ نەتوانن بێنە ژوورێ. لە نێو حەساری خۆشت ئازاد نی.

لە دەرکەی دەدەن بابم دەڵێ:"کوتە پەڕۆیەکی دەبێ بە خۆت دادەی جا دەرکەی پکەیەوە دەنا مەچۆ لێی گەڕێ با دایکت بیکاتەوە!"
دەڵێم:"هەی بە قوربانی پێشمەرگان بم پێش ئەو زاڵمانە دەگرن ئەو کەربازاڕێ چێ دەریان هێناوە؟"
بابم وەکوو هەموو برینەکانی بەو قسەی من کولابنەوە هەناسەیەکی زۆر سارد هەڵدەکێشێ و دەڵێ:"ئەمن ڕۆڵە هەمیشە چم پێ دەکوتن.

ئەلعان ئەوە دەبێ بدبەم هەوەڵێ عەکسی ئیسلامی، پکێشی و دوایە `کارتی شناسایی` وەرگری، هەر بەو کارتەش بەش (سەهمیە)ی قەند و چاو و ئەوەی دەدەن!"
دەڵێم:"مەگە ئێرە عرووسیاتە بە سەر خێزان شتی بکڕی؟"
بابم دەڵێ:"ئەو زەمان کە بە تا و باران دەکرا شتی بکڕی و لە عەمباری ماڵە خۆتی نێی ڕەفت! دوو نەفەر بی، بەشی دوو نەفەری چا و قەند و شەکر و شتی وەردەگری، سێ بی بە قەد سێ نەفەری!"
دەڵێم:"ئەدی میوان؟ ئەگە میوان هات چی؟"
دەڵێ:"ئەوە ئیدی وایە! میوانی چی؟ کاریان بەو حیسابانە نەداوە، ئەو خێروبەرەکەت و بازاڕ و هاتوچۆ و بێنوبردە هەمووی گۆزەرا، ڕۆڵە! وەزع زۆر پەرێشانە!"

دایکم و باجە زارا بە گریان هاتوونە نێو ژووری.
باجە زارا سڵاو و چاکوخۆشی لەگەڵ بابم دەکا و دایکم دەڵێ:"زارا گیان، دانیشە، دایکەکەم!"
دەڵێ:"کچێ سەیدی! حەجمین و هەدادانم لێ پڕاوە نازانم ڕوو دە کوێ کەم؟
دوێنێ کوتیان دوو پاسدار بە ماشێنی باری لە شاریدا دەگەڕان. ئەو منداڵێکی لە دەرێ بوو و قوماری دەکرد لە کوچە و کۆڵانان هەڵیان دەگرن و دەڵێن شیرنیاتوو دەدەینێ وەرن. پشتی ماشێنە بارێکەیان پڕپڕ دەکەن لە منداڵە وردکە و دەیانبەن. ئەوەی کە چاویشی پێ کەوت بوو، دەڵێ منداڵیش خۆشی خۆشی و هەڵبەز ودابەزیان بۆ و کوتوویانە برای پاسدار (برادر پاسدار) شیرنیمان دەداتێ.
ئەورۆش دوو سێ ژن دەچنە نێو قەبران بۆ سەر مردووی خۆیان چاویان بە کێڵ و بەردەکان دەکەوێ کە هەر یەکەی لەتکە منداڵێکی پێدادراوە.
هەموو ئەو منداڵانەی دوێنێ کۆیان کردبوونەوە، پاکیان لەت لەت کراون!"
باجەزارا بەسەر و مێشکی خۆی دادەدا.
ئەمن هێڵنجم دێتێ.
دایکم دەگری و بابم لە تاسەوە چۆ.

باجە زارا دەڵێ:"ئاغا هەموویان لەتوپەت کردوون و بەو کێل و ئەو کێلیان داداون!"
بە گریانێکی زۆر تاڵەوە دەڵێ:"کوا ئەوانە خودای دەناسن؟ جا منداڵ چ گوناحێکی کردۆ؟ کێ؟ چۆن بەشەر بۆ و ڕوحمی لە دڵی دا بۆ و ئەو منداڵانەی کوشتۆ؟"
بابم دەڵێ:"زارا ڕوحمی چی و دڵی چی، ڕۆڵە! ئەوە هەموو هەڵبژاردراون و ناردراون بۆ کوردستانێ بۆ پیاو کوشتنێ. خودا ناسینی چی؟ موسوڵمانی چی؟ ئینسانکوژی وا بۆ موسڵمانە؟"

کاکە جەمیل هاتۆ و باجە خەجیج هەموو بەو خەبەرەی لە دین دەهری بوون.
دایکم دەڵێ:"بە قوربانی پێشمەرگەکان بم، هەر ئەوەندە بیبیستن ئەو کارەساتەیان بە سەر شاری سابڵاغێ هێناوە، دەیانبەن دەیان کوژن و تۆڵەمان بۆ دەستێننەوە، نیگەران مەبن!"
باجە خەجیج بە گریانەوە نێوی ماڵەکانی منداڵیان لێ دزراوە و کوژراون هەلدەدا و دەڵێ:"مامە گیان! کوا قەت قەت بە بیرەوەری خۆت شتی وات دیتۆ؟"
بابم دەڵێ:"ناوەڵا ڕۆڵە! نە دیتوومە نە بیستوومە. عرووسی هەوەڵێ زۆر پیس و بێناموس بۆ و چەنگیزخانی مەغول. دەنا ئیدی ئەگە هاتبن دزی و بێفەزیحەتی و قەتڵ وفتوریان کرد بێ، قەت بەڵای وایان بە سەر منداڵی بێگوناح نەهێناوە ئەویش هەڵیان فریوێنی و بڵێی وەرە شیرنیاتتان دەدەینێ. جا خودا بۆ ئەوەی هەڵدەگرێ؟"
کاکە جەمیل دەڵێ:"باجە خەجیج بۆ پێت وایە لە پاوە و سەنەندەجێ چیان کردۆ؟ منداڵی مەدرەسەی حەوت هەشت ساڵان هەموو دەستیان دەبەستن، لە قەڕاغ دیواری ڕیزیان دەکەن و گولەبارانیان دەکەن! خومەینی ئەوانەی بەڕەڵا کردۆتە نێو کوردی هەتا بە نێوی جیهاد و ئەوەی کە `سونی` موسوڵمان نێ و زدی ئیسلام`(محارب با اسلام`)ە و لەو قسە بێئەرزیشانە هەر چی دەیکەن بیکەن!
ئەوەش عیلەتی چێ؟ بێسەوادی! زۆرتری خەڵکی ئێرانێ شیعەن. شیعە هەمیشە زۆر وەدواکەوتووتر بۆ لە سونی. ئەو هەڵایەی دە عاشورا و تاسوعا و مانگی محەڕەمێ دەیگێڕن لە خۆدان و قەمە لە سەر دان و خۆکوشتن وپرین و بە زنجیر لەسەروسەکتی خۆ کوتان نیشانەی بێسەوادی و تێنەگەیشتنی خەڵکێ.
ئەمە `کورد بوون` ڕوحی نەجات داوین لە خورافاتی دینی. بە مە ئەگە بڵێن کارێکی پکەین بۆ کوردی یا لە ڕێی کوردستانێدا دەیکەین بەڵام ئەگە بە کوردێکی بڵێی وەرە محەڕەمە شەخسێ وەخسێی پکە پێت پێدەکەنێ.
شیعە بە داخەوە مەزهەبی زۆر بۆ موهیمە. هەر ئەوەش لە قوری ڕەشی ناون، تازەش ئێران ڕۆیشت هەتا ڕۆژێکی خەڵکەکەی وە خەبەر دێن! ڕەنگە پەنجا ساڵ سەد ساڵی پێ پچێ هەتا میلیەتی ئێرانی هەڵدەبژێرن و مەزهەبی وەلا دەنێن.
کوردیش قسەی تێدانێ حەول دەدا جوێ بێتەوە و ئاسودە دەبێ."
دەڵێم:"کاکە جەمیل! ئەمن لە تارانێ دوو سێ کۆنە ڕەفیقم چاو پێ کەوت. مەجبوریان کردم شاڵوارەکەم داپکێشمە سەر چەکمەکانم بۆ وەی لێی نوسرا بوو ئەمریکا (U.S.A.). کوتیان کورێکی جوانی، جەوانی وەک گوڵیان لە هیچوخۆڕایی بۆ وەی بەستەیەک سیغاری وینستۆنی لە گیرفانی کراسەکەی دادەبی، دەکوژن! پاسدارە بێشەڕەفەکە لە چوارڕێی فەرەح – عەباس ئاباد (فرح - عباس آباد) بە گولەی لە پاکەتە سیغارەکەی دەدا."
دەڵێ:"جا بۆ دوور پڕۆین! لە کوردستانێ منداڵی سەر لانکێ لولە تفەنگیان لە زاری ناون و زگیان پڕ کردون لە گولە، دەڵێن ئەوانە عومەرین واجبە بیانکوژی!"

شارەکە هەر بۆمباران کراو و عەزادار و بریندارە، ئەو کارەساتەش ئەوەندەی دی خەراپتری دەکا. بە داخەوە کاری خەڵکی لەوەتا `شا` ڕۆیشتۆ هەر سەرەخۆشی

چوونە بۆ کوژراو و شەهیدکراو و سەرپراوان. بۆیە دایکم دەڵێ:"سەد شوکور بە کفندزی هەوەڵێ!"
باجەزارا دەڵێ:"ئەو شایەیان ئاوا لێ کرد بە هیچوخۆرایی، خۆ خولا بۆخۆی دەیزانێ ئەمن قەتی لەسەر وە جواب نەبووم، ئەویش بەشی خۆی کوردی چەوساندۆتەوە و هەڵی ئاوەسیوە و کوشتوونی، بەڵام قەتی ئاوا لێ نەکردین وەک خومەینی دەیکا!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"ساواک زۆر پیس بوو بەڵام قەت ئاوا نەبوو. ئەوانە دەبێ لەگەل `ئیسلام`ی هەوەڵێ کە هێرش بۆ ئێرانێ دێنێ مقایسە پکرێن و `موغولان` و `عرووسی هەوەڵێ` دەنا کەسی دی ئەوەندە دڕندە نەبۆ!"

دوایە ڕوو لە من دەکا و دەڵێ:"ئەرێ! ئەوە ڕاوەستا بووم ئەو کچەی ڕەفیقت پروا، شتێکە دەمەوێ پێتبڵێم پێت سەیر دەبێ!"
دەڵێم:"چاکە ! پێمبڵێ چیێ؟"
دەڵێ:"دوایە!"

###

ئەمن و کاکە جەمیل لە ژووری میوانان دانیشتووین و دایکم خەریکە قورعانی دەخوێنی، بابم ڕاکشاوە.
دەڵێ:"شیلان کۆنە سەرهەنگێکی ساواکی لە قسان لە یەکێک لەو شارانەی نزیک ئێرەیە. دیارە پێش وەی شا پروا بازنشست بۆ. لە یەکێکم بیست کە دیتنی ئەو کابرایەی ڕەنگە مەسەلەی فازلی ڕوون کاتەوە. ئەو کابرایە پەروەندەی سابڵاغ و دەوروبەرەکەی لەبەر دەستی دا بۆ و زۆر شتی دەزانێ، دەڵێی چی پچین سەرێکی بدەین؟"
ئەمنیش دەڵێم:"ئا! جا چۆن شتی وا هەبێ ئەمە ناچین بزانین چ دەزانێ؟ هەر وەختێکی ئەتۆ پێت چاکە، دەچین! ئەمن بێکارم. ئەتۆ دەبێ مەرەخەسیت هەبێ."
کاکە جەمیل دەڵێ:"سبەی نا دووی چۆنە؟!"
دەڵێم:"زۆر چاکە! چ بە دایکم و بابم بڵێین؟"
دەڵێ:"پێیان دەڵێین وە دووی کاری گەڕانەوەی تۆ بۆ ئەمریکایە دەکەوین. کاکم پێی کوتوون یۆسف لە لەندەنێرا شەش مانگ حەولی داوە نەیتوانیوە ویزای وەرگرێ بێتە ئێرانێ.
داخولا چ خەیاڵێکیان کردۆ، کورە خەڵکی ئیرلەندی شومالێ، ئەتۆش کوردی سابڵاغیێ، هەردووکتان مۆری خەتەرناکتان پێوەیە.
ئەوەش کە لە تارانێ ئەتۆ وە دووی ویزاکەی کەوتی شانست هێنا ئەو کابرایە پێی کوتبووی هەر لێیگەڕێ وە دووی مەکەوە."
دەڵێم:"خودا چاکەی بۆ پکا! لە کارمەندەکانی زەمانی شای بوو. دیتی ئەمن کوردی سابڵاغێم، حەتمەن بیستوویەتی چ لە کوردان دەکەن. بە منی کوت پرۆ هەر ئاوریش مەدەوە! `برو پشت سرتم نگاە نکن!`"

###

ئەمن و کاکە جەمیل گەیشتووینە بەر دەرکی ماڵە کابرای سەرهەنگ.
ماڵێکی چکۆڵەیە و چەند پلیکانی لە بەر دەرکەیەتی.
قامک بە زەنگەکەیەوە دەنێین، ژنێکی گەڕاوەوە بە لیباسی عەجەمی و ڕووسەری بە سەر دەرکەی دەکاتەوە و دەڵێ:"فەرموون سەرهەنگ چاوەڕێتانە!"
دەچینە ژووری میوانان. زۆر جوان و ڕێکوپێک و خۆشە. دادەنیشین. دەڵێ مێردەکەی پێنج شەش دەقیقەی دی دێ. دوایەش دەچێ چای بێنێ و شیرنی و ئاجیل و شتی دێنێتە پێشمان.
دەڵێم:"کاکە جەمیل! دنیا چەندە سەیرە! هەر دوو ساڵ لە وەی پێش دنیا خەرا با ئەمن و ئەتۆ نەدەهاتینە ماڵە ساواکێکی چای پخۆینەوە!"
بە سەری دەڵێ:"وایە!"
چاوی لە دەرکەی پریوە کە سەرهەنگی پێدا دێتە دەر. سەرهەنگ لەق و لاواز و کەنەفتە. بەستەیەک سیغاری لە دەستی دا و ژێرسیغارێک. مووی پێشووی سەری نەماوە و قەراغەکانیشی ئەوەندە مووی نێ. چاوەکانی لە قووڵ دان و عەینەکێکیشی لە چاودا کە هەموو جارێ کە چاو لە مە دەکا سەری دەباتە خوارێ و بە سەرەوەی عەینەکەکەیدا چاومان لێ دەکا.
زۆر کزە و باجە گوڵزار لێرە با دەیکوت:"شیلان ئەوە ئەو مجرێ شکاوەت لە کوێ دیوەتەوە؟!"
دەستمان لە دەستی دەنێ و بە خێرهاتنمان دەکا. ژنەکەشی چامان بۆ دێنێ.
دەزانێ بۆ هاتووین چونکە ئەو کەسەی لەگەڵ کاکە جەمیلی قسەی کرد بوو بەعزە شتێکی بە سەرهەنگی کوتۆ.
کاکە جەمیل دەست دەکا بە گێرانەوی بەسەرهاتی فازلی. ئەگە جێگایەکی تەواو لە بیر نەبێ، ئەمن پێی دەڵێم چۆن بوو.
"جام سەرهەنگ" بە جوانی گوێمان دەداتێ و دەڵێ:"ئەوەی لە دەرەوەی وڵات بووبێ پەروەندەکانیان نەدەهاتە بەر دەستی من. بەڵام بەو جورەی کە ئەنگۆ دەڵێن، وا دیارە حادسە (ڕووداو) نەبۆ.
هەر دەتوانم شتێکوو پێ بڵێم کە کونفێدڕاسیۆنی دانشجویان (کنفدراسیون دانشجویان) لە دەرەوەی وڵات سەد دەر سەد نیروی مەخفی لەگەڵ بوو. ئەو دانشجوانەی زۆر لە کاردا بوون دەناسران، ئەوەی جاروبارە فەعالیەتی دەکرد کەس کاری پێ نەدابوو. لە عوزوی بەرێوەبەر و ئاژاوەچی دەگەڕان.
ئەوەی کە بۆ منتان گێراوەتەوە کە ساواک لە دەورەی ڕاهنمایی براکەتانی بازجوویی کردۆ، ڕاستێکەتان پێ بڵێم هەر لە وێ پەروەندەیان بۆ ساز کردۆ، کە چۆشتە دەرەوەی وڵات لە ژێر چاوەدێری ساواکی دا بۆ. بە داخەوە لیستم نێ پێتان نیشان بدەم. بەڵام بە پروای من ئەوە حادسە نەبۆ."

چایەکەمان خواردۆ و لە سەرهەنگ و خانمەکەی خوداحافیزی دەکەین و دێینە دەرێ.
دەڵێم:"عەجەب! خۆ ئەوەندە بۆ خۆشمان دەمانزانی!"
کاکە جەمیل دەڵێ:"لە وەش چاکتر `شێخ`ە. ئەویش دەزانێ. بە بابمی کوت بوو`من ئەمزانی چاوم بە فازل ناکەوێتەوە` دەزانی کە بابیشم پێی وایە شێخ غەیبی پێیە دەنا بۆ وا دەڵێ؟!"

###

بابم نەخۆشە و ناڕەحەتی پیاوانەی هەیە. عەمەل کراوە.

دایکم  و باجە زارا دەچن سەری بدەن، ئەمنیش لەگەڵیان دەچم.

هەموو جێیەکی سابڵاغێم پێخۆشە بەڵام لای چۆمی و خەیابانی شێروخورشیدێ شتێکی دیکەن.  زۆرتر لە هەموو جێگایەکی دی وە بیر منداڵیم و دێدەم دەخەنەوە.

هەر وا بە خەیابانێدا، بەرەو شێروخورشید دەچینە سەرێ. دوورونزیکی بیمارستانی بووین، لەو بەری خەیابانێرا دوو پاسداری تفەنگ لە شان، یەکێکی بێتفەنگیان لە نێوانی خۆیان گرتۆ. ئەوەی بێتفەنگ دەمانچەیەکی بە لایەکی قوونێوە هەڵاوەسیوە. سێ بە سێ  دێن بۆ لامان.

باجە زارا بە ئانیشکی لە من دەکوتێ و دەڵێ:"نەکەی وزەت لێ بێ، هەر قسان مەکە، بابزانین چیان دەوێ!" دێنە نزیکی مە و ئەوەی دەمانچە بە قوون دەڵێ:"بۆ کوێ دەچن؟"
دایکم دەڵێ:"حاجی ئاغا نەخۆشە، دەچینە شێروخورشیدێ سەری بدەین."
دەمانچە بە قوون دەڵێ:"ئەوە چی تۆیە؟"
ئیشارە بە من دەکا و دەڵێ:"کچتە؟"
دایکم دەڵێ:"بەڵێ! ئەوە کچمە!"
پاسدارەی دەمانچە بە قوون دەڵێ:"ئەگە کچی تۆیە، بۆ فێرت نەکردۆ چۆن دەبێ لیباسی ئیسلامی لەبەر کا؟"
دایکم دەڵێ:"چارشێوی بە سەرەوە، لیباسەکەشی بە عەدەبە، لیباسی کوردی لەبەردا، هەموو گیانی داپۆشراوە!"
دەمانچە بە قوون دەڵێ:"نا! کەوشەکەی پانێی هەیە! نینۆکیشی سوورە!"
دایکم دەڵێ:"جەوانە، جەوان کەرە، ئیشتبای کردۆ!"
دەمانچە بە قوون دەڵێ:"ئەوە دەیکەم بە خاتری تۆ! جارێکی دی ئاوای ببینم، هەر وای ناخوا`وای بە روزگارش!`

ئەمە حەو سەد برادەرمان لێرە شەهید بۆ هەتا ئەو شارەمان لە دەست زیدی ئینقلاب دەرهێناوەتەوە. ئەوەش بە یێباکی بە کەوشی پانێ بڵیند و نینۆکی سوورەوە، بە سەر خوێنی ئەو برادەرە شەهیدانەدا دەڕوا!"

دوایە وەک سەگی چاوێکی لە من مۆر دەکاتەوە.

ئەمە دەڕۆین و سەری بابم دەدەین. بەڵام هیچی پێ ناڵێین هەتا نیگەران نەبێ. لەگەڕانەوەی دا هەر بە کوچاندا دەڕۆین.

دایکم گۆرەوێکانی خۆی لە شێروخورشیدێ دەردێنێ و دەیدا بە من و دەڵێ:"با نینۆکت دیار نەبێ!"

باجە زارا دەڵێ:"کچێ سەیدی! هەر ڕوحم تەسلیم بوو، ئەوە رەئیسی سپای پاسدارانە، چاکمان نەجاتی هات!"

دایکم دەڵێ:"جا سەگی وا چێ بە قوربان! ئەمە لێی پترسێین، دەبێ خۆت بە خوڵای بسپێری! ئەمە خۆ لەو هەمۆ پێشمەرگانە کە شەووڕۆژ لە زاری گورگی دان، ڕوحمان شیرنتر نێ!"

باجە زارا دەڵێ:"خۆ وەڵا وایە! خوڵا هەمووومان هەر بە قوربانی پێشمەرگان کا!"

###

ئەمن و دایکم و کاکە جەمیل و باجە زارا لە بەر دەرکەین و ماشێنیشمان بە کرێ گرتۆ.

بابم دەڵێ:"ئەمن دەزانم کە ئەو وڵاتە وای لێهاتۆ کە بۆ ژیانێ نابێ، مەخسوسەن بۆ یەکێکی وەکوو تۆ. یا دەبێ چەکی هەڵگری و ڕۆیە شاخی یا بە یێدەسەڵاتی لە شاریدا بژی و لەسەر لیباس و کەوشی ناموناسب لەبەر کردنیش، بە خۆڕایی پچی.

ئەتۆ دیارە کەری نازانی ئەمن هەمیشە حەوت کورەکانم لە لایەکی داناوە و ئەتۆ بەتەنێ لە لایەکی. `مێرد بە ئەجنەبی کردن` سەهوە! سەهوێکی گەورەشە! وە دووی دەرس و کار پکەوی باشە بەڵام ئەگە `مێرد بە ئەجنەبی` پکەی مەیەوە ئێرە!"

ئەمنیش قسان ناکەم و هەر خوڵاحافیزی دەکەم و لە دەرکەی دەڕۆمە دەرێ.

لە شاری وە دەر کەوتووین، دەگەینە پاسگایەکی شڕ. سێ چوار پاسدار دێنە دەرێ و دەپرسن بۆ کوێ دەچین.

ئەمەش دەڵێین:"دەچینە شایی کچی پوورمان لە دێهاتین."

هەموو چەمەدان و شتەکان و نێو ماشێن و ئەوەی دەگەڕێن. کارتەکانی شناسایی لە هەموان وەردەگرن، دەڵێن:"کە هاتنەوە داوایان پکەن دەتاندەینەوە!"

هەر لە وان ڕەد دەبین کابرای شۆفیر دەڵێ:"لێرەڕا بەو لای ئەو زاڵمانە نابینی مەگە کەلاکیان! هەمووی لە دەست پێشمەرگەی دایە."

دایکم دەڵێ:"هەی بە قوربانیان بم! خۆ ئەوان نەبن ئەو دڕندانە هەر نامان هێڵن!"

کابرای شۆفیر دەڵێ:"نازانم ئەنگۆ تەشریفوو لە وێ بوون یا نا، پڕێ لەسەر نانوچای نیوەڕۆیە هەموانیان ڕاپێچەک دا بە ژن و منداڵ و گەورە و چکۆڵەوە.
دوو سێ تۆپیان لەسەر هەڵتۆقاندین و کوتیان:`نابێ بە پێشمەرگەی کۆمەگێ پکەن، کە بیکەن دەبنە زیدی ئینقلاب `ضد انقلاب`! ئەمەش بۆخۆمان دەزانین چۆن لەگەڵ زیدی ئینقلابی دەبزووینەوە!
پرۆن ئەو سەفەرەش ئەوە لێتان دەگەڕێین! پرۆن بە کچ و کورەکانتان بڵێن بێنەوە شاری، کۆمەگی زیدی ئیقلاب کردن (برای ضد انقلاب کار کردن) بێفایدەیە! بە زەرەرتانە!`"

ئەمن و دایکم لە وێ بووین بەڵام دەنگێ ناکەین.

دەگەینە پێشمەرگەکان، ئەوان هەر دەپرسن بۆ کوێ دەچین و چاو لە نێو ماشێنی دەکەن و دایکم و باجە زاراش هەر دۆعای سلامەتی و سەرکەوتنیان بۆ دەکەن و دەڕۆین.
هەمووومان شەوێکی لە ماڵە ئەندامێکی حیزبی میوان دەبین و ڕۆژی دوایە هەموو دەگەڕێنەوە سابلاغێ بێجگە لە من  کە دەچمە دەرمانگای حیزبێ.

سێ دوکتوری بێ مەرز لەگەڵ حیزبی دێموکراتن، دوو پیاو و ژنێک. پێیان خۆش دەبێ ئەمن دەبینن دەڵێن بە کاری دیلمانجی دێم.
فێرم دەکەن دەواخانەی ئیدارە پکەم و دەرزیان لێدەم.
ژنێکیش نانوکێشتیان بۆ لێ دەنێ، دوکتورەکان پێی دەڵێن "یێلمە"،  هەموو لە دەرمانگاکەی دان. ئەمن بە شەو دەچمە مەنزڵی دوکتورەکان بۆ نوستنێ.
یەکێکیان نینۆکەکانی لاقی سوور کردۆ. ئەمن پێی پێدەکەنم و دەڵێم:"ئەوە بۆ وات کردۆ؟"
دەڵێ:"لێرە قاتی ژنێ! لاقم چاو لێ دەکەم پێموایە لاقی ژنێکی لە نێو جێگاکەم دا!"
دوکتور "ژاک" دەڵێ:"لێرە حەتا ناکرێ لەگەڵ ژن یا کچێکی قسان پکەی! ئەمن بەهاری داهاتوو، دەچم ڕەفیقە کچەکەم دێنم."
دەڵێم:"ژیان لێرە زۆر ناخۆشە! ئەتۆ دەبێ جوان لە ڕەفیقە کچەکەت حاڵی پکەی لێرە چ خەبەرە. ئەتۆ دوکتوری و  هاتووی خزمەتی خەڵکی دەکەی،  پروات  هەیە بەو جورە ژیانەی. بۆ کەسێکی، ئەویش خەڵکی فەڕانسەی، زۆر زەحمەتە ئاوا بژی."
دەڵێ:"وەکوو خۆت؟"
دەڵێم:"ئەمن کوردم! بەڵام لە شاری گەورە بووم.  شەوی هەوەڵێ کە هاتم نەمتوانی بنوم. ئەوەندە ئەسپێ و کێچ پێیانەوە دام! ئەوچەل هیچ جێگایەکیش نێ پچی! نە کتێبخانە، نە مەغازە، نە خەیابان، نە سینەما، هیچ! دوای ماوەیەکی کەم ئەگە پێشمەرگە یا دوکتور نەبی، لێرە شێت دەبێ!"

###

سێ دوکتورەکان و ئەمن و مەسئولێکی حیزبی دەچینە دیتنی دوکتور قاسملوی. قەرار وایە هەموو بۆ شامێ میوانی وی بین. چەن سەعاتێکی لە ڕێیە داین.

کە دەگەینێ ئەمن زۆرم پێ سەیر دەبێ. لە قەدی شاخی ژوور وبان دروست کراون و بۆ قایموقۆڵی و دوژمن زەفەر پێ نەبردنی، شتی وا نێ! ژوور وبانەکەش زۆر جوان و خاوێن و بە تەکمین و تەدارەکە. حەمام و دەستشویی و هەموو شتێکی هەیە و زۆرتری سەرۆکەکانی حیزبێ لێرەن.

بۆ شامێ سفرەیەکی زۆر جوانی پڕ لە جوجە کەباب و میوە و سالاد و چلاو پڵاو داندراوە. زۆر کەس لە دەوری ئەو سفرەی خڕ بوونەوە بەڵام ئەمن هەر دوکتور قاسملوی دەناسم.

لە دوای شامێ بەینی دوکتور "ژاک" و دوکتور قاسملوی دەیێتە دمەقاڵە.

ئەو دوکتورەیان پڕێک توندوتیژە و مەسئولی ئەو بەرنامەشە. دوو دوکتورەکانی دی بە بێ پرسی وی ئاوێ ناخۆنەوە.

شەڕەچەقەکە بە فەڕانسەیێ، زۆرتر وە شەڕێ دەچێ هەتا قسە کردن. جاروبارە بەعزە شتێکی کە لە ئینگلیسدا، حاڵی دەبم.

شەو درەنگە و بڵاوەی دەکەین. لە دوکتور قاسملوی خوداحافیزی دەکەین و دەڕۆین. دەمنێرنە ژوورێکی کە خزمێکی دوکتوری تێدا و ئەویش قەرار وایە پرواتە دەرەوە.

بەیانی لە دوای نانوچای دوکتورە ژنە فەڕانسەوێکەی دەبینم و دەڵێم:"ئەوە چ باس بوو، ئەو هەرا هەرایەی دوای شامێ؟"

دەڵێ:"ئەوە بە دوکتور قاسملوی دەکوت خەڵکی فەڕانسەی دەرمان و دەرزی بە دیاری دەدەن بە خەڵکی کورد ئەمە بە کۆڵە پشتی لەو چۆم و ئاو و ڕێگا خەراپانە دەیهێنینە ئێرە، لێرە `حیزب` بە خەڵکی دەفرۆشێ. یا دەبێ نەیفرۆشن یا ئەمە لە نێوتان نامێنینەوە.

###

ئەورۆ قەرارە بگەڕێینەوە بۆ دەرمانگایە.

لە پێش ڕۆیشتنمان دا یەکێک دێ لە دووم دەڵێ:"دوکتور قاسملو پێی خۆشە قسەت لەگەڵ پکا!"

دەڵێم:"لەگەڵ من؟!"

دەڵێ:"بەڵێ شەخسی خۆت!"

وه دواى كابراى دەكەوم و لە دڵ خۆمدا دەڵێم، ئەمن نە سەرى تووريم نە كلكى پيوازى، هيچكارەش نيم! هەر ئەوەندەى كە هێناويانمە ئێرە بۆخۆى زۆر سەيرە. دەزانم "كاكە حەسەن" سفارشى منى كردۆ بەڵام ئيدى نە بەو حەدەى!
لە سەر بەرهەيوانێكى دوكتور لەسەر سەندەڵێكى دانيشتۆ و چاى لە پێشە. كە نزيك دەبمەوە لەبەرم هەڵدەستىَ و ئيشارە بە سەندەڵێكى دەكا كە لە وێيە. دادەنيشم.
دوكتور دەڵىَ:"ئەمن دەزانم كە ئەتۆ خەياڵى چوونە دەرەوەت هەيە. ئەتۆ ڕەنگە بۆخۆت نەزانى بەڵام دوو برات هەيە كە دوشمنى قەستى سەرى منن، با وجودى وەى ئەمن پێمخۆشە كە گوىَ نەدەينە ئەو دوژمنايەتيى و ئەتۆ لێرە لە كن خۆم بمێنێوە! خارجيش دەچى، لەگەڵ زۆر خەڵكى بە نێوبانگ ئاشنا دەبى، زۆر شتى فێر دەبى، لە زمندا زۆر بە وڵاتى خۆت خزمەتىَ دەكەى!"
ئەمنيش دەڵێم:"زۆر جێگاى داخە كە خەڵكى كورد دووبەرەكى تێدا و هەموويان هەدەفيان `ئازادى` كوردستانە بەڵام لەگەڵ يەكترى ڕێك ناكەون. بابم هەميشە دەڵىَ هەتا كورد يەك نەگرىَ هيچى بۆ ناچێتە پێشىَ. ئەمن پێم وانىَ براكانم `دوشمنى قەستى سەرى` ئەنگۆبن. پێم وايە ڕێگايەكەيان لەگەڵ ڕێگاى ئەنگۆ فەرقى هەيە.
بەڵام بۆ مانەوە لێرە پێم خۆش نىَ درۆيە پكەم. ئەمن عوورزەى سياسى بوونم نىَ ئاغاى دوكتور، ئەو جورە ژيانە زۆر فيداكارى پێدەوىَ."
دوكتور قاسملو دەڵىَ:"خۆ ئەمەش ژيانى نێو شارى و ئاسودە و ڕاحەتمان پىَخۆشە، بەڵام جارىَ ئەوە لێرەين."
بە پێكەنينەوە دەڵىَ:"دنيا هەر وا نابىَ، ها؟!"
دەڵێم:"زۆر سپاسوو دەكەم! بە ڕاستى زۆر بۆ هەموو قەدر گرتن و پەزيرايى و لوتفێكى لەگەڵ من هەتانە، مەمنوونم! بەڵام نامەوىَ لە شاخى بمێنمەوە!"
دوايە خوداحافيزى دەكەم و دەڕۆم.
لە ماشێنى دا مەسئولە حيزبێكە دەڵىَ:"ئەمن بە دوكتوريم كوت بوو ئەتۆ زۆر كەلە شەقى و جوابى ئەفلاتونى نادەيەوە!"

###

خەڵكێكى يەكجار زۆر لە هەموو دىَودێهاتى نزيك و دوورەوە دێن بۆ دەرمانگايە.
هەر كەس ديارە بە دەردێكى گرفتارە بەڵام دوكتور "ژاك" دەڵىَ:"لە نێو كورديدا منداڵەكان ويتامين ئا (A)يان كەمە و بە تەمەنەكان زلكوێرن و زۆربەى خەڵكيش مەعدەيان ناسازە."
پێى دەڵێم:"ماڵە ئاغاى دوو سىَ جاران كچەكانيان بانگێشتنيان كردووم، وەزعيان باشە. كوێخاش خەراپ نىَ، بەڵام خەڵكەكەى دى هەموو ڕۆژىَ باينجانى سوور دەكاتەوە و ئاوى لەبەر دەكا و نانى تێدەكوشىَ! بەوەى دەڵێن شۆرباو. شۆرباوى دەوڵەمەندان پيواز و ڕۆن و گۆشت و نۆك و لەپە و يێرەڵماسى تىَدەكەن. خۆ مەڕ و

بزن و ماڵاتیشیان نیٚ هەتا شیر و ماست و ڕۆنی پخۆن و ویتامین -"ئا" بە بەدەنیان بگا. ئەگەریش مەڕوماڵاتیان هەبیٚ حاسڵاتەکەی دەبەنە شاری و دەیفرۆشن. بەو جورەی پووڵێکیان دیٚتە دەستی."

دەڵیٚ:"ئەتۆ ئێستا پێت وانیٚ کە دەتوانی بە خەڵکەکەت کۆمەگیٚ پکەی؟"

دەڵێم"ئەمن کەر نیم، لە منداڵیرا چاووگوێم پڕ بۆ لە سیاسەتی ئێران و دنیایە.

لەو وەزعەیدا شەڕی موسەلەحانەشم زۆر پیٚچاکە. کورد لە هەر وڵاتێکی کە دەژی، حکومەتەکەی ڕێگایەکی بێجگە لە چەک هەڵگرتن بۆ نەهێشتۆتەوە. بەڵام با بە زمانێکی دوکتوری پێتبڵێم کە حاڵی بی. ئەتۆ برینێکی گەورە بە چەسپی برینان (Band aid) دەرمان دەکەی؟

بەدبەختی مە ڕیشەدارە. خەڵک زۆر وەدواکەوتۆ و بێسەوادە و فەقیرن، زەمانی شاش هەر وا بوو، ئەلعانیش خەراپتر بۆ.

ئەمن شەو و ڕۆژ زەحمەتیٚ دەکێشم. کاریشم بە کەس نەداوە. زۆر جاران هەتا شەویٚ هیچ ناخۆم. دەرمانی دەدەم بە خەڵکی، دەرزیان لیٚ دەدەم لازم بیٚ کێشکی دەرمانگایەش دەکێشم. قەت هیچ ئیدعای سیاسی و ئینقلابی بوون و ئەوەم نەبۆ و نیمە! دەزانی هەر خەڵکی ئەو دێیەی سەبارەت بە من و کچەکانی هاتوونە دەریٚ دەڵێن چیٚ؟"

دەڵیٚ:" وا بزانم ئەنگۆ ژاندارکی کوردستانن!"

قاقایەکی بۆ لیٚ دەدەم.

دەڵیٚ:"چاکە دەزانی پێپکەنی! ئەتۆ ئەهلی گاڵتەی نی و مرچومۆنی و دەڵێی هەموو گۆزەکانت لیٚ شکاوە!"

دەڵێم:"بە چی پێپکەنم لە نێو ئەو هەمۆ بەدبەختێی دا؟ ئەگە هەموو گۆزەکانی منیش نەشکابیٚ خۆ ئی ئەو خەڵکەی شکاوە.

با بگەڕێمەوە سەر باسی خەڵکی و پێشمەرگەی کچ لە دیٚ و دێهاتان، بەداخەوە خەڵک پێیان وانیٚ ئەمە`ژاندارکی کوردستانین` بۆخۆم بە گوێی خۆم گوێم لیٚ بۆ کوتوویانە کچی پێشمەرگە سووکوچرووکن و لەگەڵ هەموو ئەو دوکتور و پیاو و پێشمەرگانە دەنون!"

دەڵیٚ:"شتی وا نابیٚ!"

دەڵێم:"نا! ئەتۆ یرێک کوردیٚ دەزانی لە پیاوەکان پرسە! ئەمن کە لە نێو مەنزڵی‌نگۆ دەنووم، هەزار قسەم پیٚ دەڵێن، پێموایە بۆ وەی موسوڵمانن، ئاوا فیکر دەکەنەوە. لە ئیسلامێدا ژن نابیٚ هەتا بە لای پیاوی غەریبەدا یڕوا! هەر لەگەڵ یەکێکی قسەت کرد، خەڵک پێی وایە لەگەڵی دەنووی!"

دەڵیٚ:"خەڵک بە من دەڵێن چی؟"

دەڵێم بیستوومە ئەتۆ زۆر کەلە شەقی دەشڵێن وەکوو کەڵەبابی بە خەڵکی هەڵدەپڕژێی. گۆیا ڕقت هەڵدەستیٚ و لە پێشمەرگەیێکیش دەدەی،

لە فیکرەوە دەچیٚ، دەستی وەک مستی لیٚدەکا بۆ لای زاری خۆی دەبا و دەیگەزیٚ. پێی‌ناخۆشە ئەمن ئەو شتانە دەزانم.

دەڵێم ئەمن چەند مانگە لە دەرێم هەر جارێکی هەڵکەوتۆ پیاوێک بە جوانی لەگەل من بزووتۆتەوە کە قەت لە بیرم ناچێ. پیاوە پیرەکەت لە بیرە، ئێسترێکی هەبوو و هەر ئێسترە هەڵات بوو، ئەویش بە دووی دا و پەتکەکە هەموو دەستی لەت لەت کرد بوو و هێنابوویانە دەرمانگایە؟

هەر ئەو پیاوە کوتی:`ئەتۆ لە خۆمانی؟ ئەتۆ چاوی منی! بە خودای پێمخۆشە ئەتۆ دوکتوری و لە خۆمانی!`"

دوکتور "ژاک" دەڵێ:"ڕۆژێکی خەڵکی کورد قەدری ئەوانەی خزمەتیان دەکەن دەزانن، وا نیێ؟"

ئەمن دەڵێم:"ئێستاش قەدری ئەوەی پیاو دەیکا دەیزانن، هەر زەحمەتی ژنی بە خەسار دەچێ!"

###

بۆمبارانی جادەی سەردەشتێ دەستی پێ کردۆ.

تەقە ئێستا لە مە دوورە بەڵام برینداران دێنن بۆ دەرمانگایە.

ئەورۆ لەسەر کامیۆنێکی دوو سێ پێشمەرگە هاتن و پێشمەرگەیەکی برینداریان هێنا. سپی سپی هەڵگەڕاوە، گولە وە باسکی کەوتۆ بەڵام پێشمەرگەکانی کە هێناویانە دەڵێن زۆری خوێن لەبەر ڕۆیوە.

دوکتور "ژاک"زۆر قەڵسە و لە دین دەهری بۆ.

دەڵێ:"ئەوە خۆ نەخۆشخانە نێ،

`خوێنمان`نێ پێی هەڵاوەسین. بە دەستی بەتال هیچم بۆ ناکرێ، پێشمەرگەکانی دیش ئەوەندەیان نەزانیوە کە سەرەوەی برینەکەیان بەستبا بەس بوو هەتا دەگەیشتە ئێرە، ئەوە ئەلعان لە حالی شۆک`Shock ` دایە و دەمرێ."

ئەمن پێشمەرگە بریندارەکەم داپۆشیوە.

هەر دەڵێ:"دایە گیان!"

لەسەر عەرزی دانیشتووم. سەری لەسەر کۆشی منە و دوکتور "ژاک" دەڵێ:"ئەتۆ نازانی چەندە مەرگی ئاوامان دیتۆ، هەمووی بە خۆڕایی! هەمووی بۆ وەی ئەوە بیمارستان نێ، هیچمان نێ و ئەو خەڵکەش یارمەتیدان لە وەختی ڕووداوان (کمک های اولیه) نازانن!"

بە دەوری من دا دێ و دەچێ و دەڵێ:"ئەوەش دەمرێ، هەژدە ساڵە و دەمرێ، ئەمنیش هیچم بۆ ناکرێ! " سەری خۆی لە دارە یێکەی کە لەسەر تەپۆڵکەکەی شین بۆ دەدا.

دوکتور "ژاک" بە داخەوە ڕاست دەکا و "عوسمان" هێندەی پێ ناچێ کە ئیدی دەنگی"دایە گیان!" و "ئەی دایە گیان"ی بۆ هەمیشە بێدەنگ دەبێ و زۆر بە داخەوە نە دایکی نە بابی ئێستا هەر ناژ زانن چ بەسەر کورەکەیان هاتۆ.

ئەمن دوکتور "ژاک"ی بە گریان بانگ دەکەم. دوکتورەکەی دیش دێ و عوسمانی دەبەنە ژووری دەرمانگایە.

###

ئەورۆ درەنگانێکی کوێخا دێ و  بە لاتاوەوە دەڵێ:"ئەو سەرۆکانە! هەموو ماڵ و منداڵی خۆیان ڕاگوێستۆ! دەزانن ئەو جادە دەگیرێتەوە، ئەدی ماڵومنداڵی مە چی؟ ئەمە بۆ کوێ پچین؟ ئەتۆ هیچت بیستۆ؟"

دەڵیم:"ناوەڵا، دەزانم لە هەمووی شەڕە و بریندارمان زۆر بۆ دێ. دوێنێ شەوێ ژنێکیان هێنا بوو، بۆمی وێ کەوتبوو، لاقێکی هەر ونجڕ ونجڕ ببوو."

کوێخا دەڵێ:"چوو لێ کرد؟"

دەڵێم:"لێرەیە، دوکتور "ژاک" لاقە بۆمرێکەوتۆکەی پریوە. ئەمنیش چونکە دوو دوکتورەکانی دی چوونە بیمارستانە تازەکەی حیزبێ، لێرە نین مەجبور بووم یارمەتی دوکتوری بدەم."

دەڵێ:"بۆ خۆشت وەک ناساغ بی وایە، ڕەنگو ڕووت وەک خۆی نەماوە، سێعەیێکی پەیدا کە، عافرەتی بێ سێعەب چ دەکا؟ هەر سووکوچرووک دەبێ!"

###

لە تاقە دوکانەکەی دێی دێمە دەرێ.

پێشمەرگەیەکی جەوانی کۆمەڵەی و یەکێکی پرێک بە تەمەنتر دێن بۆ لام.

لەو دێیەی مەقەڕێکی کۆمەڵەشی لێیە.

سڵاو و چاکوخۆشێ دەکەین و ئەوی بەتەمەنەکەیان دەڵێ:"ئەتۆ خوشکی کاک جەفعەری!"

دەڵێم:"ئەتۆ لە کوێرا دەزانی؟"

دەڵێ:"پێیانکوتووم ئەتۆ لە ئەمریکایە هاتوویەوە."

بە پێکەنینەوە دەڵێ:"ئەو کڵاوە مۆدی ئێرە نێ! کراسەکەشت  ئەو جورەی گۆشەکانت هێناوەتە سەر یەک و گرێتداوە، کەس لێرە کاری وا ناکا!"

دەڵێم:"بەڵێ! ئەمن شیلانم!"

دەگەڵیان دەچمە مەقەڕی کۆمەڵەی بۆ نەهارێ.

دەڵێن:"ڕۆژی زۆر رەش لە پێشە بۆ گرتنەوەی ئەو جادەی!"

ئەمنیش دەڵێم:"بەڵێ بیستوومە حیزب جادەکەی موعاملە پێ کردۆ! بەڵام نازانم ئەگە جادەکەیان بداتەوە چ لە جیاتیان وەر دەگرێ؟"

لە مەقەری کۆمەڵەی یێرەڵماسی کوڵاویان هەیە.

دەڵێن:"دەبێ ببوری مەقەڕی کۆمەڵەی یانی یێرەڵماسی خواردن بە کوڵاوی و بە برژاوی و بە سوورکراوەیی و بە هەڵشێلدراوی!"

داویە پێمدەڵێن هەتا زووتر لێرە پرۆم درەنگە!

یەکێک لە پێشمەرگەکان دەڵێ:"سبەینێ وەرە هەتا پرۆین!"

ئەوی دیکە دەڵێ:"دوای نانوچای بەیانی وە ڕێ کەون!"

حەوت هەشت زیندانیان لە ژوورێکی دا ڕاگرتۆ، ئەوانە پاسدار و سەربازی جمهوری ئیسلامین.
لێیان دەپرسم:"ئەوانەتان بۆ ڕا گرتۆ؟ دەزانن لە سابڵاغیٚ چیان لە منداڵان کردۆ؟"
لە جوابم دا دەڵێن:"ڕایاندەگرین هەتا لە مەیان کە یەخسیر کرد، ئەوانەیان بدەینەوە و پێشمەرگەی خۆمان وەرگرینەوە.
ئەمە شەڕی دین و مەزهەب ناکەین، بە پرِوای مە دین دەبیٚ لە سیاسەت و دەوڵەتیٚ جویٚ بیٚ. بەڵام جمهوری ئیسلامی شەڕی شیعەو سونی دەکا.
لە لایەکی دیکەوە ئەوانە یەخسیری شەڕێن، دەبیٚ زۆر بە جوانی لەگەڵیان ڕەفتار بکریٚ."
زیندانێکان دانیستوون و نانوچای دەخۆن.
ئەمن دەڕۆمەوە دەرمانگایە.
دوکتور "ژاک" و بێلمیٚ خەریکن شرِەوپرِەیان تێک دەپێچن و دەڵێن سبەینیٚ ماشێن دەیانباتە بیمارستانی تازەی حیزبیٚ. ئەمن هیچ ناڵێم و دەچم شتومەکی خۆم خرِ کەمەوە.
بە قەت چوار پێنج ڕۆژە کەس هیچ مەسئولێکی حیزبی نەدیتۆ. پێشمەرگەیەک هاتۆ لەگەڵ بێلمێی قسان دەکا. بێلمیٚ لێی دەپرسیٚ:"شەڕەکەتان چی لێهاتەوە؟"
پێشمەرگەکە دەڵیٚ:"جا چی لێهاتەوە؟ بوو بە لێدان و کوتان، ئەمەش ژنومنداڵمان هەیە، خەرجیمان پێدەویٚ، چ خودا هەڵدەگریٚ؟ شەڕەکە ئەمە دەیکەین، چەکەکە ئەمە دەیگرین، بەڵام حیزب دەیفرۆشیٚ و پووڵەکەشی هەڵدەگریٚ.
پێشمەرگە دەڵیٚ چەکەکەی دەیگریٚ بۆخۆی بیفرۆشیٚ و ماڵە خۆی پیٚ بەڕێوە بەریٚ."

###

بەیانی زوو هەڵدەستم و خۆم حازر دەکەم و دەچمە مەقەڕی کۆمەڵەی.
پێشمەرگەکەی قەرارە لەگەل من بیٚ دەڵیٚ پرێکی کار هەیە و پێش نانی نیوەڕۆیە وە ڕیٚ دەکەوین.
بۆمباران دەس پیٚدەکا. ئەمە بە چاوی خۆمان بۆمەکان دەبینین لە تەیارەکانی جمهوری ئیسلامی دەکەونە خواریٚ و بە وڵاتیدا دەدرێن. لە نێو دێیەکەیرا دوکەڵ و ئاور و تەپوتۆز هەڵدەستیٚ.
خەڵک بە هاوار هاوار و زیقە زیق هەڵدێنە سەر تەپۆڵکە و دەرەوەی دێیەکەی. ئەمن و پێشمەرگەکەی کۆمەڵەی بە هەڵات هەڵات لە دێی وە دوور دەکەوینەوە.

ئەمن هەر بەیانی زوو خۆم گۆریوە و دەستێک لیباسی زۆر جوانی پێشمەرگەی کۆمەڵەم لەبەرکردۆ کە خزمێکی خۆشەویستی خۆم داویمیٚ.
ڕۆژێکی ئەو خزمەم هات بوو سەری من بدا، کوتی:"ئەوە لێرە چ دەکەی؟"
بە پێکەنینەوە کوتم:"ئەوە شۆرشیٚ دەگێرم!"

کوتی:"کچێ، گووی دەگێری، ئەو قیافە چیێ؟ ئەو کڵاوەت بۆ لەسەر ناوە؟ چاچاوا! ئەو کراسەی، ئەوە مۆدی کوێە؟ بە حەزرەتی غەوس، ئەتۆ ئابڕووی هەموومان دەبەی بەو سروسەباحەیەوە!

ئەمن بۆخۆم دەستێک لیباسی زۆر جوانت دەدەمێ بەشەرتێکی ئەوانە هەموو فڕێ دەی!"

ئەمنیش کوتم:"زۆر چاکە! بەڵام لەو سیخمەی لەبەریشت دایە، یەکێکم دەوێ کە هەر لاپ تڕقۆز بم!"

خزمەکەم کوتی:"ماڵت خەرا نەبێ، لەو دێودێهاتەش دەست لە شیکی و مۆد و ئەدا و ئەتواری خۆت هەڵناگری!"

ئێوارێیەکی درەنگ دەگەینە مەقەڕێکی کۆمەڵەی، ئەوەندە بە پێیان ڕۆیشتووم وەختە لە باڵیەک بێمە دەرێ. لەبەر دەرکەی ئەو مەقەڕەی، پێشمەرگەیەکی کوری جەوان بە تفەنگەوە کێشکی دەدا، کە سڵاوێ دەکەین ڕوومان تێدەکا.

نازانم چۆن سەکتەی ناکەم. ئەویش ئەمن دەناسێتەوە و بەخێرهاتنم دەکا و دەڵێ هەر کارێکی بمبێ پێیبڵێم. ئەوە ڕەفیقی فازلێ. دەڵێی فازلم دیتۆ، بە زەحمەت خۆم لەسەر پێ ڕادەگرم.

ئەو مەقەڕە هەمووی کچە. پێمدەڵێن سبەینێ دەکرێ خۆم پشۆم و لیباسیشم دەدەنێ بیگۆڕم.

وە بیر دوو چەمەدانەکانم دەکەومەوە کە لەو هات وهاواری بۆمبارانێدا لە ماڵە کوێخای بە جێ مان.

ئەمن لە کیفێکی چکۆڵەدا هەڕ دوو سێ کوتم لیباس پێیە.

یەکێک لە کچەکان نەخۆشە و درێژ بۆ. لێی دەپرسم چێتی.

دەڵێ:"ئەمە لیباسی سەروژێرمان هەموو تێکەڵە و هەر کەس هەر چی بییەوێ هەڵیدەگرێ. زۆرترمان ناڕەحەتیمان لێ پەیدا بۆ، هەر چی هەیە لە یەکترمان گرتۆتەوە!"

ئەمن هەر وا چاوم تێ پریوە و دوایە دەڵێم:"ئەگە لە لیباسی سەرەوەشدا شەریک بن، قەیدێ ناکا بەڵام بۆ لیباسی بنەوە چاکترە هەر کەسە ئی خۆی لەبەر کا.

دەڵێ:"قەرارە باسی لەسەر بکرێ و ئەو بەشەی ژیانمان بگۆڕین!"

لەوەتا هاتوومە شاخوداخی ئەوەندە بە خاترجەمی نەنوستووم.

###

بریا باجە زارا لێرە با، هەموو ئەو دێ‌ودیهاتە و خەڵکی دەناسێ. ئەمن و پێشمەرگەکە بەیانی نان‌وچای دەخۆین و وەڕێ دەکەوین.
دەڵێی سەفەری دەوری دنیایە. خەلاسی نایا. شەوێکی دیش لە مەقەڕێکی دی دەمێنمەوە و دوای ڕۆژی سێوم دەگەینە مەقەڕێکی دیکەی کۆمەڵەی لەسەر دوندی شاخێکی.

لێرە زۆر کەسی خۆمی لێیە، گەرچی زۆر کەم دەیان‌بینم و کاریان هەیە بەڵام زۆر خۆشە. قاعیدە و قانونێکی زۆریان هەیە بەڵام بەشی زۆری بۆ من نیێ.
زۆر جاران بۆخۆم دەچمە دێیەکی خوارەوە. پێشمەرگەیەک مەعدەی زۆر ناساغە و هەموو ڕۆژێ پێرەڵماسی بۆ ناخورێ. دەچم مریشک یا فڕوج یا شتێکی دی پەیدا کەم.
شتێکی زۆر ئاشکرا ئەوەیە کە بەعزە دێیەک حیزبی دموکڕاتی خۆش دەوێ و بەعزێکیش کۆمەڵە. لە قسان حیزبی دموکرات زۆری تەبلیغات بە زەرەدی کۆمەڵەی لە نێو خەڵکیدا کردۆ. ئەو خەڵکەی لە کۆمەڵەی پشتیوانی دەکا، لە نزیکڕا دەیان ناسن و دەزانن حیسانی زۆر زۆر چاکیان تێدا و فڕوفێڵێ لە خەڵکی فەقیری دێیێ ناکەن.

وە بیرم دێتەوە ڕۆژێکی بۆ نەهارێ لە ماڵە کوێخای بووم. کچێکی نێو دێیەکەی شاییەکی زۆر گەورەی بۆ گیرا بوو. دیارە ئەمەش هەموو بانگ کرا بووین بەڵام نەچوو بووین.
کوێخا کوتی"کەس هەیە نەزانێ ئەو بەزمورەزمە بۆ گیراوە؟ ئەویش ئاوا سێ چوار مەڕ سەرپرین و کێشت و پڵاو بە خەڵکی دان؟ جاری وایە سەرگەورەیەکی حیزبی عافرەتێکی بێ بن دەکا، پێشمەرگەیەکی دێنێ کچەکەی لێ قایم دەکا و شایی بۆ دەگێری و مواجبیشی بۆ دەبڕێتەوە. بەو جورەی گوی خۆی دەشارێتەوە."
لە نێو دێی قسەی وا زۆر بوو و زۆر کەس زۆر شتی دەزانی. بەڵام لە هەموویدا خەتای کچەکانیان دەگرت نە ئی پیاوەکان!

###

دوو کچی فارسی لێیە ئەمن لەگەڵیان بوومە ڕەفیق. جاری وایە دەچینە سەر بەرد و تەپۆڵکان دادەنیشین و باسی تاران و ژیانی ڕابردوومان دەکەین. جاری واشە گۆرانی فارسی دەڵێین.

ئەو شەو هەموو لە ژوورە گەورەکەی کە زەمانێکی دیوەخان بۆ خڕ بووینەوە و لە پێشدا سرودە ئینقلابێکان دەلێین. ئەمن زۆرتریان فێر بووم.
"ئەنترناسیۆناڵ"یش بە کوردی دەزانم و زۆرم پێ‌خۆشە، بە تایبەت ئەو جێگایەی

دەڵێ:

ئاخرین شەڕە شەڕی سەروماڵ،
با یەکگرتوو بین هەڤالان.
بە ئەنترناسیۆناڵ
ڕزگار دەبێ ئینسان
دەسەڵات دار ڕزگارمان ناکەن...
نە شا، نە شێخ، نە ئاسمان.
با خۆمان بۆ ڕزگاری ڕابین
ئەی خێڵی بەرهەم هێنەران.
ڕزگاری گشتی بێ و ڕەها کەین
گیان لە بەند و ماڵ لە تاڵان،
خۆمان ئاگر خۆش کەین و بوکتین
بە گەرماو گەرمی ئاسن مان."

###

ئەورۆ هەموو زۆر کەیفمان سازە.
دوو سێیەک لە دایکوبابەکان! لە شارڕا هاتوون. دایکوبابان کە دێن گۆشت و برینج و لیباس و شتی لەگەڵ خۆیان دێنن یا ئەگە لەبەر پاسدارەکانی سەر ڕێیە نەتوانن بیهێنن لە نێو دێی مریشک و مەر و شتی دەکڕن و کێشتی بۆ هەموان لێ دەنین.
مەنجەڵێکی زەلام پلاو و یەکێک خۆرشت لێ دەنێن ئەمەش هەموومان یاریدەیان دەدەین.
لە کۆنە دیوەخانی ئاغای سفرەیەکی دوور ودرێژ ڕادەخەین و هەموومان دادەنیشنە سەر نانی نیوەڕۆیە.
دەڵێن:"لینگە کەوشێکی یەکێک لە پێشمەرگەکان کە جووت کرا بوو و لەبەر پەنجەرەی داندرا بوو کەوتۆتە نێو مەنجەڵە خۆرشتەکەی!"
ئەو دەڵێ بیخۆین، ئەو دەڵێ نەیخۆین!، هەموومان دەیخۆین!

ئەو پێشمەرگانەی ئێرە، بە کوڕ و بە کچ، زۆرتریان خەڵکی شارین و دایک و بابیان دەسڕۆیشتوون. دەبوو تڕیان بە پاچیش نەشکێ! بەڵام هەتا بڵێی بێهەوان. زۆر بە عەدەب و بە جوانی دەبزوونەوە. سووک و چرووکیان پێوە نابینی.
قسەکردنیان و ڕێگا ڕۆیشتنیان و ئینسانیەتیان زۆر جێگای شانازێ بۆ میلەتی کوردە.
ڕەنگە فەرقێکی گەورە دە وەیدا بێ، کە زۆرتری ئەو پێشمەرگانە خوێندەوارن و دانیشگاشیان تەواو کردۆ، بەشێکی دیشی ئەوەیە کە "کۆمەڵە" ڕێکخراوەیەکی زۆر بە ئەزموتەرتیبە و جێگایان بۆ کەربازاڕی نەهێشتۆتەوە.

وە بیرم دێتەوە کە لە نێو حیزبێدا بووم، ڕۆژێکی چوو بوومە تاقە دوکانەکەی دێی، شتی بکڕم. دوو سێ پێشمەرگە دەستیان کرد بە گاڵتە کردن و گەپ پێ دانی من و

قسەی سووکوچرووک کردن. یەکێکیان شالاوی بۆ هێنام و پری پێدا کردم. ئەمن دەموچاویم پڕ کرد لە تف.
کابرای دوکاندار پێی کوتن:"بابم بڕۆنە دەرێ! بڕۆنە دەرێ!"
ئەمنیش هەر وا لەبەر خۆمەوە جنێوم پێ دەدان و کوتم:"ئەوانە پێشمەرگەن!؟ خەڵکی کورد دڵی بە وەی خۆش کردۆ، قوون هەڵپچڕاوی وا لە سەری دەکاتەوە؟"
دوکاندارەکە کوتی:"پێشمەرگەی چی؟ خوشکی من! دیارە حیزب پێشمەرگەی زۆر چاک و بە غیرەتی تێدا، بەڵام ئەوانە کوڕە ئاغان و بەڕەڵاوحەڕەڵا دەخولێنەوە و پێشمەرگەش بەد نێو دەکەن!"

###

ئەوەندە بەفر لەو دێیەی باریوە پیاوی قەد بڵیند تێیدا ون دەبێ.
ڕێگای هاتوچۆی بەستراوە.

لە ژووری کچەکان لە سەر پەتۆکەم ڕاکشاوم. دوو پەتوومان هەیە. یەکێکی لە ژێر خۆمان ڕادەخەین و یەکێکیش بە خۆمان دادەدەین. هەموو وڵات بێدەنگە، جار جارە دەنگی سەگێکی لە نێو دێیرا دێ کە دەوەڕێ. کچەکان کتێب و شتی دەخوێننەوە، جاری واشە بەسەرهاتێکی لێکوپێک دەدەنەوە.
شتێکی ئەمن لێیان فێر بووم ئەوەیە کە ئەگە کارێکی خەراپ پکەم لەجیاتی خەتای یەکی دی بگرم یا هەر وە سەر خۆمی نەهێنم چاکتر ئەوەیە، خەتاکەی وە ئەستۆ گرم و پێی لێ نێم.
دەزانم لە نێو کوردیدا دەڵێن:"خەتا شتێکە کەس وە ئەستۆی ناگرێ." بەڵام ئەگە کەس پێ لە خەتای خۆی نەنێ، چۆن ڕێکخراوەیەک دەتوانێ بەرەو چاکتر بوون پچێ و گەشەی پکا.

لەو خەیاڵانەدام، لە دووریرا تەقەی تفەنگی دێ، ئەویش نە یەک و دوو. کوێخا و چەند پیاوی نێو دێی دێنە مەقەرێ دەڵێن سێ چوار پێشمەرگەی حیزبێ جوابیان نەداونەوە شەوێ لە دێی بمێننەوە، بەو شەو درەنگێی وەڕێ کەوتوون و ڕۆیشتوون. ئەو تەقە تەقە ڕەنگە ئی وان بێ.
چەند پێشمەرگە ساز دەبن و لەگەڵیان بە پێ و شوێنی تەقەکەیەوە دەچن.
بە داخەوە گورگ بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی شالاو دەبا و ئەوانیش دیارە هەتا گولەیان دەبێ، گولان داوێن. بەڵام کوێخا دەڵێ گورگ ڕادەوەستێ هەتا بەفەر دەبارێ. ئەو چەل قەت گورگێکیش بە تەنێ نایەتە دەرێ. حەوت هەشتێک دێن و شالاو دەبەن بۆ ماڵات و بنیادەم و ئەوەی وەگیریان کەوێ.
ئەمن لە دڵ خۆمدا دەڵێم:"کەلە شەقی زۆر جاران وەک خۆکوشتن وایە.
ئەوانە جوابی کوێخایان نەداوەتەوە کە لە ماڵە وی میوان بن و بە ڕۆژی ڕووناک بڕۆن. بۆ وەی نایانەوێ لە دێیەکی میوان بن کە کۆمەڵەی لێیە! بۆ وەی حیزب لێرە مەقەڕی نێ.

سەیرە کە شوعاری حزبی دموکرات "دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردان" مانای بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لێ نەدراوەتەوە. "دیموکراسی" یانی ئەمنیش حەقم هەیە حیزبم هەبێ، یەکێکی دیش حەقی هەیە حیزبی خۆی هەبێ.
ئەمنیش دەبێ ڕێزی حیزبی موخالف بگرم. ئەوانیش دەبێ حورمەتی حیزب و پێشمەرگەی من بگرن. ئەگە یەکێک نەزانێ بۆچی بە شەڕ دێ یا لەگەڵ کێ بەشەڕ دێ، هەر وای لێ بەسەر دێ. بۆیە بابم ڕاست دەکا، گەورەترین دوژمنی کوردی هەر کوردە!
چۆن دەبێ پێشمەرگەکانی حیزبێ ئەوەندە دوژمنایەتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی پکەن کە نەیانەوێ تاقە شەوێکی لەو دێیەی ڕۆژ پکەنەوە و خۆیان پکەنە خۆراکی گورگی؟

###

بەهار هاتۆ.
ئەمن لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی کچ و کور و ژن و پیاو بگرە منداڵی چکۆڵەش، بەرەو عێراق وەڕێ دەکەوین.
چەن جێگایان نزیک پاسدارخانەن، بە شەو پێیدا دەڕۆین و بە لیباسی سپێوە کە لەسەر بەفری دیاری نەکەین. هەر جارناجارێکی هەموو دەور وبەرمان بە هاویشتنی "نوورئەفکەن" ڕووناک دەبێ. ئەمە بە بێدەنگی و بە خوشکە خوشک لە پاسگاگان دوور دەکەوینەوە.
لەسەر ڕێمان ئەگە بگەینە دێیەکی لەگەڵ کۆمەڵەی نێوانیان چاک بێ، بەسەر ماڵان دابەش دەبین و نانوچایەکی دەخۆین و خۆمان ئیشک دەکەینەوە و دەڕۆین.
جاری وایە تەواوی ڕۆژێ ڕۆیشتووین و نەگەیشتووینە کەسی وا کە دوشمنایەتی نەبێ لەگەڵ کۆمەڵەی.
شەوە و دەبێ لە ئاوێکی زۆر بدەین هەتا بپەڕینەوە ئەو لای. هەموو دەستی یەکتری دەگرین هەتا هێزی ئاوەکەی نەتوانێ لەگەڵ خۆی بمانبا! ئەوە ژیانی پێشمەرگەیە. دایک وبابان قەت بەو شتانە نازانن بۆ وەی پێیان ناکوترێ.
تەڕ و تلیس و ماندو وهیلاکین. بەڵام ئەو دێیەی نزیکمانە، گەرچی شارە دێیە، هەمووی حیزبێ و دەرکە لە پێشمەرگەی کۆمەڵەی ناکەنەوە.
لە دڵ خۆمدا دەڵێم ئەو جەوانە باسەوادە، عاقڵە خوێنشیرنانە خۆیان بۆ ئەو خەڵکەی بە کوژ دەدەن؟ ئەو خەڵکە ئەوەندە بێسەوادە هاڕەی لە پرەی ناکاتەوە. دەنا بە چاوی خۆیان وەک کوێخای چاک و خەراپی دەبینن.
ڕێگای نەجاتی ئەو ملەتەی ئەوەڵێ مەدرەسە دانان و باسەواد کردنیانە. هەتا بۆخۆیان ئاگادار ببنەوە و قازانج وزەرەری خۆیان بناسن دەنا هەر چی بیکەی بە خۆڕای دەچێ.
بە قەد دوو سەعاتی دی دەڕۆین هەتا دەگەینە دێیەکی، دەرکەکانی دانەخراون.
ئەمن و پێنج شەش کچ و ژن و منداڵە چکۆڵە جوانەکە میوانی ماڵێکی گەورە دەبین.
ئەو ماڵە زۆر جوان و خاوێنە و سێ چوار ژووریان هەیە و هێلکەورۆنێکی چاکمان بۆ دادەنێن لەگەڵ نان و پەنیر و شیرێژی و لیباسمان دەدەنێ هەتا بیگۆڕین و لیباسەکانی خۆمان، کچەکانیان دەیبەن بۆمان ئیشک دەکەنەوە.

بەیانی وە ڕێ دەکەوینەوە. دەڵێن هەتا ئێستا ئەوەندەی هاتووین زۆر هاسان بۆ لە هەمووی خەتەرناکتر ئێستا ماوە!
دەڵێم:"چی؟ هیچ شتێک لە ئاوەکەی شەوێ لێی پەڕینەوە خەراپتر نێ!"
دەڵێن:"خۆت حازرکە! زۆر خەراپترە لە چۆمێ دان لە شەوێدا!"

دەگەینە دۆڵێکی زۆر سەخڵەت. لە لایەکی سەندەڵێکی شکاو بە تەنافێکی هەڵاوەسراوە و ئاوێکی بێئامان بە هاڕە هاڕ و نرکە نرک بە ژێریدا دەڕوا.
دیارە پێشمەرگە نێوی خۆی بە خۆیەوە. هەرکارێکی دەیکەن پڕ لە مەترسێ. دەزانن دایمەی خوڵای گیانیان لە خەتەر دا. ئەوەش یەکێک لەو شتانەیە.
پەتکەکە پپسێ، کارت خەلاسە! سەندەڵێ شکاوەکە لە بن قوونت بێتە دەرێ هەر وا، یا لقی دارەکەی ئەو شریت و سەندەڵێی پێ هەڵاوەسراوە پشکێ، هەزار هاوار بە پووڵێکی!
دەزانم دڵ زۆر جاران دەبێ پتۆقێ بەڵام سەیرە ناتۆقێ! نۆرەی من دێ لە دڵ خۆمدا دەڵێم لەوانە لە هیچیان زیاتر نیم بەڵام کە شتێک بێ بە ڕاستی بەتر دەچم! لە شەڕێدا بام، چەکم پێبایە. کوژرابام، قەیدی نەدەکرد. بەڵام لە پەڕینەوە لەسەر "پردی سیڕاتێ" دا مردن هیچ شانازی نێ.
لە پێشداش بە هەموان دەڵێم:"ئەمن کە دەترسێم، زیقەزیقێ دەکەم. منداڵ بووم ئەگە دەرزیان لێ دەدام هەموو گەڕەکەکە پێی دەزانی!"
بە هاوار هاوار و زیقەزیق و "گووم خوارد!" و "بۆ خاتری خودای!" دەم پەڕێننەوە!

خاکی ئێرانێمان بە جێ هێشتۆ. شاخوداخی عێراقێیە پێیدا دەڕۆین. هەمووی بە بۆمبارانی سەدامی سوتاوە. بەو بەهارەی دەبوو پڕ بێ لە گوڵ. بەڵام گیاشی لێ شین نەبۆ.
لە "ماوەت"ێ دەڵێن کاک سەعیدی موعینی (خانە) لێرە نێژراوە.
دەڵێم:"وەرن پچینە سەر قەبرکەی."
دەچین، پڕێک دادەنیشین و دیسان وە ڕێ دەکەوینەوە.

لە سولەیمانیەی ئەمن دەچمەماڵە برای جەنابی شێخی بۆ وەی بابم وڵامی ناردۆ پچمە ماڵە شێخ مەعسومی لە بەغدایە، بۆخۆی بەڕێم دەکا.
سولەیمانیە زۆر خۆشە و بازاڕەکەی وەکوو قەیسەڕێکانی سابڵاغێ دەچێ. کچەکانی کە دەچنەوە دانێشگایە، لیباسی کوردی عێراقیان لەبەردا و چارشێویشیان پێوە نێ.
ئەمن لە شاخیرا هاتووم و بە دەستی بەتاڵ. بەڵام دوو چەمەدانم کە نارد بوو بۆ کونە مشکێ، لە پێش مندا گەێشتوونە ماڵە برای جەنابی شێخی.
دوو حەفتان لە سولەیمانیەم هەتا جەنابی شێخی خزمێکی خۆی دەنێرێ، پیاوێکی جەوان بە ماشێنی خۆی دەمبا بۆ بەغدایە. ڕێگای بەغدایە وەک جەحەندەمێ گەرمە و

هەمووی تۆز وخۆڵە. لە هەر جێگایەکی ڕامان دەگرن لە من هیچ ناپرسن، بە عەرەبی قسان دەکەن و ئەو برایەش پێیان دەڵێ ئەمن بە میوانی دەچمەماڵێی.

دەگەینە ماڵە جەنابی شیخی. زۆرم پێخۆشە کە چاوم پێیان دەکەوێتەوە. منداڵەکان هەر سەعادەت خانم لێرەیە ئەوانی دی لە دەرەوەی وڵاتن.
شێخزادە خانم کەیفی سازە چونکە هاتۆتەوە نێو کەس‌وکار و وڵاتی خۆی.
باجە مرێم هەر جنێوان دەدا و سینگی لە وی و ئەوی دەکوتێ و دەڵی چۆن بەدبەخت و ئاوارە کراوە.
ڕۆژی هەوەڵێ یەکێک لە موخابراتی ڕا دێ.
جەنانی شێخی بە من دەڵێ:"ئەوەی لێت دەپرسێ بە دروستی جوابی بدەوە!"

ئەمن زۆرتر خەبەران چاو لێ دەکەم، تلویزیۆنی عێراقێ نیشانی دەدا چۆن ئەو هەمۆ ئێرانێ دەستە دەستە لە پشت سیمی دڕوودار (سیمی خاردار) کە بەڕقی پێدا دێ، هەمووی برژاوە و سوتاوە. ئەو شتانە تلویزیۆنی ئێرانێ نیشانی نەدەدا.
شەڕ و بۆمباران و وێرانی ئێرانێ لێرە دەبێ ببینی کە چیان بەسەر هێناوە.
بە داخەوە عەرەبێ نازانم، بەڵام کورێکی خزمی شێخزادە خانمی لێرەیە کۆمەگیان دەکا بۆ وەی هیچیان عەرەبی نازانن. جاروبارە شتم بۆ بە کوردی تەرجومە دەکاتەوە.

###

سێ مانگە لە بەغدایەم هەر ئەمن باسی ڕۆیشتنە دەرێ دەکەم و جەنابی شێخی ڕێگای دیکەم پێنیشان دەدا.
دەڵێ:"لێرەش دانشگا هەیە!
ئەت نێرمە دانیشگا! ئەگە پێت خۆشە دامەزرێی، کارت بۆ ئەبینمەوە! کاری چاک بە پارەی زۆر، ژیانی باش! بۆ کوێ ئەچی؟ بابت زۆری پێ ناخۆشە بگەڕێیتەوە بۆ ئەمەریکا! شوو، ئەتەوێ پکەی، کوری زۆر چاک زۆر خانەوادە بۆخۆم بۆت ئەبینمەوە!"
ئەمن تازە دەزانم لە داوێکی کەوتووم کە نەجات بوونم زۆر زەحمەتە.
زۆر حەولم داوە لەگەڵ کاک سەردار یا مرێم خانمێ قسان پکەم.
جەنابی شێخی هەر کوتوویەتی وڵامی داوە، "کاک سەردار سەری قاڵە، بۆی بکرێ تەلەیفونت لێ ئەکا."

ڕۆژێکی دیتم فایدەی نێ. ئەوە دیارە بابم ڕای ئەسپاردۆ بە هەر جورێکی بێ نەهێڵن ئەمن بگەڕێمەوە ئەمریکایە مەبادا مێرد بە "ئەجنەبی" پکەم!
کوری خوشکی شێخزادە خانمی زۆر خوێن‌شیرنە و کوری چاکە.
دەڵێم:"دەچمە دەواخانەی.
جەنابی شێخی دەڵێ:`ڕانەندەکە ئەتوانێ بۆت بکڕێ، چت گەرەکە؟`

دەڵێم:`نا! ئەمن دەبێ بۆخۆم پچم پێم عەیبە بە ڕانەندەی پیاو بڵێم، شتی ژنانە بکڕێ`."
خوشکەزایەکەی شێخزادە خانمی لەگەڵم دێ و ئەمنیش هەموو کاغەز و شتی کە پێمە لە خۆمی قایم دەکەم و پووڵی هەڵدەگرم و دەچم لە دەواخانەی بەعزە شتێکی دەکڕم.
دوایە دەڵێم:"جا ئەوچەل بە ڕانەندەکەی بڵی بمانباتە گوڵفرۆشێکی جوانی چاک."
دەچین گوڵی دەکڕین و دێینەوە نێو ماشێنەکەی.
ئەوچەل دەڵێم:'ئەمن خاهیشێکم لێت هەیە! بۆخۆشت دەتەوێ بێیە ژوورێ، وەرە! لەسەرم ڕادەوەستی ڕاوەستە! بەڵام لێم گەڕی ئەو گوڵانە بۆ مرێم خانمێ بەرم و سڵاوێکی لێ پکەم! دەزانی کچی قازی محەمەدێ و خەڵکی سابڵاغێیە؟"
پرێک مینگە مینگێ دەکا و دەڵێ:"خاڵە مەعسوم کوتی ڕاست وەرنەوە ماڵێ! پێیخۆشنێ بۆ هیچ کوێ پچی بە بێ ئیجازەی خۆی!"
دەڵێم:"ڕاست دەچینەوە ماڵێ، هەر ئەوەندەی پێنج دەقیقەی، لازم نێ هەر پێشی بڵێی خۆ نازانێ، ئەو کابرای ڕانەندەش خۆ پێی ناڵێ!"
دەڵێ:"چاکە!"
چووینە بەر دەرکەی ماڵە کاک سەرداری. دوو کوری جەوان بە لیباسی کوردی و تفەنگەوە لەبەر دەرکەی ڕاوەستاون. یەکیان دێتە بەرماشێنەکەی،
ئەمن دەچمە دەرێ و دەڵێم:"لە `مەهابادێ`ڕا هاتووم. سڵاوم هەیە بۆ مرێم خانم و کاک سەرداری، نێوم شیلانە!"
چۆ ژوورێ و ئەوەندەی پێ نەچوو هاتەوە. مرێم خانم بە دوای وی دا هاتە نێو حەسارەکەی. ئەمن وە بیرم دێ جارێکی لە دوورەوە دیتبووم کە لە مەدرەسەی هاتبۆوە و بەسەر تەپۆڵکەکەی نزیک ماڵە خۆیاندا هەڵدەگەڕا. لە پێش ئەورۆدا قەت یەکترمان نەدیتبوو بەڵام بە قوربان و سەدەقەی یەکتری بووین و وەکوو خوشکان یەکترمان لە باوەش کرد و هەردووکیشمان وە گریان کەوتین.
دەڵێ:"بە خوڵای ناهێڵم پرۆیەوە! بۆخۆم لە کاک مەعسومی تەلەیفونێ دەکەم. دەبێ نەهارێ میوانی مە بی، شۆرباوم لێ ناوە، سەردار لە ماڵێ نێ بەڵام بۆ نەهارێ دێتەوە.
دوایەش بە خوشکەزاکەی شێخزادە خانمی دەڵێ:"نیگەران مەبە! ئەمن بۆخۆم ئەلعان تەلەیفونێ دەکەم."

کاک سەردار هاتۆتەوە ماڵێ. ئەویشم ئەمن منداڵ بووم دیتۆ، زەمانی عەبدول کەریم قاسمی کە هات بوون بۆ سابڵاغێ.

ئەوەندە قەدر و ئیحترامی من دەگرێ کە هەتا عومرم هەیە لە بیرم ناچێ.
مرێم خانم دەڵێ بۆخۆی کێشتی لێ دەنێ و شۆرباوەکەی زۆر خۆشە. زۆر باسی سابڵاغ و ئێرانی وێران دەکەین. وەختێکی ئێران وە دەست مەلایان دەکەوێ بەداخەوە "کاک سالار" بە دەستی جمهوری ئیسلامی دەکوژرێ، ئەوانی دی دێنە دەرێ.

ئەمن دڵم نایا بە مریم خانمی بڵێم جمهوری ئیسلامی دایکی پیری وی  لە زیندانێ کردۆ و لە دڵ خۆمدا دەڵێم بەڵکی هەتا ئێستا ئازاد کرابێ.
لەگەڵ کاک سەرداری باسی خۆم دەکەم.
دەڵێ:"ئەتۆ وەک خوشکی خۆم وای، زۆر بە خێر هاتی! کاریشم بە وەی نێ بابت یا کاک مەعسوم عەقیدەیان چێ. ئەوەی لە دەستم بێ بۆتی دەکەم. بەڵام دەبێ قەولم پێ بدەی دەرسەکەت کە دەڵێی لە دانیشگا نیوە چڵ بەڕەڵا کردۆ، خەلاسی کەی کە پتوانی، لەسەر لاقی خۆت ڕاوەستی.
ئەمن ئامۆزام هەیە. خوشکم هەیە. مەعلوم نێ ژیانی پیاوی هەتا سەر چۆن دەبێ! ئەوان چوون بۆ دەرەوەی ولات، هەزار موشکلە هاتۆتە سەر ڕێگایان. کە ئەگە دەرسیان خەلاس کردبا و توانی بایان کارێ پکەن، دیارە زۆر ژیانێکی بێ دەردیسەریان دەبوو.
ئەمن کارم بە وەی نێ، ئەو پیاوە کێیە، چاکە یا خەراپە! بە تۆ دەڵێم بۆ پاشەڕۆژێ خۆت کە ئەگە  ڕووت نەبوو  بگەڕێیەوە ماڵە بابت، مێردەکەشت بە کار نەهات، منەتی کەس نەکێشی.
دەنا بە بیست و چوار سەعاتان بۆ هەر جێیەکی دەڵێی بەڕێت دەکەم!"
چاوم پڕ بۆ لە فرمێسک. گەرووم پڕ لە گریانە. دەڵێی لە تارانێ دانیشتووم و لەگەل کاکە مەسعودی قسان دەکەم. هەموو کاغەزەکانم کە زۆری بە زمانی ئینگلیسی نووسراوە و پاسپۆرتی زەمانی شای دە دەمە دەستی و دەڵێم:"براکەم جەفعەر لە سوئێدێیە دەمەوێ پچمە کن وی."
دەڵێ:"  بلێتت بۆ بکڕم؟"
دەڵێم:"زۆر زۆرت لێ مەمنوونم. پووڵم هەیە بلێتی دەتوانم بکڕم."
کاک سەردار هەتا بەر دەرکی حەسارێ لەگەڵمان دێ و دەستی لە دەستی دەنێم و دیسان تەشەکوری لێدەکەم.
مریم خانمیش ماشێنەکەی هێناوەتە دەرێ و دەڵێ:"بۆخۆم دەتگەیێنمەوە!"
مریم خانم نایەتە ژوورێ بەڵام جەنابی شێخی زۆر قەڵسە و مەعزەرەتی لێ دەخوازێ کە ئەمن موزاحمیان بووم!

مریم خانم پێی دەڵێ:"ئەو دنیایەم لێ ڕوون بۆتەوە! چۆن شتی وا دەبێ. موزاحم؟ ناوەڵا سەرداریش و بۆخۆشم بێ ئەندازە پێمانخۆش بوو چاومان بە شیلان  خانمێ کەوت!"
لە مریم خانمیش بە گریانەوە خوداحافیزی دەکەم و ماچی دەکەم. دەڵێم قەتم چاکەی وان  لە بیر ناچێ.
جەنابی شێخی زۆر لە من قەڵسە و دەڵێ:"ئەمن لە نێو هیچ میلەتێکدا شتی وام نەدیوە، ئەتۆ بە کوێدا ئەو کارەت کرد؟"
هەر دێ و دەڕوا و دەڵێ نەدەبوو کاری وام کردبا.
کاک سەرداریش بە تەلەیفون پێی کوتۆ سەعات هەشتی بەیانی دێن  لە دووم و دەچمە فرودگایە!

**کۆتایی جلێدی یەک**

## فەرهەنگۆکی "دەچمەوە سابڵاغ"

(ل.د.) کورت کراوەی (لغت نامە دهخدا)

(ف.ف.ک.) کورت کراوەی (فرهنگ فارسی-کردی، دانشگاه کردستان، ماجد مردوخ روحانی)

**_ئا_**

ئیبتدایی: سەرەتایی

ئوستاد: مامۆستا

**_خ_**

خاوەرمیانە: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**_ر_**

ڕۆزنامەنیگاری: ڕۆژنامەنوسی

ڕۆزنامەنیگار: ڕۆژنامەنوس

**_ز_**

زەغەن: قاژوو. پروانە: زغن. زاغ گوشت ربای (ل.د). زغن. قاژوو (ف.ف.ک.).

زولمەنەن:نێوێکی خودای. ذوالمنن. صاحب منتها. نامی از نامهای خدایتعالی (ل.د).

**_د_**

دانشجویی: خوێندکار بوون

دانیشگا: زانستگە

دەبیرستان: پلەی ناوەندی

دانشکدە علوم ارتباطات اجتماعی: کۆلیجی زانستەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

**_ش_**

شەمسی: هەتاوی

**_ع_**

عەکاسی: وێنەگریی

**_ف_**

فەوقی لیسانس: ماستر

**_ک_**

کوردستانی ئێران: ڕۆژهەلاتی کوردستان (ئێران)

**_م_**

مجلە: گۆڤار

میلادی: زایینی

مەحەن: (عەرەبی فارسی، محن): مەینەت. پروانە:محن. رنج دیدگی یا درماندگی از همە روز رفتن و از جز آن (ل.د.). رنج دیدن: ئازار دیتن، چەوسانەوە، مەینەت کێشان (ف.ف.ک.).

**_و_**

وەسەن: چڵکن. وسن. آلودە. آلودگی. (ل.د). آلودە. پیسکراو، چڵکن (ف.ف.ک.).

**_هێ_**

هەزار: بولبول. پروانە: هزار. هزاردستان، بلبل کە عربان عندلیب خوانند (ل.د).